بیرەوەرییەکانی سەنگاوی

نووسینی

مەحموود سەنگاوی

چاپی دووەم

ناوی كتێب: بیرەوەرییەكانی سەنگاوی

نووسینی: مەحمود سەنگاوی

ساڵی: ٢٠٠٥

نەخشەسازیو بەرگ: نازەنین ساڵح

چاپخانەی: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

تیراژ: ١٥٠٠

ژمارەی سپاردن (١٢٩)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆوەرگیراوە.

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

پێشکەشە بە:

هەموو شەهیدانی گەلەکەم کە مۆمی سەرفرازی دوارۆژیان بە خوێنی خۆیان داگیرساند

پێشەکی چاپی دووەم

چاپی یەکەمی بیرەوەرییەکانم نەگەیشتە دەست زۆر کەس بەهۆی ئەوەی زۆرتر بۆکتێبخانە گشتییەکان‌و هەندێ دامودەزگاو لایەن‌و کەسایەتی ڕۆشنبیری ناردبووم بۆیە داواکاریەکی زۆرم لەلایەن خەڵکیەوە بۆ دەستخستنی پێگەیشتووە ، منیش لای خۆمەوە بڕیارم دا جارێکی تر چاپی بکەمەوە.

دیارە هەموو نووسینێك بە کامی دڵی هەموو کەسێك نییە ، بەڵکو خەڵکی دابەش ئەبنە سەر دوو بەرەی : پشتیوان‌و دژ ..هەرکەسێکیش مافی خۆیەتی لەهەر بەرەیەکدا بێ ئازادانە بیرو ڕای خۆی دەرببڕێ.

ئەم بیرەوەرییانەی منیش بەهەردوو ئاقارەکەدا هەمان هەڵوەستەی لەسەر کراوەو قسەی لەسەرووتراوە .. خەڵکانێك چی بە نامە یان بە نووسین لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە یان سایتەکان شتیان نووسیوەو بەدڵیان بووە ، هەندێکی تریش کە زۆر کەمن دژ بوون تا ڕادەی تۆمەت خستنە پاڵمان کە کاریگەری لەسەر من درووست نەکردووە بەڵکو بەسنگی فراوانەوەوەرمگرتووەو دڵنیام ئەوانە هۆکارێك پاڵی پێوە ناون ئەوشتانەیان نووسیبێت‌و ڕۆژێك ئەکەونەوە ناو بازنەی‌ویژدان‌و هەست بە ئازار ئەکەن. ئەمە بیرەوەرییەکانی منە ، ڕاو بوچوونی منە لەسەر ڕووداوو باردۆخەکان‌و بۆ ستایشی خۆمم نەنووسیوە بەڵکو باسی شۆڕش‌و میللەتەکەمم کردووەوویستوومە لایەنی کەمی ئەوشتانە لە

فـەوتان ڕزگـار بکـەمو بـەپێی تـوانی خـۆم تۆمـارم کـردوون. دیـارە نووسـینێکیوا لـە هەڵەوکـەموکوڕی بـەدەر نـابێ بەتایبـەتی لـەکاتی نووسینەوە یان تایپ کردندا کە زۆر دەستی بینیوەو بڕانی کارەباش شتی لێ قرتاندووەو هەڵەشی تێکەوتووە یان شت پەڕیوە بۆیە لەم چاپەدا ئـەم مەسەلانە چاك کراونەتەوە یان دەستکاری کراون کە کاری لـە نـاوەڕۆکی بیرەوەرییەکان نەکردووە.

من لای خۆمەوە سوپاسی بێ پایانی هەموو ئـەو بـرادەرو دۆستانە ئەکـەم کـە بەتێبنیـەکانیان یارمـەتیان دام بـۆ دەوڵەمەنـد کردنـی بیرەوەرییـەکانم ..هـەروەها سوپاسی هاوکاری کردنـەکانی مامۆستا عـەلی پەرلـەمان ئەکـەم کـە لەگـەڵ پیاچـوونەوەو سەرپەرشـتی کردنـی چاپکردنەکەیدا ماندوو بووە.

ئومێدەوارم ئەم کارەمان لە ئاستی داوای ئێوەی خوێنەری بـەڕێزدا بێ.

مەحمود سەنگاوی

٢٠٠٥/١٠/١

هەموو مرۆڤێك لە ژیاندا یادگاری هەیە، چ هی ڕۆژگاری خۆشیو شادیو چ هی سەردەمی ناسۆریو ناهەمواری. دیارە ژیانی پێشمەرگایەتی دەیان یادگاری سەرسووڕهێنەری تێدایە کە پەندو دەرسی باشی لێوەرئەگیرێ، بەڵام ئەوەی ڕەچاو ئەکرێ کەم پێشمەرگە بیرەوەرییەکانی یاداشت ئەکات، بەڵکو زۆر گەوهەریووشەدار ئەکەوێتە ناو گۆمی فەرامۆشیو لەیادچوونەوە، بۆیە پێویستە هەموو پێشمەرگەیەك ڕۆژانە هەر ڕووداوێك چ تایبەت بە ژیانی خۆیو چ هی شتی گشتی یاداشت بکەنو ئەوی بەدڵیاندا ختوورە ئەکات بینووسنەوە تاکو ئەو سەرچاوە بەنرخەوەکو مێژووی شۆڕش سوودی لێوەربگیرێ.

ئا لەم ڕوانگەیەوەو دەرککردن بەپێویستی ئەم مەسەلەیە دەستم دایە قەڵەم. ئەوەی خۆم تیا بەشداریم کردووەو بینیومە یا بیستوومەو پەیوەندی بەکوردو شۆڕشەوە هەبێ ئەوەی لە توانامدا هەیە نووسیومەتەوە. دیارە من نەدەستی نووسینم هەیە نەلە شێوەی یاداشت نووسینیشدا شارەزاییم هەیە، هەروەها نە لە شیکردنەوەی مەسەلە سیاسیەکانیشدا بەڵەدم. ئەوی من کردوومە هەوڵێکی بچووکە لە بواری یادگاری نووسینەوەدا کە پێویستە بۆ ئەوەیوەکو بەشدارییەکی بچکۆلانە تەماشا بکرێ بۆ نووسینەوەی مێژووی شۆڕش کە لە کۆی چەند سەرە قەڵەم نووسینێکی ئاوادا شتی باشی لێ هەڵئەهێنجرێ. چونکە زۆر جار بیرەوەری نووسینەوە ئەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ هەلگۆزینی زانیاری بەپێز لە بابەت کێشەو مەسەلە سیاسیو ئابووریو فکریو شتە کۆمەڵایەتییەکان ... هتد. هەرچەند من بۆم نەلواوە زۆر مەبەست

لێـرەدا بـەتێرو تەسـەلی بنووسمـەوەو بەبەڵگـەو مستەمسـەکات شـتەکان بخەمــە بەردەســت کەئەمــە لــە توانــای خــەڵکی شــارەزا لــە مەیــدانی نووسینەوەدایە، بۆیە ئەوەی من ناچێتە ئەم خانەیەوە.

دیارە بە سنگێکی فراوانیشەوە هـەر ڕەخنەیـەك لـە نـاوەڕۆکی ئـەم یاداشـتانە بگیرێ‌وەرئـەگرم چـونکە لەهـەموو مەبەسـتەکان بەرپرسـیارم، بیرەوەرییــەکانیش تائــەم ســنوورە نابڕێتــەوە، بــەڵکو لــە نووســینەوەی شتەکانی داهاتوو ئەوەی پێویست بکات بەردەوام ئەبم.

لە کۆتاییدا هیوادرام هـەموو پێشـمەرگەیەك بـە تایبـەتی ئەوانـەی کە کۆنن‌و شتەکانیان لە یاد ماوە لەم ڕووەوە کەمتەرخەمی نەکەن، چیان لە توانادایە بیخەنە کار بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکان هەر هیچ نەبێ با لـە ئەرشـیفدا بمێنێتـەوە، کـە پاشـەڕۆژ سـوودو کـەڵکی خـۆی ئـەبێ، کـە ئەنفالـە شـوومەکان زۆر شـتی لێ فەوتانـدین. هەقـە ئەمـە بکەینـە داب‌و هانی برادەرانمان بدەین.

مـەحـمـود سـەنگـاوی
سەرەتـای ساڵی ٢٠٠٤

منالّی
له جوگرافیای لادیّ دا

سەنگاو ناوچەیەكی بەرفراوانە، دێهاتێكی زۆری هەیە، كۆمەڵێك هۆزی جیا جیای تێدا ئەژی وەكو: جاف، هەمەوەند، زەنگنە، ڕەباتی، شێخ ... هتد. ناحیێیەك هەر بەو ناوەوە هەیە كە سەر بە قەزای چەمچەماڵە ئەكەوێتە بەردەم چیای سەگرمە، دەشتێكی پان و بەرینی هەراوە، لای خوارەوە چەمێكی بچووكی پێدا تێ ئەپەڕێ پێی ئەڵێن چەمی دەرەسوور، ئاوی زۆری نییە، جادەیەكی لێ ئەڕوات بۆ چەمچەماڵ و یەكێكی تر بەرەو قەرەداخ قیرتاو كراوە، جادەیەكی تری قیرتاو كراو بۆ قادر كەرەم بەسەر شاخی زالواودا، لەساڵی ١٩٧٦دا حكومەت دەستبەكار بوو بۆ كردنەوەی جادەیەكی تر بەبناری سەگرمەدا بۆ دەربەندیخان، دیارە ئەم ڕێگایانە هەموویان بەمەبەستی كاری سەربازی كراون نەك بۆ خزمەتگوزاری و ئاوەدانكردنەوەی كوردستان و شارستانیەت.

زۆربەی دانیشتوانی سەنگاو لە دێهاتەكانی دەوروبەرییەوە هاتوون: ناوەكەی لەدووووشە پێكهاتووە: (سەنگ + ئاو) گوایە سەنگەكەی، خاكەكەی ئاوی هەیە یان ئاوی زۆری هەیە.

ئەم ناوچەیە زۆر دواكەوتووە، گەشە كردنی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە، حكومەتی عێراقی بایەخی تەواوی پێ نەداوە بگرە درووست كردنیشی هەر بە مەبەستی كۆنترۆڵی ناوچەكە بووە بۆ

لێدانی دەسەڵاتی شۆڕش‌و هێزی پێشمەرگەو سەرکوتکردنی هەر جموجووڵێك ڕوویدات. دانیشتوانەکەی زۆرتر بە کشتوکاڵ‌و مەڕو ماڵات بەخێوکردنەوە خجلن، پاشماوەی پەیوەندی دەرەبەگایەتی تاڕادەیەك ئاسەواری هەرماوە، زۆر لە خەڵکەکەی پابەندی شێخ‌و مەلاو دەروێشایەتین‌و ئاغاکانی ئەو ناوەش زەبرو رەفتاری توندو تیژیان هەبووە بەرامبەر جووتیارو ڕەش‌و ڕووتەکان.

هەرچەندە شۆڕش پەیدابووە بەڵام ئەو ناوچەیەوەکو ناوچەکانی تر نەیتوانیوە گەشە بکاو هەلومەرجی‌وای بۆ دروست ببێ، هەر چەندە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا بووین، کە سەدەی پێشکەوتنی ژیارو شارستانی‌و ململانێی نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات‌و کێبەرکێ‌و جەنجاڵی ژیان بوو، ئەینا ئێمەی کورد کە لە سوچێکی لە بیر کراوی ئەم جەنجاڵییەدا قەتیس بووین بێبەری لە هەموو مافێك، بێ شناسنامەو هەمیشە لە بەردەم ڕەشەبای هەڕەشەی لە ناوچوون‌و دان پیانەناندا ئەژیاین، بە تایبەتی ئێمە لە هەموو شتێك بە تەواوەتی بێبەش بوین.

لە ناوچەیەکی ئاواداو لەدێیەکی سەرگوێ چەمی ئاوەسپیدا بە ناوی کۆیك لە بنەماڵەیەکی هەژاری جووتیار ساڵی ١٩٥٢ پێم نایە ئاسانەی ئەم جیهانە پڕ لە ئازارو ناهەموارییە، کە بە تیرە ئەچینەوە سەر ڕۆغزایی جاف کە یەکێکە لە تیرە دیارەکانی هۆزی جاف‌و لە گەرمیان‌و قەرەداغ‌و شارەزووردا نیشتەجێن، جگە لە بوونیان لە زۆر شارو شارۆچکەدا..وەکو ڕیشسپییەکانمان ئەگێڕنەوە کاتی خۆی باپیرە گەورەمان لە دێی باڵولی نزیك دسکەرە نیشتەجێ بووە، بەڵام بەهۆی ناکۆکی لەنێوان پیاوە باجوەرگرەکانی حەمە پاشای جاف‌و خزمەکانمانەوە یەکێك لە پیاوەکانی حەمە پاشا ئەکوژرێ، ئەو باجوەرگرانە سەرکاریشیان پێ ئەڵێن، زۆر ستەمگەرو دەستڕۆیشتوو بوون‌و ئازاری جووتیارو خەڵکە هەژارەکەیان داوە، بۆ ئەوەی کێشە بۆ ڕۆغزایی دروست نەبێت‌وایان بەباش زانیوە باربکەن، دوای ڕاوێژ پێکردنیان بەرێگای شەممەوویلەکەدا بەرەو گەرمیان کەوتونەتەرێ.. لە قولیجان بەزیون کە هەر هۆزی سەرحەدی ڕۆغزایی تێدایە، لەوێشەوە بەدێهات‌و شارۆچکەکانی گەرمیاندا بڵاوبوونەتەوە.

باوکیشم حەمە ئەمینی عەلی عەبدوڵڵای محەممەدی هەیەر، بێنەواو دەست کورت گەورە بووە. لە ساڵی ١٩٣١ باوکی لە شەڕی ئاوباریکدا شەهید کراوە، کەس نەبووە بیخاتە بەر خوێندن لە حوجرەی مەلاکان، هەر خەریکی جووتیاری بووە کە ژیانێکی تابڵێی پڕ لە ئەشکەنجەو ناهەمواری بووە، ساڵ دوانزەی مانگ وەکو هەموو جووتیارەکانی تری کوردستان بە دیار پارچە زەوییەکەوە کە کێڵاویەتی دانیشتووە خوا بارانی بۆ ببارێنێ و دەغڵەکەی بۆ سەوزبێ و بەرو بوومەکەی بچنێتەوە ئەگەر ئەویش دەردو ئافات لێی نەداو ئاغاو دەستوپەیوەندەکانیشی بەرۆکی پێ نەگرن.

دایکیشم ناوی (ئەمین مەحمود مرادخان)ە لە هۆزی ئاڵیبەگی تیرەی مکایەڵی جافە کە لە گوندی کۆیکی سەنگاو نیشتەجێ بوون و لە بنەماڵەیەکی دیاری ئەو هۆزەیە..

ئەو مەینەتیەش بۆ ئێمە بەمیرات مایەوەو بەشمان لەو باشتر نەبووە، پێنج براو خوشکێك لەپانتایی ئەم ژیانەداوەکو هەزاران بنەماڵەی رووت و ڕەجاڵی تری کورد ملی ڕێگای سەخت و پڕ لە ئەشکەنجەمان گرتە بەر لەژێر ساباتی ڕەنج و تەقەلای کاری کشتوکاڵی بەهۆیە دواکەوتووەکان ئارەقەی ڕەش و مۆرمان ئەڕشت، قامچی داغداری ئاغاو گەنە دەرەبەگەکان هەمیشە بە گازەرای پشتمانەوە بووە، ئەوانیش بۆ سوودی خۆیان ئامادە نەبوون کەسێك فێری حەرفێك بکەن، چونکە لەبەرژەوەندی پاشەڕۆژیان ئەترسان، بەڵام زەبرو زەنگ و چەوسانەوە خەڵك فێری خەبات ئەکەن، ئەگەرچی خەڵك لە قوتابخانەشدا نەخوێنێ، خۆ ئەگەر مەلایەك یان فەقێیەك بهاتایەو پێویست بوایە شتێك فێری خەڵکی بکات جەزرەبەیان ئەداو دووریان ئەخستەوە، پیاوە بەتەمەن و پیرەکانی ئەو ناوە بۆیان گێڕاومەتەوە کە مامۆستا مەلا کاکە حەمەی سەیفوڵڵا کە شاعیرو زانایەکی تێکۆشەرو مامۆستایەکی پایەبەرزی کورد بوو هاتووەتە دێیەکەمان و قوتابخانەیەکی کردووەتەوە، دوو سێ ساڵێك توانیویە بمێنێتەوە، جارێکی تریش هاتووەتەوەو چەند ساڵێك ماوەتەوەو پاشان چووەتە دێی فەقێ مستەفا لەوێش هەمان دەستوور قوتابخانەی کردووەتەوە، لەبەر ئەوە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی دەرەبەگەکان

درووستکردووە، نەیتوانیوە لەوە فرەتر بمێنێتەوەو هەر خۆیشی مەبەستی بووە لە زۆر شوێنو جێگا قوتابخانە بکاتەوەو خەڵکی فێری خوێنەواریو زانست بکاتو لە کوێرەوەری نەزانین ڕزگاریان بکات ئەڵێن خەڵکەکە هەندێکیان لەوەوە فێری سروودی ئەی ڕەقیب بوونو مامۆستا هەموو ئاواتێکی فێرکردنو نووسینو خوێندنی کوردی بووە.

جا لە دەوروبەرێکی ئاواداو لە چوارچێوەی بارو دۆخێکی ئاڵۆزدا منیش زادەی دەستی ئەو دۆخو ڕۆژگارەمو ئەو هەلەم بۆ نەڕەخساوە کە ئێستاوەکو خاڵێکی ڕەش لە قووڵی دەروونما چەسپاوە، کە گەورە بوومو فامیدەم پەیدا کرد بەهۆی گوێگرتن لە خەڵکو نزیکبوونەوە لە ماڵی مەلای دێیەکەمان کەناوی مەلا سەعید بووو کابرایەکی هەژار بوو، حەزم لە خوێندن ئەکرد ئەو مەلایە جگە لە کتێبە ئایینیەکان شتێکی لە مەسەلەی فێربوونو خوێندن نەئەزانی، جارێکیان چوومە لای داوام کرد فێری خوێندنو نووسینم بکاتوەڵامی دامەوە: تازە تۆ گەورە بوویت ناتوانی فێری هیچ ببیت، منیش بە دڵشکاوییەوە گەڕامەوە لە ڕێگادا چاوم بە مەلا بەکری کوڕی کەوت مەسەلەکەم بۆ باسکرد، ئەم بە پێچەوانەی باوکیەوە ئومێدێکی گەشی پێبەخشیمووتی: نەخێروانییە بە باشی ئەتوانی فێری نووسینو خوێندن ببیت، هەر سبەینێ دەفتەرو قەڵەم بێنەو هەوڵ ئەدەین. بۆ سبەینێ بوومە شاگردی مەلا بەکر لە سەر زەرعاتەکەمان کە پێکەوە شەریك بووین بۆ یەکەم جار هەندێ ناووشەی بۆ نووسیم، منیش زۆر بە دڵ گەرمییەوە خەریك بووم، تاکو فێری ناوی خۆمو چەندووشەیەکی تر بوومو وازم نەهێنا، ئیتر بە تەواوی لە نووسینو خوێندنەوەدا شارەزابوومو ئەوەی ئێستا ئەیزانم خۆم بە قەرزارباری ئەو لە قەڵەم ئەدەم، چونکە ئەو بوو زۆر شتی فێرکردم، گرێکوێرەی گەلێك مەبەستی شاراوەی ژیانی بۆ کردمەوە.. گەر ئەو نەبوایە لەوانە بوو لە بەشە تاریکەکەی ئەم ژیانەدا بوایەم.

خولیـــای کوردایەتـــی

ناوچـەکەمان لـەڕووی مەسـەلەی سیاسییەوە دواکەوتووبوو، هووشـیاری سیاسیو حیزبایەتی نەبوو هەرچەند شۆڕشو هێـزی پێشمەرگە هەبوو کەمتر بیریـــان لـــە بڵاوکردنـــەوەی سیاســـەتی شـــۆڕشو ڕۆشـــنبیرکردنی خـــەڵکی لەدێهاتەکاندا نەکردەوە، کادیرەکان ڕۆڵـی کاریگـەریان نەئـەبینی، تـەنیا هۆیـەك بـوو بـۆ چەسـپاندنی دەوری دەسـەڵاتی ئاغـاو شـێخو مـەلاکان کـە کـادیرە حیزبییـەکان ئەهاتنـە دێهاتـەکان بـە تـەنیا ئەچوونە ماڵـە ئاغاکانو تەنانـەت ئابوونەکەشیان هـەر ئاغا کـۆی ئـەکردەوە، بۆ ئـەوەی کادیرەکـان نەچـنە نـاو خەڵکییەوەو نەکەونە ژێر کاریگەرێتی بیری شۆڕشگێڕییەوە.

زۆر جار ئەگەر کەسێك بزێو ببوایەو شتێکی بزانیایە لای کادیرەکە بـە شیوعی لە قەڵەم ئەدراو دژایەتی ئەکرا. کەم کەس هەبوو بکەوێتە کۆڕی کـاری سیاسییەوە، خزمێکم هەبوو بەناوی مەلا حەمە ئەمین قادر مراخان ئەیانووت شـیوعیەو نوێـژ ناکـاو کـافرە،وەکو شـتێکی پـیس تەماشـایان ئـەکرد بـە ڵام مەسەلەکە نوێـژو کافر بـوون نـەبوو، بـەڵکو ئـەو خـەڵکی هوشیار ئـەکردەوەو هـانی ئـەدان نـەچنە ژێـر ڕکێفـی شـێخو ئاغـاوە، تـاکو لەسـاڵی ١٩٦٨ هەرچـەند بەتەمەن منداڵیش بووم هەر ئەو مەلا بەکرە پەیوەندی پێوەکردم بۆ ڕێکخستنی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان منـیش ئەمـەم پێخـۆش بـوو هـەر ئیشـێکیان پـێ بسپاردایەم جێبەجێم ئەکرد تاکو ساڵی ١٩٦٩ کرامە ئەندام.

بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ڕووداوێکی گرنگ بوو لەژیانی گەلەکەماندا کە شۆڕشی کوردو بەعسی حوکمڕان مۆریان کرد. ماوەی چوار ساڵ دانرا بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکەکەی، هەرکە بەیانەکە بڵاو بووەوە پارتی لە هەموو شارەکانی کوردستاندا بارەگای کردەوە، هێزی پێشمەرگە کەوتنە حەسانەوەو لە دێهاتەکاندا بارەگایان دانا.

پارتی حیزبێکی کۆنەو خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژە لە هەلومەرجێکی بابەتیو لە ڕۆژگارێکی مێژوویی ناسکدا لە لایەن تێکۆشەرانی مەیدانی کوردایەتیو کەڵە دڵسۆزانی ڕێگای خەباتدا درووست بوو بۆ سەرکردایەتی کردنی جوڵانەوەی سیاسی کوردو خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانو ڕەتکردنەوەی ستەمو تاوانەکانی داگیرکەرانو دەستەبەر کردنی مافە ڕەواکانی کورد. ئەو زەمەنە مەلا مستەفاوەکو سەرکردەی یەکەمی پارتی دانرا گەر چی لە ڕووی بیری سیاسیو کاری حیزبایەتیەوە نەخشو داهێنانێکی تایبەتی نەبوو، تەنیاوەکو کەسێك لە ناوو ناوبانگی بنەماڵەکەیدا ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا جڵەوی حیزبو سیاسەتو سەرکردایەتی شۆڕش بگرێتە دەستو دەنگۆیەکی گەورە بۆ خۆی پەیدا بکات، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە بۆ خوارووی عێراقو دواتریش بۆ سلێمانی دوور خرابووەوەو لەوێشەوە بە هاوکاری تێکۆشەرانی سلێمانی توانی بگەڕێتەوە ناوچەی بارزان. ئەمەش پێگەی کەسایەتی بە هێز کردوەکو سەرکردەیەك تەماشا بکرێ. کاتێ حکومەتی قاسم لە گفتەکانی بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد پەشیمان بووەوەو ڕێگای سەرکوتکردنی کوردو پەلاماردانی کوردستانی گرتە بەر ئیتر شەڕو پێکدادان لە نێوان کوردو حکومەتی قاسمدا بەرپا بوو، مەلا مستەفا توانیوەکو بەرپرسی یەکەمی شۆڕشو پارتیش دەربکەوێ. پارتی کە چووە شاخو هێزی چەکداری درووست کردو جاڕی شۆڕشی داو پێشمەرگەی لە سەنگەری بەرەنگاربوونەوەدا داناو لە شەڕەکاندا دەستی باشی لە هێزەکانی حکومەت نەوەشاند. لە بواری سیاسیشدا چەندین جار لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا گفتوگۆی کردووە کە دواترینیان ئەوەی ئازار بوو، کورد

هەناسەیەکی دا، هەندێ هەلی بۆ ساز بوو پشوویەکی باش بداو لە هەموو ڕوویەکەوە قازانج وەربگرێ، هەر لەم ساڵەدا پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان کە کاتی خۆی لە پارتی جیا بووبووەوە باڵی مەکتەبی سیاسیشیان پێ ئەووتن لە ئەنجامی ناکۆکی لە سەر کۆمەڵێك مەسەلەی سیاسی‌و فیکری دانوویان پێکەوە نەئەکوڵا جیا بوونەوەو کەوتنە شەڕەوە کە ئەمە گەورەترین هەڵە بوو شۆڕشی کوردی تێکەوت‌و نەتوانرا ڕێگری لەو کەم‌و کوڕی‌و گرفتانە بگرێ. مەلا مستەفا نەیتوانی تەرازووی بارەکە ڕابگرێ. لە هەلێکی تازەدا بۆنەوەی دوژمن سوود لەو ناکۆکییەوەرنەگرێ‌و ڕیزەکانی کورد یەك بگرێتەوە ئەمان خۆیان هەڵوەشاندەوەو هاتنەوە ناو پارتی، لەم پارتی شۆڕشگێڕەیش دوو لایەنی لێ جیا بووەوە، یەکێکیان جەماعەتەکەی شێخ ستار ئەوی تریشیان جەماعەتەکەی عەونی یوسفی بوون، ئەمانە نوسخەیەکی قەڵپی دەسەڵات‌و بەرنامەی شێواوی بیری بەعس بوون بۆ مەسەلەی کورد.

دوای چوار ساڵ.. بەعس لە بەڵێنەکانی خۆی پەشیمان بووەوە سەرکردایەتی پارتیش نەیتوانی سوود لەو هەلومەرجە وەربگرێ، جارێکی تریش دەمەداسیان تیژ کردەوە بۆ شەڕ وەکو بڵێی خەڵاتێکە بەدرێژایی ڕۆژگار بەر باڵای کورد بڕاوە.

ساڵی ١٩٧٤ وەکو زۆربەی خەڵکەکە منیش بوومە پێشمەرگە بەڵام بێ ئەوەی ئاگامان لەوەزعی شۆڕش‌و جۆری پەیوەندی‌و مەسەلە سیاسی‌و دبلۆماسییەکان هەبێت، ئەوە کارێك بوو تەنیا چەند کەسێك لێی بەئاگابوون. دوای ساڵێك شەڕو پێکدادانی خوێناوی حکومەتی عێراقی ئەو سەردەمە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سەرۆك کۆمارو سەدام حسین کەسی دووەم بوو، هەرچی تواناووزەی سەربازی هەبوو بەکاری هێنا بۆ لێدانی کوردو تەفرو توونا کردنی شۆڕش، لەم لاشەوە هێزی پێشمەرگە لە سەنگەردا بوو خوێنی سووریان ئاسۆی کوردستانی ئەنەخشاند.

ڕۆژ نەبوو حکومەت بە هێزو تۆپخانەی قورسیەوە پەلاماری گەورە نەدات، هەرچی قورسایی شەڕ هەبوو کەوتبووە ناوچەی ژووروو نزیك

سەرکردایەتی، هەموو کەس ئاشنای ناوی شاخەکانی سەرتیزو حەسەن بەگ‌وکۆرەك‌و هەندرێن بوو بوو، ئەوەندەت ئەزانی هێزێك بە ئۆتۆمبیلی ئەرتەش بەناو ئێراندا ئەچوون‌و سەریان لە خانەوە دەرئەکردو ئەگوێزرانەوە ناوچەرگەی شەڕو پێکادانەکەو کۆمەڵێك شەهیدو بریندارئەهاتەوە.

لای خەڵك ئاشکرا بوو کە شۆڕش بەتەواوی پشتی بەئێران بەستووە، جبەخانەی دەوڵەتی شا لەخزمەتی شۆڕشدا بوو، خودی ئەفسەرە ئێرانییەکان سەرپەرشتی تۆپبارانیان ئەکرد. بیری کەس بۆ ئەوە نەئەچوو کارەساتێك رووبدات.

بە ڕاستیش خەڵکی لە رووی سۆزی نیشتمان پەروەرییەوە شوێن پارتی کەوتبوون بێ ئاگا لەوەزعی سیاسی کوردستان‌و ناوچەکەو بەرژەوەندی ئێران - عێراق‌و دەوری ئیمپریالیزم لەتێکشکاندنی هەر سەرکەوتنێك، بۆیە شتێکی سەیر نییە لەدنیای سیاسەتدا دوو دەوڵەتی دژ بەیەك لە باری ئاڵۆزو مەترسیداردا بگەنەوە یەك‌وواز لەناکۆکییەکانیان بهێنن بکەونە وێزەی میللەتەکەمان‌و نوقمی دەریای نوشستی بکەن.

زۆر جار ئەم سەمەرەیە لە لاپەڕە تاریکەکانی ژیانی کورددا دووبارە بووەتەوە.. کەسێك نەبووە ڕێگری لەو تاوانانە بکات بەرامبەر بە کورد ئەنجامدراوەو بگرە هەمیشە لە ژێر هەر پەردەیەکدا بووبێ مرۆڤایەتی لە عاست کوردو ڕۆژگارە تەڵخەکانی بێدەنگ بووە.

ئاشبەتاڵێکی ...
تـــاڵ

لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی مانگی ئازاری ١٩٧٥ دا هەورە برووسکەیەکی قایم ناخی هەموو کوردێکی سووتاندو پەل و پۆی شکاند، پێمان ووترا شۆڕش ئاشبەتاڵ.

بۆ یەکەم جار بوو گوێم بەم ووشەیە زرنگایەوە، لای ئێمە جۆبلاو باوە، دوایی زانیم کە هەردووکیان یەك مانا ئەبەخشن، هەموو سەرسام بووین نەمان ئەزانی چی بکەین، دەیەها پرسیاری دڵتەزێن لە چاوی گیانمانەوە سەری دەرئەهێناو دەمەلاڵکێیەوەڵام بوون و بە نەهامەتی سەریان ئەنایەوە.

سەرانی شۆڕش شێواو بوون، کەس بەکەس نەبوو هەموو ماڵوێران.. هەزاران پێشمەرگەو بەرگری لوولەی چەکەکانیان شۆڕ ئەکردەوەو سەری کزیان خوارو ڕووەو مەرکەزەکانی حکومەت ئەڕۆیشتن، لە ماوەیەکی کەمدا ئەو هەموو خەڵك و هێزو توانایەوەکو بەفری بەهار توایەوە.. بەتەنیا یەك قسە ئەم هەموو کارەساتە ڕوویدا، مقۆمقۆی باسی یەکتر بینینی شاو سەدام لە پێتەختی جەزائیردا ئەکرا کە ئاکام سەدام‌وازی لە هەندێ خاك و ئاوی عێراق هێناو دای بە شا، شایش دەستی نایە بینی شۆڕشی کورد، سەرکردایەتی پارتیش دەستی خۆبەدەستەوەدانی هەڵبڕی، بارێکی دەروونی تێکپرژاو هاتە ناوەوە، کەس بە تەمای هیچ نەما ئەیانووت جارێکی تریش کورد لە مەزاتخانەی نێودەوڵەتاندا بەشوو درایەوە. کەچی بەگوێگرتن و پەرۆشی شتی تازەوە ئەمبیست کە ئەمساڵ هەر کورد تووشی ئەم دەردە نەبووە، شۆڕشی زەفار یش خەفەکرا، ئەمە دڵدانەوەیەك بوو بەڵام بۆم دەرکەوت تیماری برینی بەسوێی

ئێمەی ئەئەکرد بەسەرسامییەوە لە پاشەڕۆژمان ئەنواڕی، هەندێ جار تەنووری بیری جەهەنمییان لە بەردەمدا دائەخستین و ماوەیەك پێیەوە هەڵئەقرچاین: ئیتر کورد لە کوردستاندا نامێنێ.. پەرەوازەی هەندەران ئەکرێ و تۆوی نامێنێ.. جارێکی تر شۆڕش خەونە.

ڕۆژی ئاشبەتاڵەکە من لە دەربەند بێلوولە بووم، باسی ئاشبەتاڵم لە لایەن کادیرێکی پارتی بە ناوی حەمە جەبار بیست کە بە چاوی فرمێسکاوییەوە پێی ڕاگەیاندین، دواتر جەلالی سەیدوەلی جێگری بەتالیۆنی ٩ بانگی کردین و پێی‌ووتین: کێ لەگەڵمانا دێت بۆ ئێران با بێت، کێش تەسلیم بە عێراق ئەبێتەوە با بڕواتەوە. منیش کە زۆر ڕقم لە لێپرسراوەکانیان بوو بۆیە ئەم ڕێگەیەم هەڵبژارد. بەم دەروونە پڕ لە زوخ و زامەوە منیش لەگەڵ کۆمەڵە پێشمەرگەیەکدا لە ئاخر ڕۆژی عەفوەکەدا خۆم تەسلیمی ناحیەی سەنگاو کرد.

ئاشبەتاڵ دەرسێکی گەورە بوو بۆ کورد، دەرکەوت پارتی سەرەڕای ئەوەی پشتیوانی کوردی لەگەڵ بوو، هێزی گەورەی هەبوو، جبەخانە و پارەی باشی لەبەردەستدا بوو بەڵام حیزبێکی کارامە و هێزێکی هاوچەرخ نەبوو، لە ڕووی سیاسییەوە نەیتوانی لە گەمەی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیدا یارییەك بکات هەم خۆی تەدۆڕێنێ و هەم کوردیش بەگورگان خواردوو نەدات، بە داخەوە ئەووەکو داشی دامە بەدەست حکومەتە ئیقلیمییەکانەوە بوو یاری پێ ئەکرا بێئاگا لەوەی گەر بەرژەوەندییەکانیان گەیشتە پلەی بڤە ئیتر کش‌وەرد لەکورد ئەکرێ. سەرکردایەتیەك ئەو هەمووو تواناوووزە جەماوەرییەی لەبەردەستدا بێ بۆ ئەبێ بەفیکەیەکی دوژمنان کاری تەواو بێت..؟

دیارە دەیان هۆی ناوەکی و دەرەکی بوونەمایەی ئاشبەتاڵ، کە هەتا ئێستاش ئەمووشەیە بەتەنیا ناوهێنانەکەی مایەی شەرمەزارییە، ئەگەر سەرانی شۆڕش ڕایان نەکردایە ماڵی کورد کاول نەئەبوو، لاشەی کورد و کوردستان نەئەبووە کێڵگەی نەخشەی جێبەجێکراوی بەعس کە بەنەمانی شۆڕش سێکوچکەی بەعسیان: تەبعیس و تەعریب و تەهجیر شوێنیان گرتەوە.

خەباتی

ژێرزەمینی

دوایی گەڕامەوە دێیەکەی خۆمان جارێکی تر ئاوێزانی زێدی کۆنی خۆم بوومــەوەوەکو دانیشــتوویەك لەگــەڵ خەڵکەکەیــدا بــەکاری کشــتوکاڵو مەڕوماڵاتەوە خەریك بووینەوە. ئەو کارەساتە عەسکەریو سیاسییەی تووشی شۆڕشی کورد بوو مانـای ئـەوە نـەبوو کورد چۆکی داداو ئیتر نـەتوانێ سەر بەرزکاتـەوە بەپێچـەوانەوە ئـەوە چۆك دادانـی سیاسـەتو بەرنامـەی سواوی سـەرکردایەتی جوڵانـەوەی کـورد بـوو کـە نـەبوو هـەر ببێ، بۆیـە لـەبری ئـەو بەرنامەیــە حیــزبو ڕێکخــراوی شۆڕشــگێڕترو خەڵکــە ڕەشو ڕووتەکــە بــۆ ڕەتاندنــەوەیواقیعی هــەرەس هێنــاو بیریــان لــەوە ئــەکردەوە ئــەو بۆشــاییە پڕبکەنــەوەو تێهەڵبچــنەوەو هەلومــەرجی خــەبات ســاز بکەنــەوەو نــەهێڵن کوانووی تێکۆشان بێپشکۆ بمێنێتەوە، ئەوە بسەلمێنن:

- ئەو سەرکردایەتییەی پێشوو لە ئاستی قوناغەکەدا نەبوو لە بەردەم سیاســەتی داگیرکەرانــدا حیســاباتیان بــۆ هــەموو ئەگــەرەکان ئــاڵتی هێنــاو کارنامەیان لەسەر بناغەیوابەستەیی داڕشتبوو.
- دوژمنواهەست نـەکات کـە کـورد ناتوانـێ بـوونی خـۆی بپارێزێو دژی پیلانەکانی ڕابوەستێو بەرگری لەخۆی بکات.

بۆیـەوەکو ڕەدێکـی ئیجـابیو ڕەفـزی چـۆکدادانی شـۆڕشو هـەرۆژانی باڵەخانەی دەسەڵاتی سەرکردایەتییەکەی لـە مـانگی ١٩٧٥/٦ یـەکێتی نیشتمانی

کوردستانوەکو پێداویستییەکی گرنگی قۆناغێکی ناسکی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی میللەتەکەمان لە دایك بوو کە لە دوو ڕێکخستنی کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینیو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانو باڵی هێڵی پان پێکهات.

کە کۆمەڵە لە مانگی ١٩٧٠/٦ درووست بوو بوو، پێنج ساڵ بوو خۆی کۆکردبووەوەو ڕەگی داکوتابوو، دەوری پەیداکردبوو، بزووتنەوەش هەر لەدوای ئاشبەتاڵەوە بیری درووست بوونی لای هەندێ خەڵکی نیشتمانپەروەر بەرجەستە بوو بوو.

لە دایك بوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەنگێکی گەورە بوو لە ئەنجامی پێویستییەکی بابەتی ڕاستەقینەی بارودۆخێکی ئاڵۆزی جووڵانەوەی کوردا هاتە کایەوە بۆ ئەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان بباتەوە سەر شاڕێی مەبەستەکان بەکەرەستەی نوێو بەزەمینەیەکی پڕ بەرەکەتی هێزو توانای گەلەکەمان بۆ دابینکردنی پاشەڕۆژی ڕووناکتر.

(ی.ن.ك) وەرچەرخانێکی مەزن بوو بەهەورازی قووچدا ڕووەو لووتکەی سەرکەوتن هەڵزناو شێوازێکی نوێی هێنایە کایەوە چ لە ڕووی سەرکردایەتیو چ لە ڕووی بەرنامەی سیاسیو مامەڵە کردن لە کاروباری سیاسەتو بەڕێوەبردنی جووڵانەوەکەو تێڕوانینی بنەڕەتی مەفاهیمەکانو پەیوەندییەکانو دیاریکردنی هەڵوێست لە مەڕ هەموو ڕووداوەکانو خانەبەندی کردنی مەسەلەکان.

ئەو ماوەیەی پێشمەرگایەتیم کرد چاوم کرابووەوە فێری هەندێ شت بووم. زۆر شوێن گەڕابووم و لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتیو عەشایەرییەوە شارەزاییم پەیداکردبوو، گەنە دەرەبەگەکان بەنەمانی شۆڕش ئەم هەلەشیان قۆستەوەوەکو لەوەپێشتر کەوتبوونە پیلانگێڕانو شەڕفرۆشتن بە جووتیارەکانی ناوچەکە، دەستو پێوەندەکانیان ئەنارده سەریان تا دەغڵو دانەکانیان بسووتێننو ماڵاتیان بدزن، ئەمجارەیانوا بیریان ئەکردوە کە ئەو خەڵکە چەکیان نەماوەو لەپشتیوانیەك ڕووت بوونەتەوە ئەگەر چی شۆڕش

زۆرتر پشتیوانی لەوان ئەکردو زۆر روویان بە جوتیاران‌و هەژاران نەئەدا.. ئەم‌وەزعە ئێمەشی گرتەوەو لێی بێبەش نەبووین، بەڵام ئێمە بە ئاسانی ملمان نەئەدا بۆیە نەخشەی دزێویان بۆ ئازاردانمان دائەڕشت، تاوای لێهات جارێکیان بەفیتی گەنە دەرەبەگەکان عاسەی ڕەوە کە بووە جاشێکی پیس بنێرنە سەرماڵی خاڵۆم، کەسمان لە ماڵەوە نەبووین هەموو ماڵەکەیان دزیبوو، لە تۆڵەی ئەمەدا عاسەی ڕەوەمان گرت‌و لێدانێکی باشمان کرد خەریك بوو بمرێت، ناکۆکییەکان توندتر بوون‌ووەزعمان خراپ بوو، پەنامان بۆ خزمەکانی ترمان لە دێی جامرێز بردو لەوێ ماینەوە، لەم لاشەوە هەرچیمان پێ‌ئەکرا بۆ ئازاردانی گەنە دەرەبەگەکان درێغیمان نەئەکرد.

پاش ماوەیەك لەساڵی ١٩٧٦ بەماڵەوە چووینە سەنگاو، من لە دائیرەی کشتوکاڵ بەکرێکار دامەزرام،وەنەبێ دامەزراندنم لە دائیرەی کشتوکاڵ خەڵی کردبم بۆ پەیدا کردنی بژێوی‌و نانی پاشەڕۆژو خەمی کوردو کۆستی گەورەی شۆڕشەکەی لە بیر بردبم، بەڵکو هەمیشە خاپلەی ئەو بارودۆخە ناسازەم لە دەروونمدا بوو، بە ساتوێنەی تەماوی ئاشبەتاڵم لەبەر چاووون نەئەبوووەکو هەندە کەسانێکیش تەموەزی ناوەمێدی کرۆکی گیانی نەکرۆژیبووم، بەڵکو هێشتاووزەم تێدا مابوو ئەگەر جارێکی تر پێشمەرگە پەیدا بێتەوە بە تەوژمتر تێ هەڵبچمەوە، بەڵام کێ هەبوو بوێرێ قسە بکات.. هەندێك هەڵسانەوەی شۆڕش‌و پێشمەرگەیان بەخەون ئەزانی، زۆر کەس هەر پشتی لەخەڵك‌و خوای گەلەکەی کردبوو دەستەمۆی دوژمنان بوو بوون.

لە ماوەی پێشمەرگایەتی پێشوومدا ئەوەندە فێر بوو بووم کە حیزب‌و ڕێکخستن بۆ خەبات‌و تێکۆشان پێویستن. لە ئەنجامی ئەو بۆشاییەی ئاشبەتاڵ دروستی کردبوو بە تاسەوە بە شوێن ڕێکخستنێکدا ئەگەڕام ڕێپێشاندەری خەڵك بێت بۆ هەڵسانەوەی شۆڕش. ڕۆژانە کە لەگەڵ خەڵکدا لە مەسەلەی کوردو شۆڕش ئەدواین داخی دڵی خۆم هەڵئەڕشت. کاتێك دەنگە دەنگی بوونی پێشمەرگە پەیدا بووەوە گومانم لە هەر کەسێك بکردایە هەستی

کوردایەتیو شۆڕشگێڕی هەیەو نەبوومتە بەعسی ئەچوومە لایو باسو خواسی شۆڕشو کوڕانی چیام ئەپرسی.

تاکو لە مانگی ١٩٧٦/٦ دا سەردانێکی کاك شێخ عەبدولعەزیزی داربەڕووم کرد لەگەڵیدا بێ هیچ پەردەیەك کەوتمە گفتوگۆوە، ئەو کەسێکی ژیرو بەئاگا بوو لەوەزعەکان، کاتی خۆی لای ئەو پێشمەرگە بووم زۆر هاتوو چۆم ئەکرد هەموو قسەو دەمەتەقێیەکمان لەسەر شۆڕشو پێشمەرگە بوو، هەر جارەی شتێکی لێ تێئەگەیشتم.. کار گەیشتە ئەوەی جارێکیان باسی ئەوەی بۆ کردم کە نیازی هەیە هێزێك لە گەرمیاندا بە ناوی خۆیەوە بکاتەوە، منیش بە فەرماندەی مەفرەزە دابنێ، من هیچ ئاگام لە شێوەی شۆڕشو ڕێکخستنەکەی نەبوو تەنیا هەستی کوردپەروەریو دڵسۆزی خاکی کوردستان هانی ئەدام ئەگەر کەسێك یەکەم پێشمەرگەی کوردستان بێت من دووەم کەسم، لە دوایدا تێگەیشتم ئەو پەیوەندی بە (ی.ن.ك)وە هەیە، بیرم ئەکردەوە تۆ بڵێی ئەمەش هەر دەستووری جاران بێت یان جیاواز ترە، لە دوایدا ئەگەیشتمە ئەوەی هەرچی بێت هەر شۆڕش بێتو پێشمەرگە دەرکەوێ.

زۆر ئارەزووی بینینی پێشمەرگەم ئەکرد هەرجارەی شتێکی پێ ئەووتم، پاشان ئاگاداری کردمەوە ئەمجارە ئەتوانین برادەران ببینین. کاتێکی دانـاو چووینە سەروەخت، کاك حەمە غەفورو چەند برادەرێکی ترمان بینی، شایانی باسە جارێکیان بەیانێکی (ی.ن.ك)م لێوەرگرت کە ئێستا نازانم دەربارەی چی بوو. دواجار لەمانگی ١٩٧٦/١١دا چوومەوە بۆ سەردانی پێیووتم: سبەینێ برادەران ئەبینینەوە. چاوپێکەوتنی پێشمەرگە عەشقێکی پیرۆز بوو لەلام، لەگەڵ برادەرێکی تردا کە تفەنگێکی سەلیبی هەبوو منیش بڕنەوێکم کە بەسەدو پازدە دینار کڕی بوو هەڵمگرتو پێکەوە کەوتینە ڕێ بۆ چاوپێکەوتنەکە، کە گەیشتین کاك شێخ پێیووتین: جارێ بگەڕێنەوە ماڵی خۆتان. بێئەوەی کەس بمانبینێ گەڕاینەوە. نە خۆی باسی کردو نە خۆشم ئەوەم لێپرسی بۆ بگەڕێینەوە..؟.

پاش چەند ڕۆژێك بڵاوكراوەیەكی بۆ ناردم كە هی بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان بوو. دوایی بۆم دەركەوت كەكاك شێخ لەگەڵ برادەراندا لەسەر فەرماندەیی یەكەمی ناوچەكە ڕێك نەكەوتوون، شایانیووتنە كاك شێخ عەبدولعەزیزو كاك شێخ بەهادین لە ساڵی١٩٨١ بە دەستی جاشەكانی سەنگاو لە بۆسەیەكی ڕێگای داربەڕوو ـ سەنگاو لە نزیكی دێی كچان شەهید ئەكرێن.

دوای ئەوە چاوم بەئاشنایەكی ترم كەوت ئەویش كاك مەلا ئەحمەدی مەسۆیی قەرەداخ بوو، پێكەوە زۆر قسەمان كرد، ئەو بە ناوی كۆمەڵەی ماركسی ـ لینینی ئەدوا، كاكڵەیەكی بیرو بۆچوونی ڕێكخستنەكەی بۆ باس كردم لەسەر بناغەی بیری ماركسیزم ـ لینینیزم بەپێی تێگەیشتنی خۆی.

ناوی ماركسیزم ـ لینینزمم پێخۆش بوو هەندێ جاری تریش شتیان لەم بارەیەوە بۆ باس كردبووم كە ڕێپێشاندەری چینی چەوساوەو بەش خوراوانە، ڕێگەی سەختی خەباتو تێكۆشانە بۆوەدیهێنانی ئامانجی گەلی داگیركراوو ماف زەوتكراو، چونكە منیش كوڕە جووتیارێكی چەوساوە بووم حەزم ئەكرد ئاوێزانی جۆرە بیرو ڕێبازێك بم ئەو كۆتو پێوەندە چینایەتیو كۆمەڵایەتیو سیاسییە بشكێنم، پڕ بە گەرووم دژی داگیركەرو دەرەبەگە نۆكەرەكانی هاوار بكەم، قسەكانی كاك مەلا ئەحمەد بە جۆرێك كاریگەر بوو هەر ئەو ڕۆژە پەیوەندی ڕێكخستنم لەگەڵدا بەست. ئەو هەندێ ئەركی چاودێری كردنی پیاو خراپو جاسووسەكانی سەر بە بەعسی پێسپاردم كە مانگانە بەڕاپۆرت بۆی بنووسم، لەبەر ئەوەی لێمەوە دوور بوو درەنگیش یەكتریمان ئەبینیەوە ناچار بووم پەیوەندی بە كاك عەلی محەممەد حەسەن ناسراو بە سەركەوت بكەم كە لە حكومەت قاچاخ بوو، ئاشبەتاڵی نەكردبوو، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێشدا بووەوە پێشمەرگە. یەكتریمان بینی باسی زۆر شتمان كرد ئەویش داوای لێكردم زانیاریو دەنگوباسی بەڕاپۆرت بۆ بنووسمو پانزە ڕۆژ جارێك چاو پێكەوتنی بكەم. بەداخەوە كاك مەلا ئەحمەد لەپەلامارێكی جاشەكانی تەحسین شاوەیسو قالە فەرەجدا لەگوندی قازانقایە لەدامێنی گردە سوور ڕۆژی ١٩٧٧/٩/٣ لەگەڵ كادیری هوشیاری یەكێتی شوان عەلی سەعید ناسراو

بەشـاميل‌و ٤ پێشـمەرگەی تـر لـەدوای ئـەوەی لەلایـەن جاشـەکانەوە گـەمارۆ دەدرێن‌و دوای ۲ کاژێر شەڕی قارەمانانە کە ڕێگای دەربازبوونیـان نـەمابوو دوو نارنجۆك بەخۆیاندا دەتەقێننەوەو شەهید دەبن تاکو بەزینـدوویی دەسـت ئـەو جاشانەی دووژمن نەکەون .

لـەم قۆناغـەی ژیانمـدا هەسـتم بـە جـۆرە خۆشـی‌و ئاسـودەییەك ئـەکرد چونکە بەئـەرکم ئـەزانی لـە دوای ئـەو ئاشـبەتاڵە تاڵـە کـە بۆشـاییەکی لـەکاری کوردایەتیـدا بـەرپاکرد، خـۆم بخەمـە نـاو ئەڵقەیـەکی نوێـوە بـۆ خـەباتکردن لەپێناوی دابینکردنـی مافـە ڕەواکـانی کـوردو گەیشـتن بـەدوا ڕۆژی سـەرفرازی کەئەم دوا ڕۆژەی کورد بێ خۆبەخت کردن‌و جەختکردن هەرگیزوەدەستنایەت.

بۆیـە هەمیشـە لـە جموجوڵـدا بـووم بـۆ پەیـداکردنی زانیـاری لەسـەر دوژمــن‌و ئاگادارکردنــەوەی ڕێکخسـتن لێـی‌و هــەروەها پەیـداکردنی دۆسـت‌و لایـەنگر بـۆ کۆمەڵـە کـە جـۆرە هیوایـەکی پێئەبەخشـین‌وەکو ئـاڵا هـەڵگری پشتیوانیکردنی چەوساوەکان‌و داکۆکیکەر لە مافی بێبەشکراوەکان.

له سه‌نگه‌ری پێشمه‌رگایه‌تیدا:

ساڵی ١٩٧٧

من حه‌زم ئه‌کرد ببمه پێشمه‌رگه که‌چی بڕیاردرا کاری ناو شار بکه‌م، هه‌ر کارێکیان بۆ ده‌ست نیشان ئه‌کردم به په‌رۆشه‌وه بۆی ئه‌ڕۆیشتم، تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ مه‌فره‌زه‌یه‌کیان پێکهێنا به فه‌رمانده‌یی کاك سه‌رکه‌وت ڕۆژێك دیم.. داوای کرد چالاکییه‌ك بنێمه‌وه ئه‌وان ئه‌نجامی بده‌ن که بوونی هێزی پێشمه‌رگه بسه‌لمێنن، دوای بیرکردنه‌وه شه‌وێکم داناو شوێنێکم دیاری کرد بچنه سه‌ر مه‌رکه‌زی پۆلیسی سه‌نگاو، عه‌سری ئه‌و ڕۆژه زانیاریم‌وه‌رگرت مفه‌وه‌زی ئه‌من له‌گه‌ڵ دوو ئه‌منی تردا له‌ماڵی مفه‌وه‌زی پۆلیس ده‌عوه‌تن ئه‌مه له‌گه‌ڵ ئه‌و مه‌وعیده‌ی من دیاریم کردبوو بۆ پێشمه‌رگه‌کان یه‌کانگیر بوو زۆرم پێخۆش بوو چونکه له‌و سه‌رده‌مه‌دا ئه‌و زه‌لامانه بکوژرانایه ده‌نگی ئه‌دایه‌وه.. کاتژمێر هه‌شتی ئێواره چوومه سه‌ر مه‌وعیده‌که به‌داخه‌وه پێشمه‌رگه‌کان شوێنه‌که‌یان لێ تێکچوو بوو تاکاتژمێر نۆ چاوه‌ڕوانم کردن ئینجا دوو که‌س هاتن بۆ لام که بینیم ئه‌وا پێشمه‌رگه‌یه‌ك به‌ندییه‌کی پێیه لێی نزیك بوومه‌وه تا ته‌وقه‌م ئه‌کرد ئه‌مزانی عومه‌ر عه‌زیزی دراوسێی ماڵی خۆمانه، ئه‌ویش منی ناسییه‌وه‌و ئاشکرابووم.. له پێشمه‌رگه‌که هه‌واڵی کاك سه‌رکه‌وتم پرسی‌ووتی: چوونه‌ته سه‌ر مه‌رکه‌زه‌که. فره‌م پێناخۆش بوو چونکه له دوو لاوه زیانمان لێکه‌وت:

١. له‌کیس چوونی کوشتنی ئه‌من‌و مفه‌وه‌زه‌کان.

٢. ئەو زەلامەی بەدیل گیرابوو شایانی کوشتن نەبوو کەبەریش بدرێ من ناتوانم بگەڕێمەوە.

پاش چەند دەقیقەیەك لە مەکەزی پۆلیسەوە تەقـە دەستی پێکرد، دوای نیو کاتژمێر پێشمەرگەکان گەڕانەوەو کاك سەرکەوتم دی پێم‌ووت: باشتان نەکرد پەلەتان کرد من کاری باشترم نابووەوە لەدەستمان چوو، ئەم کابرایەی کە گرتووتانە هیچ نییەو نەمناسیەو ناتوانم بگەڕێمەوە، کاك سەرکەوت ووتی: ئەیکوژین‌و تۆیش بگەڕێرەوە. قبوڵم نەکرد کوڕەکەش دەستی بەسوێند خواردن کرد ئەگەر بگەڕێمەوە بەهیچ جۆری باسم نەکات، ئەوەشم رەتکردەوەو لەگەڵیاندا کەوتمە رێ، داخەکەم مێژووی شەوەکەم لەیاد نەماوە چونکە مێژووی بە پێشمەرگە بوونمەو ئەبوایە بمزانیایەو لەیادم نەچوایە.

ئەو شەوە هەر بەرێگاوە بووین تا گەیشتینە نزیك دێی مەسۆیی کاك سەرکەوت نەیهێشت کەس ناوم بزانێ بەڵام لەوێ بە پێشمەرگەکانی‌ووت: ئەمە برادەری خۆمانەو ئاشکرابووەو ناوی مەحمودە، بۆئەوەی لەگەڵ مەحمودێکی تردا کە پێشمەرگە بوو لەیەك جیا بکرێینەوە من بووم بە مەحمود سەنگاوی.

دیارە لەو کاتانەدا هاتنە دەرەوەی کەسیکی تەنزیمی لە لای پێشمەرگەو خەڵکی شتیکی گرنگ بوو، ئاگام لێبوو پێشمەرگەکان بەتامەوە ئەیانووت: برادەرێکی تەنزیمی ئاشکرا بووەو هاتووەتە لامان.

مەفرەزەکەی کاك سەرکەوت بە مەفرەزەی گەرمیان ناسراو بوو ژمارەی شەش کەس بوو لەوانە: مام ساڵەح گۆڕی ئەسپی، مەحمود کێلە بەرزەیی کە لە دوایدا شەهید بوو، خولە مەسۆیی کە لە دوایدا بوو بە جاش، ئەو کاتە من بێ چەك بووم هەر چەندە بڕنەویکی درێژم هەبوو بەڵام دەستم پێی نەئەگەیشت هەر لەو ماوەیەدا زەلامێك بە ناوی تۆفیق جەبار بە بڕنەوێکی درێژەوە بۆ پێشمەرگایەتی هات، پیاوێکی خراپ‌و گومان لێکراو بوو ئەویان چەك کردو بڕنەوەکەیان بە من دا.

پاش ماوەیەکی تر لەبەر ئەوەی تەنزیم بووم‌و جێگەی باوەڕ بووم بڕیاریان دا کلاشینکۆفێکی ڕەقەم دەم بۆ بکرن هەرچەندە ژەنگنیش بوو هەر

زۆرم پێخۆش بوو. ئەوەی پێویستە بوترێ پێشمەرگایەتی ئەم قۆناغە جیاوازی لەگەڵ ئەوی پێشوودا هەبوو، لە پێشوودا پێشمەرگە بنکەو بارەگای خۆی هەبوو جێگای حەسانەوەو پشوودانی هەبوو، ڕۆژانە بە دەستەو پەل لەناو دێهاتەکاندا جەولەی خۆیان ئەکرد، ناوچەی ڕزگارکراوی فراوان هەبوو حکومەتی عێراق دەسەلاتی بەسەر دێهاتەکانی کوردستاندا نەبوو، جگە لە شارەکانو هەندێ شوێنی حەساس نەبێت. ڕێگاوبانو جادە گشتیو سەرەکییەکانی نێوان شارەکان بەقافڵەو کاروانی عەسکەری هاتو چۆیان تێدا ئەکرا. بەلام ئەمجارەیان پێشمەرگە نە بنکەو بارەگای هەیە، نە ئەشیتوانی لە شوێنێکدا بمێنێتەوە بەڵکو گەڕۆکو کۆڵ بە کۆڵەو کە ئەتبینی لە چاووتروکانێداوون ئەبێتو نامێنێ. جموجووڵو گەڕانو گەشتی بەپەلەو خێرا بووەتە بناغەی کارەکانی بۆ ئەوەی دوژمن پەی بە شوێنو جێگای نەباتو بەئاسانی نەکەوێتە داویەوە.

بۆ یەکەم جارووشەی پارتیزانم لەبرادەران بیست کە شێوەیەکی تازەی کاری پێشمەرگایەتییە، هەمیشە ئەو مرۆڤە تەییارو ئامادەیە لە هەموو ڕوویەکەوە سەرەوتی نییە، سەر لەدوژمن ئەشێوێنێ، لێی ئەداو بەگورجی ئەڕوا. هێزەکەی دوژمن پەڕەوازەو ماندووو شەکەت ئەکات. کەچی خۆیان تێشووی سەفەری دوورو درێژی خەباتییان پییە. پێشمەرگەی ئەمجارە: لە ڕەوشتو ئاکاردا نمونەی بەرزە، لە فیداکاریو دەستوەشاندندا، ناوازەترین تابلۆی سەروەری ئەنەخشێنن. هیچ فیداکارییەکی تری سەر ڕووی ئەم زەوییە خۆیان لە قەرەی نەداوە، پێشمەرگە لەڕووی سیاسییەوە هۆشیارو تێگەیشتووو دەورو کارتێکردنیان بۆ سەرجەماوەر گرنگو ڕەوتی تایبەتی هەیە، هەتا تەشکیلەی عەسکەریش لە هی پێشوو ناکات. زاراوەی نوێ هاتوونەتە کایەوەوەکو: هەرێم، کەرت، مەفرەزە، هەروەها بۆ لێپرسراویەتیشووشەی تازە پەیدا بووە: فەرماندەی هەرێمو کەرتو مەفرەزە.

دیارە شۆڕش کردن بەواتای گۆڕینیواقیعی کۆنو داڕشتنی بناغەی نوێیە لە ژیانو کۆمەڵدا. بۆ ئەمەش پێوستە هەرچی شتی ڕزیوو دواکەوتووە

ڕێشەکێش بکرێت، شێوازی نوێتر بێتە کایەوە، بۆیە تازەکردنەوە بەرگێکی نەخشینە لەبەر ژیانی هەڵسانەوەی ئەم جارەی ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا لەڕووی نەخشی سیاسیو پێشمەرگایەتیو کۆمەڵایەتیو ئایدیۆلۆژییەوە.

هەر گەلێکی چەوساوە بگری لە پێناوی ڕەتکردنەوەی چەوسانەوەو ستەمدا عەشقی خەباتو گیان بەختکردنی لا ئەبێتە بەرنامەیەکی پیرۆز.. ئێمەش وەکو گەلێکی ستەمدیدە نەئەبوا لە عاست تاوانەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکاندا خۆمان تێنەگەیەنینو ولامێکی پێویستی ئەو بارە پڕ لە ئەشکەنجەو دەردی سەریەمان نەدەینەوە کە تا ئەهات لە سەرمان توندتر ئەبو.. کە دوژمنەکەمان بە ئاگرو ئاسن نەك بە گفتوگۆ لە گەڵماندا ڕەفتاربکات ئەبێ جێگەی سنان قوزەڵقورت بێ.. کە ئەو بە چەك لێمان بداو بڕوای بە هیچ شتێکیتر نەبێ، ئێمەش نەك هەر لە گەڵ چەکدا بەڵکو بە هەموو ڕێگاکانی تری بەرخۆدان ئاشنایەتیمان هەیە، هەرکامەیان پێویستی کرد ئەوا لەگەڵ ئەوەیاندا ئەڕۆین.

بۆیە پێشمەرگایەتی ئەو عەشقە بوو کە خەڵکیوەکو ئێمەمانانی کێش ئەکرد بۆ لای خۆیو ئێمەش بەو پەڕی پەرۆشیەوە خۆمان ئەگەیاندێ.

ساڵی ١٩٧٨

تا ئەم کاتەش لە سنووری گەرمیاندا تەنیا مەفرەزەی کاك سەرکەوت هەبوو، کەرت درووست نەبوو بوو، پاش ماوەیەك دەنگوباسمان پێگەیشت کەوا فەرماندەی هەرێمی پێنج دێتە دیوی گەرمیانو کۆبوونەوەمان پێئەکات.

بۆ یەکەم جارە کاك سیروان تاڵەبانی دێتو منیش ئەیبینموەکو فەرماندەی هەرێمی پێنج کۆبوونەوەی پێکردین. زۆر دڵم خۆش بوو بە هاتنو دیتنی. لە کۆبوونەوەکەدا باسی شۆڕشی نوێو هێزی پێشمەرگەو بارودۆخی ئاسکی کوردو کوردستانو بەرپەرچدانەوەی هێزی داگیرکەری بۆ کردین. هەموو لەشم بووبوو بەگوێ. لە بارێکی دەروونی سەیردا بووم، دیارە

گیانم لە ئاسمانێکی بەرزدا ئەفڕی. لە پەسا مێشکم هەموو قسەکانی قووت ئەدا، زۆر تامەزرۆی بیستنی شتی تازەبووم، خۆبەکوشتدان بۆ ئاوەها ئامانج و بیرێك لووتکەی گەورەیی مرۆڤ دەرئەخات. دالغەم بۆ ئەوە ئەچوو بۆچی هەموو کورد ڕاناپەڕێت..؟ ئەوەنییە کوردستان داگیرکراوە..؟ ئەوەنییە چەوسانەوە تۆڕی بەسەرمانەوە گرتووە..؟ ئەوەنییە خەڵکی بێئازادیو بێ خاكو بێ مافن..؟ ئیتر ژیان مانای چییە..؟ تاکەی بەدیلی بژین..؟ تەنیاوەڵام هەر شۆڕش کردنە، چەك هەڵگرتنە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری داگیرکردن، هەر بوون بە پێشمەرگەیە. ئۆخەی کە منیش پێشمەرگەمو شانازی بەخەباتەوە ئەکەم.

شایانی باسە ملازم فەرهاد کە ئامۆزای شەهید ملازم جوامێری هەڵۆی سوور بوو جێگری فەرماندەی هەرێمو مامۆستا عەزیز لێپرسراوی لق بوو ملازم فەرهادیش قسەی بۆ کردین زۆر بە باشی لێی تێنەئەگەیشتین چونکە فەیلی بووووشە کوردییەکانی وەکو ئێمە دەرنەئەبڕی، هەر ئەم جارەو جارێکی تر بینیمەوەو ئیتر لێی دا چوو بۆ هەندەران پاش کۆبوونەوەکە شۆڕبووینەوە بۆ پانتایی گەرمیان، ئەو کاتە کاك خالید گەرمیانیو هەژار لەدەستەی کاك سیروان بوون دەنگوباسیان هەبوو بکرێنە فەرماندەی مەفرەزە.

پاش ماوەیەك بە جەولە چووینە دیوی قەرەداغ، لەو کاتەدا هێز کۆکرایەوە بۆ سەرەوە، بە نیازی چوونە ناوچەی بادینان. هەرێمی پێنج هێزێکی ئامادەکرد بچن، لەوانەش کاك خالید گەرمیانیو کاك ڕۆستەم بازیانیو کۆمەڵێك پێشمەرگەی تر، کەچی فریای هێزەکەی سەرەوە نەکەوتنو گەڕانەوە.

ئەو هێزەی سەرەوەش مانگی ٦/ ١٩٧٨ لەناوچەی هەکاری ئەبێ، لەبەرئەوەی هێزێکی نەشارەزای ڕێگاوبان بوونو خەڵکیوایان نەبوو یارمەتیان بداتو جگە لەمەش قیادە مووەقەتە دەوری خراپی گێڕا لەهاندانی خەڵکی ناوچەکەو چەکدارکردنیان بۆ دژایەتی کردنی هێزەکەی (ی.ن.ك)و پڕوپاگەندە لەبارەی دەسەڵاتو مەبەستو نیازەکانی (ی.ن.ك) ئەمانە بوونە مایەی ئەوەی

تووشی شەڕێکی سەخت ببن جگە لە برسێتیووێڵ بوونو سەرلێشێوان.وایکرد ئەو هەڵمەتەی ئەو هێزە خۆی بۆ تەرخان کردبوو بۆ گەیشتنە ناوچەی بادینان سەرکەوتن بەدەست نەهێنێ. چونکە ناوچەی بادینان شوێنێکی فراوانو بایەخدار بوو بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش، قاعیدەیەکی باشی لێپەیدا ئەبوو، هەرچەندە سەرەتای دەستپێکردنی مەفرەزەو کارکردن لەو ناوەدا بووە بەڵام هەرجارەی بەهۆی ناکۆکی قیادە موەقەتە ئەو مەفرەزانە تووشی لێدان ئەبوون کە دواترینیان مەفرەزەکەی شەهید برایم عەزۆو هاوڕێکانی بوو لە ساڵی ١٩٧٦دا دواتریش مەفرەزەکەی ملازم حەسەن خۆشناو یش تووش بوونو کەسیان دەرنەچوونو هەموویان شەهید کردن. ئەو هێزە لەشەڕی هەکاریدا بەشێکیان شەهید بوون، بەشێکیان دیل بوونو کەوتنە دەستی قیادە موەقەتە بەشێکی تریان تەسلیمی حکومەتی عێراق بوونەوە، کەمێکیان دوای ماندووبونێکی زۆر گەڕانەوە ناوچەکانی خۆمانوەکو کاک حامی حاجی غالیو کاک حەمەی حاجی مەحمودی گوڵە خانە.

گەر بهاتایە ئەو هێزەی (ی.ن.ك) تووشی شکست نەهاتایە ئەوا دەسەڵاتی (ی.ن.ك) لەو ناوچە ستراتیژیەدا قەبە ئەبوو، ئەگەرچی چەندین جاری تریش بیر لە ناردنی هێز کراوەتەوە بەڵام لەبەر ناهەمواری هەلومەرجەکەوازی لێهێنراوە، ئەمەوایکرد کە نفوز لە ناوچەکاندا جێگیر بێت، بادینان قیادە موەقەتەی تێدابێو سۆرانیش (ی.ن.ك).

بۆ جاری دووەم کاک سیروان لەڕۆژی ١٩٧٨/٨/٢٥ لەگەڵ ملازم فەرهادو کاک سامان گەرمیانیدا هاتنەوە بۆ گەرمیان. لە لەیلو چوارئیمامی پشتی دێی تەپەگەڕوس دانیشتنمان کرد، لەوێدا مەفرەزەی گەرمیان کرا بە کەرتی دووی هەرێمی پێنج، کاک سامان دانرا بەفەرماندەی کەرتەکە. ئێمە دانانی کاک سامانمان پێناخۆش بوو، بەڵکو کاک سەرکەوتمان زیاتر بە موستەحەقتر ئەزانی لەولاشەوە کاک سامانمان نە ئەناسی. ئەو کاتەش هەرێم بریتی بوو لەم کەرتانە:

ـ کەرتی یەکی بازیان بە فەرماندەیی کاک ڕۆستەم.

- کەرتی دووی گەرمیان بە فەرماندەیی کاک سامان.

- کەرتی سێی قەرەداخ بە فەرماندەیی کاک گۆڕان.

حکومەت لەم ماوەیەدا بەمەبەستی ئاماری کشتوکاڵ لەگەڵ مووچەخۆرەکانی دائیرەی کشتوکاڵدا هێزی سەربازی ئەنارد، هێزەکەی بۆ پاراستنی مووچەخۆران بوو نەوەکو پێشمەرگە بیانگرێ، ئەو هێزانە زۆر ئیهمال بوون‌وایانئەزانی پێشمەرگە نییە دەستیان لێبوەشێنێ. ئەم ئیهمالییەمان قۆستەوەو ڕۆژی ١٩٧٨/٨/٢٨ لە دوو قۆڵەوە بۆسەیەکمان بۆ دانا، بەڵام تەنیا لەقۆڵی تەویلەگا کەئەکەوێتە نێوان هەزارکانی‌و دڕۆزنەوە لەو شوێنەی کە سەرچاوەی ئاوەسپی لێهەڵئەقوڵێ فریاکەوتین‌و لە هێزەکە هاتینە دەستو شەڕبەرپا بوو، تەنگمان بە دوژمن هەڵچنی، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەمان کەم بوو، کەم فیشەکیش بووین‌و نەکا هێزی ترو کۆپتەریش بگاتە سەرمان دوای لێدانەکە بێ زیان شوێنی شەڕەکەمان بەجێهێشت، دوژمنیش زیانی گیانی هەبوو چەک‌و تەقەمەنی زۆریان لە شەڕگەکەدا بەجێهێشتبوو ئێمە پێمان نەزانیبوو ڕۆژی دواتر هاتنەوە بۆی، شایانی باسە ئەمە یەکەم شەڕی ڕووبەڕوو بوونەوە بوو لەلایەن مەفرەزەیەک پێشمەرگەوە چەند سەعاتێك بخایەنێ کە پێشتر شەڕی درێژخایەنی‌وانەکرابوو. هەر لەم ڕۆژەدا بوو کە شێخ جەمال بەهادین هات بۆ پێشمەرگایەتی، لاوێکی مێرد منداڵی تازە هەڵکەوتوو بوو. هەر لەم ڕۆژەدا خزمێکی من بە ناوی محەممەد حەمەساڵح مەولود لەلایەن برادەرانی هەرێمی پێنجەوە بەناوی جاسوسییەوە گیرا بوو بەڵام بەهۆی منداڵ زۆرییەوە لە نزیك دێی بانی مۆرد بەرەڵاکرا، بۆ ڕۆژی دووەم برادەران‌ویستیان کاك خالید گەرمیانی بکەنە فەرماندەی مەفرەزەوەکو تاقیکردنەوە مەفرەزەیەکیان دایە بچێتە بناری گل مونەزەمەی بەعس بسووتێنێ، چوون‌و ئەو کارەیان ئەنجامدا، دوای ئەوە کاك خالید کرا بە ف.م لە کەرتی دووی هەرێمی پێنج، ئەمەمان پێخۆش بوو لەولایشەوە هەستمان بە نەفس ئەکرد ئەم مەفرەزە تازەیە چالاکی بکات‌و ئێمە هیچ نەکەین. کاك سەرکەوت

پێی‌ووتم: تۆ شارەزای سەنگاوی شوێنێك بۆ چالاكی بدۆزەرەوە. منیش لە ڕووی شارەزاییەوە لێدانی ژووری ئەمنی سەنگاوم دەست نیشانكرد. دەستبەجێ بڕیارماندا ئەو كارە ئەنجام بدەین، بۆ ڕۆژی ۱۹۷۸/۹/۳۰ چووینە سەری‌و دوو گوللە ئارپیجیمان لێدا، دوو پۆلیس بریندار بوون، كوژراویش هەبوو، لە كاتی گەڕانەوەماندا دوو پێشمەرگەوونبوون دوایی یەكمان گرتەوە.

دوژمن بەم چالاكییە شپرزە بوو، بۆ یەكەمجارە هاوەنی ۸۲ ملم بەكار بهێنێ‌و لەگەڵیدا تەڵقە تەنوورەشی هەڵدا، بۆ نەگبەتی یەكێك لەو تەڵقە تەنوورانە كەوتە پشت ملی پێشمەرگەیەكمانەوە بە ناوی خولە مەسۆیی كە زۆر ترسنۆك بوو، دەستی كردە تەپاوەتل‌و هاواری ئەكرد: پێغەمبەر بزنێك مەولوو بێ هیچم پێ نەیەت. دوژمن تۆپبارانیشی كردین، ڕێی كشانەوەكەمانی پێزانی، ناقیلەی بە شوێنمانا نارد بەڵام بێ‌سوود بوو، گەیشتینە دێی باخەگردەڵە نانمان خواردو ئینجا ڕۆیشتین ڕۆژ بووەوە گەیشتینە دێی تەپە عارەب ئەمەندە هیلاك بووین كەس نەیئەتوانی حەرەسیات بگرێ، كاك سەركەوت‌و كاك عومەر سەنگاوی بوونە كەمین، چونكە دوژمن شەوانە ئابلۆقەی دێكانی ئەدا كە ڕۆژ ئەبووەوە هێرشی ئەكردو دێكانی ئەپشكنی. یەكەم كەس منیان كردە حەرەس پێم عەیب بوو بڵێم ناتوانم ئەوەندە ماندوو بووم خۆم بەپێوە نەئەگرت، خۆمم هەڵسپاردە دیواری خانوویەكدا كە پێشمەرگەكان بەرامبەری خەوتبوون، دوای من نۆرەی حەرەسیاتی پێشمەرگەیەكی تر بوو نیو كاتژمێر بگرێ، خەبەرم كردەوە خۆی بۆ ڕانەگیرا ئەكەوتەوە زەوی، ناچار تاخۆر سەری دەرهێنا هەر حەرەس بووم، ئەو كاتانە مەترسی ئینزال كۆپتەر هەبوو، ئەبوایە دوای نان‌و چاخواردن دوور بكەوتینایەتەوە كەچی كاك سەركەوت ووتی: ئەگەر هەر هەمووشمان كوژراوین لێرە ئەمێنینەوە. ماینەوە تا دەمەوئێوارە پاشان بەرەو دێی زستانە چووین. ئەوە تەحەدایەكی گەورە بوو لەلایەن كاك سەركەوتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارە گەر بەراووردی توانای دەسەڵاتی دوژمن بكەین لە ڕووی هێزو تەكنیكی سەربازی‌و

دەیــان چــاوی جاسوســییەوە بەرامبــەر کــەمی هێــزی پێشــمەرگەو ســادەیی چەکەکانمان، بەڵام تـەییار بـە بیروبـاوەڕی پـۆڵاینی شۆڕشگێڕانە کەبەهـەموو توانای داگیرکەران لە بن نایەت.

ئەوەی شایانیووتنە لە شۆڕشی پێشوودا کۆپتەر تەنیا بـۆ هەنـدێ کـاری سەربازی بەکار ئەهێنرا فرۆکەی گەورەیوەکو: میك، باجەر، سۆخۆی.. دەوریان ئــەبینی لەلێــدانو بۆردوومــانی بارەگــای پێشــمەرگەو دێهاتــەکان. لەگــەڵ ســەرهەڵدانەوەی پێشــمەرگەو پــەیڕەوکردنی شــێوازی پــارتیزانی دوژمنــیش شێوازی دژەپارتیزانی پەیڕەو ئەکرد. یەکێك لەو چەکانەی لەم بـوارەدا بـەکاری ئەهێنا بۆ شوێن کەوتنی پێشمەرگەو زەربەلێدانووەڕس کردنیان کۆپتـەر بـوو. لەسەرەتادا گوشاری زۆری هەبوو، بەڵامووردەوورده پێشمەرگە لەگەڵیدا ڕاهاتن.

عێراق لەبەر چەند هۆیەك سوودی زۆری لەکۆپتەر بینی:

١. کاتی زۆری بۆ ئەگەڕاندەوە

٢. هێزی زۆری ناوێت بۆ مەیدانی شەڕ

٣. دژەکەی لای پێشمەرگەو شۆڕش نییە

٤. هەم ئەتوانێ ماوەیەکی زۆر لەمەیدانی شـەڕدا بمێنێتـەوەو شـەڕبکات هەم ئەتوانێ هێزیش بێنێو بیباتەوە.

کۆپتــەریش دوو جــۆری هەیــە: بارهــەڵگرو شــەڕکەر، لـە شـەڕکەرەکاندا: غەزال، سەمتی، پیلاتـۆز ... هتـد هەیـە. هەرچـەندە پیلاتـۆز لـە بنەڕەتـدا بـۆ مەبەسـتی کشـتوکاڵی بەکارئـەهێنرا، بـەڵام پـەرەی پێـدراو خرایـە کـاری شـەڕی پارتـیزانییەوە.

لەگەڵ گەشەکردنی هێـزی پێشـمەرگەو شـارەزابوونیان لـە فرۆفێڵـەکانی دوژمن بە تایبەتی بەکارهێنانی کۆپتـەر توانـرا زیاتر خۆ لە کۆپتـەر بپـارێزرێو بەرەنگاریشی ببنـەوەو ڕاویشی بنێن، هەر چەندە بەهۆێ شـەڕی کۆپتـەرەوە زۆر کەسمان شەهیدو فرەی تریشمان برینداروو سەقەت بوون.

کـاك ڕۆستەم بۆی گێڕامـەوە کەوا لـە دێی پاپیلان شـێتێکی زۆر خـۆش هەبوو هەندێ قسەی ئەکرد لە هی شێت نەئەچوو: جارێکیان لای کـاك ڕۆستەم

ئەبێو ئەڵێ: هەر کە برسیم ئەبێ بە ئیرادەی خوا حەزم لە پڵاوو گۆشتە، کە سەرمام ئەبێ ئارەزووم لە زۆپایە.. لەو کاتەدا دەنگی کۆپتەرێك هات شێتەکە ئەڵێ:وەڵڵاهی کە دەنگی کۆپتەریش دێت بە ئیرادەی خوا لە حەیبەتا میز بە خۆما ئەکەم.

لە جەولە کردنىدا بووین لە بناری دەلۆ، سەردانی هەندێ لە دۆستەکانمان کرد، کاتێ کە بیستمان یەکێك لە پیاوەکانی دوژمن لە گەرمیاندا بە ناوی ڕەئوف تۆفیق خەڵکی دێی فەقێ مستەفا لە لایەن کاك سیروانەوە بڕیاری گرتنی دەرکراوە، برادەرانی گەرمیان گرتبوویان، ناوبراو لە لایەن دوژمنەوە تەرخان کرابوو بۆ چاودێری جموجووڵی پێشمەرگەو هەڵوێستی خەڵکی. ئەو خوێندەواری هەبوو، کاتی خۆی لە سەر دەستی مامۆستا مەلا کاکە حەمەی سەیفوڵڵا فێری خوێندەواری بوو بوو، هەر بە هاندانی ئەویش خەڵکەکە فێری یاداشت نووسینەوە کرابوون، ئەمیش لە دەفتەرێکی بەر باخەڵدا هەموو شتێکی ڕۆژانەی یاداشت ئەکرد. پاش لێکۆڵینەوە لە تاوانەکەیو دانانان بە خراپەکارییەکانی خۆیدا بڕیاری کوشتنی دەرکرا بوو بە سزای گەلو شۆڕش گەیشت. ئێمە کە لەگەڵ کاك سەرکەوت دا بووین ئاگامان لەوە نەبوو ئەم ئیجرائاتە کراوە.

دوای ئەوە لەو جەولەیەماندا چووینە نزیك دێی دووبڕاو لەو ناوەدا خۆمان حەشاردا دوو دۆستمان هاتن بۆلامان یەکێکیان عومەر حەسەن ساڵەحو ئەوی تریان حەمەئەمین کاکە ئەحمەد بوو پێیان ووتین: کەسی ترتان لەگەڵە..؟ووتمان: نە.ووتیان: ئەی ئەو چەکدارانەی خوارەوەتان کێنو چین..؟ تەماشامان کرد گەلە جاشێك هاتوون، دوایی زانیمان بەفەرماندەیی تەحسین شاوەیسو عاسی کوڕی جاسووسە کوژراوەکە پاکسازی ناوچەکە ئەکەن.ویستمان لەو شوێنەی خۆمان دەرباز بین کەچی ئەوان پێیان زانینو پەلاماریان داین، کەمی ئێمەو زۆری جاشەکان بەراورد نەئەکرا، هەرئەوەمان پێکرا خۆمان دەرکەین ئەوانیش دوامان کەوتن تا دێی هەسەن کەنۆش کەتارێك داهات چووینە ماڵی مەلا ئەحمەدی کەریمی شاسوار کە دۆستمان بوو، کاتی خۆی

شیوعی بوو، دواتر بووه کۆمەڵە، ئەومان کردە حەرەس تاکو نانمان خوارد، ئینجا بەرەو زستانە ڕۆیشتین لەوێ خەبەری جاشەکانمان زانی لەدێی دووبڕاو ماونەتەوە دەستی برایەکی کاك سەرکەوتیان شکاند بوو. ئەو ناوەمان بەجێهێشت بەرەو ناوچەی جاف، لەو ناوە مەفرەزەکەمان دۆزییەوە کەوتینەوە جەولەو ڕووەو بناری سەنگاو بووینەوە ئەمجارەیان نەخشەی کوشتنی ئەندامێکی مونەزەمەی سەنگاومان لەڕێگەی زەلامێکەوە بەناوی حەسیب شێخ ئیسماعیل دارشت کەئەو ڕێنماییمان بکا، نەیئەزانی ئێمە پێی ئەزانین دەستی دوژمنەو داومان بۆ دائەنێت. لەدێی زینانە ی سەنگاوەوە شەو بەرەو شاخی ئاژداغ چووین‌و خۆمان شاردەوە لەوێ برادەرێکی خۆمان بە ناوی عاسی مستەفا ئەحمەد خەڵکی زینانەی سەنگاو نان‌و خواردنێکی زۆری بۆ هێناین عاسی تاکو ساڵی ١٩٨٧ لە نزیکەوە هاوکارمان بوو دوایی بوو بە سەربازو لە شەڕی ئێران - عێراق بە دیلگیراو لە ئەنفالیشدا ژن‌و منداڵەکانی تیاچوون‌و تەنیا کوڕێکی مابوو ئەویش بە هۆی نەخۆشییەوە مرد، ئیتر کەسی لە دارای دنیادا بۆ نەما، کە لە دیلی گەڕایەوە هاتەوە سەر خانەی‌وێرانە. سکاڵای بردە لای سەرانی ڕژێمی بەعس کە چارەنووسی ژن‌و منداڵەکانی دیاری بکرێ کەچی ڕژێم لە باتی خەڵاتکردنی کە لە پێناوی شەڕی داسەپاوی ئەودا بە دیلگیرابوو ژن‌و منداڵەکانی بدەنەوە کە چی بۆی دەرکەوت ئەوانیش بوونەتە خۆراکی شەڕی جینۆساید.

کاك سامانمان لەگەڵ بوو مەشقی هەلگرتنی تەرمو دەرباز کردنی برینداری بەهۆی برنەوی درێژو پشتوێنەوە پێنەکردین لەجیاتی دارە تەرم. کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ بەسەر شاخدا. بەرەو سەنگاو شۆڕبوینەوە، باران شەست ئەباری کەنزیك بوینەوە دنیا تاریك داهات چووینە شوێنی دیاریکراو شارەزاکەشمان لەوێ بوو، لای خۆیەوە خەبەری لێدابووین کە ئەو شەوە ئەچینە سەر سەنگاو، دوژمن بڕیاری دابوو لەدەوروبەری ماڵی ئەندامی مونەزەمە بۆسە دابنێت، لە نەخشەکەماندا دامان نابوو کاتژمێر ٨ ی شەو کارەکە ئەنجام بدەین کەچی پەلەمان کردو کاتژمێر٧٫٣٠ لەگەڵ بۆسەکانی

دوژمنــدا پێکــەوە گەیشــتینە ئــەوێ کــاك ســەرکەوت بەســەر دیــوارا چــووە حەوشەکەو شەڕ لەدەرەوە لەنێوان ئێمەو بۆسەکانی دوژمنــدا بــەرپابوو، کاك سەرکەوت کەوتـە نێـوان شـەڕی دەرەوەی ماڵەکـەو تەقـەکردنی مـاڵی ئەنـدامی مونەزەمەکە، کاك سەرکەوت زۆر بەدەستو برد بوو تەقەی زۆری لەناو مـاڵی ئەندامی مونەزەمەکەدا کردو لەدیوارەوە خۆی دەربـاز کـرد، پێشمەرگەکانیش بـەدەم تەقـەوە لـە کۆڵانەکانـدا دەرچـوونو لـەدەرەوەی شـار کۆبوویـنـەوە، دوو پێشمەرگەمان: ئەحمـەد ١٢ ئیمـامیو سـەلام عـەلی دیارنـەبوون، مـن گەڕامـەوە بەدوایانداو لەنزیك شـار دۆزیانمـەوەو گەیشتینەوە بـرادەرانو بـەرەو نـاوچـەی دوورە دوژمن بەڕێ کەوتین.

لـەو شـەڕە دسـتو یەخەیـەدا سـێ سـەرباز کـوژراوو شـارەزاکەشمان نەگەڕایـەوەو بـوو بـە جاشـێکی خـۆفرۆشو دەسـتی لـە شـەهیدکردنی برایمـە ڕەشو بریندارکردنی کاك شێرزاد عەزیز شەهابدا هەبوو.

لـەم جەولەیـەدا بڕیـاردرا بکرێمـە جێگـری مـەفرەزەی ٢ی کـەرتی ٢ی هەرێمی پێنجو تەشکیلاتی کەرتی ٢ بەم شێوەیەی لێهات:

- مەفرەزەی یەك بە فەرماندەیی کاك سەرکەوت جێگرەکەی مام ساڵەح گۆڕی ئەسپی.
- مەفرەزەی دوو بە فەرمانـدەیی کاك هەژار یاریـدەدەرەکەی من بووم.
- مـەفرەزەی سێ بەفەرمانـدەیی کـاك خالیـد یاریدەدەرەکـەی تـاهیری حـاجی ڕۆستەم بوو.

مەفرەزەی یەكو دوو بڕیارماندا بچینە ناو باوەنوور بۆ گرتنـی هەنـدێ کەس کە بەنیازبوون ببنە جاش، هێزەکەمان کـردە دوو بەشـەوە، بەشـێکیان بـۆ نـاو شارۆچـکەکە کـاك سـەرکەوتو کـاك شـێرزادو هەنـدێ بـرادەری تـر بـوون باقییەکەی لە دەرەوەی شارۆچکەکەدا دامەزران، یەکەم جار چووینە سەر مـاڵی لێپرسراوی نەقابەی کرێکارانی کشتوکاڵ بـەناوی مـەلا محەممـەد کـەزۆری لـە کرێکاران ئـەکرد ببنـە بەعسی، دامـان لـەدەرگا بـۆی نەکردینـەوە، زۆر قسەمان لەگەڵ کرد سوودی نەبوو، کـاك سەرکەوت کـە پیـاوێکی باڵابـەرزی تێکسمڕاوی

زۆر بـەهێز بـوو شـانێکی لەدەرگاکـەدا چوارچێوەکەی شـکاندو مـەلای هێنایـە دەرەوە، پاشان چووینە سەر جاشێکی سـەرەك جاشـێك بـەناوی حسێن سـەبری بەگ کەبەناوی فەرماندەی مەفرەزەکەیـەوە بانگمـان لێکـرد دەرگاکـەی کـردەوە کە ئێمەی بینیویستی دایبخاتەوە، کاك سـەرکەوت ملیـوانی کراسـەکەی گـرتو ئەویشی هێنایـە دەرەوە منـیش لای خۆمـەوە دەسـتبەجێ دامـە بەرشـەق، کـاك سـەرکەوت زۆر تـوورە بـوو پێـیووتم: لێـی مـەدە.. هـەردووکیان ببـە لای برادەرانـی قـەراغ شـارو بگەڕێوە. هـەردوو دیلەکـەم پـێش خـۆم دا خێزانەکـەی مەلا بەمناڵێکی قژ سوورەوە دوام کەوت، زۆرم هەوڵدا نەیـەت بێسوود بـوو کـە گەیشتینە لای برادەران تەقە پەیدا بوو ژنەکە هاواری کرد بمگەڕێنـەوە لـە بـەر ئەوەی دوو گیان بوو نەیتوانی ڕابکات ناچار دەستم گرتو بردمـەوە ماڵـەوەیان، لەوێ پێشمەرگەکانم تووش بـوو پرسـیم ئـەو تەقـە چییە..؟ووتیـان: چووینە سەر ماڵە جاسوسێك هێنامانە دەرەوە بـەرەو چـەمی سیروان ڕایکـردو تەقـەمان لێکـرد. لەدوایـدا بۆمـان دەرکـەوت کـە بەبرینـداری کـەوتبووە سـیروانەوەو خنکـابوو. بەهـەردوو دیلەکـەوە گەڕاینـەوە، دوای چـەند ڕۆژێـك گەیشـتینە ناوچەی ڕۆغزایی چاومان بە کـاك سیروان کـەوت کـە هـەڤاڵان عـەلی چـەلەبیو حەسەن خاوێو ئاسۆی دەلاکی لەگەڵ بوون گیراوەکانمـان دایـە دەسـتی بڕیـاردرا بەکەفالەت ئازاد بکرێن، باوکی کوڕە جاشەکە هاتبوو کە کوڕەکەیمان ئـازاد کـرد زۆری پێخۆش بوو، تاساڵێك هەر سەردانی ئەکردین، جاشـەکەش بـووە کاسـبکار، هەر لـەو ماوەیـەدا هـەرێم داوایـان کـرد مەفرەزەیـەك بنێـرین بـۆ قـەرەداخ بـۆ ئەوەی بچینە سەرەوە بۆ لێدانی قیادەی موەقەتە لە دزڵی، بەشـێکی مـەفرەزەی یەكو بەشـێکی مـەفرەزەی دوو بـە فەرمانـدەیی کـاك سـەرکەوتو جێگـری مـن کەوتینـە ڕێ چـووینە دیـوی قـەرەداخ لەگـەڵ مـەفرەزەی سـالار دەرەدۆینـی یەکمانگرتو بەرەو دێی سەرچاوەو هۆمەر قەڵا کەوتینـە جەولـە کـە دوو دێـن ئەکەونە ژێر دەمی گەژی زەردەو خۆرئاوای گـەژی گـوڵان. کـە هـەردوو گەژەکـە لەڕووی سەربازییەوە شوێنی سـتراتیژییان هەیـە چونکە زاڵـن بەسـەر هـەردوو دیـوی گـەرمیانو قەرەداخـدا، لەسـاڵی ١٩٧٤ مەیـدانێکی بـەرینی شـەڕی نێـوان

شۆڕش لەلایەكو چەكدارەكانی حشعو میری لەلایەك بوو. لەنێوان گوڵانو زەردەدا مەخفەری پەیكوڵی لێیە تا شۆڕشی ٧٤ی تەمووزیش بەدواوە شوێنی باجوەرگرتنی پۆلیسو ڕێگا گرتن لە دزو جەردەو پیاوخراپ بوو، لە خوار ملەی پەیكوڵییەوە لە نزیك دێی بەركەل هەندێ شوێنەواری كۆن هەیە كە بەردی نوسراوو پەیكەری سەرە زەلامی لێیە، خەڵكەكە پێی ئەڵێن: بتخانەكە. حكومەت بۆ پاراستنی ئەو شوێنەوارە پاسەوانی دانابوو لەبەر ئاڵۆزی دۆخەكەوازی لێهێنرا، مەخابن خەڵكی ناوچەكە لەبەرنەزانینی بایەخی ئەو شتە مێژووییە هەموویان تێكوپێك دا، زۆریان شكاند بەبیانووی ئەوەی بەقسەی هەندێ كۆنەپەرست گوایە ئەوانە بتن نەیانئەزانی ئەمە بەشێكی مێژووی میللەتەكەمانە بەدەستی خۆمان لەناوی ئەبەین.

لە دێی سەرچاوە چاومان بە مەفرەزەكەی مامە عەلە ڕەش كەوت كە لە ناو خۆیاندا تێكچوو بوون عەبەی دایە فاتە یان چەك كردبوو. سالارووتی: مامە عەلەڕەش بۆ لای پارتی ڕانەكا باچەكی بكەین. بڕیاری چەك كردنمان دان، ئازادی مامە عەلەو ڕەئوفە كەرمان چەككرد كەچی مامە عەلە خۆی نەدا بەدەستەوە.. ئاگاداری ئەوە نەبووین دوژمن هێزێكی زۆری كۆكردووەتەوە بەتەمای هێرشی گەورەیە، شەو لە سەرچاوە خەوتین دنیاش تەمو مژوتاریكو بارانێكی ڕەهێڵە بوو، بەیانی دوای نانو چا خواردن تەمومژەكە هەندێ ڕەوییبوەوە، چووم حەرەس بگۆڕم تەماشام كرد لە دووری ٥٠٠ مەتردا خەڵكێكی زۆر دیارن ڕانەكەن پاشوورد بوونەومیان بۆم دەركەوت هەموویان سەربازنو لە سەرچاوە ڕەت بوون بەرەو هۆمەر قەڵا ئەرۆیشتن بێناگاین لەوەی كاك سیروانو هاورێكانی لە دێی سێوسێنان ئابلۆقە دراونو شەڕكراوەو كادیرێكمان بە ناوی پۆلا لەلایەن جاش عەزەی سلەوە گیراوەو بریندایش هەیە، هێزەكەی كاك سیروان پەرەوازە بووە، ئێمە لای خۆمانەوە بڕیارمان دا لێیان بدەین، خۆمان كۆكردەوەو كەوتینە دوایان كە گەیشتینە هۆمەرقەڵا دوژمن لەوێ دەرچوو، ئانمان كۆكردەوەوهێزەكەی خۆمان بەپێی نەخشەیەك كردە دوو بەشەوە:

- مەفرەزەی سالار دەرەدۆینی لە پێشەوە لێیان بدات.

- مەفرەزەی ئێمە کاك سەرکەوت، من، شاهۆ، نەجم بۆیسانە کە تازە هاتبوو، لە پشتەوە لێیان بدەین.

ئێمە شوێنیان کەوتین تا گۆڕستانێك لە نێوان هۆمەر قەڵاو عەلیاوا دا لەوێ هێزەکەی دوژمن موعەلەباتیان ئەخوارد. ئێمەش دامەزراین، چاوەڕوانی سالار بووین تەقە هەڵسێنێ کەچی دەنگ نەبوو، نەخشەکەمان تێکچوو، دوژمن لە عەلیاواوە بۆ سێوسێنان نەڕۆیشت تاکو لەگەڵ هێزەکەی تریان یەك بگرنەوە، ئێمەش هەر بە دوایانەوە بووین تا هەلمان بۆ هەلکەوێ دەستێك بوەشێنین، لەنێوان عەلیاواو مەسۆییدا لەگەڵ مەفرەزەی کاك گۆڕان لەیەکتر گۆڕاین‌و تەقەمان کرد لەهەر لایەکمان‌وایە ئەویتر جاشە. خۆشبەختانە زیانمان نەبوو، کەلە یەکتر ئاشکرابووین لە عەلیاوا کۆبووینەوە تا بڕیاری لێدانی دوژمن بدەین، هەر لەو کاتەدا خەبەریان هێنا دوژمن گەیشتووەتە تەکیە بڕیارماندا لەوێ بچینە سەری، کاتژمێر ۲ی پاش نیوەڕۆ لە بەڵخەوە بەرەو تەکیە ڕۆیشتین. لەو کاتەدا کاك سەردار ناوتاقی بە مەفرەزەیەکەوە پەیدا بوو، نەخشەی شەڕەکەمان بەم شێوەیە دانا:

- کاك سەردار ناوتاقی بەچەند پێشمەرگەیەکەوە بەبناری شاخدا بۆ ڕۆژئاوای تەکیە بۆ سەر سەنگەرەکانی پشتی دێ بڕوا.

- ئێمەو کاك گۆران‌و مەفرەزەی مامە عەلە کە چەند ڕۆژ پێشتر بڕیاری چەك کردنمان دابوو، پەلاماری هەموو شوێن‌و مۆڵگەکانی دوژمن بدەین لە قوتابخانەکەو چەند شوێنێکی تر، نزیکی دێکە بووینەوە لەناکاو کۆپتەرێك هات هەندێ سەربازی نێوان تەکیەو بەلەکجاڕ کە بۆ بۆسە دانرابوون هەلگرتەوە، ئەمە ڕێگەی پەلامارەکەی خۆشتر کرد. لە کاتژمێر ٥ ی ئێوارە لەناو دێدا پەلاماری هێزەکەی دوژمنمان دا، زۆرمان لێکوشتن، لێپرسراوەکەیان کە موقەدەم فەریق بوو خەڵکی باوەخۆشێنی‌وارماوا بوو بریندار بوو، دوایی‌ویستمان پەلاماری مۆڵگە سەرەکییەکەیان بدەین کاك گۆران‌ووتی: تائێستا نە شەهیدمان داوەو نە بریندار بابکشێینەوە، بەڵام مامە عەلە سوور بوو لە سەر لێدانی، لە دوایدا بڕیاری کشانەوەمان دا بەرەو بەلەکجاڕ لەوێ هەندێ

نانمان خواردو چووین بۆ بەڵخە کە دوژمنی تێدا نەبوو کاک سیروان لەوێ بوو پێیووتین: باشتان نەکرد ئەو شەڕەتان کرد، ئەوە هێرشی گشتی بوو دوژمن ٢٤ هەزار سەربازی هێناوە لە دەربەندی بازیانەوە تاکو دەربەندیخانی گرتووەتەوە، لەدیوی سەنگاویشەوە بڕیاریوایە هەموو هێزەکانی بکشێنێتەوە ناو قۆپییەوە. هەر ئەو شەوە چووینە ماڵەکانی قۆپی حەمەی هەواس کە ئەکەوێتە ناو قۆپی دەربەند بەرێوڵێ لە ژێر دەمی کەژی زەردەدا لەناو دارستانێکی چڕدایە، حەیوانە کێویوەکو بزنو فیلەگێژەی بەکەمی تێدایە، ماڵەکان ژمارەیان حەوت ماڵ بوو، ڕێگەی ئۆتۆمبیلو جادەی بۆ ناچێت بەووڵاغ هاتووچۆی بۆ ئەکرێ بەزەحمەت. تاریکی دەمەوبەیان چووینە جێگایەك دوژمن هێزەکانی تیا بەشبەش کردبوو، ئێمەش خۆمان تیا حەشاردا کاك سیروان پێیووتین: نابێ کەس ئاگر بکاتەوە. منو کاك سەرکەوتو کاك گۆڕان لەبن بەردێکدا بووین کاك گۆڕان ووتی: مەحمود هەندێ چیلکەو چەواڵ کۆبکەرەوە باکەس نەزانێ ئاگرێکی بچووك بکەینەوە، ناهەقمان نەبوو مانگی ١٩٧٨/١٢ بوو دنیا زۆر سارد بوو بەفرێکی زۆریش کەوتبوو، ئاگرێکی بچووکمان کردەوەو لەپڕ کاك سیروان پەیدا بوو بە تووڕەییەوە پێیووتین: مەسئولەکانوابکەن ئەبێ پێشمەرگە چی بکەن..؟ ئاگرەکەمان کوژاندەوە، تا نیوەڕۆ ماینەوە. کاك سیروان بانگی کردین: با مەفرەزەی گەرمیان بگەڕێتەوە.

خۆمان کۆکردەوە بارانیش ئەباری لە چیای قۆپییەوە سەرکەوتین بۆ دیوی گەرمیان، سەر شاخەکان هەور گرتبووی خوارەوەمان بەڕوونی نەئەبینی،ووردەووردە شۆڕ بووینەوە لە پڕ دەنگی کۆپتەر هات سەیرمان کرد حەوت کۆپتەر لەپشتی تەپەگەڕوسو قەڵاوە سەرباز پیادە ئەکەن زانیمان کە ئەم دیویشمان لێتەنراوە، ناچار بەشاخدا سەرکەوتینەوە بەرەو قۆپی دابەزینەوە، بەفریش ئەباری زۆر ماندووو شەکەت بووین فرەیش برسیمان بوو، چەند پێشمەرگەیەکمان بەرەو ماڵەکان نارد بزانن دوژمنی لێیە ئەوان گەیشتنە نزیك دێو چەند فیشەکێك تەقیوامانزانی ئەوێش گیراوە ئیتر دامان

نابوو لەبرساو لەسەرما بمرین، دوای چارەکێك گەڕانەوەووتیان: دوژمن لەدێدا نییە لە پێشمەرگەی خۆمان زیاتر، کە کاك گۆران‌و ئەوان بوون.

ـ ئەی ئەو تەقانە چی بوون..؟

ـ سەگ پەلاماری داین.

کاك سەرکەوت تووڕە بوو سەبارەت بەوەی لەم کاتانەدا نابێ تەقە بکرێت، ئینجا کەوتینە ڕێ بۆ ناو دێ‌و دابەش بووین، شۆربای دۆینەی گەرم‌و گوڕیان داینێ، حەساینەوەو شەو حەرەسیاتمان دەرکردو خەوتین. نیوەشەو شاهۆ ئاگاداری کردینەوە کە لەسەر شاخەکەی پشتی زەردەلیکاو بەرد بەر ئەبێتە خوارەوە، ڕەنگە دوژمن ئەوێشی گرتبێ با بەیانی زوو لەدێ دەربچین، کاك گۆران تاقم‌و پشتوێنەکەی کردەوەووتی: تاخۆر لێم نەدا لەدێ دەرناچم، خەوتینەوە، سالەحی کوێخا عەزیز داوای کرد کاتژمێر ٦ی بەیانی بۆسە دەربکەین. هەموومان هەڵساین چووینە پشتی ماڵەکان، دنیا تەواو ڕوون بووەوە لەسەر لووتکەی شاخەوە سەربازەکان بەناو بەفرا ئەسووڕانەوە کە خۆر کەوت بۆ ناودێ شۆڕبوونەوە، مامە عەلە لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەدا چوو بوونە سەرشاخی مەڕۆ کاك سەرکەوت‌ووتی: بچۆ بیانهێنە خوارەوە با لێرە دەرچین،ووتم: تا من ئەچم‌و دێمەوە دوژمن ئەگاتە ناودێ، ڕێگاکەمان لێئەگرێ، ئەو تووڕە بووووتی: من خۆم ئەچم. ناچار بووم بچم. تا چووم‌و گەڕامەوە پێنج سەد مەتر مابوو ڕێگاکەمان لێ بگرن منیان بەدی کرد بەڵام تەقەیان لێ نەکردم، کەنزیك بوومەوە تەنیا کاك سەرکەوت‌و چەند پێشمەرگەیەکی تر مابوون، هەموویان ڕۆیشتبوون هێزەکەی خۆمانمان لە ناو قۆپییەکەدا لێوونبوو، ڕۆیشتین پێشمەرگەیەکی تریش بەناوی دلێر قەلایی‌وونبوو بوو گەیشتە لامان‌و حەسەن کۆڵنەدەریشمان بینی‌و بووینە چوار کەس، ڕوانیمان هێزەکەی دوژمن بوو بە دوو بەشەوە: بەشێکی ئەوبەری شاخەکەی گرت‌و ئەو بەشەکەی دەستەیەکی ١٩ نەفەری بوو لەگەڵ جاشێکدا دوامان کەوتن هەرچەند ڕۆیشتین هەر بەدوامانەوە بوون تا چووینە پشتی بەلەکجاڕ بەدیوی قۆپیدا، کاك سەرکەوت‌ووتی: لەم ناوەدا ڕێگەیەك هەیە بۆ

سەرشاخ بالێیەوە سەرکەوین، ڕێگایەکی یەکجار سەخت بوو بیاهەڵزناین، هێزەکەش بەدوامانەوە بوون کاک سەرکەوت ووتی: ئەمانە لە کۆڵمان نابنەوە با دانیشین لێیان بدەین، بۆیان دامەزراین سێ کلاشینکۆفو برنەوێکمان پێبوو، جێگەکەش وابوو ئەوان ئەکەوتنە ناو دۆڵێکی باریکەوە نەیان ئەتوانی بەملاو ئەولادا ڕابکەنو دەرباز بن، کاک سەرکەوت ووتی: تایەکەم کەس نەگاتە بەردەستی من تەقەیان لێ ناکەین، ئەوەندە نزیکبوونەوە نیشانەی ئەفسەرەکەیان کە سێ ئەستێرە بوو لە پێشیانەوە بوو بەڕوونی دیار بوو. ئێمە بە هەر چوارمانەوە دامانە بەر ڕێژنەی گوللە. یەکی دوو مەخزەنمان پێوەنان هەموویان کەوتن تەنیا یەك سەربازم بینی ڕایکرد، ئێمەش شوێنەکانی خۆمان بەجێهێشتو بەرەو سەرووتر هەڵکشاین، چەكو دەستکەوتمان پشتگوێ خستوامانزانی هەموویان کوژراون، بەڵام ڕۆژی دوایی خەڵکی دێی قۆپی بەزۆر نێردرابوون تەرمی حەوت کەسیان پێ هێنا بوونە خوارەوەو کاتێ تەقەی ئێمە دەستی پێکرد دوژمن لە هەر چوارلاوە ڕوویان تێکردینو دەستیان کردە تەقە، لە سەر شاخ ڕێگە نەما، کاک سەرکەوت زۆر زیرەكو بە توانا بوو لە شاخدا، خۆی ئەچووە جێگایەك ئەوەستاو ئێمەی بەسەرشان بۆ جێگایەکی تر دائەگرت، لەو کاتەدا کۆپتەرێکی زۆر هاتو کوێرانە ئەو شاخەیان داگرتەوەو بوو بەئاگرباران، ئێمەش بە ناشارەزایی لەسەر شاخەوە بەرەو حەوشەکەی پشتی بەلەکجاڕ دابەزین هەموو دەوروبەری تەکیەو بەلەکجاڕیش لە دوژمن سیخناخ بوو، هیوای دەرباز بوونمان کەم بوو بووەوە، بەڵاموورەمان بەرزبوو، خۆمان ئامادە کرد دەستێکی تریش بوەشێنینو شەهید بین، هەندێ نامەو ناوی خەڵکیمان پێبوو شاردمانەوە، هەریەکە کیسەیەکمان پێبوو نانەڕەقو فیشەكو دۆینەی تێدابوو، ئەوەندە ئەکەوتینو هەڵئەساینەوە، بارانیش ئەباری فیشەكو نانو دۆینە بەیەکەوە لکابوون، داکشاین بەرەو بەلەکجاڕ هێدی هێدی ڕێمان ئەکرد دنیاش تاریك بوو بوو، بەڵام کۆپتەرەکان هەر ئەسووڕانەوە،وە لەبەر تاریکی بەدی نەئەکران تەنیا گڵۆپی سوور نەبێت ئەسووتاو ئەکوژایەوە، کە نزیکی دێکە بووینەوە کاک سەرکەوت ووتی: خۆتان گورج بکەنەوەو باش

پشتوێن‌و تاقمەکانتان توند بکەنەوە من لەپشتی دلێرەوە بووم خەریکی چاك کردنی پووزەوانەکەم بووم لە ناکاو فیشەکێ لە دەستی دلێر دەرچوو، نەختێ تەوێڵمی سووتاند، هەموو شڵەژان‌ووتم: هیچ نییە.. کاك سەرکەوت توورە بوو بە دلێر ی‌ووت: ئەگەر بتکوشتایە دەستبەجێ تۆم ئەکوشتەوە. ئیتر زۆر بەووریاییەوە ڕووەو دێ کەوتینە ڕێ، جێگای هێزەکانی دوژمن دیار نەبوو بەڕۆژ گۆڕانی بەسەردا ئەهات، لەسەرەوەی دێکەوە لەپەرەوە چووینە یەکەم ماڵ، خاوەن ماڵ حەپەساوووتی: ئەوە لەکوێوە هاتوون چوار دەوری دێکە دوژمنی لێیە.ووتمان: دوژمنیش هەبێ هەر هاتووین. نان‌و چایمان خواردو هەندێ نانیشمان هەڵگرت.ووردەووردە بەفر ئەباری‌و زریانی ئەکرد، بەخاوەن ماڵمان‌ووت: شوێنێکمان نیشان بدە تاکو سبەی تیا بحەسێینەوە ئێمە گەرمیانین‌و شارەزای ئەم ناوچەیە نین، کابراووتی:وەڵڵا جێگە نییە،ووتمان: لەم چیا گەورەی قەرەداخەدا جێیەك نییە..؟ووتی: هیچ شارەزا نیم.ووتمان: تالای تەکیە بمانبەووتی: تاکو دەرەوەی دەرگاکە نایەم. هەر خەریك بووین بەقسەی خۆش مار لەکون نەهاتە دەر، پێمان‌ووت: بۆچی.. خۆ هەموو ڕۆژێك لێمان ناقەومێت ئەمرۆ ڕۆژی هیمەتەو ئێمەش شارەزا نین..؟ کابرا ڕازی نەبوو، پێمان چاك نەبوو لەبەر چاوی منداڵەکانی فەلاقە یان قسەی ناشرینی پێبکەین،ووتمان: دەباشە هەر بمانخە سەر ڕێگای تەکیە، هەر چەند هەنگاوێك لەماڵەکە دوور نەکەوتینەوەووتی: ئەمە ڕێگەی تەکیەیە. کاك سەرکەوت پەست بووووتی: ئێوە کەمێك دوور کەونەوە، ڕووی کردە خاوەن ماڵەکە: ئەگەر نەیەیت ئەتکوژم. کابرا ترساو هات، کورد ئەڵێ کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە.. کە نزیکی تەکیە بووینەوەووتی: ئا لەوێوە برۆن، ئەو شوێنەش سێ ڕۆژ پێشتر شەڕمان تێدا کردبوو دوژمنی لێ بوو، پێمان‌ووت بۆچ ئەوەندە بێویژدانی خۆ ئەوێ هێزی دوژمنی لێیە..؟.

بەهەرحاڵ تا پشتی تەکیە بردمان بەکاك سەرکەوتم‌ووت با ئەم کابرایە بگەڕێتەوە، خۆم ڕێگای دەربەند ـ نەرام سین شارەزام، کابرامان ئیزن داو کاك سەرکەوت بەزۆر دە دیناری دایە، کەوتمە پێش برادەران هەر لە بازیانەوە تا

دەربەندیخان دوژمن دیار بوو چونکە بەفری زۆر باری بوو، دنیاش یەکجار سارد بوو، لە هەر شوێنێك هەبوون ئاگریان   کردبووەوەو گڕی ئاگرەکە بەرز بوو بووەوە بەتایبەتی لە شاخەکانی قەرەداخ، سۆڵە، سێوسێنان و ئەڵلایی و دەشتەکانی دۆڵی قەرەداخ و وارماوا. شەوێکی تاریك و نووتەك بوو، ترسی ئەوەمان هەبوو لێك دابڕێین. ئاخریش لێك دابڕاین کاك سەرکەوت وێڵ بووو تەقەی کردو بەوە یەکترمان دۆزیەوە، ئینجا ڕۆیشتین تا چووینە سەر شاخ، لە پێش برادەرانەوە ئەڕۆیشتم تا چوومە سەر کانی ڕازیانەی پشتی بانی مۆرد لە نزیکەوە هیچ ئاپۆرەو ئاگری سەربازەکانم بەدی نەئەکرد.

ئەوەندە ڕێم کردبوو تەواو ماندوو بوو بووم، تینووشم بوو، دەمم نایە ئاوەکەو تێرم خواردەوە دوایی گەڕامەوە لای برادەران و پێشیان کەوتم بەرەو دێی بانی مۆرد پاشان وەکو زانیمان سەربازەکان چوو بوونە ناودێ و بە خەڵکەکەیان ووتبوو: ئەمشەو موخەرپیبێك هاتۆتە سەر کانییەکەو ئاوی خواردۆتەوە، دەستمان چەکی نەئەگرت تەقەی لێ بکەین، توومەز نزیك کانییەکە هێز هەبووەو پێمان نەزانیبوو، کە نزیك دێی بانی مۆرد بووینەوە دارێکی درێژم بەدی کرد، بەلامەوە سەیر بوو تا ئێستا نەم بینیبوو، ئاگاداری کاك سەرکەوتم کردەوە کە بچم ڕێگا تاقیبکەمەوە، بزانم ئەو دارە چییە.. کە نزیك بوومەوە بینیم چادرێك کەوتووەو دارە درێژەکەش تەلی جیهازە، کە زیاتر چوومە پێشەوە ڕوانیم کۆمەڵێك سەرباز چادرەکەیان خستووەو لە ژێریا بێ حەرەسیات خەوتوون، گەڕامەوە لای برادەران و ئەوەم بۆ گێڕانەوە، کاك سەرکەوت بڕیاری دا بچینە سەریان و بیانکوژین، من ئەمەم پێ چاك نەبوو، پێم ووت: ئەوە دوو شەوە ڕانەکەین و نەخەوتووین، شەکەت و هیلاکین، وەزعی ئەودیویش نازانین، دەستیان لێنەدەین باشترە، بە هەر حاڵ کاك سەرکەوتم قایل کرد تەقەیان لێنەکەین، خۆمان کرد بە دێدا، چووینە ماڵی کاك قادر ڕەسوڵ خەبەرمان کردەوە هەندێ پەشۆکا بەڵام کابرایەکی بەهیمەت بوو. ووتی: چۆن هاتوونەتە   ئێرەو چواردەوری دێ وەکو داو تەنراوە..؟ ووتمان:

پێشمەرگایەتییە، کە ئەمە نەکەین چۆن دوژمن لێمان ئەترسێ. نانی بۆ هێناینو پێی ووتین: کە ڕۆیشتن لە دەشتاییەکەوە بڕۆن هەموو بەرزاییەکان کەمینی دوژمنی لێیە. کە لەدێ دەرچووین بووینە دوو بەشەوە، هەر دوو کەسمان بەرەو لایەک تێمان تەقاند، منو کاک سەرکەوت ڕووەو هەنجیرە بووینەوە، کاک سەرکەوت ووتی: ئەگەر کوژراویشین.. لە ماڵی شێخەکانی هەنجیرە خۆمان ئەشارینەوە، کاتژمێر ٦ی بەیانی چووینە ماڵی حەمەی شێخ سەعید پێمان ووت: بەڕاستی زۆر هیلاکینو ئەمێنینەوە. ووتی: وەرن بخەونو گوێ بەهیچ مەدەن، هەموو جلەکانمان تەڕ بوو بوو، خۆمان گۆڕیو خەوتین، بۆ نانی نیوەڕۆ هەڵساین، بەڕاستی خزمەتیان کردین.

ڕۆژی دواتر لەوێ دەرچووین بەنیازی ماڵی کاک سەرکەوت. لێیان پرسین: بۆ کوێ ئەچن..؟ووتمان: بۆ خێڵی ئاخە، کە گەیشتینە ئەوێ دانیشتین برایەکی کاک سەرکەوت ووتی: لێرە مەمێننەوە چونکە لە هەنجیرەوە هاتوون حەتمەن ئیخباری کراون، کاک سەرکەوت قەڵس بوووووتی: هەر لێرە ئەمێنینەوە، کەسو کارەکەی هاتنو دەخیلم کەوتن ڕازی بکەمو بڕۆین، چوومە لای قایلم کرد کە نەمێنینەوە، یەک ساتەڕێ لە دێ دوور کەوتینەوەو دەنگی کۆپتەر هات، ڕوانیمان حەوت کۆپتەر لە خێڵی ئاخە داچۆڕانو نیشتنەوە، بە کاک سەرکەوتم ووت: ئەگەر بە قسەی ئەو خەڵکەمان نەکردایە چاک ئەفەوتاین.

بۆ ئێوارەی ڕۆژی دواتر گەڕاینەوە بۆ دێ ووتیان: ئەو حەوت کۆپتەرە پرسیاری ئێوەیان ئەکرد، پاش سەردان بڕیارمان دا بەرەو بناری شاخ بگەڕێینەوە، چووینە دێی مەسۆیی بەرگەچ خەڵکەکە ووتیان: لەبەیانییەوە کۆپتەر هێز کێش ئەکاتو ئەیباتەوە،وا دیار بوو کۆتایی بەهێرشەکە ئەهێنا، شایانی باسە دوژمن بڕیاریدا بوو لە ماوەی دە ڕۆژدا ئاسەواری هێزی پێشمەرگە نەهێڵێ، هێرشەکەی پەیگیرو هەمە لایەن بوو، ژمارەی سەربازەکانی ٢٤ هەزار سەرباز بوو، بە هەموو جۆرە چەکێکەوە دەیان کۆپتەر چ شەڕکەر یان

هێزکێشکەر بۆ ناوچەیەك کە دۆڵی قەرەداخە لەگەڵ بەشێکی گەرمیاندا، شوێن نەمابوو سەربازی دوژمنی تێدا نەبێ یان نەیپشکنی بێو سۆراخی پێشمەرگەیان نەکردبێ.

ئەم هێرشە گشتییە دەرۆژی خایاند بەسەرکردەیی فەرماندەی فەیلەق وەلید مەحمود یەکدەست کەخۆی لەناحیەی سەنگاو دائەنیشت و سەرپەرشتی گشتی هێرشەکەی ئەکرد. رۆژگاری هێرشەکە زستان و سەرماو سۆڵە بوو بەفر کرێوەی ئەکرد تەنانەت باڵندەش بەدەرەوە نەبوو، هەر پێشمەرگە بوو لە ناو بەستەڵەکی وەرزێکی ساردو سڕا خۆی ڕائەگرت و لەدوو ڕووەوە بەرگری ئەکرد. لایەك ڕووبەڕووی دوژمنە داگیر کەرەکە ئەبووەوە، لایەکیش بەگژ بێ بەزەیی سروشتدا ئەچووەوە.

١٠ رۆژ رێکردن و هەوراز بڕین و برسێتی و بەدەرەوە بوون و بەفرو باران تەڕکردن، تەنانەت خەڵکیش نەیان ئەوێرا داڵدەمان بدەن لەوورەی پێشمەرگەی نەهێنایە خوارەوە بەویستی پۆڵایینەوە بە گیانی گەرمی دڵسۆزی و خۆشەویستی خاك و کوردەوە درێژەیان بەڕێی سەختی خەباتی بێووچان ئەدا، لەم هێرشە گەورەیەدا نەك دوژمن هەر هیچی بۆ نەکراو نەخشەکەی پوچەڵ بووەوە، بەڵکو لە هەندێ شوێن ئەکەوتە بەر پەلاماری پێشمەرگەو کوشتاری لێئەکراو زیانی لێئەکەوت، لە شەڕی تەکیە دا ٢٤ سەربازکوژرا، بە تەنیا لە شەڕەکانی قۆڵی ئێمەدا ١٩ سەرباز کوژرا جگە لەوەی باران و سەرما ٤٧ کەسی تری لێ ڕەقکردنەوە، زیانی ئێمەش تەنیا دیلێك و بریندارێك بوو، کاك سامان و کاك خالید لە کاتی ئەم هێرشەدا چوو بوونە سەر ناحیەی سەرقەڵاو شەڕێکی باشیان کردبوو بەمەش سەریان لە دوژمن تێکدابوو، کە پەلاماری قەرەداخی ئەدا بۆ پاککردنەوەی لە پێشمەرگە کەچی لە گەرمیانی خوارەوە زرمەی دەستی پێشمەرگە دێ و تاڵاوی مەرگ بەهێزەکانی ئەچێژێ.

لە تەپە گەڕوس یەکمان گرتەوەو باسی بەرفراوانی ئەو هێرشە گشتییەمان کردو چۆن سەرکەوتووانە لێی دەرباز بووین، جارێکی تر ئەوەمان سەلماندەوە کە پێشمەرگەی بیروباوەڕین بەپێی ئەو هەلومەرجە نوێیەی

تێیدایین درێژە بە خەباتی شێلگیرانەی خۆمان ئەدەینو نەخشە دزێوەکانی داگیرکەران نامان تۆقێنێ، برسێتیو ماندوێتیو شاخو داخو ڕێگابڕین کۆڵمان پێنادات.

کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ بوو حیزبی شیوعی عێراق کە لەگەڵ حیزبی بەعسدا لە بەرەیەکدا بوونو پێکەوە شەڕی کوردیشیان ئەکرد، کەوتنە بەر پەلامارو ڕاوەدونانی حیزبی بەعسو گرتنی ئەندامو لایەنگرەکانی. حیزبی شیوعیوایانزانی گەر بەرە لەگەڵ بەعسدا پێکەوە بنێنو بە هۆی دۆستایەتی بەعس لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا ئەتوانن پێگەیەکی باش بۆ خۆیان درووست بکەنو بگرە ڕێڕەوی بیر کردنەوەی بەعسو هەڵسوکەوتیشی بگۆڕن بە قازانجی بیرو بەرنامەی سیاسییان.

کەچی حیزبی شیوعی نەیانتوانی بچووکترین بۆچوونی بەعس بۆ سوودی خۆیان بگۆڕن، بەڵکو بەعس ئەوانی ڕاکێشایە ناو چوارچێوەی بەرنامە دۆزەخییەکانی خۆیەوە. بە تایبەتی پاڵپێوەنانی شیوعی بۆ شەڕکردنی لە گەڵ پارتیدا نەك هەر ئەمە شیوعی گەر چی لەناو بەرەی حیزبی بەعسدا بوون لە گوشاری بەعسو دامو دەزگا تۆقێنەرەکانی ڕزگاریان نەبوو.

حشع بیریان لەوە نەکردبووەوە کە ڕۆژێك دێت ئەکەونە بەر شاڵاوی تەفروتووناکردنی بەعسەوە، هیچ جۆرە قایمە کارییەکیان بۆ دوا ڕۆژی خۆیان نەکردبوو لە شاردنەوەی چەكو تەقەمەنیو پێویستییەکانی شەڕو ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزو دەسەڵاتی بەعس، هەرچەندە چەكو تەقەمەنییەکی زۆریان لابوو نەیانکرد بڕێکی زۆری ڕەوانەی کوردستان بکەن بەڵکو تەسلیمی ڕژێمیان کردەوە.

کە حشع تەنگی پێ هەڵچنراو هەموو دەروازەکانی لێگیرا ناچار بوو ڕوو بکاتەوە کوردستانو دەستبەرداری بەرەی بەعس بێت.

زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی گەیشتنە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشو لە لایەن (ی.ن.ك) پێشوازی کرانو یارمەتی درانو بارەگایان دانراو هەندێ چەکیشیان پێدرا، کاتی خۆیشی هەندێ پێشمەرگەیان ڕای کردبوو

هاتبوونە ناو یەکێتییەوەو خەڵکی ئازاش بوون کە حشع هاتە دەرەوە ئیتر پەیوەندییان بە حیزبەکەی خۆیانەوە کردو لای ئێمە نەمان.

ساڵی ١٩٧٩

پێمان نابووە هەواری ساڵی ١٩٧٩ ئەمانویست چالاکییەك ئەنجام بدەین و دەستێك لە دوژمن بووەشێنین لەگەڵ کاك سەرکەوت و برادەراندا دەستمان کرد بە جەولەو مەفرەزە دابڕاوەکانمان کۆکردەوە، ئێوارانێك لە دێی دەرەدۆین بەرەو جادەی دەربەندیخان ـ کەلار شۆڕبوویینەوە بۆ بۆسەدانان بەدوو نیاز:

١. بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش بۆ خەڵکی کە ئەمە شێوازێکی هوشیار کردنەوە بوو دەوری خۆی هەبوو.

٢. بۆ دەستگیر کردنی پیاو خراپی سەر بەڕژێم.

کە لەو کاتانەدا ئەمە تاکە ڕێگایەك بوو بۆ گەیاندنی دەنگی شۆڕش و ڕێبازی خەبات وکوردایەتی کردن بە خەڵکی چونکە ئیزگە نەبوو یان ئەگەر هەشبوایە بە باشی دەنگی نەئەگەیشت، تەشویشی توندو بەهێزی لە سەر بوو. لەم ڕێگەیەوە خۆمان بە خەڵکی ئەناساند، سیاسەت و بەرنامەی شۆڕشمان بۆ باس ئەکردن لە هەمان کاتیشدا بە دوای پیاو خراپ و دەست و پێوەندەکانی ڕژێمیشدا ئەگەڕاین کە زیانیان بە خەڵکی ئەگەیاندو خەڵکیش ئەمەی پێخۆش بوو.

ڕوومان کردە قەترە کە ئەکەوێتە خوارووی پردی دەرەدۆین لەسەر جادەی دەربەندیخان ـ کەلار.. چەمی دەرەدۆین کە ئاوەکەی لە چەمی چرچەقەڵاوە سەرچاوە ئەگرێ و ئەکەوێتە سەرووی تونی بابە عەمرەوە، ئەم چەمە توونی باباو چیای گوڵان ئەکاتە دوو بەشەوە: قەترەو توونی بابا شوێنێکی سەخت و قاییم و هەڵدێری هەزار بەهەزاری تێدایە، کەم کەس ئەتوانێ لێی سەرکەوێ، زۆر جار شوێنی خەڵکی یاخی و قاچاخ بووە، کەبچیتە ناوی بەئاسانی نادۆزرێتەوە، خوارووی قەترە بەدێی پونگەڵەی حاجی

مـەحمودی هـارونی ئەبەسـرێتەوە کـە ئەکەوێتـە سـەرووی دەشـتی پێـواز کـە دەشـتێکی تەختایی‌وکشـتوکاڵییەو چـەند دێیـەکی گـەورەی‌وەکو: لاڵیخـان، بانیخان.. هتد بەسەرەوەیە، کاتی خۆی مەلیك فەیسەڵ مەلیکی عێـراق بـۆ ڕاو هاتووەتە دەشتی پێوازو قەترە کە بزنـە کێـوی زۆری لێبـووە کـە بـۆ مـەلیکیان باسکردووە ئارەزووی دیدەنی‌و ڕاوی ئەوێی کـردووە، لـە کـاتی بـەهاردا هـاتووەو حـاجی مـەحمودی هـاروونی لەگـەڵ چـووە بـۆ ئـەو ناوچـە ڕازاوەیـەو حـاجی خزمەتی زۆری مەلیکی کردووە، کە مـەلیك ئەگەڕێتـەوە بەغـدا بـانگی ئـەکاتو ڕێـزی زۆری لێئـەگرێو دیاریشـی بـۆ نـاردووە، هـەموو جـارێ مـام حـاجی ئـەم باسەی بە تامەوە بۆ ئەگێڕاینەوە.

لەسـەر جـادەی قـەترە لـەخوارووی بانیخێلانـەوە بۆسـەیەکمان لەسـەر چەقی جادەکە دانا، ئۆتۆمبیلێکی زۆرمان ڕاگرت ئـەوەی کـورد بـوو کـاك سـامان کۆبوونەوەی پێئەکردن، ئـەوەش عـەرەب بـوو مـەلا بـرایم قسـەی بـۆ ئـەکردن. دیـار بـو خەڵکەکـە دوو کەڵکەڵـەیان تێـدابوو. لەلایـەك زۆریـان پـێ‌خۆش بـوو پێشمەرگە ببیـنن‌و بەچاوی خۆیـان فیـداکاری کـوڕانی (ی.ن.ك) تەماشا بکـەن، لەلایەك ئەترسان دوژمن بێتو تیابچن، بەڵام قسەکان کـاری خۆیـان کـرد، هـەر لـەو کاتــەدا دوژمــن لەدەربەندیخانــەوە هێزێکـی بـەرەو لای ئێمــە خسـتەڕێ، خەڵکەکـەمان ئیزنـدا تـا تووشـی زیـان نـەبن‌و خۆشمان لەقـەراغی جادەکـە دامەزراین‌و ئیسنادمان لەسەرووتر دانا بوو، دوژمن نەیوێرا بێتـە پێشـەوە هـەر لە دوورەوە بە دۆشکاو هاوەن تەقەی لێئـەکردین، لەهـەمان کاتـدا نەخشـەیەکی کوتوپڕی پەلامارمان دارشتو بـۆ هێزەکـەی دوژمـن کشـاین، دوژمـن ناچـار بـوو پاشەکشە بکا بەڵام زیان‌و خەسارەتم لە بیر نەماوەو پاش شەڕەکە بەرەو بنـاری شاخ کشاینەوە جەولەکەمان بەرەو خوار بووەوە.

ڕۆژێکی مانگی دووی ۱۹۷۹ لەدێی ئیمـام موحەمـەدەوە بـەرەودێی گـۆڕی ئەسپ ئەچووین لـە ڕادیۆنـەوە دەنگوباسـی ڕووخـانی شـای ئێـران بلاوبـووەوە. خەبەرێکی خـۆش‌و شـادی هێنـەر بـوو. میردەزمەیـەك لـە کـۆڵی خـەڵکی ئێـران بـووەوە پایەگایـەکی گـەورەو بـەهێزی ئیمپریـالیزمی جیهـانی لـە ناوچـەی

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەرەسی هێنا، شا یەکێك لە دوژمنە سەر سەختەکانی نەتەوەکەمان بوو، بەهەموو شێوەیەك هەوڵی لەناوبردنو قەلاچۆکردنی ئەدا، دواکاری دزێوی شا دژی کورد مۆر کردنی پەیمانی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ بوو لەگەڵ سەدام حسیندا دوای ئەوەی ڕژێمی بەعس گلۆڵەی کەوتبووە لێژی.

ئەوی ئاشکرایە ناکۆکی لە نێوان ئێرانو عێراقدا هەبووە کە بۆ کۆمەڵێك هۆکاری سنووریو جوگرافیو مێژووییو مەزهەبیو پەیوەندی دراوسێتی ئەگەڕێتەوە، کە زۆرجار بووەتە هۆی پێکدادانو شەڕی خوێناویو دواتر ڕێککەوتن لەسەر کۆمەڵێك خاڵ لە نێوان هەردوو لایەندا.. عێراقو بەعس هاشو هووشی بەرگری لە ئوممەی عەرەبی ئەکەن خاکی خوزستانو هەندێ دوورگەی کەنداو بەموڵکی خاکی عەرەبی ئەزانن، بانگەشەی ئەوەیان ئەکرد بیخەنەوە سەر نەخشەی خۆیان، لەڕێگەی ڕاگەیاندنو ڕادیۆنەوە هێرشی بەر بلاویان ئەکردە سەر دەسەڵاتی ئێرانی، لە کاتێکدا شا سێ دوورگەی کەنداوی خستە سەر ئێران بەعس جگە لە هاشوهووش هیچی پێنەکرا. بەرامبەر بەمەش بارودۆخی شەڕی کوردو عێراقی قۆستەوە بۆ دەمکوتکردنو بێهێز کردنی بەعس بەرامبەر بە هەڕەشەکانی لەسەر ئێران.

ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێکردەوە یارمەتی ئێران بۆ کورد بەزەقی دەرکەوتوەنەبێ سەرکردایەتی کوردیش لە ڕووی سیاسیو دبلۆماسییەوە ئەو هەلومەرجەی بۆ سوودی خۆی قۆستبێتەوە بگرە هیچ نەخشێکیان نەبووە بەرامبەر بەو ڕووداوەی کە چارەنووسی بەرەو چاڵی مردن لێژ کردنەوە.

هەرکە لە شەڕەکاندا نیشانەی لاوازی بەعس دەرکەوت هەستی بەمەترسی تیا چوونی دەسەڵاتی خۆی کرد ئەوا لەو بارەدا کەزۆر ناکۆکیش بوو لەگەڵ ئێراندا بەعس دەستی لە دژایەتی کردنی ئێران هەڵگرتو سەریان شۆڕکردو بەهۆی ناو بژیوانی هەواری بومیدیەن سەرکۆماری جەزائیر لەپێتەختی جەزائیردا شاو سەدام لەسەر دووشت ڕێککەوتن:

١.وەلاخستنی ناکۆکی دێرینەی هەردووووڵاتو ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی ڕۆژ.

٢. دارشتنی نەخشەی لەناو بردنی شۆڕشی کورد کە هەردوولایان یەك ستراتیژی هاوبەشیان هەیە لەم ڕووەوە گەرچی جیاوازیش بن لە زۆر مەسەلەدا.

سەدام بۆ لەناوبردنی کوردو شۆڕشەکەی بەلایەوە عاجباتی نەبوو بەشێك لە خاكو ئاویووڵاتەکەی لەسەر نەخشە بگوێزێتەوە بۆ سەر نەخشەی ئێرانوەکو دیارییەك لەسەر مێزی گفتوگۆی هەردوو لایان پێشکەش بکات، بەڵام دەرکەوت ڕێککەوتنی جەزائیر دوایی بە شۆڕشی کورد نەهێنا، بەڵکو هەلومەرجی تازەتر هاتە پێشەوە بۆ سەرهەڵدانیوەرزێکی تازە لەژیانی گەلەکەماندا ئەمەش لە کاتێکدا کە شاو سەدام ڕێكو تەبا بوون. لە هەردوو دیوەوە یەك شێوە دژایەتی کردنی شۆڕش هەبوو گوشاریان خستە سەر هێزی پێشمەرگە، سوپای عێراق پەلاماری پێشمەرگەو بارەگاکانی ئەدا ئەرتەشی ئێرانیش بۆ هەمان مەبەست دەست بەکاربوو. کۆپتەری عێراقو ئێران بەسەر ناوچەکاندا ئەسووڕانەوە، بۆیە لەناوچوونی شا کەرەسەی بارودۆخێکی خۆیی پەیداکرد چ بە نسبەت ئێران خۆیو چ بە نسبەت کوردی هەردوو دیوەوە.

لە مانگی ٣ی ١٩٧٩دا جەولەمان بەرەوخوار بووەوە بۆ ناوچەی کەلار بە نیازی کۆبوونەوە کردن بەخەڵکی دێهاتەکان. ئێوارەیەکیان بە دوو ئۆتۆمبێلی دوابەتاڵ چووینە سەرجادەی کەلارـ باوەنوور یەکسەر دابەزینە ناو دێی بەرلووتەوە کە ئەکەوێتە سەر چەقی جادەکەو نزیك چەمی سیروان ٢٨٠ماڵێك ئەبوو قوتابخانەو هەرەوەزی کشتوکاڵیان هەبوو خەڵکەکەی بە کشتوکاڵو ڕانداریو بۆیسانەوە خجڵ بوون، زۆریشیان لە ساڵەکانی ١٩٦٠-١٩٧٠دا خەریکی قاچاخچێتی لەسەر سنووری ئێران بوون. زۆریان خاوەنی ئۆتۆمبێلو دەراسە بوون، لەناوچەکەدا بە زۆر دەوڵەمەند ناوبانگیان دەرکردبوو. کاتی خۆی تەنیا پاسێکیان هەبوو هەرچی لە ناوچەی باوەنوورو دێهاتەکانەوە هاتوچۆی کفری بکردایە بەیانی زوو بەو پاسە ئەڕۆیشتنو ئێوارەش ئەگەڕانەوە، پشتی ئەم دێیە زنجیرە گردۆڵکەیەکە لووتکە بەرزەکەیان ببووە هێلانەی سەربازەکانی عێراق بۆ پاراستنی جادەکە، خەڵکی ئەم دێیە بەشێکیان لە عەشیرەتی ڕەباتیو

بەشێکیان جافن، هەروەها یەك دوو ماڵ سەیدیشی تێدایە. کە چووینە دێکە ڕابەری سیاسی کەرتەکەمان کە کاك شەماڵ بوو کۆبوونەوەی بەخەڵکەکە کرد، پاش تەواو بوونی کارەکانمان بەرەو دێی ژاڵەی سەفەر بەڕێکەوتین، لە سەرووی دێی ژاڵەوە کەوتینە بۆسەی جاشەکانی کەلارەوە، بە پەلە لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزین‌و لێیان هاتینەدەست، هەر لەیەکەم دەستڕێژدا ڕایانکردو ڕێگەی دێی توورکەیان گرت بەرەو کەلار، یەك جاشمان بریندار کردو خۆشمان بێ زیان بووین.

هەر لەم مانگی ۳ یەدا بوو مەفرەزەکانی ۲و۳ ی کەرتی ۲ی گەرمیان گەشتێکمان بۆ شەلەییەکان کرد ، ئێوارەیەکیان هەواڵیان هێنا کە جاشەکانی تەحسین‌و قالە فەرەج لە سەنگاوەوە دەرچوون‌و لە کێلە بەرزەن‌و ڕەنگە بەیانییەکەی بچن گەمارۆی گوندەکانی قەڵاو تەپە گەڕووس بدەن کەزۆر جار پێشمەرگەکانمان بۆ حەسانەوە ئە چوونە ئەو دێهاتانەی بنار ،کاك سامان فەرمانی پێداین بچینە دەرەواری خوارو ، لەوێ خەوتین‌و بەیانییەکەی زوو لە نێوان دەرەواری سەرووو تەپە گەڕووسدا بۆسەیەکی بە هێزمان دانا بۆ لێدانی جاشەکان بەیانی زوو دنیا ڕووناك بووەوە هیچ دەنگ نەبوو ئێمە نەمانزانی کە جاشەکان شارەزان‌و لە ڕێگەی لەیل‌و چوار ئیمامەوە تێپەڕیون ،وەختێکمان زانی لە دوای ئێمەوە تەقە دەستپێکرد..ئێمە بەرەو ڕووی تەقە ڕۆیشتین بۆ پشتی قەڵاو تەپە گەڕووس بەڵام جاشەمان پشتی تەپەگەڕووسیان گرتبوو ، نەشماندەزانی ئەو تەقەیە لەگەڵ کێدایە ، ئاگامان لەوە نەبوو کە مام ساڵەحی خاڵی کاك ڕۆستەم بەمەفرەزەیەکەوە چووەتە تەپەگەڕووس‌و بێ بۆسەدانان لێی خەوتبوون.. پێشمەرگەکان ٦ کەس بوون ، فازیلی شێخ فەرەج فەرماندەی مەفرەزەو عوسمان دێچ ڕەشە جێگری مەفرەزەکە بوو کە دوژمنداربوو، ئابلۆقە درابوون ..کاك سامان‌وکاك سەرکەوت بەمنیان‌ووت چەند پێشمەرگەیەك بەرەو هەرەسەکەی پشتی تەپەگەڕووس بەلای شۆڕاوەکەدا ببە ئەکو لەوێوە سەرکەون ، لەو کاتەدا کۆپتەر هاتە سەرمان ، سەیرم کرد لەناو ژاڵەکانی تەپەگەڕووس زەلامێکیان دەرهێناو کۆپتەرێك نیشتەوەو هەڵیگرت ..

هـەر لـەو کاتـەدا زەلامێکمـان لێ نزیـك بـووەوە ، ناسـیمانەوە کـە عوسمـان دێ ڕەشـەیە، گەیشـتە لامـانو دۆخەکـەمان لێ پرسـیوووتی : لەگـەڵ مـام سـاڵەح بووینو ئابلۆقە دراینو من دەرباز بوومو نـازانم ئـەوان چییان بەسـەر هـاتووە ..دوایی ڕۆشتنی جاشەکانو کۆپتەرەکان چووینە گوندی قـەلاْو پرسـیمانووتیان : هەموویان بەدیل گیراون لەناو گیراوەکاندا مـام سـاڵەحی خـاڵی کاك ڕوستەمو فازیلی شێخ فەرەجو ٣ ی پێشمەرگەی تـر بـوون کـە مـام سـاڵەح فیشـەکێك بـەر ڕانی کەوتبوو برینـدار بووبوو ، هەموویان ئەبرێنـە فەوجەکـەی سـەنگاو پاشـان بـۆ لیـوای چەمچـەماڵو شـەوەکەی بـۆ هەینـەی کـەرکوك ، دوای ماوەیـەك لـە زینـادنی کـردن بەواسـیتە کـردن لـە ڕێگـەی شـەوق حەمـە خـان کـە سـەر بـە مەنزومەی کەرکوك بوو ئازاد ئەکرێن .

لە کۆتایی ئەم مانگەدا هـەواڵێکی دڵتـەزێنمان پێگەیشـت کـەوا لـە ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٢٤ مامۆستا عەزیز لێپرسراوی لقی کەرکوکی (ی.ن.ك) کە پێشتر لـە نـاو شـاری سـلێمانیدا لەلایـەن ڕژێمـەوە دەسـتگیرکرابوو لەشـاری موسـڵ لەسـێدارە دراوە. جێگەی داخێکی زۆر بوو چونکە سەرکردەیەکی لێهاتوو بوو هەر چـەندە لەوانەیە کەمتەرخـەمی خـۆی بووبـێ یـان گـوێی نەداوەتـە قسـەی بـرادەران کـە نەچێتە شارەوەو هەر بە قسەی خۆی کردووە.

دوای مـــاوەیەك لـەمـــە ئاگـــادارکراینەوە کـــەوا کـــاك سـیروان بـــۆ سەرکردایەتی ئەچێت. زۆرمان پێ خۆش بووەوامان لێـك دایـەوە چـەكو تفاقو کەرەسـەی باشـترمان بـۆ دێنـی بەتایبـەتی دەنگوباسـی پەیـدابوونی دژەکۆپتـەر هـەبوو، ئـەوەی ئێمـەی هەراسـان کـرد بـووو لـە تواناشمانـدا نـەبوو بـە ئاسـانی دژەکەی پەیدا بکەین شەڕی کۆپتەر بوو. چەکەکانمان زۆر سادە بـوو بەرامبـەر بە هێزی سوپای عێراق لە ڕووی تەکنیکی چەکەوە بەراوورد نەئەکرا.

پاش ئاشبەتاڵ عێراق کەوتـە جموجووڵێکی باشـەوە بـۆ دەسـت بـەخۆدا هێنانو بیناکردنەوەی سوپاکەیو پڕچـەك کردنـی دوای ئـەوەی کێشـەی لەگـەڵ ئێراندا نەماو شۆڕشی کوردستانیشی بۆ خەفەکراو توانی لـە ڕووی ئابوورییـەوە ببووژێتەوە. جا کەمی هێزی پێشمەرگەش دەوری خۆی ئەبینی بـۆ بـاڵا دەسـتی

دوژمـن لەشـەڕداو بەتایبـەتی بـە بـەکارهێنانی تـەکنۆلۆژیای تـازەی عەسـکەری هەرچــەندە بــاوەڕی پێشــمەرگەو زەبــری دەستومەچــەکی، ســەری بــەتوانای تـەکنیکی سـوپای عێـراق دانەنەوانـد، لەگـەڵ ئەوەشـدا خولیـای ئـەوەمان بـوو ئێمـەش لـەم تەکنیکـە تازەیـەی دنیـای چەکسـازی بێبـەش نـەبین. ئـەوەشمان ئەزانی پەیداکردنی ئەم جۆرە چەکانە ئاسـان نییـە، هەرچـەندە لەوکاتـەدا شـا رووخابوو جمهوری ئیسلامی پەیدابوو بوو لەوانەیە دەسکەوتنی هەندێ پارچـە چەك زۆر قورس نەبوو بێ.

هەر لەم ماوەیەدا کاك برایم جەلال لێپرسراوی لقی کەرکوکی (ی.ن.ك) لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی گورج و گۆڵدا هاتبوونە دیوی گەرمیان بۆ جەولەو چـاوپێکەوتنی پێشـمەرگەکانی گـەرمیان لـەم کاتانــەدا جاشـەکانی تەحسـین شاوەیس و قالە فەرەج دەرچوو بـوون بـۆ گـەڕان بـەدوای پێشـمەرگەدا، ئـەم دوو سـەرەك جاشـە بـەدناوە هەمیشـە لەلایـەن بەعسـەوە ئـەنێردران بـۆ ڕاوکردنـی پێشـمەرگەی تاکوتـەرای ئیخبـاری کـراو کـە لەلایـەن هەنـدێ دەسـتوپێوەندی دەروون نزمەوە لە دێهاتەکاندا زانیاریان پێئەگەیشت.

ڕۆژی ١٩٧٩/٤/١٩ کاك عومەر سەنگاوی که لە مەفرەزەی کاك سـەرکەوت بوو بە ئیشوکاری شۆڕش چوو بوو بۆ دێی هەسەن کەنۆش لەگەڕانەوەدا لەدوو ڕێیـانی جـامرێز ـ مەسـۆیی لەکاتـژمێر٨ر٣٠ بـەیانی کەوتـە بۆسـەی جاشـەکانی قالە فەرەجەوە کە ژمارەیان لە حـەفتا کـەس زیـاتر بـوو، کـاك عومـەر بـەتاقی تەنیا بەتفەنگێکی یـەك مەخزەنـەوە توانی سـەر لـە جاشـەکان بشێوێنێ و بـەو پەڕی ئازایەتییەوە دەرباز ببێ، جاشەکان ماوەی ٣-٤ سەعات بەدوایەوە بوون تـا گەیشتبوونە بناری شاخی ئاژداخ پەکیان ئەکەوێ و ڕێگەیان لێوون ئەبێ و وازی لێئـەهێنن، لـەو لاشـەوە کـاك سـامان و کـاك خالیـدو مـەفرەزەکانیان ئاگـادار ئەکرێنـەوە کـەجاش دەرچـووە، لـەنزیك دێـی دەرەوار بۆسـەیەکی مەحکـەم دائـەنێنن کەچـی جاشـەکانی تێناکـەوێ و ڕەت ئـەبن، پێشـمەرگە دێ بـەدێ بەدوایانـەوە ئـەبن تـاکو دەیانکەنـە نـاو دێـی تەپـە عارەبـدا، ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٢٠ کاتـژمێر ٥ی ئێـوارە شـەڕ دەسـت پێئـەکات تـاکو ٧ی ئێـوارە بـەردەوام ئـەبێت،

جاشەکان ئابلۆقە ئەدرێن‌و شپرزە ئەکرێن‌و لەناو دێکەش دەریان ئەپەڕێن‌و چەواشە ئەبن، هەندێکیان ئەو شەوە لەو هەردە ئەمێننەوەو برێکیان خۆیان ئەگەیەننە دێی تۆپخانەی زەنگنە کە جاشەکانی تەحسین لەوێ ئەبن، لەکاتێکدا شەڕ دەستی پێکرد ئێمە لە دێی کوردە میری عەلی حسین بووین بەپەلە کەوتینە رێ هەر بەڕاکردن ڕێگامان ئەبڕی کە ماوەیەکی زۆر دووریشە، کە گەیشتینە ئەوێ شەڕ بەرەو تەواو بوون ئەچوو، جاشەکان شکابوون، لەو شەڕەدا ٨ جاش کوژرابوون‌و دوو جاشیش بریندار، کۆمەڵێ کەلوپەلمان دەست کەوت بوو، دوو پێشمەرگەش بریندار بوون یەکێکیان دلێر قەلایی کەبەسەختی بریندار بوو، ئەو شەوە هەموومان بەرەو تیلەکۆی قەلەندەر کشاینەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی جاشەکان گەڕانەوە دێی تەپە عارەب‌و کەوتنەوێزەی خەڵکەکەی‌و شەش کەسیان فەلاقە کرد کە یەکێکیان لەبەر کاریگەری ئەو لێدانە پاشان شەهید بوو.

دوای ئەوەی دەستمان کردەوە بەجەولەی خۆمان هەر مەفرەزەیەك بۆ لایەك‌و لەو لایشەوە هەر چاوەڕوانی کاك سیروان بووین بگەڕێتەوە دەنگوباسی سەرکردایەتی‌و شتی تازەمان بۆ بێنێ، ڕۆژێکی سەرەتای مانگی ١٩٧٩/٥ بوو لەدێی سەرەشی گەرمیان کە دێیەکی هۆزی زەنگنەیەو هاو سنووری تیرەی ڕۆغزاییە، دێیەکی دێمەو ئاوی کەمەو دوای ئاشبەتاڵ قوتابخانەی لێکرابووەوە زۆربەی کات شوێنی حەوانەی پێشمەرگە بوو، دوور لەدەسەلاتی دوژمن بوو، پیاوێکی لێبوو بەناوی مام ساڵەح ڕەزا کەپێی بوترایە مام ساڵەح ئیف زۆر تووڕە ئەبوو هەزار جنێوی ئەدا.

ئەو ڕۆژە لەوێ کابرایەك خەبەری زۆر دڵتەزێن‌و جەرگبڕی کاك سیروانی پێداین. بەم هەواڵە فرە شڵەژاین چونکە کاك سیروان فەرماندەیەکی قارەمان‌و بەتواناو خاوەن کەسایەتییەکی تایبەتی بوو، هەرێمی پێنجی قەرەداغ بەناوی ئەوەوە شۆرەتی پەیدا کرد، ئەو قوتابخانەیەکی تایبەتی بوو بۆ پێگەیاندنی پێشمەرگەو خەڵکی شۆڕشگێڕ، دوژمن ئەوپەڕی حیسابی بۆ ئەکرد،

ڕۆژ نەبوو دەزگا جاسووسیەکانی بەعس خەڵك نەنێرن بۆ کوشتن‌و لەناوبردنی، ئەمەندە خۆشەویست بوو نەك هەر لە ناو پێشمەرگەدا جێگەی خۆی کردبووەوە بەڵکو خەڵکی زیاتر پەرۆشی دیتنی بوو بوون، کەس نەبوو لە سنووری هەرێمی پێنجدا ناوی نەبیستبێ، یەکێك بوو لەو لێپرسراوانەی لە ڕووی سیاسی‌و عەسکەریشەوە دەوری تایبەتی هەبوو لە ئاراستە کردن‌و پەروەردە کردنی پێشمەرگەو کادیرەکاندا، شارەزاییەکی باشی لەناسینی خەڵکیدا هەبوو، بە تەماشاکردن پیاو خراپ‌و خەڵکە جاسووسەکانی ئەناسییەوە، پارتیزانێکی لێهاتوو بوو نەخشەکانی هەمیشە سەرکەوتنی تێدا مسۆگەر بوو، زانیارییەکانی لە بابەت دوژمنەوەووردو بەهێز بوو، ڕۆژانە شتی تازەی‌وەرئەگرت لەو سەرچاوە تایبەتییانەی درووستی کردبوو، بە ئاسانی خۆی‌و پێشمەرگەکانی لە داوی دوژمن دەرباز ئەکرد. بوونی ئەو بۆ ئەو قۆناغە ناسکە زۆر پێویست بوو، شەهید بوونی کەلێنێکی گەورەی خستەوە بە ئاسانی پڕنەکرێتەوە، هەرکە هەواڵەکەمان بیست هێزەکەمان کۆکردەوە بەرەو بناری تەپەگەڕوس کەوتینەڕێ لەو ناوەش لە هەندێ دۆست‌و ڕێکخستن پرسیارمان کرد، ئەوان زانیاری زیاتریان هەبوو کەوا کاك سیروان‌و حەسەن خاوێ‌و عەلی چەلەبی لە دێی زێڕینجۆی شارەزوور ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٢٨ کەوتوونەتە بۆسەی جاشەکانی زەڕایەنەوەو شەهید بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی نەجیهازو نە ئیزاعەش هەبوو، نەمانویست بە پێشمەرگەی ڕابگەیەنین نەکو کار لەوورەیان بکاو بێتاقەت بن، شتەکە هەر دەماودەم بڵاو بووەوە ماوەی مانگێکی خایاند تا بەتەواوی هەموو خەڵك‌و پێشمەرگە قایل بوون کە ئەستێرەی گەشی ئەو هەڤاڵە خەباتگێڕە ئاوابووە.

ئەوەی پێویستە بگوترێ دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ، هەندێ خەڵکی خۆفرۆش‌و دەروون نەخۆش لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمەوە درووست کران بۆ ڕاوکردنی پێشمەرگەو دژایەتی کردنی شۆڕش‌و بەرپەرچدانەوەی هەڵوێستی خەڵکی شۆڕشگێڕ. زەڕایەن بوو بەبنکەی ئەو جاشانەی کە لەشوێنەکانی تریشەوە پەیوەندیان پێوە ئەبەستن، بۆیە زەڕایەن

لـەم ڕووەوە نـاوێکی دزێـوو مێژووییـەکی ڕەشـی هەیـە لەگرتنـە ئـامێزی ئـەو خەڵکانەی دژ بەگەلەکەیان سەنگەریان گرتبوو، بگرە دەستیان تا بینـە قاقایـان سوورە لەخوێنی پێشمەرگەو خەڵکی شۆڕشدا. لەپەنا ئەمەشـدا هەنـدێ خـەڵکی کـەمی شۆڕشـگێڕمان هـەبوو لـە ناوجەرگـەی ئەوانـدا ئـاڵای تەحـەدای ڕژێمیـان بەرز ئەکردەوە، کاری ڕێکخستنیان ئازایانە ئەنجام ئەدا.

هەر لە سەرەتای مانگی٥/١٩٧٩ دا بوو هەموو کادیرانی کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی لە شێنێ کۆبوونەوەیەکی فراوانیان ئـەنجام دا بـۆ قسـە کـردن لـە سـەر ناوگۆڕینی کۆمەڵـە. کـە پـێش ئـەم دانیشـتنەش لـە ناوەنـدی کۆمەڵـەوە هـەموو ڕیزەکانی کۆمەڵە ئاگادار کرابـووەوە ڕای خۆیـان لەسـەر نـاوی کۆمەڵـە دەربـڕن. چونکە ناوی کۆمەڵە بەو زەقییە تەنیا لە ناو توێـژی کادیرەکانـدا نرخـی خـۆی هەبوو، لە ناو ڕیزەکانی خەڵکیدا شـتێکی نـامۆ بـوو، بـە ئاسـانی قبـوڵ نەئـەکرا بگـرە دژایەتیشـی ئـەکرا. نـەك هـەر لـە نـاوخۆی خۆمانـدا بـەڵکو لـە دەوروبەریشـەوە سـڵ لـەم جـۆرە ڕێکخسـتنانە ئەکرایـەوەو بـە تونـدی دژی ئەوەستان، بۆیە ئەبوایە گونجاندنێك ڕەچاو بکرایـە لـە ڕووی هەڵبـژاردنی نـاوو ناوەڕۆکـەوە، زۆر جـار نـاو سەریەشـە درووسـت ئـەکات ناوەڕۆکـەکەی ئەوەنـدە کێشە نانێتەوە، بۆ ئێمەش ناوەڕۆك گـرنگ بـوو نـەك نـاو. بۆیـە دوای لێـدوانو گفتوگۆیەکی تێـرو تەسـەل بڕیـاردرا نـاوی کۆمەڵـەی مارکسی ـ لینینـی بکرێتـە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) کە گونجاوترو لە بەر دڵانیش خۆشتر.

پاش شەهید بوونی کاك سیروان کاك سامان گـەرمیانی سەرپەرشـتی هەرێمی پێنجی ئەکرد، هـەر لـەو سـەروبەندە دا کاك سیامەند کـە لێپرسـراوی لقـی کـەرکوك بـوو هـات بـۆ گـەرمیانو لـە نزیکـی دێـی بۆیسانە کـە ئەکەوێتـە بەردەم زنجیرە گردۆڵکەکانی چوارملانو لە تیرەی تەرخانینو دێیـەکی ئـاوەدارەو چـەڵتوکی بـاش ئەکـەن. پێشـمەرگەیان زۆر خـۆش ئەویسـتو خۆشـیان پێشمەرگەیان هـەبوو، لـەوێ کۆبوونەوەیـەکی پێکـردینو بـە کۆمـەڵێك دێهـاتی تری گەرمیاندا گەڕاو پاشان بـۆ قـەرەداخ ڕۆیشـتەوە، دوای شـەهید کردنـی کـاك سیروان دوژمن بەخەسـتی تـەرکیزی کـردە سـەر ناوچـەی قـەرەداخو ڕۆژ نـەبوو

هێز دەرنەچێتو دەست لە پێشمەرگە نەوەشێنێو شەهیدیان نەکات، یەکێك لەوانە کاك ئەحمەد داری زیاین بوو، کاك سیامەند نامەیەکی بۆ ناردین کەوا جەولەیەکی قەرەداغ بکەینو گەرکرا دەستێك لە دوژمن بوەشێنین لە تۆڵەی ئەو شەهیدانەمان، ئەو کاتە لیوای ۲۰ لە سەربازگەی خاتوو نازاری خوارووی قەرەداغ بوو، ئەم لیوایە سەربازەکانی هەموویان کۆن بوونو دەورەی دژی پارتیزانییان بینی بوو بۆ لێدانی پێشمەرگەو کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵاتیان، زۆر جار بە شەو دەرنەچوونو دەوری دێهاتەکانیان بۆ دۆزینەوەی پێشمەرگە ئەدا. ئەبوایە پێشمەرگە بۆ هەر دێیەك بچوایە شەبەقی بۆسەیان دەربکردایە بۆ ئەوەی ئەگەر دوژمن هات دەست بەکار بوونایە. زۆرجاریش بەشەو لە ناو دێدا نەئەخەوتین، پاش نان خواردنی ئێوارە پێخەفمان ئەبردو لە شوێنێکی چەپدا حەرەسیاتمان دائەناو لێی ئەخەوتین.

لە گەرمیانەوە کاك خالیدو کاك سەرکەوتو کۆمەڵێك پێشمەرگە خۆیان کۆکردەوە بۆ دیوی قەرەداغ، گەیشتینە دێی گومەتەی خوارووی دێی مەسۆیی‌و خۆرهەڵاتی سێوسێنان کە شێخە دێ بوو خەڵکەکەی چاكو بێ کێشەو گرفت بوون ، پیاوی‌وەکو خاڵە سەید ئەحمەدی تیابوو کە کەسێکی رێكو پێك بوو خزمایەتی لەگەڵ حاجی عەبدوڵڵای کەڵوەشیدا هەبوو،ئەم دێیە قوتابخانەیان هەبوو، بەڵام ئاوەکەیان چاك نەبوو نەخۆشی سیلی تیابڵاو بوو، خەڵکەکەی بەزەرعاتو باخدارییەوە خەریك بوون، زۆربەشیان شێخن. لەوێوە بەرەو سێوسێنان ئەڕۆیشتین کۆپتەریش هەر ئەسووڕایەوە، ئەوەندە قسەی زڵان کردبوو لە روومان نەئەهات خۆمان بشارینەوە، چووینە سێوسێنان تاکو ئێوارە ماینەوە ئینجا لە نێوان دێی کۆشكو سەربازگەی خاتوو نازداردا بۆسەیەکمان نایەوە، ئەو شەوە دوژمن دەرنەچوو، ئەوەندە مێشوولە پێوە داین تەواو بێزاری کردبووین. بە بەیانییەکەیا لە سێوسێنان نانو چامان خوارد پاشان بۆ مەسۆیی چووین، لە رێگا کاك سیامەندمان بینیو بۆ سێوسێنان ناردینیەوە، بەڵام خۆی نەهات، تا پێش نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە، من خەوتبووم برادەران بە ئاگایان هێنامەوە کە کۆپتەر ئەسووڕێتەوە، هەڵسامو داوام لە

پێشمەرگەکان کرد کە خۆیان تەییار بکەنو لەدێ دەرچن، پێشمەرگەکان دەرچوونو ئێمەش بەدوایانەوە، ماوەیەکی کەم لە دێ دوورکەوتینەوە کۆپتەرێکی بارهەلگر کۆمەڵێك سەربازی دابەزان پەلاماری گاوانی دێکەیان دا کەناوی نوری عەلە گوێزە بووو کەوتنە لێدانی ئەمەمان بەهەلزانیو ڕووەو شاخەکە خۆمان دەرباز کرد، بەلام لە خوار دێکەوە تەقەیەکی گەرم بوو زۆریشی خایاند ئاگریش لە هەموو لایەکەوە کەوتەوەو دووکەڵ ئەوناوەی داگرتەوە کە درەنگی لێهات خەلکی دێکەیان لەدەوری خۆیان خڕکردەوە، لەئێمەوایە بۆ گوژاندنەوەی دەغڵو دانەکەوائەکەن، کەچی کۆپتەرەکان هاتنو هێزەکەیان بارکردو بردیانەوە، دیارە لە ترسی خۆیاندا ئەوەیان کرد ئیتر ئێمەش هاتینە خوارەوە نزیکی دێبووینەوە، تووشی کابرایەك بووین هەواڵی تەقەکەمان پرسیووتی: براگانی شەهید سیروان لەکاتی هاتنی کۆپتەرەکاندا چوونە ناو دێوە تەقەی زۆریش کرا نازانم چیان بەسەرا هاتووە. ئیتر ئاگاداری برادەرانم کردەوە هەرچەند مەترێك چوومە پێشەوە شوێنەواری خوێنو لەفافو کورتە شەرواڵم بینی، لەپڕ یەکێك بانگی کردم: کاك مەحمود لێرەمو بریندارم. بەرم کردە لایەوە تەماشام کرد کاك ئەیوبی برای شەهید سیروانە. ڕامکرد بۆ لایو هەواڵیم پرسی زۆر بەووره بوووتی: کاك ئەکرەمو دکتۆر خەبات لە سەرووی منەوەن بزانن ماون یان نە. چوومە ئەولاترەوە ئەبینم ئەو دوو کەڵە مێردە گیانی پاکیان سپاردووەو بوونەتە قوربانی ڕێگای کوردو کوردستان، پاش ماوەیەك لە خوارەوەتر غەریبی برای شەهید سیروانیشمان دۆزییەوە. ئەو تەقە گەرمە شەڕی ئەو شۆڕە سوارانە بوو لە ڕوو بەڕووبوونەوەی هێزەکەی دوژمندا دەستیان لێکردبوونەوە، تەرمەکانمان هەلگرتو هەر ئەو شەوە لەگۆڕستانی سێوسێنان ناشتمانن، کەچی بە بەیانیا هێزەکەی بەعس هاتنەوە هەردوو تەرمەکەیان لە گۆڕ دەرهێناو بردیان، لەو کاتەی لەسەر گۆڕستان بووین بڕیارمان دا بچین لێیان دەین، لەڕێگا لەگەڵ برادەرانی کاك ڕۆستەم لێك گۆڕاینو نەخشەکەمان سەری نەگرت.

پاش ئەم ڕووداوانە ئیزنمان وەرگرت و بەرەو دیوی گەرمیان گەڕاینەوە، ئەو کاتە دەنگوباسێکمان پێگەیشت کە مەفرەزەیەکی جاش بە سەرپەرستی عاسی ڕەوە بەدزە بۆ ڕاوکردنی پێشمەرگە بەرەو چیای ئاژداغ و بناری دەلۆ دەرچووبوون ئێمە کەوتینە سۆراخی ئەو زانیاریەو لە مەفرەزەکەی خۆمان ٥ کەس جیابووینەوە : کاک سەرکەوت ، مەحمود سەنگاوی ، قادر مەحمود ، عەزیز بێستانەیی ، عومەر سەنگاوی .. چووینە گوندەکانی زستانە ، دووبراو لەوێ زەماوەندێك هەبووو وامن دانبوو جاشەکان خۆیان بدەن لەو ناوە بۆیە بۆسەمان بۆ دانان و دۆست و لایەنگرەکانمان بۆ هەواڵ زانین و گەیاندنی زانیاری بە ماڵی قادر مەحمود بلاوکردەوە ، هەواڵێکمان بۆ هات کە جاشەکان بە چاوساغی حسێن فەتاح لە خێڵی ئاخەن ، ئێمە بەرەو گوندی پێنج ئەنگوست و لەوێشەوە بۆ چیای ئاژداغ چووین بۆ چاودێری کردنیان ، لەوێ چووینە ئەشکەوتێکەوە کۆمەڵە کاغەزێکمان دۆزییەوە تازە دڕابوون کە کاغەزەکانمان دایەوە دەم یەك دەرکەوت نامەی حسێن فەتاحی چاوساغی جاشەکانە کە داوای کردبوو بە فەڕاشی خوێندنگەی خێڵی ئاخە دابمەزرێ ، دیارە هەر بۆ ئەوەش ئەو چاوساغیەی کردبوو.

شەوی ٢٠ـ١٩٧٩/٦/٢١ بە کاك سەرکەوتەوە پێنج کەس بووین لەنێوان مەسۆیی سەرچەم و خێڵی ئاخەدا خەوتبووین، حەرەسیاتمان دەرنەکردبوو ئاگامان لەوە نەبوو دوژمن هێزی هێناوەو هێرشی کردووەو پەلاماری گەرمیانی داوە، کاتژمێر ٣ی شەو هەڵساین لەو شوێنە دووربکەوینەوە، کاك سەرکەوت من و پێشمەرگەیەکی نارد بۆ مەسۆیی سەرچەم هەندێ پسکیت و خواردەمەنی بکڕین، دواییش بە سواری ئۆتۆمبیل بۆ شوێنی دیاریکراو بگەڕێینەوە، بەرەو مەسۆیی ڕۆیشتین نازانین بەجاش گەمارۆ دراوە، کە نزیك بووینەوە دنیا هێشتا لێڵ بوو، لە قەراخ دێ خۆمان گورج کردەوە، تاقم و پشتوێنمان توند کردەوە تومەز بە لای دوو جاشدا تێپەڕیوین، دوایی زانیمان یەکێکیان عوسەی هۆکل و ئەوی تریان خەلیفە شەریف بوو ناسراو بە شەفەی عەزە جۆخۆر، خەلیفەووتبووی: باتەقەیان لێبکەین. عوسە نەیهێشتبوو داینابوو بگەینە

ناودێو لە ماڵدا دەرگامان پێبگرن‌و دەستگیرمان بکەن، چووینە یەکەم ماڵ میوانێکیان هەبوو حاجی حەمە ڕەشید دراوسێمان بوو لە سەنگاو زۆری پێخۆش بوو یەکتریمان بینی‌وووتی: ئاگاداری ماڵەوەتان ئەکەم کە تۆم بینیوە ماڵەکە منالێکیان هەبوو ناوی کەریم بوو خەوتبوو، کە گوێی لەدەنگی من بوو ڕاپەڕی‌وووتی: کاك مەحمود ئەو حەرەسەی ئێوە ئەو جارەکە لەناو جاشەکاندا بوو،ووتم: کەریم گیان حەرەسمان نییە. یەکسەر گومانم کرد شتێك هەیە، هەڵسامە سەرپێ تەماشا ئەکەم چواردەورمان تەنراوە. هاوڕێکەم‌ویستی ڕابکا، دەستم گرت‌و پێم‌ووت: ڕێگەی ڕاکردن نەماوە، ئەگەر ماڵەکەیان پشکنی شەڕئەکەین تا ئەکوژرێین، ئەگەریش نەیان پشکنی ئەوا دەرئەچین، جاشەکان هاتنە بەردەرگای ماڵەکەووتیان: خاڵۆ میوانتان هەیە..؟

خاوەن ماڵ: نەخێر

جاشەکان: ئەی دوو زەلام هاتنە ماڵەوە چیان لێهات..؟

خاوەن ماڵ: کەس نەهاتووە.

ژنی خاوەن ماڵەکە لە پەسا دەم بەدوعا ئەیوت: پێغەمبەر دوو بزن مەولوو بێت هیچیان لێنەیەت. ئەمە ئەوەندەی تر ترسی ئەخستە سەرمان جاشەکان پێمان بزانن، لەم دڵە ڕاوکێیەدا بووین، لەپڕ کۆمەڵە جاشێکی تر خۆیان بەماڵەکەدا کردووتیان: پورێ کەس لەماڵتانا نییە..؟

پورێ‌ووتی : نەخێر

جاشەکان‌ووتیان : ماڵەکەتان ئەپشکنین

پورێ‌ووتی : منەتتان نەبێ

جاشێك فیشەکی لێخوڕی‌و بەرەو ژوورەکەی ئێمە هات‌ووتی: خوا داوێتی. هاوڕێکەم خەریك بوو تەقەی لێبکات، نەمهێشت‌ووتم: باپێمان بزانن ئەوسا تەقە ئەکەین. جاشەکە زۆر ترسنۆك بوو باش سەیری ژوورەکەی نەکردو گەڕایەوە، ژوورەکە درێژو باریك‌و تاریك بوو، بەئاسانی دەرنەئەکەوتین، جاشەکانی تریش لە ماڵەکە دەرچوون، پورێش هەر ئەپاڕایەوەو ئەیووت: شکور خوایە شەرمەزار نەبووین. پاشان جاشەکان داوایان

لەخەڵکی کرد لە شوێنێکی ناودێ کۆببنەوە سۆراخی ئەو دوو زەلامەی هاتنە ناو دێوە پەیدابکەن ئەگینا تووشی کێشە ئەبن، ئێمە لە کونێکی بچووکەوە تەماشای جاش و خەڵکەکەمان ئەکرد، خاوەن ماڵەکەمان عومەر عەلی ناوخاس ڕەنگی گۆڕابوو، شەو لەناو ڕاندا خەوتبوو، یەکجار قەڵس بوو بوو بەتوندی و دەنگی بەرز قسەی ئەکرد، جاشەکان ڕوویان تێکرد: ئەم بەیانییە لەناو ڕانەکەتدا بووی دوو زەلام بەلاتا تێپەڕین چۆن نازانی چیان لێهات..؟ کابرا وەڵامی دانەوە: ئەم بەیانییە دووکەسم بینی بەرەو تەپەسێ بە هەڵەداوان ڕۆیشتن. جاشەکان کەئەمەیان بیستوازیان لە خەڵکەکە هێناو بەرەو تەپەسێ ڕۆیشتن، لەو لاشەوە کاك سەرکەوتو دوو برادەرەکەی تر کەوتبوونە ناو سوپای دوژمنەوە، بە پەلە پرووزێ بۆی دەرچوو بوون، کە جاشەکان دوور کەوتنەوە، ئێمەش لەناو دێ دەرکەوتین.

بە ڕاستی لە بارێکیوادا دوژمن ئابلۆقەت بداو کەست بەدەورەوە نەبێت، شتێکی ئاڵۆز و ناهەموارە. جۆرەها بیرۆکە لە مێشکتدا تێئەپەڕن، دڵ ختووورەیوا ئەکات لە کاتی ئاساییدا بۆی ناچێ. ئەمە لەوانەیە دوو لایەنی هەبێت، یەکێکیان لە ئەنجامی ترسدا بێت، ئەوی تریان گەڕان بەدوای دەرباز بوون، جاریواشە، هەردوو لایەنەکە تێکەڵ ئەبێو یەکێکیان زاڵ ئەبێت. لەجەنجاڵی ئەم مەسەلەیەدا بەپەلەوەکو فلیمی سینەمایی چەندین جۆرە بیری تیژ بە بەرچاوو مێشکمدا ئەهاتو ئەچوون، جارێك بیرم ئەکردەوە خۆم بکوژم، دوای شەڕێکی باش و دەستوەشاندن نەك بەردەستی دوژمن بکەوم، بڕیاری ئەوەم دابوو خۆبەدەستەوە نەدەم، یانەبێ بکوژرێم یا ڕزگاربم، خۆبەدەستەوەدان هی پیاوی ئاشازایە، جگە لەوەش کار لەدەروونی پێشمەرگەو خەڵکیش ئەکات. دوو فیشەکم دانابوووەکو یەدەك بۆ خۆکوشتنم. دوای ئەوەی دوژمن تەنگم پێهەڵبچنێ خۆمی پێتەواو بکەم. هەرچەندە بیری خۆکوشتنم بەناچاری نەبێ بەلاوە چاك نەبوو، کە من ئاواتم ڕزگاری گەلەو زیاتر بەردەوام بوونم لە مەیدانی خەباتداووردەووردە گزنگی گەشبینی بەسەر دەواری ڕەشبینیدا هاتو کونجی دڵو دەروون و مێشکمی ڕووناك ئەکردەوە، کەواتە جگە لە هەڵبژاردنی

مردنی ناچاری ڕێگەی دەربازبوونیش هەیە، زۆر کەرەت پێشمەرگە ئەتوانێ دەستیش بوەشێنێو خۆشی ڕزگاری ببێ، بەڵام ئەوی ئێمە خەڵکە دڵسۆزەکە دەوریان بینیو جاشەکانیان چەواشە کرد، بۆ ئەوەی پارووپەکی تێرو تەسەلیان دەسکەوێ کەوتنە هەڵپە بۆ دۆزینەوەمان لە شوێنێکی تر، کە لەدێ دەرچووین تەماشا ئەکەین کاك سەرکەوت بەسواری ماینێك بەغار بەرەو لامان دێت، لەووایە ئێمە گیراوین، کە ئێمەی بینی گەشایەوەو بەرەو دێی قەڵۆز لوغمان کەوتینە ڕێ، لەگەڵ ئەوانی تریش یەکمان گرتەوە، لەوێ پشووماندا، ئینجا بەرەو ناوچەی باشکیو شاتری ڕۆیشتین، شەوێك لە کانیکەوەی باشکیماینەوە، خەبەری کاك سامانمان زانی کە لە دەوروبەری تووە قوتە، بەرەو لایان ڕۆیشتین لە دێی قەڵبەزەی کە ماڵەیی یەکمان گرتەوە، لەگەڵ کاك ساماندا بڕیارماندا بەو دێهاتانەی نزیك جادەی کەلار - دەربەندیخاندا جەولە بکەینو کۆبوونەوەیان بۆ بگێڕین، لەوێوە بەرەو ڕۆسەی شامار ڕۆیشتین لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە ئاگادار کراینەوە کە هێزێکی سەربازی لەگەڵ کەمپاینی هەرەوەزیدا نێردراوە بۆ دەرەوکردنی دەغڵو دانی ناوچەی شاتری بەهەڵمان زانی لەبەر چەند هۆیەك دەستێکیان لێبوەشێنین:

١.وەرزەکەی هاوینو گەرماوسەبوون بوو، دونیا تۆزو گەردەلوول بوو، ڕۆژەکەی لەبار بوو بۆ شەڕکردن، ترسی هاتنی کۆپتەریشمان نەبوو.

٢. لەو ناوچەیەدا لەدوای ئاشبەتاڵەوە شەڕی پێشمەرگەو دوژمن نەکراوە.

بۆیە بڕیارماندا لێیان بدەین، دیراسەی هێزەکەی دوژمنمان کرد، شوێنی شەڕەکەمان هەڵبژارد، بەپێی نەخشەیەکیووردو ڕێکو پێك هێزەکەی خۆمان کرد بەسێ بەشەوە:

١. بەشێکی: لای خوارەوەی هێزەکەی دوژمن بگرێت بۆ دوو مەبەست:

أ. کەمین بن بۆ دەرباز نەبوونی سەربازەکان

ب. کەمین بن بۆ لێدانی هێزی تازەی لە ڕێگاوە هاتووی دوژمن

٢. بەشێکی تر لەسەر زنجیرە شاخی پشتی هێزەکەی دوژمن بنوەکو پشتیوان

٣. هێزێکیش لەسەرەوەو ناوەڕاستەوە بۆ پەلاماردان.

گەیشتینە نزیکی دێی خاڵەبەگی سەر بەناحیەی تیلەکۆ کەلەسەر جادەی کەلارــ باوەنوور ۹ کیلۆمەتر دوورە. ئەکەوێتە بەردەمی زنجیرە گردۆلکەیەكو چەمێکی بە بەرا ئەڕوات، خەڵکەکەی تێکەڵن لەتیرەکانی مامۆیی‌و شاتری‌و خەریکی کشتوکاڵ‌و ئاژەڵدارین. ئاویان کەمە، قوتابخانەیان هەبوو، مامۆیییەکان خزمی مام ساڵەح گۆڕی ئەسپین، لەدوای حاجی ئەحمەدی برای دەم سپی تیرەکەیە، لەبنەڕەتدا مامۆیییەکان ئەچنەوە سەر تیرەی هاروونی، بەهۆی ناکۆکی ناو خۆیانەوە پەرەوازەی ناو ڕۆغزایی‌و شاتری بوون.

هێزەکەی دوژمن لەسەرووی دێی خاڵەبەگ کەپێی ئەوترێ: پەینکەبڕاو کە کەمپاینەکان کاریان ئەکرد لە چەند جێگایەك مۆڵی دابوو.

ڕۆژی ۱۹۷۹/٦/۲٤ کاتژمێر ٥ی ئێوارە تەقە دەستی پێکرد. ئێمە لەگەڵ کاك سەرکەوتدا دەستەی هێرش بووین بەڕاکردن خۆمان نزیکی ئۆتۆمبیلەکان کردەوە، تەقەیەکی چڕو خەستمان لەسەر بوو، سەربازەکان دۆڵێکی قووڵیان لێگرتبووین بە سەنگەر، کاك سەرکەوت زۆر بەئەسپایی ئەهاتە ڕێوەو تەقەی گەرمی لە سەر بوو، لە شوێنێکەوە زاڵبووین بەسەریاناو پەلامارماندان، دەستمان گەیشتە یەکەم ئۆتۆمبیل‌و شۆفێرەکەمان کوشت، کۆمەڵێك فیشەك‌و کەل‌وپەلمان گرت، کلاشینکۆفێکی مزەلی قازمان دەست کەوت، هەروەها کۆمەڵێك ئۆتۆمبیلمان سووتاندو برێك سەربازی تریش کوژران، کاك سەرکەوت لە پێشەوەو منیش بەدوایدا بەدۆڵەکەدا چووینە خوارەوە، بەدەم ڕێوە خەریکی مەخزەن پڕکردن بووین‌و تەقەشیان لێئەکردین، سەربازێك بەرامبەری سەرەتاتکێی ئەکرد، ئاگادارم کردەوەووریابێ،ووتی هیچ نییە، دووجاری تر بانگم کردەوە توورە بوو.

لەبەرئەوەی سەربازەکە لە عاستی ئەودابوو بوار نەبوو تەقەی لێبکەم، سەربازەکە تەقەی لێکردین‌و کاك سەرکەوت لەپێشەوە پێکرا، سەربازەکە لە تەقەکردن‌وەستا چاودێری منی ئەکرد بزانێ چی ئەکەم، کە کاك سەرکەوت کەوت هەڵگەڕامەوە لە پشتەوە مشتم لێگرت‌و تەقەم لێکردو کوشتم، بەپەلە

گەڕامەوە لای کاك سەرکەوت تەنیا تەماشایەکی کردمو هیچ دەنگی لێوە نەهات، چاوەنەرمەکانی تاهەتا هەتایە لێکنا، چووم ئاگاداری برادەرانم کردەوە کە کاك سەرکەوت بریندارە بادەربازی بکەین، نەمووت شەهید بووە، نەکو کار لەوورەی برادەران بکات، لەو کاتەدا هێزێکی تری دوژمن لە ڕێگەی زەماوەنگەوە بەهانای هێزەکەیەوە هات، برادەرانی تر کە بریتی بوون لە کاك سامانو مام ساڵەحو شێخ کەریمو شێخ جەمال لەخوارەوە لێی ڕاپەڕین، بە یەك پەلاماری شێرانە ئەو هێزەیان پرژوّڵ پرژوّڵ کرد، بەشێکی لێکوژراو بەشەکەی تر بە پەلەقاژە لە مەیدانی شەڕەکە هەڵهات، هەر پێشمەرگەیەك پاڵەوانێك بوو بۆ خۆی، هیچ هێزێکی دوژمن خۆی لە بەردەم شاڵاوی ئازایەتیو تەوژمی تووڕەییاندا ڕانەگرت، کردەڕەهاتێك بەسەر ئەو هێزەی دوژمندا هات مەگەر کامێرای هونەرمەندێکی لێهاتوو بتوانێ وێنەی بگرێ. سەرکەوتنی گەورەمان بەدەستهێنا بەڵام داخمان ناچێ گیانی بەرزی ڕۆڵەیەکی دلێری گەلەکەمان لە دەست دا، نەك هەرئەوە بەڵکو تەرمەکەشی دەرباز نەکراو دەست ئەو هێزەی دوژمن کەوت.

کاك سەرکەوت شاخێك بوو بۆ خۆی، دنیایەك ووره بوو سڵی لە مردن نەئەکردەوە، ئەو هەر ئاشبەتاڵی بە شۆڕش نەکردبوو، ڕێبازی دوژمنایەتی بەعسی داگیرکەری گرتبووەبەر، ئاواتی هەرە گەورەی ڕزگاری کوردو کوردستان بوو. بە شەهید بوونی کۆڵێك خەمو پەژارە دایگرتین تا ئەو کاتە پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا شەهید نەبوو بوو هێشتا برینی شەهید بوونی کاك سیروانو هاوڕێکانی سارێژ نەبوو بوو برینێکی تر لە ناخمانا سەری کردەوە، بە تایبەتی گیرانی تەرمەکەی زۆر ئازاری داین، بەڵام پیرۆزی ڕێگای خەباتی، گەورەیی بیرو ئامانجەکانی، دڵسۆزیو پاکی کەسێتی ئەو هانی ئەدایـن لەسەر ڕێی تێکۆشان شێلگیرتربین.

کاك سەرکەوت خۆشەویست بوو، لەناو پێشمەرگەو خەڵکدا ناوی ڕۆیشتبوو، تەنانەت دوژمنیش حیسابی زۆری بۆ ئەکرد، کە تەرمەکەی برایە کەلار خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبووبووەوەو بەوپەڕی شکۆمەندییەوە بەرەو

گۆڕستانی کەلار بەرێکرابووو ناشتبوویان، لەو شەڕەدا ۸۰ سەربازو یەك سەرەك جاش بەناوی عەلیوەسمان کوژرا، هەشت ئۆتۆمبیل سووتێنرا کۆمەڵێك چەكو کەرەسەی سەربازی ترمان دەسکەوت.

لەو شەڕەدا هەندێ هەڵەمان هەبوو:

١. هەرچی ئۆتۆمبیل کەوتە بەردەستمان سووتاندمان، ئەبوایە ئەوەمان نەکردایە هەرچی کەرەسەی دەستکەوت بوو پێمان بگواستایەتەوە.

٢. کە کاك سەرکەوت شەهید بوو هەوڵی دەربازکردنیمان نەدا، خجڵی شەڕەکە بووین، کاتێ شەڕ تەواو بوو زانیمان هێزەکەی دوژمن تەرمەکەیان بردووە، ئەمەش لە دوو سەرەوە خراپی هەیە:

أ/ کار لەووردی پێشمەرگە ئەکاتو زۆرجار ئەبێتە مایەی رووخاندنیووا هەست ئەکا هەرکە شەهید بوو بایەخی نادرێتێ. بە پێچەوانەوە گیانی شەهید زۆر بەنرخو بەرزە. لە گیانی پێشمەرگە زیندووەکان کەمتر نییە.

ب/ هەستی خەڵکی ئەووروژێنێو بگرە هەڵوێستی سەلبیان لا پەیدا ئەبێ.

لە هەر شەڕێکدا ئەبێت کۆمەڵێك شت ڕەچاو بکرێ، یەکسەر حوکمی ڕەهاو بڕیاری سەرپێیی نەدرێ، هەرکەس بەئارەزووی بیرو لێکدانەوەی مێشکی خۆی دیوەخانی قسە نەڕازێنێتەوە:

١. ئەبێ ڕەچاوی بارودۆخی شەڕەکە بکرێ، ئەبێ ئێمە هەڵیبژێرین نەك دوژمن بیسەپێنێ.

٢. ژمارەی هێزی ئێمەو دوژمن کە بەراوورد ناکرێ ڕەچاو بکرێ، لەوانەیە دەستەیەك پێشمەرگە بکەونە شەڕی فەوجێك یا لیوایەك کەواتە شەڕەکە نابەرامبەرە.

٣. جۆری چەکی ئێمەو دوژمن لە یەك ئاستدا نین، چەکی ئێمە کۆنو سەرەتاییو هی دوژمنیش تازەترین تەکنیکی سەربازی هەبوو.

٤. دوژمن دەیان دەزگاو تۆڕی جاسوسیو چاوی هەبوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاریو پەلاماری پێشمەرگە لەهەر هەلومەرجێکدا، بەڵام ئێمە ئەو توانایەمان نەبوو، مەگەر ڕاپۆرتی ڕێکخستنو زانیاری دۆستەکانمانو بەشوێندا

گەڕانی خۆمان کە ئەویش زۆری ئەویست لە ڕووی کاتو تواناو شارەزاییی یەوە.
ئەم شەڕە دەرسێکی باشی دادایین بۆ خۆ کۆکردنەوەو بیرکردنەوە لە مەسەلەی شەڕو زیانو دەسکەوتو پەلامارو پاشەکشە.

پاش شەڕەکە هەڵکشاینەوە بۆ دێهاتەکانی سنووری باشکی. خەڵکی لە لایەکەوە بەخۆشییەوە پێشوازی سەرکەوتنەکەیان لێئەکردین، لەلایەکی تریشەوە بەدڵێکی پڕ لە کەسەرەوە تەماشایان ئەکردین، کاك سەرکەوت دیار نییە، ئێمە دڵخۆشی خۆمانو خەڵکەکەشمان بەوە ئەدایەوە کە خۆمان ئەو ڕێگایەمان هەڵبژاردووەو ئەبینە قوربانی، هەرچەندە کاك سەرکەوت شەهید بووە بەڵام یادی ئەوو ناوی ئەو هەمیشە نەمرە.

ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٢٨ لە کۆبوونەوەیەکی کەرت دا من کرام بە فەرماندەی مەفرەزە لەم ماوەیەدا بە دەم جەولە کردنەوە ڕۆیشتینە دێی قولیجانی سەرحەد لە ماڵی قادری گوڵخاس لامان دا، مام قادر کەپیاوێکی پیرو کەنەفت بوو لێی پرسین: ئێوە چی ئەکەن..؟ووتمان: شۆڕش ئەکەین.ووتی بە چ شێوەیەك شۆڕش ئەکەن..؟

ووتمان: ئەمجارە بەشێوەی پارتیزانی شۆڕش ئەکەین.ووتی: پارتیزانی چییە..؟ووتمان: لە دوژمن ئەدەینو کوتوپڕ ئەگەڕێینەوەو خۆمان ئەشارینەوەو ئەوەی دەستمان ئەکەوێت لە کەرەسەو کەلوپەل‌وچەكو تەقەمەنی دوژمن لەگەڵ خۆماندا ئەیهێنینەوە.

ووتی: بەچی ئەگەڕێن.ووتمان: بەپێ ئەگەڕێین! سەرێکی باداوووتی: هەتا هەریەکەتان ئەسپێکی باشی پێ نەبێ بڕوام بەسەرکەوتنتان نییە.

دیارە مام قادر لەسۆنگەی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی نەمردوە ئەیروانییە ئێمەو شۆڕشی نوێ. کە ئەو زەمانە پیاوەکانی شێخ مەحمودی نەمر کەچەتەیان پێ ئەووتن زۆربەیان بەسواری ئەگەڕان. کەلوپەلی جەنگییان سەرەتایی بوو. دیارە بۆ ئێمەی پارتیزان‌ووڵاخ دەست نادات چونکە زوو لەلایەن دوژمنەوە ئاشکرا ئەبین. هەر چەندە هەندێ جار هەندێ لەبرادەرانمان‌ووڵاخیان هەبوو سواری ئەبوون کە پێویستیان نەبوایە لە دێیەك لای دۆستێك دایان ئەنا.

جاشـەکانوەك هەمیشـە بـوو بـووە پێشـەیان دەرئەچـوون بـۆ ڕاوە پێشمەرگە بە تایبەتی لە گەرمیاندا. جاشـەکانی تەحسـین شـاوەیس خوێڕییانـە بەو کارە هەڵئەستان.

ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٧ ئێـوارە ئـەبێ لـەخوار دێـی تەپەگەڕوسـەوە جاشـەکانی تەحسـین تووشـیان بـە کـاك شـەماڵو دوو پێشـمەرگەی تـرەوە ئـەبێ، تەقـە بەرپائەبێ، ماوەیەك بەرگری ئەکرێ، لـە دواییـدا کـاك شـەماڵ کـەناوی نـەوزاد محەممـەد ئـەمین بوو، ڕابـەری سیاسـیمان بـوو بەرئەکـەوێتو شـەهید ئـەبێت، پێشمەرگەکانی تر دەرباز ئەبن، ئەم مەفرەزە جاشە پێشەنگی هێزێکی گەورەی دوژمن بوو بۆ ناوچەکە، ئەوەبوو ڕۆژی دواتر ئەو هێزە ئەچێتە ناو دێی گۆڕی ئەسـپ لـەوێ مـام سـاڵەحو ڕووتـە کـەلاری (ئەبـەردی حەمـەی مینـا)و چـەند پێشمەرگەیەکی تر تووش ئەبنو لە دووری دووسەد مەترێك لە سەربازەکانەوە خۆیـان دەربـاز ئەکـەن، بـەرەو هـەردەو تـەلانی ئـەو دیـو دێکـە شـۆڕ ئەبنـەوە، سـەربازەکان بـە دوایانـەوە ئۆگـەف ئۆگـەفیان لێئەکـەن، هـەر لـەو کاتانـەدا کۆپتـەرەکانیش بـە سـەریانەوە ئەسـووڕێنەوە،وا خۆیـان قـایم ئەکـەن بۆیـان نادۆزرێنـەوە، هـەر لـەو کاتانـەدا کۆپتـەرەکانیش حەرەسـی دەسـتەیەکی تـری پێشمەرگە لەدێی کانی گوڵی بناری شاخی شوقەیت بـەدی ئەکـەنو هەڵئەکوتنـە سەر دێکەو بۆردومانی ئەکەن، پێشمەرگە ئەیانەوێ لە دێ دەرچن، کۆپتـەرەکان لێیـان ئـەدەنو تەقـە دەسـت پێئـەکات، ئـەنجام سـێ پێشـمەرگە: برایمـە ڕەش گۆبـانیو سـەلام کـوردەمیریو ئەبـەز گـۆڕی ئەسـپی شـەهید ئـەبنو چـەند پێشـمەرگەیەکیش برینـدار، لەوانـە کـاك شـێرزاد کـادیری ناوچـەی بـاوەنوور بەسـەختی دەسـتی بەرئەکـەوێو دواتـر ڕەوانـەی نەخۆشـخانەکانی ئێـران کـراو لەوێ تیمار کرا.

ڕووەو دێهاتەکانی زەنگنە چووین، گەیشتینە دێی حاجی چاوشین، مامـە چاوشین پیاوێکی باڵابەرزو پیرو بەساڵا چوو بوو، کاتی خۆی زۆر بـەهێز بـووە، زۆر دڵسۆزی کوردایـەتی بـوو، کـەدەنگـو باسـی شـەڕەکەی بیسـتو کۆپتـەر چـی کردووە، ڕووی دەمی تـێکردینوووتی: ڕۆڵـە ئـەو کۆپتەرانـە ڕۆژانـە دێنـە سەر

خەڵکی دێهاتەکانو بۆردومان ئەکەنو پێشمەرگە شەهید ئەکەن، بۆچی چارەیەکیان بۆ نادۆزنەوە..؟ ئێمەشووتمان: چەکەکانمان سووکە، کۆپتەر چەکی قورسی ئەویۆ ئێمەش نیمانە تاکو بیخەینە خوارەوە. مامە چاوشینووتی: ئەگەر بەقسەم بکەن چارەسەرەکەتان پێئەڵێم،ووتمان: فەرموو،ووتی: لە نزیك دێهاتەکان سەنگەری قووڵ بکەنو بە پووشو دار سەری بگرنو خۆتانی تیا بشارنەوە، کاتێ کۆپتەرەکان ئەنیشنەوە هەڵسنو پەلاماری بدەنو فیشەك بنێنە جەمسەرەکەیەوەو ئیتر ناتوانێ هەڵسێتەوەو سایەقەکەی بگرنو بیکوژن، مەبەستی لە جەمسەرەکە پەروانەکەی بوو.

ئەم قسانەی مامە چاوشین دوو لایەنی هەبوو:

١. ئەویشوەکو ئێمە لە کۆپتەرومرس بووبوو کە زیانی زۆری ئەدا چ لە خەڵکیو چ لە پێشمەرگە.

٢. ئەیویست پێشمەرگەوەکو چۆن ئازان بۆ ڕێگا چارەیەك بگەڕێن بۆ چاوترساندنی کۆپتەرەکانی دوژمن تانەوەندە بواریان نەبێ دەستبکەنەوە.

هەرچەندە بۆچونەکەی ئەو ڕێگاچارەیە نەبوو بەلام پەرۆشیەکەی جێگەی تێڕامان بوو.

لە گۆڕانێکی کوتوپڕدا ڕۆژی ١٩٧٩/٧/١٧ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە کاری سەرکۆماری عێراق لابراو سەدام حسێن هاتەشوێنەکەی.

ئەمە کودە تایەکی بێدەنگ بوو، بێ خوێنڕشتن خوێنڕێژێکی چەقۆکێش بگاتە کورسی فەرمانڕەوایی. دیارە ئەمە نەك لە ئاستی کاری حکومەتیدا بوو بەڵکو لە ناوەوەی حیزبیشەوە کاری بۆ کرابوو. پشتیوانییەکی باشی مسۆگەرو زەمینەی خۆشکردبوو بۆ ئەو هەنگاوە کوتوپڕەی.

هەرچەندە بەرنامەی حیزبی بەعس بە دەست ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر یان سەدامەوە بێ هەر هەمان بەرنامەیە گۆڕانی تیا ناکرێ بەلام جیاوازییەك هەر لە هەڵسوکەوتی کەسەکاندا هەیە.

کەسایەتی ئەلبەکرو سەدامیش جیاوازییان هەیە بە تایبەتی ئەلبەکر نەفسەری سەربازی بوو، ئیلتیزاماتی تایبەتی خۆی هەبوو کە چی سەدام

بەرەلایەکی چەقۆکێش بوو، کاتێ دێتە سەر حوکمیش هەر هەمان ئەو کەسە چەقۆکێش و توند ڕەوەیەو گۆڕانی ئەوتۆی بە سەرا نایەت بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ئاڵۆزەکانی ناو کۆمەڵگای عێراقی و بە تایبەتی دۆزی کورد کە حیزبی بەعس هەر لە کۆنەوە لە سەنگەری دژایەتی کردنیدا بووە.

ئێمە لەجەولەدا بووین، ئاگادار کراینەوە کاک سیامەند بەرەو سەرکردایەتی ڕۆیشتووە، مانگی ١٩٧٩/٩ لە لایەن سەرکردایەتییەوە کاک مستەفا چاوڕەش وەکو فەرماندەی هەرێمی پێنج بۆ قەرەداخ نێردرا. بۆ پێشوازی و چاوپێکەوتنی چووینە دیوی قەرەداخ و لەنزیك دێی هۆمەر قەڵای پەنای شاخی زەردە دا یەکمان گرت و کۆبوونەوەیەکمان کرد کەتێیدا لە سەر کاری تازەی هەرێم و ئەو ئاڵو گۆڕانەی لەمەیدانی خەباتدا هاتووەتە پێشەوەو باسێکی بارو دۆخی شۆڕش و دەوری پێشمەرگە لە ئەنجامدانی ئەرکەکان و چوونە ناو خەڵك و ئاراستەکردنیان و دەستوەشاندن لە دوژمن و وەرسکردنی کرا.

لەو کاتەشدا کاک مەلا بەختیار کە ئەندامی سەرکردایەتی بوو بۆ سەردانی هەرێمی پێنجی قەرەداخ هاتبوو، لە سەرووی دێی تەنگیسەر کۆبوونەوەیەکی پێکردین و لە سەر بارودۆخی شۆڕش و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شەهید بوونی کاک ئارام قسەی بۆ کردین کە لە ڕۆژی ١٩٧٨/١/٣١ لە لایەن مەفرەزەیەکی تەحسین شاوەیسی خۆفرۆشەوە لە دێی تەنگیسەری قەرەداخ بە پێی زانیارییەك کە پێیان گەیشتبوو پەلاماری ئەدەن و لە ئەنجامدا شەهیدی ئەکەن.

کاک ئارام نەك هەر سەرکردەیەك بوو بەڵکو ڕۆشنبیرێکی گەورەی کورد بوو لە دوای خاڵە شەهاب ڕۆڵی سکرتێری کۆمەڵەی ئەگێڕا. لەو کۆبوونەوەیەشدا هەڤاڵ کوێستانی شیعرێکی لە سەر شەهید ئارام و تەنگیسەر خوێندەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی :

ئەوا ئێستا

لە کوردستانی ئاراما

لە کوردستانی قەتماغەو

کێڵگـــەی زامـــا

هــــەر دەوەن و

بـن تاشـە بەردی چیایـە

ســـەنگـەرێـــکە

قوتابخانەی دروستبوونی

ئارامیـێـکی تـری تیایـە

ئەوەی پێویستە بووترێ لە نەورۆزی ١٩٧٩ دا بوو بۆمبێکی گەورەی تیا تـەقیبووەوە کـە ئـەویش جیـا بوونـەوەی بەشـێکی بزووتنـەوەی سۆسیالیستی کوردســتان بــوو، کۆمــەڵێك پێشــمەرگەو خــەڵکی تــر بەچــەكو تفاقــەوە دوورکەوتنەوە، حیزبی سوسیالیستی یەکگرتووی کوردستانیان پێکهێنا کەپاشان حیزبی سوسیالیستی کوردستانی لێجیابووەوە، بۆیە کاك مـەلا بـەختیار بەپەلە گەڕایـەوە سـەرکردایەتیو هێزێکـی لـە هـەرێمی پێـنج لەگـەڵ خۆیـدا بـرد کـە بەشێکی زۆری لەکەرتـەکانی گـەرمیان بـوو، کـاك سـامان سەرپەرشتی ئـەکردو منـیش‌وەك (ف.م) لەگـەڵیا بـووم. مـانگی ١٩٧٩/١٠ گەیشـتینە سـەرکردایەتیو لەبارەگاکانی ماینەوە.

ئـەو نـاکۆکیو جیابوونـەوەی هێـزە شـتێکی نـاخۆش بـوو. بـۆ یەکـەم جاریش بوو هێـز لـە یـەکێتی جیابێتـەوە. بـەڵام ئەمـە نـەبووە مایـەی شکستی یەکێتییان لاواز بوونی ڕیزەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە زەمینەی خۆش کـرد بـۆ ئەمسەرەو سەرکردنی هەندێ خەڵکی کەلەوانەیە هەندێ قەوارەی شۆڕشگێڕانە بشـێوێو شـێوازی تـازە بێتـە ناوەوەوکێشـەو ئـاڵۆزی پەیـدا ببـێ. لێـرەدا دەوری ڕێکخسـتنو ڕاگەیانـدن دەرئەکـەوێ بـۆ بەرپەرچـدانەوەی کـاری چەواشـەو بـێ بەرنامەیی کارکردن.

(ی.ن.ك) دەرسێکی باشـی لـەم مەسـەلەیەوەرگرتو بـەگورجی خـۆی بـۆ تـەییارکردو بـیرو ئامـانجی ڕەوای خـۆی بـۆ سـازدا، کادیرەکـانی مەسـەلەکانیان بــەووردی ئــەورووژانو مێشــكو بــیری پێشــمەرگەیان بــە مەبەســتی ڕاســتیو دروستی کێشەکە ڕۆشن ئەکردەوەو لـە نـاو خەڵکیشـدا بـە کۆبوونـەوە شـتەکان ئەخرایە بەرباسو قسە.

ئێمـە باوەڕمـان بەیـەکێتی ڕیزەکـانی گەلەکـەمان هـەبوو، حەزیشـمان نەئـەکرد لـەم بارودۆخـە ناسـکەی خـەباتو شۆڕشـدا تووشـی پـەرتو بـڵاوی‌و لێکدابڕان ببین.

لـەو بەشـبەش بوونـەدا تـەنیا دوژمـن سـوودمەند ئـەبێ‌و نەخشـەکانی باشـتر سـەر ئـەگرێ‌و بـواری هاتنـە ژوورەوەی جاسـوس‌و چـاوەکانی بـۆ ناومـان ڕەخساوتر ئەبێ.

گەر تەماشـای مێـژووی شۆڕشـی کوردو حیـزب‌و ڕێکخراوەکانی بکـەین، ئەمە یەکەمین جیابوونەوە نەبووە، بەڵکوو ئەبێ لەم بابەتە زۆر بـووە، لـە هـەر جارێکدا هەر شتێك لەم بارەیەوە ڕووئەدات کاریگەری خۆی ئـەبێ جگـە لـەوەی ڕەوڕەوەی شـۆڕش لـە گەشـەکردن دوائـەخات‌و بێبڕوایـی‌و متمانـەی نـاو خـەڵکی کەم ئەبێتەوەو زۆر هەڵلان لە کیس ئەچێ.

هـەموو یـەکگرتن‌و جیابوونەوەیـەکیش هـۆی دەرەکـی‌و نـاوەکی خۆیـان هەیە. ئەگەر هۆیە ناوخۆییەکان لەبـەر نـەبوونی بەرنامەیـەکی تێـرو تەسـەلی خـەبات لـە ڕووی فیکری‌وسیاسـی‌و نـەبوونی دیموکراسـی‌و بگـرە ڕەچـاوکردنی بەرژەوەنـدی تاکەکەسـییەوە ڕۆڵـی خـۆی بینـی بێـت، بـەڵام لـە پەنایـدا کنـەی دوژمنـــان‌و هانەهانـــەی نـــەیاران‌وەکو هـــۆی دەرەکـــی بوونەتـــە سەرچـــاوەی تەقاندنـەوەی ناکۆکییـەکان‌و ئـەنجا جیابوونـەوەیش کـە لێـرەدا بەرژەوەنـدی شۆڕش‌و خەڵکی ڕەچاو ناکرێ تەنیا بەرژەوەندی دەستەو تاقمێك نەك هی گەل لەبەرچـاو ئـەگیرێ، بـۆ یـەکلایی کردنـەوەی گرفتـەکانیش پـەنا ئەبرێتـە بـەر لوولەی تفەنگ کە ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا کارەساتە، چونکە زمانی گفتوگۆ حاکم نییە، لەم بوارەشدا پێکادان ئەبێ‌و خوێن ئەڕژێت‌و هـەتا دێـت گـۆمی ڕق قووڵتر ئـەبێت، زۆر جـار ئەگاتـە ئـەو ڕادەیـەی بەشـی ئاشـتی تێـدا نامێنێتـەوە، چونکە ئاسـۆی ئاشـتی‌وونە یـان ئـەو تاقمانـە لەگـەڵی شـەیتانی ئارەزووەکانیـان نایەنە خوارەوە. کەچی‌واقیع ئـەوە پێویسـت ئـەکات دوارۆژ بەچاویلکەی تـەڵخ نەبینن‌و بیریان بۆ ئەوە بچێت دوور یان نزیك لەسەر خوانی گفتوگۆ دانیشن‌و بـۆ چارەنووسـی گـەل بـە هـەنگاوەکانی خۆیانـدا بچـنەوە. ئـەو هێـزە بـۆ جیابوونەوەکەیان پاساوی زۆر دێننـەوە بـۆ ڕەوایـی دانـە ئـەو هـەنگاوەیان کـە

نابوویان، مەرجیش نییە هەموو بیانووەکانیان ڕاستو درووست بوو بێ، بەڵکو بەشێکی زۆری لە دەروونێکی نەساغو دوور لە پرەنسیپی ڕێکخستنو کاری حیزبییەوە سەری هەڵئەدا کە نەیانئەتوانی خۆیان بە خەباتی ڕاستو ڕەوا بۆ پاکسازی ڕیزەکانی ڕێکخستن لە ڕێگەی ململانێی شەریفانەوە یەکلا بکردایەتەوە.

کادیرو سەرکردەکانی بزووتنەوە خۆی لە خەڵکی تر بە گەورەتر ئەزانی ئەیانویست کەسی یەکەمو بڕیاردەر بن، جگە لەوەی بەرنامەی کۆمەڵەیان بە دڵ نەبوو، دژیشی بوون. گەرچی لە ناو سەرکردایەتی بزووتنەوەشدا یەکدەنگی نەبوو، نەگونجانو ناکۆکی لە ڕیزەکانیانا هەبوو، بە تایبەتی ڕەسوڵ مامەندو د.مەحمود زۆر دانوویان پێکەوە نەئەکوڵا، کاتێک کە ئەو ناکۆکییانە لە ناو هێزەکەیاندا ڕەنگی ئەدایەوە زۆر لە پێشمەرگەکانیان ئەگەڕانەوە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ئەو هێزەی جیابوونەوە، دوور کەوتنەوە، ئێمەش لەبارەگاکانی خۆمانوەزعەکەمان ڕاگرت، کاتەکەمان بەلێدوانو لێکدانەوەی ئەو مەسەلەیە بەسەر ئەبرد، زیاتر سوور ئەبووین لەسەر تێکۆشانو بەرگریو پاراستنی هێڵی ڕاستەقینەی بەرنامەی (ی.ن.ک)و گردبوونەوە لەدەوری.

هەر لەو کاتانەشدا بوو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە شەڕو پێکادانادا بوون لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانی لە ناو شارەکاندا. ڕۆژێکیان هەڤاڵ مام جەلال نامەیەکی بۆ حەمەسووری لێپرسراوی عەسکەری کۆمەڵە پێداین بیبەین بۆ دێی هەڵوێ کە لە نێوان خانەو سەردەشتدایە. کەچی ئەو لەوێ نەبوو چوو بوو بۆ سەردەشت، گەڕاینەوە بەرەو سەردەشت کە گەیشتینە ئەوێ حەوت کۆپتەرو فڕۆکەی جەنگی بەتوندی بۆردومانی شاریان ئەکرد، خەڵکی لەحەیبەتا هەر یەکە بەلایەکدا ڕای ئەکردو خۆی حەشار ئەدا. لە ناو شاردا نامەکەمان دایە دەستی حەمە سوورو کارەکەمان بەجێگەیاند.

هێزی ئۆپۆزسیۆن بڕیاریاندا سەردەشت چۆڵ بکەن، ئێمەش لەگەڵ ئەواندا دەرچووینو بەرەو سەرکردایەتی گەڕاینەوە، مانگی ١٩٧٩/١٢ بوو کاک سامان هاتە لامانو داوای ئەوەی کرد خۆمان ئامادە بکەین بۆ گەڕانەوە بۆ

گەرمیان، لە سەرکردایەتی لەگەڵ کاك سامانو کاك گۆرانو م. جەلال شێخ تۆفیقو کاك دلێری قادرکەرەم چووینە سەردەشتو لەوێوە بەرەو بانە. کۆمەڵێك چەکمان پێبوو لە بابەتی هاوەنی ٨١و ٦٠ ملمو هەندێ شتی تر. لە سەر پردەکەی ڕەبەت سوپای ئێرانی هەبوو چەکەکانمان لە ناو ئۆتۆمبیلی پێکابدا قایم کردو چەکەکانی خۆشمان لە بەردەستدا دانا، بە شۆفێرەکەمانووت کە داوایان کرد بوەستین، تۆ مەوەستەو بڕۆ. کە گەیشتینە بازگەکەو لەبەردەم سەربازەکەدا خاوی کردەوە، کەویستی تەماشای ناوەوە بکات شۆفێرەکە بۆی دەرچوو هەرچەندە سەربازە کە ئیست ـ ئیستی کرد سوودی نەبوو، ئێمە دەربازبووین. گەیشتینە بانەو لەوێوە بۆ بلەکێو لەوێشەوە چووینە پارەزانی شارباژێڕ، لەوێ چەکەکانمان دایە کاك گۆرانو م. جەلالو ئێمەش لە گەڵ کاك حەمەی حاجی مەحمودی گوڵەخانە کە ماڵەکەی لە دێی گوڵەخانەبوو بەرەو شارەزوور بەڕێ کەوتینو دوای چەند ڕۆژ حەسانەوە، شەوێك لە بناری سوورێنەوە بەرەو ناوچەی قەرەداخ کەوتینە ڕێ. بارانێکی توندو ڕەهێڵە ئەباری خۆشمان نەشارەزا بووین، ڕێگەمان هەڵەکرد، چونکە ئەو ساتانە پێشمەرگە بەڕۆژ نەیئەتوانی لە دەشتی شارەزووردا بمێنێتەوە، ناچار بووین تا کاتژمێر ١٢ی شەو ڕێ بکەین تانزیکی سەر بەحرەکە ببینەوە. شارەزاکەمان پێشمەرگەیەکی هەرێمی یەك بوو، لەبەرئەوەی ڕێگاکەی هەڵە کردبوو نەیئەوێرا قسەبکات، کە پرسیارمان لێکرد : ئێرە کوێیە..؟ووتی: سەرم لێشێواوەو نازانم کوێیە..؟ تومەز شەوارەی کردووە، ڕوومانوەرچەرخاند بەرەو لای سەیدسادق ماوەیەك ڕۆیشتین تا گەیشتینە سەر ئاوی تانجەرۆ لەوێشەوە پەڕینەوە بەرەو دیوی قەرەداخ، تا کاتژمێر ٤ی بەیانی نەوەستاین نزیکی خانوویەك بووینەوە نەخۆمان نەشارەزاکەشمان نەمانئەزانی کوێیە. کاك سامان منو سێ پێشمەرگەی تری نارد بۆ سۆراخ کردن کە نزیك بووینەوە گوێمان لە دەنگی گریانی منداڵێك بوو، دەرکەوت ئەمە دێیە، یەکێکمان لە دیواری حەوشەی خانووەکە بازیداو چووە ژوورەوە خاوەن ماڵمان هەڵساندو پرسیارمان لێکرد: ئێرە کوێیە..؟ووتی: هەڵبەزەیە، لەبەر ئەوەی

شەو زۆری نەمابوو، ڕێگاکەش دوور بوو، نەشمان ئەتوانی لە جادەی دەربەندیخان ـ سلێمانی بپەڕینەوە بڕیارماندا بمێنینەوە، بەسەر ماڵەکاندا دابەش بووین. کە ڕۆژ بووەوە ڕیشسپی دێکە نەیانهێشت کەس بۆ شار بچێ نەك ڕژێم پێبزانێ کە پێشمەرگە لەناو دێدایەو پەلاماری ئەوێ بدات. ئەو کاتانە باو بوو خەڵکی خۆفرۆش‌و خەفیە ئاگاداری دوژمنیان ئەکردەوە، بەڵام ئەم دێهاتانە کە زۆربەیان گەلاڵی بوون بە تایبەتی قەڵبەزە خەڵکێکی باش بوون زیاتر بە بەخێوکردنی مەڕومالاًت‌و ڕاوەماسییەوە خجلْ بوون، پیاو خراپیان نەبوو. ئەم گلاڵییانە بەشێکن لە هۆزی جاف‌و کۆن گەرمیان‌و کوێستانیان کردووەو بەشێکیان لە گەرمیان‌و بەشێکیان لە شارەزوورو لە زۆر شوێنی تری کوردستانی عێراقدا هەن، شێوەی قسەکردنیان (ئەڕا ـ ئەڕا) یەو لەگەڵ گفتوگۆی جاف دا جیاوازی هەیە کەئەم شێوەیە زیاتر لە ناوچەی خانەقین باوەو زانیارییەکی ئەوتۆم نییە چۆن ئەم شێوە قسەکردنەیان‌وەرگرتووە مەگەر زمانناسەکان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن‌و بگەنە ئەنجامێك.

دوا نیوەڕۆکەی کاك سامان خۆی کۆبوونەوەی بەخەڵکەکە کردو سوپاسی بێپایانی خزمەت‌و یارمەتی دانیانی کردن، پاشان بەرەو کانی مرواری‌و قلیجە بەرێ کەوتین، لەبەرئەوەی جادەی گشتی سلێمانی ـ دەربەندیخان بۆسەی دوژمنی لێدانرابوو، ڕێڕەوەکەمان گۆڕی‌و ڕوومان کردە ئەحمەد برنەو عازەبان. لە عازەبان کەسێك نەبوو شارەزاییمان بکات، پیاوێکی پیر دەرپەڕی‌و ڕووی کردە خەڵکەکە: زۆر شوورەیییە بۆ ئەم گەنجانەوابێ غیرەتن. ئینجا پیرێکی تری لەتەمەنی خۆیدا پەیدا کردو کەوتنە پێشمان تا دێی ناوتاق، لەوێ خوا حافیزییان کردو گەڕانەوە.

زۆرجار پیرەکان لە ڕووی دنیا دیدەیی‌و ئەزموونیانەوە بوێرانە ڕێنمایی هێزی پێشمەرگەیان کردووە کە گەنجەکان پرکێشی ئەوەیان نەکردووە. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی یان کادیر هاتوچۆی ئەو دێهاتانەی نەکردووەو پێگەی ڕێکخستنی تیادا درووست نەبووە بۆ ڕاکێشانیان بۆ دۆستایەتی کردنی شۆڕش

یان ئەو گەنجانە لە ترسی دوژمن‌و ئیخباری کردن نەیانوێراوە هاوکاری بکەن مەگەر بەدزییەوە، لە ڕاستیدا کادیر لە شۆڕشدا کەسێکی خاوەن پلەو بە دەسەڵات بوو بگرە هۆکارێکی باشبوو بۆ تێگەیاندن‌و ڕێکخستنی خەڵکی بۆ خەبات‌و شۆڕشش‌و دوور خستنەوەیان لە خراپەکاری، سەرچاوەیەکیش بوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری‌و هەواڵ‌و دەنگوباسەکان‌و لێکۆڵینەوە لە سەر کێشەو گرفت‌و کەموکۆڕی‌و تاوان.. بۆیە نەك هەر خەڵکی سڵیان لێکردۆتەوە بەڵکو پێشمەرگەش زۆر حیسابیان بۆ کردووە.. لەم میانەدا پێشمەرگەیەکمان هەبوو بە ناوی فایەقی شوانکارە کە خەڵکی خێڵی مەنسور بوو زۆر لە کادیرو ڕاپۆرتنووسین نەترسا، هەر کادیرێکی ئەبینی تەماشایەکی ئەکردو سەرێکی ڕاتەوەشاندو بە هاورێکانی ئەووت: دەنگتان هێواش کەنەوە ئەوە قەڵەمەکەی ژاراوییە با پێمان نەزانێ..

لە ئەنجامی ڕێکردنی زۆردا ئەمەندە ماندوو بووین نەمانتوانی حەرەسیات بگرین، برایەکی کاك سەردار ناوتاقی کە دانیشتوو بوو حەرەسیاتی گرتین، دەمەو بەیانی من‌و کاك شێخ جەمال کەمین بووین لەسەر چیای پشتی دێکە تاکو ڕۆژ بووەوە، بەفری ڕۆژی پێشوو هەر مابووەوە سایەقەی کردبوو، ڕەشەبایش هەڵیکردبووەوەختبوو لە سەرمانا ڕەق بینەوە. ناوتاق هەرچەندە لە شوێنێکی چەپدا بوو، چەند ماڵێکی کەم بوون لە تیرەی تەرخانی جاف، خەڵکەکەی باش بوون‌و کاك سەرداریش پێشمەرگە بوو، بەڵام لە دەربەندیخانەوە زۆر نزیك بوو. کە دنیا ڕووناك بووەوە لەوێ دەرچووین بەسەر شاخدا بەرەو مچەکوێر مەسافەمان دا. بۆیەش بەوێدا ڕۆیشتین چونکە دوژمن لە دەشتایی نێوان کانی سارد ـ دێوانەدا خەریکی جادە لێدان بوو، گەر دەربکەوتینایە هێرشمان بۆئەکراو کۆپتەرمان بۆ هەڵئەستا، لە مچەکوێر لامان دا کە لە بناری شاخی سۆڵەدا بوو، بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە مەسۆیی قەرەداخ کە پێی ئەڵێن مەسۆیی قشلاخ‌و لەدەشتایی خوارەوەی کەژی کەڵوەش دایە ٥٠ ـ ٦٠ ماڵێك ئەبوو سەر بەتیرەی ڕۆغزاین، خەڵکێکی باش‌و دڵسۆزی شۆڕش‌و پێشمەرگە بوون، قوتابخانەو مزگەوت‌و مەلایان هەبوو، شەهید مەلا ئەحمەدی

گەرمیانی خەڵکی ئەم دییە بوو، زۆرتر خجڵی کشتوکاڵو مەڕدارینو هەندێ باخیان هەیە، بەڵام دێکە کام ئاونو بیریان هەبوو بۆ خواردنەوە، لەوێ حەساینەوە کە لە ماڵان هاتینە دەرەوە خەڵکەکەی لە دەورمان کۆبوونەوەو هاوەنەکەیان بینی، کەوتینەوەسف کردنیو بەتانو پۆیا چووینە خوارەوە، هەرچەندە ساجەکەی ئەسڵی نەبوو یەك گوللەشی هەبوو کاك سامان بە بەرچاوی خەڵکەکەوە تەقاندی پاشان هاوەنەکەمان دا بە کۆڵماندا و بەرەو بەلەکجاڕ ڕۆیشتین، کە ئەکەوێتە نزیکی تەکیەو لەوێ چاومان بە کاك مستەفا چاوڕەش کەوتو لەگەڵیدا کۆبووینەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا کە دوا دوایی مانگی ١٩٧٩/١٢ بوو بڕیار درا کەرتی پێنجی دووز درووست بکرێ. کە گەڕاینەوە گەرمیان کەرتەکە درووست کرا، کاك خالید گەرمیانی کرا بەفەرماندەی کەرتو منیش بە جێگری. سنووری کەرتی پێنجی دووز هەر لەبناری سەنگاوەوە تا ناوچەی کفریو دووز بوو کە هەموو دێهاتەکانی سەنگاوو بناری ئاژداغو بناری زەنوورو ناوچەی زەنگنەو بناری گڵو ناو داودەو دێهاتەکانی سەر ئاوەسپی تاکو ناوچەی سەرقەڵا ئەگرێتەوە.

درووستکردنی ئەم کەرتە لە جێی خۆیدا بوو بۆ ئەوەی بتوانرێ لە ڕووی کاری پێشمەرگانەوە دەست لە هێزەکانی دوژمن بوەشێنرێو پێگەی نوێ بۆ شۆڕش لە ناو خەڵکیدا پەیدا بکرێ.

ساڵی ١٩٨٠

پێمان نابووە ناو دەروازەی ساڵی نوێوە، لەگەڵ کاك خالید دا دانیشتنێکمان کرد، لەسەر شیرازەی کەرتو نەخشەی کاری داهاتوومان بۆ زیاتر کردنی پێشمەرگەو دروست کردنی مەفرەزەو ئەنجامدانی کارو چالاکی پێشمەرگانەو دەستوەشاندن لە دوژمن بە تێرو تەسەلی قسەو گفتوگۆمان کرد، ئینجا کاك خالید نەخشەی شەڕێکی کێشا لەکانی شیرینە ئەنجامی بدەین. کە شوێنێکی گرنگی شەڕکردن بوو ئەکەوێتە نێوان ناحیەی قادر کەرەمو دووزەوە، بە چەمی گاوبازەش ناوئەبرێ. هەردەو چەمێکی سەختەو لە کۆتایی

ئەم هەردەو چەمەوە بەلای دووزەوە گردی پیزلی لێیە، ئەم گردە نەوتی هەیە، ڕۆژهەڵاتی گردەکە دەشتی مارداری پێئەڵێن کە شەریکەی نەوتی لێ دانراوە، کانی شیرینە کە شاهیدی دەیان شەڕو نەبەردییە، چ لە شۆڕشی پێشووو چ لە شۆڕشی نوێدا، دەیان کوڕی ئازاو نەبەزی تیا شەهید بووەو دوژمن شکستی زۆری تیا خواردووە.

بەپێی هەندێ زانیاری کە بەدەستمان گەیشتبوو لێپرسراوی مونەزەمەی قادرکەرەم لەجادەی دووز . قادرکەرەم هاتو چۆی ئەکرد، ڕۆژێکی مانگی ١/١٩٨٠ لەسەر جادەی کانی شیرینە بۆسەیەکمان بۆ تێکەوتنی ئەو کابرایە دانا، زۆر بەووردی تەماشای جادەکەمان کرد هیچی تیانەبوو بەکاك خالیدم ووت: بابچینە سەرجادەکە. ئەوووتی: ئێوە بچنە سەر گردۆلکەکانو جێگەی سەربازەکان نەکو ئێمەیان بەدێ کردبێو لە بۆسەدابن بۆمان. چونکە سەربازەکان بە ڕۆژ لە هەندێ شوێندا ئەمانەوە بۆ پاراستنی ڕێگاوبانو جادەکان تاکو کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ. چەند کەسێك چووینە شوێنی سەربازەکان، بەکاك ئەحمەد دوانزە ئیمامیم ووت: نزیك بەرەوە بزانە چی هەیە..؟ کاك ئەحمەد یەك دوو خڕکە بەردی گرتە شوێنەکە هیچ دەنگ نەبوو، تومەز سەربازێکی تێدانووستووە، ئینجا چووینە سەر جادەکەو دامەزراین، برادەرێکمان ناردە سەر بەرزاییەك تاکاتێ ئۆتۆمبیلی کابرا دەرکەوێ ئاماژەمان بۆ بکات، دوای ماوەیەك بانگی کرد:ووریابن هات. چوار پێنج قەمەرە بەشوێن یەکدا تەراتێنیان ئەکرد، ئۆتۆمبیلی مونەزەمە تێکەڵیان بوو بوو، ئێمە نەمانزانی ئەمانە ئۆتۆمبیلی بووکن، کە گەیشتنە بەردەستمان تەقەمان لە ئۆتۆمبیلی مونەزەمە کرد، ئۆتۆمبیلی بووکیش بەرکەوت، بەڵام بووکەکە بەرنەکەوت، هەندێك زەلامی ناو ئۆتۆمبیلەکانی دوای بووك بریندار بوون. لە گەرمەی تەقەکاندا لە قوللەکەوە سەربازەکە کە نووستبوو بوو تەقەی لێکردینو شپرزەی کردین، بەڵام لێی هاتینە دەستو کوشتمان، ئۆتۆمبیلی مونەزەمە بەپەلە پڕوزێ دەربازی بوو. پاشان کشاینەوە. لە جادەکە کەمێك دوور کەوتینەوە تەماشا ئەکەین دوژمن بەهێزێکی گەورەوە هات، بۆی

دامەزراین کە گەیشتنە بەردەستمان دامانە بەر ئاگری لوولەی تفەنگەکانمان، سێ جاش ناشەعبیمان لێکوشتن، ناچار بوون بەرەو کولانەکانیان سەر شۆڕبکەن‌و ئێمەش بە ساغی گەڕاینەوە، دوای ئەوە کەرتەکەمان کۆکردەوەو کردمانە دوو بەشەوە:

١. بەشێکی لەگەڵ کاك خالید دا تاهیری حاجی ڕۆستەم فەرماندەی مەفرەزە بوو.

٢. بەشەکەی تری لەگەڵ منداوالی قۆبەیی فەرماندەی مەفرەزە بوو.

هەریەکە لە ئێمەش دەستەیەکی چەند کەسیمان هەبوو، دەستمان کردە جەولە کردن لە ناوچەی زەنگنەو قادرکەرەم، کە شارۆچکەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی کەرکوك لەسەر چەمی ڕۆخانە، داموو دەزگای ئیداری میری‌و فەوجێکی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی ناوچەکەی تێدا بوو، مەڵبەندی دەروێشی قادرییەو گۆڕی شێخ حەسەنی قەرەچێواری تێدایە، زۆرتر عەشیرەتی زەنگنەو شێخان‌و جەباری‌و گلی تێدا نیشتەجێیە، لە کەرکوك‌و دووزو سەنگاوەوە جادەی قیری بۆ دێت، لەسەر چەمی ڕۆخانە پردێك دروستکراوە بۆ ناو قادرکەرەم، ئەم شارە کوڕی ئازاو پێشمەرگەی قارەمانی زۆری لێ هەڵکەوتووە، لەو ماوەیەدا دوژمن بەزۆر چەکی ئەدا بە خەڵکی‌و ئەیکردنە جەیشی ناشەعبی، هەندێك هەواڵمان بۆ هاتبوو کەئەو جەیش ناشەعبییانە لە ماڵەوە ئەخەون، بۆیە بڕیارمان دا بچینە سەریان بەنیازی گرتنیان.

شەوێکی مانگی ١٩٨٠/٢ چووینە ناو قادرکەرەمەوە، لە سەرەتادا دامانە سەر ماڵی عەلی باوە کە کۆنە ئەندامی حشع‌و تازە بەعسییەکی چەپەڵ‌و خراپی لێدەرچوو بوو چەکی دوژمنی هەڵگرتبوو، ئەندامی کۆمەڵەی جووتیارانیش بوو، لە دەرگاوە ڕێگامان نەبوو بچینە ژوورەوە، بە برادەرانم‌ووت: ئێوە هەڵمبڕن بچمە سەربان‌و لەوێشەوە ئەچمە حەوشەو لە بەردەرگای ماڵەوە خۆم حەشار ئەدەم، ئێوەش لە دەرگا بدەن کە هاتە دەرەوەو تێم خوری چەکەکەی دانەنێ ئەیکوژم. کە چوومە سەربان تەماشا ئەکەم دارێك نیومەتر لە خانووەکە زیاترەو ها لەناو حەوشەکەدا، دووربینێکم لەملدا

بوو،ویستم به دارەکەدا بچمە خوارەوە، باوەشم بە داردا کرد دابەزم، بەڵام پێم نەیدا لەزەوی، قایشی دووربینەکە کە بە تاقمەکەوە بوو لە دارەکە گیربوو، هەڵواسرام‌و عاسی بووم، لەوە ئەترسام خاوەن ماڵەکە بەخەبەر بێتەوە، خۆم راپسکان‌و قایشی دووربینەکە پچڕاو کەوتمە خوارەوە، دەنگی چەك‌و مەخزەنەکانم هات، بە ڕاکردن گەیشتمە بەر دەرگای ژوورو کابرای خاوەن ماڵ بەئاگا هات‌و دەرگاکەی کردەوە، لوولەی تفەنگەکەم لەسەر سنگی توند کردو پەلم ڕاکێشاو هێنامە دەرەوە، هەر لەو کاتەدا برادەرانیش دەرگای حەوشەیان شکاندو هاتنە ژوورەوە، کابرا بەپەشۆکاوییەوەووتی: ئەوە لە کوێوە هاتوون..؟ هەر چوار دەوری شار بۆسەیە. پێمان‌ووت:وادیارە ئێوە بە پشتیوانی ئەوە لە ماڵەوە ئەخەون. چەکەکەت کوانێ..؟ووتی: ئێوارە لە مونەزەمە نەم هێناوەتەوە، دامانە پێش خۆمان بۆ ماڵی هەندێ کەسی تر کە چەکیان هەبوو. چووینە سەر ماڵی خەیاتێ هەندێ بانگمان کردوەلام نەبوو، خۆمان چووینە ژوورەوەو ماڵەکەی گەڕاین، خۆی لەماڵا نەبوو، سێ مەخزەن‌و هەندێ فیشەکمان دۆزییەوە، پاشان گەڕاینەوەو یەکمان گرت‌و لە شار دەرچووین، لە ڕێگا هەندێ فیشەکمان نابە ڕەبایەکەوە، ئەویش هەندێ هاوەنی تێگرتین، عەلی باوەمان هێناو چەکێکمان پێ کڕی‌و دامان نا تا پاش ماوەیەکی تر بەرەڵای بکەین.

مانگی ٤/١٩٨٠ بوو هەواڵێکمان پێگەیشت کە ڕژێمی بەعسی عێراقی لە کارێکی نامرۆڤانەدا خەڵکێکی زۆری لە ژێر ناوی تەبەعیەی ئێرانی دەرکردووە کە تەنیا مەبەستیشی لەم کارە مەترسیدارە هەر کوردە فەیلییەکانە کە لە کۆنەوە لە عێراقدا ئەژین‌و بوونەتە خاوەن دەسەڵاتێکی دارایی بەرچاو لە بەغدادا.

ڕژێمی بەعس لەم هەنگاوەیدا چەند مەبەستێکی پەنامەکی هەبوو:

- ئەو کوردانە بوو بوونە خاوەن بازاڕی ئابوری‌و بە دەرکردنیان بەڕووت‌و قووتی دەستی پێوەنان‌و هەرچی سامانیان هەبوو دەستی بەسەراگرت کە لەوانەیە بە چەندین ملیار دینار مەزەنە بکرێ.

ـ ئەمانــە لــە ڕووی هەســتی نەتەوایــەتیو دڵسۆزی بـۆ كـوردو كوردایــەتی هەڵوێستیان هەبوو، ڕۆڵی تایبـەتیان ئـەگێڕاو بـەعس مەترسـی زۆری بـۆ پاشـە ڕۆژ لێئەكردن.

ـ ئەمانـە لـە ڕووی مەزهەبییـەوە شـیعە بـوون، بـەعس مەترسـی كاریگـەرێتی ئـەوانی ئـەكرد كـە پارسـەنگی بەغـدا بگـۆڕنو سـەر یەشە بـۆ سوننەی بەغـدا درووست بكەن.

بۆیە بەلای خۆیەوە بە دەركردنیان ئـەو كۆمەڵـە گرفتانـەی لـە كۆڵ ئەبێتـەوە، بـێ گوێدانــە ئــەوەی كــە ئەمــە ســتەمێكی نارەوایــەو پێشــێلكردنی ئاشــكرای بەندەكانی مافی مرۆڤە.

لای كاك خالید پێشنیارم كرد بەو هێزەی لای خۆمـەوە لـە تۆڵـەی یـادی ساڵڕۆژی شەهید سەركەوت دا كە ئەكاتە ڕۆژی ١٩٨٠/٦/٢٤ شەڕێك بكـەین، زۆری پێخۆش بـوو، هێزەكـەمان بەخۆمـەوە ٩ كـەس بـووین. چووینە كـانی شـیرینەو دامەزراین، یەكەم ئۆتۆمبیلمان ڕاگرت، خەڵكی ڕانیە بوو، تینوومـان بـوو، داوای ئاومان كرد، ئاوی داینیو لێیپرسین:

ئێوە چین..؟

ـ پێشمەرگەین.

ـ بابەگیان هێشتا زووە، تووشی شەڕ ببن تیانەچن، سەرجادەكە بەربدەن.

ـ نەخێر زۆر ئاساییە لێرە بین، كە دوژمن هـات شـەڕئەكەین، هـەر لـەو كاتـەدا تیۆتایـەكی جووتیـاری هـات، ئـەملاولامان لێگرت،وەسـتا شـكوری شـێخ غـالبی تاڵەبانی لێئەخوڕی كە پیاوێكی خراپ بـوو، دەرگـای ئۆتۆمبیلەكـەمان كـردەوەو چـەند سەرنشـینێك دابـەزینو بەویشـمانووت: دابـەزە، كەچـی ئـەو پێـی بـە بەنزینـدا ناو فرتـەی كـردو لـە دەستمان دەرچوو، هەرچـەندە تەقـەمان لێكـرد سـوودی نـەبوو، بـەلام منـاڵێكی چـوار سـاڵەو چـاكەتەكەی لـە ئۆتۆمبیلەكـە بەربوونـەوە. ئـەو زەلامانــەی كــە لــە ئۆتــۆمبیلی كـابرای ڕانیــەیی دا بــوون دامانبەزاندن بەرەو دێی مامیسك ڕەوانەمان كردنو منـاڵەكەمان نایـە باوەشـی یەكێكیانـەوە، ئـەم منـاڵە كـە نـاوی عـەلی بـوو لـە حكومـەتی هەرێمـدا بـوو بـە

مفەوەزی ئاسایش لە چەمچەماڵ، پاشان لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بوو. بە کاك‌والی قۆبیمیم‌ووت: با کەمێك لەسەر جادەکە بکشێینەوەو سەنگەر بگرین، نەوەکو دوژمن لە قادر کەرەمەوە بێت، تومەز بارەگای لیوای قادرکەرەم ئەو ڕۆژە ئەگۆڕێو بەرەو دووز ئەڕوا، هەروا پەنجا مەترێك دوور کەوتینەوە، پێنج زیل گەیشتنە سەرمان، بە پەلە دامەزراین، شەڕ دەستی پێکرد، هێزەکەی دوژمن هەتا ئەهات پتر ئەبوو، بەڵام ئیتر ڕۆژ بەرەو لای ئێوارە ئەچوو، ترسی هاتنی کۆپتەرمان نەمابوو،وورەمان بەرز بوو، کاك‌والی هاتە لامەوەووتی: چی بکەین..؟ووتم : باهێرشێکی بچووکیان بۆ بکەین. خۆمان سازداو هەڵمان کوتایە سەریان، سەربازێك کە تفەنگێکی ئاڕ بیکەی پێبوو یەکسەر کوژرا،ویستمان چەکەکەی بهێنین، لەو کاتەدا کاك والی پێکراو شەهید بوو، داخێکی زۆری نابە ناخمانەوە، چونکە لاوێکی جەربەزە بوو، لە شەڕدا زۆر بەهەڵمەت بوو، گوێی بە مردن نەئەدا، کەهێزەکەی دوژمن کشایەوە، ئێمەش تەرمەکەی شەهیدوالیمان هەڵگرتو بەرەو دێی مامیسك کەوتینە ڕێ، لە پێش خۆمانەوە دوو پێشمەرگەمان بۆوولاخ نارد بوو، ڕێگەیان لێتێکچوو بوو، پێکەوە گەیشتینە ناودێ. کاتژمێری ٢ی شەو بوو، زۆر تینوومان بوو، خەڵکی دێ هاتنە پێشوازیمانەوە، هەواڵی شەهید بوونی کاك‌والی غەمباری کردن، هەر بەو شەوە تەرمەکەیان لێوەرگرتین لەگەڵ دوو پێشمەرگەدا بردیان بۆ دێی بەگزادەو بەخاکیان سپارد، ئێمەش بۆ ئەوەی دوژمن هێرشمان بۆنەکات کاتژمێر ٣ی شەو بەرەو دێی بەکرەگەرە ڕۆیشتین، دنیا گەرمبوو، گیانمان خەڵتانی خوێنبوو ئەمە ئەوەندەی ترومرسی کردبووین، خەڵکەکەمان لێکۆبووەوەو پرسیان: بۆوا خوێناوین..؟ووتمان: کاك‌والی قوبەیی شەهید بوو.

لەم شەڕەدا ١٨ سەرباز کوژرا، برینداری زۆر هەبوو، بەڵام بەداخەوە لە یادکردنەوەی شەهیدێکی قارەماندا هاوڕێیەکی نەبەزی ترمان شەهید بوو.

ڕۆژی دوایی لە ئاوەسپی پەڕینەوە، چووینە دێی خانی سەروو کە ئەکەوێتە لێواری ئاوەسپیو لە عەشیرەتی زەنگنەو ماڵی سەرۆکی عەشیرەتی زەنگنە ڕۆستەم ئاغای لێیە کە پیاوێکی باڵابەرز بوو، زۆرتر بە زەنگنانە قسەی ئەکرد، کاتی خۆی زەبرو زەنگێکی زۆری هەبووە بەرامبەر بە جووتیارەکان،

کـەس نـەیوێراوە سەرپێچـی بڕیارەکـانی بکـات، هـەموو زەنگنـە گوێڕایـەڵییان ئەکردو خاوەن دیوەخان بوو، لە ڕووی نانەوە چاوتێر بوو.

لـەوێ کـاك خالیـدمان بینـی، هـەواڵی شـەهید بـوونی کاکوالیمان پێدا کەخزمی خۆی بوو زۆریشی خۆشئەویست.ئێمە زۆر خەمبار بووین. کەچی ئەو دڵی ئەداینەوەو ئەیووت: ئەوە ڕێی هەموومانە، سەرکەوتنی گەلو نیشتمان بە خوێنی سووری شەهیدان مسۆگەر ئەبێت.

ئینجـا بـەرەو ناوچـەی سـەنگاو هەڵکشـاین، بەمەبەسـتی جەولـەو ئەنجامـدانی چـالاکییەك کەپێشـتر بیرمـان لێکردبـووەوە. هێشتا شـەڕی ئێـران ـ عێـراق دەسـتی پێنـەکردبوو، ڕژێمـی عێـراق بـۆ کـۆنترۆڵکردنی ناوچـەکانی گەرمیانو دابڕینـی قـەرەداغو جێبـەجێکردنی کارە سەربازییەکانی یـان باشـتر بڵـێین بـۆ سـەرکوتکردنی هێـزی پێشـمەرگە جادەیـەکی لـە سـەنگاوەوە بـۆ دەربەندیخان دەستپێکرد، ئێمەش لای خۆمانەوە بەچاکمانزانی تەنگوچەڵەمەی بخەینـە ڕێ بـە تەقاندنـەوەی ئـەو کەرەسـەو پێداویستییانەی بـۆ جـادەو پـرد درووسـتکردن بـەکاری ئـەهێنا. ئـەم کـارەی ئێمـە لەچـەند ڕوویەکـەوە سوودی هەبوو:

١. لـەڕووی مـادییەوە زیانێکـی باش لـەدوژمـن ئەکەوتو ناچار ئـەبوو جـارێکی تر ئەو کەرەسانە بهێنێتەوە.

٢. ئـەو قۆنتەراتچییانەی دەسـتیان لەگـەڵ تێکـەڵ کردبـوو بـۆ جێبـەجێکردنی نەخشە بۆگەنەکەیان ئەکەوتنە ناو بازنەی مەترسیو زیانەوە لە دوو ڕووەوە:

أ. زیانی مادی.

ب. مەترسی لەکیس چوونی خۆیان.

٣. دەسـەڵاتی شـۆڕش باشـتر لـەناو خەڵکیدا پێگـەی دائەکوتاووزەیـەکی باشـی پێئەبەخشـین، جێـیوەبیر هێنانەوەیـە سـاڵی ١٩٧٩ جـارێکی تـر لەگـەڵ شـەهید سـەرکەوتدا هـەموو ئـەو پردانـەمان تێکـداو کەرەسـەکانمان سـووتاند، ئەمجارەیانویسـتمان زیـان بـەو قۆنتەراتچـییە کرێگرتانـە بگەیـەنین.

شــایانیووتنه ئــهو ناوچــهیه هێــزی زۆری دوژمنـــی لێبــوو بــۆ پاراســتنی ڕێگاوبانهکه.

ڕۆژێکـی مـانگی ٦/١٩٨٠ لهگـهڵ دهسـتهیهك پێشمهرگهدا چووینه سـهر پردێکی نزیکی دێی کچان که ٥ کلم له سهنگاوهوه دوورهو لهبناری ئاگرداخـه، کـه بهشێك له خهڵکهکهی خۆشناوی‌و خزمی ئـهنوهر بـهگی بێتواتـهن‌و کـاتی خـۆی هاتوونهتـه ئـهم ناوچـهیه. کاتـژمێر ٥ ی ئێـواره بـوو ئـهو ئۆتۆمبیلـهی هـهموو ڕۆژێ فۆنتهراتچی‌و کرێکارهکانی ئهگواستهوه نزیك بووهوه، دهستمان لێڕاگرت‌و ئهوهستا، دهستڕێژێکمان لێکرد ئینجاوهستا جاشێکی تێدا بهرکهوت‌و ههنـدێك پیاوباش لهگهڵ شۆفێرهکهدا. دوای ئهوه بهرهو شاخی ئاگرداخ کشاینهوه. دوژمـن لههێزهکهی ئهو ناوچـهیه هێزێکی له زرێپـۆش‌و ناقیلـهو چـهند ئۆتـۆمبیلێکی قوات خاسه نارده دوامانـدا. ئهو شوێنهی دامێنی ئاگرداخ ئێمهی بۆ چوو بووین ڕووتهن بوو شوێنی شهڕیوای نـهبوو، هـهر چۆنێ بـوو دامـهزراین، بڕیارمـان دا تاکو هێزه پیادهکهی نهگاتـه ناومـان دهسـت نهکهینـهوه، ناقیلـهکان بـه دۆشـکاو هێزه پیادهکهش به هاوهن‌و چهکی سووك لێیان ئهدایـن، که هاتنـه بهردهسـتمان لێیان ڕاپهڕین، ههندێکمان لێکوشتن‌و ههندێکیش بریندار، شهڕ تاکاتژمێری ٧ی ئێواره درێژهی کێشا. دوژمـن چیتر نـهیتوانی بێتـه پێشهوه، تاریك داهـات، بـێ زیـان شـهڕهکهمان بهجێهێشـت‌و بـهرهو دێـی پێـنج ئهنگوسـت‌و لـهوێ تۆزێـك حهساینهوه، پاشان پێنج کاتژمێر لهو ناوچـهیه دوورکهوتینـهوه، چونکه کاری دوژمن پاش شهڕکردن، پشکنینی ناوچهکه بوو تاکو بههێزی تازهو ههلیکۆپتـهر پهلاماری بداتهوه.

چـووینه دێـی تهپـه عـارهب کـه ئهکهوێتـه خـوارووی شـاخی زهنـوور. بهپێشمهرگهکانم‌ووت: بـهیانی زوو دهرئهچـین لـهدێ، بـهپێی هـهواڵێك کۆپتـهر دێـت‌و دائهبـهزێت. بـهیانی زوو دهرچـووین، ئێمـه دهکـهس بـووین، چـووینه شوێنێك ههم نزیکی کانییـهك هـهم تـۆزێ سـهخت بـوو، بهپێشمهرگهکانم‌ووت: جێگـا بـۆ خۆتـان خـاس بکـهن‌و دانیشـن زۆر مـهجوڵێن. دوای خـۆر گـهرم بوون‌وهختێکمـان زانـی ١١ کۆپتـهر هـات. ئێمـه دهکـهس بـووین‌و کۆپتـهرهکان ١١

بوون، شینەی حەمەڕەش‌ووتی:وەڵڵا ئەمە بۆ گرتنی خۆمان هاتوون، هەر کۆپتەرێ زەلامێکی تێئەخەن‌و ئەکێکیان لە پێشەوە ئەڕوات ئەڵێ: ئەمانەمان گرتووە. پێشمەرگەیەکی خەڵکی کفریمان لەگەڵ بوو ناوی مستەفای بلە سەمەنە بوو، تازە هاتبوو، شارەزای پێشمەرگایەتی نەبوو، ئەترسا، نەیتوانی شوێنێك لەبنە بەردێکدا بۆ خۆی چاك بکات هەر ئەسووڕایەوە، شینە لێی تووڕە بوو: ترسنۆك تۆ هەر دانانیشی تا کەشفمان ئەکەیت‌و کۆپتەرەکان دێنە سەرمان. مستەفاش بە شێوە قسەی کفری‌ووتی: تۆو کون چاك بۆ خۆت دۆزیوتە، منیش لەم ڕاستییا دانیشتووم، ئیشتە گەرەکتە بکوژرێم.

لەم جەولەیەدا لەگەڵ کاك خالیددا یەکمان گرتەوە، ڕۆژێکی مانگی ١٩٨٠/٧ بوو، کاك خالید پێی‌ووتم بچینە سەر بارەگای سریەی حیمایەی قادرکەرەم‌و بەهاوەنی ٦٠ملم لێی بدەین، من لەهاوەنم نەئەزانی، هەر ئەو کاتە کاك خالید بەسەر پێی هەندێ شتی لەبارەی هاوەن تەقاندنەوە فێرکردم، خۆشم حەزم ئەکرد لەم بوارەدا تاقی بکەمەوە. هەندێ پێشمەرگەم لەگەڵ خۆمدا بردو هاوەنە ٦٠ ملمەکەو ٦ گوللەش، بەرەو قادر کەرەم جووڵاین، هێشتا خۆری مابوو، هاوەنەکەم دانا لە شوێنێکدا کە بە چاو بارەگای سریەکەم ئەبینی، یەکەم گوللەم هاویشت هەر نەمزانی لە کوێ دای لە زەوی، گوللەی دووەم‌و سێیەم تا شەشەم لە هیچ شوێنێکی نەدا. دوژمن لە وەڵامی ئەم کارەماندا بە هاوەن دایبێژاین، شپرزەی کردین‌و دوو پێشمەرگەمان برینداربوو، ئینجا گەڕاینەوە.

بەکارهێنانی هاوەن شارەزایی ئەوێ، بەلای کەمەوە ئەبێ دەورەی لە سەر بکرێ، نەك بە هەڕەمەکی بەکاربهێنرێ، ئەوەی هاوەن ئەتەقێنێ ئەبێ ئاست‌و مەداو گۆشەو نەخشە بە چاکی بزانێ، ئەبێ یەکێکیش ڕەسەد بێ، ئەبێ پێشمەرگە فێری زانستی جەنگ بێ لەگەڵ ئەو لێهاتوویی‌و ئەزموونەی خەباتدا کەوەدەستی ئەهێنێ، یەکێك لە کەموکوڕیەکانمان لە ماوەی چەند ساڵی پێشووی پێشمەرگایەتیماندا فێرنەبوونی زانستی جەنگ بوو. نەبوونی نەخشەو پلانی زانستیانە. نەبوونی جۆری پێشکەوتووی چەکە، ئەگەرچی لە

بوارێکی تەسکدا هەندێ خولی فێربوونی چەك لە سەرکردایەتی کراوەتەوە، بەلاّم هەموو پێشمەرگەیەك سوودی لێنەبینیوە، هەموو کارەکانمان بەسەلیقەی خۆمان کردووە، لەم سالاّنەی دوایشدا لە ئێران چەند خولێك کرایەوە، بەلاّم زۆر کەلکی لێوەرنەگیراوە لە بواری شەڕدا، لە حالەتی شەڕی پارتیزانیدا زیاتر لای ئێمە پشت ئەبەسترێتە ئەزموونو شارەزاییو لێهاتوویی فەرماندەو پێشمەرگەکانو لە ڕێگەی هەندێ نووسینو بلاّوکراوەشەوە ئەزموونی شۆڕشەکانی ترمان بۆ باسکراوە.

لە جەولەکەماندا بەرەو بناری سەنگاو ئەگەڕاینەوە، هەندێ دۆست ئاگاداریان کردین کە بەشەو هێزی دوژمن دەرئەچێتو ئەبێ‌ووریا بین، ئێمە خۆمان حەشاردا، چووینە جێگایەك بێشك بوو، لە نێوان دووبڕاوو زستانەو تەپەسێدا، سەرەتای پایزو دنیا سارد بوو، پشتوێنەکەم بە خۆمدا دابوو، پێشمەرگەکان دەمەتەقێیان ئەکرد، فەرهادە بچکۆڵو میران بووە قڕەیان. میرانووتی: ئەمجارە بچمە خوارەوە مەردانی زینانە ئەکوژم، فەرهادووتی:وەڵلاّ ناتوانی. میرانووتی: ئاخر ئەیکوژم، فەرهادووتی: حەدت نییە ناتوانی بیکوژی. لە ئەنجامدا بووە فەرتەنەیانو فەرهاد دەستی کردە مرخاندن، منیش لێیان ڕاپەڕیم‌ووتم: ئەوە داناوەشێن ئەم هەرایەتان لەچییە..؟ دواجار ئاشت بوونەوە، میرانووتی:وەڵلاهی هەتا نەبووە مرخان نەمزانی شەڕە. میران هەمیشە ئارەزووی ئەوەبوو سەر بنێتە سەر پێشمەرگەو حەزی لە نوکتەو قسەی قۆشمە بوو، جگە لەوەش بەو جۆرە کاتەکەیان بەسەر ئەبرد.

ئێمە لەم جەولەیەدا بووین، دەنگو باسمان بۆ هات کە ڕۆژی ١٩٨٠/٨/٩ هەندێ لە شارەزایانی ڕووسی بە ئۆتۆمبێلێکەوە هاتبوونە سەر پردی باسەرە بۆ سەیرانو مەلەکردن، مامەڕیشەی قارەمانیان لێ تاین ئەبێو ئەیانگرێو بەرەو ناوچەی قەرەداخ ئەیانبات، تەسلیمی کاك گۆرانو برادەرانیان ئەکات، کاك گۆران لە سەرتای ساڵی ١٩٨٠ دا ئەکرێتە فەرماندەی کەرتی هەرێم، هەر چەندە کاك گۆران پیاوێکی نەخوێنەوار بوو کە چی فەرماندەیەکی ئازاو کورجوگۆڵو

دڵسۆز بوو جێگەی دڵخۆشی بوو بۆ پاشەڕۆژی (هـ.پ.ك)، چەندە لە ڕووی پێشمەرگایەتییەوە لێهاتوو بوو ئەوەندەش قسەخۆش‌و تالیقباز بوو، ڕۆژێك سەلامی کوێخا عەزیز لێی ئەپرسێ: کاك گۆران ئێستا چی ئەکەیت.. لە کام کەرتی..؟ لەوەڵامدا ئەڵێ: ئێستا کوێخای بەغدام.واتە فەرماندەی کەرتی هەرێم‌وەکو ئەوەوایە لە بەغدا کوێخابێت چونکە دەسەڵاتی کەمترە بە بۆنەی بوونی فەرماندەی هەرێم لە سنوورەکەدا. جارێکیان بۆ یەکەمجار لە گەڵ برادەراندا جەولەیەکی گەرمیان ئەکات، خەڵکی گەرمیان زۆر بە چاکی ناوی ئازایەتیان بیستبوو بۆیەش زۆر خۆشیان ئەویست هەر کە ئەیانبینی بە مامۆستا گۆران بانگیان ئەکرد، ئەمەش‌وەکو ڕێز لێنانێك بۆ پلەو ئاستی ئەو فەرماندە قارەمانە.. کە گەڕابوونەوە بۆ دیوی قەرەداغ کە بیری جەولەکەی گەرمیانی ئەکردەوە زۆر پێئەکەنی‌و ئەیووت: یەك جەولەی تری گەرمیان بکەم ئەبم بە خەتیب.

ڕۆژی ١٩٨٠/٨/١٠ دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری ناوچەی قەرەداغ - بازیان ئەدات، بەشوێن ڕووسییەکاندا ئەگەڕا، لە نێوان مێوڵی‌و خاوێدا پێشمەرگەکان ئاگر ئەکەنەوەو دوکەڵ بەرز ئەبێتەوە، بەمەش ئاشکرا ئەبن، کۆپتەرەکانی دوژمن ئەچنە سەریان‌و لێیان ئەدەن، شەڕ تا ئێوارە بەردەوام ئەبێت، بەداخێکی زۆرەوە شەش پێشمەرگە شەهید ئەبن، یەکێکیان کاك گۆران ئەبێ، ئەمەش زیانێکی گەورە بوو، کەلێنێکی لەناو هێزەکانماندا درووستکرد.

لە قۆڵی هۆمەرقەڵاشەوە پێشمەرگەکان لەگەڵ هێزەکەی دوژمندا کەوتبوونە شەڕەوەو زیانێکی باشیان لێدابوون، لێرەش کاك بەختیارو کاك هیوا حەمەفەرەج گیانیان ئەکەنە قوربانی خاکی کوردستان.

دوای شەڕەکان هەر ئەو ئێوارەیە ڕووسییەکان لەلایەن برادەرانەوە ئازاد ئەکرێن‌و ڕەوانەیان ئەکەنەوە. گرتنی ئەم ڕووسییانە خۆی لە خۆیدا کارێکی گەورەو دەنگێکی باشی دایەوە، جگە لەوە خۆیان بەچاوی خۆیان (هـ.پ.ك)و شۆڕشی کوردووەزعی کوردستانیان بینی چۆن لەلایەن ڕژێمی عەفلەقییەوە

مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێو کورد لە پێناوی چیدا خەبات ئەکاتو جیاوازی نێوان (ه.پ.ك) کە بەبیروباوەڕەوە شەڕ ئەکاتو هێزە پڕ چەكو مۆدێرنەکەی بەعسیان دی کە یەکێك لەسەرچاوەکانی پڕچەککردنی بەعس یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا بوو. ئەمەش یەکەمجار نەبوو بیانی بکەوێتە دەست (ه.پ.ك) بەڵکو لەساڵی ۱۹۷۷ کاك سەرکەوتو پێشمەرگەیەك ئەندازیارێکی ئیتالی کە بۆ مەسح هاتبووە دێی مەسۆیی سەرچەم ئەگرنو تووشی شەڕێکی قورس ئەبن لەگەڵ دوژمنداو جیهازێکی گەورەی دوژمن ئەگرن.

بەرەو کۆتایی مانگی ۱۹۸۰/۸ بووبینەوە کەوتینە ناو بارێکی تازەوە کە تەقینەوەیەکی گەورە بوو نەك بۆ ئێمەو ناوچەکە بەڵکو بۆ هەموو جیهانیش، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو هاتنی جمهوری ئیسلامی مەترسییەکی گەورە کەوتەوەو هەموو دنیا بەووریاییەوە تەماشای دواڕۆژی ڕووداوەکانی ناوچەکەیان ئەکرد، چ ڕۆژئاواو چ ڕۆژهەڵات، هەریەکە لەڕوانگەی بۆچوونی خۆیەوە بەچاوێکی زلەوە ئەیانڕوانییە ئەم دەوڵەتەو سیاسەتەکانی ئایندەی، هاتنی ئەم ڕژێمە تازەیە تای تەرازووی وەزعەکەی لاسەنگ کردو پێوانەکانی هەڵوەشاندەوە، ئەوەی ئەیویست سوود لەم هەلومەرجە نوێیەوەربگرێتو بەرژەوەندییەکانی لە بشێوی بارودۆخەکە دا ببینێتەوەو ناوی تکاوی بگێڕێتەوە ناوچەوانی کە چەند ساڵ پێشتر لە دەستی دابوو عێراق بوو. ئێران هێشتا چەند مانگ بوو شا ڕای کردبوو، خەڵکی سەرگەرمی هەلی نوێ بوونو دەسەڵات بەتەواوی نەگیرسابووەوە، لە هەموو لایەکەوە پایەکانی قایم نەکردبوون، عێراق بیری لەوە ئەکردەوە کارێك بکات لە چەند ڕوویەکەوە کەسێتی دەربکەوێت:

۱. ئەو شوێنە گرنگانەی سەر کەنداو کە لەپەیمانی ئەلجەزائیردا لە دەستی دابووەوەدەستی بهێنێتەوە.

۲. بەناوی بەرگریکردن لە ئوممەی عەرەبی عەرەبەکانی ئەهوازو سێ دوورگەی تر ڕزگار بکاتو بیخاتەوە سەر نەخشەی عێراقی عەرەبی گەرچی سەر بەعێراقیش نین.

٣. بەدنیای بسەلمێنێ عێراق دەوڵەتێکی بەهێزەو لە ڕووی تەکنیکی سەربازییەوە توانایەکی فراوانی هەیە.
٤. لەهەمووی گرنگتر بەر بەمەدی ئیسلامیو شیعەگەری بگرێ کە عێراق خۆی بەشێکی زۆری شیعەیەو مەترسی هەڵگیرسانی شۆڕشی شیعەی لێئەکرا.

ئا لەم ڕووەوە عێراق کەوتە بیانوو گرتنو شەڕە دەنووکی سەر سنوورو دنەدانیوەزعەکەو هەلەکەشی لەبار بوو بۆ هەڵسووڕاندنی ئەم مەسەلەیەو دنیای دەرەوەش پشی پشیان بۆ ئەکرد بەتایبەتی زۆربەی بیرو بۆچوونەکان بۆ ئەوە ئەچوون کە ئێرانێک هێشتا لەنگەری نەگرتووەو ماستەکەی نەمەیوە هەر ڕەشەبایەکی دەرەوە لێی هەڵئەکات ڕژێمی تازە تەفروتوونا ئەکاتو بەئاسانی ئەگۆڕێو ئەوەی دەرەوە ئەیەوێت دێتە سەر تەختی حوکم. ئەوەبوو لەڕۆژی ١٩٨٠/٨/٢٢ بە ئاشکرا عێراق جاڕی شەڕی داو بە بەرچاوی هەموو جیهانەوەوەرەقەی مۆرکراوی پەیمانی ئەلجەزائیری دڕی.

بەمەش کەرایەتییەکی گەورەی کردو خۆی خستە ناو داوی شەڕێکی بێئامانەوە کە سەرەتا دەستپێکردنی ئاسان ئەبێ بەڵام کۆتاییەکەی کارەسات ئەبێ. بەخەیاڵی خۆیوای ئەزانی ئەتوانێ بەهێرشێکی سەربازی هەموو شوێنێک بگرێو کەس خۆی ڕانەگرێ لەبەردەمیدا. سەرەتا هێرشێکی زەمینی گەورەی بەرەو قووڵایی ناو ئێران دەستپێکرد لە کاتێکدا ئەرتەشی ئێران لەبارێکی ناسازدا بوو، ڕژێمی تازەیان بەدڵ نەبوو، پشتیوانیان لێنەئەکرد، دەسەڵاتی پاسداران لە سنوورەکاندا دانەمەزرابوو، کەسێک نەبوو بەرگری بکات، هەر پایەگاو مەخفەرو شارۆچکەو شاری ئێرانی بوو ئەکەوتو خەڵکەکەی ڕای ئەکرد، سوپای عێراقی تەتار ئاسا بێبەزەییانە کەوتنەوێزەی ئەو شوێنانەی ئەکەوتە چنگیانو تەفروتوونایان ئەکرد هەر ئەمەشە لۆجیکی هێزی داگیرکەرو نەریتی سوپایەکی دواکەوتووو لەگەڵ ئەو دروشمەی بەعس بەرزی کردۆتەوە یەکانگیر ئەبێ: سوپا بۆ شەڕو ئاوەدانکردنەوەیە. بەلای بەعسەوە سوپا بۆ شەڕی مالوێرانکەرە، سوپایەک کە هەمیشە لەشەڕی کوردستاندا بووە

قەت هیچ شوێنێکی ئاوەدان نەکردۆتەوە جگە لەوێرانکردن. ئەگەر بەعس ئەو دروشمەی‌وا دابڕشتایە: سوپا تەنیا بۆ شەڕە. باشتر ناوەڕۆکی بیرۆکەکەی نەپێکاو ڕاستتر دەرئەچوو.

لەگەڵ بەرپابوونی شەڕەکەدا هەندێ ئاڵوگۆڕ کەوتە ناوچەکەوە بە تایبەتی حکومەت زۆر لەسەربازگەو ڕەبایەکانی ناوچە جیاجیاکانی لە هێزەکانی فەیلەقی یەك لە کوردستاندا چۆڵکردو هێزەکانی نارده بەرەکانی شەڕ لە خوارووو ناوەڕاستی عێراق. بەمەش مەودای جوڵانەوەی هێزی پێشمەرگە زیاتر بوو، هەروەها سەرەتای ڕاکردنی خەڵك و نەچوونە شەڕ دەستی پێکرد، چونکە خەڵکی باوەڕیان بەو شەڕە بێهودەیە نەبوو.

لەم سەرو بەندەدا بوو دوا دوایی مانگی ١٠/١٩٨٠ بوو قیادەی مووەقەتە لە نۆکان‌و بێدەلان کە دوو دێ بوون لەسەر چەمی قاسمەڕەش‌و لە سەرەتای شۆڕشی نوێدا بەشێکی بارەگاکانی (ی.ن.ك) لەوناوە بوو، هێزیان کۆکردبووەوە بۆ پەلاماردانی سەرکردایەتیمان، برووسکەی بەپەلەمان بۆهات کە هێزێك بگاتە بارەگاکانی سەرکردایەتی، لەگەڵ کاك خالید دا ئازا هێزمان ئامادەکردو بەرەو دیوی قەرەداخ بۆ دیتنی کاك مستەفا چاوڕەش ڕۆیشتین، کەچی ئەو پێش ئێمە کەوتبووە ڕێ. هەتا جێشانە کە دێکە لەبناری گڵەزەردە بەدوایدا چووین نەمانگرتەوە. دوو ڕۆژ لەو ئاوەدا ماینەوە، لەبەر نەشارەزایی نەمانتوانی بڕۆین. پاشان کاك ئەنوەر بارۆیمان دۆزییەوەوەکو شارەزایەك بەناو خانووەکانی قادسیەی سلێمانیدا بەناوجەرگەی بۆسەی دوژمندا ڕەتی کردین، دوای چەند ڕۆژێك گەیشتینە سەرکردایەتی.

قیادە موەقەتە بەرامبەر بارەگاکانی سەرکردایەتی سەنگەریان لێدابوو، ئێمەش لە شێنێ‌و زەڵێ سەنگەرمان لێگرت، بەووریاییەوە لەوێ ماینەوە. دوای ماوەیەك قیادە موەقەتە هێزەکانیان کشانەوەو هێرشیان نەکرد. کاك خالید بەبڕیاری سەرکردایەتی گەڕایەوە گەرمیان‌و ئێمەش ماینەوە. پاشان بڕیاردرا هێزێکی هەرێمی پێنج‌و هەرێمی دوو جەماعەتی خۆشناوەتی‌و دەشتی هەولێر لەگەڵ هەڤاڵان ملازم سەید کەریم‌و عومەری سەید عەلی‌و ڕۆستەم

بازیـانی پێـك بهێنـرێن بـەرەو باڵەكایـەتی، هـەڤاڵان فەرەیـدوون عەبـدولقادرو برایم جەلالیشمان لەگەڵ بوو، پێش ئەوەی بکەوینە ڕێ کاك نەشیروان مستەفا کۆبوونەوەیەکی پێکردین لەمەڕ ئەرکەکانمان.

ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٦ لەشێنێ بەرەو قەڵاتۆکانی بنـاری قەنـدیل کەوتینـەڕێ، شەو لەوێ ماینەوە، بارانێکی لێزمە دایکـرد، بـۆ شـەوی دوایـی گەیشـتینە مـاخ‌و بزنـان. بەبەیانییەکەیـدا چـووینە جـەلکان‌و مـەمکان‌و بڕیارمـان دا شـەوەکەش بمێنینـەوە. ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٨ بـوو لەگـەڵ کـاك ڕۆسـتەم داوەسـتابووین قسـەمان ئەکرد، دەنگی کۆپتەر هاتەگوێم،ووتم: دەنگی کۆپتـەر دێت، کـاك ڕۆسـتەم‌ووتی: کوا دەنگی نایەت. لـە ناکاو کۆپتـەرەکانم بـەدیکرد. دووان بـوون‌و نیشـانی کـاك ڕۆستەمم دان. بـەوە نـازانین مـلازم سـەید کـەریم بـەڕێ کـەوتووەو کۆپتـەریان لێپەیدا بووە، گردێك لە ڕۆژئاوای دێکەدا بوووتم: من ئەچمە سەر ئەو گـردەو ڕەشاشی ژ -٣یەکە ئەبەم، ئەم ڕەشاشەمان لە شێنێ بە تفـەنگێکی سـەلیب گـۆڕی بووەوە، بانگی غائب دووزیم کردوپێکەوە سەرکەوتین، ئێمـە نەگەیشـتینە سـەر گردەکە لەو دیـوەوە کۆپتـەر دەسـتی بەتەقـە کـرد، تومـەز لـە برادەرانـی مـلازم سـەید کـەریم ئـەدات، لـەو کاتـەدا کـاك ڕۆسـتەمیش گەیشـتە لامـان‌و پێکـەوە دەستمان لە کۆپتەرەکان کردەوەو کۆپتـەرەکان لێیـان دا ڕۆیشتن. کـاك ڕۆسـتەم مـن‌و د.سـاجدو پێشـمەرگەیەکی تـری بـۆ شـوێنی تەقـەکان نـارد، کـە نزیـك بووینـەوە، لێپرسـراوێکمان بـە نـاوی ئـازاد خۆشـناو بینـی لـە نـاو خـەرمانێك پووشدا خۆی شاردبووەوە، لێمان پرسی: ئەوە چییە..؟ووتـی: کۆپتـەر لێیـداین. نەختێ تر چووینە ئەولاتر برینداریك هاواری ئەکرد. بـە ئازادمـان‌ووت بچێتە لای، خۆمان بەرەو کەڵەکە بەردێك چووین دوو پێشمەرگەی تێدابوو، یـەکێکیان کاك عومـەری سـەید عـەلی بـوو برینەکـەی زۆر سـەختبوو، ئـەوەی تریـان نـاوی سدیق بوو خەڵکیووڵاخلوو بوو. لە پاڵ کاك عومەردا شەهید بوو بوو. د.ساجد کاك عومەری تیمار ئەکرد، ئێمەش بەشوێن برینـدارو شەهیدی تـردا ئەگـەڕاین چووینە سەر شەهیدێك ناوی جەنگی بوو دەمانچەیەکی میکارۆفی بەدەستەوە بوو، پەنجەی بەسەر پەلەپیتکەکەوە بوو، چووینە سەر شـەهیدێکی تـر ڕەئـوفی

ناوبوو، تەقەی لە کۆپتەرەکان کردبوو، دوایش لە شوێنی خۆیدا پێکرابوو، بەداخەوە لەم شەڕەدا جەمیل ڕەنجبەری شاعیریش ئەپێکرێو شەهید ئەبێ کەشاعیرێکی دیاری بواری شیعری بەرگری شۆڕشگێڕانە بوو تاکو شەهید بووشیعرەکانی داینەمۆی شۆڕش بوو ، لەڕێگەی ئیزگەوە جۆش‌وخرۆشێکی ئەدایە خەڵکی کوردستان .. من‌وەکو شاعیر ئەم ئەناسی بەڵام لەڕێگادا بەرەو بناری قەندیل‌و دۆڵە ڕەقە پێی ئاشنابووم‌وەکو کەسێکی گەورە ئەهاتە بەرچاوم ، پیاوێکی ڕووخسار جوان‌و قژێکی سپی هەبوو ،وەختێ شەهید بوو بوو چوومە سەر تەرمەکەی‌ووتم ئەمە پیاوە قژ سپییەکە..د.ساجیدووتی : ئەمە کاك جەمیل ڕەنجبەری شاعیرە . دواتر بۆم ڕوون بووەوە کە ئەم پێشمەرگە شاعیرە خاوەن قەڵەمێکی بە پێزە، کە سێتیەکی دیاری دەفەری هەولێرە . کاتێك گەیشتینە سکتان برایەکیم بینی پێم‌وایە ناوی کاوە بوو لە زیندانی بەعس هەڵهاتبوو ، هێشتا نەی ئەزانی کاك جەمیل شەهید بووە . پێشمەرگەیەکیش بریندار بوو بوو پارچەیەکی زۆر بەر لەشی کەوتبوو ، خستمانە سەرووڵاخێك هاواری لێ هەستا بەر هەر شێوەیەك دامان ئەنا هەر هاواری ئەکرد ناچار دەرگایەکمان هێناو خستمانە سەر سەری‌و نامانە سەر پشتی‌ووڵاخەکەوە کەچی هەر هاواری ئەکرد ئیتر منیش تووڕە بووم‌و هەڵمرێژایە ناو کەنێکەوە ، بانگی کرد : ئەمجارە هەڵمگرنەوە ئیتر دەنگ ناکەم .. بەو جۆرە بردمانە ناو برینداره‌کان. لە ڕاستیدا ناهەقی نەبوو چونکە پارچە لەشی‌وێرانکردبوو .. لە دواییدا بۆم دەرکەوت ئەو بریندارە کاك جەبار یاوەر بووە ، لەو شەڕە کۆپتەرەدا ٨ شەهیدو ١٦ برینداره‌مان هەبوو. پاش کۆکردنەوەی شەهیدو برینداره‌کان لەلای پیرانەرەش گۆڕێکی درێژمان هەڵکەندو شەهیدەکانمان لەوێ ناشت، لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو گۆڕێکمان بۆ بریندارێك هەڵکەندبوو هێشتا گیانی پاکی دەرنەچوو بوو، بە دیارییەوە دانیشتبووین، پاش کاژمێرێك بریارێکمان بۆ هات هەرێمی پێنج بچینە سەرشاخی کێوەرەش بۆسەبین بۆ ئەوەی ڕۆژی دوایی برینداره‌کان ڕەوانەی دیوی دۆڵەڕەقە بکرێت ... چووینە سەرشاخ، شەوێکی تاریك‌و نووتەك بوو،

باران‌و تـەرزە ئـەباری، سـەرماو تۆفێکی سـەختو بایـەکی تونـدی ئـەهات، کـاك فەرمیدونمان لەگەڵ بوو، تا بـەیانی لەسـەر شـاخ ماینـەوە، ڕۆژی دواتـر چـووینە دۆڵەڕەقە، جەماعەتی سوارەئاغای لێبوو، هیچ ڕێزو حورمـەتێکیان نـەبوو،وەکو پێویست بۆ یارمەتیدانی کاك عومەری سەید عەلی نەجوولانەوە، شەوی دواتـر کاك عومەر لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگەدا بە سەر پەرشتی کاك عەلی نەبی بـۆ سـەرکردایەتی بـەڕێکرا. ئێمـەش چـەند ڕۆژی لەبەردانکـەو دێهـاتی ئـەو دەوروبـەرە ماینـەوە، پاشـان چـووینە ساوسـێوەکان کـە دۆڵێکـی درێـژەو لـە ڕۆژهـەلاتی مەلەکانـەوە دەسـت پێئـەکات تـاکو ئەچێتە نزیـك چـیای کـاروخ، لەوێشەوە ئەبێتە دوو شیو، یەکێکیان شۆڕ ئەبێتەوە بۆ فـەقێیان، ئـەوی تریـان بۆ دۆڵەڕەقە، لەوێشەوە چووینە خۆشناوەتی، شەوێك لـە دێـی بـیراوا ماینـەوە. ئەوەی بە لامەوە سەیر بوو ئەوە بوو ژنەکانیان کـە خـەڵکی غەریبـەیان بدیایـە چارۆکەیەکی ڕەشیان ئەدا بەسەریانا، گوایـە ئەمـە دەستووری ئـەم ناوچـەیەیە، ئەمەش پێچەوانەی هەموو ناوچەکانی تر کوردەوارییە کە ژن پەچەو ڕووپـۆش بەکارنایـەنن‌و ئـەو پەتایـەی چارشێوی شـارەکانیان پێنەگەیشتووە، یـان زۆر پابەنـدی نـەبوون‌و ژنـان لـە لادێیەکانـدا ئـازادترن لـە پـەیوەندی کۆمەلایەتی‌و هەڵسوکەوتدا.

بـەدەم جەولەکردنـەوە چـووینە بالیسـان‌و هـەردوو چیوەو سـکتان کـە ناوچەیەکی دڵگیرەو ئەکەوێتە دۆڵێکی سەوزو ئاودارو درەختـاوی‌و شـاخ دەوری داوە. لە سکتان کاك فەرمیدون کۆبوونەوەیەکی پێکردین‌وبڕیاردرا ئێمـە لەگـەڵ هێزەکـەی هـەرێمی دوودا بچـینە سـنوورەکەیان‌و لەوێشـەوە بـەرەو بـەری قـەرەداغ‌و گـەرمیان، دوای کۆبوونەوەکـە بـەرەو قەمتـەران کەوتینـەڕێ، بەیانییەکەی لە خدران ماینەوە لەوێ هەواڵێکی سەرپێیی شەهید بـوونی کـاك بێستوون بارۆییمـان بیسـت، هەرچـەندە هێشتا لـە دەنـگ‌و باسـەکە زۆر دڵنیـا نەبووین.

عەسری ئەو ڕۆژە چووینە کانی‌وەتمان، شەو لەوێ خەوتین، کاتژمێر ٤ی بـەیانی سـەرکەوتینە سـەر شـاخی حاجی‌قـەلا، نیـوەڕۆ لەپشـتی حـاجی قـەلاوە

بەناو دەربەندێکا کە باخی هەناری تێدابوو چووینە سەر جادەی بۆگدو بە ئۆتۆمبیل گەیشتینە ناو دێی بۆگدو شەو ماینەوە لە مزگەوتەکەدا نووستبووین، دنیا زۆر ساردبوو، پێشمەرگەیەك بە ناوی حەمە کەریمی سەید سایەقی لە جاشییەوە تازە ڕایکردبوو بۆ پێشمەرگایەتی دەرمانی ئەکردە جلەکانییەوە، پێشمەرگەکان پێیان ووتبووووریا بە کەمی پێوە بکە، حەمە کەریم ووتبووی:وەڵڵا هەر ئەسپێیەك بجووڵێتەوە پڕ چاوی ئەکەم. کاتژمێر یەکی شەو بە ئاگاهاتم تەماشا ئەکەم حەمە کەریم زۆر هیلاکەو ئەلرخێنێ، بانگی عوسمان تلیشانیم کرد بیبەن بیخەنە ناو حەوزی ئاوەکەوە. باش بوو بۆ بەیانیووردەووردە چاك بووەوە. ماوەیەك پێش ئەمەش سامی مامە نوری هۆمەرملی لە بێتووش دەرمانی کردبووە جلەکانیەوەو ژاراوی بووبوو گیانی لە دەستدا بوو. بۆ بەیانی ڕۆیشتینە کلێسەو بۆڵقامیش‌و لەمزێ پەڕینەوە بۆ دێی عەسکەر، شەوەکەی ماینەوە، بەیانی شارەزایان داینێ بۆ سەروچاوەو ئێوارەکەی لەدەرگەزێنەوە بەرەو بازیان ڕۆیشتین، بۆ حەسانەوە چووینە دێی چۆڵەك‌و لەوێ بەتەواوی هەواڵی شەڕەکەو شەهید بوونی کاك بێستوون‌و برادەرانمان زانی کەکەرتی چواری جەباری ڕۆژی ١٩٨٠/١١/١٨ تووشی شەڕ بوو بوون لەشاخی شۆراوی بازیان کە ئەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ لەنێوان دەربەندی بازیان‌و دەربەندی باسەرە، کە چیایەکی سەختەو دارودرەختی لێیە.. لە ڕووی خوارەوە ناوچەی هەمەوەندو لە ڕووی سەرەوە بازیانە، لەم ڕووەوە ڕادارێکی گەورەی لێدانراوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەی سلێمانی‌و قەرەداخ‌و گەرمیان. هێزێکی سەربازی پارێزگاری ئەکات. هەرگیز پەلاماری ئەو شوێنەمان نەدا، گەر بمانگرتایە ئەوا لە ڕادار هیچمان نەئەزانی‌و شارەزای فەنیشمان نەبوو سەری لێدەربکات، مەگەر بمان تەقاندایەتەوە. لەم شەڕەدا ١٦ شەهیدو کۆمەڵێك بریندارمان هەبوو، دوای ئەوە چووینە خاڵدان، دوو چەکی شەهیدەکانمان کەوتبوونە دەستی خەڵکی ئەو ناوەوەرمان گرتەوەو دامانەوە دەستی کاك ڕۆستەم. ئینجا بۆ سەرخۆشی سەردانی ماڵی باوکی کاك بێستوونمان کردوووردەووردە بەرەو خوار بووینەوە، لەبرایم ئاوا چاومان بەکاك مستەفا

چاوڕەش و کاك شێخ جەعفەر کەوت، پێیان ڕاگەیاندین بچینەوە گەرمیان. بە ئۆتۆمبیل ڕۆیشتینە مریەم بەگ پێشمەرگەیەکی گەرمیان کە سەلام عەول بوو بینیمان هەواڵی نەقڵ بوونی کاك خالید گەرمیانی پێدایین بۆ کەرتی چواری جەباری، هەواڵێکی ناخۆش و برووسکە ئاسابوو، زۆر کاری تێکردین. حەزمان نەئەکرد کەسێکی وەك کاك خالید گەرمیان بەجێبهێڵێ، بەڵام بەویستی ئێمە نەبوو، بڕیاری سەرەوە بوو ئەبێ جێبەجێ بکرێ، بەئازاری ئەو هەواڵە ناخۆشەوە بەرەو گەرمیان شۆڕبووینەوە، لە داربەڕوو کاك سامان و کاك خالیدمان بینی، کاك خالید تەماشای ئەکردین و پێئەکەنی، پێی ووتم: کاك مەحموود نەقڵ بووم. منیش ووتم: ئێمە نایەڵین. زۆریش هەوڵماندا نەڕوات، بەڵام کاك سامان ووتی: ئەگەر کاك خالید نەڕوات کەرتی چواری جەباری خۆی ناگرێتەوە. ئیتر نەقڵەکەی کاك خالید بوو بە ڕاست. ئەوکاتە مامۆستا جەعفەر کە ئەندامی سەرکردایەتی بوو لە گەرمیان بوو، بەتەمابوو بەرەو بازیان بچێت و کاك سامان ڕەوانەی بکات، بەڵام کاك خالید بڕیاریدا لەگەڵ خۆیدا بیبات، چونکە ئەو بۆ بازیان ئەچوو بۆ چاوپێکەوتنی برادەرانی هەرێم، خواحافیزیمان لە کاك خالید کردو جیابووینەوە.

لە ناکاو ١٩٨٠/١٢/٨ هەواڵێکی دڵتەزێن دڵی هەموو کوردستانی هەژاند کاك خالید گەرمیانی لە نێوان دێی خاویۆ وکەسنەزانی ناوچەی قەرەداخدا لە شەڕێکدا گیانی پاکی ئەگاتە کاروانی سەروەری. تەرمەکەی ئەبرێتە تەنگی سەرو لە پاڵ ئارامگای شەهیدی سەرکردەی ڕۆشنبیری گەلەکەمان کاك ئارام بەخاك ئەسپێرێ. دوو ڕۆژ دوای ئەوە مەفرەزەکەی بەرەو گەرمیان گەڕایەوە. شەهیدبوونی کاك خالید درزێکی گەورە بوو کەوتە هێزەکەمان، بە ڕاستی ئەو نموونەی فەرماندەیەکی ئازاو بەتوانا بوو لە بواری شەڕی پارتیزانیدا قارەمانێکی بێوێنەو بە دەست و برد بوو لە پێکدادانـدا، تابڵێی لە داڕشتنی نەخشەی شەڕدا بیری ووردو تیژ بوو، بەو پەڕی کارامەییەوە کارەکانی ئەنجام ئەدا، هەموو کەس نەیئەتوانی لەگەڵیدا پێشمەرگە بێ و لەگەڵ ڕەوتی ئەودا دەربچێ، ئەمەندە ووریا بوو ئەیزانی چۆن لەگەڵ دەوروبەریدا ئەگونجێ و

بەئاسانی دوژمنی لەداو ئەناو سەری لێئەشێواند، ئەوەندە گورجو گۆڵ بوو دوژمنی سەرسام کردبوو، شێوازی هەڵسووڕاندنی کاری ئەو لەمەیدانی پارتیزانیدا دەرس و پەندێکی زۆری بۆ ئێمە تێدابوو، هەرچەندە ئەو نە لە قوتابخانەیەکی سەربازی دەرچوو بوو نە لەرێگەی خوێندنەوە شارەزایی شێوە نوێیەکانی شەڕی دنیا بوو بوو، تەنیا بەسەلیقەو هۆشمەندی خۆیو بەتێڕوانینی بارودۆخی شۆڕش و (ه.پ.ك)وە بەکارهێنانی جۆری دواکەوتووی چەك بەرامبەر بەتوانایی و پێشکەوتویی تەکنیکی دوژمن و جبەخانەی فراوانیدا هەندێك هەڵوێستی نوێی لەجموجووڵی کاری پێشمەرگانەدا دائەهێنا، لەپەلاماریکدا داخی دڵی خۆی بەهێزی دوژمن ئەرشت و لەچاوتروکانێکداوون ئەبوو لەپڕ لەشوێنێکی دیکەوە دەستێکی تری ئەوەشاندو قووتی ئەخواردەوەو لەجێگایەکی تر سەری هەڵئەدایەوەو دەنگی دەستی ئەهات، دوژمن حیسابی زۆری بۆ ئەکرد، بەڵام ئەو بەزیتەڵەیی وووریاییەوە لە هەموو داوەکان دەرباز ئەبوو. ئەگەر رۆژێك قارەمانێ بۆ شەڕی پارتیزانی دەستنیشان بکرێ و میدالیای بدرێتێ ئەوا کاك خالید گەرمیانی یەکەم کەس ئەبێت ئەو خەلاتەی بەرئەکەوێ.

شایانی باسە ئەو بۆ یەکەم جار بارمتەی لە حکومەتی بەعس گرت کاتێ ساڵی ١٩٨٠ کوڕەکەی قائمقامی کفری لەسەر جادەی کفری - دووز لە بۆسەیەکدا بە دەستگرت و دوای ووتوێژ توانی دووکەسی سەر بە رێکخستنەکانی کۆمەڵە لە بەندیخانەی ئەمنی کفری پێبگۆڕێتەوە. ئەم رووداوە خودی سەدامی شڵەژاندو بووە هۆی ئەوەی قائمقامی کفری بگیرێ و لە سەرکار لابربێ کە قائمقام خزمی سەدام خۆی بوو.

شەهیدبوونی کاك خالید بەڕاستی زیانێکی قورس بوو لە شۆڕش و کەلەبەرێکی زل کردە باڵەخانەی (ه.پ.ك). تادنیا ماوە شوێن دەستەکانی کاك خالید دیارە، کارە مەزنەکانی وەکو سروود بەسەر زمانی خەڵکییەوەیە. پاش ماوەیەك لەلایەن هەرێمەوە بڕیاردرا لە شوێنەکەی شەهیدی فەرماندە کاك

خالید بکرێمە فەرماندەی کەرتی پێنج. کەرتەکەمان کۆکردەوەو دەستمان کردە جەولەکردن.

یەکەم ئەرکمان ئەوەبوو کە بە پەلە بە ناوچەی کارکردنماندا بە ناو خەڵکەکەدا بگەڕێین و دۆست و لایەنگرەکامان بەسەر بکەینەوەو شارەزایی لە جوگرافیای ئەو ناوچەیەو ئاگاداربوون لە بوون و جموجووڵی هێزەکانی دوژمن تاکو بۆ کاتی پێویست بتوانین کاری خۆمانی لەسەر بکەین.. جگە لەوە ئەمانویست بەو گەڕانە هەندێك لە کەسەری و پەژارەی شەهید بوونی کاك خالید گەرمیانی و بەسەر دڵ و دەروونی خەڵکی بڕەوێنینەوە کە زۆریان خۆشئەویست و بۆشاییەکی بۆ ئێمەش بە جێهێشتبوو ئەبوایە بەووردبینیەوە کار بۆ پڕکردنەوەی بکرێت.

ساڵی ١٩٨١

بە بۆنەی ساڵی تازەوەویستمان چالاکی بکەین، بۆ ئەوەی هەندێك لەو شڵەژانە دەروونییەی بەهۆی شەهیدبوونی کاك خالید بەسەر دڵ و دەروونی پێشمەرگەکانەوە بوو بڕەوێنەوە، ڕۆژی ١٩٨١/١/١ لە کانی شیرینەی سەرجادەی قادرکەرەم - دووز چالاکیەکمان کرد ٣ سەربازمان بە دیل گرت و ٣ چەکمان دەستکەوت، هەر لەم مانگەدا نەخشەی پەلاماردانی هەندێ شوێنمان داڕشت کە لە سەردەمی شەهید خالید دا بە نیازبووین بچینە سەری،وەکو جادەی نێوان کەرکوك - دووز، جادەی قادرکەرەم - دووز، سەرجادەی ئاغجەمەشەت - خدروەلی، کە ئەم دوو دێیەی دوایی سەربە عەشیرەتی داودەن و سنووریان لەگەڵ دێهاتە عەرەبەکاندا تێکەڵە.

پاش داڕشتنی نەخشەکە، شەوێ لە شۆڕاوی نزیك دووزەوە چووینە تاوێرکەوە لە چەند کیلۆمەتری شارۆچکەی دووزدا، تاقی ئێوارەی ڕۆژی ئایندە لە خۆرهەڵاتی دووزەوە بۆ ماوەی ٤ کاتژمێر بە شوێنی نزمایدا ڕێمان کرد تا دوژمن نەمانبینێ گەیشتینە شوێنی دیاریکراو لە کاتی تایبەتیدا لەسەر

جادەکە دامەزراین، ٧کەس بۆ ڕۆژهەڵاتی جادەکە دانرا کە لەوێوە ئۆتۆمبیل لەقادرکەرەم ـ ئەوجولەوە بۆ دووز ئەچێ، ٧ کەسی تر بۆ ڕۆژهەڵاتی جادەکە کەلە دووزەوە بۆ قادرکەرەم ـ ئەوجول ئەچێ، خۆیشم لەگەڵ ٤ کەسدا لە ناوەڕاستدا بە ئارپیجییەکەوە دامەزراین، ئەگەر هەر ئۆتۆمبیلێك لە یەکێك لەو بۆسانە دەرباز ببوایە ئێمە لێمان ئەدا. لەو کاتەدا ئۆتۆمبیلێك هاتو لە بۆسەی ڕۆژهەلات نەوەستاو ئێمە بۆی دەرکەوتین کە زانییان دەرناچن، شۆفێرەکەو یەکێکی تر لێی دابەزین‌و ڕایان کردو تەقەمان لێکردن، شۆفێرەکە گوللەی زۆر بەر جلەکانی کەوتبوو بەڵام بریندار نەبوو بوو، لەبەر ئەوەی جاش ناشەعبی بوووپستی نەگیرێ‌و لەگەڵ جاش ناشەعبییەکەی تر کەخەڵکی خدروەلی بوو گیران‌و ئۆتۆمبیلەکەشمان دەستکەوت بوو.

ئەمجارەیان‌ویستمان لەسەر جادەی کفری ـ کەلار شەڕێك بکەین، مانگی ١٩٨١/٢ بوو، هێزەکەمان کۆکردەوەو چووینە سەرجادەو کۆمەڵێك ئۆتۆمبیلمان ڕاگرت‌و هەندێ پیاوخراپ کەوتە بۆسەکەمانەوە، یەکێك لەوانە بەهادین مەجید محەممەد عەلی سەرۆکی بەشی کشتوکاڵی کەلارو فەرماندەی قاتعی جاش ناشەعبی کەلار بوو کە ئەو ڕۆژە لەدەورە بوو لە تکریتەوە گەڕابووەوە، لەگەڵ یوسف مەجید دەلۆیی کە کاتی خۆی بەڕێوەبەری ناحیەی کۆکس بوو لەسەر دزی دەرکرابوو، بوو بووە جاسوس بەسەر کوردەوە، هاتوچۆی دەرەوەی عێراقیشی ئەکرد بۆ ئەم کارە تادەستی چووە خوێنی شەهید سیروان دەلۆیی ژن برای خۆی کەلە ڕێکخستنی کۆمەڵەدا بوو. لەم بۆسەیەدا ٨ سەربازمان بە دیل گرت، دوای ئەوە گەڕاینەوە دێی گۆبان عارەب، برادەرانی حشع لەوێ چاویان بەیوسف کەوت‌و داوایان کرد بەو حیسابەی کۆنە شیوعییە، لەبەر تەکلیفەکەیان تەسلیممان کردنەوە بێنەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەین‌و نەشمان ئەزانێ چ تاوانبارێکە. ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە لەمەیدانی خەباتدا کەچەند هێزولایەنێکی جیاجیای یەك نەگرتوو لەبەرەیەکدا لەسەر ئاستی دژایەتی کردن‌و کۆکردنەوەی خەڵکی دەیان‌و بگرە سەدان خەڵکی خراپ‌و بوودەڵە تێهەڵکێش ئەبن‌و بگرە هەندێکیشیان ببنە جاسوس‌و خراپەکار. ئەمە

نه یەکەم ڕووداو نە دوا ڕووداویش بوو بەڵکو بەدرێژایی تەمەنی شۆڕش کە هێزەکان هەریەکە لەسەنگەری خۆیدا بێ ئەم مەسەلەیەش دەپات ئەبێتەوە، بێئەوەی حیسابی بۆ بکرێ یان سنوورێکی بۆ دابنرێ، چۆن لەو کاتانەدا لە سەر تاوانباران مامەڵە بکرێو لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو دادگاوە سزا بدرێنو گوێ نەدرێتە لایەنی پەیوەندی حیزبییانەوە.

ئێمە دڵنیاین کە برادەرانی حشع ئەو یوسفەیان وەکو جاسوسێك کە دەستی لە خوێنی شەهیدان سیروان دەلۆییو مەجید غاندیدا هەبوو ناسیوەو زانیویشیانە پیاوی مخابەراتی ڕژێمی عێراق بووە، بەڵام بە مەبەستی تایبەتی داکۆکیان لێکردو لە دەستمان دەرچوو ئەگینا بەسزای تاوانەکانی خۆی ئەگەیشت، بەهادین مەجیدیش ئەڵقە لەگوێیەکی بەعس بوو، هەرچەندە خەڵکێکی زۆر لەهۆزی زەنگنە کەوتنە دوای بەڵام بڕیاری کوشتنی لە سەرەوە دەرچوو بوو. لە ناو عەشایەری خۆماندا بوو بووە باو هەر کەسێکی تاوانباری سەر بەڕژێم بگیرایە، شاڵاوی خەڵکی عەشیرەتی هەڵئەستاو نەهاتنەلامان بۆ پاکانەکردنو بەخشینیانو بەرەڵاکردنیان بێئەوەی ڕەچاوی جۆری تاوانەکەی بکرێ، زۆرجاریش خەڵکمان لێ زویر بووە کە کەسێکی خۆفرۆشمان بۆ بەرنەداون بەڵکو هەڵوێستی خۆیان گۆڕیوەو کەوتوونەتە دژایەتی شۆڕشەوە. زۆرجاریش لە قسەو کۆبوونەوەکانماندا لە دێهاتەکاندا ئەم مەسەلەیەمان بۆ ڕوون کردوونەتەوە بەڵام هەر سوودی نەبووە، هەروەها پارێزەر عە بدولوەهاب باجەلانیشمان گرتبوو ، لەدێی گۆبان عارەب ئازادمان کرد ، چونکە شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەبوو، لەکاتێکدا ئەیویست بڕواتووتی : چیتان ئەوێ بۆتان بکەین ..؟ منیش وەڵامم دایەوە : ئەوە هەموو کەسوکارمان لەزینداندایە ، ئەتوانن ڕزگاریان بکەن..؟ووتی : نەوەڵا لەم بارەوە هیچمان پێ ناکرێ..!!

ڕۆژی ۱۹۸۱/۲/۲۵ لەگەڵ مامۆستا سەلاحەدین حەمید عەبدوڵڵا ڕەمەزاندا لە دێی کەریم باسام مەوعیدێکمان هەبوو بۆ کۆبوونەوەی پێشمەرگەکانو چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی ناوچەکە. دانانیمەوعید لە ڕووی شوێنو کاتەوە زۆر نهێنی بوو جگە لە کادیرو فەرمانەدەکان کەسیتر پێی

نە ئەزانی. گەر دوژمن هەر زانیارییەکی چنگ بکەوتایە یەکسەر بەهێز یان بە کۆپتەر هێرشی ئەکردو تووشی شەڕی داسەپاوی ئەکردینو فرەجاریش زیانی چاوەڕوان نەکراومان پێئەگەیشت، مامۆستا سەلاحەدین مەوعیدەکەی لای هەندێ کەس بەبێ مەبەست درکاندبوو. ئێمەش ئاگامان لەوە نەبوو، بۆ ڕۆژی دیاریکراو بڕیارم دا ئێوارە درەنگ بگەمە دێی کەریم باسام، نیوەڕۆکەی لە باوەکر مامەوە کە بە پێ کاتژمێرو نیوێك لەکەریم باسامەوە دوورە، ئاگادار کراینەوە کە جاشو سەربازێکی زۆر ڕژاونەتە دێی قەواڵیو لەکی قادر سەرهەنگ، لەدێ دەرچووینو چووینە نێوان کەریم باسامو باوەکر خۆمان حەشاردا تا دوای نیوەڕۆ، نەشمانزانی مەفرەزەیەکمان لەو ناوەدا جەولە ئەکەن، مەفرەزەکەی تریش نەیزانی ئەچین بۆ کەریم باسام. کاتژمێر ٢ی دوای نیوەڕۆ جاشەکان بەرەو دێی کۆشك کەوتنە ڕێ لەناکاو بوو بەتەقە، لەئێمەوایە جاشەکان بۆ ئارەزوو تەقە ئەکەن، ئێمەش کەوتینە ڕێ بەرەو کۆشك بۆ ئەوەی لای ئێوارە لێیان بدەین، کەگەیشتینە نێوان کۆشكو کەریم باسام دوو کۆپتەر دەرکەوتن، لەنزیك کۆشك دەستیان کردە تەقە، ئێمە لەو هەردەی دەرەوەی دێکە خۆمان حەشاردا، دوای ڕۆیشتنی کۆپتەرەکان بەپەلە گەیشتینە قەراخی دێ، لەو کاتەشدا جاشو سەربازیش گەڕانەوە، مەوعیدەکەش نزیك بوو بووەوە دوو پێشمەرگەمان نارد بۆ دەنگوباس، کەگەڕانەوە هەواڵی تەقەکانیان پێوتین کە مەفرەزەیەکی خۆمان کەوتبووە شەڕەوەو دوو پێشمەرگە دەستگیر کرابوون: ئەسکەندەر حەیدەروسەید ئیبراهیم گەرمکی.

ئیتر کەوتینە سۆراخی برادەرەکانمانو دوای یەکگرتنەوەمان کەوتینە لێکۆڵینەوەی شەڕەکە، بۆمان ڕوون بووەوە لەئەنجامی نەپاراستنی نهێنی دانانی مەوعیدەکەوە بووە، م. سەلاحەدین کەمتەرخەمی کردووەو لای خەڵکی درکاندوویەتیو ئیخباری کرابووین، ئەگەر مەوعیدەکە بپارێزرایە تووشی ئەو زیانە نەئەبووین.

ڕۆژی ١٩٨١/٣/٩ برادەرانی حشع لە نزیك دێی مەلاهۆمەر تووشی پەلامارێکی کۆپتەرەکانی دوژمن ئەبن، ٢٦ کەسیان شەهیدو ٧ کەسیان دەرباز

ئەبن، یەکێکیان عومەر زامدار بوو هەموو گیانی بەگوللە دابێژرابوو، جاشەکان چوو بوونە سەری خۆی کردبووەمردوو، چاك بووەوەو هاتە ناو هێزەکانی خۆمانو بوو بە کۆمەڵە، دوایش لە شەڕێکدا لەلای سکەی کفری شەهید ئەبێ.

ئەم ڕووداوە کاری زۆری لە خەڵکی کرد، ترسی زۆریان لێنیشت، ٢٦شەهید ژمارەیەکی زۆرە، کاریگەریێتی لەسەر حشع زۆر بوو بە تایبەتی لە سەر دۆستو لایەنگرەکانیان، ئێمەش دەستبەجێ هێزەکەمان کۆکردەوەو بەبناری گل دا کە دۆستو لایەنگری حشعی تیا بوو جەولەیەکمان کرد، خەڵکەکە تا ڕادەیەك هاتنەوە سەر خۆیان، ئەم سنوورە ئەکەوێتە نێوان دێهاتەکانی زەنگنەو بەهۆی شاخی گلەوە لە ناوچەی داودە جیائەکرێتەوە، دانیشتوانەکەی زۆربەیان گلو هەندێ زەنگنەو تاڵەبانی تێدایە، پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ حشع زۆرتر بوو، بەڵام پاشان خەڵکەکەی پەیوەندییان بە کۆمەڵەو شۆڕشگێڕانەوە کردو ڕێکخستنەکانی یەکێتی زۆر بوون.

ڕۆژێ لە دێی سۆفی ڕەزا بووین کاتژمێر ٧ی ئێوارە کاك شێخ جەمال هاتو بە هێواشی چرپاندی بە گوێمدا:وورپابە ئەمشەو ئەتکوژن.!ووتم: چۆن..؟ووتی: کەرتەکەت پەیوەندییان بە دوژمنەوە کردووەو ئەمشەو کارەکەیان جێبەجێ ئەکەنو ڕائەکەن. کاك ئەحمەد دوانزە ئیمامیو مامۆستا سەلاحەدینو کاك شێخ جەمالم بانگ کردو باسی مەسەلەکەم بۆ کردن. لە کاك شێخ جەمالم پرسی: چۆن بەمەت زانی..؟ووتی: بە کاك سوارمیانووتووە کە لەگەڵیاندا بێو ئەویش منی ئاگادار کردەوە. یەکسەر چووم بۆ ئەو ژوورەی کە بۆ خەوتنی شەو دیاری کرابوو، هەموو پێشمەرگەکان لەوێ بوونووەزعیان ئاسایی نەبوو. شڵەژان بە ڕوویانەوە دیاربوو، تێگەیشتم کە کارێکیان لە ژێرسەردایە، لەگەڵ برادەراندا بڕیارماندا کەرتەکە بکەینە ٤ بەشەوە هەر بەشێکی دوو پێشمەرگەی دەستەکەمی لەگەڵدا بێ پێیان بڵێین دوژمن نیازی هێرشی هەیەو بەڕێ ئەکەوینو هەر مەفرەزەیەك بۆ دێیەك ئەچین. لەوێ پیلانگێڕەکان چەك بکرێن، چونکە بە کۆمەڵ چەك کردنیان زەحمەت بوو.

دوای ئەنجامـدانی کارەکـە رۆژی دواتـر لـە دێـی خـان یـەك ئەگرینـەوە، هـەر ئەوشەوە بڕیارەکەمان بەجێگەیاندو هەر مەفرەزە بەبێ کێشە پیلانگێرەکانیان چەککرد، لەخان هەموویانمان بەمەفرەزەیەکدا ڕەوانـەی هـەرێمی پێـنج کـردن. شـەوەکەی پێشـمەرگەیەك بـەناوی گەوهـەر ئـەمین لـەك لـەدێی قولیجـان هـەموویانی بـەرەڵاکردو ڕووەو لای ڕژێـم ڕایـانکرد، هەنـدێك لەوانـە: ئـەجم دەروێـش، قالـە کەچـەڵ، کـە هـەتا دوایـی هـەر لەگـەڵ ڕژێمـدا بـوون و هەندێکیشـیان وەکو جـەباری مـەلا عـەلی بەلەگـەو عومـەری بـرای و گەوهـەر خۆیشی هەڵوێستیان گۆڕی و گەڕانەوە ڕیزی خەبات.

دیاردەی دروستکردنی دەستوپێوەند لەلایەن دوژمنەوە لەناو (ه.پ.ك) دا جـار جـار ڕووی ئـەدا بـۆ دەستوەشـاندن لـە فەرمانـدەو کادیرەکـان و هەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگەو دڵساردکردنەوەی پشتیوانی خەڵکی. بەڵام بـەهۆی وریایی پێشـمەرگەوە ئـەو جـۆرە دەستەخۆفرۆشـانە ئاشـکرائەبوون. ئەمـەش هەنـدێ جـار ئەگەڕێتـەوە بـۆ کەمتەرخـەمی لـەکاتی وەرگرتنی پێشمەرگەو چاودێری نەکردنی جموجووڵیان، بۆ بەرگرتن لەم دیاردەو تەشەنە سـەندنی بڕیارمـان دا هـەر کەسـێك پەیوەنـدی ئـەکات یـان ئـەبێ لەلایـەن ڕێکخستنەوە پسوڵەی پێبێت یان ئەبێ کەفالەتێکی هەبێ یان چالاکییەك لەناو دوژمندا ئەنجام بدات.

پێش ئەم ڕووداوە دامنابوو خۆم نەقڵی دیوی قەرەداخ بکەم، کە ئەمە هاتە پێشەوە چوومە سەردانی کاك ڕۆستەم و مەسەلەکانی خۆمم تێگەیاندو داوام لێکرد کە لەو کەرتەدا نامێنمەوە ئەویش وتی: کەرتی شارەزوورمان کەسی نییە بیباتەڕێوە، بەڵکو ماوەیەك سەرپەرشتی بکەیت، لەسەر بڕیاری ئـەو چـوومە شـارەزوورو پەیوەنـدیم بـە کەرتەکـەوە کـردو دەسـتم کـردە جەولەکردن. لە ڕێی دەربەندیخان - سلێمانی هەندێ چالاکیمان کرد.

١٩٨١/٥/٢٥ بوو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە دۆڵی مالیمۆسی لای دێی کانی زەردی نزیك چیای بلفەت کۆنفرانسی یەکەمی خۆی بە ئامادەبوونی ١٨٢ ئەندامی بەشداربوو بەست.

دیاره بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵە لە ناو شاردا نەیتوانی کۆنفرانسی خۆی ببەستێ، کە شۆڕش بەرپابوو دیسانەوە شەڕو پەلامارەکانی دوژمن‌و کارەساتەکان گرفت بوون لە بەردەم بەستنی هەر کۆبوونەوەیەکی فراوان‌و کۆنفرانسێکدا کە گرنگی خۆیان هەیە بۆ پیاچوونەوەی بەرنامەو تاکتیک‌و ستراتیژو هەڵسەنگاندنی بارودۆخ‌و هەلومەرجی شۆڕش‌و خەبات‌و کاروباری رێکخستن‌و هەڵبژاردنی سەرکردایەتی‌و نوێکردنەوەی‌وەرگرتنی کۆمەڵێک بڕیارو دەرکردنی رێنوێنی‌و بەخشینی زانیاری.

لەم کۆنفرانسەدا بە هەڵوێستەکانی کۆمەڵەدا چوونەوەو پەیڕەووپڕۆگرامەکەی تاوتوێکراو سەرکردایەتی هەڵبژێردرا بەم شێوەیە:

کاك نەوشیروان مستەفا بوو بە سکرتێری کۆمەڵە، هەندێك هەڤاڵیش بوونە ئەندامی سەرکردایەتی لەوانە هەڤالان: فەرەیدون عەبدولقادر، د.کەمال خۆشناو، مەلا بەختیار، عومەری سەید عەلی. ئەمە شرینقەیەکی باش بوو هێزو گوڕو تینی دایە رێکخستنەکانی کۆمەڵە.

ئێمە بڕیارماندا لە یادی شەهیدان سەرکەوت‌ووالی قوببەیی دا دەستێك لە جاشەکانی زەڕایەن بوەشێنین، بۆ ئەم مەبەستە نەخشەیەکمان دارشت، رۆژی ١٩٨١/٦/٢٤ شەش پێشمەرگەمان نارد تەقە لەجاشەکانی زەڕایەن بکەن تاکو جاشەکان دەرچن، لەم لاشەوە بۆسەیەکمان بۆدانان، تومەز هێزێکی زۆری جاشەکان کۆبوونەتەوە بۆ پەلاماردانی بناری شارەزوور ئێمەش بێئاگابووین، هەرکە پێشمەرگەکان تەقە دەست پێئەکەن، جاش لە هەموو لایەکەوە دەستیان لێئەکەنەوەو دوایان ئەکەون، پێشمەرگەیەك بریندار ئەکەن، پێشمەرگەکان بریندارەکە تا ماوەیەك ئەهێنن‌و دوایی بەجێی ئەهێڵن، ئێمەش ناچار لەبۆسەکە دەرچووین‌و چووینە فریایانەوەو لەجاشەکانمان داو هەندێك گەڕانەوە، بەڵام تابریندارەکەمان دەرکرد هێزێکی زۆری دوژمن هێرشی کردە سەر قۆڵی ڕاستمان‌و زۆر بەرگەیان نەگرت‌و بەشی قۆڵی چەپێشمان شکاو بۆ لای ئێمەهاتن، تووشی شەڕێکی دەستەویەخە بووین. شەڕ تائێواره درێژەی کێشاو جاشەکان شکان، لای ئێمەش پێشمەرگە ڕەفیق باریکەیی شەهید بوو،

بریندارەکەشمان پ.م عەلی عومەر بوو ڕەوانەی لای پزیشك کرد لە دیوی قەرەداخ، هەر لەم ڕۆژەدا باوکی هاتبوو بۆ چاوپێکەوتنی کەچی بە بریندار بینی‌و هیچ خۆی تێکنەداو بەدیاریەوە مایەوە تاکو ڕۆژی ١٩٨١/٦/٢٥ کاك عەلی عومەر گیانی پاکی سپارد، شایانی باسە خاوەنی ٦ شەهیدی ترەو لەکاتی گیانەلادا باوکی نێوچەوانی ماچکردوووتی: ئافەرین ڕۆڵە، بەڕاستی شەهیدبوونت سەرمان بەرز ئەکاتەوە.

بەڕاستی ئەمە نموونەی مرۆڤی خۆڕاگرو شۆڕشگێڕو هەڵوێست بەرزییە، باوکێك بە بەرچاویەوەو لەبەردەستیدا جگەرگۆشەکەی بە گوللەی دوژمن شەهید ببێ‌و تێکنەچێ‌و بەوپەڕی دڵنیاییەوە بە دەستی خۆی کفنی بکات.

هەر لەم مانگەدا سەفەرێکی گەرمیانم کرد، لەگەڵ هێزی کەرتی یەك‌و کەرتی سێدا چووینە سەرجادەی کفری ـ دووز لەعاستی غەرە، بۆسەیەکمان بۆ ئۆتۆمبیلی مونەزەمەی عەفلەقییەکانی کفری دانا، بەیانی زوو بوو کۆمەڵێك ئۆتۆمبیلی خەڵکمان ڕاگرت، دوو لۆری گەورەی حکومەت کە پڕبوون لەسەهۆڵ‌و بەرەو بەرەی شەڕی گێلان غەرب ئەچوون کەوتنە بەردەستمان، لەو کاتانەدا ئۆتۆمبیلێکی جاش ناشەعبی لە بۆسەکەی دا‌ین‌و نەوەستاو لەناو دەستڕێژی لوولەی تفەنگەکانمان خۆی دەربازکردو لەسەر ڕێنگ ڕۆیشت تاگەیشتە بازگەی سلێمان بەگ، شۆفێرەکەی جاش ناشەعبییەك بوو بریندار بووو دۆستێکی خۆمان بە ناوی عەلی بێتار لەگەڵ کوڕێکی بۆ سەوزە ئەچوونە کەرکوك خۆی شەهید ئەبێ‌و کوڕەکەی بریندار ئەبێ‌و ئێستاش کەم ئەندامە.

پاش ئەنجامدانی کارەکە گەڕاینەوە ناوچەی داودەو سەهۆڵەکەمان بە سەر خەڵکیدا بەخشییەوە، دوای سەردانی ناوچەکەو بینینی کەس‌وکارو دۆستەکانمان گەڕامەوە ناوچەی قەرەداخ‌و شارەزوور.

لەم ساڵەدا ئەوەی گرنگ بێ لە ژیانی گەلەکەماندا درووست بوونی بەرەیەك بوو لەناو هێزەکانی کوردستاندا بەناوی (جوقد) کە تەمەنی درێژی بۆ نەنوسراو لەگەڵ خۆیدا هۆیەکانی هەڵوەشاندنەوەشی هێنا:

١. لایەنەکان زیاتر بەکاری دیعایەی حیزبییەوە خجڵ بوونو هەریەکە بۆ خواستی تایبەتی خۆی کاری ئەکرد.
٢. بەشداری نەکردنی پارتی تێیدا.
٣. فرتوفێڵی حشع لەهاتنە پێشەوە.

هەر لەسەرەتاوە لەسەر کۆمەڵێك مەسەلە کە پەیوەندی بە ئامانجی بەرەو شێوەی کاری سیاسیو هەڵوێست لەسروشتی ڕژێمو دەسەڵات دەنگی جیاجیا هەبوو، ئەمانەوایان کرد کە (جوقد) گیانی نەکرێتە بەرو دەورێکی ئەوتۆی نەبێ. لەبری ئەمە تەکەتولاتی تر هاتەکایەوە، زیاتر مەبەستی پیلانگێرییان هەبوو، بە تایبەتی بەرامبەر (ی.ن.ك)، (جود) بەری ئەم هەڵوێستو تەکەتولاتە بوو.

(جود) تەحالف بوو لە نێوان پارتیو حسكو حشعدا، حشع لە (جود)یشدا بوو، پەیوەندی لەگەڵ (ی.ن.ك) دا هەر هەبوو، جود بە کۆمەڵێ بیانووەوە هەمیشە لە هەوڵی تەندنو لە داوخستنی (ی.ن.ك) دابوو لەکاتێکدا نفوزی (ی.ن.ك) لە ناو خەڵکیدا باشو لای دوژمنیش سەنگی خۆی هەبوو، بۆیە جود لە مانگی ١٩٨١/٦دا هێزیان کۆکردبووەوەو دابەزیبوونە ناوچەی شارباژێر بەنیازی کۆنترۆڵ کردنیو دەرپەڕاندنی هێزەکانی (ی.ن.ك). لە بەرامبەردا بڕیاردرا هێزەکانی هەرێمی پێنج بچنە سنووری هەرێمی سێی شارباژێر بۆ بەرگریکردن لەو ناوچانەی کە دەسەڵاتی جودی تێدابوو، پێشتریش بەهۆی شەڕی ئێران ـ عێراقەوە ڕژێم چۆڵی کردبوو، کەرتەکانی قەرەداغو بازیانو دووزو کەلار هەموویان بەرەو شارباژێر کەوتنەڕێ جگە لە چەند پێشمەرگەیەکی کەم نەبێ کەسی نەمایەوە، لەدێی ڕەزلە یەکەم پێکادان ڕوویدا، هێزەکەی جود شکاو لە ناوچەکە دەرپەڕێنرانو ل ووتیان شکا، هێزەکەی هەرێمی پێنج ٣ مانگ لەو ناوەدا جەولەیان کردو جارێکیشیان سەردانی ناوچەی شارەزووریان کرد کە ئەو کاتە لیژنەی هەرێمی یەك بەرێوەی ئەبرد کەبریتیبوو لەم هەڤاڵانە: شەوکەتی حاجی مشیر، حامی حاجی خالید، حاکم عومەر، تاکو مانگی ١٩٨١/٩ بەبڕیاری سەرکردایەتی هەموو هێزەکان گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

له سنووری هەرێمی پێنجدا هەندێ کێشە هەبوو لە نێوان کاك مستەفا چاوڕەش‌و کاك سامان گەرمیانیدا کە لە کۆنفرانسی یەکی کۆمەڵەدا کاك سامان قسەی لە سەر کردبوو کاك مستەفاش ئەو قسانەی پێ هەرس نەکرابوو، هەڕەشەی لە کاك سامان کردبوو نەگەڕێتەوە سنووری هەرێمی پێنجی قەرەداخ، بەڵام کاك سامان گوێی نەدایەو گەڕایەوە بۆ سنوورەکە.

شەوێکیان لە سێوسێنان بووین کاتی خەو کاك مستەفا لەگەڵ فوئادو بابەتاهیرو د. چیا دا قسەیان ئەکرد، هەوڵیشیان ئەدا من ئاگام لە قسەکانیان نەبێ، خۆمم کردبووە خەوتوو. لە ناو دەمەتەقێ‌و گفتوگۆکاندا کاك مستەفاووتی: سامان گەرمیانی گەڕاوتەوەو لە سۆڵەیەو سبەینێ کە هاتە ئێرە هەوڵی چەککردنی ئەدەین.

منیش کە ئەمەم بیست بانگی پ.م سەلامی عەلە گوێزەم کردوووتم: بچۆ بۆ مچەکوێر کە کاك سامان هات ئاگاداری بکەرەوە نەچێتە لای کاك مستەفا تاکو چاوی بە من ئەکەوێ .

من مەبەستم ئەوە بوو لەو بەرنامەیە ئاگاداری بکەمەوە کە نەکەوێتە ناو داوی سزادان‌و ڕیسواکردن‌و کێشەو بگرەو بەردەیەك لەم نێوانەدا ڕوو بدات کە کار لە دڵ‌و دەروونی پێشمەرگەو خەڵکیش بکات‌و بە زیان بۆ شۆڕش بگەڕێتەوە.

سەلام ڕۆیشتو تاکو کاتژمێر ٨ ی بەیانی چاوەڕوانی کردبوو کاك سامان هەر دیار نەبوو.. ئێمەش لە سێوسێنانەوە بەرەو مەسۆیی ڕۆیشتین، نەمئەزانی ئەمە بەشێکە لە بەرنامەی داونانەوەکە.. چووینە ناومزگەوتەکەی مەسۆیی، من‌و شاهۆ پێکەوە دانیشتبووین‌وەختێکمان زانی کاك سامان پەیدا بوو، بواری ئەوەم نەبوو بچم ئاگاداری بکەمەوەو پێی بڵێم کەوا چەکی ئەکەن.

کاك سامان گەیشتە لای برادەران‌و هەندێ نامەی ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی پێبوو بۆ کاك مستەفا دیار بوو پەیوەندی بەو کێشەیەی نێوانیانەوە بوو بۆ چارەسەرکردنی. کاك مستەفا ئەیزانی لە مزگەوتەکەدا کاك سامانی بۆ چەك ناکرێ‌و پێشمەرگەکانی کە شێخ جەمال‌و

کەریم چاوڕەش‌و مام ساڵەح سەید مورادی بوون دەست ئەکەنەوە، بۆیە بەکاک سامانی‌ووت: بابچینە ماڵێکەوە ... کە چووبوونە ماڵەکەوە یەکسەر کاک سامانیان چەککردو پاش چەند خولەکێك بە چەککراوی هێنایان بۆ مزگەوتەکە کە لەکاتی چەککردنەکەیدا یەخەی کراسەکەیان ڕاتەکاندبوو هەندێکی لێدڕابوو.. ئێمە ئەمەمان زۆر پێناخۆش بوو، بۆ ئەوەی کێشە درووست نەبێ بە بەرچاوی ئێمەوە چەکەکەیان دایەوەو بە کاک سامانیانووت کە ئەبێت بۆ سەرکردایەتی بگەڕێتەوە، کاک سامانیش چەکەکەی‌وەرگرت‌و بە خۆی‌و پێشمەرگەکانیەوە دوور کەوتەوەو خۆیان‌ونکردو یەکسەر بەرەو گەرمیان تێیان تەقاندبوو.

لە گەرمیان هەموو کادیرو پێشمەرگەکان لە دەوری کۆ بووبوونەوەو سۆزێکیان لەگەڵیدا هەبوو دژی ئەو جۆرە سزادانەو پێکەوە کەوتبوونەجەولە کردن بە دێهاتەکانداوەکو بڵێی خۆیان بۆ هەر ئەگەرێکی ئایندە ئامادە بکەن گەر برادەرانی هەرێم شتێکیان بە دەستەوە بێ.. ئەو کاتە لە گەرمیاندا دوو کەرت هەبوو: کەرتی دوو کە کاک عادل شوکور فەرماندەی بوو، کەرتی سێ بابە تاهیر فەرماندەی بوو پێشمەرگەکانی کەرتەکە لێناڕازی بوون‌و دەریان کردبوو.. بۆیە هەموو پێشمەرگەو کادیرەکان بە قسەی کاک سامانیان ئەکردو لەگەڵیدا بوون.

کاک مستەفاش کە بیستی کاک سامان گەڕاوەتەوە بۆ گەرمیان زۆری پێناخۆشبوو، ئەیویست تۆڵەی لێبکاتەوە چونکە ئەمجارەیان بڕیاریشی شکاندبوو.. ڕۆژێك بانگی کاک ڕۆستەم‌و شێخ جەعفەرو هێمن‌و من‌و حەمەڕەشی کردوووتی: بابچین بۆ سەردانێکی گەرمیان. من تێگەیشتم کە ئەم چوونە بۆ سەر کاک سامانەو بۆ ئەنجامدانی ئیجرائاتە لە بەرامبەری کە لەوانەشە خراپەی لێبکەوێتەوە. ئینجا بە دوو سەیارەوە بەڕێکەوتین‌و چووینە دیوی گەرمیانا لە تەپەگەڕوس کاک مستەفا لە حاجی کەریمی فاتە هەواڵی کاک سامانی پرسی ئەویش‌ووتی کە لێرە بووەو چووەتە خوارەوە.. ئیتر ئێمە دابەزین‌و بەگوێ چەمی ئاوە سپیدا ڕۆیشتین‌و چووینە قەواڵی دێیەکەی ماڵی

کاك ڕۆستەمو لەوێشەوە دوای هەواڵپرسین هەڵگەڕاینەوە بەرەو دێهاتەکانی ناو جاف.. دوای نوێژی شێوان لە دێی ژاڵانی ڕۆغزایی کەوتینە ناو بۆسەی هێزەکانی گەرمیانەوە کە زیاتر لە ٨٠ پێشمەرگە ئەبوون. کاك سەید محەممەدو م.عەلیو مام ساڵەح گۆڕی ئەسپی لەوێ بوون، کاك سامانو عەدنانو عادل شکورو مەلا ئەحمەدیش چووبوونە گامەخەڵ.

هەندێ لە پێشمەرگەکان چووبوونە سەر گردەکەی پشتی ژاڵانو ئەوانی تریش لە ناو دێکەدا دابەشبووبوون، کە ئێمە چووینە ناویانەوە لە هەر چوارلاوە دەوریان داین. کاك ڕۆستەم لەم دیمەنە تورە بوو کردیە دکتاریۆفی دەستی پێشمەرگەیەکدا تەقە لەوانەی سەر گردەکە بکات، م. عەلی دکتاریۆفەکەی لە دەستی سەندو هێوری کردەوەو لەگەڵ کاك سەیدو مام ساڵەحو م. عەلیدا کۆبووینەوەو گفتوگۆی زۆرمان لە سەر ئەو مەسەلەیە کرد، م. عەلی قەناعەتی بە کاك مستەفاو برادەران کرد بەم شەوە هیچ ناکرێو ئەوان بچنە دێی سەرکەلی مارف تاکو بەیانیوەلام ئەدرێینەوە بۆ شارەزاییش پ.م برایمە سووریان لەگەڵماندا نارد.

دوای ڕۆیشتنی ئێمە کاك سامان هاتبووە ژاڵانو لەگەڵ برادەرانیدا دانیشتبوونو قایل نە بووبوون بە بینینی ئێمەو ئەو کارەی کە برادەران لەگەڵ ئێمەدا کردیان تەنیا بۆ ئەوە بوو کە لەو شەوەدا شتێك نەقەومێو پێشمەرگە تیا نەچێ.. بۆ بەیانییەکەی بەرەو سنووری دێهاتەکانی زەنگنە ڕۆیشتبوون. کە ئێمەش لە خەو هەڵساین تا چێشتەنگاوێکی درەنگ چاوەڕێی وەڵام بووین هەر دەنگ نەبوو بۆیە دوای نانو چایی خواردن بەرەو دێهاتەکانی سەرەوە هەڵکشاینەوەو چووینە بەکربایەف.

لەم مەسەلەیەدا نە کاك مستەفا لە من دڵنیا بوو من لەگەڵیدا بم نە کاك سامانیش بڕوای بەوە ئەکرد لە گەڵ ئەودام کەچی لە ناخەوە لەگەڵ کاك ساماندا بوومو زۆرتر بەلای ئەودا ئەمشکاندەوە، پێم ناخۆشبوو هەر جۆرە ئیجرائاتێکی لەگەڵدا بکرێ بە مەرجێ کاك سامان لە ڕووی پێشمەرگایەتیو

کاری حیزبییەوە هەڵەیەکی ئەوتۆی نەبوو جگە لەوەی کە هەندێ گرفت هەبوون پێویستی بە چارەسەرکردن بوو تەنانەت خەڵکیش لەو شتانە بە ئاگا بوون‌و لە پەناو پەسێردا قسە ئەکرا.

ئێمە لە بەکر بایەف دانیشتبووین گوێمان لە ئیزگەی گەلی کوردستان ئەگرت بروسکەیەکی جفرەدار بۆ کاک مستەفا کرا کە ئەوکاتانە ئەوەندە جیهاز لە خوارەوە نەبوو بۆ پەیوەندیکردن بەسەرەوە بەڵکو لە ڕێگەی ئیزگەوە بە بروسکەی جفرەدار مەبەستەکان ئەگەیەنرایە خوارەوە بۆ جێبەجێ کردن.. هەر هەرێمەو هێزو لێپرسراوێك ژمارەی تایبەتی خۆیان هەبوو پێی ئەناسرانەوەو کلیلی جفرەکانیشیان لابوو کە بە هۆیەوە ناوەرۆکی بروسکەکانیان ئەکردەوەو لێی تێئەگەیشتن.

کاک مستەفا بروسکەکەی کردەوەو هەستا منی بانگکردە ئەولاوەو پێی‌ووتم: ڕەنگە بابە تاهیر لەگەڵ گەرمیانییەکاندا نەگونجێ بەڵکو تۆ ببیتە فەرماندەی کەرت لەوێ.. من لە دڵەوە ئەوەم پێخۆشبوو بگەڕێمەوە گەرمیان بەڵام ئەمزانی بە هۆی ئەو کێشەیەوە برادەران لەوانەیە من بە لایەنگری کاک مستەفا بزانن‌و ئیلتیزامم پێوە نەکەن، بۆیە قایل نەبووم بەوەی بگەڕێمەوە گەرمیان‌و پێشنیارەکەی کاک مستەفام ڕەتکردەوە کاک مستەفاش ئەمەی پێناخۆش بوو.لە ئەنجامی ئەمەداوامدانابوو بۆ دوور کەوتنەوە لەم بگرەو بەردەیەی هەرێم‌و کێشەی نێوان برادەران بە خۆم‌و مەفرەزەکەمەوە بچمە سنوری شارباژێر.

لە گەڕانەوەماندا بۆ سەرەوە سەردانێکی دیوی شارەزوورم کرد، لەوێ چاوم بە ئەبوشەهاب کەوت کە لە لایەن ناوەندی کۆمەڵەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو کێشەیەی نێوان برادەران نێردرابوو چونکە کاک سامان لە ڕێگەی خۆیەوەو دوای تاوتوێکردنی دۆخەکە لەگەڵ کادیرەکانی گەرمیاندا نامەیەکیان بۆ ناوندی کۆمەڵە نووسیبوو لە سەر ئەو ڕێگرتن‌و چەککردن‌و ستەملێکردن‌و خڕبوونەوەی گەرمیانیەکان لە دەوری‌و نارەزایی دەربڕین لەو بارەیەوەو داوا کردنی چارەسەرکردنی کێشەکە بە شێوەیەکی گونجاو، بۆیەش ناوەندی لای خۆیەوە ئەبوشەهابی بۆ پەیجۆری ئەو مەسەلەیە نارد.

ئەبو شەهاب بانگی کـردمو هـەندێ پرسیاری ئاراسـتە کـردمو داوای ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەی لێکـردم منـیش بەویژدانـەوە هـەموو ڕاستییەکانم پێڕاگەیانـد کـە تـەنیا مەبەستیشـم لابـەلا کردنـەوەی گرفتـەکان بـوو نـەك قوولکردنەوەیان.

ڕۆژی ١٩٨١/١٠/٦ بـوو ئێمـــە لـــە دێـی سـێتـــەڵانی سـەروو بـووین شەوەکەشی هەر لەوێ ماینەوە، من لە سەر بانێك نووستبووم لە ناکاو گوێم لـە دەنگـی ئارپیجییـەك بـوو لـە سـێتەڵانی خـواروو تەقییـەوە یەکسـەر خۆمـان گورجکردەوەو بەدەم ئەو تەقەیەوە چووین کـە جاشـەکان هاتبوونـە سـەر مـاڵی کاك حەمە سەعیدی حاجی غەریب کـە کـادیری کـەرتی قـەرەداغ بـوو، ئێمـەش لای خۆمانـەوە پـەلاماری جاشـەکانمان داو تـا دێـی ئەحـمەد ئـاوا ڕاومانـنـان، جاشـەکان هاواریـان ئـەکرد ئێسـتا شـەوە ڕاومـان نـێن، بـەیانی باوکمـان دێـتو ئەوکاتـە ئـەزانین چیتان لێئەکـەین.. مەبەسـتیان لـە هـاتنی کۆپتـەر بـوو بـۆ سەرمان.. بۆ بەیانی چووینە نێوان سێتەڵانو کانی هەنجیر لەو ناوەدا بڵاوەمـان لێکردبوو هەر چەند پێشمەرگەیەك بەیەکەوە بووین.

ئەبو شەهاب جیبێکی لاندرۆڤەری هێنابوو هەندێ فیشەکی تیا بـوو لـە خـواری ئێمـەوە ڕایگرتبـوو لـە ناکـاو گوێمـان لـە دەنگـی بـاوکی جاشـەکان بـوو (کۆپتەر) ڕوانیمانوا دوو کۆپتەر هاتنو نزیکبوونەوە.. داوام لـە پێشـمەرگەکان کـرد بـڵاوەی لێبکـەن کەچـی ئـەوان هـەر لـە دەوری مـن دوور نەکەوتنـەوە، کۆپتـەرەکان تەقـەیان کـرد یەکـەم جـار دایـان لـە جیبەکـەو ئـاگری گـرت کـە هەڵگەڕانـەوە مشـتیان لـە ئێمـەش گـرتو تەقـەیان لێکـردین یەکسـەر دوو پێشمەرگەمان: عومەر عەلی ئەحمەدو یوسف محەممەد قادر شەهید بـوون. لـەو کاتانەدا جاشەکانیش بەرەو کانی هـەنجیر ئـەهاتنو کەوتنـە سـەرووی دێیەکـەو نزیکی ئێمە بوونەوە گوێم لێبـوو جاشـێك بـە بـرادەرە جاشـەکەیووت: مـەڕۆو بگـەڕێرەوە. ئـەویشووتی: کـورە بـۆ کـوێ بگەڕێمـەوە ئەوەنییـە باوکمـان لەگەڵمانایە.

ئـەوەی یەکـەمووتی: بـەخوا باپیریشـت لـە گـەڵا بێـت ئـەتکوژن. ئـیتر جاشەکەی تر بە قسەی کردو گەڕایەوە.

دوای تەواو بوونی شەڕەکە ئێمەش تەرمی شەهیدەکانمان بردە گۆڕستانی کانی هەنجیرو بەخاکمان سپاردن، ئەبو شەهابیش بەرەو دیوی قەرەداخ ڕۆیشت بۆ ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوەکەی خۆی لە سەر کێشەکەی نێوان کاک مستەفاو کاک سامان.

ساڵی ١٩٨٢

دوا دوایی مانگی ١٩٨١/١٢ بوو کاک ئازاد هەورامی لێپرسراوی لقی کەرکوکی (ی.ن.ك) بە مەفرەزەیەکەوە بۆ جەولەی گەرمیان دابەزی، منیشی لەگەڵ خۆیدا بۆ شارەزایی داواکرد، بە قۆپی حەمەی هەواسدا سەرکەوتینە سەر شاخی پشتی چرچەقەڵاو شۆڕبووینەوە بۆ دێهاتەکانی شێخ تەویل‌و ئیمام محەممەد، لەو ناوەدا گەیشتینە برادەرانی کەرتی سێ کە مام ساڵەح گۆڕی ئەسپی سەرپەرشتی ئەکرد، لەوێشەوە دابەزین بۆ زاوت. بەبۆنەی سەری ساڵی تازەوە ناردمان لە شارۆچکەی کەلار هەندێك میوەیان بۆمان هێنا کەلە ڕۆژی ١٩٨٢/١/١دا گەیشت‌و دابەشمان کردە سەر پێشمەرگەکاندا.

لەو ماوەیەشدا چەندین کۆبوونەوەی تێروتەسەل لەسەر کاری پێشمەرگانەو پەیوەندی بەکۆمەڵانی خەڵکییەوە کردو موناقەشەی زۆر لەسەر مەبەستە جیاجیاکان کرا.

ڕۆژی ١٩٨٢/١/٣ گەیشتینە دێی توومقوتی‌وورده شاتری کە چلماڵێك ئەبوو، قوتابخانەو مزگەوتی هەبوو، خەڵکەکەی هەژارو دۆستی شۆڕش بوون هەمیشە پێشمەرگە لەناویاندا هەبوو، هێشتا تازە لە ماڵەکاندا دامەزرابووین، ئاگادارکراینەوە کەوا جاش هات، دیار بوو ئیخباری کرابووین کە هێزێکی ٥٠ ـ ١٠٠ کەسی پێکەوە جەولە ئەکەین. بۆ لێدانی جاشەکان بووین بە ٣ بەشەوە:

١. بەشێك چووینە سەر ڕێگای دێی چەمە بیسمیلا

٢. بەشێك بۆ سەر ڕێگای نێوان توومقووت ـ کیزۆك

٣. بەشەکەی تر بۆ یەدەك‌و لەنزیك بەشی دووەمەوە بوون

که جاشەکان جموجووڵی پێشمەرگەیان بینی کشانەوە بەرەو دەشتایی زەماوەنگە، پێشمەرگەش دوایان کەوتن، شەڕ لەو دەشتاییەدا گەرم بوو، هێزەکەی دوژمن تا ئەهات زیادی ئەکرد لە کاتژمێری ١٠ی بەیانییەوە تاپێنجی ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو، دوژمن بە چەندین زرێپۆشەوە پەلاماری پێشمەرگەکانی ئەدا.

لەو تەختاییە کاکی بەکاکییەدا شەڕێکی گەرم روویدا، تۆپبارانی خەست هەبوو، بۆ یەکەمجار بوو لەگەرمیاندا قومبەلەی فسفۆڕی بەکاربهێنرێ بە مەبەستی تۆقاندنی پێشمەرگە، بەڵام ئەمەکاری لەوورەیان نەکرد، ئازایانە بەرپەرچی پەلامارەکەیان ئەدایەوە، ئەو دەشتە بوو بووە مەیدانی ئاگربازی‌و مەرگبارین، گرمەی شاربیجی دەستی پێشمەرگە گیانی لەرزۆکی جاش‌و سەربازەکانی هێنابووە لەرزین، بۆ یەکەمجارە حەوت کاتژمێر شەڕ هەبێ‌و کۆپتەر هەڵنەسێ‌و بەشداری نەکات، هەرچەندە هەمیشە پێشمەرگە گوێ قوڵاخ بوون بۆ هاتنی دەنگەکەی. لەگەرمەی هێرشەکاندا لەناو گرمەو هاژەی تۆپ‌و هاوەندا پێشمەرگەکان داستانی عیشق‌و خۆشەویستیان تۆمار ئەکرد، تەنانەت کاک عادلی رابەر سیاسی بە تەنیا پەلاماری زرێپۆشێکی داو ماوەیەك بەدوایەوە بوو.

لە ناو جەرگەی شەڕەکەدا کۆمەڵە پێشمەرگەیەك بەسەر گردێکەوە نەخشەی پەلامارێك دائەرێژن لەناکاو لەناوەراستیاندا گوللە هاوەنێك ناڵەئەکات، گەردو تۆزێکی زۆر بەرز ئەبێتەوە، مەیدانی شەڕەکە بۆ چەند چرکەیەك مات ئەبێ، دوو پێشمەرگە بریندار ئەبن‌و بە پەلە بۆ پشتی شەڕەکە ئەگوێزرێنەوە، کاك قاسم فەقێ عەلی فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی ٢ برینەکەی سەخت ئەبێ‌و رەوانەی بناری شاخ ئەکرێ بۆ دێوی قەرەداخ ببرێ‌و تیمار بکرێ. ئەمەو ئێوارە هێزەکەی دوژمن کشانەوە بۆ سەر جادەو هێزەکانی ئێمەش کشانەوە.

رۆژی ١٩٨٢/١/٤ بۆ پیاچوونەوەی کارو نەخشەی شەڕەکە بە سەرپەرشتی کاك ئازاد هەورامی کۆبوونەوەیەکمان سازکرد، لێدوانێکی گەرم لەسەر جۆری

شـەڕی پێشـمەرگانەو دوژمـنو شـێوەی هێـرشو پـەلاماردانو هەڵـەکانمان لەشەڕداو خاڵی سەرکەوتنو ژێرکەوتنەکانمان کرا، ئەمە بوو بەدابێکی باش لە گەرمیانـدا دوای هـەر شـەڕێك هەڵسـەنگاندن هـەبێ بـۆ زیـاتر شـارەزاییو تاوتوێکردنی دۆخەکە. ئەم کۆبوونەوەیە لە کەلاوەکانی سۆفیوەنەکاندا کـرا، کـە کاتی خۆی دێیەکی گەورە بـووەو لەئـەنجامی شـەڕو ناکۆکییـان لەگـەڵ شـاتریدا لەو ناوچەیە دوورخرانەوەو ڕوویان کردە ناوچەی هەمەوەندو لەوێ نیشتەجێ بوونو تـا ئێستاش بنـەڕەتی دیوەخانەکـەی کوێخـا حەمـە نـامیق ماوەتـەوە کـە پیاوێکی ناودارو نان بدە بووە.

نیـوەڕۆی ئـەو ڕۆژە چـووینە دێـی بنەبـەراز کـە لـە شۆڕشـی پێشـوودا بنکەیـەکی پێشمەرگانەی لێبـوو، میمەکـە پـانێ خزمـەتی زۆری ئـەکردنو بـە دایکی پێشمەرگە دائـەنراو لـەتیرەی باشـکی جـاف بـوو. بـۆ ئێوارەکـەی چـووینە سەرکەلی مارف.

ڕۆژی ١٩٨٢/١/٥ هـەر کـە پێمـان نایـە نـاو دێـی گامەخـەڵ یەکـەم هـەواڵ باسی شەهید بوونی قاسم درا بەگوێماندا لە ئەنجامی ئەو برینە سەختەی بـەر بەرزەهاری کەوتبوو. شەهید بوونەکەی شتێکی چاوەڕوان کراو بوو چونکە هەم شوێنی برینەکـەی کاریگـەر بـوو، هـەم پزیشـکمان لەگەڵـدا نـەبوو، هـەم بنکـەی پزیشکی دوورە دەست بـوو فریـای ئـەو جـۆرە برینـدارییە نەئەکـەوت سـەرەڕای ئەوەی ئەو کەرەستە پزیشکیانە بۆ عەمەلیاتی لەو جۆرە لەبەر دەستدا نـەبوو. شـــەهیدبوونەکەی کـــاری زۆری تێکـــردینو هەنـــدێ لـــە نەخشـــەکانمانی هەڵوەشاندەوە بۆیە بەرەو بنار گەڕاینەوە، لەوێشەوە بۆ دیوی قەرەداخ.

دوای ئەم شەڕەی ئێمە ڕۆژی ١٩٨٢/٣/١٩ برادەرانی حشع لە گەشتێکیاندا لـە دێـی بەکربایـەف کۆئەبنـەوە، سـەر لەبەیانییەکـەی ـوا پـێ ئەچـێ ئیخباریکرابن، دوژمن بە چەند کۆپتەرێك ئەگاتە سەریان، لە هەموو لایەکەوە ئینزالیـان بـۆ ئـەکرێو شـەڕ بـەرپا ئـەبێ. لـەوە ئەچـێ پێشـمەرگەکان بـاش دانەمـەزرابنو شـوێنی خۆیـان نـەگرتبێ بـۆ بـەرگری. گەرچـی هێـزی پیـادەی دوژمن نەهاتبوو، تەنیا هەر بەکۆپتەر لێیان درا، سـەرەنجامی شـەڕەکە شەهید

کردنی ٢٢ پێشمەرگەی حشع بوو، ئەمە گورزێکی توندی تر بوو لەهێزەکانی حشع کە ساڵێك پێشترو هەر لەم مانگەدا لە دێی مەلاهۆمەری ناو زەنگنە تووشی شەریکی دەستەو یەخە بوون‌و کۆمەڵێکی تریان لێ شەهید بوو بوو.

مانگی ١٩٨٢/٤ هەرێمەکان گۆڕان‌و لە شوێنیدا تەشکیلاتی تیپەکان درووست بوون دیارە ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بەو ئاڵۆزیەی سنووری هەرێمی پێنجەوە هەبوو کە ناکۆکیەکان‌وایکرد ئەگەر چارەسەر نەکرایە هەر هێزەو لە ناوچەیەکدا بۆ خۆیان سەربەخۆ کاربکەن‌و کەس نامەی ئەویتر نەخوێنێتەوە، ئەمەوایکرد کە بیرۆکەی بوونی هەرێمەکان بگۆڕێ‌و ماوەیەك لە هەر ناوچەیەکدا هێز (قوە) دامەزراو ئینجا بە یەکجاری گۆڕانەکە کراو بیرۆکەی تیپەکان هاتە ئاراوە کە هەرێمی پێنج بووە سێ تیپ:

١. تیپی٥٥ ی قەرەداخ کە سنووری کەرتی یەکی قەرەداخ بوو.

٢. تیپی ٥٧ ی سەگرمە کە سنووری کەرتی دووی بازیان‌و کەرتی چواری جەباری بوو.

٣. تیپی٥٦ ی گەرمیان کە سنووری کەرتی سێی کفری‌و کەرتی پێنجی دووز بوو.

کاك رۆستەم کرایە سەر تیپی ٥٥ ی قەرەداخ‌و کاك شێخ جەعفەر جێگری تیپ‌و منیش فەرماندەی کەرتی قەرەداخ. ماوەیەك سەرقاڵی تەشکیلاتی تازەو رێك‌و پێککردنی کەرت‌و دابین کردنی مەفرەزەو پێشمەرگەکان‌و دیاریکردنی سنووری کەرتەکان بووین.

لە رۆژی ١٩٨٢/٤/١٩ کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی تیپی ٥٥ی قەرەداخ کە کاك رۆستەم‌و کاك شێخ جەعفەریان لەگەڵدا بوو لە دێی ژاڵەی دەربەند بۆ حەسانەوە لایان دابوو، ئەم دێیە ئەکەوتێتە بناری چیای سەگرمە، دانیشتوانەکەی هەمەوەندو زەنگنەن‌و لە رۆژهەڵاتی دێکەوە مەخفەرێکی پۆلیسی لێیە لە بەردەم چیای باسەرە. لاەوایە پێشمەرگەکان ئیخباری کرابوون، دوژمن هێزی کۆکردبووەوە، چ پیادەو چ بەکۆپتەر، کۆپتەرەکان لە سەر شاخی پشتی دێکە هێزیان دابەزاند، لە جادەشەوە هێزێکی بە ناقیلەوە هێناو

دەوروبەری دێکە تەنرا. پێشمەرگەکان لە ناو دێدا دامەزران، هەریەکەو لەو ماڵەی لێی بوو خۆی مەڵاس دابوو، چاوی خستبووە سەر قەرەوڵی تفەنگەکەی و دەستی بەسەر پەلەپیتکەکەیەوە. لە سەرەوە کۆپتەرەکان دێکەیان داگرتەوە، شەستیرو ڕۆکێتەکانیان ڕۆ کردە خوارەوە، دەستیان لە خەڵکی و تەنانەت لە ئاژەڵیش نەئەپاراست، لە خواریشەوە ناقیلەکان لوولەی تۆپەکانیان هەناوی دێی ئەهەژاند، هێزی پیادەش ووردەووردە پێش ئەکەوتن بەدەم تەقەکردنەوە، لە کاتژمێر ١١ی بەیانییەوە شەڕ دەستی پێکرد، پێشمەرگە نەبەزەکان سنگیان داکوتابوو ڕووبەڕووی دوژمن وەستابوونەوە نەیانئەهێشت بە ئاسانی بگاتە ناودێ. شەڕەکە گەرم بوو، ناقیلەکان نزیکبوونەوە، تا ئەو ڕادەیەی چوار پێشمەرگە لە ناو حەوشەیەکدا لەلایەن ناقیلەکانەوە گەمارۆدرابوون، پێشمەرگەکان نارنجۆکی دەستیان بۆ هەڵدان، ناقیلەکان ڕایانکرد، ٩ کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو. لەم شەڕەدا سێ ماڵ سووتان. یەك هاووڵاتی شەهید بوو، کاك ڕۆستەمیش بریندار بوو.

زیانی دوژمنیش: کوژرانی ١٢ جاش و ١٩ سەربازو خستنە خوارەوەی ٢ کۆپتەر. ئەوەی ڕاستی بێ زیانی پێشمەرگەو هاووڵاتیان لە چاو زۆری هێزی دوژمن و قورسی هێرش و پەلامارەکەی شتێکی ئەوتۆ نەبوو کە جۆرەها چەکی قورس و تانك و کۆپتەری تیا بەکارهات. دوای شەڕ پێشمەرگەکان لەناو دێ دەرچوون.

ئەوەی جێی باسە ئەمە یەکەم شەڕی ناو دێیە کە هێزەکانی (ی.ن.ك) ئەیکەن، کە خۆی لەخۆیدا ئاڵوگۆڕێکی گرنگی لە شێوازی شەڕدا هێنایە کایەوە کەتا ئەوکاتە شەڕی وا نەکرابوو، بەمەش نەخشەیەکی تازە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمندا داڕێژرا کە ئەویش دیفاع کردنە لەناو دێدا کە دوو لایەنی تیا دەرئەکەوێ:

١. دوژمن بە ئاسانی ناوێرێ بێتە پێشەوە.

٢. ناودێ شوێنێکی قایمە بۆ: بەرگریکردن، لێدانی دوژمن، خۆپاراستن چ بەرامبەر کۆپتەرو چ بەرامبەر هێزی پیادەو زرێپۆش، بە پێچەوانەی

شەڕی دەشتودەر بە تایبەتی گەرمیان کە نەدارستانی لێیەو نەشیوو دۆڵی قووڵی‌وەکو پەناگای سروشتی لێیە بۆ شەڕی بەرگری. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە شەڕە لایەنی خراپێشی هەیە کە: هەم دێکە زیانی لێئەکەوت‌و زۆرجار ئەسووتا یان ئەڕووخا، هەم خەڵکەکەی بەرئەکەوتن، هەروەها سەروەت‌و سامان‌و کەرەستەی ناومالێش زیانۆمەند ئەبوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا شەڕی ناودێ دەرزێکی باش بوو بۆ شپرزە کردنی هێزەکانی دوژمن بەڵکو داهێنانێکی نوێی پێشمەرگانەش بوو لە شەڕکردندا.

هەر لەم مانگەداو لە یادی هەشتەمین ساڵرۆژی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی عێراقی بۆ سەر شارۆچکەی قەڵادزێ لە ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ دا کە زانکۆی سلێمانی بەر ئەو بۆردومانە کەوت‌و زیانی زۆری لە خوێندکاران‌و مامۆستا داو زۆریشیان شەهیدبوون.

لەم ڕۆژەدا خەڵکی شارۆچکەکە لە گۆڕستانی شەهیدانەوە خۆپێشاندانێکی گەورەیان سازداو دایکە ئامینەو مامۆستا سنۆبەر کە دوو ژنی قارەمانی ئەو شارۆچکەیە بوون لە پێش خەڵکە خۆپێشاندەرەکەوە بوون بە سروودو دروشمی شۆڕشگێڕانە دژی بەعس. دەستوپێوەندەکانی ڕژێم‌و دەزگا تۆقێنەرەکانی لەو خەڵکە هاتنە دەست‌و دایکە ئامینەو مامۆستا سنۆبەریان شەهید کرد.پریشکی ئەم هەنگاوە بۆ ناوچەکانی تریش تەشەنەی سەندو خۆپێشاندان گەیشتە شوێنەکانی تری‌وەکو ڕانیەو چوار قوڕنەو هەولێرو سلێمانی.

ئەوەی پێویستە بوترێ ئەم خۆپێشاندانانە زۆربەی لە لایەن خوێندکارانەوە ساز ئەکراو بەڕێوە ئەبرا کە لە ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٣ دا گەورەترین خۆپێشاندان لە لایەن خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بەر پاکراو دوژمنی تۆقاندو کەوتەخۆی دەستیان لێبووەشێنێ، لە بری ئەوەی گوێیان لێ ڕابگرێ‌و بە پیر داخوازییەکانیانەوە بچێ‌و لە ڕێگەی گفتوگۆوە لێیان تێ بگات لوولەی تفەنگ‌و تۆپی تێکردن، کە خوێندکاران تەنیا داوای تایبەتیان بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان بەرز نەکردبووەوە بەڵکو داخوازی نەتەوەکەیان ئەدا بە

ڕووی ڕژێمدا بۆ چارەسەرکردن. ئەمەش بەڵگەی مێشکووشکی ڕژێمێکە نایەوێ بکرێتەوەو لە ڕێی دانوستانەوە لە گرفتەکان بپێچێتەوەو بە هۆی خوێندکارانیشەوە پردێك بۆ تێگەیشتن لە دۆزی کورد درووست بکات، ئەم خەفە کردنە حەتمەن باجی خۆیوەرئەگرێ. لە ڕاستیدا ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بە زۆری لە پشت ئەم جۆرە کاری خۆپێشاندانو نارەزاییانەوە بوون.

لە مانگی ١٩٨٢/٥ داو لە ڕۆژی ١١ دا مامەڕیشەی قارەمان لەگەڵ دەستەیەکدا لە دێی حەمکی ناوچەی جەباری ئەبن، دوژمن پێیان ئەزانێ کەشەوی پێشوو لە گەڕەکی ئەلحوڕییەی کەرکوك ئەدەن کە جاش تەعریبەکانی تێدا بوو، شوێنیان ئەگەون.. حەمك دێیەکی بچکۆلەی چەند ماڵی بوو ئەو شەوە بۆ حەسانەوە پێشمەرگەکان لایان دابووە ئەوێو لە ئامێزیا پشوویەکیان دابوو، هێزەکانی دوژمن ئابلۆقەیان دابوو کە ڕۆژ بووەوە کەوتنەوێزەی، هەر لەبەیانییەوە تائێوارە چەندین پەلاماری یەك لە دوای یەکی ئەدەن، بەلام پێشمەرگەکان ماڵەکان ئەکەنە سەنگەرو دابەش ئەبنو بەپێی ئەو نەخشەیەی مامەڕیشە دایڕشتبوو، بەوورەیەکی پۆڵایینەوە هەموو پەلامارەکانی دوژمن تێك ئەشکێنن، شەڕەکە ئەوەندە سەخت ئەبێکە ١٤ کاتژمێر ئەخایەنێ، هێزێکی زۆری دوژمن ئەکوژرێن لەوانە جاش عاسی ڕەئووف، سێ پێشمەرگەش شەهید ئەبن.

لەم جۆرە شەڕەدا دوژمن ئەیەوێ سوود لەم کەلێنانەوەربگرێ بۆ زیان گەیاندن بە پێشمەرگە:

١. ئابلۆقەدان بە مەبەستیوەڕس کردنووورە بەردان.

٢. قۆستنەوەی کات بۆ دەست بەسەراگرتنو کۆتایی هێنان بە شەڕەکە.

٣. تەنگ پێهەڵچنینی پێشمەرگە بۆ تەقەکردنو خاڵی کردنەوەی مەخزەنەکانیانو نەمانی فیشەكو تەقەمەنی بۆ دەستگیرکردنیان.

لەو لاشەوە پێشمەرگە سوود لەهەندێ لایەنیتر وەرئەگرن:

١. خۆمەڵاسدان لە سەنگەرەکانیان بۆ دەستوەشاندنی کوتوپڕو لووت شکاندنی هێزەکانی دوژمن.

٢. کەم تەقەکردن‌و دەست بەفیشەکەوەگرتن‌و نیشانە ئەنگاوتن بۆ ترساندنی دوژمن‌و زیان پێگەیاندنی.

٣. قۆستنەوەی کات بە دوو مەبەست:

أ. هەل ڕەخساندن بۆ دەربازبوون بەتایبەتی دەمەو ئێوارەو شەو کە دوژمن ئیتر توانای مانەوەی نامێنێ‌و ئەکشێتەوە.

ب. گەیشتنی هێزی پشتیوان لە پێشمەرگە یان پشتگیری بۆ کۆمەك‌و هاوکاریکردن.

شەڕی حەمەك دووەم شەڕی ناو دێیە دوای شەڕی ژاڵەی بەر دەربەند کە گۆڕانێکی بابەتی درووستکرد لە ئاستی شەڕی پێشمەرگانەداو سەرکەوتنی تێیدا بەدیهێنراو دوژمنی خستە ناو شڵەژانێکی قورسەوە کە هێزەکانی نەتوانن بە سانایی بەو تەکنیکە پێشکەوتووەی لەبەر دەستیاندابوو پێشڕەوی بکەن‌و ئیتر لەمەوە هێزی پێشمەرگە لە خۆحەشاردان‌و مانەوەی ڕۆژ لە پەناو پەسیردا زیاتر دەربکەون‌و لەناو دێهاتەکاندا بمێننەوە تەنانەت لە نزیکترین شوێنی دوژمن‌و جارجاریش ئاگاداری دوژمنیان ئەکردەوە تاکو بەهێزەوە دەربچن‌و تووشی شەڕ ببێ.

کۆتایی مانگی ١٩٨٢/٦ برووسکەیەکمان بۆ کرا کەتیبەکەمان بچێتە سنووری تیپی٤٧ ی پیرەمەگروون، تیپە کەمان (تیپی ٥٥ی قەرداغ) کۆکردەوەو خۆمان ڕێکخست‌و بە ڕێکوپێکی پەڕینەوە بەری سنووری تیپی ٤٧ ی پیرەمەگرون.. ڕۆژێك کاك ملازم عومەر لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری لای دێی قەیوان کۆبوونەوەیەکی پێکردین‌و پێی ڕاگەیاندین کەوا لەشکری ئیسلامی چەك ئەکەین‌و نەخشەی ئەنجامدانی کارەکەی پێووتین.

لەشکری ئیسلامی هێزێکی چەکدار بوون لە ئێرانەوە درووست کرابوون لە ڕێگەی هەندێك کەسی ئایینییەوە خەڵکیان پەیدا کردبوو هێزیان پێکەوە نابوو، بەشداریکردنی خەڵکانێك بە ناوی ئایینەوە لە خەباتی ڕزگاریخوازی کورددا کارێکی باشە ئەگەر لەپشتی پەردەوە بەرنامەیەکی دژی گەلیان هەڵنەگرتبێ‌و بەپێی نەخشەیەکی بۆ دارێژراو لەلایەن دوژمنانی کوردەوە

هەڵنەسووڕێن. یەکەم جار کەهاتنە ناوەوە ڕێزیان لێگیراو پێشوازیان لێکرا، بەڵام دواتر بەپێی هەندێ زانیاری تایبەتی ناوەڕۆکی شاراوەیان دەرکەوت کە ئەمانە مەترسییەکی زۆریان هەیەووەکو دەستێك دێنە ناوەوە بۆ پیلانگێڕان‌و تێکدانی ڕەوتی شۆڕش‌و لەناوبردنی دەسەڵاتی (ی.ن.ك)و خەفەکردنی هەستی نیشتمانی‌و دابڕینی خەڵکی لەبەشداریکردنی شۆڕش‌و خەبات. دیار بوو ئەمانە هەستی ئایینییان بەکارئەهێنا بۆ ڕاکێشانی خەڵکی بۆ ڕیزەکانیان‌و بەکارهێنانیان بۆ مەرامە گڵاوەکانیان، بەمەش ئایینیان ئەکردە بەردەبازێك بۆ شێواندنی هەستی نەتەوایەتی‌و لێرەشەوە ڕێڕەوی کۆنەپەرستانەیان ڕوون بووەوە، هەرچەندەوەکو ڕێکخستن‌وپێگەی جەماوەری بوونێکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام هەر مەترسی بوون‌و گەرای کۆنەپەرستیان دائەناو کە تاڵە دەزووەکانی پیلانە نهێنییەکەیان بۆ (ی.ن.ك) ئاشکرا بووو بەپێویست زانرا سنووریکیان بۆ دابنرێ تامەترسی گەورەتریان لێنەکەوێتەوە.

ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٢ هێزێکیان هات‌و لێمان پرسین : ئێوە کێن..؟

ووتیان: لەشکری ئیسلامین. دەستبەجێ کاك ملازم عومەر بڕیاری چەککردنیانی دا. یەکسەر گەمارۆدران‌و بە چاوتروکانێك چەککران‌و بە دیلگیران تەنیا یەکێکیان ڕایکرد کە خەڵکی چوخماخ بوو. چەکەکانمان کۆکردەوە. هەندێك پێشمەرگە دەستکاری چەکەکانیان کردبووو لەگەڵ ئەوانەی خۆیاندا بە بێ بڕیار ئاڵوگۆڕیان کردبوو، کاك ملازم عومەر بەم کارە زۆر تووڕە بوو، چەکە گۆڕاوەکانی دایە بەرشەق، ئێمەش زاتمان نەئەکرد پێی بڵێین کێ ئەمەی کردوە. دیارە ئەمە بوو بووە خووی پێشمەرگە لە هەر شەڕو چالاکییەکدا دەستکەوت هەبوایە چەکی تازەیان ئەبردو کۆنەکانیان ئەخستە شوێنی، بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بکەن ئەمە بەپێی بەرنامەو بڕیاری سەروویان بکرێ‌و بدرێتە ئەو کەسانەی کە کۆنن یان مستەحەقن، یان هەندێ جار چەك نەئەماو ئەشاردرایەوە، کە ئەمەش بەشێکە لەدیاردەی شڕەخۆری‌و ئەبوایە پێشمەرگەوەکو ڕەوشت لێی بەدوور بوایە، چونکە ئەو گیانی بەخت ئەکاو خوێنی ئەڕێژێ، بۆچی ئەوەندە عاشقی جۆری چەك بێ..؟ بەڵکو لەهەندێ

حاڵەتدا پێشمەرگە گرەویان لەسەر دەست بەسەراگرتنی ڕەبایەو موڵگە سەربازییەکاندا ئەکرد بۆ دستکەوتی چەك بێگوێدانە مەترسی تیاچوون.

پاشان کاك ملازم عومەر بڕیاریدا منو کاك ئاواتی شێخ جەناب ئەو چەكو کەلوپەلە دەستکەوتانە ببەینە نەخۆشخانەکەی مالومە کە لە دواییدا هەندێك لەو شتانە بە نامەی خۆی درایەوە بە خاوەنەکانیان، لەوانە ئەنگوستیلەی زێڕی تێدابوو، لەگەڵ هەندێ شتی تردا. ڕۆژی دواتر هەموو بارەگاکانی لەشکری ئیسلامی لە حاجی مامەند دەستی بەسەراگیرا. بە داخەوە هەندێ پێشمەرگەو فەرماندەی ئازامان شەهیدبوون لەوانە کاك سەلاحی موهەندیس کە کەسو کاری کاك سەلاح دەنگوباسی شەهیدبوونەکەیان بیست گەیشتنە لامانو دیلەکانیان بینی پەلێیان گرت کە تۆڵەی شەهید سەلاح بکەنەوەو لێیان بکوژن، بەڵام من ڕازی نەبووم، کەچی هەلیانوەرگرتو تەقەیان لێکردنو دوانیان کوشتو هەندێکیش بریندار، زۆرمان پێناخۆش بوو، دەستمان لێدانە چەكووەخت بوو تەقە لە شەهید شێخ محەممەد بکەین، بەڵام ئەو دەنگی نەکرد، ئیتر ڕۆیشتن. هەڵوێستێکی چەند دژوارە لە لایەکەوە کەسوکاری شەهید بە دڵبریندارى ببینی، لە لایەکیشەوە تۆڵە لە دیل بکرێتەوە کە هیچ دەسەڵاتێکیان نییە. ڕەوشتی (ی.ن.ك) دیل کوشتن قبوڵ ناکات، بەڵکو هەمیشە لە ڕاسپاردەکانیدا ئاگاداری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووەتەوە کە ئەبێ لەگەڵ دیلدا مامەڵەی مرۆڤایەتی بکرێو ئازار نەدرێن. ئەوەی کە کرا ڕووداوێکی ناپەسەند بوو.

چەککردنی لەشکری ئیسلامی نەخشەیەکی ڕێکوپێك بوو، کەلە دوو - سێ قۆڵەوە ئەنجامدرا تیپەکانی گەرمیانو شارەزوورو کەرکوكو شارباژێر هەموویان بەشدارییان کرد.لەم شەڕەدا لە قۆڵی ئێمەوە ٢٣ مزەلیو ٨٠ کلاشینکۆفی یەك لاق و١٠ ژ ٣و کۆمەڵێ کلاشینکۆفی قۆناغدارو ژمارەیەك جیهازو کەلوپەلی تر دەستکەوت بوون، هەندێك لەو چەکانە درا بەتیپی ٢١ی کەرکوكو تەسلیمی کاك شێرزاد کرا دوای ئەوەی چەکەکان دابەشکرا سێ کلاشینکۆفی یەك لاقو دوو فەردە مەخزەن زیاد بوو، چوومە لای کاك ملازم

عومـەرو چـەکەکانم بـۆ بـردو پـێم‌ووت: ئەمانـە زیـادەن. نەیهێشـت باسـی مەخزەنەکانی بۆ بکەم تووڕە بوو: بۆ لە ماڵی باوکت هێناوتەوا زیادە..؟ منـیش ناچار باسی مەخزەنەکانم نەکردو دوایی بە سەر پێشمەرگەکاندا دابەشـم کـرد. دوای ئەنجامـدانی چـەککردنی لەشـکری ئیسـلامی بڕیـاری گەڕانـەوەمان بـۆ ناوچەکانی خۆمان پێدرا.

ڕۆژێکـی مـانگی ١٩٨٢/٧ لەگـەڵ فەرمانـدە مـەفرەزەکانی کەرتـدا کۆبووینـەوە بـۆ ئەنجامـدانی چـالاکییەك لـە نێـوان سـەربازگەی دوو دارەو دەربەندیخاندا، بۆ ئەم مەبەستە نەخشەیەکمان داڕشت، هێزەکـەمان کـردە دوو بەشەوە:

ـ بەشی یەکـەم خـۆم سەرپەرشتیم ئـەکرد، بڕیـاردرا بچینە نزیـك دێـی سیارە نزیـك دەریاچـەی دەربەنـدیخان‌و لـەوێ خۆمـان بشارینەوە، دوای نیـوەڕۆ بەلێواری بەحرەکەدا بچینە سەرجادەی دەربەندیخان ـ سلێمانی.

ـ بەشی دووەم کـە زۆربـەی هێزەکـە بـوو بەسـەر چیای ناوتاقدا خۆیـان بگەیەننـە سـەرجادەکە، بـە دوو جیهـازی بچـووکەوە پەیوەنـدی بەیـەکترەوە بکەین.

بڕیاروابوو بۆسەیەك دابنێین بـۆ ئۆتـۆمبیلێکی شـۆفڕلێتی ئیستخبارات کە هەموو ڕۆژێك بۆ دەربەندیخان ئەچوو، کاتژمێری ٢ ـ٣ی ئێوارە ئەگەڕایـەوە. بە پێی نەخشەکە ئێمە لای خۆمانەوە گەیشتینە سەرجادەکە، هێشتا بەتـەواوی دابـەش نـەبوو بـووین ئۆتۆمبیلەکـە ڕەتبـوو، فریـا نەکـەوتین لێبـدەین، هەنـدێ ئۆتۆمبیلی ترمان ڕاگرت‌و ئەمان پشکنی تومەز دوژمن بـە بۆسـەکەمان ئـەزانێ، لـە ڕەبایـەکانی ئـەو نـاوەوە دەسـتی بەتەقـەکردن کـرد، لەوکاتـەدا قەمەرەیـەکی تیۆتا کراون هات دەسـتمان لێڕاگـرت بۆوەسـتان ئـەو هـۆڕنی لێئـەداو خێراتـری ئەکردەوە، تەقەمان لێکـرد، ناکـاو ئەکسلەکەی بچـڕا، لـە هـەورازەوە شـۆڕبووەوە، هـەروەکو بـاڵی گرتبێتـەوە، تـا ئێسـتا مەگـەر لـە فلیمـدا بینرابـێ ئـەگینا شتی‌وامنەبینیوە، چـووینە سـەری لەسـەر تایەکانی‌وەسـتا بـووەوە، شـۆفێرەکەی مـرد بـوو، سـێ‌برینداری تێـدابوو، خـوێنێکی زۆر ڕژابـوو، برینـدارێکیان‌وەزعی

باشتربوو، لێمان پرسی: بۆواتان کرد..؟ووتی: شۆفێرەکە جاش بوو، یەکێ لەم بریندارانەش ئەندامی مونەزەمەیە نەمانوێرا بوەستین. جاشەکە بە تەمابوو ئەم ئێوارەیە مارەی ژن ببڕێت، لەو کاتەدا جیهازی بۆسەکە ئاگاداری کردینەوە کەوا دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە خەریکە بگاتە سەرمان، بڕیارماندا سەرجادەکە چۆڵ بکەین‌و بەرەو دێی سیارەکشاینەوە، هەوای بەحرەکە زۆرگەرم بوووەخت بوو بخنکێین، دوژمن بەهاوەن لێی نەداین، جاشەکانی زەڕایەنیش‌ویستیان پشتمان بگرن، بەڵام ئێمە خۆمان قوتار کرد. دوژمن گەیشتە شوێنی رووداوەکە، هێزی بۆسەکە لێیان دەرپەڕین، زیانێکی زۆریان پێگەیاندن لە کوژراوو بریندار، لە ئەنجامی تەقەی کوێرانە ناوچەکە ئاگری گرت، ئێمەش بێ زیان گەڕاینەوە ناوچەکەی خۆمان. دوای چەند ڕۆژێکی تر چووینەوە سەرهەمان جادە، کاتژمێر ٣ی ئێوارە بۆسەیەکمان دانایەوە، هەندێ ئۆتۆمبیلمان ڕاگرت، تیۆتایەکی سەر بە ڕۆژنامەی ئەلعێراقمان کەوتە بەردەست، کە زانیمان بۆمان دەرناچێ لە بەرزاییەکەوە خستمانە خوارەوە تا لە تەختاییەکداوەستایەوە، ڕۆژنامە ئەو ناوەی سپی کردەوە، شۆفێرەکەی کابرایەکی میسری بوو لە پێشەوە ڕەوانەمان کرد، دوژمن هات‌و تەقەمان لێکرد، لە ترسا کشایەوە، کە ئەگەیشتینە هەر شوێنێك میسرییەکە ئەیووت: کێ مەسئولی عەسابەیە پارەی بدەمێ، منیش عەرەبیم نە ئەزانی هەروا هیچ یەکێك لە پێشمەرگەکانیش. چووینە دێی سیارە لە ماڵە فیراریێك لامان داو دانیشتین خێزانەکەی ژنێکی چاك بوو پرسی:

- ئەوە ئێوە ئەو شەڕەتان کرد..؟

+ بەڵێ

- ئەی ئەم زەلامە چییە..؟

+ عەرەبێکی میسرییەو ئێمەش نازانین قسەی لەگەڵ بکەین.

ژنەکە خەڵکی خانەقین بوو، عەرەبی میسریشی ئەزانی، دیارە لە ڕێگەی تەماشاکردنی فلیمی میسرییەوە فێر بوو بوو، لەگەڵ میسرییەکەدا کەوتە گفتوگۆ، میسرییەکە لە ترسا ئەگریا، ژنەکە پێی‌ووت: ئەمانە

پێشمەرگەی کوردن، شۆڕشگێڕن، مەترسە ناتکوژن، ئەمانە دزنین، لە پێناوی ئازادی کورددا خەبات ئەکەن، کورد خەڵکی بەویژدانەوەکو بەعس نییە.

کابرای میسری هەندێ هۆشی هاتەوە، دوای ڕوونکردنەوەیوەزعی کوردو شۆڕش لەلایەن ئەو ژنەوە. بۆیە ئێمەش بڕیارماندا ئازادی بکەین، دامانە دەستی زەلامێك تاکو بەیانی تاریكو روون بیباتە سەر جادەکەو بەجێی بهێڵێ. پاش چەند ڕۆژێکی تر چووینەوە سەر جادەی دەربەندیخان ـ دووداره لەنزیك دێی چناره، سەیتەرەیەکمان دانا، کاتژمێر ٣ی ئێواره بوو، خەڵکێکی زۆرمان لە ئۆتۆمبیلەکان دابەزاند لە ناویاندا کوڕێکی باڵابەرزی سەرخۆشی تێدابوو، پێمووت: کاکە بچۆ ناو خەڵکەکەوە نەوەك تەقە دەست پێبکات.

کەمێ دوور کەوتەوە، لەولاوە فەرماندەی مەفرەزەیەکمان لێی تووڕە بوو داوای لێکرد لەسەر جادەکە لاچێت، هەر لەو کاتەدا بۆسەی لای دەربەندیخان هاواری کرد: ئۆتۆمبیلی مونەزەمەی دەربەندیخان هات. منیش دانیشتم بۆ تەقە کردن، ڕوانیم سەرخۆشەکە پەلاماری فەرماندەی مەفرەزەکەی داو بۆکسێکی لێداو دەستی بۆ چەکەکەی برد لێی بستێنێ، لە برادەرانوایە پیاوخراپو ئیستیخباراتە یان جاشە، تەقەیان لێکردوکەوت. لە دوای ئەوسا خەڵکەکەووتیان: ئەوە کوڕێکی باشە، پێشمەرگەی زۆر خۆش ئەویست. تومەز ئەمە پێشمەرگەی ناو شارو لە ڕێکخستندا بووە، داخێکی زۆر دایگرتین. لەم مشتو مڕەدا بووین دوژمن هاتە سەرمانو شەڕێکی یەك سەعاتیمان کرد. ئەفسەرێكو دوو سەربازمان کوشت، ئێمەش بێزیان بووینو بە سەلامەتی گەڕاینەوە. لە ناو ئەو خەڵکانەی کە لە ئۆتۆمبیلەکاندا بوون (تەها خەلیل)ی ئەکتەری هونەرەجوانەکانی سلێمانی تیابوو، چووینە لایەوەو گلمان دایەوە، چونکە هەندێ کەس باسی ئەوەیان ئەکرد تەمسیلی بەسەر سەدامدا دەرکردووە، دوای سۆراغو پرسیارکردنو پاکانەی خۆی بۆمان دەرکەوت پیاوێکی باشە ئازادمان کرد.

ماوەیەك دوای ئەمە هێزێکی گەرمیان هاتنە دیوی قەرەداغو شارەزوور لەگەڵ ئەواندا نەخشەیەکمان دارشت پێکەوە بدەینە سەر زەڕایەندا. بەپێی

نەخشەکە لەکاتی دیاریکراودا من بەهاومن دێکەم تۆپباران کردو برادەرانیش پەلاماریاندا، لە ئەنجامدا چوار جاش کوژران و دوو کلاشینکۆف دەستکەوت بوو، ئێمەش بێزیان.

لە ۱۹۸۲/۸/۲۱ دا کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە خڕی ناوزەنگ و لە هۆڵی شەهید شەهابی ناوەندی کۆمەڵە کۆنفرانسی دووەمی بە ئامادەبوونی ۲۲۲ ئەندام بەست.

دیارە هۆکار زۆر بوو بۆ سازدانی ئەم کۆنفرانسە بە تایبەتی کە ناکۆکییەکانی ناو هەناوی کۆمەڵە بە توندی تەشەنەی سەند بوو بە ڕادەیەك گەیشتبووە ڕیزەکانی خوارەوەش، زیاتر هەندێك لە کادیرو لێپرسراوکان داسی ئەو ناکۆکییانەیان دەمەزەردو زەمینەیان خۆش ئەکرد لێکدانەوەی جۆراو جۆری بۆ بکرێ تا ڕادەی تەنزیر کردن و بە ئایدیۆلۆژیا کردنی ناکۆکییەکان کە پێموایە زەمەنیش دەریخست ئەوانە تەنیا یارییان بەووشەو قسەڵۆکەکانەوە ئەکردو خۆیان لە ناو مەزادخانەی هەندێ بیرۆکەی سواوی وەرگیراودا ئەبینییەوە کە دوا ڕۆژەکەی لە بەرژەوەندی کەسدا نەبوو.

لە ناو هۆڵی کۆبوونەوەکاندا کە ڕۆژانە زۆری ئەکێشا گفتوگۆی گەرموگوڕ لە سەر هەموو مەسەلە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە بیرو ئایدۆلۆژیاو سەرکردایەتی و شێوازی خەبات و پەیوەندی و هتد ئەکرا.

لە هەندێ باردا ڕەخنەکان توند ئەبوونەوە،وای لێهات هەندێ هەڤاڵ لە کۆبوونەوەکان دەرچنە دەرەوە لەوانەی کە دواتر ئاڵای شۆڕشیان پێکهێنا. دیاریش بوو کە لەم کۆنفرانسەدا کاریان بۆ ئەوە ئەکرد لەوێدا هەندێ لە شتەکان بتەقێننەوە بەڵام بۆیان نەلواو مەبەستەکانیان ئاڵتی هێنا.

لەم کۆنفرانسەشدا سەرکردایەتییەکی نوێ هەڵبژێردرایەوە:

نەوشیروان مستەفا کرایەوە بە سکرتێری کۆمەڵە، فەرەیدون عەبدولقادر، ملازم عومەر، م. جەمال تایەر، د.کەمال خۆشناو، عەلی بچکۆل، مەلا بەختیار ... بوونە ئەندامی سەرکردایەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا ناکۆکییەکان کە دووری فکریوەرگرتبوو، هەندێ هەڤاڵی لە پشتەوە بوون نەتوانرا چارەسەری بنەڕەتی بۆ دابنرێ بگرە زەمینە لە بارتر کرا بۆ کنەی ئەوانەی لە بنەوە ئەجووڵانو بە نهێنی کاریان ئەکرد.

ڕۆژی ١٩٨٢/٩/٢٥ کاک ڕۆستەم بەبڕیاری سەرکردایەتی گوێزرایەوە بۆ تیپی ٢١ی کەرکوکوەکو سەرتیپ، منیش دامنابوو لەگەڵیدا بچم، پێشمەرگەیەکی ئازام لابوو ناوی محەممەد قادر سەعدون بوو، داوای ئیجازەی شەوێکی سەردانی ماڵەوەی کرد، لە ڕێگای کانی سپیکەی نزیکی گڵەزەردە کەوتە بۆسەی جاشەکانی ڕەئوف زرگوێزیو شەهیدکرا. ئەمە زۆر کاری تێکردمو لەچوونەکەم بۆ تیپی ٢١ی کەرکوکوازمهێنا لەڕێگا گەڕامەوە ، لەبازیان پێ یانووتم ببە بە جێگری ٥٧و لەگەڵ کاک ڕۆستەم مەچۆ .

تیپی ٥٧ی سەگرمە تازە درووست کرابوو، کاکوەهاب سەرتیپی بوو، منیشوەکو جێگری سەرتیپ بۆ ئەوێ گوێزرامەوە، مانگی ١٩٨٢/١٠ سەرکردایەتی برووسکەیەکی بۆ کردین هێزێك ئامادە بکەینو بەرەو سەرەوە بەڕێ بکەوینو لەوێشەوەوەکو هێزی پشتیوان بۆ دیوی ئێران،کاکوەهابو منیش لەگەڵ هێزێکدا بەسەر دێهاتەکانی سنووری مەڵبەندی دوودا بەچەند قوناغێك گەیشتینە دێهاتەکانی هەرزنەو بێتوشو لەوێشەوە بۆ بێوران لە ناو ئێراندا. لەوێ کاک عەلی بچکۆلان بینی، لێمان پرسی: چی بکەین..؟

ووتی: یەکسەر بچنە ئالۆەتان.

بە پەلە خۆمان گەیاندە ئالۆەتان. لەبەر ماندوو بوون زۆر نەخۆش کەوتم، هەرچی ماسوولکەکانی لەشم بوو ئازاری ئەهات، بوو بوونە خوێن، دکتۆر کامیل نەیتوانی دەرزیم لێبدات. لە ئالۆەتان کاک ملازم عومەرمان بینی. کاك سەربازی جێگری تیپی ٩٣ی کۆیەو کاک مەحمودی حاجی فەرەجو کاک ملازم خولەی لابوون. لەبری ئەوەی بەخێرهاتنمان بکات لێمان تووڕە بوو. تومەز هێزی تر پێش ئێمە چووەو کاک دلاوەری ئەحمەد مەجید لێپرساوی بووەو خۆیان شاردبووەوە، هەندێکیان بریندار بوون یەکێکیان دێو حەسەن بوو کەچاوێکی لەدەست دابووو هەندێکیان ڕایان کردبووو بەندکرابوون. دوای

ئەوە کاک دلاوەرمان بینی، بووە مشتومڕمان لەسەر بێتوانایی پێشمەرگەو دەورنەبینین‌و سەرپەرشتی نەکردنی هێز. پاشان چووینە لای کاک ملازم عومەرو پێم‌ووت : هەرچی شوێنێکمان بۆ دیاری ئەکەن، ئامادەین پەلاماری بدەین.

شوێنێکیان لە ناو دارستانێکی چڕدا بۆ دیاری کردین، هێزێکی گەورەی دوژمنی لێبوو، کە نزیک بووینەوە ڕێگای گرتنی نەبوو، هەر ئەو ئێوارەیەش بەهۆی تۆپبارانی خەستەوە پێشمەرگەیەکمان شەهید بوو، ناچار گەڕاینەوەو هێزەکەمان بەسەر گردەکەی پشتی ئاڵوەتان‌و چەند شوێنێکی تردا دابەشکرد، شەو دوژمن هێرشی بۆ کردین، مستەفا سەرگەڵوێی لە پێشمانەوە بوو شوێنەکەی خۆی چۆڵ کردبوو، شەڕێکی دەستەو یەخەی سەختکراو پاشان کشاینەوە ناو ئاڵوەتان. کاتژمێر ٥ی بەیانییەکەی لە ئاستی ئاڵیمرانەوە دەنگی تەقە ئەهات، کاک ملازم عومەر ئاگاداری کردینەوە دوژمن لەو قۆڵەوە بەرەو قەندیل هێرشی کردووە، کە مامۆستا ئەنوەری لێپرسراوی ئیدارەی خۆمان‌و سەید ڕەسوڵی بابەگەورە لێپرسراوی دیموکرات لەوێ بوون، ئێمە بەهانایانەوە چووین. سەید بابەڕەسوڵ هەر زوو ڕایکردبوو، مامۆستا ئەنوەریشمان هەرنەبینییەوە، دوژمنیش بەرەو قەندیل پێشڕەوی ئەکرد، ئێمە لە نێوان گوێزێ‌و ئاڵیمران سەنگەرمان لێدا، دوژمن قەندیلی گرت‌و بەرەو لای ئێمە گەڕایەوە بێئەوەی لەو شوێنانە هێز بەجێبهێڵێ، پێشەنگی هێزەکەی دوژمن پارتی‌و پاسداران بوون لە ئێمە نزیکبوونەوە، چادری ماڵە ڕەوەندەکانیان بە ئارپیجی ئەسووتان. ڕوو بەڕوویان بووینەوەو شەڕێکی سەختمان کردو ئەوان گوریزەیان کرد، تەماشامان کرد بەدەم ڕاکردنەوە بزنێکی سووریان فڕاند، تەقەمان لێکردن، یەکێکیان لێکوژراو لاشەکەیان بەجێهێشت کەچی بزنەکەیان هەر برد.

کاتژمێر ٧ی ئێوارە جەبهەکەمان تەسلیمی هاوڕێ کاوە مەخموری جێگری تیپی ٨٦ی هەولێرو سەرباز جێگری تیپی ٩٣ی کۆیە کردو بۆ ئاڵوەتان گەڕاینەوە، پاش دوو ڕۆژ جەبهەکەی پشتی ئاڵوەتانیان پێسپاردین. دوژمن

هێرشی هێنایەوە سەرمان، دوو ڕۆژ نەمانهێشت یەك بست بێنە پێشەوە. دوایی تیپی ٥١ی گەرمیان ئێمەیان گۆڕی. کاتژمێر ١١ی شەو خەبەریان هێنا کەهێرشیان لەسەرە. کاك ملازم عومەرداوای کرد هێزێك سەربخەین، کەرتێکمان نارد بۆلایان، هێرشەکە زۆر بەربلاوبوو، کاتژمێر ٢ی شەو داوایان لێکردین هەموومان خۆمان کۆبکەینەوە بچینە زینۆی زیندان لەوێ کاك ملازم عومەرو مەلا حەسەنی شیوەشەلی قسەیان بۆکردین، لەو کاتەشدا تۆپبارانی خەست ئەکراین، لە ڕوومان نەئەهات قسەبکەین. پاشان هێزەکە بەشبەش کراو دامەزراین بۆ لێدانی دوژمن. دوای نیوکاتژمێر هێرش دەستی پێکرد، شەڕەکە زۆر قورس بوو تاکاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ئایینده بەتوندی بەردەوام بوو، بەجۆرێك پێشمەرگەو پاسدار تێکەڵ بوو بوون، پێشمەرگە سەلام مەلا هۆمەری بە قۆناغە تفەنگ لە پاسداری داو قۆناغەکە شکا، لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆدا شکاین، بەرەو دێی کونەمشکێ کشاینەوە، کاك ملازم عومەرو کاك ئازادی سەگرمەو کاك حاکم عومەرمان لەگەڵ بوو لە پشتی کونەمشکێ لەنگەرمان گرتو سەنگەرمان لێدا، دوژمن چووە ناو ئاڵوەتانەوە، تیپی ٥١ی هەورامان هێزەکەی ئێمەیان گۆڕیو دوژمن هێرشی بۆکردن، برادەران لێیان دانو زیانیان پێگەیاندنو چەند چەکێکیان دەستکەوت بوو، ئێمەش دوو شەهیدمان دا. ئەمە لە ڕۆژی ١٩٨٢/١١/٢٤ بوو. ئیتر هێزەکەی ئێمە بۆ حەسانەوە بەرەو مامکاوێ ڕۆیشتین.

ڕۆژی دوایی هەڤاڵ مام جەلال ناردی بەدوامانـدا، لە ڕێگا تووشی هەندێك پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان بووین،ووتیان: هەڤاڵ مام جەلال کاك سۆرانو کاك عومەری برای شەهید سیروانی سزاداوە، ئێوەش تووش ئەبن. بەڵام ئێمە باکمان نەبوو، کەموکورییەکیوامان نەبوو تا سزا بدرێین، گەیشتینە داوداوێ بە پاسەوانەکەی هەڤاڵ مام جەلالمانووت کە پێی بڵێ مەحمود سەنگاوی هاتووە، چووینە ژوورەوە بە گەرمی بەخێرهاتنی کردینو ڕێزی زۆری لێگرتینو سوپاسی خۆڕاگری کردین. کە زانیمەزعمان لەبارەووتم: مامە ڕەنگە بەڕێزتان لە بارەی برادەرانی گەرمیانەوە هەندێ هەواڵتان پێگەیشتبێ،

بەو شێوەیە نییە،ووتی: نەخێر پیاوی ئازا خەڵات ئەکرێ، پیاوی ترسنۆکیش سزائەدرێ.

پاشان کابرایەکی قسەزل هات بەکامێرایەکی فیدیووەوێنەی گرتین، گفتوگۆی لەگەڵ کردین.

پاش چەند رۆژێك حەسانەوە دیسانەوە ڕەوانەی جەبهەی پشتی کونەمشکێ کراینەوە. هەفتەیەك لە ژێر تۆپبارانی خەستدا لەو بەرزاییانەدا ماینەوە، پاشان سەنگەرەکانمان تەسلیمی کاك ملازم خولە کرد کەهێزەکەی کەم بوو، زنجیرە سەنگەرێك کە بە ٢٨ پێشمەرگە پڕ ئەکرایەوە ئەو بە٦ پێشمەرگە دابینی کرد بوو، زۆر مەترسی هێرشیشی لە سەر بوو.

ئێمە چووینە کونەمشکێ، جلەکانمان شوشت وڵێی خەوتین، کازێوەی بەربەیان بە کۆمەڵ دەنگی ئارپیجی ئەهات، کاك ملازم عومەر پێی ووتم: هێزێك ببە بۆ یارمەتی ملازم خولە. بە جلی تەڕەوە لەگەڵ هێزەکەدا سەرکەوتمەوە، کە چووینە ناو سەنگەرەکانی ٦ کەسەکەی ملازم خولە، تەماشا ئەکەم خۆی پێکراوەو پشتی شکاوە، دوو پێشمەرگەی شەهید بوون و دوانیش برینداران، تەنیا یەکێکیان ساغ بوو، سەنگەرەکانی تریش زۆری گیرابوون. شەڕی ئێمەو دوژمن لە دووری چەند مەترێکەوە دەستی پێکرد. برادەرانی دیموکرات ١٥ پێشمەرگەیان نارد بۆ پەلاماردانی دوژمن خۆم لەگەڵیانا چووم، ئەوان نیازی شوێنێکیان هەبوو، گوایە پشتگیری لێیە، کەچی هەموو جامانە سوور بوون و کۆڵەپشتیان بەکۆڵەوە بوو، بەلێپرسراوەکەیانم ووت: ئەوانە پشتگیری نین و پارتین. هاین لە ژێر دەستیان باچەند پێشمەرگەیەك لەسەر ئەو گردە بچووکە بمێننەوە تائەگەڕێینەوە، هەر کە جووڵاین لە هەر چوارلاوە دراینە بەر ئارپیجی و چەکی سووك، لە شوێنێکدا دامەزراین شەڕ تائێوارە بەردەوام بوو شەهیدێك و چوار بریندارمان داو ئینجا کشاینەوە بۆ پشتی دۆڵەتوو. لە سیرەمێرگ و دۆڵەتوو چەند رۆژێك پشوومان داو دیسانەوە ڕەوانەی پشتی گوێزێ و کونەمشکێیان کردینەوەو لەوێ سەنگەرمان لێدایەوە. کاك وەهاب و مامەڕیشەیان ناردە لامان. لەبەرئەوەی پێویستیان بەپێشمەرگە

بوو نەیان گۆڕین لە هەمان کاتدا بڕیاری هێرش کردنە سەر دوژمن درا، بەپێی نەخشەیەك لە نێوان کونەمشکێو ئالۆەتاندا لە دوو قۆڵەوە پەلاماری دوژمن دراو زیانێکی زۆری لێکەوت، دوای ئەنجامدانی چالاکییەکە گەڕاینەوە چیای نێوان گوێزێو دۆڵەتووو کونەمشکێ لەوێ شوێنی خۆمان گرتو ماینەوە.

تاکۆتایی مانگی ١٩٨٢/١١ شەڕ بەردەوام بوو. دنیا زۆر ساردو سەرمایەکی سەخت بوو، بەفری زۆر باریبوو، حاڵی پێشمەرگە زۆر شڕبوو، خێوەتەکانمان هەمووی کەوتبوو، بەجیهاز لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال قسەمان کردووەزعەکەمان بۆ شیکردەوە، هەڤاڵ مام جەلال لەوەڵامداووتی: هەرکەسێ بێتەخوارەوە بەخائین لەقەڵەم ئەدرێ. لە ناو ئەو بەفروسەرماو سۆڵەیەدا ماینەوە، ئێوارەکەی هێزێکیان بۆ گۆڕینمان نارد، کە دابەزین بۆ دۆڵەتوو خوارووو ژووری خۆمان نەئەزانی.

لە کاتی ئەو شەڕانەدا هەڤاڵ مام جەلال چەند جارێك کۆبوونەوەی پێکردینو ئەیهەژاندین بۆ بەرگری کردنو ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنو لە ئەرکەکانی سەرشانمان ئاگاداری ئەکردینەوە.

لە ڕاستیدا ناردنی هێزی پشتیوان لە لایەن (ی.ن.ك) لەو کاتانەدا ناوەرۆکێکی سیاسی گرنگی هەبوو بۆ دیفاعکردن لە خاکی کوردستان لە کاتێکدا داگیرکەرانی کوردستان لە هەوڵی کاولکاریو کوشتنی خەڵکەکەیو خەفەکردنی شۆڕشەکەیو لەناوبردنیویستو ئارەزووەکانی کورد بوو.

لەم ڕووەوە پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك) بەوپەڕی خۆڕاگریو فیداکارییەوە لە سەنگەردا بوونو بەری شاڵاوی دڕندانەی دوژمنیان ئەگرتو بە خوێنی سووریان کەژو بەندەنەکانی کوردستانیان ئەنەخشاند، بەڵگەی یەك ئاواتو ئامانجو خەبات لە پێناوی ڕزگاریدا بەگوێی خەڵکیوجیهاندا پێشان ئەدا.

هەڵوێستی سیاسی هەرئەوە نییە تەنیا دروشمێك لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بنووسرێتەوە، بەڵکو بەکردەوە، بە بەرگری پێشمەرگانە، بە گیان بەخشین، مەسەلەکان یەکلا ئەبێتەوە، بۆ ئەو ڕۆژگارە ناردنی هێزی پشتیوانو بەشداریکردنی (ی.ن.ك) دەورێکی بەرچاوی هەبوو لە دۆستایەتیو

پشتگیری هێزه شۆڕشگێڕەکانی کوردستاندا، هەروەها دابێکی شۆڕشگێڕانەی داهێنا لە سنوور بڕینو بە هانا چوونو یەکخستنی هەڵوێستی ستراتیژی شۆڕشی کوردستان.

لە مانگی ١٩٨٢/١١ دا بوو لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیدا بڕیاری دامەزراندنی مەڵبەندەکان دراوەکو پێکهاتەیەکی نوێی کارکردنو دەسەڵات بەڕێوەبردن لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕشدا کە قۆناغەکە ئەوەی ئەخواست بەرنامەرێژییەك بۆ پەیڕەوکردنی کارنامەی توندوتۆڵتر کردنی ئەرك‌و کار ڕاپەڕاندن.

کوردستان کرایە چوار مەڵبەندەوە:

١. مەڵبەندی یەك: لە حاجی مامەند دانراو سنووری کارکردنی: شارباژێڕ، شارەزوور، قەرەداخ، گەرمیان.

٢. مەڵبەندی دوو: لە سەرگەڵوو دانراو سنوورەکەی: دۆڵی جافەتی، سلێمانی، کەرکوك بە دیوی جادەی چەمچەماڵ ـ کەرکوك دا.

٣. مەڵبەندی سێ: لەوەرتێ دانراو سنوورەکەی: بناری قەندیل، باڵەکایەتی، پشدەر.

٤. مەڵبەندی چوار: لە بالیسان‌و سنوورەکەی: خۆشناوەتی، هەولێرو دەورو بەری.

پێکهاتەی مەڵبەندیش بریتی بوو لەم بەشانەی خوارەوە:

پێشمەرگایەتی، کۆمەڵایەتی، دارایی، ڕاگەیاندن، دادگا ...

لێپرسراوانی ڕێکخراوو لقی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو شۆڕشگێڕانیش بەشدار بوون تیایدا.

لە سنوری هەر مەڵبەندێکیشدا کۆمەڵێك تیپ هەبوون کە زۆرتر هەر مەڵبەندەی ٦ تیپی بەرئەکەوت‌و ژمارەی تیپەکانی هێزی پێشمەرگە گەیشتبووە ٣٠ تیپ. ژمارەی پێشمەرگەی هەر تیپێکیش لە سنوورێکەوە بۆ سنوورێکی تر ئەگۆڕا، تیپی‌وا هەبوو لە ١٠٠ پێشمەرگە کەمتری هەبوو، تیپی‌وایش هەبوو لە ٣٠٠ پێشمەرگە زیاتری هەبوو، زۆرتر ئەو تیپانەی کەوتبوونە ناوچەی

تەماسەوە لە گەڵ دوژمندا ژمارەیان زۆررتر بوو واتە تاکو بەرەو خوارەوە بێت ژمارەی پێشمەرگە بەرچاو تر بوو تا سەرەوەتر.

لە هەموویشی گرنگتر پێش دامەزراندنی مەڵبەندەکان ئەنجومەنی دێهات دامەزرا کە بە ڕێگەیەکی دیموکراسیانە لە سنوری هەر دێیەکداو لە ناو خەڵکەکەی خۆیدا ئەنجومەن هەڵئەبژێرا بۆ ڕاییکردنی کاروباری خەڵکی وەکو مومارەسەیەکی دیموکراسیانە بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی کادیرەکانو پێشمەرگەو کەمتر دەستوەردانە ناو کاروباری جەماوەرییەوە.

لە ڕاستیشدا دامەزراندنی مەڵبەندەکان بەو شێوازە نوێیەواتایەکی تری ئەبەخشی کە بە یاسایی کردنی دەسەڵاتو بڕیارەکان بوو، جگە لەوەش جۆرە ڕێگرییەك بوو لە کردەوەی هەندێ کادیرو بەرپرسی نەشارەزا لە کارو باری هاووڵاتیان، ئەمەش پەرۆشی یەکێتی دەرئەخست بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتو خزمەتکردنی هاووڵاتیانو پاراستنی مافەکانیان.

چونکە لە نێوان کادیرو فەرماندەی پێشمەرگەشدا هەمیشە بگرەو بەردە هەبوو لە سەر کاری ئیجرائاتی جەماوەری، هەریەکە خۆی بە دادوەرو بڕیاردەر ئەزانی، بگرە زۆرجاریش لە ڕقی یەکتریدا ئیجرائاتی لابەلا ئەکراو لە سزاداندا جیاوازی دەرئەکەوت لە بەرامبەر گرتنی کەسێکدا..هەرچەندە زۆرجاریش ڕێنوێنی دائەبەزی بەڵام هەر تیماری ئەو دەردەی نەئەکرد کە پەیوەندی بە نەخۆشی دەسەڵاتداریەوە هەبوو.

لە مانگی ١٩٨٢/١٢ بەبڕیاری سەرکردایەتی گەڕاینەوە ناوچەکانی خۆمان، ڕۆژی ١٩٨٢/١٢/١٦ خەبەرمان پێگەیشت کە پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان داستانی پیازەجاڕیان ئەنجامداوە، مەدرەعەیەك تێکشکێنراوەو بیست پارچە چەكو بیست سەرباز بە دیل گیراوە کە بۆ یەکەم جارە شەڕی بەو شێوەیە بکرێو پێشمەرگەش بێ زیان بێو کۆپتەر نەیەتو دوژمن بە هانای هێزەکەیەوە نەیەت کە لە پەنای ناحیەی تیلەکۆدا بوو هەرچەندە ڕۆژی دواتر ڕژێم چوو بووە شوێنی شەڕەکەو خەڵکی دێیەکەیان کۆ کردبووەوە بۆ ئیجرائات کردن بەڵام دواتر وازیان لێهێنابوون.

ساڵی ١٩٨٣

بە دەم ئەو هیلاکیو شەڕانەوە کەوتینە ناو ئاوو هەوای ساڵێکی تازەوە بە هەویای ئەوەی لە ڕووی پێشمەرگایەتییەوە گورزی باشتر بوەشێنینو لە ڕووی سیاسیشەوە گوشاری زۆرتر بخەینە سەر دوژمنەکەمان چونکە لە شەڕێکی سەختی ماڵوێرانکەردا بوو بەرامبەر بە دەوڵەتێك کە گەلەکۆمەی نێو دەوڵەتیشی لە سەر بوو، هەروا بە ئاسانی لە مەیدانی شەڕدا خۆی نەئەدایە دەستەوە. کە بە بڕوای ئێمە ئەمە پەیوەندی نییە بە لایەنی بەرنامە چاکی کۆماری ئیسلامییەوە بەڵکو بەشێکیوەکو تەحەدایەكوابوو بەرامبەر بە هێزی داگیرکەر، خەڵکەکەی ئێران پێیان خۆش نەبوو خاکەکەیان داگیربکرێو چارەنووسیان بکوژێتەوە، بۆیە بەرگرییان ئەکرد ئەگینا مەرج نییە هەموو خەڵکی ڕژێمەکەیان خۆش بوێت ئەگەر چی بەشێکی زۆریشیان دەروێشی خومەینی بوون یان هەر هیچ نەبێ پێگەیەکی باش لە ڕووی شیعە گەرێتییەوە دامەزرابوو بە ئاسانی لەق نەئەبوو.

سەرەتای مانگی ١٩٨٣/٢ بوو، هەندێك زانیاریمان چنگ کەوت کە پۆلیسێك بە ناوی جەزای گومرگ پەیوەندی بە پێشمەرگەکانەوە کردووەو بەڵێنی داوە گومرگەکەی سلێمانی بەدەستەوە بدات، یەك دوو شەو لەسەر یەك برادەران چوون بۆیان ڕێکنەکەوت، جارێکیش خۆم چووم هەر جووت نەئەبوو.. کارەکەیان ئەنجامداو حەفتا کلاشینکۆفو کۆمەڵێ دەمانچە دەستکەوت بوو، ئەم کارە دەنگێکی باشی هەبوو سەرکەوتنێکی چاکیش بوو کە دوژمن هەرگیز بۆئەوە نەئەچوو ئەوەی لێبکرێ.

دوای ئەم چالاکییە ڕۆژی ١٩٨٣/٢/٦ ژنم هێناو لە دێی خاوێ گواستمەوە، کە ئەکەوێتە بناری سەگرمەو دێیەکی خۆشو خەڵکەکەی زۆرچاك بوون، بەو بۆنەیەوە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم ئیجازە بووم.

هەرچەندە ژنداریو ماڵداری لە زەمەنی پێشمەرگایەتیدا ئەرکێکی قورس بوو ئەوەی بەرەبەنی لە بواری کاری پێشمەرگانەدا ئەتوانرێ ئەنجامبدرێ لە کاتی ژنداریدا کەمتر دڵگەرمی هەیەو بەڵکو بە کۆمەڵێك کۆتوبەند ئابلۆقە ئەدرێ.. من پەشیمان نەبووم ببمە خاوەن ژنو بچمە ناو ئەو تەلبەندەوە کە بەرنامەیەکی ژیانە، کەچی تامی ژن هێنان لەمواقعە تفتوتاڵەدا جیاوازە لەگەڵ کەسێك لە دەرەوەی ئەمواقیعەی ئێمە بیهێنێ.. ئێمە هە ڕۆژێك لە شوێنێك بووین، هەر ڕۆژەی لە ناو تەپوتۆزی شەڕو هێرشو ئەمسەرو ئەوسەردا بووین بەڵام بۆ ئێمە ئەم کارە تامەزرۆیی تایبەتی هەبوو چونکە ئەرکێکی نیشتیمانی بوو، ژن نەبووە ڕێگر لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانماندا.

لەو پانتایی گەرمیانەداو لە ڕۆژی ١٩٨٣/٣/٨ دا هێزەکانی گەرمیان لە دەشتی سەرقەڵادا داستانێکی تازەیان تۆمارکرد، کاتێ هێزێکی گەورەی ڕژێم پەلاماری دێی سەید جەژنی ئەدەن لە لایەن کورە دلێرەکانی تیپی ٥١ ی گەرمیانەوە هێرشیان کرایە سەرو سەرەڕای نابەرامبەری هێزەکەی دوژمن لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا دوژمن خۆی پێڕانەگیرا، مەیدانی شەڕەکەیان بەجێهێشت زیانێکی زۆریان لێکەوتو بە دەیان کوژراوو برینداریان هەبوو جگە لە گرتنی تانکێکی بەرازیلیو ٣ جیبی سەربازیو سووتاندنی یەك ئیڤاو گرتنی ١٩ پارچە چەکی جۆراو جۆر. ئەم داستانە گەورەیە بە خوێنی پێشمەرگەی ئازاوەلی گلاڵی نەخشێنرا.

هەر لەو کاتەدا لەگەڵ کاك ئاواتی شێخ جەنابدا جەولەیەکی بە پەلەی ناوچەی جەباریمان کرد، پاش گەڕانەوە بەهۆی هەندێ کێشەوە نەقڵی تیپی ٥٥ی قەرەداخ بووم کە دەوروبەری ١٩٨٣/٣/٢٠ بوو چوومەوە بۆماڵ.

هەر لەو کاتانەدا بوو داوای هێزکرا بۆ سنووری شارباژێر، دیار بوو بەپێی هەندێ زانیاری جموجووڵێکیان بەدەستەوە بوو بۆ ئەنجامدانی چالاکییەك. منیش پێم ناخۆش بوو لە ماڵەوە بمو پێشمەرگە بۆ شەڕ بچن،

چوومە شارباژێر، نامەیەکم بۆ لێپرسراوی مەڵبەندی یەك کاك مەلابەختیار نووسی کە بە خۆمو دەستەکەمەوە ئامادەینو بچینە کوێ..؟.

ئەویش ناراستەی لای کاك مستەفا چاوڕەشی کردین لەبەرەی مامەخەلان، لەوێ هێزەکانی جود لەبەرزاییەکاندا سەنگەریان لێدابوو. بەرەی شیوی مەڕیان دا بەئێمەو بەرەی لای چوارتایش بە کاك مستەفاو کاك عادلو کاك نازمی حەمەی سلێمان.. چەند ڕۆژێك بە هاوەن لێیان داینو ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٤ پەلاماریان داین، بەڵام ئەوان ئەوە نەبوون بتوانن بەهاسانی لە سەنگەرەکانمان دەرمان پەڕێننو لە هەقمان بێن. پاش دە ڕۆژ بەپێی نەخشەو بڕیارێك بەیانییەك کاتژمێر ٥ی بەیانی هێرشمان کردە سەریانو کەوتینە ناو بۆسەکانیان، شەڕ بەخەستی دەستی پێکرد تاکاتژمێر ٥ی ئێوارە درێژەی کێشا، دوای ئەوە هێرشێکی قورسمان بۆکردن بۆ تەفروتوناکردنیان لەئەنجامدا شکانو لەسەنگەرەکانیان دەرچوون، هێزێکمان ناردە ڕێگای کشانەوەکەیان، ئەوەی کوژرا کوژرا، ئەوی تریشی بەدیلگیرا، شەو لەمامەخەلان ماینەوە، بەیانییەکەی هێرشی گشتی کرا بۆ سەر هەموو سەنگەرەکانی تریان. تاچیای تالیەر ڕاونرانو لەوێشەوە خۆیان کردەوە بەناو ئێرانداو شەڕەکە کۆتایی هات، پاشان گەڕاینەوە ناوچەی قەرەداغ.

شایانی باسە ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١ کاك سامانو برادەرانی گەرمیان بەسێ ئۆتۆمبیلەوە ئەچنە دێی قەیتولی سەر بە ناحیەی قادرکەرەم بۆ چاوپێکەوتنی مامەڕیشە بەڵام ئەو نەهاتبوو، بەڵکو ئەو ڕۆژە ئەو لەدێی مەسۆیی سەرچەم بوو لە زەماوەندێکی ئەوێدا بەشداری کردبوو.. هەر کە برادەران لەدێی قەیتول دەرئەچن، سێ کۆپتەر ئەگاتە سەریان، بە پەلە خۆیان ئەگەیەننە ناو دێی هەڕێنەو دائەبەزرێن، دوای ماوەیەك چەند کۆپتەرێکی تر دێنو لەدەوروبەری دێکە هێز دائەبەزێنن، کاتژمێر ٨ی بەیانی ئەبێ لەبەر کەمی پێشمەرگەو کەمی تەقەمەنی سەرەتا دەست ناکەنەوەو خۆیان مات ئەکەن تاکو ئەچنە بەردەستیان، دوژمن دێ هاوەنباران ئەکەنوووردەوورده نزیك ئەبنەوە،

کۆپتەرەکانیش ئاگری ڕقیان دائەبێژنە سەر ئەو دوو دڵدارەی توند باوەشیان بەیەکدا کردووە: پێشمەرگەو دێی گەمارۆدراو ... لە سەرو خوارەوە ئاگربارانە، لە ناو ڕەشبەڵەکی ئەم ئاگربارانەدا پێشمەرگەو خەڵکی بەئەمەکی هەرێنە دامەزراونو بەرگری ئەکەن، تیری دەستو دەروونیان ئەهاونە گیانی دوژمنەوە. عەسری ئەو ئێوارە لە شاخی زمنوورەوە سێ پشتگیری دێنە خوارەوە کە ئەزانن لەدێکەدا شەڕەو کۆپتەر دالآن گێژیانە، لوولەی تفەنگەکانیان ئەکەنە کۆپتەرەکان. لەمە دوژمن ترسی هاتنی هێزی پشتیوانی لێئەنیشێو بەپەلە هێزەکەی کۆئەکاتەوەو تانزیکی ئێوارە ئەیگوێزێتەوەو شەڕەکە تەواو ئەبێ. ئەمە دووەم شەڕی ناو دێیە لە سنووری تیپی ٥١ ی گەرمیان دوای شەڕی عەلیان کەتووشی کاك عادلو برادەرانی هاتبوو، بە داخێکی زۆرەوە لەم شەڕەدا گیانی بەرزی کاك ئەیوب تاڵەبانی برای شەهید سیروان ئەگاتە کاروانی سەروەریو دوای تەواو بوونی شەڕەکە تەرمەکەی ئەبەنە گۆڕستانی دێی بانی مۆردو لەوێ ئەنێژرێ.

هەروەکوووتمان جود لەجموجووڵدا بوون، دیارە ئەو کارەیشیان لەلایەن سەرکردایەتی (ی.ن.ك) چاودێری ئەکرا، بۆ ئەوەی ئەو نەخشەیان سەرنەگرێ لە هەموو لایەکەوە هێز بۆ سەرکردایەتی ڕەوانە کرا. ئەو کاتەش هێزەکانی ئێمە لە شارباژێر لە شەڕدا بوو لەگەڵ جوددا.

ئەو هێزانەی گەیشتبوونە سەرکردایەتی بەسەرپەرشتی کاك نەوشیروان بەرەو چیای قەندیل بەڕێ ئەکەون کەبارەگاکانی لایەنەکانی جودی لێبوو.

بەپێی نەخشەیەکی ئامادەکراو ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١ هێرشێکی بەربڵاو کرایە سەر هێزەکانی جود لەقەندیل کەبریتی بوون لە هێزەکانی پارتیو حسكو حشع، لەماوەی ١١ کاتژمێردا هێزەکانیان لە شوێنە سەرەکییەکانیان تەفروتوونا کرانو دەست بەسەر بارەگاکانیانو کەرەسەو کەلو پەلەکانیان گیراو ئەو ناوەیان

لێ پاککرایـەوە کـە کردبوویانــە هێلانــەی پیلانگێـڕی بەرامبــەر بــەهێزەکانی یەکێتیووەکو کۆسپێکوابوون لە بەردەم گەشەکردنی هێزی پێشمەرگەدا.

پــاش چــەند ڕۆژێــك حەســانەوەی هێزەکــانی یــەکێتیو ئەنجامــدانی ئەرکەکانیان ئینجا کەوتنەڕێ بەرەو سنووری مەڵبەندی سێو مەڵبەنـدی چوار کە هەندێك لە هێزەکانی جود لەو ناوچانەدا خۆیان مۆڵدابوو.

ئــەو ناوچــەیەش لــە ماوەیــەکی کەمــداو لەچــەند شــەڕێکی پچڕپچــڕدا پاکسازی کراو جود بە تەواوی دەرپەڕێنرانو ناوچەکەیان چۆڵ کـرد.ئێمـە کـە گەیشـتینە قــەرەداغو لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەو شــەڕانەی قەندیلـدا لای ئێمەشــەوە جموجووڵی شەڕ لەگەڵ حشع کە لایـەنێکی جـود بـوو هاتـە ئـاراوە، لەمەشـیاندا حشـع دەستپێشـکەر بـوو، ئــەوان لــە دێــی شــەممەی بنــاری شــارەزوور یــەك پێشــمەرگەو لــە دێــی کــانی هــەجیریش دوو پێشــمەرگەیان چــەککردبوو، شەڕێکیشیان لەگەڵ برادەرانی تیپـی ٥١ی گەرمیانـدا لـە دێـی مەسـۆیی قـەرەداغ بەرپا کرد کەبەزیانی خۆیان شکایەوەو دوو چەکداریان کوژران.

دوای ئــەوەی کــەنیازەکانی حشعمــان بــۆ ڕوون بــووەوە کــە ئەیانــەوێ لێــرە فەرتەنەیــەك بــەرپا بکــەن بــۆ جــەنجاڵکردنی هێزەکــانی یــەکێتیو ســەرگرتنی نەخشــەکەی خۆیــان، بۆیــە ئێمــەش لــەدێی مەســۆیی خۆمــان کــۆکردەوە بــەپێی نەخشەیەکی داڕێژراو بۆ پەلامارێکی ڕێکوپێك بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. هێزێــك بــە فەرمانــدەیی شــینە لەســەر چــیای پشــتی بــانیمۆرد بــۆ ســەر بارەگاکانیان لەناو قۆپیو دەربەندی تەکیەدا.

٢. سەردار ناوتاقیو هێزێك لە دێی حەمەی هەواسەوە بۆ دەربەند تەکیە.

٣. نــەجم بۆیســانەو هێزێــك لەبــەردەم تەکیــەوە بــەرەو نــاو دێــی تەکیــەو دەربەندەکەو ئینجا پەلاماردان بەرەو بارەگاکانیان.

بــەڵام لــەلایەن لێپرســراوی مــەڵبەندەوە مامۆســتا ئــەنــوەری لێپرسراوی ڕێکخراوی کۆمەڵە نێردرا بۆ ئەوەی ئەو هێرشە دوابخرێو نـەکرێ. هەرچــەندە ئێمــە هێرشــەکەمان نــەکرد،وادیاربوو حشـع لــە نەخشــەکەمان ئاگاداربوون، شوێنەکانی خۆیانیـان چـۆڵ کردبـووو چووبوونە چیای ناوتـاقو

دەورو پشتی دێوانەو باوەخۆشێن، حشع فێڵێکیان لە کاك مەلا بەختیار کرد گوایە ئەوان وەکو لقی سلێمانیو کەرکوك باوەڕیان بە شەڕ نییەو داوای دانیشتنێکیان کرد، کاك مەلا بەختیاریش بەمە ڕازی بوو، هەردوو پێکەوە دانیشتنیان کرد،وەفدی مەڵبەندی یەکی یەکێتی بریتی بوو لە: کاك حەمەی فەرەجو مامۆستا ئەنوەرو مەلا برایم.وەفدی حشعیش بریتی بوو لە: کاك بەهائەدین نوریو کاك عەبەی مەلا فەرەجو چەند کەسی تر.

دوای گفتوگۆ لە نێوان هەردوو لادا ڕێککەوتنێك مۆرکرا. هێشتا مرەکەبی ئیمزاکانی ڕێککەوتنەکەووشك نەبووەوە حشع پەلاماری دێی دووکانیان داو مام دەروێشیان گرت، پاش ماوەیەك بەریاندا. کە بەمەمان زانی خۆمان کۆکردەوەو پەلامارماندان، تەقەقە بەرپابوو، یەکێکیان لێکوژرا، بۆ شەوی دووەم خۆیان پێ ڕانەگیراو ناوچەکەیان بە تەواوی چۆڵکرد.

لای هەمووان ئاشکرایە جود بەهەموو باڵەکانیەوە لە دژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان درووست بوو نەك وەکو پێویستییەکی قۆناغەکەو بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکی سەربازی - سیاسی، هەموو لەوە ئەگەڕان بە ڕاگەیاندنیش لە ناوەوەو دەرەوە دەسەڵاتی (ی.ن.ك) لەناو بەرنو بگرە دەیان شتی ناڕەوایان ئەدایە پاڵی، بۆ ئەم مەبەستەش نەخشەی پەلامارێکی کوتوپڕی بەربڵاویان بۆسەر مەڵبەندی سێو سەرکردایەتیو پاشانیش مەڵبەندەکانی تر داڕشتبوو، بەڵام ئەو نەخشەو خەونەیان ئاشکرابوو، بە زیانی خۆیان تەواو بوو.وەنەبێ ئەم کارەی یەکێتی هەروا لە خۆیەوە هاتبێتو ئارەزوویەکی عەسکەرتاریانە بێت بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی دەسەڵاتو دەرپەڕاندنی لایەنەکای جود کە چەندین جاری تر هەوڵی داوە لەگەڵیاندا بەپێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە کۆڕی خەباتداو لەسەنگەری دژایەتی دوژمنی سەرەکیدابن دوور لە پێکادانی ناوخۆو نەپسانی تاڵەدەزووی پەیوەندییەکان کە لە قازانجی دوژمندا بوو. دیارە ئەوەی چاڵ بۆ بەرامبەرەکەی هەڵبکەنێ خۆی تێئەکەوێ، ئەمە لە ناوەڕۆکدا کاردانەوەی ئەو هەڵوێستو بەرنامە

پیلانگێرییەی جود بوو کەزۆر بەنهێنی کاری بۆ نابووتکردنی یەکێتیو دوورخستنەوەی لەمەیدانی خەباتدا ئەکرد.ئەوان یان بێئاگابوون یان خۆیان گێل ئەکرد لەوەی کە یەکێتی بەئاسانی ناشکێو لای خۆشیانەوە ناتوانن بیری پاوان خوازیان جێبکەنەوە کەلەبنەڕەتدا بۆ لەباربردنی هەلومەرجی نوێی شۆڕشی نوێ بوو، چونکە ئەوان مەبەستیان ئەبوو کوانووی خەبات بە هیمەتی رۆڵەکانی گەل گەرموگوڕو ئاوەدان بێت، بەڵکو بۆ ئەوە هاتبوونە ناوەوەو خزێنرابوونە ناوەندەکەوە تا رێگربن لە بووژانەوەی هەستی شۆڕشگێڕیو کۆسپ بن لەبەردەم کارنامەی بەرگری لە مانەوەی کورد دوای ئاشبەتاڵێکی ئابڕوو بەرانە. ئەگەرچی لە دوا ئەنجامدا ئەم شەڕە کارەساتێك بوو یەکێتی لای خۆیەوە پێی خۆش نەبوو هەنگاوی بۆ بنێ، بەڵام کە ئەوان تانوپۆی ئەو کارەساتانە بچنن‌و لە بەرزییەوە گیانی کورد بۆ جارێکی تر فڕێ بدەنەوە دۆزەخی نائومێدی، بۆیە جگە لە هەوڵی تێکدانی ئەو تێکدانە رێگایەکی تر نەبوو.

پاش ئارام بوونەوەی دۆخەکە هێزەکان هەریەکە بەرەو شوێنی خۆیان گەڕانەوە. ئەوەی لەم رووەوە سەرنج ڕائەکێشێ بەعس‌وەکو چاودێرێك تەماشای ئەم‌وەزعەی ئەکردو لەو کاتانەدا هیچ جۆرە هێرش‌و پەلامارێکی نەبوو بۆ سەر هێزی پێشمەرگە، لە لایەکی تریشەوە بۆی روون بووەوە کەدەسەڵاتی (ی.ن.ك) سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووەو پشتیوانی گەلی کوردی لەگەڵدایە.

شەوی ٢٨ ـ ٢٩ /٦/ ١٩٨٣ دەستەیەك پێشمەرگەی قارەمانی سنووری شارباژێڕ بۆ ئەنجامدانی کاری پێشمەرگانە چووبوونە ناو شاری سلێمانیو لە گەڕانەوەیاندا بە سواری تراکتەرەوە لە دەرەوەی دێی قرگە، بێئاگا لەوەی دوژمن پێی زانیون، ئەکەونە ناو بۆسەی دوژمنەوە، گڕی ئاگری ئارپیجیو تفەنگەکان ئەو شەوەزەنگە ئەکەنە رۆژی رووناك. دیسانەوە لە زەماوەندی خۆ بەختکردندا پۆلێك پێشمەرگە گیانیان بەخشی کە ١٧ پێشمەرگەی دڵسۆزی

خاك‌و گەل لە ئاسمانی شۆڕشدا ئەبنە چراخانێك. ئەمانە بە شەهیدانی قرگە ئەناسرێن، شاعیران‌و نووسەران بە سۆزی شیعراوییان بە بالآیانا هەڵئەدەن‌و چەندین پارچە شیعری جوانیان بۆووتراوەتەوە.

دوای ئەوەی هێزەکانی (ی.ن.ك) لە مەڵبەندی سێ‌و چوار ئەگەڕێنەوە سنوورەکانی خۆیان، جود ئەم هەلە ئەقۆزنەوەو جارێکی تر لەو دیو سنوورەوە خۆیان کۆئەکەنەوەو سەرەتاتکێ ئەکەن بۆ پەلاماردانی شوێنە کۆنەکانیان کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانماندا بوون.

ناوەڕاستی مانگی ۱۹۸۳/۸ هێزەکانی (ی.ن.ك) جارێکی تر خۆیان سازدایەوە بۆ ڕاونانیان، ئەمجارەش شەڕێکی توندوتیژ کراو داستانی سەرکەوتن تۆمارکراو دیسانەوە بەسەروگوێلاکی شکاوییەوە لە چیای قەندیل هەڵکەنرانەوە ئاودیوی سنوور کرانەوە، یەکێك لە فەرماندەکانی هێزەکانی جود بەناوی حەسۆ میرخان لەسەر شاخی کونەکۆتر کوژرا، لای یەکێتیشەوە فەرماندەی قارەمان کاك نازمی حەمەی سلێمان لەم پێکادانانەدا گیانی بەخشی‌و گەیشتە کاروانی پرسەروەری گەلەکەمان. دوای ئەمە هێزەکان گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان. جێی‌وەبیر هێنانەوەیە هەر لەگەڵ ئەوەی جاری یەکەم جود لە ناوچەکانی مەڵبەندی سێ‌و چوار دەرکران بەشێك لەسەرکردایەتی یەکێتی چوونە ئەو ناوە، بارەگاکانی دۆڵی نۆکان‌و زەڵێ‌و تۆژەڵەو ناوزەنگ گوێزرانەوە بۆ باوزێ، هەرکە بارەگاکان لەوێ جێگیر بوون، دوژمن پەلاماری ئەو ناوەی داو شەڕی سەخت بەرپابوو، زیانی زۆر لەدوژمن کەوت، پاشان بارەگاکان لەو ناوە بەسەرپەرشتی مامۆستا جەمال تاهیر گوێزرانەوە بێ ئەوەی دوژمن‌وەدەستیان بخات بۆ دێهاتەکانی خەتێ‌و بالیسان لە بەری خۆشناوەتی.

دوای ئەوە بیرلەوە کرایەوە کە لە ناوچەی خۆشناوەتی یەکێتی جێ پێی خۆی بکاتەوەو زیاتر ڕۆڵی خۆی ببینێ لەم کاتانەشدا دوژمن‌ویستی یەکێتی لەم سنوورەشدا ئاسوودە نەبێ‌و بارەگاکانی بکەوێتە ژێر ئاگری لوولەی چەکە قورسەکانییەوە، بۆیە ڕۆژی ۱۰/۱۳ دوژمن بە هێزێکی زۆری سوپاو جاش بە

پاڵپشتی تانكو فرۆكەی سەربازییەوە پەلاماری دۆڵی بالیسانی دا كە بارەگای هێزەكانی یەكێتی لێبوو. هێرشەكە بە جۆرێك فراوان بوو هێزەكەی دوژمن توانی پێشڕەوی بكاتو بگەیەتە مێرگەسەرو بەمەش بارەگاكانی یەكێتی كەوتبوونە بەر ڕەحمەتی تۆپخانەی سوپای دوژمنەوە، سەرەڕای ئەوە هەندێ لووتكەی بەرزیوەكو نووسەكو كلاّوی دێوانەو سەری ماكۆك گیرانو كۆمەڵێك دێهاتی ئەوێ بە ئاسانی كۆنترۆڵكران.

بۆیە بە پێویست زانرا چارەیەكی ئەو كارە بكرێ، بۆ ئەم مەبەستە لێكۆڵینەوەی چڕو پڕ لە بارەی هێزەكانی دوژمنەوە لە ناوچەكەدا كراو نەخشەی پێویست بۆ گرتنی بێتواتەو لووتكە بەرزاییەكان دارێژرا. ئینجا بۆ جێبەجێكردنی ئەو بەرنامەیە هێزی هەموو مەڵبەندەكان بانگكرا بۆ خۆشناوەتی.

ڕۆژی ۱۹۸۳/۱۰/۲۳ هێزێكی گەورەی (ی.ن.ك) بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال پەلاماری چیای ماكۆكو شارەدێی بێتواتە درا، لە ماوەی یەك ڕۆژدا هەموو شوێن مەبەستەكان گیران، دەستكەوتی زۆر هەبوو كە خۆی ئەدا لە ۲۰۰۰ پارچە چەكی جۆراوجۆرو سەدان هەزار فیشەكو گوللە ئارپیجیو گوللە هاوەن.

لە گرتنی ڕەبایەی سەر چیای ماكۆكدا پێشمەرگەی چاونەترسی گەرمیان جەلال بێكەس شەهید ئەبێ، كە ئەمجارمیانوا سەركەوتبوو بۆ بەشداریكردن لەم چالاكییەدا دوای گەڕانەوە برادەران داوای ژنی بۆ بكەن كە دڵی بە كچێكەوە بوو، دڵدارییەكی بێگەردیان ئەكردو زۆریش یەكتریان خۆش ئەویست، بە داخەوە ئاواتەكەی نەهاتە دیو بردیە ژێر گڵەوە.

بۆ یەكەم جارە چالاكیوا ئەنجام بدرێو شوێنێكی گرنگی دوژمن بكەوێتە ژێر چنگی شۆڕشو هێزی پێشمەرگە دوای ئەو سەركەوتنانەی لەشەڕەكانی جود داوەدەستهێنرا بوو. دوژمن بەم زنجیرە چالاكییانە زۆر شڵەژا. یەكێتی نفوزی باشی لە ڕووی عەسكەرییەوە پەیداكرد، لەدوای شەڕی بێتواتە حكومەتی عێراق‌وەفدێكی ناردە سەركردایەتی بۆ گفتوگۆ كردن. كە ئەمە یەكەم جاری نییە، بەڵكو هەر لە سەرەتای دەستپێكردنی شۆڕشەوە چەندین

جاریتر هەوڵیداوە بۆ گفتوگۆ، خەڵکی خۆی ناردووە، بەڵام ئەنجامەکەی هیچ بووە، بەڕاستیش ئێمەوەکو پێویست شارەزایی تەواومان لە هونەری گفتوگۆدا نەبووە، هەر بەدرێژایی مێژوو گۆڵدراوین، فێڵیان لێکردووین، ئەوان سازشیان کردووە، ئێمەش نەمان توانیوە بەباشی لەو بوارە بپەڕینەوە، لەبەر سادەیی خۆمانو بچووکی داواکانمان زۆر بەئاسانی کەوتووینەتە ژێر کارتێکردنی بریقەداری دوژمنەوە، ئەمجارەیان حکومەت لەهەموو کات زیاتر هاتبووە پێشەوە، تەمای باشتری پێشان داوە، دیارە ئەمەش هۆی خۆی هەبوو چ لەڕووی سیاسیو چ لەڕووی سەربازییەوە کە لەلایەکەوە ئێران تەنگی پێهەڵچنی بوو لەبەرەکانی شەڕداو لەناو خاکەکەیدا دەرپەڕاندبووە سەر سنوور، لە لایەکی تریشەوە زەبری شۆڕش کاری خۆی ئەکردە سەر پێگەی دوژمنو نەیئەپەرژایە سەر دووبەرەی شەڕ. لەلایەکی تریشەوە دۆخەکە لەباربوو (ی.ن.ك) لەم هەلەدا هەوڵێك بدا بۆوەدەستخستنی ڕێگا چارەیەك بۆ مەسەلە ڕەواکەی گەلەکەمان لە ڕێگەی گفتوگۆوە کە لە ڕاستیدا شێوەیەکە لە شێوەکانی خەباتو ئەبێ ئەوپەڕی سوودی لێوەربگیرێ جگە لەمە سەردەمەکە زۆر ئاڵۆزاوییەو بە شەڕ هەموو شتێك نابڕێتەوە، خۆ ئەگەر مەبەستی حکومەتی عێراقیش سازشکردنو پشوودانی هێزەکەی بێت ئەوا لەم لاشەوە کورد ئەتوانێت خۆی باشتر قایم بکاتو هێزەکانی مشتوماڵ بکاتو پێگەی بەهێزتر بکاتو لە کونو کەلەبەرەکانی دوژمن چاکتر شارەزا بێت.

بۆ ئەم کارە هەڤاڵ مام جەلال لە ناوەڕاستی مانگی١٩٨٣/١١ دا کۆمەڵێك زۆر کادیری یەکێتی کۆکردەوەو باسێکی تێرو تەسەلی لە سەرەنجامەکانی شەڕی بێتواتەو دەستکەوتەکانو هەنگاوەکانی ڕژێمو داوای گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکێتیدا پێشکەش کرد، بە داخەوە کادیرانی گەرمیان لەم کۆبوونەوەیەدا ئامادە نەبوون، کەسیان بانگ نەکرابوون، بە تێکڕا هەموو کادیرەکان ڕایان لەگەڵ گفتوگۆدا بوو تەنیا دوو کادیر نەبێ دژوەستابوون ئەوانیش: م. سەیفەدینی هەولێریو پۆلای کەرکوکی بوون. ئینجا بۆ ڕاوەرگرتنی هەڤاڵانی خوارەوە لەسەر مەسەلەی گفتوگۆ نوێنەری سەرکردایەتی کە بریتی بوون لە

هەڤالآن: ئازاد هەورامیو قادری حاجی عەلیو م. محسن هاتنە ناوچەی قەرەداخ، لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا باسی شۆڕشو گفتوگۆو ڕوخانی ڕژێمو چارەنووسی کورد کرا. هەندێ کادیری قسە زلوا بۆ مەسەلەکە ئەچوون کە ئێمە خاوەنی هێزێکی زۆر زەبەلاحینو بەفیکە ئەتوانین ڕژێم لەناوبەرین، دیارە لە هەموو هەلومەرجێکدا خەڵکانی توندڕەوی تەنگەتیلەو خۆبەزلزان پەیدا ئەبنو تەنیا لەڕووی تیۆرییەوە ئەڕواننە دەردوەی شتەکانو لەواقیعدا خۆیان هیچیان پێناکرێو ناوەرۆکیان پووچەو زیاتر شوێن دروشمی منالآنەو جوینەوەی هەندێووشەو ڕستەی پەککەوتەی پیرە سیاسییەکان ئەکەونو لە مەیدانی کردەوەدا ناتوانن گورزێك بوەشێنن.لەمیانەی ئەوانەی کە دژی گفتوگۆ بوون مامە عەلە ڕەش یەکێکیان بوو کە بەم جۆرە ڕای خۆی دەربڕی : من بڕوام بە گفتوگۆ نی یە ، ئێوە بینیوتانە یان بیستووتانە هەنگوین لە قنگی کەر بێتە دەرەوە ..؟ هەموو برادەرانووتیان : نەخێر .. مامە عەلەووتی : سەدام قنگی کەرە ، هەنگوینی لێ نایەتە دەرەوە ..واتە گفتوگۆکردن لە گەڵ سەدامدا هیچ قازانجێکی کوردی تیاتی یە..لەم کەینو بەینەدا من لە قوژبنێکدا دانیشتبووم، نە کادیری سیاسی بووم، نە سەرم لە کاری سیاسەت دەرئەچوو، بەڵکو زۆرتر بەو قسانە هەڵئەچوومو لەبەر خۆمەوە قەڵس ئەبووم، ئەو برادەرانە ئەومندە قسەی سەیرو موناقەشەی پڕ لە عاجباتیان ئەکردو دژی گفتوگۆ بوونوەکو هەموو هەرزەکارێکی بێ ئاوەزوەکو فیشەکە شێتە دەرئەپەرین، ناچار داوام لە سەرپەرشتی کۆبوونەوەکە کرد ڕای خۆم دەربڕم: بە ڕاستی ئەم برادەرانە باسی شۆڕشو سەرکردایەتی ئەکەنوا ئەزانن لە ڕووی عەسکەرییەوە خاوەنی پەیمانیوارشۆین، ئەوەی هەمانە تەنیا ئەم هێزەیە کەلەوە زیاتری پێناکرێتو لەهەموو کاتێکدا خاوەنی نین، چونکە زۆربەی لە ئەنجامی شەڕی عێراق ـ ئێران دا کۆبووەتەوەو کەشەڕ ڕاوەستا نیوەی زیاتری ئەڕواتەوە، ئەمانەی ئێستا باسی ڕووخانی ڕژێمو دژی گفتوگۆن کەسیان نامێننەوە، ڕەنگە هەر مامە عەلەڕەش بمێنێتەوە، ئێمە سالی ۱۹۷۸ حەفتا

پارچە سەلیبیمان هەبوو، چلیان لە ژێر خاکدا شارا بووەوەو کەس نەبوو بیکاتە شانی، چونکە قۆناغەکە زۆر سەخت بوو، بۆیە زۆرم پێباشە گفتوگۆ بکرێ، نەختێ‌وەزعی شۆڕش‌و خەڵك چاك بکرێ، هەوڵ بدرێ بوونی کورد بپارێزرێ کە گفتوگۆ خۆی دانانە بەمافی کورددا لەلایەن ڕژێمەوە ئەگەر مراوەغەش بکات.

کەچی کۆمەڵێك دەمیان لێکردمەوەووشەی کوردی‌و عەرەبییان تێکەڵ ئەکردو زاراوەی چاوزاقیان لێئەهاتە دەرەوە. کەچی بە پێچەوانەی‌ویستی ئەوان گفتوگۆ ڕەوتی خۆی‌وەرگرت‌و لە کۆتایی مانگی ١٩٨٣/١٢ دا سەرکردایەتی (ی.ن.ك)و حکومەتی عێراق بڕیاری تەقەوەستاندنیان دا.

وەفدی (ی.ن.ك) سەردانی بەغدایان کرد، بەڕووکەش‌و لە یەکەم هەڵوێستدا حکومەت نەرمی نواندو لیژنەی تەنسیق لەشارەکاندا دانرا، پێشمەرگە بۆ سەردانی کەس‌و کاریان دابەزینە ناو شارەکانەوە.

لە ڕاستیشدا ئەمجارە بیرۆکەی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمدا ئەگەڕێتەوە بۆ دوای ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢ کاتێك کە ڕژێم تووشی شکستی کەمەر شکێن بوو بوو لە شەڕەکانیدا لەگەڵ ئێرانداو گەیشتبووە بارێکی لاوازی‌و بێ توانایی. بۆ ئەمەش لە هەندێ کەناڵەوە د.قاسملو ڕاسپێردرا بوو ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆو لەگەڵ لایەنەکانی کورداوەکو یەکێتی‌و پارتی‌و حشع قسە بکات تاکو لە سەر مێزی گفتوگۆی ڕژێم دابنیشن. دوای تاوتوێ کردنێکی زۆر سەرکردایەتی یەکێتی قایل بوو گفتوگۆ ئەنجام بدرێ‌و چەند مەرجێك دانرا بۆ دەستپێکردن‌و هەندێ هاتووچۆ لەلایەن نوێنەرانی ڕژێمەوە بۆ لای سەرکردایەتی یەکێتی کراو دواتریش نوێنەرەکانی یەکێتی سەردانی بەغدایان کرد. جاری‌وا هەبوو قسەی توندی خوێناوی کراوە لەوەش ئەچێ مەبەستیان تاقیکردنەوەی‌وورەی سەرکردەکانی‌وەفدی گفتوگۆ بووبێ، کار گەیشتە ئەوەی لە مانگی ١٩٨٣/١٢وەفدێکی ڕژێمی عێراقی سەردانی هەڤاڵ مام جەلال‌و (م.س) بکەن بە ئامادەبوونی د.قاسملو، بە مەش ڕێگا خۆشکرا بۆ بە ڕەسمی

چوونیوەفدی یەکێتی بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال و ئەندامێتی هەڤالآن: فەرەیدون، ملازم عومەر، مەلا بەختیار، د.خدر، حاکم عومەر بۆ بەغدا کە لەوێ دیداریان لەگەڵ نوێنەرانی عێراقدا کرد بە سەرۆکایەتی: تاریق عەزیزوەزیری دەرەوەو گەورە بەرپرسانی دەزگاکانی ئەمن و موخابەرات و سوپا.

دوای مشتومڕێکی زۆر گەرم لە سەر مەسەلەکان کە لە هەندێ بارداوەکو باس ئەکرێ لە بەرەکانی شەڕ ئەچوو، لە گێمی یەکەمداوەفدی کورد توانی چاوی بە دیکتاتۆری عێراق بکەوێ و نەرمو نیانییەکی زۆری نواندبوو قایل بوو بەو قسانەی لە کۆبوونەوەکاندا کرابوو، تەنانەت داوای لە هەڤاڵ مام جەلال کردبوو کە لە ڕێگەی ئیزگەو تەلەفزیۆنەوە بڵاوی بکاتەوە. ئیتر وەفدی یەکێتی گەڕایەوە بۆ زیاتر ڕاوێژ کردن. لەو ماوەیەشدا لیژنەی تەنسیق دەستی کردبووە کارەکانی خۆی.

هەر لەم ساڵەدا بوو کە هێزەکانی لایەنە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران ڕوو بە ڕووی شەڕی سەخت بوونەوەو لە ناوچەکانی خۆیان هەڵئەکەنران و زۆر تر بەرەو سنوری عێراق ـ ئێران ئەهاتن.

ئەم شکستە قازانجێکی باشی بۆ ئێران هەبوو کە لە گۆڕەپانی کاری ناوەوە ئەو هێزانەی دەرئەپەڕاندو ڕووبەری چالاکییان بچووك ئەبووەوە، لە لایەکی ترەوە ئەمە بە قازانجی عێراق تەواو ئەبوو کە ئەو هێزانە ناچار بوون ڕوو بکەنە لای ئەوو یارمەتی لێوەربگرن کە لە ڕوویەکی تریشەوە زیانی بۆ ئێران هەبوو چونکە لە پاڵ هێرش و پەلامارەکانی سوپای عێراقدا هێزەکانی کوردستانی ئێرانیش گوشاریان ئەخستە سەر ئێران.

شکانی هێزەکانی کوردستانی ئێران بۆ چەند هۆکارێك ئەگەڕێنەوە:

- باش خۆ ڕێك نەخستن لە ڕووی سەربازیو سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە.
- کەمی شارەزایی لە بواری زانستو هونەری شەڕو ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دوژمندا.
- ناکۆکی ناوخۆی حیزبو لایەنەکان کە بە زیانی کوردو قازانجی ئێران تەواو ئەبوو.

ساڵی ١٩٨٤

سەرەتای ساڵێکی بێ ئاژاوەو هەرەوگیفی شەڕو پێکادانی نێوان هێزی ئێمەو دوژمن دەستی پێکرد، خەڵکی لە ئاسودەییدا بوون، پێشمەرگە ئەچوونە شارەکانەوە، هەرچەندە چارەنووسی ئەم هەلومەرجە بە گومانەوە تێی ئەڕوانرا چونکە زۆر دڵنیا نەبوون لە هەڵوێستەکانی بەعس و فڕوفێڵەکانی دەزگا تۆقێنەرەکانی لەگەڵ ئەوەشدا گێمی دووەمی گفتوگۆ لە مانگی ١٩٨٤/١دا دەستی پێکردەوە ئەمجارەوەفدی یەکێتی بە سەرۆکایەتی د.فوئادو ئەندامێتی کاك نەوشیروان و هەڤاڵانی تریوەفدی پێشوو بوو.

سەرەرای گفتوگۆ لە سەر مادەکانی بەرنامەی پێشوو هەندێ هەنگاو نرا بۆ بەردانی زیندانە سیاسیو پێشمەرگە دیلەکان.گفتوگۆ هەندێ سستی تێکەوت کەچی لە مانگی ١٩٨٤/٣ دا جارێکی تر هەڤاڵ مام جەلال بۆ گێمی سێیەمی گفتوگۆ سەردانی بەغدای کردەوە بۆ بەگورتر کردنی گفتوگۆ.

دوای گەڕانەوەی لە ڕۆژی نەورۆزدا لە ئاهەنگێکی مێژووییدا لە سوورداش خەڵکێکی یەکجار زۆر کە خۆی لە ٥٠٠ هەزار کەس ئەدا بەشداری کردووتارێکی گرنگی خوێندەوە. نەك هەر باسی گفتوگۆی لەگەڵ ڕژێمدا کرد بەڵکو داوای ئاشتبوونەوەی گشتیشی کرد لەگەڵ هەموو لایەنەکانی تری شۆڕشدا کە هەڵوێستی دژیان هەبوو لە بەرامبەر ئەم گفتوگۆیەو قسەشیان لە گەڵدا کراوە لە لایەن ڕژێمەوە.

ماوەیەکی زۆر خەڵکیو ئێمەش هەر خجڵی لێکدانەوەی ئەووتارەی هەڤاڵ مام جەلالو دەسپێشکەرییەکانی بووین کە ئەو پەڕی ئازایەتیو لە خۆبردوویی وووردبینی تیا بەدی ئەکرا.

وەنەبێ گفتوگۆ بەلای هەموو کادیرەکانی یەکێتییەوەوەکو یەك کارێکی باش بووبێ، هەندێکیان بڕوایان بە گفتوگۆی ڕژێم نەبوو، هەندێکیشیان بارودۆخی شۆڕشیان بە ئاڵۆزی ئەبینی، بۆیە هەر لایەکیان بیانووی خۆی

هەبوو بۆ ڤایلکردنو رەفز کردنی گفتوگۆ هەربۆیەشە هەندێکیان دژیوەستان بەڵام نووزەیان کەم بوو، خۆ ئەوە هێزەکانی تری کوردستانیو عێراقی بە تایبەتی (جود)و(جوقد) دژی ئەم هەنگاوەی یەکێتیوەستان بە تایبەتی ١٤ حیزبو لایەن لە بەیانێکدا رۆژی ١٩٨٤/٣/١٠ دژی گفتوگۆ بوونو یەکێتییان کردە پشتیوانێکی بە هێزی رژێم دژی جوڵانەوەی نیشتمانی.

لە هەمان کاتدا ئێرانیش دژی گفتوگۆ بوووای دائەنا کە یەکێتی هاوکاری رژێمی عێراقی ئەکات لە شەرەکەیدا. ئەگەر چی ئەو حیزبانە خۆیان چەندین جارو بە دزییەوە لەگەڵ رژێمدا گفتوگۆی نهێنییان کردووەو کەسیش نەیووتووە بەری چاویان کلی پێوەیە. بەڵامەکو گەلە کۆمەیەك دژی یەکێتی بوون.

هەر لەقەرەداخ مامەوە تا مانگی ١٩٨٤/٦، کاك نەوشیروان هاتە تیپی ٥٥ی قەرەداخو کۆبوونەوەیەکی پێکردینو منی نەقڵکردو لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ تیپی ١٥ی هەورامانو کاك مەحمودی حاجی فەرەجی لە سەرتیپی لادا، ماوەی پێنج مانگ مامەوە، لەو ماوەیەدا چەندین شەرو پێکادانمان لەگەڵ جودا کرد کە دوا شەڕیان لە ئەحمەدئاوا بوو کە هاوینە هەوارێکی دڵگیرو سازگارو سەیرانگایەکی دڵرفێنی سەرووی خورماڵەو لەو شەرەدا منو کاك جەلال کولکنیو سێ پێشمەرگەی تر بریندار بووین.

جارێکیان داوێکمان بۆ رەشەی ساڵەحەی سەرۆك جاشی هەڵەبجە دانایەوە کەچی لەجیاتی ئەو حسین عیسەوی لێپرسراوی مونەزەمەی هەڵەبجەی تێکەوتو کوژرا. لەسەر ئەم کارە بۆ لێپرسینەوە بانگکرام لەلایەن سەرکردایەتییەوە.

لەم ماوەیەدا کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان خۆی ئامادەکردبوو بۆ بەستنی کۆنفرانسی سێیەم، ئەوەبوو لە رۆژی ١٩٨٤/٧/٢ لە کانی سێوی دۆڵی مێرگەپان کە شوێنێکی فێنكو دڵگیرە بە ئامادەبوونی نوێنەرەکانی کۆمەڵە کە لە هەموو شوێنێکەوە هاتبوونو هەڤاڵ مام جەلالو د.قاسملویش بانگهێشت کرابوون، کۆنفرانسی سێیەم سازگرا.

لـەم کۆنفرانسـەدا زۆر گـیرو گرفـت لـە بەردەمـدا بووەکـو مەسـەلەی گفتوگـۆ، مەسـەلە نێـو خۆییـەکانی کۆمەڵەکـە کەڵەکـەبووی ناکۆکییـەکانی ڕابوردووە کە لە هەمووی گرنگتر بوو چونکە دەمێك بوو هەوڵێك لـە نـاوا بـوو بۆ تێکدانی ڕەوتی کۆمەڵەو دوو بۆ چوون هاتبووە ناوانەوەو هەریەکە چەقۆی لەوی تر تیژ ئەکردو لایەنگری بۆ خۆی پەیدا ئەکرد.واتە زەمینە لەبار بوو بۆ جیابوونەوە بەڵام هێشتا لێرەشدا ڕانەگەیەنرا.

لە ئەنجامی ئەو دەمەتەقێیانەدا بوو کاك نەوشیروان تیشکی خستبووە سەر کەم‌و کوڕییەکانی مـارکسیزم‌وووتبووی: مـارکسیزم گەڕو گول بووە.

ئەم قسەیە بۆ ئـەو کاتـە زوو بـوو جگـە لـەوەی هەڵایەکیشی نایـەوە بـە تایبـەتی لـە لایـەن ئەوانـەی کـە هـەر بەلایەنـە بریقـەدارەکانی مارکسـیزمەوە خەریکبوون‌و خۆیان نە ئەدا لە گەوهەری گرفتە پڕ مەترسییەکانی پراکتیـك‌و نـەگونجانی لـە گـەڵ تیۆریـدا.لەئـەنجامی قسـەکانی کـاك نەوشـیرواندا مـەلا بەختیارو ٢٧ ئەندامی کۆنفرانس تووڕەبوون‌و چوونەدەرەوە ، لەوکاتـەدا کاك ڕۆستەم میلی تفەنگی هێنایەوەوووتی : لێتان قبوڵ ناکـەین یـەکێتی نیشتمانی کوردستان تێك بدەن.ئیتر لەلایەن هەڤاڵانی تریشـەوە هـەوڵی زۆر بـۆ چارەسـەر کردنی ئەوگرفتە دراو لەئەنجامدا ئـەو هەڤاڵانـەی چووبوونە دەرەوە گەڕانـەوە ناو هۆڵی کۆنفراسەکە.. کەلەڕاستیدا ئەمـەش چارەسـەرێکی چـەك‌و پینـە بـوو نەك تیمارکردنی یەکجارەکی برینەکە .

لـەم کۆنفرانسەشـدا دیسـانەوە کـاك نەوشـیروان بـە سـکرتیری کۆمەڵـە هەڵبژێرایەوەو کۆمەڵێك هەڤاڵ کە هەنـدێکیان تـازە بـوو بوونـە سـەرکردایەتی کۆمەڵە: فەرەیدون، قادر حاجی عەلی، مـلازم عومـەر، کۆسـرەت ڕەسوڵ، جـەبار فەرمان، ئازاد هەورامی، مەلا بەختیار.

هـەروەها چـەند هـەڤاڵێکیش بوونـە ئەنـدامی یـەدەك: عومـەر فـەتاح، حەمەڕەحیم تۆفیق، د.خەسرەو خاڵ، حەسەن کوێستانی.

هەر لەو ماوەیەداو دوای چەند ڕۆژێك باڵەکەی تری یەکێتی کە یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان بوو لە هەمان جێگادا کۆنفرانسی خۆیان بەست.

یەکێتی شۆڕگێران بە قەدەر کۆمەڵە کێشەیان نەبوو، سەرکردایەتی خۆیان بە بێدەنگی هەڵبژارد کە بریتی بوو لە هەڤالان:

د.فوئاد، د.کەمال فوئاد، شەوکەتی حاجی مشیر، حاکم عومەر، شێخ دارا، حەمەی فەرەج، شێخ عەلی، شێخ محەممەد چاوشین، د.خدر، سەربەست بامەڕنی، م. نازم، پێشەوا تاڵەبانی.

هەر لە دوای ئەمە پێکهاتەی سەرکردایەتی گۆڕاو هەندێ ئەندامی تازە سەرکەوتن‌و مەڵبەندەکانیش دەستکاری کران بەم جۆرە:

- مەڵبەندی یەك: جەبار فەرمان.
- مەڵبەندی دوو: قادر حاجی عەلی.
- مەڵبەندی سێ: حەمەی فەرەج.
- مەڵبەندی چوار: کۆسرەت ڕەسوڵ.

ڕەوتی گفتوگۆ وەکو پێویست نەئەڕۆیشت، حکومەت دەستی دەستی پێئەکردین، هەرجارەی بیانوویەکیان ئەهێنایەوە بۆ پشتگوێ خستنی‌و بەرەو پێشەوە چوونی مەبەستەکان، لەم ڕووەوە پشێوی‌و ئاڵۆزی ئەخوڵقاند لە هەر شوێنێکی پێشمەرگەی بدیایە ئەیگرت، لە هەندێ شوێندا بە کۆپتەر دائەبەزی‌و چەکی ئەکردن، لە زانکۆی سەلاحەدین کەوتەوێزەی خوێندکاران‌و ڕاوەدوونانیان‌و لە سلێمانی‌و کەرکوك گرفتی زۆرتری هێنایە ئاراوە بەگرتن‌و کوشتنی خەڵکی بێتاوان بۆ چاوترساندن‌و تێگەیاندنی خەڵکی کە گفتوگۆ بەڵێواری کۆتاییدا ئەڕوات، هەروەها لە هەندێ شوێن هێزی سەربازی دەرئەکردو شەڕی بەهێزەکانمان ئەفرۆشت هەروەکو لە دێی سەید خەلیلی سەر بەناوەندی قەزای کەلار هێرشێکی گەورەی بەسەربازو جاش‌و تانك‌و کۆپتەرەوە بەسەرپەرشتی بارقی عەبدوڵڵا حاجی حونتە کردە سەربارەگای کەرتی ڕێکخستن‌و پێشمەرگەکانی هەڤاڵ کوردۆ قاسمی لێپرسراوی کەرت، بەڵام دوژمن دەرسێکی باش دادراو زیانێکی زۆری لێکەوت‌و هەر لە بەیانییەوە شەڕبوو تا دەمەو ئێوارە لەهەموو لایەکی گەرمیانەوە پێشمەرگە فریاکەوتن‌و نەیانهێشت دوژمن بەو هێزە زلەیەوە بستێك بێتە پێشەوە تەنانەت هەندێ خەڵکی دێی

سەید خەلیل بەقورئانێکەوە بەرەولای بارق چوون بۆ ئەوەی شەڕەگە ڕاگرێو زیان بە دێکەیان نەگەیەنێ کەچی ئەو چوار پیاوی پیری بەتەمەنی لێکوشتن، هەروەها جاشەکانی حەمەی حەسۆلی بۆسەیەکیان لە ڕێگەی تاسلۆجە بۆ فەرماندەو پێشمەرگەکان دانابوو هەڤاڵ ملازم سەید کەریمو دوو پێشمەرگەی تێکەوتبوونو شەهید کرابوون. ئەمە ڕقی هەموو پێشمەرگەی هەڵساند بە جۆرێك حەزمان ئەکرد لە یەك ساتدا هەموو جاشەکانی کوردستان بە یەك فیشەك بنەبڕ بکەین. بۆیە لە زۆر قۆڵەوە پێشمەرگەی یەکێتی بۆسەیان بۆ جاشەکان داناو هەندێکی باشیان لێکوشتن لە تۆڵەی ئەو کارانەی لە ماوەی گفتوگۆدا بە فیتی ڕژێم ئەنجامیان ئەدا.

ڕۆژی ١٩٨٤/٩/٢ بوو هەواڵێکمان پێگەیشت کە پێشمەرگەی ئازاو دوژمن بەزێن کاك ئەحمەد شاتوانی شەوی ٩/١ کەرتەکەیان ئەچێتە گوندی تەپەڕێزینە کاك ئەحمەد شاتوانیو کاك مەحمود گەرمیانی لادەدەنە ماڵێكو دەبنە میوانو دوای ماوەیەك هێزێکی چەکدار دێنە سەریانو تەقەیان لێدەکەن ، کاك ئەحمەد شاتوانی شەهید ئەبێ ، دیارە ئەمە پیلانێك ئەبێ ڕێکخرابوو بۆ لە داونانی ئەو دوو کادیرە پێشمەرگەیەی شارەزوور کە دەمێك ساڵ بوو بە هۆی شەڕی ناوخۆیی هێزە جیاجیاکانی کوردستانەوە بوو بووە مەیانی ململانێو بۆسەدانانو لە ناوبردنی یەکتری کە ئەحمەد شاتوانی کە لە ساڵی ١٩٧٧وە پێشمەرگە بوو ، بووە قوربانی ئەو هەلومەرجەی ئەو کاتە ..

ئەو کاتانە فەرماندەی تیپی ١٥ ی هەورامان بووم، ڕۆژی ١٩٨٤/٩/٢٥ لە شارەزوورەوە چومەوە بۆ پرسەی ژنێکی خزممان لە باخانی قەرەداخ کە ڕۆژی ٩/١٨ بە ڕووداوی مین شەهید بوو بوو، دوای تەواو کردنی پرسەکە پرسیاری ڕێگەی ناو قەرەداخم کردووتیان زالگەی لێ نیەو چۆڵە، کە زۆر جار لەو جادەیەوە خۆمان ئەکردە ناو قەرەداخدا.

بە ئۆتۆمبیلێکی تیۆتای کرۆنا کە ماوەیەك پێش ئەوە گرتبوومانو بە سلف کاری ئەئەکرد لە گەڵ دوو پێشمەرگەدا: هەژار دەرەویانیو عەلی جافەرانی ڕۆیشتینو گەیشتینە نزیك قەرەداخ بێئاگا لەوەی دوژمن لە

شوێنێکی نەدیودا زاڵگەیان داناوە، کاتژمێر ٤ ی دوانیوەڕۆ بوو. کە گەیشتینە زاڵگەکەویستم بگەڕێمەوە، ئۆتۆمبیلەکە کوژایەوە ئینجاویستمان بە پاڵ بیخەینە ئیش سوودی نەبوو لەو کاتەدا هێزی دوژمنیش گەیشتنە سەرمان‌و هەردوو پێشمەرگەکە کەوتنە دەست دوژمن‌و منیش ڕامکرد، دە سەرباز بە دوامدا هاتن نەیانتوانی بمگرن. بە دەم ڕاکردنەوە بیرم کردەوە زۆر ناشیرینە پێشمەرگەکان گیراون‌و منیش ڕا بکەم. گەڕامەوەو دەستم بە سەر بەلە پیتکەی تفەنگەکەمەوە بوو داوایان لێکردم خۆم بە دەستەوە بدەم‌و چەکەکەم دابنێم پێم ووتن: چەکەکەم دانانێم‌ووتیان: با بچین بۆلای فەرماندەکەمان،ووتم: باشە.

ئیتر ڕۆیشتین‌و لە ژوورێکدا دایانناین‌ووتیان : فەرماندە دێتە ئێرە. دوای چەند خولەکێك گرمەی ئۆتۆمبیلێك هات‌وەختێکم زانی زرێپۆشێك لە بەردەم دەرگای ژوورەکەداوەستا کە خۆیان نەیانوێرا چەکم بکەن لوولەی دۆشکای ١٤،٥ ملم ڕوو تێکردین چارمان نەماو چەکیان کردین. ئیتر جۆرە بێ ئومێدییەك رووی تێکردم‌و بە برادەرانم‌ووت: ئێمە تووش بووین ئەبێ مەردانەڕوو بە ڕوو ببینەوەو بە زەلیلی خۆمان نیشان نەدەین، لەو کاتانەدا ئیستخباراتێکی کورد کە خەڵکی سێوسێنان بوو، قسەی ناشیرینی پێکردین‌وووتی: ئێوە کێن..؟

منیش بە توندی لە ڕوویاوەستام: ئێمە لە پیاوی دوژمن‌و خائینی‌وەکو تۆ ناترسین، ئێمە پێشمەرگەین‌و لە هیچ کەسێك سڵناکەین. ئینجا لە فافێکی دەرهێنا چاوم ببەستێ، پێم‌ووت: چاو بەستن بۆ پیاوی ترسنۆکە.ووتی: تۆکێیت..؟ووتم: من مەحمود سەنگاویم، لە ساڵی ١٩٧٧ەوە پێشمەرگەم، هەرکەسە لە ناو پێشمەرگەدا زۆر بمێنێتەوەو شەهید نەبێ شەرمەزارە. منیش تا ئێستا کە ماومەتەوە خۆم بە شەرمەزار ئەزانم ئێستاش کە کەوتوومەتە دەست ئێوەو شەهید ئەکرێم هەست ئەکەم سەربەرز ئەبم‌و ئەو شەرمەزارییەم لە سەر نامێنێ. بۆ ئاگاداریشتان من فەرمانده‌ی تیپی ١٥ ی هەورامانم.

پاش چەند خولەکێك کابرایەکی ئیستخباراتی قەرەداخ کە ناوی عەریف عەلی بوو هاتبووە سەربازگەکەو بە فەرماندەکەی‌ووتبوو: کێتان دەسگیر

کـردووه..؟ ئـەویش‌ووتبووی: مـەحمود سـەنگاوی‌و دوو پێشـمەرگە. عـەریف عەلی‌ووتبووی: بە پەلە ئازادیان بکەن، ئەگینا ئاسوودە نـابن‌و هەموو ڕۆژێ لـە تۆڵـەی ئەوانـدا سـەربازەکانتان ئەکەونـە بـەر پـەلامارو ئـەکوژرێن. ئـیتر فەرماندەکە قایل ئەبێ ئێمە ئازاد بکرێین، لە ناکاو گوێمان لە دەنگە دەنگ بوو کە هاتن بۆ لامان، فەرماندەکە لەو ئەفسەرو سەربازانە تووڕە بوو کە بە خـراپ مامەڵەیان لە گەڵ کردوین، بانگی کردین‌و پێی‌ووتین: چیتان پێویستە بۆتـان بکەین. ئەمشەویش میوانی منن. منیش‌وەڵامم دایەوە: ئەگەر زینـدانین گرنـگ نییـە. ئەگـەریش ئـازادین حەزئەکـەین بـڕۆین. فەرماندەکەووتی: ئۆتۆمبیـل‌و چەکەکانیان بدەنەوەو خواتان لە گەڵ.

شـتەکانمان‌وەرگرتەوەو سـواری ئۆتۆمبیلەکـەمان بـووین کـە چـاک کرابووەوەو تێمان تەقاند تاکو دێی تافان نەوەستاین. هەر بیریشمان لای ئەوە بوو لـە ڕێگـادا بۆسـەمان بـۆ دانێن‌و تەقـەمان لێبکەن. بـەڵام ئەمـەیانم بـەلاوە گرنگ نەبوو لەوانەیە دەستمان بکردایەتەوەو ئێمە لەوانمان بکوشتایە. کە چی هیچ ڕووی نەدا.

ومنەبێ مەسەلەی گفتوگۆ هەر لایەنەکانی ناوخۆی قەڵس کردبێ بـەڵکو دەرو دراوسێشی زویر کرد چونکە هەر ڕێککەوتنێکی کورد ـ عێراقیـان بـە زیـان بۆ سەر خۆیان ئـەزانی. بـە تایبـەتیش تورکیا لـە کۆمـەڵێك ڕووەوە ئەمـەی بـە مەترسـی دائـەنا: بەشێکی‌وڵاتەکەی کـوردە، هێڵـی نـەوتی عێـراق بـە خـاکی تورکیـادا ئـەڕوات، تورکیا خۆی بـە کوێخـای تورکمانـەکانی کوردستان‌و عێـراق دائەنێ. ئەمانەی هەموو بـە گرفـت ئـەزانی بـۆ سـەر ئاسایشی ستراتیژی خۆی، بۆیە بە پەلە هاتە سـەر خـەت‌و کلکێکی گێـڕاو نەیهێشت ئـەو گفتوگۆیـە سـەر بگرێ، گەر چی عێراق خۆیشی لە ڕەوتی گفتوگۆ سارد بووبووەوەو گـەرم‌وگوڕی نـەما بـوو. بـە تایبـەتی دوای ئـەوەی جارێکی تریش د.قاسملو کەوتـەوە نێوان بـەڵام لـە سـەر زۆربـەی مەسـەلەکان گرفتیـان درووست ئـەکرد تـەنیا لـە سەر هەڵوەشانەوەی فەوجە جاشەکان سەرێکیان لە قاند.لە ئەنجامدا دەرکـەوت هـیچ ناکرێ.

ئەمەوایکرد کە ئیتر ئێمە لە دوژمن بەئاگابین کەبەهەموو شێوەیەك هەوڵی تێکدانی گفتوگۆی ئەدا بەتایبەتی کە لە بەرەکانی خواروودا هەندێ سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، هەروەها ئەو هەڕەشەیەی ئێران لەمەڕ هێرشی بەربلاوەوە ئەیکردو نەئەکرا بووە مایەی ئەوەی لە هەموو بەڵێنەکانی پەشیمان بێتەوەو ئاو بکرێتە سەر پشکۆی گفتوگۆدا. بۆیە ئێمە بەچاکمان زانی بارەگاکانی تیپی ١٥ی هەورامان بۆ دێی قەڵبەزەی شارەزوور بگوێزینەوە. هەر لەو کاتانەدا دوژمن بۆ هەندێ مەرامی سەربازی خۆی جادەیەکی لە قلیجەوە بۆ دێی تووەقووتی سەر بەحەرەکە لێدا، ئێمەش بە هێزەکانمان ڕێگریمان لێکردو دەستمان لێکردنەوەو دوو جاشمان لێکوشتن، لە هەمان کاتدا ئاگاداری سەرکردایەتیمان کردەوە، بە برووسکەوەلامیان داینەوە کە ڕێگەی حکومەت بدرێ جادەی خۆی دروست بکات لەو کاتەدا کە جاشەکان هێرشیان ئەهێنا کاك مەحمود گەرمیانی هاواری ئەکردو ئەیووت: بڕوانن پرۆلیتاریای کورد هات، ئەو هەموو جاشە خەڵکی ڕەش و ڕووتی کوردن دێنە سەرمان نەك خەڵکی بورژوازی.

شایانیووتنە ئەم مەسەلەی جاشایەتییە شتێکی نوێ نەبوو، بەڵکو گەر تەماشای مێژووی جووڵانەوەی میللەتەکەمان بکەین دوژمنان توانیویانە بەشێوازی جیاجیا دژە هێزی کورد بەرامبەر بەشۆڕش دروست بکەن بۆ کوژاندنەوەی ئاگردانی شۆڕش، هۆکاری زۆر هەن بۆ پەیدابوونی ئەم دیاردە دزێوە:

١. ناهوشیاری ئەو کەسانەی ئەبنە جاش لە ڕووی ئەرکی نەتەوایەتییەوە.
٢. هەڵخەڵەتاندنیان لەلایەن دوژمنەوە بەپارەو پوول.
٣. ناکۆکی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ڕەوتی دەسەڵاتی شۆڕشدا.

بەلام ئەوەی ڕەچاو ئەکرێ لەکاتی گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ دا دیاردەی جاشایەتی زۆرتر زەق بووەوەو بووە کارێکی سەرنجڕاکێش، بەهۆی ئەو نەرمییەوە حکومەت نەینواند بەرامبەر بەو خەڵکە زۆرەی لەبەرەکانی شەڕ هەڵهاتبوون و ڕوویان کردبووە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و نەتوانرا دابین

بکرێن‌و سوودیان لێوەربگیرێ‌و حکومەت پشی پشی بۆ کردن بۆ ئەوەی بچنەوە ژێر رکێفی خۆی‌و سزا نەدرێن‌و بکرێنە جاش‌و چاوپۆشی لە هەموو هەڵسوکەوتەکانیان ئەکرا لەلێدان‌و سزادانی خەڵکی‌و دزی‌و راوڕووت‌و فرۆشتنی چەك‌و تەقەمەنی.

بەداخەوە شۆڕش لەم ڕووەوە خەمسارد بوو، حسابی‌وردی بۆ ئەم لایەنە نەکردو بیرێکی باشتری بۆ چارەسەرکردنی نەدۆزییەوە تا دوژمن بۆ خۆی ئەوەی قۆستەوە کە هەموویان رابکێشێتەوە، لە هەمووشی خراپتر لەوانە ئەمە هەلێك بوو بۆ کوردانی شەڕ بەهۆی هەلومەرجی شەڕی ئێران ـ عێراق بۆ ئەوەی بەئاسانی بتوانێ هێزە سەربازییەکانی بخاتە بەرەکانی شەڕی خوارووو ناوەڕاست‌و هێزەکانی جاشی کوردیش بکاتە گژی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا.

هەر لەم ماوەیەدا سەردانێکی حاجی ڕەسوڵی تەرخانیم کرد لە نزیك دێی زەلە ڕەش کە حاجی خەریکی جافداری بوو ، پیاوێکی زۆر قسە خۆش‌و بیر تیژوووریاو خاوەن کەسایەتیەکی عەشایەری بوو.. لێم پرسی : مامە حاجی ئەمانە چین بەم تازەییە دروست بوون‌و پێیان یەژن خەفیفە ..؟ یەکسەری‌وەڵامی دامەوە : ئەوانەوەکو تانجی‌وان‌و پاشای سەگن ،واتە ئەوانیش جۆرێکن لە جاش .

مامە حاجی لە میانەی قسەکانیداووتی : حەمە خانی برازام کە جاشە هاتووەتە سەرمان‌و تەقەی لە خێڵەکەمان کردوە ، چوومە لای‌و پێم‌ووت : ڕۆڵە بۆوا ئەکەی ..؟ حەمە خان‌ووتی مستەفا ئەکوژم‌و کەسیش نابێ قسە بکات ، ئەگەر خوایش قسە بکات هەر ئەیکوژم ..! منیش پێم‌ووت : قەیناکە مستەفا بوکوژە بەڵام هەمووومان هەر خوامان هەیە ، توخوا مەیکوژە !..

ناوچەکانی گەرمیان بەگشتی‌و لە شارەزووریشدا نەتوانرا لە ڕێگەی تایبەتییەوە سوود لەو هێزە زۆرەی جاش‌وەربگیرێ‌و پەیوەندییان پێوەبکرێ‌و پردی دۆستایەتی ببەستن‌و هاریان نەکەن بۆ ڕوو بەڕووبوونەوەی شۆڕش‌وەکو لە هەندێ ناوچەی تردا ئەمەکراو تارادەیەکیش قازانجی هەبوو.

دوای ماوەیەك بەبڕیاری مەڵبەندی یەك گوێزرامەوە بۆ گەرمیان‌و لەو کاتەدا تیپی ٥١ی گەرمیان کە ١١ کەرتی هەبوو کرا بەدوو تیپ:

١. تیپی ٥١ی گەرمیان من بوومە سەرتیپی‌و لەسنووری کفری‌و دووزو ناحیەکانی قادرکەرەم‌و نەوجول‌و سەرقەڵاو سەنگاودا جموجووڵ‌و چالاکی ئەنجام ئەدا.

٢. تیپی ٥٣ی شێروانە کاك عادل شکور دانرا بەسەرتیپی لە سنووری کەلارو زەنگابات‌و باوەنووردا کاریان ئەکرد.

ماوەیەك سەرقاڵی تەشکیلات‌و ڕێکوپێك کردنی کاری پێشمەرگانەو دانانی بنکەو بارەگاو دەستنیشان کردنی سنووری ناوچەی تیپ‌و بەسەرکردنەوەی کاری خەڵکی بووین.

ڕۆژی ١٩٨٤/١٢/٧ لەلایەن کاك جەبار فەرمانەوە لێپرسراوی مەڵبەندی یەك بانگ کراین بۆ بارەگای مەڵبەند لەدێی سیتەکی شارباژێر بۆ باسکردنی مەسەلەی گفتوگۆ کە دوژمن نیازی تێکدانی هەبوو، بۆیە پێویست بوو بەرپەرچی فرت‌وفێڵەکانی بدرێتەوەو خۆمان سازبدەین بۆ هەر ئەگەرێك کەدێتە پێشەوە بۆ ئەوەی ئاگاداربین لە ڕەوتی ڕووداوەکان ئەوەکو بکەوینە ناو داوی شتی ناکاوەوە.

چونکە ڕژێم گفتوگۆی‌وەکو بەرنامەیەك کە ڕێگا چارەیەك بێ بۆ کۆتایی پێهێنانی مەسەلەی شەڕ لە کوردستان‌ودانانی تەواو بە مافە بنەڕەتیەکانی گەلی کورددا لە چوار چێوەی عێراقدا..بەڵکو هەمیشەو هەر کاتێ بەعس پەنای بۆ گفتوگۆ بردبێ‌وەکو سازشێك بووەو زۆرتریش بە مەبەستی هەڵخلیسکاندنی پێی شۆڕش‌و سەرکردەکانی بووە لە ڕێڕەوی خەبات‌و تێکۆشان‌و دەستهەڵگرتن لە ڕەوتی شۆڕشگێڕی‌و لەلایەکی تریشەوە بۆ خۆی‌وەکو هەوڵی پشوودانێك بووە لەو دۆخە مەینەتاویەی تووشی ئەبوو بە دەست شۆڕشگێڕانی کوردەوە کەنەك بەتەنیا لە ڕووی سیاسی‌و سەربازیەوە سەرئێشەی بۆ ئەنرایەوە بەڵکو لە ڕووی ئابووریشەوە بارگرانیەکی ئەکەوتە سەرشان کەکاری لەسەر گوزەرانی خەڵکی ئەکردو تائەهات ناڕەزایی زیادی

ئەکرد ئەگەر چی بەئاشکرا نەئەتوانرا قسە بکرێ.. ئەگەریش شتێك بووترایە ئەوا گوێیان لە کەس نەئەگرت.

وا ئـەمجارەش دوای ئـەوە پشوویەکی داوە.. کەوتووەتـەوە بـەزمگێڕان‌و شـەڕ فرۆشـتن بـە پێشمەرگەو ئالۆزانـدنی باردۆخەکـە کـە ئـەوەی لێچاوەڕوان ئەکرا ئیزندانێك بێ بۆ کۆتایی‌وەرزی گفتوگۆو دەستپێکردنەوەی گێمێکی تـری شەڕی چاوەڕوانکراو.

ساڵی ١٩٨٥

کە چووینە ساڵی ١٩٨٥ ئەمانزانی چارەنووسی گفتوگۆ بەرەو تـوونی بابا ئەچـێ‌و ئـەوەی ئێمـە خـەونمان پێـوە ئـەبینی بـەعس لـە خەیاڵیشـیدا جێـی نەکردبووەوە، جگە لەو گوشارو تەنگ پێهەڵچنین‌و کۆسپانەی درووسـتی ئـەکرد بۆمان.

بۆ ئـەم مەبەسـتە سـەرکردایەتی (ی.ن.ك) لـە بەیانێکدا بڕیاریـدا ڕۆژی ١٩٨٥/١/١٥ گفتوگـۆ لەگـەڵ حکومـەت ڕابگـرێ، ئێمـەش لـە مەڵبەنـد گەڕاینـەوە. کەوتینە جەولە کردن، بەڵام پەلاماری هیچ شوێنێکمان نەدا، هەرچەندە دوژمن لـە کـاتی گفتوگـۆداو لـە زەمـەنی ڕاگرتنیـدا گرفتـی جۆراوجـۆری درووسـت ئەکردوەکو کوشتنی لێپرسـراوان‌و پێشـمەرگە، بـە تایبـەتی ئـەوەی کاریگـەرێتی هەبوو لـە سـەر کوردو سـەرکردایەتی‌و پێشـمەرگەش شـەهیدکردنی مامەڕیشـە بوو لەدێی قازان بلاّخ لە ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٤ بەشێوەیەکی نامەردانە لەلایەن جاشە ڕووڕەشـەکانی بەعسـەوە تەحسـین شـاوەیس‌و قالەفـەرەج. کـە شـەهیدکردنی مامەڕیشە کۆستێکی گەورە بوو نەك هەر بۆ (ی.ن.ك) بـەڵکو بـۆ هـەموو کـورد. ئـەو موجیزەیـەکی ئـەم سـەردەمەی شۆڕشـی کـورد بـوو کەوێنـەی کـەمبوو لـە ئازایەتی‌و جەربەزەیی، قەت لـەمردن نەئەترسا، بـەڵکو خـۆی برووسـکە مـەرگ بـوو بۆ دوژمـن، ترسێکی هەمیشـەیی نـاخی ئەکرۆشـتن، هەر بۆیـە دوژمنـیش ناوی لێنابوو پیاوی پۆڵایین. ئـەو پێشـمەرگەیەکی نەخوێنـدەوار بـوو، بـەڵام لـە

هونەری شەڕکردندا زۆر شارەزاو لێهاتوو بووەکو بڵێی لە یەکێك لەدانیشگاکانی سەربازی جیهاندا دەرچووە، بۆ تۆڵە سەندنەوەی بە پێویست زانرا بەقەدەر خۆشەویستیو گەورەیی مامەڕیشە ئاگری ڕقو تۆڵە بەربدرێتە گیانی دوژمنی داگیرکەرو ڕەشەکوژ. بە بڕیاری سەرکردایەتی ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٦ دانرا تۆڵەی مامەڕیشە بکرێتەوە لە سەرتاسەری کوردستاندا.

ئێمەش لە ئاستی خۆمانەوە هەمان ڕۆژ بەهێزێکەوە چووینە سەرجادەی قادرکەرەم - کەرکوك لەشەڕێکدا ٢٤ خۆفرۆشمان بەسزای گەلو شۆڕش گەیاند. هەر لەمەشەوە جارێکی تر ئاگری شەڕی کوردستانو دوژمنی داگیرکەر هەڵگیرسایەوە دوای ساڵێك گفتوگۆی سەرنەکەوتوو.ومنەبێ کورد ئەمە یەکەم ئەزموونی گفتوگۆی بێت، بەڵکو هەر لە کۆنەوە ئەم ڕێگایەی گرتووەتەبەر، بگرە لە هەموو سەردەمە جیاجیاکانی شۆڕشدا هەم سەرکردایەتی شۆڕشو هەم لایەنی دوژمن هەریەکەیان بەپێودانگی خۆیانویستوویانە سوود لە هەلومەرجی گفتوگۆوەربگرن بەتایبەتی دوژمن مەبەستی بوو:

١. پشوو پێدانی هێزە ماندوو شەکەتەکەیان لەبەرەکانی شەڕدا.

٢. ساردکردنەوەی کەفوکوڵی دڵی خەڵکیو ڕازیبوون بەبێهوودەیی خەبات.

٣. کەسبیوەخت بۆ پیاچوونەوەو ڕێکخستنەوەی هێزەکان.

٤. بیانوو گرتنو کۆسپ درووست کردن لە ڕێی پەیوەندی شۆڕش بە خەڵکییەوە.

لایەنی شۆڕشیش مەبەستی بوو:

١. هەرهیچ نەبێ هێزەکانی ماوەیەك بحەسێنەوە دوور لە شەڕو پێکادان.

٢. خەڵکێکی زۆرتر ڕوو بکەنە شۆڕشو ببنە پێشمەرگە بۆ باشەڕۆژ پڕچەك بکرێن.

٣. ناسینی دەسەڵاتی دوژمنوباشتر شارەزابوون لە تواناو هەڵوێستەکانی.

٤. ئاسایی کردنەوەی دۆخەکەو ڕاستکردنەوەی خەڵکیو پێشمەرگە لە بارێکی تازەتردا.

گفتوگۆ خۆی لەخۆیدا کێبەرکێیە لەنێوان دوولادا شۆڕش ـ حکومەت بۆ دەستخستنی دەستکەوتی تازە کە لە شەڕداوەدەست ناهێنرێت، بۆیە گفتوگۆ بەهۆیەکی باش ئەزانرێت لە پرۆسەی خەباتدا، چەند بتوانرێ سوود لەهەلومەرجەکانوەربگیرێو لە پیلانی دوژمنووریابین ئەوەندە لە سەرکەوتن نزیك ئەبینەوە.

بۆ چوونە ناو چوارچێوەی گفتوگۆوە شۆڕش لە دوو ڕوانگەوە تێی ئەڕوانی:

١. داخرانی هەموو دەرگاکان بە ڕووی شۆڕشدا.

٢. کێشەکان بە ڕێگای سیاسی نەك شەڕ چارەسەر ئەکرێ.

کوردیشووتوویەتی: دوای شەڕ ئاشتییە. ئەم مەسەلەیە لای کورد دەمێکە چەسپیوە، بە داخەوە دوژمنانی گەلەکەمان لە ئەنجامی خۆ بە کەڵەگا زانین ئەم لایەنە فەرامۆش ئەکەنو خۆیان گێل ئەکەنو تەنیا ڕێگەی شەڕ هەڵئەبژێرن. بۆیە سەرەنجام گفتوگۆی (ی.ن.ك)و حکومەت ئەمجارەیش هەر بەهەرەسی جارانی پێشوو چوو، هەرچەندە لە ڕووی سازشەوە هیچ سوودێکمانوەرنەگرتو تێیدا سەرنەکەوتین کە بەشێك پەیوەندی بەکەندو کۆسپی دوژمنەوە هەبوو، بەشێکیش ئۆباڵی لە ئەستۆی کەمو کوڕی خۆمانە، بێجگە لە پڕوپاگەندەی نەیارەکانیش کە لە ڕوانگەی تەسك بینییەوە تەماشای مەسەلەکەیان ئەکرد، بەڵکو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە بەتوندی هێرشیان ئەکردە سەر گفتوگۆو بە کارێکی خراپیان لەقەڵەم ئەدا، چونکە تەنیا بەرژەوەندی خۆیان لەبەر چاو بوو نەك سەرەنجامی مەسەلەکەو ئاییندەی چارەنووسی کورد. هەروەها جەماوەریش لە بارەی گفتوگۆوە بێدەنگ بوون تەنیا چاوەڕوانی ئەنجام بوونو هەڵوێستێکیان نەنواند بۆ پاڵپشتی کێشە ڕەواکەیانو فشار خستنە سەر حکومەت بۆ ئەوەی بەتەنگ ئەو دۆخەیە بێتو ترسێکی لێبنیشێ.

بۆیە پێویستە لەمەسەلەی گفتوگۆدا بەرژەوەندی گەل ڕەچاو بکرێ، بەوپەڕی هوشیارییەوە هەنگاو هەڵبگیرێت، بەگژ لایەنی سەلبیاتدا بچنەوە، پشتیوانی لایەنە باشەکانی بکرێت، هیچ کەسو لایەنێك تەنیا خۆیو

بەرژەوەندییەکانی خۆی ببینێو کەسی تری لە بیر نەبێت، هەقە هەر یەکێکیش هەنگاوێکی نا، هەموان چاوەڕوان بین بزانین ئەنجامی بەچی‌ئەبێت، نەك یەکسەر لە سەنگەری هێرشی بێ سەرو بەرەوە ئەو پرۆسەیە پەك بخرێت.

ئەمجارەش بەباری باش‌و خراپیدا گفتوگۆ تێك چووەوە، تاوانەکەش ئەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی عێراقی.

بۆ ئەوەی‌وەلامێکی ئەو هەڵوێستەی حکومەتی عێراقی بدرێتەوەو زەبرێکی توندی تێبسرەوێت مانگی ١٩٨٥/٢ لەهەر سێ مەڵبەند ١،٢،٣ هێزێکی گەورە خڕکرایەوەو ڕەوانەی دۆڵی جافایەتی کرا. هەموو لێپرسراوە سەرەکییەکانی هێزەکە لە بەرگەڵو لەلایەن کاك ملازم عومەرەوە کۆبوونەوەی پێکراو نەخشەی گرتنی ڕەبایەکانی دابان‌و هەلاج‌و دۆڵی شەدەڵەمان خرایە بەردەست، ئەم چالاکییە لەبەر چەند هۆیەك پێویست بوو:

١. بە دوژمنی بسەلێنێ کە شۆڕش‌و پێشمەرگە هەر سوورن لەسەر خەبات.

٢. ئەو پروپاگەندەیە ڕەت بکرێتەوە کە دوای گفتوگۆ کەس شەڕی پێناکرێت.

٣. هێزی پێشمەرگە گورج بکرێتەوە بۆ دەستوەشاندنی باشتر لە دوژمن.

٤. کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ووریا بکرێتەوە لە نیازە بۆگەنەکانی دوژمن‌و نەخشەی تەفروتونا کردنی کوردستان.

بەپێی بەرنامەیەکی ئامادەکراو هەر تیپە یان چەند تیپێك شوێنێك یان چەند ڕەبیەیەکی پێ سپێردرا، تیپەکانی ٥١و٥٣ ئەرکی گرتنی ڕەبایەکانی ڕۆژهەلاتی دابانیان پێسپێردرا کە شوێنێکی زۆر سەختبوو.

شەوی ١٩٨٥/٢/١٥،١٤ شەوێکی ساردی زستانێکی بەفراوی لە دێی هەڵەدن کۆبووینەوە، پێشمەرگەکانمان سازداو ئاگادارکراینەوە کەکاتژمێری ٤ ی دەمەوبەیان پەلاماری دوژمن ئەدرێت، کاتژمێر ١١ی شەو بەڕێ کەوتین، بە هەورازو ناوبەفردا، بایەکی سارد هەڵیکردبوو، بارێکی سەیر بوو کەلەسەرو

سیمای هەر پێشمەرگەیەکدا ئەدرەوشایەوە، گەشانەوەو خۆشییەکی زیاتر ئەبینرا، ئاوازی سەرکەوتن لە ناخیانا بەرز ئەبووەوە، یەکووزەی پۆلایین‌و گیانێکی مەزن بوو لەپێناوی خۆبەخت کردندا. دوو پێشمەرگەی برا پێکەوە قسەیان ئەکرد برا گەورەکەیان بەویتری‌ووت: بزانین ئەمشەو کاممان ئەبینە قوربانی‌و لەم چالاکییەدا سەروەری بۆ گەل‌و شۆڕش ئەنووسینەوە، کاک سمایل عەترە کە برا بچووکەکە بوو لەگەڵ یەکەم پەلاماردانا بۆ سەر ڕەبایەی شاخی هەڵەدن ناوی لەلیستی سەروەریدا تۆمار کرد کە دوای چوار کاتژمێر لەپێکرانی گیانی بەخشییە خاکی کوردستان.

شارەزاکەمان کاک غەریب هەڵەدنی بوو کە کوڕێکی ئازاوزیرەک بوو، یەکێکی تریشمان لەگەڵ بوو بەڵام ئەو هیچ نەبوو بەشێک لەهێزەکەی‌وێڵکردین. بە هەزار حاڵ ڕەبایەکەمان دۆزییەوە، تەقە لەزۆربەی ڕەبایەکانی ترەوە دەستی پێکرد ئێمە هێشتا هەر بە دوای ڕەبایەدا ئەگەڕاین. کاک عادل شکورو کاک عەدنان‌و م.عەلی پێش ئێمە گەیشتبوون. ئەو بەشەی هێزەکە کە گەیشتبوو کرایە دوو برەوە، برێکیان لە سەرەوەی ڕەبایەکەو ئەوی تر لەخوارەوە پەلاماریاندا، لەو کاتەدا من‌و کاک کەریم چاوڕەش گەیشتینە ئەوێ، سیمی دەوری ڕەبایەکەمان بەرز کردەوە، هەرچەندە دەورو پشتەکەی مینرێژکرابوو لەبەر زۆر کەوتنی بەفر بەسەریدا هیچی نەتەقییەوەو چووینە ژوورەوە، بوو بە تەقە لەشەرێکی دەستەویەخەی کەم خایەندا دەستی بەسەرا گیرا، چەند جاش ناشەعبییەک کوژران‌و هەندێك بەدیلگیران، یەکێك لەو جاش ناشەعبیانە لەکاتی تەقە کردنەکاندا خۆی دزیبووەوەو چووبووە شوێنێکی سەخت لە نێوان تاشە بەردێك‌و شاخەکەدا کەپشتی چۆڵ بوو ڕێگەی پەلاماردانی نەبوو ، ڕومانەمان تێ ئەگرت ئەچووە ئەو دیوداو بەری نە ئەکەوت .. کاک هەژار دەرەویانی بەبێ تەقە خۆی لەجاش ناشەعبیەکە نزیك کردەوە لە ناکاودا خۆی بۆ هەڵداو کردیە بۆقەتە ملیدا ، کابرا لە حەیبەتا بەرزبووەوە .. تەماشا ئەکەین زەلامێکی زەبەلاح بوو ، لێمان پرسی خەڵکی ڕەمادی بوو .. پەلمان گرت‌و هێنامانە لای دیلەکانی ترو ڕەوانەی بەرگەلوومان

کرد ، لێرە چەكو تفاقو تەقەمەنی زۆرمان دەستكەوت. گەرۆژ بووەوە بەشەکەی تری هێزەکە پەلاماری ڕەبایەی سەری دابانیان داو لە چاوترووکانێکدا گیراو چەکدارەکانی خۆیان بەدەستەوەدا. پاش ئەوە منو کاك عادلو کاك غەریب هەڵەدنی بۆ دۆڵی شەدەڵە دابەزینە خوارەوە، لەو ناوە شەڕی مەقەڕ سریەو مەقەڕ فەوجەکە بوو. مەقەڕ سریە هەر لەیەکەم پەلاماردا گیرا، ئینجا شەڕ کەوتە لای مەقەڕ فەوجەکەوە. لە ڕێگادا بەناو دارەکاندا ئەڕۆیشتین لەبەردەمماندا خشەیەك هات، تەماشام کرد سەربازێك ئەمنی چەکەکەی ئەترازێنێ، منیش یەکسەر میلی تفەنگەکەم هێنایەوەو فیشەکێکم پێوەنا، قەباغی تفەنگەکەم لەو ساتەدا پەڕی، سەربازەکە کە زانی ئیتر ناتوانم تەقە بکەم، هەستایەوەو تەقەی لێکردم، بەرنەکەوتم، کوتوپڕ کاك عادلو کاك غەریب هاتنە دەستو تەقەیان لێکردو کوشتیانو چەکەکەمان هەڵگرت، لەولاتر سەربازێکی تر خۆی نەئەدایە دەستەوە، لە ئەنجامی تەقەدا ئەویش بەرکەوت، دوای ئەوە لەگەڵ هەڤاڵان قادری حاجی عەلیوملازم عومەرو جەبار فەرمانو سامان گەرمیانیو ئازادی سەگرمە یەکمان گرتو نەخشەی پەلاماری سەربازگەی شەدەڵەمان داڕشتەوە، پاش پشوودانێکی کەم لە ناو دێی شەدەڵەوە هێرشمان کرد، هەرچەندە بەخەستی تۆپبارانی سەر ڕێگەکەمان ئەکرا، بەڵام نەوەستاین تا گەیشتینە نزیکی سەربازگەکە، لەوێ شەڕێکی سەخت ڕوویدا، بەشی سەرووی کەوتە دەست پێشمەرگە، لای خوارەوەشی پێشمەرگەکان خۆیان گەیاندە ڕەبایەی حیمایەکە، لەو کاتەدا دوو پێشمەرگە پێکرانو شەهید بوون، ئێمەش ئەوەندەی تر هێرشەکەمان توندتر کردو فشاری زۆرمان خستە سەر سەربازگەکە لەوەدا بوو بەتەواوی بکەوێ، بەڵام بۆسەکانی لای هۆمەر قەوم کە کاك شێرزادی تیپی ٢١ سەرپەرشتی ئەکرد ڕێگەکەیان چۆڵ کردبوو، هێزێکی دوژمن بەچەند تانکێکەوە فریای سەربازگەکە کەوتن. نەخشەکەی بێئاکام کردین. بەڵام شەڕی خوێناویو دوژمن بەزێن لەسەر جادەی تاسلوجە ـ دوکان بوو، بەڕاستی دوژمنی تۆقاندبوو، لەو دەشتە کاکی بەکاکییەدا پێشمەرگە ئازایانە ڕووبەڕووی ئاگرو ئاسنی دوژمن

نەبوونـەوەو دەیـان گیـانی ترسنۆكو خۆفرۆشو داگیرکـەر ڕەوانـەی دۆزەخـی مـەرگ ئـەکران. بـە ڕاسـتی شـەڕی گرتنـی دابـانو هـەلاج کـارێکی گـەورەو کەموێنەی سەرکەوتووی شەڕی پێشمەرگانە بوو دوای ئەوەی پێشـمەرگە سـالێك بوو لە هەلی گفتوگۆدا چالاکی گەورەی لەو جۆرەی ئەنجام نەدابوو.

دوژمن زیانی گەورەی لێکەوت لە دیلو کوژراو، دەستکەوتی زۆر کەوتـە دەسـت پێشـمەرگە، ناوچـەیەکی فراوانـی سـەربازی ڕزگـارکرا کـە نرخێکـی سـتراتیژی هـەبوو، بـووە هـۆی دوور خستنـەوەی مەترسـی ڕۆژانـەی هێزەکـانی دوژمن لە ناوچەکەدا، کە بەرزترین قوتە لە دابانو هـەلاج داگیرکرابوو، ڕێگەی لـە جموجـوڵو هەڵسـوکەوتی پێشـمەرگە گرتبـوو، ئـەم سـەرکەوتنە مەزنـە بەخوێنی گەشی چەند پێشمەرگەیەکی چاونەترسو چەلەنگ تۆمار کرا.

پـاش گرتنـی ڕەبایـەکان هێزەکانمـان تێیـدا مانـەوە بـۆ پاراسـتنی لـە هێرشـی دوژمـن، چـەند ڕۆژێـك ماینـەوە هـیچ ڕووینـەدا، بڕیـاری گەڕانـەوەیان دراین. لە شارباژێڕەوە بـەرەو گـەرمیان گەڕاینـەوە، هـەمووی هەفتەیـەکی نـەبرد دیسانەوە برووسکەیان کردەوە هێزەکەمان بە پەلـە بگاتـەوە دۆڵـی جافـەتی، بـە هـەمان ڕێگـادا گەڕاینـەوە، لـە ڕێگـادا بـارانێکی شەسـت دایکـرد هـەموو لـەشو کەلوپـەلمان بـوو بـەئاو، لەگـەڵ کـاك جـەبار فەرمانـدا یـەکمان گرتـەوەو بـەرەو گاپیلۆن ڕۆیشتین، شەوێکی تاریکو نووتەك بوو، بارانەکـەی بـەخوڕ بـوو، هـەر پێشمەرگەیەك دەستی بەپشتی هاوڕێیەکەیەوە نەبوایەوون ئـەبوو، بـە حـالێکی شڕ گەیشتینە گاپیلۆنو دابەشبووین، کەچی ڕۆژی دووەم ئیـزن درایـن، دیـارە (ی.ن.ك) چالاکییەکی گـەورەی بەدەسـتەوە بـوو، بـەڵام هەلەکـەی لـەبار نـەبوو، دەستیان لێهەڵگرت.

جـارێکی تـر لەدۆڵـە ڕووتـەوە شـۆڕبووینەوە بـۆ قولەڕەسـی، شـەوەکەی بەرەو باخی بەختیاری. بـاوبۆرانو تـەرزەو چـەخماخە لێیکردینـەوە، مەترسـی ئەوەمان هەبوو پێشمەرگەمان تیابچن، بەهەر شێوەیەك بێ لە جـادەی سـلێمانی بـەرەو عـەوالڵو کۆسـەی چـەم پەڕینـەوە بـۆ جێشـانە بـە نـاو قـوڕو قـوڕاودا، پێشمەرگە نەبوو چەند جارێك نەکەوێ هەموو گیـانی قوڕاوی نـەبێ، چـەندین

کـەس پێلاوەکانیــان لــە نــاو قــوڕدا بــەجێما، قــوڕی شــارەزوور بەناوبانگــە، لەوکاتانەدا پێشمەرگەیەك هەواڵی کاك عـادل شکوری ئەپرسـی : کوا کـاك عـادل چـی بەسـەرهات ..؟ پێشـمەرگەیەك لـەولاوەووتی : کـاك عـادل لەشـوێن پێکەی ئەهرۆدا چەقیوە.. ئـەهرۆ پێشـمەرگەیەك بـوو لـەڕووی تەمەنـەوە تـازە پێنەگەیشت ، لەش‌ولارێکی کەتەو زلەی هەبوو، قـاچ‌وقولێکی ئەسـتوری هـەبوو، کـاك عـادلیش پیـاوێکی کـو رتـە بـاڵاو لاوازبـوو.. شـەو لەجیشـانە حەسـاینەوە، خۆمان‌ووشــك کــردەوە، بەیانییەکــەی بــەرەو بازیــان‌و دێهاتــەکانی قــەرەداخ ڕۆیشتین‌و لەوێشەوە بـەرەو گـەرمیان‌و هـەر کـەرتێ بـۆ سنوورەکەی خـۆی. بـۆ چەند ڕۆژێك حەواینەوە.

لە مانگی ١٩٨٥/٢ دا بوو کە مقۆمقۆی ئـەوە کەوتـەوە کـە ڕژێـم ئەیـەوێ جـارێکی تـر پـردی گفتوگـۆ دابمـەزرێ‌و بـۆ ئـەو مەبەسـتەوەفدێکی نـاردبووە سـەرکردایەتی یـەکێتی‌و چـەند ڕۆژێـك مـابووەوەو قسـەیان لـە سـەر هـەموو مەسەلەکان‌و ئاستەکان کردبوو، بـەڵام سـەرەنجام هیچـی لێنەکەوتـەوەو پـەتی ئەم هەوڵەش پسا.

ئێمەویسـتمان لــە گەرمیانــدا دەســتێك لــە دوژمــن بوەشــێنین، دوای کۆکردنــەوەی زانیــاری بڕیارمانــدا بچـینە سـەر مونەزەمـەی دێـی لـەك کـە ئەکەوێتە نێوان ناحیەی ئەوجول‌و قەزای دووز، کاك شێخ جەمال جێگری تیپ بوو، شارەزاییەکی باشی هـەبوو لـەو ناوچـەیە، لـە کـاتی گفتوگـۆدا سـەردانێکی ئەوێی کردبوو، بەچاکی ڕەبایەو شوێنەکانی بینیبوو، نەخشـەی پەلامارەکـەی بەم شێوەیە داڕشت:

هێزەکەمان کردە دوو دەستەوە:

١. دەستەی یەکەم بەسەرپەرشتی شێخ جەمال + جەوهەرو ٨ پێشمەرگە.

٢. دەستەی دووەم: بەسەرپەرشتی من‌و شێخ کەریم چاوڕەش‌و ٢٢ پێشمەرگە.

دوو بۆسـەمان دانـا: یـەکێکیان لەسـەر ڕێگـای قـەڵخانلوو، ئـەوی تریـان لەسەر جادەی ئەوجول بۆ لێدانی هەر جموجووڵێکی ناکاوی دوژمن.

ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٥ جارێکی تـر ڕێکاوبـان‌و شوێنـەکانمان بەسـەر کردەوەو نوقتەکانمان دیاریکردو گەڕاینەوە.

هەر دەستەیەك دانرا بۆ جێبەجێكردنی كاری خۆی، پێنج ئارپیجی دانرابوو بۆ پەلاماردان هەریەكەی دوو گوللە بتەقێنێ، دەستەی یەكەم بەنارنجۆكی دەستی هێرش بكەن. ئاگاداری پێشمەرگەكانمان كردەوە كەوا هەوڵ بدەن ناقیلەكەی ئەوێ بەساقی بگرن‌و دەربازی بكەن.

بڕیار بوو یەكەم ئارپیجی من بێتەقێنم، هەر لەگەڵ یەكەم گوللەدا خانووەكانی مونەزەمە یەك پارچە بوونە ئاگر، نۆ دانە گوللەیان بەركەوتبوو، یەك گوللەش ناقیلەكەی پەكخستبوو. دەستەی یەكەم خۆیان گەیاندە ناو حەوشەی مونەزەمە كە بەرگری تێدا نەبوو، پاشان دەستەی دووەمیش خۆیان گەیاندە هەمان شوێن، تومەز ئەمنەكان خۆیان خزاندووەتە ژێر زەمینێكەوەو لەوێوە بەرگری ئەكەن. ئێمەش بەمەمان نەزانیبوو، لە سەرەتادا هەر لەگەڵ یەكەم پەلاماردا پ.م سەلام حەمید پێكراو شەهید بوو، كە بەمەم زانی بە زۆر دەستەی دووەمم لە حەوشەكە دەركرد بۆ ئەوەی زیانی زیاتر نەدەین، دەستەی یەكەمیش بەردەوام بوون بە نارنجۆكی دەستی لەژێر زەمینەكەیان ئەدا، ئەمنەكانیش بە نارنجۆك بەرپەرچیان ئەدایەوە، لەم شەڕە نارنجۆكەدا پ.م ئەنوەر قەڵۆمز لوغمانی‌و سەید ئەحمەد پێكران‌و شەهید بوون. هەموو پێشمەرگەكان كشانە دواوە، سەر لە نوێ بە ئارپیجی لێمان دانەوە، چل گوللە ئارپیجی‌و بیست‌و هەشت نارنجۆكی دەستیمان لێدان بێسوود بوو،وەختی ئەوتۆمان بە دەستەوە نەما، ناچار كشاینەوە، تەرمی شەهیدەكانمان ڕەوانە كرد بۆ دێهاتەكانی خۆیان‌و دەستكەوتەكانمان كۆكردەوەو گەڕاینەوە، لەم هێرشەدا زیانی دوژمن: دوانزە كوژراو، شكاندنی ناقیلەیەك، گرتنی گرینۆفێك بوو، جگە لە شەهیدەكان دوو بریندارێشمان هەبوو، لە دێی دوراجی تیماركران‌و تاكو ئێوارە ماینەوە چاوەڕوانی دوژمنمان كرد هێرشمان بۆ بكات‌و تۆڵەی شەهیدەكانمان بكەینەوە كەچی بە دوامانا دەرنەچوو.

كەرتەكانمان كەوتنە جەولەكردن‌و شەڕی بچووك‌و لێدانی دوژمن لە ناوچە جیاجیاكانی سنووری تیپداو ڕۆژ نەبوو زەبر لە هێزەكانی دوژمن نەدرێ‌و لێیان نەكوژرێ‌و دەستكەوت نەبێ، بە مەش‌ووڕەی خەڵكی زۆرتر بەرز

ئەبووەوەو بەڵکو لە شەڕو پێکدادانەکاندا بەشدارییان ئەکرد، بە تایبەتی لە ناوچەی داودە خەڵکەکە خۆیان تەییار ئەکردو زۆربەیان چەکیان بەدەستەوە بوو شێر ئاسا ئاوقای دوژمن ئەبوونەوە. ناوچەی داودە لە ساڵی ١٩٨٢ مەفرەزەی پشتگیری تیادرووست بوو بوو کە پێشتر لە ناوچەی باشکی یەکەم مەفرەزەی پشتگیری‌و دواتریش لە ناوچەی ڕۆغزایی مەفرەزەی تر پەیدابوون‌وەکو ناوکێك. بەڵام نەکەوتبوونە شەڕەوە. کەچی لە ناوچەی داودە چاکتر گەشەیان کردو جموجووڵی زۆرتریان هەبوو، ئەچوونە سەرجادەو دەستیان لە دوژمن ئەوەشاندو شارەزاییەکی ڕێکوپێکتریان پەیداکرد لەبەرگری‌و ڕووبەڕوو بوونەوەدا بە تایبەتی دوای گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ کە دوژمن کەوتەوەوێزەی کوردستان بە تازەترین چەك‌و تەکنۆلۆژیای سەردەم، خەڵکی ئەم ناوچەیە لەپانتایی داودەدا سەنگەری فرەیان لێداو حەشارگەیان بۆ کاتی هێرشی سوپاو پەلاماری ناکاوی کۆپتەرەکان درووستکرد بوو بۆ بەرگری‌و خۆپاراستن لە تۆپبارانی بەردەوامی ڕۆژانەو شەوانە. ئەمە دەوری خۆی هەبوو بۆ سەر ناوچەکانی تری گەرمیان‌و فێری ئەوەی کردن کەئەوانیش خۆیان چەکدار بکەن‌و ڕێگە نەدەن دوژمن بە ئاسانی ناوچەکانیان پەلاماربداو مەترسییان لە سەر درووست بکات. سەرەتا خەڵکی بە پارەی خۆیان چەکیان ئەکڕی، پاشان لەلایەن تیپەکانەوە چەکیان پێئەدرا، لە کاتی گفتوگۆدا لە ناوچەی زەنگابات هێزێکی پشتگیری درووست کراو کاك شێرزاد عەزیز شەهاب سەرپەرشتی ئەکرد، پاش گفتوگۆ هێزی پشتگیری پەرەی پێدراو لە هەموو ناوچەکانداوەکو هێزی ڕەسمی پێکهێنراو لە سنووری هەردوو تیپی ٥١و٥٣ دا مام ساڵەح گۆڕی ئەسپی سەرپەرشتی ئەکرد لە ڕووی چەکدارکردن‌و تەقەمەنی پێدان‌و سازدانیان‌و کۆکردنەوەیان. بە ڕاستی هێزی پشتگیری دەوری گرنگیان ئەبینی لە بەرگری‌و پاراستنی ناوچەکان‌و هاوکاریکردنی (ه.پ.ك)و دەیان تابلۆی گەورەیان لە سەروەریدا نەخشاندووە.

هێشتا لە مانگی ٤ دا بووین کە ڕۆژێك بەرەو سەر جادەی دووز - کفری ئەچووین بۆ ئەنجامدانی چالاکییەك. چووینە دێی پەڵکانە، لە ناودێدا حاجی

کەریممان بینی پیاوێکی زۆر ترسنۆك بوو، بانگی کردین: کێتان لەگەڵدایە..؟ برادەران ووتیان: مەحمود سەنگاوی. حاجی‌ووتی: کاکەوەرن دوو مەڕتان بۆ سەر ئەبڕم مەچن بۆ شەڕ. منیش‌ووتم: بەخوا هەرچی ماڵت هەیە بماندەیتێ هەر شەڕ ئەکەین. وەختێکم زانی حاجی تلیسایەوە، ژنەکەی هاواری کرد: باوانت شێوێ بۆ ترسنۆکیت.

ئیتر ئێمە چووینە سەر جادەی سلێمان بەگو لەگەڵ جاش شەعبییە عەرەبەکاندا شەڕێکمان کردو ١٨ کەسیان لێکوژرا. لەم شەڕەدا هەندێ پێشمەرگەی خەڵکی سلێمانیمان لە گەڵا بوو، یەکێکیان بە لایەنی سوعبەتەوە ووتی: تکایە کاك مەحمود بمانبەرەوە بۆ کوردستانو لەم عەرەبستانە ڕزگارمان بکە. چونکە ناوچەیەکی دەشتاییو قاقڕ بوو.. زەحمەتیشە کەسێك لە ناوچەیەکی ئاوەدانیو سەوزەلانیو دارستاندا پەروەردە بووبێ لەم ناوچەیەدا هەڵبکات، جگە لەمانە لە هاوینیشدا پلەی گەرما ئەگاتە ئەوپەڕی کە ئەمان پێی ڕانەهاتبوون .

هەر لەم مانگی٤/١٩٨٥ دا مەلا بەختیار هەندێ جموجووڵێ کردبوو، قسەش کەوتە ناوانەوە گوایە داوای لە سەرکردایەتی کردبوو ئیتر بە ناوی ڕێکخستنی ئاڵای شۆڕشەوە (ئاش) کار ئەکات. سەرکردایەتی لە سەرەتاوە هیچ نرخێکیان بۆ ئەم داخوازییە دانەنا بوو، ئەویش چووبووە دۆڵی قەرەداخو لە دێی تەکیە بارەگای دانابوو، کۆمەڵێك پێشمەرگەو کادیری لێ کۆ بووبوەوە، جگە لەوەی زۆر لە کادیرەکانی ئاش هەبوونو بڵاوبووبوونەوە. خەریکی خۆڕێکخستنو دەرکردنی بڵاوکراوە بوون بە هۆی دەزگایەکی چاپەوە کە هەیانبوو.

دیارە هۆکاری جیاجیا هەیە بۆ پەیدابوونی (ئاش) کە لە ڕاستیشدا پەیدا بوونی ڕێکخستنێك بوو لە ناو ڕێکخستندا، ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ:

- ناکۆکی فیکری لە سەر کوردستانی بوونو عێراقی بوونی شۆڕشو ڕێکخستن.

- ئەماحی سەرکردایەتی کردنی شۆڕش‌وەکو دەسەڵاتی یەکەم.

ـ نارەزایی بەرامبەر بە گفتو گۆ. هەرچەندە ئەمەوەکو رووکەش بەکار هێنرا بوو بۆ هەردوو هۆکارەکەی تر.

دیارە دەمێکە مقۆمقۆی ئەم رێکخستنە لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەدا پەیدا بووبوو بە تایبەتی دوای ئازاد بوونی هەڤاڵانی زیندان نیشانەی ناکۆکییەکان لە ئاسۆوە سەری دەرهێناو لە کۆنفرانسی دووەمدا روونتر دەرکەوت‌و بۆ هەلێك ئەگەران جاری بۆ بدەن‌و خۆیان ئاشکرا بکەن.

دوا دوایی مانگی ١٩٨٥/٤ بوو کاك حەمەرەش جێگر تیپی ٥٧ی سەگرمە سەردانێکی تیپەکەمانی کردو رێکەوتین پێکەوە لە سەر جادەی کفری ـ دووز ـ بەغداد شەرێك بکەین. کاك شێخ جەمالمان بینی‌و رۆژی ١٩٨٥/٤/٢٨ لە نزیك ناحیەی سلیمان بەگ دامەزراین، دوژمن پێی زانین‌و پەلاماری داین، شەرێکی دوو کاتژمێریمان کرد کە تێیدا بەرپوەبەری ئەمنی دووز بەناوی حەمەد لەگەڵ محەممەد سەید موسا کەئەمن بوو لەگەڵ ١٨ جاش ناشەعبیدا کوژران، سێ کلاشینکۆف‌و دوو دەمانچەش دەستکەوت بوو، ئێمە بریندارێکمان هەبوو، شایانی‌ووتنە شەوی پێشووتر هێزێکمان ناردبووە ناو کفری‌و دەستی کوشندەیان‌وەشاندبوو، معاونی ئەمنی کفری بە خەستی بریندار کرابوو کە پاشتر تووشی ئیفلیجی بوو بوو، هەروەها چوار ئەمنیش کوژرابوون، چوار کلاشینکۆف‌و یەك بیکەیسی‌و جیهازێك دەستکەوت بوو، پێشمەرگەکانیش بێزیان بوون.

ئەم زەبرانەی لە دوژمن درا زۆر زۆر سەخت بوو، بە تایبەتی لە دەزگاکانی ئەمنی هەردوو شارۆچکەی کفری‌و دووز، بۆیە چاوەرێی هێرشی دوژمن بووین بۆ سەر سنوورەکەمان،واشی بۆ ئەچووین لە رێگای سەرقەلا ـ هۆمەرملەوە بێت، بۆیە لە دێی بەلەگە ماینەوە، هێزێکیشمان ناردە زینانە بۆ رێگری لە هەر ئەگەرێکی هێرشی دوژمن لە دەرگای نەوجول ـ دووزەوە. بەلام دوژمن بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی ئێمە لە رێگای نەوجول ـ دووزەوە پەلاماریداین، بەهێزێکی گەورەوە کە بریتی بوو لە زیاتر لە دە فەوجی جاشی هەرکی‌و سوورکی‌و تەحسین شاوەیس‌و جاشەکانی سەنگاوو قادرکەرەم‌و دووزو

بەپشتیوانی چوار کۆپتەرو دوو پیلاتۆس‌و دە تانك‌و ٦٥ ناقیلەو چەندین تۆپی دوور هاوێژو تۆپی ١٠٦ ملم‌و هاوەنی جۆراوجۆری زۆر بەفەرماندەیی قائید فیرقەی تاوانبار بارق عەبدوڵلا حاجی حونتە.

لە رۆژی ١٩٨٥/٤/٣٠ لەدوو قۆڵەوە پەلاماریان داین. لە نەوجول‌و لە دووزەوە. دوژمن بە تەواوی لەزینانە نزیك بووەوە کە دوو کەرتی تیپی ٥٧و دوو کەرتی تیپی ٥١ی لێبوو، دوژمن رووبەڕووی قارەمانەکانی یەکێتی بووەوە، شەڕێکی دەستەو یەخە بەرپا بوو، کاك شێخ جەمال سەرپەرشتی هێزەکەی ناو زینانەی ئەکردو باش دامەزرابوون لە ناو ماڵەکاندا، سەنگەری مان‌و نەمانیان گرتبوو، تۆپخانەو کۆپتەرەکانی دوژمن بەردەوام هەناوی دێکان ئەهەژاند، لە هەموو خانوویەکەوە چڕە دوکەڵ بەرز بوو بوەوە، لە رێگەی جیهازی دەستی بچووکەوە ئاگاداری پەیوەندییەکانی فەرماندەی هێزی زەمینی بووین کە داوای لە کۆپتەرەکان ئەکرد لە جێگای دوکەڵەکان بدەن، فڕۆکەوانی کۆپتەرەکان‌وەڵامیان ئەدایەوە کە شوێن نییە دوکەڵی لێ هەڵنەسێ، شەڕەکە ئەوەندە گەرم بوو بوو، پەلاماری پێشمەرگە توندو تۆڵ بوو، لەهەندێ لاوە تێکەڵاوی هێزەکانی دوژمن بوو بوون، فڕۆکەوانی کۆپتەرەکان ئەیان‌ووت: نازانین کامە هێزی خۆمان‌و هێزی دوژمنە..؟ فەرماندەی هێزی زەمینیش ئەیووت: هەرچی جلی کوردی لەبەر بوو لێیبدە.

کۆپتەرەکان هەموو دەوروبەری دێکەیان بۆمباران ئەکرد بۆ رێگری کردن لە هاتنی پێشمەرگەو پشتگیری کە لە هەموو ناوچەکانی ترەوە بە ئۆتۆمبیل‌و تراکتۆرو ماتۆڕی سواری خۆیان گەیاندبووە ئەو نزیکانەو بەهانای هێزەکەی ناو دێی زینانەوە هاتبوون.

ئێمە دڵنیابووین کە دوژمن لەدەرگای سەرقەڵاوە نایەت، خۆمان کۆکردەوە بۆ بەهانا چوونی برادەرانی ناو زینانە، بەڵام هێزی ئاسمانی دوژمن بواری نەئەداین بەئاسانی بگەینە ئەوێ. هێزێکمان لە پێشمەرگەکانی خۆمان‌و پشتگیری ٥١و٥٣ کۆکردەوەو بە بەربڵاوی پەلامارمان داو دوژمن لەهەندێ لاوە گەڕایەوە دواوە، خۆری مابوو خۆمان گەیاندە ناودێ، لە هەمان کاتدا هێزێك لە

گەڵ کاك عەدنانی حەمەی میناو م.عەلی‌و سەید محەممەد دا لە ناوچەی جافەوە هاتبوون‌و لە قۆڵی چەورییەوە بەرەو ناودێ ئەهاتن. ئەو کاتە چوار شەهیدو پانزدە بریندارمان هەبوو، د.بێستوون کاکەیی بریندارەکانی تیمار ئەکرد، جارێکی تر ئێمەو برادەرانی تر پەلامارێکی دوژمنمان دا، بەمەش دوژمن مەترسی لێنیشت‌و لەشوێنی خۆیدا ڕاوەستاو خۆی باش قایم کرد لە شوێنێکی گرنگی ئەوپەڕی دێی زینانەو لەخوارتریشەوە هێزێکی تری مۆڵدابوو، بۆمان دەرکەوت مانەوەمان لەناو دێدا سوودی نییەو لەمەش زیاتر بەرگری ناکرێ‌و زیانی زۆرترمان لێئەکەوێ‌و خەڵکەکەش تیائەچن، تاکاتژمێری ١٠ی شەو ماینەوەو خۆمان کۆکردەوەو خەڵکەکەمان ئاگادار کردەوە لەدێکە دەرچن‌و ئینجا شەهیدو بریندارەکانمان گواستەوە. ئەو کاتەی خەڵکەکە دەرئەچوون ناقیلەیەك لە ئاستی ڕێگاکە بوو بە دۆشکا ئەو ناوەی ئەبێژا، لەوکاتەدا ژنێك لەسەر ڕێگاکە بوو زۆربەی گوللەی دۆشکاکە لای ئەودا ئەیدا لە زەوی‌و هیچ نەترسا، بانگی کردم یارمەتی بدەم‌و هەندێ کەلوپەلی بۆ باربکەم، گەڕامەوەو هاوکاریم کردو بەئەسپایی لێیدا ڕۆیشت.

چووینە دێی زینانەی سەروو، بەرێوە هێزێکمان ناردە دێکانی عەزیز قادرو تووکن بۆ ئەوەی ئەگەر دوژمن نیازی هێرشی بوو بۆ شەڕ لێیبدەن. بەڵام دوژمن پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی دێی زینانەی خوارووی بەجێهێشت‌و گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی. ئێمەش چووینەوە بۆ زینانە، دێ هەمووی تێکڕووخابوو، بوو بووە کەلاوە، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا شارستانیەتی بەربەری یانەی بەعس ناوەڕۆکی خۆی دەرخستبوو،وەکو کوننە بەبوو تەنیا حەزی لە کەلاوەیەو ڕقی لە ئاوەدانییە. بە قەی شۆفڵەکانی دێیەکی خنجیلانەی ناوچەی داودەی یەکسانی زەوی کردبوو، هیچ ڕووخسارێکی ئاوەدانی نەمابوو، تەنیا بۆنی مردن‌و سووتان‌و ڕووخان ئەهات،ووردەووردە خەڵکەکەی ئەگەڕانەوە سەرویرانە خاك، ئێمە زۆر دڵتەنگ‌و زویر بووین کەچی دوو پیاوی دێکە دڵیان ئەداینەوەو داوای لێبوردنیان ئەکرد کەماڵیان نەماوە بمانبەوەو لە پاش ئەو شەڕە سەختە نەختێك بحەسێینەوە، بە ڕاستی

خەڵکێکی مەردو خاوەن هەڵوێست بوون، نەك هەر ئەمە بەڵکو لە بەرگریشدا لەگەڵ پێشمەرگەکاندا دەوری چالاکانەیان ئەدی. پیاوێکیان ووتی: سەد جاری تر دوژمن دێکەمان بڕوخێنێ مادام بەرگری چاکی تێداکراوە دڵتەنگ نابین. ئەوەیشی لێمانگیراوە لەرێگای مەردایەتیدا ڕۆیشتووە.

شایانی ووتنە بەشێکی زۆری خەڵکی دێکە دەرچوو بوون و بەگیان سەلامەت بوون، برێکیشیان دەستگیر کرابوون و دوای چەند مانگێك ئازادکران کەزۆربەیان ئاغاکانی زینانە بوون. لەم شەڕەدا زیانی دوژمن زیاتر لە چوارسەد کوژراو بریندارێکی زۆر کەدوو نەخۆشخانەی مەیدانی گرتبوەوەو کەرەستەو کەلو پەلی خوێناوی زۆر لەو دەشتەدا کەوتبوو. زیانی ئێمەش چوار شەهیدی پێشمەرگەو یەك پشتگیریو شوانێکی پانزە ساڵەو زیان لە مەڕو ماڵاتو تراکتۆری دێکە کەوتبوو. جگە لە سووتانی هەموو خانووبەرەو ڕووخاندنیان. پاش دوو ڕۆژ لە شەڕەکە خەڵکەکەی دەستیان کردەوە بە درووست کردنەوەو بیناکردنەوەی زینانە. لە هەموو ناوچەکانی گەرمیانەوە یارمەتیو کۆمەکیان بۆ نێردرا. کەئەمەش بوو بووە داب، لە دوای شەڕی عەلیانی ساڵی ١٩٨٣و سەیدخەلیلی ساڵی ١٩٨٤، ئەمە یەکەم شەڕی گەورەو گرانی ناودێ بوو کە بەو بارستاییە دوژمن پەلاماری بداتو زیانیوا فراوانیشی لێبکەوێ. جگەلەوە ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی سیاسەتی ڕووخاندنی دێهات بوو دوای گفتوگۆ بەمەبەستی تۆقاندنی خەڵکیو گوشار خستنە سەر هێزی پێشمەرگە، کە هێشتا شەڕی بەرەیی نەهاتبووە کایەوە کە ئەمەش مستلزماتی خۆی هەیە چ لە ڕووی ژمارەی پێشمەرگەو جۆری چەكو لایەنی لۆجستیکیو خۆسازدان بۆی کە تا ئەو کاتە بە چەندین قۆناغی جیاجیای شەڕدا تێپەری بووینو سەرکەوتنمان بەدەستهێنابوو هەر لە مەفرەزەی بچووك تا هێزی گەورەو ڕەبایەگرتنو شەڕی ناودێوە.

لە هەموو بارەکاندا هێزو توانامان لەگەڵ دوژمندا بەراوورد نەئەکرا. بە ڕای من شەڕی زینانە خاڵیوەرچەرخان بوو لە ڕووبەڕوو بوونەوەداو دەرسێکی باش بوو زۆر لایەنی بەرگریو تەکنیکی شەڕی بەعسی فێرکردین.

ئەمەوای لێکردین خۆمان چاکتر ساز بدەینەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی فاشیەت بەدەستوەشاندنی توندترو بوار نەدانە دوژمن و هێزەکانی تابحەسێنەوە.

پاش ئەم شەڕە لە سەرکردایەتییەوە داوای هێزێکی تیپەکانی ٥١و ٥٣ یان کرد بۆ دۆڵی ئاکۆیان بچن، ڕۆژی ١٩٨٥/٥/٢٤ هێزەکەمان کۆبووەوەو بڕیار بوو بگەنە بازیان، کەچی فریانەکەوتن و لە هەنارە مانەوە، کە دانرابوو ڕۆژی دواتریش بەئۆتۆمبیل لە بازیان بیانگرمەوە، دوژمن ئاگاداری ڕۆیشتنی ئەم هێزەبوو، بەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٥/٢٥ بە دزە هێزێکی ناردبووە سەر ڕێگای ڕۆیشتنی هێزەکەمان لەسەر شاخی سەگرمە، بەڵام پێشمەرگەکان بەم هەنگاوەی دوژمنیان زانی و پەلاماریان داو لەسەنگەرەکانیان هەڵکەنران و لەو کاتەدا ئێمەش فریاکەوتین، شەڕ بەگەرمی دەستیپێکرد، دوژمن شکاو چوار تەرمی جاش لەبەردەستماندا کەوتبوو، لەو کاتەشدا چوار کۆپتەر هاتنە سەر مەیدانی شەڕەکە، لە چەمچەماڵیشەوە هێزێکی تر بەهانای هێزە شکاوەکەیەوە هات بۆ تۆڵەسەندنەوە، تا کاتژمێر چواری ئێوارە شەڕ درێژەی کێشا، ئەم هێزەش وەکو ئەوەی پێشوو لەبەرزییەوە خلۆربووەوە، ئەوەی تازە بوو لەم شەڕەدا کۆپتەرەکان بۆ یەکەمجار قومبەلەی چارەکە تەنییان وەشاند بەڵام یەکێکیان پێکرا. تاقی ئێوارە کەس و کاری جاشە کوژراوەکان هاتن بۆ بردنەوەی تەرمەکانیان و ئێمەش وەکو ئەرکێکی مرۆڤایەتی پێمان دانەوە، زیانی ئێمە بریندار بوونی پێشمەرگەیەك بوو. دوای تەواو بوونی شەڕەکە بەووردەیەکی پۆلاییینەوە بەرەو دیوی بازیان ئاوابووین و لەوێشەوە بەرەو سنوورەکانی مەڵبەندەکانی سێ ودوو. کەگەیشتینە بارەگای مەڵبەندی سێ لەسماقولی فرۆکە جەنگییەکانی دوژمن هاتنە سەرمان و بۆردومانیان کردین، هەندێ خانووبەرەی دێکە بەرکەوتن و ئاگریان تێبەربوو، یەك پێشمەرگەشمان بریندار بوو، دایکی شەهیدێکمان پەلی ئەو برینداری گرتبوو بۆناوداوەکانی برد نەوەك جارێکی ترفرۆکەکان بێنەوەو لێیان بداتەوە.. پێشمەرگەکە بەدەم ڕێکردنەوە لەدایکە شەهیدەکەی ئەپرسی : ئەرێ پورێ نامرم ..؟ پوریش دڵخۆشی ئەدایەوە : نا ..

ڕۆڵە گیان ئیشاڵلا نامری . ئەم پێشمەرگەیە ساڵەحی ناوبوو لەبەرئەوەی فرۆکەی سیخۆ لێی دابوو ناویان نابوو ساڵح سیخۆ ..بۆ ڕۆژی دواتر کەوتینە ڕێو گەیشتینە شوێنی مەبەستو چاومان بەکاك نەشیروان کەوتو پێی ووتین کەوا بچینە سەر شاخی کوڕا شەل کەلەوەو پێش تیپی ٢٥ خاڵخالان چۆڵیان کردبوو، کە سەرکەوتین دوژمن بۆماوەی شەوو ڕۆژێك بێووچان تۆپبارانی کردینو ژیواری تاڵ کردین، ناچار بووین بێبڕیار دابەزینە خوارەوە، لەسەر ئەمە کاك نەشیروان گلەیی لێکردینوووتی: من نامەم بۆتان نوسیبوو دابەزن، بەڵام ئەبوایە بەگەیشتنی نامەکە دابەزینانە، نەك پێشترو بەبێبڕیار.

لەو ناوچەیە چەند شەڕێکمان کرد، لە دۆڵە ڕەقە بە توندی بەرگریمان لە پێشڕەوی هێزەکانی دوژمن کرد. ڕۆژی ١٩٨٥/٧/٢ لە دۆڵی ئاکۆیان چالاکییەکی گەورە ئەنجامدرا کە زنجیرە ڕەبایەیەك گیراو کۆمەڵی کوژراو دیلو دەستکەوت هەبوو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستوەشاندێکی کوشندە بوو لە دوژمن، گەرچی چاوەڕوانی ئەنجامی باشتر ئەکرا لە چالاکییەکەدا، بەڵام بەهۆی کەموکوڕی لە جێبەجێکردنی نەخشەکەدا ئەوەی دانرابوو بکرێت نەبوو کەچی بەتوندی دوژمنی تەزاند. جێی داخە کەلەم نەبەردیەدا مەحمودی حاجی فەرەج کەسەرتیپی ١٥ی شارەزوور بوو شەهید دەبێ .. شەهید مەحمود کۆکۆییەو خەڵکی سنووری هەڵەبجەی شەهیدەو یەکێك بووە لە لاوە جوانو جوامێرەکانی هەڵەبجەو لەسەرەتای شۆڕشی نوێوە پێشمەرگە بووەو لەزۆربەی چالاکییەکانی سنووری هەڵەبجەو شارەزووردا بەشداریکردووەو کەسێکی بزێووچاونەترسو دەستوەشێن بووەو کەرتەکەی یەکێك لەکەرتە هەڵسوڕاوەکان بووەو بۆ یەکەمین جار ئاربیجیان لە بینای تەلقیحەکە داو شەهید مەحمود دەستی لە تەمبێ کردنی پیاو خراپانی سەر بە ڕژێمی ئەوسنوورەدا هەبوو .

پاش ماوەیەك هێزەکان گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، هەر لەو کاتەدا کە (ی.ن.ك) بەشێوەیەکی سەرەتایی پەیوەندی دۆستانەی سەر لە نوێی لەگەڵ ئێراندا بەست، دوای ئەوەی پردی پەیوەندییەکانی پسابوون لەو

سـونگەیەوە مـانگی ۱۹۸۵/۸ کۆمـەڵێ بریـنـدارمان گەیشـتە ناوخـاکی ئێـران بـۆ چارەسەر، ئەمەش بووە مایەی پەیوەندییەکی پتەوو چەسپاوتر بۆ پاشەڕۆژ.

ئەم دۆستایەتییە لە دوای تێکچوونی گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ عێراقدا بوو. بە ڕای من هەنگاوێکی پێویستو کردەیی بوو، دەوری سیاسیو سەربازی خۆی هەبوو لە لایەن عێراقەوە حیسابی زۆری بۆ ئەکراو کەوتبووە شڵەژانەوە، چونکە یەکێتی لە مەیدانی کاری خەباتدا جێگەو قورسایی خۆی هەبوو، هێڵی سیاسی سەربەخۆیی خۆی پاراستبوو، لە ناوجەرگەی ڕووداوەکانی گەلەکەماندا پێگەی خۆی داکوتیبوو. زەبرو گوشارێکی فرەی خستبووە سەر عێراقو زیانی مـادیو مەعنـەوی پێگەیانـدبوو، ئەمـەشوای لەبـەعس کـرد بێسڵـکردنەوە هەرچی ڕێگای نـاڕەواو نالـەباری هەیـە بیگرێتەبـەر بـۆ لێـدانی کـورد.ئەمـە یەکـەمین پەیوەنـدی دۆستانە نـەبوو لەگـەڵ دەوڵەتـە دراوسێـکاندا ببەسـترێ، بەڵکو لە بەر هەلومەرجی شۆڕشی کوردو پێویستی قۆنـاغی خـەبات مامەڵەی لـەم بابەتــە کــراوە، سەرەنجامەکەشــی بەنــدبووە بەهەلومــەرجی سیاســیو ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییـەکانو هۆشیاری لەبـەکارهێنانی شێوازی زیرەکانـەی ئـاڵوگۆڕی مەسـەلەو بابەتـە گرنگـەکانو پابەنـدبوون بـە تاکتیـكو سـتراتیژییە بنەڕەتەکانی شۆڕشو جۆری هەڵبژاردنی هەڵوێستەکانی لـە قازانجی هـەردوولا. عێراق ترسـێکی گـەورەی ئـەم دۆسـتایەتییەی لێنیشـتبوو حیسابی تایبـەتی بـۆ ئەکردو لەڕێگای دەزگا جاسووسییەکانییەوە هەڵپەی زانیاری بوو بـۆ تێگەیشـتن لێـی. لـە گەرمـەی ئەموەزعـەدا ئێمـە لـە ناوچـەکانی خۆمانــدا بـووین بـۆ دەستوەشاندنو لێدانی پێگەکانی دوژمنو شڵەژاندنیوەمرسکردنی.

ڕۆژێکـی مـانگی ۱۹۸۵/۸ لەگـەڵ کـەرتی یەکـدا هێزێکمـان بـردو لـە کـانی شیرینەکەی قادرکەرەم بۆسەیەکمان بۆ کاروانێکی سەربازی دانا کە بریتـی بـوو لە ناقیلەیەكو دوو ئۆتۆمبیلی هێزی پڕ لە جاش ناشەعبی. هەرکـە ئۆتـۆمبیلی یەکەم نزیك بووەوەو کەوتە ناو داوەکەوە لێیهاتینە دەسـتو بەیەکـەم دەسـتڕێژ ۱۲ کەس کوژرا. ئێمەش بەزیان بۆ دێی برایم غولام کشاینەوە.

دوژمن لـە تۆڵەی ئـەم زیانەی کـەوتە کاتیۆشابارانی دێـی بـرایم غـولام. خۆشـبەختانە نەپێشـمەرگەو نەخـەڵکی زیانیـان لێنەکـەوت ئێمـە لـە جەولـەی

ناوچەی داودە بووین، ڕۆژێك سواری ئۆتۆمبیلیەکی شلەخەجێ بووین، بە پێشمەرگەکانم ووت: ئاگاتان لە ئاسمان بێت،ووریا بن نەك کۆپتەر بێتە سەرمان، چووینە زینانە، لەوێشەوە بەرەو بەلەگە کە زۆر دەشتاییە، کە چووینە ڕووی بەلەگەدا تەماشام کرد دوو کۆپتەر لە پێشمانەوە بەئاسمانەوە ئەسووڕێتەوە، بە پێشمەرگەکانم ووت: برادەران ووریان،ووتیان: بەڵێ ووریاین،ووتم: ئەی کوێراییتانە، ئەو دوو کۆپتەرە نابینن، شۆفێرەکە شپرزە بوو، ئۆتۆمبیلەکە تۆزێك لار بووەوە خەریك بوو خۆی بخاتە ناو دارەکانی بەردەم دێکە،ووتم: پێچ کەرەوەو برۆ بۆ ناو دێکەو چوو بۆ ناودارەکان، کە هاتە سەریشمان تەقەی لێئەکەین، زۆر بە پەلە چووینە ناو دێکەو کۆپتەرەکان فریا نەکەوتن بێنە سەرمان. دابەزین لە ناو دێکەدا دابەش بووینو شوێنی خۆمان گرت. پیاوێکی پیر لەگەڵ ژنەکەیدا لەپەنا دیواری خانووەکەیانا دانیشتبوون ووتی: ئەوەچییە..؟ووتم: مامە حاجی ئەوە کۆپتەرە ئەسووڕێنەوە.ووتی: جا چی ئەکەن..؟ووتم: بۆ..؟ووتی: ئەوەوەکو قوشەکەی میر سمایل وایە. میر سمایل قوشێکی هەبوو، هەموو ڕۆژێ ئەیبرد بۆ ڕاو هیچی نەئەکوشت، کە ئەهاتەوە هەرچی مریشکی دێکە هەبوو ئەیخوارد.ئەو ئەزانێ ئێوە چەکتان پێیە پێتان ناوێرێ دوای ئێوە غەزەبی خۆی ئەخاتە ملی خەڵکەکە.

سەرەتای مانگی ١٩٨٥/١٢ بوو کاك مەحمود گەرمیانی کە جێگری تیپی ٥٣ ی شێروانە بوو تازەش لە شارەزوورەوە بۆ ئەو سنورە گوێزرا بووەوە بۆ ئەنجامدانی هەندێ کاری شۆڕش شەوی ١ـ١٩٨٥/١٢/٢ ئەچێتە دێی تازە دێی سەر جادەی کەلار ـ باوەنوور کە ڕەبایەیەکی سەربازی دوژمن لە سەر گردی دێکەوە بوو، سەرەڕای ئەوە ئەم دێیە بوو بووەوێستگەیەکی گرنگی هاتوچۆی خەڵکی بە ئۆتۆمبیلو تراکتۆر بۆ گواستنەوەی کەلو پەلو خواردەمەنی لە شارۆچکەکانەوە بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی شۆڕش کە بە بڕیاری سەربازیی بەعس قەدەغە کرابوو لە ئەنجامی ئەو ئابلۆقەیەی خرابووە سەر دێهاتەکان. زۆر خەڵکی ئەکەوتنە بەر ڕێژنەی دەستڕێژی چەکەکانی دوژمنو جاریش

هەبوو دوژمن لە دەوروبەری ئەو ناوە بۆسەی دانەناو خەڵکی‌و پێشمەرگەشی تێنەکەوت.

دوای ئەوەی کاک مەحمود گەرمیانی‌و برادەرەکانی کارەکانیان تەواو ئەکەن بە ڕێگەی دێی هەسەن محەمەدا ئەگەڕێنەوە بۆ ژاڵەی سەفەر، هێزێکی جاشەکان لە نێوان ئەو دوو دێیەدا کە جێگەی گومان نەبوو بۆسەیان بۆ دائەنێن، کە پێشمەرگەکان بە سەیارەکەی سابیرە بچکۆل دێن ئەکەونە ناو ئەڵقەی بۆسەی جاشەکانەوە، یەکەم دەستڕێژ کاک مەحمود گەرمیانی بەرئەکەوێ‌و بریندار ئەبێ‌و پێشمەرگەکانیش تەقە لە جاشەکان ئەکەن‌و ڕاویان ئەنێن. دواتر کاک مەحمود ئەگوێزنەوە بۆ دێی‌وڕێڵەو گیانی پاکی بە کوردستان ئەبەخشێ.

ئەو کاتەی کاک مەحمود ماڵی لەوڕێڵە ئەبێ دراوسێتی لە گەڵ خەڵکەکەیدا بە تایبەتی ماڵی هەڤاڵان : سەلاّحی کوێخاو کاک مەحمودی مراد عەلی خۆش ئەبێ، جارێکیان ئەڵێ: خۆزگە کە ئەمردم هەر لە ناوئەماندا بمردمایە.وارێکەوت بە برینداری لە ماڵی کاک مەحمود مراد عەلی دا گیانی سپاردو شەهید بوو.

کاک مەحمود یەکێك لە ڕێکخستنە دڵسۆزەکانی کۆمەڵە بوو، هەستی کوردایەتی زۆر بتەو بوو، ڕەنجدەرێکی بە هەڵوێست بوو، کە بوو بە پێشمەرگەش فرە لێهاتوو بوو، فەرماندەیەکی بە توانای لێدەرچوو. قسەی زۆر خۆش‌و گفتاری شیرین بوو، حەزی لە نوکتەو توانج بوو، لە ناو پێشمەرگەدا سەدان قسەو نوکتەی دانسقەی لێبەجێماوە: ئەو کاتەی لە شارەزوورەوە نێردرایە گەرمیان هەمیشە بیری شارەزووری ئەکردو ناوی ئەهێنا، جارێکیان لە گەڵ عەلی شەهید محەممەددا بە سەردان ئەچێتەوە شارەزوور، شەو ئەبێ کارەبای ئەو شارۆچکەو دێهاتانە ئەگرا ئەویش بانگی کردبوو: ئایتە هەموو شارەزوور چۆن بریسکەی دێ خۆ لە گەرمیاندا مەگەر بە لوورەی سەگ‌و زەڕەی نێرەکەر دێهات بدۆزرێتەوە.

جارێکیشیان برادەرانی تیپی ٥٣ خۆیان بۆ چالاکییەك ئامادە ئەکەن، لە کانی چایلە تووشی شەڕی دەستەو یەخە ئەبن‌و بە تانك‌و سەربازو جاش

دەوریــان ئــەگیریٚو کۆپتــەریش لــە ســەرەوە هێڵــەیان پــێ ئــەکات، ڕێگــەی دەربازبوونیان نابێ، کاك مەحمود هاوار ئەکات: گەرمیانی ئەوەنـە دۆو دۆینـەی ترشیان خـواردووە شـێت بـوونو چاویان نابینـێ هەرئەوەنـە ئـەزانن بڵێن بـا بڕۆین.

جــارێکیشیان کــاك مـەحـمـود ئــەچێتە دێــی بووەکــە مامــە قالــە سەلیبێکی پێبوو نـۆرەی ئـەکرد، کـاك مـەحمود سـەری نـابووە سـەری نیشـانێك بشکێنێ، ئـەو هـەر نیشـانەکەی نەئەشـکاند، کـاك مـەحمود پێیووتبـوو: ئـەم سەلیبەت بۆچییە..؟ووتبووی: جاشی پێئەکوژم. کە کاتێ دوژمن پەلاماری کانی چایلەو دەوروبەری دابوو، مامە قالە هێزەکەی دوژمنـی بـە سـەلیبەکەی دابـووە بەر تەقە، دوژمن شوێنی کەوتبوو تـا لـە دێـی دەنگـەوەرە شـەهیدیان کـرد.کاك مەحمودیش ئەمەی زۆر پێناخۆش بوو لە بەر خۆیەوە ئەیووت:

مامە قالەی کۆڵنەدەر — تەقەی کردوە لە کۆپتەر

باشکی دا لە بلدۆزەر

ساڵی ١٩٨٥ بـەرەو کۆتـایی ئەچـوو، بـەڵام ئاسـۆیەکی گەشـتر لـە بـەردەم جووڵانــەوەی شۆڕشــگێڕانەی گەلەکەمانــدا دەرئەکــەوت کــەدەمێك بــوو بــە ئاواتیوەها کاتێکەوە بووین. ئەویش مەسەلەی ئاشتبوونەوەی گشتی هێزەکانی سەر ساحەی خەباتی کوردایەتی بوو کە (ی.ن.ك) هەر لـە سـەرەتاوە بانگەشـەی بـۆ کـردووە، لـە جیـاتی خـوێن ڕشـتنی نـاوخۆو بێهـوودەیی شـەڕی کوردایـەتی هەموو تواناکان یـەکبخرێنو یـەك دەست ڕوو لـە لێدانی داگیرکـەر بکـەین. لـە دیدێکیواقیعبینانەوە سیاسـەتی خـەباتی درێـژ خایەنـەو بـەرگری هەمەلایەنـە دابڕێــژرێتو چـاو لەبەرژەوەنـدی تەسـکی حیزبایـەتی بپۆشـرێتو تاکڕەوانـە بەرنامەی کاری شۆڕش ئەنجام نەدرێو دوژمن سوود لـەو پـەرشوبڵاوی توانـاو هەوڵەکانی لایەنـە جیاجیاکانیوەرنـەگرێ کـەبێگومان ئـەو هەمـوو ماڵوێرانیو جۆگەلــەی خــوێن هەڵبەســتنو شەڕوشــۆڕانە ئــەنجامی نــاکۆکی کوێرانــەو تێنەگەیشـتن لـە ئەرکـە ئاسـکەکانی سەرشـانمانو تـەنیا تەماشـا کردنـی تـاك

لایەنەی بەرژەوەندییەکان لە بەرامبەر دوژمنانی بەهێزو خاوەن ئەزموونی فێڵاویو لە ناوبردنی یەکڕیزیو تێکبەردانی لایەنەکانی سەر مەیدانی خەبات بووە.

ئا لەم ڕوانگەی هەست کردنو دەرك بە لێپرسراوێتییەوە برایانی شۆسیالیست دەست پێشکەرییان کردو یەکەم لایەنی (جود) بوون بەتەنگ بانگەوازی ئاشتبوونەوەی گشتییەوە هاتنو سەرەتا لەشارەزوور هەردوولا لای سۆشیالیست پێکەوە دانیشتنو نوێنەری یەکێتی کاك شەوکەتی حاجی مشیرو نوێنەری سۆسیالیست کاك حەمەی حاجی مەحمود بوو دوای تاوتوێکردنی مەبەستە گرنگەکانو ئەنجامەکەی ڕێککەوتنێکی ناوچەیی بوو لەهەمان کاتدا زەمینە خۆشکردن بوو تا سەرکردایەتی هەردوولا لەنزیکەوە بکەونە گفتوگۆوە .. لەڕستیشدا ئەمە هەنگاوێکی بوێرانە بوو بۆ پشتکردنە شەڕو گەڕانەوە بۆ باوەشی یەك سەنگەریو دوورگرتن لە ناکۆکییە لاوەکییەکان . ئەم کارەش دنیایەکی ڕازاوەتری لە هەمووولایەکدا خەملاندو نوقلانەی ئەوەی لێکەوتەوە هەموو لایەنەکانی تریش هەمان هەنگاو هەڵبگرن کەلەڕاستیدا دەستی دۆستایەتیشی لەپشتەوە بوو. دیارە یەکێتی بوونی حیزبو ڕێکخراوو لایەنەکان ڕەت ناکاتەوە کە لە خزمەتی کوردایەتیو بەرژەوەندی گشتی نیشتمانیدا بن. بۆیە بەمە دەرگاکەوالا کراو قفڵە داخراوەکان شکێنران. گەرچی یەکێتی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا لەگەڵ هێزەکانی تردا هەوڵی ئاشتبوونەوەو ڕێکخستنی پەیوەندییەکانو یەك هەڵوێستی بۆ یەکخستنی هێزو تواناو پوچەڵکردنەوەی پیلانی داگیرکەران. بەڵام لە ناوخۆشەوە هەڵایەکی تر هەبوو. ئاراستەی تێکدابوو، مەترسی قڵیشانەوەو پەرتبوونی ڕیزەکانی لە پێش بوو. گەرچی لە ڕاستیدا هیچ شتێکیوا لە ئارادا نەبوو ئاگری ئەوبارە خۆش بکات بەڵام دەنگێکی نەشاز سەرتاپای گیانی ئەسمی. ڕەوایە لەناو هەر حیزبو ڕێکخراوێکی سیاسیدا ڕەوتی فیکری جیا خۆی بنوێنێ، بەڵام بە ئاقاری خزمەتی بەرنامەی ستراتیژی، نەك بۆ مەبەستی تێکدەرانەو هەلاهەلا کردنی جەستەی برینداری شۆڕشێك لە هەنگاوی یەکەمیدا ئەیەوێت شناسنامەی خۆی بچەسپێنێت. ئەو

دەنگە هەتا ئەهات تەشەنەی ئەکرد بە ناوی ئەوەی جیاوازی فیکری هەیە. ئەبێ هێڵەکان لە یەکتر بترازێن‌و هەریەك لە خانەی خۆیدا دەربکەوێ. یەکێتی لە بنەڕەتدا یەکێتی‌و یەکگرتنی چەند لایەنێك بوو لە ئاستی خەباتی کوردستانیدا، ڕاستە ئێمەوەکو کورد داگیرو دابەشکراوین‌و هەر بەشەش تایبەتمەندی خۆی هەیەو ئەبێ بەپێی هەلومەرجەکان هەڵبسووڕێنی بەسوودوەرگرتن لەو مەسەلانەی دێنە پێشەوە لە ئاستی ناوچەکەو دنیادا. هەرکەووتمان کۆمەڵە بەپێی فیکری مارکسیزم ـ لینیزم کارئەکات، مانای‌وانییە کوتومت بەندەی ئەو فیکرو هەڵوێستە دیاریکراوانەی ئەو بن بەبێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی خۆمان، بەڵام ئەو دەنگە ئەوەیان بە گوێی خەڵکیدا ئەدا کە ئێمە ئەبێ لە چوارچێوەی بازنەی گشتی فیکریدا بین‌و خەباتی سەرتاسەری بۆ ڕزگاری گەلانی عێراق بکەین کە جەمسەرەکەی لە خەباتی کرێکاراندا خۆی ئەنواند بەمەش تایبەتمەندی کوردستانی لە بیر ئەکراو ئەخرایە بنی گۆمەوەو بەمەش جارێکی تر لە ئەڵقەیەکی‌وونبوودا خۆمان‌وێڵ ئەکرد، سەرەتا داش عێراق‌و پاشان عێراقچێتی بووەوێردی سەرزمانی ئەو خەڵکەوێڵانەی کرمی ناو کتێبی مارکسیەت‌و سەرلێشێواندنی گەلەکەمان کەلەبەردەم مەترسی لەناو چوونی دوژمنی داگیرکەردا قەتیس مابوو. ئەوانە هەر بەو دەنگەوە نەوەستان بەڵکو بوونە خاوەنی هێڵی فیکری جیاوازو بەو ناوەشەوە لەژێرەوە بلاوکراوەو پەخشنامەیان دەردەکردو بگرە لەچوارچێوەی ڕێکخستنێکی نهێنیدا بەناوی (ئالای شۆڕش) کاریان ئەکرد.پەیوەندی بەزۆر خەڵکی ناوشارەکانەوە ئەکرد،وورتەووریتان خستبووە ناو پێشمەرگەو فەرماندەکانەوە، ڕۆژانە بۆچوونەکانیان لە لای خەڵکی ساویلکە ڕەنگی ئەدایەوە، نەك هەر ئەمە بەڵکو لە شەڕی ساڵی ۱۹۸۲ لەگەڵ جود داو لەسنووری قەرەداخ‌و لەو هەڵوێستەی لەگەڵ حشعدا ناوەڕۆکیان دەرکەوت‌و بەبێ بڕیاری سەرکردایەتی سازشێکیان کرد. دوابەدوای ئەوەش هەندێ کەسی کاڵفامیان هەڵنا بۆ ئەنجامدانی یاخیبونێکی عەسکەری لە گەرمیاندا بە مەبەستی تاقیکردنەوەی هێزو لایەنگرەکانیان کەئەگەر سەربکەوتنایە شوێنەکانی تر

بەئاسانی ڕەدوویان نەکەوتن. بەڵام ئەم هەوڵەیان هەر لە جێگادا تووشی ئیفلیجی هاتو پەکیکەوت. لە کاتی گفتوگۆشدا کاك مەلا بەختیار سەردانێکی دەرەوەی کردو هەندێ ومرەقەی کرچوکاڵی فڕێدا جێگەی خۆی نەکردەوە، لە ناوخۆشدا جموجووڵێکی زۆری ئەنواندو سەردانی خەڵکێکی زۆری لە سلێمانیو گەرمیانـدا کـردو هەنـدێ لـەدەوری خڕبوونـەوە، هەنـدێ جـار لـە ڕێگـەی شەڕفرۆشـتن بـە هەنـدێ خـەڵکی ئەویسـترا ئـاگری نـاکۆکیو تەقینـەوە خـۆش بکرێ وەکـو ئـەوەی لەسێوسـێناندا ڕوویـداو هێزێکـی گـەرمیان ڕژایـە ناوچـەی قەرەداغو لەبەردەم ئەمریواقیعدا پاشەکشەیان کرد. جموجووڵە نهێنییەکانی ڕێکخراوەکـەیان لـەو دێهاتانـەی تەکیـەو سێوسـێناندا بـەڕێوە ئەبرد، وەنـەبێ سەرکردایەتی یەکێتیو کـۆمەڵەش لەم کارە بێئاگابن.

سەرەنجام لەکۆتایی مانگی ١٩٨٥/١٠ دا کاك مەلا بەختیار بانگ کرا بۆ سەرکردایەتی بۆ خۆساغکردنەوەی خۆی لەمەڕ ئەو دەنگو باسوزانیارییانەی لـە بەردەسـتدا بـوون، ئـەو لەبـەردەم سـەرکردایەتی نکـوڵی لـەوە نـەکردو خۆیواپیێشـاندا کـە خـاوەنی ڕێکخسـتنێکی جیایـەو خۆشـی ڕاتەگەیـەنێ، ئەمـە زەنگی مەترسییەکی گەورە بوو نـاخی یـەکێتیو کۆمەڵەی ڕاتەکانـد، کـار لـەکار ترازابوو، ئەو هێڵی سووری کێشابوو، ئەبوایە نەخشەکەی پووچ بکرێتەوە پـێش ئـەوەی بکەوێتـەخۆ، ڕێگەی درا بگەڕێتـەوە قـەرەداخ، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢ کـاك جـەبار فـەرمانو کـاك سـامانو دەسـتەیەك لەپێشـمەرگەکانی مەڵبەنـد چـوونە سـەر بارەگاکـەی لەتەکیـەو بەئاسـانی دەسـتگیر کـرا، هەنـدێ پێشـمەرگەو کـادیر لـە دەوری بـوون ڕایـانکردو خۆیـان گەیانـدە ئێـرانو لـەوێ جێگایان بۆ خۆیانکردەوەو لایەنەکانی تریوەکو پارتیو حسكو حشع باوەشیان بـۆ گرتنـەوەو لـە خواریشـەوە ڕێکخسـتنەکانیان ئـەجووڵانو هەنـدێك لـە پێشمەرگەکانیان لە سنوری قـەرەداغو گەرمیانـدا بـە پـارتیزانی ئـەژیانو کاری حیزبییـان هەڵئەسـووڕاند، هەرچـەندە ئەمانـە لـە نـاوخۆی خۆیانـدا هێزێکـی یەکگرتوو نەبوون، ناکۆکییان لە سەر زۆر مەسەلە هەبوو، گومان نـەکرا بتـوانن قورساییان هەبێو بەرەکە لە ژێرپێی کۆمەڵە بە ئاسانی دەربێنن.

له سەرکردایەتیشەوە هێزێك بەسەرپەرشتی کاك شەوکەت نێردرابوو بۆ گواستنەوەی بۆ دۆڵی جافایەتی. بەم جۆرە ئەستێرەی بەرگری کردن لە بەرنامەیەکی نامۆی عێراقیانە بەناوی کرێکاران‌و دژ بەئیرادەی کوردستانیەتی خەبات داچۆڕا کە لەبنەڕەتدا کارێکی تێکدەرانەو پیلانێکی داڕێژراو بوو نەك هەر سەری نەگرت بەڵکو بەرگەی هەڵمەتی دەستەیەك پێشمەرگەی نەگرت، ئەگەرچی ئەوانەی لەگەڵیدا بوون کوڕی ئازاو تێکۆشەری ڕۆژی تەنگانە بوون.

له بەردەم سەرکردایەتیشدا لەبری بەرگری لە هەڵوێستەکانی خۆی‌و ڕاستی هێڵی فیکری‌و دیدو بۆچوونەکانی لە بەرزییەوە تلیسایەوەوخۆی پێڕانەگیرا، مەلاو ئاش زەربەیەکی کوشندە بوون لە شۆڕش، بوونە مایەی پشێوی مێشکی خەڵکی‌و سەرلێشێوانی هەندێ کادیرو پێشمەرگەی دڵسۆز. ئەمەش سوودی زۆرتری بۆ دوژمن هەبوو. کە یەکێك لە کارە ترسناکەکان فەرامۆشی ئەو لایەنە بوو،وایانئەزانی شتێك ئەنجام ئەدەن لە دەرەوەی بازنەی بیروپیلانەکانی دوژمن‌و ئەو لێی بێئاگایە یان خۆی تێناگەیەنێ. ئەمە کارێکی هەرزەکارانەی سیاسی بوو، دوور لە لێکۆڵینەوەو نەخشە داڕشتن، تەنیا شوێن هەندێ سات‌و سەودای بیری منداڵانەی سەرپەڕ کەوتبوون کە تەموحی بوون بە سەرکردەی پاشەڕۆژو جڵەوی خۆ بەزلزانی‌و ڕاستزانی کەوتنە دەست لە پشت ئەم هەنگاوە بووەوەکو گرێیەکی دەروونی تووشی بوو بوون نەك پێداویستییەکی قۆناغێکی خەبات‌و تێکۆشان بێ، کە ئەگەر لەم هەوڵەدا سەرکەوتوو بوونایە کارەسات ئەفەوماو کەلێنێکی دژوار لە گیانی (ی.ن.ك)دا دروست ئەبوو کە لایەنی تر زەمینەی بۆخۆش ئەرکرد. گرتنەکەی دەنگدانەوەی جیاجیای لێکەوتەوە، بەشێك بە تیرۆری بیری لە قەڵەم ئەدا، کە لە ڕاستیدا ئەمە قسەیەکی بێ بناغەیە، هیچ حیزب‌و ڕێکخراوێك پێی خۆش نییە پارچە پارچە بکرێ‌و بەرنامەکانی تێکوپێك بدرێ. بەشێکیش بەتوندی ئەم گرتنەیان پێ ڕەوا بوو، بەڵکو داوا ئەکرا ئەگەر تەسفیەی جەستەیی نەکرێ ئەوا یان لەبەردەم دادگایەکی حیزبیدا سزابدرێ یان‌وەکو لاتە سیاسییەك بەبێدەنگ بمرێ.

ڕۆژی١٥/ ١٢/ ١٩٨٥ پلنیۆمی کۆمەڵە لە دێی بەرگەڵوو بە ئامادەبوونی ٦١ کەس لە کادیرە سەرەکییەکانی کۆمەڵە گیرا. کۆمەڵێك باسی گرنگی تیاخرایە بەردەست یەکێك لەوانە مەسەلەی مەلاو ئاش بوو، کە تێکڕای دەنگ کادیرە سیاسیو عەسکەرییەکان داوای تەسفیەی جەستەییان نەکرد.تەنیا یەك هەڤاڵ ڕایوابوو کە کوشتنی سیاسی بێ. سەرەنجام مەبەستی دووەم جێگرکراوو مەسەلەی کوشتنی دوورخرایەوە، کە لەو کاتەدا هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی بەرامبەر بەوانەی کاری جیابوونەوەو تێکدانی ڕیزەکان ئەنجام ئەدەن لێخۆش بوونی نەبوو. لەکاتی بەستنی پلینۆمدا ڕژێمی عێراق هێرشێکی سەختی تۆپبارانی کردە سەر دۆڵی سەرگەڵووو بەرگەڵوو، چونکە ئەیزانی کۆمەڵە پلینۆم ئەبەستێ ، بەسەدان ڕۆکێتی کاتیۆشاو گوللە تۆپ ئەیدا لەو دۆڵەو زیانی زۆری گیانیو ماڵی لەخەڵکی سەرگەڵوو کەوت بۆیە برادەران ئەو پلینۆمەیان ناونا : پلی تۆپ .

پاش ئەم ڕووداوە لە مەڵبەندی یەکدا ئاڵوگۆڕێك کرا کاك جەبار فەرمان نەقڵی سەرکردایەتی کراو کاك شەوکەتی حاجی مشیر کرایە لێپرسراوی مەڵبەند.

لە دوا ڕۆژەکانی مانگی ١٢/ ١٩٨٥ داو بە تەواوی ڕۆژی ١٢/٢٥ دوژمن هێزێکی زۆری لە جاشو سەرباز کۆکردبۆوە لە سەر قەڵاوە پەلاماری گوندی تووکنی دا ، هێرشێکی چڕوپڕ بوو ، لە ناو دێیەکەدا هەنێك پێشمەرگە هەبوون (مەلا کەریم ، مەلا یاسین ، جیهاد، سەمەد نۆمەر بلی) لە گوندی بنەکەوە هێزێکی تری پێشمەرگە بەهانی ئەو برادەرانەوە دەچن کە هەندێك لەوانە (حەمە ئاغە سەید محەمەد ،مەردان چاوشین، تەیب دوزی، عەلی ئەکبەر، عوسمان تلیشانی، شوکر١٢ ئیمامی..هتد) شەڕەکە زۆر گەرم بوو ئێوارەکەی دوژمن شکابوو چوار کوژراوی لەبەر دەستی پیچشمەرگەدا بەجێهێشتبوو ، ئەم دەستکەوتانەش هەبووە:

١ دەبابەی کاسکافیل

١ ئیڤـــــــا

١ جیبیواز

لەگەڵ نەخشەی شەڕەکەو دیکۆمێنتی فەرماندەی هێزەکە بەناوی عەقید عەتا ئیبراهیم.

ساڵی ١٩٨٦

وا دانرا ئەم ساڵە جموجووڵی پێشمەرگانە زۆر بێ، بیر لە زۆر بەرنامەی شەڕی گەورەو فراوان کرایەوە. ڕژێم نەك هەر لای ئێمەوە لە کوردستاندا تەنگی پێ هەڵچنرابوو، هێزەکانی کەوتبوونە بەر شاڵاوی پەلامارو زیان پێ گەیاندن. ئێرانیش ئەیویست سنووری شەڕەکانی بەربڵاوتر بکات. کاتێك بەرەیەکی لە قوڵی کوردستانەوە کردەوە، هێزەکانی ڕژێمی بەم ناوچەیەشەوە سەرقاڵ کرد کە پێشتر ئەم قوڵە ئارام بووو هیچ جموجووڵێکی ئێرانی تێدا نەبوو، هەرچەندە فراوانکردنی بەرەکانی شەڕو گواستنەوەی بۆ کوردستان بۆ ئێمە خراپ بوو، ناوچەی کارکردنمانی تەسکتر ئەکردەوەو کێشەی بۆ ئەخوڵقاندین، هەردوولای شەڕکەریش بە شێوەیەك لە شێوەکان سوودمەند بوونو پێیان خۆشبوو کورد لە ناو دارو پەردووی ئەو شەڕەدا بە یەکجاری تیا بچێ، جگە لەوە هەردوولا گرفتی شەڕی لایەنەدژەکانی خۆیانیان دوور تر ئەخستەوە لە خۆیان، گەرچی لە هەندێ حاڵەتیشدا ئەولایەنانە تێکەڵ بە شەڕەکان ئەبوون.

هێشتا سەری مانگی١٩٨٦/١ بوو، لە ڕۆژی ١/٦ داکە ڕۆژی دامەزراندنی سوپای عێراقییە، جەژنیشی بۆ ئەگێڕن کەچی ئەم سوپا داگیرکەرە لەم ڕۆژەدا بە هێزی پیادەی سەربازو جاشە کوردەکانو تانكو فڕۆکەوە هێرشێکی فراوانیان کردە سەر سنوری مەڵبەندی چوار لە دۆڵی سماقولییەکانو زیارەت. شەڕەکە زۆر توند بوو، ڕژێم زۆربەی دێهاتەکانی ئەو دۆڵەی سووتاند، زیانی زۆری بە سامانی خەڵکی گەیاند بە تایبەتی بەروبوومی کشتوکاڵی، ژمارەیەکیش پێشمەرگە شەهیدو بریندار بوون.

ئەو ڕێککەوتنە سەرەتاییەی نێوان یەکێتی‌و سۆسیالست لەشارەزووردا کرا هەنگاوی تری بەدوادا هات‌و ڕۆژی ١٩٨٦/١/٩وەفدێکی برادەرانی سۆسیالست بە سەرپەرشتی کاک شێخ محەمەد شاکەلی گەیشتنە سەرکردایەتی یەکێتی‌و بۆماوەی دەرۆژێك میوانی مام جەلال‌و یەکێتی بوون‌و پێکهاتن لەسەر پرەنسیپی ئاشتبوونەوەو هەندێ مەسەلەی مەیدانیش جێبەجێ کران ، پاش ماوەیەك‌وەفدی ڕەسمی سۆسیالست سەردانی سەرکردایەتی یەکێتیان کردو پەیمانی هاوکاری‌و ئاشتبوونەوەیان مۆرکرد .

کۆتایی مانگی ١٩٨٦/١ لەکاتێکدا ئێمە خەجڵی دارشتنی بەرنامەی گرتنی ناحیەی سەنگاو بووین لەسەرکردایەتییەوە داوای هێزێك کرا بۆ سنووری تیپی ٣٧ی شارباژێر، ئیتر مەسەلەی گرتنی سەنگاو دواخرا. بەهێزێکەوە بەرەو سەرکردایەتی ڕۆیشتین‌و لەوێشەوە بەرەو سنووری تیپی ٣٧ لەگەڵ کاك عەلی بچکۆلدا بۆ گرتنی شاری ماوەت، چەند ڕۆژێك خەریکی دارشتنی نەخشەی گرتنەکەی بووین، لەو کاتەدا دوژمن هێرشی بۆ ناوچەی شارباژێر دەستپێکرد، دوای شکستی هێزەکانی ئێران لەو ناوچەیەدا کەوا دانرابوو تاکو دەوروبەری شارۆچکەی چوارتا بگرن. لەو هێرشانەدا بەتوندی هەڵێنەکوتایە سەر شوێنی پێشمەرگەکان، هێزەکەی ئێمە لەچیای‌وەراس بوو، پاش چەند ڕۆژێ شەڕو خۆڕاگری بەرەو لای دێی کورەداوێ کشاینەوە لەبەرئەوەی دوژمن ڕێگای گواستنەوەی ئازووقەو خواردنی لێبڕین، بە بەردەوامی‌و شەوو ڕۆژ تۆپبارانی خەستی ئەکردین، دوای چەندین شەڕی خوێناوی لەو ناوچەیەش بۆووڵاخلۆو شاخی برزووت‌و بالۆسە کشاینەوە، ماوەی مانگێك پارێزگاریمان لەوێ کردو ئینجا گەڕاینەوە گەرمیان. پاش گەڕانەوەمان برادەران جارێکی تر کەوتنەوە هەوڵی گرتنەوەی سەنگاو، بۆ ئەم مەبەستە هێزێکی گەورەی مەڵبەندی یەك لەتیپەکانی ٥١و٥٣و ٥٧و ١٥و١٧و تیپی مەڵبەند کۆکرایەوەو لەئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٣/٩ دابانە سەر ناحیەی سەنگاودا، هێزەکان دابەش کرابوونە چەند بەشێکەوە:

- بەشێك بۆ ناو شارۆچکەکە.

- بەشێك بۆ بارەگای فەوجی سەر شارۆچكەكە.
- بۆسەیەك بۆ سەر ڕێگای سەنگاو ـ چەمچەماڵ.

پاش شەڕێكی قارەمانانە توانرا شار بخرێتە كۆنترۆڵی پێشمەرگەوە جگە لە مەركەزی ئەمن و ئیستخبارات و بارەگای فەوجەكە، زیانێكی زۆر لەدوژمن كەوت، دام و دەزگاكانی حكومەت لەناو شاردا كەوتە دەستمان، بەڵام لەبەر كەم و كوڕی لە جێبەجێكردنی نەخشەكەو باش سەرپەرشتی نەكردن و لەهەموویشی گرنگتر باش دیراسە نەكردنی پەلاماردانەكە بووە هۆی ئەوەی بارەگای فەوجەكەو مەركەزەكە نەگیرێ. هەرچەندە لەوانەیە هۆیەكی سەرەكی نەگرتنەكەی بگەڕێتەوە بۆ خەبەردانی زەلامێك كە ئاگای لە بەرنامەكەی ئێمە هەبوو بە پێی هەندێ زانیاری كە دواتر دەستمان كەوتبوو لەو بارەیەوە.لەگەڵ ئەوەشدا گرتنەكەی دەنگێكی باش و سەركەوتنێكی گەورەی هێزی پێشمەرگە بوو كە تیایدا چوار پێشمەرگە شەهید بوون و كەلوپەل و كەرەسەیەكی زۆری دوژمن دەستكەوتبوو لەگەڵ بەڵگەنامەو ئەوراقی مونەزەمەی فاشیەكان، گەرچی شەڕی شارۆچكە گرتن پێشتر ئەنجامدرابوو وەكو ئەوەی بێتواتە لەساڵی ١٩٨٣ كەدەرسێكی گرنگ بوو بۆ هێزی پێشمەرگەی كوردستان، بۆیە گرتنی سەنگاو هەرچەندە تازە نەبوو بەلامانەوە هەنگاوی ترنرابوو، زۆری پێشمەرگە بەشداربووەكانی شەڕی بێتواتە لێرەشدا هەبوون، ئەوا سەركەوتنەكە بەقەدەر ئەزموونەكە نەبوو لەبەر:

١. نەبوونی تۆپخانەی ڕێكوپێك بۆ كوتانی شوێنە گرنگەكانی دوژمن و سەركوتكردنی و ڕێگەخۆشكردن بۆ پەلاماردان.
٢. نەبوونی نەخشەی عەسكەری داڕێژراو لە ڕووی شارەزایی شوێن و ژمارەو توانا سەربازییەكانی دوژمن.
٣. كەمی تەقەمەنی جۆراو جۆری پێویست.
٤. ناڕێكی لەدانانی بۆسەكانی سەر ڕێگای سەنگاو ـ چەمچەماڵ كە دوژمن توانی تێپەڕ ببێ بە هۆی:

أ. نەبوونی مین بۆ ناشتنی لەڕێگای تێپەڕبوونیدا.

ب. لێنەزانینی بەکارهێنانی چەکە قورسەکانوەکو ڕاجیمەو هاوەنەکانو ١٠٦ملم.
پ. هەڵنەبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ دەستوەشاندن.
ت. نەبوونی سەنگەر لەشوێنە گرنگەکاندا بۆ بەرگری کردن.
لە هەموویشی گرنگتر ئەوەیە کە بووبووە دابو ئەبێ لێپرسراوی یەکەم خۆی لە پێشەوە بێ، هەرچەندە مایەی سەربەرزییەو هێز بە گیانی خۆبەختکردن پەروەردە بکرێ، بەڵام لەڕووی سەربازییەوە هەڵەیەو زۆرجار کەلێن پەیدائەبێو لێپرسراو ڕاستەوخۆ نەتوانی بڕیاری پێویست بداتو بەهۆیەوە هێزەکە نوشوستی دێنێو بگرە لەم بارەدا لێپرسراو دەوری تەنیا پێشمەرگەیەکی قارەمان ئەبینێو نایپەرژێتە سەر سەرپەرشتیکردن.
لە شەڕی شارۆچکە گرتندا سەرەڕای قارەمانێتی پێشمەرگەو شەهیددان دیاردەی دەستکەوتەکان شتێکی بەرچاوەو زۆرجار شتەکانوەکو خۆی ناگاتە سەرەوە بۆیە ئەبوایە:
١. لیژنەی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی کەلوپەلەکانو کۆکردنەوەیان دابنرایە.
٢. ڕێگەنەدان بە پێشمەرگە بۆ شتبردنو دەستکاری کردنیو سزادانی چەپاوکەر.
هەروەها لەم شەڕانەدا بیر لەوە نەکرابووەوە کە نەخۆشخانەیەکی گەڕۆکی مەیدانی دابنرێ بۆ تیمارکردنی بریندارەکانو چارەسەرکردنیان، کە هێزێکی مەعنەوی ئەداتە پێشمەرگەو لە حاڵەتی تووشبووندا گیانیان ئەپارێزێ، گەرچی پزیشك لەگەڵ هێزەکاندا هەبوون بەڵام نەتوانرا هەموو شتێك بکرێ.
سەرەتای مانگی ١٩٨٦/٦ بوو مەلا بەختیار هەوڵێکی ڕاکردنی دا لە زیندانەکەی یاخسەمەر، دیارە ئەمەش لەئەنجامی گفتوگۆکانی ناو پلنیۆمەکەی کۆمەڵە بوو، شەوی ٩ ـ ١٠ /٦/ ١٩٨٦خۆی دەرباز کردو گەیشتە دیوی قزلەر، هەرکە بەو ڕاکردنە زانرا لە هەموو لایەکەوە پێشمەرگەو پشتگیری بۆی دەرچوون بۆ دەستگیرکردنی، بە ڕێکەوت ئەکەوێتە دەستی کۆمەڵێك پشتگیریو

ئەینێرنەوە یاخسەمەرو ئەخرێتەوە کونجی زیندانەکەی خۆی، لەوە ئەچوو ڕاکردنەکەی تەوقیت بووبیّو ڕووەو لای حکومەت بێت، چونکە هەندیّ لە لایەنگیرەکانی تەسلیم بوو بوونەوەو بوو بوونە جاشو چاوەڕوانی بوون لە هەلێکدا ڕابکات یان بچێتە سلێمانیو لەویّ بمێنێتەوەو کارەکانی ئەنجام بدات، دوای ئەم هەوڵە سەرنەکەوتووە خرایە زێر لێکۆڵینەوەو بەئاسانی دانی بەکردارەکانیدا نا، ئەمە کارێك بوو کەس‌وابەئاسانی بڕوای نەئەکرد مەلا ئاوا چۆکی بشکیّو هیچ خۆی ڕانەگریّ بەبیّ ئەوەی ناهەقییەکی ئەوتۆی بەرامبەر بکریّ کە ڕەفتاری زیندانییەکی سیاسی لەگەڵ ئەکراو پێداویستی باشیشی بۆ دابین کرابوو، لەئەنجامی ئەم هەڵوێستەدا ئاش لەناو خۆیاندا دوو ئاراستەیان هەبوو: یەکێکیان مەلایان بەخائینو ئەوی تریشیان بەسەرکردەیەکی پیرۆزیان لەقەڵەم ئەدا.

ئەمەش لەئەنجامی ئەووەزعەی کەئەوانی تێکەوتنو ئەو خەونەیان نەهاتەدیو بگرە بوونە ئاردی بن درك لەجیاتی ئەوەی لەڕێگەی کودەتایەکەوە ببنە خاوەن دەسەڵات کەچی بەشێکیان تەسلیم بوونەوە، بەشێکیان خۆیان حەشارداو هەندێکیان ڕێگای هەندەرانیان گرتەبەرو ئەوانەی مانەوە ڕایان کردە بندەستی بەرەی جود کەتا دوێنیّ قسەی ناسازو توندیان پێئەگوتن.

ئەمەیە سەرلێشێواوی هەندیّ خەڵکی ساویلکەی سیاسی کە بۆ نیازی خۆیان جڵەوی چارەنووسی شۆڕشێك یان حیزبو ڕێکخراوێك ئەدەنە دەست قەدەرو پاشەڕۆژیش بە هەڵە حوکمی بەسەردا ئەدرێت، بەتایبەتی هەندێك‌وای بۆ ئەچن کە ئازادی فیکرو بیرکردنەوە نەبێت، نازانن کە ئەمە پەیوەندی دوورو نزیکی بە ئازادیو فیکرەوە نییە، بەڵکو هەرزەیی لە بیرو بۆچوونو هەڵوێستدا بۆ بنیاتنانی کەسێتیو دەستکەوتی ڕۆژ ئەمە دێنێتە پێشەوە کە حوکمدانیش لە سەری ڕاست دەرناچێت.

دوای گفتوگۆ بواری چوونە ناو شاری سلێمانی بۆ چالاکی کردن تەسك بوو بووەوە، هەموو شارۆچکەکان بە هێزی سەربازیو دەزگا داپلۆسێنەرەکان ئابلۆقە درابوو، لەگەڵ ئەوەشدا جارناجار پێشمەرگە لەهەموو داوەکانی دوژمن تێئەپەڕینو دەستیان لە پیاوەکانی دوژمن ئەوەشاند.

شەوی ٧ـ١٩٨٦/٦/٨ مەفرەزەیەکی بچووکی تیپی ٥٥ی قەرەداخ بە سەرپەرشتی جێگر تیپ هەژار دەرەویانی ئەچنە ناو شارەوە بۆ دەستگیر کردنی چەند خۆفرۆشێك‌وترس‌و بیم خستنە دڵی ڕژێمەوەو شکاندنی قفڵی ئەو دەرگای ترسە کە دەمێك بوو کەس نەیئەتوانی بچێتە ناوشار. بەڵام ئەمان ئاشکرا ئەبن‌و ئەکەونە شەڕی دەستەو یەخەو پاش بەرەنگار بوونەوەیەکی قارەمانانەی کەم‌وێنە هەژارو چوار پێشمەرگەی تر شەهید ئەبن‌و دوو پێشمەرگەی تریان بەئازایەتییەکی سەرسووڕهێنەر دەربازئەبن، شەهید بوونی هەژار زیانێکی گەورە بوو لە تیپی ٥٥ی قەرەداخ، چونکە ئومێدی پاشەڕۆژێکی باشی لێئەکرا، تا ئەوپەڕی ئازایەتی‌و جەربەزەیی تێدا ئەبینرا، نە ئەبوو ئەم ڕووداوە بێتۆڵەکردنەوە تێپەڕێ، بۆیە تیپی ٥٥ی قەرەداخ لەیادی چلەکەیدا ڕۆژی ١٩٨٦/٧/١٧ پەلامارێکی فەوجی دەمرکانیان داو تەفروتونایان کرد بە جۆرێك دوژمن تەوەقوعی ئەمەی نەئەکرد.. دەستکەوتی زۆرو زەوەند هەبوو، ئەمە سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ هێزی پێشمەرگە، دوای ئەم چالاکییە لەسەرکردایەتییەوە داوای هێزێك لە مەڵبەندی یەك کرا، لە هەموو تیپەکان هێز ڕەوانەی سەرەوە کرا هەمووی لەدەوروبەری کونەماسی‌و دۆڵبێشکەکان‌و قامیش‌ووولاخلو دابەشبوون بۆ ئێشکگرتنی ناوچەکەو پاراستنی دەوروبەری سەرکردایەتی.

تا لەڕۆژی ١٩٨٦/٩/١ یەکەم هێرشی دوژمن دەستی پێکرد کەبەشەڕی قەیوان ـ ماوەت ناسراوە، هەرچەندە یەکەم هێرش زۆر گەورەو گران نەبوو، بەڵکووەکو تاقیکردنەوەیەك بوو، بەڵام ڕۆژانە نیازەکانی دوژمن ڕوون ئەبووەوە کە مەبەستی دەرپەڕاندنی پێشمەرگە بوو لە شوێنەکانیان‌و کۆسپ خستنە سەر ڕێگای ئەو چەك‌و تفاقانەی لە ئێرانەوە ئەهات کە کاتی خۆی کەرەسەیەکی زۆری عەسکەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئێراندا دەستی بەسەردا گیرابوو لەو دواییانەدا بەشێکی ئازاد کراو ڕۆژانە کاروانی جۆراوجۆر ئەگەیشتە بارەگاکانی سەرکردایەتی‌و حکومەتی عێراق لەمە شێتگیر بوو، سەرەتا لە قوڵی دۆڵ بێشکەکانەوە پەلامار دراین، دواتر مەودای شەڕەکە

فـراوانتر بـووەوەو بـەرەو خـوارتر داكشـا بـۆ دەوروبـەری شـاخەكانی قـەیوان و دووبرا. بەڵام بەووڕەی پڕ لە نەبەزی پێشمەرگە هەموو هێرشەكان تێكشكێنرا، بۆ تێكدانی بەرنامـەكانی حكومـەت هێـزی پێشـمەرگەی كوردسـتان پـەلامارێكی ناحیەی كارێزەیان داو گرتیان، دیل و دەستكەوتی باشی تیا هـەبوو، بەڵگەنامـەی نهێنی زۆر كەوتە بەردەستی شۆڕش، جێگـەی داخـە كەسێكی دڵسـۆزو پیـاوێكی دۆستی (ی.ن.ك) بەناوی كاكە حەمەی مەلا عـەلی كەخـەڵكی كوردسـتانی ئێـران بوو بەئەركی شۆڕش چووبووە لای لێپرسراوی شارەكەو گل درابووەوە شـەهیدی ئەكـەن. كـە دوژمـن هێرشـێكی بـەربلاو لـە قـوڵی دۆڵبێشكەوە ئەكاتـە سـەر سـەنگەرەكانی پێشـمەرگەو بـەخرایی تێئەشـكێت و هێزەكـە ڕائەكەنـەوە مۆڵگاكانیان وەكو پیشەیان بوو تۆپبارانی سەنگەرەكانی پێشمەرگە ئەكەن، ئالەو كاتـەدا جێگـر تیپـی ٥١ی گـەرمیان كـاك شـێخ جـەمال لەگـەڵ پێشـمەرگەكانیا بەدوور بین تەماشای شوێنەكانی دوژمن ئەكات ناكاو گوللەیەك دێت و دڵی ئـەو مەزنـە مرۆڤـە ئـەسمێ و گیـانی پەپوولـەیی بـاڵ ئەگرێتـەوە بـەرەو جیهـانی سەرووەری، چـەندە ستەمە ئـەم كەڵـە مرۆڤانـە كەبەشـداری ئەخشـاندنی دەیـان تـابلۆی قارەمـانێتی ئەكـەن مـەرگی بـێ‌ووره لێیـان نزیـك ئەبێتـەوەو چـەپكە نێرگـزی باخچـەی ژیانیـان هەڵئـەوەرێنێ. شـێخ جـەمال یـەكێك لـە كـوڕە دلێرەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بوو، تـابلێی بزێـوو گورجـو گـۆڵ بـوو، قەت سرەوتی نەبوو، هەمیشە لە هەوڵی دەستوەشاندنی دوژمنـدا بـوو، بۆیـە لای دوژمن زۆر گـەورە بـوو، لـە ڕێگـەی خۆفرۆشـەكانەوە نەخشـەی لـەناوبردنی بـۆ دانـرابوو. شەهید بوونی كەلێنێكی درووستكرد لە هێزەكەماندا.

ئەم شەڕە ماوەی ١٠٢ ڕۆژی خایاند، زیانێكی زۆر لـە هێزەكـانی ڕژێـم بـە سـەربازو جاشـەوە كـەوت كـە بـە سـەدان ئـەژمێردرێ. چـەندین پێشـمەرگەو فەرمانـدەش شـەهید كـران. لـەم شەڕانەشـدا پێشمەرگەی لایەنـە ئاشـتبووەكان بەشدارییان كرد، گەر چی لە ئاستێكی كەم و بچووكدا بوو.

ماوەیـەك پـێش ئەمـە برادەرانـی حشـع لەئـەنجامی ناردنی وەفـدێك بـۆ سـەركردایەتی (ی.ن.ك) ڕێككـەوتن لەسـەر مەسـەلەی بنـەڕەتی بانگـەوازی

ئاشتبوونەوەی گشتیو ڕەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ نەهێشتنی سەلبیاتی ڕابوردوو. ئەمەش لە خۆیدا هەنگاوێکی باش بوو بۆ دووركەوتنەوە لە هەڵوێستی بیرتەسكیو ڕقو كینە لە دڵابوون بە تایبەتی لە نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکانی شاخدا کە نەبێ یەکریز بن بۆ لێدانی دەسەڵاتی دوژمنی عەفلەقی..نەبێ هەرچی ناکۆکییە لاوەکییەکانە وەلاوە بنرێ، چونکە لە هەلومەرجیوادا ناکرێ خانەیەك بۆوەها بیرکردنەوەو هەڵوێستی دژایەتی کردن بکرێتەوە کە لە قازانجی کەسدا نییە..! دوای ئەم ڕێککەوتنە دەستەو مەفرەزەکانیان گەڕانەوە گەرمیانو کەوتنەوە جموجووڵی خۆیان لە ناو جەماوەرو هاوکاریکردنی ئێمەش بۆ پتەوکردنی دۆستایەتیو ڕووکردنە لێدانی هێزەکانی داگیرکەر، ئێمە ئەو کاتە لە بیری تۆڵەکردنەوەی شەهید شێخ جەمالدا بووین بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ برادەرانی حشعدا پێکهاتین چالاکییەکی هاوبەشی تۆڵەسەندنەوە ئەنجام بدەین.

ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٢٥ هێزێکی هاوبەشی هەردوولامان کەبریتی بوو لە چل پێشمەرگەی یەکێتیو بیست پێشمەرگەی حشع ڕووئەکەنە کانی شیرینەکەی قادرکەرەم بۆ لێدانی کاروانە سەربازییەکەی ڕژێم، هەر کە کاروانەکە نزیك ئەبێتەوە ئەکەوێتە بەر ڕێژنەی گوللەی تفەنگی پێشمەرگەکان، هەر فیشەکێك ئەچزایە گیانی سوپای داگیرکەردا داستانی تۆڵەی نوێ ئەکردەوە، زیانی دوژمن ٥٠ کوژراو زیاتر بوو، لە ناویاندا یەك ئەفسەری عەقیدو ملازمێكو دە ئیستخباراتو چەند جاشێك، دوو جاشیش بە دیل گیران، هەشت ئۆتۆمبیلی سەربازی سووتێنران، چەکێکی زۆر دەستکەوت بوو، لە ناویاندا ڕەشاشێکی بیکەیسیو جیهازێکی ڕاکاڵ بە (تجهیز قدرەو مجفر)ەوە، هەروەها تیۆتایەکی پێکابیش. بیکەیسیو چەکەکانو ئۆتۆمبیلەکە درا بەبرادەرانی حشعو جیهازە ڕاکاڵەکەش بۆ یەکێتی. زیانی ئێمەش شەهید بوونی کادیری حشع کاك کاوە بوو. ئیتر پاش ئەم چالاکییە دوژمن بەکاروانو هێزی زۆرەوە هاتو چۆی قادرکەرەمی ئەکرد، کە زانیاری هەبوایە لەو نزیکانە پێشمەرگە هەیە دەرنەئەچوو.

ڕۆژێك لە ئاوایی جەلالی بناری گل بووین کە لەنزیکی جادەی قادرکەرەم - دووزە، دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە هات، ئێمەش لە ناو دێیەکەدا دامەزراین، دوو کۆپتەریش بەئاسمانی دێیەکەدا ئەسووڕانەوە، لەگەڵ عەسکەری جێگر کەرتدا لە ماڵێکدا بووین، کۆپتەرەکان دێکەیان بەڕۆکێت داگرتەوە، یەکێك لە ڕۆکێتەکان بەرماڵەکەی ئێمە کەوت، ژنی هاوسێ ماڵەکە هاواری کرد تراکتۆرەکەیان سووتا، منیش چوومە هاواریەوە تومەز خانووەکە بەرکەوتووەو تراکتۆرەکە هیچی لێنەهاتووە، هەر ئەوەندەم زانی گرمە هاتو خانوو بەسەرما تەپی، کۆپتەرەکە جارێکی تر لێیدایەوە، بووم بەژێر تەپو تۆزو دارو پەردووەوە، بە پەلە پروزە دەرباز بووم، چوومە کۆلانێکەوە یەکپارچە دووکەڵ بوو، لەو لاوە هەندێك حەسامەوە ئینجا گەڕامەوە بۆ ماڵەکەی خۆمان ئەویش بەرکەوتبوو، ڕۆکێتێك لە بەردەم پەناگەی ماڵەکەی دابوو، لەناو پەناگەکەدا ژنێك کە ناوی گورجیە ڕەشید عەلی بوو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، ئارەقی زۆری کردبوو، پێش هاتنی کۆپتەرەکان نانی بۆ خاس ئەکردین، پاش ڕۆیشتنی کۆپتەرەکان بۆ نان خواردن کۆبووینەوە، هێشتا نانەکەمان تەواو نەکردبوو گورجیە زەندەقی چوو شەهید بوو، بەم دیمەنە زۆر دلگران بووین، کە لە ماڵەکە دەرچووین بۆ ناو دێ ژنێکی ترم بینی تێکچوو بوو، لەگەڵ پیاوەکەیدا دەمەقرەی بوو، ئاگای لە دنیا نەبوو، چونکە لە نزیکیدا ڕۆکێتێك تەقیبووەوەو کاری تێکردبوو، بەعس بە هەموو شێوازێك کاری کردووە کە مرۆڤی کورد بکوژێ، ئاسەواری نەهێڵێ، زیاتر ترس بخاتە ناخیەوە. شەڕی بە تەنیا دژی هێزی پێشمەرگەی چەکدار نەکردووە، بەڵکو دژی هەموو کورد بووە، دەستی لە گەورەو بچووكو پیرو پەککەوتەو منداڵو ژن نەپاراستووە، بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە لەدێ دەرچووینو بەرەو بنار بووینەوە. خەمەکەشمان زیاتر هی ئەوە بوو کە نەمانئەتوانی دژی ئەو کۆپتەرانە شتێك بکەین.

ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٦ لەلایەن مەڵبەندەوە ئاگادارکراینەوە کۆببینەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکی گەورە، بۆ ئەم مەبەستە چوومە دێی مێولێو سەردانی کاك ئازادی سەگرمەم کرد، ئەو لە سەرکردایەتی گەڕابووەوە، لە شێوەو شوێنی چالاکییەکە ئاگاداری کردمەوە کەهەندێك لە ئەرکەکان بەو سپێردرا بوو.

لـه سـەرکردایەتییەوە تەقەمەنییـەکی زۆر بـەتراکتۆر گوێزرابـووەوە سنووری تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، بەشـەکەی مەڵبەنـدی یـەك بـە سەرپەرشتی کـاك عـادل شـکورو مـام سـاڵەح گـۆڕی ئەسـپی لـە بـەری هەمەوەنـد لەلایـەن کـاك ڕۆستەمو کاك حەمەڕەش بۆ سنووری تیپی ٥٧ی سەگرمە گوێزرایەوە، هەنـدێ پسپۆڕی ئێرانیش درایە دەستمان.

ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٨ گەیشـتینە قـەیتول‌و هەرێنـە، چـاوەڕوانی گەیشـتنی چەکەکان بووین، لە شوێنێکدا پسپۆڕەکانمان دانـا، خۆمـان چووین بـۆ ناوچەی هەمەوەنـد، ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/١٠ لـەدێی خاڵـدان چـاومان بـەکاك شـەوکەت‌و کـاك ڕۆستەم‌و مام ساڵەح گۆڕی ئەسپی کەوت.

ئێمە چاوەڕوانی ئەوە نەبووین ئەو کـارە بەپەلـە ئـەنجام بـدرێ. کەچی کاتژمێری چواری پاش نیوەڕۆ لەلایەن کان نەوشیروانەوە برووسکەمان بـۆ کـرا کەهەر ئەمشەو ئەبێ چالاکییەکە بکرێ. کـاك شـەوکەت داوای دواخسـتنی کـرد چونکە هێزەکـانی مەڵبەنـدی یـەك فریاناکـەون، بـەڵام کـاك نەوشـیروان‌وەڵامی دایـەوە: ئـەبێت هـەر ئەمشـەو ئـەنجام بـدرێ ئەگـەر ئەمشـەو نـەکرێ دیـارە ناتانەوێ ئەنجامی بدەن.

من بە کاك شەوکەتم‌ووت: کام لامان پێ ئەسپێرن ئەنجامی ئەدەین. ئەو ئەمـەی زۆر پێ‌چـاکبوو، بەشـی خۆمـان چـەك‌و تەقەمـەنیمان جیـاکردەوە کـە بریتـی بـوو لـە دوانـزە تـەن قومبەلـەی ١٢٠ملـم‌و یـەك کاتیۆشـای ١٢ دانـەیی، کاتژمێر ٥ی ئێوارە دنیا تاریـك بـوو، لـە خاڵدانـەوە چووینەوە قـەیتوول، لـەوێ کاتیۆشاکەم تەسلیمی دەستی کاك دلێر جاف‌و حاجی حەبیبی تۆبچی کـرد کـە بچینە دێی تۆپخانەی زەمبوور لـەوێ دابمـەزرێن تـاکو هـەموو هێزەکـە ئـەگات. ئـەوان ڕۆیشـتن‌و ئێمـەش بـەدوایانا، زۆر درەنـگ بـوو کاتـژمێر ٣ی شـەو لـەو شوێنەی دیـاری کرابـوو دەسـتمان کـردە لێدانی کۆمپانیـای نـەوتی زەمبـوور بـۆ مـاوەی یـەك کاتـژمێر، گڕوبڵێسـە لـە نەوتەکـە بـەرز بـووەوەو بـەری ئاسمـانی گـرت‌و ئەو ناوەی کـردە ڕۆژی ڕووناك. هەموو نـیشانەکانمان بـە باشی پێکـاو بە بەرچاومانەوە ئەسووتان، دوژمن لای خۆیـەوە بەچـەکە دژی ئاسمانییـەکانی ناوجەرگەی ئاسمانی سوور کردەوە.

زیانەکانی دووژمن لەم قۆڵەوە بە ٧٠٪ مەزەندە دەکرا دوای ئەنجامدانی کارەکە خۆمان کۆکردەوەو بە دوانزە ئۆتۆمبیل گەڕاینەوە، لەو کاتەدا هەندێ فڕۆکەی گەورەی دوژمن هاتنە سەرمان بۆ لێدانمان، بەڵام پێش ئەوەی بێینە دەست فڕۆکەیەکیان لە خۆیەوە بەر بووە خوارەوەو گڕی گرت‌و سووتا بێ‌ئەوەی تەقەی لێبکرێ. لەگەڕانەوەماندا لاماندایە دێ قیرچە زۆرماندووبووین ، چووینە ماڵێك لەگەڵ پسپۆڕێکی ئێرانیدا کە لەگەڵماند بوون ، تەماشا ئەکەین‌وێنەی هایدەو مەهەستی کە دوو گۆرانیبێژی دەنگخۆشی ئێرانین بەنیوە رووتی هەڵواسرابوو ، ئێرانیەکان ئەیانڕوانیەوێنەکان‌و سەریان بائەداو ئینجا یەکێکیان‌ووتی : ئەمەوێنەی قەحپەکانی ئێمەن لەهەموو دنیادا بڵاو بوونەتەوە ..هەرچەندە من لەگەڵ ئەو قسەیەدا نەبووم ، ئەوان مەرج نیە ئەو قسەیەیان لە ناخەوە کردبێ

ئەم چالاکییەی ئێمە بەشێکی بچووکی بەرنامەی داستانێکی گەورە بوو بە ناوی داستانی نەوتی کەرکوك کە کارە سەرەکییەکە لە قۆڵی کەرکوکەوە بوو، بەهێزێکی زۆرەوە بەپێی نەخشەیەکی گونجاو تۆپبارانی خەستی جەوەڵ بۆرو کەیوان کرا، بڕی چل تەن تەقەمەنی قورسی لێدرا، لە چەند لایەکیشەوە پەلاماری هێزەکانی دوژمن درا، بۆسەیان بۆ دانرا بوو، زیانێکی زۆر لەدوژمن کەوت لەڕووی ئابوورییەوە کە بەتەقدیر٣٠٪ بوو، جگە لەوە لە ڕووی سەربازییەوە هێزێکی زۆری لە پێکادانەکاندا کوژران.

ئەم چالاکییە دەنگێکی زۆری دایەوەو بەعسی شپرزە کرد، چونکە چالاکییەکە زۆر گەورەو کەم‌وێنەو لە قووڵایی دەسەڵاتی پڕ لە دڕك‌و داڵی تەنراو بەهێزی سوپایی متمانە پێکراو ئەنجامدرا بێ‌ئەوەی دوژمن هەست بە هیچ جۆرە جموجووڵێکی چەك‌و تەقەمەنی گواستنەوەو هەڵس‌و کەوتی هێزی پێشمەرگە بکات بۆ ئەو سنوورە دوورو گرنگە.

یەکەم دەنگوباسی ئەم چالاکییە لە ڕادیۆی تارانەوە بڵاوکرایەوەو دەوری (ی.ن.ك) ی فەرامۆشکردو شتەکەی کردە هی خۆیان کەلە حەقیقەتداوانەبوو، نەخشەو هێزی سەرەکی ئەنجامدەری چالاکییەکە (ی.ن.ك)

بوو، پسپۆڕەکان هی ئێران بوون. بۆیە نارەزایی ئاراستەی ئێران کرا، ئەوە بوو لە دەنگوباسی داهاتوودا دارشتەی ڕاگەیاندنەکە گۆڕاو دەوری (ی.ن.ك) تیا باسکرا.

ئەم چالاکییە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ (ی.ن.ك)و شێوەیەکی نوێ لە ئەنجامدانی کاری پێشمەرگانە بوو دژی دامەزراوە ئابووریو پیشەسازییەکانی نەوتی عێراقو پەیامێکیووریاکردنەوە بوو بۆ سەرانی بەعس کە (ی.ن.ك) هێزێکە ئەتوانێ دەست لە شوێنە گرنگە بایەخدارەکانی بوەشێنێ کە بڕبڕەی پشتی ئابووری شەڕەو بە پارەی نەوت بەردەوامی بەپرۆسەی شەڕی ماڵوێرانکەری داسەپاو بەسەر کوردستانو عێراقدا ئەداو لە جیاتی دانانی بەمافە ڕەواکانی گەلی کوردو ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو عێراق بەو ملیارەها دۆلارەی لە داهاتی نەوت دەستی ئەکەوتو پێشخستنی لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا کەچی سەرەڕای دزینی بەشێکی زۆری ئەو داهاتەو دانانی لە بانکەکانی جیهاندا بەشێکی تریشی ئەخستە خزمەتی ئەو بەرنامە سازییەی جەنگێکی بێهوودە لەگەڵ کوردو دراوسێکانیدا کە شەڕ فرۆشتن بە ئێران ڕوویەکی ڕەشی ئەو سیاسەتە نگریسەی بەعس بوو. گەرچی هەندێ لایەنی شارەزایانی سیاسیوای بۆ ئەچن ئەو جەنگە بەپێی نەخشەیەکی دەوڵەتی ڕەنگڕێژی بۆ کرابێو سەدام لە دواقۆناغدا پاڵەوانە دۆڕاوەکەیەتی.

هەرچەندە لە جێبەجێکردنی نەخشەکەدا هەندێ کەمو کوری هەبوو بەڵام بەمە زرمەیەکی توند لە جەستەی بەعس سرەوێنرا، هەروەها بۆئەوەی تێبگا کە لووت بەرزیو باڵادەستی هێزو خۆ بە کەڵەگا زانی ناکاتە ئەوەی کەس نەوێرێ خۆی لە قەرەی بدات.

هەر لەو کاتانەدا شەڕی قەیوان ـ ماوەت گەرم بوو، بە تایبەتی لە قۆڵی حەسەن بەگوولاخلوو، ناوەڕاستی مانگی ١٩٨٦/١١ بوو داوای هێزێکیان لێکردین بۆ ئەو بەرەیە، هێشتا بە ڕێگاوە بووین لە دێی حاجی ئاوای سنووری تیپی ٢٣ی سووورداش لە ئیزگەوە باسی گیرانیوولاخلوو لەلایەن دوژمنەوە بڵاوکرایەوە، کە لەم شەڕەداووریا شێخ ڕەشیدی خەڵکی قەڵای سەنگاو شەهید

بوو، کە گەیشتینە سەرکردایەتی کاك نەوشیروان ڕەوانەی دۆڵی سەفرەی کردین بۆ لای کاك جەبار فەرمانو خۆیشی بەرەو ئێران بەڕێکەوت بۆ گەشتێکی دمرەوەووا باس ئەکرا کە شەش مانگی پێئەچێت.

دنیا زۆر سارد بوو، بەفری زۆر دایکردبوو، ڕێگای هاتو چۆ گیرا بوو، ئەبوایە لە کوێستانی سێگۆمانەوە سەرکەوین، بەڵام ئێمە ڕێگایەکی ترمان گرت، بە عەزیەتێکی زۆر کاتژمێر ١٠ی شەو گەیشتینە گەلاڵەی دۆڵی سەفرەو زەروون، دوای حەسانەوەیەکی کەم ئێوارەی ڕۆژی ئایندە سەریان خستینە سەرشاخی برزوتو بالۆسەو دۆڵی قامیش بۆ گۆڕینی تیپەکانی ٥١و ٥٥.

لە ڕاستیدا ئەم گۆڕینە کارێکی بێهوودە بوو، جەبهەکە بە تەواوی لە دەست درابوو، بە هۆی گرتنی شاخی حەسەن بەگو دێیوولاغلوو پێشەوەی شاخی بالۆسە. لە هەندێ لاوە سەنگەری پێشمەرگەکان کەوتبووە ناو قوڕگی هێزەکانی دوژمنەوە بواری خۆپاراستن نەمابوو. لەهەردوو دیوی ماوەتوولاخلووەوە تۆپباران ئەکران. کەسیش زاتی ئەوەی نەبوو ئەووەزعە بە سەرکردایەتی بڵێ نەبادا بە ترسنۆك لە قەڵەمی بدەن. زۆر جاروابووە هەندێ کارو ئەرکمان بە کوردەناموسە کردووە، زیانی باشیشمان لێکەوتووە، جگە لەوەی شەڕی بەرەیی بۆ هێزێکی بچووکیوەکو (ی.ن.ك)و دواکەوتوویی تەکنیکی چەك لە شوێنی خۆیدا نەبوو، بە ناچاری ئەم شێوازە شەڕەمان هەڵبژاردووە هەرچەندە سەروەری زۆرمان تۆمار کردووە، زیانی مادیو مەعنەوی فراوانو بەدوژمنو هێزەکانی کەوتووە.

بۆیە ئێمە کەوتبووینە مەوقیعی بەرگری سەلبییەوەو نەمانتوانی گۆڕانێکی عەسکەری بە قازانجی خۆمان ئەنجام بدەین. هەر لەو کاتانەدا دوژمن دزەی کردو هێزی سەرخستە سەرشاخی گۆجار بە تایبەتی ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٢٦ کۆپتەر لە سەر ترۆپکی شاخی گۆجاڕ دابەزیو کەلو پەلو کەرەسەی ڕەبایەیەکی داناو هێزی سەربازی تێدا مایەوە کە ئەو شوێنە سەختریین شوێنی ئەو کوێستانە بوو. کەواش دانرا بوو هێزی خۆمانی لێبێو قایمکرابێ، کەچیوانەبوو، هێزەکەمان لە خوارتر بوو، نەیانتوانی بوو

سەرکەون، دۆخی جەبهەکە زۆر خراپ بوو، لە لایەك سەرماو سۆڵەو بەفرێکی زۆر باریبوو، نان‌و خواردن هەرچەندە زۆر بوو بە ئاسانی نەئەگەیشت، جگە لەوە شوێنەکەوەکو زمانێك لەدەمدا بێ هاکا ئەو دەمە بنوقێ، لەلایەکی تریشەوە دوژمن هەر لە پێشڕەویدا بوو بە دوو مەبەست: یەکێکیان جێپێ قایمکردنی خۆی بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هێزەکانی ئێران‌و ئەوەی تریشیان تەنگ پێهەڵچنینی هێزەکانی یەکێتی بوو لەو ناوچەیەدا کەهەم ڕێگای هاتووچۆی ئێرانی بوو، هەم بارەگاکانی سەرکردایەتی لەو ناوە بووو هێزێکی زۆریشی گردکردبووەوە بۆ پاراستنی. دیارە دوای گرتنی دێ‌ی‌وولاخڵوو بڕیار بوو کاك قادری حاجی عەلی بەهێزێکەوە سەرکەونە سەر چیای گۆجاڕ بۆ ڕێگری کردن لە سەرکەوتنی دوژمن بۆ ئەوێ‌و دوورخستنەوەی مەترسی بۆ سەر دۆڵی گەلاڵەو سەفرەو زەرروون ، کاك جەبار فەرمانیش هەموو ڕۆژێك ئەو مەسەلەیەی دووپات ئەکردەوە لێیان ، کەچی ئەوان سەر نەکەوتبوون ، تاکو ئەو ڕۆژە بە بەر چاومانەوە کۆپتەری لەسەر دابەزی .. من بە کاك جەبارم‌ووت : ئەرێ کاك قادر کۆپتەری پێیە ..؟ کاك جەبارووتی : نەخێرووتم : ئەوە تا کۆپتەر بەسەر گۆجاڕەوە نیشتەوە ..با ئێمە فریای خۆمان بکەوین‌و چارەیەك بدۆزینەوە ، بۆیە کاك جەبار ئێوارەی هەمان ڕۆژ بڕیاری دا من‌و مامۆستا جەمال بە هێزێکەوە سەر کەوینە سەر گۆجاڕ . ئێمەش بە هێزیکەوە بۆ سەر شاخ بەڕێکەوتین ، دنیا زۆر سارد بوو ، بەفرێکی بێ ئەناز باریبوو ، هەتا بەرز ئەبووینەوە ڕێژەی بەفر بارینەکە زۆرت ئەبوو لەگەڵیشیدا توانای ڕێکردنمان کەمتر ئەبووەوە ، سەرماش توندتر کاری تێئەکردین ، خەریك بوو ڕەق ئەبووینەوە ڕووشمان نەئەهات قسە بکەین تەنانەت دەستیشمان چەکی نەئەگرت .. بۆیە لەگەڵ مامۆستا جەمالدا کەوتینە قسەوووتم : مامۆستا ئەگەر ئێمە بچینە سەرەوەش ئایا ئەتوانین شەڕ بکەین..؟ مامۆستا جەمال‌ووتی:وەڵا نازانم ..؟ووتم : یاڵلا با بگەڕینەوە.. مامۆستا جەمال لە من زۆرتر حەزی بە گەڕانەوە ئەکرد ناهەقمان نەبوو ..کە چووینە خوارەوە هەموو شتەکانمان بۆ کاك جەبار باسکردو ئینجا ڕێوشوێنی ترمان بۆ بەرگری کرد دانا .

شایانی‌ووتنه هەر لەم ڕۆژەداوەفدێکی برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتنه سەفره کەبریتی بوون لە فازیل مەتنی‌و فەرەنسۆ هەریری‌و ئازاد قەرەداخی کە لە هەنگاوێکدا بۆ بەپیرەوە هاتنی بانگەوازی ئاشتبوونەوەی گشتی هاتبوون کە پێشتر بە ناوبژیوانی ئێران هەڤاڵ مام جەلال سەردانی ئێرانی کردبوو بۆ گفتوگۆ لە گەڵ پارتی‌و چاوی بە ئیدریس بارزانی کەوتبوو تا دواجار لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/٧ دا ڕێککەوتن لە نێوان هەردوو لایاندا مۆربکرێ‌و لەلایەن کاك جەبار فەرمان‌و برادەرانەوە پێشوازیان لێکراو شەو گەیشتنە گەڵاڵەو بەیانییەکەی بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکران. فازیل مەتنی لە ڕێی ئەشکاندا بۆ سەفره کە ٣ ـ ٤ کاتژمێرە قاچی ئەخلتێ‌و ئازاری پێئەگات، بە سواری‌وولاخ گەیشته لامان چونکه لە دوای ئاشبەتاڵەوە ڕێگەی نەکردبوو، ناسك بوو بوو. چەکدارەکانی پارتی باوەشیان پیائەکردو سواریان ئەکردو دایان ئەبەزاند لەوولاخەکەو مەسینەیان بۆ ئەبردە سەر ئاودەست. ئێمەش هەمیشە لە ژیانێکی دژواری پڕ لە شەڕو ئازارو پەلامارو هێرش‌و زۆرانبازیدا بووین لەگەڵ ڕژێمدا. کە ئەووەفدەی پارتی هات ئێمە هێرشێکی سەختمان لە سەر بوو، لەو جەبهەیەدا ٨ ڕۆژ بەوپەڕی زەحمەتییەوە مابینەوە، هەرووەرەو دڵسۆزی پێشمەرگە بوو ئاوقای ئەو هەموو مەینەتییە بێتەوەو تادوا هەناسەش زرمەی دەستی بێت، ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٣ ناکاو دوژمن هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەرمان، بەجەربەزەیی پێشمەرگەکان هێرشەکە تێکشکاو لووتی چزا بە سکڵی دلێری کوڕانی گەرمیانداو زیانی باشی لێکەوت. لەم هێرشەدا ڕۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان فەرماندەی کەرت حەمە تیماری گیانی بەخشی. دوژمن بەمەوە نەوەستا سەرلەنوێ خۆی ئامادە کردەوەوەکو چۆن لەبەرەکانی شەڕی ئێران ـ عێراقدا هەرچی لە تواناد بوو بەکاری ئەهێنا ئاواش هەڵیئەکوتایە سەر سەنگەرەکانمان، هێزی پیادەی زۆرو زەوەندی لە سەربازو جاش تەییار کردبوو، تانك‌و زرێپۆشی فرەی سازو ئامادە بوو، هەموو جۆرە چەك‌و جبەخانەیەکی نرکەی ئەهات‌و بێوەستان بۆ ساتێکیش بەندەن‌و بالای کەژو کێوەکانی ئەهەژاند، جگە لە ئاگرو ئاسنبارین هیچ شتێکی تر نەبوو.

تەنانـەت سروشـتیش خـەمبارو کەسـەر. لـەو کاتانـەدا کـاك ئـازادی سـەگرمە بەهێزێکــەوە گەیشــت بمــانگۆڕێ بــەڵام دوژمــن دزەی کردبــووە پشــت هێزەکەمانەوە.

ڕۆژی ۱۹۸٦/۱۲/٤ هێرشێکی تونـدی کـردو شـەڕێکی نابەرامبـەری سـەخت بـەرپابوو، هێزەکـەمان شپرزە بـوو، زۆر شوێنیان لێگیرا. پاشـان شکاین. ئینجا تیپەکەمان لەشاخی برزوتو بالۆسە بۆ لای گەڵاڵە کشایەوەو لـەوێ سـەنگەرمان گرت.

هێزەکـانی تیپـەکانی ۳۷و ۵۷ لــە سـەفرەو گـردەرەش بـوون، دوژمــن ئەمجارەیان لەو قۆڵەوە هێرشیکردو شـەڕێکی قـورس ڕوویـدا، ئـەنجام سـەفرەش گیرا، ئـیتر بـواری مانـەوە لـەو دۆڵـەدا نـەماو بـەری جەبهەکە تائەهات تەسکتر نـەبووەوە، بۆیـە بڕیـاری کشـانەوە دراو بەکوێسـتانی گەڵاڵـەدا بـەرەو بەرگـەڵوو سـەرگەڵوو چـاڵاوە گەڕاینــەوە، زۆر شـەکەتو مانـدوو بـووین، بـەفری ئـەو کوێسـتانە هـەرای پێکـردین، هەنـدێ پێشـمەرگەمان بەهیلاکـدا چـوون. مـن لەپێشیانەوە بووم گەیشتمە سەر دارو شەخسەکەی شێخ محەمـەد لـە کوێستانی دۆڵـی شـێخ محەمـەدا کەبەدرێـژایی مێـژووی ئـەوگۆڕە داریووشکی ئـەو دەورو بەری لەسەر کەڵەکە کرابوو ، سەدان پارچـە پەڕۆی سـەوزی پیـا هەڵواسـرابوو، لەبــەر مانــدووبوونو ســەرمای پێشــمە رگــەکان ئــاگرم بەردایــە داری ســەر شەخسەکەو پێشمەرگەکان هەموو هاتنـە بـەریو خۆیـان گـەرم کـردەوە ، بـۆم ڕوون بـووەوە چـۆن خـەڵکی بـەخۆڕایی لـەدارو شـەخس ئەترسـنو جگـە لـە ئەفسانەیەك هیچی تر نیە.

هەڤاڵ مام جەلال ناردی بە دوامدا، چوومەی لای زۆر توورە بوو تاوانی شکستەکەی خستە ئەستۆی منو فـەرمانی لـە سـێدارەدانی دەرکـردم. بـەڵام برادەران پیاگەیشتنو داوای لێبوردنیان کرد، فەرمانی سزادانەکەم کەمکرایـەوە بۆ سێ مانگ تەجمید کردنو گواستنەوە بۆ تیپێکی دوور. لـە ڕاستیدا منوەکو فەرماندەیـەکی پێشمەرگە لـەو بەرەیـەدا هـیچ تـاوانێکم نـەبوو، پێشـمەرگەش ئەوەی لە دەستیان هاتبێ کردوویانەو درێغییـان نـەکردووە.. هـەر سـزادانێکیش

بۆ تێکشکانی پێشمەرگەو فەرماندەکانیان کارێکی قورسبوو مەگەر هەر ئێمە پێی قایل بووبین..ئینجا مەسەلەی شەڕی بەرەیی بەو کەرەسە سەرەتاییانەی ئێمە بەرامبەر ئەو هەموو توانایەی سوپای عێراق نەك بەراوورد نەئەکرا بەڵکو جۆرێك ملهوڕیش بوو. بۆیە شتێکی ئاسایی بوو گەر ئێمە لە بەرەیەکدا دەرەقەتی ئەو هێزەی دوژمن نەهاتبین.. بەڵگەش بۆ کەمتەرخەمی نەکردنمان ئەو هەموو شەهیدە بوو لە سەر ئەو لووتکە شاخانە گیانیان نەبەخشی.. لە لایەکی تریشەوە دوژمن کە شوێنێکی مەبەست بوایە بۆ گرتنەوە نەك بە پەلامارێ بەڵکو دەیان هێرشی بۆ ئەکرد، گوێیشی لە زیانی مرۆیی‌و مادی خۆی نەبوو، بەڵکو مەبەستی ئەو شوێنە بوو کە بە لایەوە ستراتیژی بوو.. ئیتر بۆچی حیساب بۆ ئەوە نەئەکرا کە بەراوورد لە نێوان ئێمەو دوژمندا لە هەموو ڕوویەکی کاری سەربازییەوە نەکرێ نە لە ڕووی ژمارەو نە لە ڕووی تەکنیکی شەڕو نە لە ڕووی بەرنامە ڕێژیشەوە.. کە لە بنەڕتیشدا ئێمە هێزێکی پارتیزان بووین‌و بە زۆر شەڕی بەرەییمان بە سەر خۆماندا سەپاند کە شەڕی بەرەیی تەنیا لە نێوان دوو دەوڵەتدا ئەکرێ کە هەردوو لایان توانایان‌وەکو یەك بێ یا لە یەکەوە نزیك بێ. ئەو هەموو شتانە ڕەچاو نەکرا یان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دانەنراو ئەو سزایە بە سەر مندا سەپێنرا..

دوای ئەمە لەگەڵ کاك جەبار فەرمان‌و کاك سامان‌و م.عەلی‌و دەستەیەك پێشمەرگەدا شۆڕبووینەوە بۆ دیوی قەرەداغ‌و گەرمیان، لەگەڵ خۆشماندا ئاغای ڕەحیمیمان بردە خوارەوە کەئەو کاتە فەرماندەی تیپ بوو لە قەرارگای ڕەمەزان.

گەیشتمەوە گەرمیان‌و چوومەوە ناو ماڵ‌و منداڵەکەم،ویژدانم قبوڵی نەکرد هەروا دانیشم‌و دەستبەرداری خەبات بم سەرەڕای ئەو سزادانە قورسە سەپێندراوە بە سەرمدا کە تاوانی منی تێدا نەبوو، بەڵکو هەلومەرجی جەبهەکەو هێرشە توندو بەربڵاوەکانی دوژمن‌و نەخشە بەردەوامەکانی بۆ گرتنی ئەو ناوچەیە هۆ بوون بۆ لەدەست دانی‌و شکستی پێشمەرگە. حەزو خولیای چالاکی کەوتە گیانمەوە. لەو ماوەیەدا لە مەڵبەندەوە هێز کۆکرایەوە

بۆ گرتنی سەنگاو بۆ جاری دووەم. کاك شەوکەت هاتەلام بۆ دڵدانەوەم‌وووتی: هیچ دڵگران مەبە هەڤاڵ مام جەلال سەرکردەی هەمووانە. منیش مەسەلەکەم بە گیانی شۆڕشگێڕانەوەرگرت، سزادانەکەم بە هەند هەڵنەگرت،وەڵامم دایەوەوووتم: ئێمە پێشمەرگەین، هەڵەش ئەکەین، هەقە هەر سزایەك لە سەرکردایەتییەوە دەربکرێت ئێمە پێش هەموو کەسێکی تر قبوڵی بکەین، ئینجا کاك شەوکەت پرۆژەی گرتنی سەنگاوی بۆ باسکردم، منیش لای خۆمەوە ئامادەی بەشداری کردنم دەربڕی‌وەکو پێشمەرگەیەك. کاك شەوکەت‌ووتی: تۆ مەسئولی پێشمەرگەی رووتەڵە نیت. رۆژی ١٩٨٦/١٢/٢٠ هێزەکەمان کۆکردەوەو شەو نەخشەی پەلاماردانەکەمان داناو بەو پێیە هێزەکەمان کردە چەند بەشێکەوە، هەر بەشەی لە قۆڵێکەوە. ئەبێ ڕەتڵی تیپەکانی ٥١، ٥٣ بچنە شوێن مەبەستە دیاری کراوەکان، پاشان ڕەتڵەکەی کاك شەوکەت بگات‌و جێگاکان قایم بکرێت بۆ ئەوەی بەیانییەکەی هێرشی تر بکەین‌و دوژمن ڕابماڵین، ڕەتڵی یەکەم بەئاسانی شوێنەکانیان گرت‌و ئەرکەکانیان جێبەجێکرد، لەگەڵ کاك شەوکەتدا جیهازمان کردەوە، لەسەر خەت نەبوو، کاك کاوە برایمان لە تیپی ٥١ ناردە لای قەڵای سەنگاو تاکو هێزەکەی بێنێ، کەچی بەیانی پێش خۆرکەوتن هاتەلامان، داوای کرد هیمەتێ بکەین شارەکە پاکسازی بکەین. کاتژمێر ١٠ ـ ١١ ی بەیانی هێرش دەستپێکرد شارمان کۆنترۆڵ کرد جگە لەمەرکەزو سەربازگەکە ئەویش کاك حەمەڕەش بەڵێنی گرتنی دا بەڵام من‌و کاك عادل قایل نەبووین، مەگەر تۆپی ١٠٦ملم لێی بدات ئینجا پەلامار بدرێ، ئەمەش نەبوو، بۆیە نەگیران. هەموو هێزەکەی دوژمن لەو دوو شوێنە خۆیان حەشار دابوو، چاوەڕوانی کۆمەکیان ئەکرد لە چەمچەماڵەوە بۆیان بێت، هەرچەندە بۆسەی باشمان دانابوو لەسەر جادەی سەنگاو ـ چەمچەماڵ بۆ لێدانی هەر هێزێك بیەوێ بگاتە فریای سەنگاو.

لە ماڵێکدا خەریکی نان خواردن بووم ناگام لەغەڵبەغەڵبێك بوو، چوومە دەرەوەو‌مزع شڵەژابوو،ووتیان هێزی دوژمن گەیشتووەتە ناو شارۆچکەکەو ڕەتڵەکەی کاك شەوکەت چووەتە قەراغ ماڵەکان. تومەز تەنیا

دەبابەیەکی بەرازیلی لە جنگی بۆسەکانمان دەرباز بووەو گەیشتوەتە ناوەوە، کە زانیویەتی پێشمەرگەی تیایە یەکڕاست بە ڕێگەی خۆیدا نەگەڕێتەوە بێنەوەی دەستی لێبوەشێنرێ، بۆسەکانوەکو پێویست دەوریان نەبینیبوو، ئەگینا ئەو دەبابەیە نەیئەتوانی دەربازبێ، ئێمە لای خۆمانەوە جارێکی تر کۆبووینەوە بۆ پەلاماردانی سەربازگەکە، کەنزیك بووینەوە عەقڵم نەیبڕی بە ئاسانی بیگرین جگە لەوەی زیانێکی زۆریشمان لێئەکەوێ، بۆیەوازمان لێهێناو گەڕاینەوە ناو ماڵەکان. ئەو ڕۆژە ماینەوە تاکو ئێوارە، شەوەکەی سەنگاومان بەجێهێشت، لەو دەورووبەرە خۆمان مەڵاس دا بۆ هەر پەلامارێکی دوژمن، بەیانی تائێوارە هیچ نەبوو، ئینجا بڵاوەمان لێکرد، لەم شەڕەدا زیانی دوژمن لەدیلو دەستکەوت زۆر بوو، ئێمەش پێشمەرگەیەکمان بە ناوی همزە ڕەش کە خەڵکی سەنگاو بوو شەهید بووو چەند بریندارێکی سووکمان هەبوو.

ساڵی ١٩٨٧

مەڵبەندی یەکوەزعی باش بوو، بەڵام پێویستی بە هەندێ ئاڵوگۆڕ هەبوو لە ڕووی بەڕێوەبردنو هەڵسووڕانو بەهێزکردنەوە. مانگی ١٩٨٧/١ بوو کاك قادری حاجی عەلیوەکو لێپرسراوی مەڵبەند هات، ئەو توانی کۆمەڵێك گۆڕانکاری بکات، لە دوای کۆبوونەوەی تێروتەسەل هەوڵدرا بەرنامەی باشترکردنی مەڵبەند دابنرێو دەست بدرێتە جموجووڵو چالاکی، کە بەراوورد بکرێت لەگەڵ مەڵبەندەکانی تردا ئەم زۆر کز بوو. یەکەم هەنگاوێك بۆ بەگەڕ خستنەوەی مەڵبەند لە ڕووی چالاکی شەڕەوە دانانی نەخشەی شەڕی ڕێگای سەرقەڵا ـ کفری بوو.

بە سەرپەرشتی کاك قادر خۆی هێز ئامادە کراو پەلاماری ڕەبایەکانی دەوروبەری ناساڵەح درا، بەڵام بەهۆی کەموکوڕی لە نەخشەکەداو نە شارەزایی ناوچەکەو نەزانینی توانای دوژمن، نەتوانرا سەرکەوتن بە دەست بهێنرێ سەرەڕای ئەوە ئێمە زیانی بەرچاومان لێکەوت. من تا مانگی ٤ / ١٩٨٧ لە

ماڵدا مامەوە، لەو ماوەیەدا لە مەڵبەندەوە داوای هێزکرا بۆ سەرکردایەتی، دیارە لە مەڵبەندەکانی تریش هەمان هێز داواکرابوو. هێزەکانی مەڵبەندی یەك بەشێکی لە ڕێگەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵانەوە بەڕێکەوتو بەشەکەی تری لە ڕێگەی تیپی ٢٣ی سووورداشەوە، منیش لای خۆمەوە سەرکەوتمە سەرەوە بۆ سەردانی سەرکردایەتی، دیارە کاك قادری حاجی عەلی هەڤاڵ مام جەلالی بینیبوو، ئەو باسی مەسەلەکەی منی بۆ کردبوو ئەویش لای خۆیەوە چاوی بە بڕیارەکەی خۆیدا خشاندبووەوە.

لە شەوی١٣ ـ ١٩٨٧/٤/١٤ کە شەوی داستانی ڕزگارییە بە فەرماندەی تیپی ٥٧ ی سەگرمە دانرام.وا دانرابوو ساڵی ١٩٨٧ بکرێتە ساڵی دەستوەشاندنی کاریگەر لە دوژمن لە هەموو لایەکەوە شەڕی گەورەی لەگەڵ بکرێ‌و بە تایبەتی سوود لە هەندێ هەلومەرجی شەڕی ئێران ـ عێراق‌وەربگیرێ، بە تایبەتی لەو ماوەیەدا لە لایەن ئێرانەوە دەنگۆی پەلاماردانی ناوچەی شارباژێڕ هەبوو، بۆیە یەکێتیش‌ویستی لای خۆیەوە کارێك بکات‌و گوشارێك بخاتە سەر هێزەکانی دوژمن‌و نەخشەی پەلاماردانەکەش کرا بە چەند قۆڵێکەوە:

- قۆڵی زمرۆون ـ گلاڵە ـ زینۆی سپی.
- شاخی گۆجاڕ.
- شاخی‌وولاخلوو ـ باڵخ ـ پیرئەلیاس.
- کلکەی پیرە مەگروون ـ قوڵە پووشێن ـ قوڵە سەوز.
- شاخی قەیوان ـ دووبرا ـ خەمزە.
- شاخی ئەزمەڕ.
- شاخی گۆیژە.
- شاخی گەومرە ـ شاخەسوور.
- شاخی قوڵە جاخ ـ خەجە لەرزۆك ـ کۆڕەنگ.

هەموو هێزەکانی یەکێتی لە شوێن مەبەستە سەرەکیەکانیان نزیکبوونەوە. دوژمن زۆر بێئاگا بوو لەوەی چی ڕوو ئەدات،وەختێکی زانی شەوی ١٣ ـ ١٩٨٧/٤/١٤ لە یەك کاتداو بە یەك تەوژمی شێر ئاسا هێزی

پێشمەرگە پەلاماری هەموو شوێنە دەست نیشانکراوەکانیانداو دەیان ڕەبایەو چەندین بارەگای سریەو بارەگای فەوجیان خستە ژێر کۆنترۆڵی گڕی چەکەکانیانو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لە چنگی داگیرکەریان دەرهێناو ئاسەواری دوژمنیان تێدا نەهێشت. هەر لەو شەوەدا لە قۆڵی شاخی گوڵێی بەری ماوەت ئێران هێرشێکی توندی کرد، بەڵام نەیانتوانی ئەوەی مەبەست بوو کە گرتنی شاخی گوڵێ بوو جێبەجێی بکەن.

لەم قۆڵەوە یەکێتی بەشداری نەکرد بەڵام ناوچەکە ناوچەی تیپی-٣٧ ی شارباژێڕ بوو لێی هاتنە ناوەوە، لەبەر ئەو شەڕانە تیپەکە ئەوێیان چۆڵکردبوو.

ئەو چالاکییەی یەکێتی ناونرا داستانی ڕزگاری، کە ڕزگار کردنی ناوچەیەکی زۆری گرتەوە، کە لە ڕووی کاری پێشمەرگانەوە شتێکی کەموێنە بووو دەنگێکی باشی دایەوە. ئەگەر هەموو بەرنامەی نەخشەکە جێبەجێ بکرایە بە تایبەت قۆڵی بورجەکەی ئەزمر ئەوا سەرکەوتنێکی مەزنتر ئەبووو بەشێکی زۆری ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عێراق پاک ئەکرایەوەو بگرە هەندێ شوێنی تری گرنگ ئەکەوتنە مەترسییەوەوەکو شاری سلێمانی. لەم شەڕانەدا هەندێ لە چەکدارەکانی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی عێراق بەشداربوون لەگەڵماندا وەکو هاوکاری کردنێک.

ئەم داستانە لە ڕادیۆی ئێرانەوە لە ژێر ناوی (فەتحی/٥) دا بڵاو کرایەوە، پێنج هەزار پێشمەرگەی یەکێتی بەو کارە هەڵسان تەنیا هەندێ پاسداری فەننیو شارەزایانی چەکی قورسو مین هەڵگرتنەوە لە قۆڵی ئەزمەڕدا بەشدارییان کرد.

داستانی ڕزگاری جارێکی تر ئەوەی دووپات کردەوە کە (ی.ن.ک) خاوەن دەسەڵاتێکی شۆڕشگێڕانەیە، بەرامبەر بەو دوژمنە باڵادەستە زەبەلاحەی خاوەن تەکنۆلۆژیای نوێ سەروەری گەورە ئەنەخشێنێ. دوژمنی عەفلەقی لەم زەبرە ڕاچەنیو هەستی بە کاریگەرێتی ئەم دەستوەشاندنە کردو ڕۆژی دواتر بە هێزێکی قەبەی سەربازیو بە پاڵپشتی تۆپخانەی قورسو کۆپتەرو

پیلاتۆس‌و فرۆکەی جەنگی‌و کاتیۆشای٤٠و هاوەنی هەمەجۆرو تەنانەت چەکی کیمیایی بەکارهێنرا، هێرشێکی سەرسەختانەی کردە سەر سەنگەرەکانی (ھ.پ.ك) لە پشتی خەمزەو چیای دووبراو گۆڕەنگ‌و شاخەسوور شەڕێکی نابەرامبەر بەرپا بوو کە هەشت ڕۆژی بەردەوامی خایاند، کە هیچی لە بەرەکانی ناوەڕاست‌و خوارووی عێراق کەمتر نەبوو بگرە توندتریش بوو، لەم داستانە گەورەیەدا دوژمن زیانی بێ ئەندازەی لێکەوت:

- گرتنی : ١١٧ ڕبیە، ٥ بارەگای سریە، ٤ بارەگای فەوج، ١ سەربازگەی گەورە.
- کوشتنی :١٧٦٢ کەس.
- بریندار‌بوونی :٢٨٥٦ کەس.
- بەدیلگرتنی :١٨٦ کەس
- هەروەها دەستکەوتنی سەدان پارچە چەکی جۆراوجۆرو کەل‌و پەلێکی زۆری سەربازی.

لە لای ئێمەشەوە ١٠٦ ڕۆڵەی بە ئەمەکی گەلەکەمان بە خوێنی گەشیان لووتکەی سەرکەشی ئەم سەرکەوتنەیان سوور کرد.

دوای هەندێ ئاڵوگۆڕ لە دۆخی شەڕەکەدا هەموو هێزەکانمان لە شاخی پیرکەو تەلاش‌و کونەکۆترو پشتی قۆڵەجاغ‌و پیربایز گیرسانەوە. هەر ڕۆژی دوایی ڕژێمی بەعس بە فرۆکە پەلاماری دێی شێخ‌وەسانانی دا، بە بۆمبی کیمیایی خەڵکێکی زۆری شەهید کرد لە ناویانا کۆمەڵێکی زۆر ژن‌و منالی بەستەزمانی تیابوو. کە لە یاسای نێو دەوڵەتیدا قەدەغەکراوە، بەلام کەسێك نییە لەسەر کورد هەڵبدات‌و بەرگری لێ بکات‌و ئەو ستەمەی لە سەر لاببات.

هەر لەم کاتانەداو بۆ چەواشەکردنی دوژمن‌و کەمکردنەوەی هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەکانی داستانی ڕزگاری، لە مەڵبەندی یەکەوە بە هاوکاری برایانی پارتی‌و حسك‌و حشع‌و بە سەرپەرشتی کاك جەبار فەرمان نەخشەی گرتنی ناحیەی قەرەداخ داڕێژراو شەوی ١٩ـ١٩٨٧/٤/٢٠ لە چەندین قۆڵی جیاجیاوە پەلاماری ڕەبایەکان‌و ناو شارۆچکەکە دراو لە ماوەی سێ سەعات‌و نیودا دەستی بەسەردا گیراو کۆمەڵێك دەستکەوتی زۆر کەوتنە دەست

پێشمەرگە لەوانە ٣ زریپۆش‌و ٣ ڕەشاش دیمترۆفو جیهازێکی ڕاکاڵ‌و جیهازێکی بێل، دەیان پارچە چەکی جۆراجۆرو هەشت ئۆتۆمبیل تەقەمەنی‌و شۆفلێك‌و کەلوپەلی دامودەزگاکانی ناحیەکەو کوژرانی ٨٥ کەسی دوژمن‌و بە دیلگرتنی ١٣٠ کەسی تر لە خۆشمان دوو شەهید هەبوو. ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو، ناوچەیەکی گرنگی سەربازی بۆ یەکجاری لە چنگی دوژمن ڕزگار کراو لەوەش بە بایەختر هاوکاری‌و بەشداری هێزەکانی لایەنەکانی تر بوو کە پشتیوانییەکی باش‌و دڵخۆشکەر بوو لە ڕووی ناشتبوونەوەی نیشتمانییەوەو هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی داگیرکەردا.

هەر لەم ڕۆژانەدا بوو لە دەشتە بە فەڕەکەی شارەزووری گڕکانی شۆڕشدا خەڵکی پڵیشاوەی ژێر قامچی دەستی داگیرکەران دژی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس ڕاپەڕین. ڕۆژی ١٣/٥/ ١٩٨٧ ڕۆژێکی‌وورشەدارە لە مێژووی بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی عەفلەقییەکان، هەر لە هەڵەبجەوە هەتا سیروان‌و خورماڵ‌و سەید سادق‌و عەربەت خەڵکی بە توندی‌ووروژان. هەڵسانێکی جەماوەری بوو کە دوژمنی ڕاچڵەکان‌و خستییە دوو ڕێیانی مەترسییەوەوای لێکرد بێ بەزەییانە بکەوێتەوێزەیان. تەنیا تاوانیان ئەوەبوو دژی ڕەفتاری بەعسیان بوون کە تەقەلای بێووچانی ئەدا بۆ قەلاچۆکردنی گەلی کورد. ئەم هەلایسانە مانای ئیسپات‌وجود بوو.وە نەبێ ئەم هەڵوێستە هەر لەم دەڤەرەدا قەتیس بێت، بەڵکو پریشکەکەی شوێنەکانی تری‌وەکو شارۆچکەکانی ڕەواندزو شەقلاوەو هەندێ لای تریشی گرتەوە، بەلام بە زەبری ئاگرو ئاسن خەفەکرا، زۆر بە پەلەو بەوپەڕی کەللەڕەقییەوە دایمرکاندەوە. بەلام ئەم ڕاپەڕینە سەرەڕای کەموکوڕی لە نەخشەی ئەنجامدانەکەیدا کە نەبوونی دەوری ڕێکخستن‌و ڕابەرایەتی تێدا کزبوو، نەتوانرا سەرئەنجامێکی سەرکەوتووەدەست بهێنێ. بەلام خۆی لە خۆیدا پرشنگێکی ڕووناك بوو لە ئاسۆی خەباتی جەماوەری‌و تەقینەوە بە ڕووی دوژمنێکی شۆڤینیدا.وەنەبێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئاستی ئەم هەڵوێستە مەزنەی خەڵکی دڵ گەرمی شارەزووردا بێدەنگ ڕاوەستابن‌و لە دوورەوە چاودێری بارودۆخەکە

بکـەن، بـەڵکو بـۆ پاڵپشـتی ئـەوان هێزێکـی هاوبەشـی تیپـی ١٥و برایـانی سۆسیالیست پەلاماری ناحیەکانی خورماڵو سیروانو ڕەبایەکانی دەوروپشتیاندا لە شەڕێکی قورسدا هەرچی ڕەبایـەی ئـەو نـاوە هـەبوو دەسـتی بەسـەردا گیراو ئینجا هێرشیان کردە سـەر ناحیـەی خورمـاڵو لـە ماوەیـەکی کەمـدا لـە دوژمـن پاککرایەوە. پاشان خەڵکی ناحیەی سیروانو هێـزی پێشمەرگە پێکەوە توانیـان هێزەکانی بەعس پاکسازی بکەنو دامو دەزگاکـانی کۆنترۆڵ بکـەن بـۆ پاڵپشتی ڕاپەڕینی ئەم ناوچانە، خەڵکی هەڵەبجە بڕیـاری مـانگرتنو ڕاپەڕینیانـدا. ڕۆژی ٥/١٤ دەستیان پێکرد، بازاڕیان نەکردەوە خەڵکەکە لە ماڵـەکانیان هاتنـە دەرەوە، ناڕەزاییـان بەرامبـەر دەرکــردنو ئـاوارەکردنی خــەڵکی دێهـاتوو وێرانکردنی شارۆچکەکان دەربڕی.

پێشمەرگەش ئەم هەلەیان قۆستەوەو چوونە ناوشار بۆ پاڵپشتی خەڵکە ڕاپەڕیوەکە. شەڕ لە نێوان دوژمنو ڕاپەڕیوانـدا بـەرپابوو. دوژمـن زیـانی زۆری لێکەوت.وەکو هەمیشە پیشەی بووە پەنای بردە بەر زەبرو زەنگو ڕووخاندنی ماڵی هاووڵاتیـان بـە تایبـەتی گـەڕەکی کـانی ئاشـقان تـەختکرا کـە ئـەم گەڕەکـە کۆمەڵێك سەروەری تۆمارکردووە : یەکەم شەهیدی شۆڕشـی نـوێ فـاتیحی شـێخ حەیدەر خـەڵکی ئـەم گەڕەکەیـە ، خـەڵکی ناویـان نـابوو سـەرکردایەتی یـەکێتی بەشـەو ،چـونکە هەمووشـەوێ تابـەیانی پێشـمەرگەی یـەکێتی تیـا دەمایـەوە .. تەنانەت مزگەوتەکانیش لەم خراپەکارییە دەربازنەبوون، خەڵکەکە ناچاربوون شارۆچـکەی هەڵەبجـە بـە جـێ بـێڵنو ڕوو بکەنـە ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی پێشمەرگەو چەکدارێکی زۆری سەر بە ڕژێمیش پەیوەندی بە شۆڕشـەوە بکەن. لەم بارەدا هێزەکانی دوژمن زۆر شپرزەبوو بوون. دوژمنویستی بە هانـای ئـەو هێزەیـەوە بچـێت بـەڵام لـە سـەر پـردی زەڵـم کەوتنـە ژێـر زەبـری چـەکی مەرگبارێنی شۆڕشگێڕەکانی کوردەوەو بە سەرشۆڕی کشانەوە. ئینجا بـە فڕۆکـە دەستیکردە بۆردومان کردنی ناوچەکە بۆ چاوترساندنی خـەڵکی کـەبووە هـۆی شەهید بوونی چەند هاووڵاتییـەکی بێتـاوان. لـەم شـەڕانەدا دوژمـن کـوژراوێکی زۆریداو ٧١ کەس لە جاشو سەرباز بە دیلگیران.

هـەر لـەم ماوەیـەدا بـوو دوژمـن لـە گەرمیانـدا هێزێکـی زۆری کۆکردبووەوەو ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٠ پـەلاماری ناوچـەی داودەیـدا. لـە دێـی چەچـان پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ لێی ڕاپەڕین‌و زیانێکی قورسیان لێداو ناچاربوو بـە سەرشۆڕی ناوچـەکە بـەجێ بهێڵی، دەستکەوت: یـەك شۆفڵ، یـەك ئۆتۆمبیـل، گرتنی موستەشارێك‌و گرتنی نەقیب کاوەی برازای شێخ ستار بوو.

دیسانەوە ڕۆژانـی ١٢و ١٩٨٧/٥/١٦ لـە ڕێگـای قـوری چاییەوە پەلاماریـدا یـەوەو دیسانەوەش بـە مـەرەی جاری پێشوو چـوو بـە خراپـی تێکشکا، بـەڵام هەروازینەهێنا، ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٨ پەلاماری دێی هۆمەرملیدا بە هێزێکی قەبەوە کە بریتی بوو لە دەیـان تانـك‌و دەیـان ئۆتۆمبیـل‌و چـەندین شۆفڵ‌و تۆپخانـەی قـورس‌و سـەربازو جاشێکی زۆر بـە جۆرێـك خـەڵکی ترسیان لێنیشتبوو، ئـەم هێزە گەورەیە هیچ ناهێڵێ‌و هەموو ناوچەکە داگیر ئەکات. بەڵام هۆمـەرمل کـە دێیەکی١٠٠ ماڵ زیاتر نـەبوو، پێشمەرگەو پشتگیری زۆریـان هـەبوو، لـە ڕێگـای شۆڕشـدا شـەهیدی زۆریـان دابـوو. مێژوویـەکی دێرینـی لـە نەبـەردو پێکادانـدا هەیە. هەرکە دوژمن هەڵیکوتاوەتە سـەری‌و شـەڕی دەستەو یەخـەی تێداکراوە بە سـەروگوێلاك شکاوی ڕایکـردووەو بۆ جارێکیش نـەیتوانیوە سـەرکەوتنێکی بچکووك مسۆگەر بکات. هۆمەرمل بوو بە گرێکوێرەی ناو دڵەڕەشەکەی بـەعس، هـەر جارێك‌ویستوویانە دەستیان پێیبگـاو کـەفی ڕقیـان بەسـەریدا بچەرێنن، خانووەکـانی بـڕووخێنن، خەڵکەکـەی بکـوژن، خاکەکـەی خـاپور بکـەن، بـەڵام ڕووبـەڕووی دیـواری قـایمی‌وورەی خەڵکـە ئـازاو پشـتگیرییە قارەمانەکـەی‌و پێشـمەرگە چاونەترسـەکان بووەتـەوە. بۆیـە ئـەمجارەش‌وەکو جـارانی دی ئـەو هێـزە زل‌و زەلامـە لـە بەرامبـەر جەربـەزەیی ئـەم دێیـەدا خۆیـان پێڕانـەگیراو لەبەردەم گـڕی لوولـەی تفـەنگی خـەڵکی پارێزەری کوردستاندا هەرچـەندە بـە ژمارەش کەمبوون لە چاو دوژمنداو هەر یەکێکیان کێوێك زات‌و پیاوەتی بـوون، زارەتـەرەك بـوون، ئـەو تانکانـەی کـە لـە ١٨٥ دانـە تێپـەڕی بـوون شـپرزەبوون‌و خۆیان لوول کردو بەرەو دواوە پاشەکشەیان ئەکرد. دوای ئـەوەی هەندێکیشـیان تێکشکان، ئەو شۆفڵانەی هێنابوویان خانووبەرەی خەڵکە ڕەش‌و ڕووتەکەی پـێ

تەختو تاراج بکەن لە بەردەستی پۆلاینی پێشمەرگەدا زەندەقیان چووبوو، شۆفێرەکانیان گیانیان هەڵپرووکابوو. هەر گەلەجاش بوو بە پەلە پرووزێو بەو چەمو چوغردەدا گوریزەیان کرد بووو خۆیان لە مەرگی تاین دەرباز کرد.ووردەووردە ئاسمانی تەپوتۆزاوی ناوچەکە ڕەوی بووەوەو تەقو تۆقو زرمەی تۆپ نەما بووو شەڕەکە کۆتایی هات. بۆ خەڵکەکە دەرکەوت کە چەند دوژمن هێزەکەی گەورەبێ بەڵام بە ئیرادەی بەتینی خەڵکی خۆڕاگر هەموو پیلانەکانی پووچەڵ ئەکرێتەوە. دوژمن بە جۆرێك پۆزی شکا بوو هەر بن بەردو دەوەنو پاڵ هەر گردۆڵکەو نشێوێك بوو بووە پێشمەرگەو لە حەیبەتا سامی مردنی لێنیشتبوو.

جارێکی تریش هۆمەرمل بە سەربەرزی مایەوە. هیچ بستێکی خاکی ئەم دییە بە چەمو بەردو داری باخە چڕەکانیەوە نەماوە داستانی بەرگریو قارەمانێتی نەگێڕنەوە ڕازی ئازایەتیو نەبەزی کوڕە دڵسۆزەکانی باس ئەکەن. لەم شەڕە گەورەو گرانەدا گیانی دوو پێشمەرگە بوونە چرای ڕێگای ئازادی کوردستان، یەکێکیان مەلا کەریمی فەرماندەی کەرتی پێنجی تیپی ٥٣ی شێروانە بوو. دوژمن زیاتر لە ٩٣ کوژراوی هەبوو، تەرمی ٤٠ کەس لەبەر دەستی پێشمەرگەدا بەجێما، ١٨ شۆفڵ گیرا، چەند تانکێك تێکشکێنراو یەك دانەشیان بەساغی کەوتبووە دەست. سەرەڕای ٣٠ پارچە چەك دەستکەوت بوو.

ئەو کاتە ئێمە لەسەر شاخی پیرکە ـ تەڵاش بووین، ڕۆژێ بە جیهاز گوێم لە جاشەکان گرتبوو کەوا لە ناوچەی بازیانو داوای خواردن ئەکەنو باسی دەربەند چۆلەکە ئەکەن کە ئەکەوێتە نێوان تاسلوجەو شاخی پشتی جێشانە، ئەم زانیاریانەم بە پەلە دایە سەرکردایەتیو بڕیار درا هێزێکی مەڵبەندی یەك بگەڕێتەوە دیوی بازیانو قەرەداخ بۆ پوچەڵکردنەوەی مەبەستەکانی دوژمن. کە گەیشتینە بازیانو قەرەداخ هێزەکانی دوژمن زنجیرە شاخی گڵەزەردە هەر لە بورجی دارەڕەشەوە تا تاسلوجەیان گرتبوو، لەوێ مۆڵیاندابوو، ئێمەش کۆبووینەوەو نەخشەی پەلامارمان بەم شێوەیە دارشت:

• تیپی ٥٧و بەشێك لە تیپەكانی ٥١و ٥٩ بۆ سەر دێی جێشانەو شاخی داراغاو قەڵای هەزار مێردو شاخی بەرانان بە سەرپەرشتی كاك ڕۆستەم.

• بەشێكی تری تیپەكانی ٥١و ٥٣و تیپی مەڵبەندی یەك بۆ سەرشاخی گۆپتەپەو گڵەزەردە بە سەرپەرشتی كاك قادری حاجی عەلیو كاك شێخ جەعفەر.

• هێزێكی تیپی ٥٥و تیپی مەڵبەند بۆ پشتی زڕگوێزو ناو دێی زڕگوێزو ڕەبایەی كلاّو گورگ بەسەر پەرشتی كاك ئاوات قارەمانی.

لە كاتژمێری سفردا هەموو هێزەكانمان نزیكی شوێنە دیاری كراوەكانیان بوونەوە، لە شەوی ٢٥ـ١٩٨٧/٥/٢٦ دا هەر لەگەڵ زرمەی یەكەم گوللەی ئارپیجیدا دۆزەخێكی گەرم بۆ هێزەكانی دوژمن داخرا. بە جۆرێك بوو كەس فریای كەس نەئەكەوت. لە ماوەیەكی كەمدا هەموویان ڕامالّران. كوژراوو برینداری و دیلو دەستكەوتی زۆرمان هەبوو، جگە لە هەندێ كەمو كوڕی بەهۆی نەشارەزاییو جێوونكردنو لێگۆڕان، سەركەوتنێكی باشمانوەدەستهێنا.

بۆ بەیانی دوژمن بە هێزێكی شەقو شڕەوە هاتەوەو هەندێ شوێنی گرتەوە، بۆ ئەوەی ئەم هێزەش گورزی كوشندەی لێبدرێ بە پێی نەخشەیەكی بەربلاّو خۆمان سازدایەوەو شەوی ٢٦ـ١٩٨٧/٥/٢٧ بە توندی لە چەند قۆڵێكەوە پەلاماریاندرا بەم شێوەیەی خوارەوە:

قۆڵی یەكەم: بەشێكی هێزەكانی تیپەكانی ٥٧و٥٩ لە داراغان هێرشیان كردە سەر بارەگاكانی فەوجی سووكی ٦٠و ڕەبایەكانی دەوروبەریداو گیرا. بەشێكی تری هێزەكە هێرشیان كردە سەر بارەگای فەوجی سووكی٩٧و گورزێكی كاریگەریان پێگەیاندن.

قۆڵی دووەم: لە لایەن پێشمەرگەكانی تیپی ٥٣و تیپی مەڵبەندی یەك لە گۆپتەپەوە پەلاماری فەوجی یەكەی ٨٧٩٠و بارەگای فەوجی ٩٠ پەلاماردرانو هەمووشوێنەكان گیران.

ئاسمانی ناوچەكە لەو شەوەدا یەكپارچە بوو بووە ئاگر، دیسانەوە ئەو هێزانەی دوژمنوەكو جاری پێشوو كەوتنە ناو تەڵەی مەرگەوەو كوژراوو

بریندارى زۆریداو بە بەرچاوى خەڵكى سلێمانییەوە جبەخانەیەكى گەورەى سووتاو لە حەژمەتاندا هیچ جاش‌و سەربازێك خۆى پێ ڕانەگیراو بەرەو سلێمانى هەڵاتن. بە گشتى لەم نەبەردییەدا زیاتر لە:

١٥٠ ئەفسەرو سەربازو جاش كوژران‌و ١٣ چەكداریش بە دیل گیران جگە لە سووتاندنى ٢٠٠ پارچە چەك‌و ١٥ ئۆتۆمبیل.

دەستكەوتیش:

- ١٠ ئارپیجى
- ١٦٠ كلاشینكۆف
- ٢٠ دكتاریۆف
- ١ دەمانچە
- ٣ ئۆتۆمبیل
- ٥ جیهازى ١٠٥
- ١ تایپ
- ١ هێستر

پێشمەرگە لەو سەر شاخانە سەنگەریان لێدا. شەڕى ڕووبەڕوو بوونەوە چەند ڕۆژێكى خایاند، هەموو ڕۆژێك كۆپتەر ئەهات‌و سەنگەرەكانى ئەكوتا، لە خوارەوەش تۆپخانەى قورس تۆپبارانى ئەكرد. ئەم شەڕانە شكستى قورسى لە دوژمندا، شڵەژانى خستبووە ڕیزەكانیەوە، ترس ناخى تەنیبوو، ئێمەش ئەم سەركەوتنەمان بە بەخشینى گیانى شەهیدان دلێر جاف فەرماندەى تیپى مەڵبەندو عەبدوڵلا ڕەبباتى فەرماندەى كەرتى تیپى ٥٥ دەستەبەركرد، پاش ئەوە ئەو شوێنانەمان چۆڵكرد، هەر تیپە گەڕایەوە سنوورەكانى خۆى.

هاوكاتى ئەم زنجیرە چالاكییە هێزێكى هاوبەش لە مەڵبەندى دووو سێ شەوى ٢٩ ـ ٣٠ /١٩٨٧/٥/ پەلامارى ناحیەى تەق تەقیاندا كە ٤٥ كیلۆمەتر لە كەركوكەوە دوورە، پاش شەڕێكى قارەمانانە دەستى بەسەراگیراو هەموو دامو دەزگاكانى ناحیەكە بە هەموو كەلوپەل‌و پێداویستییەكانیانەوە دەستكەوت بوو، زیانى دوژمن زیاتر لە ٦٠ كوژراو بوو، بڕێكى زۆر چەك‌و تەقەمەنى‌و

جیهـازو ئۆتۆمبیـل، زیـانی ئێمـەش شـەهید بـوونی چـوار قارەمـان بـوو کـە یەکێکیان کاك عەبـدولڕەحیم عەبـدوڵڵا لێپرسـراوی عەسـکەری مەڵبەنـدی دوو بوو.

دوژمنـی فاشـی گوشـاری زۆری کـەوتبووە سـەر، ڕۆژانـە زیـانی قورسـی پێئەگەیشـت، لـە ناوچـەیەکی فراوانـەوە کـە دێهاتـەکان بـوو پـەلاماری ئـەدرا. بۆیەویستی ڕێگری لەمە بکات سـەرۆکایەتی ڕێکخـراوی بـاکوری حیزبـی بـەعس پلانێکی تۆکمەی دارِشـت بـۆ ئابلۆقـە خسـتنە سـەر دێهاتـەکان‌و قەدەغـەکردنی هاتوچۆکردن‌و گەیشتنی پێداویستییەکانی ژیان. بە پێـی ئـەو بڕیـارەی حیزبـی بـەعس ژیـانی خـەڵکی‌و ئـاژەڵیش قەدەغـەو هـەموو ناوچـەی دێهاتـەکانی بـە ناوچـەی سـەربازی دانـاو ئـەبێ لـە ژێـر چـاودێریدا بێـت‌و بگـرە هـەموو جموجووڵێکی قەدەغـە کـردو ڕێگـەی بـە فەرمانـدە سـەربازییەکاندا لـە لایـەن خۆیانـەوە هـەموو ئیجرائاتێـك بکـەن. کـە ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا حـوکمی قەرەقوشییە.وایئەزانی بەو ڕێگە گرتنەبەرە ئەتوانێ دەسەڵاتی شۆڕش کۆنترۆڵ بکات.

ئـەوەی پێویسـتە بـووترێ هێـزی پێشـمەرگە لـە ڕووی هێـرش‌و جێبەجێکردنی نەخشەی شەڕی گەورەوە هەنگاوی باشـی نـابوو. دوژمـن کـەمتر توانای بەرگری هەبوو، بە تایبەتی گرتنی زنجیرە ڕەبایەو شارۆچکەو سەربازگە، بۆیە لەم ساڵەدا چەندین سەربازگەو شارۆچـکەی داگیرکـراوو تـەنراو بـە هێـزی سەربازی‌و جاش دوای شەڕێکی کەم خایەن لـە چـنگی سوپای داگیرکـەر ڕزگـاری ئـەبوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا دوژمـن دەسـتی لـە سیاسـەتی تـەفروتوونا کردنـی کوردسـتان‌و تۆڵەسـەندنەوە لـە خـەڵکی بێتـاوان هەڵنەئـەگرت‌و شـێتگیرانە بـە هەموو هۆیەکانی دەستوەشاندن لە هەر شوێنێکدا بوایـە کـاری خـۆی ئـەکرد بـۆ چـاندنی تـۆوی تۆقانـدن‌و خەفـەکردنی گیـانی بـەرەیی‌ووورە بـەرزکردنی ئـەفرادەکانی خـۆی. ئـەوی زۆرتـر ڕۆژانـە خـەڵکی‌وەرس ئـەکرد پـەلاماری کۆپتەرەکانی بوو کە لە هەر لایەك پێشمەرگە چالاکییەکانی ئەنجام بدایـە دوای ئـەوە کۆپتـەرەکانی ئەهاتنـە ئاسمـانی ناوچـەکەو بـۆ ماوەیـەکی زۆر

ئەكەوتنەوێزەی ئەو دێهاتانەی ئەو سنووورە بۆردوومانی خەڵکەکەیان ئەکردو دەستیان لە تەڕوووشك نەئەپاراست. ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی خەڵکەکە بترسن‌و ناوچەکان بە جێبهێڵن‌و کار بکاتە سەر جموجووڵی پێشمەرگەو چالاکییەکانی کەمبکەنەوە. بەڵام خەڵکی‌وا ڕاهاتبوون لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا کە لە ناو دێهاتەکاندا پەناگەی چاك درووست بکەن هەرکە دەنگی کۆپتەر ئەهات پەنایان بۆ ئەبردو خۆیان حەشار ئەدا تاکوو دووربن لە مەترسی یان دەرئەچوونە دەرەوەی دێهاتەکانیان‌و لەسەر کێڵگەکانیان یان لەو چەم‌و چەفوردانە تا ئێوارەی درەنگ ئەمانەوەو پاشان ئەگەڕانەوە ناو لانەو مانەیان.وەنەبێ هەر مەترسی کۆپتەریان لەسەر بووبێ بەڵکو بەشەوانیش بەهۆی تۆپی دوورهاوێژەوە تۆپباران ئەکران. بە گشتی خەڵکە خۆڕاگرەکە لەگەڵ هەموو جۆرە شێوازە دڕندانەکانی پەلاماردانی بەعسیەکاندا بە باشی ڕاهاتبوون‌و بەوپەڕی دڵ قاییمییەوە پەنجەی تەحەدایان بەرز ئەکردەوە بە ڕووی بەرنامە دزێوەکانیدا، سەرەڕای ئەو زیانانەی لێیان ئەکەوت. یەکێك لەو ناوچانەی کە بەرگەی دوژمنکاریەکانی بەعسی ئەگرت‌و تۆزقاڵێك کاری لەووڕەو زاتیان نەئەکرد ناوچەی داودە بوو کە هەم لە دێهاتەکانیاندا پەناگەو حەشارگەیان درووستکردبووو هەم لە دەشتایی پەتەکیدا دەیان شوێنیان چاککردبوو بۆ حاڵەتی پێویست. کەچی دوژمن هەمیشە بە چڕی ڕقی نابووە سەریان بۆ تۆڵەسەندنەوە.

ڕۆژی ۱۹۸۷/۷/۱۷ کۆپتەرەکانی بەعس هێرشیان کردە سەر دێی دوڕاجی‌و لە ناوەختدا ۹ کەسی بێتاوانی لێ شەهید کردن لە کاتێکدا ئەمانە لەسەر داس‌و درەو بوون. خوێن‌و عەرەقیان تێکەڵی خەلەو دانەوێڵەی درەوکرابوو. ئەمە یەکەم‌و دوا تاوانی دوژمن نییەو نەبووە دەرهەق بە خەڵکی بێدیفاعی کوردستان‌و لە زاتی کەم نەکردوونەتەوە. ئەمە نەك لە زاتی خەڵکی کەم کردبێتەوە بەڵکو دەیان قات ڕق ئەستوور تر ئەبوون.وەنەبێ پێشمەرگە ساتێ بیر لە حەسانەوە بکەن بەڵکو هەمیشە بیریان لای تۆڵەی ئەو ناهەقیانەبووەو لوولەی تفەنگەکانیان لە لاشەی بۆگەنی دوژمندا گەرم

کردووەتەوە. هەر ماوەیەك پێش ئەمە هێزێکی ئامادەکراوی مەڵبەندی یەك، کە لە تیپەکانی ٥٣و ٥٥و تیپی مەڵبەند پێکهاتبوو بە پێی نەخشەیەك شەوی ٩ ـــ ٧/١٠ پـەلاماری سـەربازگەی دوو دارەی سـەرووی دەربەنـدیخانیان دا. لـە بەرئەوەی نەخشەکە باش دانەڕێـژرابوو، دوژمـن ئاگای لەو بەرنامەیە بووکە هێرشی بۆ ئەکرێ. هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتنیان بە دەستنەهێنا، زیانی دوژمن شتێکی ئەوتۆ نەبوو، بەڵام ١١ پێشمەرگە شەهید بوونو تەرمەکانیشیان کەوتـە دەسـت دوژمـنو برانـە دەربەنـدیخانو لـەوێ کرانـە ژێـر خۆڵـەوەو نەدرانەوە بە خاوەنەکانیان.

لـە تۆڵـەی ئەمـەدا ڕۆژی ٧/١١ هێزەکـانی تیپـەکانی ١٥و١٧و ٥١و ٥٣و٥٧ هێرشیان کـردە سـەر ئۆردووگای نەسری تـازە درووسـتکراو ئاگریـان تێبـەرداو سووتاندیان.

هەر لەم مانگی (٧) دا بوو بەهێزێکەوە لەلایەن مەڵبەنـدەوە بـۆ هێنـانی چەكو تەقەمەنی گوللە هاوەنی ١٢٠ ملـمو گوللەی کاتیۆشای ١٢ لوولـەی بچوك بۆ بەری قەرەداغ نێردراین ، کە سەرەتای ئـەم مانگـە بـوو هێزێکـی تـر لەگـەڵ شـەهید حەمـە سـەعید حـاجی غـەریب دا بـۆ ئـەو مەبەسـتە چووبوون . ئـەو هێزەی ئێمە پێکهاتبوو لە بەشێك لە کەرتەکانی تیپی ١٥ ی شارەزوورو تیپی ٣٥ ی کوڕە کاژاوو چەند پێشمەرگەیەکی دەستەکەی خـۆم بـە چـاو سـاغی ( ) کـە شـارەزای ئـەو سـنوورە بـووو خۆشـم تـەکلیفم لێکـرد ..هێزەکـەمان لـە گونـدی دووکانی قەرداغەوە خستە ڕێ بـەرەو شـارەزوورو شـەو لـە ئاسـتی گونـدی داری قەلان بەرەو ئالانو حاسڵ پەڕینەوەو نەوەستاین تا گەیشتینە بیـە ڕەشـکەو لـە چەمەکەی خواریەوە ماینەوە چونکە هێزەکەمان ماندوو بوو بوون پێویستیان بە پشوو هەبوو، پاش نیوەڕۆ لەوێوە بەڕێکەوتینو بـە گونـدی دۆڵاشو قـاجرو چەمی زەڵمـدا تێپـەڕینو لەگـەڵ تاریكو لێڵـی ئێـوارەدا چووینە گونـدی تەپـە تۆڵەکـە ، دوای ئـەوەی لـە جـادەی سـەرەکی هەڵەبجـە- سەیدسـادق دڵنیـابووین پەڕینەوە بەرەو گوندی تەپی سەفاو لەوێشەوە چووینە ئوردوگای خورماڵ ، لـە بەرئەوەی لە خورماڵەوە تاکو دیوی ئێران ئاوەدانی تیـا نـەبوو لـە هەنـدێ ماڵـە

دۆستو ناسراو نانو کەلوپەلی پێویستمان هەلگرت.. ئینجا چووینە ئاوایی ڕۆستەم بەگو بە ملەی دەرەتوێدا چووینە گوندە چۆلەکەی سەرگەتو بەلای پەلکی خوارووی شرامدا سەرکەوتینو لەوێشەوە بەرەو هەورازی هانەنەوا کە ئەو ناوچانە بە هۆی شەڕی ئێران- عێراقو سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی بەعس چۆلوویران کرا بووو زۆربەی مینرێژ کرابوو تەنیا یەك باریکە ڕێ هەبوو بوج هاتو چۆی پیادەوولاخ کە زۆر ترسناك بوو ، چووینە قەلەخانیو لەوێشەوە بەرەو هەورامانی تەخت کە ئەکەوێتە دیوی کوردستانی ئێرانەوەو ئینجا گەیشتینە () کە مۆلگای سوپای پاسدارانی لێبوو لەوێشەوە چووینە گوندەکانی دەرەکێو دەمەوێ کە هەموویان سونی بوونو سەر بە تەریقەتی نەقشی بوون ، پاشان چووینە گوندی دارێ ، لەو ناوە بارەگای تیپی ۲۳ ی سورێنی خۆمانی لێ بوو کە تازە دروست کرابوو ، ئەم تیپە کار ئاسانیان بۆ کردین لەوەرگرتنی تەقەمەنیو ڕێکخستنی کاروبارەکانمانو گەڕانەوەی هێزەکانمان .

ئەو کاتە مەفرەزیەکی هاوبەشی حسكو سوپای پاسداران چووبوونە شارەزوورو لە چەمی زەلم پاسدارێك خۆی تەسلیم بە هێزەکانی عێراق کردبوو ، دیار بوو زانیاری لێوەرگیرابوو .شایەنیووتنە بارەکەی ئێمە ٦٥وولاخ گوللە کاتیۆشاو هاوەنی ۱۲۰ ملم بوو کە گەیشتینە نزیکی جادەی سەرەکی سەیدسادق- هەلەبجە لە سەربازگەو ڕەبیەکانی دەوروبەری سەیدسادقو گردی گۆوە تۆپباران کراین کە باش بوو زیانی بەدواوە نەبوو ، لە چەمی زەلم ڕۆژێك ماینەوە ئینجا بەرەو ئالانو حاسلێو بەری قەرەداغ ..کە گەشتێکی پڕ لە ماندوو بوونو مەترسی بوو بەلام ئێمەوەکو پێشمەرگە ئەرکەکەمان بەجێگەیاند .

لە ڕۆژی ۱۹۸۷/۸/۱۰ دا هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ٥١و ٥٩ لەسەر ڕێگای قادر کەرەم - دووز بۆسەیەکیان داناو چوار ئۆتۆمبیلی پڕ لە جاشی کەوتە ناوەوە، لەگەلێ قرمزنی تفەنگەکانو گرمەی ئارپیجیدا پیاوەکانی ڕژێم بە دەم

زریکـەی ترسـنۆکانەوە ئـاودیوی دۆزەخ بـوونو ۲۳ لاشـەیان لـە بەردەسـتی پێشـمەرگەدا ئەکـەون، دوو ئۆتۆمبیلیـان ئەبنـە قـەرەبرووت، ۲٤ چـەك دەستکەوتبوون. بەراتی ئـەم چالاکییەش ۳ ڕۆڵـەی فیـداکاری کوردستان بـوون، نەك هەر ئەمە بەڵکو لە دەیـان لای تـرەوەووردە چالاکی ئەنجامـدراوەو دوژمـن بە جارێ شپرزەو هەراسان کراوە.

هـەر لـەم مانگـەدا بـوو کـاك نەوشـیروان لـە گەشـتەکەی دەرەوەی دا لـە ڕێگەی ئێرانـەوە گەڕایـەوە بـە سووریندا گەیشـتە شـارەزوور ئینجـا مەڵبەنـدی یـەك کـە تـازە بارەگاکـانی گواسـترابووەوە نـاو قـۆپی. بـۆ چـاو پێکـەوتنی کـاك نەوشیروان بانگ کراین. ئەویش لە بارەیوەزعی جیهانو کوردستانو شۆڕشو پەیوەندییـەکانمان بـە دەرەوەو دۆسـتو پشـتیوانەکانی گەلەکـەمان بـە تێـرو تەسەلی قسەی بۆ کردینو تیشکی خستە سەر هەندێ خاڵی شـاراوە بـە تایبـەتی ئاییندەی عێراقو چارەنووسی کوردستان کە تا ئەو کاتە ئەو شتانەمان لا ڕوون نەبوو. دوای چەند ڕۆژێك حەسانەوە بەرەو سەرکردایەتی بەڕێ کەوت.

هەر لەم مانگەدا (حرکە الدیمقراگیین العـراقیین) هاتنـە گـەرمیانو لـە سنووری تیپی ٥١ ی گەرمیان بارەگایان دانا. ئەمانە پێشترومفدێکیان گەیشتبووە سـەرکردایەتیو دوای چـاوپێکەوتنو کۆبوونـەوە لەمـەڕ هاوکـاریو دۆسـتایەتی بەیانێك لە نێوان هەردوولادا مۆرکرا.

مـانگی ۱۹۸۷/۹ کۆمەڵـە ڕووداوێکـی گرنگـی تێـدابوو، جموجـووڵی پێشمەرگە زۆر بوو، ڕۆژ نەبوو شـڵپە لـە دوژمـن هەڵنەسـێنرێو ئـازاری تونـدی پێنەگات. ئەویش لە حەیبەتا لەسەر ڕێگاو بانە گشتییەکاندا دەستی لە خـەڵکی ئەوەشـاند بـە تایبـەتی لەسـەر جادەی کفـری ـ دووزو کفـری ـ سەرقەڵا. ئەمـە چەند جارێك دووبارە بووەوە بۆ تەمبێکردنی بڕیاردرا تۆڵەی ئەمە بکرێتەوە.

هەروەکوووتمان ئەم ساڵە چالاکی زۆر بوو، ناوچەی شەڕیش فراوان بـوو پێویستی بە چەكو تەقەمەنی زۆرتر بوو بۆ دابەشکردنی بەسەر هێزی پێشـمە رگەی شـەڕکەردا ، نـەش دەکـرا لەڕێگەی قاچاخچییەوە پەیـدا بکـرێ یـانوەکو

دەسکەوتی شەڕ کەژمارەیەکی زۆر کەم بوو بۆیە هەمیشە شۆڕش لەهەوڵی ئەوەدابوو لەپاڵ کاری سیاسیو دیبلۆ ماسیدا کەخۆی لە شەڕێکی زۆر سەختی نابەرامبەردا بوو چەكو تەقەمەنی پەیدا بكات تاكوبتوانێت بەرگری لە خۆی بكاتو ڕووبەڕووی پیلانو هێرشەکانی داگیر کەریش بێتەوە .

شۆڕشی کودستان گەرچی بەدوژمنی جۆراوجۆر ئابڵۆقە درابوو بەڵام ئەو دوژمنانە لەناو خۆیاندا گونجاوو تەبا نەبوون هەریەکەیان لەگەڵ ئەوی تردا چەندین مادەی ناکۆکیان هەبوو ، پێویستیان بەوە هەبوو بە کارتی جیاجیا یاری بکەن تا لەو ڕێگەیەوە بگەنە هەندێ لە ئامانجەکانیان ، یەکێك لەو کارتانەش مەسەلەی کورد بوو کەبۆ هەر چوار دەوڵەتەکە (ئێران ئێراق ، تورکیا ، سوریا) کارێکی زیندوانەبوو .

لەڕووەکەی ترەوە شۆڕشی کوردیش لەناو ئەو بارودۆخو هاوکێشانەدا کاری خۆی دەکردوو دەیویست لەسوچێکەوە سودێکی دیبلۆماسیانەی بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی هەبێ بەلۆژیکی کاری سیاسیانە لەسەر بنەمای دوژمنی دوژمنم دۆستمە ..بۆیە لەهەر جموجولێکی دۆستانە لەگەڵ ئێراندا بڕێك چەكو تەقەمەنیمان دەست دەکەوت کە بۆ بەردەوامبوونی کاروباری شەڕو چالاکی پێشمەرگانە سودمەند بووونەرکێکی قورسی پەیداکردنی لەڕێگا نائاساییەکانەوە لەکۆڵ دەکرینەوە کەزەحمەتیش بوو.. ئەمەش کارێکی ئاساییەو هەموو شۆڕشو جوڵانەوەیەك پەنایان بۆبردووە .

ئەوکاتانە من فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان بووم ، لەمانگی ١٩٨٧/٩ دا بوو کاك قادری حاجی عەلی لێپرسراوی مەڵبەند بانگی کردمو داوای لێکردم بەهێزێکەوە بچمە دزڵی لای کاك شەوکەتی حاجی مشیر کەلێپرسراوی پەیوەندیەکانی یەکێتی بوو بۆگواستنەوەی ئەو تەقەمەنیانەی بۆمان دابین کرابوو .منیش هێزێکم ئامادەکردکە بریتی بوو لە بەشێك لە کەرتەکانی تیپی ١٥یشارەزوور ، تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاو ، چەند پێشمەرگەیەکی دەستەکەی خۆمو ڕۆژی ١٩٨٧/٩/١٨ لە گوندی دوکانەوە بەرەو گوندی کوڕەی بناری شارەزوور

شەو بەتاریکی لەجادەی دەربەندیخان _ عەربەت لەئاستی گوندیداری قەلان ڕووەو ئالان‌و حاسڵ پەڕینەوە ، هەرهەمان شەو نەوەستاین هەتاگوندی بییەرەشکە لەچەمەکەی خواری گوندەکە ماینەوە تاکو هێزەکەمان پشوویەك بداو خۆبۆ سبەینێ ئامادە بکەین .پاش نیوڕۆی ڕۆژی دوایی بەڕێ کەوتین‌و بەلای گوندی دۆلاشا بەرەو گوندی قاجرو چەمی زەڵم تێپەڕین‌و لەگەڵ تاریك‌و ڕوونی ئێوارەدا چووینە گوندی تەپەتۆڵەکە کە بۆدلنیا بوون لە جادەی سەرەکی هەڵەبجە _ سەیدسادق بەرەو گوندی تەپی سەفا ڕۆیشتین ، لەوێشەوە یەك سەر چووینە ئۆردووگای خورماڵ‌و لەهەندێك ماڵە دۆست نان‌و خۆراکمان لەگەڵ خۆمانا هەلگرت لەوێشەوە چووینە ئاوای ڕۆستەم بەگ‌و ملەی دەرە سوندا سەرکەوتین‌و چووینە گوندە چۆلەکەی سەرگەت پاشان بەلای پەلکی خواروی شرامدا بەرەو هەورازی هانەنەوا . چاوساغەکانمان :مامەناجی ، قالەسوور ، خەلیل سەرکانی بوون . شایانی‌ووتنە پێشتریش هێزێك بە سەرپەرشتی شەهید حەمە سەعید سێتەلانی‌و خەلیل سەرکانی کەبڕی ٦٠ ووڵاخ گوللە هاوەنی ١٢٠ ملم‌و گوللە کاتیۆشای ١٢لوولەیی بچووك بۆ بەری قەرەداغ گوێزرایەوە . ئەوکاتە دێهاتەکانی شارەزوور لەلایەن ڕژێمەوە چۆلکرابوو.. دەبوایە زۆر بەووریایی بڕۆشتینایە تا دوژمن نەزانێ‌و هێزمان لەسەر کۆبکاتەوە ، لەنزیك گوندی ئەحمەدئاوا لەنێوان گوڵپ‌و سەرگەت کەهێڵی پێشەوەی شەڕگەی ئێران –ئێراق بوو ،مینڕێژ کرابوو تەنیا ڕێگەیەکی باریك لەلایەن قاچاخچیەکانەوە پاك دەکرایەوە بۆهاتوچۆو سەربازەکانی ئێراق ڕۆژانە دەیان پشکنی ، چونکە هەستیان دەکرد خەڵکی پیادەڕوات‌و دەسکاری شوێنە مینڕێژکراوەکان دەکرا..بۆیە هەمیشە بۆسەیان دادەنا ،بەلام قاچاخچیەکان تەرەقەی مینەکانیان دەردەهێناو مینەکانیان دەخستەوە شوێنی خۆیان بۆچەواشە کردنی دوژمن، کەخەڵکی بەوڕێگایەدا دەڕۆیشتن دەبوایە بەبێ دەنگی بڕۆن نەبادا دوژمن ئاگاداربێ ..کەئێمە دەمەوبەیان گەیشتینە

هانەنەوا دنیا کەمێك ساردبوو، لاماندا پشوویەك بدەین، قاچاخچیەکان دەنگە دەنگیان کردو دوژمن بەتۆپی ١٢٠ملم لێیداین بەڵام ئێمە گوێمان نەدایەو لەوێ ماینەوە تارۆژ بووەوە ئینجا لە ملەی قەڵەخانییەوە ئاودیوی ئێران بووینو گەیشتینە بارەگاکەی کاك شەوکەتو پێشوازی لێکردینو شوێنو جێگەی پشوودانی بۆ دابینکردین تاکو چەكو تەقەمەنیووڵاخەکان ئامادە دەکرێن .بەهەلم زانی سەردانێکی سنە بکەم ، چووموو رۆژێك لەوێ مامەوە ئینجا گەڕامەوە بۆ قەڵەخانیو دەستمان کردە چاککردنی بارەکان کەبەشێکیان گوللەی کاتیۆشای دوورهاوێژو بوو گواستنەوەیان بەووڵاخ قورس بوو بەتایبەتی لە شاخدا ئەگەر بەر بەرد بکەوێ یان لەزەوی بدا مەترسی تەقینەوەی ئەبێ ناچاربووین هەڵیان بوەشێنینەوەوەو بیانکەینە دووبەشەوە تا بەئاسانی بگوێزرێتەوە .

لەوکاتانەدا دەنگوباسمان بۆهات کە هێزەکانی پارتی بەهاوکاری سوپای پاسداران پەلاماریووشکە ناویان دابوو ، رەبیەکانیان گرتبوو، ١٨ جاشیان بەدیل گرتبوو..ئێمە سەرکەوتینە سەرشاخی ملە خوردو تەقەیەکی گەرمی دۆشکاو هاوەن تەقاندن بوو ، لەوێ ئاغای حورمەتم بینی کە فەرماندەیەکی سوپای پاسداران بوو،ووتی: ئەم عەمەلیاتە گەورەیە یان داستانی رزگاری ..؟ منیش پێمووت : ئەمە بەداستانی رزگاری بەراورد ناکرێت کەگورزێکی کوشندەبوو لەهێزەکانی ئێراق کەوت تێیدا ١١٧ رەبیەو بارەگای سریەو ٤ بارەگای فەوج گیراو ١٧٦٣ کەس کوژرانو ٢٨٥٦ کەس بریندارو ١٨٩ دیل گیران .

بەم چالاکیە رێگای هاتوچۆکەیان خراپ کردبوو ، هێزێکی زۆری ئێراق هاتبووە شارەزوورو ئەحمەدئاوا . بۆیە ئێمەش گەڕانەوەکەمان دواخست رۆژی دواتر بارەکانمان بارکردو بەرەو شارەزوور شۆڕبووینەوە.. رێگا زۆر سەخت بوو، هێسترەکان بارەکانیان دەخست ، نیوەی ئەو پەنجا بارە بەکۆڵی پێشمەرگە گەیەندرایە هانەنەوە، جگەلەوە هێسترەکان هی سوپای ئێران بوون بەزمانی فارسی تەعلیم درابوونو ئاشنای قسەی ئێمە نەبوونو لە جلو بەرگەکانمان

سڵیان دەکردەوەو هەندێ جار بەرەو کێڵگەی مینەکان دەردەپەڕینو بە حاڵێکی شڕ دەمانگرتنەوە .. بە ماندووبوونێکی زۆر گەیشتینە دەشتی شارەزووورو لە چەمی زەڵم تەقەمنیەکانمان داگرتو لە بەر کۆپتەروولاّخەکانمان لەو چەومەدا شاردەوە تا کاتژمێر ٤ ی ئێوارەو پاشان کەوتینە ڕێ لە خواری سەیدسادقدا ١٢ کۆپتەری پیلاتۆس بەنزمی بەسەرمانا بەرەو ئەحمەدئاواووشکەناو چوون ..دەستمان لەسەر دڵمان بوو کە پێمان بزانو لێمان بووروژێن باش بوو لێمان ڕەت بوونو دایان لەو شوێنانەی هێزەکانی پارتیو پاسداران گرتب ووتیان .. بۆ شەوەکەی لە جادەی زەرایەنمان دا بەرەو گوندی دسکەرە .. لەوە دەچوو دوژمن هەستی بە شتێك کردبێ ، هەموو جادەکەیان بە گوللەی گڕدار دەبێژا .. هەر کە گەیشتینە دسکەرە زۆربەی هێزەکەمان لە بەر ماندووبوون خۆیان شاردەوە ئێمەش بارەکانمان بردە بنکەی کۆرەو لەگەڵ هێسترەکاندا تەسلیممان کردن ،خۆشمان گەڕاینەوە بارەگاکانی خۆمان .

هەرلەم مانگەدابوو کۆمەڵێك چالاکی لەسنوری تیپەکەماندا ئەنجام درابوو کە لە ڕۆژی ١٩٨٧/٩/١ هێزێکی تیپی ٥١ لەسەر جادەی کفری ـ سەرقەڵا بۆسەیەکیان دانا. دوو ئۆتۆمبیلی دوژمنی تێکەوت، یەکێکیان تۆپی ١٠٦ ملمی پێبوو، ئەوی تریان دۆشکایەك. لەگەڵ یەکەم دەستڕێژدا هەردوو ئۆتۆمبیلەکەو چەکەکانی سووتێنرانو چەند ئەفسەرێك بوونە خەڵوزو ٩ سەربازیش کوژران. بەمە خەڵکەکە زۆر دڵشاد بوون. هەروەها شەوی ١٧ـ ١٩٨٧/٩/١٨ هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ٥١و ٥٣ لە جادەی کفری ـ کەلارەوە بەرەو ناوچەی زەنگاباد دابەزینە خوارەوە. بە پێی نەخشەیەکی دارێژراو شەوی ١٩ـ١٩٨٧/٩/٢٠ پەلاماری ناحیەی کوڵەجۆیان دا. دەستێکی باشیان لێوەشاندو زیانی زۆریان پێگەیاند.گرنگی ئەم چالاکییە لەوەدا بوو بۆ یەکەمجارە دوای گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ بە هێزێکی زۆرەوە پێشمەرگە دابەزێتە ئەو ناوچەیەی ئەکەوێتە خواری کفریو کەلارەوە چالاکی لە بابەتی پەلاماردانی ناحیەیەكو دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم ئەنجامبدەنو دوژمن بێئاگابێت. بە

مەرجێ ئەم ناوچەیە ڕزگارکراو نەبوو،واتە بوونی پێشمەرگەی بە بەردەوامی تێدا نەبووەکو ناوچەکانی ترو دوژمن ئەو ناوچەیەی تەنیبوو بە هێزەکانی لە قەرەتەپەو جەلەولاو کوڵەجۆو کفری‌و لەسەرەوەش کەلار ئەوەندە بواری پێشمەرگە نەبوو بە ئاشکرا تێیدا بمێنێتەوە مەگەر بە مەفرەزەی بچووک نەبێت.

هەر لەم مانگەدا لە مەڵبەندەوە ئاگادار کراینەوە بۆ کۆبوونەوە بە مەبەستی گرتنی بورجی دارەڕەش‌و ڕەبایەکانی زرگوێز. بۆ ئەمەش نەخشەیەک ئامادەکراو بەو پێیە:

ـ تیپەکانی ١٧و ٥٧و بەشێکی تیپی ٢٥ لە دارەڕەشەوە تا ناو زرگوێزی پێسپێردرا.

ـ تیپی ٥٣ لە دێی سوێراوەوە بۆ سەر شاخ.

ـ تیپەکانی ١٧و ٥٩ بۆ سەر بورجەکەو ڕەبایەکانی دەوروبەری.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم چالاکییە هێزەکان لە دۆڵی قەرەداخدا کۆبوونەوەو شەوی١٩٨٧/٩/٢٩ـ٢٨ لە هەموو لایەکەوە بە یەک تەوژم‌و لە ناکاو پەلاماری هەموو جێ مەبەستە دیاری کراوەکان درا. ئێمە شوێنە پێسپێردراوەکانی خۆمانمان گرت، تەنیا ڕەبایەی سوولەکان نەبێت کە بەهۆی بوونی مینەوە نەگیراو شەڕی تێدا بەردەوام بوو. شەڕ لە هەموو لایەکەوە تاکو ڕۆژی دوایی بەردەوام بوو، لە هەمان کاتدا تۆپ‌و کاتیۆشای تۆپخانەی شۆڕش جێیەکانی دوژمنی بە خەستی ئەپێکاو گوللەیەکی سام ٧ کە لە لایەن کاک سوهادەوە ئاراستەی کۆپتەرێك کراو پێکای‌و بەریدایە خوارەوە. بەڵام سەرەڕای قەبەیی هێرشەکەمان‌و پاڵپشتی باشی تۆپخانە کەچی لە٤٠٪ سەرکەوتنمان بە دەست هێنا. هەر چەندە دوژمن کوژراوو بریندارێ فرەبوو، ٥٢ دیلی دابوو کۆمەڵێك چەك‌و تەقەمەنی کەوتە دەست پێشمەرگە، لە ئێمە پۆلێك پێشمەرگەی چاپووك بوونە قوربانی لەوانە: کاك حەمە سەعیدی حاجی غەریب فەرماندەی تیپی٥٥و ئازاد کەرکوکی فەرماندەی کەرتی سێی تیپی ٥٩و عوسمان هەڵەدنی فەرماندەی کەرت تیپی ٥٧، ئەگەرچی ئەم شەڕە ئابڕوو چوونی حکومەتی تێدابوو بە بەرچاوی خەڵکی سلێمانییەوە هێزەکانیان

ئەشکان‌و شوێنەکانیان لێئەگیراو بە هەزار نقەنق‌و ترس‌و لەرزەوە بۆی ئەهاتنەوە.

بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوەی ئەم چالاکیانە دوژمن بە هێزێکی زۆری جاش‌و سەربازو بە پاڵپشتی تانک‌و تۆپی قورس لە چەندین قۆڵەوە پەلاماری بارەگاکانی مەڵبەندی سێ لە سماقولی‌و هیراندا دا. ماوەی ١٠ ڕۆژ شەڕی قارەمانانە بەردەوام بوو، هێزی پێشمەرگە بەرگرییەکی کەم‌وێنەیان ئەنجامدا، ئەو بەرنامەیەی دوژمن داڕشتبوو بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیەو دەرپەڕاندنی هێزی پێشمەرگە بە ئاسانی سەری نەگرت‌و گورزی کوشندەیان تێسرەوێنراو زیانی بێ ئەندازەیان تووشبووو بە ناچاری پاشەکشەی کرد.

لەم شەڕانەدا پێشمەرگە لە ناوجەرگەی هێزەکانی دوژمندا دەستیان ئەکردەوەو لە قووڵاییدا هەراسانیان ئەکردن بە جۆرێک ترس‌و لەرزێکی ئەوتۆیان لێنیشت بوو بووە مایەی ئەوەی بە پەلەپرووزێ مەیدانی شەڕەکە کە خۆیان هەڵیان بژاردبوو بە جێبهێڵن. ئەم هێرش‌و پەلامارانە خودی‌وەزیری بەرگری عێراق عەدنان خەیروڵڵا سەرپەرشتی ئەکرد. ئەڵێن کاتێك هێزەکانی لە بەرەکانی شەڕەکەدا ئەشکاو ڕایان ئەکرد، پێشمەرگە لە سەنگەرەکانیاندا دەرئەپەڕن‌و لێیان ئەدان‌و شپرزەیان ئەکردن. ئەویش سەرکۆنەی فەرماندە سەربازی‌و جاشەکانی ئەکردو بە تووڕەییەوە بەراوردی لە نێواندا ئەکرد کە پێشمەرگە هەم بەرگری ئەکەن‌و هەم پەلامار ئەدەن کەچی هێزەکانی خۆی هەموو پێداویستییەکیان لە بەردەستدایەو هیچیان پێناکرێ ئەمەش پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەیە، کەچی لە بیری چوو بوو هێزەکانی ئەو داگیرکەرن‌و بیروباوەڕیان نییەو پێشمەرگەش لە پێناوی ئامانجی کوردایەتیدا گیانیان ئەبەخشن‌و خاوەنی مەسەلەیەکی ڕەوان.

ئەم شەڕانە نمونەیەکی کاریگەری شەڕی بەرگری بوون کە بۆ دوژمنی سەلماند هەرچەندە ئەو خاوەن گەورەترین تەکنۆلۆژیای سەربازی سەردەم بێ‌و تازەترین نەخشەی شەڕەنگێزانەی هەبێ ئەوا بەرامبەر بە هێزێکی خاوەن هەڵوێستی بەرگری نیشتمانی ڕووبەڕوو ئەبێتەوە.

ڕووداوەکانی ئەم مانگە بەپەلە تێئەپەڕنو هەر ڕۆژە شتێك ئەهاتە ئاراوە کەلە قازانجی شۆڕش بوو. سەرەتای مانگی ١٩٨٧/١٠ بوو لە سەر جادەی قادر کەرەم - دووز ئۆتۆمبیلێکی تیۆتای حکومی لە ئەنجامی نەشارەزایی ڕێگە هەڵە ئەکات، لەو کاتانەدا دەستەیەك پێشمەرگەی تیپی ٥١ بە ئۆتۆمبیلێکەوە ئەچنە سەرجادەکە بۆ بەنزین وەرگرتن، ئەو ئۆتۆمبیلەش لەسەر پردەکەی کۆرومۆر ڕائەوەستێ بزانێ ئەو چەکدارانە کێن، کە گومان ئەکەن ئەوانە پێشمەرگەن هەڵئەگەڕێنەوە بەرەو دووز، پێشمەرگەکانیش تەقەی لێئەکەنو بەرئەکەوێ. لە حەیبەتا سەرنشینەکانی خۆیان فڕێ ئەدەنە خوارەوەو ئینجا ئۆتۆمبیلەکە ڕائەوەستێو پێشمەرگەکان ئەچنە سەریان ئەبینن ئەمانە بیانینو ئیتالین، یەکێکیان ناوی (جۆزیف)و ئەوی تریان (ڕۆبەرتۆ) بووو یەکێکیان بریندار ئەبێ. پێشمەرگەکان ئۆتۆمبیلەکەو بیانییەکان ئەگەیەننە بناری شاخ‌وئەمیانبەنە لای کاك ڕۆستەمو برووسکە بۆ مەکتەبی سیاسی ئەکرێتو پاشان ڕەوانەی مەڵبەند ئەکرێن، لەوێ بریندارەکە تیمار ئەکرێو میواندارییەکی باشو ڕێزێکی زۆریان لێئەگیرێو دوای چەند ڕۆژێك بەرەو سەرکردایەتی ئەگوێزرێنەوەو پەیوەندی بە دەوڵەتەکەیانەوە ئەکرێو بەڕێزەوە ئازاد ئەکرێن. دیارە لە زۆر شوێنی ئەم دنیایە لەلایەن هێزە شۆڕشگێڕەکانەوە هەوڵ ئەدرێ خەڵکانی بیانی‌وەکو بارمتە بگیرێنو بۆ گوشار خستنە سەر دەسەڵاتی ئەو حکومەتەو کۆمەڵێك مەرجی قورس بەرامبەر ئازادکرنیان دائەنرێ کە زۆر جار لایەنی مادی تێدا ڕەچاو ئەکرێ، بەڵام یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەم جۆرە دەستگیرکردنانەی خەڵکانی بیانی تەنیا یەك مەبەستی سیاسی هەبووە کەڕای ئەو حکومەتە بەلای مەسەلەی ڕەوای کورددا ڕابکێشێو دەنگۆیەك بخاتەوە.

لەو مانگەی پێشوودا هەندێ کەسی ناوچەی گەرمیان لە سەر سیخوڕی گیرابوونو لە زینداندا بوون، یەکێك لە زیندانییەکان کە ناوی ڕەشید حەسەن سەعدون بوو دانیشتووی فەقێ مستەفا بوو ئیعترافی لە سەر ٨٠ کەسی خەڵکی فەقێ مستەفا کردبوو کە سیخوڕن، پێشمەرگە میران فەرەج‌ووتی: چەند

ساڵێکی تر ئەڵێن ساڵی گیرانە گەورەکەی فەقێ مستەفاوەکو چۆن ئـەڵێن سـاڵی گرانییە گەورەکە، یەکێکی تـر لـەو گیراوانـە مـام غـەریب فـەتاح نـەجم خـەڵکی باشتەپە بوو، هەموو ئەمانە بڕیاری لە سەیدارە دانیان درابوو بـەڵام پـێش ئـەو بڕیارە لە سەر داوای کۆمەڵێك ڕیشسپی مام غەریب ئازاد کـرا. کـە بڕیارەکـە لـە لایەن م.س گەیشتبووە کاك ئاوات عەبدولغەفور برووسکەی بۆ کردم:

لە / ئاوات عەبدولغەفور

بۆ / کاك مەحمود سەنگاوی

(تکایـە ئاگـاداری سـوارەی فەرمانـدەی کـەرت بکەنـەوە غـەریب فـەتاح نەجم بگرنو ئیعدامی بکەن لە بەر ئەوەی ئەمری ئیعدام کردنی دەرچووە).

منیش یەکسەر ئاگاداری سوارەم کردەوە کە ناوبراو بگرێو ڕەوانـەی لای خۆمی بکات. کە مام غەریب گەیشتە لامان، هاوڕێکانی لە سەیدارە درابوون، کـە بـە نـاو دێـی فـەقێ مسـتەفادا هـاتبوو تەماشـا ئـەکات کـار لـە کـار تـرازاوەوو زانیبووی ئەویش بۆ کوشتن ئەبرێ ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو منـاڵێکی تەمـەن ٨ ـ ٩ ساڵی ڕووتو ڕەجاڵی لەگەڵا بوولـە گـەڵ پـیرە ژنێـك کـە کەشـیدەیەکی بـە سەرەوە بوو هەر ئەگریان کە بینییانم زۆر بـەزەییم پێیانـا هاتـەوەو گەیشـتمە ئـەو ڕایـەی ئـەم کابرایـە نەشـکوژرێ هـیچ لـە مەسـەلەکە نـاگۆڕێ، بـانگی م. جـوامێری ڕابـەر سیاسی تیپـی ٥١ ی گـەرمیانم کـرد، ئـەویش قایـل بـوو، ئینجا ئازادمان کردو ڕۆیشتەوە، مام غەریب کە خـاوەنی دوو ژنو ١٢ منـاڵی کـوڕو کـچ بوو لە ئەنفالەکاندا هەموویان بەرکەوتنو تیاچوون.

هەر لەم مانگەدا برووسکەیەکی سـەرکردایەتی گەیشـت بـۆ نـاردنی هێـز بـۆ سـەرەوە، بـە دوو ڕۆژ خۆمـان کـۆکردەوەو گەیشـتینە سـەرەوە، کۆبوونەوەیـەکیان پێکـردینو نەخشـەی گرتنـی شارۆچکەی دووکانیـان خستە بەردەسـتمان کـە لـە ڕاسـتیدا گرتنەکـەی لـە ڕووی سـەربازییەوە بـۆ ئێمـە گرنگییـەکی زۆری هـەبوو، ناوچـەیەکی فراوانمـان ئەکەوتـە ژێـر چـنگەوە. مەترسـیمان لەسـەر بارەگاکـانی سـەرکردایەتی دوور ئەخسـتەوەو دوژمنـیش تووشی شڵەژانێکی ترسناك ئەهات. هەروەها زۆر پێگەی سـەربازی تـر ئەکەوتـە

ناو بازنەی مەترسییەوە بە تایبەتی چاڵە نەوتەکانی کەرکوك. بەڵام ئەم نەخشەیە بە هۆی هەندێ کاری تەکنیکییەوە نەتوانرا جێبەجێ بکرێت‌و هەلەکە ئەوەندە لەبار نەبوو. بۆیە دواخراو لەو ڕۆژانەدا جێبەجێ نەکرا. لەبری ئەمە بڕیاردرا زینۆی سپی‌و دۆڵی گەڵاڵە بگیرێ.

ڕۆژی ۱۹۸۷/۱۰/۱۹ بەرەو زینۆی سپی کەوتینەڕێ، دنیا باران بوو، سەرمایەکی سەخت‌و شەوێکی تاریك‌و نووتەك بوو. بە ئاستەم بەرپێی خۆمان ئەبینی، لەم دۆخە دژوارەدا هەریەکەمان لە ناخیدا دوو کەڵکەڵە سەری دائەهێنا، یەکێکیان جێبەجێکردنی ئەرك‌و فرمانەکان‌و بەدیهێنانی سەرکەوتن ئەویتریان بەرگەگرتنی مەینەتییەکان‌و کەندوکۆسپی سروشت بوو. بۆ مرۆڤی شۆڕشگێڕ هەمیشە کەڵکەڵەی یەکەم زاڵبوو. بەو سەرماو تاریکی‌و ناهەموارییە بەرەو شوێنی مەبەست ڕۆیشتن. ئەوەندە بارانەکەی بە خوڕ دای ئەکرد کە بوو بووە ڕێگر لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانمان‌و بە جۆرێك گیانمان تەڕ بوو بوو لەگەڵ چەکەکاندا حەشوەی گوللەی ئارپیجییەکان خووسان، کە ئارپیجی بۆ هەر هێرش‌و پەلامارێکی پێشمەرگانە بۆ سەر دوژمن دەوری سەرەکی هەیە. لێرەدا نەدەتوانرا بەو حاڵەتەوە کاری خۆی بکات. پەیوەندیمان بە کاك شێخ جەعفەرەوە کردو لەووردو درشتی مەسەلەکەمان گەیاند، بۆیە بڕیاردرا نەچینە سەر دوژمن‌و لە ئەشکەوتێکدا بمێنینەوە هەرچەندە هەموومان جێگەمان نەئەبووەوەو هەندێك پێشمەرگە تا بەیانی هەر لە بەر بارانەکە بوون، ئینجا بەرەو کانی توو گەڕاینەوەو چەند ڕۆژێك لەوێ حەساینەوە.

دوای ماوەیەك داوام لە برادەران کرد کە ڕێگە بدەن بچمەوە بۆ چارەسەری چاوو پشتم، ڕێگەیان دام. لەم ڕۆژانەشدا هەڤاڵ مام جەلال ئامادەی سەفەری ئێران بوو. من‌و کاك حەمەڕەش‌و کاك سەلامی کوێخا عەزیزو ئاغای ڕەحیمی ئەندامی قەرارگای ڕەمەزانی لەگەڵدا بووین. شەوێ لە کانی توو لای قادرئاغا ماینەوە، ئینجا لە نزیکی زینۆی سپییەوە تێپەڕین. شەوێکی نووتەك‌و ڕێگایەکی دژوار بوو، مەترسی ئەوە هەبوو لەو شاخەوە بەربینەوە، لەگەڵ هەندێ پێشمەرگەدا چووینە تەنگی بەرامبەر هەرزنە کە سیمەکەی لێبوو.

لەوێ بۆسەیەکمان دانا، ئاگامان لەوە نەبوو چل پاسدار پێش ئێمە ڕۆیشتوون بۆ ئاگادار کردنەوەی سوپا کە هەڤاڵ مام جەلال‌و هاوڕێکانی بەڕێوەن بەرەو ئێران. سوپاش هێزێکی بێ زەبت‌و ڕەبتی لە شوێنێکی ناسکدا دانابوو. هەر قڕەو هەرایان بوو زۆر خەممان بوو شتێك ڕووبدات زیاتر لەبەر هەڤاڵ مام جەلال. کە گەیشتینە سیمەکە پاسدارەکان‌و هەندێك لە ئێمەش پەڕینەوە، کە نۆرە گەیشتە هەڤاڵ مام جەلال سیمەکە خراپ بوو، زۆر تووڕە بووو بە تەوسەوەووتی: گەر شەهیدبم ئەوا تاوانی کاك جەبارو مامۆستا عەزیزە. ئینجا بە پەلە سیمەکە چاك کرایەوە.

ڕۆژی ١٩٨٧/١١/١٠ گەیشتینە ئەشکان، ئێرانییەکان پێشوازییەکی گەرمیان لە هەڤاڵ مام جەلال کرد.چەند ئۆتۆمبیلێکی تیۆتایان ئامادەکرد بەرەو سەقز ڕۆیشتین، چەند ڕۆژێك لەوێ ماینەوە کە هەواڵی دەست بە سەرا گرتنی سەربازگەی چەرمەگامان بیست لە لایەن هێزەکانی مەڵبەندی یەکەوە لە شەوی ١٩٨٧/١١/٩-٨ ئەنجامیان دابووو زیانێکی زۆر لە دوژمن کەوتبووو دەستکەوتی باش هەبوو چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتیش شەهید بوو بوو کە یەکێکیان مام هێرش جێگری تیپی ١٧ ی زمناکۆ بوو.

ئینجا لە سەقزەوە بۆ کرماشان چووین‌و چەند ڕۆژێك ماینەوەو دواتر بەرەو تاران ڕۆیشتین، لە تاران چل ڕۆژ ماینەوە، لەوێ خەریکی چارەسەرکردن‌و سەردانی پزیشك بووم. هەر لە دوای ڕۆیشتنەکەی ئێمە برادەران بە پێی نەخشەیەکی سەرکەوتوانە پەلاماری زینۆی سپی ئەدەن‌و هەموو شوێنەکان لە دوژمن پاك ئەکەنەوەو زیانی بێ ئامانی پێ ئەگەیەنن‌و چەند پێشمەرگەیەکیش گیانیان ئەبەخشن کە یەکێکیان عەبەی دایە فاتە بوو کە بە بریندارى ئەیگەیەننە دیوی ئێران‌و لەوێ شەهید ئەبێت. پاش چارەسەرکردن‌و تەواو بوونی کارەکانمان بە یاوەری هەڤاڵ مام جەلال گەڕاینەوە کرماشان‌و سنەو نیوەڕۆیەك لە نوستانداری سنە لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلالدا میوان بووین. پاش نیوەڕۆکەی خواحافیزیمان لێکردن‌و بەرەو سەقز

ڕۆیشتین، لەوێشەوە بۆ دزلێو سەرسنوور، لەبەر ئەوە شارەزامان نەبوو ماوەیەك ماینەوە.

لەو سەر سنووورە دەستمان نا بە پشتی ساڵێکی تری پڕ لە گرێوگۆڵی ژیانمان.. کە ئێمە تەنیا لە ژێر ساباتەکەی خۆماندا و لە کلاوڕۆژنەی ژوورە پەرپووتەکەی خۆمانەوە ئەمانڕوانیە پانتایی جیهانو ژیانو دەوروبەرمان.. زۆر ئاگامان لەو هەموو داوە ترسناکانە نەبوو بۆمان دانرابوو گەرچی ئەمانزانی ئێمە لە سەر بورکانێکی ئاگراویدا دانیشتووینو هەموو ساتێکی تەمەنمان ئامادەین ببینە قەرەبرووتو لە ڕێگەی ئەو هەموو داوە تەنراوە نەبینراوانەی لە دەرەوەیویستی خۆمان بۆمان چێنراوە.. ئەمە قەدەری کوردە..! تۆ بڵێی هەروا لە ژێر چەمۆڵەی ڕۆژگاردا بینو ڕۆژێك نەیەت دەرباز بینو دوژمنەکانیشمان ببنە تەڵەو داوی ڕۆژگارەوە..؟!

ساڵی ١٩٨٨

ووردەووردە شۆڕ بوینەوە بۆ هەواری ساڵی نوێ. چونکە ئێمە هەمیشە لە شەڕو نەبەردیو زۆرانبازیداین لە گەڵ دوژمنەکانمان هیچ کاتێك چێژ لە زەمەنە خۆشەکانوەرناگرین، بۆیە ئەویش بە سانایيو بە خشپەیی تێئەپەڕی، بە بێ ئەوەی کەسمان لەویتر زویر ببێ بۆ مەراسیم ناگێڕینو لە ئاهەنگی تایبەتیدا بەشداری ناکەین..!

کە لە دزلێ بووین ئێرانییەکان ئەیانویست هێزێك بنێرنە سنووری قەرەداغو قسەیان لەگەڵ کردینو پێمانووتن: ئەگەر سەرکردایەتی ڕازی بێ ئەتانبەین، یەکسەر بڕیاری سەرکردایەتیمانوەرگرت کە ٤٥ کەس ببەین. ڕۆژی ١/١/ ١٩٨٨ لەگەڵ برایانی سۆشیالیستدا بەرەو چیای سوورێن بەرێکەوتین. کە گەیشتینە سەرشاخ زریان هەڵیکرد، نەمانتوانی بڕۆین، خەریك بوو لەسەرمانا بمرین، ناچار گەڕاینەوە دزلێ.

لەوێ بۆسەیەکمان دانا، ئاگامان لەوە نەبوو چل پاسدار پێش ئێمە ڕۆیشتوون بۆ ئاگادار کردنەوەی سوپا کە هەڤاڵ مام جەلال‌و هاوڕێکانی بەڕێوەن بەرەو ئێران. سوپاش هێزێکی بێ زەبت‌و ڕەبتی لە شوێنێکی ناسکدا دانابوو. هەر قرەو هەرایان بوو زۆر خەممان بوو شتێك ڕوویدات زیاتر لەبەر هەڤاڵ مام جەلال. کە گەیشتینە سیمەکە پاسدارەکان‌و هەندێك لە ئێمەش پەڕینەوە، کە نۆرە گەیشتە هەڤاڵ مام جەلال سیمەکە خراپ بوو، زۆر تووڕە بووو بە تەوسەوەووتی: گەر شەهیدبم ئەوا تاوانی کاك جەبارو مامۆستا عەزیزە. ئینجا بە پەلە سیمەکە چاك کرایەوە.

ڕۆژی ١٩٨٧/١١/١٠ گەیشتینە ئەشکان، ئێرانییەکان پێشوازییەکی گەرمیان لە هەڤاڵ مام جەلال کرد.چەند ئۆتۆمبیلێکی تیۆتایان ئامادەکرد بەرەو سەقز ڕۆیشتین، چەند ڕۆژێك لەوێماینەوە کە هەواڵی دەست بە سەرا گرتنی سەربازگەی چەرمەگامان بیست لە لایەن هێزەکانی مەڵبەندی یەکەوە لە شەوی ١٩٨٧/١١/٩-٨ ئەنجامیان دابووو زیانێکی زۆر لە دوژمن کەوتبووو دەستکەوتی باش هەبوو چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتیش شەهید بوو بوو کە یەکێکیان مام هێرش جێگری تیپی ١٧ ی زمناکۆ بوو.

ئینجا لە سەقزەوە بۆ کرماشان چووین‌و چەند ڕۆژێك ماینەوەو دواتر بەرەو تاران ڕۆیشتین، لە تاران چل ڕۆژ ماینەوە، لەوێ خەریکی چارەسەرکردن‌و سەردانی پزیشك بووم. هەر لە دوای ڕۆیشتنەکەی ئێمە برادەران بە پێی نەخشەیەکی سەرکەوتوانە پەلاماری زینوێ سپی ئەدەن‌و هەموو شوێنەکان لە دوژمن پاك ئەکەنەوەو زیانی بێ ئامانی پێ ئەگەیەنن‌و چەند پێشمەرگەیەکیش گیانیان ئەبەخشن کە یەکێکیان عەبەی دایە فاتە بوو کە بە برینداری ئەیگەیەننە دیوی ئێران‌و لەوێ شەهید ئەبێت. پاش چارەسەرکردن‌و تەواو بوونی کارەکانمان بە یاوەری هەڤاڵ مام جەلال گەڕاینەوە کرماشان‌و سنەو نیوەڕۆیەك لە ئوستانداری سنە لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلالدا میوان بووین. پاش نیوەڕۆکەی خواحافیزیمان لێکردن‌و بەرەو سەقز

ڕۆیشتین، لەوێشەوە بۆ دزڵی و سەرسنوور، لەبەر ئەوە شارەزامان نەبوو ماوەیەک ماینەوە.

لەو سەر سنووره دەستمان نا بە پشتی ساڵێکی تری پڕ لە گرێوگۆڵی ژیانمان.. کە ئێمە تەنیا لە ژێر ساباتەکەی خۆمانداو لە کلاوڕۆژنەی ژووره پەرپووتەکەی خۆمانەوە ئەمانڕوانیە پانتایی جیهانو ژیانو دەوروبەرمان.. زۆر ئاگامان لەو هەموو داوە ترسناکانە نەبوو بۆمان دانرابوو گەرچی ئەمانزانی ئێمە لە سەر بورکانێکی ئاگراویدا دانیشتووینو هەموو ساتێکی تەمەنمان ئامادەین ببینە قەرەبرووتو لە ڕێگەی ئەو هەموو داوە تەنراوە نەبینراوانەی لە دەرەوەی‌ویستی خۆمان بۆمان چێنراوە.. ئەمە قەدەری کوردە..! تۆ بڵێی هەروا لە ژێر چەمۆڵەی ڕۆژگاردا بینو ڕۆژێک نەیەت دەرباز بینو دوژمنەکانیشمان ببنە تەڵەو داوی ڕۆژگارەوە..؟!

ساڵی ١٩٨٨

ووردەووردە شۆڕ بوینەوە بۆ هەواری ساڵی نوێ. چونکە ئێمە هەمیشە لە شەڕو نەبەردیو زۆرانبازیداین لە گەڵ دوژمنەکانمان هیچ کاتێک چێژ لە زەمەنە خۆشەکان‌وەرناگرین، بۆیە ئەویش بە سانایی‌و بە خشپەیی تێئەپەڕی، بە بێ ئەوەی کەسمان لەویتر زویر ببێ بۆ مەراسیم ناگێڕینو لە ئاهەنگی تایبەتیدا بەشداری ناکەین..!

کە لە دزڵی بووین ئێرانییەکان ئەیانویست هێزێک بنێرنە سنووری قەرەداخ‌و قسەیان لەگەڵ کردینو پێمان‌ووتن: ئەگەر سەرکردایەتی ڕازی بێ ئەتانبەین، یەکسەر بڕیاری سەرکردایەتیمان‌وەرگرت کە ٤٥ کەس ببەین. ڕۆژی ١/١/ ١٩٨٨ لەگەڵ برایانی سۆشیالیستدا بەرەو چیای سوورێن بەڕێکەوتین. کە گەیشتینە سەرشاخ زریان هەڵیکرد، نەمانتوانی بڕۆین، خەریک بوو لەسەرمانا بمرین، ناچار گەڕاینەوە دزڵی.

ڕۆژی سەری ساڵ لە هەموو شوێنێکی دنیا بە خۆشی بەسەر ئەبرێ، ئاهەنگگێڕانو پشووە، پیاچوونەوەیە بە کارەکانی ئەو ساڵەدا.. کەچی ئێمە لەناو زریانی بەفرو لە ناو سەرماو تۆفی زستاندا بەو سەرشاخانەوە ڕێچکەمان بەستووەو ڕێگای سەختو تووش ئەبڕین.

ڕۆژی ۱۹۸۸/۱/۲ دیسانەوە کەوتینەوە ڕێ، ئەمجارەیان هەوا خۆش بوو، گەیشتینە میری سوورو لەوێ ماینەوە. شەوی٤ـ۱۹۸۸/۱/٥ بەتەمابووین بڕۆین، پاسدارەکان لە بری ٤٥ کەس بوو بوونە ۱٤٥ کەس، ئێمە قبوڵمان نەکرد تاسەد کەسیان گەڕانەوە. لە ناو ئەو ٤٥ کەسەدا پیاوێکی پیری تێدا بوو پێم‌ووت: تۆ پیری ناتوانی بەسەر ئەو هەموو هەورازو نشێوەدا بڕۆی.ووتی: بە گەنجێتی خۆتا مەنازە لە ڕێگا یەکتری ئەبینینەوە. ئەم کابرایە خەڵکی خوراسان بوو، لەو کوردانە بووەختی خۆی سەفەوییەکان لە کوردستان دووریان خستبوونەوەو دەربەدەریان کردبوون. ئەیووت: ئەچم بۆ سەر گۆڕی مەلا ئەحمەدی خوراسانی کە لە قەرەداخە، هەر چەندە شارەزای کونو قوژبنی قەرەداخم ناوێکی لەم بابەتەم نەبیستبوو.

لەو کاتەوەی لەگەڵ ئێرانییەکان پەیوەندی دۆستانەمان بەستبوو، شارەزای خوورەوشتو هەڵسوکەوتیان بووبووین لە سەفەرو ڕێگاوباندا، ئەوانوا خۆیان نیشان ئەدا کە هەر چەندەوەکو پاسدار چەکدارنو شەڕ ئەکەن لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکە ئایینییەکانی سەرشانیان ئەنجام ئەدەنو بە موو لێی لا نادەن. گەرچی ئەمە لە ڕووی کردەییەوە ڕاست نییەو گیروگرفت درووست ئەکاتو کارە سەرەکییەکان دوا ئەخات. بۆیە هەر کە ئەکەوتینە ڕێیان لە هەر جێگایەك لامان ئەداووریامان ئەکردنەوە کە بەپێی تەعلیماتی ئێمە هەڵسوکەوت بکەن. حساب بۆ ڕێوڕەسمی کاری عەسکەرییانە بکەنو پاشان ئەرکەکانی عیبادەت ئەنجام بدەن. بەلای ئەوانەوە ئەمە دژایەتی کردنی ئایین بوو، ئەوان هەر کە ئەگەیشتنە هەر شوێنێکی مەترسیو نزیکی دوژمن دەستیان ئەکردە نوێژو خۆیان خەریك ئەکردو بەمەش کێشەیان ئەخوڵقاند.بە حاڵێکی خراپ لە میری سوورەوە گەیشتینە چەمی ڕیشێن. زۆر هەوڵیاندا نوێژ

بکەن ڕێگەم پێنەدان، لەوێ جووڵاین، سێ کاتژمێر ڕێمان کرد لە دواوە بانگیان کرد: پیاوە پیرەکە پەکی کەوتووە، گەڕامەوە دواوە پێم ووت: ئەوە چییە پەکت کەوتووە..؟ووتی: پەکم نەکەوتووە ئاسمان لەبەرچاوم ئەسووڕێتەوە. پێم ووت: ئاسمان ناسووڕێتەوە، تۆ توانات نییە مەگەر نەمووت مەیە،ووتی: من بۆ زیارەت ئەچم، ئێوەش بەجێم بهێڵن خۆم ئەچمە شانەدەری و سبەینێ لە جادەوە ئەڕۆم و پێتان ئەگەمەوە. نەمئەزانی لە کوێوە شارەزای ڕێگاوبان بوو بوو کە خۆی بڕوات، بە دەم ڕێگاوە مشت و مڕێکی زۆریان بوو،ووردەووردە نزیکی شانەدەری بووینەوە، لە هێزەکانی دوژمنەوە دوور نەبووین، لەپڕ بانگیان کردم ئەوا یەکێکی تریش پەکی کەوتووە، کە گەڕامەوە لای تەماشا ئەکەم پاسدارێکی لەڕولاوازەو کۆڵێکی گەورەی پییەو پڕزەی لێبڕاوە، کۆڵەکەمان لێ سەندو پێمانووت: ڕاکە با لە هێزەکە دانەبڕێی. بەڵام ئەو هیچ خۆی تێك نەدا، بە گۆچانەکەی دەستم پاڵم پێوە ئەناو زۆرم لێئەکرد بڕوات نەمئەزانی ئەمە لێپرسراوی یەکەمی پاسدارەکانە کە بێجگە لەم ئەوان یەکێکی تریان بەمن ناساند ناوی مەجید بوو. کاتێ بە پاڵ گەیاندمە ناو پاسدارەکان شەش کەسیان پەلاماریان دام منیش یەکسەر دەستم دایە تفەنگ و فیشەکم لێخوڕی. پێشمەرگەکان بەربوونە پاسدارەکان و لێیان دان. ئینجا مەجیدم بانگ کردو پێم ووت: چەند کەسێکتان بگەڕێنەوەو ئەوانی تر تان پێکەوە ئەڕۆین. ئەووتی: با کۆبوونەومیەك بکەین و ئاگادارت ئەکەینەوە. دوای کۆبوونەوەکەیان هاتەوەوووتی: هەمووومان بە جارێ ئەگەڕێینەوە، چەند تەقەلامانـدا ئەو کارە نەکەن تەنیا پەککەوتەکانیان بگەڕێنەوە سوودی نەبوو. لەگەڵ دوو پێشمەرگەی سوسیالیستدا بۆ میری سوور گەڕانەوە. ئەمزانی ئەوانە شکات ئەکەن لای سەرکردایەتی و سزاش ئەدرێم. ئێمەش چووینە شانەدەری و هەندێ حەساینەوە،ویستمان بڕۆین بەڵام ڕێگاکە مینی هەبوو، ناچار بەرەو ئەشکەوتێکی لای کەچەڵی و ماو ڕۆیشتین کەچی ئەمان دۆزییەوە، ڕوومان کردە کەلاوە ڕووخاوەکانی ئەو ناوە کە هەندێ کادان و گەوری تێدابوو، چەند کیلۆمەترێ لە سەید سادقەوە دوور بوو، چواردەورمان

هەمووی هێزی دوژمن بوو، لەوێ ماینەوەو بڕیارماندا کەس جووڵە نەکات بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبین.

کاتژمێر ٩ ی بەیانی ژنو پیاوێك هاتنە ناو کەلاوەکانەوە، پیاوەکە لەبەر خۆیەوەووتی: ئەم کادانەی ئێمە دەستکاری کراوە، هاتە بەردەرگای ژوورەکە ئێمەش دەستمان گرتو ڕامان کێشایە ژوورەوە، حەپەساووتی: ئێوە کێن..؟ووتم: پێشمەرگەین،ووتی: ئەگەر بەرم نەدەن ژنەکە گومان ئەکات،ووتم: ئەگەر بەرت بدەین نابێ بۆ ماڵ بڕۆیتەوە،ووتی ناڕۆمەوە. لەم دەوروبەرەدا خۆم خەریك ئەکەم تا کاتژمێر ٢ ی دوای نیوەڕۆ ئەوسا ئەڕۆمەوە. کە لە ئێمە ڕەت بوو برادەرانی ئەولامان هێنایانەوە، نەیانزانیبوو پێشتر لای ئێمە بووە، دیسانەوە بەرمان دایەوە، لەو ناوەدا تا دوای نیوەڕۆ خۆی خەریککرد ئەوسا لێیدا ڕۆیشتەوە. ئێمە لە بارێکی دەروونی زۆر ناخۆشدا بووین تاکو ئێوارە. نزیکی خۆرئاوا بە ناو قوڕو لیتەی شارەزووردا بە دوای شێخ توفیقدا کە شارەزامان بوو کەوتینە ڕێ. هەر یەکە کۆڵێکی قورسمان پێبوو، زۆر شەکەتو ماندوو بووین، قوڕی شارەزوور مچو قەڵپەو مرۆڤ هیلاك ئەکات. ئەوەندە ڕێمان کرد تا گەیشتینە کانی کەوە، لەوێشەوە لە جادەی زەڕایەن پەڕینەوە بەرەو زەلەڕەش‌و تا بەیانی ماینەوە. دێکە چۆڵوهۆڵ بوو، هەستمان بەوێرانەی خاك‌و نەبوونی خەڵك ئەکرد کە چەند کار لە دەروونی پێشمەرگە ئەکات. بەڕاستی پێشمەرگە بێ خەڵك ناژی، چونکە ئەرك‌و فرمانەکانی لە پێناوی خەڵکیدایەو بۆ ئایندەی ڕووناکی ئەو خۆی بەخت ئەکات بۆیە دوور لە خەڵکی ژیان تامێکی ئەوتۆی نییە، بە تایبەتی پێشمەرگەو خەڵکی لادێ بوو بوونە جمکانە.

دوای خۆرو بان گەرمبوون ڕوومان کردە کانی هەنجیر کە هێشتا ئاوەدانی تێدا مابوو، زۆریان خزمەت کردین، دوای ماندوو دەرچوون بەرەو دووکان ڕۆیشتین، سەردانی هەندێ ماڵە پێشمەرگەمان کرد.بە ئۆتۆمبیلەکەی کاك مەلا ئەحمەدی کەلاری ڕۆیشتینەوە بۆ گەرمیان. شەو لە ماڵی باوکی کاك حەمەڕەش لە کرپچنە لامانداو لێیخەوتین. بەیانییەکەی چووینە هەزارکانی‌و

له ماڵی حاجی حەمەساڵحی خاڵم تا ئێوارە ماینەوە ئینجا بەرەو دەرەواری خواروو بۆ ماڵی خۆمان.

ڕۆژی ١٩٨٨/١/٨ له ماڵەوە دانیشتبووین سێ فڕۆکەی شەڕکەری گەورەی دوژمن هاتنە ئاسمانی ناوچەی سەنگاو لە دوو شوێندا زرمەیان هەستان. هەزارکانیو ژاڵەی ڕەبات لە ناو ڕۆکێتەکانی فڕۆکەکانو تەپوتۆزدا نوقم بوون. ئەمە یەکەمجارە لەم ناوچەیەدا فڕۆکەی گەورە بێتو خۆی خاڵی بکاتەوە. پێشتر هەر کۆپتەر هاتووەو لە دوورەوە تۆپباران کراوە، ئەمە خاڵێکیوەرچەرخانە لە بەکارهێنانی شێوازی تر لە شەڕی کوردستاندا. لە دێی هەزار کانی ٣ هاوولاتی بریندار بوونو لە دێی ژاڵەی ڕەباتیش ٢ کەس بەناوی جەمالو فرهادو پورە ڕەحمە شەهید بوون . ئێمە بە پەلە گەیشتینە شوێنی ڕووداوەکەو بەشداری ناشتنی شەهیدەکانوتیمارکردنی بریندارەکانمان کردو کەسو کاریانمان بەسەر کردەوە. بەڕاستی خەڵکێکی دڵ قایم بوون، هەڵوێستێکی مەردانەیان نەنواند سەرەڕای ئەو زیانە گەورەیەی لێیان کەوتبوو، بەوپەڕی ئازایەتییەوە ئەمەیان بە مایەی سەربەرزی لە قەڵەم ئەدا.

هەر لەم ڕۆژانەدا بوو هێزێکی گەورەی تیپەکانی ٥١و ٥٩ بە پێی نەخشەیەکی داڕێژراو شەوی١٢ـ١٩٨٨/١/١٤ پەلاماری ئۆردووگای قەڵخانلوویانداو لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەردا گرت، کوشتارێکی باشیان لە دوژمن کردو زۆرێك لە هێزەکەی ڕایانکردو دەستکەوتێکی زۆرو زەوەند کەوتە دەستی پێشمەرگە.

دوژمن توانای بەرگری کەم بوو بووەوە، هێزەکەی بێوورە، هەر کە بیان زانیبا پێشمەرگە پەلاماریان ئەدا هەوڵیان ئەدا بێ تەقە خۆیان دەرباز بکەن، بۆیە ئەوەندەی خۆیان ئەپاراست ئەوەندە شەڕیان نەئەکرد.دەستوەشاندنی هێزی پێشمەرگە ئەوەندە کاریگەر بوو لایەنێکی سایکۆلۆژی سەلبی لای چەکدارەکانی بەعس درووست کردبوو کەس ئامادە نەبوو خۆی بۆ بەعس بە کوشت بدات. جگە لەوەی چەکداربوون چوەکو سەربازییان جاشێتی بەڵگەی لایەنی مەبدەئیو بیروباوەڕو دڵسۆزی نەبوو، بەڵکو زۆربەیان ڕۆژگارو زەبرو

زەنگی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانە ناچاری کردبوون خۆیان بخەنە باوەشی ڕژێم. خۆ هەرچی جاشەکە بوو هەر هەڵپەی خۆ دەوڵەمەندکردنو پارە پەیداکردن بوون یان خۆ دزینەوە لەسەربازیو نەچوون بۆ بەرەکانی شەڕی عێراق ـ ئێران. بەڵام ڕژێمیش مەبەستەکانی خۆی ئەپێکا هەم کوردی بە کورد بە کوشت ئەدا، هەم خەڵکێکی زۆری لە بیری کوردایەتیو دژایەتی ڕژێمی بەعس دوور ئەخستەوە.

پێشتر هەستم بەوە ئەکرد لەسەر ئەو پاسدارانە بانگ بکرێم بۆیە ڕۆژی ١٩٨٨/١/١٧ کاک نەوشیروان برووسکەی بۆ کردم بێدواکەوتن بگەمە سەرکردایەتی. خۆم کۆکردەوە، ڕۆژی دواتر لە ماڵ دەرچووم، دنیا ساردو بەفرو باران بوو، بۆ شەوی دووەم کاتژمێر ١ی شەو گەیشتمە حاجی ئاوای بەری سووورداشو بەیانییەکەی چوومە زێوێ. بەهۆی بەفربارینەوە ڕێگە نەبوو بچمە دیوی قزلەر، گەڕامەوە شەو لە یالان قۆز مامەوە. بەیانییەکەی لە دۆڵی نادرەوە چوومە هەنارانی سەروو، شەوی ٢٠ ـ ١٩٨٨/١/٢١ چوومە ماڵی کاک دارای حاجی برایم لە چوخماخو شەوی دواتر چوومە بارەگای کاک غەریب عەسکەری لە هەڵەدن.

ڕۆژی ١٩٨٨/١/٢٢ گەیشتمە بارەگای کاک نەوشیروان لە بەرگەڵو. کە گەیشتمە لای د.مەحمود عوسمان لای بوو. زۆر ترسام بە توندی مامەڵەم لەگەڵ بکاتو لەسەر کەمو کوڕی ئێرانییەکان بە گڕما بێتەوە. بەڵام بە هێمنی مامەڵەی لە گەڵدا کردم، دوای سێ کاتژمێر داوای لێکردم باسی مەسەلەکەی بۆ بکەم، شتەکان چۆن ڕوویدابوو بێ پێچو پەنا بۆم گێڕایەوە، ناشزانم کە بەهۆی ئەو مەسەلەیەوە ساردی کەوتوتە پەیوەندی نێوان ئێرانو یەکێتی کە ئەوان داوای منیان کردبوو لە سەقز دادگایی بکرێم، سەرکردایەتی ئەوەیان ڕەتکردبووەوە. کاک نەوشیروان بەووردی گوێی بۆ قسەکانم ڕاگرتو دوایی‌ووتی: لەگەڵ عێراقداووتوێژمان هەبوو تێکتاندا، پەیوەندیمان لەگەڵ ئێرانییەکاندا بەستووە خەریکن هەڵیئەوەشێننەوە.

بۆ ماوەیەك لەو ناوەدا مامەوە هەرچەندە ئەمەش نەکەوێتە قاڵبی سزادانەوە بەڵام بە بێ بڕیارو جۆری سزادانەکەش دەستنیشان نەکرابوو.

ڕۆژی ١٩٨٨ /١/٢٨ هێزێکی مەڵبەندی سێ پەلاماری سەری ڕەشیانداو چالاکییەکی سەرکەوتوانەیان ئەنجامدا زیانێکی زۆر لە دوژمن درا کە ١١٠٠ پارچە چەکی جۆراوجۆریان دەستکەوت. زیانی ئێمەش شەهید بوونی ١١ پێشمەرگە بوو، ئەم چالاکییە دەنگێکی زۆری دایەوەو دوژمنی ڕاچڵەکاند کە لە شوێنێکی سەختدا دەست لەو هێزەی دوژمن بوەشێنرێو زیانێکی ماڵی فراوانی لێبدرێ کە بە ملیۆنەها دینار تەقدیر ئەکرا.

پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێراندا ئاسایی بۆوە. ڕۆژی ١٩٨٨/١/٣٠ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو پەیوەندییەی نێوان ئێرانو شۆڕشدا کۆپتەر لە بەرگەڵوو نیشتەوەو بارێك تەقەمەنیو کەرەستەی تری داگرتو لەمسەریشەوە لەگەڵ خۆیدا بریندارو نەخۆشەکانمانی بۆ ئەودیو گواستەوە، دیارە ئەمە خاڵی مەترسی بوو بۆ سەر حکومەتی عێراقو بە چاوی ڕقەوە ئەیانڕوانییە ئاییندەی ئەو پەیوەندییەو مەترسییەکانی بۆ سەر عێراقو تەشەنەکردنی بۆ زیاتر سەرئێشە درووستکردنو فراوانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەو دوورخستنەوەی دەسەڵاتی دوژمنو کەمتر کردنەوەی خاڵی زاڵبوونی بەسەر کوردستاندا.

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/١٥ کاك نەوشیروان بانگی کردموووتی: ئیتر تۆ سەرتیپ نیتو ئەشتوانی بڕۆیتەوە. لە ڕاستیدا ئەم بڕیارەم زۆر پێناخۆش بووەکو کارەبا بمگرێوابوو، هەرچەندە پێشتر چاوەڕوانیئەم سزایەم ئەکرد. ئیتر هیچم پێنەووتراو ئەبێ گوێڕایەڵی بڕیارەکانی سەرەوە بین. خۆم پێچایەوەو کەوتمە ڕێ، ئێوارەکەی گەیشتمە سرد لە نزیکی چەمی ڕێزانو لە جادەی کلاشکەرانەوە پەڕیمەوەوەخت بوو لە ئاوەکەی ئەڵلایی بخنکێم. چوومە ئاڵیبزاوو لەوێوە چوومە مێولێو سەرێکی بارەگای تیپمدا، ئینجا سەرێکی هۆمەر ئامانم داو ڕۆژی ١٩٨٨/٢/١٧ گەیشتمەماڵەوە لە دەرەواری خوارووو.

هەر لەم مانگەدا دوژمن هێزێکی زۆری کۆکردبۆوە. بە پێی ئەو زانیارییانەی گەیشتبوون مەبەستی پەلاماردانی بارەگاکانی سەرکردایەتی هەبوو. سەرکردایەتیش پێشوەخت ئاگاداری ئەو هەڵوێستەی دوژمن بوو، بۆیە ئاگاداری هەموو مەڵبەندەکان کرایەوەو هێزەکان کۆکرانەوەو شوێنە

گرنگەکان قایمکران. هەر چەندە زۆربەی هێزە سەرەکییە شەڕکەرەکان لە دەوروبەری سەرکردایەتی دانرابوون.

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢١ هێرشی دوژمن بۆ سەر دۆڵی جافەتی بە خەستی دەستی پێکرد. لە هەموو قۆڵەکانەوە پەلاماردان هەبوو. هێزی پێشمەرگە خۆی تەییار کردبوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە. لێرەشدا نمونەی ئازایەتیو بەرگری بێوێنەیان لە خاکی کوردستانو بوونی میللەتەکەیان ئەنەخشاند.شەڕەکە ئەمەندە چڕو توندو تیژ بوو کە کەس بڕواناکات مەگەر لە بەرەکانی شەڕی بەسرەو خوارووی عێراقدا کرابێ بە جیاوازی ئەو شەڕە لە نێوان دوو دەوڵەتی زلهێزی عەسکەریوخاوەن تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ ئەم شەڕەیش لە نێوان دەوڵەتێکی خاوەن دەسەڵاتی بێ پایانی سەربازیو چەکسازی نوێ لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی تەنیا چەکدار بە بیروباوەڕی خۆبەختکردن لە پێناوی ئازادیو ڕزگاریدا. شەڕی دوو هێزی نابەرامبەر لە هەموو ڕوویەکەوە، کەچی تەرازووی سەرکەوتنەکان بەلای پێشمەرگەدا دائەشکاند، ئەگەر پەنای نەبردبایە بەر چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی. پێشمەرگە بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە درێغی نەئەکردو هەموو حیساباتەکانی دوژمنیان تێکئەشکاند، زیانەکانی ئەوەندە زۆر بوون لە کوژراوو بریندار لە ژمارە نەئەهات. هێزەکانی دوژمن خۆی ئەدا لە دەیان لیوای سەربازی بە تانکو زرێپۆشو تۆپخانەو ئالیاتی زۆرو کۆپتەرو فڕۆکەی جەنگیو سەدان فەوجی جاشی سووك بە سەرپەرشتی لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم.

هەر لە کاتی ئەم شەڕانەدا خودی سەدام ڕۆژی ١٩٨٨/٢/١٢ سەردانی سلێمانی کردو لە نزیکەوە چاودێری شەڕەکەی ئەکرد.

دوژمن بە هەموو جۆرە چەکێکی سوكو قورس سەنگەرەکانی ئەکوڵاند، کۆپتەرو فڕۆکە بێووچان بارانی ئاسنو ئاگری دائەکردە خوارەوە، هەر کە ئەشکاوەکو کارێکی ئاسایی کیمیایی بەکارئەهێنا، نەك هەر بۆ کوشتنی پێشمەرگە بەڵکو خەڵکیش کە پێشتریش لە زۆر ناوچەو دێهاتدا ئەم دەرمانە خەتەرناکەی لە ڕێگەی فڕۆکەو تۆپبارانەوە فڕێ ئەدا بێ ئەوەی هەست بە

تۆزقاڵێکویژدان بکات. گرنگویژدان نییە، بەڵکو ئەو بەرنامەی سڕینەوەی ئاسەواری نەتەوەیەکی لەسەر نەخشەی بووندا بە دەستەوە بوو، هەرچی لە توانایدا هەبێ ئەیگرێتە بەر. ئەی کێ هەیە ڕێگری بکات..؟

هێرشەکان تا ئەهات توند ئەبوون، شەوو ڕۆژ نەبوو تۆزێك پشووی تێدا بدرێ. مەسەلەی بەرگری کردنو مانەوە لە سەنگەردا شتێکی ئاسایی نەبوو، دیارە ئاشکرێ ئێمەوەکو هێزێکی کەمینەی شێوە پارتیزان لەگەڵ دوژمندا خۆمان بەراورد بکەینو هەر سوور بین لەسەر ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیەی کە لە تواناادا نەبوو، کە لە بنەڕەتدا هەڵبژاردنی شێوەی شەڕی سەنگەرو ڕووبەڕوو بوونەوە کارێکی قورسو جۆرێك خۆ بەکوشتدانی بێهوودە بوو. کە بە ڕای من هەڵەیەکی سەربازی بوو ئێمە پەیڕەومان کردو گوێمان نەئەدایە ئەوەی ڕۆژێك دێت نەتوانرێت بەرگەی ئەوە بگرین، بەڵکو باشترین ڕێگا بۆوەرسکردنی دوژمنو هەراسان کردنی.. بڵاوە پێکردنی هێزی پێشمەرگەبوو لە قووڵایی دەسەڵاتی دوژمنداو ڕامالینی بوو. کە شەڕەکە لە سنووری خۆی تێپەڕی، سەرکردایەتیوای بە چاکزانی کە ناوچەکە چۆڵ بکرێو بارەگاکان بەرەو سونێو قاسمە ڕەشو زەڵێ بگوازنەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٨ مەکتەبی سیاسی لە ڕێگەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە بەیانێکی بڵاوکردەوە لە بابەت چۆڵکردنی ناوچەکانی سەرکردایەتی لە دۆڵی جافایەتیو کشانەوەی هێزەکانمان بۆ دواوەتر.لەم بەیانەدا بەم جۆرە زیانەکانی دوژمن باسکراوە:

- کوژرانی زیاتر لە ٨٠٠٠ لە پیاوەکانی ڕژێم کە ٤٠٠ یان نەفسەرەو دەیان فەرماندەی فەوجو سریەیە.
- بە دیلگرتنی ١٥٠ کەس لە جاشو سەرباز.
- بریندارکردنی ١٠٠٠٠ کەس زیاتر لە هێزەکانی ڕژێم.

هەروەها تێکشکاندنی دەیان تانكو زرێپۆش و خستنە خوارەوەی دوو کۆپتەرو ددەستکەوتیش سەدان پارچە چەکی سووكو ناوەنجی بوو. لای خۆشمانەوە ٧٥ شەهیدو ٤٥٠ بریندار کە زۆریان بە هۆی بۆردومانی کیمیاییەوە بوو.

ئـەم بڕیـارە کاریگـەرێتی خـۆی لەسـەر هێـزی پێشـمەرگەو خـەڵکی کوردستان هەبوو، کـەس بـیری بـۆ ئـەوە نەئەچـوو هـەنگاوی‌وابنرێ، جگـە لـەوە زەنگـی تـرس بـوو بـۆ پـەلاماردان‌و داگیرکردنـەوەی ناوچـەکانی تـریش. بـەڵام پێشمەرگە گیانفیدایانە لـە مەیـدانی خۆبەختکردنـدا هەڵئەسووران، بیریـان لـە هیچ شتێك نەئەکردەوە، تـەنیا لـە ڕوو بـە ڕوو بوونـەوەی دوژمـن. ڕۆژی دەیـان هێرشیان تێکئەشکاند، بە سەدانیان لە چەکدارەکانی هێزی داگیر کەر ئەکوشت، لــە بەرگرییــەکی بێ‌وێنــەدا گیـانی بــەرزی هەنــدێ پێشــمەرگە ئەگەیشــتنە بەهەشتی سەروەری.

سەر لەئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٦ لە شەڕێکی سـەخت‌و تووشدا لـە پشت گەڕە دێی دۆڵی گـاپیلۆن پ.م بورهـان نـوری ئەکبـەر شـەهید ئـەبێ، یـەکێك لـە هاوڕێکانی تەرمەکەی ئەداتە کۆڵیدا بۆ پشتی شـەڕگەکە، دوایـی دەسـت ئەکاتـە باخەڵیا تاکو شتەکانی‌وەکو یادگار لای خـۆی هـەڵبگرێ. شـەهید هیچـی پێنابـێ، جگە لە چەند تاڵەقژێکی دەزگیرانەکەی کە هەموو جارێك لە گەڵ هەڤاڵەکانیدا بە قـووڵی ئەچـووە نـاو باسـی دنیـای خۆشەویستییـەوەو ئـاواتی ئـەوەبوو دوای ڕزگاربوون لە چنگ داگیرکەر ئەویش بە جیهانی خەونەکانی خۆی شاد بێت.

ئەم هێرشانەی دوژمن بۆ سـەر بارەگاکـانی سەرکردایەتی لە ژێـر نـاوی ئـەنفالی یەکـدا کـرا، کـە ئەنفال‌ووشـەیەکی عەرەبییـەو یەکێکـە لـە ئایەتـەکانی قورئان‌و واتـای دەسـتکەوت لـە شـەڕدا ئـەدات. بەعسـیش ئەمـەی قۆسـتەوە بـۆ ئـەوەی هـەموو شـتێکی کـورد بـۆ سـوپای داگیرگـەر حـەڵاڵ‌و دەسـتکەوت بێـت، کەئەمەش بریتییە لە جینۆسایدی کورد.

لە گەرمەی ئـەو شـەڕانەی سـەرکردایەتیداو بـۆ کەمکردنـەوەی گوشـاری شــەڕەکە ئێــران هێزێکــی گــەورەی گــرد کــردەوە بــە هاوکــاری هێزەکــانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی‌و کوردستان بۆ پەلاماردانی هەڵەبجەو ناوچـەی شـارەزوور، بەڵام ئێران لە دواساتدا دەستی لەو بەرنامەیە هەڵگرت‌و پەشیمان بـوەوە، بۆیـە یـەکێتی بـە هاوکـاری هێزەکـانی پـارتی‌و سۆسیالیسـت‌و بزووتنـەوەو هەنـدێك هێزی بەدر ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٤ پەلاماری نـاو شارۆچکەی هەڵەبجەیان داو لە گـەڵ

یەکەم هەنگاوی پەلاماردانـدا هەموو شوێنەکان لـە دوژمن پاککرایـەوەوجێگا حەساسەکان کەوتنە دەست پێشمەرگە، هەروەها پێشڕەوی بۆ ناوچەکانی تـری شارەزووریش کرا بە تایبەتی بۆ بیارەو خورماڵو تا نزیك سەید سادق پاکسازی کرا.

ڕژێمی بەعس ئەم شکستەی بە گەورە هاتە پێش چاو لەبەرئـەوەی هێزەکانی لە سەرکردایەتی یەکێتیدا خڕ کردبووەوەو جەنجاڵی هێرشەکانی ئەوێ بوو بۆیە نەیئەتوانی هێرشی زەمینی فراوان بۆ سەر ناوچەی شارەزوورو هەڵەبجە ئەنجام بدات. ئەگەر چی چەند دژە هێرشێکی کرد.بەلام سەرکەوتوو نەبوو، کار لە کار ترازابوو. زیانێکی بێ پایانی لێکەوتو سوپاکەی تیاچوو. بە هەزاران کوژراوو دیلی هەبوو. جبەخانەیەکی فراوانی تیاچوو، جگە لەوە ناوچەیەکی بەربلاویشی لە بەرەی شەڕدا بەرامبەر بە ئێران لە دەستدا. کە مەترسی بۆ سەر شاری سلێمانی هەبوو، هەروەها هەنگاوێکیش بوو بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە چاڵە نەوتییەکانی کەرکوك.

بۆیەوەکو پیشەی هەمیشەیی بۆ تۆڵەسەندنەوەی هەر شکستێکی لە بەرەکانی شەڕدا کەژاوەی ڕق و کینەی عەرەبییانەی خستە ڕێ.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ داو لە کاتژمێر ٣٥ر١١ دا چەپەڵترین تاوانی لە مێژووی ڕەشی فەرمانڕەوایەتیدا ئەنجامدا کە لە چەند چرکەیەکدا لە ڕێگەی دەیان فڕۆکەی جەنگییەوە بە بۆمبی ژاراوی کە هەندێ بە سەد تەن کیمیایی ئەیقەبلێنن، گیانی پێنج هەزار مرۆڤی بێ تاوانی لە تابلۆی ژیان هەڵپرووکاند. چەند هەزاری تریشی تووشی ئیفلیجیو کوێریو گیروگەواری کرد، خەڵکەکەی بە گشتی دەربەدەرو ئاوارەی سەر سنوورەکانو ناو ئێران کرد.

هەر لەگەڵ گرتنی هەڵەبجەو لێدانی کیمیاییدا ئێران ڕۆڵی بالای بینی بۆ ڕیسواکردنی ڕژێمی عێراق بە ناردنی تیمەکانی ڕاگەیاندنی خۆیو ڕێگەدان بە گەیشتنی میدیاکانی جیهان لە ڕۆژنامە نووسو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بۆ شوێنی کارەساتەکە کەوێنەی تەلەفزیۆنیو فۆتۆگرافیان گرتو هەواڵەکەیان بە زیندوویی گواستەوەو بلاو کردەوە کەویژدانی مرۆڤایەتیو ڕای گشتی جیهانی هەژاند.

بەم جۆرە هەڵەبجە بە هۆی ئەم کارەساتە دڵتەزێنەو لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیاییەوە چووە ناو مێژووەوە. کارەساتەکە زۆر گەورە بوو. مەگەر کارەساتیوا لە هیرۆشیماو ناکازاکی دا ڕوویدابێت. ئەکرێ ناوی کارەساتی تراژیدی سەردەمی لێبنرێ، بە جۆرێك زۆر ناوەندی جیهانی پێشنیاری ئەوەیان کرد ڕۆژی ٣/١٦ ی بۆردومانی کیمیایی هەڵەبجە بکرێتە ڕۆژی جیهانی بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیاییو سەدامیشوەکو تاوانباری جەنگ بدرێتە دادگای نێودەوڵەتی. هەڵەبجە برینێکی قوڵی کردە گیانی گەلەکەمان کە تا هەتا هەتایە شوێنەوارەکەی ساڕێژ نابێتەوە. ئەم کارەساتە بە جۆرێك بوو بووەویردی سەر زمانان کەس نەبوو خۆی لە بەردەم گەورەیی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەدا ڕابگرێ، هەر کەسێكوێنەی خەڵکە پێکراوەکەی ئەبینی بە خوڕ فرمێسك لە چاوانی ئەباریو هەستی بە قوولی ئازارەکان ئەکرد کە گەلێك ئاوا لە توونی مەرگێکی ئاوادەدا ئەتوێنرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم دەنگدانەوەیەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە لایەکەوە بووە هۆی نابووتکردنی ڕژێمی مرۆڤکوژی بەعسو لە لایەکی تریشەوە بووە مایەی ناساندنی مەسەلەی کورد بە هەموو جیهان.

ڕۆژنامە نەما، حیزبو ڕێکخراوی دیموکراتخوازو مرۆڤدۆست نەما، پیاوی گەورەو پەرلەمانتاریست نەما دەروونی نەجۆشی، هەناوی هەڵنەقرچیو لە ناخەوە تەعبیر لە نارەزایییەکانی خۆی نەکات بەرامبەر درندەیی بەعس. هەتاکو لە ئاستی ڕێکخراوە جیهانییەکانو دەوڵەتانیشدا کۆنفراس لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاییو مەسەلەی قەڵاچۆکردنو جینۆسایدی کورد بەسترا. خافیێر پێرێ دیکویلار سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەیاننامەیەکی ڕەسمی بڵاوکردەوە تیایدا ڕژێمی عێراقی لە بۆمبارانکردنی کیمیایی هەڵەبجەدا تاوانبارکرد.لێرەدا جیهان بوو بووە دوو بەشەوە: ڕۆژئاوا بۆ هەر مەبەستێك بێ داکۆکییان لە دژی جینۆساید کرد، ڕۆژهەڵاتیش بە کامپی کۆمۆنیستیشەوە کپو بێدەنگ لە ئاست گەورەترین تراژیدیای سەدەی بیستەم. بۆ..؟

پرسیارێکه لە دەوڵەتو ڕێکخراوو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی جیهانی سۆسیالیستیو عەرەبی و ئیسلامی ئەکرێ. ڕژێمە عەرەبییەکان خۆیان پاڵپشتی ڕژێمی سەدام بوون گوایە بۆ پاراستنی سنوری ڕۆژهەڵاتی عەرەبی بەرامبەر بە مەترسی ئیسلامی شیعی ئێران، ڕژێمە سۆسیالیستەکانیش بە یەکێتی سۆڤێتی جارانیشەوە خۆیان دەستیان لە کۆمەكو هاوکاری عێراقدا بوو، ئیتر چۆن بە دەنگ دێنو دژی ڕادەوەستن بە قوربانی ئەو کارەساتە تۆقێنەرەش بێت، کە کوردستان کرایە ئەزمونگەی تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی. بەعسیش لەم کارەیدا بیری لە ئایندە نەکردەوە کە لە ئاستی جیهانیدا چۆن دژی ئەوەستن بە تایبەتی ئەودەوڵەتو لایەنانەی کە خۆیان پارمەتیان داوەو ئەزانن ئەنجامەکەی بە خراپ بۆ خۆیان ئەگەڕێتەوەو مەترسی لەسەریان زۆرتر ئەبێتوگرنگیشی لەوەدایەوولاتێکیوەکو عێراق ببێتە خاوەنی ئەم جۆرە چەکە کە ئەبێتە مایەی هەڕەشەیەکی توند بۆ پێگەکانی دەسەڵاتی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا بە تایبەتی ئیسرائیل کە ئەمەش بە ئاسانی قبووڵ ناکرێ.وەنەبێ ئەمە یەکەم بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بێ دژی گەلی کورد بەلکو پێشتریش لە ساڵی ١٩٨٧ زنجیرە هێرشێکی تری کیمیایی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بە بڕیاری سەدام حسێن بەرامبەر بە خەڵکی بێتاوانی کوردستان ئەنجامدراوەوەك:

- بۆردومانکردنی دێهاتەکانی دۆڵی جافەتی.
- بۆردومانکردنی دێهاتەکانی دۆڵی بالیسان.
- بۆردومانکردنی دێهاتەکانی دۆڵە ڕەقە.
- بۆردومانکردنی دێهاتەکانی باڵەکایەتی.
- بۆردومانکردنی دێهاتەکانی ناوچەی بادینان.

بەڵام ڕژێمێکی دیکتاتۆریو شۆڤێنی عەرەبیوەکو بەعس هیچ جۆرە ڕاو بۆچونێك لە هیچ ئاستێکدا کاری تێناکاتووازی پێناهێنی، هەر بۆیەشە لەسەر نەخشە دزێوە مرۆڤ کوژییەکەی بەردەوام بوو، ئەو پێگەی سەرکەوتنی لە شەڕەکانی سەرکردایەتیدا هەڵیدابوو، ئەیویست بەو سەرمەستییەوە درێژەی پێبداو لەسەرکێشییەکی سەربازیدا تۆڵەی لە دەستدانی هەڵەبجەوشارەزوور

بکاتەوە هەر نەبێ پشتێنەیەکی بەرگری لە ناوچەی قەرەداخدا درووست بکات تاکو خوارووی تری لە دەست نەچێ گەر ئێران نیازێکی‌وای لە خەیاڵدا بێت. ڕژێم لەو هێرشە ئاسمانییەیدا بۆ سەر هەڵەبجە سەر لە بەیانییەکەی بە بۆمبی ناپاڵم‌و ئێوارەکەشی گازە جۆراوجۆرەکانی خەردەل، فۆسجین، سیانیدی بە کار هێنا. ئەو گازانەی‌وەکو باس ئەکرێ دەوڵەتی ئەڵمانیا دەستی لە درووستکردنیدا هەیەو بە ڕژێمی عێراقی فرۆشتووە کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا قەدەغە کراون.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٩ سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی ڕژێمی عێراقیش لای خۆیەوە بەیانێکی بلاوکردەوە لە سەر داگیرکردنی بارەگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دۆڵی جافەتیدا.

بۆیە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ لە ژێر ناوی ئەنفالی دوو دا پەلاماری سنوورەکانی مەڵبەندی یەکی دا لە قەرەداخدا لە چەند قۆڵێکەوە بە هێزێکی زۆرو جۆرەها چەکی قورس. هەر چەند هێزی پێشمەرگە بە ژمارە کەم بوون‌و زۆربەی زۆریان لە شەڕەکانی سەرکردایەتی‌و هەڵەبجەدا بوون، بۆیە ئەو پەلامارە بەو قەبارە قەبەیە بە ئاسانی بەربەست نەئەکرا. ئەگەرچی هەندێ هێزی لایەنەکانیش لەو ناوچەیەدا بوون بەلام لەئاستی بەرگری ئیجابیدا نەبوون. هێزەکانی دوژمن کوللە ئاسا هێرشیان ئەهێنا، تەڕوووشکیان ئەسووتاند، خەڵکی بێدیفاعی دێهاتەکانیان ئەتاراندو بە دەستی ڕووتی تەنیا هەر فریای خۆ دەرباز بوونیان بوو. دێهاتەکانیان ئەسوتێنراو شمەکەکانیان بە تالان ئەبردن. نەك هەر ئەمە بەڵکو ئێوارەی ٢٣ـ١٩٨٨/٣/٢٤ لە کاتی نان خواردندا خەڵاتێکی تری عەفلەقیانە هەواڵەی دێی سێوسێنانی خنجیلانە کرا کە تازە تارای بوکێنی بەهاری پۆشیبووو لە پەنا کەژی کەڵوەش‌و قەڵاقایمەزدا بە دیدە نەرمە نمناکەکانیەوە ئەیڕوانیە لوتکە سەرکەشەکەی زەردەی سەربەرز. لە پڕ خەڵکەکەی ڕاچەڵەکین‌و نوقمی دەریای دووکەڵی ژاراوی سۆسیالیستیانەی بەعسی داگیرکەر بوون.وا دیسانەوە کیمیاییەو دەیان لاشەی بەستەزمان خپ لە باوەشی مەرگی ناکامدا ئەنوون، دەیان برینداری شەل‌و

سەقەت لاڵو پاڵ ئەکەون، ئەوەتا دوێنێ نزیك لە هەڵەبجەی خومخانەی کیمیاییدا هەزارەها بوونە قوربانی ئەم چەکە بە کۆمەڵکوژەو دواتریش سێوسێنانو دووکانو دۆڵی قەرەداخیش ئەبنە هاودەردی ئەوان. تۆ بڵێی کورد قڕان بێت..؟

شەڕ بە خەستی لە دیوی شارەزوور بۆ سەر شاخی سوڵەو خەنجەرە دەستیپێکرد. پێشمەرگەکانی (ی.ن.ك)و سۆسیالیست بەرگری باشیانکرد، بەڵام بزووتنەوەی ئیسلامی بارەگایەکیان لەو ناوە بوو چۆڵیانکردو تەقاندیانەوەو بەرەو گەرمیان ڕایانکرد بێئەوەی یەك تەقە بکەنو لە گەرمیانیشەوە بەرەو سەرەوە ڕۆیشتن. لە بورجەکەوە بەسەر شاخدا پەلاماردرا، لە جادەی سەرەکی قەرەداخیشەوە هێزی دوژمن ئەهات، لەبەری بازیانیشەوە سوپای تەتەرستان ئەکشان. لە قوڵی دەربەندیخان دیوی دەرەدۆین بەرەو شاخی زەردە پەلاماردرا. شەڕ بە گەرمی کەوتە دەشتیوارماوا. برادەرانی حشع چالاکانە لێیان هاتنە دەست. لە سەر شاخی زەردەش شەڕی دەستەو یەخە بە خەستی دەستیپێکرد. لە یەکەم پەلاماردا ل ووتیان شکا، چوار پێشمەرگەی تیپی ٥٣ ی شێروانە شەهید بوون. هێزی پێشمەرگە لە چاو هی دوژمندا سەد قات کەمتر بوو، بەڵکو ئەوەی کۆبوو بووە هێزی ئەملاو ئەولابوو.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٤ برووسکەیەکم بۆ کاك عومەر فەتاح کرد ئەگەرچی تەجمیدیشم ئامادەم بۆ هەر شوێنێکم بنێرێ. کاك عومەر داوای کرد بچمە شەڕەکەی لای زەردە، لەگەڵ دەستەکەمدا کە شەش کەس بوون چوومە ئەوێو لەگەڵ برادەراندا مامەوە. لە ڕێگەی بەرکەل بۆسەیەکمان دانا نەبا دوژمن دزەبکاتو بگاتە بارەگای دواوەمان لە چرچەقەڵا. هەر بەو جۆرە بوو جاشەکان هێرشێکیان کردو لەگەڵ مام ساڵحو عەلی شەهید محەممەدو شاهۆ دا لێماندانو بەسەر شۆڕی گەڕانەوە. لەسەر شاخی زەردە شەڕ زۆر توند بوو، سەنگەری باش لێدرابوو، هێزێکی تیپی ٥١ی گەرمیان گەیشتنە ئەوێو بەوپەڕی گیانبازییەوە بەرگرییان کرد، هەرچی هێرش بوو تێکئەشکێنرا، دوژمن کوژراوی زۆری ئەداوکەلاکیان لێبەجێئەماو لە هێرشی دواتردا ئەیان بردنەوە.

خۆشەویستی خۆڵ
بۆ شیعە
-عیر

هەروەها کۆمەڵێك لە عەرەبە ئیسلامییەکان (ئەنجومەنی بالآی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق) هاتن بۆ یارمەتیمان‌و یەکێکیان لێ شەهید بوو.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٣٠ کاك عومەر فەتاح برووسکەیەکی کرد لەگەڵ م.عەلیدا شەستوولاخ پەیدا بکەین بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانی مەڵبەند.ئێمەش دابەزین بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارە. هەرچی خەلکی دێهاتەکان بوو چۆلیان کردبوو، لە ترسی بۆردوومانی فڕۆکەوکۆپتەرو تۆپباران وولاخ دەست نەئەکەوت لە بانیمۆردوەلآمی برووسکەکەمان دایەوە کە هیچ پەیدا نابێ. مەڵبەند لەبەر ئالۆزی دۆخەکە بڕیاری چۆلکردنی بارەگاکانیان دابوو.

عەسری ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٣١ هەموو پێشمەرگەی دیوی قەرەداخ هەموو لایەنەکان ئاوای دیوی گەرمیان بوون. لەو کاتانەی کە پێشمەرگە گەیشتبوونە بناری دێی داربەڕوو دوو فڕۆکەی جەنگی هاتنە ئاسمانی دێی بانی مۆرد کە هەم بارەگای تیپی ٥١ی لێبووو، هەم بارەگایەکی بچووکی جماعەتەکەی عەبدولکەریم قاسم } حرکە الدیمقراگیین العراقیین{ یشی لێبوو. یەك دوو جار سووڕانەوە، ئینجا خۆیان شۆڕ کردەوەو دوو چەپکە گوڵی دەشتی بەهاری بەعسیانەیان فڕێدایە گوڵدانی دڵی دێکەوە کە ئەو چەپکە گولانەش بریتی بوون لە بۆمبی چارەکە تەنی‌و هێشوویی لە هەمان کاتدا دێهاتەکانی داربەڕوو، قەلآگە، ژاڵەو ڕەباتیش کەوتنە بەر ئەم پەلامارە ئاسمانییەو بە هەموویان ٨ ـ ١٢ بۆمبیان بەرکەوت. بەلآم خۆشبەختانە زیانیان پێوە نەبوو. لەو کاتەشدا هێزێکی جاش لە ڕێگەی سەنگاوەوە بێوەستان بە ئۆتۆمبیل یەکسەری ویستیان خۆیان بگەیەننە دێی کێلەبەرزە، بەلآم ئێمە پێشتر کاك کەریم چاوڕەش‌و مەفرەزەیەکمان ناردبووە سەر ڕێگەی قەلآگە ـ کێلەبەرزە ـ هەزار کانی بۆ بەرگریکردن تاکو هێزەکەی مەڵبەند ئەگەن. برادەران لە نزیکەوە لێیان هاتنە دەست‌و زۆر بە پەلەپڕۆزێ فریای خۆ دەربازبوون کەوتن تاکو سەنگاو نەوەستانەوەو لە شەڕێکی ئەو قۆڵەدا کادری ناوچەکە حاکم قادر حەمە ساڵح شەهید بوو .

من‌و م.عەلی‌و حەمەی مالیە لە پشتی دێی قلآگەوە لە چاوەڕوانی هێزەکەی مەڵبەندا بووین، یەکەم کەسێك لەو هێزە کە گەیشتە لامان کاك

ئازادی سەگرمە بوو کە زۆر ناڕازی بوو لە هاتنی هێزەکەیان بۆ سنووری گەرمیانو پێی باشتر بوو کە لە سنووری تیپی سەگرمەوە بەرەو چەمی ڕێزان بپەڕنەوە. تا ڕادەیەکیش لەسەر هەق بوو، چونکە مەودای شەڕەکە بەرەو ئەوە نەچوو کە ئەبێ هەموو شوێنێك لە هێزەکان چۆڵبکرێت. لە کاتێکدا دێهاتەکانی دیوی بازیانو قەرەداغو گەرمیانیش چۆڵ بووبوو. ئینجا کاك عومەرو برادەرانی تریش گەیشتنو هێزەکەمان بۆ شەو گەیاندە دەرەواری خوارووو تیلەکۆ. هەمووومان هەر چاوەڕوانی ئەو هێزە گەورەیەی تیپەکانی مەڵبەندی یەك بووین کە لە دوای تەواوبوونی شەڕەکانی سەرکردایەتی بە بناری قەندیلو بە سنووری مەڵبەندی سێدا کەوتبوونە رێ بەرەو گەرمیانو شەوو ڕۆژ بێووچان ڕێیان ئەکرد. هەروەها دوژمنیش لە هەموو قۆڵێکی گەرمیانەوە هێزی زۆری بە پاڵپشتی تانكو تۆپی دوورهاوێژ گرد کردبووەو خۆی سازئەدا بۆ هێرشکردن. هەر ئەو ئێوارەیەی هێزەکانی مەڵبەند گەیشتنە دیوی گەرمیان پێشمەرگەکانی شاخی زەردە شکانو کشانەوە ناو دێی زەردەلیکاو.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١ ئەنفالی دووی سنوری قەرەداغ - شارەزوور کۆتایی هاتو ڕۆژی دواتر ڕژێمی بەعس بەلاغی سەربازی تایبەتی بە داگیرکردنی ناوچەی ئەنفالی دوو دەرکرد.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢ لەگەڵ کاك عومەر فەتاح دا چووینە لای برادەرانی پارتی لە دێی مەسۆیی مامران بۆ بەشداریکردنی هێزەکانیان لەبەرەکانی شەڕدا. لەوێ قادر قادرو ئازاد قەرەداغیوهەندێ کادیری پارتیمان بینی .. لەبارەی بەرگری کردنو بەشداری کردنی هێزەکانمان ڕێککەوتین بەڵام لەدوای ڕۆیشتنیان ئەو مەسەلەیەیان فەرامۆش کردو ناوچەکەشیان بەجێهێشت بێ ئەوەی بەرگری بکەن ، تەنانەت ئێمەشیان ئاگادار نەکردەوە .. بۆمێژوو ئەڵێم قادر قادر لێرەداوورەی تێدابوو، هەڵوێستێکی هەبوو ، کەچی ئەوانی تریان

ڕەنگی مردوویان لێ نیشتبوو ، بڕوایان بە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دووژمندا نەبوو .

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٣ هەموو هێزەکانی سەرەوە گەیشتنەوە، سەرەتا تیپی ٥٣و ئینجا تیپی ٥١و دواتریش برادەرانی مەڵبەندو تیپەکانی تر.

لەگەڵ کاك ئازادی سەگرمەدا چووینە لای کاك عومەرو پێمانووت ئەچینە سەردانی هەڤاڵان قادری حاجی عەلیو شێخ جەعفەرو ئاوات قارەمانی. ڕازی بوو. لە دەرەوارەوە بەرەو کویك ڕۆیشتین، شەو لەوێ ماینەوە، ڕۆژی دواتر چووینە زستانە،وەزعەکە شڕ بوو، خەڵکەکە لە دڵەڕاوکەدا بوون. ماڵیان ئەشاردەوە. دێیان بەجێ ئەهێشت، لەوێوە چووینە تەپەعارەب. لە ڕێگا تووشی ژنێکی ناسیاو بووم ووتی: مەحمود یەژی ڕائەکەن.. بۆ کوێ جێماندێڵن..؟

قسەکانی کسپەی لە جەرگەوە ئەهێنا بە دڵێکی پڕ لە زوخاوەوە پێم ووت: مەگەر بە مردوویی جێتان بهێڵین. بە چاوێکی خەمناکەوە بەجێی هێشتین دوای ئەوەی هەناسەیەکی قووڵی خەفەتاوی هەڵکێشا.

چەندە ناخۆشە ئەو هەموو ساڵە لە ناو دڵی خەڵکیدا بژیتو لە ناخیاندا هێلانەی حەوانەوەت بۆ ساز بکەن ئێستا بێویستی خۆت لێت جیاببنەوەو نەزانیت چارەنووس بەرەو کوێیان ئەبات. هەر چۆنێ بێ پێشمەرگە قەیناکە کە کۆڵی مەرگی بە کۆڵەوەیە، ئەی ئەوان چییان لێ دێ..؟

خەڵکی تەپەعارەب هێشتا بە تەواوی نەکەوتبوونە خۆیان کە ئێمەیان بینی پێشوازیان لێکردینو ڕێزیان گرتین. شەوەکەی لەوێ ماینەوە. لەولاشەوە کاك قادرو برادەرانی تر ڕەتبوو بوونو گەیشتبوونە دەرەوار. ئێمەش گەڕاینەوەو لە دەرەوار کاك قادرو برادەرانم بینیو لایان مامەوە. بە هاتنەوەی برادەرانو ئەو هێزانەمان هەندێوەزعەکە باشتر بوو. بڕیاری بەرگری دراو ڕێگە لە خەڵکیش گیرا دابەزنە خوارەوە بەرەو دەسەڵاتی دوژمن.. هەرچەندە نەئەتوانرا مسۆگەری تەواوی پاراستنیان بدرێتێ دوای

چۆلکردنی دێهاتەکانی شارەزوورو قەرەداخو بازیانو شاخی زەردەو هاتنە پێشەوەی دوژمن لە چەندین دەروازەی ترەوە کە ئەمەیان بۆ بەشبەش کردنی پێشمەرگەو پەرتەوازە کردنی هێزەکانمان بوو.

خەڵکی نەیانئەزانی چی بکەن، بەشێك بەرەو خوار ئەڕۆیشتنو پێشمەرگە ئەیگەڕاندنەوە، بەشێکیش لەو شیوو دۆڵانەدا خۆیان حەشاردابوو پێیان خۆش نەبوو بە ئاسانی دەست لە خاكو زێدیان هەڵبگرن.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨ دوژمن بە هێزێکی زۆرو زەوەندەوە لە چەندین دەروازەوە پەلاماری گەرمیانی دا بەم شێوەیە:

١. چوارملان
٢. بەرکەل
٣. سەرقەڵا ـ هۆمەرمل
٤. سەرقەڵا ـ ناوچەی رۆغزایی
٥. کەلار ـ تیلەکۆ
٦. باوەنوور ـ ناوچەی شاتری
٧. دووز ـ داودە
٨. دووز ـ بناری گل
٩. نەوجول ـ داودە
١٠. قادر کەرەم ـ قەیتول
١١. سەنگاو ـ هەنارە
١٢. سەنگاو ـ کچان
١٣. سەنگاو ـ قەیتول
١٤. قادر کەرەم ـ ناوچەی زەنگنە
١٥. چەمچەماڵ ـ جەباری
١٦. چەمچەماڵ ـ قەرە حەسەن
١٧. کەرکوک ـ جەباری
١٨. زەمبوور ـ جەباری.

ئەمەش سەرەتای دەستپێکردنی ئەنفالی گەرمیان بوو(ئەنفالی سێ).
لەم شەڕانەدا دوژمن کۆپتەرو تانكو تۆپی دوورهاوێژی بەکارئەهێنا. هێزی پیادەی سوپاو جاشە خۆفرۆشەکانیش هەنگاو بەهەنگاو ئەهاتنە پێشەوە. لە بەرامبەردا پێشمەرگەو پشتگیری ڕووبەڕوویان ئەبوونەوە، کوشتاری زۆریان لێکردن، ژمارەیەك پێشمەرگەو پشتگیری بە خوێنی سووری گەشیان ئەو ڕۆژگارە ڕەشو دووکەڵاویەی کوردستانیان ڕەنگین کرد.

ڕۆژگارێکی خەماوی بوو، خەڵکی دێهاتەکان نەیانئەزانی چی بکەن لە بەرامبەر پەلاماری سوپای داگیرکەردا. ئەگەر ئەڕۆنو دەستبەرداری شۆڕشو پێشمەرگەو سامانو خاکیان ئەبن دڵیان بەرایی نادا، ئەگەر ئەمێننەوە ئەکەونە بەر کەڵپەی دڕندانەی بەعسو هەموویان چارەنوسیان مەرگو تەفروتووناکردن ئەبێت.

بڕیاردان لەسەر هەر حاڵەتێك کارێکی قورس بوو. هیچ شتێك لە شوێنی خۆیدا نەمابوو. خاك ئەسووتا، ئاگر لە گژوگیا بەربوو بوو. دنیا سەراپا دووکەڵو بارووتو گەردەلوول بوو، گرمەی هەوری بەهارو زرمەی تۆپخانەی ئاگراوی بەعس تێکەڵ بەیەك بوو بوون. تەنانە پەلەوەریش لە لانەو مانەی خۆیان تەرەبوو بوون لەگەڵیاندا گیانی هەموو مرۆڤێکیویژداندار ئەگریاو لە حەیبەتا ئەتوانەوە. بەهاری ئەمساڵ جیا لە هەموو بەهارەکانی تر تراژیدیای زەمەنێکی ئازاراوی ئەگێڕایەوە. ئەوە بەعسەو ئەیەوێ کورد قڕ بکات، مرۆڤ ناتوانێ تەعبیر لەو کارەساتە بکاتو هەرچی لە دەروونیدایە قوڵپی بداتەوەو دنیاش لە عاستی ئەم تاوانە کپوکڕ. خوا نەکات سۆزەی هەڵوێستێك دڵی بهەژێنێ ئەو ڕێگەگرتنە لە خەڵکی زیانێکی زۆری لێداینو بووە هۆی ئەوەی بە ئاسانی بکەونە داوی سوپای داگیرکەرەوەو ڕاپێچی چاڵی نەمانیان بکەن. هەرچەندە بەعس بێ ئەوەش هەر ئەو چاڵەی بۆ هەڵکەندبوون.

دوژمن لە هەندێ قوڵەوە تەنیا شەڕی مشاغەلەی ئەکرد.لە هەندێ لای تر هێزەکانمان شەڕی مانو نەمانیان ئەکردوەکو ناوچەی داودەو بناری گڵو چوارملانو قوڵی باوەنوور. پارسەنگی سەرکەوتن بەلای ئێمەوە لاواز بوو. هەتا

ئەهات ڕووبەری بەرگری‌و شەڕکردن تەسکتر ئەبووەوە. پێگەی مانەوە لە ناو سەنگەردا بێهێز ئەبوو، لە لایەکی ترەوە تەقەمەنی‌وەکو پێویست لەبەردەستدا نەبوو، نان‌و خۆراك بە زەحمەت پەیدا ئەبووو شەڕەکان بە دلگەرمییەکی بێ هاوتاوە تا ۱۹۸۸/٤/۱۳ درێژەیان کێشا. لەو ماوەیەدا چەندین جار لەگەڵ لایەنەکاندا کۆبوونەوە کرا، جگە لە (ی.ن.ك)و حشع کەسی تر باوەڕی بە بەرگری نەبوو، پێشمەرگەکانمان جگە لەوەی کە لە هەموو شەڕەکانی سەرکردایەتی‌و دۆڵی جافایەتی بەشداربوون‌و ماندووبوون، ماوەی ۱۳ ڕۆژیش بە ڕێگاوە بوون تاگەیشتنەوە گەرمیان‌و دیسانەوە کەوتنە شەڕی بێئامان‌و ئەوەندەی تر شەکەت‌و شەلوپەت بوون. بۆیە جەوی شەڕەکە بێهودە بوو، ئەبوایە ڕێگەیەکی تر هەڵبژێردرایەو هەموو هێزەکانمان لە شوێنێکدا کۆبکردایەتەوەو کارێکی ترمان پێ ئەنجام بدایە. ئەگەرچی نەشئەتوانرا بە ئاسانی گەرمیان چۆڵ بکرێ‌وئەو ناتۆرمیە بخرێتە ئەستۆی یەکێتی کە بێ شەڕ ناوچەکەی بە جێهێشت کە هەموو ژیانی هەر شەڕو پێکدادانی شۆڕشگێڕانەبوو بەرامبەر دوژمنەکانی لە پێناوی مافە ڕەواکانی کورددا. ئەم شەڕە تووشی خوێنبەربوونی کردین. لەوە زیاتر توانای بەرپەرچدانەوە نەما.

بۆیە ڕۆژی ۱۹۸۸/٤/۱٤ بڕیاری کشانەوەی هەموو هێزەکانمان درا لە بەرەکانی شەڕداو بەرەو بناری شاخ بووینەوە. لە دێهاتەکانی تەپەگەڕوس‌و دەرەواری سەرووو بانی مۆرد کۆبوینەوە. من ڕام‌وابوو هێزەکانمان بکرێتە چەند بەشێکەوە، بەشێکی لە گەرمیاندا بمێنێتەوە، ئەوی تری ڕەوانەی مەڵبەندی سێ بکرێ. کاك قادر پێی‌وابوو کەس نەمێنێتەوە، بەڵام کۆمەڵێك برادەر لەوانە کاك مەلا ئەحمەدی کەلاری‌و حەمەڕەش‌و عوسمانی حاجی مەحمود لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگە بڕیاریاندا بمێننەوە. ئەمە هەنگاوێکی مەزن بوو، لەم دەرفەتە تاریکەدا بتوانرێ دڕ بە هەوری بێبڕوایی‌و ڕاڕایی بدرێ، جگە لەمە هەلومەرجێکی نوێ ئەرەخسێنێ بۆ خەبات‌وەکو سەرەتایەکی تازە کە جیا لە شێوەی پارتیزانی سەرەتای دەسپێکردنەوەی شۆڕشی نوێی

گەلەکەمان کە ئێستا خەڵکی دێهات نییەو ئەبێ پێگەی تر بۆ بەردەوامی ئەنجامدانی کارەکان بدۆزرێنەوە. لە برادەرانی حشعیش بەشێك مانەوەو ڕۆژانە لەگەڵ برادەرانی خۆیان‌و ئێمەشدا پەیوەندی هەبوو.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ ڕۆژێکی نائاسایی بوو، کە تەماشای دەمو چاوی هەر یەکێکت ئەکرد تووڕەیی‌و ناسۆری‌و ئازاری لێئەباری. هەموو بە خەمباری پێکەوە دانیشتبووین، برادەران‌ووتیان: لە کوێوە ئەڕۆیت..؟ ئەم پرسیارەم پێناخۆش بوو، هەستم ئەکرد جیائەکرێمەوە، بە قەڵسییەوەووتم: لە بناری هەمەوەندەوە.

لەگەڵ ١٣ پێشمەرگەی ئاواتی شێخ جەنابدا لەوەدا بوو بکەوینەڕێ، کاك قادر داوای لێکردین ١٠٠ پێشمەرگە لەگەڵ خۆماندا ببەین. پێم چاك بوو، لە ناو ئەو هێزەدا ژن‌و منداڵی پێشمەرگەکانی تێدابوو، بەزەییم پیایانا ئەهاتەوە، ڕێگا دوورەو لەوانەیە بڕ نەکەن بە تایبەتی ژنی سکپڕو منداڵی‌وورد.ڕۆژێکی ڕەش‌و سەختبوو، باران ئەباری، پێشمەرگە هەموو بێزارن، بریندارەکان هاوار ئەکەن بە جێمان مەهێڵن. لە هەموو ناخۆشتر ئەو دیمەنە تەماوییەی گەرمیانم لەو بنارەوە ئەبینی هەتا چاو بڕ بکات پانتاییەو شوێنێك نەئەبینرا ساف‌و بێگەردی ڕۆژانی بەهاری خۆشی پێوە دیار بێ، هەمووی چڕە دووکەڵ‌و گڕودودی هەناسەی پڕ لە ئاهی ساردی دێهاتەکان بوو باوەشیان بە کەشکەشانی ئاسماندا ئەکردو بەرۆکی خوایان ئەگرت. تەنانەت بارانی بە لێزمەش کەف‌و کوڵی هەناوی هەڵقرچاوی ئەو دێهاتانەی دانەئەمرکاندەوە. ئەوە چەکمە ڕەقە بیابانییە پێ پەتییەکانی دوورگەی نەفامی‌و سەردەمی شۆفێنێتییە دەست ئەنێتە بینی کوردو زەردەخەنەی بەهاری دەم کەلی دێهاتەکان ئەژاکێنن کسپەی ماڵوێرانی بەرئەدەنە ناخی هەڵکڕوزاوی کوردستان، چ مرۆڤێك لەبەردەم ئەو دیمەنە مەرگەساتبارەدا ئەتوانێ خۆی ڕابگرێ‌و کۆستی دڵی نەکەوێ‌وکەژاوەی خەفەت نەپێچێتەوە بەرەو ئاسۆی نادیاری. ئەوە خەڵکی ئەم‌وولاتەیە ڕاوئەنرێن یان ڕەوئەکەن..؟ ئەوە پێشمەرگەی ئەم زێدو

نیشتمانەیە بۆیستی خۆی ماڵئاوایی بێدەنگی ئەکاتو نازانێ چارەنووسی بەرەو کوێی ئەبات..؟

تۆ بڵێی مەرگی کورد نووسرابێتەوە..؟

تۆ بڵێی خەڵکی لە خاکی باوباپیرانی خۆی بێزاربێو لێیهەڵبێن..؟

تۆ بڵێی پێشمەرگە بەرگەی خەبات نەگرێو مەیدان چۆڵ بکات..؟

یان بەرنامەی کاری سیاسی هەڵەو کەمو کوڕی تێدابێ..؟

یان دوژمن دوا تیری کەوانی پیلانە نگریسەکانی ئەگرێتە گەردنی کوردوووردوخاشی ئەکات..؟

تۆ بڵێی مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوەو هەرچەند ساڵێك جارێ تووشی ئیفلیجیمان بکات..؟

لە گەرمیاندا کەس نەما، ئەو خەڵکەی دیوی قەرەداخیش لە گەڵیانا بەرەوخوار بوونەوە. بەشێکی کەمیان بە دزەو لە ڕێگە قاچاخەکانەوە خۆیان ئەکردە ناو ئۆردووگای سمودو کەلارو باوەنوورو کفریو چەمچەماڵوقادرکەرەمو...هتد

بەشە زۆرەکەشیان کە کەوتبوونە دەست هێزەکانی ڕژێم بە تایبەتی جاشە کوردە چاوشۆڕەکان بەرەو توونی نەمان بران. بە لامەوە زۆر ئاساییە ڕژێمی شۆڤێنی بەعسی عەرەبی دۆزەخی ئەنفال بۆ کورد دابخات، بەڵام کە بەشێکی هێزە پەلاماردەرەکەی جاشی کوردە! ئەوە تاوانێکی گەورەیە کە کورد خۆی ببێتە داردەستو ئامرازی دوژمنو گەلەکەی خۆی لە ناو ببات!

بە دەم ئازارەوە گەیشتمە بانیمۆرد، زیاتر لە ٥٠٠ کەس ڕاوەستابوو، زۆربەی ژنو منداڵ بوون چاوەڕوانی شارەزابوون بۆ دەرباز بوون، کەچی من ٤ - ٥ ڕۆژێك پێش ئەمە منداڵەکانم ڕەوانەی کەلارکرد تاکوومزعەکە ئاسایی نەبێتەوە خۆیان حەشار بدەن. ئیتر ئاگام لێیان نەما بوو. بیرم کردەوە لە قەرەی ئەم کارە نایەم، بە جیهاز لەگەڵ کاك قادردا قسەم کرد کەوا لە گەرمیاندا ئەمێنمەوەو توانای ئەم کارەم نییە ئەو هەموو خەڵکە ببەم، بەڵام

ئەو داوای کرد ئەبێ لەگەڵیاندا بڕۆم. ئینجا لەگەڵ کاک عادلو سەید محەممەدو برادەراندا یەکمانگرت، هێزو خەڵکەکەمان کردە سێ ڕەتڵەوە:

ڕەتڵی یەکەم : ئێمە بووین، تەنیا پێشمەرگە بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگا.

ڕەتڵی دووەم: کاک عادلو بەشێکی تری پێشمەرگەو هەندێ خێزان.

ڕەتڵی سییەم: سەید محەممەدو زۆربەی خێزانەکان.

لەو کاتەدا ئەبو فەلاح(حەسەن قادر سالح)م بینی بە کۆڵی پێشمەرگەیەکەوە کە لە شەڕەکەی هەزارکانی دا کەوتبووە سەر میندا و قاچێکی پەڕیبوو، ئەبوو فەلاح پێیووتم: کاک مەحمود بەجێم نەهێڵی.!

ئەم قسەیەوەکو گوللە ناخی بڕیم، ئەو ئەبوفەلاحەی بەو هەموو قارەمانێتییەوە ئێستا بپاڕێتەوە بەجێی نەهێڵین..؟

دوای ماوەیەك تێرامان ڕووم تێکردو پێمووت: مەگەر بمرم ئەگینا بەجێت ناهێڵم. پێش ئەوەی بکەوینە ڕێ نوری مەسۆییمان ناردە سەر جادەی سەنگاو بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگا، هاتەوەووتی: ڕێگا نییە، هەموو دوژمنی لێیە. کەچی پ.م. شەریف سدیق هەڵیدایە: درۆیە کەسی لێ نییە، هەر ئەمیش ڕاستی کرد.ئێوارە کەوتینە ڕێو چووینە کربچنە، دنیا تاریكو شەستەباران بوو، بە حاڵێکی خراپ گەیشتینە سەرجادەی سەنگاو ـ قەرەداخ، لەوێ پەڕینەوە، چوومە پێش هێزەکەو گەڕامەوە دواوە ئەبوفەلاحم نەبینی، زۆر گەڕام سوودی نەبوو، دیسانەوە گەڕامەوە لای هێزەکە هەندێ ژن پەکیان کەوتبوو، یەکێکیان ژنەکەی شەهید نازم بچکۆل بوو کەلە شەڕەکەی تازەشاردا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تردا شەهید بوو بوون. خێزانەکەی بەمەی نەئەزانی، ئەم ژنانە پێڵاویان لە پێدا نەمابوو بە پێی پەتی ڕێیان ئەکرد، ناچار هەندێ جار سواریوولاخمان ئەکردن، تاگەیشتینە دەربەندی مەڕاخانی لای دلکە کە چەند کیلۆمەترێك لە سەنگاوەوە دوورە.

سەنگاو بووبووە بارەگای جوولانەوەی هێزەکانی دوژمن بۆ سەر خۆرئاوای گەرمیان، لەوێوە ئەکشان بەرەو قەرەداخو دێهاتەکانی تری بناری سەنگاو، ئاژداخ.

لەو هەموو خەڵکەی لەگەڵماندا بوون کەسێ نەبوو بچێتە سەر شاخو ئاگاداری جموجۆڵی دوژمن بێتو ڕێگای خۆمان بزانینو بە سەلامەتی بڕۆینو ئەو هەموو ژنو منداڵە تووش نەبن. ناچار لەگەڵ مامۆستا جەلالی لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپی ٥١ سەرکەوتینە سەرشاخو تا کاتژمێر ٥ ی ئێوارە ماینەوە، چاودێری هەموو لایەکمان ئەکرد، پاشان هاتینە خوارەوە، ژنەکان بەتانییەکیان دڕیبووو کردبوویان بە پیلاو. قرچەی دەروونم ئەهاتوڕمزای مام نامیقم ناردە کەلاوەکانی دییە ڕووخێنراوەکە بۆ یەك دوو جووت پیلاوی کۆنە، هاتەوە هەندێ پاتەی دارزاوی هێناو دامانە ژنەکان، ئینجا بەرەو قوولە ڕۆیشتینو لەوێ کەوتینە هەوڵی پەیداکردنیووڵاخ بۆ ژنو منداڵەکان، لەو ناوەووڵاخێکم دی زۆر بە دوایا ڕامکرد تا بەهەزار حاڵ گرتم، تومەز هەرچی لە باخەڵمدابوو لێم کەوتبوو، کەوتمە هەوڵی دۆزینەوەی شتەکانمو لە هێزەکە دابڕامو درەنگانێك پێیان گەیشتمەوە. چووینە دێی کانیکەوە یەکپارچە ئاگر بوو، هەموو ئەسووتا، زۆری نەمابوو ڕۆژ بێتەوە. لەوێوە گەڕاینەوە دێی ئەحمەد لەوەند هەر مزگەوتەکەی مابووو چەند کەسێکی تێدا خەوتبوو، لە دەرەوە مەڕو ماڵاتێکی زۆر خڕکرابوو،وامزانی ئەوانە جاشن، پێشمەرگەکانم ئاگادار کردنەوە ئامادەبن بچینە سەریانو نزیك بووینەوە، یەکەم کەسمووریا کردەوە تەماشا ئەکەم پیاوێکی پیری خەڵکی کچانە، هێنامە دەرەوەووتم: حاجی ئەمناسی..؟

ووتی: نەخێر

ووتم: مەحمود سەنگاویم.

حاجی دەستی کردە ملمو بانگی کوڕەکانی کرد: مەترسن ئەوە مەحمود سەنگاوییە، ئەوانیش هەڵسانو نانوچایی بەیانیان داینێ.ووتیان: حاجی محەممەدی خزمیشت لەگەڵماندایە، یەکسەر چووم بۆ لای هەر لە دوورەوە ناسیمەوە، هاتو باوەشی پیاکردمو بانگی لێبەرز بووەوە.

ووتم: بۆچی ئەگریت..؟

ووتی: بۆ ئێوە

وەلامم دایەوە: ئێمەش خەمی ئێوەمانە، ئێمە پێشمەرگەین خۆمان ئەم ڕێگەیەمان هەڵبژاردووە.

حاجیووتی: خواردنی باشمان لا نییە،وەرن مەڕێك ببەن ئێوە بیخۆن لە دوژمن باشترە لەوانەیە هەمووی ببەن، پاش هەندێ دەمەتەقی یەكتریمان بەجێهێشتو چووینە ئەشكەوتێكی ساردەوە لەسەرماندا هەڵئەلەرزیم. چەند كاتژمێرێك لەوێ ماینەوە. بە برادەرەكانموووت: ئەچمە دەرەوە، تۆزێ دوور ئەكەومەوە بزانم سۆراخێكی برادەرانی دابڕاو ناكەم. هەر لە ئەشكەوتەكە دوور كەوتمەوە، لە قەڵبەزێكدا دۆزیانمەوە.

مامۆستا جەلالووتی: كاك عادلو كاك حەمەڕەش هاتنە سەر خەتو قسەمانكرد، سەری سەعاتیش من پەیوەندیم لەگەڵیاندا كرد، ئەو ڕێگایەی پیا هاتبووین پێمانووتن، لە دلكەش دوو پێشمەرگەمان بۆ دانابوون، هەروەها ئەو شوێنانەی ئازووقەی لێ بوو بۆمان دیاریكردن، پاشان گەڕاینەوە، هەندێ قازمان گرتو برژاندمان. هێشتا خۆری مابوو چووینە خاڵدان.

شەوی ١٦ــ١٩٨٨/٤/١٧ لەبەر تاریكیو بارانی زۆر نەمانتوانی ڕێگا دەركەین، تا ڕۆژی دوایی لە خاڵدان ماینەوە، كە كەوتینە ڕێ نزیك دێی كانی سارد كۆمەڵێ خەڵكی سەرلێشێواومان بینی نەیان ئەزانی چی بكەن. هەندێ خەڵكی دێی هەسەن كە نۆشمان بینی لە ترسی ڕژێمی بەعس لە چەمچەماڵەوە هاتبوون، پرسیاریوەزعەكەمان لێكردنووتیان: هەتا بڵێی خراپە، زۆربەی خەڵكی گیراون، لە ناو شاردا خۆپێشاندان بووە بۆ بەردانی خەڵكە گیراوەكە بەشێكی زۆری ئەو خەڵكە دەستگیر كرابوون بە هۆی ئەو خۆپێشاندانەوە ڕزگاریان بووو دوژمن بە كۆیتەر لێیداون.

بەرەو جادەی سلێمانی ـ چەمچەماڵ ڕۆیشتین. لەو كاتەدا هێزێكی زۆر گەورەی دوژمن بەرەو كەركوك ئەچوو، زۆر چاوەڕێمان كرد هەر كۆتایی نەهات، ناچار لە نێوانی هەر ئۆتۆمبیلێكو یەكێكی تردا كە دوور بوونایە ١٠

پێشمەرگەمان ئەپەڕاندەوە، بەو شێوەیە هەموومان چووینە ئەوبەرەوەو ڕوومان کردە کانی عارەبان، ڕۆژی دواتر گەیشتینە گۆپتەپە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٧ لە ڕادیۆکانەوە دەنگوباسی پەلاماردانی عێراق بۆ سەر فاوو سەندنەوەی لە ئێرانییەکان بلاوبووەوە کە پێش دوو ساڵێك کەوتبووە چنگی ئێرانییەکان کە زیانێکی زۆر گەورە بوو بۆ عێراق. بۆیە گرتنەوەی بایەخێکی ستراتیژی هەبوو، گۆڕانێکی گرنگ بوو لە ئاستی شەڕی عێراق ـ ئێراندا. کە بووە سەرەتایەك بۆ گرتنەوەی زۆربەی ئەو شوێنانەی کەوتبوونە ژێر دەسەلاتی ئێرانییەکان.

شەوی١٩ـ١٩٨٨/٤/٢٠ لەگەڵ کاك ئازادی ڕابەرسیاسی تیپی ٩٣ی کۆیەدا بووم. بەیانییەکەی چووینە موخەڕەس.

ئێوارەی ١٩٨٨/٤/٢٠ لە ڕێگای مەرزان کەوتینە بۆسەی دوژمن‌و لێیان هاتینە دەست، جاشێکمان لێکوشتن‌و یەکێکی تر بە ناوی نەوزاد خەڵکی کەرکوك بوو بە دیلگیرا، شەو چووینە مەرزان، ڕۆژی دواتر لە جادەی کۆیە ـ هەولێر پەڕینەوە، لەو کاتەدا دوو کۆپتەر هاتن خۆمان پەنادا تا ڕەتبوون.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٤ گەیشتینە سماقولی سەروچاوە، برووسکەیەکم بۆ کاك ملازم عومەر کردو ئامادەییم دەربەڕی بۆ هەر کارێك دیاری بکات. دوای دوو ڕۆژوەڵامی دایەوە بچمە توتمێ. لەوێ کاك ملازم عومەرو کاك کۆسرەت ڕێزی زۆریان لێگرتین‌و کاك ئازادی سەگرمەشمان بینی.

هێزەکەی مەڵبەندی یەك لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٢ دا گەیشتبووە سنووری تیپی ٢٥ خاڵخالان، بڕیاری مانەوەو شەڕیان دابوو لەگەڵ دوژمندا، گەرچی ئەمە بڕیارێکی خراپبوو، بە هێزی شکاو شەڕ ناکرێ، دوژمنیش مسۆگەر خۆی تەییار کردبوو بۆ پەلاماری ئەو سنوورە. ئەبوایە هەموو هێزەکە بچوونایەتە سەرووترو سەرلە نوێ ئامادە بکرانایە بۆ کاری تر.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٢ دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە لە هەموو لایەکی سنووری ئاغجەلەرو چەمی ڕێزان‌و ئاوشوان‌و دەشتی کۆیەو تەقتەق‌و تیپەکانی

سنووری ٢٥و ٩٢ هێرشیکرد، ئەمەش (ئەنفالی چوار) بوو. هەر بەیانی ئەم ڕۆژە بە چەند فڕۆکەیەك بە کیمیایی دای لە دێی گۆپتەپەی سەر زێو زیانێکی زۆری لە خەڵکەکەداو کۆمەڵێکی زۆر لە ژنو منداڵو پیر شەهید بوون کە ژمارەیان گەیشتبووە ١٢٠ کەسی بێتاوان، هێزەکانی دوژمن هەموو دێهاتەکانی ئەو ناوەی سووتانو تەختکرد. ئنجا هێرشی پیادە لە ئاغجەلەرەوە دەستیپێکرد، تیپی ٥٧ی سەگرمە کە کاك عەدنان فەرماندەی بوو نەیانتوانی لە زێ بپەڕنەوەو بەرەو گەرمیان گەڕایەوە، لە قۆڵی تەقتەقەوە تیپەکانی ٥٥و ١٧ شەڕی باشیان کردو ١١ شەهیدیان بەخشی، هەروەها تیپەکانی ٥١و ٥٣ لە دوای شەڕ بە هەر هەموویان بەرەو سنوورەکانی مەڵبەندی سێ کشانەوەو گەیشتنە سماقولی، هەرچەندە لەوێ بڕیاری مانەوەیاندا بۆ بەرگری لەو سنوورە، بەڵام کاك شێخ جەعفەر پێی باش بوو ئەو هێزانە لەوێ نەمێننەوە چونکە زۆر ماندوونو شەڕی ئەوتۆیان پێناکرێ، ئەبێ سەر لە هێزەکانی ئەو سنوورەش تێك نەدرێ کە بەباشی خۆیان بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە کردبوو، جگە لەوەی خەڵکی دێهاتەکان ڕۆیشتبوونو زەمینەکە لەباربوو بۆ شەڕێکی سەرکەوتوانەو ئینجا چۆڵکردنی. بۆیە هەموو هێزەکان ڕووەو بناری قەندیل ڕۆیشتنو لەوناوە شوێنیان بۆ دیاریکراو دامەزرانو بە باشی حەسانەوە.

ئێمەش پاش قسەکردن لەگەڵ برادەراندا ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٥ لەگەڵ کاك ئازادا بەرەووەرتێ چووینو ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٧ لە زارگەڵییەوە بۆ قەڵاتۆکانو شەو لەوێ بووینو شەوی ١٩٨٨/٤/٢٩ لە دۆڵەکۆگی لاماندا. ڕۆژی ٤/٣٠ گەیشتینە زەڵێو قاسمەڕەش. ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣ لە کانی زەرد چووینە ماڵی کاك فەرەیدون.

لەم ماوەیەدا ناردمە شوێن منداڵەکانمدا لە شارەوە. ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٧ سەردانی سەردەشتو سەقزم کرد. هەر ئەمڕۆ بەیانی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لە ئیزگەوە بڵاوکرایەوە کە لەم حیزبانە پێکهاتبوو:

- یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- پارتی دیموکراتی کوردستان

- پاسۆك
- حشع
- حسك
- پارتی گەل.

ئەم حیزبانە لە رۆژی ۱۹۸۸/۵/۲ کۆبوونـەوەو بڕیـاری پێکهێنـانی بـەرەی کوردستانییانـــدا کـە نرخێکی گرنگی هـەبوو هەرچـەندە ئەبوایـە زووتـروەکـو پێویستیەکی نیشتمانی لە دایك ببوایە تا دەوری خۆی لەسەر گۆڕەپانی ناوەوەی کوردستاندا بگێڕایە، بەڵام لەبەر کۆمەڵێك هۆ هەردوا ئەکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا کە لـەدوا ساتەکاندا هاتـە کایـەوە هـەر بـە ڕووداوێکـی مێـژوویی چاوەڕوانکراو لەقەڵەم ئەدرا، ئەو هەموو هێزو لایەنانەی لە کوردستاندا بوون چ ئەوانـەی لـە شاخ بوون‌وە چ ئەوانەی لە شاردا، لە شاخیش ئەوانەی ناکۆك بوون، گـەر هـەوڵ نەدرێ ڕیزەکان یەکبخرێن‌و لەسەر بەرنامەیەکی یـەکگرتووی کـاری خـەبات بـە گژ دوژمندا نەچنەوە، زەمینەی لە بارچوونی شۆڕش‌و زاڵبـوونی دوژمـن زیـاتر دێتـە ئـاراوەو بـواری پیلانگێـڕان‌و پشێوی سیاسـی‌و فیکـری‌و لەبەریـەکترازانی کورد باشتر ئەڕەخسێت. گەر هەر هێزێکی سیاسی لـە ئاوازێـك بخـوێنێ‌و ئامـادە نەبێ تۆزێك لە پێناوی کوردا لە هەڵوێستی خـۆی دابـەزێ‌و بەرژەوەندییـەکانی نەکاتـە قوربـانی ئاواتـەکانی گەلەکـەمان ئـەوا ئاسـۆی ڕزگـاربوونی ڕوونـاك نابێتـــەوەو ڕەشـــبینی بـــاڵی بەســـەر دڵو دەروونـــی خەڵکـــە شۆڕشـــگێڕەکەدا دائەگرێتەوە.

کاتێك ئەم هەلومەرجە قۆسترایەوە بۆ خزمـەتکردنی کـورد زۆر درەنـگ بوو، شۆڕش لە ڕووی چەکدارییەوە لاواز بوو، بنکەو بارەگای هێزی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکانی ناوەوە کە ئاشتبوو بوونـەوە گەیشتبوونە سـەر سـنوورەکان، دێهاتەکان خـاپوور کرابـوون‌و خـەڵکیان ڕاپێچـی دەریالوشـی نـەمانی بەعسـیان کرابوون یان چووبوونە ئۆردووگا زۆرەملێکانەوە. لە ئاست ئـەم مـەسـەلـەیەدا کۆمـەڵێك پرسـیار سـەریان هەڵئـەدا: ئایـا بـەرەی کوردســتانی لـە ئاسـتی مەســئولیاتی نەتــەوەیی‌و نیشــتمانی‌دایە..؟ ئایــا لایەنــەکان بەرژەوەنــدی

حیزبایەتییان ئەخەنە خزمەتی بەرژەوەندی گشتییەوە..؟ یان ئەمە هەر هەنگاوێکە بۆ داپۆشینی کەمو کورپییەکان و داتەکاندنی تەپو تۆزی گوناهەکانی ئەستۆیان..؟ ئایا کورد دڵی پێی خۆشە..؟ ئایا ئەو حیزبو لایەنانە نەخشەو بەرنامەیەکی نوێ دائەرێژن بۆ تێهەڵچوونەوەو کۆڕی تێکۆشان گەرمتر ئەکەنەوەو دوژمن ئەخەنە دووریانێکەوەو تۆڵەی خاکی سوتماكو خەڵکی ئەنفالکراو ئەکەنەوە..؟ که خەڵك نەبێ شۆڕش و پارتو ڕێکخراوەکان و بەرە بۆ کییەو چی ئەکەن..؟ که لە هیچ کاتو شوێنێکدا شۆڕش بێ خەڵك نەبووەو نەکراوە.

ئەوی ڕاستی بێ بەرە جگە لەوەی ئەگەری تێکچوونەوەی ڕیزەکانی لە خۆیدا بەرجەستە کردبوو کە هەریەکەیان کۆمەڵێك بەرنامەو بیرو بۆچوون و هەڵوێستی جیاجیا تەحەکومی ئەکردن تەنیا ئەگەری هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆی دوورتر خستەوە لەو قۆناغە ناسکەداو جگە لەوەی لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە خۆی پێشان ئەدا ئەگینا لە ڕووی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەو ڕێکخستنی بەرنامەی کاری سیاسیو دیبلۆماسی شتێکی ئەوتۆی لێهەڵنەوەری. هەر لایەك لە ماڵی خۆی، پەیوەندییەکان بە تاڵەمووییەك بەسترابوونەوەو زۆر مەبەستی گەورە پشت گوێ ئەخرا، یەکێتی هەر لە کۆنەوە خجڵی ئەوە بووەو بانگەشەی بۆ داڕشتنی بەرنامەی ستراتیژی خەباتی درێژخایەن و یەکخستنی هێزی پێشمەرگەوسەرکردایەتی شۆڕش کردووەو دژی پچڕپچڕی لایەنەکان بووە، کە بەمە لای گەلانی جیهان خۆمان سەنگینتر ئەکەین و پاڵپشتییان مسۆگەر ئەکەین. نەك بە ڕێگای تاك هێزیو کەڵەگایی و خۆسەپاندن بەسەر گۆڕەپانی کارکردندا.

ڕۆژ ١٩٨٨/٥/٨ گەڕاینەوە قاسمەڕەش و لەوێوە بۆ ئالۆمتان و کەوپەڕو بادیناوا، شەو لە چیای قەندیل ماینەوە، دنیا زۆر سارد بوو، ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٩ چووینە زەنگەڵێن لە ڕێگا لە سەر بەفر هەڵدێرام وەختبوو پشتم بشکێ، گەیشتینە باڵەیان و ماوەیەکی زۆر ماینەوە، پاش گرتنەوەی فاو ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٥ عێراق پەلاماری شەلەمچەی دایەوەو لە دەستی ئێران دەریهێنایەوە،

سەرکەوتنێکی تری سەربازیوەدەستهێنا. هەر لەم کاتانەدا ڕژێم هێزێکی زۆری بۆ پەلاماری ناوچەکانی مەڵبەندی سێ کۆکردبووەوە بە مەبەستی ئەنفالکردنو چۆلکردنی لە هێزی پێشمەرگە. بەڵام ئێرە بە باشی قایم کرابوو، تۆپخانەی شۆڕش بۆ لێدانی بنکەو مۆلگەکانی دوژمن سازدرابوو.

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٤ کە ئەنفالی ٥و ٦ بوو کە هەموو ناوچە جیا جیا کانی هەولێری گرتەوە، دوژمن هەرچی لە توانادا بوو بەکاری هێنا، هێزی سەربازو جاشو تانكو فرۆکەی گەورەو کۆپتەرو تۆپخانەی قورسو چەکی کیمیایی خستەگەڕ، بەڵام ئەمانە هەمووی تۆزقاڵێ لەووەی پێشمەرگەیان نەهێنایە خوارەوە، پێشمەرگە نەبەزەکانی یەکێتیو پارتیو حسكو حشعو پاسۆك لە یەك سەنگەردا دەست لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ بوون، ڕۆکێتی تۆڵە هەمیشە نرکەی ئەهاتو هەناوی سەربازو جاشەکانی ئەتۆقاند.هێزێکی تری یەکێتیو حسك لە باڵەیانەوە ڕەوانەی سنوورەکانی مەڵبەندی سێ کرا بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی ئەوێو کاك سامان گەرمیانی سەرپەرشتی ئەکرد.

لە باڵەیان بووم ، ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٥ منداڵەکانم لە شارەوە هاتن، باوکم هێنابوونی ڕێگەدرام بچمە لایان ، هاتمە گوێزێ لەنزیکی دۆڵە کۆگێ چاوم بەکاك نەوشیروان کەوت ، لەبن خێوەتێکدا دانیشتبوو، کە منی بینی زۆر ڕێزی لێگرتم ، کەوتینە قسەکردنەوەپێیووتم : مەحمود باوکت هاتووەتە لات ..؟ووتم : نەخێر ،ووتی : باوکت زەختی زۆری لەسەرە کە هاتە لات ئاگاداری بکەرەوە بابێت لێرە دابنیشێ ، ئەگەر هەموومان مردین ئەویشوەکو ئێمە ، ئەگەر ژیاشین هەروەکو ئێمە .. منیشووتم : بەسەرچاو ئەگەر بینیم قسەی لەگەڵا ئەکەم ، بەڵام کاك نەوشیروان باوکم پیاوێکی ئازایەو سەر بۆ کەس نانوێنێ . ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٨ گەیشتمە زەڵێ لای منداڵەکان، باوکم ڕۆیشتبووەوە نەم بینی ، منالەکان هەموویان لە ژوورێکدا بوون بێ پێخەفو ڕایەخو پێویستی ناوماڵ، مێشوولەو کێچ هەموو لەشیانی سوژن ئاژن کردبوو. ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٢ بارگەی بێبارمان پێچایەوە بۆ کانی زەرد، لەوێ ماڵۆچکەیەکمان پێکەوەنا.

دوایی گەڕامەوەو چوومە باڵەیان. ئەو کاتەی لە باڵەیان بووم لەگەڵ کاك فەرەیدوندا باسی گەڕانەوەم بۆ گەرمیان کردو پێی باش بوو، دوایش سەردانی کاك نەوشیروانم کردو لەو بارەیەوە قسەمکردو زۆری پێخۆش بوو، ئیتر بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێ پێشمەرگەم پێکەوەنا لە ڕێگەی بەمۆوە دابەزین، تەقەلایەکی زۆرماندا بێسوود بوو، دوای ئەوە ماڵەکەم بۆ سەقز گواستەوە، لەو کاتانەدا بوو کاك ڕۆستەمو کاك ئازادی سەگرمە بە هێزێکەوە لە ڕێگەی مەڵبەندی سێ بەرەو سنووری تیپەکانی ۲۱و ۲۵و گەرمیان کەوتبوونە ڕێ، کاك ئازاد سەرپەرشتی هێزەکانی گەرمیانو کاك ڕۆستەمیش سەرپەرشتی ئەوانەی سنووری کەرکوك بکات، هەر یەکەیان گەیشتنە شوێنی کارەکانیانو لەگەڵ پارتیزەکانی تردا یەکیان گرتەوە.

سەرەتای مانگی ۱۹۸۸/۸ بە هەندێ کار لەگەڵ کاك حامیددا بۆ سەرکردایەتی ڕۆیشتین.

ڕۆژی ۱۹۸۸/۸/۸ لە پەیوندییەکانی ناڵوەتان دانیشتبووین دەنگوباسی تەقەوەستانی شەڕی عێراق - ئێران بڵاوکرایەوە، کە بە ناوبژیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامدرا، هەر بە بۆنەی ئەم شەڕوەستانەوە هەمان ڕۆژی ۸/۸/ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بەیانێکی بڵاوکردەوە تیایا داوای لە هەموو لایەك کردبە تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان کە داوا لە عێراق بکات بۆ ڕاگرتنی شەڕی لە ناوبردنی گەلی کوردستانی عێراقو ڕاگرتنی بە کارهێنانی چەکی کیمیاییو شێوازەکانی تری لە ناوبردنی بە کۆمەڵو لە سێدارەدانو ڕاگواستنو ئاوارەکردنو گۆڕینی نیشانەکانی نەتەوەییو کۆمەڵایەتی کوردستان.

زۆرم لا سەیر بوو، ئەوەی بیرم لێنەئەکردەوە شەڕوەستانی ئێران - عێراق بوو، ئەوەندە ناکۆکییەکانی هەردوو لایان کۆنو توندو تیژبوو چ لە ڕووی مێژوویيو سنووری جوگرافیو چ لە ڕووی مەسەلەی مەزهەبییەوە دوای ئەو هەموو ساڵە خوێنڕشتنو پێکدادانە ماڵوێرانکەرە کە دەستی زلهێزەکانی دنیاشی تێدابوو، نەئەچووە ئەقڵەوەوا بە ئاسانی پێکبێن.

بەڵام تازە ئیمام ژەهرەکەی نۆشی. بۆ هەر لایەك شەڕوەستاندنواتایەکی هەبوو، جۆرێك لە قازانجی بۆیان ئەخستەوە، هەریەکە

بە پێوانەی خۆی سوودی لێوەرنەگرت، خۆ بۆ عێراق هەر زۆر سوود مەند بوو چونکە زۆر شەکەت بوو بوو، زیانی مرۆیی‌و مادی‌و ئابوری قورسی پێگەیشتبوو.. ئێرانیش لە لایەکەوە حەزی ئەکرد چونکە ئەویش هیلاك بوو بوو، لە لایەکەوە نەیویست تۆڵەی زۆرتر بکاتەوە، بەڵام پیلان‌و گەلەکۆمەکە دژی قورستر بوو، بۆیە بە ناچاری‌و بە بێ دڵخوازی خۆی پەنجەمۆری شەڕوەستانی پێکرا. لێرەدا دەیان پرسیار لە کونج‌و قوژبنی مێشکدا توێتکەیان ئەکردو پەردەی ڕەشبینیان دائەدایەوە:

تۆ بڵێی چارەنووسی ئێمە لەم گەمەیەی شەڕوەستاندا چی بێ..؟

مەسەلەکەمان ڕوو لە کوییە..؟

پاشەڕۆژ چۆن ئەبێ..؟

ئەبێ کام شێوازی کارکردن لە بواری خەباتدا هەڵبژێرین..؟

هەرچەندە ئێمە ئەنفال کراین‌و هێزی سەربازیمان لەسەر زەوی خۆمان‌وەکو پێویست نەمابووەوەو لە لای ڕژێمی عێراقی ئەو پارسەنگە قورسەمان نەما بوو، هەرچەندە سەدان هەزار کەسمان بەرەو نەمان چوون‌و بەشێکیشیان لە ئۆردووگاکاندا زیندانی کرابوون، بەڵام مەسەلەکەمان نەمردووە، هاوکێشەکانیش بە ڕەشبینی چارەسەر ناکرێن. ئەبێت سەر لەنوێ تێهەڵچینەوەو کۆڵ لە خەباتی جۆراوجۆر نەدەین. چەند ناخۆشە هەواڵێکت بدەنێ‌و تۆش ناوەڕۆکەکەیت بە دڵ نەبێ‌و دژی بیت‌و ئەویش لە دژی تۆ ئەنجامدرابێ. هەردەمو چاوێکت ئەبینی خەمو کەسەریت تیا ئەخوێندەوە، لێکدانەوەکان دڵخۆشکەر نەبوون. منیش هەر لە بیری دابەزیندابووم، جارێکی تریش بە نیازی گەرمیان بەرەو بەمۆ بەڕێکەوتین بەڵام دیسانەوە ڕێگا نەبوو، گەڕاینەوە.

شەڕەکانی مەڵبەندی سێ نزیکەی سێ مانگی خایاند، دوژمن پێشڕەوی زیاتری کرد، ئیتر پێگەی مانەوە لەو سنووردا نەما، دوای ئەوەی دەستێکی باش لە هێزەکانی ڕژێم‌وەشێنرا بڕیاری کشانەوە دراو ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ هەموو هێزەکان گەیشتنەوە باڵەیان‌و قرناقەو پشتئاشان. دیسانەوە سەنگەر لێدرایەوە

کە پێشتریش تیپەکانی ١٧و٥١و ٥٣و ٥٥ لەوێبوون. ئەو ناوە بە چاکی قایمکرا. دیاربوو ڕژێم پەلاماری ئەو سنوورەش ئەدا.

بۆیە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٧ ئەنفالی ژمارە ٧ لە بناری قەندیل دەستیپێکرد. شەڕ لە شاخی کونەکۆترو هێلانەقەلو شوێنەکانیتر هەڵایسا، هێرشەکان توندوتیژ بوو، تۆپباران خەستو خۆڵ بوو، زیانی دوژمن زۆر بوو، لە زۆر لاوە شکستی هێنا. چەند پێشمەرگەیەکی دڵسۆزیش گیانیان کردە قوربانی خاکو نیشتمانی سووتماك. سەرکردەی ڕۆشنبیر کاك ئازاد هەورامی کە سەرپەرشتی شەڕەکانی ئەکرد بە کۆپتەر پێکراو ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٣١ گیانی بەرزی بە خاکی کوردستان ئەسپێریو شەهید بوونی زیانێکی گەورە بوو بە کۆمەڵەو یەکێتی. تەرمەکەی ئەبرێتەوە دێی سەرکرانی نزیکی پاوەو لەوێ ئەنێژرێ. دوای ئەوەی هێرشەکان توندوتۆڵتر ئەبێو مەیدانی شەڕ تا ئەهات تەسکتر ئەبووەوە، بڕیاری کشانەوە درا بۆ سەر شاخی قەندیلو ناوچەکانی پشتەوە.

هەر لەم مانگەدا ڕژێمی عێراق ئەنفالی بادینانی کرد. کە ئەنفالی ٨و کۆتایی بوو. بە هێزی زۆرو چەکی کیمیایی سەدان دێی تەختکرد، دەیان هەزار کوردی بەستەزمان ئاوارەی سنوورەکانی تورکیا کردو زیانێکی سەختی کولەمەرگیان ئەبردە سەرو تەنانەت ڕژێمی عەفلەقی لە ڕێگەی سخوڕەکانییەوە ئاوی خواردنەوەکەیانی ژاراویکردو خەڵکێکی زۆر گیانیان لە دەست داو دەوڵەتی تورکیاش لەم کارە بێدەنگ بوو.

پرۆسەی شەڕی لەناوبردنی کورد لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە لە سەر تاسەری کوردستاندا کۆتایی هات. کە بە هەشت قۆناغ ئەنجامدرا لە ژێر ناوی ئەنفالدا کە ڕژێمویستی سوود لە ناوی ئایەتێکی قورئانوەربگرێ بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە ڕەشەکەی کە ئەڵێ:

} و یسألونك عن الانفال قل الانفال لله و الرسول فاتقوا الله و اصلحوا ذات بینکم و أگیعوا الرسول ان کنتم مؤمنین{

سەدام بەویستی لێکدانەوەی خۆیو بۆ بەرژەوەندی بەعسو دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکەی سوودی لەم ئایەتەوەرگرت کە زیاتر پەیوەندی بە شەڕی

ناموسـڵمانەکانەوە هەیـە. دیـارە ئـەم بـەلای خۆیـەوە کـوردی لـە خانــەی ناموسـڵماندا دانــاوەو کوشــتن‌و لـەناوبردنی بـە ڕەوا بینیـوە بۆیــە ســەرو سامانیان بۆ خۆی‌و جەلادەکانی حیزبەکەی بە حەڵاڵ زانیوە. کەچی کورد لە عەرەب زیاتر خۆیان بە بیروباوەڕی ئیسلامەوە گرێ داوەو هـەزاران مزگـەوتیان درووستکردووە بۆ خواپەرستی‌و خزمەتی قورئان، کەچی بـە یـەك بڕیاری داخ لـە دڵانـەی بەعسیانە هـەر هـەمووی تـەفروتوونا کـران‌و سووتێنران‌و کەسێك نەبووووڕتەی لەدەم بێتـە دەرەوەو تەنانـەت قورئانـە سووتاوەکانیش نووزەیان نەگەیشتە لای خوا.

ئەنفال پرۆسەیەکی تازە نییە دژی کـورد بکرێ، بـەڵکو مێژووەکـەی بـۆ لەمە کۆنتر ئەگەڕێتەوە، کە سوپای داگیرکەری عەرەبی چەندین جـاری تـر ئـەم ناوچەیەیان شێلاوەو کوشت‌و کوشتاریان کردووە، ئەگەر چی بـە سـەرهاتی لـەم بابەتە بەسـەر نەتـەوەکانی تریشدا هاتووە بـۆ نمونـە پـەلاماری بابلییـەکان بـۆ سەر جولەکەو لە مێژووی نوێدا پـەلاماری نازییـەکان لـە هۆلۆکۆستدا بـۆ سـەر جولەکەکان.

ئەنفال تەنیا هەر کردەوەیەکی مادی نەبوو، تـەنیا زیـان لـە سـەرو مـاڵی کـورد بـدرێ، بـەڵکو کارەساتێکی مەعنـەویش بـوو، ڕەنگدانــەوەی لەسـەر دڵ‌و دەروون‌و مێشکی کەسی کوردا بەجێهێشت، ئاسـەوارەکان تـەنیا هـەروێرانکردنی لادێــی کوردســتان‌و نــوغرۆکردنی‌و ڕاگــوێزانی خەڵکەکــەی نــەبوو، بــەڵکو کاریگەرێتی لەسەروێرانکردنی شاریش هەبوو، بەڵکو مەبەست لێی تـەفروتونا کردنی کۆمەڵگای کوردەواری بوو، جیاوازی ئەوتۆش لە نێوان شارو لادێدا نەما.

پـێش ئــەوەی ئــەنفال ئەنجامبــدرێ ڕژێـم ئابلۆقــەی ئــابووری بەســەر دێهاتەکاندا توندکرد تاکو ژیـانی خـەڵکی تـاڵتر بێـت‌و گوزەرانیـان نـابوت بێـت‌و گوشاریش بکەوێتە سەر هێزی پێشمەرگەوسەرچاوەی ژیانیان ئاڵۆز بێت. بۆیـە هەموو شتێك بـە قاچـاغ ئەگەیشتە ناوچەکان. نـەك هـەر ئەمـە بـەڵکو سـاڵی ١٩٨٧ بیرۆکــەی گواســتنەوەی خــەڵکی دێهاتــەکانی زەنگابــادو تــەخت کردنــی

خانووەکانیان‌و ڕەوانەکردنیان بۆ ئۆردووگای سمود دەستی پێکرد کە بە جیاوازی کەمەوە هەر ئەخرێتە چوارچێوەی پرۆسەی ئەنفالە بەدناوەکانەوە. هەروەها بێسەرو شوێن کردنی پێنج هەزار بارزانییەکەش‌و ڕاگواستنی ناوچە سەر سنوورییەکانی دوای ناشبەتاڵیش هەر ئەچنە خانەی ئەنفال‌و جینۆسایدەوە.

پرۆسەی ئەنفال بە چەند شێوەیەك ئەنجامدرا:

١. پەلاماردان‌و هێرشی سەربازی بۆ سەر دێهاتەکان‌و خاپوور کردنیان‌و سووتاندینان.

٢.دەستگیر کردنی خەڵکەکەی‌و ڕاپێچ کردنیان بۆ خوارووی عێراق، یان دەرباز بوونی هەندێکیان‌و نیشتەجێ بوونیان لە ئۆردووگا زۆرەملێکاندا.

٣. بە تالان بردنی ماڵ‌و سامانی خەڵکە ئەنفالکراوەکان.

بەرپرسیاریەتی ئەنجامدانی پرۆسەکانی ئەنفال خرابووە ئەستۆی عەلی حەسەن ئەلمەجیدی ئامۆزای سەدام‌و بەرپرسی نووسینگەی باکوری ڕێکخراوی حیزبی بەعس لە کەرکوك. کە کاتی خۆی لای حەمادی شهابی‌وەزیری بەرگری عەریف بووە، پاشان کرایە سەرۆکی گشتی ئەمنی عێراق، کابرایەکی درندەو عاشق بە کوشتن‌و خوێن ڕشتن بوو، هیچ جۆرە شارەزاییەکی لە کاروباری سەربازی نەبوو. کە پێش جێبەجێکردنی ئەنفال هەندێ هەنگاوی ناوەکو زەمینە خۆشکردن بۆ کارەکەی لە بابەت: قەدەغەکردنی هاتووچۆو خواردەمەنی، تۆپبارانی بەردەوامی ئەو شوێنانەی بارەگای پێشمەرگەی لێیە، کوشتنی هەرکەسێك لە ناوچە قەدەغە دیاریکراوەکاندا، بۆ ئەنجامدانی ئەنفال فەیلەقەکانی ١و ٢ ئامادەکرابوون، سەرەڕای هەموو فەوجە سووکەکانی جاشەکان. لەگەڵ بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی‌و کۆپتەرو چەکی قورسی جۆراوجۆرو کیمیایی‌و فسفۆرو هتد. هەروەها بەشداریکردنی گاردی کۆماریش.

بەمەش دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی سەدامی‌وەرگرت لە هەر کارێك بەرامبەر کوردی بکات‌و کەس نەیئەتوانی سەرپێچی لە بڕیارەکانی بکات‌و هەموو دامو دەزگاکانی بەعس گوێڕایەڵی بوون.

داهێنەری بیرۆکەی ئەنفال ڕژێمێکی ناسۆنالیزمی فاشیزمی بەعسی عەرەبی عێراقە، کە شەرعییەتی بە خۆیداوە بۆ پاراستنی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی کۆنەپەرستانە دوور لە گیانی شارستانیەتو لە ڕێگەی ترسو تۆقاندنەوە پیرۆزییەك بە بەرنامەکانی بداتو جگە لە نەتەوەی سەردەستی عەرەبی کەسی تر بۆی نییە لە بەردەمیدا سەرقوت بکاتەوەو لە ڕێگەی شەڕانگێزییەوە دەسەلاتی دیکتاتۆری تاکڕەوی بەرجەستە بکات بۆ پاکتاوکردنی هەموو نەیارەکانی چ لە ناوەوە یان لە دەرەوە.

جەنگی درێژخایەنی کوردو بەعسو جەنگی هەشت ساڵەی عێراق - ئێرانو دواجار شەڕی ئەنفال پۆپەی هەڵوێستە کۆکوژییەکانی ئەم ڕژێمەیە لە پێناوی مانەوەی خۆیدا کە ئەمەش پەیوەندی بە نەخۆشی خۆ بە گەورە زانینی سەدامو حیزبەکەیەوە هەیەوەکو چەقۆکێشێکی ئەم سەردەمە بکەوێتەوێزەی گەلێکی بێتاوانو شەق لە هەموو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی سەبارەت بە جینۆسایدو لەناوبردنی ئەتنیکی هەڵبداتو گوێ بە قسەی کەس نەدات.

گەرچی ئەنفال لە دوا دوایی شەڕی عێراق - ئێران ئەنجامدراو بەلای هەندێ کەسیترەوە بە بەشێکی ئەو شەڕە دائەنرێت، بەلام ئەوە ڕایەکی ناڕاستەو ئەنفال بۆ خۆی پرۆسەیەکی سەربەخۆو نەخشە بۆ داڕێژراوەو کردەیەکی تایبەت بوو بە لەناوبردنی نەتەوەی کورد گەرچی هەندێ لێکچوونیش لە نێوانیاندا هەیە لە ڕووی بەکارهێنانی چەکە کۆکوژەکانەوەوەکو کیمیاییو فڕۆکەی جەنگیو ڕۆکێتی دوورهاوێژو چەکی قەدەغەکراوی نێو دەوڵەتی. ڕژێمی عێراق هەموو مەبەستە تایبەتییەکانی خۆی جێبەجێکرد بە بەرچاوی هەموو جیهانو کۆمەلگای نێودەوڵەتییەوە بە جیهانی ئیسلامیو عەرەبیشەوە، بەلام کەسیان نقەیان لێوە نەئەهات، لە ناوبردنی گەلێك هەستی نەجوولاندن. چونکە لە شەڕیدا لەگەڵ ئێراندا هەموویان لە پشتی عێراق بوون پشتیوانیان لێئەکرد.بۆیە بۆ عێراق زۆر ئاسان بوو ئەم پرۆسەیە بێ ترسو

لێپرسینەوە ئەنجام بدات. چارەنووسی ئەو خەڵکە بێتاوانەی کوردیش دیارنەبێو مافی مرۆڤ لە گوێی گادا خۆی متکردووەو تەنیا بەیانێکیشی بڵاونەکردەوە.

ئەگەر ڕێگا هەبوایە چەند ڕۆژنامەنووسێك لە دەرەوە بهاتنایەووێنەی ئەو کارەساتە خەفەتبارەیان بگرتایە ئەوا لەگەڵ مەرگی دڵتەزێنی هەڵەبجەدا پێکەوە مۆرکێکی دوورتریان ئەدایە خەڵکی جیهانو گانی بەزەییان ئەتەقاندەوە.

گۆی زیانەکانی ئەنفال بە پێی ئەو ڕاگەیاندنانەی لە دەزگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە پەخش ئەبووەوە:

- ١٨٢٠٠٠ مرۆڤ بێ سەروشوێن کرا.
- ٤٠٠٠ دێو ٩ قەزاو ٣٠ ناحیە خاپوور کران.
- هەزاران قوتابخانەو مزگەوتو نەخۆشخانەوسەدان پرۆژەی ئاوو کارەباو هەزاران هەزار سەر مەڕو ماڵاتووڵاخو هەزارەها تەن بەروبومی کشتوکاڵی جۆراوجۆر بوو کە بە سەدان ملیار دۆلار مەزندە ئەکرێ.

دوای تەواو بوونی شەڕەکانی قەندیلو باڵەیان ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١٨ هەموو هێزەکانی مەڵبەندی یەك گوێزرانەوە سنووری دزلێ - مەریوان، ئێمەش بە ماڵو منداڵەوە گواستمانەوە ئەوێو لە کانی دینار نیشتەجێ بووین، لەوێ دیسانەوە کەوتینەوە کەلکەڵەی دابەزینە خوارەوە، بێ پرسی دەوڵەتی ئێران لە دزلییەوە کۆمەڵێك پێشمەرگە بەرەو کانی خەیاران لەوێش بۆ میری سوور ڕۆیشتین. شارەزاکەمان فەرماندەی کەرتی تیپی ١٥ی شارەزوور مام ناجیو پێشمەرگەیەکی برادەرانی سۆسیالیست بوو. ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/١٠/٢٤ بەرەو ئەشکەوتی هەورامی جوولاین، لە ڕێگەدا کەوتینە سەر کێڵگەی میندا، مینێك لە ژێر پێی عەبدوڵلای پێشمەرگەی سۆسیالیستدا تەقییەوەو قاچێکی پەڕیو بەسەر مندا کەوت مام ناجیش بۆ لای ئەو ئەگەڕێتەوە ئەویش مینێکی پیا تەقییەوەو قاچێکی سەقەت ئەبێو بەپەلە گەیشتمە لای . پێیووتم : کاك

مەحمود هەندێ لێم دوور بکەوەرەوە ،ووتم : بۆچی..؟ ووتی حەز ئەکەم لە بەر مین دوور بکەویتەوە .. بەڵام من هەستم کرد کە نیازی شتێکی هەیەو روانیم رومانەیەك لە ناو دەستیدایە و ئەیەوێ بە خۆیدا بیتەقێنێتەوە ، من لێی تورە بووم و رومانەکەم لە دەستی دەرهێنا ئیتر لەبەر نەشارەزایی رۆیشتنەکەمان پەکی کەوت و گەراینەوە ، لە بەرئەوەی ئێمە بەدزی ئێرانەوە سنوورمان بەرەو کوردستان بریبوو ، بریندارەکانمان تەسلیمی بارەگاکانی سۆسیالیست لە کانی خەیاران کرد .. ئەو شەوەی کە رۆیشتین بریاروابوو لە چەمی قوڵخوردو عەلیاوادا بمێنینەوە کە چی بۆ بەیانییەکەی تەماشا ئەکەین هێزێکی زۆری دوژمن گەمارۆی ئەو چەمەی داوەو ئاگریان بەردابووە ئەو ناوە ، لە ساڵانی دواییدا بۆمان روون بووەوە چاوساغەکەیان خالیدە کۆڵ بوو کە جاسوسی رژێم بوو ئەو شوێنەی بۆ ئێمە دەستنیشان کردبوو لە هەمان کاتدا رژێمیش لە چوونەکەمان ئاگادار کردبۆوە .. بریندار بوونی ئەو دوو پێشمەرگەیە بووە هۆی دەرباز بوونمان لە جەنگی تیاچوون..کۆتایی مانگی ١٩٨٨/١١ کۆمەڵێك لە پارتیزانەکانی گەرمیان وەکو کاك رۆستەم کاك عەدنان و کاك مەحمودی مامەعەزە گەیشتنەوە سەرەوە بۆ حەسانەوە، دیارە هێزێکی تری پارتیزان لە خوارەوە مابوونەوە، کە بووبووە بریار ئەبێ ماوە ماوە ئەو برادەرانە بگۆردرێن و خەڵکی تر بچێتە شوێنیان بۆ ئەوەی ئەوانەی خوارەوە پشوویەك بدەن و ئەوانەی ماڵ و منداڵیان هەیە بچنەوە ناویان، ئەوانی سەرەوەش دابەزنە خوارەوەو فێری ئەو هەلومەرجەبن و شارەزای ئەو شێوازەی خەبات بن.

ساڵی ١٩٨٨ بەو هەموو رووداوە سامناکانەی بەسەر میللەتەکەماندا هات بەرەو کۆتایی ئەچوو. هەموو یەکێك لە ئێمە حەزمان ئەکرد بە زوویی بارگەی بپێچێتەوەو لا نەکاتەوە چونکە رۆژێگارێکی پر لە نائومێدیو کارەساتاوی بوو، جگە لە خەمو خوێنو خاك سووتان هیچیتری بۆ کورد بە دیاری نەهێنا.

ساڵی ۱۹۸۹

سەری ساڵی تازەی ۱۹۸۹ش هات، هەمووان بۆ ئەوە ئەچوون زۆر شت لە ئاستی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا ڕوبدات، خۆ حکومەتی عێراق تووشی دوورەپەرێزییەکی سیاسی بوو بوو، لە زۆر لاوە پەنجەی تاوانی بۆ درێژ ئەکرا بە تایبەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی‌و کارەساتی هەڵەبجە لە زاکیرەی زۆر خەڵکی ئەورووپادا ئەژیا. گفتوگۆکانی ئێران - عێراق پێشکەوتنی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەئەبینی، هەرلایەکیان لەسەر داخوازییەکانی خۆی زۆر سوور بوو، ناوبژیوانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەر بەردەوام بوو، ئەگەر شەڕوەستاندن ئەنجامی گوشاری دەرەوە بوو بۆ سەر ئێران ئەوا بارودۆخی ناوخۆیش ناچاری ئەکرد چیتر لەم شەڕەدا بەردەوام نەبێ.

هەر لە گەڵ ڕۆژە یەکەمەکانی ساڵی تازەدا بە تایبەتی لە ڕۆژی ۱/۷ دا لە پاریسی پایتەختی فەرەنسای ئازادیدا کۆنگرەیەك لە سەر چەکی کیمیایی بەستراو نوێنەرانی ۱٤۹ دەوڵەتی تیا کۆ بووەوە، گەرچی ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ بڕیاردانی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی بەڵام بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکە بە لای تاوانبارکردنی ڕژێمی سەدامدا نەچووو چاوپۆشی لەو تاوانە پڕ لە مەینەتییە کرا. سەرەڕای ئەمەش کۆمەڵێك بڕیاری گرنگی تیا دراوە.

مانگی ۱۹۸۹/۲ هەڤاڵ مام جەلال لە دەرەوە گەڕایەوە، بە هاتنەوەی زنجیرەیەك کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردایەتی‌و لێپرسراوو کادیرانی مەڵبەندەکان‌و دەزگاکان‌وخەڵکیدا دەستپێکردو بە دوورو درێژی باسی هەلومەرجی تازەی خەبات‌و بارودۆخی جیهان‌و ناوچەکەو کوردستانی کرد، شیکردنەوەیەکی قووڵی مەسەلەکانی خستە بەردەست، کە ئەبێ کورد قۆناغێکی نوێ دەست پێبکات‌وشەڕ شێوە کلاسیکییەکەی‌وەلاوەنێ کە تەنیا بایەخ بە خەباتی چەکداری ڕووت نەدا، ئەبێ خەباتی سیاسی‌و دیپلۆماسی لە پێشەوەی بێ و ئینجا خەباتی پێشمەرگانەو ڕێکخستن دەوری سەرەکی لە هاندان‌و وروژاندن‌و کۆکردنەوەو ئامادەکردنی خەڵکیدا ببینێ بۆ

بەگژاچوونی داگیرکەران. ئەبێ بایەخی باش بە فێرکردنو پەروەردەکردنی پێشمەرگە بدرێ، هەندێ نەخشەی کارکردن تاو توێکرا بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی شۆڕشگێڕی نوێ لە مەیدانی تێکۆشاندا.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ڕاوێژێك بە کادیرە سیاسییەکان کرا لەمەڕ چارەنووسی مەلا بەختیارو ئازاد کردنی، کەوەڵامی کادیرەکان ڕازی نەبوون بوو بە ئازاد کردنی، سەرکردایەتیش بەم ڕایە قایل بوو، ئەگەرچیوورووژانی ئەم مەسەلەیە لەوەوە هات کە کاتی ئەوە هاتووە ئیتر کۆتایی بە مەسەلەکەی بێتو لەوە زیاتر پێویست ناکات لە زینداندا بێت. کادیرەکانیش هەر هەموویان توندڕەو بوونو هێشتا شنەبای گلاسنۆستو پرۆسترۆیکا بە ئاقاریاندا هەڵی نەکردبوو. ئەگەرچی لە دەرەوەی یەکێتی نیشتمانیدا هەندێ دەنگ بەرز بووبووەوە بۆ ئازادکردنی، بەڵام زۆربەی دەنگەکان لەوانە بوون دژی یەکێتی بوون نەك بەرگریکردن بێت لە ئازادی.

دوای ئەنفالی بەعسیانە هەر لەم مانگەدا لە ڕۆژی ١٩٨٩/٢/١٩ کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی خۆڕاگری پارتیزانی گەرمیان دوور لە باوەشی گەرمی کەسو کاریان، لەو چۆڵەوانییە بێ باوانەدا بوونە ژێر هەرەسی ئەشکەوتەوەو شەهید ئەبن: مەلا ئەحمەد کەلاری، حاجی حەمید، حەیدەر، پۆلا، ڕەحیم، محەممەد، دارا.. حەوت ئەستێرەی گەشی ئاسمانی سەختترین هەلومەرجی کوردایەتی لە بەرزییەوە داچۆڕانە خوارەوە، ئەمانە حەوت کەڵەمێرد بوون لە بارێکی ناسکدا بارگەیان بەرەو جیهانی سەرومری پێچایەوە، هەر یەکە بە کۆڵێ خەمو ژانو ئاواتەوە ماڵ ئاوایی کردو بۆشاییەکی گەورەیان بە جێهێشت. دیارە کاریگەرێتی ئەم ڕووداوە بۆ سەر برادەرە پارتیزانەکانی خوارەوە زۆر دژوار بوو، هەوڵیاندا هەرچی لە تواناندا بوو بکرێ بۆ دەرباز کردنیان بەڵام بێسوود بوو، ئەشکەوتێکی گەورە دارمێ، دەرگاکەی خڕ لەسەر ئەم هەڤاڵانە داخرێ بە چی ئەو هەموو خۆڵو بەردە لا ئەچێ..!

تەنیا سەید محەممەدو حەمەسۆران ڕزگار بوون کە ئەوانیش لەو کاتەدا چووبوون بۆ پەیوەندی جیهاز لەگەڵ هەڤاڵەکانی تریاندا لەسەر گردۆلکەیەکی

ئەو نزیکانەدا گوێیان لە زرمەیەکی زل ئەبێت، بەڵام نازانن چییە، کە ئەگەڕێنەوە هەوارگەکەیان نەماوە، دەرگاکەی کلۆم دراوە، ئەوسا تێئەگەن ئەو زرمەیە هەرەسی ئەشکەوتەکە بووەئینجا پەیوەندی بە برادەرانی ترەوە ئەکەن و لە ڕاستی ڕووداوەکە ئاگاداریان ئەکەنەوە. کە هەواڵەکە بڵاو ئەبێتەوە هەریەکە بە جۆرێ لێکیئەدایەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەو ئەشکەوتە شوێنێکی زیخەڵانی تەنگ بوو، خۆیان فراوانیان کردبوو، جارجارەش وورده بەردی لێ هەڵئەوەری، کە بەلای خەڵکی شارەزاوە بەلگەی ئەوەیە ئەو شوێنە هەرەس ئەکات، بەڵام ئەوان گوێیان نەدابوویە، لەوێ ڕاهاتبوون بمێننەوە، حەزیان نەئەکرد بەجێی بهێڵن تا دواجار بووە مەنزڵگای هەتا هەتاییان ، ئەوەی پێویستە بنوسرێت شەهید مەلا ئەحمەد بە کاک عەدناندا نامەیەکی پڕ جۆش و خرۆشی شۆڕشگێڕانەی بۆ ئێران بۆ نوسیبووم کە بەتەما بووە لەگەڵ برادەراندا بێتە سەرەوە بەڵام کە زانی بووی ئێمە دا ئەبەزینە خوارەوە لە هاتنەکەی واز دێنی و چاوەڕوانی ئێمەی ئەکرد .. لەو نامەیەدا باسی شێوە خەباتی نوێی کردوە کە چۆن ئەبێ هەوڵدەین بخزێینە ناو دڵی دوژمنەوەو لەوێ دا بێووچان کاربکەین و هەراسانی بکەین . شەهید مەلا ئەحمەد لە هەمان کاتدا نامەی بۆ هەندێ برادەرانی تریش نووسیبوو بە تایبەتی بۆ کاک نەوشیروان و کاک ملازم عومەر و م.عەلی.

ڕۆژی ١٩٨٩/٤/٢٥ هەڤاڵان فەرەیدون و کۆسرەت بە دیدەنی هاتنە سنووری مەڵبەندەکەمان، کۆبوونەوەیان بە کادیرەکانی کۆمەڵەو پاشان بە هێزەکەی مەڵبەند کردو لە بابەت هەلومەرجی تازەی خەبات و گەشەپێدانی لایەنی سیاسی و بایەخدان بە مەسەلەی ڕێکخراوەیی دیدو بۆچوونی خۆیان باسکردو موناقەشەیەکی زۆریان لەگەڵ کرا.

لەم ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی ئێران داوای هێزێکی کرد بۆ بەشداری کردن لە مانۆڕێکی سەربازیدا. ئێمەش خۆمان ئامادە کرد بۆ ئەم مەبەستەو ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١ لە هەرسێ مەڵبەندەکەدا خولی مەشق پێکردن کرایەوە، ماوەی خولەکەی مەڵبەندییەک ١٣ ڕۆژی خایاندو ئاستێکی باشی پیشانداو ئەو

چاودێرانەی ئەهاتنە سەردانی خولەکە ڕەزامەندی خۆیان لەسەریداو بە لایانەوە سەیر بوو کەلەم ماوە کەمەدا بتوانرێ ئەو ئەرکانە بە باشی ئەنجام بدرێ.

ڕۆژی ١٩٨٩/٥/٥ لە ئیزگەکانی جیهانەوە هەواڵی لەناوچوونی عەدنان خەیروڵڵای وەزیری بەرگری عێراق بڵاوکرایەوە کە لە ناو کۆپتەرێکدا کەوتبووە خوارەوە. دیارە ئەمەش بە هۆی پیلانێکی سەدامیانەوە لە ئەنجامی توندو تیژبوونی کێشەو ناکۆکییەکانی خێزانییەوەو مەترسی لەناوبردنی سەدامیشی تێدا ڕەچاو ئەکرا کە عەدنان وەکو کەسایەتیەك لەبەردەم دەسەڵاتو هێزی سەدامدا دەرکەوتبوو، بۆیە لە کۆڵکردنەوەی شتێکی چاوەڕوانکراوو بەرجەستە بوو کە کەسێك نییە بوێرێ چەندە لەسەرداميشەوە نزيك بێ، جموجووڵێك بکاتو ببێتە مایەی هەڕەشە لە پاشەڕۆژی سەدام. هەرچەندە عەدنان پەروەردەی دەستی تاوانەکانی سەدام بوو، هەروەکو جەللادێکی خوێنڕێژ هەڵکەوتبوو، دەستی لە قەڵاچۆکردنی کوردو وێرانکردنی کوردستانداو ڕۆڵی گرنگی لە شەڕی عێراق ـ ئێراندا هەبوو، هەروەها لە پاکسازی نەیارەکانی سەدامو بەعسیشدا، هەرچەندە کوشتنەکەی بەلای هەندێك کەسەوەوا دائەنرا کە ببێتە مایەی تێکچوونی ناوخۆیی خێزانی سەدام بە هۆی ئەوەی خاڵۆی منداڵەکانی بوو، بەڵام زەبرو زەنگی سەدام ئەوەندە بە قووڵی ڕەگی داکوتاوە بە هیچ جۆرێك ناهێڵێ درزێك بکەوێتە ئەو دیوارەی بە ئێسکو پرووسکی خەڵکی بەرزی کردووەتەوەو کوشتنەکەی وەکو مردنێکی ئاسایی تێنەپەڕێو پەردەی بێدەنگی بەسەرا دا درایەوە.

مانگی ١٩٨٩/٦ دوو ڕووداوی مردنی لە ناوچەکە تێدابوو، یەکێکیان مردنی ئیمام خومەینی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران بوو کە خاوەنی کارو تێکۆشانی سیاسی ئایینی زۆر بوو، لەسەردەمی ڕژێمی شاهەنشاهیدا دژی ئەو دەسەڵاتەوەستاو بۆ عێراق دوورخرایەوە. لەوێش هەر نەوەستاو کاری ئەکرد، دوور خرایەوە بۆ فەرەنسا تا ڕاپەڕینی سەرتاسەری خەڵکی ئێران ئەو هەلەی قۆستەوەو بە فڕۆکەیەك گەیشتەوە تارانو لە ئەنجامی نەبوونی

سەرکردایەتییەکی ڕێکوپێک ئەو توانی ئەو ئەرکەبخاتە ئەستۆی خۆیو لەبەرداخ لە دڵبوونی خەڵکی بەرامبەر ڕژێمی شا لە ڕێگەی کۆمەڵێك دروشمی قەبەوە ڕژێمێکی کۆماری ئیسلامی دامەزراندو کەسێتیەکی جیهانی بۆ خۆی سازکرد، هەرچەندە بووە مایەی ئەوەی دنیا بەگشتی لەمەوزعەی ئێران بترسنو بە دڵەڕاوکێوە بڕواننە ئایینەدەی سیاسی ناوچەکەو بە تایبەت زلهێزەکان لەم جۆرە دەسەڵاتانە زۆر ئەسڵەمینەوە چونکە بەرژەوەندییەکانیان ئەکەوێتە مەترسییەوە. بۆ لە قاڵبدانی ئەم ڕژێمە لە بۆسەیەکی ناوەختداو هەر بە کۆرپەیی عێراقیان کرد بە گژیداو شەڕێکی درێژخایەنیان تێپێچا، سەرەڕای ئەوەی تازەچوو بوونە سەر تەخت بەڵام بەرگەی ئەو شەڕەیان گرتو لە ڕێگەیوروژاندنی ئایینیو مەزهەبییەوە توانیان ئێرانو خۆشیان بپارێزنو بمێننەوە.

هەر بیست ڕۆژ دوای ئەمە ئێزراوترین زەلام لە دنیای عەرەبدا سەری نایەوە، کە میشێل عەفلەقە، زۆر بە بێدەنگی پێچیکردەوە، بایەخ بە مەراسیمی مردنەکەی نەدرا، ئەگەرچی عەفلەقوەکو ناسیونالیستییەکی کۆنەپەرستی عەرەب کە نابووتترین حیزبی پێکەوەنا چاکەی زۆری بەسەر عەرەبەوە هەیە، کە ئیدیعای یەك نەتەوەیی عەرەبی ئەکرد کە خاوەنی یەك پەیامی پیرۆز بێت، ئەگەرچی بەهۆی بەرپابوونی ناکۆکیو ململانێ لە زێدەکەی خۆیدا جێی نەبۆوەو بۆ عێراق ڕاونرا. ئیتر ئەستێرەی کەوتە کزی، گەرچی ئەو خەونی بەوەوە ئەدی هەموو عەرەب بخاتە ژێر دەوارە ڕەشەکەی خۆیەوە. کەچی بە هەناسە ساردی سەری نایەوە، بەڵام لە دوو توێی بیرە دزێوەکانیدا نەفرەتێکی بۆ عەرەب بەجێهێشت. نەوەکانی حیزبەکەی ئەوەندە دڕندە بوون بە چاوی ڕقەوە تەماشا ئەکران، هەر خۆیشی ئەو ژاراوەی ڕژاندبووە کونجی مێشكو بیری پەیرەوانیەوە، عەفلەقوەکو شۆڤێنیستێك ڕای بەرامبەر کورد خراپبوو، باوەڕی بە مافی نەتەوەکانی تر نەبوو لە چارەنوسی خۆیاندا.

کە بەراوورد لە نێوان ئەم دوو کەسەدا ئەکرێ بەووردی جیاوازییەکان دەرئەکەوێ، گەرچی خومەینیش نەیتوانی مەسەلەی کورد چارەسەر بکاتو

بگرە توندیش بوو، بەڵام بە لای زۆر لە بیریارانی جیهانییەوە ئەو مێژووی درووستکرد، گۆڕانێکی بەرپاکرد، هەزارو چوارسەد ساڵ شیعە لە ژێر چەپۆکی چەوسانەوەدابوو، هەر خەباتی ئەکرد بۆ ئەوەی ڕۆژێک بگاتە دەسەلات، ئەم توانی بۆ یەکەمجار دەوڵەتێکی شیعی درووست بکاو ئاڵەای ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی خستە بەرنامەیەوە کە هەموو دنیا لێی تۆقیبوون، بەڵام عەفلەق نەک هەر نەیتوانی دروشمە شۆڤێنییەکەی (نەتەوەیەکی یەکگرتووی عەرەبی) جێبەجێبکا، بەڵکو لە ئاستی یەکێتی حیزبی بەعسیشدا دەستەوەستان بوو، بووە دوو لەتەوەو تامردنیشی نەیتوانی دیتنی‌وولاتەکەی خۆی بکات.

لە ئاستی ناوخۆی یەکێتیشدا ڕۆژانی ٣ـ١٩٨٩/٦/٥ یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان کۆبوونەوەی فراوانی خۆیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی کاروباری ناوخۆیی‌و مەسەلەی ڕێکخستن‌و هەل‌ومەرجی کاری ڕێکخراوەیی، ئەوەی گرنگ بێت لەم کۆبوونەوەیەدا مەسەلەی یەکگرتنەوەی کۆمەڵەو شۆڕشگێران باسکرابوو، کە مقۆمقۆیەکی زۆری خستەوە لەناو کۆمەڵەداو دوو جۆرە هەڵوێست بەرجەستە بوون: پشتیوانیکەرو دژایەتیکەر ئەمەش شتێکی ئاساییە بۆ هەر دیاردەیەک کۆمەڵە خەڵکێک لە گەڵی ئەبن‌و کۆمەڵێکیش دژی ئەوەستن، هەرچەندە قۆناغەکە بە نیسبەت ئێمەوە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، لەووڵاتی خۆمان نەمابووین، تێشووی تازەمان بۆ خەباتی تازەتر هەڵگرتبوو، ئەبوایە هەنگاوی جیدیتر لە ڕووی کاری ڕێکخراوەیی‌و پێشمەرگایەتییەوە بنێین لە ناوخۆی خۆماندا، هەرچەندە ئێمە خوازیاری ئەوە بووین ئەمە لە ئاستی حیزب‌و ڕێکخراوەکانی دەرەوەی خۆماندا بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە لێکۆڵینەوەو بیروڕا دەربڕین هەبوو، تا بەیەک دەنگ کاربکرێ‌و یەکێتی ڕیزەکان مسۆگەر بکرێ.. لە ئاستی ناوخۆی کوردستانیشدا دوژمنی عەفلەقی هەر بە ئەنفالکردنی دێ‌و شارۆچکە ڕزگارکراوەکانەوە نەوەستا بەڵکو ئەیویست‌ووردوورد بە بەرداشی بیرو نەخشە دۆزەخییەکانی کورد بهاڕێ، ئەمجارەیان تۆڵەی خۆی لەو شارانەی ژێردەسەڵاتی خۆیشی بکاتەوە، دیارە بۆ هەر کارێکیش لەم بابەتە پەنای بردووتەوە بەر کۆمەڵێک برۆبیانووی ناماقوڵی لە بابەت درووستکردنی پشتوێنەی ئاسایش‌و پاراستنی سنوور. ئەوەبوو لە

مانگی ١٩٨٩/٣ دا ڕژێمی بەعس ئاگاداری دانیشتوانی شارۆچکەی قەڵادزێ ی کردەوە کە چۆڵی بکەن بە بیانووی ئەوەی کورد پشتیوانی ئێرانی کردووە، لە ڕاستیدا مەبەستی لە قەلاچۆکردنی گەلی کوردوویرانکردن کوردستان بوو. لەم ڕووەوە هەڤاڵ مام جەلال داوای لە کۆمەڵی نێودەوڵەتان کرد گوشار بخەنە سەر سەدام بۆواز هێنان لە چۆڵکردنو ڕاگواستنی قەڵادزێ، ئەم هەواڵە لە هەموو ئاژانسەکانی دەنگو باسی جیهانیدا بڵاوبووەوەو کاردانەوەی تایبەتی هەبوو، ئەورووپاشی هەژاند.

عێراق ئەم هەواڵانەی ڕەتکردەوە گوایە شتیوانییە. خەڵکی قەڵادزێو پشدەریش لەم بارەوە ناڕەزاییان دەربڕی.وەفدێکیان چووە بەغدا بۆ بینینی سەدام. دوای بینینی عیزەت دوری ڕاگواستنەکە ڕاگیرا، لە ئەنجامدا ئەندامێکیوەفدەکە کە مەلای دلگەیی بوو گیرا. ئینجا ڕژێم چەند ڕۆژنامە نووسێکی نارده ناوچەکە لە گەڵ جاسوسو خۆفرۆشەکاندا هەواڵەکەیان بە درۆ خستەوە بەڵام لە هەنگاوێکی نوێداو لە ڕۆژی ١٩٨٩/٦/٢٥ ڕژێم بێگوێدانە ئەو هەموو ناڕەزاییانەی ڕای گشتی جیهانی، قەڵادزێو دەوروبەری لە دانیشتوانەکەی چۆڵکرد کە مەزنە ئەکرا بە ١٠٠ هەزار کەس.

قەڵادزێ مێژوویەکی گەشی لە بەگژاچوونەوەی دوژمندا هەبوو، سیاسەتە چەپەڵەکانی بەعسی ڕەتنەکردەوە، ئەمە داخێکی زۆر نابوو بە دڵی بەعسدا، ئەمجارەشیان خەڵکی بە ئاسانی خۆیان نەدا بە دەستەوە، چەند جار خڕبوونەوەو ناڕەزاییان دەربڕی کە ڕژێمی ناچار کرد دیسان ڕاگواستنەکە دوابخات، دواتر پەنای بردە بەر شێوازە عەفلەقییەکانی خۆیو تیکە تیکە مەبەستەکانی ئەپێکا، هەر جارەی بە بیانوویەکەوە: جارێك هەڕەشەی بڕینی ئاوو کارەباو پێشتریش گواستنەوەی دامو دەزگا حکومییەکانو جارێك بە هاندانی بارکردنی جاشە چەکدارەکانی. ئیترووردەووردە کار ئاسانی گواستنەوەی خەڵکەکەی تر هاتە پێشەوەو زەمینەکەی بۆ تەخت بوو کە ئەم شارەشوەکو هەڵەبجە شەهید بکات.

مەسەلەی گواستنەوەی شارو دەرکردنی خەڵکەکەی بۆ شوێنی تر خۆی لەخۆیدا بەشێکی ئەو پیلانە شۆڤێنیستییەی بەعسە بۆ نەهێشتنی ئاسەواری

نەتەوایەتی کوردو کوژاندنەوەی پشکۆی گەشی سیمای شارستانیەتی لەوجودا.
ئەم سیاسەتە پۆلیسییەی بەعس نارەزاییەکی زۆری خستەوەو لە زۆربەی ئاژانسەکانی دەنگوباسدا ئاماژەی بۆ کرا. بەلام بەعس تۆزقالێ گوێی بۆ رای جیهانیو دەنگیویژدانیان رانەگرت. ئەوەی نیازی بوو بە هاسانی کردی، گرنگ نەبوو بەلایەوە پاشەڕۆژ چی لە هەمبانەکەیدایە بەرامبەری. قەت بیری لەوە نەئەکردەوە کە رۆژێك دێت گلۆڵەی ئەمیش بکەوێتە لێژی، هەموو حیزبێکی دیکتاتۆری کە گۆڕ بۆ نەیارەکانیان هەڵئەکەنن قەت بیر لەوە ناکەنەوە رۆژێك خۆیانوا بێسەروشوێن بکرێن هەر گۆڕیچەیەکیشیان چنگ نەکەوێ.
بەلام بەعس چەند دەستیوێرانە بکێشێ بە تەوێڵی کوردا ناتوانێ گیانی بەرگری لە جەستەی شۆڕشگێڕەکانی هەڵبڕووکێنێ. با دێهاتو شارەکانیش خاپور بکات، یا دانیشتوانەکەی ئەنفالو راپێچی ئۆردووگاکان بکات، بەلام رۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم گەلە هەمیشە رەگەکانی دڵیان بە بوونی کوردەوە گرێئەدەنو لە دوای هەر نوشوستییەك هەڵسانەوەیەك بەر پا ئەکەن. چەندەوولاتوێرانە بکرێت ئەوەندەش پێشمەرگە گیانفیداکان کوڵی ئاوەدانکردنەوە هەڵئەگرنو جارێکی تریش ئاوێزانی ئەبنەوە. ئێمە هەر لە کەلکەڵەی دابەزیندا بووین بۆ گۆڕینی ئەو هەڤاڵانەمان کە لە دوای ئەنفالەوە لە گەرمیاندا مابوونەوە چونکە نەئەکرا هەر ئەوان لە خوارەوە بنومشووریان نەخورێ بۆ گۆڕینو پشوودانو ئێمەش هەر لە ئێراندا بینو کاری پێشمەرگایەتیمانووردووردو لە بیر بچێتەوەو سارد بینەوە. بۆیە بە ئەرکی سەر شانی خۆمانمان ئەزانی ئێمەش دابەزینە خوارەوە..
بۆیە دوای پرسو راوێژ لەگەڵ هەڤاڵانی سەرکردایەتیو ئامادەکردنی پێشمەرگەکاندا خۆمان سازدا بۆ چوونە خوارەوە دوای ئەوەی هەماهەنگی تەواومان بۆ کرا بۆ دابەزین کە بە ئەرکێکی گەورەو پێویستییەکی گرنگی رۆژگاری خەباتی سەرشانی خۆمانمان ئەزانی بە تایبەتی لەم قۆناغەدا کە زۆر کەس باوەڕی بە خەبات کزو لاواز بوو بوو.. ئێمە هەم خۆمان تەییار ئەکردو هەم پێشمەرگەشمان بەو گیانە شۆڕشگێڕییە رائەهێنا بۆ لە ئەستۆ گرتنی ئەم ئەرکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتیو نیشتمانییەکانمان.

ڕۆژانـــەی پـارتیزانـــی

١٩٨٩/٦/٢٢

ئەمڕۆ لەگەڵ کاک کوردۆو ئەو مەفرەزەیەی ئامادە کرابوو بۆ دابەزینی گـەرمیان چـووینە مـەریوان‌و هەرچـی پێداویستی پـارتیزانی هـەبوو کـە لـە ئـەزموونی برادەرەکـانی ترمانـەوەوەرمانگرتبوو کڕیمـان تـاکو ئاتـاجی هـیچ شـتێک نـەبین لـە دابـەزینمان بـۆ ئـەو چـۆڵەوانی‌و دووره پەرێزییـەی تێـی نەکەوین.ئەو مەفرەزەیەش بریتی بوو لەم پێشمەرگانە:

کوردۆقاسم ، مەحمود سەنگاوی ، میقداد بـرای شـەهیدجەمال ، حەمـە ئێرانـی ،حەمـە پاریاوڵـە ،هـەژار، شـەهاب خانـەقینی ،ئازاد قەرەوڵسی ،ماجد فەیلی ، سوهاد داود ، حەمە ئاخە ، مامۆستا یاسین شێخ ئەحمەد ، شەماڵ شێخ لەنگـەری ، حەمـە چـاو جوان، د.هـاوڕێ ئەحمـەد ، حەسـەن شێخ لەنگـەری ، هەڵکەوت ئەحمەد غێدان ، ئیبراهیم دیسکۆ.

١٩٨٩/٦/٢٣

ئۆتۆمبیلێکمان گرت بۆ سەرووی دزڵـی‌و لەوێشەوە بـە لانـدکرۆزەرێکی لای برادەرانی خۆمان سەرکەوتین بەرەو چیای سوورێن بۆ بنکـەی ڕەنگین کـە پێشمەرگەی خۆمانی لێبوو.

1989/6/24

لە کانی ڕەنگینەوە بەرەو شارەزوور دابەزینو بە ناو کێڵگەی مینی چێنراوی سنووری ئێران - عێراق دا ڕێگامان کردەوەو بە پانتایی دەشتی شارەزووری بێدەنگو کپدا تێپەڕین، جاران بەناو خەڵکو ئاوەدانیدا ئەڕۆیشتین لامان ئەدایە ماڵەکانو پشوومان ئەدا، ئێستا بێ باوان، تەنانەت ناشتوانین لابدەین، قەرەیەك نییە ڕووی تێبکەین، جگە لە مین، بۆسەی جاشو سەربازو ڕەبایەی بێژمار لە هەموو ڕێگاوبانو سەرقوتەو بەرزییەکاندا بە لووتماندا ئەتەقینەوە. شارەزاکانمان برادەران: فازیل شێرەمەڕیو ڕەئوفی حاجی سابیرو حەمە سیاسیو کەمالە خڕەو خە لیل سەر کانی بوون کە هەموویان پێشمەرگەی چالاکی شارەزوورو شارەزای باشی ناوچەکە بوون. ئەمانە جگە لە حەمە سیاسی تا شارباژێڕ هاتن. هەرکە لە شاخی سوورێنەوە شۆڕبووینەوە هەستمان بە شادییەك کرد گەردی غوربەتی لێئەسڕینەوە، جۆرە پەیوەندییەکی گیانی نهێنی سەراپای هەستی داگیرئەکرد، لە هەمانکاتدا کسپەیەکی ناسۆری ناخی ئەکرۆژی، لە بەردەم تابلۆیەکی زیندووی وێرانەیی خاكو چۆڵوهۆڵیو نەبوونی خەڵکو تەنانەت زیندەوەرانیشدا خۆمان ئەبینییەوە ئەو دانە دانە باڵندانەش کە تەرە بوو بوون بێ جریوە بە سەرلقی دارو درەختەکانەوە کڕ هەڵتووتا بوون لە ناو تەمی تاریکی بێ ئارامیدا نوقم ئەبوون جار جاریش لە بەر چاومان دوور ئەکەوتنەوە. شارەزوور ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو هەتا چاو بڕی بکردایە هەر ڕەبایەو سەربازگەو دیاردەی چەکداری دزێوی دوژمنی لێبوو. شەو لای شێرەمەڕەوە دابەزینو چووینە لای کوڵکنییەکان بە ناو کێڵگەی میندا بە بێدەنگی دامان لە جادەی سەید سادق - هەڵەبجەو گەیشتینە کەلاوەکانی تەپەڕێزینە.

وەختێکمانزانی لە ١٠ مەتری نزیکی ڕەبایەکەی دوژمنداین، ئەمانزانی ڕەبایەی لێیە. لەو کاتەدا سەربازە پاسەوانەکە کە چەکێکی بیکەیسی پێبوو دایناو ڕۆیشت سەربازەکەی دوای خۆی بۆ پاسەوانی هەڵسێنێ، گەر بمانویستایە

چەکەکەمان ئەهێناو سەربازی داماو نەیئەزانی. بە ئاسپایی ڕەتبووین‌و لەوێوە چووینە دێی تەپەسەرقووڵە، لەو ناو زەل‌و زاڕو قەڕەمەداماینەوە، زۆر ماندوو بووین تا ئەو ڕادەیەی نانمان پێ نەئەخورا.

١٩٨٩/٦/٣٥

بەیانییەکەی لە تەپەسەرقووڵەوە ڕۆیشتین‌و لە ڕاستی دێی گامێش تەپە بەسەر جادەی گشتی دا کەوتینە پشتی شانەدەری، دڕك‌و داڵ زۆر بەرز بوو بووەوە بە شێوەیەك نەبوایە هەر جارەی یەکێك ڕچەی دڕکەکەی بشکاندایەو ڕێگای بکردایەتەوە زۆریش تینوومان بوو لەوە ئەترساین لە بێ ئاویدا بخنکێین، کە نزیك چەمی چەقان بووینەوە گوێمان لە خوڕەی ئاوەکەی بوو بە پەلە هوتەرەمان کردە سەری‌و بینجمان پێوەنا ئەوەندە ئاومان خواردەوە هەناسەمان کورت بوو خەریك بوو بمرین.

دوای پشوویەکی کورت لە چەمی پەریەرەوە بەرەو دۆڵی گەڵاڵ ڕۆیشتین بێئاگابووین لەوەی دوژمن بۆ کیومالی ناوچەکە دەرچووەو پێش ئێمە ڕۆیشتووە، کە ڕۆژ بووەوە گەیشتینە بەردەمی قەڵای سرۆچك لە نزیك دێی قەویلە، هیچ جێگەیەك نەبوو بۆی بچین لە پاڵ هەندێ گاشە بەرددا لە سەر چەقی ڕێگاکە خۆمان دا بەزەویداو خەومان لێکەوت،وەختێ خەبەرم بووەوە خۆر لێی دابووین، قاچ‌و قولان ئەوەندە دڕك‌وداڵی پیا چەقیبوو خوێناوی بووبوون، ئەوەندەش بە ناو سووتاویدا ڕۆیشتبووین ڕەش داگەڕابوین ڕەنگ لە ڕووماندا نەما بوو. برادەرانم لە خەو هەڵساند، زۆر تینوومان بوو تەماشایەکی ئەملاو لامان کرد تەڕاییەك نەبوو بچین بۆ ئاو، لە سەرووی خۆمانەوە لە سەر شاخەکە ئەشکەوتێك بەرامبەر قەڵاکە دیاربوو کۆتری تێئەچوو، هەستم کرد ئاوی هەبێ بە برادەرانم‌ووت: من ئەچم بۆ ئەو ئەشکەوتە ئێوە جیهازەکانتان بکەنەوە ئەگەر ئاوی هەبوو ئاگادارتان ئەکەمەوە سەرکەون ئەگەریش ئاوی نەبوو دێمەوە بۆ لاتان، کە چوومە ئەشکەوتەکە تەماشائەکەم حەوزێکی پڕ

ئاوی تیایە بۆیە ئەم كۆترانە لەوێ كۆ ئەبوونەوە، ئاهێكم پیاداهاتو جیهازم بۆ برادەران كرد كە ئەوانیش بێن بۆلای من. تائەوان هاتن من خۆم شووشتو هەندێ دارو چیلكەم بۆ چای لێنان پەیدا كرد، دوای پشوودان بە دۆڵی گەلاڵدا بەرەو بەرزنجە ڕۆیشتین. لە ڕێگا لە كانییەك ئاومان خواردەوەو مەتارەكانیشمان پڕ كرد. مام ڕەئوف پێی ووتین: گوێ مەدەنە بێ ئاوی دێی ئەشكەوتان ئاوێ باشی هەیە، كە چووینە ئەوێ بۆ ئەگبەتی ئاوەكەووشكی كردبوو، ئەشكەوتێكی فێنكی لێبوو چووینە ئەوێ هەندێ حەساینەوەو بەرەو دەشتی زەڵێی خوارووی ناحیەی بەرزنجە كەوتینە ڕێ. تینوومان بوو لە حەیبەتانا هەڵوژەی كاڵمان ئەخستە دەممان كە چی ئەوەندەی تر تینووی كردین‌و زمانمان‌ووشك بوو. چووینە دێی گێڵەرە بۆ ئاو خواردنەوە بارەگایەكی سەربازی تێدا بوو نەمانتوانی لەوێ ئاو بخۆینەوە یەكسەر بەرەو دێی گاژاو چووین، لەوێش چادر هەڵدرابوو لە ناوچادرەكاندا چرا ئەگڕیا لە تینوانا ئەوەندە شپرزە بووین‌ووتمان: ئەگەر بشكوژرێین ئەبێ ئاو پەیدا بكەین، برادەران: فازیل‌و حەمەسیاسیمان نارده سەر حەوزی دێكە، كە ئاویان هێنا من ئەوەندە ئاوم خواردەوە گەدەم هەڵشێواو ڕشامەوە هەر ئاوم ئەخاردەوەو هەڵم ئەهێنایەوەوای لێهات مەتارەكەشم هیچی تیا نەما، ئینجا بەرەو خواری دێكە ڕۆیشتین تەماتە چێنرا بوو تێگەیشتین ئەمەماڵی ئەو خەڵكانەیە بۆ كشتوكاڵ نێردراونەتەوە تاكو پێشمەرگەیان بینی خەبەری لێبدەن. لەو ناوەدا تا كاتژمێر ٥ ی ئێوارە ماینەوە. لەوێوە برادەران: فازیل شێرە مەڕی‌و مام ڕەئوف‌و كەماڵە خڕە بەرەو ئێران گەڕانەوە حەمە سیاسیش لەگەڵ ئێمەدا مایەوە. دوای ئەوە بەڕێكەوتین بۆ دێی پوشێن، كە چووینە سەر شاخەكە كاك حەمە پارێاوڵە پەكیكەوت‌و نەیتوانی بڕوات ناچار گەڕاینەوە نزیكی دارستانەكەی لای پووشێن‌و میقدادو سوهادو برایمم نارد بۆ ئاو لە ناو پووشێندا كەوێران كرابوو، هاتنەوەووتیان خەڵكی لێیە. ئیتر لەوێ خۆمان شاردەوە تاكو ئەمانبینن.

١٩٨٩/٦/٢٨

له پووشێن تا کاتژمێر ٥ ی ئێواره ماینەوه تینوێتی بڕستی لێبڕین به برادەرانم ووت:وا خەریکه له تینوانا ئەخنکێین ئەبێ بچین بزانین ئەو خەڵکانه کێن ئەگەر خراپەکار بوون ئەیانگرین. برادەران ڕۆیشتن‌و دوای ماوەیەك هاتنەوه،ووتیان ئەوانه ئەو خەڵکانه بوون بۆ کشتوکاڵ کردن دێنه ناوچەکه تا چووینه نزیکیان ئەوان بەرەو عەربەت ڕۆیشتبوونەوه.

ئیتر ئێمه چووینه سەر کانی‌و ئاوەکەو شوێنێکی خۆش‌و ئاوێکی ڕوونی هەبوو. دووساڵ بوو چایی عەلەممان نەدیبوو ئەو زەلامانه چایی زۆریان دانابوو، له سەر حیسابی ئەوان ناوی خوامان لێهێناو چایمان لێناو کاك حەمه پاریاوڵەشمان ڕووتکردەوەو خستمانه ناو حەوزەکەوەو ئاومان پیا ئەکرد تاکو گورج بێتەوه، که خوّی شۆرد هەستی به چاك بوونەوه ئەکرد.

دوای پشوودان بەرەو چیای پشتی ئەشکەوتە ڕەش ڕۆیشتین هێشتا دنیا تاریك نەبوو بوو، خۆمان حەشاردا تا دنیا تاریك دابێ‌و لەوێوه بۆ دۆڵی دووکانیان شۆڕ بینەوه که زۆر جار بەو دۆڵەدا به پیاده یان به تەراکتۆرو ئۆتۆمبیل ڕەتبووبووین له کاتی هاتووچۆکانماندا له گەرمیانەوه بۆ شارباژێڕو سەرکردایەتی.

که نزیکی ناو دۆڵەکه بوینەوه گوێم له دەنگه دەنگێ بوو ڕوانیم له بەردەممانا له سەر جادەکه ڕەبایەیەك هەیه، ٩ سەربازمان ژمارد، ناچار خۆمان ماتدا تاکو تاریکی به تەواوی داهات، ئەوسا له جادەکه پەڕینەوەو به شاخەکەدا ڕۆیشتین بۆ دیوی کەلاوەکانی دێی گۆزەڕەقه، لەوێشەوه له جادەی سلێمانی - عەربەت پەڕینەوەو چووینه دێی یەخی ماڵی لەوێ ئاوێکمان خواردەوەو دامان له ئاوی تانجەرۆو تێمانتەقاند بۆ بناری باخچه. چووینه بەرده هەرسەکانی ڕۆژئاوای دێکه ئەوەنده ماندوو بووین شلوکول بووبووین هەرکه گەیشتینه ئەوێ‌و پاڵماندایەوه یەکسەر خەومان لێکەوت که خەبەرم بووەوه تەماشام کرد لەولامانەوه گاگەلێك ئەلەوەڕێ‌و سەرشاخیش پڕیەتی له

سەربازو جاشوادیار بوو کیوماڵیان ئەکرد.برادەرانمووریا کردەوەو لەو شوێنەدا ماینەوە تا کاتژمێر ٦ی ئێوارە ئاومان پێ نەمابوو زۆریش تینوومان بوو هەستام بەدوای ئاودا بگەڕێم هەر لە ٥٠ مەتری دووری خۆمانەوە ئاوێکی پاكو خاوێن هەبوو تێر ئاوم خواردەوەو گەڕامەوە لای برادەران

ووتیان: ئاوت دۆزییەوە..؟ووتم : پەلە مەکەن با تۆزێ درەنگ بکات ئاومان لێوە نزیکە.

میقداد خۆی پێڕانەگیرا بە شوێن پێکەی مندا هەڵسا چووە سەر ئاوەکە بە دوایدا برایم ڕۆیشت ئینجا مامۆستا نەجم،وای لێهات جاشەکانی سەر شاخ هەستیان کرد خەڵکی لێیە. هەندێ هاواریان کرد بەڵام نەهاتنە خوارەوە.

هەر ئەو ئێوارە بەرەو دێی میریاسی قەرەداخ مەسافەماندا لە سەر شاخ ڕەبایەی زۆر دانرابوو لە سەر چەقی ڕێگاکە چادر هەڵدرابوو ناچار گەڕاینەوەو چووینە هەرەسەکەی پشتی شەممە، کاك حەمە سیاسیو سوهاد هەرچەندە زۆر ماندوو بوون ناردمان بۆ ئاو بەڵام زۆر مەردانەو بە هیمەت بوون.

لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی لە ئێرانەوە دەرچووبووین پەیوەندیمان لەگەڵ برادەراندا بچڕا بوو. جیهازێکمان پێبوو لەگەڵ جفرەدا، من ناوم حاجی بوو،ویستم جیهاز بکەم تاکو هاڵو هەواڵێك بزانم کە جیهازەکەم کردەوە کاك بەرزانی حەمەی مینا کە بە جیهازێکەوە لە سەر سوورێن بوو بۆ پەیوەندی کردن بانگی حاجی ئەکرد،وەڵامم دایەوە: فەرموو حاجیت لەگەڵە. بۆ ئەوەی یەکتری بناسینەوە نهێنیمان ئەوە بوو من بڵێم سەعیدم لەگەڵدایە. لە جفرەکەدا دێی شەممە ژمارە ٢٥ بوو، ژمارەکەم پێداو دڵنیا بوو لە گەیشتنو مانەوەمانو ئاگاداریشم کردەوە کەوەزعمان باشە.

١٩٨٩/٦/٣٠

ئێوارەیەکی درەنگی نزیك خۆرئاوا بوون بە ڕێکەوتین بۆ دێی نەوتی قەرەداخ، لە سەر شاخ سەربازێکمان بینی مەسینەیەکی پێبوو بۆ سەر ئاو ئەچوو ئەو ئێمەی نەبینی. ئێمەش هەقمان بە سەریەوە نەبوو.

ئای کە دیمەنێکی تەماوی بوو. قەرەداخ کە مەڵبەندی قەرەباڵخیو ئاوەدانی بوو خوا نەکاوورتەی تیا بێوەکو پیاوێکی کەشەنگی لێهاتبوو پاڵی دابێتەوەوووەنەوزی خەو بردبێتیەوە. زەردەی باڵا بەرز دیدە خەمناكو قەرەچۆڵ بڕاو بوو، ئەتووت هێشتاش فرمێسکەکانی بۆ سێوسێنانەکەی بە کیمیایی ژاراوی کراوی سەر لە ئێوارەیەکی ئارامی ئەو دۆڵەدا هەر لە چاوا قەتیس ماوە.

لەو ڕاستە چووینە خوارەوە. بینیمان هەر لە بازیانەوە تا دەربەندیخان ئاگر ئەگرێ ئەمە بەڵگەی کێومالکردنی دوژمن بوو کە هەندێ جار هێزەکانی دەرنەچوون ئاگریان بەرئەدایە ناوچەکە، ئەم ئاگر کردنەوەیە بۆ ئێمە زۆر باشبوو ئەمانزانی دوژمن لە کوێدایە.

ئێمە بە ناو ئاگرو سەربازدا ئەڕۆیشتین ئەمانویست بگەینە چیاکەی پشتی ئەستێڵی سەروو کە چی لە هەموو لایەکی چیاکەوە لایتی دەستی سەربازەکانمان ئەبینی، بۆیە گەڕاینەوە ئەستێڵی خواروو هیچ جێگایەك نەبوو بۆی بچین. دێی چەمی سمۆریش سەربازگەی لێبوو، چووینە زەلو ژاژەکەی سەرچاوەی ئاوی ئەستێڵی خواروو لە بەیانییەوە تا ئێوارە نە ڕێگەمان هەبوو هەڵبسین نە بواری ئاو خواردنەوەشمان هەبوو، نەشمهێشت برادەران جگەرە بکێشن، مەگەر هەر پێشمەرگەی پارتیزان بتوانێ ئەوەندە ئۆقرە بگرێو گوێڕایەڵی فەرمانەکان بێ، چونکە بچووکترین دەرچوون لە ڕێچکەی بڕیارەکان کێشە درووست ئەکاو لەوانەشە بە بێهوودە بە هۆی هەڵەیەکەوە گیانی هەموومان بکەوێتە مەترسییەوە.

کە درەنگ داهاتویستمان بچینە پشتی تەکیەو لەوێوە بۆ قۆپی سەگرمە بەڵام دەروازەی هەموو قۆپییەکان گیرا بوو، لە هەموو لایەکەوە

فیشەکی گرداز هەڵئەکرا. من زۆر ئینتکاریم کرد بچینە پشتی دێی تەکیە بەڵام کاک کوردۆو برادەران قایل نەبوون‌و چووینە پشتی دێی گۆشکی سەروو.

١٩٨٩/٧/١

کە ڕۆژ بووەوە تەماشامان کرد دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە بەرەو پشتی تەکیە سەرکەوت، ئەگەر برادەران بە قسەی منیان بکردایە هەمووومان لەو شوێنەدا تووش ئەبووین‌و ئەبووینە پارووەکی ئاسان بۆ ئاگری چەکەکانی دوژمن، ناچار ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارەو شەوەکەشی لەوێدا ماینەوە.

١٩٨٩/٧/٣

بۆ خۆرئاوا بەرەو دێی سێوسێنان ئەرۆیشتین کە چی سەربازی تێدا بوو، لەو دەمانەدا جیهازم کردبووەوە، کاک کەریم چاوڕەش هاتە سەرخەت‌و پەیوەندی پێوەکردین، هەواڵی بارودۆخەکەم لێپرسی‌ووتی: هیچ ڕێگایەك نەماوە تەنیا ڕێگای کانی مامشەی پشتی دێی بەڵخە، ئەتوانن بۆ ناو قۆپی زەردە سەرکەون.

ئیتر ئێمە لەوێوە چووینە دێی بەرزەوانی خوارووی سێوسێنان. لە کانییەکەی ئاومان خواردەوەو مەتارەکانمان پڕ کردو بەرەو عەلیاواو بەڵخە ڕۆیشتین، کەنزیکی سەرچاوەی کانییەکەی بەڵخە بووینەوە تووترکی زۆری هەبوو دەنگی هاژەی ئاوەکەش ئەهات، کاک حەمە پاریاوڵە چوو ئاوبێنێ ئەوەندەمانزانی خشەیەك هات تومەز کاک حەمە کەوتووەتە خوارەوە، هاواری کرد کە کەوتووەتە نا ئاوەکەو مەتارەکانی بۆ فڕێ بدەن تا پڕی بکات ئێمەش مەتارەکانمان دایەو بۆی پڕکردین‌و دواتر بە پشتوێن هەڵمانکێشایە سەرەوە. لەوێوە چووینە ناو قۆپیەکە کە دەیان جاریتر بەو ناوەدا ڕۆیشتبووین، بە تەما بووین لە ڕێگەی پیاوە ڕێوە بۆ زەردەلیکاو بچین. دنیاووردەووردە ڕووناك بووەوەو سەرشاخ دەرکەوت، سەربازەکانی دوژمن دیار بوون، ئیتر لە ڕۆژئاوای دەربەندەکە خۆمان حەشاردا.

١٩٨٩/٧/٣

کاك حەمە پاریاوڵەووتی: ساڵی ١٩٨٨ هەندێ شەکرو چاییم لەم ناوەدا قایم کردووە لە گەڵ حەمە ئێرانیدا ئەچین ئەیهێنین، پاش ماوەیەك حەمە ئێرانی هاتەوە لە گەڵ کاك حەمە بووبووە شەڕیانو بە جێهێشتبوو، دواتر کاك حەمە شەکرو چاییەکەی هێنا بەڵام هیچمان پێ نەبوو پێی لێ بنێین لە پووشێندا لە کتری جووتیارەکاندا چاییمان لێنا لێرەش ناچارگەڕاین شتێکمان دەستبکەوێ مەنجەڵە شکاوێکمان دۆزییەوە لەگەڵ کترییەکدا لایەکی ساغ بوو، لە مەنجەڵەکەدا چاییەکەمان کوڵانو ئەمانکردە کترییەکەوەو بە نۆرە ئەمان خواردەوە.

لەوە ئەچوو هێزەکەی دوژمن کێومالیان تەواو بووبێ چونکە لە چاوونبووبوون. دەمەو ئێوارەووردەووردە بەرەو زەردە هەڵکشاین. کە گەیشتینە سەر شاخ پشوویەکمان دا هەموو گەرمیانمان لێدەرکەوت لە ناو تەمی ئازارا ئەتلایەوەو تا بینە قاقایوونبوو بوو، تاسێکمان پێدا هات. لە کاتی ئەنفالەکەشدا لە سەر شاخەوە هەموو گەرمیانم دی گڕی تێبەربووبوو، دووکەڵو تەپوتۆزو شینوشەپۆڕ بوو،وا ئەمجارە بە چۆڵو هۆڵی ئەیبینمەوە قەرەی تیا نەماوە جگە لەو چەند پێشمەرگە عەودالە خۆشەویستانی خاکی کوردستان نەبێ. کسپەیەك لە قووڵایی ناخمەوە هاتو کوڵی فرمێسك بەربینی گرتم. پاڵم دا بە گاشە بەردێکەوە لە بارێکی دەروونی تایبەتیدا بووم بیرو ئەدێشەم بۆ دەیەها مەبەست باڵی گرتبووەوە، یادگاری زۆری ڕۆژانی زووترم ئەهاتەوە یاد، سۆزێکی پڕ خرۆش لە ناخمەوە هەڵئەقولا بۆ خۆشەویستی گەرمیان، حەزم ئەکرد لە سەر شاخەوە بفڕمو خۆم بکەمە یەکە بە یەکەی ماڵە ڕووخاوو خاپوورەکاندا، ئارەزووم ئەکرد باوەش بکەمە هەموو تلو بەردێکیداو خەمی دووریو ناسۆرییەکانی ئەنفال لە بیر خۆم ببەمەوە، کەچی هەتا چاو بڕبکات کەس دیار نەبوو. لە ئەندێشەمدا چووبوومە ناو ئەو

پانتاییه چۆڵەی گەرمیانەوەو هاوارم ئەکرد: هۆ... ۆو خەڵکینە ئەوە لە کوێن..؟ بۆ دیارنین..؟ تۆ بڵێی ڕاپێچی توونی مەرگ کرابن..؟ کەسێك نەبووەوەڵامم بداتەوە.!

چ کارەساتێك قەوماوە..؟ کە سەر لەم هەوارە خاڵییە ئەدەیت زیاتر هەست بە پابەند بوون بە خاكو نیشتیمانەوە ئەکەیت. نەك هەر من هەموو برادەران کەوتبوونە هەمان کەڵکەڵەوە هەر یەکە لە گەڵ ئەندێشەی خویدا گرمۆڵە بووبوو. لە دوای پشوودان شۆڕ بووینەوە لە کانییەکەی پشتی زەردەلیکاو چاومان بە کاك کەریم چاوڕەشو برادەرانی کەوت کە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ەوە نەمان بینیبوون. بە دیداریان شاد بووینو تاسەمان لەیەك شکاو شەویش لەوێ ماینەوە.

١٩٨٩/٧/٤

بەیانییەکەی چووینە شۆراوەکەی پشتی قەڵای تەپەگەڕوس تا ئێوارە لەوێ بوین، شەوەکەی چووینە چیای ئاژداخو کاك حەمە ڕەشو کاك حەمە ئاخەمان بینی لە جێگایەکدا بوون پێی ئەووترێت: بەردەکەی لالە شەریف.لەوێ ٢ ڕۆژ لایان ماینەوە ئینجا چووینە لای برادەران مەریوان حاجی حسینو مەلا سەعید لە سەرووی دێی مەلا هۆمەر، بۆ بەیانییەکەی چووینە قەڵۆمزێك لە نێوان مەلا هۆمەرو سپێسەردا کە جێگایەکی زۆر خۆشبوو ناو نرابوو بە مەسیفەکە، شەوەکەیشی بووینە میوانی کاك ئەحمەدی حاجی ڕەشید لە نیوان مەلا هۆمەرو تیلەکۆی زەنگنەدا.

١٩٨٩/٧/٨

چووینە کانی دڕکەی نێوان چیای مازوخو دێی قەواڵی کە زەوی ماڵی باوکی کاك ڕۆستەمەو لە دوای ئەنفالەکە برادەران مەڕێکیان تیا دۆزیبووەوە بۆیە ئەو شوێنەیان ناو نابوو مەڕەکە.

١٩٨٩/٧/١٠

لای برادەرانی کاك عوسمان بووین کە شوێنەکەیان ئەکەوێتە خۆرهەڵاتی دێی گۆبان عەرەبی سەرووی کفری. دنیا زۆر گەرمبوو بە ڕادەیەك بوو قەیسیمان ئەکردە ئاو ئەماندا بە لەپماندا تاکو ئاوی ترش بداتەوەو ئینجا ئەمانخواردەوە تا گرەو گەرما نەمانبات و نەخۆش نەکەوین. لە کوردەواریدا نیشانەکانی گرەبردن ئەمانە بوون: زەردهەڵگەڕان، گیان گەرمبوون، ڕشانەوە، زەحیری. لە کوردەواریشداوا باو بوو ئەو منداڵەی تووشی گرە ئەبوو ئەیانخستە توێی کونەوە، ئاوی قەیسی ناوکداریان ئەدایەو بەیانی زوو بە ئاوی سارد ئەیانشۆرد، بۆ زەلامی گەورەش ئەبوایە ئاوی قەیسی بخواردایەو بە ئاوی سارد مەلەی بکردایەو چەوری نەخواردایە.

١٩٨٩/٧/١١

لەگەڵ کاك حەمە ڕەش و کاك عوسماندا ڕۆیشتین بۆ بینینی هەڤاڵانی ڕێکخراوی سلێمانی کە سەرپەرشتی دابینکردنی پێویستییەکانی پارتیزانەکانیان ئەکرد.لە ٣ کم ڕۆژئاوای کفرییەوە چووینە دەواجنێك لەوێ پیاوێك هاتە پیرمانەوە ناوی عەزیز بوو، ئەو منی بەناو ئەناسی، پرسیاری کرد: گوندە چۆنە..؟ منیش ووتم: گوندە کێیە..؟ ووتی: کاك شەوکەت. تومەز ئەمە خەڵکی شارەزوورەو تێکەڵی لەگەڵ کاك شەوکەتدا هەیە. دوایی زانیم ئەمە کاك ئەحمەدی برای کاك جەلال کوڵکنییە. لەگەڵ کاك عەزیزدا دامانە قسەو باس و دەمەتەقێ لە سەر زۆر شت، چەند نامەیەکم نووسی بۆ لالە سەرحەدی ڕۆغزایی و کاك حەمەی حاجی مەحمودی هارونی و عوسمانی مام کەریمی پورزام، دامنە دەست کاك ئەحمەد بیگەیەنێتە شوێنی مەبەست..دوای تەواو کردنی کارەکانمان گەڕاینەوە حەشارگەکانی سێ قازانەی نزیك باوەشاسوار.

١٩٨٩/٧/١٣

ڕۆژی جەژنی قوربان بوو.. خەڵکی دنیای ئیسلام ئەکەونە جۆرە خۆشییەکەوە، گەر چی کورد ئیسلامەو جەژن‌وەکو ڕێوڕەسمێکی ئاینی ئەگێڕێ بەڵام ئێمە لە سای ئەو ڕێوڕەسمە ئیسلامییەدا بێ مافین بەڵکو لە ژێر پەردەی ئەودا لە ناو ئەبرێین. لەم ڕۆژو بۆنەیەدا هەستم ئەکرد ئێمە لە دنیایەکی تردایین، لە کوونە پەناگەیەکدا کات بەسەر ئەبەین، کەچی ئەو ڕژێمەی فەرمانڕەوایی عێراقی ئەکردو یاساو ڕێسای ئیسلامی پەیڕەو ئەکرد بە ڕەوای نەئەبینی ئێمەش‌وەکو گەلێکی موسوڵمان‌و ڕۆژ هەڵاتی مومارەسەی مافەکانمان بکەین. لەوانەشە کەسانێك هەبن بڵێن ئەم ڕژێمە دوورە لە ئیسلامەوەو بۆ مەرامەکانی بە کاری ئەهێنێ کەچی بەشێکی زۆری زانایان‌و پیاوانی ئاینی ئیسلام داکۆکی لێئەکەن، لە ژێر سایەیا کۆنگرەی ئیسلامی ئەبەستن، لە هەمانکاتدا کۆمەڵێکی تریان دژی ئەوەستن، نە ئەویان ئەتوانێ لە ڕێگەی پشتیوانی کردنییەوە بەرەو ئاقاری باشتری ببەن نە ئەمیان ئەتوانێ بیڕووخێنێ‌و لە ناوی ببات.

١٩٨٩/٧/١٤

ئەمڕۆ لە ڕێگەی ڕادیۆکانی جیهانەوە هەواڵی تیرۆرکردنی د.قاسملومان لە ڤێنای پایتەختی نەمسا لە لایەن دوژمنانی کوردو مرۆڤایەتییەوە بیست. کەسێك نییە بتوانێ لە ئاست ئەم تاوانەدا بێدەنگ بێ‌و هەستی دەرنەبڕێ چونکە شەهید کردنی قاسملو داخێکی گەورەیەو بەڵگەی ئەوەشە دوژمنانی کورد ئاشتییان ناوێ. کاتێ کورد ئەچێتە سەر مێزی گفتوگۆ لە جیاتی ئەوەی مافەکانی بسەلێنرێ گوللەی مەرگی پێوە ئەنرێ.

د.قاسملو کەسایەتییەکی گەورەی سیاسی‌و دبلۆماسی ئەم سەردەمەی کورد بوو، نەخشێکی باشی لە ناساندنی گەلی کورد بە جیهان‌و ئەوروپا هەبوو. سەیر لەوەدایە بکوژەکانی د.قاسملووەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون.

١٩٨٩/٧/١٥

هــەر لــە ســێ قازانــە بــووین، ئێوارەکــەی چــووینەوە هــەمان شــوێنی پێشــوومان لــە دەواجنەکــەی خــواری کفــری بــۆ چــاوپێکەوتنەوەی کــاک عــەزیز بۆوەرگرتنەوەیوەڵامی هەندێ راسپاردەی ئێمە، شەو درەنگانێك گەڕاینەوە سێ قازانە.

١٩٨٩/٧/١٧

لەگەڵ کـاك حەمەڕەشـدا کاتـژمێر ١٠ ی پـێش نیـوەڕۆ لـە سـێ قازانـەوە بـەرەو سـەرەوە بـەڕێ کـەوتین تووشـی کۆمـەڵێك منـاڵی کفـری بـووین ئـەوان ئێمـەیان نەئـەدی دیـارە بـە بۆنـەی ڕۆژی ١٧ ی تـەموزی جـەژنی بەعسـەوە هاتبوون بەو ناوەدا ئەگەڕان بە شوێن بەچکە کورکوڕدا، ئێمە ڕێـڕەوی خۆمـان گۆڕی تا نەمانبینن نەکو ئاگاداری دوژمـن بکەنـەوە لـە ماوەیـەکی کەمـدا هێـزی گەورەیان ئەهێنایە سەرمانو تـووش ئـەبووینو حەشـارگەکەشمان ئەدۆزرایـەوە چونکە ئێمە بۆ شوێنەونکێ ئەو پەنایەمان هەڵبژاردبوو لە نزیك باوەشاسـواری کفرییەوە کە دوژمن گومانی نەئەکرد لەوناوەدا هەڵبکەین. شـەوەکەی چووینە نزیکی دێی هەزار کانی شێخ کاکە حەمـە، بـۆ بەیانییەکـەی هەندێوێنـەمان لـە گەڵ کاك حەمە ڕەشدا گرت بـە یـادی کاکـە شـێخ حسینی هـەزارکانی کـە نـەك هـەر مـن بـەڵکو زۆربـەی برادەرانمـان یـادەوەری زۆریـان لـەم دێیـەدا هەیـەو دۆستایەتیمان لە گەڵ کاك شێخ حسیندا هەبوو، هەمیشە بە ڕووە گەشەکەیەوە پێشوازی ئەکردین. لە ئەنفالەکاندا هەڵوێستێکی مەردانـەی هـەبوو، هەنـدێ لـە جاشە خزمەکانی هەوڵیاندابوو دەربازی بکەن بەڵام قایـل نـەبوو بـوو بـە تـەنیا هــەر خــۆی دەربــازبێ. داوای کردبــوو لــە فەرمانــدە ســەربازییەکانی ڕژێــم خەڵکەکەش ئازاد بکرێن. ئەوان بەمە قەڵس بوو بوونو بـە یـەکجاری بردیـانو ئیتر نەهاتەوە.

لەوێشــەوە ڕۆیشــتین بــۆ شــەوەکەی گەیشــتینە لای زاوتو چــووینە پەناگاکەی هاوڕێ سەید محەممەد کە بە قەد چیای داری خلەوە بـوو، ڕووی لـە کەلار بوو، لەوێ هەندێ خواردنیان بۆ کردین پڕ لە گووە مشكو مێشوولە بـوو. تووشی حەساسیەتی کردمو خەریك بوو بمرم. شەو سەید هەر خەریکی جیهاز کـردن بـوو پـێم‌ووت: هـاوڕێ سـەید ئـەوە بـەم شـەوە درەنگـە جیهـاز بـۆ کـێ ئەکەیت..؟ووتی بۆ برادەرانی ڕێکخستنی نـاو شـار، هەنـدێ مەوعیـدم لەگـەڵیانا هەیەو خەبەری هاتنی ئێوەشیان ئەدەمێ کەچی جیهازەکـەی نـاو شـار نەهاتنـە سەر مەوعید.دوایی زانیم ئەو جیهازە لە ناو مونەزەمەی کەلاردا دانرابوو، ئـەو کابرایـەی جیهازەکـەی لابـوو پەیوەنـدی بـە یـەکێك لـە دەزگـا داپڵۆسـێنەرەکانی ڕژێمـەوە هـەبوو. لـە میانـەی قسـەکردنماندا هـاوڕێ سـەیدووتی: چـاویلکەکەم شـکاوەو بـە تـەمام سـەرێکی نـاو شـار بـدەم. پـێم‌ووت: بـۆ لەگـەڵ برادەرانـدا ناڕۆیتــەوە ئێــران هــەم پشــوویەك ئــەدەیتو هــەم چــاویلکە درووســت ئەکەیت،ووتی: هەرئەچم بۆ ناو شار.ووتم: بە شایەتی بـرادەران مـن پـێم بـاش نییـە بچیتو خۆشـت لـە هـەر گرفتێـك بەرپرسـیار ئـەبیت، ٢ ڕۆژ لای هـاوڕێ سەید محەممەد ماینـەوە پاشـان بـەرەو دێـی قولیجـان ڕۆیشتینو لەوێشـەوە بـۆ بنکەکەی خۆمــان لە ئاژداخ.

١٩٨٩

١٩٧٨/٧/٢٣

مـەفرەزەی دووەممـان کـە لـە ئێرانـەوە بـە ڕێکـەوتبوون بـۆ گـەرمیان گەیشتنە دێی زەردەلیکاو.

١٩٨٩/٧/٢٦

کۆپتــەرەکانی ڕژێــم بـــە ئاســـمانی ناوچـــە چـــۆڵەکانی ناوچـــەکەدا ئەسووڕانەوەو ڕۆژی دواتر هێزەکانی دوژمن کێوماڵیان دەستپێکرد.

١٩٨٩/٧/٢٨

کێوماڵ بەردەوام بوو.

١٩٨٩/٧/٣٠

دوژمن گەیشتە مەسۆیی سەرچەمو بناری پێنج ئەنگوستو هەر ئەمرۆش برادەران حەمە ڕەشو سەید جەوهەرو کەریم چاوڕەش بە هێزەکانیانەوە بۆ دیوی ئێران گەڕانەوە کە یەکەمجار بوو لە دوای ئەنفال سەرئەکەوتنە سەرەوە بۆ پشوودانو بینینی کەسوکارو ماڵو منداڵو دۆستو برادەران.

١٩٨٩/٧/٣١

کێوماڵ هەر بەردەوام بوو من هێشتا شارەزای ئەو دۆخە نەبوو بوومەوامئەزانی کێوماڵ ماوەیەکی کەمی پێئەچێو ئینجا دوژمن ئەگەڕێتەوە.وام بە چاکزانی بچینە قەڵبەزەکەی ڕەحیم لە خۆرئاوای کۆیك، گوایە ئەو شوێنە چۆڵەو دوژمن پێی ناگات بەڵام دوژمن کە دەرئەچوو هەموو شوێنەکانی بەهێزی پیادە ئەتەنیو لە ئاسمانیشەوە کۆپتەر ئەسووڕایەوە.

١٩٨٩/٨/٣

دواتر گواستمانەوە بۆ قەڵبەزە ڕووخاوەکەی نێوان مەلاهۆمەرو سپێسەرو فەقێ مستەفا، لە دوای ئەنفال دەڵە سەگێکی تیا تەرەکی بوو برادەران ناویان نابوو دەڵەکە.

١٩٨٩/٨/٤

چووینە مەسیفەکە بۆ لای مەلا سەعید لەوێشەوە ئاخەو هەندێ برادەر چوون بۆ خانووەکەی کاك کەریم چاوڕەش بۆ هێنانی هەندێ ئازووقە.

١٩٨٩/٨/٦

چەند ڕۆژێك بوو ڕۆنمان لێ بڕابوو ئاخەووتی: من لە ساڵی ١٩٨٨ لە دەوری مەسۆیی لە شوێنێكدا قووتوویەك ڕۆنم قایم كردووە سەرقاپی نەبووە ئەچم ئەیهێنم. چوو ڕۆنەكەی هێناو هاتەوە. ئەو قووتووە ڕۆنە دوو ساڵی بە سەرا تێپەڕیبوو پێزی نەمابوو لەبەر خۆر سپی هەڵگەڕابوو لە بەرنەبوونیو پێویستیش چێشتێكمان لێكرد بۆ ژەمی دووەم كە كەوچكمان لێدا جرجێك دەركەوت كە كەوتبووە بنیەوە، تووكی پێوەنەمابوو هەر گۆشتە سوورەكەی مابوو، برادەران ئێڵنجیان ئەداوەزعیان خراپ تێكچوو منیش دڵم دانەوەو پێموتن: ئێمە تازە ڕۆنەكەمان خواردووەو هەزممان كردووە ئیتر ئێڵنجی چیتانە..؟.

١٩٨٩/٨/٧

چووینە كانی دڕكەو لەوێوە چووینە سێ قازانەی لای كاك عوسمان بۆ ئازووقەو كەلوپەلی پێویست كە لە شارەوە بۆمان هاتبوو. دوای ٣ ڕۆژ گەڕاینەوە.

١٩٨٩/٨/١٠

گەیشتینەوە دەڵەكە دوژمن زۆر بە توندی كێوماڵی سنوری كۆیكی ئەكرد. هێزەكەی دوژمن زۆر بوو زۆر بەووردی ئەگەڕان تەنانەت سەگیشیان پێبوو، بە دەیان كۆپتەر ئەسووڕایەوە.

١٩٨٩/٨/١١

هێزەكەی دوژمن نزیك بووەوە لێمان لەوە ئەترساین بە هۆی سەگەكانەوە پەیمان پێ ببەن. بە تەما بووین شوێنەكەمان بە جێ بهێڵین. ڕۆژیش هێشتا زۆری مابوو. ناكاو كاتژمێر ٢ ی پاش نیوەڕۆ ئەو هێزەی دوژمن پاشەكشەی كردو ناوچەكەی بە جێهێشت، نەشمانزانی بۆچی گەڕانەوە.. دوای

ئەوان ئێمە چووینە خوارەوە بۆ كۆیك لەو شوێنانەی كە هێزەكانیان بۆ پشوودان مۆڵیاندابوو خواردنی قووتووكراوی زۆریان لە دوای خۆیان بە جێهێشتبوو هەموویمان كۆ كردەوە، تەنانەت شووتیشیان بە جێهێشتبوو برادەران لێیان خوارد من خۆم لێم نەخوارد نەكو ژاراوی كرابێ. نەمانئەزانی بۆ ئەو خواردنانەیان بە جێهێشتووە، لەوانەیە بۆ بارسووكی فڕەیان دابێ یان خەڵكێكیان هەبێ هەستیان كردبێ پارتیزان لە ناوچەكەدا هەبێ‌ووەكو مەسەلەیەكی‌ویژدانی ئەو خواردنانەیان دانابێ تاكو دەست ئەو پارتیزانانە بكەوێ.

١٩٨٩/٨/١٣

لە دەڵەكەوە گواستمانەوە بۆ هەزاراوا. ئەمە ئەشكەوتێكی سەختبوو كاك حەمە ڕەش دۆزیبوویەوە هەموو كەس نەیئەتوانی بچێتە ناویەوەو دوژمن پێی نەزانیبوو، لەبەرئەوی خەڵكێكی بێنەواو هەژاربووین لە رووی سامان‌و داراییەوەو بە بەراوورد لە گەڵ ژیانی هایلافی خەڵكی خواپێداوی ئەم دنیایەلەم هەلو ساتانەدا ئەم ئەشكەوتە ناونرابوو هەزاراوا.

١٩٨٩/٨/١٣

لە دوای ڕۆیشتنی كاك حەمەڕەش‌و برادەران بە جیهازە گەورەكە پەیوەندیمان بە مەكتەبی سیاسییەوە كرد.

١٩٨٩/٨/١٤

كاك عوسمان بە جیهازە بچووكەكان هەواڵی دەستگیركردنی هاوڕێ سەید محەممەدی پێداین كە لە كەلار ڕۆژی ١٩٨٩/٨/٢ بە پێی پیلانێكی داڕێژراو ئەنجامدرابوو.

١٩٨٩/٨/١٦

دوای دڵنیا بوون لە هەواڵەکەی هاوڕێ سەید محەممەد بە جیهازی گەورە ئاگاداری مەکتەبی سیاسیمان کردەوە.

١٩٨٩/٨/١٧

لەگەڵ برادەران میقدادو سوهاد دا بەرەو شاخەکەی پشتی قەڵای تەپەگەڕوس بەڕێکەوتین، ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە ناو کەلاوەکانی دێی قەڵاو شەو سەرکەوتین بۆ شۆڕاوەکە کە ئەکەوێتە قەد پاڵی شاخەکە.

١٩٨٩/٨/١٨

لەو شاخە بە شوێن ئەشکەوتێکدا ئەگەڕاین کە سەرەتای درووستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانی (ی.ن.ك) لە قەرەداغو گەرمیاندا کرابووە کتێبخانە، کتێبو بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی تیا دانرابوو. لە کاتی گەڕاندا کاتژمێر ١٢ ی نیوەڕۆ میقداد بانگی کرد: ئەوە زەلامێکی جل ڕەشە. ئیتر ئێمە کەوتینە چاودێریکردنی ئەو زەلامە بینیمان چووە سەر ئاوێكو گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی، بۆمان دەرکەوت جاش دەرچوونو خۆیان بۆ چاودێریکردنی ناوچەکەو دۆزینەوەی پێشمەرگە حەشارداوە.ئێمە گوێمان نەدایە ئەو جاشانەو بەردەوام بووین لە کارەکەی خۆماندا لە هەمانکاتیشدا هەر چاودێریمان ئەکردن. میقدادووتی: ئەمە شوێنێکی زۆر باشە. کە چووین تەماشامان کرد شوێنێکی سەختبوو لە هیچ لایەکیشەوە نە ئەبینرا مەگەر یەکێکی شارەزا بیزانیایە ئەمە ئەشکەوتە ئەوەندە فراوانبوو جێگەی ١٠٠ کەسی تیا ئەبووەوە کە تەماشایەکی خوارەوەمان کرد بینیمان جاشێکی تر کەوتە گەڕانو بەرەو لای خوارەوەی دێکە ڕۆیشت، کە شەو ئێمە لەوێوە سەرکەوتبووین دیار بوو ئەو جاشە شوێن پێی ئێمەی دۆزیبووەوە یەکسەر گەڕایەوە بۆلای جەماعەتەکەیو یەکێکی تری لە گەڵ خۆیدا هێنا کە جلی سەربازی لە بەردا بوو بۆ سەیری

شوێن پێکان. لەوە ئەچوو ئەوە ئیستخبارات بووبێ، بە شوێن پێکاندا ڕۆیشتن ماوەیەك لە دێکە دوور کەوتنەوە،واپێئەچوو شوێن پێکانیان لێوونبووبێ. لە بەرئەوی سەرووی دێکە بەردەڵانی بوو نەیانئەزانی بەرەو چی لایەك ڕۆیشتووین. دوای ئەوە ٢ سەربازی تریش هاتن بۆ لایان‌و پێکەوە چوونە پشتی دێکە کە پێی ئەوترێ سەربانی تەپەگەڕوس، لەوێ بە جیهاز پەیوەندییان ئەکردو ئاگرێکیشیان کردەوە پووش‌و پاوەنی ئەو ناوەیان سووتان، دوایی گەڕانەوە بۆ ناو دێی ڕووخاوەکەو دارێکی زۆریان کۆ کردەوەو ئاگریان پێوەنا تاوا لە پێشمەرگە بگەیەنن هەر ئەو شوێنە هێزی تیایە بەڵام ئەوان دیاربوو بەرنامەی بۆسە دانانیان هەبوو ئینجا هەموو کۆبوونەوە کە گەیشتنە ٢٥ کەس. تا ئەمەیان کرد دنیا بەرەو تاریکی ڕۆیشت، ئینجا چاومان پێوەبوو بەرەو دەربەندەکەی پشتی تەپەگەڕوس چوون، دیارە پێیان‌وابووە پێشمەرگە گەر هەبێ لەو دەربەندەوە هاتوو چۆ ئەکەن. ئێمەش لە خوار بۆسەکەی ئەوانەوە دابەزین‌وگەڕاینەوە بۆ لای برادەران لە ئاژداخ.

١٩٨٩/٨/٣١

٢ کۆپتەر هاتن بە نزمی ئەفڕین، یەکێکیان زۆر بچووك بوو لاشەکەی زۆربەی لە شووشە درووست کرابوو قەت لەو جۆرەمان نەبینیبوو.

١٩٨٩/٨/٣٥

کاك ئەحمەدی حاجی ڕەشید برووسکەیەکی بۆ کردین کە شاکری ئامۆزای گەیشتووەتە ناوچە چۆڵەکانی گەرمیان، دیارە لە لایەن ڕژێمەوە زۆری لێکرابوو بۆ سۆسەکردنی پارتیزانەکان، لە لایەن مەفرەزەکەی کاك عوسمانەوە گیراوەو داوای ئەکرد سزای گوللە بارانکردنی بە سەرا بدرێت. کەم کەس هەیە لە ڕوانگەی نیشتمانپەروەرییەوە بەو جۆرە بڕیار بداتو لە سۆزی خزمایەتی‌و کەسایەتی دوور بکەوێتەوە مەگەر کەسە شۆڕشگێڕەووشیارەکان. هەرچەندە کاك ئەحمەد خوێندەواری نەبوو بەڵام‌وەکو تێکۆشەرێکی قاڵبووی بواری

خەبات لە پلەیەکی باشی لە خۆبردوویی‌و تێگەیشتوو لە ئەرکەکانی سەرشانی دابوو ئەمەوای لێکردبوو لە بڕیارداندا جیاوازی نەکات کەسی خۆی بێ یان بێگانە. لەو ڕوانگەشەوە بوو کە دژی ئامۆزاکەی خۆی بوو تۆزقاڵێك بەزەیی پیایا نەهاتەوە.

١٩٨٩/٨/٢٦

بە جیهازە ڕاکاڵەکە خەریکی پەیوەندی کردن بووم لە گەڵ سەرکردایەتیدا لە ناکاو کۆپتەرێك زۆر بە نزمی بەسەر شوێنەکەمانا تێپەڕی. پێش ماوەیەکیش بوو ڕێکخراوی سلێمانی ئاگاداری کردبووینەوە کەوا دوژمن بە جیهازی ڕازێت ئەتوانێت شوێنی جیهازەکەمان ئیستیمکان بکات، ئەبێ زۆرووریای خۆمان بین‌و لە کاتی پەیوەندیکردندا کەم‌و کورت قسە بکرێ.

١٩٨٩/٨/٢٧

کاتژمێر ٥ر٩ ی سەر لە بەیانی ٤٠ جاشی خۆفرۆش هاتن بۆ دێی پێنج ئەنگوستی شێخ مستەفا، گوێدرێژیان پێبوو یەکێك لە جاشەکان گوێدرێژەکەی بردە پەنایەکی کەلاوە ڕووخاوەکانی دێکە کە مەرقەدی شێخ مستەفای لێیە، خەریکی ئەوووڵاخە بەستە زمانە بوو، زۆر جار خەڵکی لادێ‌و تەنانەت شاریش ئەم نەخۆشییەیان هەیە کە نەتوانن لەگەڵ ڕەگەزەکەی خۆیاندا ئارەزووەکانیان جێبەجێ بکەن پەنا ئەبەنە بەر ئاژەڵە جۆراوجۆرەکان کە کەر لە هەموویان ئاسانتر دێتە دەستەوە. لەوانەیە بە لای خەڵکی سادەوە ئەمە کارێکی ئاسایی بێ ئەگەر لە دەشتێکی چۆڵو هۆڵدا ئەنجامبدرێ بەڵام لە پەنا مەرقەدی پیاوچاکاندا ئەوە کارێکی ناپەسەندەو تۆڵەشی لە دوا ئەبێ کە چی ئەو جاشە ناپەسەندە بێشەرم کردن‌و بێگوێدانە هەموو دابو نەریت‌و شەریعەت لەو ئاژەڵە داماوە حەزە پیسەکەی خۆی تێر نەکرد.

١٩٨٩/٨/٢٩

جارێکی تر هەڤاڵ مام جەلال کادیرەکانی یەکێتی کۆکردەوەو مەسەلەی بەردانی مەلا بەختیاری خستبووەوە بەردەمیان: ئەمجارەیان لێدوانێکی کەم کرابوو لەسەر ئەم خاڵانە:

١. گرتنی‌و بڕیاری کوشتنەکەی مردنێکی سیاسی بوو پێویست بە کوشتنی جەسەدی ناکات.

٢.مەلا لەمەولا خیانەت ناکات‌و تەسلیمی عێراقیش نابێتەوە، مەترسی لەسەر ڕێکخستنی خەڵکیش نییە.

٣.هیچمان لەسەر ناڵێ کەووتیش گرنگ نییەو ڕەت نەدرێتەوە.

ئیتر دوای ماوەیەك ئازاد کراو پەروەندەی مەسەلەکەی داخراو گەیشتەوە ناو برادەرەکانی لە ڕاژان. ئەگەر چی ئاستەکان لە دوای ئازادکردنی مەلاوە دوو لایەنی لێپەیدا بوو لایەکیان دژی بوون‌و لایەکی تریش پشتیوانیان لێئەکرد.

١٩٨٩/٨/٣٠

دیسانەوە کۆپتەرێك لە کاتی پەیوەندی کردندا بە سەر شوێنی جیهازەکەماندا زۆر بە نزمی ڕەتبوو ناچار بووین پەیوەندییەکەمان ببچڕین.

١٩٨٩/٩/١

ڕادیۆی ئیسرائیل لە هەواڵێکدا باسی پیاوێکی ئێرانی کرد بە ناوی زەینەڵی خەڵکی شاری ئەراك لە تەمەنی ١٢٣ ساڵیدا ئەیویست ژن بهێنێ کوڕە گەورەکەی تەمەنی ٨٥ ساڵ بوو، ٦٥ نەوەی لە کوڕو کچو کوڕەزاو کچەزا هەبوو.

١٩٨٩/٩/٢

هەواڵی تەقینەوەی کارگەی تەسنیع عەسکەریمان دایە مەکتەبی سیاسی کە لەلایەن ڕێکخستنەوە هەواڵەکەیان دابووە کاك عوسمانو ئەویش بە جیهازی بچووك ئاگاداری کردینەوە، ئەم هەواڵە لە بەغداوە زۆر بە پەلە گەیەنرایە ڕێکخستن تاکو ئاگاداری سەرەوە بکرێتەوە.

١٩٨٩/٩/٣

لە قەد شاخی ئاژداخ دانیشتبووم بە دووربین تەماشای ناوچەکەم ئەکرد یەك بە یەك چاوم ئەخستە سەر دێهاتە کاولکراوەکانو کەوتمە ناو گێژاوی ئەندێشەیەکی قووڵ، گەڕامەوە بۆ زەمەنێکی کۆنتر کە دێهاتەکان هەموو پڕ ئاوەدانی بوو، خەڵکی جمەی ئەهات کە چی لە پڕێکا قەلەڕەشکەی بەعسیان قیڕاندیو هەموو شوێنێ بوو بەوێرانە خەڵکەکەش کەس نەیزانی چیان لێهات..؟!

کەچی ئێمە لەم کونە ئەشکەوتو بن قەڵیەزو گاشە بەردانەدا هەمیشە ئازاریوونبوونی ئەوان ئەچێژین، لەو چۆڵەوانیەدا ئەمانەوێ بەشێکی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆمان گرتووەو بەڵێنمان بە خەڵکی داوە تا دوا هەناسە خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان بکەین.

١٩٨٩/٩/٦

کاتژمێر ٨ ی بەیانی بوو ئاخە چوو بوو سەری گوێدرێژەکە بدات کە لە دوور قایمی کردبوو نەکو کۆپتەر یان جاشو سەربازی دوژمن بیدۆزنەوە کە گەڕایەوەووتی: گوێدرێژەکە خەریکە ئەزێت، منیش ئازاد قەرەوڵسیم بانگ کردو پێمووت: بچۆ ئەگەر گوێدرێژەکە زابوو جاشەکەی بکوژە.

وەنەبێت بەزەییمان بەو ئاژەڵە بەسەزمانەدا نەهاتبێتەوە بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە ئەو جاشە کەرە کێشەی بۆ درووست ئەکردین‌و بۆمان دابین نەئەکرا لە شاردنەوەدا کە ئەبووە مایەی ئاشکراکردنمان بۆ دوژمن. بۆیە ناچاربووین لە ناوی بدەین هەرچەندە کارێکی ناخۆشیش بوو پڕ بە دڵ ئازارم پێگەیشت. ئەوەتا ئێمە بەزەییمان بەم ئاژەڵەدا دێتەوە گەر بە ناچاری‌و لەبەر هۆکارێکی ڕەواش لە ناوی بدەین بەڵام بەعس بە سەدان هەزار مرۆڤ ئەکوژێ‌و بە زەماوەندی ئەزانێ‌و دڵی تۆزقاڵێك گەردی خەم نایگرێ.!

ئازاد چووبوو لە بەرچاوی کەرەکە فیشەکێکی نابووە جاشەکەوەو تۆپیبوو کە ئەمە کارێکی خراپبوو لە نەزانینەوە ئەنجامیدابوو ئەبوایە دووری بخستایەتەوە. دواتر ئاخە سەرێکی لە کەرەکە دابوو تەماشائەکات کەرەکە لووتی نابووە سەر لاشەی جاشکەکەی‌و گیانی دەرچووبوو. تەماشاکەن ئەو کەرە بێزمانە چەندە بە بەزەیی بووە بۆ بەچکەکەی کەچی جاشەکانی کورد خۆیان ئەبنە کەواسووری بەر لەشکری سوپای داگیرکەر خەڵکی خۆیان لە دێهاتەکانی باوباپیریان تەنانەت ڕووخاندنی ماڵەکانی خۆشیان‌و دەسگیرکردنی کەسەکانی خۆشیان کە تا ئێستاش چارەنووسیان دیار نییە بێئەوەی بە قەد ئەو کەرە بەزەییان هەبێ.

١٩٨٩/٩/١٣

بە سەردانێك کەوتینە ڕێ بۆ لای کاك کوردۆ.

١٩٨٩/٩/١٣

بەدەم ڕێگاوە بووم بۆ لای پەناگاکانی کاك کوردۆو برادەراتی تر ئەم برووسکەیەی هەڤاڵ مام جەلالم بە جیهازە بچوکەکان‌وەرگرت:

لە / مام جەلال

بۆ/ مەحمود سەنگاوی

(هەندێ میوان دێنە لاتان، ئەوانە میوانی منن، هەرچی لە تواناتانا هەیە، بۆیان بکەن).

میوانەکان لە جەماعەتی لەشکری بەدر بوون، بە کارو باری تایبەتی خۆیان ئەچوونەوە ناوەڕاستو خوارووی عێراق.

کاتژمێر ١٢ ی شەو گەیشتینە لای کاک کوردۆ لە سەلاجەکە کە شوێنێکی نادیارو فێنکو خۆش بوو لە نزیك دێی پاریاوڵە، میوانەکانیش کە لە لایەن برادەران سەلامی کوێخا عەزیزو مەحمودی مامە عەزەوە لە سنوری بەمۆوە گەیەنرانە پەناگاکانی سەرووی باونور کە کاك کوردۆو برادەرانی تری لێبوون.. ئەمانە ژمارەیان ٥ کەس بوون.

هەر چەندە لەو کاتەدا ئێمە خۆمانوەزعمان باش نەبوو دوژمن، گوشاری زۆری لە سەرمان بوو تەنانەت خەڵکی ناوشاریش هەمان گوشاریان لە سەر بوو نەخوازەڵا کۆمەڵێك میوانیش بنێردرێن بۆ ڕەوانە کردنیان بەرەو خوار بێئەوەی تووشی شتێك ببن چونکە بە ئەمانەت نێردراوەن ئەبێ لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە تەگبیریان بۆ بکرێ.

١٩٨٩/٩/١٤

دەمەو بەیان کاك حەمە پاریاوڵە گوێدرێژەکانی برد بۆ شوێنێکی دوورتر قایمیان بکات. پێش خۆر کەوتن خەبەرم بووەوە، کاك حەمە پاریاوڵە هاتەوە هەندێ شڵەژانی پێوەدیار بوو کە پێشتر ئەوەم لێنەبینی بوو.

پێیووتم: هەستە خۆت بپێچەرەوە

ووتم: بۆ.. چی قەوماوە..؟

ووتی: دەورمان بە دوژمن گیراوە.

بێئاگابووین لەوەی کە شەو هێزێکی گەورەی دوژمن بە چەندین زرێپۆشەوە هاتبوونە ناوچەکە بۆ کێومالْ کردنو گەڕان بەدوای پێشمەرگەدا. تاکو خۆمان پێچایەوە دەنگی کۆپتەریش پەیدا بوو، سەربازەکانیش لە بەرزاییەکانی دەروبەرمان دەرکەوتن. سروشتی ناوچەکەوابوو کە هەموو گردو بەرزاییەکانی زیخو بەردەلانی بوو کەس ناتوانێ لەو بەرزاییانەوە دابەزێتە ناو دۆڵەکان بۆیە هەر بەسەرەوەدا ئەڕۆیشتن بە جۆرێك کە لە ١٠٠ مەتری ئێمەوە دوور بوون. خۆمانمان ئامادە کردبوو بۆ هەموو ئەگەرێك، میلی تفەنگەکانمان هێنابووەوەو نارنجۆکمان لە بەردەستماندا دانابوو هەرکە بێنە سەرمان هەموو شتێك یەکلایی ببێتەوە. میوانەکانیش بێ هیمەت نەبوون، چەکیان پێبوووەکو ئێمە خۆیان سازدابوو. کۆپتەرەکان ئەوەندە نزم ئەفڕین بەردوزیخی قەد پاڵەکان بە سەرمانا بەر ئەبووەوە.

کەریمی برای شەهید حەسەن ئای ئای هەر ئەیویست دەرچێتە دەرەوەو سەیری سەربازەکان بکات، لێی تووڕە بوومو پێمووت: لە شوێنی خۆت دانیشەو مەجوڵێ با ئاشکرا نەبین. تاکو کاتژمێر ١٢ ی نیوەڕۆ کێومالْ بەردەوام بوو، زۆر جێگە گەڕان خۆشبەختانە نەهاتنە ناو دۆڵەکەی ئێمەوە. دوای ئەوە ئیتر هێزەکەی دوژمن کشایەوە. ئاسوودەییمان بۆ هات، زۆرتر پەرۆشی ئەوە بووین میوانەکانمان شتێکیان لێنەیەتو گلەییمان لێبکرێ کە کەمتەرخەمییەکمان دەربارەیان کردبێ. لە ڕاستیدا ئەمە ئەرکێکی قورسبوو چونکە ئەوان لە شوێنەکانی ترەوە نەیانئەتوانی بەو ئاسانییە دابەزنو بە سەلامەتی بڕۆن، ئەم ئەرکە کەوتە ئەستۆی ئێمە بۆ جێبەجێکردن.

کاتژمێر ٤ ی ئێوارە لەگەڵ کاك کوردۆو میوانەکاندا بەرەو پەناگاکانی سنوری کفری بەڕێکەوتین، شەوەکەی گەیشتینە لای هۆمەر ملو لەوێ ماینەوە.

١٩٨٩/٩/١٥

ئەمڕۆ لە ناو باخەکانی هۆمەرملدا بووین هەرچەندە جێگەیەکی پڕ مەترسییەو لە ٢ کم دووری ئەم شوێنەوە لە دەشتی سوور خەلیل دا فیرقەی ٥٥ ی زرێپۆشی سوپای عێراق هەڵیاندابوو. ئێمەش ناچاربووین لەو ناوەدا بمێنینەوە، کە ڕۆژ ئاوا بوو بەرەو پەناگای سێ قازانە ڕۆیشتینو شەو گەیشتینە ئەوێ.

١٩٨٩/٩/١٧

کاك عوسمان خوا حافیزی لێکردینو لەگەڵ هەندێ لە برادەراندا بەرەو ئێران کەوتنەڕێ کە لە ساڵی ١٩٨٨ مابوونەوەو نەگۆڕابوون.

ئێمەش ئێوارەکەی چووینە شوێنی تایبەتیو چاومان بە برادەرانی ناوشار کەوت بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی برووسکەکەی هەڤاڵ مام جەلال لەسەر میوانەکان. دوای گفتوگۆکردن بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی کارەکان گەڕاینەوە بۆ پەناگاکەمانو مەوعیدی ڕۆژی ئاییندەمان دانایەوە.

١٩٨٩/٩/١٨

جارێکی تر چووینەوە سەر مەوعیدەکەمان بۆ بینینی برادەرانی ڕێکخستن، دیسانەوە قسەمان لەسەر دانانی ڕێو شوێنی گواستنەوەی میوانەکان کردو بڕیاردرا بۆ سبەینێ برادەران بێن بۆوەرگرتنی میوانەکان.

١٩٨٩/٩/١٩

چووینەوە شوێنی مەوعیدەکەمانو برادەرانی میوانیشمان لە گەلا بوو. برادەرانی ڕێکخستنی ناو شاریش هاتن کە یەکێکیان کاك حەمە نوری ئەحمەد بەسی بوو ئەوی تریشیان کاك سدیقی حاجی سەعیدی ناسراو بە هاوڕێ سوپا بوو، کە لە لایەن ڕێکخراوی سلێمانیو کاك جەباری حاجی ڕەشیدەوە کە بەناوی نهێنی حەسەن حسین نووسراوو نامەی بۆ ئەنووسین نێردرابوون.

لەوێ برادەران میوانەکانیان لێوەرگرتین و ئێمەش گەڕاینەوە شوێنەکەی خۆمان.

١٩٨٩/٩/٣٠

لە پەناگەی سێ قازانەوە بەرەو شوێنەکەی خۆمان لە ئاژداخ بەڕێکەوتین. هەر ئەمڕۆ ئێوارەکەی هەواڵمان پێگەیشت کە هەڤاڵ مام جەلال گەیشتبووە مەڵبەندی یەك لە دزڵیو کۆبوونەوەیەکی فراوانی بە پێشمەرگەکان کردبوو لە سەر بارودۆخی کوردو کوردستان و بارودۆخی عێراق و رژێمەکەی، شەوو رۆژێك لەو سنوورە مابووەوە پاشان گەڕابووەوە، پاش ماوەیەك سەردانی تاران ئەکات و لەوێشەوە گەشتێکی بۆ دەرەوە دەستپێکرد کەدیار بوو بۆ بەشداری کردنی کۆنفرانسی پاریس بوو کە رۆژی ١٩٨٩/١٠/١٤ لە پاریس بۆ ماوەی دوو رۆژ لەژێر ناونیشانی مافی کوردو ناسنامە فەرهەنگییەکەی بەسترابوو کە سەد کەسی جیهانی لە سیاسیو دیبلۆماسیو سەرۆکی رێکخراوە مرۆییو داکۆکیکەرەکانی مافی مرۆڤو چەند پەرلەمانتاریست و دۆستەکانی گەلی کوردو نوێنەرانی حیزب و رێکخراوە کوردستانیەکان بەشداریان کرد.

بیری بەستنی ئەم کۆنفرانسە لە لایەن رێکخراوی فرانس لیبرتی بە هاوکاری ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس کە خاتوو دانیال میتران خێزانی سەرۆکی فەرەنسیو سەرۆکی رێکخراوی ناوبراو سەرپەرشتی کردبوو.

ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێ لەم کۆنفرانسەدا:

- زانای سۆڤیەتی گەورە زاخاروف نامەیەکی بۆ کۆنفرانسەکە نووسیبوو لە بری ئەو خێزانەکەی خوێندبوویەوەو دەنگێکی باشی هەبوو
- خاتوو هیلنیا قاسملو بەشداری کردبوو.
- شەش ئەندامی پەرلەمان لە حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی گەلی تورکیا بەشداریان کردبوو کە ئەم جۆرە چالاکییە لە لایەن حکومەتی

تورکییەوە قەدەغەیە. بۆیە چارەنووسی ئەو ئەندام پەرلەمانانە دەرکردن بوو لە حیزبو پەرلەمان چونکە داکۆکیان لە کورد کردبوو

.وەفدێکی عێراقیویستی بچێتە ناو کۆنگرەکەوە کە لە هەندێ چڵکاو خۆری کوردی بەعسی پێکهاتبوون بەمەبەستی بەرگری کردن لە عێراق بەڵام بە هۆی نارەزایی توندی هەڤاڵ مام جەلالوەفدەکەی بەعس ناچار کشایەوەو نەیتوانی بگاتە مەبەستەکانی.

- خەڵکانێکی زۆر لە پەیامنێرو رۆژنامەنووسو نوێنەری ئاژانسو رۆژنامەکانی جیهانی تیا کۆبووەوە، رۆژانە دەنگو باسەکانیان بڵاو ئەکردەوە.

ئەم کۆنفرانسە بایەخێکی گەورەی هەبوو کە بۆ یەکەمجارە لە رێگایەکی نێو دەوڵەتی یەوە کۆنفرانسێکیوا بۆ مەسەلەی کورد ببەسترێ، کوردەکان خۆیان تێدا ئامادەبن، داکۆکی لەسەر ماف بوونی خۆیان بکەن. ئەمەش لە کاتێکدایە پرۆسترۆیکا زەمینەی پەیوەندییە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی هەموو دنیای لەرزاندبوو.

کۆنفرانسی پاریس هاوارێك بوو لەویژدانی مرۆڤایەتییەوە بۆ ئەوەی چیتر چاوبەستەکی لە مەسەلەی کورد نەکرێو پیلانی دژ نەچینرێو یاری بە چارەنووسیەوە نەکرێ لە رێگای جینۆسایدەوە.

لە هەمووی گرنگ تر دوومەسەلەیە :

١. خڕبوونەوەی حیزبو رێکخراوە کوردستانیەکان لە دەوری ئەم کۆنفرانسەو یەك دەنگی لەسەر مەسەلەی کارکردن بۆ گەلەکەمان.

٢. سۆزو هەستی دۆستپەروەرانەی خەڵکی هوشیارو پیاوە سیاسیو دیبلۆماسیەکانی دنیایە ئەوانەی بەرگری ماف مرۆڤو نەتەوە ژێر دەستەکان ئەکەن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی بەرجەستەیە بۆ پاشەرۆژێکی روونتر.

١٩٨٩/٩/٢٨

دوو جاش هاتنه بناری ئاژداخ له نزیکی ئەشکەوتی کونه مارەگیرە، جل‌و بەرگەکانیان ڕەشبوو.وولاخێکیان پێبوو لەو ناوەدا ئەسووڕانەوە برادەران زۆر هەوڵیاندا بچن بیانگرن، ڕێگەم پێنەدان چونکە ئەبووە مایەی ئاشکرا بوون‌و شوێن گۆڕینیشمان.

١٩٨٩/٩/٢٩

٤ ئۆتۆمبیلی پڕ له هێزی دوژمن کە ٢ لاندکرۆزەرو ٢ گازی ٦٦ بوون هاتنە دێی تەپە عارەب بۆ کێومالْکردن.

١٩٨٩/٩/٣٠

ئازووقەمان کەمبووبووەوە ئاخەووتی: من ئەچم بۆ قولیجان هەندێ ئازووقەم لەوێ شاردووەتەوە ئەیهێنمەوە تا من ئەچم‌و دێمەوە ئێوەش لە سەر چەمی ئاوەسپی ڕاوەماسییەك بكەن. منیش ڕازیبووم، ئەوو د.هاوڕێ لێیاندا ڕۆیشتن‌و ئێمەش چووینە سەر چەمی ئاوە سپی لە نزیك كۆیك، ٣ گوللە هاوەنی ٨٢ ملم‌و ١ مینی شەخسیمان برد لە نێوان دێیەكانی مەسۆیی‌و فەقێ مستەفادا دایبنێین بۆ ئەوەی بە ئۆتۆمبیلی دوژمندا لە كاتی دەرچوونیایا بتەقێتەوە. شەو لە چەمەكەدا خەوتین بەرەبەیان چووینە ناو زەل‌و قامیشەلانێك لە ناوەڕاستی چەمەكەداوەكو دوورگەوابوو خۆمان شاردەوە تا كاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ. كاك میقدادیشمان لە قەد شاخی ئاژداخ بە جیهازێكەوە دانابوو لە هەر ڕووداوێكی كوتوپڕ ئاگادارمان بكاتەوە. من لە ناو زەل‌و قامیشەكە دەرچووم تا كو هەندێ گەنم پەیا بكەم بیبەستمە پارچە تی ئێن تییەكەوەوەكو چەشە بۆ ماسییەكان، هەندێ گەنمم پەیدا كردو تی ئێن تی‌و تەرەقەكەم بەستەوایەرێكەوەو خستمە ناو دەلْقێك‌و فڕەمدایە ناو گۆمەكەوە

خۆم چوومەوە بۆ لای برادەران. کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ دەنگوباسم لە میقداد پرسی ووتی: ئارامە.

ئیتر تی ئێن تییەکەم تەقاندەوەو هەندێ ماسی باشی کوشت و کۆمانکردەوەو بەرەو کۆیك گەڕاینەوە بەرازێکمان تووشبوو ئەویشمان کوشت. هەم ماسییەکان و هەم بەرازەکەشمان پاککرد، تا ئێمە ئەمەمان کرد برادەران لە قولیجان بە ئازووقەوە هاتنەوە، بە ئازووقەو گۆشت ماسی و گۆشت بەرازەوە بەرەو پەناگەی فاسۆلیاکە گەڕاینەوە.

٣ مانگ ئەبوو گۆشتمان نەخواردبوو ئەو گۆشت بەرازە بە لامانەوە زۆر بەتام و بە لەزەت بوو ئێسقانەکەشمان کردە ناو شلەی فاسۆلیاوە کە پەیدامان کردبوو، برسیمان بوو، حەزمان لە گۆشت بوو،وەکو ئەڵێن برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە ناچاربووین بیخۆین هەرچەندە ئەشمانزانی لە ڕووی شەرعەوە ئەم گۆشتە حەرامە بەڵام نازانم ئایا لە ڕۆژی تەنگاتەشدا هەر حەرامە..؟ ئەمەیان مەگەر مەلاکان وەڵامی بدەنەوە.

١٩٨٩/١٠/٣

٢ کۆپتەر هاتنە سەر دێهاتەکانی کۆیك و فەقێ مستەفا لەو شوێنانەی ئێمە ڕۆژی پێشوو ڕاوەماسی و ڕاوە بەرازەکەمان تیاکردبوو.

١٩٨٩/١٠/٦

٢ ئۆتۆمبیلی لاندکرۆزەری پڕ لە جاش هاتنە دێی سەرقەڵای پەنا سەنگاو.

١٩٨٩/١٠/٧

٣ ئۆتۆمبیلی جاش هاتنە دێی هەسەن کەنۆش و هەندێ جاشی تر گەیشتنە دێی درۆزنەو شەو لەوێ مانەوە.

١٩٨٩/١٠/٨

جاشەکان لە مەسۆیی بچووك بوونو چوونە چەمی مامرانو هەندێ جاشی تر ئاگریان بەردایە ئاشەکەی شێخ عەلی شێخ عیسا.

١٩٨٩/١٠/٩

هێزێکی زۆری سەربازو جاش هاتنە دێهاتەکانی خانی ڕۆستەم ئاغاو قولیجانو فەقێ مستەفاو لەوێشەوە بەرەو باوەکر ڕۆیشتن.

١٩٨٩/١٠/١٠

هێزێکی دوژمن هاتە نێوان فەقێ مستەفاو مەسۆیی سەرچەمو چوونە کۆیکیش، کۆپتەرێکیش لە قولیجان نیشتەوە.

١٩٨٩/١٠/١١

هێزێکی دوژمن چووە بەکرە گەڕەو هەروەها نێوان خانوکانی عوبێدو زۆر بەووردی ناوچەکەیان ئەپشکنی.

١٩٨٩/١٠/١٣

هێزەکەی دوژمن دوای تەواو کردنی کێوماڵ گەڕانەوەو ناوچەکەیان بە جێهێشت.

١٩٨٩/١٠/١٥

٢ ئۆتۆمبیلی جاش هاتنە دێهاتەکانی هێلانە قەلو هەسەن کەنۆشەکانو دووبڕاوو جامرێزو درۆزنە، دوای گەڕانو پشکنین گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان.

١٩٨٩/١٠/١٧

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی شەهید بوونی مام ڕەئوفی حاجی سابیری برای کاکە حەمەی حاجی سابیرمان بیست کە فەرماندەیەکی قارەمانی تیپی ١٥ی هەورامان بوو، لە هاتنە خوارەوەماندا بۆ گەرمیان لە مانگی ١٩٨٩/٦ دا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاو فرە ماندوو بوو.

١٩٨٩/١٠/٢٠

هێزێکی دوژمن هاتە نێوان دێهاتەکانی مەسۆیی بەرگەچو درۆژنەو چادریان هەڵداو لەوێشەوە دەستیان کردە کێومالکردن‌و ڕۆژی دواتر گەڕایەوە.

١٩٨٩/١٠/٢٤

هەندێ جاش هاتنە بانی دێی قادرئاواو سوارو تانجیشیان لەگەڵ بوو کە پێئەچوو بۆ ڕاوەکەروێشك هاتبن.

١٩٨٩/١٠/٢٧

دابەزینە خوارەوەو چووینە قەڵبەزە قووڵەکەی چەمی شۆڕاوی دێی کۆیك. کاتژمێر ١١ی نیوەڕۆ چووینە سەر ئاوەسپی بۆ ڕاوەبەراز.

١٩٨٩/١٠/٢٨

کاتژمێر ٥ ی ئێوارە چوومە ناو کەلاوەوێرانکراوەکانی دێکەی خۆمان ئەو شوێنەی کە زێدی منالیمە، لە پەنا کەلاوەیەکدا پاڵمدایەوەو تاس بردمیەوە. کەوتمە ناودەریای بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی ڕابووردوو،وەکو فلیمێکم بۆ لێبدەن هەموو ساتەکانی ئەم تەمەنەم بە بەرچاوا تێپەڕی.. خزمەکانم، هاوڕێکانم‌و هەموو خەڵکی دێکەم بینییەوەو پەلاماریانم ئەداو دەستم ئەکردە ملیان،وەکو بڵێی ڕۆژانێکی جەژن بێ‌و گەردن ئازادی بکەین. ئای ئەوکاتانە چەند خۆشبوو کە منالّ بووم لە هەڵبەزو دابەز نەئەکەوتم، ئاودێ چەندە قەرەباڵغ‌و جەنجاڵ بوو، دنیایەك پڕ لە کارو جموجووڵ سەرەڕای

کوێرەوەرییەکانی ژیان بەڵام مرۆڤەکانی خۆڕاگرو بەختەوەر بوون چونکە ئەیانویست بژینو لە خۆشی ژیان بگەن.. کە راچڵەکیم. هەر تەنیا خۆم بووم زۆر دڵتەنگو مەلول کەسم لە دەور نەبوو. گریانێکی بە کوڵ سەری تێکردم کە هەژانێك بوو بۆ ئەو خەڵکەوونبووو ئەووێرانەخاکە. بە دڵێکی پڕ لە خەمینەوە شەوەکەی گەڕاینەوە پەناگاکەمان.

١٩٨٩/١٠/٣١

هەندێ جاش بۆ شڕە خۆری هاتنە ئەشکەوتەکەی پشتی مرادەلی کە لەسەر شاخی ئاژداخەوە دابەزیبوون.

١٩٨٩/١١/١

برێك جاش هاتنە دێیەکانی مەسۆیی‌و درۆزنە، بۆ ئێوارەکەی ئێمەش بنەو بارگەمان بۆ هەژاراوا پێچایەوە.

١٩٨٩/١١/٣

لە رادیۆوە بڵاوکرایەوە کە ئەمرۆ لە سلێمانی بە بۆنەی هاتنی جەللادەکەی بەغدا شایی ئەکرێ. دڵنیام کەس نییە پێی خۆشبێ بە ئارەزوو لە پێشوازیکردن‌و هەڵپەڕین بۆ ئەم جانەوەرە بەشداری بکات جگە لە چڵکاو خۆرەکانی خۆی کە ژمارەیەکی کەمن. خەڵکی بۆ ئەم بۆنانە بە زۆر ڕاپێچی هەراو بەزم ئەکرێن. بووەتە داب لە چوونی جەنابی جەللاد دا بۆ هەرشوێنێك پێشوەخت ئامادەکاری بۆ ئەکرێ. ئەو جۆرە چوونانەی سەدام بۆ شارو شارۆچکەکان جگە لە گاڵتەجاڕی چیتر نییە. ئەو دەست ناخاتە سەر ئازاری ناخی خەڵکی‌و لە گرفتەکانیان ناپرسێتەوە، لە دەردو خەمەکانیان کەم ناکاتەوە، بەڵکو لە سەر شەپۆلی مەینەتییەکانیان زەماوەندی خۆی ئەگێڕێ. هەموو دیکتاتۆرەکانی دنیا لەوەدا یەك ئەگرنەوە کە زووخاو بکەنە گەرووی گەلەکانیانا، ساناترین شت کە بتوانن دابینی بکەن بۆ خەڵکی ئازادییە کە چی

هــەرگیز بــیری لێناکەنــەوە. گەروانییــە ئــەی بــۆ ئێمــە لەمویرانـــەو ئەشکەوتانەداوەکو مرۆڤی سەرەتایی ئـەژین‌و لـە هـەموو مـافێکی سادەی ژیـان بێبەشین..؟!

١٩٨٩/١١/٥

دوژمـن هاتـەوە ناوچـەکە بـۆ کێومـالکردن لای دێـی مامرانـەوە ئاگریـان بەردایـە کـەلاوەکان، پاشـان ٤ ئۆتۆمبیـل هاتنـە مەسـۆیی سەرچـەم‌و تەپەسـێ‌و کارێزەو شەو چوونە پێنج ئەنگوست. ئێمە لـە پشتیانەوە بـووین زۆر نزیکیـان بووین. جاشەکان عەرەبێکیان لـە گـەڵا بـوو بـە عـەرەبی پرسیاری لـە جاشـەکە ئەکرد: ئێرە کوێیە..؟

جاشەکەش عەرەبی نەئەزانی ئەیووت: ئەمـە قەریـەی حـاجی ئەحمـەد. ئەم هێزە کاتژمێر پێنجی بەرە بەیان بۆ سەنگاو گەڕانەوە.

١٩٨٩/١١/٨

دنیـا هـەور بـوو، پرووشـە بـارانیش بـوو. ئەمـە بـۆن‌و بەرامـەی زەوی خۆشتر کرد.

١٩٨٩/١١/١٣

لە ڕێگەی ئێزگەکانی جیهانەوە هەواڵی دەرکردنی یەك ملیۆن کرێکاری میسریم لە عێراقدا بیست‌و هەرچی سامانێکیان هەبووە لە بانکەکانی عێراقدا دەستی بەسەرا گیراوە، ئەم هەنگاوەی حکومەتی بەعس گێژاوێکی لە پەیوەنـدی نێوان عێـراق ـ میسـردا بـەر پـاکرد. کـە کـاتی خـۆی عێـراق بـە ڕەسمـی ئـەم کرێکارانەی هێنابوو بۆ مەبەستی تایبەتی کە بکرێنـە بەعسـی‌و بـۆ پاشـەڕۆژ لـەووڵاتی خۆیانـدا دەسـت بـەکار بـن‌و لـە هـەمان کاتیشـدا کرێکاری‌ووڵاتەکـەی خۆی بە تایبەتی کورد بێکار ئەهێشتەوە.

١٩٨٩/١١/١٤

ڕۆژێکی ساف‌و بێگەرد بوو بچووکترین پەڵە هەور بە ئاسمانەوە نەبوو، لە سەر ئاژداخەوە بورجی تەلەفزیۆنی کەرکوکمان بە دی ئەکرد، بە دووربینیش مەرقەدەکەی باوەشاسواری کفریمان ئەبینی.

١٩٨٩/١١/١٧

شەو چووین بۆ پەناگای دەڵەکە، لە ڕێگادا بارانێکی زۆر باری‌و بە تەواوی تەڕ بووین.

١٩٨٩/١١/١٩

٢ سەرباز دەرکەوتن ئەچوونە ناو دێی پێنج ئەنگوستەوە، خۆمان ئامادە کرد بچین بیانکوژین، تەماشامان کرد لە سەرووی دێکەوە ٤ سەربازی ترەوەکو بۆسە لە پشت سەری ئەوانەوەن، ئەمە پەشیمانی کردینەوە بچینە سەریان.

١٩٨٩/١١/٢١

ئۆتۆمبیلێکی سەربازی جۆری گازی ٦٦ کە ١١ سەربازی تیا بوو هاتنە ناو دێی پێنج ئەنگوستەوە، سەربازەکان هەموو داری مەرقەدەکەیان خستە ناو ئۆتۆمبیلەکەیان‌و بردیان. بیرم بۆ ئەوە ئەچوو جاران ئەیانووت: پیرانی تەریقەت تۆڵە لەو کەسانە ئەکاتەوە زاتبکەن دەستکاری شتومەکی مەرقەد بکەن، خەڵکە هەژارو نەخوێنەوارەکەوا چووبووە مێشکیانەوە کە دەستیان لێئەوەشێنن یان کوێریان ئەکەن.

ئەمەش بەڕای من دوو لایەنی هەبووە: یەکێکیان شێخ‌و پیاوەکانی تەریقەت‌وایان لە خەڵکی کردووە هەمیشە بە پیرۆزیان بزانن‌و لای موریدەکان‌و خەڵکیش سامێکیان هەبێ، ئەوی تریشیان خەڵکی هۆشمەند ئەم بەزمەیان درووست کردووە کە خەڵکی دەستکاری ئەو دارو دەوەنانە نەکەن بە ناوی

ئـەوەی شەخسـن، بـۆ ئـەوەی پارێزگـاری لـەو سـامانە دارسـتانییە بکـرێ بـۆ ئابوری‌وولاتەکەمان‌و بۆ جوانی سرشتیش سوود مەندە.

١٩٨٩/١١/٢٤

کـە زانیمـان دنیـا ئارامـەو هـیچ لـە گۆڕێـدا نییـە ئێوارەکـەی دابەزینـە خوارەوە بۆ هەردەی نێوان زستانەو کۆیك‌و فەقێ مستەفاو مەلا هۆمەر بۆ ڕاوە سوێسـك، هـەم کاتەکـە ئـەکوژین‌و هـەم بـۆ گۆشـتیش، مـەخابن هیچمـان دەستنەکەوت.

هەر ئەمڕۆ کاك عوسمان هاتە سەر خەت‌و ئاگاداری کردینـەوە پـەناگای هەژاراوا چۆڵ بکەین چونکە کاتی خۆی کـاك حەمـە ڕەش مەوعیدی لـەوێ بـۆ خزمێکی خۆی دانابوو، ئێستا خزمەکەی ئەزانێ کاك حەمە ڕەش لـەوێ نـەماوە لەوانەیە ئاگاداری دوژمن بکاتـەوە. ئێمـەش بـۆ ئـەوەی تـووش نـەبین مشووری ئەوەمان خوارد جێگاکەمان چۆڵبکەین.

١٩٨٩/١١/٢٧

ئـەو ئاگادارییـەی کـاك عوسمـان سـەرقاڵی کـردم، کـاتی خـۆی هەنـدێ خواردنەوەی بۆ بەجێهێشتبووم، دانیشتم بە بێ مەزە هەمووییم خواردەوە تاکو هەندێ مێشکم ساف بێت. هەندێ جار پەنا بردنە بەر خواردنەوە کارێکی باشە بۆ ڕەواندنەوەی تەم‌و ناخۆشی‌و دوور خستنەوەی مرۆڤ لە دڵەڕاوکەو بێزاری.

١٩٨٩/١١/٢٨

کاتی خۆی لە پشتی دێی تەپەکەڕوس شوێنێکمان دەستنیشانکردبوو بۆ کـاتی لێقـەومان ناومـان نـابوو ئاغڵەکـەی دکتـۆر. لـە سـەر ئـەو قسـەیەی کـاك

عوسمان هەموو برادەرانم ڕەوانەی ئەوێ کردوەکو ئامادەکارییەك بۆ هەر ئەگەرێك.

١٩٨٩/١١/٢٩

خۆمو ئاخەو برایمی خزمم لە هەژاراوا ماینەوە، بەووردی چاودێری دەوروبەری خۆمانو ناوچەکەشمان ئەکرد تاکو ئێوارە ئێمەش ئەوێ بە جێبهێڵین، لە ناکاو ئاخە پێیووتم:وەرە سەیرێکی ئەملا بکە. کە دیقەتم دا لە ڕۆژاوای چیاکەوە هێزێکی پیادەی دوژمن زۆر بە نهێنی بەرەو هەژاراوا دێن. ئێمە کۆمەڵێ شتمان پێبووەکو جیهازی ڕاکاڵ بە مجەفیرەو تەجهیز قودرەوە خستمانە ناو کۆڵە پشتەکانمانەوە بە هێواشی لە ئەشکەوتەکە دابەزین، تا ڕۆژ ئاوا بوو هێزەکانی دوژمن لەوێ نزیك بوونەوە. کە دنیا تاریك داهات ئێمەش بەرەو ئاغڵەکەی دکتۆر ڕۆیشتین، لەو کاتەدا بە جیهاز لە گەڵ کاك سوهادو برادەراندا پەیوەندیمان کرد ئەوانیش ئاگایان لێبوو کە لایتێکی زۆر لە سەر شاخەوە دیارە. ئەو شەوە بە ڕێگاوە بووین کە گەیشتینە نێوان دەرەواری خوارووو تەپەگەڕوس بارانێکی بەخوڕ دایکردو دنیا زۆر تاریكو نووتەك بوو، ڕێگەمانوێلکرد، کۆڵەکانیشمان گرانبوو، ناچار لە قەڵبەزێك لامان دا بەڵام لافاو دایبەسەرمانا بە پەلە خۆمان دەربازکرد تاکو ئاو نەمانبات.

١٩٨٩/١١/٣٠

بۆ بەیانییەکەی گەیشتینە ئاغڵەکەی دکتۆر، بەڵام نە نان نە ئازووقە نەمابوو، ئیتر ساوەرە لە بەرهێزی دوژمن خۆت قوتار بکەو باران‌و سەرما لێتبداو مەترسی لافاوبردنت لە بەردەما بێ‌وخواردنیشت نەبێ.!

چونکو ئەرکێکی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی بوو بە گیانێکی ئاسایی وەرمانئەگرت‌و لە برسێتیدا ئۆقرەمان ئەگرت. بگرە زۆر جار بە ناچاری سکمان هەڵئەگوشی‌و بە خەیاڵ خۆمان تێرئەکرد لە هەمان کاتیشدا مشورمان ئەخوارد بۆ پەیداکردنی خۆراکی پێویست.

١٩٨٩/١٢/١

دنیا زۆر سارد بوو. ئەڵێی کرێوە بۆ ئێمە هەڵیکردووە زۆریشمان برسی بوو هیچیش نەبوو بیخۆین. بە جیهازی بچووك پەیوەندیم بە کاك کوردۆوە کرد کەوەزعمان خراپەو هیچمان نییە ئەگەر بکرێ فریامان بکەون. بەو پەلە پەلەش نەمانئەتوانی بگەینە لای کاك کوردۆ چوونکە ٤ کاتژمێر لێمانەوە دوور بوو. کاك کوردۆ هیمەتی کردوووتی: بە سەر چاو بە کاك حەمە پاریاوڵە ئازووقە *بۆتان ئەینەرم.*

١٩٨٩/١٢/٣

برادەران: حەمە پاریاوڵەو هەڵکەوت ئازووقەیان پێگەیاندین شەو تا بەیانی باران لێی دابوون، بەڵام ئەم دوو کەڵە پیاوە گوێیان نەدابوویە.

لای ئێمە کاك حەمە ناونرا بوو پیاوی پۆڵایین، هەڵکەوتیش ماندوویی نەناس. هەر ئەمڕۆ کە بارانەکە نیشتەوەو کێوماڵ نەما برادەران بۆ ئازووقە چوون بۆ ئەشکەوتی فاسۆلیاکە.

١٩٨٩/١٢/٦

بە جیهازی ڕاکاڵ لەگەڵ م.عەلیو کاك عادل قسەم کرد لە هەواڵو باسی ئەو ناوەووەزعی پێشمەرگە پرسیاری دوورودرێژم کردو لە بارەی هەلو مەرجی پارتیزانیو کێوماڵی دوژمنووەزعی ئێرە باسم بۆ کردن.

١٩٨٩/١٢/٧

دنیا یەکجار ساردو تۆف بوو نەك هەر ئێمە سەرمامان نەبوو کە هیچ هۆکارێکی خۆگەرم کردنەوەمان نەبوو بەڵکو هێزەکانی دوژمنیش کە لای جامرێزەوە بوون لە بەر سەرما ئاگریان کردبووەوەو لە دەوری کروشکەیان کردبوو گوایە ئەوان سوپای خاوەن دەسەڵاتو دەوڵەتن.

١٩٨٩/١٢/٨

ئێوارەکەی تەقینەوەیەك لە نێوان دەرەواری سەرووو کەوەڵەدا ڕوویدا نەمانزانی چیبوو.وا پێئەچێ لە کاتی ئەنفالەکەدا لەشکری بەدر کە بارەگاکەیان لە دەربەند دەرەوار بوو مینی زۆریان چاندبێو ئێستا لێی تەقیبێتەوە بە سەربازو جاشدا.

لەو سەردەمەی کە لە ئاغڵەکەدا بووین میقداد تەڵەیەکی ڕێوی دۆزیبووەوە، هەموو ڕۆژێ ئەینایەوە بۆ ئەوی نێچیرێکی پێوە بێت کە چی هیچی نەئەگرت. بەیانیان کە ئەچوو بۆ لای تەڵەکەو بەدەستی بەتاڵ ئەگەڕایەوە ئاخە قاقایەکی پڕ بەگەرووی لێئەداو ئەیووت: ها مام مەجید هیچت نەگرتووە..؟

مام مەجیدخازە خەڵکی تیلەکۆی قەڵەندەر بوو حەزی لە ڕاو بوو ڕۆژانە بە تانجییەکانیەوە بۆ ڕاوەڕێوی ئەچوو لە بەدبەختی ئەودا کەمجار نێچیری گیر ئەکەوت.

١٩٨٩/١٢/٩

میقدادوەکو هەموو ڕۆژەکانی تر چووەوە بۆ سەر تەڵەکەی خۆشبەختانە ئەمجارەیان دەڵەکێکی گرتبوو. هەر لەو دەشتە سەری بریبوو خستبوویە پشتییەوە کە گەیشتەوە لامان ئاخە قاقاکەی لێداوووتی: ها مام مەجید هەم هیچت نەکرد..؟ میقدادیش بێ سێو دوو دەڵەکەکەی تێگرتو دای بە ناو قەدیا ئاخە ئیتر لە قاقاکەی کەوتو جێگەکەشمان ناو نا دەڵەکەکەی میقداد.

هەر ئەمڕۆش برادەران چوونە ماڵەکانی حەمەی هەواس لە قۆپی بۆ ئەوەی هەریەکە کۆڵێك بەڕوو بهێنن لە جیاتی نان بیخۆین. چوونکە نازووقەمان کەم بووبووەوە، کە گەڕانەوە هەم بەڕوویان هێناو هەم برنجیش کە کاتی خۆی هی خەڵکی بووە لەو ناوەدا شاردوویانەتەوە، کەچی ڕسقێکمان لێپەیدا بوو بوو بەڕووەکەی لێئەدزین تا فریا کەوتین زیانی زۆری لێدابن. چونکە پەیوەندیمان بە ڕێکخراوی سلێمانییەوە بە هۆی دابڕانی کاك ئەحمەد کوڵکنییەوەوەزعمان یەکجار خراپبوو،وامان بە چاکزانی خۆمان لە سەر هەندێ

خواردنی بەروبوومی دارو دەوەنیوەکو بەڕووو گوێزو ئەو شتانە ڕابهێنین تا دەروویەکمان لێنەکرێتەوە.

لەم جۆرە بارانەدا جاریواهەیە بیری دۆزەخی بە مێشکمانا دێ کە زۆر ناهەموارە، چونکەوەزعمان ناسکە هەموو شتێك ڕێی تێنەچێ ڕوو بدات. ئەو کاتە بیرمان لەوە ئەکردەوە ئەگەر ئێران ـ عێراق بە تەواوی ڕێکبکەون بەعس زیاتر ئەپەرژێتە سەر جێبەجێکردنی نەخشەیوێرانکردنی کوردستانو دوور خستنەوەی خەلکەکەی،وەکو زۆر جار بەعس بانگەشەی بۆ ئەکرد، لەو بارەدا ئیتر ئێمە هیچمان پێنەکات ئەبێ بەرنامەمان بۆ خۆڕاهێنان لە سەر ئەو جۆرە ئەگەرانە هەبێ. لە گەڵ ئەوەشدا هێشتا نەگەیشتبووینە ڕادەی نائومێدی، چەندە هەلومەرجەکە سەختبووبێ لە سەرمان ئەوەندە گەشبین بووین، مرۆڤی شۆڕشگێڕ نابێ نائومێد بێ گەروابێ مەرجێکی شۆڕشگێڕی لە دەست ئەدات.

1989/12/12

باران ئەباری بە جیهازی ڕاکاڵ لە گەڵ کاك عوسمانوکاك عادل قسەم کرد.

1989/12/13

باران بە توندی ڕەهێڵەی ئەکرد، ئەشکەوتەکەمان کەوتە دڵۆپەو خۆمانو هەمووشتەکانمان تەڕ بوون.

1989/12/14

ئەندرێ زاخارۆڤ مامۆستای مافی مرۆڤ لە یەکێتی سۆڤێت کوچی دوایی کرد.کە خۆی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕژێمی سۆڤێتی بوو.

1989/12/15

هێزەکانی دوژمن هاتنە سەر چیای سەگرمەو لە پشتی ئێمەوە کە ئەکەوێتە پشتی ئەشکەوتی دەڵەکەکەی میقداد دەستیان کردە تەقە کردن. لە

شوێنێکدا ئازووقەمان دانا بوو دۆزیبوویانەوەو بە دیاریەوە دانیشتبوون بۆ ئەوەی گەر ئێمە بچین بۆ ئازووقە بکەوینە داویانەوە.

۱۹۸۹/۱۲/۱٦

ئەمرۆش دوژمن هەر بەدیار ئازووقەکەوە بوو. حەمە چاوجوان بۆ لای کاک کوردۆ بە ڕێکەوت بۆ ئاگادار کردنەوەو تێگەیاندنی خراپیوەزعەکەمان لە ڕووی ئازووقەوە.

۱۹۸۹/۱۲/۱۷

چووین بۆ ماڵەکانی حەمەی هەواس لە قۆپی، لەو ناوەدا هەندێ گەنمی پاکمان دۆزییەوە کە لە ئەنفالەکەدا لە خەڵکی بە جێمابوو، میقدادیش لە شوێنی شیوعییەکان کیسە خەوێکی باشی بۆ هێنام.

۱۹۸۹/۱۲/۱۸

هێزێکی جاشەکان بە ئیفایەکو ۲ تیۆتاوە هاتنەدەرەواری خواروو شەویش لەوێ مانەوە.

۱۹۸۹/۱۲/۱۹

کاتژمێر ۱۱ ی پێش نیوەڕۆ جاشەکان بۆ سەنگاو گەڕانەوە.هەر ئەمڕۆ لەگەڵ کاک بەرزانو کاک عوسماندا قسەمان کرد، کاک عوسمانووتی ڕۆژی ۱۲/۲٦ دێین بۆ گۆڕینتان. ئێمە گۆڕینمان پێخۆشبوو چونکە پارتیزان لەوەها کەشو هەوایەکدا پێویستی بە پشوودانو جێکی تەندرووستی خۆی هەیە.

۱۹۸۹/۱۲/۲۱

لە ئەنجامی گەڕانمان بەو شاخو داخانەی سەگرمەدا لە پشتی شۆراوەکەی دێی تەپەگەڕوسدا هەندێ گۆزەمان دۆزییەوە کە لەسەر یەك دانرابوون بەڵام شاخەکەی بە سەرا ڕووخا بوو. لەو ناوەدا ۲ تیری کەوانمان دۆزییەوە یەکێکیان بە ئێسکی زەلامێکەوە بوو کە ڕزیبوو لەوە ئەچێ ئەو زەلامە بەو تیرە کوژرابێ، لە نزیکی ئەوەوە تیرەکەی تریشمان دۆزییەوە.وا پێئەچێ ئەم گۆزانە هی سەردەمانێکی زوو بێو ئێمە نازانین هی کەیە، لەوەش

ئەچێ ئەوزەمانە خەڵکانێك هەبووبن لەو شوێنە سەختانە ژیابن کە لەوە ئەچێ یاخیبووەکان لە دەسەڵاتی ئەو سەردەمە ئەو شوێنانەیان کردبێتە مەکۆی خۆیان.

١٩٨٩/١٢/٢٤

میقداد چوو بۆتەپەگەڕوس‌و لە بن دارەکانی ئەوێدا قارچکێکی زۆری دۆزییەوەو هێنایەوە بۆ پەناگەکەو لێمان نا، ژەمە خواردنێکی بە تام بوو.

١٩٨٩/١٢/٢٥

لە سەرەوە ژمارەی جیهازێکیان داینێ بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ کاك عادل کە بڕیاربوو ڕۆژی ١٢/٢٧ بگاتە نزیك شاخی بەمۆو لەوێشەوە بپەڕێتەوە لامان بۆ گۆڕینمان.

ئەمڕۆ چێشتی یاپراخمان لە گەڵای ترشکەی ناو زەردەلیکاو لێناو قارچکمان تێکەڵکرد.شتێکی خۆش‌و بەلەزەتبوو.

١٩٨٩/١٢/٢٦

دیکتاتۆری ڕۆمانی شاوشیسکۆ لە لایەن خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەووڵاتەوە لە سێدارە درا. ئەمە چارەنووسی هەموو دیکتاتۆرێکی دژی خەڵکییە. ئاواتی هەموو کوردیش ئەوەیە ڕۆژێك دیکتاتۆرەکەی عێراق ببینین لەو بەرزی دەسەڵاتە زلهێزەیەوە غلۆر بێتەوە ژێر پێی خەڵکی چەوساوەی عێراق‌و کورد بە تایبەتی.

١٩٨٩/١٢/٢٧

جاشەکان هاتنە دەرەوارو شەو بۆ خۆیان لەوێ مانەوە. ئێمە هەر چاوەڕوان بووین کاك عادل پەیوەندیمان لەگەڵا بکات بەڵام هەر دەنگی نەبوو.

١٩٨٩/١٢/٢٩

ئەو برادەرانەی کەوتبوونە رێ بۆ ناوچەی بەمۆ لە خۆرهەلاتی ملەی سەرتەك لە پشتی کانی کەلّەوە کەوتبوونە ناو کێلگەی مینەووشیار بیاوێلّەیی کە شارەزای مین هەلّگرتنەوە بوو بەرنەکەوێ‌و لاقێکی ئەپەرێ‌و برادەران پەکیان ئەکەوێ‌و ئەگەرێنەوە بۆ ئێران.

١٩٨٩/١٢/٣٠

هەندێ جاش هاتنە نێوان قەلاو تەپەگەڕوس.

١٩٨٩/١٢/٣١

دوا رۆژی سالێکی پڕ لە ماتەمی دوای ئەنفالەکانە هێشتا خەلّکی ئێمە لە ناو تەمتومانی ئەو دۆخە کارەساتاوییەدا ئەژین‌و بە دوای‌وەلامی پرسیارەکانی چارەنووسداوێلّن، کەچی خەلّکی دنیای خوا پێداو تەمەنێکی پڕ لە بەهاو پێوانەی مرۆڤایەتی بۆ ژیان بەرێنەکەن‌و روو لە رۆگەی تەمەنێکی نوێی مالێکی نوێ ئەکەن بە هیوای بەرخورداربوون لە دەستکەوت‌و داهاتی پێشکەوتنی ناوەزی مرۆڤایەتی. کەچی ئەوەتا ئێمە بە هۆی رژێمێکی نا لە بارەوە گیرمان خواردووە. بۆ بەردەوامبوون لەسەر بەرنامەی خەبات‌و بۆ چەسپاندنی بوونی خۆمان رێگایەکی دژوارمان گرتووەتەبەر.

وا ئەمشەو بەفرێکی توند دایکردووەو سەرمایەکی سەختەو لە بەربرسێتی‌و بێنانی‌و خواردنی ئاسایی لاوازو کەموزە لە کونجی ئەشکەوتێکی تاریکدا هەلّکورماوین.

ساڵی ١٩٩٠

١٩٩٠/١/١

ڕۆژی ئاهەنگگێڕانە، لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا جەژن و پشووە.. کە چی لێرە بە بێدەنگی بەڵامانەدا تێپەڕی و هیچ مەراسیمێکی خۆشی نەبووەوەکو ئەوەی لەووڵاتانی دنیادا ئەکرێ و ئەم ڕۆژە هەموو گەردن ئازادی ئەکەن و ئەکەونە ناو جەنجاڵی ساڵێکی نوێی پڕ لە داهات و خۆش گوزەرانی. کەچی ئێمە لە کونجی ئازارو نالەباری و ئاوارەیی و دژواریدا هەڵئەتوتێین، لە هەلومەرجێکی ناڕەحەتدا ئەیگوزەرێنین.

١٩٩٠/١/٣

منو ئاخەو د.هاوڕێ بووین گەشتێکمان دەستپێکردو گەیشتینە لای کاک حەمە پاریاوڵە.

١٩٩٠/١/٤

خۆمم شوشت کە بۆ سێ مانگی ڕەبەق ئەچوو ئاو لە گیانم نەکەوتبووو زۆر چڵکن بووم.

١٩٩٠/١/٥

لەگەڵ ئاخەو د.هاوڕێ دا سەردانێکی کاك کوردۆمان کرد لە کونە سوچەڕەکەی پشتی‌وڕێڵە. تووشی گرانەتا بوو بوو لەو کونەسوچەڕەدا دایان نابوو بە دەمیان ئەسپێی سووچەر تێی دابوو، خۆی ڕەشبوو ئەخۆشییەکەی

برستی لێبڕیبوو ئەوندەی تر ڕەش هەڵگەڕابوو تووکی ڕیشی درێژو بۆز بووبوو لە جامی ڕەسمی ڕەش‌و سپی ئەچوو.

١٩٩٠/١/٦

هەر لای کاک کوردۆ بووین. ئێمەش ئەسپێی سوچەڕ تێی داین‌و هەموو لەشمان ئاڵۆشی ئەکرد.داوای هەندێ ئازووقەمان کرد کاک کوردۆ پێی‌ووتین بچینە هۆمەرەخەجان‌و لەو ئازووقەیەی شاردبوویانەوە بەشی خۆمان ببەین چونکە لای خۆیان ئازووقەیان کەم مابوو.

١٩٩٠/١/٧

ئێوارەکەی لە کونە سوچەڕەکەوە بەرەو تورکە ڕۆیشتین شەوەکەی لە قەڵبەزێکی سەرووی تورکەدا ماینەوە.

١٩٩٠/١/٨

چووینە هۆمەرە خەجان بۆ سەر ئازووقەکە، دوژمن چووبووە سەری‌و هەمووی ڕژاندبووە سەر زەوی‌و ئەوەشی بە کەڵك مابوو باران تەڕیکردبوو، بەرمیلەکان پڕ بوو بوون لە ئاو. زۆر برسیمان بوو نانیشمان پێ نەبوو دەستیشمان نەئەگەیشتە هیچ لایەك نەمانئەزانی چی بکەین لەمبارەدا مرۆڤ بیری بۆ هەندێ شت ئەچێ‌وەکو بڵێی بە شوێن قەرزی کۆندا ئەگەڕێ. ئاخە هەمیشەووردەکار بوو بیری بۆ زۆر شت ئەچوو کە لەو ناوچانەدا هەبووە بۆیەووتی: ساڵی ١٩٨٨ هەندێ ماڵ لەم چەمەدا لایانداوو با بگەڕێین بەڵکو شتێکمان دۆزییەوە بە دەم خەیاڵەوە دەستمان کردە گەڕان لایەکم کردە دواوە لە بن قەڵبەزێکدا شتێکی سپیم بەدی کرد بانگم کردە ئاخە: ئەوە شتێکی سپییە لە بن ئەو قەڵبەزەدا بزانە چییە..؟ بانگی کردین‌وووتی:وەرن ئەمە هەندێ شتە لێرەدا. کە چووین تەماشانەکەین ئەوە دەبەیەکی پێنج لیترییەو لە سەرووییەوە باوەڵێکی کۆن دانراوە. ئەو باوەڵانە لە کۆندا پیاو ژنی

بگواستایەتەوە ئەیانکردە جیازی بوکێنی. لە کاتی ئەنفالدا خەڵکێك ئاردیان تێکردبوو دواجاریش بە جێیان هێشتبوو. بەڵام جێگای کلیل و قفڵەکەی کونی تیا بوو لەو کونەوە مشکی تێچووبوو. لە ساڵی ١٩٨٨و ١٩٨٩ مشك تەڕاتێنی تیا کردووە. لە بەر گووەمشك ئاردەکەی بە دەرەوە نەبوو. سەرووی ئاردەکەمان فڕێ دا لە ژێرەوە هەندێ ئاردی تیا مابوو ئەویش پڕی بووبوو لە تووکە مشك ئەوەندەش میزی پیا کرابوو رەنگی زەردهەڵگەڕابوو. جگە لەوەش چەند مشکێکی تیا تۆپی بوو لە بەر برسێتی ناچاربووین ئاردەکە لەگەڵ خۆمان ببەین. هێڵەکێکمان دۆزیبووەوە پێمان بێژایەوە، لە نزیك گوردەمیری حەمەمین خەرامان ئاردەکەمان کردە هەویر کە ڕای نەمابوو، هەندێ چیلکەو چەواڵمان کۆکردەوە ئاگردانێکیشمان درووست کرد لە باتی ساج بەردێکمان خستە سەر ئاگرەکە هەویرەکەمان ئەخستە سەری تابرژێ، کەبرژا بردمان بۆ دەممان بیخۆین بۆنی لاکی تۆپیوی لێئەهات، لە بەر برسێتی خواردمان، دوایی قرقێنەیەکی زۆر ناخۆشی هەبوو.

لەوێوە بەرەو فەقێ مستەفا چووین لە ناو چەمەکەدا هەندێ خواردنی قووتووکراومان دۆزییەوە تا ٥٩ قووتوو بوو کە دوژمن دوای کێوماڵ لە بەر بارسووکی فڕەی ئەدەن، لە ناو دێدا ئاگرێکمان کردەوەو سەرو دانەمان گەرم کردەوەو خواردمان تۆزێ وەزعمان باشبوو. لەوێوە ڕۆیشتینەوە بۆ دەڵەکە.

١٩٩٠/١/٩

ئەو کاتانەی ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراودا بچڕا بوو بەهۆی کاك ئەحمەد کولکنی کە کێشەی پارەیان لەنێواندا بوو. کە ئەڵقەی بەیەکگەیشتن ببچڕێ شیرازەی کارەکان تێکئەچێ و هیچ شتێك ناڕواتو تا ڕێگەیەك نەدۆزرایەوە تووشی زەحمەتی زۆر نەبووین، ٢ مانگ بوو ئەوە حاڵمان بوو، هەر ئەمڕۆ لە م.س بڕووسکەیەکمان پێگەیشت:

لە/ حەسەن حسین

بۆ/ مەحمود سەنگاوی

(شەوی ٢٠/١لە خوار شاری کفری یەوە، یەکەم تاوەری کارەبا کە لە ڕۆژهەڵاتی جادەکە بۆ ڕۆژئاوای جادەکە ئەپەڕێتەوە کە بەردێکی سپی لە ژێریدا دانراوە، لەژێر ئەو تاوەرەکارەباییەدا ئامادەبن بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵماندا).

حەسەن حسین کاك جەباری حاجی ڕەشید بوو کە لێپرسراوی ڕێکخراوی سلێمانی بوو.

١٩٩٠/ ١/١١

لە دەڵەکەوە بەرەو سپی سوار لە سەرووی دێی تەپە سپییەوە کەوتینە ڕێ، بە جیهازیش لەگەڵ کاك مکەرەمدا لەسەر دالانییەوە قسەمان ئەکرد دەربارەی هەندێ ئازووقە کە لەوێ شاردبوویانەوەو هەر ئەو پێیئەزانی. لەشوێنەکە نزیك بووبووینەوەو لەسەر گردێك وەستابووین، مکەرەم بە جیهاز باسی شوێنەکەی ئەکرد کە گردێکی بەرز لە ڕۆژئاوای ئازووقەکەیەو لەسەر گردەکەوە گەر تەماشای خوارەوە بکەی دار توویەکی بچووك ئەبینی. ئا لەو کاتەدا سەیری خوارەوەم ئەکرد، بەرمیلەکانم بەرچاو کەوت کە ڕێوی دەری خستبوو، ئیتر بە کاك مکەرەممانووت: سوپاس ئازووقەکەمان دۆزی یەوە. لەو کاتەدا کاك کوردۆو برادەرانی پەیدا بوون‌و ئازووقەکەمان دابەشکردو بەرەو کەڵەهەڕی سەرووی دێی کاکەبرا ڕۆیشتین‌و لەوێ ماینەوەو ڕۆژی دواتر گەڕاینەوە دەڵەکەو کاك کوردۆشمان لەگەڵ بوو.

لەو کاتانەدا دوژمن لە دێهاتەکانی تاڵەوان ـ گۆڕی ئەسپ ـ مارف سەیدە ـ مامەران کێوماڵی ئەکرد بە توندی. لەو ناوچەیەدا ماینەوە، ڕۆژێك چووین بۆ کۆیلك‌و ترشکەمان کۆئەکردەوە بۆ درووستکردنی چێشتی یاپراخ. لەولاشەوە لەهەردەی زەنگنە دوژمن کێوماڵی ئەکردو تەقەیەکی زۆری ئەکرد.

١٩٩٠/١/١٨

بەرەو خوار بووینەوە شەو گەیشتینە پەناگاکانی جەوەڵ کە هەندێ شوێنی باشبوون کاک ئەحمەدی حاجی ڕەشید لە ڕۆژئاوای هۆمەرملەوە درووستیکردبوو دوژمن پێی نەزانیبوو.

١٩٩٠/١/١٩

لەگەڵ ئاخەو کاکە توکنی بەرەو دێی بەلەگە ڕۆیشتین چووینە شوێنێك شەفی شەفەی پێ ئەووترێ، لەوێ ماینەوە لەبەرئەوە ئەوشوێنە کونە سیخوڕ بوو ئەسپێی سیخوڕ تێیدابن.

١٩٩٠/١/٢٠

ئێوارە چووینە ئەو جێگەیەی لە لایەن حەسەن حسێن (هاوڕێ جەباری حاجی ڕەشید) بۆی دیاری کردبووین لەگەڵ ئاخەدا نزیکی تاوەرەکە بووینەوەو تا کاتژمێر ١٠ی شەو دانیشتین کەس دیار نەبوو، زۆر بێتاقەت بووم کە ڕێگایەکی دوورمان بڕیبوو لەوەها کاتێکی پڕ مەترسیداو ئێستا کەسی دووەم نەیەتە سەر مەوعید.

ئاخەووتی: با کەمێك بچمە خوارتر نەوەکو ئەو برادەرە لەو ناوەدا بێ.

هەڵسا ڕۆیشتو کەمێك گەڕاو هاتەوەووتی: ئەوە ئۆتۆمبیلێکە لەوێدا.

ووتم: لادایە یان شتی ترە..؟

ووتی: لادایەو ڕەنگیشی سوورە.

ووتم: دیارە ئۆتۆمبیلێکی شرۆڵەشە. چونکە ئەمزانی برادەرانی ڕێکخستن شتێکی لەو جۆرەیان هەیە. چووینە لای ئۆتۆمبیلەکە، بڕێ ڕاوەستاین هەرکەس دیار نەبوو.

ووتم: ئاخە با پاترییەکەی دابگرین بۆ جیهازە ڕاکاڵەکە زۆر پێویستمانە. تومەز هاوڕێ سوپا زوو هاتووە کە ئێمەی بینیوە ٣ کەسین‌و دوو

گوێدرێژمان پێیە بە خەڵکی تری زانیبووین، بۆیە خۆی لێداگرتبووین، کە گوێی لە قسەکانمان بوو زانیبووی پێشمەرگەین‌و بۆ سەر مەوعیدەکە هاتووین کە پاترییەکەمان بردە لای گوێدرێژەکان هاوڕێ سوپا پەیدا بووووتی: پاتری کەسێك ببەن بۆتان بخورێ. کە هاتە پێشەوە کەرە گوێ لەق بۆنێکی پێوەکرد، دەمێك بوو کەرە گوێ لەق نەهاتبووەوە خوارەوە بۆ سەر مەوعید، هەرکەسێك بهاتایەتە سەر مەوعید یان تازە بووایە بۆنێکی پێوەئەکرد، هاوڕێ سوپا پێشتر کەرە گوێ لەقی بینیبوو لە هاتوو چۆکاندا ناسیبووی. قسەمان لەگەڵ هاوڕێ سوپادا کرد پێشمان‌ووت کە زۆرمان برسییە، چونکە ماوەیەك بوو لە برادەرانی ناوشار دابڕابووین خواردن‌و خۆراکی باشمان پێنەگەیشتبوو. هاوڕێ سوپاووتی: ئەگەر چاوەڕێ ئەکەن من ئەچمەوە لە ناو شار خواردنتان بۆ ئەهێنم‌و بە پەلە ئەگەڕێمەوە. ئێمەش ئەوەمان پێخۆش بوو، هاوڕێ سوپا ڕۆیشت‌و دوای ماوەیەك هاتەوە تەماشائەکەین لە تەنەکەیەکدا گۆشتی مریشکی هێنا بوو. دەمێك بوو خواردنی چەوری‌وامان نەخواردبوو بە جۆرێك سەروگوێمان تێناوەکو کوردی دۆ نەدیولە کاتێکی ئاساییدا کەسێك بمانی‌دیبایە ئەڕشایەوە. دوای ئەوەی پێویستییەکانی خۆمان بۆ هاوڕێ سوپا باسکردووتی: بڕۆن سبەی ئێوارەوەرنەوە هەموو شتەکانتان بۆ دابین ئەکەم.خوا حافیزیمان کردو گەڕاینەوە شەقی شەقە، شەوەکەی زۆر تاریکبوو. ڕێگاکەمان‌وون کردبوو کەرە گوێ لەقیش ڕێگەکەی هەڵە کردبوو، هەر بۆنی بە زەوییەکەوە ئەکرد، ناچاربووین دوای بکەوین لە ناکاو ڕاوەستاو هەچەمان لێکرد نەئەڕۆیشت کاکە تووکنی‌ووتی: خۆنەمە پەناگاکەیە. کە تەماشامان کرد گوێ لەق لە بەردەرگای پەناگاکەدا ڕاوەستاوە.

١٩٩٠/١/٣١

جارێکی تر گەڕاینەوە هەمان شوێنی شەوی رابوردوو. هاوڕێ سوپا لە کاتی دیاریکراوا هاتو هەموو ئەو شتانەی داوامان کردبوو لە گەڵ خۆی هێنابوووی لێمان‌وەرگرت و خواحافیزیمان لێکرد.

بەڕاستی هاوڕێ سوپا بۆ ئەم زەمەنە ڕۆڵی دەیان پێشمەرگەی قارەمانی لە بەرەکانی شەڕدا بۆ ئێمە ئەبینی، پیاوێکی خۆنەویستبوو، زۆر دڵسۆزی شۆڕش‌و خەباتی کوردایەتی بوو، پارتیزانەکان زۆر قەرزاری جوامێریێتی ئەون.

۱۹۹۰/۱/۲۲

لە پەناگاکەی جەوەڵ کاتژمێر ۲ ی پاشنیوەڕۆ بەرەو سەرەوە بە ڕێکەوتین لە ڕێگادا باران تێی کرد، ناچار لە دێی ڕەمەیان لاماندا کە تەنیا ژوورێکی تیا مابوو نەڕووخێنرا بوو، لەو خانووەدا بێسەرو ژێر خەوتین لە سەرمانا هەڵئەلەرزین، ئەمە بووەهۆی ئەوەی تووشی نەخۆشی گرانەتا ببم.

۱۹۹۰/۱/۲۳

گەیشتینەوە دەڵەکە، کاك کوردۆ لەوێ بوو، گرانەتای بوو چاك نەبوو بووەوە دەرزی‌و دەرمان‌و ماست‌و گۆشتی مریشك‌و شتی ترمان بۆ هێنابوو.

۱۹۹۰/۱/۲۶

بەیانییەکەی میقداد بەتەڵەکەی ڕێوییەکی بۆ گرتین هەرچەندە ئێمە لە ڕووی خواردنەوە پۆشتەو پەرداخ بووین، چونکە ئێوارەکەی بە بارە ئازووقەوە لە خوارەوە گەڕابووینەوەو برادەران بە پەرۆشەوە پەلاماری بارەکەیان داین بزانن چی تیایە. ئەمە یادی منالێم تازە ئەکاتەوە کە جاران لە لادێوە کەسێك ئەچوو بۆ شار نوقڵ‌و چکلێت‌و شتی شاری ئەهێنایەوە ئێمە هەر لە ڕێگاوە تێی ئەوروکاین‌و بەشی خۆمان نوقڵ‌و شتمان لێوەرئەگرت. ئای کە شتێکی خۆشبوو.!

۱۹۹۰/۱/۲۷

بە هۆی ئەو تەڕبوونەی ڕێگا خۆیشم نەخۆش کەوتم، لە بن تاوێرێکدا کەوتبووم هەموو چرکەیەك ئەترسام بەسەرمدا بڕووخێت. نەخۆشخانەو

قەرەوێڵەو شوێنی حەوانەوەی پارتیزان هەر سروشتو دیاردەو کەرەسەکانی سروشت خۆیەتی. هەر کەسێکیش نەخۆش کەوت نەبێ تەحەدا بکات، بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات، ئەگینا هیچی تر نی یە ڕووی تێ بکات بۆ چاك بوونەوە. جا کاتێك ئاوو هەواش ناخۆش بێت سەرماو سۆڵە بێتو نەخۆشیش بیت زۆر زەحمەتە. هەتاکو چەند ڕۆژێك نەخۆشییەکەم درێژەی کێشا.

سەرەتای مانگی ۱۹۹۰/۳

کاك نەوشیروان لە گەشتەکەی دەرەوەی گەڕایەوە دوای ئەوەی بانگهێشتی کادیرەکانی کۆمەڵە کرا لەسەر بارودۆخی دنیاو کوردو یەکێتیو کۆمەڵە پێداویستی ڕۆژگاری خەباتو مەیدانە جیاجیاکانی گفتوگۆی زۆر کرا بوو، هەر لەم کاتانەدا بە زەقی دەنگۆی یەکگرتنەوەی کۆمەڵەوشۆڕشگێڕانو بۆچوونەکەی کاك فەرەیدوون هاتبووەوە ناوەوە مقۆمقۆیەکی زۆری لێ پەیدا بووبوو ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەووتارەی کاك فەرەیدوون کە لەکۆبوونەوەی فراوانی مانگی ۱۹۸۹/٦ ی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستاندا بەسترا خوێندرابووەوەو تێدا پەنجە بۆ مەسەلەی یەکگرتنەوەی کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان درێژکرابوو. لە ڕاستیشدا ئەم بیر کردنەوەیە هەنگاوێکی گرنگبوو کە پرۆسترۆیکای گۆرباتشۆف زەمینەکەی خولقاندبوو کە هەموو ڕژێمە دکتاتۆریەکان بەڵکو حیزبو ڕێکخراوەکانیووڵاتە دیکتاتۆریەکان بەخۆیاندا بچنەوەو ئالای دیموکراسیو مافی مرۆڤ لە سیستەمی نوێ ی جیهاندا بەرز بکەنەوە لەووڵاتێکدا کە لانکی مارکسیزم بوو،وەکو دەسەڵاتێك ڕەتبکرێتەوە ئیتر بۆچی ئێمە هەر دەروێشی ئەو بین. بە هەق کۆمەڵە لەمەداو یەکێتیش دەستپێشکەر بووە، هەمیشە بیری لای گۆڕان بووە هیچ شتێکی لا پیرۆز نەبووەوەکو قاڵب، بۆهەر قۆناغە بەرنامەی خۆی هەبووە، بەرگی کۆنی فڕێداوەو نوێ ی پۆشیوە، هەرچەندە لەمەشدا لایەنگرو دژ هەبوو لە سەرەتادا دژایەتیکردنی لە لایەنگری زۆرتر بووە، کادیرەکانی کۆمەڵە پێیان ناخۆش بوو

بە ئاسانی دەست لە سەرەوەری یەکانی کۆمەڵە هەڵبگرن، بەڵام زەمانە پێشانی دا کە ئەبێ لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگاردا هۆشیارانە مامەڵە بکرێ.

١٩٩٠/٣/٧

نەخۆشییەکەم هەندێ باشتر بوو بەڵام هێشتا هەر ماکی مابوو، تۆزێك بووژامەوە لەو نکە نکە ڕزگارم بوو دڵنیام ئەگەر لە ناو ئاوەدانیو ماڵو منداڵو کەسو کاردا بوومایە ئەوەندە ئازارم نە ئەچێژا. بەشێکی قورساییو توندی ئەو نەخۆشییە جگە لەوەی کە لەش پێوەی ئەناڵێنێ بەشەکەی تری پەیوەندی بە لایەنی دەروونی ـ مەعنەوییەوە هەیە.

١٩٩٠/ ٣/٨

بارانێکی نەرم ئەباریو تەندرووستیم ڕوو لە باشیبوو کاك نەوشیروان برووسکەیەکی کردبوو یان من یان کاك کوردۆ قاسم بە جیهاز قسەی لەگەڵدا بکەین، هەردوکمان نەخۆش بووین بە کەڵکی ئەوە نەئەهات ڕێ بکەین جیهازەکەش لە چیای سەگرمە بوو دوور بوو ماینێکی شەل لە خوارووی دێی مەلا هۆمەر هەبوو، ناردم بۆمان بهێنن بەسواری بچین بۆلای جیهازەکە.

١٩٩٠/٣/٩

ماینە شەلیان هێنا بەڵام بە کەڵکی ئەوە نەئەهات سواری بین گەرچی ماوەیەك پێی ڕۆیشتین پەکی کەوتو ناچار ئێمەیش گەڕاینەوە شوێنەکەی خۆمان، نەخۆشی یەکە بەجۆرێك کاری تێکردبووین گوێم لە برادەران بوو ئەیانووت:وەزعی خراپە. خۆشم هەستم بەوە ئەکرد مردن خەریکە نزیك ئەبێتەوە پێیانمووت: ئەم ژیانە پڕ لە مەینەتباری یە، کۆتاییەکەی مردنە، مادام لەووڵاتەکەی خۆمدامو لەم خاکەدا ئەمنێژنە گۆڕ هیچ دڵگران نیم

تەنیاوەسیەتم ئەوەیە بمبەنە دێی زستانە لە تەنیشت گۆڕی شەهید حەمە ئەمین ئێرانییەوە بمنێژن کە شەهیدێکی شۆڕشی ئەیلولەو تاکو ئێستا خاوەنی دیار نییە، پیاوێکی گومناوی ئەم کوردەیە بە گەورەی ئەزانم لە تەنیشت پیاوێکی شۆڕشگێڕی ئاوادا بنرێمە گۆڕ.

مەرج نییە نەخۆشی مردنی لەدوا بێت با نەخۆشی یەکەی توند بێ‌و ئازاری زۆر بێت زۆر جاروێنەی مەرگ دێتە پێش چاوو خۆی دیار نییە لە ناکاو ئەم میوانە دەردەدارە ژیانی ئەگرۆشتین، ئەرواو لە کۆڵمان ئەبێتەوە، ئەم نەخۆشی یە چەند ڕۆژێك لە گەڵمان بوو د.هاوڕێ هەموو توانای خۆی خستبووە گەڕ بۆ چارەسەرکردنم هەمیشەوورەی بەرز ئەکردمەوە تینوو تاوی نەخۆشی لەسەر کەمتر ئەکردمەوە، بە ڕاستی پیاوێکی بە هیمەت بوو لە ڕۆژی تەنگانەدا بتوانێت گەورەترین خزمەت بە پێشمەرگە بکات‌و خێوی نەخۆشی‌و مردنیان لێ دوور بخاتەوە ئا لەووەزعەدا.

١٩٩٠/٣/١١

گوێدرێژێکمان هێناو بەرەو ئەشکەوتی فاسۆلیاگە ڕۆیشتین‌و لەوێ لاماندا‌و هەندێ تەندرووستیشم باش بوو نانم خوارد دوانیوەڕۆکەی ڕۆیشتین، لە نێوان دەرزیلەو ڕێگەکەی دروزنە کە دێتە سەر چەمەکەی کانیکەوە ئاخە لە پێشەوە بووووتی: ڕاوەستن بۆنی گازی ئۆتۆمبیل دێت ئیتر ئاخەو میقداد چوونە سەر ئەو ڕێگایەیەی لە سەنگاوەوە ئەچوو بۆ دروزنە کە گەڕانەوەووتیان ئەوە ئیڤایەکە لەناو چەمەکەداوەستاوەو کەسیشی لا نییە دەستماندایە ئەگزۆزەکەی تازە کوژابووەوە.ووتم با بڕۆین خۆمان لەمە لادەین، ئەمە هێزی دوژمنی هێناوە بۆ بۆسەدانان بۆ خۆمان. ئیتر لە بەرامبەر ماڵەکانی دەرزیلە بە لای دێی دروزنەدا چووینە سەر گردەکەو لەوێ لە

گوێدرێژەکـە دایـانگرتمو دەسـتیان ڕاکێشـام تـاکو لـە خـواروی گەچـەکەی شـەلەییەوە بـەناو ئـەو شـاخانەدا بردمیـان. بـۆ دەڵەکەکـەی میقـداد لـە چیای سەگرمەو کاتژمێر دووی نیوەشەو گەیشتین.

١٩٩٠/٣/١٣

لەگەڵ کاك حەمەڕەشدا بە جیهاز قسەم کرد، نەخۆشی یەکەشم باشتر بووە، مامۆستا یاسینو میقدادوولاخەکانیان بردەوە بۆ گۆڕی ئەسـپو دایانـەوە بە برادەرانو شەو درەنگ گەڕانەوە.

١٩٩٠/٣/١٤

دوایی بە نـایلۆن ژوورێکمـان پێکـەوە نـاو بـەتانیمان دا بـە سـەریا،وامان ئەزانی کۆشکی سپیمان درووستکردووە.

١٩٩٠/٣/١٦

لەگەڵ عوسمانی برامدا قسەم کرد، بـەفر ئـەباریو دنیـا زۆر سـارد بـوو. ڕۆژی دواتـر لەگـەڵ م.عـەلیو کـاك عـەدنانو بـەرزانو کـاك عـادلو نـەقیب محەممەد دا بە جیهاز قسـەم کـردو هـەواڵی ئـەوانم بـە چاکیوەرگرتو لێـرەش دەنگو باسی هەموو برادەرانم پێدان. چـەند ڕۆژێکیش دوای ئـەوە م.عاسـیو م. غازی سالاریش قسەیان لە گەڵا کردین.

١٩٩٠/٣/١٨

دنیا هەورەو بارانی هەیە.

١٩٩٠/٣/١٩

بەفرێکی زۆر ئەبارێو دنیای داپۆشیوە، تەمێکی تاریکیش پەیدا بوو، دواتر تەمە کە ڕەوییەوە، لە بەر سپێتی بەفر هیچ شتێك بەدەرەوە نەما بوو.

١٩٩٠/٣/٣٠

هەندێ جار هەورو هەندێ جاریش سایەقە بوو، بەفرەکەش خەریکبوو ئەتوایەوە چونکە ئەم سنوورەی گەرمیان کە بنارەکەی بەفری لێئەبارێ زۆر نامێنتێتەوە.

١٩٩٠٣/٢٢

کەشێکی زۆر ساردو ڕەشەبایەکی توند هەبوو، ئالەم کاتانەدا لە ژێر بەتانییەوە لەگەڵ م. غازی سالارو م. جوامێردا قسەمان کرد.

ئەم ڕۆژانە ئاوو هەوا زوو زوو گۆڕانی بە سەردا دێت، ڕۆژێك ساردە، هەورە، بارانە، بەفرە، ڕۆژێك خۆشە یان تەمو مژی تاریکەو ئەو دەشتایی گەرمیانەوون ئەبێ.وەنەبێ دوژمن لەم ڕۆژانەدا بێدەنگ دانیشێو دەرنەچێ.

١٩٩٠/٣/٢٣

ڕەشەبایەکی سارد هەڵیکرد، خەریك بوو ڕەق ببینەوە کەچی کۆمەڵە جاشێك بەرەو دەرەواری خواروو نەهاتن، کە زیاتر بۆ چاودێری جموجوولی پێشمەرگەو سۆسە کردنیان دەرئەچوون.

١٩٩٠/٣/٢٧

دووکەڵێکی زۆر لە کۆمپانیای نەوتی مارداری بەرز بووەوە لەوەئەچوو خستبێتیانە کار لەوانەشە هەربۆ تاقیکردنەوە بێت، پێش ئەنفالو تاکو پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا هەبوو پێش ئەنفال نەیتوانی لەو کۆمپانیایەدا کار بکات. هەر ئەمڕۆ لە ڕادیۆوە گوێم لێبوو بەیاننامەی پارتو ڕێکخراوەکانی

ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە لەندەن بڵاو کرایەوە داوای عێراقێکی دیموکراتیو لاچوونی بەعسیان لە سەر حوکم ئەکرد.

١٩٩٠/٢/٢٨

هەڤاڵ مام جەلال لە ڕادیۆی بیبیسییەوە لەسەر پێشێلکردنی ماف مرۆڤ لە عێراقدا بە دوورو درێژی قسەی کرد.

لەو کاتانەدا کۆپتەرێك لە کەرکوکەوە بەرەو دەربەندیخان تێپەڕی.

١٩٩٠/٣/١

ئاگاداری برادەرانمان کردەوە کە مشووری گۆڕینمان بخۆن و هێز ئامادە بکەن بۆ ئەو مەبەستەو برادەرەکانی خۆمان نارد بۆ هێنانی ئازووقە بە کۆڵ بۆ ئاژداخ.

١٩٩٠/٣/٢

دیارە زووتر لە ڕێگەی ڕادیۆوە هەواڵەکانی دنیای سیاسەت و زانست و شتیتر وەرئەگرت لە هەمووی سەیر تر ئەو دەنگوباسەی ڕادیۆی حیزبی دیموکرات بوو کە دێیەك لە چیاکانی بوێر ئەحمەد لە ئێران دۆزراوەتەوە خەڵکەکەی تێکەڵ بە دنیای پێشکەوتوو نەبوون. هەروەها ڕادیۆی ئیسرائیل بڵاوی کردەوە کەوا نەهەنگێك ڕێگای وونکردووەو هاتووەتە ناوەکانی ئەسکەندەریەی میسرو لەوێ مردار بووەتەوە کە درێژی یەکەی ٢٢ مەترو پانییەکەی ٥ مەترەو قورساییەکەی ١٢ تەنەو تەمەنی ٤٠ ساڵەو خێرایی ڕۆیشتنی لە سەعاتێکدا ٢٣کم بووە.

١٩٩٠/٣/٤

لـە جیهانـە نابووتەکـەی جاشـایەتیدا هـەواڵی زینـدانی کردنـی جاشـی خۆفرۆش سـەعە دڕکـەیی گەیشت لەسـەر دەستکاری کردنـی ئیجازەی جـاش ١١ ساڵ حوکم درابوو، لەبەر ئەوەی ٣ نۆت شوجاعەی هەبوو ٩ ساڵی بـەر عـەفواتی ئەو نۆتانە کەوتو ئەبێ ٢ ساڵەکەی تر زیندانی بکرێت.

هـەروەها خاکفرۆشـان حەمـە باسـاکیو خالیـدی خوولـە سـوور لەسـەر دزیو بەرتیل خواردن لە لایەن ڕژێمەوە بە ٤ مانگ حـوکمی زینـدانی درابـوون. بەڵام بڕوا ناکرێـت ئەمانـە بکرێنـە ژوورەوە، لەبـەر ئـەوەی خزمـەتیان زۆرەو ئەڵقە لەگوێی باشی دەزگا داپڵۆسێنەرەکان بوونوابەو توندییـە سـەوایان لەگـەڵ نـاکرێو بـە فرتـو فێـڵ ڕزگاریـان ئـەبێ. ئـەو جـۆرە سـزایانەش هـەر بـۆ چاوترسـاندن بـوو. ئـەو کاتانـە بـیرم لـەوە ئـەکردەوە ئـەبێ دوای ئـەم هـەموو کارەساتانەی بە سەر کورددا هاتو خودی ئەو جاشانە دەستیان لـە گشت ئـەو تاوانانەدا هەیە بۆچی ڕۆژێك بیر ناکەنەوەو پشت ناکەنە ئەو ڕژێمەو پەشیمان ببنەوەو هەڵوێستێك بنوێننو خۆیان لە ڕابوردوویان پاك بکەنەوە..؟.

ترسـی ئـەوەم هـەبوو ڕۆژێـك بێـتو جـاش لـە لایـەن دوژمنـەوە هەڵبوەشـێتەوەو کاریـان پێیـان نـەمێنیو ئـەو جاشـانەش خۆیـان بـە نیشتمانپەروەر لە قەڵەم بدەنو لـە گـەڵ ئێمـەدا شان لەشـان بـدەنو ئێمـەش ئەمڕۆژەمان لە بیر بچێتەوە.

١٩٩٠/٣/٥

کۆپتـەرێك بەسـەر زەردەلیکـاوو دەرەواری خـوارووودا بـەرەو کـەرکوك ئەڕۆیشتو هێزەکانی دوژمن لە دەوروبەری کۆیكو فەقێ مستەفاو ئەو ناوە بە خەسـتی کێـوماڵیـان ئـەکرد بەشـەو ئاگریـان ئـەکردەوەو لـە بەرزاییەکانـەوە گڕەکەی دیار بـوو،ووردەووردە لـە مەسۆییەکان نزیکبوونـەوەو بـەرەو دەرزیلە

هاتن‌و بە ڕومانەو ئارپیجی دەستیان کردە ڕاوەماسی‌و پاشان بە ڕێگەی هەزار کانیدا بەرەو سەنگاو گەڕانەوە.

١٩٩٠/٣/٧

بۆ جێبەجێکردنی هەندێ کارو باری پێشمەرگانە. لە دەڵەکەوە کەوتینەڕێ چووینە قەڵومز لوغمان.. دنیا زۆر سارد بوو، بایەکی توندی ئەهات، بارانیش ئەباری، شەوەکەی لە قەڵومزێکدا خەوتین.

١٩٩٠/٣/٨

بۆ بەیانییەکەی بەرەو قولیجان ڕۆیشتین لەوێشەوە بەرەو قەڵالووت. لە قەڵومزێکدا کۆمەڵێ فەرشی عەشایەری جوانمان دۆزی یەوە کە کاتی ئەنفالەکە لەوێدا دانرابوون، هەندێکیان تەڕیش بوو بوون ئێمەش کەڵەکە بەردمان بۆ درووستکردو بە ڕێکوپێکی دامانناوە تاوەکو ئەو ڕۆژەی بەڵکو خاوەنەکەی پەیدا ببێتەوەو بیباتەوەودیوەخانەکەی پێ برازێنێتەوە.

دوای ئەوە چووینە کەڵەهەڕو پاشان چووینە قەڵومزی حادیسەکە. ئەوەی کەساڵی ١٩٨٨ی دوای ئەنفالەکە کاک ئازادی سەگرمەو کاک ڕۆستەم‌و کاک حەمەڕەش‌و پێشمەرگەکانیان لە گەڕانێکدا بوون لە ٣ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای دێی قولیجانی سەرحەدو لە ناوچەی لاهێزدا کۆمەڵێك فڕۆکەی دوژمنیان لێ پەیدا ئەبێت‌و تەقەیان لێئەکەن، کاک ئازاد لەگەڵ پورزایەکیدا بە سەختی بریندار ئەبن، کاک شێرکۆ جیدی‌و هەڵکەوتی ئەندازیاری ئەلکترۆنی‌و شێرزاد عەلی ڕەمەزان پوورزای کاک ڕۆستەم شەهید ئەبن. لە کاتی تەقە کردندا کۆپتەرەکان‌ویستبوویان بنیشنەوە بەڵام کاک ئازاد بە بیکەیسی تەقەیان لێکردبوون، کاک حەمەڕەش کاک ئازاد ئەکاتە کۆڵەوە لەو ناوە دووری ئەخاتەوەو کۆپتەرەکان بەرەو کەرکوك ئەڕۆنەوە ئیتر کاک عوسمانی حاجی مەحمودو برادەرانی تر ئەگەنە ئەو نزیکانە بۆ یارمەتیدانی برادەران، پاش

سـەعاتو نیوێـك جـارێكی تـر كۆپتـەرەكان دێنـە سەرشـوێنەكەو تـەرمی شـەهیدەكانو چـەكو تەقەمەنییـەكانیان هەڵئـەگرنو ئەگەڕێنـەوە، ئـیتر كـاك ئازادو بریندارەكانی تر ئەبەنـە شوێنی باشو لـە بـری پزیشـك كـاك عـەدنانی حەمەی مینا تیماری ئەكات، پاشان لە ڕێگەی ڕێكخـراوی نـاو شـارەوە پزیشكیار شێخ سدیق ئەنێردرێتو ماوەیەكی باش خزمەتی كاك ئازاد ئەكاتو تاكو دواتر كارئاسانی بۆ ئەكرێتو ئەبرێتـە سلێمانیو بەغدادو پاشـان بۆ سـەركردایەتی. كە ئەمە لەو ڕۆژگـارەدا چالاكی یـەكی زۆر گـەورەو سەركێشییەكی بێوێنـەبوو كەیـەكێك لـە فەرمانـدە پێشـمەرگە ناسـراوەكان بـە برینـداری ببرێتـە بەغـدادو سلێمانیو عەمەلیات بكرێتو بەناو ئەو هەموو تەلبەندو دەزگا جاسوسیو پیاو خراپانەی دوژمندا دوای ئەو زەمەنەی ئەنفال هاتوو چۆی پـێ بكرێـتو ئەگـەر ئاشـكرا ببوایـە ئـەوە كۆمـەڵێك تێكۆشـەر سـەریان تێـدا ئەچـوو، لەوانەشـە ڕێكخستن تووشی كێشەو گرفت بوونایە.

دوای ئەنجامدانی كارەكانمان بەهەندێ باریووڵاخـەوە بـەرەو دەڵەكەكـە گەڕاینەوەو ڕۆژی دواتر برادەرانووڵاخەكانیان گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆی.

بـە پێـی ئـەو هەواڵانـەی پێمـان گەیشت ڕۆژی ١٩٩٠/٣/٧ سـەركردایەتی سیاسـی بـەرەی كوردسـتانی لـە قاسمـەڕەش كۆبووبوونـەوەو چـەند ڕۆژێكیشـی خایانـد بـوو، چـەندین مەسـەلەی سیاسـی لەمەیـدانی خـەباتی كوردایەتیـدا باسـكراو كۆمـەڵێك بڕیـاری لەسـەر درا. یـەكێتیو پـارتی لای خۆیانـەوە بـە دووقـۆڵی چـەند دانیشـتنێكیان لەمـەڕ پەیوەنـدی دوولایەنـە كـردووە بـۆ یەكەمجارە مەسعود بارزانی دێتە سەركردایەتی یەكێتی.

١٩٩٠/٣/١١

بارانێكی بەلێزمە باری، ترسی زۆرمان هەبوو ئەشكەوتەكە بـە سـەرمانا هـەرەس بكـات، حەمـەئێرانیو مامۆسـتا یاسـینو د.هـاوڕێ لەوبـەری چـەمی مامرانـەوە گیرسـاونەتەوەو ڕێگایـان نـی یـە بپەڕنـەوە بـە جیهـاز بـەردەوام پەیوەندی ئەكەین. پاش نیوەڕۆكەی توانیان بگەنە لای كاك كوردۆ لە كەڵەهەڕ.

١٩٩٠/٣/١٢

سەر لە بەیانییەکەی هەورێکی ڕەشو توند هەبوو، نێوارەکەی کاتژمێر ٧ باران بە خوڕ دایکرد، بوو بە بزیسکو هوڕو چەخماخە بە جۆرێك ئەو ناوەی دەورو بەرمانی ڕۆشننەکردەوە ئەتووت دنیا گڕی گرتووە.. سەرووی ئەشکەوتەکەمان تەقی، لافاو هاتو بەردێکی زۆریشی لە گەڵ خۆیا ڕامالییە خوارەوە. لەوە ئەترساین ئەشکەوتەکەمان بتەپێتو هیچ شوێنێکیش نەبوو بۆی بچین.. ئێمەش وەکو برادەرانی ئەشکەوتی داری خلە بببینە ژێر هەرەسەوەو کەس پێماننەزانێ.

١٩٩٠/٣/١٣

باران بەردەوام بوو، هەورو هەڵایەکی قایمی هەبوو، دنیاش زۆر ساردو سڕ بوو،وای بۆ ئەچووین وا بە زوویی نەیکاتەوە. بەڵام بەهارەو سەرماو بارانی بەهاریش مەترسی زۆری نییەو نەخۆشی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە.

١٩٩٠/٣/١٧

هێزێکی دوژمن بەرەو دەرەواری خواروو ئەهاتو پێنج چادریان هەڵداو هێزێکی تریش کە بریتی بوو لە ١٠ ئۆتۆمبیل. بەرەو دێی درۆزنە ڕۆیشتن. دنیا زۆر سارد بوو کەس نەیئەتوانی سەر دەربهێنێ، سەرەڕای ئەوەش بەفر کڕیوەی ئەکرد.

١٩٩٠/٣/١٨

هێزەکەی دوژمن بەرەو سەنگاو پاشەکشەی کرد.

١٩٩٠/٣/١٩

هـەتاوێکی گـەرمو ئـاوو هـەوا خـۆشو ئاسمـانێکی بێگـەردو دەشـتایی گەرمیان بە جوانی خۆی ئەنواند، بـەڵام دوور لـە خـەڵکیو ئـاوەدانی جگـە لـەو کەمە پێشمەرگە پارتیزانانەی هەر چـەند کەسێكو لـە پەناگـەو ئەشکەوتێکدا بوون.

١٩٩٠/٣/٢٠

ڕەشەبایەکی توندو زۆر ساردیش بوو ئەو کۆپتەرەی هاتووچۆی نێوان کـەرکوكو دەربەنـدیخانی ئـەکرد تێپـەڕی بـوو، کاتـژمێر ١٢ ی نیـوەڕۆ بـەرەو کـەرکوك گەڕایـەوە لـەو کاتانـەدا بـوو کـە چـاومان لێبـوو لـە ناوچـەی داوەدو دییـەکانی زینانـەو هەیـەرە سـوور دووکـەڵێکی زۆر بـەرز بـووەوە بۆمـان ڕوون بووەوە کە هێزەکانی مجاهیدینی خەلّق بـوون خـەریکی مـانۆری سەربازین لـەو ناوچەیەدا. کەبەهەموو کەرەسەو کەلوپەلێکی سەربازی یەوە هاتوونەتە ئەوێو پەناگای زۆریان هەڵکەندبوو، شوێنی سەربازگەیان دیـاری کردبـوو بەشـێوەیەکی سەربازی هاوچـەرخانە ڕۆژانـەو بێپشـوو خـەریکی مەشقو ئەنجامـدانی ئەرکـە سەربازیەکان بوون. هەرچەنـدە هاتنی ئەمانە بۆ ئـەو ناوچـەیە هەنـدێ ڕێگـری لـە کاروبـاری پارتیزانەکانـدا درووسـتکردبوو. بـەڵام ئـەمانتوانی لـە دووری ئەوانەوە کارەکانی خۆمان هەڵسووڕێنین.

١٩٩٠/٣/٢١

جەژنی نـەورۆزە، ڕۆژی نـەتەوایەتی گەلی کوردە، بـەڵام کـام جـەژنێك..؟ ئـەوەی کـە کـوردە.. خـەمبارو کۆسـکەوتووە، ئـەوەی کـە زۆربـەی خەڵکەکـەی خزێنراونەتـە نـاو تەلبەنـدی ئۆردووگـا زۆرەملییەکانـەوە یـان لـە نـاو زینـدانـە تـاریکو نوتەکانـدا یـان لـە شـوێنە نهێنییەکانـدا سـەدان هـەزار کەسـی دامـاوی ئەنفالکراو هێشتا سەرەنجامیان نی یە.

لـەم ڕۆژەدا ئـاگری دەسـتپێکردنیوەرزێکی نـوێی سـاڵ لەسـەر لوتکـە بەرزەکانی شاخەکانی کوردستاندا ئەکرێتەوەو سەرماو سۆڵە نامێنێت، هـەموو شوێنێك سەوزەڵانی ئەنوێنێ، بەڵام ئەم جەژنە بێ ئاگرو دنیاش سـەرماو سۆڵە بـوو کەسێك نـەبوو نـازی ئـەم ڕۆژە مەلوولـە بـۆ ئێمـە بکێشێ، ئێمـەش لـەو ئەشـکەوتە سـاردو سـڕانەدا ئاوقـای یـەکتر بووبوینـەوەو هاوبەشـی خـەمباری جەژنی نەورۆز بـووینو لـە ناخیشـەوە بڕیـاری درێـژە پێدانێکی تـری ئەڵقـەی ڕۆژگارێکی خەباتو تێکۆشانمان نوێ ئەکردەوە.

ئا لەم ڕۆژەشدا جاشە خۆفرۆشەکان بۆ گەڕان بەدوای پێشمەرگەدا هـەر نەئەسـرەوتن، بـۆ کێـو مـاڵ دەرئەچوون، بست بـە بسـتی گـەرمیانیان ئـەپێوا، ئاگریـان بەرئەدایـە ئـەو شـوێنانەی گومانیـان لێبکردایـە شـوێنی حەوانـەی پێشـمەرگەیە بـە تایبـەت لـەم ڕۆژانـەدا چـەمو قامیشـەڵانەکانی نزیـك دێـی کوردەمیریان سووتاند.

۱۹۹۰/۳/۲٤

دنیـا هەوروهەنـدێك جـاریش بـاران بـوو، دوای نیوەڕۆکـەی چـووینە زەردەلیکاو بۆ هێنانی ترشکە، دوو تـەنکی ئاویشمان لەگـەڵ خۆمانـدا هێنا کـە یـەکێکیان هـی مـاڵی عـەزیزی مـام عـەول بـوو، لـەناو دێیەکـەدا دوو شـوێن پێکـەوتبوو کـە پاتـەیان لـە پێـدابوو بـەرەو شـاخەکەی پشتی زەردەلیکـاو ڕۆیشتبوون، دوای شەش مانگ زانیم کە ئەو دوو زەلامە هادی برای کاك شاهۆو کوڕەکەی مام ڕۆستەمی بەڵخە بوون بۆ ڕاو هاتبوون.

۱۹۹۰/۳/۲٦

کاتژمێر ۱۱ ی پێش نیوەڕۆ ئیزگەی یەکێتیمەرگرت لەسەر ۳۱ی مـەتری بەرامبەر ۹۷۵۰ کیلۆ هێرتز کەبە ئێواران تەشویشی زۆری لەسەر بوو، سوودمان

لێنەئەبینی، مەکتەبی سیاسی ئاگاداری کردینەوە کەوا سبەینێ گوێ لە ئیزگەی مەڵبەندی دوو بگرین.

١٩٩٠/٣/٢٨

لەگەڵ کاک عوسمانی حاجی مەحمودا لەسەر هاتنە خوارەوەیانو چوونە پیریانەوە قسەمان کردو ڕێککەوتین.

١٩٩٠/٣/٢٩

کاک عوسمانو برادەران لە سنووری بلەکێی ئێرانەوە بەڕێ کەوتبوون. گوێم لە ڕادیۆی بیبیسی بوو بڵاوی کردەوە کە پیاوێکی موسڵمان لە بەریتانیا باینجانێکی قاش کردووەو لە ناوەکەیدا (لا إلـه إلا الله) نوسرابوو، لە لەندەنەوە چوار هەزار کەس چوو بوون بۆ تەماشاکردنی ئەو باینجانە، نەشمئەزانی چۆنوا ئەو کابرا موسوڵمانە لەووڵاتە ڕۆژئاواییەدا کە ئاینەکەیان مەسیحییە ئەو باینجانەی لێی نووسرابوو دۆزیوەتەوە..؟! ئەی بۆ لای خۆمان کەسێك شتێکیوا نابینێ..؟

ئیتر ئێمە ڕۆژانە لە گەڵ کاک عوسماندا پەیوەندیمان ئەکرد.

١٩٩٠/٣/٣١

لە دەڵەکەکەی میقدادەوە ڕۆیشتین بەرەو هەرەسەکەی پشتی دێیوێلەکە.. لە نزیك سێوسێنانەوە چووینە سەر شاخی قلاقایمەزو لەوێوە بۆ کانی هەنارو ئاوایی حەمەی کەرەمو بەرەو شێوی قازی. لە شانی ڕۆژئاوای دێکەوە بەهۆی تاریکی شەوەوە تووشی شوێنێکی سەختبووین بە حاڵێکی ناڕەحەت سەرکەوتین. گەیشتینە هەرەسەکە.

١٩٩٠/٤/١

بەیانییەکـەی تەماشـامان کـرد ژنگـەلێکی زۆر بـۆ قنگـــر هـاتبوون، ئێمەیش لەو بن دارو دەوەنانە خۆمـان حەشـار دا تـاکو نـەمانبینن‌و لـە ماڵـەوە قسـەنەکەن‌و دوژمـن ئاگـادار بـێ‌و بۆمـان دەربچـن. بـە دووربـین بـەووردی چاودێری هەموو ناوچەکەم ئەکرد لە ڕێگەکـەی شـەممە کـە ئـەڕوات بـۆ قسـرت کە شیوی ناو دێی شەممە ئەچێتە خوارەوە لـە بـەردەم مـاڵی حـاجی عومـەرەوە ١٣ ژن بژاری پاقلەیان ئەکردو شۆفلێکیش لەناووێلەکەدا ئیشی ئەکرد.دوایی بۆم دەرکەوت کە هەندێك لەو ژنانە کەس‌و کاری خۆمان بوون. ئەو شەوە لـەو نـاوە بووین تاکو ڕۆژ بووەوە باران لێی داین‌و خەومان لێنەکەوت‌و بەردەوام لە سەرە سەعاتەکاندا قسەمان ئەکرد نەکو برادەرەکانی کاك عوسمان ڕێگەکەوون بکەن.

١٩٩٠/٤/٢

بۆ بەیانییەکەی ١١ ئۆتۆمبیلی جاش هاتنە خوارووی ئاوەکەڵە کە بریتـی بوون لە ٦ قەمەرە، ١ پاس، ٤ لاندکرۆزەر توومەز هەموویان جاشە مێچکە بـوون بۆ مەعاش هاتبوون.

١٩٩٠/٤/٣

لـە هەرەسـەکەی‌وێلەکە کـاك عوسمـان‌و بـرادەران گەیشـتنە لامـان. ڕۆژەکـەی هـەر لـەوێ ماینـەوە، خـەڵکێکی زۆر ڕوویـان کـردە ئـەو نـاوە بـەدوای کۆکردنـەوەی گیا بـە ڕەزای شـاخیدا ئەگـەڕان. گیایـەکی بەلەزەتـەو خەڵکەکـە لەبـەر بـێ ئیشوکاری لـەناو ئۆردووگاکانـدا ئـەو گیایـە کۆئەکەنـەوەو ئەیبەنـە سلێمانی بۆ فرۆشتنی. خەڵکەکە بەسەر ئێمەدا ئەهاتن، تا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ

١٨ کەسمان گرت، ئەوان ئێمەیان نەئەناسیو نەیانئەزانی چین، لەو کاتەدا دنیا بوو بە تەمو ناوچەکە تاریک بوو.وامان بە چاکزانی کە سوود لەو هەلەوەربگرینو خەلکەکە بەرەلا بکەینو خۆشمان بەرەو دۆلی قەرەداغ بڕۆین. کە هەلکشاینە سەر شاخ بەهۆی تەمەکەوە هەندێ ڕێگەکەمان وێلکردو تەماشائەکەین نزیك قوتە بەرزەکەی دێی فەقێرە بووینەتەوە کە بارەگای جاشەکان بوو. تەمەکە هەندێك ڕەوییەوە، دنیا ڕووناك بووەوە کە چووینە سەر کانیەکەی بن ڕەبایەی جاشەکان تازە لە ئاوەکەیان برد بوو کوزەلەشیان شۆردبووەوە، هێشتا ئاوەکە لێل بوو، بەلام سەری ڕەبایەکە تەمی پێوە مابوو، ئەوەندە نزیك بووین لە قەمچی دەمانچەدا بووین، بە پەلە ڕۆیشتینو سەرکەوتینو تەمەکە بە یەکجاری نەما، باش بوو جاشەکان نەیانبینین. شۆڕ بووینەوە بۆ دێی شیوی قازیو لە دەربەندەکەی پشتی دێیەکە هەندێ پشوومان داو بە چیای قلاقایمەز دا هەلکشاین، ئەوەندە گیاکە بەرز بوو بووەوە تەماشای ڕێگاکەمان کرد کە پێدا هاتبووینوەکو کۆلانێك دەرئەکەوت. ئەو شەوە گەیشتینە قۆپی حەمەی هەواس، لە بەرامبەر مالەکاندا بە دەستەی شاخەکەی پشتی زەردەلیکاودا سالی ١٩٨٨ لە ئەنفالەکەدا مالێك چووبوونە ژێر بەردێکەوەو چادرێکیان دابووە سەر بەردەکەدا، چادرەکە مابوو، لەگەل پێشمەرگەکاندا چووینە ژێری هەرچەندە تەڕیش بوو چەند کاتژمێرێکمان تیا گوزەراند.

١٩٩٠/٤/٤

بەیانییەکەی هەر منو کاك عوسمان چووین بۆ پەناگەی دەلەکەو بە پێشمەرگەکانمانووت ئەوانیش پاش نیوەڕۆ بکەونە ڕێ. لە ڕێگەدا تووشی ٦ ئاژەلە کێوی بووین بە بەرچاومانەوە ئەڕۆیشتن تەقەمان لێنەکردن. کە گەیشتینە بەردەمی پەناگاکەووتم: کاك عوسمان شوێنەکەمان لێرەدایە فەرموو بیدۆزەرەوە، هەندێك تەماشای کردو ووتی هەست بە هیچ ناکەم.. ئەم پەناگایە دوو ڕێڕەوی هەبوو یەکێکیان ڕووی لە خۆرئاوا بوو ئەویتریان ڕووی

له خوارەوە بوو، لە پێش دا ڕێڕەوی خۆرئاوامان دۆزی بووەوە، ڕێڕەوی خواروو هەنجیرێکی لەبەردەم دابوو ئەم هەنجیرە نەیئەهێشت دەرگای پەناگاکە دەربکەوێت. ئەم شوێنە زۆر گرنگ بوو بۆمان، لەلایەك داری ووشکی زۆری هەبوو، هەم هەنجیرەکەشمان ئەخوارد کە تامێکی خۆشی هەبوو دوژمنیش پەیی بە پەناگاکە نەئەبرد دوای ٦ مانگ مانەوە ئینجا زانیمان لە ناو هەنجیرەکەشەوە ئەتوانین بچینە خوارەوە.

١٩٩٠/٤/٦

حەسەنیە ڕەشی ئامۆزای سەمەد هۆمەرملی کە لە پەناگای کەڵەهەڕ بوو لای کاك کوردۆ بە رووتی ڕایکرد بوو چەكو تاقمەکەیو تەنانەت پشتوێنەکەشی بەجێ هێشتبووو تەسلیمی ڕژێم بووەوە، بەلام خەمی ئەوەمان نەبوو خەبەرمان لێبدات. کاك کوردۆیش هاتبوو بۆ لای کاك عوسمانو برادەران نەیئەتوانی سەرکەوێ زۆر ماندوو بوو بوو بەهەرحاڵێ بوو سەرمان خستە سەرەوە.

١٩٩٠/٤/١١

سەرماو سۆڵەو باو باران هەڵیکرد بوو ئێمەش لای خۆمانەوە دەورەو تەسلیممان ئەکرد، کاك عوسمان چووە خوارەوە.

١٩٩٠ /٤/١٣

ئێمەیش لە دەڵەکەکەوە بەرەو قۆپی ڕۆیشتینو شەوەکەی گەیشتینە هەرەسەکەیوێلەکە،وەختبوو گورگ بمانخوات، د.هاوڕێ کۆڵێ کتێبی مارکسی هەلگرتبوو پەکیکەوتبوو، لەگەڵیدا مابوومەوە، پێموت دکتۆر مارکسیەت لە هەموو دنیادا ڕووخا تۆ تازە ئەم بارە کتێبەت بۆچییە..؟ بەیانییەکەی کتێبەکانم لێوەرگرتو لە هەرەسەکە قایمم کرد.

١٩٩٠/٤/١٣

هەر لەویّ ماینەوە، دووکەسمان بە ناوی مام ڕەحیمو مام عەزیز گرت بۆ ڕاوەکەو هاتبوون، سەرلەئێوارەکەی ئازادمان کردن هەندیّ نانو خورمایان لەسەر کانییەکە بۆ بەجێهێشتین.

١٩٩٠/٤/١٤

بەرەو پووشێن ڕۆیشتین بە جادەی سلێمانی ـ عەربەتدا پەڕینەوە، لە چوار تاقەوە سەرکەوتین بۆ دێیە ڕووخاوەکەی پووشێن، لەویّ بڕیاروابوو کاك دلاوەر عوسمان بێتە پیریمانەوە هەموو لەشمان تەڕ بووبوو، ئاگرمان کردەوە تا دمەو بەیان ئینجا بە شاخەکەی ڕۆژئاوای دێیەکەدا سەرکەوتین لە ناکاو تووشی مەفرەزەیەك چەکدار بووین ئاگریان کردبووەوە کە ئێمەیان بینی شڵەژان، سەیرمان کرد کاك دلاوەرو برادەرانیەتی، یەکمان گرتوووتی: با هەر بە ڕۆژ بڕۆین. لە نزیکی عازەبان تووشی کابرایەکی جل ڕەش بووین ڕاوە کەوی ئەکرد، کە ئێمەی بینی ڕایکرد، هەرچی بانگمان کرد هەر نەوەستا. نیوەڕۆ لە شیوەکەی پشتی نودیّ لامانداو پشوویەکماندا، ئینجا بەناو دێی نودێدا بەرەو کەتوو کەوتینە ڕیّ، لە ڕێگادا تەقەم لە کەروێشکێك کرد بۆم نەپێکراو لە دەستمان دەرچوو. لە کانی تووەوە دابەزینو دامان لە تەنکە بوارو شەو لە سەربازگەکەی بەری مامەخەلان تاکو کاتژمێر ٣ی شەو خەوتین. دنیاش زۆر سارد بوو.

١٩٩٠/٤/١٥

لە ڕۆژئاوای دێی مامە خەلانەوە چووینە ئەودیودا بۆسەر ئاوی بەوزان کە ڕێگەکەی هەموو مین بوو، کاك دلاوەر لە پێشمانەوە مینەکەی هەڵئەگرتەوەو ئێمەیش بە دوایدا ئەڕۆیشتین، لە شوێنێکدا ئەو مینی

هەڵئەگرتەوەو منیش تەماشای دەستیم ئەکردوەختێکم زانی فاڵمارایەکی بەجێهێشتووەووەختە پێم لێی بدات، بانگم کرد کە ئەمە مینێکەو ڕەتی کردووە، یەکسەر هەڵگەڕایەوەو مینەکەی بەرپێمی هەڵگرتەوەو ڕۆیشتینە سەر ئاوەکە. کاتژمێر ٦ ی ئێوارە لە ئاوەکە پەڕینەوەو بەرەو سیرین ڕۆیشتین، دونیا زۆر تاریکونووتەك بوو، گیایەکی زۆر هاتبوو، مەیدانی مینی سوپای عێراق بوو، بەهۆی ئەو گیایەوە ڕێگاکەمانوێڵ کردبوو کەوتبووینە ناو مەیدانی مینیشەوە، نەمانئەوێرا لایت دابگیرسێنین. کاك دلاوەر لە پێشمانەوە بوو بە بێ لایتو بەو تاریکییە هەر بە دەست کوتان مینی هەڵئەگرتەوەو ڕێگاکەی پاك ئەکردەوەو ئێمەیش بەدوایدا تاکو لەو شوێنە ڕزگاری کردین. لە ڕۆژئاوای دێی سیرینەوە کە ناو دێیەکە سەربازگەیەکی گەورە بوو بەرەو چیای سوورکێو سەرکەوتین کە هێڵی بەرگری عێراق بوو بەرامبەر بە ئێران. ئینجا بە ڕووی ئێرانیشدا هەمووی مینی تاکە کەسی (ئەشخاس) بوو ئەبوایە بەسەر بەردا بڕۆیشتینایە تاکو دێی بلەکێ. کاتژمێری ٣٠ر٤ ی بەرەبەیان گەیشتینە بارەگای ڕێکخراو. دوای خۆرو بان گەرمبوون لێپرسراوێکی سوپای پاسداران هاتوووتی: لە کوێوە هاتوون..؟

گەشتەکەی خۆمان بۆ گێڕایەوە..ووتی: جگە لە مەیدانی مین ئەمشەو کەمینیشمان هەبووەو باش دەربازبوون.

بەم جۆرە ١٠ مانگ لەو هەردەو هەڵمەتەی گەرمیاندا لەگەڵ کۆمەڵە پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو ئەمەکدار بۆ کوردایەتی لە هەلومەرجی سروشتی جیاجیادا ماینەوە، کە جگە لەوەی ئەرکێکی نیشتمانی پیرۆزمان لە ئەستۆ گرتبووەوەکو پێشمەرگە ئەزموونێکی باشیش بوو بۆ ژیانی خۆمانو ئەوانەی دوای ئێمەش بۆ کاری پارتیزانی دائەیەزن، هەروەها ڕۆڵی ئەو کەڵە مێردانەی ڕێخستنەکانی ناوشارمان لە یاد ناچێ کە هەمیشە مزوڵی ئێمەیان ئەخواردو پێداویستییەکانیان بۆ دابین ئەکردین لەگەڵ هەندێ خەڵکی تری دڵسۆزی پێشمەرگە کە سەربەخۆ پەیوەندییان پێوەکردبووینو یارمەتییان ئەدایـن.

١٩٩٠/٤/١٦ لە بلەكێ بووین نووسینێكی كاك عەلی بچكۆلم بینی كە رەخنە بوو بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی كوردستانو بە خراپی ناوی هێنابوون. ئەو نووسینە زۆر نیگەرانیكردم، چونكە مەوزووعیانە بۆ بابەتەكە نەچوو بوو، زۆر لە هەڵچوونێكی دەروونییەوە هەڵقوڵابوو كەچی ئێمەی پارتیزانەكانو سەدان پێشمەرگەی تر لە هەلومەرجە دژوارەكاندا دوور لە هەموو خۆشییەكی ژیان هەڵمانكردبوو، گیانی زۆر كەسیشمان لە پێناوی رزگاری گەلەكەماندا بەختكردووە بێئەوەی چاوەڕوانی پاداشت بین. ئەگەر هەڵەیەكیش كرابێ یان ئەنجامدرابێ ئەوە مانای خراپی هەموو شۆڕشو هەموو پێشمەرگە نییە. بۆیە یەكسەر نامەیەكم بۆ نووسی: پێموابوو كە ئێمە بگەینە بلەكێ جەنابت دێیت بە پیریمانەوەو دەست خۆشیمان لێئەكەیت، كە ئەوە یەكساڵە دوورین لە هەموو خۆشییەكی ژیانوماڵو مناڵ.. كەچی لە نووسینەكەتدا هێزی پێشمەرگە بە دزو ڕێگرو تەعەداكەر ناو ئەبەیت.. ئەووەڵامێكی خراپی دامەوە، منیش جارێكی تر نامەیەكی ترم بۆ نووسییەوە ئەم جارەیان وەڵامەكەی باشبوو،وادیارە بێ ئاگا بووە لەوەی ئێمە بۆ ماوەی ساڵێكە لە خوارەوە بووین، هەڤاڵانی ترمان لە خوارەوە بوون، هیوامان هەبوو هەر سەرنەكەوتنە سەرەوەو شەهیدیش بوون، كاك عەلی خۆیشی لە ناوچەی چەمی ڕێزاندا ڕۆژگارێكی سەختی لە ئەنفالەكاندا بەسەر بردووە لەگەڵ كۆمەڵە تێكۆشەرێكی ماندوو نەناسدا. ئەو نووسینەی كاك عەلی بچكۆل بووە مایەی ئەوەی لە ناو كۆمەڵەدا گرفتی بۆ درووست بێتو دواتر بەرەو هەندەران بڕوات.

١٩٩٠/٤/١٧ لە ڕێكخراوی بلەكێ بووین مامۆستا چەتۆ حەوێزی بە نوێنەرایەتی كاك نەوشیروان هاتە لامان بۆ بەخێر هاتنەوەمانو هەندێ دیاریشی بۆ هێنابووین. دوای ٣ ڕۆژ حەسانەوە بە ڕێگای سەرشیوی سەقزدا بەرەو مەریوانو گانی دنیار كەوتینە ڕێ.

١٩٩٠/٤/١٩ برادەرەكانمان لە گانی دنیار هاتنە پیریمانەوە، لە ماڵەوە پ.م جەلالی جەبار كە دایكی ئامۆزامە منداڵێكی جوانكیلەی خستە باوەشمەوە، لێم

پرسی ئەمە کێیەووتی ئەوە شنەیە، شنە کچەکەی خۆم بوو کە بەجێم هێشتبوو منداڵ بوو، کە گەڕامەوە هەم گەورەو هەم جوانتریش بوو بوو.

چەند ڕۆژێکمان لە ماڵی خۆمانو ماڵە برادەرەکاندا بەسەر برد. دوو ئۆتۆمبیلی مەکتەبی سیاسی هاتنە دواماندا ڕۆژی ١٩٩٠/٤/٢٩ چووینە مەکتەبی سیاسیو لە لایەن کاك نەشیروانەوە لە قاسمەڕەش پێشوازییەکی گەرم کراین. تاوتوێیەکی ئەو هەلومەرجەی پارتیزانی کراو هەندێ قسەو گفتووگۆ لەسەر خەباتو ئاییندەی کوردو دوارۆژی ڕژێمی عێراق کرا. دوای دوو ڕۆژ لە قاسمە ڕەشەوە بەرەو مەریوان گەڕاینەوە، لە سنە لە لایەن دژبانی شاری سنەوە بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر گیراینو شەوەکەی ئازادیان کردین. چەند ڕۆژێك لە ماڵەوە بووین.

ئەو کاتە بیرم ئەکردەوە کە پارتیزانی ئەرکێکی قورس بوو، ئێمە لە سەرەتای شۆڕشی نوێدا بە قەدەر ئەمجارە ئەزموونمان نەبوو جگە لەوەی هەلومەرجەکەی ئێستا لە گەڵ ئەوەی پێشوودا جیاواز بوو، ئەگەر چی دۆخەکە نالەبارە بەڵام هەمیشە لەبەردەم جۆشوخرۆشداین، ئەو کاتەی توندوتیژی بگاتە دواقۆناغی ئەوا گیانی خۆڕاگریو بەگژاچوونەوە زیاتر ئەبێ. ئالەم کاتەشدا پێشمەرگە ڕۆڵەی مەزنی خەباتە، قارەمانی مەیدانی هەوڵو مەردی ڕێگای درێژەدانی کۆڕی تێکۆشانە، پێشمەرگە هەر پێشمەرگەیە، بەڵام هەلومەرجەکە دژوارو پڕ مەینەتییە، بۆ هەر قۆناغێك پێوانەی تایبەتی خۆی هەیە، پێشمەرگەی ئەم دۆخەش تایبەتمەندی خۆی هەیە. بە پێوانە کۆنەکان تەماشا ناکرێ، چونکە لەبەردەم شێوە تاقیکردنەوەیەکی نوێدایە. ئەگەرچی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ دا تووشی شکستی سەربازی بوو، بەڵام ئاشبەتاڵی نەکرد، پێشمەرگە چاونەترسانە تەلیسمی ئەو شکستەیان شکاند، لە قووڵایی جۆڵەوانیدا ئاوەدانی پڕ لە سەوزەڵانی خەباتیان ژیاندەوە. کە ئەڵێین شێوەیەکی نوێ مەبەست ئەوەیە پێشمەرگایەتیوەکو جاران نییە، چ لە رووی جموجووڵو چالاکییەوە چ لە ڕووی پەیوەندی بە کۆمەڵانی خەڵکییەوە بۆ حەسانەوەو پەیداکردنی سەرچاوەی بژێویو گوزەرانەوە.

پێشمەرگە بۆ خەڵکی خەبات ئەکاتو لەوانیشەوە زیانو مانەوەی سەرچاوە ئەگرێ، قۆناغەکە گۆڕاوە، گۆڕانەکەش سەختی درووستی کردووە، هیچ سەختییەکیش نییە پێشمەرگە بپسێنێ، کە کوردستان سووتاوەو چۆڵکراوە، کە خەڵکەکەی نەماونو دوور خراونەتەوە، بەلاّم پێشمەرگە لێیانەوە نزیکن، لە ڕاستیشدا پێشمەرگەی بێ خەڵکی نییە، شۆڕش بێ بەرنامە ناکرێ. بۆیە جێی خۆیەتی ووردبینانە بڕوانینە ئەم لایەنە گرنگەی شۆڕشو پارتیزانیو هەندێ ڕاستی بخەینە بەرچاو:

ا. جۆری پێشمەرگە:

ئەبێ کۆمەڵێك تایبەتمەندی تێدابێ لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا هەڵ بکات، بێ ئەوە ناتوانرێت پشت بە هەموو کەسێك ببەسترێت، ئەو شوێنە هەموو کەسێك ناگرێتە خۆیو بچووکترین هەڵە گەورەترین زیان ئەگەیەنێ، ئەبێ پێشمەرگەی نوێ:

١.خۆڕاگرو ووورە بەرز بێ.

٢.بڕوای بە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بێ بە پێی هەلومەرجەکان.

٣.ئارامو لەسەرخۆو کۆڵنەدەر بێ، دوور لە توندوتیژیو تووڕەییو پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانیدا ڕێكو نێوان خۆش بێ.

٤.شارەزای شوێنو جێگاو ڕێگاوبانو دەرو دەشت بێ بۆ:

ا/ خۆشاردنەوەو حەسانەوە.

ب/ هاتوچۆی ئەمسەرو سەر.

پ/ خۆ دزینەوە لە شەڕی لابەلای دوژمن.

پێویستە پێشمەرگە هەموو جۆرە کەرەستەیەکی سەربازی پارتیزانانەی بۆ دابینبکرێ، لە حاڵەتیوێڵ بووندا ئەگەر قومباسو نەخشەی پێنەبوو شارەزایی لە ئەستێرە جێگرەکاندا هەبێ بە تایبەتی ئەستێرەی کۆ کەوەکو دوپشكوایەو هەمیشە ڕوو لە خۆرهەلاّتە.

٥. نهێنی پارێزبێو قسە نەدرکێنی، باسی شت نەکات هەم بۆ:

ا/ پاراستنی گیانی خۆیو هاوڕێکانی.

ب/ پاراستنی دوستو ڕێکخستنەکان.

پ/ پاراستنی بنکەو حەشارگەکان.

٦. ئـەبێ لەسـەر ئـەم شـتانە دەورە ببینـێ: نەخشـەی مـین، گەرەسـەی تەقینـەوە، سۆسـەکردن، پلانـدانان، بـەکارهێنانی چەکە نوێیـەکانی پـارتیزانی، پزیشکی.

ئەمانە پێویسـتن بـۆ جێبـەجێکردنی ئەرکـەکانو بـە ئاسـانی نەکەوتنـە داوە تەنراوەکانی دوژمنەوە. نـابێ هـەر خـۆی بشارێتەوە یـان خـۆی بدزێتـەوە، بەڵکو چالاکیش ئەنجام بدات بە پێی بەرنامـەی دیراسـەکراو بـۆ هەراسـانکردنی دوژمنو خەریککردنیو سەرلێشێوانی.

لە ڕاستیدا پێشمەرگەی پارتیزان گەرچی مرۆڤێکی ئاساییە بەڵام توانای لە ڕادەبەدەری هەیە بـۆ خۆگونجانـدنو هـەڵکردن لـەوەها بارودۆخێکدا کـە بـە خەڵکی ئەنجام نـادرێ، لـەم میانـەدا د. ئـاتیللا زۆر بـە جوانیووردیوەسفێکی پێشمەرگەی پارتیزانی کردووە کە ئەبێ کۆمەڵێك تایبەتمەندی تێدا بێت کە لـە پێشمەرگەی ئاسایی جیـای ئەکاتـەوە کـە ئـەڵێت: ئـەبێ پـارتیزان بەشـێك لــە ئـازایـی شـێرو بەهــێزی ئەسـپو خـۆڕاگری هێسـترو بـێ عـەقڵی نێرەکـەرو فێڵبازی ڕێوی تیا بێت.

هەر یەکێك لەو سروشتانەی ئەو ئاژەڵانـە هەیانـە لـە زۆر بـاری ژیـانو کاری پارتیزانـدا بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـان ڕەنگئەداتـەوەو د. ئـاتیللا زۆر باشی پێکاوە ئـەو بـەراووردەی کـردووە چـونکە خۆیشـی پـارتیزان بـووەو جارێکیـان دابەزیوەتە خوارەوەو ماوەیەك لـە چۆڵەوانییەکانی گەرمیانـدا ماوەتـەوەو ئـەو بـارو دۆخـەی تاقیکردووەتـەوە. دیـارە د. ئـاتیللا زۆرتـر بەمەبەسـتی سـەردانو بەسـەر کردنــەوەی دێـی بنەکـە دابـەزی کـە لـە ئەنفالەکانـداوێرانکرابوو لـە گەڵیشیدا نەوکەسەی خۆشی نەویستو تووشی ئەوینێکی بێگەردی کردبوو بەر شـاڵاوی ئـەنفال کـەوتو هەموو خەونـەکانی ئاتیللاشـی لەگـەڵ خۆیـدا بـردو هــەرگیز نەگەڕایـــەوەو بەزمییـــەکی بـــەم دەروێشـــە سەوداســـەرەی ڕێبـــازی خۆشەویستیدا نەهاتەوە کە بە جێی نەهێڵێ.. دڵ کاری سەیر ئەکات.. سنوور ناناسێ تەنیا مەبەستەکانی خۆی نەپێکێ، حەزی ئەچێتە سەر کەسانێك لەگەڵ

ئاستی خۆیدا یەك نایەتەوە.. ئاتیللایەکی ئۆمی یەخسیری داوی کچە شێخێك ئەبێ کە هەرگیز کەسوکاری قایل نەئەبوون ئەو دڵخوازەی خۆی بدەنێ لە بەر جیاوازی پایەی کۆمەڵایەتیو ئاینی کە گوایە ئەوانوەکو شێخ نەوەی پێغەمبەرن.

ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتیە بووە مایەی ئەوەی ئەم دوو دڵە بەستەزمانە لە چوارچێوەی ژیاندا یەك نەگرنەوە تا لە ئەنجامدا کچە شێخ ئەنفال ئەیباو ئاتیللاش ئەمجارە بۆ دیداری هەوارو جێژوانەکانیان نەگەیشتە ئەوێو بە هەناسە ساردی جارێکیتر گەڕایەوە ئێرانو تەنیا لە دوورەوە لە بەرزاییەکانی هەردەی زمنگنەوە هەوای خۆشەویستییەکی خەفەکراوی دێی بنەکەی لە ناو لمستانی بیابانەکانی عەرعەرەوە هەڵئەمژێ.. کە لە دواساتدا لە شەڕێکی ناوشاری کفریدا ئەمیش بە دەستی هەمان ڕژێمی ئەنفالکەر شەهید ئەبێو ئاواتەکانی لەگەڵ فاتیللادا بۆ ئەو دنیا هەڵئەگرێ.. تۆ بڵێی لەو دنیا لە ژوانێکدا دوور لە چاوی کەسو کارو.. ئەو دوو دڵە شەهیدەی عەشق یەکنەگرنەوە..!؟

٣. ناوچەی کارکردن:

جاران پێشمەرگە لە هەموو شوێنێکدا بە هۆی بوونی خەڵکیەوە لە دێهاتەکاندا بوونی هەبوو، بەڵام لە هەلومەرجی تازەدا ناتوانێ لە هەموو شوێنێکدا بێ، ئەبێ شوێنەکان بەووردی هەڵبژێرێ، چونکە ناشێ هێزی زۆر پێکەوە بێ لەبەر ئەوەی:

خەڵکی نەماوە، سەرچاوەی ژیانو حەسانەوەوەکو جاران نییە بوونی دوژمن فراوانتر بووە ئەو هێزەی لە ناوچەکاندا ئەمێنێتەوە کۆمەڵێك ئەرکیان لە ئەستۆیەوەك:

- هۆی بەردەوامی شۆڕشو خەباتی کۆمەڵانی کوردستانە بە شێوازی جیا جیاوە.

- دالدەدەری ئەو کەسانەن لە ژێر دەستی دوژمن هەڵدێن.

- هۆی دەستوەشاندنو گوشار خستنە سەر دوژمنو دامو دەزگاکانی.

بـۆ یــە ئــەبێ بــوونی پێشــمەرگە لــە ناوچــەکاندا بــە هۆشــیارییەوە هەڵبژێرێت، ناوچەی‌واهەیە مردووەو کەڵکی نییـە، ناوچـەش هەیـە زینـدووەو ئەبێ لەلایەن پێشمەرگەوە ئاوەدان بکرێتەوە لەبەر:

نزیکی لەپەیوەندیکردن بەخەڵکییەوە.

بواری زەبر لێدانی دوژمنی تیائاسانە.

ئەگەر لەم ڕووەوە بۆ دوژمن ئاسانتربێ گوشاری توند بخاتە سەر ناوچە زیندووەکان‌و گیانی پێشمەرگە بکەوێتە مەترسییەوە.. بـەڵام بـۆ پێشمەرگە لـە هەندێ باردا ئەگـەر بـیر لەشـوێنی مـردووو نـاگرنگیش بکرێتـەوە خـراپ نییـە، ئەگەرچی زەحمەتی زۆریشی تێدابێ بۆ مانەوە لەڕووی:

- پەیداکردنی ئازووقەو پێداویستییەکان.

ـــ دووری ڕێگاوبــان‌و درەنــگ گەیشــتنەجێی مەبەســت‌و ناهــەمواری پەیوەندیکردن بەخەڵکییەوە.

٣. ژمارەی پێشمەرگە:

لەبەرئەوەی ئەرکەکان‌وەکو جاران نییە، ئەبێ ژمارەی پێشمەرگەش بـەو پێیە بێت، چەندە هێز زۆربێ ئەبێ ئەرکیش ئەوەندە گـەورە بێ‌و جموجووڵی فرەتـر بـێ، چـەندە کـەمیش بـێ کارەکـان پـوختترو لـەڕادەی توانـا ئـەبێ. ئـەو شــوێنانەی پێشــمەرگەی لێدائــەنرێ کــەمترین. لەچــاکترین بــاردا بــۆ هــەر ناوچـەیەکی زینـدووو چالاک ١ ـ ٢ مـەفرەزە هـەبێ، هـەر مەفرەزەیـەکیش ٥ ـ ٦ پێشمەرگە بێ، لەمە زیاتر هەڵناگرێ، هەرچەندە مەسـەلەی ژمـارەی پێشمەرگە شتێکی‌وەسـتاو نییـە، ئەشـێ بـەپێی هەلومـەرج بڕیـار بـدرێ، هـەر ناوچـەیەك ئــەبێ لێکۆڵینەوەیەکی‌واقیعیانــەی بــۆ بکــرێ‌و بەهەرەمــەکی هــیچ بڕیــارێ نەدرێ، سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ گەرمیان یەك مـەفرەزە بـوو، پاشان زیادی کرد بوو بـە کـەرتێك، ئینجا بـووە یـەك تیـپ، پێش ئـەنفال بـوو بەسـێ تیـپ.. بـۆ دوای ئـەنفال نـاتوانرێ نـەك سـێ تیـپ بـەڵکو یـەك تیپـێش زۆرە،

ئەتوانرێ ٢ ـ٣ مـەفرەزەی ٦ کەسـی‌و پاشان هەلەکە لەبارتر بێ زیاتر بکرێ، ناوچـــەی قـــەرەداخ‌وبازیان ســـنووری دوو تیـــپ بـــوو ٢ــ ٣ مـــەفرەزەی لێبێ‌وووردەووردە زیاتربن. لەشارەزووردا تـەنیا لـە بنارەکەدا بـواری مانـەوەی هێز هەیە، ئەبێ چەند مەفرەزەیەکی جیاجیا هـەبن بـۆ کـارکردن‌و سەرچاوەی هاتوچۆی هێزەکان بن بۆ سەرو خوارکردن، خۆ لەناوچەی بەمۆو زمناکۆ تـەنیا ١ ـ ٢ مـەفرەزە هەڵئـەگرێ.. لـە شـارباژێڕیش ١ ـ ٢ مـەفرەزەو بـۆ ناوچـەکانی تـریش بەهـەمان شـێوە. لەوانەیـە بـۆ سـنووری مەڵبەنـدەکانی تـر بـەپێی ئـەو زەمینەی خۆیان بۆیان برەخسێ هێزی زیاتر دابین بکەن.

ئەگەر مەسـەلەی پێشـمەرگە بەهەنـد هەڵنـەگیرێ کارەسـات ئەقـەومێ‌و گیانیان لەدەست ئەدەین‌و لەوانەشە کاربکاتە سەرووەی پێشمەرگەکان خۆیان‌و رێکخستنیش تووشی شلەژان ببن، یان نـەتوانرێ کەرەسـتەو پێداویسـتییەکانیان بۆ دابین بکرێ.

٤. پەیوەندی بەخەڵکییەوە:

پێشمەرگە بێ‌خەڵکی نابێ، پێشمەرگە شۆڕش بـۆ خـەڵکی ئەکـەن، ئـەبێ پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بەهێز لەنێوان هەردوولایاندا هـەبێ، چـونکە خـەڵکی سەرچـاوەی پەیـدابوون‌و مانــەوەو بـژێوی پێشــمەرگەیە، پێشـمەرگەیش هـۆی پاراستنی ژیان‌و بوونی ئەوانە لە بەرامبەر بەرنامە ڕەش‌و دزێوەکانی داگیرکەر. بـەڵام بـەپێی گـۆڕانی بارودۆخـەکان جـۆری پەیوەندییـەکانیش گـۆڕانی بەسـەرا دێت. لە قۆناغی پێشوودا پێشمەرگە لـە نـاو خەڵکیـدابوو، لەباوەشـی گەرمیانـدا حەواوەتەوە، کەچی لە قۆناغی دواتردا ئەو باوەشە گەرمە نـەماوە. ئـەوان دوور کەوتوونەتـەوە، جۆرێـك لـەدابڕان بـەرپابووە، نـەك بەوواتایـەی کـەئیتر هـیچ نـەکرێت‌و دەستەپاچـەبن، لـەم قۆناغـەدا جـۆرە پەرۆشـییەك، خەمخۆرییــەك هاتووەتە کایەوە هەندێ لەو بۆشاییەی پڕکردووەتەوە، ئەگەرچی لـە ئاسـتێکی

بچووکیشدا بێ بەڵام تەوژمێکی کاریگەری هەیە، دوژمن قەت ئەوەندەی ئێستا بۆی نەلواوە بەرنامەی لەناوبردنی کورد جێبەجێبکات، بەڵام لەولاوە پشتیوانی خەڵکی بۆ شۆڕش دەستەبەر بووە، کەواتە ئەم هەڵە لەگەڵ زەمەنی ئاشبەتاڵ جیایە، نائومێدی بەخش نەبووەو نییە. لەرێگەی رێکخستنەکانەوە کەرۆڵی باڵایان هەبووە هەموو جۆرە پێداویستییەکی ژیانیان بۆ پێشمەرگە دابین کردووە. گەیاندوویانەتە شوێنی تایبەتیو لەلایەن پێشمەرگە گواستراوەتەوە بەدوو شێوە:

١. بەکارهێنانیووڵاخ.

٢. کەووڵاخ نەبووبێ پێشمەرگە بەکۆڵی خۆیان شمەکەکانیان گواستووەتەوە.

ئەگەرچی بۆ هەریەك لەم شێوانە کێشە هەیە، لەباری یەکەمداووڵاخ زۆر بەسوودەو ناتوانین دەستی لێهەڵبگرین، بەڵام مەترسی کەشف بوونو دۆزینەوەی شوێنەکانی هەیە، لەباری دووەمدا خۆپاراستنی تێدایە، بەڵام ماندوو بوونی زۆری تێدایە، ئەوەی بەووڵاخ ئەگوێزرێتەوە پێشمەرگە بەچەند جارێك ئەیبات، ئەمە یەکجار زەحمەتە مەگەر ئیشیان هەر ئەمەبێ. پەیداکردنی ئازووقەو خۆراك گرانە، ئەبێ بەکارهێنانیشی دەستی پێوەبگیرێو هەرکەس بۆ خۆی نەبێو شتەکان بەفیرۆ نەچێو لەناومراستدا پەك بکەوێ، ئەبێ پێوانەیەکی تایبەتی بەکاربهێنرێ بۆ ئەو برە پێشمەرگەیەو لەهەمان کاتیشدا قایمەبکرێو پاشەکەوت هەبێ بۆ کاتێ تووشی دابڕان ئەبن یان رێگاکانی هێنانی شمەك ئەگیرێ یان هێرشو پەلاماری دوژمنو کێومالکردن دەست پێئەکات یان ئاشکرا ئەبن. خواردن بەبڕی کەم بەکار بهێنرێ لەلایەك بۆ دەست پێوەگرتن لەلایەکیش بۆ خۆپاراستن لەتووشبوونی نەخۆشی، جگەلەوەی کەهەندێ خۆراك هەر دەست ناکەوێ یان بەکەمی هەیە ئەمە فێری کەم خۆراکیمان ئەکات، لەهەمان کاتیشدا لەوانەیە تووشی بەدخۆراکیش ببین.

خۆراك هەر مەترسی دوژمنی نییە كە بكەوێتە بەردەستی، بەڵكو ئەبێ بەباشی هەڵبگیرێو لەهەندێ دوژمنی تریش بپارێزرێ وەكو مشك، زەردەواڵە، سوچەر، دەعبای كێوی تر، باران، نابێ لە ناو گونیەو كیسەی نایلۆندا هەڵبگیرێ، چونكە ئەو دەعبایانە سەری تێئەكەن و هیچی ناهێڵن. بەڵكو ئەبێ سوود لە بەرمیلی گەورەی سەرگیراو یان دەبەی پلاستیكی گەورە یان تەنكی وەربگیرێ. لەبەر نەمانی ئاوەدانی مشك و زەردەواڵە ئەوەندە زۆر ئەبێت قەلاچۆكردنیان ئاسان نییە، لەكاتی نان خواردن بەملاولای پێشمەرگەدا بە بەردەستیدا چەندین مشك فرتەی ئەكرد.بۆ هەڵگرتنی ئازووقە ئەبێ چەندین شوێنی جیاجیا هەبێ ئەگەر شوێنێك ئاشكرابوو لەلایەن دوژمنەوە، شوێنەكانی تر سوودیان لێ ببینرێ. باشترین كات بۆ هێنان و وەرگرتنی ئازووقە لە رێكخستنی شار یان پەیوەندی دۆستانەی خەڵكی كاتی شەوە، رۆژ زۆر پڕ مەترسییە، هێنانی ئازووقە لە رێگای رێكخستنەوە باشترە چونكە ئیلتیزاماتی تێدایەو مەترسی لابەلای تێدانییە لە كاتی دیاریكراوی خۆیدا ئەگات، بەلام ئەوەی لە رێگەی دۆستانەوە دێت لەوانەیە كاتی بێ یان هەندێ جار مەترسی لێبكەوێتەوە. نابێ لە كاتی وەرگرتنی ئازووقەدا پێشمەرگە خۆ تێهەڵقورتێنێ و هەوڵی ناسینی ئەو هەڤاڵانە بدا كە هاتوچۆ ئەكەن، زۆرجار ئەمە ئەبێتە مایەی مەترسی بۆیان لەكاتی تەسلیم بوونەوە بە دوژمن، پێویستە ئەو ئازووقەی قایم ئەكرێ ماوە ماوە سەردان بكرێ نەكو دەعبا سەری تێكردبێ یان لەهەندێ باردا دوژمن پێیبزانێ ژەهراوی بكا یا مینرێژی بكا. لەكاتی گۆڕینی هێزدا ئەبێ حیسابی ئەو هێزەش بكرێ كەدێنە خوارەوەو ئەكەونە كاركردن بۆ شارەزا بوون و هاتوچۆی ئازووقە.

٥. بنـــكـــه:

که شۆڕش بەرپابووە، پێشمەرگە کەم بووە، لەناو دێهاتەکانـدا جێگای خۆیان کردووەتەوە، بەڵام سەرکردایەتی لەناوچە سنوورییە دوورە دەستەکان بنکەیان چێکردووە، کە هێزی پێشمەرگە گەشەی کردووەو زۆرتـر بووە هەل لەبارتر بووە بۆ دانانی بارەگای تایبەتی، بۆ مەڵبەنـدو تیپەکانو پێشمەرگەش گەڕۆك بوون، دواتر بارەگای کەرتو مەفرەزەش دانـران، گەرچی ئەمە لەزۆر باردا بووە مایەی ئەوەی ئەو شوێنانەی بارەگای لێبووە ببنە نیشانەی تۆپبارانی دوژمنو بێزارو هەراسانکردنی خەڵکی. بەڵام لە هەمان کاتدا بنکەو بارەگا خۆی لەخۆیدا گرنگ بووە چونکە:

- خاڵی پەیوەندیو تێکەڵییە لەگەڵ خەڵکیدا.
- شوێنی هاتوچۆی خەڵکییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.
- جێگای حەسانەوەی پێشمەرگەو چەق بەستنی دەسەڵاتی شۆڕشە لەو ناوچەیەدا.

بەڵام بنکە لەم قۆناغەدا نابێ لەوەی پێشوو بکات، بەڵکو ئەبێ زۆر جیاوازتر بێ، لەجیاتی خانوو پێکەوەنان کون بوومتە لانەی حەسانەوە، کە لە بنەڕەتدا شوێنی ئاژەڵە کێوییە، بەڵام ناچاریوائەکات مرۆڤیش سوودی لێ ببینێ، ئەم بنکەو کونانە دوو جۆرن:

١. بنکەو کونی سروشتی: لە بنەڕەتدا خۆی هەیە، بەکەمێ دەسکارییەوە چاك ئەکرێ، مەترسی هەیە لە ڕووی هەرەس هێنانەوە یان لەبەر شارەزایی خەڵکی ناوچەکە بۆ ئاشکرابوون، مەگەر کونێك کەس نەیدۆزیبێتەوە.

٢. بنکەو کونی دەستکرد: پێشمەرگە خۆیان درووستی ئەکەن لەو شوێنانەی دوژمنی بەسەرەوە نییەو نایدۆزێتەوە یان بارانو لافاو تێکی نادا. زۆرجار لەناو دۆڵی داخراوی هاتوومیەکدا یان لەشوێنی بەرزی بەپێی سروشتی جوگرافیایی ناوچە درووست ئەکرێ کە لەناوچەی شاخاوی بە جۆرێكو لە دەشتایی بە جۆرێکی تر، لەهەردوو جۆرەکەدا ئەبێ لە نزیکی کانیاو بێت،

بەڵام کانیاوی ئاشکراو زانراو مەترسی هەیە، ئەبێ هەوڵ بدرێ کوێرەکانی بدۆزرێتەوە.

بۆ حاڵەتی پێویست ئەبێ چەندین بنکەی جیاجیا دەستنیشان بکرێ، ئەگەر بنکە ئاوەدانەکە ئاشکرا بوو بێ ماندوو بوون بچنە یەکێکی تر.

مانەوە لەناو بنکەدا ئەبێ بەو پەڕیووریاییەوە بێ‌و پەیڕەوی ئەم خاڵانە بکرێ:

١. سڕینەوەی شوێنەواری پێ‌و هاتووچۆ: ئەبێ پێ لە سەر بەرد دابنرێ یان پارچە لباد یان پارچە کومبار بکرێتە ژێر پێڵاوەوە تاشوێن پێدەرنەکەوێ، یان درووستکردنی ژێر پێڵاو بەپێچەوانەوە لە بنی پێڵاوەکە بدرێ‌و بەمەش

٦. خۆشوشتن‌و جل شوشتن بەشەوانەبێ، ئەو بەردەی جلەکانی لەسەر ئەشۆرێ دوور بخرێتەوە، کەفاوی سابون‌و تایت‌و پارچە سابون‌و شتی تر بەجێ نەمێنێ.

٧. لەکاتی ئاگرکرنەوەدا نابێ دووکەڵ هەبێ، ئەو شوێنە بەزوویی ئاشکرا ئەبێ، ئەگەر ڕووی جێگەو بنکەو حەشارگەکە لەخۆری بەیانیان بوو، ئاگری زۆر لەکاتی ئێوارەدا بکەیتەوە، ئەگەریش ڕووی بنکەکە لەخۆری ئێواران بوو بەیانیان ئاگری زۆر بکەیتەوە بەتایبەتی بۆ نان کردن‌و چێشت لێنان، دوای تەواو کردنی کار ئەبێ خۆڵەمێش‌و سەرەبزووسکەکان بخرێتە ژێر خۆڵەوە.

٨. چاودێری‌و حەرەسیاتی بەردەوام هەبێ، نەبا دوژمن لە ناکاو بۆ کێوماڵ دەربچێ‌و تووش ببن.

٩. پێویستە لەسروشتی ناوچەکە شارەزا بین، لەدارو گابەرد یان شتیتر کەلە شێوەی مرۆڤ یان ئۆتۆمبیل دایە بۆ ئەوەی لێمان نەگۆڕێت لەکاتێکدا شتی لەو بابەتانە بەرچاومان ئەکەون.

١٠. دووربینی شەو زۆر پێویستە بۆ بینینی دوژمن لە دوورەوە بۆ زانینی ژمارەیان.

١١. شوێنیووڵاخ لەشوێنی چەپدا یان ژێرزەمیندا سازبدرێ، ئەبێ تەرسەقوولەکەی بشارێتەوە، دیارە تەنیا سەرچاوەی پەیداکردنیووڵاخیش ڕەبایەکانی دوژمنە، چونکەووڵاخ نەماوە.

٦. چالاکی پێشمەرگە :

جاران ئەرکی پێشمەرگە چالاکیو شەڕو دەستوەشاندن لە هێزەکانی دوژمن بوو، لەم قۆناغەدا ئەرکەکەی هەندێ گۆڕانی بەسەردا دێت، لێرەدا پێشمەرگە دەورێکی سیاسیش ئەبینێ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ نابێ چالاکی ئەنجام بدات، بەڵکووەکو جاران ناتوانێ هەڵسووڕێ، هەلومەرجەکە گۆڕاوە دوژمن لەهەموو لایەك هەیە، دەستوەشاندن ئاسانە، دەربازبوون زەحمەتە، کەشەڕ بکرێ ئەبێ باش تاوتوێ بکرێ، هەڵەشەیی نەکرێ بۆ سەرکەوتنێکی بچووك زیانی قورس بدرێ، ئەبێ حیسابی کات بکرێ بۆ پەلامارو دەربازبوون بۆ شوێنیش ئەبێ حیسابی ئەوە بکرێ:

١. لەنزیکی بنکەو حەشارگەکان نەکرێ. پێشمەرگە ئەمەی ڕەچاو دەکرد

٢. لەنزیکی شارو شارۆچکەو ئۆردووگاکاندا نەبێو خەڵکی بێتاوان تووش بێن. هیچ وەختێ پێشمەرگە ئەمەی ڕەچاو نەکردە.

٣. ئەبێ دەستوەشاندنەکە کوتوپڕو کاریگەر بێو بەپەلە جێگەکە بەجێ بهێڵدرێت، شەڕی بەرگری نەکرێ هەوڵ بدرێ بریندارو شەهید نەدرێ، چونکە زۆر ناخۆشە بەجێ بهێڵدرێن.

٥. خۆ خەریك نەکرێ بەکۆکردنەوەی دەستکەوتەکان مەگەر ئەوانەی ئەکەونە بەردەست..

٦. باشترین هۆی لێدانی دوژمن مین دانان یان کەرەستەی تەقینەوەیە لە نزیك ڕەبایەو دامو دەزگاکانیدا.

٧. ڕووبەڕوو بوونەوەی جموجووڵی دوژمن: لەم قۆناغەدا کەچالاکی پێشمەرگانە کەمتر بووەتەوە هێزەکانی دوژمن بواری جووڵانەوەی زۆرتری ئەبێ، بەشێوەی جیاجیا بۆ پاکسازی پێشمەرگەو بنکەکانی ئەکەونە گەڕ:

ا / سۆسەکردن: دوژمن چەکدارەکانی لە شێوەی دەستەی بچووکی نهێنیدا ئەنێرێ زۆر بەدزییەوە لە ناوچەکاندا خۆیان مات ئەکەن بۆ بینینەوەی شوێنەواری پێشمەرگەو دەرکەوتنیان‌و ئاگادارکردنەوەی سەروویان لە ڕێگای جیهازەوە بۆ پەلاماردانی بەهێزی گەورەو کۆپتەرەوە. ئەبێ لەمە زۆروریابین‌و فریای خۆبکەوین، ئەگەریش بکرێ دەستیان پێدا بهێنرێت.

ب / کێومالْ: ئەمەش کارێکی کۆنی سوپای عێراقییە بۆ گەڕان بەشوێن پێشمەرگەدا لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێوە. بۆ چەند ساڵێك باوی نەما، کەچی دوای ئەنفال بەرەوی پەیداکردەوە بۆ پاکسازی ناوچەکان کەجاری‌واهەیە پاکسازی هەر بەهێزی پیادەی ڕووت ئەکرێ، چەندین لیواو فەوج لەناوچەیەکی بچووك یان گەورەدا بلاوئەبنەوەو بست بەبست ئەگەڕێن، جاری‌واش هەیە بەهێزی پیادەو ئالیاتی زۆرەوە ئەکرێ بە ڕێگا گشتی‌و جادەکاندا ئەڕۆن‌و چەکدارەکانی زۆر دوور ناکەونەوە، زۆرجاریش هەر کۆپتەر بەشداری ئەکات‌و ئاسمانی ناوچەکە جەنجاڵ ئەکات.وەکو داڵەکەر خۆر هەر ئەسووڕێنەوە.

جاری‌واهەیە کێومالْ یەك ڕۆژە، جاریش هەیە بۆ دوانزە ڕۆژ درێژەی کێشاوە، لەم کاتەدا پێویستە پێشمەرگەووریاو ئامادەبن‌و جمووجوڵ نەکەن‌و زیاتر خۆبپارێزن بەوەی:

- ١. لەبنکە قایم‌و نابەرچاوەکانیاندا دەرنەچنە دەرەوە.
- ٢. دوورکەوتنەوە بۆ شوێنێکی تر کە کێومالی تێدانەبێ.
- ٣. ئەبێ ئازووقەو کەرەستەی پێویست هەڵبگیرێت تاماوەی کێومالەکە تەواو ئەبێ.

٤. لەکاتی کێومالّدا نابێ قرەو دەمەتەقێ بەدەنگی بەرز بکرێ.

پ / خجڵ کردن: هەندێ جار دەستەی بچووک دەرئەچن بەئاشکرا بۆ ئەوەی دەستیان لێبوەشێنرێ، بەمەش ئاشکرا ئەبن و لەناوەڕۆکیشدا خەریك کردنی پێشمەرگەیە تاهێزی زۆریان بۆ ڕەوانە بکرێ. ئەبێ لەمە خۆبپارێزرێ.

ت / ڕێگاتەندن و بۆسەدانان: ئەو شوێنانەی جێی گومانن و هاتووچۆی پێشمەرگەی لەسەرە بۆ چاوپێکەوتنی ڕێکخستنی ناوشارو دۆستان و گواستنەوەی ئازووقە، دوژمن ڕێگاکە ئەتەنێ و بۆسەی لێدائەنێ بۆ ئەوەی بکەونە ناو داوەوەو زەبریان لێبدرێ.

٨. پێویستیەکانی پارتیزان:

پێویستیەکانی ئەکرێ بەچەند بەشێکەوە:

ا / پێویستیەکانی ناو بنکە : چەند جۆرێکە:

- خۆراك و خواردەمەنی: برنج، شەکر، چای، ڕۆن، ئارد، نۆك، نیسك، ماش، فاسۆلیا، خوێ، ئالّەت و زەردەچەوە ...هتد

- کەرەسەی ئازووقەو کەلوپەل پاراستن: بەرمیل، تانکی، باوەڵ، دەبەی پلاستیکی ... هتد

- کەلو پەل وپێخەف:

- کەلو پەلی زستانەو هاوینەی لەبەرکردن : ئەبێ خاکی بێ، دوگمەو تەرەقەی بریقەداری پێوەنەبێ. سەعات قایشی هەبێ نەك زنجیر، پشتوێنی ئەستوور گرنگە.

- پێخەفی خەوتن بەتایبەتی کیسەخەو پێویستە.

- شمەکیوەخت بردنەسەر: ڕادیۆ، کاغەزی یاری، تاوڵەو دۆمینە، کتێب و گۆڤار

- جیهازی پەیوەندی کردن:

- جیهازی بێتەلی گەورە لەجۆری ڕاکاڵ بۆ پەیوەندی بەسەرەوە.

- جیهازی پەیوەندی بچووك بۆ پەیوەندی لەگەڵ دەستەکاندا.

پێداویستیەکانی پارتیزان

ـ ئەبێ ماوەی جیهاز کردن کەم‌و شتەکان کورت بێ، تادوزمن بەهۆی جیهازی ئیستمکانەوە نەیان دۆزێتەوە، ئەبێ ڕۆژانە شەپۆلەکان بەپێی خشتەی تایبەتی ئامادەکراو بگۆڕدرێ، لەکاتی تەسلیم بوونەوەی پێشمەرگەدا هەموو جۆرە جفرەو شەپۆل‌و کلیلەکان بەپەلە بگۆڕدرێ، ئەگەر لەسەر جیهاز بوو یان شارەزایی هەبوو.

ـووڵاخ: بۆ هەر بنکەیەك‌ووڵاخێك یان دوان پێویستە، بەپێی توانای بەخێوکردن‌و حەشاردان‌و درووستکردنی ژێر زەمین بۆی.

ب / پێویستییەکانی ڕۆیشتن بەملاولادا:

ـ نەخشەو قومباس بۆ دۆزینەوەو دیاری کردنی شوێن‌و جێگاکان.

ـ مەتارەی ئاوی گالۆنی‌و زەمزەمەی ئەلەمینۆم لەکاتی کێومال‌و سەفەرکردندا.

ـ کەرەسەی چالێنان بە تایبەتی شەکر بۆ بەربەستکردنی برسێتی باشە.

ـ خواردنی قووتوو کراو

ـ بارانی لەزستاندا پێویستە

ـووڵاخ بۆ گواستنەوەی ئازووقەو شتەکان

پ / هەندێ‌ووردەواڵەی تر:

ـ دەرزی‌و دەزووی درووومان

ـ سوژن

ـ قەیچی

ـ چەقۆی هەمەجۆر

ـ بزماری پێڵاوو بزماری کەوش

ـ دەزووی نایلۆنی بۆ درووونەوەی پێڵاوو کۆڵەپشت

ـ توورەکەی شەکرو چاو خوێ‌و نان

ـ شوشەیەکی ٤٠ ـ ٥٠ سی‌سی نەوت لەگەڵ چەرخێکی نەوتدا بۆ ئاگرکردنەوە

- قەمە یان حەربە بۆ شوێن چاککردن یان بڕینی تەلی دڕکاوی
- کڵاوی خاکی بۆ داپۆشینی سەر
- چەرخی غاز
- سوودوەرگرتن لەپێستی ئاژەڵ بۆ پێڵاوو کۆڵەپشتو قایشی تاقمی تفەنگو فەردە دروستکردن.
- ٣ ـ ٤ مەتر گوریس بۆ باربەستنو دارهێنان
- چەند دەبەیەك گازۆیل بۆ چەك پاککردنەوەو هەڵگرتنی.

ت / پێویستیەکانی چەكو پاراستن : ئەبێ چەکی پارتیزانی نوێ:
- سووك بێ
- سوود لەچەکی بێدەنگ‌وەربگیرێ بۆ حاڵەتی تایبەتی
- دژی فڕۆکە
- مین دەوری گرنگی هەیە
- تی ئێن تی
- بۆ پاراستنی چەکە زیادەکان سوود لەگازۆیل‌وەرئەگیرێ بۆ چەورکردنیانو هەڵگرتنیان لەناو بەرمیل یان دەبەی پلاستیکی تاکو نەڕزێن یان ژەنگن نەبن.

ج / هەندێ‌ووردە زانیاری تر:
- خۆپاراستن لەشەمەکی بەجێماوی دوژمن بەتایبەتی خواردەمەنی: نەبادا ژاراوییان مینرێژکرابێ.
- بەشەو ئاگرنەکرێتەوە، جگەرە دانەگیرسێ، بۆ جگەرە داگیرسان چەرخی غاز لە شقارتە باشترە. هەروەها بۆ شەو دارجگەرەی سەرقاپدار هەبێ.
- هاتو چۆ بەشەو بێ، گەر بە ڕۆژیش بوو کاتژمێر ٢ـ ٣ی ئێوارە بێ.

٩. گۆڕینی هێز:

ئەو هێزەی لە خوارەوە بێ ئەبێ ماوە ماوە بگۆڕدرێت، هی تر بچێتە شوێنی، تا ئەوانەی خوارەوە پشوویەك بدەنو گوڕێك بسێنن، ئەبێ بچنە لای

پزیشك و فەحسی خۆیان بکەن تاهەرچی نەخۆشی و موزاعەفاتیان تووش بووە بەدەرزی و دەرمان چاك بکرێنەوە، خواردنی باش بخۆن بۆ بەهێز بوونیان و تین و تاویان تێبێتەوە.

ئەو هێزەی ئەچنە شوێنی نەوانە ئەبێ هەمان دەستووری ئەوان بن، رێکوپێك دەورو تەسلیم بکەن، لە کاتی گۆڕینەوەدا ئەبێ پێشەنگێك بە جیهازەوە بنێردرێتە پێشوازیان بەهەمان ئەو رێگایانەی کەهێزەکەی سەرەوەی پیادێت بەووریاییەوە بۆ خۆپاراستن لە دوژمن. نابێ ئەو هێزەی ئەگۆڕدرێ هەموویان پێکەوەبن نەکو لەکاتی تێکەوتندا تیابچن. پاش گەیشتنەجێ ئەبێ فەرماندەو کادیری رێکخستن کۆبوونەوە بە پێشمەرگەکان بکەن بۆ پاراستنی نهێنی و قسەکردن لەسەر شوێن و جێگاو ئەو کەسانەی دەیان بینن تاکو بە ئاسانی دەست دوژمن نەکەوێ، کورد ئەڵێ: قسە کەوتە زارێ ئەکەوێتە شارێ.

لە درووستکردنی پێشمەرگەی پارتیزانی نوێی گورج و گوڵی دیسپلینداری تێکۆشەردا رێکخستن رۆڵی خۆی ئەبینی بۆیە پێویستە لە کاتی ناردنی هێز بۆ خوارەوە کادیری چاپوك و لاوی خوێنگەرم و کارامەو دڵسۆزو تێگەیشتوو بنێردرێ تاکو:

ـ گیانی هاوکاری و تەبایی و خۆشەویستی بەهاورێکانی ببەخشێ، هەموان خەمی یەکتر بخۆن، دوور بکەونەوە لە خۆپەرستی و خۆدەرخستن.

ـ جەوی ئیلتزام و گوێڕایەڵی درووست بکات لەسەر بنەڕەتی رێزگرتن نەك تووڕە بوون و سزادان.

ـ بایەخدان بەکاری رێکخراوەیی و بەخشینی زانیاری پێویست و شیکردنەوەی بارودۆخەکان لەڕووی سیاسی و بەدواداچوونی تەواو لەسەر رووداوەکان، هەموو پێشمەرگەیەك وا هەست بکات خۆی لەناو مەبەستەکاندایەو لێیەوە دوورنییە.

ـ بەرزکردنەوەی راپۆرتی هەڵسەنگاندن لەبارەی رەفتارو رۆڵ و رادەی ئیلتیزام و راپەڕاندنی کاروبار لەسەر بناغەی ویژدان و راستی و دوور لە رق و کینەو رەقی تاهەریەکە مافی خۆی بدرێتێ.

ڕۆژی ١٩٩٠/٥/٨ هەواڵی مردنی مەلا عەزیزی سیامەنسووری گەیشت، کە کاتی خۆی لێپرسراوی ناوچە بوو لە گەرمیانداو مامی مامۆستا جوامێریش بوو، بەباشی یەکتریمان ئەناسیو ئەو یەکێك لە دڵسۆزەکانی ماڵی مەلا مستەفا بوو، بەڵام لەم دواییەدا کەوتبووە گلەییو بناشت لێیانو هەمیشە باسی بێوەفایی ئەو بنەماڵەیەی ئەکرد کە چۆن لە دوا دواییدا هەموو کەسێکیان لا بێنرخە تەنیا خۆیان نەبێت. بۆ ڕێزلێنانی چووینە پرسەکەی لە ئۆردووگای ڕەوانسەر.

لە دوای گەڕانەوە لە ڕێگەی لووتکەی ڕەنگینەوە چوومە سەر شاخی سوورێن بۆ پەیوەندی بە برادەرانی پارتیزانی گەرمیانەوە. ئینجا ئیجازەیەکم کرد لەگەڵ مام جەلالی گەرمیانیدا بۆ بوشەهری ئێرانیو سەردانی هەندێ خزمو کەسو کار.

ڕۆژی ١٩٩٠/٥/٢٢ لە کرماشانەوە کەوتینە ڕێ دنیا ساردو فێنك بوو، شاخی بێستوون بەفری پێوەبوو، کە گەیشتینە ئەهواز دنیایەکی تر بوو، لە ناو ئۆتۆمبیلێکی درێژدا بووین، ساردی ئیشی ئەکرد، جامەکەم تۆزێك لادا هاڵاوێکی تەنوور ئاسا هاتە ژوورەوە، کاتژمێر ٩ی بەیانی گەیشتینە بوشەهر کە شارێکی بەندەری ئێرانی یە، کە ئاو بەرز ئەبێتەوە ئەبێتە نیمچە دوورگەیەكو کە ئاو نزم ئەبێتەوە ئەکەوێتە قەراخ دەریاوە. ئێمە بۆ ماڵی براکانی کاك عەبدوللا جان ئەچووینو ئەوان لە دائیرەی ژینگە پارێزی بوون، دائیرەکەمان دۆزی یەوە، بە ڕێکەوت هەردوو براکە پێکەوە لەبەردەم دائیرەکەداوەستا بوون، من نەیانم ئەناسی، مام جەلالیش بە منداڵی دیبوونی، ئەو ناسینیو خۆی پێناساندن، ئەوانیش بە گەرمی هاتن بە دەممانەوە، فەرموویان لێکردین بۆماڵەوەیان کە لە دێی بوشکانی شاری بەراز جان بوو. تەماتەی ئەو ناوچەیە خەریکبوو تەواو ئەبوو، کەچی لە کرماشان هێشتا تازە تەماتە ئەچنرا. چەند ڕۆژێك لە بووشکان بووینو دوایی گەڕاینەوە بۆ بوشەهرو چووینە سەر دەریای فارس. شەوێکیش لە ماڵی ئازادی مەلا ڕەحیمی ئەندامی ناوچەی کۆنی کفری بووینو

پیاوێـك ئیخبـاری كـردین‌و هاتنـه سـه‌رمان. دوای ئـه‌وه گه‌ڕاینـه‌وه بوشـه‌هرو كرماشان‌و ڕۆژی ١٩٩٠/٥/٢٨ گه‌یشتینه‌وه كانی دینار.

له‌م مانگه‌دا هه‌ندێ ڕووداوی گرنگ هاته پێشه‌وه كه بۆش‌و گۆرباتشۆف پێكـه‌وه له‌سـه‌ر مێـزی گفتوگـۆ دانیشـتن‌و له‌سـه‌ر زۆر مه‌سـه‌له‌ی چاره‌نووسـاز قسه‌یان كرد كه بایه‌خی سیاسی گرنگیان هه‌بوو، دوای ئـه‌و هـه‌نگاوه گه‌وره‌یـه‌ی سه‌ركرده‌ی سۆڤیه‌تی كۆن نابووی بـه نـاوی گلاسنۆسـت‌و پرۆسـترۆیكا كـه ڕووی مێـژووی گۆڕی‌و سـه‌ر لـه نـوێ په‌یوه‌نـدی یه جیهانییـه‌كان داڕێژرایـه‌وه‌و زۆر مه‌سه‌له‌ی سیاسی پێناسه‌ی تری بۆ كرا.

ته‌شكیلات

دیـار بـوو لـه‌بـه‌ر ڕۆشنـایی ئـه‌و هـه‌لـومه‌رجه‌ی خـه‌باتی نـوێی گه‌له‌كه‌ماندا ئه‌بوایه هه‌ندێك هه‌نگاوی كاری پێشمه‌رگانه‌و ڕێكخراوه‌یی بنرێت كه له ئاستی پێداویستی قۆناغه‌كه‌دا بێت‌و ته‌شكیلاتێك بكرێت‌واقیعیانه بێت‌و ئاماده‌كاری بـۆ بكرێ. بـۆ ئـه‌م مه‌به‌سته كـاك نه‌وشیروان ڕۆژانـی ٩و١٩٩٠/٦/١٠ له‌گـه‌ڵ هێزه‌كـانی سـنووری مه‌ڵبه‌نـدی یه‌كدا كۆبـووه‌وه، هێزه‌كـان كـرا بـه سـێ به‌شه‌وه:

١. هێزی تایبه‌ت یان فیدایی گه‌رمیان كه پارتیزانه‌كانی ئه‌گرته‌وه.

٢. هـێزی به‌تـالیۆنه‌كان، ئه‌وانـه بـۆ سـه‌ر سـنووره‌كان دانراپـوون‌و جێگره‌وه‌ی پارتیزانه‌كان بوون.

٣. هێزی یه‌ده‌ك: لـه ماڵه‌كانی خۆیاندا ئه‌بن‌و یارمه‌تی ئه‌درێن بۆ كـاتی پێویسـت. ئێمـه بووینـه بـه‌تالیۆنی یـه‌ك، باره‌گاكانمـان لـه مـیری سـوور بـوو، ته‌شكیلاته‌كان ته‌واو بوو.

ڕۆژی ١٩٩٠/٦/٢٠ هه‌نـدێك پاسـدار لـه پاسـگای مه‌ركـه‌زی مه‌ریوانـه‌وه هاتنه سه‌رمان له دێی كاڵ، دوایان كـرد بـه په‌لـه چۆڵی بكـه‌ین یـان ده‌سـتووری تۆپبارانمان ئه‌ده‌ن، منیش پێم‌ووتن: ئێمه به بڕیار هاتوونیه‌ته ئێره‌و چۆڵیشی

ناکەین و هەر کارێك بکەن خۆتان بەرپرسیارن.. ئەمانە بیانوویان پێئەگرتین بۆ هەندێ کاری سۆسە کردن بۆدیوی عێراق و زانیاری کۆکردنەوە لە سەر ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی. کە ئێمە بەو کارانە قایل نەئەبووین. جۆری مامەڵە کردنیان توند بوو، بەڵام ئێمە سارد بووین، ئیتر کە زانیان هیچمان لێ هەڵناکرێنن،وازیان لێ هێنایین.

لەو کاتەدا لەناو کانی دیناردا هەندێ زەلامی سەرسەری شەڕیان پێ ئەفرۆشتین، یەکێك لەوانە کەریم قەیاس بوو، کەسێکی تلیاکی و هیچ و پووچ و ڕقی لە کوردی عێراقی بوو، بە فیتی هەندێ لە دەزگا ئەمنیەکان کێشەیان بەرپا ئەکرد، بەرامبەر بە ئەمە ئێمەیش ناچار لێیان هاتینە دەست و تەمبێیەکی باشکران، ئەمە بووە پەندێکی باش کەس نەوێرێ ڕووبەڕووی خەڵکانی ئێمە ببنەوەو لێشمان بترسن.

لەو ماوەیەدا گەدەم ئازاری ئەدام، بە پێویستم زانی سەردانی تاران بکەم بۆ چارەسەرکردن، ئەو ماوەیە لە خوارەوە بووین بە هۆی نەبوونی خواردنی باش و چۆڵەوانی و ئاوو هەوای ناوچەکەوە کاریگەرێتی لەسەر تەندرووستیمان دانا، چوومە تاران و نازوورێکم کردو گەڕامەوە کانی دینار.

ڕۆژی ١٩٩٠/٧/١٥ لە بارەگای بەتالیۆن کۆبوونەوەمان کردو ئەرکەکانمان دابەشکردو تەشکیلاتمان ئەنجام دا بەم جۆرە:

ا / تەشکیلەی بەتالیۆنی ١:

١. هەیئەتی بەتالیۆن (٣کەس):

ل.بەتالیۆن، جێگری بەتالیۆن، ڕابەر سیاسی بەتالیۆن

٢. ل. بارەگای بەتالیۆن

٣. ئیدارە (٥ کەس): ل. ئیدارە ١کەس، نانەوا ٢کەس، ئاشپەز ٢ کەس

٤. ئیسناد: ٢ کەس

٥. زانیاری: ٣ کەس

٦. جیهاز: ٢کەس

٧. پزیشکی: ٢ کەس

٨. دارایی: ١ کەس

٩. کیمیایی: ١ کەس

١٠. هەندەسە: ٢ کەس

١١. سایەق: ١ کەس

ب. تەشکیلەی تیپ:

١. فەرماندەی تیپ: ١ کەس

٢. جێگری فەرماندەی تیپ: ١ کەس

٣. (٢ کەرت): هەرکەرتەی ٢ فەرماندەی هەبوو

پ. تەشکیلەی مەفرەزەکان:

١. هەر کەرتێك بریتی بوو لە: ٢ مەفرەزە.

٢. هەر مەفرەزەیەك بریتی بوو لە: ٧ پ. م بەم شێوەیە:

فەرماندەی مەفرەزە + جێگری مەفرەزە + ٥ پ. م

کەواتە هەر کەرتێك ئەبێتە: ٧×٢=١٤ پ. م + ٢ ف. کەرت = ١٦ کەس

هەر تیپێك ئەبێتە: ١٦ × ٣ = ٤٨ +٢ ف. تیپ = ٥٠ کەس

مەفرەزەکانی بارەگای بەتالیۆن بریتی بوون لە ٨ بەش کەسەرجەمیان: ١٩

+ ١ ل. بارەگای بەتالیۆن=٢٠کەس

هەیئەتی بەتالیۆن: ٣ کەس

سەرجەمی بەتالۆنەکە ٥٠ × ٣ + ٢٠ + ٣ = ١٧٣ کەس

- چۆنیەتی دابەش کردنی چەك بەسەر تەشکیلەی بەتالیۆندا:

هەر تیپێك:

ا/ ٣٢کلاشینکۆف‌ومرئەگرێ

ب/ ٦ ئارپیجی

پ/ ٦ ڕەشاش

٢. فەرماندەی تیپەکان + فەرماندەی کەرتەکان + فەرماندەی مەفرەزەکان کلاشینکۆفیان ئەدرێتێ

٣. جێگری فەرماندەی مەفرەزە ڕەشاشی ئەدرێتێ

٤.هەر ئارپیجیەك عەدەدی خۆی هەیە + یەك پێشمەگەری یەدەکیش

- کاروباری ڕۆژانەی بارەگا:

١.دانانی ئەفسەری ئێشکگر

٢.ئێشکگری هۆڵ

٣.دەرگای سەرەکی

٤.ڕێکخستنی لیستی ئیجازە

٥.ڕاگرتنی تۆمارەکان:

ا.تەقەمەنی‌و چەك

ب.دەورە

پ.بنەڕەتی

ت.شەهیدان

ج.کەلوپەل

٦.بەرنامەی ڕۆشنبیری:

ا.ئینسات

ب.کۆڕ بەستن

پ.کتێبخانە

ت.پەخشنامە

ج.سینەما

چ.قوتابخانەو پۆلی دەرس‌ووتنەوە

ح.شانۆ

٧. بەرنامەی‌وەرزشی :

أ. لەش ب. تۆپێن پ. باڵە ت. گۆڵدەستی

٨. بەرنامەی هەرەوەزی :

أ. تەلەفزیۆن   ب. چاپخانە   پ. سۆپەر مارکیت   ت.دووکانی سەوزە

ـ لێپرساوو کادیرو فەرماندەکانی بەتالیۆنی یەك بەم جۆرە بوو:

فەرماندەی بەتالیۆن: مەحمود سەنگاوی

جێگری فەرماندەی بەتالیۆن: م.عەلی عەبدوڵلا

ڕابەر سیاسی بەتالیۆن: سەلاحی کوێخا

لێپرساوی بارەگای بەتالیۆن: مەنسووری ئەنوەر بەگ

لێپرساوی دارایی: مامۆستا جوامێر

لێپرساوی جیهاز: سەید نوری گەرمکی + حەمە ڕەحیم قادر

ئیسناد: برایم مەدحەت جومعە + یوسف عەزیز عەلی(دڵشاد)

زانیاری: بەرزان محەممەد فەرەج + حەمە یوسف نەجمەدین ڕەشید + حسین حەسەن مەحمود.

کیمیایی: ڕۆستەم مەحمود نادر.

هەندەسە: حەقی محەممەد ئەحمەد + مەجید محەممەد مەحمود

پزیشك: قاسم محەممەدوەهاب + فارس محەممەد عەبدوڵلا

سایەق: حسین یوسف ئەحمەد

لێپرساوی ئیدارە: خالد ئەحمەد حەمە ئەمین

ئاشپەز: سەعید سالەح کەریم + شکور حەمە مەحمود

نانەوا : جەلال جەبار عەباس + حەسەن شەریف فەرهاد

ـ تەشکیلەی تیپەکانی بەتالیۆنی یەك بەم شێوەیە بوو:

تیپی ١١ /

ف.ت١: حەمەی حەمە سەعید

ف.ت٢: ئەکبەری سان ئەحمەد

کەرتەکانی تیپ:

کەرتی ١:

ف.ك ١: عەبدولکەریم عەبدولڕەحمان

ف.ك٢: مەهدی حەمە سەعید

کەرتی ۲:

ف.ك ۱: نەبەز حسین

ف.ك ۲: خەلیل مەحمود کەریم

کەرتی ۳:

ف.ك ۱: کەیکاوس حەمە ڕەشید

ف.ك ۲: ڕەفعەت جەعفەر

ئەم فەرماندە کەرتانەش هەبوون:

ئەکرەم ئەحوەل، ئەنوەر حاجی عوسمان، خالید مۆریاسی

تیپی۱۲ /

ف.ت۱: مەحمود مامە عەزە

ف.ت۲: سەلام ڕەسوڵ

کەرتەکانی تیپ:

کەرتی۱:

ف.ك۱: سدیق عەلی تۆفیق

ف.ك۲: عادڵ پیرە مۆنی

کەرتی ۲:

ف.ك۱: ئەحمەد چاوشین

ف.ك۲: مەحمود مامەلی

کەرتی۳:

ف.ك۱: حەمەدووزی

ف.ك۲: عەلیورێڵە

ئەم فەرماندە کەرتانەش هەبوون:

حسینی حامی، مامووریا برایم، جەلال شۆراوەیی

تیپی ۱٤ /

ف.ت۱: سەلام کوێخا عەزیز

ف.ت۲: ئەحمەد جەیران

کەرتەکانی تیپ:

کەرتی۱:

ف.ك۱: سدیق سۆفی مەجید

ف.ك۲: نەوزاد چاوشین

کەرتی۲:

ف.ك۱: حاجی فایەق

ف.ك۲: حەمەپاریاوڵە

کەرتی۳:

ف.ك۱: هاپۆ سمایل

ف.ك۲: سەعیدی لالە سەن

لە سنووری بەتالیۆنەکەماندا:

- کۆمەڵێك خەڵك پارمەتیان وەرنەگرت و ئیجازە درابوون، هەریەکەیان بە هۆیەکەوە.
- کۆمەڵێك خەڵك پەدەك بوون و پارمەتی براوەیان بۆ دیاری کرابوو.
- کۆمەڵێك لێپرسراوو فەرماندە ئیجازە درابوون پارمەتی ئەدران.
- کۆمەڵێك پێشمەرگەی کەم ئەندام و سەقەت.
- کۆمەڵێك خەڵکی ڕیش سپی پارمەتی ئەدران.

دوای ئـەو تەشـکیلانە لەگـەڵ م.عەلیـدا سـەردانێکی ئۆردووگاکـانی سـەریاس و کەچـەڵاواو تـازاواو باوەجانیمـان کـردو لەگـەڵ پێشـمەرگەکانمان و هـەڤاڵانی ڕێکخسـتندا دانیشـتین و لـە سـەر هەلومـەرجی کـاری پێشـمەرگانەو گەشـەپێدانی ڕێکخسـتن و خۆسـازدان بـۆ هـەر ئەگـەرێکی نـوێ لـە گۆڕەپـانی خەباتدا قسەمان بۆ کردن، بە ڕاستی هەموو برادەرەکانمان لە ئاستی پێویستدا بوون و ئامادەییان بۆ هەر ئەرك و فرمانێك هەبوو پێیان بسپێردرێ. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیـە کـە گیـانی شۆڕشگێڕی سـەرەڕای هەڵـە تفـت و تاڵـەکان هێشـتا بـوونێکی هەیـەو خـەڵکی بـیری لای ڕزگـاری نیشـتمانەکەیەتی و ڕۆژگـارە

سەختەکان هێشتا خەڵکی خۆی هەیە تیا هەڵیسووڕێو کەس دەستبەرداری گەلو نیشتمان نابێ.

لەو ڕۆژانەدا کۆمەڵە ماڵە فەیلی یەکی عێراق دەرکرابوون بە ڕووتو قوتی، هیچیان پێ نەبوو، هەندێکیان ئەگەڕان بۆ سواڵکردنی نانو خواردن، ئەمەیە دادپەروەری ڕژێمی فاشیستی کە خەڵکیووڵاتەکەی خۆی بە سونگەی جیاجیا دەرئەکات بۆ دەست بەسەردا گرتنی سەروەتو سامانیان، کە ئەم فەیلییانە نیشتەجێ ی بەغداو سەرەڕای ئەوەی ساڵانێکی زۆرەو هەر لە کۆنەوە لە بەغدادن، بوونەتە خاوەن دەسەڵاتێکی ئابووریو هێزی بازاڕ، لەم هەلومەرجی شەڕو شۆڕە سەپێندراوەدا سەدام لە چەند لایەکەوە گوڵی خۆی ئەکرد: لەگەڵ دەرودراوسێ بەو ناوەی کە پارێزەری دەروازەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبە، لەگەڵ ناوەوەش دەرکردنی فەیلی یەکان بەچەند هۆیەکەوە: یەکەمیان کوردن، دوەمیان تەبەعیەی ئێرانین، سێیەمیان چاپاو کردنی پارەو سامانیان. ئەمەش بەڵگەی داڕووخانی ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی ڕژێمێکی دژی مرۆڤایەتییە کە بە ئاگرو ئاسن تەحەکوم لە ژیانی خەڵکیدا ئەکات، درەنگ بێو زوو خەڵك تۆڵەی لێئەکەنەوە، مەگەر ئەم ڕۆژگارە هەموو ڕژێمە دکتاتۆرەکانی جیهان هەرەس ناهێنێ..؟!.

دوای تەواو کردنی گەشتەکەمان، گەڕاینەوە پاوەو سەردانێکی دێی شمشێرمان کردو چووینە خانەگاو لەوێوە چووینە ئۆردووگای وەرمەهەنگو پاشان گەڕاینەوە کانی دینار.

ڕۆژی ١٩٩٠/٧/٢٧ گەڕامەوە بارەگای بەتالیۆن، بارودۆخی عێراق لە تەقینەوەدا بوو، بە پێی هەواڵەکان چ لە ناوخۆو چ لە ئاستی دنیاداوایان نیشان ئەدا کە ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو لە ناوچەکەدا ڕووئەدات، جموجووڵەکانی عێراق لە ڕووی سیاسیو سەربازی یەوە بەڵگەیەك بوون هەندێ لایەنی ئەوەی دەرئەخست.

داگیر کردنی
کویت

ئـەوە بـوو ڕۆژی ١٩٩٠/٨/٢ هێزەکـانی سـوپای داگیرکـەری عێـراق پەلاماری وولاتی کۆیتیانداو لە ماوەیەکی کەمدا داگیریانکرد کە ماوەیـەك پێش ئەوەش سەدام حسێن لە کۆنگرەی بالآی عەرەبی کە لە بەغدا بەسترا هەڕەشەی لە کویت کرد ئەو کاتە لەوانەیە ئەو جۆرە هەڕەشـەیەی بە هەندوەنەگرتبێ بەڵکووەکو ئاماژەیەك بوو بۆ ناکۆکییەکی کۆنینە کە لە نێوانیاندا هەبوو گوایە کوێت بە شێکی عێراق بووەو ئینگلیز بۆ مەرامەکانی خۆی دایمەزراندووەو لـە عێراقی دابڕیوە.

ئەمە گەورەترین کەرایـەتی بـوو کـە ڕژێمی عێراق و سەرۆکە سەرچڵە دۆڕاوەکـەی ئەنجامیـدا لـە مـاوەی حوکمڕانیـدا کـە پێشتر پـەلاماری دەوڵـەتی ئێرانیشیدا، ئەگـەر چـی بـۆ پـەلاماردانی ئێـران دنیـای ڕۆژئـاوای لەگـەڵ بـوو پشتیوانی سیاسی و سەربازی و ئابوری فراوانیان ئەکرد، بـەڵکو زۆربـەی دەوڵەتـە عەرەبییەکانیش جگە لە سوریاو لیبیا نـەك یارمـەتی سیاسـی و چـەك و پارەیان داوە بەڵکو هێزی سەربازیشیان داوەتـێ، کەچـی لـەم هـەنگاوەی شـەڕی دووەمـی کەنداودا هەموو دنیا دژی بوون تەنانـەت عەرەبـەکانیش. ئەمـە بـووە سـەرەتای لێژ بوونەوەی گلۆڵەی ئـەو ڕژێمـەی هـەموو گـەلانی عێـراق هـیچ خۆشـییەکیان لێنەدی گەرچی بەهۆی پارەی زۆرو زەبەنەی نەوتەوە توانی هەندێ لە ڕژێمە

عــەرەبیو ڕێکخــراوە شـۆڤێنییە عــەرەبیو ئیسـلامییەکان تەنانــەت خــەڵکی عێراقو هەندێ کوردیش ڕابکێشێتە ژێر دەواری تاوانــە ڕەشـەکانییەوە. کـە چـی لە هیچ بارێکدا بچوکترین هەلی ئازادی بۆ خەڵکی نەڕەخساند.ئەم هەنگاوەی لـە ئاستی جیهانیشدا نەفرەتی لێکرا.

ڕۆژی ٨/٦ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ئابڵوقەی ئابوری لـە سـەر عێـراق دانـا بـە هـۆی ئـەو کـارە نامۆڤانەیـەی ئەنجامیـدا، سـەرەڕای هاتوچـۆی وەفدی دەوڵەتانی دنیاو ئاگادارکردنەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەمەوایکرد لـە ئاسـتی ناوچەکەو دنیادا هەندێ هەنگاوی جیدی هەڵبگیرێ بۆ کۆنـترۆڵکردنی هەر هـیچ نەبێ بۆ ڕێگا گرتن لە ڕووداوی تر یان لە ئەنجامدا تـەمبێکردنو لـە غـاوکردنی سەدامووەکو ڕژێمێکی دیکتاتۆری عەسکەرتاری. ئەمە بووە زەمینـە خۆشـکەر بۆ هاتنی سوپای ئەمریکی بۆ ناوچەکە بە تایبەتی بۆ سعودیە.

لــە ڕۆژی ٨/٨و پیشــاندانی کارەســاتی کیمیابــارانی هــەڵــەبجە لــە تەلەفزیۆنی ئەمریکییەوەوەکو بیرهێنانەوەیەکی ئەو تاوانە، گەرچی کاتی خۆی ئەمریکاو ڕۆژئاواش لە ئاستی جینۆسایدکردنی کورددا لە لایەن ڕژێمی عێراقو سەدامەوە بێدەنگ بوون، هەر لەم ڕۆژەشدا بوو ناردنی نەوتی عێراق بۆ دەرەوە ڕاگیرا. سەدام کارێکی نەکەردەنی کرد، بێ بیرکردنەوەو ڕاوێـژ، دیـارە سـەدام لـە نـاو قـەیرانی هەڵوێسـتە گورچـکبڕەکانی دوای شـەڕی ئێـران خـۆی ئـەخواردەوە، ئەیویسـت لـە ڕێگـەی سـەر چـڵییەکەوە تـەپوتۆزی ئـەو دەورانـەی نـاوەوەی بسڕێتەوەو ئەو ئاوی شەرمەزارییەی لە ناوچاوانی تکا بوو بۆی بگەڕێتەوە هەر هیچ نەبێ خەونە دێرینەکەی شۆڤێنێتی عەرەبی لە گەڕانەوەی کۆیت بۆ سـەر نەخشــەی عێــراق بهێنێتــە دی. بەمــەش ســنووری جــوگراڤی بۆســەر کەنــداو فراوانترو لە ڕووی ئابووریشەوە سەرچاوەی داهاتی نەوتی زیاتر بکاتو بەمـەش ببێتە سەرچاوەیەکی هەڕەشەی سەربازی بۆسەر دەوڵەتەکانی تـری کەنـداو. کە دیارە ئەمە بۆ کەس ناکرێو نالوێو ناچێتە سەر. بە تایبەتی دوای ئەوەی دنیا

لەدووجەمسەرییەوە بوو بەیەك جەمسەری‌و هەر لە سەرەتاشەوە ناوچەی کەنداو لەژێر دەسەڵاتی ئەمەریکاو ڕۆژئاوادا بووە.

دوای نەمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات‌و سۆڤیەت ئیتر بارەکە لە بەرژەوەندی ئەمەریکاو هاوپەیمانان نیشتەوەو هەرووڵاتێك بیەوێ سەرکێشییەك بکات ئەوا ئەبێ باجێکی قورس بدات، زەمەنی یاریکردن بە حەبلی ئەم بلۆك‌و ئەو بلۆك بازدان لەملا بۆ ئەولا نەماوە.

سەدام پرسی بە کەس نەکرد،ویستی سەربەخۆ کارێك بکات، نەیزانی تووشی قۆرتێکی گەورە ئەبێ، ئەوەی‌ویستی خۆی نەبوو، ئەوەی چاوڕێی نەکرد کە لەبەر پێیدا سەوز بێ، بۆ ئەوەی دژی ئەمەریکاو هاوپەیمانان شتێك بکات‌و دەروازەیەك بۆ خۆی بکاتەوە سەری لە بەردەم داواکاریەکانی ئێراندا دانەواندو هەمووی قبوڵکرد، ئەرزو ئاوە داگیرکراوەکانی گەڕاندەوە بۆ ئێران.

هەر بۆ نیاز پاکی هەردوولا ڕۆژی ٨/١٧ یەکەم دەستەی دیلەکانی شەڕی ئێران- عێراق گەیشتنەوەووڵاتەکانی خۆیان، ئێرانییەکان بە گەرمییەوە پێشوازیکران‌و گوڵبارانکران، بە پێچەوانەوە عێراقییەکان ئەو جۆرە پێشوازییەیان لێنەکرا دوای ئەو هەموو ساڵە زیندانی‌و خۆبەکوشتدانە لەبەرەکانی شەڕدا، لە پێناوی ڕژێمێکدا کە نرخی ڕۆڵەکانی لەلا بێ نرخە. هەر لەگەڵ ئەم هەڵوێست‌و هەلومەرجە نوێ یەدا ئەبێ کوردیش جووڵەیەك بکات. دۆخەکە بقۆزێتەوە. ئەگەر چی بەرەی کوردستانی هەبوو، لەکاتێکی ناسکیشدا درووست بووبوو ئەبوایە لە ئاستێکی بەرزداو بە تێڕوانینێکی سیاسیانەوجیدییەتێکی پڕ لە حەماسەتەوە بۆ ئەم مەسەلەیەی بڕوانیبایەو ڕێگا چارەی ڕێکوپێکی دابهێنایە، لە ناو بەرەدا بە پلەی یەکەم (ی.ن.ك) بە پەرۆشەوە لە ڕووی هەستکردن‌و بەرپرسیارێتی ئاییندەی کوردەوە لەهەوڵی دیاریکردنی چارەنووسی کورددا بوو بە هەر نرخێك بێت یا قۆناغەکە سەختتریش بێت. بۆ ئەم مەبەستە هەموو فەرماندەو جێگرو ڕێبەر سیاسی بە تالیۆنەکان بانگ کران‌و ڕۆژی ٢٨/ ٨ لە قاسمەڕەش کۆبوونەوەو گفتوگۆی

گەرم لەسەر ئایینـدەی عێـراق‌و بڕیـاری سـاڵی ١٩٧٥ ی جـەزائیر کـرا ئەگـەر جێبەجێکرا چی بکەین:

ئەگـەر دەرگـای ئێرانمـان‌وەکو ڕێگـا پێـدانی دۆسـتانە لـێ داخـرا چـی بکەین..؟

ئایـا وەکو مـەلا مسـتەفا ئاشـبەتاڵی لـێ بکـەین‌و دەسـت لـە خـەبات هەڵبگرین، یان هەنگاوی تر هەڵبگرین..؟.

ئێمـە ئـەزموونی شۆڕشـی پێشـوومان لـە بەردەسـتدایە، زۆر جـار ڕووداوەکـان لەگـەڵ دەرودراوسـێدا بەشـێوازی جیاجیـاو لـە هـەلی جیاجیـادا ڕوونەدەنـەوە، بـەڵام ئـیرادەی بڕیـاری سیاسـی لـەم مەسـەلەیەدا دەور ئـەگێڕێ، ئەگەر ئیرادەکە لاوازو سەرکردەکان ترسنۆکبن ئـەوا بێ سێ‌و دوو چارەنووس ئاشبەتاڵە، ئەگـەریش ئـیرادە بـەهێزو سـەرکردەکان ئـازاو کوڕی ڕۆژی تەنگانـە بوون ئەوا کوانووی شۆڕش‌و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن گەرم ئەبێ.

لەم کۆبوونەوەیەدا هـەمووان بەیـەك دەنـگ بڕیاریـان دا کـە سوور بـین لەسـەر خـەبات بـەردەوام ئـەبین لـە تێکۆشـاندا، ئەگـەر هـەر هەموویشـمان تێداچووین. بۆ ئەم مەبەستەش ئەبێ هێزەکانی خوارەوە بەهێزو پتەو بکـرێن، بارەگاکانی ناو ئێران ببەینە سەر سنوور، ئەگەر عێراقیش داوای گفتوگۆی کـرد قسەی لەگەڵدا ئەکەین. پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ کۆبوونەوەکان تەواو بـوو، بـۆ شەوەکەی گەڕاینەوە کانی دینار.

ڕووداوەکان ڕوو لە ئاڵۆزییە، جیهان شڵەژاوە، زلهێزەکان ئەبێ لە بابـەت ئەم کەرایەتییەی عێراقەوە بڕیار بدەن‌و کلك‌و گوێی بکەن. لەم ڕووەوە ڕۆژی ١٩٩٠/٩/٩ جۆرج بۆش‌و گۆرباتشۆف لە هیلسنکی دانیشتن‌و بە پەلـە داوایان لـە عێراق کرد لەکوێت بکشێتەوەو لەووڵاتـە دەربچێ، ئەمـەووریا کردنەوەیـەکی ترسـناك بـوو بـۆ عێـراق‌و ئاییـندەی ناوچـەکە ئەگـەر بێتـو عێـراق پابەنـدی بڕیارەکـان نـەبێت چارەنووسـێکی مەترسـەیدار لـە پێشـیدایە. زۆر لـە شارەزایان‌وای بۆ ئەچوون کە شەڕێکی سەخت لە کایەدایەو عێـراقیش پاڵـەوانی

دۆڕاوه چونكه له ئیرادەی نێو دەوڵەتی دەرچووەو هیچ بانگەوازێك كاری تێناكاتو سواری سەری شەپۆلێكی تووڕه بووەو لەوانەیه سەر نەیەنێته دواوه. بۆ ئێمه ڕژێمی عێراق چی لێبێ گرنگ نییه، چونكه زۆر ئازاری داوین، بەشوێن تۆڵەدا ئەگەڕێین، بۆیه باسو خواسی ڕۆژانەمان لەسەر هەلومەرجی شەڕ ڕوودانو تووشبوونی عێراقو دەوری ئێمەو خەڵكی كورده بۆ گەیشتن به ئاواتەكانمان كه كیمیاییو ئەنفالو جینۆساید تەماوی كردبوو.

ئاسۆ لەبەر دیدەماندا ڕووناكتر خۆی ئەنواند، لەم ڕۆژنەدا لەگەڵ هەڤالان حامی حاجی غالیو شێخ جەعفەردا سەردانی ئۆردووگاكانی كەچەڵاواو سەریاسو شارەكانی كرماشانو پاوەمان كردو چاومان به خەڵكانی خۆمان كەوتو له بارەی هەلومەرجەكەوه له گەڵیانا گفتوگۆی تیرو تەسەلمان كرد.

هەر لەم مانگەدا بوو ڕۆژی٩/٢٠وەفدی كوردی بەسەرۆكایەتی هەڤاڵ مام جەلال چووه پاریس، لەسەر دۆخی كوردو شۆڕشەكەی قسەیان كردو داوای یارمەتی سیاسیو ئەخلاقییان كرد، ئەمه دەنگدانەوەیەكی باشی بۆ مەسەلەی كورد هەبوو، هەریەكه هەستمان بەوه ئەكرد كه كورد له دنیای دەرەوەدا گوێی لێئەگیرێووردووورد تەماشایوەرەقەكەی ئەكرێو له ئاستێكی بەرزی نێو دەوڵەتیدا تێڕوانینی باشی لەسەر تۆمار ئەكرێ به تایبەتی فەرەنساش كه ڕۆڵێكی گرنگی له ناووڵاتانی ئەورووپادا هەیەو ئەندامێكی دیاری نەتەوه یەكگرتووەكانو ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییه.

لەم ڕۆژانەدا بۆ خۆ چارەسەر كردن بەرەو تاران ڕۆییشتم، له ڕێگادا سەردانی شارۆچكەی ئەبهەرم كردو دواتر چوومه خورەمدەرەو له ماڵی حەمید عەبدوڵڵا كه خەڵكی كفرییەو خزممانه لامدا، له تاران خۆم پێشانی پزیشكداو هەموو كاری تەماشاكردنو ئەشیعەو شتەكانی ترم ئەنجامداو پاشان ڕۆژی ١٩٩٠/١٠/١ لەگەڵ ئاغا عیسا نورییان كه هاوەڵ زاوای حەمه ئێرانی خزمی خۆمه گەڕامەوه سنەو كانی دینار. كاتی خۆی حەمه ئێرانی دوای ئاشبەتاڵەكەی ماڵی مەلا مستەفا چووه ئێرانو له مەشهەد ژنێكی هێنا لەو

کوردانـەی کـاتی خـۆی شـا عەباسـی سـەقەوی ڕایگواسـتبوون بـۆ ئـەو سـنووره دوورانە. کە ئەو ژنە لە کاتی ئەنفالە بەدناوەکاندا لەگەڵ منداڵەکانیدا کەوتنـە بەر شاڵاوی دڕندانەی سوپای داگیر کەری بەعسو تا ئێستاش بێسەرو شوێنن.

لە ڕێگەی ئیزگەکانەوە ڕۆژی ۱۰/۱۸ هـەواڵێکی گـرنگم گـوێ لێ بـوو کـەوا شا حەسەن پاشای مەغریب باسی دابەشبوونی عێـراقو درووسـتبوونی دەوڵـەتی کـوردیو دانـی کـەرکوك بـەو دەوڵەتـە نوێیـەی کـورد.ئـەم قسـەیە لـە ڕووی سیاسییەوە بـۆ کـورد قورساییەکی تایبـەتی هـەبوو، کەسـەرکردەی دەوڵـەتێکی ڕۆژئاوایوولاتـانی عـەرەبو دوور لـە مەسـەلەی نەتەوایـەتی کـورد ئاوەهـا تێڕوانینی خۆی نیشان بداتو پەنجە بخاتە سەر ئـازارو داخوازییـەکانی خـەڵکی کورد کە لەوانەیە زۆر کەسـی کوردی خۆبەسیاسـیزان هێشـتاوا بـەو ڕاشکاوییە نـەوێرن داوای مـافی چارەنووسـی کـوردو درووسـتبوونی دەوڵـەتی کـوردیو دابەشـبوونی عێـراق بکـەن. بگـرە هەنـدێ حیزبـی کـوردی هـەر لـە کولەکـەی تەڕیشدا لەوانەیە توخنی باسکردنی دەوڵەتی کوردی نەکـەوێ هەنـدێ کەسـیش بە ڕاشکاوی زات نەکەن کەرکوك بە بەشێك لە کوردستان بزانن کە ئەمشارە بـۆ ئێمە لە چەند ڕوویەکەوە نابێ دەستبەرداری بین:

۱. هـەر لـە کۆنـەوە شـوێنی نیشـتەجێ بـوونی کـورد بـووەو بەڵگـەی مێژوویيانەی زۆر لە بەردەستدایە لەم بارەیەوە.

۲. لە ڕووی کشتوکاڵییەوە ناوچەیەکی بە پیتە گەر بایەخی تـەواوی پـێ بدرێو پێشەسازی کشتوکاڵی تێدا بـەکار بهێنـرێو ئەبێتـە سەرچاوەیەکی بـاش بـۆ بـەرەو پێشـەوە چـوونی کشـتوکاڵو دابـین کردنـی گـوزەرانی جووتیـارانو دانیشتوانی ناوچەکەی.

۳. لە ڕووی سامانی پێشەسازییەوە زۆر دەوڵەمەندە بە تایبەتی نەوت.

٤. لـەو ڕۆژەوەی نـەوت لـە کەرکوکـدا دۆزرایـەوە گرنگـی پەیـدا کـردو دوورایيیەکی سیاسیوەرگرت لـە ڕووی ئابوورییـەوە ئـیتر مەینەتییـەکانی گـەلی کوردیش سەریهەڵدا، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێـراق هـەوڵیان داوە بـە

هێـزی ئـاگرو ئاسـن ڕەسـەنیەتی ئـەو شـارە لـە کـوردەواری بسـڕنەوە، مـافی ئەوەیشیان نەداوە بە دانیشتوانەکەی کە لە کۆمپانیای نەوتداوەکو فەرمانبەرو کرێکاریش دابمەزرێن گەر هەشبن بە پەلە دوور خراونەتەوەو دەرکراون. بۆیە هەر لە کۆنەوە هەوڵدراوە ئەم شارە لە کورد بتۆرێننو خەڵکی لە دوورەوە بۆ بهێنن بە تایبەتی عەرەبی ناوەڕاستو خوارووو کوردیش دەربکرێن بۆ خوارووو یان ناوچەی بە ناو حوکمیزاتی دەستکرد.

نەك هەر دەسەڵاتدارانی عێراقی عەرەبی ڕایان بەرامبەر بە کەرکوك وابووە بەڵکو دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورکیش هەمان بۆچوونیان لەسەر کەرکوك هەیە بەڵام ئەمان بە شارێکی تورکنشینی ئەزانن، بەهۆی ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان کوردستان بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تورکیو ئێستاش کەمینەیەکی تورکمانی لێیەو تورکیاش پشتیوانی مانەوەی ئەم کەمینەیە ئەکات. گەرچی ئەم تورکمانانە زۆربەیان هیچ پەیوەندییەکیان بە نەتەوەی تورکەوە نییە، بەڵکو لە بنەچەدا کوردنو تێکەڵاوی دەسەڵاتی تورکی بوونو ئێستا خۆیان بە بەشێك لەو نەتەوەیە ئەژمێرن. ئەمەش یەکەم هەڵگەڕانەوە نییە لە مێژوودا بە نیسبەت کوردەوە.

زۆر کورد لە کورد دوور کەوتوونەتەوەو بە گەرمیش خزمەتی بێگانەیان کردووەو بوونەتە هۆی خامۆشی چرای کوردایەتی. هەرچی یەك بێت، ئێمە قبوڵمان بێتو نەبێت، دوژمن گەرەکی بێو نەبێ، کەرکوك شارێکی کوردییە، گەر ئێستا نەوت لە گەمە سیاسەتدا گری لە چارەنووسی باڵای ئەم شارە بەردابێ، ڕۆژگارێك دێت بە زیندووی ئەگەڕێتەوە باوەشی پڕ لە مێژووی کوردستانو لە چنگاڵی داگیرکەرانی ڕزگاری ئەبێ.

یەکگرتنــەوەی
کۆمەڵە ـ شۆڕشگێڕان

لەم ماوەیەدا جارێکی تر مەسەلەی یەکگرتنەوەی کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان سـەریهەڵدایەوە،وادیارە ئـەم جـارە بـە جیـدی بـیری لێکراوەتـەوە، هەرچـەندە قۆناغەکە ئەوەی ئەخوازی، لە دوای هەلومەرجی ئەنفال پێویستی بـەوە ئـەکرد یەکێتی لە ڕووی کاری ڕێکخراوەییەوە دەست بـە خۆیـدا بهێنـێ‌و بـۆ ئـەم ساتە ناسکەی خەبات خۆی دابین بکات‌و ئەرکەکانی‌وەئەستۆ بگرێ. بۆ ئەم مەبەسـتە هەموو کادیرەکان بانگکران، لەگەڵ کاک حەمە ڕەش‌و مەلا ئەحمەدی دسکەرەدا چووینە مەریوان‌و لەوێیشەوە بۆ سەقزو شەو لەوێ بـووین ئینجا کەوتینـە ڕێ بۆ قاسمە ڕەش.

ڕۆژی٢٠/١٠/١٩٩٠ لەســـەر ئـــەو مەســـەلەیە کۆبوونەوەیـــەکی فـــراوان ئەنجامـدرا لـە لایـەن ناوەنـدی کۆمەڵـەوە لێدوانێکی گـەرمکرا، زۆرینـەی زۆری دەنگەکان لەگەڵ گۆڕاندا بوون، لەگەڵ ئەوەدا بوون کـە یەکگرتنـەوەی کۆمەڵـەو شۆڕشگێڕان بکرێت‌و جۆرە ڕێکخستنێکی نوێ پێکبێت. لەم ڕووەوە ئۆپۆزسیۆن هەبوو، بەڵام دەنگێکی کەمیان هەبوو، لەوانە کاک بەهزاد داوود حەمە ڕەحیم‌و مامۆسـتا ئیکـرام عـەلی حـەبێ لەگـەڵ ئـەو یەکگرتنەوەیـەدا نـەبوون، هـەر پەنجـەیان بـەرز ئـەکردەوە بـە دژ، نـەك ڕوونکردنـەوەی فیکریـان هـەبێ. ئـەم لەگەڵ نەبوونـەش شـتێکی سروشـتییە، مـافی ڕادەربـڕین‌و هەڵوێستی تایبـەتی

بروا بوونە یا نەبوونە بە شتێك، بەڵام لە ئەنجامدا نەبێتە کۆسپو دژایەتی توندو تیژ. چونکە ئەوەی ئەمڕۆ باوەڕت پێی نەبێت مەرج نییە سبەینێش‌وا بێت، گۆڕان خیانەت نییە لە هەڵوێست، بەڵکو بڕوا نەبوون بە گۆڕان دوگمایە. ئەم ڕۆژگارە ئەبێت زۆروریا بین لە خورد کردنەوەی بیروبۆچووندا ئەگینا ئەکەوینە چاڵی قووڵەوەو ڕزگارمان نابێ.

دوای ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەی فەرماندەیی گشتیمان کردو بە تێروتەسەلی قسەمان لەسەروەزعی ئاییندەی عێراق کرد، ئەگەر رووخا ئەبێ چی بکەین..! بە نیسبەت بەتالیۆنەکەی ئێمەوە بڕیار درا کە هەموو هێزەکەمان بگوێزرێتەوە بۆ ناو پاوە بۆ باشتر سەرپەرشتی کاروبارەکانمان لەو سنوورەوە، هەم بۆ ناوچەی شارەزوورو هەم بۆ گەرمیان.

دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکان گەڕاینەوە مەریوان‌و هەوڵی گواستنەوەی هێزەکانمان دا لە ڕێگای پەیوەندی یەکانەوە بۆ پاوە. تا لە ڕۆژی ١٩٩٠/١١/١٤ پسوولەمان بۆ کراو بە ئۆتۆمبیل هەموو پێشمەرگەو کەلوپەلەکانمان گواستەوەو هەر هەمان ڕۆژ گەیشتینە پاوە.

دوای چەند ڕۆژێك لە مانەوەمان برووسکەمان لە پارتیزانەکانەوە بۆ هات لە بارەی گرتنی شینەی حەمە ڕەش کە تاکو ئەنفالەکان پێشمەرگەو فەرماندەی کەرت بوولە تیپی ٥١ ی گەرمیان‌و دوای خۆ بەدەستەوە دانی دوای ئەنفالەکان بە ڕژێم‌و هەندێ هەڵوێستی نوێی کە بووە هۆی ئەوەی برادەران لە ڕۆژی ١٩٩٠/١١/٣٠ بڕیاری گوللە بارانکردنی بدەن.

هەرچەندە ئەم بڕیارەم پێناخۆش بوو، بەڵام کار لە کار ترازابوو، ئەم هەڵوێستە لە کاری سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕش نەچوو کە هەر کەسێك هەڵەیەك بکات ئەبێ سزای مەرگی بەسەردا بدرێ، من‌وای بۆ ئەچووم کە شینە تەمبێ بکرێ نەك بکوژرێ.

شینە هەندێ ڕەوشتی تایبەتی هەبوو کەوای لێکردبوو هیچ کاتێ سەر بۆ هیچ کەسێك دانەنەوێنێ، نەلەعەشایەری‌و نەلە پێشمەرگایەتیدا. ئەم خۆ

بەدەستەوەدانەی هەڵەیەکی گەورە بوو بە تایبەتی هەندێ قسەشیان خستە دوای، بەهەر حاڵ چەند خزمەتی کوردایەتی کرد هیچی بۆ حیساب نەکراو گەر هەڵەیەکی کردبێ لێبوردنی بۆ نەکرا. ئەمەش بۆچوونی خەڵکی توندڕەوە کە لە قۆناغێکدا خۆیشم هەر بەو ڕێڕەوەدا تێپەڕبووم‌و بگرە بەهەمان پێودانگ گۆش کرابووم.

کە بەتالیۆنەکەمان گواستەوە بۆ ئەو سنوورە، بوارمان بۆ ڕەخسا بۆ سەردانی ئۆردووگاکان‌و بەسەر کردنەوەی خەڵکەکان‌و گۆڕینەوەی بیروڕاو قسەکردن لەسەر ئایندەی عێراق‌و کوردو هەڵوێستی سیاسی لە ناوچەکەدا بەرامبەر دۆزی کورد. بە نیسبەت خۆیشمانەوە لە ڕووی کاری پێشمەرگانەوە هەوڵدان بۆ گۆشکردنی پێشمەرگە بە نوێترین شێوەی سەربازی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕژێمی بەعسی داگیر کەرو خۆتەییار کردن بۆ هەر ئاڵوگۆڕێك بێتە پێشەوە. بە تایبەتی مەسەلەی پارتیزانەکان‌و هێز ئامادە کردن بۆ گۆڕینیان‌و هاتووچۆ پێکردنیان بۆ حەسانەوەو کۆمەك کردنیان.. هەر لەم ماوەیەدا بوو کە هێزێك ئامادە کرا بۆ چوونە خوارەوە بەسەرپەرشتی کاك حەمەڕەش‌و مامۆستا جەلالی برای‌و ئاواتی شێخ جەناب.

ڕۆژی ١٩٩٠/١٢/٤ لە پاوەوە ڕۆیشتین بۆ ئیسلام ئابادو کرندو سەرپێلی زەهاوو ئێوارەکەی گەیشتینە تیلەکۆی سەر سنوورو برادەران چوونە ئەودیودا بۆ گەرمیان. دوای ئەوەش ئێمە کە کارەکانمان لەو ناوە تەواو کرد گەڕاینەوە پاوە.

کۆنفرانسی

پــــاوە

دوای بڕیاردان لەسەر یەکگرتنەوەی کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان، بڕیار درا کە کۆنفرانسی ناوچەیی ببەسترێت بۆ هەڵبـژاردنی لێپرسـراوی ڕێکخستنی نـوێی ئەم تەشکیلە نوێیەو هەروەها دیاریکردنی نوێنەرانی کۆنگرەی گشتی ئایینـدەی یــەکێتی. ئــەوەبوو ڕۆژی ١٠/١٢/١٩٩٠ لــە پــاوە کۆنفرانســی ناوچــەیی بەتالیۆنەکـەمان لـە نـاو هـۆڵی سـینەمایەکدا بەسـترا، هەسـتمان ئـەکرد ئێمـە غـەریبین‌و لـە شـوێنی خۆمـان نـین بـەڵام پێویسـتی کـارو قۆناغەکـەوای لێکردبـووین هەوڵبـدەین بـۆ کـارکردن‌و خـۆ دەربـازکردن لـەم هـەلو مەرجـە ناسازەی تێیکـەوتبووین.. ئـەم کۆنفرانسـە بـە ئامـادە بـوونی کـاك کۆسـرەت‌و لیژنەی سەرپەرشتی ئەنجامـدرا کـە سـەرەنجامی هەڵبژاردنـەکان بـەم شـێوەیەی لای خوارەوە بوو:

١/ هەڵبژاردنی نوێنەری کۆنگرەی گشتی لە بەتالیۆنەکەماندا :

نـــــــــاو	ژمارەی دەنگ
مەحمود سەنگاوی	١٩٦
م.عەلی عەبدوڵڵا	١٨٣
مامۆستا جوامێر	١٨٧
عوسمانی حاجی مەحموود	١٣٢
سەلاحی کوێخا محەممەد	١٠١

ئەکبەر سان ئەحمەد	١٠٠
مامۆستا مەحمود کەریم	٩٣
حەسەن جیهاد (ئەبوفەلاح)	٩٠
حەمەی حەمە سەعید	٨٧
ئاسۆی شێخ نووری	٧٩
یوسف عەزیز (دڵشاد)	٧٩
کەمال هەورامی	٧٥
شێرزاد عەزیز	٧١
مەجید محەممەد مەولود	٧٠
مەلا سەعید	٦٧
نیازی عیزەت	٦٤

ب/ هەڵبژاردنی لێپرسراوو کادیرەکانی ڕێکخستنی بەتالیۆنەکەمان:

نـــــــــاو	ژمارەی دەنگ
م. عەلی عەبدوڵڵا	١٦٩
مامۆستا جوامێر	١٣٠
کەمال هەورامی	٦٩

ڕۆژی ١١/١٢یش کۆنفرانسی ناوچەیی ڕێکخستنی جەماوەری سنوری بەتالیۆنەکەمان ئەنجامدرا کە نوێنەرەکانیان لە ئۆردووگاکانی تازاواو کەچەڵاواو ڕەوانسەرو سەریاسو سونقرو کەنگاوەرو کامیارانووەرمەهەنگەوە هاتبوون، ئەنجامەکەشی بەمجۆرە بوو:

نـــــــــاو	ژمارەی دەنگ
غەزالی مەحمود	٤٢
مەلا ساڵەح	٤١
وەهبی پاشا	٣٤
عوسمان عەلی عارف	٣١

دوای ئەم کۆنفرەنسە ئیتر کەوتینە ڕێکخستنی کارەکانمانو جموجوولی باشتر بۆ گەشەپێدانی یەکێتیو کۆکردنەوەی خەلکی لە دەوری بە تایبەتی هەلومەرجەکە لە دوو ڕووەوە لە بار بوو:

١. زەمەنی شەڕی کەنداوی دووەمو داگیر کردنی کوێتو ئەگەری نوێی دۆخەکەو خۆسازدان بۆ هەر گۆڕانێك بێتە کایەوە.

٢. گەشەکردنی ڕێکخستنی لایەنە ئیسلامیەکان لە ناو ئۆردووگاکاندا بۆ جێ پێ لێژکردنی ڕێکخستنی لایەنە سیاسی یە عەلمانییەکان تا ڕادەی شەڕ پێفرۆشتنو پێکادان لە ناو خەلکەکەدا لە سەر هەلوێستی سیاسی بە تایبەتی توندڕەوی ئەو لایەنە ئیسلامییانە بەرامبەر بە رەفزکردنەوەی کوردایەتیو خۆبەستنەوەیووشك بە ئاینو خورافاتەکانی بێ لێکۆلینەوەو دەرخستنی ڕاستییەکان کە هەندێ جاریش بە دەست لە پشتدان ئەم کارەیان ئەنجام ئەداو مەبەستی سیاسی لە دواوە بوو.

ئەگەر چی هەندێ جار لە هەندێ ئۆردووگا دۆخەکان ئالۆز ئەبوو بەلام بەلای ئیسلامیەکاندا نەئەشکایەوە، بگرە زۆر جار دەسەلاتی ناو ئۆردووگاکەش خۆیان تێنەئەگەیاند، بگرە هەر مەبەست نەبوو بە لایانەوە کە خۆیان بخەنە ناو باسێکەوە کە شەڕ بوو لە نێوان مارکسیو ئیسلامییەکانو نەیانئەویست سەری خۆیان بیەشێنن بەوەوە بگرە لە لایەکیشەوە پێیان خۆشبوو گرفتی ناوخۆیی بۆ ئەم لایەنانە پەیدا ببێ. ئێمە هەر شەڕی سیاسیو ئاینیمان بۆ درووست نەئەبوو بەلکو کێشەی لابەلاشمان بۆ درووست ئەبوو.

کە لە ڕۆژی ١٩٩٠/١٢/٢٨ ئەکرەمی ئەحوەل لە ناو شارۆچکەی پاوەدا بە ڕۆژی نیوەڕۆ بە چەکەوە پەلاماری نیازی عیزەتیدا بۆ ئەوەی بیکوژێت، بۆیە پۆلیسی گەلانتەری هاتنە سەرمانو داوای ئەکرەمیان کردو لە دوایشدا زیندانیان کردو هەمیشە بە چاوی گومانەوە تەماشایان ئەکردین کە لەناوولاتەکەی ئەواندا ئێمەوەکو میوان زۆر جار کێشەیان بۆ بەرپا ئەکەینو

لە ئیلتزامی یاسایی ئەوان دەرئەچووین، ئەمەوایکرد کە ئێمە لای خەڵکی پاوە خۆشەویست نەبین، بۆیەوەزعمان باش نەبوو، بۆیە بە چاکمان زانی سەردانێکی مامۆستا مەلا قادری ئیمام جومعەی پاوە بکەین، ئەو بە ڕاستی زۆر هاوکاری کردین‌و هەڵوێستەکانی کاریگەرێتی تایبەتی هەبوو لەسەر چاکبوونی‌وەزعەکە.

دوای ئەوەی سەردانێکی کانی دینارم کردو بەفرو بارانێکی زۆر باری‌و دارو درەختی ئەو ناوچەیەی شکاند، سەردانی هەندێ ماڵە برادەرم کرد، عوسمانی برام بەبۆنەی سەری ساڵەوە لەدەرەوە هەندێ ئامێری مۆسیقاو کەلو پەلی یاریکردنی بۆ منداڵەکان ناردبووەوە.

ڕۆژی ۱۹۹۰/۱۲/۳۰ سەرێکی ئۆردووگای بارام ئاوام داو چوومە ماڵی کاک حەمە ڕەشیدی عەلی شەریف‌و شەوێ لەوێ بووم بە دەمەتەقێ‌و قسەی خۆش‌و باسی جۆراو جۆرو یادگاری کۆن کاتەکەمان بەسەر بردو خەونەکانمان لەبەرەبەیانی ساڵێکی تازەدا بەبا کردو نەخشەمان بۆ ژیانێکی خۆشتر دائەڕشت کە نەمانئەزانی چۆن ئەبێ.

ساڵی ۱۹۹۱

هەموو خەڵکی دنیا لەجەژنی سەری ساڵدا خەونی ڕاستەقینە ئەبینن. ئێمە خەونیشمان لێ حەرامە. نەتەوەیەك لەسەر زەویدا جێگای نەبێتەوە، دەسەڵاتەکان لێیبدەن، قڕی تێبخەن، چۆن بۆی هەیە خەونی خۆش ببینێ، بۆنی بوونی خۆی بکات. ئێمە ئەگەر خەونیش ببینین ئەوە بەهەشتێکی پڕ لە دووپشك‌و مارو جاندرمەو سوپاو ڕەبایەو هێزی سەربازی‌و کیمیایی‌و کۆپتەرو تانك‌و ئاوارەیی‌و ... هتد ئەبینین.. ژیان دۆزەخە، بەڵام مرۆڤی شۆڕشگێر لەناو بۆتەی ئەم هەموو ئازارەدا خۆی ئەبینێتەوەو ڕێگا نادا ناخۆشیەکان بە تەنیا بیخۆنەوە، لەناو ئەو هەموو ناسۆرییەدا ئاسۆیەکی

ڕووناك قوتیلەكەی لە ناخیا دائەگیرسێنیو ئومێدێكی گەش تخوبی هەستو هەڵوێستی ئەگرێتەوە.

ساڵی ١٩٩٠ بۆ هەندێ لە گەلانی دنیا ساڵی یەكگرتنەوە بوو بە تایبەتی هەردوو ئەڵمانیا، ئەگەر چی بۆ ئێمەش هەندێ لاپەرەمان هەڵدایەوە، بەڵام هەر هێشتا كەمبوو، ئەبێ ساڵی تازە چی تێدا بێت، بە تایبەتی هەلومەرجی ناوچەكە پڕ لە گرێو گۆڵو ئاڵۆزیو مەترسی شەڕو هەراو بگرەو بەردە بوو، خەونی ئێمەش تەنیا ئەوە بوو خێرو بێرێكی بۆ كورد تێدا بێت. بەو ئاواتانەوە ڕۆژانە چاوەڕوانی ئەوە بووین وەرچەرخانێك ڕوو بدات، كەس ناتوانێ خەونەكانمان لێبسێنێ، بە تایبەتی لە كاتێكدا كە دنیا ئاوسە بە دەیەها ڕووداویوا كە خەونەكانمانی خۆشتر ئەكرد، هەتا ئەهات دۆخەكە گرژی زیاتری بەخۆوە ئەدی، جموجوولێكی سیاسیو دیبلۆماسی فراوان دەستی پێكردبوو بۆ ئەوەی خراپتر نەقەومێو عێراق لە هەنگاوە سەرشێتییەكەی پاشگەز بێتەوە.

بۆیە جیمس بیكەرو تاریق عەزیز ڕۆژی ١٩٩١/١/٩ بە ڕەسمی كۆبوونەوە، دوای گفتوگۆیەكی تێرو تەسەل هەرچیان كرد نەگەیشتنە سەرئەنجامێكی ئەوتۆ ناوچەكە لە سووتانی شەڕێكی مسۆگەر ڕزگار بكەنو شكستیان هێنا، بە پەلە دیكۆیلاری سكرتێری نەتەوە یەكگرتووەكان باڵی گرتەوەو گەیشتە عێراق، بەڵام هیچ بەرنامەیەكی داڕێژراوی پێ نەبوو، تەنها هەر ئەوەندەی پێ بوو كار لە عێراق بكات لە كوێت بە سەلامەتی بكشێتەوە، عێراق بە قسەی ئەو ڕیشسپییەیان نەكرد، كەوتبوونە هەڵەیەكی سیاسیواوەوایان ئەزانی كە دنیا لێیان ئەترسێ، نەیانئەزانی خۆیان ئەكەونە ناو تەڵەیەكەوە چارەنووسی ئایینەدیان تەماوی ئەبێو لە بەرامبەر ئیرادەی نێو دەوڵەتیدا خۆیان پێڕاناگیرێو هیچیان پێناكرێ، ئەوان لە قسەو ڕاگەیاندنی سەرشێتانەی خۆیان نەئەكەوتن.

ڕۆژی ١٩٩١/١/١٢ لەتیف نسەیف جاسموەزیری ڕاگەیاندنی ڕژێمی عێراق ڕایگەیاند کوێت پارێزگای ژمارە ١٩یە. هەروەها ڕۆژی ١٩٩١/١/١٤ ئەنجوومەنی بە ناو نیشتمانی عێراق سەدامی سەرپشك كرد بۆ شەڕ كردن لەسەر کوێت.

ئەمە سەدامی هەڵنا بۆ ئەوەی ڕۆژی ١٩٩١/١/١٥ سەردانێکی کوێت بکاتو لەو دۆخە تەماوییەداوورمیەك بە هێزەکانی ببەخشێو خۆیشیوا نیشان بدات کە پاڵەوانێکی سەرکەوتووی شەڕەو گوێنەداتە ئەو چاوڕاوەی لە دژی ئەکرێ، هەر ئەم ڕۆژەش دوا مۆڵەتی ئەنجومەنی ئاسایش بوو بۆ دەرچوونی هێزەکانی ڕژێمی عێراقی لە کوێت.

ئێمە زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەلومەرجەکە بووین، بەرچاو ڕوونیش بووین کە ڕژێمی سەدام لە ڕۆخ کارەساتێکی گورچك بڕدایە، چونکە لێی قبوڵ ناکرێوا بە ئاسانی سەرەوەریووڵاتێکی سەربەخۆی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێل بکرێ، بە تایبەتی کە کوێت خاوەنی سامانێکی زۆری نەوتەو دەورێکی گرنگ ئەگێڕێ، بە نیسبەت دەوڵەتە پێشەسازییە زلهێزەکانەوە، ڕژێمی عێراقوایزانی بە قسەی خۆی (فەرع) بۆ (ئەسڵ) ئەگێڕێتەوە، یان هەر هیچ نەبێ دەوڵەتۆکەیەکی بچووکی عەرەبی ئەخاتەوە سەر نەخشەکەی خۆیو بەمەش ئەتوانێ بەشێکی زیانەکانی جەنگی خۆی قەرەبوو بکاتەوەو کەسیش دەنگ ناکات، کەچی بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی خستە سەری، نەك هەر خەون نەهاتە دی، بەڵکو شەرعیەتی دایە ئەمریکاو هاوپەیمانانی بە هێزی سەربازییان ڕاستەوخۆ بێنە ناوچەکەو جێگیر بن دوای ئەوەی ئەمە خەون بوو بەلایانەوەو لەدوای نەمانی شەڕی ساردو ڕووخانی کەمپی کۆمۆنیستی لەوەها بیانوویەك ئەگەڕان بەم کارە هەڵسن تا خواوڕاستان عێراق ئەمەی بۆ ئاسان کردن.

لە نزیکبوونەوەی ڕۆژە ڕەشەکانی ڕژێمی عێراق، ئێمەش باشتر خۆمان ئامادە ئەکرد، بۆ هەر ئەگەرێکی چاوەڕوان کراوی نوێ. سەرکردایەتی یەکێتی

نیشتمانی کوردستان هەندێك پرۆژەی داڕشتبوو بۆ کار کردن لە کاتێکدا کە ئەمەریکاو هاوپەیمانان لە عێراق بدەن ئێمەیش دەست بەکار بین:

- ڕزگار کردنی شارو شارۆچکەکان.

— دەست بەسەردا گرتنی دامو دەزگاکانی بەعس‌و پاراستنی بەڵگەنامەکان.

—وەلانانی ڕق‌و دوژمنایەتی کە بەهۆی مەسەلە کۆمەڵایەتی یان سیاسییەکان درووستبوو بوو بە تایبەت لە گەڵ چەکدارەکانی ڕژێمدا.

ڕۆژی ۱۹۹۱/۱/۱۳ کۆبوونەوەی بەتالیۆنمان کردو بە پێی بەرنامەیەکی سەربازی ڕێکوپێك ناوچەکانمان دابەشکرد تاکو لەگەڵ هەر ئەگەرێکی پەلاماری عێراقدا ئێمەیش دەست بەکار بین‌و دەوری خۆمان بگێرین‌و سنوورەکان کۆنترۆڵ بکەین. چونکە ئەمانزانی ڕژێمی عێراق بەرگەی ئەو پەلامارە ناگرێ، سوپاکەی زۆر ماندووەو شەڕی پێناکرێ، ئەو سوپایەی بەدرووستبوونی دەوڵەتی نوێی عێراق هەمیشە لە شەڕدا بووە بە تایبەتی شەڕی کوردستان ـ ڕژێم، هەروەها هەمیشە لە کودەتا کردندا بووە، کەمجار بۆی هەلکەوتووە ماوەی پشوودان بە خۆوە ببینێ، بۆیە ئەو شەڕی ٨ ساڵەی ئێران‌و پەلاماردان‌و داگیرکردنی کوێت زیاتر کەشەنگی کردبوو، هێزێکیش لە ژێر تەپوتۆزی شەڕدا هیلاك بووبێ مەحاڵە بتوانێ بەرگە بگرێ.

هەموو ڕۆژێك کەبەسەر عێراقدا تێئەپەڕی لە هەناویدا شتێکی ترسناکی هەڵگرتبوو، ئەگەری لێدانی لە لایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیەوە زۆر نزیك بوو، بە تایبەتی عێراق بە تاقی تەنیا کەوتبووە بەرەیەکەوە، دنیاش لە بەرەکەی تردا، تەنانەت ئەو دەوڵەتە عەرەبیانەی تا دوێنێ کۆمەکی سەربازی‌و ئابووری عێراقیان ئەکرد لە شەڕی هەشت ساڵەی بەرامبەر بە ئێران هەموویان دژی‌وەستان‌و هێزیان کۆکردەوەو لەگەڵ ئەمەریکادا هاودەنگبوون، عێراق خۆشی ئەترسا کە کەوتبێتە ناو تەڵەیەکەوە دەرباز بوونی نەبێ.

شـــەڕی

کـەنـداو

١٩٩١/١/١٧ ڕۆژێکـی گرنگـە لـە مێـژووی ناوچـەی کەنـداوو ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستدا، کە کاتژمێر ١ی شەو بەسەرکردەیی ئەمەریکا٣٠ سی دەوڵەتی جیهان بـەهێزی سـەربازیو ئاسمـانی هێرشـی بـەربڵاوو کوتوپڕیـان کـردە سـەر سوپای داگیرکـەری عێـراق لـەناو کوێتـدا. هێرشـەکە ئەمەنـدە تونـدو تیـژو سـەختو بـەهێز بـوو بـواری بـە هێزەکـانی عێـراق نـەدا چـاو بکەنـەوە، سـەدام ئەوەنـدە مێشـکی دنیـای سـوتاندو گاڵتـەی بـە هـەموو لایـەك کـرد تـا بـە گـورزێکی کوشندەوەڵامیان دایەوە. نەیانهێشت بیر لە هیچ بکەنەوە تەنانەت نەیانئەتوانی بەرگریش بکەن.

ئەو درەنگانی شەوە کە هەواڵەکە بڵاو بووەوە بۆ ئێمـە زۆر خـۆش بـوو، هـەموو پێشـمەرگەمان ئاگـادار کـردەوە، بـە تەلـەفۆن پەیوەنـدیمان بـە زۆر شوێنەوە کرد، لە ئۆردووگاکان تاکو هەواڵەکەیان پێ بگات، ڕادیۆ زۆر گرنگ بوو بـۆ گواسـتنەوەی دەنگوباسـی بـەرەکانی شـەڕ، هـیچ هێزێکـی پێشکەوتوو خـواز نـەبوو لـە خۆشـیدا نـەبێت، هـەر تـەنیا ئەوانـەی لـە سـەنگەری کۆنەپەرستیو دژایـەتی مرۆڤایەتیدا بـوون دڵتـەنگبوون بـۆ ڕژێمـی عێراقـی، سـەیر لەوەدایە خەڵکـە سـونەکەی ئێـران زۆر خـەمبار بـوون کـەوا لـە عێـراق درا، مـەولووی ئێغەمبەریان ئەکرد کەوا سەدام نەشکێ، چونکە بەلایانەوە تەنیا سەرکردەیەکی ئیسلام بەرگری لە سوونـە بکات هەر سەدامە،وایانئەزانی کە ئەو شەڕی هەشت

ساڵەیە شەڕی سوننەو شیعەبووە. نەك هەر ئەمە بەڵکو پێشتریش ڕەخنەیان لێ ئەگرتین بۆچی شەڕ لەگەڵ سەدام ئەکەن..؟ لە چیتان کەم بوو..؟

ئێمە خۆمان لەو سەخڵەتیەی ئەوان هەڵنەئەقورتاند، بەڵام ئەوان زیاتر سەخڵەت ئەبوون و ئەمەش گەیشتە کاربەدەستانی شاری پاوەو پەیوەندیان پێوە کردین کە هەندێك دۆخەکە ڕابگرین و کارێك نەکەین کێشەو ڕووداو بەرپا بێت. لێدانەکە ئەمەندە گرنگ بوو پێشمەرگەکان شیرینییان بەسەر خۆیاندا ئەبەخشییەوە، ئەوەی ڕادیۆی پێبوو کەڵەکەیان ئەکرد بۆ بیستنی دوا هەواڵەکانی بەرەکانی جەنگ و تێکشکانەکانی سەدام. ئەمەش کاری لە دەروونی خەڵکی ئەکرد.ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێ نەك هەر لە پاوە بەڵکو لە سەرتاسەری کوردستانی ئێراندا ئەم هەڵوێستە هەبوو. بگرە خەڵکیان هەبوو مەولووی کردبوو کە کچێکی نەزری سەدام بێت هیچی لێنەیەت.

ئەم هەموو ئازارەی خەڵکی کوردی ئێران هیچی لە ئازارەکانی سەدام کەم نەکردەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ڕژێمی عێراقی ڕۆژانی ١٨ - ١٩٩١/١/٢٠ بە ڕۆکێتی سکۆد دای لە ئیسرائیل و سعودیە، بەهۆی ڕۆکێتی باتریۆتی بەرگرییەوە لەئاسماندا پوچەڵ ئەکرانەوە بێئەوەی ئامانجەکانی خۆیان بپێکن. ئەمە عێراقی زۆر شڵەژاند، ئەوەوای دانابوو بە چەند ڕۆکێتێك ئیسرائیل بسووتێنێ. نیشانەی شکستەکانی عێراق دەرئەکەوت کە ٧ فڕۆکەی جەنگی عێراق گەیشتنە ئێران و لە فڕۆکەخانەکانیدا نیشتنەوە. لەناو ئەم ساتەوەختە خۆشانەدا خورپەی هەواڵێکی دڵتەزێن ناخی دڵی گوشین، ڕۆژی ١٩٩١/٢/٣ هەواڵی شەهید بوونی کادیری خۆشەویستی گەرمیان سەید محەممەدمان پێگەیشت، بە یەکجار ئازاری دڵیداین، ئەو کەڵە کادیرەی کە لە ناو دارو پەردووی وێرانەی ئەنفالدا گیانی ئەکردە بەر پێشمەرگەکان، هەڵپەی ژیانەوەی ئەکرد، دژی دوورکەوتنەوە بوو لە خاك، ئەو ئازارەکانی ڕام ئەکرد، نەیئەهێشت کەوشەنی ڕۆح بتەنن و نائومێدی بچنن. سەرەڕای ئەوەی ژن و منداڵە چاو گەشەکانی کەوتبوونە ژێر ساتۆرە کولەکەی ڕژێمی ئەنفالەوەو

نائومێـد بـوو لـه گەڕانـەوەیان، ڕژێـم ئەوەنـدە داخ لـە دڵـبـوو گرتنـی سـەید محەممەدی لەداوێکدا بەهۆی کۆمەڵە کورد فرۆشێکەوە بـەلاوە گـرنگ بـوو زۆر بـە پەلـە شـەهیدی کـرد.سـەید محەممـەد بۆخـۆی داستـانێك بـوو هێشتا کـەس نـــەیتوانیوە هۆنراوەکـــەی بهۆنێتـــەوە ئەگـــەر لەبیرنەچـــێ وەکو چـــۆن ژن و منداڵـەکانی چـوونەتە خانـەی لـەبیر چـوونەوە لەگـەڵ هـەزارەها کەسـی تـری ئـەنفالکراودا ، شلێەنی ووتنە لەگـەڵ گرتنـی هـەڤاڵ سـەیددا کۆمـەڵێك هـەڤاڵی ترمـان لەلایـەن ئیسـتیخباراتەوە دەسـتگیرکران کـە کـاتی خـۆی لـە ماڵەکـەی جوامێری قالـە جافـدا بـۆ چـاوپێکەوتنی هـەڤاڵ سـەید چووبوونە ئـەوێ یـان نامەیان بۆ چوو بوو بۆ بینین و هاوکاری کردنـی شـۆڕش و جوامێر لـەو شتانە ئاگادار بـووەو دەنگیـان تۆمـار کرابـوو ، لەوانـەش : حەمـەی حـاجی مـەحمودی هـارونی ، برایمـی سـەمینی زەماوەنگـەیی ، خـەلیل چیمەنتۆ ،حـاجی سـیروان ، حەمـــەی وەلی ، حەمـــەی حیـــزب ، عوسمـــان بـــاوەنوری ، دڵسـۆزی ئەحمـەد کەلاری..هتد.

ڕۆژی ۱۹۹۰/۲/۱۵ لە بارەگای بەتالیۆن بووم لە پـاوە، کـاك دانـای ئەحمـەد مەجید نوێنەری یەکێتی لە کرماشان تەلـەفۆنێکی بـۆ کـردم. کە چوومە سـەر خەت کاك نەوشیروان قسەیکرد، داوای لێکردم کە یەکسەر بچمە کرماشان، کە گەیشـتمە ئـەوێ کـاك نەوشـیروان پێـیووتم کـە خـۆم کۆبکەمـەوەو دابەزمـە خـوارەوە بـۆ گـەرمیان و هەنـدێ پێویستیش هەیە بیگەیەنمـە بـرادەران و تێـی گەیانـدم کـە چـۆن پەیوەنـدی بـە دەسـتەکانمانەوە بکـەین و خـەڵکی ئامـادەی ڕاپـەڕین بکـەین، لـەو کاتانـەدا پێشـمەرگەکان ووتیان: کـاك نەوشـیروان کـاك مەسعود بارزانی هات. کاك نەوشیروان چووە پیرییـەوەو پێشوازی لێکـردن کـە چەند کەسێکی تری لەگەڵدا بوو، یەکێکیان عومەر ئاغای دۆڵەمـەڕی بـوو، دوای بـەخێر هـاتن کەوتنـە قسـە کردنـەوە، گفتوگـۆ لەسـەر لێبوردنەکـەی بـەرەی کوردسـتانی کـرا. کـاك نەوشـیروان ووتی: ئێمـە ئـەبێت وەفامان هـەبێت بـۆ لێبوردنەکەی خۆمان و ڕێگە نەدەین کەس تاوانبارەکان بکوژێ. ئەگەر ئەوانە

عەفوو نەکەین ئەبێ بچن لە خوارووی عێراق بژینو پاش قەرنێکی تر نەوەکانیان ئاوارەی کورد ئەبن، کە ئێستا عەفوویان بکەین ناهێڵین جارێکی تر میللەتەکەمان ئاوارەی هەبێ. کاک مەسعود هەڵیدایەووتی: من رام‌وانییە، بەرای من ئەم جاشانە هەرچی ماڵیان کۆکردووەتەوە لەسەر خوێنی میللەتو خوێنی شەهیدو عارەقی پێشمەرگە کۆیان کردووەتەوە ئەبێت هەموو ماڵو سەروەتەکانیان لێوەربگرینەوەو بیدەینە ئەو پێشمەرگە تێکۆشەرانەی چەند ساڵە عەزیەتیان ئەبێ.

دوای قسەکردنو دەمە تەقێ ئەوان هەڵسانو لێیاندا رۆیشتن. من ئەمە یەکەم جارە لە نزیکەوە مەسعود بارزانی ببینم. لە قسەکانیدا هەندێ ناواقیعیەتم بینی کە ئەو داوای سزادانی جاشی ئەکرد کەچی هەندێ زانیاریمان لایە کە زۆربەی جاشە درندەکانی کوردستان لە لایەن پارتییەوە ئاراستە ئەکران بۆ دژایەتیکردنی شۆرشی نوێی کوردستان.وا ئێستا بە پێچەوانەی رای یەکێتییەوە داوای سزادانی جاش ئەکات. من‌وای بۆ ئەچووم گەر یەکێتی داوای سزای خۆفرۆشانی بکردایە ئەوان پێیان لەسەر لێبوردنیان دائەگرت. ئەم جیاوازی بیروڕایە لەسەر دیاردەیەك لەسەر ئەنجامەکەی بۆ بەرژەوەندی ئایندەی کورد شتێکی خراپەو لە روانگەی بیری تەسکی حیزبایەتییەوە خۆی ئەنواند. ئەبوایە هەردوو بە گیانی پڕ لە پەرۆشەوە بۆ خزمەتی گەلەکەمان هەنگاویان هەڵبگرتایەو کۆنە قینو ناکۆکییەکان لە قۆناغێکیوا ناسکدا شەنو کەو نەکرێو لە هەڵوێستەکاندا تۆڵە نەکرێتەوەو هەردوولاوەك یەك خۆشەویستی میللەتیان دەستە بەر بکردایە.

ئیتر من خۆم کۆکردەوەو رۆژی ٢/١٦ لە کرماشانەوە بەرێ کەوتین بۆ تەپەرەش لەگەڵ پاسدارێکدا بۆ ئەوەی لە رێگا نەمانگرن. لە رێگە سەرمان دا لە دێی رێژاو کە ئەکەوێتە بەردەم چیایەکی بەرزو ئاوی ئەڵوەند لەو چیایە دێتە خوارەوە، رێژاو هەمووی باخاتە، ئەوەندە خۆشە ئەڵێی بەهەشتە، لەوێ چووینە ماڵی خزمەکانی کاك حەمە پاریاوڵە. دوای ئەوە رۆیشتینو گەیشتینە

تەپـەڕەش نزیکـی سـنووری عێـراق‌و شـەوەکەی لـەوێ ماینـەوە، ڕۆژی ٢/١٧ سەردانێکی سـەرپێلی زەهاوەمـان کـرد، لەسـەر شۆسـتەی جادەکـەی ناوبـازاری سەرپێلدا ڕاوەستا بووین لەو کاتەدا هەندێ ئۆتۆمبیل دایان بەلاماندا زانـیم کـە ئـەوە تـاریق عـەزیزی‌وەزیری دەرەوەی عێراقـەو بـەرەو تـاران ئەڕۆیشـت تـاکو لەوێوە سەردانی ڕوسیا بکات، چونکە ڕێگای ئاسمانی نـەبوو ناچار بـە ڕێگای زەمینی‌و لە ئێرانەوە بڕوات. دوای ئەوە هەندێ پێداویستی‌وەکو ڕۆنی کوردی‌و شتی ترم بۆ برادەران کڕی‌و گەڕاینەوە تەپە ڕەش، کاتژمێر ٦ی ئێوارە لە نزیک دێی گردەنوو هەنـدێ گوێدرێـژی قەلغانییەکانمان هێنا بـۆ گواسـتنەوەی کـەل‌و پەلەکانمان بۆ لای پارتیزانەکان.

شـەوی ٢١ـ٢/٢٢ / ١٩٩١ لەگـەڵ کـاك حەمـە پاریاوڵـەو حەمـەی مالیـەو جومعەی مەجید داودەو مام جـەبار عـەلی قازی‌و حەمـە چاوشین‌و شـەریف خەلیفە سدیق‌و برایم ئەحمەدی ئامۆزام‌و حەمـە ئێرانـی‌و چـەند کەسێکی تـر کەوتینە ڕێ بەرەو ڕۆژهەڵاتی دێسووتك‌و سـەرووی حـاجی لـەرو لـە خـوارووی گۆمە بەحرییـەوە خۆمـان کـردە نـاو زەل‌و قامیشـەکانی خوڕخـوڕدا کـە هـەموو ناوچەکە پڕبـوو لـە عـەرەبی تـەعریب، لـە ڕێگـادا ئاگاداریـان کردمـەوە کـە مـام جـەبارو مـام شـەریف پەکیانـە، منـیش تووڕە بـووم‌ووتم: ئـەم دوو مـام گووە بۆچـی پـەکیان کـەوتووە..؟ چاوەڕێمان کـردن تـا گەیشـتن‌و لـەو نـاوەدا خۆمـان حەشاردا. بۆ ڕۆژەکەی چووینە خوڕخوڕو ئێوارەکەی چووینە سەر سیروان، لەو قـەراغ چـەمەدا کەڵـەکمان شاردبووەوە لـە ڕاسـتی دێـی لـەواوان کەڵەکـەکانمان دۆزییەوەو بەهیمەتی کاك حەمە پاریاوڵەو جومعەی مەجیدو حەمە چاوشین ئامادەمـان کـردن‌و هەرچـەندە بـاران بـوو، بارەکـان‌و پاشـان‌وولاخەکانمان پەڕاندەوە بەرەو پاریاوڵە چووین، شەو لەبەر باران‌و تـاریکی‌و ماندوویەتی لـە ناو قامیشەکانی سەرووی پاریاوڵەدا ماینـەوە، ڕۆژەکـەی چووینە ئەشکەوتێك‌و ئاگرمان کردەوەو خۆمان گەرمکردەوە.

لێدانەکان ئەمەندە توند بوو خۆبەدەستەوەدان و تێکشکانەکانیش ئەوەندە سەختبوون ناچار سەدام بڕیاری پاشە کشەی لە کوێتدا. بەڵام ئەمریکا هەر بەو بڕیارە ڕازی نەبوو، بەڵکو جێبەجێکردنی ١٢ خاڵەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ کشانەوە لە کوێتی سەپاند بۆ پابەند بوونی سەدام پێوەی. ڕۆژی ٢/٢٧ عێراق ڕایگەیاند کە هەموو هێزەکانی لە کوێت کشاندووەتەوە. ئەمەریکاش بڵاوی کردەوە کەوا ٧ فیرقەی سوپای عێراق تیاچووەو پەنجا تانك بە ساغی گیراوەو فڕۆکەخانەی ناسریە گیراوەو ڕێگەی کشانەوەی عێراق لە پشتەوە گیراوە.

ڕۆژی ٢/٢٨ کاتژمێر ٨ی سەر لە بەیانی شەڕوەستا بەو مەرجەی عێراق لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا هەرچی لاشەی کوژراو هەیە بیداتەوە ئەمەریکا، دیلەکان ئازاد بکات، هەرچی مەیدانی مین لەووشکانیدا هەیە نیشانی هێزەکانی ئەمریکا بدات. هەروەها نیشاندانی هەموو مینی ناو دەریاش. بەهیچ شێوەیەك تەقە لە سوپای ئەمەریکا نەکرێت، هەرچی زیانەکانی کوێتە بیبژێرێت، مووشەك بەرەو هیچ وڵاتێکی ناوچەکە نەهاوێژرێت. هەر ئەمرۆش ژمارەی دیلی عێراقی گەیشتە ١٧٥ هەزار سەرباز، ژمارەی کوژراویش ١٠٠ هەزار کە ئەکاتە لە ناوچوونی زیاتر لە ٤٢ لەشکری سوپای عێراقی.

سەیرە هەموو ناوبژیوانی کردنەکان نەیانتوانی سەدام قایل بکەن بە کشانەوە، کەچی یەکەم زەبری پەلامارو لێدانەکان سەدامی ڕاچڵەکاندو تێیگەیاند کە بەرامبەر بڕیاری هێزەکانی نێودەوڵەتی هیچ نییە، باشتر نەبوو ئەم کابرا سەرشێتە بە ئابڕووی خۆیەوە بگەڕێتەوەو ئەو هەموو زیانە لە خۆی نەدات و سوپاکەی تێك نەشکێ..؟ سەدام گەر هێزی سوپای بەدەستەوە نەمێنێ یەك ڕۆژ لە تەمەنی دەسەڵاتدا نامێنێتەوە.

ئێمە لە گەڵ ئەو هەموو هەواڵانەدا لە ناخەوە شاگەشکە نەبووین، لەو جۆڵەوانیەدا هەستمان بە سەرکەوتنی خۆمان نەکرد. زۆرمان پێخۆش بوو کە

ئەم دوژمنە دیکتاتۆرە، ئەم ڕژێمە خوێنڕێژە لەو بەرزییەوە غلۆر بێتەوەو تۆڵەی ئەو دەیان ساڵە زوڵم‌و ستەمەی لێبکەینەوە.

ڕۆژی ۳/۱ لە ئەشکەوتی هۆمەری نزیکی پاریاوڵەوە چووینە پەناگاکانی کاك حەمە پاریاوڵەو پاشان شۆڕ بووینەوە بەرەو تەنیا ماڵەکەی حەمەی ئەولکەریمە سوورو شەوەکەی لە هەردەیی خەوتین، ڕۆژی دوایی چووینە مارف سەیدەو کوردەمیرەکان‌و قەڵۆمز لوقمان، پاش نیوەڕۆکەی چووینە مەسۆیی مامران‌و ئینجا بۆ دێی کۆیکی زێدی خۆم کە لە شوێنێکی چەپەکدایەو لای خەڵکی زۆر خۆش نییە، بەلام هەموو بەردو دارێکی لە دڵمدا جوان‌و ڕەنگینە، شەوەکەی لە ئەشکەوتی هێلانە پلیسیرگەکەدا ماینەوەوێنەی ئەم دێیەوێرانەیەم بۆ یادگاری گرت.

ڕۆژی ۳/۲ لە ئاوەسپی ڕاوە ماسییەکمان کردو ماسییەکانمان برد بۆوێرانەکانی زستانە. کەلە ژیانی پێشمەرگایەتیدا زۆر ڕێزیان لێگرتبووم‌و یارمەتیان دابووم، کچێکی تیا بوو بەناوی بەدیعە عەبدولکەریم خدر زۆر ئازا بوو، هەرچی کەلو پەل‌و تەقەمەنییەکمان هەبوو لای ئەو دامان ئەناو بە باشی بۆی ئەپاراستین، نەمئەزانی لە ئەنفالدا چی بەسەر هاتووە، بۆ یادکردنەوەی چوومە سەروێرانەکەیان‌ووێنەی ماڵە ڕووخاوەکەیانم گرت، ئینجا ماسییەکانمان برژاندو دوای نانخواردن بەرەو چیای ئاژداخ‌و بنکەکەی جاری پێشوومان چووینەوە.

شایانی باسکردنە کاتی خۆی جولەکە لە کوردستاندا هەبوون بەلام ژمارەیان کەم بوو، بەشێکیان لە شارەکاندا ئەژیان بەشێکیشیان لە دێهاتەکاندا.. ئەمانە خەڵکێکی بێوەی‌و کاسب بوون بە تایبەتی دێهاتییەکانیان . باوەڕیان بە ئاینەکەی خۆیان زۆر قایمبوو، خۆڕاگر بوون‌و بەرگەی زوڵم‌و ستەمی خەڵکی تریان گرتووە بە تایبەتی ئەوانەی گەڕیان پێکردوون‌و شەڕیان پێفرۆشتوون.. جارێکیان لەم دێی زستانەیە جولەکەیەك ئەبێتە میوانی هەسەنە شەل کە کابرایەکی خاوەن دەسەلات بووە لە دێیەکەدا.. هەسەنە شەل ئەیەوێ گەڕێك

بەو جولەکەیە بگێڕێ چونکە پارەو زێڕێکی زۆری پێبووە. هەسەن ڕوو ئەکاتە جولەکەکەو ئەڵێ: جووە جمێنی جولەکانە زۆر خۆشە بۆ هەنێ جمێنم نادەیتێ..؟ جولەکەی بەستەزمان ئەڵێ: خوا نەکات.. چۆن هەڵەی وا ئەکەم جمێن بە جەنابتان بدەم. هەسەنە شەل زۆری لێئەکاووازی لێناهێنێ جولەکەکەش ناچار ئەبێ جمێنێکی بداتێ: هەسەنی سەگبابو..! ئیتر هەسەن بانگی کوڕانی خێڵ ئەکاتو ئەڵێ: پیاو ئەگەر نەگبەتی بیگرێت جولەکەش جمێنی ئەداتێ. ئیتر بەو بیانووەوە جولەکەی داماو ڕووت ئەکەنەوەو دەستبەدەری ئەکەن.

ڕۆژی ٣/٤ لەوێوە بەرەو مەسۆیی بەرگەج گەڕاینەوەو لەوێشەوە چووینە چیا چەرموو کەلە ٥٠٠ مەتری دووری دێیەکەوە فڕۆکەیەکی عێراقی کەوتبووە خوارەوە لە لایەن فڕۆکەکانی ئەمەریکاوە کە ڕۆژانە ڕاویان ئەکردن. بە جوانی وێنەی ئەو فڕۆکەیەم گرت. ئاخۆ ئەبێ ئەم فڕۆکەیەی ئێستا ئەم هەردەیە بووەتە گۆڕستانی چەندین جار پەلاماری کوردستانی دابێو زیانی زۆری بە خەڵکیو دێهاتەکان گەیاندبێ..؟

کێ ئەڵێ ئەمە یەکێك لەو فڕۆکانە نییە کە بۆمبا ژاراوییەکانی کیمیایی نەڕشاندووەتە سەر هەڵەبجە دا..؟

چەند خۆشە دوژمنە دڕندە بێبەزەییەکەی خۆتوا بە زەلیلی ببینی.! ئەو دوژمنە کە سوپایەکی شەڕەنگێزی بەهەموو جۆرە چەكو تەکنیکی سەربازی سەردەمەوە سازو تەییار کردبوو بۆ تەفروتونا کردنی کوردو هەڕەشەشی پێ لە دەوڵەتانی ناوچەکە ئەکرد.

هەموووڵاتانی دونیا سوپا بۆ پاراستنی خۆیانو گەشەپێدانو خزمەت کردنیان بەکار ئەهێنن، مەگەر تەنیاووڵاتە دیکتاتۆرییەکان سوپاوەکو داردەستێك بۆسەرکوتانەوەی خەڵکیو کوشتنو بڕین بخەنە خزمەتی سیاسەتی چەپەڵیانەوە. ڕژێمی بەعسو سەدامی دیکتاتۆر بەهەمان پێودانگی دیکتاتۆرەکانی تری دنیا کارەساتیان بۆ گەلەکانی عێراق ئەنجامدا، سوپاکەشیان

ئامادە ئەكرد بۆ جێبەجێكردنی نەخشە دزێوەكەیان. بۆیەئەم سوپایە هەمیشە ئەركی بەجێهێنانی بەرنامەو سیاسەتی كوشتنو خراپە كاریو لەناوبردن بووە. سەربەخۆیی نەبووە لە ئەنجامدانی كاروبارەكانیدا، هەمیشە هیچ مافێكی نەبووە لە ڕاو بیرو بۆچوونو هەڵوێستدا، بگرە دەیانو سەدان سەركردەی ئەفسەریان لێ پاكسازیكراوە بە تۆمەتی نابەجێی جیاجیا، كە دێتە سەر تۆمار كردنی سەروەری هیچ سەروەرییەكی تۆمار نەكردووە لەگەڵ دەرەوەی عێراقدا نموونەش شەڕی ئیسرائیلو شەڕی هەشت ساڵەی لە گەڵ ئێران، لەناوخۆشدا هەر خەریكی توندو تیژی بووە بەرامبەر بە خەڵكی لە ڕێگەی كودەتاوە، هەروەها خەریكی ئەنجامدانی شەڕی نابەرامبەر بووە لەگەڵ كورددا. بۆیە ئەبینین سوپایەكی بێهێزو بێدەسەڵات بووە لە حوكمداو هەموو تواناكانی لەژێر كۆنترۆڵی سەدامو بەعسدا بووە.

ئەگەر بەراوردی بكەین لەگەڵ یەكەم ناوكی دامەزراندنیدا كە فەوجی ئیمام موسای كازمیان پێووتووەووردەوورده گەشەی كردو بووەتە سوپایەكی پڕچەكو مۆدێرنو خاوەن توانای لە ڕادەبەدەر، هێشتا ئەوسا تای تەرازوو قورستر بوو. كەسێتی سەربازی بەهێزتری هەبوو.

بەپێی هەندێ سەرچاوەی سەربازی ئاگادار توانا سەربازییەكانی هێزەكانی سوپای عێراق بەم شێوەیە پێش جەنگی كەنداو ئامار كراوە:

- ١ ٢٠٠ ٠٠٠ سەربازی چەكداری هێزی زەمینی بەهەموو بەشو یەكەكانەوە.
- ٦٥٠ فڕۆكەی جەنگی هێزی ئاسمانی جگە لە كۆپتەرە جۆراو جۆرەكانی.
- ٥ ٨٠٠ تانكی جۆراوجۆری پێشكەوتوو.
- هەزاران جۆری تۆپو تۆپخانەی قورسو مووشەكی دوور هاوێژ لەم شەڕە سەختو دژوارەدا لەگەڵ ٣٠ دەوڵەتی دنیادا ئەبێ بەشی شێر لە زیانو

زەرەرەکـان بـەر سـوپای عێـراق بکـەوێت کـە بـە پێـی تەقـدیراتی سەرچـاوە ئاگادارەکان ئەو زیانانە گەیشتۆتە ئەم ڕادەیە:

زیانی مرۆیی:

- ١٠٠٠٠٠ کوژراوی سەربازی
- ٨٦٠٠٠ دیل
- ١٥٠٠٠ کوژراوی مەدەنی

زیانی مادی:

- ٢٨٥٠ تانك تێکشکێنـراون
- ٤٥٠ زرێپۆش
- ٣٠٠ بنکەی مووشەکی زەوی ـ ئاسمان تەفروتونا بوون
- ٥٠ بنکەی مووشەکی زەوی ـ زەوی تەفروتونا بوون
- ٣٠٠ فڕۆکەی جۆراوجۆر فەوتان
- ١٥٠ کەشتی دەریایی تێکدران
- ٧٦٠٠ تۆپ و ڕاجیمە تێکشکێنـران

زیانی ئابووری عێراق بە ٢٤٠ ملیار دۆلار مەزەندە ئەکرێت. ئـەوەی لەم هێزە زەبەلاحە مایەوە ئەوەیە:

- ٤٠٠٠٠٠ سەربازی چەکدار
- تانکی جۆراوجۆر
- زرێپۆش
- پارچە تۆپ
- فڕۆکەی جەنگی
- هەلیکۆپتەر

عێراق لەووڵاتێکی سەربازیی بە تواناو خاوەن ئابوورییەکی بـەهێز بـوو بەووڵاتێکی هەژاری ئەوتۆ دنیا بەزەیی پێدا بێتەوەو کۆمەکی بکات. زیانـەکانی

هەر لە مەیدانی شەڕدا نەبوو بەڵكو لەوە زیاتر بژاردنەوەی زیانەكانی كوێتیشی ئەچێتە سەر، سەرەڕای قەرزی بیانیو زیانەكانی شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا كە مەزندە ئەكرێت بە ٦٠٠ ملیار دۆلار. ئەمە هەمووی لە ناوچەوانی دەسەڵاتی دكتاتۆریانەی سەدامو فاشیەتی حیزبی بەعسدا بەسەر گەلانی بێچارەی عێراقدا هات. ڕژێمێك ئەمە ڕەفتاری بێتو سوپایەك هەر خەریكی كودەتاو بەگژداچوونەوەی بزووتنەوەی دیموكراتخوازی خەڵكی عێراقو لێدانی خەباتی ڕەوای گەلی كوردی بێ بە ئەنفالو كیمیاییو تەعریبو ڕاگواستن، ئەبێ هەر چاوەڕوانی ڕۆژێكی ڕەشبێت مەرگی خۆی تێدا ببینێتەوەو لاشەكەی فڕێ بدرێتە زبڵدانی لەبیرچوونەوەو نەفرەت لێكردنەوە.

[illegible]

خۆ ســـازدان بـــۆ

ڕا پـەڕیـــن

گـەلانی عێـراق هـەموویان‌وەکو مەنجـەڵێکی پەسـتێنراو لەسـەر ئـاگر جۆشیان ئەخواردو هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوون ڕووبـەڕووی یـەکجارەکی ئـەو ڕژێمـە ستەمکارە ببێتـەوە. ئـەو کەرایەتییـەی سـەدام لـە پـەلاماردانی کوێتـدا کـردی‌و ئـەو لێدانـەی لەلایـەن ئـەمریکاو هاوپەیمانـەکانی کرایـە سـەری‌و ئـەو شکستەی تووشی هات، زەمینـەی زیـاتری خۆشـکرد بـۆ هەڵچوونی کـەفوکوڵی خەڵکی‌و ڕاپـەڕینی سەرتاسـەری. چونکە بـەعس خـۆی لـە ڕێگـەی کودەتایـەکی شوومەوە هاتە سەر حوکم ئەیئەزانی گورزی ڕاپەڕین چـەندە قورسـەو ئـازاری پێئەگەیـەنێ. هەسـتی بـەوە ئەئـەکرد کـە ئـەو هـەموو سـاڵە پـڕ لـە زوڵـم‌و ئەشـکەنجەو تونـدو تیژییـە ئەبێتـە چـەقۆیەکی تیـژو گـەردنی ئەسـتووری ئەبڕێتەوە. ئەو لێدانەی ئەمریکاو هاوپەیمانان بـاری نـاوخۆیی عێراقـی تێکـدا، لە خوارووودا جموجووڵ پەیدا بوو، خەڵکی هەستان. ڕژێم شڵەژابوو، ئەو هەموو شکستەی لە کوێتدا تووش بوو.. لە نـاو خۆشـیدا خـەڵکی ڕاپـەڕی، هەڵوێستێکە تەحـەمول نـاکرێ. لـە کوردستانیشـدا دۆخەکـە لـە تەقینـەوەدا بـوو، هێزەکـانی بـەرەی کوردسـتانی بـەرەو نـاوەوە ئـەهاتن، بـە تایبـەت هێزەکـانی یـەکێتی نیشتمانی کوردستان هەموویان کەوتبوونە ڕێ کـە بـە پێی نەخشـەیەکی گشتی کارەکـانی داڕێـژرابوو هـەموو کوردسـتان کرابـووە چـەند میحوەرێکـەوە هـەر میحوەرێکیش ئەنـدامێکی مەکتـەبی سیاسـی سەرپەرشـتی ئـەکرد بـە هاوکـاری

لیژنەیەك كە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و كارەكان درووست كرابوون، هەر میحوەرێكش بریتی بوو لە چەند یەكەیەك:

١. **میحوەری سلێمانی.. كە سنورەكەی بریتی بوو لە:**

سلێمانی، پێنجوێن، هەورامان، شارەزوور، دەربەندیخان، باوەنوور، كەلار، خانەقین، سمود، كفری، دووز، زەنگابات.

ئەم میحوەرە دوو یەكەی هەبوو:

ا/ یەكەی گەرمیان: كە لە سنووری تەپەڕەشی ئێرانەوە كارەكانی بۆ ناوەوە ڕائەپەڕاند.

ب/ یەكەی شارەزوور: لە دۆڵە ناوەوە بۆ ناوەوە خۆیان ئامادەو ساز ئەكرد.

ئەم میحوەرە كاك فەرەیدون عەبدولقادر سەرپەرشتی ئەكرد بە هاوكاری هەڤاڵان شێخ جەعفەر، حامی حاجی غالی، شێخ عەلی شێخ حەمە ساڵەح.

٢. **میحوەری كەركوك.. سنوورەكەی بریتی بوو لە:**

كەركوك، چەمچەماڵ، دووكان، ئۆردووگاكانی: ئەڵڵایی، بازیانەكان، شۆڕش

٣. **میحوەری هەولێر.. سنوورەكەی بریتی بوو لە:**

هەولێر، كۆیە، هەموو ئەو ئۆردووگایانەی كەوتبوونە ئەو دەڤەرەوە

٤. **میحوەری ڕاپەڕین.. سنووری ئەمیش پێهاتبوو لە:**

قەڵادزێ، ڕانیە، چوارقوڕنە، سەروچاوەو خۆشناوەتیو هەموو ئۆردووگاكانی ئەو دەوروبەرە.

٥. **میحوەری بادینان.. سنورەكەی بریتی بوو لە:**

باڵەكایەتیو بادینان بە هەموو شارو شارۆچكەو ئۆردووگاكانییەوە.

سنوری گەرمیان لە میحوەری یەكدا بوو ئەم میحوەرەش كرابووە چەند یەكەیەكەوە بە پێی ئەو شارۆچكەو ئۆردووگایانەی سنوورەكە، هەر یەكەیەكیش هەڤاڵێك لێپرسراوی بوو لە گەڵ هێزێكی بەردەستدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. یەکەی دەربەندیخان: مەحمود سەنگاوی

٢. یەکەی باوەنوور: کوردۆ قاسم

٣. یەکەی کـــــەلار: عەدنانی حەمەی مینا

٤. یەکەی ســــمود: م. عەلی عەبدوڵڵا

٥. یەکەی کــــفری: حەمەڕەش شێخ کەریم

٦. یـــــەکەی دووز: عوسمانی حاجی مەحمود

٧. یەکەی زەنـگاباد: عادل شکور

٨. یەکەی خانەقـین: عەلی شامار

هەر یەکێك لەم یەکانە چەندین کادیری جیا جیا لە گەڵ لێپرسراوی یەکەکانـدا هاوکـار بـوون بـۆ بـەڕێوە بـردن‌و جێبـەجێکردنی ئەرکـەکان. بـەڵام دواتر بە هۆی هەندێ گلەیی‌و گازندەوە گۆڕانێك لە یەکەی دەربەندیخاندا کراو من چوومە میحوەرو برادەران سەلامی کوێخا عـەزیزو مـەحمودی مامـە عـەزە لەوێ دانران.

هەر لە پێش دەستپێکردنی ڕاپەڕینەوە یەکێتی هەندێ هەنگاوی گرنگی نـا بـۆ کـۆنترۆڵکردنی دۆخەکـەو سـەرکەوتنی بەرنامـەکان بـەوەی لـە ڕێگـەی پارتیزان‌و ڕێکخراوی نـاو شارەکان‌و هەڤاڵانـەوە نووسـراوی مۆرداری مەکتـەبی سیاسـی بـۆ خـەڵکی تێکۆشـەرو پیاوەکـانی سـەر بـە ڕژێـم نێردرابـوو بـۆ هاوکـاریکردن‌و پشـتیوانی ڕاپـەڕین، ئینجـا کۆمـەڵێك ڕێنمـایی بـۆ لێپرسـراوو کادیرەکان دابەزێنرا بۆ پەیڕەوکردنی:

١. ڕزگار کردنی کوردستان لە سوپای داگیرکەری بەعس

٢. ڕێزگرتن لە دیل‌و ناردنیان بۆ شوێنی پارێزراو

٣. ڕێزگرتن لەو چەکدارانەی هاوکاری هێزی پێشمەرگـەی کـوردستان نەکـەن‌و ڕێکخستنیان بۆ بەرژەوەندی گشتی.

٤. خۆ دوور خستنەوە لە شەڕی زیانبەخش کە دوژمن ئەیسەپێنێ.

٥. نواندنی ڕەفتاری جوان بەرامبەر بە خەڵکی.

٦. کۆنترۆڵکردنی هێزەکانو ڕێگە نەدان بە خراپە کردن.

٧. دەستکاری نەکردنی کەرەستەو کەلوپەلی دامودەزگا گشتیو حکومییەکان.

٨. دەستگرتن بە سەر هەموو بەڵگەنامەکانی ناو دامودەزگا حیزبیو جاسوسییەکانو پاراستنیانو گەیاندنیان بە شوێنی مەبەست.

٩. ڕێگە نەدان بە تۆڵەسەندنەوەی عەشایەری.

بە داخەوە هەندێ لەو ڕێنماییانە جێبەجێ نەکراو شاڕۆییەك بەرپا بوو. جا لە خۆسازدانمان بۆ ڕاپەڕین ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بەردەوام بەرنامەکانی بەوپەڕی حەماسەتەوە پەخش ئەکردەوە. هەموو هێزەکانی پارتیزانی خستبووە ئینزارەوە. شانە چەکدارەکان ئامادەباش بوون لە ڕێگەی برووسکەی جفرەدارەوە هەموو زانیاریو ڕاسپاردەیەکیان پێئەگەیشتو دەست بەکاربوون. دامو دەزگاکانی ڕژێم لە بارێکی ناهەمواردا بوون. سات بە ساتووردەووردە دەستیان ئەکردە کشانەوەو چۆڵکردنی کوردستان بە تایبەتی کاربەدەستە زلەکانیان.

بۆیە ڕۆژی ٣/٥ ئاگادار کراینەوە بگەینە نزیك باوەنوور، چووینە دێیوێرانکراوی گلاڵکەوە، ئینجا گەڕاینەوە ئەسحاب، جارێکی تر گەڕاینەوە لای نزیکی باوەنوورو لەوێ لەگەڵ برادەرانی ڕێکخستندا یەکمان بینی کە یەکێکیان جووتیاری برای شەهید جەلال بێکەس بوو، دوای ئەوە ڕۆیشتینەوە بۆ ئەشکەوتی هۆمەر لەگەڵ کاك سەلاحی کوێخادا ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە بارانی بەخوڕ لێیداین.

هەر ئەمڕۆ کە یەکەم پریشکی ڕاپەڕین لە سەروچاوەو ڕانیەوە هەلگیرساو کۆمەڵانی خەلکی شۆڕشگێڕی کوردستانو ڕێکخستنەکانو شانە چەکدارەکانو هێزی پێشمەرگە پەلاماری ڕژێمی فاشییانداو لە ماوەیەکی کەمدا ئەو دەسەڵاتە زەبەلاحەیان ڕاپێچی تونی مەرگ کردو هەموو دامو دەزگا تۆقێنەرەکانیو سوپا درندەکەیو جاشو چەکدارەکانیوەکو بەفری ئەو بەهارە توانەوەو ئاسەواریان نەما. بەمەش ڕانیە بووە دەروازەی ڕاپەڕینو پریشکی بە هەموو شوێنێکی تری ئەم کوردستانەدا پەخش بووەوە.

لەملاشەوە شەوی ٥ ـ ٣/٦ چووینە سەر چەمی سیروان بۆ پێشوازی کاك فەرەیدونو لێپرسراویوەحدەکان بەهێزەکانیانەوە. بەلاَم ئەوندە بارانەکە بەخورِ بوو، ئاوی سیروان زیادیکرد، نەمانتوانی بە کەلَەکیش بیەرِینەوە، هەموو لەشمان تەرِبوو بووووشکی تیانەمابوو، لە ئاستی دێی لەواوان ماینەوە کە نزیکی جادەی کەلار ـ دەربەندیخان، ئۆتۆمبیلێکی زۆر بە جادەکەدا لە دەربەندیخانەوە بەرەو کەلار رەت ئەبوو، نەمانئەزانی ئەوانە پیاوەکانی رژێم بوونو لە ترسی راپەرِینی خەلَکی کوردستان هەلَئەهاتن. گەر پێمان بزانیبایەن رەنگبێ دەیان کەسمان بە دیل بگرتایە لەوانەی کە دەستیان بە خوێنی رۆلَەکانی میللەتەکەمان سوور بوو.

رۆژی ٣/٧ شاری سلێمانی راپەرِی، ئەو هەموو دامو دەزگا تۆقینەرەی بەعس لە ماوەی ٢٣ سالَدا بە خوێنی خەلَکی دروستی کردبوو هەرەسی هێنا. بەعس لە دوای خۆی جگە لە تۆماری تاوانو جینۆسایدو خراپەکاری هیچی تری بەجێنەهێشت.

هەندێك کەشو هەوا خۆشتر بوو، بارانو سەرماکەی نەمابوو، شەوی ٧ـ ٣/٨ کاك فەرەیدونو کاك عەدنان بە هێزێکەوە لە ئەشکەوتی هۆمەر گەیشتنە لامان، پێکەوە دانیشتینو لەسەر چۆنیەتی پەلاماردانو رزگار کردنی شارۆچکەکانی سنووری میحوەری یەك گفتوگۆمان کردو ئاگاداری برادەرەکانمان کردەوە کە رێکخستنەکان بە باشی خۆیان سازداوەو دوژمنوورەی نەماوە.

رۆژی ٣/٨ بە تەواوی شاری سلێمانی لە داگیرکەرانی کورد پاککرایەوەو کۆنترۆلَکرا، پریشکی ئەم راپەرِینە گەیشتە نەسرو باریکەو عەربەتو هەلَەبجەی تازەو هەموو سەربازگەو رەبایەو مۆلَگەکانی رژێمی گرتەوە.

شەوی ٨ ـ ٩/ ٣ هێزەکەی تری گەرمیان کە لە هەردەکانی خورِخورِو زەلَکەدا خۆیان حەشاردابوو لە سیروان پەرِینەوە، بە سەرپەرشتی کاك کوردۆو م. عەلیو کاك عادل شوکرو خۆیان داواکران هەر ئەو شەوە بگەنە پەناگەی سەلاجەکەو هێزەکەشیان لە پشتی باوەنوورەوە بن. ئەو شەوەش دنیا ساردو ئینجا بارانێکی زۆر دایکرد،ووشکایی لە لەشی کەسدا نەمابوو. بەلاَم لەبەر

ئەوەی دنیا بەهار بوو، کەس سەرمای نەئەبوو. ئەو شەوە بۆمان نەگرا بچینە ناو باوەنوورەوە، برادەرانی ڕێکخستن هاتن‌وقسەی خۆیان کرد، ئیتر بە پێی ئەو نەخشەیەی دانرابوو ڕۆژی ٣/٩ کاتژمێر ١١ لەیەك کاتدا دەربەندیخان‌و باوەنووریش لە چنگی ڕژێمی کوردکوژ ڕزگاریان بوو، ئێمە یەکەم مەفرەزە بووین: میقدادی برای شەهید شێخ جەمال‌و فازڵی برای کەریم چاوڕەش‌و کۆمەڵێك قارەمانی تر بوون گەیشتینە ناو شارۆچکەکە هەموو سەربازو پیاوەکانی ڕژێم ڕایانکردبوو، خەڵکەکەی هەموو ڕاپەڕیبوون، ئێمە تەنها دوو ڕیز تەقەی بیکەیسیمان‌وەکو نیشانەی سەرکەوتن بەسەر شاردا کرد، ئیتر هەموو شتێك تەواو بوو بوو هەموو هێزی پێشمەرگە گەیشتینە ناوەوە، تەنانەت هێزەکەی کاك شێخ جەعفەرو کاك عەلی شامارو ئەوانیش بە ناوی سیرواندا بەو ڕۆژی نیوەڕۆیە گەیشتن ، کە چووینە ناو خۆشی خەڵکەکەوەو تەماشای خۆمانمان ئەکرد کە چەند ساڵێك لە غەریبی‌و دوورەووڵاتیدا بووین‌واهەستمان ئەکرد لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتووین ئەوەند لەڕو لاوازو چڵکن بووین تەنانەت خەڵکەکەش درکیان بەو دۆخە تایبەتییەی ئێمە ئەکرد بەلاّم ئەو پێشوازیە گەرمەیان باوەش بۆ کردنەوەیان بۆمان هەموو شتێکی لە بیر بردینەوە.. یەکەم جار حەمەی حیزبم بینی چەکێکی پێبوو بو پەڕی خۆشیەوە بەر ڕوومان ئەهات کە خۆی لەگەڵ کۆمەڵێك هەڤاڵی ترماندا لە سەر مەسەلەی هەڤاڵ سەید محەمەد گیرابوون‌و لە زیندانی فاشیستەکاندا دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر ئازاد کرابوون ، ئەیویست لەو ناوە بێت تا کەس دەست بۆ ماڵەکەی سدیقی عەلی حەمە ئەمین کە موستەشاری جاش بوو نەبات ، هەر چەندە شۆرشیش ئەوە بوو نابێ دەستکاری هیچ شتێك بکرێ‌ودەبێ ڕێز لە هەموو کەس بگیرێ بەتایبەتی ئەوانەی بەدەم بانگەوازی شۆڕشەوە بێن .

بەعس نەما

لە چاو نووقانێکدا بەعس نەما، دەسەڵاتی چەندین ساڵەی دارما. نە سەرباز، نە تانك، نە فڕۆکە، نە ئەمن‌و ئستخبارات تەنانەت جاشیش‌وەکو هێزی خۆفرۆش نەمان، بە جۆرێك هەموو هێزەکانی فەیلەقەکانی ١و ٥ لە کوردستاندا لەبەریەك هەڵوەشانەوە لەوەش خۆشتر زیاتر لە ٣٠٠ فەوجی جاش بووە بڵقی سەر ئاوو پەیوەندییان کرد بە (هـ.پ.ك)ەوە. هەموو شتێك لە ساتەوەختێکی کەمدا گۆڕاو هەندێك خائین‌و کوردکوژ ڕایان کردو کوردستانیان بەجێهێشت. ئەوی تر هەموو لە ماڵی خۆیدا مایەوە، هاتنەوە سەنگەری کوردایەتی، بەڵکو لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا هاوکاربوون بۆ پەلاماردانی دوژمن‌و ڕزگارکردنی ناوچەکانی تر. بە هەزاران سەربازی بێچەك بێ سەروبەر لەو ڕێگاوبانانەدا بەرەوخوار شۆڕ ئەبوونەوە بێئەوەی کەس بیر لە تۆڵەیان بکاتەوە یان ئازاریان بدەن، بە پێچەوانەوە یارمەتی ئەدران. نان‌و ئاویان ئەدرایە بە مەرجێك بە درێژایی تەمەنی ئەم سوپایە دەزگایەکی چەوسێنەر بووەو خەڵکی کوردستان‌و عێراقیشی سەرکوتکردووەو سەروەت‌و سامانیانی بە تاڵان بردووە.

ئێمە کاتێ کە لە پارتیزانییەکەدا دابەزینە خوارەوە کوردستانی‌وێرانەمان بینییەوە کە بە دەستی ئەم سوپایە ئەنجامدرا بوو بەڵام لە ڕاپەڕیندا من‌وێرانەیی بەعسم لا بەرجەستە بوو، هەرەسی ئەو سوپا قەبەیەم بە چاوی خۆم بینی. سەیرە ئەو دەوڵەتە زەبەلاحە چۆن بە چۆکدا هات‌و خۆی پێڕانەگیرا، ئەمە ئەو دەوڵەت‌و هێزە بوو کە ئێمە هەمیشە لێی ئەترساین..؟ لەم بارەشدا ئێمە هەڵەیەکمان کرد کەوا ئەو هێزەی دوژمنمان ڕێگەدا بە ئارەزووی خۆی بەرەو باوەشی ڕژێم بڕواتەوە، نەمانبردنە شوێنی تایبەتی‌وەکو دیلی جەنگ مامەڵەمان نەکردن‌و بۆ کاتی پێویست‌وەکو کارتی

گوشار بۆ سەر ڕژێم بە کاریان بهێنین. گومان نەدایە ئەوەی کە جارێکی تر ئەمانە بەر ئەبنەوەویژەمان. لە هەمووی ترسناکتر ئەو هاوکاریکردنەی هەندێ خەڵك بوو بۆ پیاوەڕەشتاڵەکانی دەزگا جاسوسییەکانی ڕژێم‌و دەربازکردنیان بۆلای ڕژێم کە ئەمە بەڵگەی دۆستایەتیکردنی ئەو خەڵکانەیە لە گەڵ دوژمندا بە نهێنی دژی شۆڕش‌و گەل.

هەر شوێنێك ڕزگار ئەکرا ئەبووە جەژن، بارێکی دەروونی سەیر بوو، لە خەون ئەچوو. دەیان پرسیاری سەرسوورهێنەر خۆی قووت ئەکردەوە:

چۆن بووبوا بەعس بەو زلییە نەما..؟

چۆن ئەم هەلومەرجە لە بەرژەوەندی کوردا بوو بۆ دەرباز بوون..؟

تاکو کوێ بڕ ئەکەین..؟

چارەنوسمان بەرەو کوێ ئەچێ..؟

تۆ بڵێی بەعس زیندوو نەبێتەوە..؟.

بارەکە ئەوەندە خۆشبوو جێی ناخۆشی تێدا نەبوو، ڕەشبینی بواری نەبوو ڕەشماڵی تیا هەڵدا. هەموو بەیەك دەنگ‌و هەڵوێست‌وەپێش ئەچوون. هەموو هێزو توانای بەعس لەبەر پێی ڕاپەڕیندا ئەتوایەوە. سەیربوو پێشمەرگەو چەکدارو ڕێکخستن‌و شەڕەخۆر هەمووی تێکەڵ بوو بوون. بە ئاسانی جیانەئەکرانەوە، هەمووی هەر خۆی بە شت ئەزانی. ئەو لێبووردنە گشتییە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دارێژەری بوو ڕۆڵی باشی بینی لە دڵنیابوونی خەڵکی.

دوای پشوویەکی کەم لە باوەنوور هێزی هەر یەکەیەك بەرەو سنووری شارۆچکەی خۆیان کەوتنەڕێ، منیش بۆ ئێوارەکەی گەیشتمە دەربەندیخان کە بە هۆی خەڵکی تێکۆشەری‌وەکو عەلی حاجی عەبدوڵلای کەلۆش‌و سەرداری مەحموی حەمەمرادو عەباسی شەممەو کۆمەڵێك خەڵکی ترەوە ناویان ناکەوێتەوە بیرم بۆ یەکەمجاریش ئەوانم بینی‌و خەڵکیش باسی ڕۆڵی ئەوانی ئەکرد. پەلاماری مونەزەمەو فیرقەو حامیەیان داو دەستی بەسەردا گیراو لە

دوژمـن پاككرايـەوە. چووينە مـاڵی كاكە حەمـەی حـاجی مـەحمودی هـارونیو لەسەر ڕۆشنایی ڕێنماییەكانی كاك فەرەیدون قسەم لەگەڵ كاك حەمەدا كرد بۆ دانـانی ئەنجومـەنێك بـۆ دەربەنـدیخانو كۆمـەڵێك پیـاوی ناسـراو دەستنیشـان كـرانوەك ئەنجومـەنی شارۆچـكەكە كـار بكـەن. كـە تـا ئـەو كاتـە شارۆچـكەكە هێشتا ئـاڵۆز بـوو، هێزەكـەمانوەكو پێشـمەرگە كـەمو نارێـك بـوو، زۆر كەسـیش تێكـەڵ بـە ئێمـە بـوو بـە دوای شـڕەدا ئەگـەڕان. لەگـەڵ كـاك سـەلامو كـاك مـەحمودی مامەعـەزەدا قسـەمان كـرد بـۆ دەسـت بەسـەراگرتنیوەزعەكەو كۆكردنەوەی ئەو چەكو تەقەمەنییانەی هێزەكانی دوژمن بەجێیان هێشتبووو ئێمەش شارەزایی تەواومان لەسەری نەبوو. لەناكاودا لاوێك بە ئارەزوو ئەچووە سەر چەكی ٥٧و دەستی پیائەناو تەقەی ئەكرد، یـان گوللـە راجیمـەیان ئـەهێناو ئاگریـان ئـەدا. شارۆچـكەی دەربەنـدیخانیش بـە دوو هـۆ گرنگـی سـەربازی پێدرابوو: یـەكێكیان چونكە بەنـداوێكی گرنگـی تێـدابوو هـەم بـۆ ئاوەكـەیو هەموو بۆ بەرهەمهێنانیووزەی كارەبا دەیان جار لە لایەن فڕۆكەكانی ئێرانـەوە بۆردوومـان كـراوەو هێزەكانیشـی هـەوڵێكی زۆریـان دا بـۆ كـۆنترۆڵكردنی بـە تایبەت لـە شـەڕەكانی زمنـاكۆو زەواڵـیو شـەمێراندا. دووەمیـان شارۆچـكەیەكی نزیكە سنوور بوو، نیشانەیەكی گرنگی لابەلا كردنـی شـەڕی لایـەك بـوو بەسـەر لایەكەی تردا، بوو بووە جێ شـەڕگەی خەتـەرناكو عێـراق هێزێكـی زۆری تێـدا مۆڵدابوو، بەسەدان پارچە چەكی قورسی دژی هـەوایی لـە جـۆری ١٥٧ ملـمو ٣٧ ملـمو ١٤٫٥ ملمو چـوارلوولەو یـەك لوولـەی لەسـەر لوتكـەی چـیا بـەرزەكانی دەوروبـەری شـارو سـەر بەنداوەكـە دانـابوو. لـە هەنـدێ بـاردا كۆكردنـەوەیان زەحمەت بوو، هێنانە خوارەوەیان قورس بوو، یان هەندێ كەس ئـەیان بـردەوەو لـە ماڵـەوە لای خۆیـان دایـان ئـەنا، ئێمـەش ناوەنـدێكمان دانـەنابوو بـۆ كۆكردنەوەووەرگرتنەوەی ئەو چەكانەی لە ڕێگەی ئاگاداركردنەوەی خەڵكی بۆ تەسلیم كردنەوەیانو دانانیان لە شوێنی تایبەتیدا. بۆیە نەمانتوانی سوود لـەو شتانەوەربگرین كە لە دواییدا لە دەستمان چوون، جگە لەمەش حیزبەكان یەك

هەڵوێست نەبوون هەر لایەنە بۆخۆی کاری ئەکردو شتی کۆئەکردەوەو پەنای ئەدا.

وەزعی ناو شارو شارۆچکەکان کە ڕزگاربوو بوون تاڕادەیەك ئارام بوو بووەوە. خەڵکی لە لایەکەوە لە خۆشیدا بوون، لە لایەکەوە جموجووڵووورووژانێکیان تێدابوو بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ چوونە ئەو شوێنانەی هێشتا دوژمنی لێمابوووەکو جەلەولاو دووزو خانەقین.

ڕۆژی ۳/۱۰ شارۆچکەی کفریش ئازاد کرا، هێزەکانی کفری‌و دووز پێکەوە چوونە ناو دووزو ئەوێش ڕزگاری بوو، بەڵام ئەوێ جیاوازی لەگەڵ شوێنەکانی تردا هەبوو، دوژمن بە ئاسانی دەستبەرداری نەئەبوو. چونکە دەروازەیەك بوو بۆ پەلاماردانی شاری کەرکوك لە خوارەوە هەروەها دەستبەسەراگرتنی ناوچە نەوتاوییەکەی زەمبوور، هەروەها کۆسپێکی تریش لە ڕێگادا بوو بۆ خجڵکردنی هێزی پێشمەرگە ئەویش هێزەکانی مجاهدینی خەلقی ئێران بوو کە لە ناوچەی داودە کامپی سەربازییان هەبوو، دێهاتێکی زۆری ئەو ناوچەیەی گرتبووەوەو پەناگای قایم‌و قوڵیان تێدا درووستکردبوو.

ئێمە هەر لە دەربەندیخان بووین خەریکی چاککردنی کارو باری ناوشارۆچکەکە بووین.. ڕۆژێك دوای ڕاپەڕین بوو کاك عومەری کاکە ئەوڵای مامی شەهیدان جیهادو بورهان هاتە لام دوای چەندین ساڵ دووری بە دیداری یەکتر شاد بووینەوە. کاك عومەر ماڵی چوو بووە عەربەت، شۆفێری تاکسی بوو لە ڕێگای دەربەندیخان ـ کەلار هاتوچۆی ئەکرد.. لە میانەی قسەکردنەکانیدا لە سەر ئەنفالەکان قسەیەکی بۆ گێڕامەوەووتی: جارێکیان لە گەراجی عەربەت بووم ئەفسەرێك هات دوو بەرخی پێبوو بەرەو کەلار ئەچوو. من بە شۆفێرەکانم‌ووت: کەس هەڵێنەگرێ. کە هاتە لامان‌ووتی: سەرەی کامتانە..؟ منیش‌ووتم: سەرەی منە.ووتی: باشە من لە گەڵتا دێم‌و دوو بەرخم پێیە بۆم هەڵبگرە. منیش‌ووتم: هەر خۆت هەڵئەگرم.ووتی: باشە خۆم هەڵبگرەو دوو بەرخەکەشم بخە سنووقەکەی دواوە.ووتم: پیکابم پێ نییەو سنووقەکەشم پیس ئەبێ. ئەفسەرەکە زانی من مەبەستم ئەوەیە ئەو بەرخانە دزێتییە بۆیە

هەڵیناگرم. بانگی کردمە ئەو لاوەو پێی ووتم: من کوردمو ئەو بەرخانەشم نەدزیوە بەڵکو بە ٨٠ دینار لە کابرایەکم کڕیوون و گەر هەڵمبگری لە ڕێگا هەندێ شتت بۆ باسئەکەم سوودی هەبێ. کەوایووت دڵم نەرمبوو ، بەرخەکانم بارکردو یەکسەر بەرەو کەلار کەوتینە ڕێ . لە ڕێگا پێیووتم: من ناوم عەبدوڵڵایەو نەقیبمو خەڵکی جەلەولامو فەرماندەی سریەی مغاویرم.. لە شەڕی تازەشاری ئەنفالەکاندا بەشداریم کردووە کە شەڕێکی سەختبوو، پێشمەرگەکان چەندین جار لیواکەمانیان شکاند.. ناچار فەرماندەی لیواکەمان داوای چەکی کیمیایی کرد کە لە گوللە هاوەنی جۆراوجۆردا بۆمان هاتو بەو گوللانە لێیاندراو فەرمانی هێرشکردنی پیادەشیان بۆ پێشەوەدا.. کە چووینە پێشەوە بەرگری نەمابوو پێشمەرگەیەکم بینی کیمیایی لێیدابوو ددانێکیشی کەوتبوو، توانای بەرگریو تەقەکردنی نەمابوو هەرئەوەندەیووت: تێرئاوم بکەن و بمکوژن. منیش بە سەربازێکمووت مەتارەکەی بداتێ..لەو کاتەدا فەرماندەی لیواکەمان هات کە بینی سەربازەکە مەتارەکەی دایە پێشمەرگەکە چاوی پەڕییە تەوقی سەری پەلاماری سەربازەکەی داو دایە بەر شەقو دەمانچەکەی هەڵکێشاو پێشمەرگەکەی گوللە باران کردو ڕووی کردە منیشوووتی: تۆ ئەفسەری حیزبی بەعسیت یان کوردایەتی ئەکەیت بۆ ڕێگەت دا ئەو سەربازە ئاو بداتە ئەو تاوانبارە..؟! منیشووتم: گەورەم.. ئەوە لە بەردەستی خۆماندایەو هیچ دەسەڵاتێکی نییە بڕیاریش لای جەنابتە.

دوای ئەوە بەرەو دێی کەریم باسام نەڕۆیشتین فەوجەکەی مەحمود بەگی عوسمان بەگی شەرفبەیانیمان لەگەڵ بوو.. لە نزیک دێیەکە هەندێ ژنو منداڵیان بە گیر هێنابوو پارەو ئاڵتونیان لێئەسەندن، کە چاوم پێیان کەوت زۆر بێتاقەت بووم بە توندی چوومە گژی مەحمود بەگدا، ئەمەوایکرد مەحمود بەگ لای فەرماندەی لیوا شکاتم لێبکات، کە بانگکرام ناچار بە فەرماندەی لیوامووت: گەورەم.. فەرمانم پێکردووە بچێتە پێشەوە فەرمانەکەی جێبەجێ

نەکردووە بۆیە لە ڕوویاوەستاوم.

کاك عومەرووتی: کە گەیشتینە کەلار ئەفسەرەکەووتی: لێرە خەڵکی ئەمناسن‌و ئێستا بەمجۆرە بمانبینن تۆواتەنی‌وا ئەزانن ئەم بەرخانەم دزیوە بەڵکو یەکجاری بمگەیەنیتە جەلەولاو کرێی ئەویشت بۆ حیساب ئەگەم. ئیتر منیش رووگیر بووم‌و بردمەوە بۆ جەلەولا. کە گەیشتینە بەردەمی ماڵەکەیان دایك‌و باوکی بە پیرمانەوە هاتن. باوکەکە چاوی بە بەرخەکان کەوت زۆر توورەبوو پێی‌ووت: ئەم بەرخانەت لە کوێ هێناوە..؟ ئەوە ماڵی کوردەو تاڵانت کردووە بۆیە نایەتە ئەم ماڵەوە..! ئەفسەرەکە ئەپاڕایەوەو سوێنی گەورەی خوارد کە دزێتی نییەو لە عەربەت بە پارەی خۆی کڕیویەتی. دوای ئەوە دایك‌و باوکەکە کە دڵیان ئاوی خواردەوە ڕێگەیاندا بچینە ماڵەوە.

ئا ئەمەیە هەڵوێستی مرۆڤی کورد پەروەر کە گەرچی کوڕەکەی ئەفسەری ڕژێمی ئەنفالچیش بێ هەر دڵە گەورەکەی لە لای خەڵکە ستەملێکراوی گەلەکەی بێ‌و بە ڕەوای نازانێ گەر کوڕەکەی هەڵەیەك بکات لە سەر حیسابی میللەتەڕەش‌و رووتەکەی خۆی.

لە ئیزگەوە ئاگامان لێبوو ڕۆژی ١١/ ٣ شاری هەولێرو دەوروبەری لە چنگاڵی بەعس بە یەکجاری ڕزگاریان بووە. هەر ئەمڕۆ هێزەکانی مجاهدین بە پێی ڕێککەوتنێك لەگەڵ یەکەی دووزدا کشانەوە بۆ خوارووی شارۆچکەی دووز و یەکسەر هەڵگەڕابوونەوەو لە بەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەوەو بە تانك‌و تۆپ‌و هێزەکانیانەوە پەلاماری پێشمەرگەو خەڵکی ڕاپەڕیوی دووزیانداو خەڵتانی خوێنیان کرد کە زیاتر لە ٣٠٠ دانیشتووی بێتاوانی شارەکە شەهید بوون‌و چەند پێشمەرگەیەکی قارەمانیش گیانیان بەخشی کە یەکێکیان فەرماندەی ئازاو چەلەنگ کاك حەمە ڕەش شێخ کەریم بوو لێپرسراوی یەکەی کفری‌و قارەمانی پارتیزانەکانی گەرمیان بوو. لە هەمان کاتدا هێزەکانی ڕژێمی عەفلەقیش لە قۆڵی کەرکوکەوە بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری هێنا بوو بۆ سەر دووز و شەڕی سەخت بەرپابوو. هەر ئەمڕۆ هێزەکانی یەکەی خانەقینیش بە سەرپەرشتی کاك عەلی شامارو هاوکاری یەکەی دەربەندیخان بە سەرپەرشتی

کاک سەلام کوێخا عەزیزو هەندێ پێشمەرگەکانی یەکەی کەلارو خەڵکی سنووری کەلار پەلاماری شوێنەکانی دوژمنیان لە دەوروبەری خانەقینو لە ماوەیەکی کەمدا دوژمنیان ڕاوناو بە سەرکەوتوویی چوونە ناو خانەقینەوە، ئەو شارەی کە دەیان ساڵ بوو لە ژێر زەبری قامچی ئەم ڕژێمە داگیرکەرەدا ئەیناڵاندو بە توندی پرۆسەی بە عەرەبکردنو بە بەعسکردنی لەسەر جێبەجێئەکراو هەرچی سیمای کوردەواری هەیە لێی ڕووت ئەکرایەوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ناوچەیەکی نەوتاوییەو دوژمن نایەوێ بە هیچ کلۆجێك ئەو جێگایەی نەوتی لێبێ کوردی تێدابێ.

لەبەر ئەوەی هێزەکانمان کەمبوون، بەشی کۆنترۆڵکردنی هەموو ناو شارەکەیان نەئەکرد، جگە لەوە ئەو خەڵکەی کە لەگەڵیان چوو بوون خەریکی شڕەخۆری بوونو جەنجاڵی کۆکردنەوەی کەلوپەل بوون بە تایبەتی ئوززدی باکەکە. ئەمەوایکرد هێزەکانی ڕژێم خۆیان کۆ بکەنەوە، خانەقین بۆ ماوەیەکی کەم هەوای ئازادی هەڵمژی. خێوی بەعس لەسەر دڵی دوور کەوتەوە، مەخابن جارێکی تریش بە تانكو تۆپو هێزەکانیەوە پەلاماری دایەوەو سنگی ئەم شارە دڵ ئازاراویەی کوتاو ئاڵای شەکاوەی ڕاپەڕین داگیرایەوەو خانەقین جارێکی تریش پەردەیەکی ڕەشی ئەستووری خەمباری بەسەر ڕوودا دادرایەوە.

پێشمەرگە ڕوو بەڕووی هێزەکانی دوژمن شەڕێکی قارەمانانەیان کرد زیانێکی فراوانیان تووشبوو، بە دەیان کەسیان لێکەوتوەڵێ لەم شەڕەدا پۆلێك ڕۆڵەی بەئەمەکی ئەم گەلەش کە زۆربەیان لەیەکەی دەربەندیخان بوون شەهید بوون، کە فرەتریان کەسوکاری کاك شاهۆ بوون بە تایبەت دووبرای خۆیو چەند ئامۆزایەکیو خزمی نزیکی تریوهەندێکیش کەسوکاری کاك سەلامی کوێخا عەزیز بەتایبەتی ئەویش دوو براو خوشکەزایەکیو خاڵۆزایەکیوبرای خاڵۆژنێکیو زاوای خاڵۆیەکی .

شەڕی کوڵەجۆ

ڕۆژی ٣/١٢ سەردانێکی کفریم کردو گەڕامەوە کەلار، شەڕێکی سەخت لە قۆڵی کولەجۆ هەبوو، کاک عادل شکور گوێزرایەوە بۆ سەرپەرشتی یەکەی کفری‌و بورهانی حەمەی مینا لە جێگەی دانرا. کە هەواڵی ئەو شەڕەمان پێگەیشت، کاک شێخ جەعفەر داوای لێکردم بچمە خوارەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی جەبهەی جەلەولا، ڕۆژی ٣/١٤ کە ڕۆیشتین لە بان ئاسیاو یەکەم کەس پێیگەیشتم بورهان حەمەی مینا بوو کە کادیرێکی هوشیارو پارتیزانێکی‌ووریاو لە ڕووی فیکریشەوە بە توانا بوو، ڕوانیم بریندارەو پەنجەیەکی قرتاوە، داوام لێکرد بچێت بۆ نەخۆشخانەی کەلار، بەڵام ئەو قایل نەبوو ووتی: مادام ئێوە هاتوون ناڕۆم. لەو کاتەدا کاک عەدنانی برای گەیشتە لامان‌و بورهان بەدەم پێکەنینەوەووتی: کاک عەدنان مایەوە ١٨ پەنجە. چونکە پێش ئەنفالەکان پەنجەیەکی پێی قرتا بوو.

تەقە گەرمبوو، گوللەیەکی زۆر بەرەو ڕوومان ئەهات، هاوارم کرد یاڵڵا هێرش بکەن، پێشمەرگە ئازایانە خرۆشان، کە ڕۆیشتین بورهان لەگەڵ مندا بوو، بەرەو پێشەوە هەنگاومان ئەنا، لەناکاو بورهان دەستیگرت بە سنگیەوە، پێم‌ووت: ئەوە چییە، بورهان‌ووتی: گوللەیەکم بەرکەوتووە بەڵام هیچ نییە. کە چوومە سەری تەماشا ئەکەم‌وەزعی باش نییەو تا ئەهات دەنگی کز ئەبوو، هەر ئەیووت: هیچ نییە، هەتا هێزیشی تیا نەمابوو لە ژێر لێوەوە هەر ئەیووت: گوێی مەدەنێ هیچ نییە.بەداخەوە هەر لەوێدا گیانی سپارد، زیانێکی زۆرمان لێکەوت. لەو کاتەدا کاک عەدنانی برای هەر ئەوەندەی‌ووت: هەڵیگرن‌و بیبەن با هێرشەکە بەردەوام بێت بۆ پێشەوە بڕۆن. بەڕاستی ئەمە هەڵوێستی مرۆڤی شۆڕشگێڕە لە کاتی شەهید بوونی برایەکیدا کە برا بچووکی بێت‌و

زۆریشی خۆش بوێتو نەیەتە سەر تەرمەکەیو تەنانەت نەشچێتە پرسەکەیو لە بەرەی شەڕەکاندا بمێنێتەوە.

ئێمە بەردەوام بووین لە هێرشکردنداو دوژمنمان تێکشکاندو دوایان کەوتین تاکو سەیتەرەی جەلەولا بە دەیان سەربازو ئەفسەرمان کوشت، سەدان پارچە چەکمان لێگرتن لەگەڵ چوار تانکی ت . ٦٩ چینیو چەند ئۆتۆمبیلێکی سەربازیو جیهازی ڕاکاڵی گەورەو چەندان دیلیش.جەبهەکەمان لە دێی ئیسلاح دامەزراند کە هەندێك گردۆلکەوچەمی تێدابوو، ٢٣ کیلۆمەتر سەروو شارۆچکەی جەلەولایە لەوێ سەنگەرمان گرتووردە شەڕ هەبوو لەم شەڕانەشدا هەندێ لە هێزەکانی لەشکری بەدرمان لەگەڵا بوو.

ڕۆژی ٣/١٤ دەنگوباسی ڕزگارکردنی دهۆكو زۆربەی ناوچەکانی بادینان بڵاوبووەوە، لەم قۆڵەی خۆشمانەوە دوژمن ڕۆژانی ١٥و ١٦ / ٣ بە تۆپی قورسو کاتیۆشا بۆمبارانی کردین. بۆوەڵامدانەوەی دوژمن پەلامارێکی کۆگای تەقەمەنی سەربازگەی نزیکی جەلەولاماندا بەڵام نەمانتوانی ئامانجەکان بپێکینو دەست بگرین بەسەریدا.

ڕۆژی ١٨/ ٣ هێزەکانی مجاهدینویستیان دزەمان بۆ بکەنو پشتمان لێبگرن، بەڵام ئێمە ئاگامان لە نەخشەکەیان بوو هێرشمان بۆ کردنو ناقیلەیەکی تایە زنجیر کە دۆشکایەکی ٢٣ ملمی لەسەر بوو گیرا کە بورهان حەمە باقی لە گرتنەکەیدا دەوری باڵای هەبوو. ڕۆژی دواتر ئۆتۆمبیلێکی مجاهدین ڕێگەی هەڵەکردو هاتە ناومانەوەو کەوتە دەست لەشکری بەدرو هەردوو سەرنشینەکەی کوژران.

ڕۆژی ٣/٢٠ لای ئێمە جەبهەکە ئارام بوو، بەڵام لەولاوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەورەترین سەرکەوتنیان تۆمار کرد بە چوونە ناو شاری کەرکووكو لە دەستی چەپەڵی بەعسیانیان ڕزگار کرد. بابە گوڕگوڕ ڕۆڵە چاو نەترسەکانی نەبینی گیانبازی ئەکەنو گەڕەك بە گەڕەك چەتەوڵەکانی بەعسی ڕاوئەنێنو بە خوێنی سووریان لاپەڕەی ئازادی ئەنووسنەوە. کەرکوکی

جەستە بریندار لە چاڵ ئازارەکان سەر دەردێنیو هەناسەی قووڵی سەربەستی هەڵئەمژێ.

ئەمە بەعسی لە ناخەوە هەڵتەکاند، گەر کەرکوکی لە دەست دەرچێت چارەنووسی ڕەش چاوەڕوانی ئەکاتو لە پێتەختیش خۆی پێناگیرێ، بۆیە هێرشی بەرپەرچی دەستپێکردەوە، لە ئەنجامی هەندێ کەمو کوڕی لە بەرنامەی کارو پەرتەوازەیی هێزەکانو جەنجاڵیان بەکاری لابەلاوە دوژمن توانی پواز بخاتە ڕیزی جەبهەی شەڕی ناو کەرکوکەوەو لە هەندێ لاوە سەرکەوتن بەدەستبهێنێو پاشتریش کۆنترۆڵی زۆربەی شوێنەکان بکاتو هێزەکانی خۆشمان ناچار بن دەربچنە دەرەوەی شارو ئینجا بە یەکجاری ئەو ناوە بەجێ بهێڵن. ئەمە بیانوویەکی دا بە دەست دوژمنەوە کە ڕێڕەوی کارەکانی بگۆڕیو نەخشەی پەلاماردانەکانی سەر لە نوێ دابڕێژێتەوە.

شەڕی مجاهیدین

لە قۆڵی ئێمەشەوە دوژمن هێزێکی زۆری مجاهیدینی کۆکردبووەوە بۆپەلاماردان ، شەوی پێش هێرشەکەو بەر لە ڕۆژبوونەوەواتە لە ڕۆژی ٣/٢٥ بۆردومانێکی چڕی تۆپو ڕاجیمە دەستی پێکرد ، ئەمە کاری لەو خەڵکە کرد کەهاتبوونە بەرەی جەلەولاو لە شێخ باوە بوونو پاشەکشەیان ئەکردو هێزێکی ئەنجومەمی باڵای شۆڕشی ئیسلامیش لەوێ بوونو دوو تانکیان پێبوو کە لەو بەرەیەدا گرتبوویان ، کاک مەلا ئەحمەدی دسکەرە بەری بەو خەڵکەو هێزەکەی ئەنجومەنی باڵا گرتبوو نەڕۆن بەڵام خەڵکەکە ئامادە نەبوون بمێننەوەو هێزەکەی ئەنجومەن مابوونەوە کاک مەلا ئەحمەد داوای لێکردبوون بەتانکەکانیانەوە بەرەو گوندی ئیسلاحو بەهانای هێزەکەی ئەوێوە بچن کەلەچەند قۆڵێکی جیاوە بەمەبەستی دوورخستنەوەی مەترسی هێزی

پێشمەرگە لەسەر جەلەولا هێرشیان بۆکردین . لە جەلەولاوە بۆ کەلار، لە خانەقینەوە بەرەو مرواری، لە قەرەتەپەوە بەرەو بان ئاسیاوو لەوێوە بەرەو کەلار. کە پێشتر لە قۆڵی کفرییەوە پەلاماریاندا بەڵام تێکشکان، شەڕ بە سەختی دەستی پێکرد، هێزەکانمان ئابلۆقەدران، تاکو ئەهات ناوچەکە لەسەرمان تەنگەبەرتر ئەبوو، کەکاك مەلا ئەحمەدو ئەوان ئەگەنە ناوماڵەکانی پەڕی دێیەکەو تانکەکانی دوژمن پەیدا ئەبن‌و تەقە لە دووتانکەکەی لای خۆمان ئەکەن‌و هەردووکیان تێك ئەشکێنرێن‌و کاك مەلا ئەحمەدو ئەوان بەرگرییەکی باش ئەکەن‌و بۆماوەیەك رێگری لە پێشڕەوییەکەیان ئەکەن ، لەوکاتانەدا من‌و کاك حەمەڕەشید عەلی شەریف‌و فارووقی قادری حەمە ساڵەح بەهێزێکەوە گەیشتینە لایان‌و کۆپتەر لێمان تاین بوو ، دوو تانکیش ڕوویان تێکردین ، هەرچەندە کۆپتەرەکان تەقەیەکی ئەوتۆیان نەکرد بەڵام کاری لەوورەی هێزەکەمان کرد .. ناهەقیش نەبوو ، ناوچەکە زۆر ڕووتەنەو شوێنێك نەبوو پەنای بۆ ببرێ‌وەکو سەنگەر شەڕی تیا بکرێ .. لەگەڵ تانکەکاندا شەڕێکی سەخت کرا .. برادەران لەگەڵماندا قسەیان کردوادانرا من بچمە سەرگردێکی ئەولا تر لەدووری ٥٠٠ م‌و تا دواتر برادەران بێنە لای من بەڵام من نەمتووانی بگەمە شوێنەکە.. پاشان لەگەڵ برادەران یەکمان گرتەوەو کاتژمێر١٠ر٥ ی سەر لە بەیانی توانیمان لە ٥٠٠ م سەروو دێی ئیسلاحەوە لەگەڵ کاك مەلا ئەحمەد دسکەرەو محەمەد قەرەبلاخی کەدواتر شەهید بوو رێگەکە تاقی بکینەوەو هێزەکەمان گەیاندە ناو باخەکانی شێخ باوەو هەندێك لە هێزەکانی دوژمن دوور بکەوینەوە، لەوێ کۆبوونەوەیەکم بە هێزەکە کرد کە ئێمە بۆ شەڕی بەرگری هاتووین، مەرج نییە شەڕ هەموو کاتێك سەرکەوتن بێت، هەندێ جاریش تووشی گیروگرفت ئەبین‌و تەنگمان پێ هەڵئەچنرێ‌و ئەکەوینە تەنگانەوە، ئەبێ خۆڕاگر بین.وورە بەرز بین. لە یادم چوو کە هێشتا

له لای دێی ئیسلاح بووین کاك حەمەڕەشیدی عەلی شەریف لە ناو گەرمەی شەڕەکەدا لێی پرسیم: چارەسەر لای تۆ چییە بۆ ئەموەزعە..؟ منیش پێموت: کاکە گیان چەند جار شەڕی مانو نەمانت بینیوە،وا ئەمڕۆ شەڕی مانو نەمانە. شەڕ ئەکەین تا هەموومان ئەکوژرێین، لەوانەشە دوژمن تێکبشکێو ڕزگارمان بێ.وەڵامی دامەوە: یاخوا ماڵت بڕمێ بۆ چارەسەرت. لەم شەڕەدا مستەفا حەسەن حسینو باقی محەممەد شەهید بوونو هەوڵماندا تەرمەکانیان ڕزگار بکەینو دوژمن ڕێگاکانیان گرتبوو هیچمان پێنەکرا.

بەناو قوڕو زەلکاوو قامیشەڵانی چەمی سیرواندا ماوەی ٢٠ کم زیاترمان بە پێ بڕی. بەیانییەکەی کاتێك شەڕەکە دەستییپێکرد لەگەڵ کاك شێخ جەعفەردا بە جیهاز قسەم ئەکردویستم تێیبگەیەنم ئێمە ئابلوقە دراوینو پێموت: ئێمەوەکو دوێنێی سدیقی سۆفی مەجیدواین. لەو کاتەدا پەیوەندی نەماو ئیتر نەهاتەوە سەر خەت. ئێمە بێ ئاگا بووین لەوەی کە هێزەکانی مجاهیدین پەلاماری کەلاریشیان داوەو لە کاتی پەیوەندی کردنەکەدا تانکەکان تۆپێك ئەنێنە قەڵای شێروانەوەو هەندێکی ئەڕووخێنن. ئیتر ئێمە کەوتینە چاڵێو نەمانتوانی لەگەڵ کەسدا پەیوەندی بکەین چونکە جیهازەکانمان لە جۆری تەلەفون کنی ئەڵمانی بوو، ڕووبەڕوو پەیوەندی ئەکرد، بەڵام لە چاڵیدا نەیئەکرد، بۆ ئەوەی ئاگاداریوەزعەکە بین بەدەم ڕێگاوە گوێمان لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان ئەگرت گوێمان لێبوو برووسکەیەکی کاك نەوشیروانی پەخش ئەکرد:

لە/ نەوشیروان مستەفاوە

بۆ/ مەحمود سەنگاوی

(لە هەر جێگایەك هەیت جیهازە بچووکەکانت بکەرەوە، پەیوەندی بە برادەرانەوە بکە).

بەلآم ئێمە بە هۆی چاڵییەوە نەمانتوانی کەس لەسەر خەت پەیدا بکەین . کە گەیشتینە بان ئاسیاو زانیمان هێزەکانی مجاهدین گەیشتوونەتە ناو کەلارو پێشمەرگە پەلاماریان داوەو تێکیان شکاندوون‌و چەند دەبابەیەکیان سووتێنراوەو کۆمەڵێك چەکداریان کوژراوەو ئەوانەشی مابوونەوە بە پەلەپرووزێ دەرباز بوو بوون. ئەوەی پێم زانیبێت زیاتر لە ٦٥ پێشمەرگە شەهید بوون، تەنیا دوانیان لەگەڵ مندا شەهید بوون، ئەوانی تر لە شوێنە جیاجیاکانی جەبهەکەوە شەهید بوون. هەر لەتیپەکەی کاك مەلا ئەحمەد زیاتر لە ٣٠ پێشمەرگە دیار نەبوون کە ١٧ کەسیان شەهید بوون ، هەندێکیان وونکردبوو چەند کەسێکیشیان کەوتبوونە دەست مجاهیدین لەوانە عومەری برای کاك مەلا ئەحمەدو رەفیقی خوشکەزای کە دوای ٢ مانگ بەریان دان‌و گەرانەوە کەپرسەشیان بۆ دانرابوو .

هەرچەندە ئەو هێرشە بۆ ئێمە زۆر خراپ بوو، لەو ناوچەیەی بە دەستمانەوە بوو هەڵکەندراین‌و شەهیدی زۆرماندا، بەلآم لە هەمان کاتدا تەمبێکردنێکی باشیش بوو بۆ مجاهدین‌و لووت شکاندیان‌وەکو چۆن لە کفریدا ل ووتیان شکاو نەیانتوانی هیچ برگەیەکی نەخشەکەیان بە ئەنجام بگەیەنن بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە. لە راستیدا ئەمە سەرەتای هەنگاوی پەلامارەکانی رژێم بوو بۆ گرتنەوەی کوردستانی رزگارکراو ئەیویست لەم سنوورەوە درز بخاتە ناوچەکەوە، بەلآم بە ئاسانی بۆی نەکرا کەچی لە قۆڵی کەرکوکەوە ئەوەی بۆ رەخسا.

لە رۆژی ٣/٢٧ دوای خۆکۆکردنەوە بە هێزی زۆرو زەوەندی زەمینی‌و فرۆکەو کۆپتەر لە ئاسمانەوە پەلاماری ناوشاری کەرکوك‌و ئەو گەرەکانەی لە

ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون بداتەوەو دوای شەڕێکی سەختو دژوار توانی بە سەر دۆخەکەدا زاڵبێو هێزی پێشمەرگە ناچار بێ لە شار بکشێتەوە بۆ دەرەوە، خەڵکەکەش لە ناوشار دەربچنو بە ڕووتو قووتی ڕەو بکەن، ئەمەوایکرد ئیتر دوژمن بیر لە پەلاماردانی ناوچەکانی تریش بکاتەوە، خەڵکەکەی لە حەیبەتا خۆیان دەربازبکەن. ئەمەش بووە سەرەتای ئەو کۆڕەوەی کە دنیای هەژاند.

چەند ڕۆژێك لە کەلار بووم،وەزعی گەدەم خراپ بوو، ئیجازەیەکم کرد بۆ سەردانی کرماشانو چارەسەرکردنی خۆم. چووم‌و ڕۆژی ٤/١ گەڕامەوە کەلار..

ڕۆژی ٤/٢ بوو هەڤاڵ مام جەلالو کاك جەبار لە سوریاوە گەیشتنە سەر سنوری کوردستانو لە بادینانەوە گەڕانەوە سلێمانی کەوەزعی زۆر شەڵەقابوو.

هەر ئەمڕۆ چوومە دەربەندیخانو سلێمانی، تەماشا ئەکەم ناو شار هەڵلایە، ڕاکە ڕاکەیە، دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە گەیشتۆتە بازیان، هێزەکانمان بە پەڕاگەندەیی ئەگەڕێنەوە ناو شارو شاریش بەرەو چۆڵ بوون ئەچێ، بەشێکی خەڵکی بە ڕێگای ئەزمەڕدا ئەڕۆیشتنو بەشێکی تریشی بە ڕێگای عەربەتدا، بە جۆرێك قەرەباڵغ بوو من بە سێ کاتژمێر بە ئۆتۆمبیل گەیشتمە دەربەندیخان. خەڵکەکە لە بارێکدا بوون بەردی ئەهێنایە گریان، ئەوەی ئۆتۆمبیلی هەبوو باش بوو، ئەوەی نەیبوو بە پیادەو هەندێك پێخاوس بوون، هیچیان لە سامانو کەلوپەلی ماڵ پێ نەبوو دەستی منداڵەکانیان گرتبوو، ملی ڕێگای چارەنووسی نادیاریان گرتبووە بەر. بە پێی هەندێ زانیاری کە بیستمان ڕۆژی ٣/٣١ دوژمن لە قۆڵی هەولێریشەوە هێرشی کردبوو بۆ گرتنەوەی، دوای تۆپبارانێکی قورسو شەهیدکردنی خەڵکێکی زۆر توانیبووی دەست بە سەر شارەکەو دەوروبەریا بگرێتەوە.

کـۆڕەو

ڕۆژی ٤/٣ لە کەلار بووم، دەنگو باسەکان زۆر ناخۆشبوون، سلێمانی لە مەترسیدا بوو، هەتا ئەهات دوژمن لێی نزیك ئەبۆوە. لە قۆڵی کفریشەوە شەڕێکی سەخت بوو، دوژمن نەیتوانی یەك بست بێتە پێشەوە، لەلای دەربەند تاڵەوە کاك سالاری حاجی قادر شەهید بوو کە یەکێك لە کادیرە چالاكو فەرماندەکانی هێزەکانی شارەزوور بوو، لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری خورماڵو برای شەهید سامانی حاجی قادرە.

دوای ئەوەی دەنگوباسەکان ئەوەیان ئەگەیاند هێزەکەی دوژمن گەیشتووەتە سلێمانی ئیتر نەتوانرا هیچ بووترێ. لە هیچ شوێنێکی خوارەوە ناتوانرێ شەڕو بەرگری ئەنجامبدرێ کە سەرەوە بە هێزی دوژمن داگیربکرێتەوەو لە خوارەوەش بەرەیەکی شەڕی ڕوو بەڕوو بوونەوە هەبێ ناکرێ ئێمە بکەوینە نێوانی مەنگەنەیەکەوەو ڕێگای دەربازبوون نەبێ، بۆیە بەیانی زووی ڕۆژی ٤/٤ هێزەکانی ناو شاری کفری کشانەوە بەرەو دەربەندی سەرتەك کشانەوە. ئینجا هێزەکانی سمودو کەلارو باوەنووریش، خەڵکەکەش بەجارێ کەوتنەڕێ. لە ناوچەی دووزو کفرییەوە بە پیادەو پێی پەتیو بێ ئۆتۆمبیل دەیان هەزار خەڵکی ڕەشو ڕووت بەرەو سنوورەکانی ئێرانو دەوروپشتی بە دڵی خەمبارەوە، بە هەناسەی ساردەوە، بەچاوی فرمێسکیاویەوە، ناخیان بۆ ئەو چەند ڕۆژە خۆشە هەڵئەکێشا کە سەروەری مێژوویی تێدا تۆمارکراو دوژمنی عەفلەقی تێدا سەرنوقم کرا.وا جارێکی تر ئەو دڕندەیە بەر ئەبێتەوەوێزەی کورد، دنیا شایەتی گەورەترین کارەساتی مێژووییە لە ژیانی کوردا کە هەموو شارو شارۆچکەکان چۆڵکراو ملیۆنەها خەڵك لە کۆڕەوێکی گەورەدا ڕوویان کردە سەر سنوورەکان لە هەلومەرجێکی

سەختی باران و سەرماو سۆڵەو برسێتی و نەبوونیدا. دیمەنی سەیرو دڵتەزێنی وا نەبینرا کە کەس ناتوانێ وێنای بکات.

بە ڕاستی کۆڕەو پرۆسەیەکی میللیانەی تەحەددا کردن بوو، ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی بەعس و مل نەدان بوو بۆ حاکمیەتی سەرلەنوێی لە کوردستاندا. کۆڕەو هەنگاوی خەڵکی بوو لە ڕێپێوانێکی کارەساتاوی بۆ ناو ڕای گشتی جیهان و خستنە بەرچاوی دۆزی ئاڵۆزی میللەتێك نایەوێ لە کونجە تاریکەکانی مێژووی داگیرکردنندا بژی. پەنجەی ڕقی بەرامبەر جینۆسایدو هەموو پرۆسەیەکی نامرۆڤدۆستانە هەڵبڕی. پەیامێکی دڵبریندارانە بوو بۆ بەرچاوی دنیای دەرەوە تاکو ئەو دۆزە تۆز لێنیشتووەی کورد بناسن و لە لاپەڕەکانی سەر مێزی کاری ڕۆژانەی کاربەدەستە زلهێزەکانی حوکمڕانی دنیا بنووسرێتەوە.

ئەو ڕۆژە من بە هەندێ کاری تایبەتی چوو بوومە سەرشاخی گوڵان کە پێشتر نەخشەیەکمان داڕشتبوو بۆ بەرگری کردن لە ناوچەکە گەر لە خوارەوە تەنگمان پێ هەڵبچنرێ و دامانبوو هێزەکانمان بکەینە دوو بەشەوە:

١.بەشێکیان لە قۆڵی کفری ـ کەلار بەرگری بکەن

٢.بەشێکیان لە قۆڵی دەربەندیخان ـ شاخی گوڵان.

دانرابوو من سەرپەرشتی ئەم قۆڵەی دووەم بکەم، بێ ئاگا بووم لەوەی دوژمن لە سلێمانییەوە بەرەو دەربەندیخان هاتووە، کاك حسین حامد بە ئۆتۆمبیلیەکەوە هاتە دوامداوووتی دوژمن گەیشتۆتە نزیکی دەربەندیخان و پەلە بکە با دەربازبین. بە پەلە دابەزینە خوارەوە لە پردەکەی ژاڵەناو پەڕینەوە بەری بەمۆ. کۆپتەر بە ئاسمانەوە ئەسووڕایەوە، خەڵکێکی یەکجار زۆر بە ڕێگاوە بوون بەرەو سەرتەك و پشتە، لە ئۆتۆمبیلکە دابەزین و چووینە ناو خەڵکەکەوە تا ئەگەر کۆپتەرەکان تەقەیان لە خەڵکی کرد لێیان بێینە دەست، مرۆڤ نەینەزانی تەماشای چی بکات، کەس بە کەس نەبوو. کێ پەکی بکەوتایە حاڵی شڕ ئەبوو، پیاوێکی پیر سێ چوار کچی لەگەڵ بوو، بەسەر

عەرەبانەیەکەوە بوو لەگەڵ هەندێ پرووپینەدا بە هەموویان پاڵیان پێوەئەنا، کچەکان خۆشیان زۆر قەڵەو بوون لە بەرەوژووریەکدا نەیانئەتوانی سەری بخەن، ناچار بە پێشمەرگەکانمووت یارمەتی بدەن. زۆر جار لۆری ئەڕۆیشت بە چۆڵی، ناچار ڕێگەمان لێئەگرتن‌و ئەوەی پەکی بکەوتایە لە پیرو منداڵ‌و ژن سەرمان ئەخست.وردەوردە لەگەڵ خەڵکەکەدا ئەڕۆیشتین تا گەیشتینە بەر دەربەنەکەی سەرتەك لەو لاشەوە هێزەکانی دوژمن لە جەلەولاو سلێمانییەوە بەتانك‌و زرێپۆش‌و ئالیاتی زۆرەوە هاتن‌و کۆپتەریش بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا ئەسووڕایەوەو تەقەی لە هێزەکانمان‌و لە خەڵکیش ئەکرد کە بەرەو سنوری ئێران ئەڕۆیشتن.

ئێمە لەسەرتەك هەموومان یەکمان گرتەوە. بە پەلە لەگەڵ هەڤاڵان شەوکەتی حاجی مشیرو شێخ جەعفەرو حامی‌دا کە لە سنوری بەمۆ ـ سەرتەك ـ بێلوولە بە هێزەکانمانەوە دابمەزرێین‌و ڕێگە نەدرێ کەس بە چەکەوە بچێتە ئێران‌و هێزەکانمان لە شوێنە گرنگەکان دابنێین، بۆ ئەم مەبەستەش لە دەربەندی سەرتەك کۆبوونەوەیەکمان کرد هەموو برادەرانی بێلوولەش هاتبوون، بڕیاردرا لەو پێشمەرگانەی کە مابوونەوە بەم شێوەیە لە شوێنەکاندا دابەش بکرێن‌و بەرگری بکرێ:

- بەردەمی دەربەندی سەرتەك لە لایەن هێزەکانی شارەزوورەوە کە کاك حامی‌و کاك قادر کۆکۆیی سەرپەرشتییان ئەکرد، هەروەها ئەو هێزەی لای من‌و کاك عوسمانیش لەوێ جێگر بن.
- هێزەکەی کاك سەلام‌و مەحموی مامە عەزە لە بەردەمی شاخی خۆشك دابن.
- هیزەکەی کاك عادل‌و م. عەلی لە سەر ملەی سەرتەك‌و سەر شاخی خۆشك بن.
- هێزەکانی کاك کوردۆو کاك عەدنان لە دەربەندی بێلوولە بن‌و هێزێکی پارتی‌و سۆسیالیستیش لەوێ هەبوون.
- هەڤاڵان شەوکەت‌و شێخ جەعفەریش بۆ ڕاپەڕاندنی کارو باری ئەو هێزانەو خێزانە ئاوارەکان لەگەڵ ئێرانییەکاندا تەنسیق بکەن.

بۆیە بە پەلە بەشێکی هێزەکەی لای م. عەلیو کاک عادل لە سەر ملـەی سەرتەكو بەشێکیان بۆ سەر شاخـی خۆشك نێـردرانو مەفرەزەکەی سەردار ناوتاقیش بۆ سەر شاخی بەمۆ.

لەو ناوەدا ئەسوورامەوە تەماشا ئەکەم دوو پیریـژن کە یەکێکیان کوێر بـووو ئـەوی تریـان لـەرو بـێ هێـز بـوو دەسـتی یـەکتریان گرتبـوو بـە ڕێگـادا ئەرۆیشـتنو کـەس ئـاوڕی لێنەئەدانـەوە. دنیـاش زۆر سـارد بـوو، لـە برسـاندا هاواریان ئەکرد، ئۆتومبیلم پێ نەبوو بیانگەیەنمە سنوورەکە، هەنـدێ نـانم بۆ پەیـدا کـردن، ڕۆژی دواتـریش هەمدیسـانەوە دوو پیرێژنەکـەم بینـی بـە ڕێگـاداووردەووردە ئەڕۆیشـتن. ئۆتۆمبیلەکـەی کـاك مـەحمودی مامەعـەزەم وەرگرتو تا پشتە بـردمن. ئەوەنـدە بێـزار بووم لـە گیانی خـۆم لـە سەر ئەو دۆخە لە بەر خۆمەوە کفرێکم کرد. لەو سەرەوە کە گەڕامەوە لە نێوان پشتەو گلێجاڵـدا کـە بـەمین چێنرابوو، ئـەبینم ژنێـك بـە کـوڵ ئـەگری دوو منـداڵی لەبەردەستدایە هەردووکیان شەهید بوون. ئەو ژنە لـە دووزەوە منداڵـەکانی بە پێ گەیاندبووە ئەویو لە کاتێ حەوانەوەدا منداڵەکانی چووبوونە نـاو کێڵگـەی مینـەوەو شـەهید بـوو بـوون. ژنەکـە ئەوەنـدە بـە کـوڵ ئـەگریاو فرمێسـکی هەڵئەڕشت کە دابەزیمە خوارەوە منیش بانگم لێبەرز بووەوە بۆیان.

لە ناو ئەو دیمەنە تراژیدیانەدا تووشمان ئەبوو بە هەندێ کاری دزێوی تـرەوە کـە بیرمـان لێنەئـەکردەوە بکـرێ، لـە کاتێکـدا هـەموو کـەس بـەرەو نـاو قـوولایی ئێـران ئەچـوون، زۆر کـەس نائومێـد بـوون لـە دۆخەکـە، کەسـانێك هەبوون چاوساغی خەڵکی تر بوون بۆ چەپاوکردن لـە جۆری سـەید بـەهادینی تـاوەگۆزی لەگـەڵ پاسـدارێکدا هەنـدێك دۆشـکای دوو لوولـەو چوار لوولـەمان هەبوو ئەیاندایە دەم ئۆتۆمبیلەوەو بەرەو ئێـران ئـەیانبرد، ئەمـەم پـێ نـاخۆش بـوو، لەگـەڵ کـاك حامیـدی حـاجی خالیـد دا ڕێگـەمان لێگـرتن، بـە کـابرای پاسـدارمووت: ئـەو دۆشـکانە بـۆ کـوێ ئەبـەن..؟ کـابرای پاسـدار بـە لـووت بەرزییەوەووتی: بە هەوەس ئەیبەین. ئیتر یەکسەر پەلاماری دۆشکاکەم داو لە

ئۆتۆمبیلەکەم کردەوەووتم: ڕێگا نادەم بیبەن. هەندێ قسەی توندو ناشیرینم بە سەید بەهادینووت، نەیوێرا هیچ بڵێ. کابرای پاسدارووتی: کە ئەم دۆشکایەم لێئەسەنیتەوە نابێت جارێکی تر بێیتەوە ئێران. منیشووتم: کە تۆ مەنعم بکەی جارێکی تر هەر نایەمەوە ئێرانو لەووڵاتەکەی خۆمدا بمرم چاکترە. لە باتی ئەوەی هاوکاریمان بکەنو چەکمان بدەنێ بۆ بەرگریکردن چەکەکانی خۆشمان ئەبەن. ئیتر ئەمە بووە هۆی ئەوەی سوپای پاسدارانی ئەو ناوچەیە بە شوێنمدا بگەڕێن بۆ گرتنمو لەو بارەیەوە برادەران ئاگاداریان کردمەوەووریای خۆم بم.

دیارە لە کاتی بەرپابوونی ڕاپەڕیندا زۆر کەناڵی ڕاگەیاندنی جیا جیا هاتبوونە کوردستانەوە کە دوژمن جارێکی تر پەلاماری کوردستانی دایەوەو ئەو ملیۆنەها خەڵکە بە پێ بەرەو سنورەکانی تورکیاو ئێران بە ناو قوڕو لیتەو ئاوو هەورازو بەفرو کێڵگەی میندا ئەڕۆیشتن، لە ڕاستیشدا هەڵوێستی ئێران بەرامبەر ئەو خەڵکە ئاوارەیە زۆر باشبوو، لە ئۆردووگاکان نیشتەجێکرانو شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابینکرا، خواردنو خۆراکیان پێدرا بەشێکیشیان لە شارو شارۆچکەکاندا جێی خۆیان کردەوە بێئەوەی گوشار بخرێتە سەریانو خەڵکی ئێران بە تایبەتی کوردەکەی هاوکاری زۆریان کردنو دەرگایماڵەکانیان بۆ کردنەوەو بە هانایانەوە ئەچوون، کەچی تورکیا سەرەڕای ئەوەی خەڵکەکە بە زۆر چووبوونە ژوورەوە زۆر بێ بەزەیی بوون.

لەم بارەدا دەیان دیمەنی خەماویو فرمێسکاوی بە کامێرای ئەو کەناڵانەوێنەگیران، هەموو دنیا لە نزیکەوە ئاگای لە کارەساتی کورد بوو، دڵو دەروونی ڕاچەڵەکاندن ئەمەوایکرد ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بە پەلە بڕیاری ٦٨٨ دەربکات لە بەرژەوەندی خەڵکە ئاوارەکەی کورد کە خۆراکو ئازووقەو پێداویستی دەرمانو حەوانەوەیان بۆ دابینبکرێ جگە لەوەی کە هەڕەشەیەك بوو لە ڕژێمی عێراقی بۆ ڕاگرتنی کارە سەرکوتکەرییەکانی بۆ سەر خەڵکی مەدەنی کوردی ڕاپەڕیو. شایانیووتنە

دەوڵەتی فەرەنسا نەخشی سەرەکی هەبوو لە دارشتنی ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشدا کە سەردەمی سەرۆك فەرەنسوا میتران بوو کە لە نزیکەوە خۆی و خێزانەکەی مەدام دانیال میتران دۆستی کورد بوون.

لە دوای ئەوەی کە بڕیاری ٦٨٨ دەرکراو دڵنیاییەکی بە کورد بەخشی سەرەرای ئاوارەبوونیان، هاوپەیمانان بڵاویانکردەوە کە ناوچەی پارێزراو بۆ کورد دابین ئەکرێ بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان ئەمەش ناونرا پرۆڤاید کۆمفۆرت. کە پێشتر چەند یەکەیەکی هێزی ئەمریکا هاتبوونە کوردستانەوەو ئەو ئەرکەیان گرتبووە ئەستۆو دواتر لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوەوا بەچاك زانرا ئەو ناوچە پارێزراوە درووست بکرێ و ٥٠٠ پۆلیسی خۆی ڕەوانەی کوردستان کرد کەتاماوەیەك مانەوەو بارەگایەکیشیان لە کەلاری گەرمیاندا دانا، ئەمەش لە خۆیدا داکۆکی کردنێك بوو لە دۆزی کوردو پشتیوانییەك بوو لێی کە جارێکی تر ڕێگە نادرێ کورد تووشی کارەساتی گەورە ببێتەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کەووردەووردە خەڵکەکە بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان دوای ئەوەی بە سەدان کەس لە پیرو پەککەوتەو منداڵ لەو ڕێگا سەختانەدا لە برساو لە سەرما گیانیان لە دەستدا.

دوژمنی بەعس دوای ئەوەی لە کەلارو دەربەندیخان و باوەنوورو مەیدان جێگیر بوو، ئەیویست خۆی تاقی بکاتەوە، هەندێ شوێنی سەربازی گرنگی هەبوو بیگرێتەوەو زاڵ بێ بەسەریدا بەو خەیاڵەی کە هێزی پێشمەرگە ناتوانێ شەڕ بکات و ئەویش ئەتوانێ بە تەواوی زاڵ بێتەوە بەسەر کوردستاندا، بۆیە بە پێی نەخشەیەکی سەربازی ڕۆژی ٤/١٢ هێرشێکی چەند قۆڵەی کرد لە: میدانەوە بۆ سەرتەك، مەیدانەوە بۆ شەرواڵ دڕەو دەربەندی بێلوولە، دەربەندیخانەوە بۆ سەرتەك.

دوژمن بە تۆپی قورس و هاوەن سەنگەرو جێگاکانی پێشمەرگەی ئەکوتا. ئێمە هێزێکی کەمبووین، لە دەربەندەکە بووین، هێرشەکەی دوژمن

نزیك بووەوە شەڕ بە سەختی دەستیپێکرد، کاك ماجید فەیلیو کاك سوهاد داود حەمەڕەحیم کە فەرماندەی قارەمان بوون بەرگرییەکی مەردانەیان کرد، من چوومە سەر ڕەبایەیەکی کۆن لە خوارووی دەربەندەکە لەو کاتانەدا میقدادی برای شەهید شێخ جەمالو شێخ حسامی ئامۆزایو بەهادین مەحمود ئەحمەد لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تردا گەیشتنە لام، تەماشامان کرد پێشمەرگەیەك پەلاماری هێزەکەی دوژمن ئەداو هێزەکەی شکاندووەو بە دوایاندا ئەڕوات. ئەو برادەرانەی لای من داوایان کرد بگەنە لای ئەو پێشمەرگەیەو لە چاونووقانێکدا گەیشتنو دایان لەو هێزەی دوژمنو شپرزەیان کردو بە جۆرێك شکا جگە لە ڕاکردن هیچیان لەبەردەمدا نەماو تەنانەت پێشمەرگەکان هاوەنەکانیشیان دەست بەسەرا گرت. بە دەیان لاشەیان لێبەجێماو ١٧ سەربازیان لێبەدیل گیرا، کە دیلەکانمان دواند بۆمان دەرکەوت کە دوژمن زۆر بێوورەیەو تاقەتی نەماوە.

دوای ئەو شکانە دوژمنویستی جارێکی تریش بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، هێزێکی زۆری لە دەربەندیخانەوە کۆکردەوە بۆ پەلاماردانی شاخی خۆشكو سەرتەك، بۆیە هێزێکمان بەسەرپەرشتی حەمەی مالیەو حاجی فایەقو ساڵەحە بژە ناردە دێی بانی بی بۆ هەر ئەگەرێك لەوێ بن.

ئەوەبوو ڕۆژی ٤/١٥ دوژمن بەیانی زووەکەی بە پاڵپشتی تۆپو کاتیۆشا هێرشەکەی بۆ سەر شاخی خۆشك دەست پێکرد.پێشمەرگەکانی بانی بیو ئەوانەی سەرشاخی خوشك کە لەیەکەی سمود بوون لێیان هاتنە دەستو هێرشەکەیان تێکشکاندو زیاتر لە ٥٠ تەرمیان لێبەجێماو ٢ دیلیشیان بە ساغی گیرا، ئێمەش بێ زیان بووین. ئەمەوورەیەکی باشی بە پێشمەرگەدا، باش تێگەیشتین کە دوژمن توانای کز بووە، لە هەر پەلامارێکدا ئەتوانین برستی ببڕینو دەرسێکیوای بدەین بیر لە گرتنەوەی شوێنە ستراتیژیەکان نەکاتەوە. دوای ئەو شەڕە بە هەندێ ئیشو کار ڕۆژی ٤/١٦ لە پشتەوە ڕۆیشتم بۆ پاوەو سەردانێکی بارەگای بەتالیۆنم کردو چوومە سەریاس. هەرچەندە ئێرانیەکانیش لێم ناڕازیبوونو ئەگەر پێیان بزانیبام ئازاریان ئەدام.

ڕۆژی دواتر لەگەڵ کاک شێخ محەممەد شاکەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی سوسیالیست لە جوانڕۆوە گەیشتمە سەلاسی باوەجانی، سەردانی هەندێ ماڵە پێشمەرگەو برادەرانم کرد.

گفتوگۆ

ڕۆژی ١٨/ ٤ لە ڕادیوی بیبیسی هەواڵی چوونی هەڤاڵ مام جەلالم بۆ بەغدا بیست بۆ گفتو گۆ لەگەڵ حکومەتی بەغدا.

لە ڕاستیداو لەو هەلە ناسازەدا کە کورد هەموو ئاوارە بوو بوو، هێزی پێشمەرگە لە دەرەوەی شارەکان بوو بگرە لەسەر سنوورەکان بوو، سەرکردایەتی یەکێتی بەشێکی لە پێنجوێن بوو هەر هەنگاوێك بۆ سازشیش بێ بۆ چارەکردنی دۆخەکە لە قازانجی کورد بوو، جگە لەوەی ئەچوو بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمێکی درندەی بێ پەناو بێ متمانەدا ئازایەتییەکی بێوێنەبوو. گەرچی لەوانەیە ئەو هەوڵە ببێتە جێی مشتومڕی خەڵك و لایەنە کوردیو بیانییەکان.

ئایا لەم هەلەدا کە ڕژێمی سەدام کە لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا ئەفەرۆز کراوە چۆن کورد بڕوای پێئەکات..؟ ئایا چی تازە بە کورد ئەدات جگە لە ئەنفال و کیمیایی..؟.

هەواڵەکە بۆ ئێمە شتێکی نەبیستراو بوو، لە هیچ سەرچاوەیەکەوە نەمانبیستبوو یەکێتی شتێکی وای لە بەرنامەدا بێت. گفتوگۆش بەلای یەکێتییەوە کارێکی پەسەندەو جۆرێکە لە جۆرەکانی خەبات بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانمان. گەر دوژمنیش بە هەمان پێودانگ بڕوای بەوە هەبێت گرفتەکان بە ڕێگای قسەو گفت‌وگۆکۆتایی پێ بهێنێت ئەوا شەڕ بەرپا نابێت،وێرانەیی ناکەوێتەوە،ووزەی هەردوو میللەتەکە بە فیڕۆ ناڕوات.

هەڤاڵ مام جەلال چووە بەغداو لەگەڵ سەدام حسین کۆ بۆوە. ئەمە خۆی لە خۆیدا تەحەدایەکی گەورەیە. پێ لە جەرگنانە کە کەسێکی وەکو

هەڤاڵ مام جەلال بێترس بچێتە زێر چەقۆی ڕژێمێك كە مانگێك زیاتر پێش ئەوە لە ڕاپەڕینێكی سەرتاسەریدا هەموو دەسەڵاتو داموو دەزگاو پێگەكانی لە كوردستاندا لە بن هەڵتەكاند.ئەم هەنگاوەوەكو هەموو هەونگاوێكی تر خەڵكێك هەبوو پشتیوانی ئەكردو كەسانێك دژی بوونو بە چاوی گومانەوە تەماشایان ئەكرد.هەندێك تانەو تەشەریان ئەداو قسەی نابەجێیان ئەكرد. بەتایبەتی ئەو كەسو لایەنانەی كە مەسئولیەتی نەتەوایەتیان لە ئەستۆدا نەبووەو لە ڕووی ئیلتیزامەوە بەرەلایانە تەنیا ڕەخنە ئەگرن.

وەنەبێ ئەم چوونەی مام جەلال بۆ بەرژەوەندی یان ڕەچاوكردنی تەنیا چارەنووسی یەكێتی بوو‌بێ، بەڵكو بە بڕیاری بەرەی كوردستانی بووە كەوەفدەكەی بەرە كاك ڕەسوڵ مامەندی سۆسیالیستو سامی پارتی گەلو نێچیرڤانی پارتیشی گرتبووەوە، بۆ ئەوەی لەو هەلە نارەحەتەی كوردی تێكەوتووە كارێك یان جووڵەیەك بكرێ خوێن بزێتەوە دەماری سڕبووی‌وەزعەكە. ئەگینا هەموو لایەك ئەیزانی كە سەدام هیچ بۆ كورد ناكات. ئەم ڕژێمە شۆڤێنییە كۆنەپەرستە لە حاڵەتی شكستیشدا ئامادەنییە بچووكترینو سادەترین مافی كورد بسەلمێنێ.وا دیارە ڕژێمی سەدامیش لای خۆیەوە پێویستی بەوە هەبووە لەبەردەم ڕای گشتی ناوخۆو دەرەوەداوا پێشاندا هەنگاوێك ئەنێ بۆ چارەسەركردنی كێشەكانو ئامادەیی تێدایە بۆ دانوستانو بەمەش بەردێك ئەداتە پەراسووی دەوڵەتە زلهێزەكاندا كە دەستیان‌وەرداوەتە ناو كاروباری عێراقو لەتوپەتی ئەكەن.

دیارە ئەم چوونە دەروازەیەك بوو بۆ چوونە ناو ژووورە تاریكەكانی گفتوگۆوە، چونكە بەبێ یەك بینینو دانیشتن گرێو گۆڵەكانی دۆزی كورد تەواو شی ناكرێتەوە. لە ڕێگەی ڕاگەیاندنیشەوە شتەكانوا باسكرا كە سەدامو داروودەستەكەی ڕەزامەندییان لەسەر گفتوگۆ نیشانداوەو بەردەوامیش ئەبن لەسەر كاركردن ووەفد هاتوچۆ بكاتو پڕۆژەی داواكارییەكان پێشكەش بكرێ.وەفدەكەی بەرە هەمیشە هەر خەریكی قسەكردن بوو هیچی پێ نەئەكرا

سەدامیش قایل نەبو چارەنووسی کوردوەکو مەسەلەیەکی نەتەوایەتی دیاری بکرێ بەڵکو ئەیویست لە چوارچێوەی دەسەڵاتی بەعسدا بێو لە دەرەوەی ئەودا نابێ بیر لە هیچ شتێکی تر بکرێتەوە، بۆیە بە چاوی گومانەوە تەماشای ئەم گفتو گۆیە ئەکرا، جگە لەمە نارەزاییەکی زۆری خەڵکی بەرپابوو، یەکێتیش جگە لەوەی‌وەکو سازش گفتوگۆی ئەکرد باوەڕی بەوە نەبوو سەدام چارەسەری ریشەیی بۆ مەسەلەی کورد ئەنجامبدات، کە چی لایەنی تر هەبوون بە کەفوکوڵەوە پەرۆشی ڕێککەوتن‌و پەیوەست بوون بە ئۆتۆنۆمییەوە بوون.

دۆخەکە هەندێك گۆڕا،ووردەووردە خەڵك گەڕایەوە، لیژنەی تەنسیق دروست بوو، گەرچی ڕژێم لە شارەکاندا بەتایبەتی سلێمانی‌و هەولێرو شارۆچکەکانی تر جێگەی خۆی کردبووەوە، هێزەکانی تەنیا لەسەر جادەکان هەبوو، لە هەندێ سەربازگەشدا بەڵام بێوورەو بێ‌ووزەو هیچ لەبارانـدا نەبوو، دوای ئەو هەموو شەڕ پێکردن‌و خۆ بەدەستەوەدان‌و تێکشکانە ئەبێ چییان پێ بمێنێ..؟ جگە لەوە هەر بەناو دەزگا تێرۆریستییەکانی دانابووەوە، بەڵام نەیانئەتوانی بەو قەبەییەی جاران بن، هەروەها هیچ جموجووڵ‌و ئیجرائاتێکیان نەئەکرد، زیاتر لە چارەنووسی خۆیان ئەترسان.

لەو ماوەیەدا بوو هاوپەیمانان هەنگاوێکی گرنگ‌و پڕ بەهایان نا کە بریتی بوو لە قەدەغەکردنی فڕینی فڕۆکەکانی عێراق بە سەر ئاسمانی بەشێکی کوردستاندا بە درێژایی هێڵی پانی ٣٦ کە بۆ ئەم مەبەستە هێزەکانی خۆیانیان لە فڕۆکە خانەی ئەنجەرلیکی تورکی دانابوو بۆ چاودێریکردنی ئەم ناوچەی دژە فڕینە کە نابێ فڕۆکەکانی عێراق لە سەروو هێڵی ٣٦ بسووڕێنەوە کە بەشێکی کوردستانی ئەگرتەوەو ئێمە پێمان خۆشبوو ئەو ناوچەیە فراوانتر بێ بۆ ئەوەی مێردەزمەی دەسەڵاتی بەعس بە یەکجاری بە سەر دڵ‌و دەروونمانەوە نەمێنێ لە گەڵ ئەوەشدا هەرباشبوو بەشی سەرەوەمان لە ئارامیدا بێ بۆ هەر ئەگەرێك کە تووشی خوارووی هێڵی ٣٦ ببێ.

لەبەر ئەوەی لە گفتوگۆدا بووین شەڕو پەلاماردان نەبوو ئێمە کارێکی ئەوتۆمان نەبوو، هەر چاوەڕوانی هەلەکەمان ئەکرد، کاتەکانمان بە گەڕانو سەردان بەسەر ئەبرد.جارێکیان چوومەوە کانی دیناری مەریوانو چەند ڕۆژێك مامەوەو گەڕامەوە گۆخلانو پێنجوێنو لە هەڵەبجەی شەهیدەوە گەڕامەوە پشتەو سەرتەك. هەندێك جاریش لەگەڵ شاهۆدا کە شاخەوانێکی مەزن بوو ئەچووینە ڕاوە ئاژەڵە کێوی لەسەر شاخی بەمۆو خۆشك.

لەو کاتانەدا هەندێ ئازووقەمان کەم بوو بووەوە، کاتی خۆیشی ساڵی ٨٩ -٩٠ هەندێ ئازوقەمان لە نزیك خورخور لەلایەن کاك حەمە پاریاوڵەو حەمە چاوشینی دەستەکەی خۆمەوە لە ژێر زەویدا شارابووەوە. ناردمە لای ئامیر لیوای مەیدانو چەند سەربازێکی لەگەڵ پێشمەرگەکاندا ناردبوو، ئەو ئازووقەیە چەند تەنێك ئەبوو. ئامیر لیواکە سەری سووڕمابوو لەو ناوچەیەدا کە ناوچەیەکی سەربازی قەدەغەکراوو ژێر کۆنترۆڵی ئەوان بووە چۆن پێشمەرگە توانیویەتی ئەم هەموو ئازووقەیە هەڵبگرنو ئەوان پێی نەزانن. ئینجا داوای هەندێك لەو ئازووقەیەی کردبوو بەشیان دابوو.

دوای گەڕانەوەی هەڤاڵ مام جەلال لە بەغدا، کاك نەوشیروان بە سەرۆکایەتیوەفدێك ڕۆیشت بۆ بەغداو ئەمەش تەوژمێکی تریدایە مەسەلەی دانوستانو ئەووەرەقانەی ئەخرایە بەردەست بەووردی توێژینەوەی لەسەر ئەکرا، داخوازییەکان سازشی تێدا نەئەکرا، ئەوەی بۆ کورد پێویست بوو ئەخرایە ڕوو، بەڵام مەودایەکی دوور لە نێوانی هەردوولایاندا هەبوو. ئەوەندە ئاسان نەبوو بە پەلە بگەنە یەكو هەموو دیوارەکان بڕووخێنن، هەموو پەردەکان لە ڕوو لابەرێنو ناخەکان بە پاکی دەربکەون، گەرچی دەیان جار گفتوگۆکراوەونەبێ ڕژێم هەموو جارێ بێ ئاگا بێ لە داخوازییەکانی کورد یان هەر جارەی جۆرە داواکارییەك پێشکەش بکرێ بەڵکو لە بنەڕەتدا یەك مەسەلەیەو بە پێی ڕۆژگاریش هەندێ خاڵ زیادو کەم ئەکرێتەوە، جگە لەوەی

له ناو بەرەدا گەرچی بە یەکوەفد چووبوونە خوارەوە بەڵام تێڕوانینەکان یەك نەبوون، بە حەزمەوە کار ئەکرا.

وەنەبێ کە ڕژێم گەڕابێتەوە کوردستان توانیبێتی بەو توانایەی جاران یان هیچ نەبێ گوڕو تینێکی هەبێ حوکمی کردبێ بەڵکو کە خەڵکی گەڕانەوە ناو شارەکان ئەم ترسی زیاتری لێئەنیشت. نارەزایی خەڵکی بەرامبەری زیادی ئەکرد، ڕۆژی ٧/١٧ لە هەولێر خۆپێشاندانێك بەرپابووو ژمارەیەك خەڵکی شەهید کران. هەروەها لە سلێمانیش ئەمە ڕوویداو ١٥٠ کەس کوژران بەڵام دوژمن زیانی زۆری لێکەوت ٢٥٠٠ دیل زیاتری لێ گیرا. ئەمە زەنگێکی ترسناك بوو بۆ ڕژێم کە ناتوانێ بە ئاسودەیی لە کوردستاندا بژی. هەر ساتێکی بە ڕۆژگارێکی تاڵ لێئەڕوات. ئەبێ هەرچۆنێ بێ با باجێکی قورستریش بدات هەر بمێنێتەوە. بەعس تووشی کوردە ناموسە بوو بوو لەڕاپەڕیندا کوردستانی بێچۆڵکرا، جارێکی تر لە پەلامارێکدا گەڕایەوە، دوای ئەوەش خەڵکی سەریەشەی بۆ درووست ئەکەن و هیچی پێناکرێ و ڕاکردنیشی شکستێکی سەربازی و مەعنەوییەو ئابڕووی لە ناوخۆو دەرەوەیشدا ئەچێ.

ڕۆژی ٨/١١ بوو.. سەردانێکی قەڵاچوالانم کردو کاك کۆسرەتم بینی پێی ووتم کە بڕیاریان داوە ببمە فەرماندەی بەتالیۆنی ٨ ی بتوێن. دوای هەندێ قسەکردن ڕەزامەندیم پیشان داو گەڕامەوە پێنجوێن بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەم بە بەتالیۆنەوە. ڕۆژی ٨/١٧ گەیشتمە ڕانیەو لە بارەگای بەتالیۆن دەستبەکاربووم. لەو ماوەیەدا لەگەڵ کاك ڕەهبەرو عەبدوڵڵای مام عەلی سەردانێکی شەقڵاوەمان کرد لەگەڵ کاك عومەر فەتاح کۆبووینەوەو لەسەر کاروباری هێزەکانمان قسەمان کرد. دوای ئەوە ڕەئیس کەمال موفتی هاتە لامان لەسەر ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە گفتوگۆی تێرو تەسەلمان کرد.

ڕۆژانی ١ - ١٩٩١/٩/٣ لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلالدا کۆبووینەوە. دوای ئەوە ڕۆژی ٩/٤ هەڤاڵ مام جەلال لە سەرسەنگ لەگەڵ ئەمریکییەکان و

هاوپەیمانەکان کۆبووەوە. ئەمە مەغزایەکی گرنگی هەبوو، ئەوەی بۆ کوردستان فەراهەم کرابوو هێزێکی پارێزەری بۆ دانرابێ‌و لەگەڵ سەرکردەکانیدا دانیشتن بکرێ لە رووی سیاسییەوە ناوەڕۆکێکی بەهێزی لە خۆ گرتبووەوە پەیامێکیش بوو بۆ دەوڵەتەکانی ناوچەکە کە کورد بێ خاوەن نییەو لەلایەن هاوپەیمانانەوە پشتیوانی لێئەکرێ. هەرچەندە هەندێ کەس‌و لایەن‌وای بۆ ئەچوون کە ئەم هێزە بۆ پارێزگاری کردن لە کورد نییە بەقەد ئەوەی کە بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان لەبەرچاو ئەگرێ‌و گورزێکە بۆهەر ئەگەرێکی کە دژی ئایندەی ئەوان بوەشێنرێ لەبابەت ئەو ملهوڕییەی سەدام بەرامبەر بە کوێت کردی. هەرچی بێ ئەوە بۆ ئێمەی کورد بێسوود نییەو ئەبێ بە باشی‌وەکو کردەیەك بیقۆزینەوەو لە دەستی نەدەین.

ڕاپەڕینی دووەمو سێیەم

وە نەبێ کە ڕژێمی سەرکوتکەری سەدامی هاتبێتەوە کوردستان شێوازی ڕەفتارو بیری سیاسی خۆی بگۆڕێو لەگەڵ کوردا جۆرە نەرمییەك بنوێنێ بە تایبەتی خۆی بە چاوی خۆی تێکشکانەکانی بەرامبەر هاوپەیمانانو بەرامبەر خەڵکی ڕاپەڕیویش بینیو بوونە مایەی ئەوپەڕی لاوازی بۆی بە تایبەتیش ئەو کە لە گفتوگۆدا بوو لەگەڵ لایەنەکانی کوردستانیدا کەچی بەردەوام بوو لە ملهوڕییەکانیدا، ئەمەوایکرد کە چیتر لێی قبوڵ نەکرێ، لە شارۆچکەی کۆیە جامی غەزەبی خەڵکی بەرامبەر بە ڕژێمو دەسەڵاتە نابووتەکەی پڕبوو، سەرو چاوی هەر یەکێکت بخوێندبایەوە پڕ بوو لە پرتەو بۆڵەو ڕق، هەستت ئەکرد ئێستا نا ساتێکی تر ئەتەقێتەوە، دوژمن هەمیشە بە بیانوو بوو، شەڕی بە خەڵکی ئەفرۆشتو هەندێ ئیجرائاتی لایەلای ئەکرد، بۆیە لەگەڵ هەڵوێستی خەڵکەکەدا ئێمەیش وەکو هێزی پێشمەرگە هەڵوێستمان وەرگرت. خۆمان سازدا بۆهەر مەبەستێك ڕوویدا.

ئەوەبوو ڕۆژی ٩/٧ خەڵکی کۆیە لە دوژمن ڕاپەڕین. پەلامارێکی کوتوپڕیاندا، ناو شاری کۆیە لە هەموو ئاسەوارێکی بەعس پاککرایەوە، لەملایشەوە باداوای لێسەنرایەوەو هێزەکانی ڕاونرا. لە تۆڵەی ئەمەدا دوژمن لە بیستانەوە پەلاماری هێزەکانمانیدا، نەیزانی بەسەر مینی چێنراوی هێزی پێشمەرگەدا ئەکەوێو ئەخشەکانی پووچەڵ ئەبنەوە. ئێمە لێی ڕاپەڕینو بەتوندی لێماندا. هەر ئەوەندەی بۆ کرا مەیدانی شەڕەکە بەجێ بهێڵێو بەرەو مۆڵگەکانی ڕابکاتەوە. لەم شەڕەدا ٦٥ دیلی لێگیراو ٨ بریندراری لێ بەجێما. ئەمە

شکستێکی تری ڕژێم بوو ئاماژەیەکیش بوو کە لە کوردستاندا نامۆیەو جێی نابێتــەوەو هــەر جموجووڵێــك بکــات بــە ســەر شــکاوی ئەگەڕێتــەوەو سەرکەوتن‌وەدەست ناهێنێت. ئەبێ بەرنامەیەکی تر لای خۆی گەڵاڵە بکات نەك هەر هەموو ڕۆژێك تووشی تێکشکان‌و ڕاونان‌و ڕووخان بێت، ئەمەش لە لای خەڵکی بە ڕاپەڕینی دووەم تۆمارکرا.

لەم هەلومەرجە ناسکەدا کە خەڵکی زیاتر لە بیری ئەوەدا بوون کە چۆن بەرگری لە خۆیان بکەن، بەرەکانی شەڕ بپارێزن، پڕ چەك بن بەرامبەر هەر ئەگەرێکی نگریسانەی ڕژێمی مرۆڤکوژی بەعس، یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لەم ڕووەوە هێزێکی بەرگری باڵا دەست بوو، بە تەنیاش هەر خۆی بە مەسەلەی شەڕەوە خجڵ نەئەکرد، بەڵکو لە ڕووەکانی تریشەوە پەلی ئەهاویشت. داهێنانی گەورەیان ئەنجام ئەدا بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

یەکێك لەو داهێنانەش پەخشی تەلەفزیۆنی بوو کە لە ڕۆژی ١٩٩١/٩/١١ لە شاری سلێمانییەوە بەووتاری هەڤاڵ مام جەلال دەستی پێکرد ئەمە کارێکی گرنگ بوو لەم قۆناغەدا کە هێشتا سەقامگیر نەبووە، بەو تواناو ئیمکاناتە کەمە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دابنرێ کە لە ڕووی تەکنیکیشەوە کادیری شارەزای کەممان هەبوو. هەنگاوەکە خۆی لە خۆیدا زۆر گەورە بوو، دڵخۆشییەکی بەخشییە کورد کە لەم ڕۆژگارەدا بە توانای خۆماڵی لە ڕووی ڕۆشنبیری‌و هونەرییەوە دڵو دەروون‌و مێشکی مرۆڤی کورد مشتوماڵ بکرێت. لەپاڵ شەڕی بەرگری کردن لە کوردستان چالاکی ڕۆشنبیری‌و پەروەردەی کەسێتی کوردیش بکرێ. ئەگەر چی ڕژێمی بەعس لە تەلەفزیۆنی کەرکوکەوە بەرنامەی کوردی هەبوو، کە زیاتر بۆ خزمەتی سیاسەتی بەعسیانەی ڕژێم بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ بابەتی هونەری‌و ئەدەبی کوردی تێدا پێشکەش ئەکرا.

لەم ماوەیەدا سەردانێکی پێنجوێنم کردو لەگەڵ منداڵەکاندا قسەم کرد، ماڵەکەمم پێچایەوە بۆ سلێمانی‌و لەوێ نیشتەجێ بووین. دوایی سەرێکی

گەرمیانمداو لە دەشتی داودەدا هەندێ ئاسکمان کوشتو بۆ حەسانەوەش چووینە خۆرنەوەزانی لای قەوالی کە بە سەر چەمی ئاوەسپییەوەدیەو شوێنێکی فێنكو ئاوداروو گژوگیا دارەو تابلۆیەکی سروشتی ڕەنگینە بۆ گەشتو گوزارو سەیران زۆر بە کەڵكو سوودمەندە، کاتی خۆی برادەرانی حیزبی شیوعی بۆ خۆحەشاردانو پارتیزانی هەروەها ئێمەش سوودمان لێ بینیوە.

دوای ئەوەی لەوێ گەڕامەوە سەردانێکی هەولێرم کردو چوومە لای کاك کۆسرەتو باسی ئەشکەوتی داری خلەو تەرمەکانی ٧ شەهیدەکەم بۆ کردو بڕی ١٠ هەزار دیناری دامێ بۆ دەرهێنانی تەرمەکانو گواستنەوەیان. لەگەڵ برادەرانی تردا کاك کوردۆو کاك عەدنانو کاك عوسماندا قسەمان کرد لەو بارەیەوە ڕۆژی ٩/٢٠ سەردانێکی ئەشکەوتەکەمان کردو لە خواریشەوە بەسەرپەرشتی م.عەلی کار کرا بۆ ئەنجامدانی ڕێو ڕەسمی ناشتنیانو کۆڕ بەستنو ئاگادارکردنەوەی کەسو کاری شەهیدانو خەڵکی ناوچەکە بۆ بەشداریکردن لە هێنانەوەو بەخاك سپاردنیان لە گۆڕستانی کەلاری کۆن. شۆفڵمان برد بۆ لابردنی ئەو بارستاییە زۆرەی خۆڵو بەرد کە بەردەمی دەرگای ئەشکەوتەکەی گرتبوو، ئێمە لە کارکردندا بووین ڕۆژی ١٩٩١/١٠/٥ دوژمن بەهێزێکی زۆری تانكو زرێپۆشو سەربازەوە پەلاماری کفری داو لەشەڕێکی نابەرامبەردا توانی دەستی بەسەردا بگرێو ئەو کەمە پێشمەرگەیەو خەڵکەکەی لەشار دەربچنو هەندێ پێشمەرگەش وەکو حسین حەمە سەمکەو زۆراب هۆمەرملی و د.ئاتیللا شەهید بوون. هێزەکەی دوژمن بەم سەرکەوتنە بچووکە لە خۆبایی بوونو زیاتر پێشڕەویان کرد.لای کەلاریش هەندێ جموجووڵیان هەبوو لەو بەری سیروانەوە تۆپبارانی ناو کەلاری ئەکرد. هێزەکانی دوژمن گەیشتنە سەرقەڵا، بەڵام لەوێ دۆزەخێکی گەرمیان بۆ داخرا، ئەو دەشتاییە بووە گۆڕستانی تانکە پەلاماردەرەکانی ڕژێمی بەعسی فاشیست. لە چەند قۆڵەوە پێشمەرگە نەبەزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان شێر ئاسا هەڵمەتی کوتوپڕیان کردە سەریانو لە قۆڵێکیشەوە مەفرەزەیەکی حشع هاوکار

بوون، لێرەدا ئەو فیزو لەخۆبایی بوونە سەربازییە دادی نەدانو هەر ئەوەندەیان زانی ئاگری تۆڵە لە پوشوویان کەوتووەو ئەبنە قەرەبرووت. لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا ٢٥ تانکی زەبەلاح یخدرانو لەناو هاڕەو قرمژنی گوللە ئارپیجیو بیکەیسیو تفەنگی قارەمانانـدا لەپەو ڕوو ئەکەوتنو گڕو بلێسەی مەرگیان لێ بەرز ئەبووەوە. لەم شەڕەدا فەرماندەی قارەمان ئەحمەدی حاجی ڕەشید کە یەکێك بوو لە پارتیزانە بەوورەکان، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە گەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەی ئازای تردا. ئەم سەرکەوتنە لاسەنگییەکی خستە بەرنامەکەی ڕژێمەوە کە بە پێی ئەو نەخشەیەی لەو شەڕەدا دەستمان کەوتبوو بە نیازبوو هێزەکانی لە سەرقەڵاوە بچنەوەلی هەیەرو لەوێوە بەسەر زنجیرە چیای شاکەلدا شۆڕببنەوە بۆ گردە گۆزینە. بەڵام بۆیان نەکرا، جگە لەمە لە سنووری سلێمانیو شارەزوورو دەربەندیخانو ئەوبەری سیروانیش هێزەکانی کەوتنە بەر هەڵمەتو پەلاماردان جگە لە خۆبەدەستەوە دان هیچی تریان پێنەکرا. لەوبەری سیروانیشەوە هەر بە یەکجاری ڕۆیشتن. پردی دەبابەیان تەقاندەوەو لەدوای خۆیانەوە هێزەکانی پشتی بانیبیو ژاڵەناوو ناو فرقەی دەربەندیخانو حامیە هەموو تەسلیم بوون بە ئەفسەرو سەربازەوە. ئەوانەی کەلار دوو مدرعەیان لەسەر قەڵای شێروانە لێگیراو سووتێنرانو سەربازەکانیش بە دیل گیران.

ئەمە بە ڕاپەڕینی سێیەم ناوی دەرکرد. ئەمەوای لە ڕژێم کرد بە پەلە لەگەڵ نوێنەرانی بەرەی کوردستانیدا دابنیشن لە بارەگای فرقەی ٢٢ لە باریکەی بنکورە لە لایەن ڕژێمەوە نوێنەریوەزارەتی بەرگری ڕژێمو لە لایەن بەرەی کوردستانیشەوە کاك جەبار فەرمانو جەوهەر نامیق سالم بەشدار بوون، دوای گفتوگۆ گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە کۆتایی بەشەڕ بهێنرێ، هێزەکانی ڕژێم لە سەرقەڵاو سەرووی کفری بکشێتەوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە بازگەیەکی هاوبەش لە سەر ملەی ئاساڵەح دابنرێ. بازگەیەکیش لە گردە گۆزینەی خوارەوەی کەلار، هێزێکی هاوبەشی یەك فەوجی

سەربازی و٧٥ پێشمەرگە لە ناو کفریدا دانرێ. ئینجا لیژنەیەك پێکهات لە هەڤاڵان جەمیل هەورامی و حەمە عەلی قەرەچەتانی و م.عەلی و عوسمانی حاجی مەحمودو ئەفسەرێکی ئیستخباراتی فیرقە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەو هێزەی سەرقەڵادا بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری کشانەوەکەیان و دابینکردنی پێشمەرگەکانی ئەو جەبهەیە. ئەو لیژنەیە چوونە دێی برایم خان و لەگەڵ فەرماندەکانی ئەو هێزەدا قسەیان کردو ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی تا ١٥ کاتژمێر مۆڵەتیان بدرێ بۆ تەگبیر کردنی لاشەی ئەو هەموو تانکەیان و چاوەڕێی بڕیاری سەرەوەیانن بیگوێزنەوە یان بیخەنە ژێر گڵەوە.

شایانی باسە ئەفسەری ئیستخباراتەکە کە مقدم بوو بەناو لاشەی ئەو تانکانەدا تێپەڕی و بەچاوی خۆی ئەو هەموو کەلاکە زەبەلاحەی بینی لەو گۆڕەپانەدا یخ درابوون. ئەوەی سەیر بووو چاوەڕوان نەئەکرا ئەوەبوو ڕۆژی دواتر ئەوان کشابوونەوەو هیچیان لێبەجێ نەما، تەنانەت ئەو بڕگەیەی کە هێزی هاوبەش بوو بۆ ناو کفری و بۆ بازگەکان ئەوەشیان نەکرد.لە سلێمانیش هەموو هێزەکانیان کۆنترۆڵکران و لە ڕێگەی بەرەی کوردستانییەوە بۆ دەرەوەی سلێمانی بەڕێکران.

ڕژێمی بەعس لەگەڵ ئەوەی بڕیاری دابوو ئیدارات لە کوردستاندا بکشێنێتەوە بڕیاریشی دابوو هەردوو بەنداوی کارۆئاوی دووکان و دەربەندیخان تێك بدات تاکو زیان بە سەرچاوەی کارەبای کوردستان بگەیەنێت.. مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەم پیلانە ئاگاداربوو ، بۆیە بڕیاری دا کە سەرەڕای ئەوەی فیرقەیەکی سەربازی ڕژێم لە بەنداوی دووکان دانرابوو پاسەوانی بۆ دابنێ و هەوڵیش بدرێت بێ شەڕ ڕێگە لە جێبەجێ کردنی نەخشەی تێکدانەکە بگیرێت ، بۆیە هێزێکی لە شکری یەکی سلیمانی ئامادەکرا بۆ ئەو مەبەستە ، ئەو کاتەش من فەرماندەی هێزی ٨ ی بتوێن بووم نەبوایە لە کاك مستەفا چاورەشەوە بڕیاری جووڵانەوەربگرم بەڵام بە حوکمی هاوڕێتی لەگەڵ برادەرانی لە شکری یەکداو کاك جبار فەرمان فەرمانمان پێکرا لە دووریانی

کۆیە - ڕانیە بۆ سەر بەنداوی دووکان هێزەکانمان دابنێین ، کە ئەو کاتە بارەگای لیوا لە ناو خەلەکاندا بوو ، هەموو سریەو فەوجەکانی بەسەر گردۆلکەکاندا بلاوەیان کردبوو ، ئێمە لەگەڵ کاك توفیق کانیوەتمانیو کاك عەلی نەبیو برادەرانی تری هێزدا بەتالیۆنەکانمان دابەشکردوو هەریەکە شوێنی خۆی بۆ دەستنیشان کراو پێمان ڕاگەیاندن کە بە سەیارە بچنە ناو ڕەبیەکانیانەوە بەبێ تەقە لەگەڵیان دانیشن ، ئەگەر ڕێگەیان نەدا ئینجا بەزۆر لەگەڵیاندا بکەن.. بۆیە ئێمە بەرنامەکەمان بێ تەقە جێبەجێکرد .. لەو کاتەدا بروسکەیەکمان لەلایەن کاك مەسعود بەرزانیەوە پێگەیشت ئەڵێ : کوردستان موڵکی ڕۆستەمو مەحمود سەنگاوی نی یە بە هەوەسی خۆیان تەسەڕوفی پێوە بکەنو نابێ ڕێگەیان .

بەڕێز کاك مەسعود بێ ئاگا بوو لەوەی کە ئێمە بەبڕیار ئەو کارە ئەنجام ئەدەینو لە خۆمانەوە هیچ شتێك ناکەین .

هەندێك دۆخەکە خاو بووەوە ، پاسەوانیی بەنداوەکە کەوتە دەستی هێزی پێشمەرگە ، ئەفسەری ئیستیخباراتی فیرقەی دووکان کە ناوی عەقید موەفەق بوو لەگەڵ شێخ حەسیبدا هاتنە لامانووتی : هەوڵدەن کەمێك لەناو ڕەبیەکان دوور بکەونەوە بۆ ئەوەی بتوانین نانو خواردن بگەیەنینە سەربازەکانمان ، منیش پێمووت : ئێمە بەبڕیار هاتووینو بەبڕیاریش ئەکشێینەوە بۆیە ئەبێ بڕیار لە مەکتەبی سیاسی یان کاك جەبار فەرمانەوە بێتو گوێ لە قسەی تۆ ناگرین . ئیتر ئەوانیش بەناچاری گەڕانەوە . دواتر کاك کۆسرەتو کاك جەوهەر نامیق بڕیاری کشانەوەی ئێمەیان دا.

کشانەوەی ئیدارات

ئیتر ئەمە هەنگاوی کشانەوەی دەسەڵاتو ئیداراتی ڕژێم بوو لە کوردستان کە ڕۆژی ١٠/٢٢ دەستیپێکرد، لەم هەنگاوەیدا مووچەی ١٥٠ هەزار مووچەخۆری بڕیو کەرەسەو کەلوپەلێکی زۆری ئیداراتی بردەوە بۆ کەرکوکو موسڵ. بەو مەبەستەی کورد بێ سەرپەرشتی ڕژێم بۆ کاروباری ڕۆژانەی ناتوانێ بژیو دەستەو ئەژنۆ لێی نەکەوێ. ئەمەش یەکێکی تربوو لەوجۆرە هەڵانەی ڕژێم ئەنجامەکە بە قازانجی گەورە بۆ کورد گەڕایەوە. ئەگەر چی هەندێ لایەنیواقیعیشی تێدا بوو چونکە ڕژێم نەیئەتوانی لەو هەلو مەرجە ئاڵۆزەیناو کوردستاندا هێزی سەربازیو ئیداراتی دابنێتەوە کە دایشی نایەوە زیانی زۆری لێکەوت. بۆیە ئەم هەنگاوەی نا چونکە لە دوولاوە تێی ئەڕوانی: ئەگەر بەرنامەکەی سەرکەوتوو بێ کورد داوای دەسەڵاتی ڕژێم ئەکەنەوە ئەو کاتەوەك پاڵەوانێك شەرعیەتی حوکمڕانیوەرئەگرێتەوەو ئەزانێ چی ئەکاتو کەسیش ناتوانێ سەرپێچی بکات. ئەگەریش سەرکەوتوو نەبوو ئەوا ئەو ناوچەیە بەجێ ئەهێڵێ بەحیسابی خۆی زۆر ستراتیژی نییە لە ڕووی ئابوورییەوەو خەڵکەکە زوو پەکیان ئەکەوێو ڕووبەڕووی هێزە سیاسییەکانی سەر ساحەکە ئەبنەوەو پەشێوی ڕووئەداتو لەمەشدا گرەوەکە ئەباتەوە. بەڵام بەعس لەمەشیاندا بەهەڵە چووبوو، خەڵکی کوردستان هەڵوێستێکی سیاسی هوشیارانەیان پێشاندا بۆ ڕەتکردنەوەی بەرنامە نگریسەکانی بەعسو تەحەدا کردنیو خۆژیاندنو پشت بەستن بە ئیدارەی ناوخۆ بە هیمەتی خەڵکە بە پەرۆشەکەی ڕاپەڕین.

کشانەوەی ئیداراتی ڕژێم لە کوردستاندا زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوەی کورد بیر لە درووستکردنی ئیدارەی تایبەت بەخۆی بکاتەوە. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە ئەو پرۆژاید کۆمفۆرتەی هاوپەیمانان هاندەرێکی تر بوو بۆ هەنگاوی لەو جۆرە بیرکردنەوە. دیارە ئەم جۆرە بیرەش لە ئەنجامی پێداویستی ژیانی قۆناغەکەوە هاتە کایەوە، ئەمەش یەکێکە لە داهێنانە زیندووەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بوێرانە لە کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانیدا پێشنیاری کردبووو پێشی لەسەر داگرتبوو. زەمینەکە زۆر لەبار بوو بۆ ئەم مەبەستەو بارودۆخی کوردستان بوو بووە ئەمری‌واقیع. بوێری‌و پڕکێشی لە بڕیاردان بۆ کارێکی سیاسی لە بەرنامەی حیزبێکدا بەڵگەی هۆشیاری‌و دوور بینییە بۆ بنیاتنانی پاشەڕۆژی گەل‌و بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵ. یەکێتی هەر لەیەکەم ڕۆژی درووستبوونیەوە کاری بۆ پاشەڕۆژی کورد کردووە، خەباتی لە پێناوی‌وەدیهێنانی ئاواتەکانیدا کردووە، خوێنی زۆری لەو ڕێگەیەدا ڕشتووە. هیچ ڕۆژێك سڵی لە دوژمن‌و نەخشە دزێوەکانی بۆ لەناو بردنی کورد نەکردۆتەوە. بۆهەر قۆناغێك‌و هەر بەرنامەیەکی نامرۆڤدۆستانەی بەعس گەڵاڵە نامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەبووەو لە کاتی خۆیدا کوتەکی خۆی‌وەشاندووەو جێ دەستی دیار بووە. نەك هەر ڕەنگرێژی بۆ کاری شۆڕش‌و شەڕو پێشمەرگایەتی کردووە بەڵکو لە ڕووی سیاسی‌و ڕێکخستن‌و پێشخستنی کۆمەڵگاشەوە کاری جیدی کردووەو هەڵوێستەکانی دیار بوون‌و کۆمەڵێك سەروەری تۆمار کردووە کە هەموو لە بواری داهێنانی تایبەتی بە یەکێتی ئەژمێررێ. کە لە شەڕەکان بووینەوە جارێکی تر کەوتینەوە تفراقی هێنانەوەی تەرمی شەهیدەکانی داری خلە. ئەوە بوو لە ڕۆژی ١١/١ دا لە ڕێوڕەسمێکی شکۆداری شایان بەو پیاوەگەورانەی کورد بێ کە هەموو حیزب‌و لایەنەکان‌و خەڵکێکی زۆری گەرمیان‌و کەسو کاری شەهیدان بەشدار بوون تەرمەکان گەیەنرایە گۆڕستانی کەلاری کۆن‌و بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردران دوای ئەوەی بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە ناوقورگی ئەو ئەشکەوتە بێ بەزەییەدا مابوونەوە.

گەرچی دوژمن ئێستا لە ناوخۆی کوردستاندا نەماوەو هێزەکانی بردووەتە سەر ئەو سنوورەی کە خۆی کێشاویەتی، دەستی سەربازەکانی لەسەر بەلەپیتکەی تفەنگە بۆ لێدانی بالآی بەرزی دەسەڵاتی کوردی. ڕۆژانەش لە دوورەوە تەقە ئەکات، جار جارەش ئەیەوێ دڵی ئارامی خەڵکەکەی کوردستان داچڵەکێنێ بە پەلاماری ناوچەیی بچووك کە گیانی هەندێ لە قارەمانەکانمان ئەبنە قوربانی ئەو دۆخە نائاساییە. داخی گرانمان ناچار هەر جارەیش یەکێك لەو کەڵە مێردانەی ڕۆژگاری تەنگانە لەم هەلە ئازادەی بۆمان ڕەخساوە شەهید ئەبن. ئاسۆی دڵو دەروونی خەڵکی تەماوی ئەبێت. لە یەکێك لەو هێرش‌و پەلاماردانە ناوچەییانەی سنووری قادر کەرەمدا فەرماندەی پارتیزان‌و ڕۆڵەی قارەمانی ڕۆژانی سەختی خەبات کاکە حەمە ئاخە گیانی بەرزی بەرەو بەهەشتی سەروەری باڵ ئەگرێتەوەو بۆهەتا هەتایە لەژێر سەیوانی شەهیداندا ئارام ئەگرێ. ڕۆژی ١٩٩١/١١/٦ داخێکی گەرمی ئەو هەواڵە ناکاوەی شەهید بوونی کاکە حەمە ئاخە بوو گۆی دڵمی سمی‌و تابلۆی یادەوەرییەکانمی تەڵخ کرد. بەدڵێکی پڕ لە کەسەرەوە ڕۆژی دواتر پرسە پڕخەماوییەکەی لە چەمچەماڵ دانرا. پاشان گەڕاینەوە ڕانیە.

لەو ماوەیەدا هەندێ خەڵکی خاوەن هەڵوێستی ئەو کوردستانە ئازادە لە هەنگاوێکی چاو نەترسانەدا بۆ بەگژا چوونەوەی هەڵوێستە شۆڤێنییەکەی ڕژێمی بەغداد دەستیاندایە مانگرتن‌وەکو دەربڕینێك بۆ پاڵپشتی ئیرادەی مرۆڤی کورد لە هەلومەرجی تازەدا. ئەمە دڵی هەموو مرۆڤێکی کوردی داخورپاند بۆ داکۆکیکردن لەم هەڵوێستەیە لە هەموو شوێنێك خەڵکی بە ڕێپێوان‌و مانگرتن هاودەنگی‌و هاو هەڵوێستیان پێشاندا. ئێمەش بۆ ئەم مەبەستەو بۆ پشتگیریکردنی مانگرتووەکانی سلێمانی ڕێپێوانێکمان لە چوارقورنەوە بۆ ڕانیە دەستپێکردو لە لای مانگرتووەکانی ڕانیە کۆتاییمان بە ڕێپێوانەکە هێنا. ڕۆژی پاشتر چووینە شەقڵاوەو لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال دوو کۆبوونەوەمان کرد لەسەرەوەزعی سیاسی کوردستان‌و پێداویستییەکانی ئەو قۆناغەو شێوازی کارکردنمان.

لە ڕۆژە دوادواییيەكانی ساڵی ١٩٩١ دا (ی.ن.ك) شاكارێكی تری داهێنانی بەخشییە گەلەكەمان لە بواری خزمەتكردن بە كاری پێشمەرگایەتی بۆ پێگەیاندنی (ه.پ.ك) لە ڕێگەی زانستی سەربازی سەردەمەوە چونكە ناكرێ هەر بە پێودانگی ڕۆژگاری ڕابوردوو هێزەكانمان كار بكەن‌و نەتوانن لە ئاستی پێویستدا بن، ئەمەوایكرد كە یەكێتی بیر لە دامەزراندنی كولیەی سەربازی بكاتەوە.

لە ڕۆژی ١٩٩١/١٢/٢٤ بە شێوەیەكی ڕەسمی ئەو كولیەیە كرایەوە. گەرچی ئەم هەنگاوە زۆر گرنگەو بایەخی خۆی هەیە بەڵام بەلای هەندێكەوە كارێكی پڕمەترسییەوای لێك ئەدەنەوە كە ئەمە بۆنی جیا بوونەوەی لێ دێت كە چی ئێمە بە مافی خۆمانی ئەزانین ئەم كولیەیەو هی تریش بكەینەوەو نەوەكانمان لە سەر بنەمای بیری پێشكەوتووی سەربازی بۆ بەرگری لە خۆمان‌و ئایینـدەی نەتەوەكەمان پێ بگەیەنین.

ساڵی ١٩٩١ یش لە یادەوەری مێژووی كورد دا تۆماری خۆی ئەپێچێتەوە، ساڵێكی پڕ دەستكەوتی سیاسی گەورە كە بە خۆبەختكردنی ڕۆڵە دڵسۆزەكانی لە ڕاپەڕینێكی مێژوویيداوەدەست هات. ئەگەر چی لەساتەوەختی شادییەكانی ڕاپەڕینی خوێناویدا كارەساتی كۆڕەوەی گورچكبڕمان هاتە ڕێ بەڵام بە خێرو بێر بۆمان شكایەوە كە سەرنجی ڕای گشتی جیهانی ڕاكێشاو هەڵوێستێكی گەورەیان‌وەرگرت‌و گوشار خرایە سەر دەسەڵاتی‌وولاتەكانیان بۆ كۆمەكی كوردو لەمەشەوە بڕیاری ٦٨٨و درووستكردنی هێزی پرۆڤاید كۆمفۆرت‌و دەستنیشان كردنی هێڵی ٣٦. لەهەمووش گرنگتر كشانەوەی ڕژێم بوو لە كوردستاندا كە ڕێگە خۆشكەر بوو بۆ هەلێكی تری مێژووی چەسپاندنی دەسەڵاتی كوردی.

ساڵی ۱۹۹۲

کۆنگرەی یەکێتی

کە چووینە ناو ساڵی ۱۹۹۲، ڕوداوێکی گرنگ لە مێژووی یەکێتیدا ڕوویدا ئەویش بەستنی کۆنگرەی یەکەم بوو. دیارە لە دوای درووستبوونی یەکێتی جگە لەوەی کۆمەڵەو شۆڕشگێران هەریەکە بۆ خۆیان کۆنفرانسیان بەستووە، یەکێتی هیچ کۆنگرەیەکی تایبەتی بە خۆی ئەنجامنەداوە. لە دوای ئەنفالو دوای ئەوەش کە کۆمەڵەو شۆڕشگێران لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتوازیان لە خۆیان هێناو لە ساڵی ۱۹۹۰ یەکێتییان پێکهێنا، کۆنفرانسێکی ناوچەیی لە سنوری هێزو ڕێکخستنەکانی لە ناو ئێراندا بەستوەکو خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرە بەڵام هەلومەرجی داگیرکردنی کوێتو پەلاماری هاوپەیمانان بۆ سەر عێراقو دەربەدەرتی لە کوێت بواری نەدا ئەو کۆنگرەیە ببەسترێ. دوای ڕاپەڕین هەلێکی باش ڕەخسا بۆ بەستنی کۆنگرە کە کارێکی پێویست بوو بۆ داڕشتنی سیاسەتو هەڵوێستو دانانی سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی کارو بارەکانی حیزبیو پێشمەرگەییو حوکمڕانیش.

ئەوەبوو ڕۆژی ۱۹۹۲/۱/۲۷ لە شاری سلێمانی یەکەم کۆنگرەی یەکێتی بەستراو ڕۆژی ۱/۲۹ هەڤاڵ عومەر دەبابە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دوای تەمەنێکی دورو درێژ لە خەباتی سیاسیو پێشمەرگایەتیدا لە پێناوی گەلەکەیدا لەم ڕۆژە گرنگەی ژیانی یەکێتیدا لە ناو هۆڵی کۆنگرەدا گیانی بە خاکی کوردستان سپاردو کۆنگرەکە ڕاگیراو تەرمەکەی بۆ کۆیە گوێزرایەوە کە ڕۆژگارێکی ساردو بەفراوی بوو پێچەکانی هەیبەتسوڵتان لە بەر بەفر زۆری

گیرابوو. ئۆتۆمبیلەکان سەر نەئەکەوتن. بە شان تەرمەکە سەر خرایە سەرو برایەوە بۆ گۆڕستانی کۆیە. ئینجا کۆبوونەوەکانی کۆنگرەش بۆ هەولێر گوێزرایەوە.

من خۆم لە کۆنفرانسی بەتالیۆنی ۱ دا دەنگی یەکەمم هێنا لەم کۆنگرەیەشدا بەشداریم کرد.کە نوێنەری زۆر حیزبو ڕێکخراوو دامەزراوە کوردیو کوردستانیو عێراقیو عەرەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئەوروپاو ئەمریکاو کەنەدا ئامادە بوونو هەریەکەیانووتەی خۆیان خوێندەوە پاشان لە کۆبوونەوەی داخراودا هەڤاڵ مام جەلالووتەی خۆی خوێندەوەو لەم کۆنگرەیەدا یەکخستنەوەی کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان لە ناو یەکێتیداو پرەنسیپی دیموکراسیو هەروەها پرەنسیپی سۆسیال دیموکرات چەسپا.

لەم کۆنگرەیەدا سەرکردایەتییەکی نوێ هەڵبژێردرا کە هەر ۳ سکرتێرەکە: هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری یەکێتیو کاك نەوشیروان سکرتێری کۆمەڵەو د.فوئاد سکرتێری شۆڕشگێڕان لە دەنگدان بوێردرانو ۱۷ هەڤاڵی تر بوونە ئەندامی سەرکردایەتی لەگەڵ ٦ یەدەکدا کە هەندێك لەو هەڤاڵانە بۆ یەکەمجارە دێنە ناوریزی سەرکردایەتییەوە. ڕۆژی ۳/۱٤ کۆنگرە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

هەڵبژاردن

دوای ئەوەی حکومەتی ناوەندی عێراق دامو دەزگا ئیدارییەکانی لە هەنگاوێکی تێکدەرانەدا لەکوردستاندا کشانەوە، بۆ ئەوەی بۆشایی ئیداری بەرپا ببێ زەمینە خۆش بکرێ بۆ گەڕانەوەی سەر لەنوێی دەسەڵاتی بەعسو دەزگا تۆقێنەرەکانیو جارێکی تریش کوردستان بخاتە ژێر ڕکێفی داپلۆسێنەرانەی خۆی. گەرچی ئەو خەونەی بەعس نەهاتە دی. بەپێچەوانەوە کورد ڕازی نەبوو بەعس بگەڕێتەوە، بەیەك دەنگو یەك هەڵوێست ڕووبەڕووی نیازە چەپەڵەکانی بەعس بووەوە. بەرەی کوردستانی کە لە دوای درووستبوونیەوە بوو بووە حکومەتی ئەمریواقیع و کاروباری کوردستانی لە ڕووی ئیداریو

سیاسییەوە بە ڕێوەبەرد لەبڕیارێکی بوێرانەدا کەوتە کارکردنو بۆ ئەمەش بڕیاری دامەزراندنی لیژنەی کارو لە هەر شارو شارۆچکەیەکدا ئیدارەی ناوخۆی درووستکرد، بەڵام شپرزەیی بەمەوە دیار بوو، بەباشی کۆنترۆڵی کاروبارەکان نەئەکرا، بۆیە دوای گفتوگۆیەکی زۆر بیر لەوە کرایەوە دینامیکیەتێکی نوێ بۆ حوکمرانی بێتە کایەوە، ئەو شێوە سادەیە گۆڕانی بەسەردا بێتو شێوازێکی حوکمی مەدەنی پەیرەو بکرێ، ئەویش لەڕێگەی هەڵبژارنێکی گشتییەوە پەرلەمانێك بۆ کوردستان دابمەزرێو حکومەتێك پێك بهێنرێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکیو سەرپەرشتی مەسەلەی سیاسیو ئیداریو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بکاتو ئەو بۆشاییەی حکومەتی عێراق هێنابوویە کایەوە پڕبکاتەوە.

ئەمە هەڵوێستێکی نوێی جیدیو گرنگ بوو لەو هەلومەرجەدا بەتایبەتی عێراق لە تەنگەژەیەکی نێودەوڵەتیدا ئەژیا، فایلی کوردیش لە سەرەوە بوو، پارێزگاری نێودەوڵەتی بۆ مسۆگەر کرابوو، هەرچەندە لە ناوخۆی کوردستانو لەناو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بەیەك ئاست مەسەلەکان تاو توێ نەئەکرا، بەڵکو هەندێك لایەن ئەترسان، زاتی ئەوەیان نەبوو پرکێشی بڕیارێك بکەن بەلایانەوە ئاییندەکەی تەمو مژاوییە، بەڵام ئیرادەی گەل، خواستەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەو هەموو مەینەتییانەی بەسەریاندا هاتووەوای ئەخوازی کە هەنگاو بەرەو یەکلاییکردنەوە بنرێ، لە پێشەوەی هەموویانەوە (ی.ن.ك) بەبەرچاو ڕوونییەوە ئەپروانییە ئەو مەبەستەو کاری خۆی ئەکردو لە هەوڵێکی بەرفراواند هەموو لایەك گەیشتنە ئەو سەرەنجامەی بڕیاری هەڵبژاردنی گشتی بدرێ بۆ دیاری کردنی ئاییندەی کوردستانو لەڕێگای دەزگایەکی یاسادانانەوە پەرلەمان بڕیاری شێوازی حوکمڕانیو پەیوەندی بەناوەندەوە بدرێ. لەم بوارەشدا یاسای هەڵبژاردنی ژمارە یەكو دوو دەرکرا، بەوپێیە هەموو حیزبەکان خۆیان ئامادەکرد بۆ هەڵبژاردن.

بۆ ئەنجامدانی هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن پێویستە ئاماری دانیشتوانەکەی بکرێ، لیستی ناوی دەنگدەران ئامادەبکرێ لەهەموو ناوچەکاندا،

بەڵام لە بارودۆخی کوردستاندا ئامار کارێکی ئاسان نەبوو، شارەزای باشمان نەبوو، کولفەیەکی زۆری گەرەك بوو، بۆیە پەنا برایە بەر شێوازێکی سادە لە بری ئامادە کردنی ئاماری ڕێکوپێکی دانیشتوانی کە مافی دەنگدانیان هەیە، لیستەکانی خۆراك کرایە بناغەو لە کاتی ئەنجامدانی دەنگدانیشدا بۆ گزی نەکردن بڕیاری پەنجە مۆر درا، هەروەها بۆ هەر ناوچەیەك مەڵبەندی هەڵبژاردن دیاریکراو لەهەر مەڵبەندێك بە پێی ژمارەی دەنگدەران سنووقی دەنگدان دانراو لیژنەکانی سەرپەرشتی دەنگدانیش دەست نیشان کران. لە ڕێگەی ئاژانسەکانی دەنگو باسەوە مەسەلەی هەڵبژاردن بلاو کرایەوە، ئاگاداری زۆر لایەنی دەرەوەش کرایەوە بۆ کۆمەك و هاوکاریکردن.

بانگەشەی هەڵبژاردن لە جەوێکی دیموکراسەیدا دەستیپێکرد، هەر حیزبە لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیەوە قسەی بۆ جەماوەر ئەکرد، بەو پەڕی ئازادییەوە ڕای خۆی دەرئەبڕی، هیچ جۆرە سانسۆرێکی نەبوو، لە هەموو شوێنێکدا ناهەنگی بانگەشە کردن ئەگێڕدرا.

ڕۆژی ١٩٩٢/٥/١٥ دیاریکرابوو بۆ دەنگدانی گشتی، بەڵام دەرکەوت هەندێ کۆسپ هاتووەتە ڕێگا بەهۆی ئەو مەرەکەبەوە کە لە دەرەوە ئامادەکرابوو بۆ مۆرکردن، کە پارتی لای خۆیەوە بێ ئاگاداری لایەنەکانی تر دەستکاری کردبوو، ڕۆژەکەی دواخرا بۆ ١٩٩٢/٥/١٩. نەك هەر ئەمە بەڵکو کۆسپی تریش هەبوو بەتایبەتی لە دانانی سنووقەکانی دەنگدان لە مەڵبەندەکانی هەڵبژاردندا کە جۆرە ناعەدالەتییەکی تیاکرابوو، ئەو سنووقانەی بۆ بادینان دانرا بوو لە ژمارەی سنووقەکانی تری هەولێرو سلێمانیو کەرکوك زیاتر بوون، ئەمەش پیلانێکی تری پارتی بوو بۆ لەباربردنی ئەم پرۆسەیە. لەگەڵ هەموو ئەو کەمو کوڕییانەشدا هەڵبژاردن پەك نەخرا، ئەگەرچی پارتی لەبانگەشەکانیدا هەوڵی ئەداوا لەجەماوەر بگەیەنێ کەئەمە کارێکی قورسە، لەوانەیە تووشی شکستی بین، ئەوان هەڵلایان بۆ حوکمیزاتی ئەکرد، ترسیان ئەخستە دڵو

دەروونی خەڵکییەوە گەر بەووەرەقانەی حوکمی زاتی ڕازی نەبین کەوەفدی بەرەی کوردستانی لە دوای کۆڕەو پێشکەشی حکومەتی عێراقیان کردبوو، بەڵام خەڵکی زۆر گوێ بیستی ئەو پروپاگەندانە نەبوون، لەملاشەوە (ی.ن.ک) بە عەقڵێکی مۆدێرنەوە لەگەڵ ئاواتەکانی گەلی کوردستاندا مامەڵەی ئەکرد، داوای مافی چارەی خۆنووسینی ئەکرد، کۆمەڵانی خەڵکی ئەتوانن لەڕێگەی دەنگدانەوە دواڕۆژی خۆیان دیاریبکەن، لەڕێگەی ئەو نوێنەرانەیانەوە بۆ پەرلەمانێکی ئازاد.

بە ڕاستی ڕۆژگارێکی پڕ لە جۆش‌وخرۆش بوو، لەوێنەی فیستیڤاڵێکی نەتەوایەتی ئەچوو، بۆ یەکەم جارە خەڵکی کوردستانی ئازادکراو لەکەش‌و هەوایەکی سازگاردا دوور لە چاو سوورکردنەوەی دوژمنان خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ ڕۆژی دەنگدان، شتێکی سەیریش بوو لەم کوردستانە تەنراوە بەدیاردەی چەکداری‌و میلیشیاگەری هیچ ڕووداوێکی ئەوتۆ نەهاتە کایەوە دۆخەکە تێکبدا کەچی لە دەوڵەتە پێشکەوتووە دیموکراسییەکاندا لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەیان ڕووداوی دڵتەزێن ڕوو ئەدا.. لەگەڵ ئەوەشدا ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا هەڕەشەو گوڕەشەی زۆر ئەکرد بۆ تێکدان‌و شێواندنی هەڵبژاردنەکەو دڵی خەڵکی سارد ئەکردەوە. ئایندەی لەبەرچاو تاریک ئەکردین، دەوڵەتە دراوسێکانیش لە سەرەتادا نیگەران بوون، دواتر هەندێ هێمن بوونەوە، دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت ئەم پرۆسەیە هەڕەشە لە بەرژەوەندییان ناکات.

ڕۆژی ٥/١٩ مێژوویەکی پڕ لەسەروەرییە بۆ گەلەکەمان، ڕۆژی هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانە کەخەونی دێرینەی ملیۆنەها مرۆڤی تینووی ئازادییە. ئەو ڕۆژە لەگەڵ ڕۆژەکانی تردا جیاواز بوو هەر لە کاتژمێر ٨ ی بەیانییەوە هەموو مەڵبەندەکانی دەنگدان قەرەباڵغ بوون، ڕیزی درێژ درێژ گیرابوو، هەرکەسە بە پەرۆشەوە ئەڕۆیشت‌و بە ڕوویەکی گەشەوە ئەگەڕایەوە،

دەنگی دابووە ئەو لیستەی خۆی بڕوای پێی بوو، هیچ ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش بەرپا نەبوو، لەکاتی دەنگداندا. ئەگەرچی لە زۆر شوێن دەنگدانەکە بەسستی ئەڕۆیشت، لە زۆر شوێن خەڵکی لەبەر فەرمباڵغی ئەگەڕایەوە تادوای نیوەڕۆ دەنگ بدات، کەچی هەر فریانەکەوتن. ڕاستییەك ڕوون بووەوە کە پارتییەکانوەکو مەبەستێك سەر لە بەیانییەکەی تا دوانیوەڕۆ پاڵەپەستۆیەکیان درووست ئەکرد، پرۆسەکە بە هێواشی دەڕۆیشت، دەرئەنگێك ڕوون بووەوە کە مەرەکەبەکە ساختەیەو بە ئاسانی ئەچێتەوە، بەڵام پرۆسەکە هەر نەوەستا. زۆر خەڵك فریای دەنگدان نەکەوتن، چونکە لەناوچەکانی کەرکوكو سلێمانیو هەولێر سنوق کەم بوو، دەیان هەزار دەنگ فەوتا، دەریش کەوت ئەو دەنگانە هی یەکێتی بوو، سەرەڕای ئەوەی کە سنوقەکانی بادینان زۆرتر بوون، کەچی ژمارەی دەنگەکانیش لەوەی هەبوون زۆرتر بوو، تەنانەت بەپێی هەندێك زانیاری خەڵکی لەکوردەکانی تورکیاوە هێنابوو بۆ دەنگدان، جگەلەوەی خەڵکێکی زۆری لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمەوە بەکێش کردبوو، ئەو هەوڵانەی پارتی لە سەرەتاوە دەرنەکەوتنوەك فێڵوتەڵەکەیەك لەگەڵ ئەنجامدانی پرۆسەکەدا یەکە یەکە ئاشکرابوون، کەچی لەهەندێ شوێندا بەهاندانی پارتیو بە هاوسۆزی هەندێ لایەنی تریوەکو شیوعیو حسك کۆنووسی ئەنجامی دەنگدانەکە کە لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبوو مۆر نەئەکرا.

بۆیە سەرەنجامی دەنگدانەکە هەڵبژاردن بۆ ڕۆژی ١٩٩٢/٥/٢٢ دواخرا، دوای پێکهاتنێك ئەنجامەکان ئاشکرا کران کەبریتی بوو لەوەی هەردوولای سەرەکی یەکێتیو پارتی ڕێك بکەون لەسەر بەنیوەیی کورسییەکانی پەرلەمانواتە هەر لایەك ٥٠ کورسی کە ئەکاتە ١٠٠ کورسیو ٥ کورسیش بۆ مەسیحییەکان کە ئەکاتە ١٠٥ کورسی، لەبەرئەوەی لایەنەکانی تر ئەو ڕێژەیەیانوەدەست نەهێنا هیچ کورسییەکیان بەرنەکەوت. هەرچەندە لەسەرەتادا قسەو لێدوانێکی زۆر لەسەر شێوەی هەڵبژاردنەکە کرا کە زۆربەی دەنگەکان بە شێوەی ڕێژەیی درا بەڵام ڕێژەکەش بەپێداگرتنی پارتی لە ٧٪ بوو

که ڕێگەی له هێزه بچووکەکان گرت نەتوانن هیچ بەهیچ بکەن، لەوانەیشە ئەم پێداگرتنی پارتییه بە ئەنقەست بووبێ تا ئەو حیزبانە سەربەخۆ دەنگ نەهێنن‌و ناچاربن لە گەڵ ئەواندا پێك بێن بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی یەکێتی.

بەڵام بۆ لیستی ڕابەر کە ٤ سەرکردە خۆیان کاندید کردبوو: هەڤاڵ مام جەلال، مەسعود بارزانی، مەلا عوسمان، د.مەحمود سۆرانی. کە ئەم مەسەلەی ڕابەرە لە لایەن د.مەحمودەوە پێشنیار کرابوو کەووتبووی: با کوردیش شوانێکی هەبێ. لە ڕاستیدا ئەمە پێشنیارێکی پێشکەوتوو خوازانە نەبوو لە گەڵ سەردەمدا ناگونجێ لەوانەشە ئەو شوانە خۆی ببێتە گورگ‌و خوارەحم لەو ... بکات.!

هیچ لایەك لە هەڤاڵ مام جەلال‌و مەسعود بارزانی دەنگی تەواویان‌وەدەست نەهێنا. هەرچەندە ئەم مەسەلەی ٥٠ بە ٥٠ یە زیانێکی زۆری لێداین، بەڵام ئەبوایە هەروا بڕۆیشتایە، ئەوەی زۆرتر تەگەرەی ئەخستە ڕێگا پارتی بوو، ئەگینا ئەیتوانی لەڕووی پەرۆشەوە سوود لەو ٥٠ بە ٥٠ یەوەربگرێ بۆ ڕاژەکردنی بەرژەوەندی کورد نەك بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆی.. لەسەرەوە تاخوارەوە ئەم مەسەلەیە ڕۆچووە خوارەوەو بووە دیاردەیەکی کوشندەو سوود لە تواناکانی خەڵکی کوردوەرنەگیراو ڕقەبەرییەکی توندی درووست کرد.

پارتی هەمیشە بانگەشە بۆ ئەوە ئەکات کە ئەو دەنگی زیاتری هێناوە، گوایە بۆ خاتری ڕاگرتنی دۆخە ناسکەکە ڕازی بوو بۆ بەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان.وەکو بڵێی خێر بەیەکێتی ئەکات، دەست لە مافەکانی خۆی هەڵئەگرێ، ئەو زانیارییانەی بڵاوی ئەکاتەوە جگە لە شێواندنی ڕاستییەکان‌و هەڵفریواندنی ڕای گشتی کورد نەبێ هیچی تر نییە. ڕاستییەکان لای لیژنەی باڵای هەڵبژاردن‌و ئەوان لەو بەیانەی کەبڵاویان کردەوە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە هەموو شتێك ڕوون ئەکاتەوە. هەموو دۆکیومێنتەکانیش لەبەردەستدایەو ئەندامانی لیژنەکەش دان بەو ڕاستییەدا ئەنێن کە نوێنەری هەموو حیزبەکانیشی تێدابوو.

هەڵبژاردن چەندە خۆشی بەدڵی خەڵكیدا ئەهێنا، ئەوەندەش تاڵی پێچێشت، هەر لە فرتو فێڵەكانی پارتیو گزی كردنەكانی تا ئەگاتە سیاسەتە چەوتەكانی تری ناو هۆڵی پەرلەمان.

دوای بڵاوكردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەكەو دەستنیشان كردنی ئەندامەكانی هەر لیستێك ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٤ یەكەم دانیشتنی پەرلەمان لە شاری هەولێر ئەنجامدرا لە هەمان بینای ئەنجومەنی یاساداناني كارتۆنیدا. بەپێی هەندێ ئیجرائاتی ئوسوڵی لە ڕێگەی خۆپاڵاوتنو دەنگدانەوە یەكەم سەرۆكی پەرلەمان بەرپارتی كەوتو جێگرەكەی بۆ یەكێتی، هەروەها سكرتێرەكەشی بۆ پارتی.

یەكەم دانیشتن گرنگییەكی مێژوویی هەبوو، یەكەمجارە نوێنەرانی پەرلەمانی كوردی لەووڵاتەكەی خۆیاندا دابنیشن، نوێنەرایەتی ئامانجی گەلەكەیان بكەن، بیر لە دواڕۆژی بكەنەوە، خەڵكی زۆر ئومێدیان بەو نوێنەرانە هەبوو بتوانن نەخشەی هەلومەرجێكی نوێ دابرێژنو چوارچێوەیەك بۆ حوكمی كوردی دابنێن، دوور لە هەڵوێستی تەسكی حیزبایەتی بۆ كورد كاربكەن. دوای چەند كۆبوونەوەیەك پرۆژەی پێكهێنانی حكومەتی هەرێمی كوردستان خرایە بەردەست، دوای مشتومڕێكی زۆر ڕۆژی ٧/٤ بڕیاری لەسەر دراو یەكەم كابینە بەسەرۆكایەتی د.فوئاد مەعسوم بوو، كە كابینەكە بریتی بوو لە ١٥وەزارەتو جێگرەكەشی پارتی بوو.

پۆستەكانی ئەم كابینەیە بەم شێوەیە دابەشكرا:

٦وەزارەت بۆ یەكێتی

٦وەزارەت بۆ پارتی

١وەزارەت بۆ شیوعی

١وەزارەت بۆ ئاشوری

١وەزارەت بۆ بێلایەن

هەروەزارەتێكوەزیرەكەی یەكێتی بوو جێگرەكەی پارتی بوو بە پێچەوانەشەوە هەروەزارەتێكوەزیرەكەی پارتی بوو جێگرەكەی یەكێتی بوو.

لەكۆبوونەوەكانی پەرلەماندا زۆر ڕاستی مێژوویی ڕوون بووەوە كە لە ڕۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردندا خەڵكی هەستیان پێنەكرد، لەسەر زۆر شت جیاوازی بیرو بۆچوون هاتە ناوەوە، لەسەرووشەی حكومەت، هەرێم،وەزارەت، تەنانەت ناوو بەرنامەی هەندێ لەوەزارەتە حەساسەكانوەكو:وەزارەتی پێشمەرگە،وەزارەتی كاروباری مرۆڤایەتیو هاوكاری.

پارتی ئەترسان ناویوەزارەتی بەرگری بهێنن چونكە بۆنی جیابوونەوەی لێ دێت، بەهەزار ناری عەلی لەسەر ناویوەزارەتی پێشمەرگە پێكهاتن. پێیان ناخۆش بوو ناویوەزارەتی دەرەوە بچەسپێو لە ئەنجامدا ناویان ناوەزارەتی كاروباری مرۆڤایەتیو هاوكاری. هەرچەندە ناو گرنگ نییە، ناوەڕۆك بناغەیە ئەگەر مەبەست خزمەتی بەرنامەكە بێت. ئەیانویست لەبریوەزارەت ئەمانەتی گشتی دابنرێ، حكومەت هەندێ بەسەر دڵیانەوە قورس بوو.

تاپۆی ترسو بێئومێدی سەراپای دڵو دەروونی تەنیبوونو لە دڵەڕاوكەدا بوونو نەیانئەویست ئەو تاڵە مووەی پەیوەندی لە نێوان خۆیانو بەغدادا بوو بپسێ. بۆیە هەرچی بیركردنەوەیان بوو لەو هەوارەوە سەری دەرئەهێنا.

ئەمە بۆ هەموو خەڵكی كوردستان ڕوون بووەوە، لەو لاشەوە یەكێتی لەسەر شتە مەبدەئییەكان پێی دائەگرت. تەواو بە پێچەوانەی پارتییەوە بوو بۆ مەبەستەكان ئەچوون، هەڵوێستەكان جێگەی ڕەزامەندی خەڵكی بوون، ئەندامانی فراكسیۆنی سەوز زۆر بەئازادانە ڕایەكانیان دەرئەبڕی، هەموو گفتوگۆكان لەسەر شاشەی تەلەفزیونەوە نەقڵ ئەكران، لاوازی هەڵوێستو بۆچوونی ئەندامانی فراكسیونی زەرد لای خەڵكی بەرجەستە بوو بوو، جۆرە ڕێزێك بۆ فراكسیۆنی سەوز پەیدا بوو بوو، ئەمەوایكرد كە سەرۆكی پەرلەمان

هەمیشە ڕێگە لە ئاشکرایی کۆبوونەوەکان بگرێ کە ڕێگەگرتن بوو لە ئازادی ڕادەربڕین. ئیتر ووردەووردە ململانێو ناکۆکییەکان خۆیان دەرخست، تیشك ئەکەوتە سەر شتە شاراوەکانی ناخو ئەوانەی لەپشتی پەردەوە هێڵی بۆ ئەکێشرا. کە ڕێك لەگەڵ هەڵوێستی دوژمنانی کورددا ئەهاتەوە.

وەزعی حکومەتیش لەوەزارەتەکانو دامو دەزگاکانی خوارەوە لەوە باشتر نەبوو، بەڵکو سیاسەتی چەپەڵی٥٠ بە٥٠ بەشێوەیەکی زۆر خراپ دابەزییە خوارەوە، نەك هەر لە ئاستیوەزیرو جێگرەکاندا نەوەستا بەڵکو لەدانانی کارمەندو بەردەستەکانیشدا دەخالەتو بەشبەش ئەکرا. ئیتر هیچ بوارێك بۆ کەفائەتو شارەزایی نەما، بۆ هەرکێشەیەکی چارەنووسسازو سیاسی ئەبوایە ڕای هەردوو مەکتەبی سیاسیوەربگیرایە. بەمەش زۆر لە ڕوحی مەدەنیەتو دیموکراسی دوور کەوتینەوە، قۆرتی گەورە لە ڕێگادا قووت بووەوە. خەونەکانی خەڵکی پووچەڵ بوونەوە. پارتی بێ هۆ کۆسپی ئەخستەوە، دڕکی ئەچاند. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەپێ داگرتنی فراکسیۆنی سەوزو کاریگەریتیان پەرلەمان بڕیارێکی بوێرانەی لەمەڕ فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستاندا، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی گرنگ بوو، جۆری دەسەڵاتی هەرێمی دیاریکرد، ئەمە بەبەراورد لەگەڵ داخوازی حوکمیزاتی هەنگاوێکی پێشکەوتووتر بوو، بەڵام لە چاو داخوازی کورددا لە زەمانی شێخ مەحموودی نەمردا کە داوای دەوڵەتی کوردی ئەکرد زۆر بۆ دواوە چووین.

ئەگەرچی دەوڵەتە دراوسێکانمان ئەم بڕیارەیان پێناخۆش بوو، بە توندی دژیوەستان، چەند جارێك لە نێوان خۆیاندا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی دژی ئەم هەلومەرجەی کوردستانی باشوور هەڵوێستێكوەربگرن، کەچی نێوانیان زۆر دوورتر بوو لەوەی بتوانن پێکبێن بەهۆی ئەو هەموو ناکۆکییە سیاسیانەی ناخیان ئەکرۆژێ. ئەگەرچی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە هیچ دەوڵەتێك بە ڕەسمی دانی پێدا نەنا، بەڵام بەناڕاستەوخۆ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتییان بۆ پەیدابوو، بەتایبەتی ئەو پێشوازییە گەرمەی

لەوەفدی پەرلەمانی کوردستان لەووڵاتانی ئەورووپی کرا، هەروەها هاتوچۆی ڕێکخراوەکانی دەرەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری کوردستان کە کەوتبووە ناو ئەڵقەی ئابڵۆقەی ئابووری نێودەوڵەتیو عێراقیشەوە. بەمەش شەرعیەتێك بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڵاڵە بوو لە ڕووی ئەو مامەڵەیەوە.

یەکێك لە دەستکەوتە گرنگو مێژووییەکانی پەرلەمانی کوردستان کە بایەخی سیاسی خۆی هەیە بڕیاری جاڕی فیدراڵی بوو بۆ کوردستانوەکو شێوازی دیاریکردنی پەیوەندی کورد لە گەڵ دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا گەرچی کورد خەباتی بۆ فیدراڵی نەکردووە بەڵکو ئەو خوێنەی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس ڕشتووە بەڵام دیارە هەلومەرجە نێو دەوڵەتییەکان هێشتا لە بار نین بڕیاری سەربەخۆیی بدرێ. بۆیە پەرلەمانی کوردستانوەکو هەنگاوێك بۆ زیاتر دەستەبەر کردنی مافەکانی کە هەنگاوێك لە پێشترە لە ئۆتۆنۆمی ئەم بڕیارەیوەرگرت بەڵاموەنەبێ فیدراڵی دوا مەکۆ بێتو ئیتر شێوازی حوکم گۆڕانی تیانەکرێ.

لە ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقدا لەم بارەیەوە دوو بۆچوون هەیە:

ـ عەلمانییەکان دژایەتی فیدراڵی ناکەن گەر چی هەندێك لایەنی شۆفێنیش هەیە دژی فیدراڵینو بە جیاوازخوازی لە قەڵەم ئەدەن.

ـ ئیسلامییەکان بە ئاشکرا دانی پیادا نانێن هەندێکیشیان ڕای تایبەتی خۆیان هەیەو فیدراڵیەت بە شێوازی سستمیولایەتەکان ئەزانن.

بە هەر حاڵ جاڕدانی فیدراڵی خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی مێژوویی گرنگەو قۆناغێکە ئەتوانرێ بە پێی هەلومەرج بگۆڕێ. گەر ڕژێمێکی دیموکراسی پێشکەوتوو لە عێراقدا بێتە کایەوە لەوانەیە ڕێگر نەبێ کورد جۆری پەیوەندی خۆی بە دەسەڵاتەوە بڕیار بدات: فیدراڵی یان سەربەخۆیی.

شەڕی پەکەکە

جێگەی داخە لەناوخۆی خۆمانەوە هەندێ هەڵوێستی لەرزۆکی هەندێ حیزب و لایەن بەچاوی گومانەوە لەم پەرلەمان و حکومەتەیان ئەڕوانی، بەڵام دەنگەکانیان ئەمەندە بەهێز نەبوو کار لەڕێڕەوی دۆخەکە بکات و لە ڕاستەهێڵی خۆی لای بدات، کەچی مڵۆزمێکی ترمان بۆ پەیدا بوو لەدەرەوەی هەرێمە ئازادەکەی خۆمان، کە ئەیویست ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو ئاقاری تێکدان و پشێوی ببات. پەکەکە لەبری ئەوەی سوود لەم هەلومەرجەی کوردستانی ئازاد کراو وەربگرن، ئەم ئەزموونە بکەنە سەرمەشقی خەباتی خۆیان، لەتواناکانی کاری تێکۆشانی خەڵکی ئێرە بەهرەمەند بن، کەچی بەشێوەیەکی ناواقیعیانە کەوتنە دژایەتیکردن و بڵاوکردنەوەی هەڕەشەو گورەشەی بێ جێ و ڕێ بۆ لەبار بردنی ئەو دەستکەوتە مەزنەی گەلی کوردستانی باشوور کە بەخوێنی شەهیدو ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی کوردستان هاتە بەرهەم.

پەکەکە هێزێکی چەکداری کوردستانی تورکیایە کە ساڵی ١٩٧٤ لە لایەن ئۆجەلانەوە کە خوێندکاری زانستی سیاسی زانکۆی ئەنقەرە بوو درووستکراوەکو ڕێکخستنێکی چەپی ستالینی هاتە ناوانەوە، بە بڕوای خۆیان داکۆکی لە کوردستانی گەورە ئەکەن. دوای ئەوەی لە لایەن تورکیاوە ڕاوەدوونران ساڵی ١٩٨٤ دێنە کوردستانی عێراق و چالاکی دژی سوپای تورک ئەنجام ئەدەن. ئەمانەوەکو میوان بچنە هەربەشێکی کوردستانەوە ڕێزیان لێ ئەگیرێ بەڵام خۆیان بە کوێخا دائەنێن نەك بە میوان هەروەکو هەڤاڵ مام جەلال دەربارەیان ئەڵێ: (خۆی لێکردوین بە حوکمڕان، بێ پرس و بێ گوێدان و بایەخدان بۆ ئەو ڕووداو و دەستکەوتانە، خۆی کردووە بە میر محێ و قبوڵ ناکەن مەسەلەی بونیان لە کوردستان ڕاوێژی لە سەر بکرێ).

نەك هەر ئەمە بەڵكو هەموو حیزبە كوردستانییەكان بە خائین و هەموو سەركردەكانی كورد بە جاسوس و نۆكەر و جاش و كرێگرتە و بێگانە ئەزانن، بە تەنیا كوردستان بەماڵی گەورەی خۆیان دائەنێن و هەوڵیان داوە لە هەموو پارچەكاندا رێكخستنیان هەبێ، گەرچی بڕوایان وایە دۆزی كورد لە كوردستانی باكوورەوە دەست پێئەكات بەڵام كوردستانی باشووریش بە قووڵاییەكی ستراتیژی كاری پێشمەرگانەی خۆیان ئەزانن و سوود لە هەلومەرجی ئێرەش وەرئەگرن بە تایبەتی كە گوشاری سەربازی توركیایان بكەوێتە سەر.

لە ڕاستیشدا ئەمە سنور بەزاندنەو خۆ بە خاوەن ماڵزانینەو ئەم كردەیە دوورە لە هەرچی نەریتی نێو دەوڵەتی هەیە، ئەمە سەریەشە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان درووست ئەكات و بیانوویش ئەداتە دەست ڕژێمی میلیتاریستی توركیا بۆ هاتن و دەستێوەردانی سەربازی فراوان لە ناو هەرێمدا. هەرچەند ئەمكارەی پەكەكە هەر بەومەندەوە ڕاناوەستێ لەوە زیاتر بیر بۆ مەبەستی شاراوەی تری چوارچێوەی پیلانە نگریسەكانی دەوڵەتە ئیقلیمییەكان ئەچێ. پەكەكەش هێزێكی فریشتەیی نییە لە ئاسمانەوە هاتبێ و گوناهی نەبێ، بەڵكو هەڵقوڵاوی ناو هەناوی واقعی كوردەوارییەو لە چوارچێوەی بەشێكی داگیركراوی كوردستاندا پەیدا بووەو لە ناو جەنجاڵی گرفتەكانی كوردو دەوڵەتە داگیركەرەكاندا پارییەكی پڕ لە ئاڵۆزی ئەكات، لەو جۆرە سەرچڵییانەدا بێگومانم كە سەربەخۆیی سیاسی بۆ خۆی مسۆگەر كردبێ و دوور بێ لە سازشی پشتی پەردەی دەزگا هەواڵگرییەكانی دەوڵەتانی ئیقلیمی.

پەكەكە بەرنامەیەكی ئاڵۆزیان دارشتووەو لەم هولومەرجە نێو دەوڵەتییە نوێیەدا دەستیان گرتووەتە ئەڵقەی كارێكی دژوارەوە كە تاوانبار بكرێن بە تیرۆریست كە كاری زۆری لە ناوبانگی كورد كردووە لە دەرەوەی كوردستاندا. جگە لەمە لە هونەری شەڕیشدا سەرەڕای ئەو خەڵكە دڵسۆزەی خۆیان بەخت ئەكەن شارەزاییەكی زانستیانەیان تێیدا نییە، تەنیا لە ڕووی

دیسپلینی حیزبییەوە توندو تۆڵن‌و لە ناو بۆتەی ڕێکخستنێکی تۆکمەی ئۆجەلان پەرستیدا تواونەتەوە.

دیارە کە خۆیان بە کەڵەگای کورد ئەزانن‌وەنەبێ تەنیا هەر پشت بەکوردو شاخەکانی ببەستن لەگەڵ ڕژێمە داگیرکەرەکانی بە شەکانی تری کوردستاندا دەست تێکەڵ نەکەن، بەڵکو هاوکارییەکی توندوتۆڵیان هەیە لە گەڵیانا، نوێنەرو بارەگایان لەووولاتانەدا هەیە بگرە زۆر جاریش ئەو دەوڵەتانەوەکو کارت بە کاریان دێنن ج بۆ گرفتەکانی ناوخۆی خۆیان یان بۆ بە گژاکردنی لایەنەکانی تری کوردی ئەو بەشەکان.

ئەو جموجووڵانەی پەکەکە زۆر جار لایەنەکانی کوردستانی باشوری نیگەران کردووە بەڵام قەت بە قەدەر ئەوە نەبووە ئازاوەیان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی تازە درووستبوو ناوەتەوە. گەر چی چەندین جار گفتوگۆیان لەگەڵا کراوە کەواز لە سیاسەتی منداڵبازاریانەیان بێنن‌و هەڵە نەکەن کەچی سوودی نەبووە،وەکو بڵێی لە کارەکانیاندا بە فیتی دەرەوە ئەمە ئەکەن.

کە دوا کاریان لە ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٢٦ دا کۆمەڵێکیان (لە ڕێکخستنەکانیان) خۆپیشاندانێکیان لە هەولێردا سازکردو گوایە بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەو تاوانەی ڕژێمی تورکیا ئەنجامیداوە بۆ لەناو بردنی ژن‌و منالی کورد لە شەرناخ‌و داوای مسۆگەر کردنی پاراستنی پێویستیان ئەکرد بۆیان، جارێ پەکەکە بۆ ئەم خۆپیشاندانە پرسیان بە حکومەتی هەرێم نەکردبوو ئینجا حکومەتی هەرێمیش لەگەڵ ڕژێمی تورکیادا هیچی پێناکرێ، نەبوایە یان لە ناو تورکیا ئەمەیان بکردایە یان لە ئەوروپا بواری زیاتر بۆ ئەم کارانە لە بەردەمدا بوو.

ئەم خۆپیشاندانە جگە لە گێرەشێوێنی هیچی تر نەبوو، خەڵکەکانی سووری‌و تورکی‌و هەندێکیشیا کورد بوون تەنانەت عەزیز ئاکرێیش بەشداری کردبوو. ئەنجامی پێکا هەڵپژانی خۆپیشاندەران‌و پۆلیسی حکومەتی هەرێم کۆمەڵێك خۆپیشاندەر کە ژمارەیان گەیشتبووە ٢٣ کەس گیرابوون‌و چەند

پۆلیس و هاوولاّتییەکیش ئەکوژرێن. بە پێی هەندێ زانیاری ئەمانە لە لایەن دەزگای سیخوڕی دەوڵەتانی ناوچەکەکە دژی ئەزمونی حوکمڕانیو دیموکراسی لە کوردستاندا هاندراون ئاژاوە بنێنەوە.

لە ئەنجامی سەرکێشییەکانی پەکەکە حکومەتی تورکیا ڕێگای هاتووچۆی لە خاپوورەوە گرتوهەموو شتێك‌وەستا ئەمە زیانی زۆری بە هەرێم گەیاند بە تایبەتی لە ڕووی ئابورییەوە کە هەم کەلوپەلو پێداویستییەکانی ژیانی خەڵکی دێتە ناوەوەو هەم باجێکی زۆری گومرگی لێ چنگ ئەکەوت کە بربڕەی پشتی ئابوری کوردستان بوو.

بۆیە ئەبوایە ڕێگە لەو سەرچڵیانەی پەکەکە بگیرێو مەترسی لە سەر حکومەتی هەرێم کەمتر بکرێتەوەو کوردستان نەبێتە ناوچەی شەڕو پەلاماری هێزی دەرەکیو پەلپو بیانووەکانی تورکیاش ڕەتبکرێتەوە کە لایەنەکانی کورد ناچار ئەکات دژی پەکەکە بنو پەکەکەش ناژیرانە هەڵسوکەوتی ئەکردو ملی نەئەدا.

بۆیە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/١ دا ئاگاداری پەکەکەی کردەوە کە لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا چالاکییە سەربازییەکانی ڕابگرێتو بنکەکانی لە کوردستانی عێراقدا دابخاتو ئیلتیزام بە بڕیارەکانەوە بکات. حکومەتی هەرێمیش لەم بارەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکردو داوای لە پەکەکە کرد ناوچە سنورییەکان بە جێ بهێڵێو بگەڕێتەوە ناو سنوری چالاکی خۆیان یان بێتە ناو کوردستانی ئازادەوەو بە پێی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەفتار بکات.

بەڵام پەکەکە خۆیان تێنەگەیاند بۆیە بڕیاردرا تەمبێ بکرێن، ئەو کاتانە من فەرماندەی هێزی ٦ ی کەرکوك بووم، خۆم بە مەغدور ئەزانی لەو شوێنەدا بەو خەڵکی تریش بە پەیژەی دەسەلاّتا هەڵزنێن، سەردانێکی هەڤاڵ مام جەلالم کردو لە میانەی دەمەتەقێ کردندا پێم‌ووت: ئەو شوێنو لێپرسراوێتییەم پێ کەمەو داوا ئەکەم مافی خۆمم بدرێتێ کە بە خەڵکی تر ڕەوا بینراوە. هەڤاڵ مام جەلال دوای تاوتوێکردنی ئەو مەسەلەیە بڕیاری دا بکرێمە جێگری

لەشکری یەك کە کاك جەبار فەرمان لێپرسراوی بوو هەڤاڵان شێخ جەعفەرو عوسمانی حاجی مەحمودیش جێگری بوون. ئەو کاتە تەشکیلاتی پێشمەرگەی یەکێتی بەمجۆرە بوو: لەشکر ـ بەتالیۆن ـ هێز ـ تیپ ـ کەرت، کوردستانیش کرابووە ٣ لەشکرەوە:

١. لەشکری یەك: لەزێی دووکان بەمبەرەوە هەموو ناوچەکانی سلێمانی ـ کەرکوك ـ گەرمیان ـ شارەزووری گرتبوەوە.

٢. لەشکری دوو: لە نێوان هەردوو زێی گەورەو بچووکدا هەموو ناوچەکانی هەولێر ـ ڕاپەڕینی لە خۆگرتبوو.

٣. لەشکری سێ: لە زێی گەورەوە هەموو ناوچەکانی بادینانی گرتبوەوە.

کە هەموو تەقەلاکان لەگەڵ پەکەکەدا بێسوود بوو حکومەتی هەرێم هێزەکانی خۆی ڕەوانەی بەرەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لە خواکورك‌و بادینان کرد کە ئەوان لەو دوو شوێنە هەبوون. بڕیاردرا لە هەردوو قۆڵەکەوە بە هاوبەشی هێزەکانی یەکێتی‌و پارتی پێکەوە پەلامار بدەن. لە قۆڵی خواکورکەوە هێزەکان لە لایەن کاك کۆسرەتەوە سەرپەرشتی ئەکراو کاك مستەفا چاوڕەش‌و هەندێ هەڤاڵی تری لەگەڵا بوو نوێنەری پارتیش حەمید ئەفەندی بوو. لە قۆڵی بادینانیشەوە هێزەکان لە لایەن فازیل مەتنییەوە سەرپەرشتی ئەکراو نوێنەری یەکێتی کاك حەسەن کوێستانی بوو.

بەشێکی هێزەکانی لە شکری یەك بە سەرپەرشتی کاك عوسمانی حاجی مەحمود بەرەو خواکورك ڕۆیشتبوون. بەشەکەی تریشی من سەرپەرشتیم ئەکرد.

هێزەکان لە بەرەکاندا ئامادەو سازی دەستبەکاربوون بوون بەڵام پێش دەستبەکاربونی شەڕەکە هەڤاڵان: حامی حاجی غالی، مام ڕۆستەم، حەمەئەمین پێنجوێنی نێردرانە لای پەکەکە لەگەڵ هەندێ لە سەرانی پەکەکە دا کۆبوونەوە، باسی بارودۆخەکە کرابوو داواشیان لێکرابوو:

ـ شەڕ نەکرێ

ـ پەکەکەش بکشێتەوە.

لـەوە ئەچـوو یەکەکـە خۆیـان بـۆ شـەڕ لـە بۆسـە نابـێ،وەڵامێکی ڕێکوپێکیــان نەدابووەوەوەفدەکــەش گــەڕابووەوەو ئــەنجامێکی ئــەوتۆیان نەهێنابووەوە. شەڕ بووە ئەمری‌واقیع‌و ئیتر ئەبوو ڕێگە نەدرێ بە کامی دڵی ئەوان بێ.

یەکەم پـەلامار بـۆ گرتنـی شـاخی خواکـورك لـە لایـەن هـەردوو هێـزی گـەرمیان‌و هێـزی خانەقینـەوە بـوو کـە ٧ ڕەبایـە بـۆ گـەرمیان‌و ١ ڕەبایـە بـۆ خانەقین دانرابوو، کاتژمێر ٤ ی بەیانی بۆ پـەلاماردان دەسنیشـان کرابـوو، کـە پـەلاماردران لـە کـاتی دیـاریکراودا لـە مـاوەی ٢ چـارەکدا هـەموو شـوێنەکـان کۆنترۆڵکـران، تاکـو بەیانـی ڕۆژی ئایینـدە یەکـەکە چـەندین پـەلاماریان داو شکستیان ئەهێنا.

ئـەو شـوێنەی گەرمیانییـەکان گرتیـان زۆر سـەخت‌و سـتراتیژی بـوو بـە سەر بارەگای سەرکردایەتی یەکەکەدا ئەیڕوانی. کە شـەڕەکان سـەخت‌و تونـدتر بوو برادەران داوای هێزەکەی تری لەشکری یەکیان کرد.منیش هەموو هێزەکەم کـۆکردەوە کـە زۆربـەیان شـارەزووریی‌ەکان بـوون‌و بەشـێکی گـەرمیانیش، لـە سلێمانییەوە بەڕێ کـەوتین بـۆ ئێوارەکـەی گەیشـتینە سـیدەکان لەوێشـەوە بـێ پشوو یەکسەر بۆ سەر شاخی خواکورك، لە ڕێگای سـەرکەوتنماندا کەوتینـە نـاو کێڵگـەی مینــەوە کـە یەکەکـە چـاندبوویان هەنـدێکیان تەقینــەوەو چــەند پێشـمەرگەیەك لـە دەستەکەی خـۆم برینـدار بـوون‌و شەهیدێکیشـمان دا بـەڵام هەرنەوەستاین تا شەو گەیشتینە لای کاك عوسمان.

دوای پشـوویەك بـە کـاك عوسمـانم‌ووت: ئێمـە بـەم هێـزەوە کـە تـازە پشووین هێرشـێکیان بـۆ ئەکـەین بـەڵکو هەنـدێ شـوێنیان لێ بسـێنینەوە. لەو کاتانــەدا خــەلیلی کوێخـا یـاخی ٤ چـەکداری یەکەکـەی هێنـا کـە بـە دیلـی گرتبوویان. کاك عوسمان‌ووتی: یەکەکە پەیوەندییان کردووە گفتوگۆیـان لەگـەڵا بکەین منیش‌ووتم: من مەبەستم لەو هێرشە بەهێزبوونی هەڵوێستمانە.

لەو کاتانەدا کە قسەمان ئـەکرد فـەرهاد ئۆجـەلان بـە جیهـاز پەیوەنـدی کـرد لەگــەڵ کــاك عوسمانــداووتی: ئەمانــەوێ لەگــەڵتانا دانیشـین، کــاك

عوسمان‌وەڵامی دایەوە: ئێمە لەگەڵ کاك کۆسرەت قسە ئەکەین‌و دوایی‌وەڵامتان ئەدەینەوە.

ئیتر ئێمە کەوتینە هەوڵی جێبەجێکردنی بەرنامەی پەلاماردانەکەمان بەو هێزەی شارەزوور کە کاك حەمەی حەمە سەعید سەرپەرشتی ئەکردو ئەم فەرماندانەشی لەگەڵا بوو: عەزیز کولکنی، عومەر کولکنی، کەیکاوس.

بە پێی نەخشەیەك هێرشێکی کوتوپڕمان لە یەك قۆڵەوە کردە سەریان بە داخەوە بەهۆی نەشارەزاییی‌و سۆسە نەکردن‌و تەماشانەکردنی جێگاکە بە ڕۆژ سەرکەوتنمان بە دەست نەهێنا، پەکەکە هەموو لە سەنگەردا خۆیان مەڵاس دابوو کە چووینە سەریان بە نارنجۆك بەرپەرچیان داینەوەو لەوێدا کەیکاوسی فەرماندەی لێهاتووو چاپوك شەهید بوو، چەند پێشمەرگەیەکیشمان بریندار‌بوو. لە کاتی شەڕەکەداو کاتژمێر ٦ ی بەیانی کاك کۆسرەت بە جیهاز پێی‌ووتین: خۆتان ڕابگرن پەکەکە لە شکستدایەو داوای گفتوگۆئەکەن. شەڕ گەرم بوو تاکو کاتژمێر ١٠ سەرلەبەیانی. پاشان شەڕەکە بە هۆی پاشەکشەی ئێمەوە ڕاوەستا، لەو جێگایانەی ڕۆژی پێشووتر لێیان گیرابوو ماینەوە گفتوگۆ لە نێوان هەردوولادا دەستی پێکرد کە پەکەکە ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/٢٦ داوای ئاگر بڕیان کردبوو. بۆ ئەوەی کارەکانی گفتوگۆ بچێت بەڕێوە پەکەکە داوایان کردبوو چەند کەسێك لە ئێمەوەکو بارمتە بچنە لایان تاکو فەرهاد ئۆجەلان بەرێ بکەوێت بۆ بینینی هەڤاڵانمان، ئینجا م. بەکرو عوسمانی قالە منەوەروەکو بارمتە نێردران تاکو فەرهاد ئۆجەلان بێتە لای کاك کۆسرەت بۆ گفتوگۆو گەڕانەوەشی بۆ شوێنی خۆی. لە هەمان کاتدا ئێمە بڕادەران نەبەرد کەلاری‌و سەلام شووشەمان لەگەڵیانا ناردوەکو ٢ فەرماندەی سەربازی بۆ بینینی شوێن‌و جێگاکانیان‌و کۆکردنەوەی هەندێ زانیاری‌وورد لە سەریان بۆ قۆناغی ئایندە. ئەوان‌وا چووبوون بۆ ئێوارەکەی بگەڕێنەوە بەڵام پێیان زانیبوون کە ئەمانە فەرماندەی سەربازین‌و گومانیان لێکردبوون بۆیە ئەوانیشیان گل دابووەوەو نەیانهێشتبوو بگەڕێنەوە بۆ ماوەی ٤ ـ ٥ ڕۆژ مانەوە.

فەرهاد ئۆجەلان هاتە لای کاك کۆسرەتو برادەران پێکەوە بەرەو هەولێر ڕۆیشتنو چوونە لای هەڤاڵ مام جەلالو لە دوای گفتوگۆو هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکە لە سەر شەڕ ڕاوەستانو چالاکی ڕاگرتنو گواستنەوەی هێزەکانیان بۆ ناوچەی پشدەر لە ناوزەنگو توژەڵەو مامەندە ڕێککەوتن.

لە کاتی ڕێککەوتنەکەدا منو کاك ئاواتی شێخ جەناب لەگەڵ لێپرسراوێکی سەربازییانداوەکو سەرکردایەتی مەیدانی لێدوانی زۆرمان کرد لە سەر کوردو شۆڕشو سەرکردایەتی کردنو پەیوەندی ناوخۆییو دەرەوەی کورد.ئەوان مێشكووشکانە شتەکانیان هەڵئەهێنجان، ئێمەیان لە لیستی ئیمپریالیزمدا دائەنا، ئێمەش پێکەنینمان بەو جۆرە قسە عەنتیکانەیان ئەهات کە سەردەمی بەسەر چووبوو، کاتی خۆیشی ئێمە لەو بابەتە قسانەمان ئەکرد تا ڕۆژگار سەلماندی ئەوە ئاسنی سارد کوتانەو تێنەگەیشتنە لە مەبەستە سیاسیو فیکرییەکانی ئەم زەمانەو باش مامەڵە نەکردن لەگەڵیاندا کە دوامان ئەخاو قازانجێکی ئەوتۆی لێناکەین.

لەم شەڕانەدا پەکەکە خەڵکێکی زۆریان لێکوژراو برینداریشیان هەبوو کە بەقسەی ئۆجەلان ١٠٠ ـ ١٥٠ کەسیان تیاچوو بوو. لای ئێمەوە تەرمیان لە مەیدانی شەڕەکەدا لە بەردەستدا بوو یەکێکیان کچ بوو ئێمەش ئەم شەهیدانەمان دابوو: کەیکاوس، ئازاد سەید قادر، تۆفیق قەرەداخی، سەعید مەحمود عەبدوڵلا، نوری مەسۆیی. برینداریکی زۆریشمان هەبوو. لە دواییدا بڕیارماندا تەرمەکانیان بدەینەوە، ئەوان ئەوەندە پەرۆشی دانەوەی تەرمەکان نەبوون بیبەنەوەو مەراسیمی تایبەتیان بۆ بکەن، بەڵکو هەر چاڵی بچووکیان بۆ هەڵئەکەندنو نەیانئەشاردنەوە کە هەندێ چەکداریان هاتنو ١٦ تەرمەکەیان تەسلیم کرایەوەو چاڵیان بۆ هەڵکەندنو ناشتیان.

لە دوای ڕاوەستانی شەڕەکە فڕۆکەی تورکیا هاتە سەر ناوچەکەو بە سەر سەرمانەوە ئەسووڕانەوە بەڵام تەقەیان نەئەکرد.لە ناخمدا زۆرم

پێناخۆشبوو ئەو فرۆکانە ئەسووڕانەوەو بە برادەرانەووت گەر تەقەیان کرد ئێوەش دەستیان لێبکەنەوە هەرچەندە بەراوورد لە نێوان ئێمەو تورکیادا لە ڕووی چەکسازییەوە نەئەکرا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە، کە لەم شەڕەدا تورکیا هێزی نەهێنا بوو.

هەرکە شەڕەکە لە سەر پەکەکە گەرم بوو بوو ئەوان خۆیان سووك ئەکردەوەو بەرەو ناوەوەی سنوری تورکیا ئەڕۆیشتن ، تورکیاش هیچ هەڵوێستێکی نەئەنواد بەرامبەریان. دوای ڕێککەوتنی پەکەکەو حکومەتی هەرێم لە سەر دڵنیایی (ی.ن.ك) هێزەکانیان بە سواری ئۆتۆمبیل بەرەو پشدەر ڕەوانە کران‌و لەوێ نیشتەجێبوون.

هێزی سەرەکی ئەم قۆڵە یەکێتی بوو، پارتی هێزێکی کەمیان هێنا بوو بۆیە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو، لە قۆڵی بادینانیشەوە هێزەکانی پارتی‌و یەکێتی پێکەوە بوون، لە ناوچەی ڕێدارو هیزۆپ بەرەو باتوفە پەلامار دەستی پیکردبوو شەڕەکە زۆر سەخت بوو ماوەی ٢٠ ڕۆژی خایاند، لە ئەنجامدا ٣٥٠ چەکداری پەکەکە خۆیان دا بە دەستەوەو لە ڕێگەی کاك حەسەن کوێستانییەوە بۆ قەڵای سوسێ بە چەکەکانیانەوە گوێزرانەوە. بە پێی هەندێ زانیاری٦٠ پارتی کوژرابوون‌و ٤ یەکێتیش. لەم قۆڵەوە فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا جگە لە هەلیکۆپتەر لە هێزەکانی پەکەکەیان دابوو. کە هێزەکانیانمان بەرەو پشدەر گواستەوە تورکیا داوای تەسلیم کردنەوەیانی کرد بەڵام یەکێتی قایل نەبوو، تەنانەت بریندارەکانیشیان بۆ تیمارکردن نێردرانە نەخۆشخانەی سلێمانی.

لە ڕاستیدا پەکەکە لە ئاڵۆزکردنی بارودۆخی هەرێمدا تاوانبار بوون، ئەیانویست ئەو هەلە مێژووییە لە دەست کورد بدەن کە بە کامی دڵی دەوڵەتە ئیقلیمییەکان بوو. ئەمەش هێزێکی شۆڕشگێڕ نایکات بەڵکو هێزێکی کرێگرتە لە ناو پیلانە ڕەشەکانی دوژمناندا چینە بکات بەم ئەرکە ناکەس بەچەیە هەڵئەسێت. ئەم شەڕ پێفرۆشتن‌و کەڵەگایی کردنە بەڵگەی پەرۆشی سیاسی بۆ چارەنووسی کوردستانی گەورە نییە، پێویستیش بە لێکدانەوە ناکات بەڵکو

هەموو تاڵە دەزووەکانی بەرنامەی یەکەکە بە ڕوونی دەرئەکەوێ کە تەنیا دژایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

ئەوەتا فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید لە بانەگەوازێکیاندا ڕۆژی ١٩٩٢/١٠/١٧ پشتگیری پرۆسێسی دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی کورد لە باشووری کوردستان ئەکات، داواش ئەکات کە شەڕی نێوان هێزەکانی حکومەتی فیدراڵی باشووری کوردستانو یەکەکە ڕابوەستێ، کێشەکە ئاشتیانەو لە ڕێگای گفتوگۆوە چارەسەربکرێ، چونکە پەیدابونی کێشەی ئەوتۆ لە بەرژەوەندی گەلی کورددا نییەو بەڵکو دوژمنانی کورد دڵخۆش ئەکات. فیدراسیۆن داوا لە یەکەکە ئەکاتوەکو هێزێکی کوردیو نیشتمانپەروەرانی کوردستان پشتگیری دەوڵەتی فیدراڵی باشووری کوردستان بکاتو پەرلەمانی نەتەوەییو حکومەتی فیدراڵی باشووری کوردستانوەك دەسەلاتێکی سیاسیو ڕەواو هەڵبژێردراوی ئەم بەشەیوولاتی ئێمە بناسێ.

یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگە

وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە یەکێکە لەوەزارەتەکانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم پۆستەش بەر فراکسیۆنی سەوز کەوت کە بەڕێز لیوا کەمال موفتی ئەرکی ئەمەوەزارەتەی پێ سپێردرا، بەڕێزیان یەکەم ئەفسەری سوپای عێراق بووە بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان. کە نەك تەنیاوەکو فەرماندەیەکی خاوەن بڕوانامەی سەربازی بەڵکووەکو پێشمەرگەیەکی دێرینی شۆڕش ڕۆڵێکی باڵای لە ژیانی کوردایەتیدا بینیوەو ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لا کۆبووەتەوە کەوەکو شارەزایەك بتوانێ کارەکانیوەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە ئەنجام بگەیەنێ.

هەموو خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئەوە بوون ئەمەوەزارەتە سوپایەکی یەکگرتووی هاوچەرخ دابمەزرێنێ بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانو چەسپاندنی دەسەلاتی یاساو پارێزگاری کردن لە گەلی کوردستانو خاکەکەیو نەهێشتنی دیاردەی دزێویو فرە ملیشیایی چەکداری کە لە ڕۆژی ١٩٩٢/٨/١ دا

پەرلـەمانی کوردستان بڕیـاری هەڵوەشـانەوەی میلیشیاکانو کۆکردنـەوەیان لـە سوپایەکی نیزامیدا دەرکردو لە هەمان کاتدا ڕێـز لێنـان لـە ڕۆڵی قارەمانانـەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لـە ڕێـڕەوی خـەباتی کوردایەتیـدا بـە تایبـەت لـە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا.

ئـــەوەبوو لـــە دانیشـــتنی ڕۆژی ١٩٩٢/٩/٢٣ ی پەرلـــەمانی کوردســـتاندا یاسای وەزارەتی کاروبـاری پێشمەرگە خرایە بەرنامـەی کـارەوە. دوای گفتوگۆو مشـــتو مڕێکـــی زۆر لـــە لایـــەن ئەنـــدامانی پەرلـــەمانو لیژنـــەی کاروبـــاری پێشمەرگەوە لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٢/٩/٢٩ دا دەنگی لەسەر درا.

لەگـەڵ ئـەو هـەموو ناسـازییەدا کـە هـەبوو پەرلـەمانی کوردسـتان لـە دانیشـتنی ڕۆژی ١٩٩٢/١١/٤ دا یاسایەکی بـۆ ڕێزلێنـانی پێشـمەرگە دەرکـرد، ئـەم یاسایە بایەخی لە چەند ڕوویەکەوە هەیە کە:

١. ڕێزلێنانـە لـــە خـەباتـــی ئـەو مرۆڤانــەی خۆیـان لـە پێنـاوی چارەنووسـی گەلەکەیاندا تەرخان کردووە.

٢. ئەوبڕگانەی لـە یاسـاکەدا هاتووە زۆر باشە چ لە ڕووی حیساب کردنی ڕاژەو خانەنشین کردنو چ لە ڕووی بەخشینی مەدالیای تایبەتی.

٣. ئەم یاسایە ڕۆڵی ژنی لە بەر چاو گرتووەو هـەمان ئـەو بەخششانەیان بـەر ئەکەوێ.

بـە داخـەوە ئـەم یاسایەوەکو خـۆی مایـەوەو جێبـەجێ نـەکرا بـە هـۆی ئاڵۆزیو ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو لایەنەکـەو هەڵگیرسانی شـەڕی نـاوخۆش کە پـارتی هـەمیشە هەڵوێستی توندو نەسازانی هەڵبژاردووە.

لـە دوای درووسـتکردنیوەزارەتی پێشمەرگە کـە ئەبوایـە ڕۆژێـك بـۆ پێشمەرگە دیاری بکرایە کەچی ئێمە هـەر پابەنـدی ڕۆژی سوپای عێـراقین کە لە ڕۆژی ١/٦ ی هەموو ساڵێکدا یادی ئەکرێتـەوەو ئـەو ڕۆژە بـە پشوو دانـراوە. ئەم سوپایە هەمیشە سـوپایەکی سەرکوتکەر بووە چ لـە زەمـانی پاشایەتی یان سەردەمی کۆماری یان لە زەمەنی ڕەشی بەعسدا کەوەکو داردەستێك بە دەست دەسەڵاتەوە بووە بە تایبەتی بەعس بە بەرنامەیەکی توندو تـۆڵ سوپای کـردە

بنکەیەکی بنەڕەتی حیزب کە تەنیا بەعس بۆی هەبوو لە ڕیزی سوپادا ڕێکخستنی هەبێ هیچ لایەنێکی تر قوورەتی ئەوەی نەبوو هەر بیریشی لێبکاتەوە.

گەرچی بەشێکی ئەم سوپایە بە ئەفسەرو سەرکردەو سەربازەکانیەوە کورد بوون بۆ لێدانی کوردو کوشتنی خەڵکەکەی‌وویرانکردنی شارو لادێی کوردستان بە کار هێنراوە.

بۆیە ئەم سوپایەوەکو دەزگایەکی تۆقێنەر ڕۆڵی خۆی بینیوە نەك‌وەك سوپایەکی میللەتپارێز، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقیش هەرچی شەڕی نارەوا هەیە بەم سوپایە ئەنجامیان داوە کە لەو ڕۆژەوە درووستکراوە ڕۆژێك ئاسوودەیی بە خۆیەوە نەدیوە هەمیشە لە باری ناسایی‌و ڕەشبگیریدا بووە.

کۆتایی مانگی ١٩٩٢/١٢ بوو لە ڕوداوێکی تازەی یەکگرتنەوە لەگەڵ یەکێتیدا بەشێکی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بە سەرۆکایەتی کاك ڕەسوڵ مامەندی سکرتێرو هەندێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی پەیوەندییان بە (ی.ن.ك)ەوە کرد.

دیارە ئەمە لە ئەنجامی قسەو گفتوگۆی درێژخایەن بووە تا ئەو بڕیاری یەکگرتنەوەیە بدرێ کە کاك ڕەسوڵ ببێ بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی‌و هەڤاڵەکانی تریشی هەندێکیان ببنە سەرکردایەتی‌و کادیرەکانیشیان لە دامودەزگاکانی تری ئیداری‌و حیزبی‌و پێشمەرگایەتیدا جێیان بکرێتەوە.

بەرەی کوردستانی بەهەموو لایەنەکانیەوە کۆبوونەوەیان کرد بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، یەکێتی‌و پارتیش بە تایبەتی بۆ هەمان مەبەست دانەنیشتن.

ئێمەش‌وەکو یەکێتی کۆبوونەوەمان کرد بۆ ئیلتزام کردن بە سوپای یەکگرتووی کوردستانەوە دوای ئەوە لەلایەن‌وەزارەتی پێشمەرگەوە قیادەی مەنتیقەکانی: سلێمانی، هەولێر، کەرکوك، بادینان دامەزرا.

ساڵی ١٩٩٣

قیادەی مەنتیقەکان

پۆستی قیادەی مەنتیقەی سلێمانی بەر پارتی کەوتو دەروێش ئاغا لێپرسراوی بووە منیش لە لایەن یەکێتی بە جێگری قیادەی مەنتیقە دانرام. لە مانگی ١٩٩٣/٣ دا هەموو لیواکانی قیادەی مەنتیقەی سلێمانی پێکهێنرا بەم شێوەیە:

- لیوای ٢ی شارەزوور لە سەراوی سوبحان ئاغا
- لیوای ٢١ ی شارباژێر لە چوارتا
- لیوای ٢٢ ی دووکان لە سووسێ
- لیوای ٢٣ ی بێتوین لە ڕانیە

دیارە دوو لیوای دووکان‌و بتوێن بەر یەکێتی‌و دوو لیوای شارەزوورو شارباژێر بەر پارتی کەوتن. پێکهاتەی هەر لیوایەکیش:

- لیوایەك: ٣ فەوج + یەك فەوجی دیفاعوواجبات
- هەر فەوجێکیش:٣ سریە + یەك سریەی دیفاعوواجبات
- هەر سریەیەکیش: ٣ حەزیرە + یەك حەزیرەی دیفاعوواجبات
- هەموو بەشەکانیش هەیئەیان هەبووەکو:
- هەیئەی قیادەی مەنتیقە
- هەیئەی لیوا
- هەیئەی فەوج
- هەیئەی قیادەیش بریتی بوو لە:

- ئيداره
- هەوالگری
- پشكنين
- جوولان
- فەوجی ديفاعوواجبات

بۆ هەموو شوێنەكان كادیری پێشمەرگايەتی چالاكو خاوەن تواناو ئەزموونی باش دیاری كران.

دیاره دیاردەی ٥٠ به ٥٠ لەم بوارەشدا جێبەجێكرا كه له ڕاستیدا كارێكی خراپوڕەنگدانەوەیەكی سەلبی هەبوو كه له ئەنجامدا بووه مايەی ئەوەی بەرنامەی یەكخستنی هێزەكان گەرچی به شەكلی كاری بۆ كرا له ناوەڕۆكدا هەنگاوی پراكتیكی ڕێكوپێكی بۆ نەنرا، بگره خۆبەستنەوه به بڕیارەكانی حیزبەوه به ئاشكرا دیار بوو، هیچ لایەك نەیئەویست خۆی لێ ببوێریو بەرژەوەندی دواڕۆژی كورد ڕەچاو بكات. هەر لایەك مانەوەی خۆی له بوونی میلیشیادا ئەبینییەوه، نەیان ئەویست ببنه حیزبێكی مەدەنی هاوچەرخ. هەر خەریكی كۆكردنەوەی خەڵكی بوون بۆ بەهێز كردنی خۆیانو فراوانكردنی دەسەڵاتیان، چەنده هێزت زۆرتر بێ دەسەڵاتی سیاسی ئیداریت فرەتر ئەبێت. ئەگەر چی ئەو هێزه خێڵەكیش بێتو دوور بێ له گیانی پێشكەوتنو سەردەم.

بۆیه گەرچیوەزارەتی پێشمەرگه دامەزراو قیادەی مەنتیقەكان دانران بەهەموو پێكهاتەكانیانەوه، بەڵام ئەمه تەنیا كارێكی ڕووكەش بوو، له دەرەوەیوەزارەتی كاروباری پێشمەرگەدا هێزی میلیشیا هەر مايەوه. نەك هەردوولايەنه سەرەكییەكەی حكومەتی هەرێم، بگره لايەنەكانی تری ناو بەرەی كوردستانیو دەرەوەی بەرەی كوردستانی میلیشیاكانیانوەكو خۆی مايەوه. نه هەردوو حیزبەكەی ناو حكومەتو نەپەرلەمانیش توانیان بڕیارێك بۆ هەڵوەشانەوەی میلیشیاكان دەربكەن، نەحیزبەكانیشوەكو نیشاندانی ڕادەی دڵسۆزی یان بۆ ئەزموونەكه تەكانێكیان دا.

دیاردەی فرە میلیشیای چەکداری زۆر ترسناکە، بە تایبەتی بۆ ئەزموونێکی کۆرپەیوەکو ئەزموونی حوکمڕانی لە کوردستاندا.وە نەبێت ئەم دیاردەیە تەنیا هەر لە کوردستاندا باو بێ، بەڵکو لە زۆروولاتی تری دنیادا کە خاوەنی حکومەتی یاسایین ئەم دیاردەیە هەیە. لەوولاتێکدا دیموکراتیەت نەبوو یان شەڕ لەسەر دەسەلات بوو هەر لایەنێك ئەیەوێ خۆی بە تەنیا فەرمانڕەوا بێت، بە تایبەتیش لە کوردستاندا کە لە قۆناغی شاخدا شەڕی ناوخۆیی لە ناو هێزەکاندا هەبووە کە ئاشتبوونەوەش کراو بەرەی کوردستانی دامەزرا بە جیدی کار بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەکرا. مەگەر بۆ موجامەلە کردن بێ. ئەگەر لایەك بە گەرمی هەوڵی دابێ، لایەکەی تر لە پشتەوە بۆسەی داناوە تاکو جێبەجێ نەکرێ. بۆ ئەم کاتەش لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەم حیزبانە هێزەکانیان ئەوەندە بۆگەن بووە بەهۆی تێخزانی خەڵکانی کۆنە مستەشارو جاشە دەست سوورەکان لە خوێنی خەڵکی بێتاوانی کوردستاندا بە ئاسانی ناتوانین دەستبەرداریان بن و پاکسازی ئەنجام بدەن. چونکە هێشتا لە ئایندەی دۆستایەتی نێوان خۆیان دڵنیا نین.

بۆ یەکخستنی هێزەکانیش زۆر تەگەرە هەیە لە بەردەمدایە ئاسانکاری بۆ نەکراوەوەکو:

- دامەزراندنی دەزگای تەجنید
- ژمارەی هێزی پێشمەرگەی پارێزەری ئاسایشی کوردستان
- بودجەی ئەو هێزە چۆن دابین ئەکرێ
- ئایا حیزبەکان وەکو یەك بە تەنگ ئەو مەسەلەیەوەن و میلیشیاکانی خۆیان هەڵئەوەشێننەوە..؟!

بۆیە هەر نەتوانرا میکانیزمی تۆکمە بۆ یەکخستنی هێزەکان دابنرێ و ئەوەی کرا هەنگاوێکی بچووك بوو لە چاو داخوازییەکانی گەلەکەماندا هیچ نەبوو، بەڵکو هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە ئەکرا لەهەر ڕووداوێکی نێوان هەردوو لایەنەکەی حکومەتی هەرێمدا هێزە یەکگرتووەکەی سوپای کوردستان بچنەوە باوەشی میلیشیاکانیان و لە سەنگەری بەرگری کردن لە چارەنووسی کوردستان

بگەڕێنەوە بۆ سەنگەری حیزبایەتی. چونکە لە کاری ڕۆژانەدا ئەو هەڵوێستانە ئەوەیان نیشان ئەدا کە کەس نایەوێ لەو چوارچێوە تەنگەبەرە دوور بکەوێتەوە. یان‌وا گۆش کرابوون یان ڕۆژانە ڕێنوێنی بەو ئاراستەیە دەرئەچوو کە نەك زیانی بۆ ئەو سەردەمە هەبوو بەڵکو هەڕەشەیەك بوو بۆ پەیوەندی ئاییندەو خلۆربوونەوە بەرەو شیوی ناکۆکییەکان کە هەمیشە خۆی لە بۆسە نابوو بۆ تەقینەوە ناکاوەکان.

من نامەوێ داکۆکی لە یەکێتی بکەم کە هەڵوێستی باشتر بووەو زۆر نەرم تر بووە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەگەرەکانداو پارتیش زۆرتر خۆپارێز بوون‌و نەیان ئەوێرا گۆڕان بکرێ. یان شتێ بکەن لە قازانجی خۆیان نەبێ. بەلام کە پارتی هەر بەلای خۆیدا ڕایئەکێشا ئیتر ئێمەیش بەرەنگاری ئەبووینەوە بەهەمان ئەو چەکەی ئەو بەکاری ئەهێنا. کە ئەمەش خاڵی لاوازی بوو لە لابەلا کردنەوەی کێشەکاندا.

ئێمە گەرچی بڕوامان بە تازەگەرێتی‌و کرانەوەو دیموکراتیەت هەبووە، لە هەمان کاتدا نەمانتوانی گیانی گۆڕان بە بەر کادیرەکانیاندا بکەین، چەنکە پارتی بۆ پۆستەکانیان خەڵکانی‌ووشك‌و مولتەزیم بە بڕیاری دامودەزگا تایبەتییەکانی دائەنا کە نەیان ئەویست هەناسەی گۆڕانکاری هەڵمژن.

کابینەی دووەم

لە جەوێکی‌وادا زۆرتر ئاڵۆزی بەرپا ئەبێ، بارەکان بە لای ناسازیدا ئەڕوات. چونکە کەمترین ڕێگای تێگەیشتن ئەگیرێتە بەر.

لە بەرامبەر ئەو هەلومەرجە ئیستفزازییەی پارتی پێویست بوو یەکێتی دەستێك بەخۆیدا بهێنێ‌و کابینەی حکومەت کە هەڤاڵ د.فوئاد مەعسوم بوو بگۆڕێ تاکو لە بەرامبەر هەڵوێستەکانی پارتیدا پتەوتر ڕابوەستێ‌و ڕێگر بێت لە بەردەم پیلانەکاندا. هەرچەندە هەڤاڵ د.فوئاد تا ڕادەیەك سەر کەوتوو بوو تەنیا هەندێك نەرم بوو بە کاوەخۆ بۆ مەسەلەکان ئەچوو، پارتیش ئەوەیان پێ‌خۆشبوو، بەڵکو پێیان ناخۆش بوو کابینەکە

بگۆڕێ. بۆیە یەکێتی بڕیاری دا کە پۆستی سەرۆک‌وەزیران بگۆڕێ‌و ئەو ئەرکە بخرێتە ئەستۆی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی‌و ڕۆژی ١٩٩٣/٤/١٠ کابینەی دووەم ڕاگەیەنرا.

لەم کابینەیەدا هەڤاڵ جەبار فەرمان لە پۆستی‌وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا دەستبەکار بوو. هەندێک‌وای بۆ ئەچوون ئەم‌وەزارەتە بکەوێتە خۆی‌و گوڕێکی پێبدرێ‌و پارتیش باشتر بێنە پێشەوەو خۆیان تەنگ بکەنەوە بۆ یەکخستنی هێزەکان‌و پێشخستنی‌وەزارەتەکە، بەڵام دوایی دەرکەوت ئەم بۆچوونە لە جێی خویدا نەبووە چونکە پارتی بە چاوی گومانەوە لەم گۆڕانکارییەیان ئەڕوانی‌و بە مەترسییان ئەزانی.

ئۆزال مرد

ڕۆژی ١٩٩٣/٤/١٧ هەواڵێکی کوتوپڕی تورکیاو دنیاشی هەژاند. تورگوت ئۆزال مرد.! نە کەس بڕوای بەم مردنە کردو نە لێکۆڵەران‌و چاودێرانی سیاسیش.

هیچ ئاماژەیەک نەبوو بۆ نەخۆشی ئۆزال کەوا یەکسەر بمرێ، بێ پێشینەیەکی لەش ناساغی‌و نەخۆشی گومان لای مرۆڤ بەجێ نەهێڵێ کە لە پشت ئەم مردنەوە شتێک هەبێ. ڕۆژێک پێش ئەم مردنە ئۆجەلان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسیدا زۆر بە شان‌و باهۆی ئۆزالدا هاتبوو. نە تورکیای عوسمانی‌و نە تورکیای ئەتاتورکی ڕۆژێک لە ڕۆژان دانی خێریان بە کوردا نەهێناوە، یەک سیاسەتیان بەرامبەری پەیڕەو کردووە لە ئاستی چارەسەرکردنی کێشەکەیدا خۆیان بواردووەو ئامادە نەبوون بچووکترین مافی بسەلمێنن یان گەر لە دیدێکی دیموکراسیانەوە تێی بڕوانن لەوانەیە دەروازەیەکی باش بۆ کورد لە سەر پشت بکرێتەوە بۆ لێتێگەیشتنی. چونکە کاربەدەستانی تورک باوەڕیان بە دیالۆگ نییە. هەرچەندە خۆیان ئەیانەوێ بە

ڕێگەی دیالۆگ بچنە ناو بازاڕی ئەوروپییەوە تاکو لەو پێشکەوتنە ئابوریو پارمەتیو کۆمەكو هاریکارییەی ئەوروپا سوود مەند بنو باری خراپی ئابوریو گوزەرانی خەڵکی ببووژێتەوە.

تەنیا یەك کەس بە سەرزارەکیش بێوورتەیەکی لە دەم دەرهاتبێو باسی کوردی کردبێو هەندێ نەرمی نواندبێو بە دڵی شۆڤێنیستەکانی تورك نەبووبێ ئۆزال بوو.

ناشزانم چۆن ئەو گۆڕانەی بە سەرا هاتبوو.وادیارە ئەو تۆزقاڵە بیرکردنەوەیە بە مەترسی دانرابێ بۆ دوارۆژی تورکە شۆڤێنییەکانو عەسکەرتاریای دەسەڵاتدارانی تورکیا.

بێ ئەچێ ئەم مردنەی ئۆزال پاکسازی کردنێکی نهێنی بێ بۆ ئەوەی لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە نەبادا هەڵوێستەکەی گەشە بکاتو لە ناوخەڵکیدا ڕەگداکوتێو لە جادەی تورکیدا خەڵکێکی زۆر پەلکێش بکات بۆ پشتیوانی کردنی مەسەلەی کورد.گەرچی خەڵکێکی زۆری تورك پاڵپشتی لە کورد ئەکەنو زۆریشیان بە دەست سیاسەتە چەوتەکانی جەندرمەی تورکییەوە ئەناڵێنن، نمونەش ئیسماعیل بێشکچییە کە دۆستێکی گەورەی کوردەو چەندین جار زیندانی کراوە.

لە ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٢١ دا لەگەڵ بەڕێزوەزیری کاروباری پێشمەرگەدا سەردانێکی دهۆکمان کرد بۆ چاوپێکەوتنی هێزەکانی ئەو دەڤەرە. لە ڕۆژی ٦/٢٣ دا چووینە سەر فورات لەسەر سنووری سوریا ـ عێراق بۆ پێشوازی هەڤاڵ مام جەلال کە لە گەشتێکیدا بۆ دەرەوەی کوردستان ئەگەڕایەوە.

لە ڕۆژی ٦/٢٦ دا لەگەڵ مەسعود بارزانی داوەکووەزارەتی کاروباری پێشمەرگە کۆبووینەوە کە تیشکی خستە سەر تەبایی هێزەکانو دوورکەوتنەوە لە مۆرکی حیزبایەتیو کردنی ئەو هێزانە بە هێزی سوپای ڕزگاری گەل. قسەکانی لە لایەن تیۆرییەوە چاك بوو، دەربڕین بوو لە خواستەکانی

گەلەکەمان، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆك‌و پراکتیکییەوە جێی دڵخۆش نەبوون، چونکە زۆربەی سەرکردەکانی کورد تەنیا لەڕووی ڕوخسارەوە قسەی دەوڵەمەند ئەکەن، کە کار گەیشتە بەرژەوەندی‌و بە تایبەتی چارەنووسی دەسەڵات ئەوا تەزووی نائومێدی دەیانگرێ‌و پەژیوان ئەبنەوەو هەرچی ئاواتی خەڵکییە ئەیبەنە قوڵایی گۆڕەوە. تەنیا خۆیان ئەپارێزن. ئەو کاتانە ئێمە بەهەر قسەیەك کە بۆنی تەبایی‌و ئارامی لێ بهاتایە با بە سەرەزارەکیش بێ دڵخۆش ئەبووین، زۆر بیرمان لە ئایندەی هەڵوێستەکان نەئەکردەوە. گەرچی هەندێك زانیاریشمان لابەرجەستە بووبێ کە مل بەرەو کوێ ئەنێین.

هەرچۆنێ بوو ئەمانویست کارو ئەرکەکانمان ڕێك بخەین هەرکەسە لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا.

غەریب هەڵەدنی شەهید کرا

لیوای ٢٢ی دووکان کە فەرماندەکەی هەڤاڵ غەریب هەڵەدنی بوو شوێنیان نەبوو، دامان نابوو بارەگاکەیان ببەینە بینایەی جەیشە شەعبییەکە کە چەند ماڵێکی سەر بە حیزبی شیوعی تێدا بوو. بۆ ئەم مەبەستە لە قیادەی مەنتیقەی سلێمانییەوە نووسراوێکمان بۆ کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حیزبی شیوعی نووسی. پاش چەند ڕۆژێك کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حیزبی شیوعی‌وەڵامی داینەوە کەوا ڕۆژی ٧/٢٢ نوێنەرمان بنێرینە دووکان بۆلای نوێنەری حیزبی شیوعی کە هاوڕێ سۆران بوو بۆوەرگرتنی بارەگاکە. ئێمەیش ئاگاداری هەڤاڵ غەریب هەڵەدنیمان کرد بەو کارە هەڵسێ هەڤاڵ غەریب بە دوو پێشمەرگەوە چوو بوو بۆ ئەوێ کە یەکێکیان سمکۆی برای بوو. خۆیشی چەکی پێ نەبوو کە چووبووە ناو

بارەگاکەوە لەلایەن چەند چەکدارێکەوە میلیان لێهێنابووەوە، لە جیاتی بەخێر هاتنو میوانداری کردن تەقەیان لێکردو شەهیدیان کرد.

لەو کاتەدا ئاگاداریان کردمەوە کە هەڤاڵ غەریب هەڵەدنی شەهید کراوەو ئەو چەکدارانە لە ناو بارەگاکەدا لە لایەن خزمە جافەکانی شەهید غەریبو هەندێ پێشمەرگەی ئەو ناوەوە ئابلۆقە درابوون. هەتا گەیشتمە دووکان لەلایەن هەندێ ریشسپیو مەلا سدیقی دووکانەوە هەوڵ درابوو چەکدارەکان نەکوژرێنو ڕەوانەی قیادەی مەنتیقەی سلێمانی بکرێن. منیش لەگەڵ ریش سپیو مامۆستادا تاوانبارەکانم سوار کرد بۆ قیادەی مەنتیقە، بەڵام خزمانی شەهید غەریب پێشو دوایان لێگرتینو لەگەڵماندا هاتن. لەکاتێکدا تاوانباردکانمان دائەگرت هاوڕێ سۆران بەشێوەیەکی ناشیرین قسەی کرد، کۆنترۆڵی خزمانی جافمان پێنەکرا. تەقەیان لێکراو سۆرانیان کوشت.

ڕۆژی ٧/٢٣ تەرمی شەهید غەریب برایەوە بۆ هەڵەدنو حیزبی شیوعی بەیانێکی خراپیان لەسەر ئەو ڕووداوە دەرکرد بێ ئەوەی لە نزیکەوە شارەزاییان لە چۆنیەتی هەبێ، ئەمەش دەقی ئەو بەیانەیە:

بەیاننامەی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حیزبی شیوعی کوردستان ـ عێراق دەربارەی ڕووداوەکەی ١٩٩٣/٧/٢٢ی دووکانو شەهید کردنی هاوڕێی دیلمان هاوڕێ سۆران:

کۆمەڵانی خەڵکی بە شەرەفی شاری سلێمانی
حیزبو کۆمەڵە سیاسیو نیشتمانپەروەرەکان

دوێنێ لە ئەنجامی پەلاماردانی مەڵبەندی ـ ئەلجەیش ئەلشەعبی ـ لە دووکان لە لایەن هێزێکی لیوای ٢٢وەوە بە فەرماندەیی ئامر لیوا کە خێزانی ١٠ هاوڕێی ئێمەی تێدایە، مشتومڕو تەقە ڕوویداوەو چەند کەسێك لە هەردوولا بریندار بوون کە بە داخەوە ئامر لیواکە لە ئەنجامی برینەکەی مردووە. دوای

ئەوەی دەستیان گرتووە بە سەر بیناکەداو بەڵێنی شەرەفیان داوە بە ڕیشسپیو ماموّستا ئاینییەکانو پیاوماقوڵانی ناوچەکە ٦ کەسیان لە هاوڕێیانی ئێمە بە دیلگرتووەو بە ئۆتۆمبیلێکی کۆستەر هێنراون بۆ بارەگای قیادەی مەنتیقەی سلێمانی. لەوێ دەستبەجێ هاوڕێ سۆران ئەندامی کۆمیتەی پارێزگای حیزبمان ڕەمیکراوە، دوای ئەشکەنجە دانێکی زۆر بە نووکی سونگیو بە ڕاکێشان بە سەر زەویدا. ئەمەو لە کاتێکدا برووسکەی هەڤاڵ مام جەلال کە لە ڕێگەی سەرکردایەتی حیزبمانەوە سەعات ٤٥راای شەو پێمانگەیشتووە دڵنیامان ئەکات کە هەر ٦ دیلەکە سەلامەتنو ئەپارێزرێن.

ئێمە لە هەموو لایەك ئەپرسین، لە هەموو خاوەنویژدانو خاوەن بیروباوەڕێك ئەپرسین ئاخۆ کێن ئەوانەی دیل ئەکوژن..؟ هەروەها بۆمان دەرکەوتووە کە ٦ کەسی تر لەو دیلانە سەرنگوم کراون. ئێمە لەو ساتەوەی کە ئەو هەواڵە بڵاو بووەوە تەقەلایەکی زۆرمان دا بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ سەرکردایەتی هەردوو حیزبی: پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی، بە نیازی ئەوەی مەسەلەکە ڕوون بکەینەوەو دەستی بەسەر دا بگرینو چارەسەری بکەین، بەڵام ئەو تەقەلایانەمان بە زایە چوو چونکە هەندێکیان نەهاتن بە دەنگمانەوەو هەندێکیان بە دەست نەکەوتن.

ڕەمیکردنی دیلێك لە بارەگای قیادەی مەنتیقەی سلێمانی کە سوپای یەککگرتووی کوردستانە لە لایەن کار بەدەستانی هەمان سوپاوە کە سەر بە یەکێتی نیشتمانین، دیلکردنی کەسێکی ناسراو، کادیرێکی حیزبمانو گومکردنی چەند کەسێکی تر لەو دیلانەو هەروەها ڕێگە گرتن لە خەڵکی خێرخوازو خزموکەسو کار کە یارمەتی برینندارەکان بدەن لە خەستەخانە، ئەمجۆرە کارانە زۆر دوورن لە هەستکردن بە گیانی هاوپەیمانێتیو هاونیشتمانییەوە، ئێمە هەروەك لای هەموان ڕوونو ئاشکرایە هەمیشە دژی ئەو جۆرە ڕەفتارو کارانە بووین کە بەردەوام گیانی هاوکاریو کۆمەکمان پاراستووەو هەرگیز چاوەڕوانی ئەمان نەئەکرد کە کاربەدەستانی عەسکەری یەکێتی نیشتمانی ئەو کارە ناڕوایە نا مرۆڤانەیە ئەنجام بدەن بە مەرجێك ئەوەی ڕوویداوە دژی ئەوان نەبووە بە تایبەتیو چەکداری ئەوان هەڵیان کوتاوەتە سەر

بینایەوویستوویانە بە زۆری چەك ئەو خێزانانە لەو بینایە دەر بکەن، ئەمە لە کاتێکدا کە فەرماندەی مەنتیقەی سلێمانی رۆژی ۱۹۹۳/۷/۲۱ کتابێکی رەسمی دەربارەی ئەو بینایە ناردووە بۆ حیزبمان و ئێمە شەهید هاورێ سۆرانمان کە لاوێکی لە سەرخۆو رۆشنبیرو دەرچووی زانکۆیە نارد بۆ دووکان بۆ تەگبیرورای ئەو مەسەلەیە، جگە لەوەش وەڵامی ئەو نووسراوەمان بە نووسراوی ژمارە ٦٦ ی رۆژی ۷/۲۲ داوەتەوە ئامادەییمان پیشانداوە بۆ چۆڵکردنی خانووەکە بە مەرجێك شوێن بۆ ئەو خێزانە ئاوارانە پەیدا بکرێ، ئەمەیە راستی رووداوەکەو ئاکامەکەی جا داوا لە سەرکردایەتی حیزبەکانی بەرەی کوردستانی و هەردوو حیزبی هاوپەیمان بە تایبەتی ئەکەین کە ئەمجۆرە کردەوە نامرۆڤانەیە مەحکوم بکەن و داوا لە حکومەتی کوردستان و رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ئەکەین بە تایبەتی سەرکردایەتی مەنتیقەی سلێمانی کە لەم تاوانە بکۆڵنەوەو تاوانکار دیاری بکەن و بە سزای رەوای خۆی بگەیەنن بۆ ئەوەی خەڵکی پارێزگاکەمان دڵنیا بکەن لە پاشەرۆژی خۆیان.

سەربەرزی بۆ شەهیدی نەمر هاورێ سۆران

سەر شۆری بۆ پیاو کوژو پێشیلکەرانی مافی مرۆڤ

حیزبی شیوعی هەر بەوەوە نەوەستان لە ئێزگەی ئازادییەوە هێرشیان کردبووە سەر هەڤاڵانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە نارەوا. کە ناوی مام رۆستەم و کاك شێخ جەعفەرو منیش هێنرا بوون.

شەهید کردنی هەڤاڵ غەریب هەڵەدنی هەموو خەڵکی وورووژاند بەتایبەتی هەڤاڵە دێرینەکانی خۆی لە کۆمەڵەی پێشمەرگە کۆنەکانی کوردستان رۆژی ۱۹۹۳/۷/۲۵ یاداشتنامەیەکی نارەزاییان بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بۆ/ بەرێزان مام جەلال تاڵەبانی و کاك مەسعود بارزانی و

هەموو حیزبەکانی بەرەی کوردستانی

بەرێزان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بە بۆنەی تاوانی شەهید کردنی هەڤاڵی هێژاو پێشمەرگەی ١٧ ساڵی خەباتی سەختی کوردایەتی کاك غەریب هەڵەدنییەوە پڕ بەدڵ نارەزایی خۆمان دەرئەبڕین بەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیەو نیگەرانی خۆشمان دەرئەبڕین بەرامبەر ئەو بێدەنگییەی حیزبەکانو کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاست ئەو تاوانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی فەرمانی حکومەتەکەماندا سەرکردەیەکی لێهاتوومان شەهید بکرێ.

ئێمەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لە بەر بەرژەوەندی گشتی گەلی کورد ڕازی بووین بە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە کاتی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا کە دەستبکەینە مل بکوژانی هەزاران هاوڕێمان لە چەند ساڵەی ڕابوردووی شەڕو شۆڕی کوردستانداولاپەڕەی سپیمان هەڵدایەوە لە گەڵ هەموو تاوانبارانی زەمانی ڕابوردوو بە مەرجێ دوای ئەو ئاشتبوونەوەیە تاوانی تر نەکەنو لە هەمان کاتیشدا ڕێز لە خەباتی بێووچانی پێشمەرگە دێرینەکان بگرێو شەرمیان لێبکرێ.

بەڵام بە داخەوەوا ڕۆژگار تێئەپەڕێو جگە لەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە چاوی سووکتر تەماشای پێشمەرگەی دێرین نەکرێ مافی خۆی پێنادرێوا زۆر بێشەرمانەش یەکە یەکە بە بیانووی جیا جیا تیرۆر ئەکرێنو تۆمەتی ناڕەوا ئەدرێتە پاڵیان چەندین نموونەیوەك شەهید کردنی کاکە غەریب هەڵەدنی لە بەردەستایە لە چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕینو ئازادیدا کە ئەبوو جەماوەرو حیزبەکان ڕێزو حورمەتیان لێبگرتنایە چونکە لە سایەی خەباتی بێووچانی ئەوانەوە بوو دوژمن لاواز بوو هەر ئەوانیش بوون ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینیان کردو کوردستان ئازاد کرا کەوابوو ئەبێ لە کەشوهەوای ئازادیداو لە پاڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا یەکە یەکە لە ناوببرێن یان پارێزگارییان لێبکرێ.

ئێمە بەم یاداشتنامەیە ئاگاداری هەموو جەماوەرو سەرکردەی حیزبەکانو کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەکەین کە چیتر

ناتوانین هەروا دەستەوسان ڕاوەستین‌و بە بەرچاوی هەموانەوە بکوژرێین‌و پاشانیش مامەڵەمان پێبکرێ.

داوا ئەکەین کە تاوانباران‌و بکوژانی هاورێکانمان بە سزا بگەیەنرێن، ئەگینا بە مافی رەوای خۆمانی ئەزانین بێسلکردنەوە لە هیچ لایەك‌و لە هەر کۆسپێك بێتە رێگەمان تۆڵەی هەڤاڵەکانمان بە چەند قات لە تاوانباران بسێنین‌و خۆشمان نابەستینەوە بە هیچ لایەنێکی سیاسییەوە.

وەبیری هەمووڵاشی ئەخەینەوە: تۆڵەمان بە سەبرە ئەمما بەزەبرە.

کۆمەڵەی پێشمەرگە کۆنەکانی کوردستان

١٩٩٣/٧/٢٥

دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی ئەچوو حیزبی شیوعی دواتر لە ڕووی هەست کردن بە مەسئولیەتەوە گەیشتە ڕاستی ڕووداوەکەو ڕۆژی ١٩٩٣/٧/٢٥ بەیاننامەیەکی تریان دەرکردو ئەو تۆمەتانەی درابووە پاڵ هەڤاڵانی یەکێتی رەتکردەوە ئەمەش دەقەکەیەتی:

جەماوەری سلێمانی خۆڕاگر

چۆن لە ڕۆژی ١٩٩٣/٧/٢٢ دا لە دووکان بەهۆی ڕوداوێکی چاوەڕان نەکراوو دڵتەزێنەوە هەڤاڵ غەریب هەڵەدنی فەرماندەی لیوای ٢٢ی سوپای یەکگرتووی کوردستان شەهید کراو لە ئەنجامی ئەوەش هاوڕێ سۆران عوسمان شەهید کراو چەند پێشمەرگەو هاووڵاتی تر بریندار کران.

ئەنجامی ئەو ڕووداوانە بووەهۆی دلگەرمی‌و هەڵچوونی کاتی کە بوونە هۆی بەرپابوونی هێرشێکی ئیعلامی لە لایەن ئێمەوە لە رێگەی ئیزگەو تەلەفزیۆنەوە، کە ئەبوایەووردبینانەتر و بە دەمارێکی هێمنەوە بەرەو بناوانی کێشەکە بچووینایە بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەك تەسعید کردنی، چوونکە

ئەبوایە پاراستنی ئەم بارودۆخەو دەستکەوتەکانی گەل‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و گیانی تەبایی لە زوور هەموو هەڵچوونێکی عاتفی‌و ناکۆکییەکی‌وەختی دابنرایە، دان بەوەدا ئەنەین کە ئەبێت چارەسەرکردنی ئەمجۆرە ڕووداوانە بە گیانێکی بەرزی هەست بە لێپرسینەوە بکەین بۆ دیاریکردنی چارەسەرێکی عادیلانە دوور لە تەسعید کردنی دۆخەکەو ئاڵۆزکردنی کێشەکە، چونکە چارەسەرکردنی ئەمجۆرە کێشانە بە توندو تیژکردنی ڕاگەیاندن‌و بە کارهێنانی چەك ناکرێ چونکەواقیعی کوردستان‌و تاقیکردنەوەی خەباتی هەموو لایەنەکان لە سەنگەرێکدا کۆی کردووینەتەوە دژ بە دوژمنان.

جا بۆیە لە ئەرکی هەستکردن بە لێپرسراوێتی‌و لێکدانەوەی ئەم‌وەزعە ئاڵۆزەی کوردستان تێکڕای ڕووداوەکان‌و بە تایبەتی شەهید کردنی کاك غەریب هەڵەدنی فەرماندەی لیوای ٢٢و پاشان شەهیدکردنی سۆران ئەندامی کۆمیتەی حیزبمان بە کارێکی ناڕەوا ئەزانین، ئێمە دژ بە هەموو ئەو هێرشە ناڕەوایانەین کە دەرهەق بە حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی هاوپەیمان کرابێ‌و هەروەها ناوهێنانی برادەران: مام ڕۆستەم‌و کاك شێخ جەعفەرو کاك مەحمود سەنگاوی بە ناڕەوا دائەنێین، پێش ئەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوە بڕیاری لە سەر بدات کە ئەبێ هەموو مەسەلەکان بخرێتە بەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوە.

هەر بەم بۆنەومیەوە لە کۆبوونەوەی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٩٣/٧/٢٥ لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی بە نامادەبوونی هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی‌و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی بڕیاردرا:

١. لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە نوێنەرانی حیزبەکان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زووترین کات پێکبێت بۆ لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە لە هۆو ئەنجامەکانی ئەو ڕووداوە.

٢. هەمووجۆرە هێرشێكی ئیعلامیو جموجوولێكی دژ بە یەكتری رابگیرێت.

٣.گیراوەكان بە زووترین كات بدرێنە دەست دادگاو یاسا.

بەم بۆنەیەشەوە زۆر سوپاسی بەڕێز پارێزگاری سلێمانیو هەڤالانی لقی ٤ ی پارتی دیموكراتی كوردستانو نوێنەرانی كۆمیتەی سلێمانی حیزبی یەكگرتنی كوردستانو هەموو لایەنەكانی بەرەی كوردستانی ئەكەین بۆ ئەو كۆششو ماندوبوونەی ئەنجامیان دا بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە.

هەرێمی حیزبی شیوعی كوردستان

كۆمیتەی پارێزگای سلێمانی

١٩٩٣/٧/٢٥

لە ڕاستیدا شەهید كردنی هەڤاڵ غەریب هەڵەدنی زیانێكی یەكجار گەورە بوو لە یەكێتی نیشتمانیو هێزی پێشمەرگەی كوردستان كەوت. ئەو مرۆڤێكی ئاسایی نەبوو، فەرماندەیەكی لێهاتووی بواری پێشمەرگایەتیو پێشمەرگەیەكی دێرینی شۆرشی نوێی گەلەكەمانو كادیرێكی بە ئەزموونی چاكبوو كە لە ڕۆژە سەختەكانی سەرەتای شۆڕشەوە تا ڕۆژی شەهید كردنی ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە مەیانی كارو خەباتی بێووچاندا بە تایبەتیش لە كاتی ئەنفالەكانو لە ماوەی پارتیزانیدا لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی كە ئەكرێ چەندین كتێبی لەسەر بنووسرێت. نەك هەر ئەمە بەڵكو شەهید غەریب لە بوارە جیاجیاكانیشدا كاری زۆری بۆ خزمەتی شۆڕشو گەلەكەی ئەنجام داوە كە لەكاتی پارتیزانیەكەیدا هەندێ شوێنەواری گرنگی دۆزی بووەوەو لە شوێنی تایبەتدا پاراستبوونی تادوای ڕاپەڕین پێشكەشی حكومەتی هەرێمی كوردستانی كرد. ئەمە بەڵگەی ئەمەكی ئەو پیاوە تواناداره بوو.

لە هەمان كاتیشدا هاوڕێ سۆران كادیرێكی حیزبی شیوعی بوو، برازای عومەری خاوەری هەڵەبجەی شەهید بوو كە بووە ڕەمزی شەهیدانی كیمیایی هەڵەبجەووێنەكەی كرایە پۆستەرو لە هەموو جیهاندا بڵاو بوویەوە.

یەکگرتنەوەی حیزبەکان و شەڕی ئاغاو جووتیار

ئەمساڵ وەکو بڵێی ساڵی یەکگرتنەوەی حیزبەکان بێ چەندین حیزبی بچووك لە نێوان خۆیاندا یەکیان ئەگرتەوە یان ئەچوونە پاڵ حیزبەزلهێزەکان کە دواترینیان باڵەکەی ئاڵای شۆڕش بوولەناو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە ڕۆژی ١٩٩٣/٧/٢٤ هاتنەوە ناو (ی.ن.ك)، دوای دابڕانی چەند ساڵ جیابوونەوە جارێکی تر کۆمەڵێك کادیری یەکێتی بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی یەکێتی تێکەڵ بوونەوە بە ڕابوردوویان.

هەر لە ڕۆژی ١٩٩٣/٧/٢٥ دا لە ناوچەی قەڵادزێ شەڕ لە نێوان ئاغاو جووتیارەکان دا بەرپا بوو. شەڕەکە شێنێ و شیوەکەڵ و گۆمەتاڵ و گۆچاڵی گرتەوە. ئاغاکان لە قلاسیوکەو لوتکەی کورە تاوڵ و جووتیارەکانیش لە چەند قۆڵێکەوە هاتبوون کە دێکانی دێرسین و دیگە بەدەستی جووتیارەکانەوە بوو. مەسعود بارزانی برووسکەی بۆ کۆمیتەی ڕێکخستن و لیژنەی ناوچەی قەڵادزێ و مەڵبەندی شەشی سۆران و لقی چواری و قیادەی مەنتیقەی سلێمانی و هەڤاڵ مام جەلال کرد کە ئەبێ هەردوولا یەك هەڵوێستیان هەبێ و ئەوانەی تاوانبارن یان ئاژاوە دروست ئەکەن بیانگرن و هەیبەتی حکومەتی هەرێم فەرز بکەن.

لە ڕاستیداوەنەبێ ئەم شەڕەی کە هەڵگیرسا هی ئەم ساتانە بێ و زەمینەی پێشتری نەبووبێ، بەڵکو کێشەیەکی کۆنترەو بۆ ساڵانێکی دوورو درێژ تر ئەگەڕێتەوە لە نێوان عەشیرەتەکانی مامەش و مەنگورو میراودەلییەکاندا.

مامەش و مەنگورەکان بە ناوی جووتیارو میراودەلییەکانیش بە ناوی ئاغاوە، هەرچەندە میراودەلییەکان خاوەنی ئەو هەموو زەوی و ئاوە نین ، جگە

لەمە میراودەلییەکان وەکو هۆزێك زۆر تێکەڵاوی هۆزو تیرەکانی تری ناوچەکە نە ئەبوون و خزمایەتی ژن و ژنخوازیان نە ئەکرد کە خزمایەتیکردن ئەبێتە هۆی دروستکردنی پەیوەندی دۆستایەتی لە نێوان خەڵکیداو پشتیوانی پەیاکردن .. هەر بۆیە لەو شەڕانەدا بەتەنیا خۆیان بوون و کە سێکیان وەکو خزم لە ناو تیرەو هۆزەکانی تردا بەبوو لە سەریان بێنە قسەو لایەکی سەنگەرێکیان بۆ بگرن .

هەندێ لایەنی سیاسیش ئەو هەلەیان قۆستبووەوە بە تایبەتی برادەرانی شیوعی و پارتی بۆ ئەوەی سوودی خۆیانی لێوەربگرن. ئەمە ئاژاوەیەك بوو، بوو بە کێشەیەك لایەنە سیاسییەکانیشی گرتەوە چونکە زۆربەی میراو دەلییەکان سەر بە یەکێتی بوون هەر لە زەمانی جەلالییەوە تا درووستبوونی شۆرشی نوێ، کۆمەڵێکیشیان پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی بوون وەکو سەلیمی حەمە ئاغا، قادرئاغای مەمەند ئاغا، لە ناو ئەو کەسانەش خۆیان بە جووتیار ئەزانی کۆمەڵێکیان جاشی خۆفرۆش بوون و دەستیان لە خوێنی دمیان کەسی بێتاواندا هەبوو کەسێکی وەکو عەبدوڵلا پۆلیس بە درێژایی تەمەنی خۆفرۆش بووە. هەڕەشەی ئەکرد کە ماڵی سەلیمی حەمە ئاغا ئەسووتێنێ کە لە ساڵی (١٩٧٦)ەوە لە سەنگەری کوردایەتی و پێشمەرگایەتیدا بووە. لەسەر ئەو هەڕەشەیە یەخەی عەبدوڵلا پۆلیسم گرت و پێم ووت: سەلیم ئاغا هەرچی بێ کەس ناتوانێ بچێتە سەری. عەبدوڵلا پۆلیس ووتی: من هەر ئەچمە سەر ماڵی سەلیم ئاغا.وەڵامم دایەوە کە من ئێستا ئەچمە لای ماڵی سەلیم ئاغاو کێ پیاوە با بێتە ئەوێ. مەسەلەکە لە سنووری ئاغاو جووتیار تێپەڕی و بووە کێشەی نێوان یەکێتی و پارتی.

هەر ئەو شەوە لەگەڵ دەروێش ئاغا قسەم کرد.دەروێش ئاغا بڕیاری دا کە عەبدوڵلا پۆلیس و چەند کەسێکی تر بگرێ کەسەر بە پارتی بوون. بەڵام بڕیارەکەی خۆی جێبەجێنەکرد. ناچار ئاغاکان بەرەو سنووری ئێران ڕۆیشتن بۆ باژێر کە ناوی جێگاکەیە. پاش دووساڵ مانەوە لەو شوێنەدا دوای ئەوەی کە

یەکێتیو پارتی بوو بە شەڕیانو ناوچەکە کەوتە دەست یەکێتی، یەکێتی سوڵحی نێوان ئاغاو جووتیارەکانی کردو ئاغاکان گەڕانەوە جێگای خۆیان.

تۆپبارانەکانی ئێران

شایانیووتنە هەر لەم ڕۆژەدا ٧/٢٥ ئێران زۆر بە توندی دێی ناوتاقی نزیکی شارۆچکەی دەربەندیخانی تۆپباران کرد کە بارەگایەکی حیزبی دیموکراتی لێبوو پێشتر لە سنووری ناحیەی مەیداندا بوونو لەبەر پاراستنی ئاسایشی سنوورەکە گوێزرانەوە ناوتاق،وەنەبێ ئەمە یەکەم تۆپباران بێ لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بەڵکو لەو ڕۆژەوە هەڵبژاردن کراوەو پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە. حکومەتەکانی دەوروبەر بیانووی جۆراوجۆریان پێگێڕاوەوەکو هۆکارێکی دژایەتی کردنی ئەزموونەکەمان،وائەزانن گەر تۆپبارانی ناوچەکەیان کرد یان سنووریان بەزاند ئیتر ئیرادەی گەل ئەپسێتو لە دەرەوەی بازنەی هەڵوێستی جیهانی بۆیان ئەچێتە سەر، خۆیان لەوە ئەبوێرن کە هەلومەرجی نوێی کوردستان لەچوار چێوەیەکی نێو دەوڵەتیدا ڕەخساوەو ئەگەر بەرامبەری هەندێ هەڵسوکەوتی ئەو دەوڵەتانە بێدەنگ بێ مانای ئەوە نییە دەستی لێهەڵئەگیرێو گورگ ئەیخوات. ئەو کردارانەی ئێرانیەکان بە بیانووی بوونی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەناو کوردستانداوەکو دیموکراتو کۆمەڵەو سازمانی خەبات بووە گوایە هێزەکانیان دزە ئەکەنە ناو ئێرانەوە. ئەو تۆپبارانو زیان پێگەیاندنە بە مەبەستی بێزار کردنووەڕسکردنی خەڵکی بوو تاکو تەنازولات بکرێ بۆ ئێران. هەر لە مانگی ١٩٩٢/٥ بە شێوەیەکی تایبەتی شوێنە جیا جیاکانی کوردستان دراونەتە بەر ڕێژنەی تۆپەکانیان.

شەوی ٢٧ ـ ٢٨ /٥ بۆ ماوەی ١٠ کاتژمێر قرناقاو پشتئاشانو بۆڵی تۆپباران کران.

ڕۆژی ٦/١٩ هەندێ ئەفسەرو ئیتیلاعاتو ڕەسەد چوونە بەرزاییەکانی جاسوسانو گۆڕەشێرو بێدەلانو تۆپبارانی شیوەڕەشو جۆلانانو ئالیمرپیان کرد.خەڵکی بریندار کردو دەغلودانو پاوەنێکی زۆری ناوچەکە سووتاو خەڵکەکەش بەرەو قەلادزێ ڕەویان کرد.

ڕۆژی ٦/٣٠ دیسانەوە بە خەستی تۆپبارانی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی ئێران کراو زیانی ماڵی زۆری هەبوو.

شەوی٣٠ ـ ٧/١ ماوەی ٣ کاتژمێر تۆپبارانی کەناروێ کرا.

ڕۆژی ٧/٢ بە تۆپو فڕۆکەو کۆپتەر تۆپبارانی قەندیلی کرد.پێنج هاووڵاتیو هەندێ پێشمەرگەی دیموکراتی شەهید کردو هەندێکیش بریندار.

ڕۆژی ٧/٦ تۆپبارانی قەسلانو کونە قەلو بناری بەمۆی کرد. دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٧/٢٢ هێزێکی زۆری پاسداران لە چەمی توتمانی تازە دێوە هاتنە خوارەوە بە تانكو کاتیۆشاوە بەرەو زنجیرە شاخەکانی: کانی سێف، کۆڵێتان، خرنوك، شاخی سوورێن، جۆمەرەسی. جووتیاری ناوچەکەیان ڕاونـاو چەکیان لێسەندنوووڵاخیان پێ بەجێهێشتن.

ڕۆژی ٨/٢ سوپای ئێران لە دێی کێلەی نزیکی شاری بان جێگیر بوونو ١٠ تۆپیان دانا، لە ڕێگای باشماخ ـ سێ ڕای بەردەڕەش جێگیر بوونو هەشت هاوەنی ١٢٠ ملمو چوار کاتیۆشایان دانا، هێزێکیش هاتبووە نزیکی توتمانو ئوڵە بی.

ئێران هەر بە تۆپباران کردنەوە نەوەستا بەڵکو ئۆتۆمبیلی مینرێژکراویشی ڕەوانەی کوردستان ئەکرد.

کۆنگرەی پارتی

ڕۆژی ١٩٩٣/٨/١٦ کە یادی ڕۆژی دامەزراندنی پارتییە، پارتی کۆنگرەی ١١ی بەست. دیارە ئەم کۆنگرەیە لە ئەنجامی یەکگرتنەوە لەگەڵ حیزبی سۆسیالیستی کوردستاندا گیرا لە ژێر ناوی کۆنگرەی یەکگرتنەوە دا کە ساڵی ١٩٩٣ بوو بووە ساڵی یەکگرتنەوەی هەندێ لە حیزبو لایەنەکان چ لەگەڵ یەکێتیو چ لەگەڵ پارتیدا. بەشێکی حیزبی سۆسیالیست بەسەرکردایەتی هەڤاڵ ڕەسول مامەندو چەند سەرکردەو کادیرێکی تر پەیوەندییان بە یەکێتییەوە کردو کەلێنێکی گەورەیان کردە حیزبی سۆسیالیست. بەشەکەی تریشی بەسەرکردایەتی کاکە حەمەی حاجی مەحمودی گوڵەخانە لەگەڵ پارتیدا کەوتنە گفتوگۆ. دیارە هەر یەکگرتنەوەیەکیش لەخۆڕا نابێو بێ بەرامبەر، بەڵکو ئەبێ حیزبی گەورە ئیمتیازی باش بەوانە بدات کە ئەچنە ناویەوە. بۆیە پێش کۆنگرە سۆسیالیستەکان لەئاستی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو دامو دەزگاکانی تردا جێگەیان بۆ دەستنیشان کرابوو، بۆکۆنگرەش دیارە هەر لە ژێرەوە جۆرە ڕێککەوتنێك هەبووە لە ڕووکەشیشدا هەڵبژاردن ئەکرێو دەنگ ئەدرێو هەر ئەو ئەخشەیەی لەسەری ڕێککەوتوون دەرئەچێت. کە کۆنگرەی ١١ بەسترا ئەو ڕێژەیەی کەلەسەری پێکهاتبوون ئەندامانی سۆسیالیست بوونە مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی. بەڵام لە دوای کۆنگرە سکرتێری سۆسیالیست هەستی ئەکرد ئەستێرەی دەسەڵاتو کەسایەتی کز ئەبێ، چونکە هیچ کاتێك حەزی نەکردووە کەسی دووەم بێ. هەمیشە هەوڵیداوە هەر لەسەرەوەی لیست دابێو سەربەخۆ بێ. بۆیە بە خشکەیی پاشەکشەی کردو سەرلەنوێ سۆسیالیستی لە هەندێ لە ئەندامانی

سەرکردایەتی پێشوو کەسەر بە خۆی بوونو هەندێك خەڵکی تازە ژیانەوە. بەشێکی تری ئەندامانی سۆسیالیست هەر لای پارتی مانەوە بەتایبەت ئەوانەی هەستیان ئەکرد لە ریزی حیزبی بچووکدا هیچ نینو لەلای پارتی گەورەترنەنوێنن. لای کورد گرنگ نییە چیتو کێیتو چەندت پێیە بۆگەلەکەتو چۆن ئەتوانی کار بکەیت بۆ سەرخستنی بەرنامەی خەبات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە لەگەڵ کاردا چۆن ئەگەیتە لووتکەو لە دەسەڵاتدا پێگەی خۆت ئەچەسپێنیو لەناو خەڵکیدا لەسەر زاران ئەبی. ئەمەش سرووشتێکی نەخۆشەو کاتێکی زۆری ئەوێ کەوشەنی بیرمانی لێ پاك بکەینەوەو لەو پەتایە رزگار بین.

جگە لەم مەسەلەیە هیچ گۆرانێکی بەرچاو لەبەرنامەو سیاسەتی پارتیدا ئەنجامنەدرا. بەڵکو حیزبێك پابەندی کەلەپورێکی کۆنینە بێ بە ئاسانی ناتوانێ گۆران درووستبکات. هەرچەندە لە یەکەم رۆژەوەووشەی دیموکراتی بە خۆیەوە لکاندووە، بەڵام مەرج نییە هەر حیزبێك گەربەتیوری دانی بەدیموکراتیدا نایێ ئەوا لە پراکتیکیشدا دڵسۆز ئەبێ بۆی.

جارێ بە بڕوای من لە رۆژهەڵاتدا دیموکراتی ناتوانێ بەباشی جێگەی خۆی بکاتەوە مەگەر زەمینە سازییەکی لەباری بۆ بکرێ لە پانتایی هۆشی خەڵکیداو ئەو پانتاییە گیانی حیزبەکانیش بگرێتەوەو ئامادەی هەموو گۆرانێکی بنەرەتی بن بۆ دانانی کۆمەڵێکی مۆدێرن کە ئازادی تاکەکەسی تیا فەراهەم بێو لەوێوە کۆمەڵ بەرەو گەشە کردن بڕوات.

پارتی خاوەنی کەلەپورێکی کۆنینەیەو بە ئاسانی ناتوانی دەستی لێ هەڵبگرنو ئەو کەلەپورەش بەندە بەکەسێتی مەلامستەفای بارزانەوە کە بەلای پارتییەوە بووەتە رەمز نەك هەر بۆ خۆیان بەڵکو بۆ هەموو کورد. هەرچەندە مەلا مستەفا لە بەرێوەبردنی شۆرشدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو لە پرۆسەیەکی خۆبەدەستەوەداندا ئاشبەتاڵی بەشۆرشو هێزی شۆرشگێری کورد کردو دواجار لە ئەمریکاوولاتی غەریبیدا سەری نایەوە. تەرمەکەیشی هەر

لەووڵاتی ئێرانی غەریبیدا نێژرا لە شاری تنو وادیار بوو لەدەمەدەمی بەستنی کۆنگرەکەیاندا بڕیاریان دابوو تەرمەکەی مەلا مستەفاو ئیدریسی کوڕی بهێننەوە بۆ کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش دایاننابوو لە ڕێگەی پێنجوێنەوە بیانهێننەوە لەمەشدا نەخشەیەکیان هەبوو، ئەیانویست بە زۆرترین ناوچەو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا تێبپەڕن‌و بەشێکی زۆری خەڵکی لە ڕێوڕەسمی پێشوازیدا بەشداری بکەن‌ووەکو خۆپێشاندانێکیش بێ بۆ هێزو توانای پارتی لە ناو خەڵکیدا. کاتێ کە تەرمەکەیان بەناو ئاپورەی خەڵکیدا ڕەتئەبێ، ئەبێ چەند پەڕۆی زەرد هەڵبکرێ کە نیشانەی قودرەتی پارتییە.!

ڕۆژی ١٠/٤ لە گەڵ دەورێش ئاغادا سەردانی لیوای ٣٢ی بێتوێنمان کرد لە گەڕانەوەماندا لە نزیك دێی کانیخان عەبدولوهەیمن بارزانیمان بینی کە لەسەردانی هەڤاڵ مام جەلال ئەگەڕایەوە. لای خۆیەوەوەسفێکی زۆری هەڤاڵ مام جەلال کرد کە بەڵێنی باشی پێداون بۆهاوکاری کردنی گەڕانەوەی تەرمی مەلامستەفاو ئیدریس. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمن ئەوم ئەناسی‌و ئەئەو ئەیزانی من یەکێتیم.

بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە هەموو هێزەکانی سوپای یەکگرتووی کوردستان خرابوونە ئامادەباشییەوە، هەموو ڕێگاکان تەنرابوون.

ڕۆژی ١٠/٦ چووینە باشماخ لەوێ سەرۆك‌و سەرکردەی هەموو حیزبە سیاسییەکان ئامادەبوون، نوێنەری پارتی نێچیرڤان بارزانی بوو بە تەنیا چووبووە جێگایەکی دوور دانیشتبوو کەسی لەدەور نەبوو، دیارە خۆی ڕێگای نەئەدا کەس نزیکی بکەوێتەوە. بەڵام هەڤاڵ مام جەلال هەزاران کەس لێی ئالابوون، خەریکی قسەکردن بوو، باسی بارودۆخی سیاسی کوردستان‌و دنیای ئەکرد.

هەردوو تەرمەکە بە هەلیکۆپتەری ئێرانی گەیەنرانە باشماخ. لەوێشەوە بە ئۆتۆمبیل لەناو ئاپۆڕەیەکی زۆری خەڵکیدا کە هەموو حیزب‌و لایەنە سیاسییەکان هاوبەشیان تیا کرد بەرەو سلێمانی بەڕێکران. ئێمەیش بۆ

پاراستنی ئاسایشی ڕێگاو بانەکە هاوڕای تەرمەکان بووین. لەم دەمەدا بوو پێشمەرگەیەکی لیوای ٢٢ ی سوسێ بەهۆی ئارپیجی لەدەست دەرچوون شەهید بوو. تەرمەکان گەیەنرانە سلێمانیو شەوێك لە مزگەوتی کاك ئەحمەدی شێخدا مانەوەو هەڤاڵ مام جەلال ئەو شەوە بە دیاریانەوە بوو تابەیانی بەڕێکران بۆ شاری هەولێرو برانە بەردەمی پەرلەمان لەوێش هەڤاڵ مام جەلالو مەسعود بارزانی قسەیان کردو پاشان تەرمەکان بەرەو زێدی خۆیان کە بارزانە بەڕێخران.

بە درێژایی ڕێگای بەڕێکردنی تەرمەکان هەر لە باشماخەوە تاکو ئەگاتە هەولێرو بارزان خەڵکی بەئاڵای سەوزەوە لە پێشوازیدا بوون، زۆر بە کەمی ئاڵای زەرد دەرئەکەوت. ئەمە بووە مایەی سەرسوورمانی پارتیوای بۆ نەئەچوون کە ئەو ئامادەییە هەبێتو خەڵکی یەکێتی ئەوەندە زۆربن، ئەمەش لە خۆیدا خوانواندنێکی یەکێتییانە بوو، ئاماژەیەکیش بوو بۆ پارتی کە یەکێتی هێزێکی خاوەن خەڵکی خۆیەتی.

هاتنی سوپای تورک

هەر لەمانگی ١٠ /١٩٩٢ دا سوپای تورکی لەگەڵ کۆمەڵێك چەکداری کورددا بۆ جارێکی تر هاتنەوە ناو خاکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کانی ڕەشەوە. ئەم هێزە بوون بە دووبەشەوە بەشێکیان لەگەڵی ئاریو بەشەکەی تری بەرەو گەلی ڕەش چوون بەمەبەستی یەکگرتنەوە لە خوا کورك.

بیانووی تورك لەم سنوور بەزاندنە مەسەلەی پەکەکە بوو کە لە سنووری کوردستانەوە ئەچنە ناو تورکیاو چالاکییەکانیان ئەنجام ئەدەنو زیان بەهێزی سوپای تورك ئەگەیەننو ئاڵۆزی بۆ درووست ئەکەنو باری ژیانی قورستر ئەکەن بە تایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە کە خۆی ئابوورییەکی لاوازی هەیەو بەدەم گرانییەوە ئەناڵێنن. ئەمە ڕوویەکی مەبەستەکەیەتی بەڵام

ڕووەکەی تریشی بە کەم زانینی دەسەڵاتی کوردەو هەڕەشە کردنە لە توانای حوکمڕانێتی.وەکوئەوە بڵێی هەرکاتێ تورک بیانەوێ سەروەری کورد پێشێل ئەکەن‌و حیسابی بۆ ناکەن. جگە لەمە ڕوویەکی تریشی هەیە کە تورک هەمیشە هەوڵ ئەدات ئەم بەشەی کوردستان بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکی عوسمانیدا بووە. هەر چەندە تورك ئەم هاتنانەی‌وەکو بیانوویەك لە دژی پەکەکە پاساو ئەدات. بەڵام لە ناوەرۆکیشدا مەبەستی شاراوەی تری هەیە. بەڵام ناشێ ئەم هەڵوێستە تاسەر بێت‌و تورکیا چەند لە ڕووی میلیتارییەوە بیەوێ مافی کورد پێشێل بکات ئەوەندە لە ڕووی سیاسییەوە زیان بە خۆی ئەگەیەنێ کە جگە لە تێکشکان هیچی تری چنگ ناکەوێ، لە ڕووی ئابووریشەوە هەڵئەتەکێت چونکە هەموو ئۆپەراسیۆنێك خەرجیەکی زۆری پێویستەو بازاڕی گرانتر ئەکات. خۆ گەر کەمێك لەو کەلی میلیتارستییەی بێتە خوارەوەو دەسەڵاتی شەڕ هەڵگیرسان لە چنگی جەندرمەکانی دەربێنێ‌و دیموکراتیانە لە گرفتەکانی بکۆڵێتەوەو دان بە مافەکانی کوردا بنێ ئەوا قازانج بەخۆی ئەگەیەنێ‌و ئاسوودەیی بەرپا ئەکات بۆ خەڵکەکەی.

گێچەڵییەکانی بزووتنەوە

وەنەبێ ئێمە هەر هەڕەشەی دەرو دراوسێمان لەسەر بووبێ‌و هەمیشە دەستمان لەسەر بەلەپیتکی تفەنگەکانمان بێ بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەر پیلانێکیان. بەڵکو زۆر جار ناکۆکییەکانی ناوەوە مەترسی زۆری بۆدرووست کردووین‌و ئەو شەڕی خۆبەخۆو لابەلایەی توشمان بووەوای لە دوژمنەکانمان کردووە کە لە ڕووکەشدا تەماشاکەرمان بن‌و لە پشتیشەوە دنەی زۆرتر بۆ ڕۆچوونمان بەناخی کوشتوکوشتاری یەکتریدا داوە. ئەمەش زیانی زۆری پێگەیاندووین لە قازانجی دوژمنانماندا بووە. فرەتر دووری خستووینەتەوە

لەیــەكێتی بەرنامــەو هــەوڵو تێكۆشــانمانو بگــرە هەڵوەشــاندنەوەی هــەر نەخشەیەك كەهەر حیزبو لایەك بۆ ئایندەی كوردو كوردستان دایانڕشتبێ. زۆر جار لە جیاتی زمانی گفتوگۆ لوولەی تفەنگ سیاسەتمانی بـەڕێوە بـردووە، بەرژەوەندی تەسك بە سەر گۆڕەپانی تێگەیشتنی فراوانمانـدا زاڵبـووە بۆ لابـەلا كردنەوەی گرفتەكانمان. جاریوا هەیە تووشی شەڕێك ئـەبی بێ ئـەوەی خۆت نەخشـەت كێشا بـێ یـان مەبەسـتت بووبـێ، بـەڵام لەولاتـەوە ئـەوی تـر لـە بۆسـەدایە، ڕات ئەكێشـێتە نـاو جـوغزی ئـەو نەخشـەیەی خـۆی، بێئـەوەی بـە ئاشكرا هەموو تاڵە دەزووەكانی پیلانەكە دەربكەوێ.

دیــارە بزووتنــەوەی ئیســلامی كــە لەمووڵاتــەدا جــێ پێــی خــۆی گردووەتەوەوەكو ئەندامێكی نامۆوایە، ئەو بەرنامەو ستراتیژی لە هی لایـەنو خـەڵكی تـری كوردستان جیایـە. بۆیـە ئـەوەی لایەنـە كوردیـەكان دایانڕشـتووە بـڕوای پـێ نییـە. هەرچـەندە بەشداری هەڵبـژاردنی كـرد بـەڵام بـۆ مەبەسـتی دەرخستنی هێزو توانـای خـۆی نـەك لـە بڕوابـوون بـە چارەنووسـی كـورد.بۆیـە پەرلـەمانو حكومەتەكـەی بـە دڵخـوازی خـۆی دانـەناوە، گەرچـی داوای مـافی بەشداریشی كـردووە، هەمدیسانەوە بۆمەبەسـتە شـاراوەكانی خـۆی بـووە، ئەمـە هەڵوێستی بێ ئیتر چۆن پەیڕەوی یاساكانی حكومەتی هەرێم ئـەكاتو ئیلتیـزام بە بەرنامەكانیەوە ئەكات.

لــە یــەكێك لــەو پیلانــە چــنراوانەیدا ڕۆژی ۱۹۹۳/۱۰/۲۱ ئۆتــۆمبیلێكی بزووتنــەوە لــە بازگــەی ئاسایشــی تونێلەكــەی دەربەندیخانــدا ئامــادە نــابن پێناسـەكانیان بـدەنووتبوویان خۆیـان ئەچـنە ئاسـایشو خۆیـان ئەناسـێنن. ئەمەوەكو تەحەداو گاڵتە پێكردنێك. كە ئەچنە دەربەنـدیخان یەكسـەر ئەچـنە بارەگـای مەڵبەندەكـەیانو گـوێ نادەنـە ئاسـایش. ئاسـایش داوا لـە مەڵبەنـدی بزووتنەوە ئەكات كە نوێنـەریان بچێتە لایـان بـۆ لێكۆڵینـەوە لـەو مەسـەلەیە. نوێنەرەكەی بەهەندێ حیمایەوە ئەچێتە ئاسایش لە دەرچوونیدا حیمایەكانی كـەدیارە هـەمان چـەكدارەكانی نـاو ئۆتۆمبیلەكـە ئـەبن تەقـە لـە ئاسایشـەكان

ئەکەنو یەکسەر ٢ ئاسایشی خەڵکی چەمچەماڵ شەهید ئەبنو ٣ ی تریش بریندار ئەبن کە هەموویان سەر بە یەکێتی ئەبن. ئیتر بارودۆخەکە ئەشڵەقێ، تەرمی شەهیدەکان ئەبرێنەوە چەمچەماڵ.

ڕۆژی ١٠/٢٣ لەچەمچەماڵ شەڕ لە نێوان یەکێتیو بزووتنەوە ئەقەومێ، هەروەها لە کەلاریش. بۆ تەشەنە نەسەندنی ئاگری شەڕەکە بۆ ناوچەکانی تر،وەفد درووست ئەکرێ. سەرکردایەتی بزووتنەوە ئەکەونە خۆیانو ئامادەیی دەرئەبڕن بۆ بنەبڕکردنی کێشەکەو بەوەی تاوانبارانو بکوژان تەسلیمی حکومەتی هەرێم بکرێن. بۆ دڵنیایی‌وەفدێکی بزووتنەوە بەسەرپەرشتی مەلا عەلی عەبدولعەزیز سەردانی دەربەندیخان ئەکات،وەفدێکی تریش کە بریتی بوو لە مامۆستا مەلا محەممەد شانەدەریو کاك حامی حاجی غالیو عارف تەیفور سەردانی دەربەندیخانو کەلار ئەکەن. هەرچەندە ئەو بڕیارانەوەکو پێویست جێبەجێنەکرانو بکوژەکان تەسلیم نەکران. هەر لەو ڕۆژانەشدا مەسعود بارزانی لەسلێمانی ئەبێو لای خۆیەوە تەدەخول ئەکاتو هەوڵ ئەدات شەڕەکە زیاتر پەرە نەسێنێ. هەر چۆنێك بێ ناو بەسەر ئاگرەکەدا کراو شەڕەکەوەستێنرا سەرەڕای ئەوە ئەم زیانانەی لێکەوتەوە:

- لە شەڕی چەمچەماڵ ٦ پێشمەرگەی یەکێتی شەهیدو ٦٥ هاووڵاتی بریندار ئەبن.
- لە کەلاریش ٢ هاووڵاتی شەهیدو ٥ ی تریش بریندار ئەبن.
- بزووتنەوە لە چەمچەماڵدا ١٢ کوژراوو ٢٣ برینداروە لە کەلاریش ٢ کوژراویان ئەبێ.

هەرای پارتیو حسک

نەك هەر شەڕ یەخەی یەكێتی گرتبوووەكو لایەنێكی ناو حكومەتەكەی هەرێمی كوردستان، بەڵكو پارتیشوەكو لایەكەی تری حكومەت ئەویش ملۆزمی بۆ پەیدا بوو بوو، چونكە ساردییەك كەوتبووە نێوان كاكە حەمەی حاجی مەحمودی گوڵە خانەو سەركردایەتی پارتییەوە دوای یەكگرتنەوەیان.. كە لە هەنگاوێكدا كاكە حەمە لە پارتی كشایەوە.. ئەم كشانەوەیەی كاكە حەمەی حاجی مەحمودی گوڵەخانە لە پرۆسەی یەكگرتنەوە لەگەڵ پارتیدا بەواتای سەرنەكەوتنو تێكشكانی یەكگرتنەوەكە دێت كە بایەخێكی سیاسی گرنگی پێدرابوو، هەڵایەكی زۆری بۆ كرابوو، بەڵاموادیار بوو هەنگاوەكانی ئەم پرۆسەیە بە باشی هەڵنەسەنگێنرابوو یان هەردوو لا بە تەواوی لە نیازی ناوەوەی ناخی یەكتری نەگەیشتبوون بۆیە ماوەی یەكگرتنەوەكەش تەمەنی كورت بوو. پارتی ئەمەیان پێناخۆش بوو نەشیان ئەویست لە بایەخی ئەو هەڵایەی بەرپایان كرد بوو كەم بكەنەوە، بۆیە بەشوێنی تۆڵەدا ئەگەڕان لە هەلومەرجی لەباری خۆیدا كاتێكویستیان مەسەلەی شوێنو بارەگاكانی سۆسیالیست بە كەلوپەلەكانیەوە بخەنە ژێر كۆنترۆڵی خۆیانەوە ڕوبەڕووی كێشە بوونەوە.

سەرەتا ڕۆژی ١٩٩٢/١٢/١١ شەڕ لە نێوان هێزەكانی سۆسیالیستو لیوایەكی حكومەتدا لە تانجەرۆ بەرپابوو، كە مەلا فایەقی كۆنە حسك فەرماندەی بوو. سۆسیالیست لیواكەیان گرت، ئیتر شەڕەكە تەشەنەی سەند.پارتیش لای خۆیانەوە چوونە سەر فەوجێكی لیوای ٢٢ ی قیادەی مەنتیقەی سلێمانی لە نالپارێز كە ئیدارەی سۆسیالیست بوو، دەستیان بەسەردا گرتو هەرچی كەرەسەو كەلوپەلی تێدا بوو تالآنیان كردو هەندێ خەڵكیشیان لێكوژرا.

ئینجا پارتی ویستیان کاکە حەمەی حاجی مەحمودیش تەمبێ بکەن، هێزێکی زۆری خۆیان هێنایە ناو سلێمانییەوە، ڕۆژی ۱۹۹۳/۱۲/۲۲ هەموو دەوروبەری بارەگاکەی کاکە حەمەیان کە لەسەرووی چوار ڕێیانی سەرچنارەوەبوو کۆنترۆڵکرد، تەقە دەستی پێکرد، تەنگیان بە سۆسیالیست هەڵچنی. دیارە بۆ ئەم مەبەستە هەندێ ئامادە کاری کرابوو، پارتی ئەیویست هێزەکانیو لێپرسراوەکانی لە قیادەی مەنتیقەی سلێمانیو کەرکوك سەربەخۆ بەکار بهێنێ بۆ ئەنجامدانی کارەکانی لە شەڕەکاندا بێئەوەی پەیوەندی بە حکومەتەوە بکات بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.

من ئەو کاتە لە ماڵی خۆمان بووم، کە گرژییەکەم بینیو زانیم کە ئەنجامەکەی بەلای کاکە حەمەدا ناشکێتەوەوەکو خۆم نەك بەبڕیاری سەرکردایەتی یەکێتی چوومە ناو ئەو مەسەلەیەوە، دواتر هەڤاڵان: مەلا ئەحمەد دسکەرەیی، ئەحمەد قەدەفەری، خەلیل سەرکانی، عەبە ڕەق، شێخ حسینە سوور، نوری حاجی عەلی زەرەنگەر، عەلی چەلەبیو هەندێ کەسی تریش فریا کەوتنو هاتن.

ئینجا یەکێتی هاتە ناوەوەو نەیویست کار لەکار بترازێ، لیوای تایبەتی دابەزییە ناو شاری سلێمانییەوەو هەموو ڕێگاکانیان گرت. تەنانەت من خۆم بە پێشمەرگەکانمەوە چووم چوار ڕێیانی سەرچنارم گرتو نەمهێشت کەسی پارتی لەوێوە هاتووچۆ بکات.

وا دانرابوو کە هێزەکانی قیادەی مەنتیقەکان بەشداری نەکەنو لەناو شار دەرچن، بەڵام پارتی خۆیان ئەو هێڵەیان بەزاندوویستیان سوود لەو هێزانەوەربگرن، کە زانییان هەندێ لە پێشمەرگەو فەرماندەکانی یەکێتی تەدەخولیان کردووە دۆخەکە گۆڕا.

دەروێش ئاغا برووسکەیەکی کردبوو کەوا: قووەتی برادەرانی (ی.ن.ك) لەسەر ڕای (ی.ن.ك) سەیتەرەکانیان گرتووە کە مەدخەلی سلێمانین بە ئاگاداری ئەوان پارتی کە ئیتیفاقمانوابوو هەموو پێشمەرگەکانی (ق.م.ك)

و (ق.م.س) لـەناو شـاردا سـەحب بکەنـەوە، بـەڵام ئەمـە بـە خیلافـی هـەموو ئیتیفاقێکە بۆیە ئەبێ کاك مەلا عـەلی بچێتە سـەیتەرەکەی بـاخی بـەختیاری‌و ئەو چەکدارانە لەسەیتەرەکە دەربکات.

هەر ئەمشەو کاك حامی حاجی غـالی لای خۆیـەوەوەڵامی دەروێش ئاغا ئەداتەوە بەم شێوەیە:

١. لە بەر ئەوەی کاك دەروێش ئاغـا دەسـەڵاتی نییـە، نـەیتوانی بارەگـای قیادەکەی خۆی ڕابگرێ، ئەو ئیتیفاقە لە بارەگاکەی‌و محافەزەدا کرا بە حـزوری هەردوو قیادە. بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ قیادەکان بکرێت، ئەو ئیتفاقێیـە پێشێلکراو ڕەفز بوو لە لایەن برادەرانی پارتییەوە.

٢. لەبەر ئەو هۆیانە بۆ پاراستنی ئەمن‌و ئاسایشی سلێمانی ئـەو هێـزەی (ق.م.ك) لەوێ ماونەتەوە، ماوە نادات بـە دەسـتدرێژی هـیچ لایـەك. مـەلا عـەلی ئەندامـــە لـــە(ق.م.ك) نـــەك لـــە (ق.م.س). پێویســـتە لـــە (ق.م.ك) تـەوجیهات‌وەربگرێ نـەك لـە کـاك دەروێـش، ئێمـە بـەو تەوجیهـە نـاڕازین‌و ئیلتزامی پێوە ناکەین بە ئەمری‌وەزیر نـەبێت، برادەرانـی پـارتی ٤ ڕۆژە بـە بـێ ئەمری قیادەو لیواو فەوجەکان هێزەکانی خۆیان سەحب کردووە بۆ شەڕ.

کـە یەکێتـی هاتـە نـاوەوە پـارتی نەخشـەکەی پووچـەڵ بـووەو ناچـار هێزەکانیـــان کشـــانەوەو کاکـــە حەمـــەو سۆسیالیســـت لـــە پلانـــی مـــەرگێکی جاوەڕوانکراودا ڕزگاریان بووە.

من لە چەند ڕوانگەیەکەوە پێم ناخۆش بوو سۆسیالیست تیا بچن:

١. ئـەمـانەوەکو هـێزێکی بەرهەڵستکاری کوردایەتی دژی داگیرکەر لـە گۆڕەپـانی خەباتدا بوون، پێشمەرگە بوون‌و شەهیدیان داوە.

٢.وەکـو لایەنێکـی سیاسـی پەیوەندییان بە بەشێکـی خەڵکی ئەم کوردستانەوە هەیەو بەپێی قەوارەی خۆیان دۆست‌و لایەنگریان هەیە.

٣.وەکو ئـەرکێکی دیموکراسیانە پـێم نـاخۆش بـوو حیزبێکـی گـەورە لایـەنێکی بچووك قووت بدات‌و لەبەر هەڵەیەکی هەڵوێست یان تێـڕوانین لە بەرنامەیـەك

بەشەڕو پەلامار ئاسەواری لایەك ببڕێتەوە، نەك بە ڕێگەی ئازادی دان بەهەر لایەك بۆوەرگرتنی مافی خۆی لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا لە پانتایی خەبات‌و کوردایەتیدا.

هەرچەندە تێڕوانینی تایبەتیشم بەرامبەر بە سۆسیالیست‌و پێکهاتەکەی‌و بەرنامەکەی هەیەو لە کەم‌وکوڕی‌و خەوش‌و هەڵە بەرخوردار نین‌و کاتی خۆیشی کارەساتێکیان هێنا بەسەر یەکێتیدا لە هەلومەرجێکی ناسکداو بۆ دەستکەوتی تایبەتی‌و مەرامخوازی کەسێتی لە یەکێتی جیابوونەوەو بەرەیەکی تری شەڕیان زیاد کرد لە کاتێکدا یەکێتی لە هەموو لایەکەوە ئابڵوقە درابوو چ لای ئێران بێ یان پارتی یان عێراق.

گەشتی سوریا

ناوەڕاستی مانگ ١٩٩٣/١٢ بوو سەردانێکی هەولێرم کرد.هەڤاڵ مام جەلال بە گەشتێك بەرەو سوریا ئەچوو. پێشتر باسی ئەوە کرابوو هەرکاتێك بەڕێزیان بچێتە دەرەوە هەندێك کادیر لەگەڵ خۆیدا ببات بۆ شارەزا بوون‌و دنیا بینین. دیارە باسی زۆر کەس کرابوو، کەس منی بە خەیالدا نەهاتبوو، هەڤاڵ مام جەلال خۆی منی دیاری کرد بوو کە لەگەڵیدا بچمە سوریا. کە هەڤاڵان عارف روشدی، نەوزاد کاکە ڕەش، مەحمود عوبێدو م. گۆرانیش یاوەری بوون. لە هەولێرەوە بەرەو بادینان کەوتینە ڕێ‌و گەیشتینە زاخۆ لە بارەگای ئیدارەی یەکێتی لاماندا. پاشان لەوێوە چووینە ناو خاکی سوریا، چووینە قامیشلی کە شارێکی کورد نشینە دوو ڕۆژ لەوێ میوانی حکومەتی سوریا بووین، دوایی ئۆتۆمبیلیان بۆ هێناین بەرەو دیمەشق، لە ڕێگادا بە شارەکانی حەلەب‌و حەماو حمس دا تێپەڕین.

ئێمە میوانی حکومەتی سوریا بووین. لە ئوتێلێکی پاك‌و پوختەدا بەناوی ئەیوان دابەزین. لە مانەوەشماندا زۆر جێگا گەڕاین‌و سەردانی هەندێ شوێنمان کرد کە بۆ من تام‌و چێژێکی تایبەتی هەبوو، چونکە پەیوەندییان

بەلایەنی مێژوویی نەتەوەکەمەوە هەبوو. چوومە سەردانی ئارامگای زانای گەورەی گەلەکەمان مەولانا خالیدی نەقشبەندی. کەوەکو خواناسێکی گەورە توانی ڕێبازی نەقشبەندی بێنێتە کوردستان و عێراقەوەو لە ئەنجامی ناکۆکی لەگەڵ قادرییەکانی سلێمانیدا ناچار ئەبێ ڕێگای غەریبی بگرێتە بەرو لە سوریا لەنگەر بگرێت و خەریکی کاروباری ڕێبازەکەی بێت. شانازییە بۆ کورد کەڵە پیاوی وای تێدا هەڵبکەوێت کە سەدانی تریشی تیا پەیدا بووە لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ خزمەتکردن، بەڵام جێگای داخە کە لەووڵاتەکەی خۆیدا جێی نەبێتەوەو پیلانی دژ بکرێ و تا دەربەدەری ووڵاتان بێت. هەرچەندە جێگای داخیشە مەردێکی ئەم (ئێلی جافە) لەو دەشتی شارەزوورەدا ئەو کەسێتییە مەزنەی لێ پەیدا ببێ تەنیا لە ڕێگای خواپەرستی و کاروباری ئاینیدا کار بکات و هەوڵەکانی بۆ خزمەتی گەلەکەی نەخستبووە کارو هەر هیچ نەبێ نەیویستووە ببێتە کاربەدەستێکی گەورە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی کورد لە کوردستانداو پایتەختی سەڵتەنەتی عوسمانی ناچار بکردایەوەکو هێزێک تەماشای بکرابایە. کە چوومە سوریاش هەر کونجی خانەقای گرتووە. دوایش بەبێدەنگی سەری ناوەتەوە هەرچەندە هەندێکوای بۆ ئەچن کە مەولانا هەستی کوردایەتی لایەهێز بووەو لە شیعرو نووسینەکانیدا ئەو مەبەستە بەجوانی دەرئەکەوێ، دوای ئەوەی لەدوای خۆی مریدێکی زۆرو شوێنەوارێکی فرەی نەک لە کوردستان و عێراقدا بەڵکو لەووڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتیشدا بەجێهێشت کە تا ئێستاش پەیڕەو کەرانی ماون و بەردەوامن. کەچی ئارامگاکەی وێرانەیە. ئەو هەموو سۆفیەی نەقشبەندی لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتدا هەن وشانازی دروستکردنی ڕێبازەکە بۆ مەلانا نەگەڕێننەوە، بەڵام کەسێکیان سەرەڕای زۆر دەوڵەمەندییان بیر لەوە ناکەنەوە یان ئامادە نین گۆڕەکەی چاک بکەنەوەو هەندێ بایەخی بدەنێ کەلە هی پیاو چاکێکی خواپێداوی موسوڵمان بکات. تەنانەت گومەزی ئارامگاکەی ڕووخابوو، کابرایەک لەسەر حیسابی خۆی چاکی کردبووەوە.

هەروەها سەردانی ئارامگای سەلاحەدینی ئەیوبیمان لە ناو مزگەوتی ئەمەویدا کرد.کە یەکێکە لە سەرکردە گەورەکانی دنیای ئیسلامەتی. بەڵکو

شەڕی خاچپەرستانی کردووە، قەڵەمڕەوی ئیسلامی پاراستووەو تاکو ئێستاش عەرەب بە شانازییەوە ناوی ئەهێنن‌و باسی قارەمانێتی ئەکەن، بەڵام‌وەکو کوردێك نا. زۆر شۆفێنی عەرەب هەیە هەر بە عەرەبی دائەنێن‌و پێیان ناخۆشە ئەو پیاوە ڕۆڵێکی‌وا گەورەو بە بایەخی لە مێژووی ئیسلام‌و عەرەبدا گێڕاوەو توانیویەتی لە ناوجەرگەی دەسەڵاتی عەرەب‌و ئیسلامدا دەوڵەتی ئەیوبی درووست بکاو حوکمڕانی بکات بە کورد ناو ببرێ.

مەخابن ئەو سەرکردە زەبەلاحە ئارامگاکەی لە شوێنێکی تەنگەبەری مزگەوتی ئەمەویدایە بەجۆرێك کە شوێنی دووکەس نەئەبووەوە لە پاڵیداوێنە بگرین، خۆ گەر سەرکردەیەکی مامناوەندی عەرەب بوایە ئەوا گۆڕەپانێکی گەورەیان بۆ ئارامگاکەی تەرخان ئەکرد.

تێناگەم عەرەب بۆ ئەوەندە فشە بە سەلاحەدینەوە ئەکەن‌و فلیمی گەورەی لەسەر دەرئەکەن. کەچی لە ڕاستیدا لەو تەنگەبەرییەدا لە ناو گۆڕەکەیدا فەرامۆش کراوە.وابزانم تەنیا مەبەستیان ئەوەیە شانازی بە مێژووی خۆیان‌وئیسلامەوە بکەن کە سەلاحەدینی پێ گەیاندووە، ئەگینا ئارەزووی ئەوە ناکەن سەلاحەدینێکی کوردوەکو ڕزگارکەر نیشان بدەن. سەلاحەدین ئەوەندە خزمەتی بواری عەرەب‌و ئیسلامی کردووە کە نەك هەر خۆی‌و بنەماڵەکەی بەڵکو خەڵکێکی زۆری کوردیش لە سنووری دەسەڵاتی قەلەمڕەوییەکەی خۆیدا بەکار هێناوە بۆ بەرگری کردن لە عەرەب‌و ئیسلام. ئەی نەئەبوو لەو زەمەنەشداوەکو کوردێك دوو تیریشی بۆ کورد بهاویشتایە..؟! تا ئێستا لە تەلارێکی گەورەدا گۆڕەکەی لە ناو چراخانی نیشتمانەکەیدا برازایەتەوە.

هەروەها سەردانی گۆڕی شاعیری مەزنی کورد قەدری جانمان کرد.هەروەها سەردانی گۆڕی گەورە پیاوی کورد جەلادەت بەدرخانیشمان کرد ئەمانە ناویان لە لاپەرەکانی میژووی کورد بە بەرزییەوە ئەدرەوشێتەوە

چونکە هەموو ژیانو تەمەنی خۆیان لە پێناوی کوردددا تەرخانکرد.بۆیە هەمیشە لای نەتەوەکەی خۆیان بە گەورەیی ماونەتەوە.

هەروەها سەردانی دوڵی بلودانمان کرد کە سەیرانگایەکی زۆر خۆشو دلگیرە لە نێوان سوریاو لوبناندایە. لەم گەشتەماندا هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵماندا بوو کە چووینە ئەویٚ مقۆمقۆ کەوتە ناو کرێکارانی سەیرانگاکەوە، زۆربەی ئەوانەی لەویٚ کاریان ئەکرد کورد بوون، بەهاتنەکەی هەڤاڵ مام جەلالیان زانیبوو، لە ئێمەیان پرسی: ئەوە هەڤاڵ مام جەلالە ..؟ وتمان: بەڵی. لە دواییدا لێمان کۆبوونەوە. ئەوەندەیان وێنە لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال گرت باس ناکریٚ.

ڕۆژی ١٢/٢٥ سەردانێکی کاك دانای ئەحمەد مەجیدمان کرد کە نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لای حکومەتی سوریا. بۆ ئێوارەکەی چووینە ئوتێلی تولەیتیلە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانی تیا دامەزرا. هەر لە خۆمەوە هەستم بە مووچرکە ئەکرد لەشمی ئەتەنییەوە، ئەو ڕۆژانەی کۆمەڵێك تێکۆشەری کورد لەم شوێنەدا بریاری هەڵگیرسانەوەی شۆرش بدەن.. کە تەماشای دارو دیواری ئەو ئوتێلەم ئەکردوێنەی دانیشتنەکانی ئەو سەرکردانەم ئەهاتەوە پێش چاو: گفتوگۆ گەرمو گورەکانیان. بریاری شۆرشکردنەوە، خۆسازدان بۆ چوونەوە ناوخاکی کوردستانی ئاشبەتاڵکردوو.

شەڕی بزووتنەوە

ڕۆژی ۱۹۹۲/۱۲/۲٦ بوو هەواڵی شەڕی بزووتنەوەمان لە گەرمیاندا بیست. ئەو شەڕەی کە بە ناوی شەڕی قازەوە تۆمار کرا. کە هێشتا شەڕی کیلی گۆڕ لەم سنوورەدا لە یاد نەچووبووەوە. ناکۆکییەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگای کوردی هەمیشە ڕوو لە تەقینەوەیە، چونکە تێگەیشتن نییە، هەردەم دەمی شمشێرەکانمان تیژ ئەکەینەوە، کەمتر بیرمان بۆلای پێکهاتن ئەچێ. کە شەڕیش قەوماو شیرازە تێکچوو، چاوەڕێین خێرخوایەك بکەوێتە نێوانمانەوەو ئاڵای ئاشتی هەڵبکرێ، لەو بارەدا بەزەییمان بە ڕووباری لرفەی خوێنی بەناهەق ڕژاودا نایەتەوە دڵمان بەلاشەی ئەو خەڵکە بێگوناهە ناسووتێ کە ئەبنە قوربانی گەمەی سیاسەتبازی بێهوودە کە کەسانێ پەیڕەوی ئەکەن دڵو هەستیان نییە چرای ئومێدی تیا بسووتێ. نەخوازەڵاش بۆ کۆمەڵێك کە کەوتوونەتە بازرگانی کردن بە ناوی ئایینەوە. چونکە تووشی دووفاقیی بوون و لە کەسایەتیاندا ناتوانن گونجانێك بسازێنن لە نێوان عەقڵو خۆبەستنەوە بە ڕابوردووی ئاینییەوە. لەم زەمەنەدا کە هەموو بەربەستەکان دانەڕمێن و نێوان مەودا دوورەکانیش زۆر نزیك بوونەتەوەو مرۆڤایەتی ئەوەندەی گەشەی کردووە پێویستی بە تەئویلو لێکۆڵینەوەی ئاینی نییە. بەڵکو لەهەندێك حاڵەتدا ئەبێ گونجان درووست بکرێت، یان ئەبێ ئێمەش بۆ ئەوەی ئەبین بە ژێر لێشاوی لافاوەوە ئایین وەکو مەسەلەیەکی تایبەتی مرۆڤ لەگەڵ خوای خۆیداوەربگرین و ئەیکەینە ئایدیۆلۆژیایەك بۆ پەرستن وەکو کراوەو ئەکرێو ڕۆژانە لە کولەکەی بیرو هەستمانا ختوکەمان ئەدرێ.

ئیسلامییەکانی کوردستان وەنەبێ تایبەتمەندێتی ئاینی ئیسلام لە کوردستاندا ڕەچاو بکەن، بەڵکووەکو هەموو توندڕەوەکانی تری بیری ئیسلامی نوێ لە ژێر ئەو کارتێکردنەدا ئەیانەوێ کۆمەڵگای کوردی پەلکێش بکەن و

بیکەنە بنکەیەکی سەرەکی جێبەجێکردنی بەرنامەی کارو جوڵانەوەکانیان لە ڕۆژهەڵاتدا بە تایبەتی کوردستان ڕۆڵێکی هەیە بۆ جموجووڵو هەڵسووڕاندن. هەردەمێکیشە خەڵکی جیاجیا بە فیتی دەوڵەتانی ناوچەکە درووست ئەکرێنو سازئەدرێن بۆ لە ناودانی بزووتنەوەی کوردایەتیو لە کارخستنی جووڵەی دیموکراسیانەو هەوڵی چەپگەرایی. هەر لە سەرەتاشەوە ڕێگە لەو جموجووڵە نامۆیانە گیراوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئاڵۆزی نێوان هێزە عەلمانیو ئایینییەکانو تا دێت ناکۆکییەکان پانتایی زۆرتر بەخۆوە ئەگرێت. هەر تەکانێك بە مەبەستێکی نالەبار بورکانی ڕقو بوغزی ئەتەقانەوەو کارەساتی شەڕی لێپەیدا ئەبوو.

ئیسلامییەکانی کوردستان گوێ بەوە نادەن کە ئیسلام تەنیا ئایین نییە لە کوردستانداو ئەبێ ئاماژە بۆ بوونی ئاینو مەزهەبەکانی تریش بکرێو ڕێزیان لێ بگیرێ، بەڵکو ئەبوایەوەك چۆن عەرەب یان فارسو تورك ئایینیان خستووەتە خزمەتی قەوارەی نەتەوایەتیو نیشتمانیو کلتوری خۆیانەوە ئاواش ئەمان بهاتنایە بۆ کورد کارێکیان بکردایەو لە پەنا ئایینداا کولبەیەکیان بۆ کورد پێکەوە بنایە.

کورد گەرچی میللەتێکی موسڵمانە بەڵام لە پاڵ ئیسلامدا مافی پێشێل ئەکرێ، شەڕی جینۆسایدی دژ ئەکرێ. بە داخیشەوە ئیسلامییەکانی کوردستان پاساو بۆ ئەو مەبەستگەرایی ئایینییە دێننەوە کە جگە لە خزمەت کردنی شۆڤێنێتی عەرەب یان نەتەوە سەردەستەکانی تر هیچیتر نییە.

بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراقوەکو ڕێکخستن ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٦ کە پەیوەندی بزووتنەوەی ئیسلامی لەلایەن مامۆستا شیخ محەممەد بەرزنجییەوە درووستکراو لە ساڵی ١٩٨٧ بزوتنەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق لە لایەن مەلا عوسمان عەبدولعەزیزو مەلا عەلی برایەوە دامەزراو مامۆستا شێخ محەممەد بەرزنجی خۆیشی بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسییەکەی، هەرچەندە پەیوەندی مەلا عوسمانو مەلا عەلی بە کاری ڕێکخستنی ئیسلامییەوە بۆ کۆنتر لەم مێژووە ئەگەڕێتەوە. کاتێ کە سەرانی

ئیخوان موسلیمینی عێراق هاتوونەتە هەڵەبجەو گەرایان داناوە یەکەم کەسانێك پەیوەندییان پێوەکردوون ئەم دوو مەلا کوردە بوون کەوەکو میکرۆب چوونە ناو خوێنی کوردایەتیو ئالودەیانکرد.وەنەبێ ئەمانە لای خەڵکیش خۆشەویست بن بەڵکو بە گێرە شێوێن لە قەڵەم دراون. ئەڵێن کاتێ کەخێڵی مەلا عوسمانو ملا عەلی ئەچنە هەڵەبجە حامی بەگی جاف ئەڵێ: ئیتر خێری هەڵەبجە ببەخشنەوە مادام ئەمانە هاتنە هەڵەبجەوە.واتا حامی بەگ پێشبینی ئەوەی کردبوو ئەمانە قۆرتو تەگەرە بەسەر هەڵەبجەدا ئەهێنن. نەك هەڵەبجە بەڵکو بە سەر هەموو کوردستانیشدا چونکە بزووتنەوەوەکو ڕەوتێکی توندڕەوخۆیان ناساندو لەژێر کارتێکردنی بیری سەید قوتبدا بوون، جگە لە خۆیان هەموو خەڵكو لایەکیان بە جاهیلو کافر دائەنا. ئەیانەوێ خەلافەتی ئیسلامی لە سەر پشتی حوشتر زیندوو بکەنەوەو لە ژێر باری ڕیشی چڵکناویدا فەرمانڕەوایی جیهانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بکەن.

سەرەتای ئەم شەڕە ڕۆژی ١٩٩٣/١٢/١٧ لە کفریدا سەری هەڵدا کە کابرایەك بە ناوی ڕەشە خومێنی لەگەڵ دراوسێیەکیاندا لەسەر قاز شەڕیان ئەبێ، دراوسێکەیان سەر بە بزووتنەوە ئەبێ، ئەیگرن فەلاقەیەکی توندی ئەکەن لە بارەگاکەی خۆیاندا کە لە هی مرۆڤ ناچێو بەشێکی تێهەڵدانەکەیشی لەبەر ئەوە بووە کە سەر بە یەکێتی بووە. ڕەشە هانا بۆ کۆمیتەی ڕێکخستن ئەباو ئەو ئەشکەنجەیە سۆزی هەندێ لە پێشمەرگەکانی یەکێتی ئەوورووژێنێ. ئەچن لە دەروازەی کفری بۆسەیەك بۆ بزووتنەوە دائەنێن کە دوو ئۆتۆمبیلیانی تێ ئەکەوێو لێیان دێنە دەستو ٤ کەسیان ئەکوژرێو ٢ کەسیش بەدیل ئەگیرێو ئۆتۆمبیلکەشیان دەستی بەسەردا ئەگیرێ. لە کوژراوەکان دوانیان خەڵکی ڕانیەو یەکێکیان کەلاریو ئەوی تریشیان دەربەندیخانی ئەبێ.

کە دەنگو باسەکە ئەگاتە سەرکردایەتی یەکێتیو بزووتنەوە ڕۆژی ١٢/١٨ مامۆستا شێخ محەممەدی بەرزنجی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە لەگەڵ لیژنەیەکی یەکێتی دا کە بریتی بوو لە هەڤالان عیماد ئەحمەد لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوك و مستەفا چاوڕەش پارێزگاری کەرکوكو م. عەلی

عەبدوللا و عوسمانی حاجی مەحمودو عەدنانی حەمەی مینا بە دەم کێشەکەوە ئەچن‌و ئەگەنە کفری‌و سەردانی بارەگای هەردوولایان کرد لە بارەگای بزووتنەوە ماموٚستا شێخ محەممەد تیشك ئەخاتە سەر ئەو مەسەلەیەو ئەیەوێ لە ڕێگەی ئسولییەوە ئیجرائات بکرێ، هەندێ لە چەکدارە ڕیش تۆزاوییەکانی ئەو ئەشکەوتەی لێ کەنار گیر بوون بەرهەڵستی‌ووتەکانی ماموٚستا ئەبن‌و پێشەرمانەوەلامی ماموٚستا ئەددنەوە کە نابێ تەرمەکان بشۆردرێن‌و کفن بکرێن. ئەبێ هەر بە جلی خوێناوییەوە ڕەوانە بکرێنەوە. هەرچەندە ئەوان لەچاو زانایی ماموٚستا لە شەرعی ئیسلامدا هیچ نەبوون نەك‌وەك زانایەك بەڵکو وەکو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەش ڕێزیان لە قسەکانی نەگرتبووو بایەخیان پێ نەدابوو. هەڤاڵانی یەکێتی ماموٚستا دڵنیا ئەکەنەوە کە تەرمەکان هەم شۆردراون‌و هەم کفن کراون‌و ئامادەی ڕەوانەکردنن. ئیتر ماموٚستاو هەڤاڵانمان لەوێ ئەڕۆن‌و تەرمەکان لەگەڵ خۆیان ئەبەن.

بە ڕاستی چوونی هەڤاڵانمان بۆ بارەگای بزووتنەوە بە بێ هێزێکی چەکداری ئەوتۆ تەنانەت لەگەڵ گەورە لێپرسراوێکیشیاندا موجازەفە بووە، ئەو دڵڕەشانە هیچ بە لایانەوە گرنگ نەبووە دەستدرێژێکیان لێبکەن‌و تەواویان بکەن لە کاتێکدا پێشمەرگەیەکی حیمایەی هەڤاڵان گوێی لە چپەی چەکدارەکانی ئەو چەتەوڵانە بووە کەوتوویانە ڤیروسیا لەوەی خۆشمان هەقە دەستێکیان پیا بهێنین.

ماموٚستاو هەڤاڵان تەرمەکەی کەلار ئەنێرنەوەو ئەگەنە دەربەندیخان بۆ ناردنەوەی تەرمەکەی دەربەندیخانیش ماموٚستا بۆ خۆی ئەچێتە بارەگای مەڵبەندی بزووتنەوەو دوای مشتومڕێکی زۆر بە هاتو هاوار هێرش ئەکەنە سەر مزگەوتی کەناساوای دەربەندیخان کە تەرمەکانی لێبوو. هەڕەشە لە یەکێتی‌و کوفر ئەکەن. دوایی دوو تەرمەکەی ڕانیە بەرێ ئەکرێ بۆ سلێمانی‌و لەوێشەوە بۆ ڕانیە. کە تەرمەکان ئەگەنە ئەوێ، بزووتنەوە ئەشڵەژێن تەرمەکان نانێژن، دیارە مەبەستیان تۆڵە سەندنەوە ئەبێ.وەکو کارێکی نەخشە بۆ دارێژراو چەکدارانی بزووتنەوە بەسەرپەرشتی مەلا عەلی باپیر پەلاماری

کۆمیتـەی ڕێکخستنی ڕانیـە نـەدەن، هـەڤاڵانی کۆمیتـە ئاگایـان لـە هـیچ نابێ، ئەکەونە بەر ئەو شاڵاوەو لە ئەنجامی تەقەو پەلاماردا کادیری هوشیارو چالاکی یەکێتی مامۆستا محەممەد سوڵتان شەهید ئەبێو ١٠ کەسی تریش بریندار. ئەمەوای کـرد کـە جـەماعەتەکـەی UN ڕانیە بەجێ بهێڵنو شارۆچکەکە چۆڵ بکەن.

نەك هەر ئەمە بەڵکو مەلا عەلی باپیر لە ڕێگەی برووسکە فتوایەکەوە بۆ هەموو مەڵبەندو هەرێمەکانیان بەنزین بەسەر ئاگری شەڕەکەدا ئەکاو دوور لە هەستی مرۆڤایەتی.. ئیسلامۆەکو پەیژەیەك بەکاردێنێ بۆ بڕیاری کوشتن:

لە / مامۆستا عەلی باپیر

بۆ / هەموو مەڵبەندەکانو هەرێمەکان

بسم الله الرحمن الرەحیم

ئـەی شـێرە کوڕەکـانی ئیسـلام، ئـەمڕۆ پیرۆزتـرین ڕۆژە لـە تـەئریخی ئیسلامدا، جاهەر لەبەر ئەوە بە توندی لێیان بدەنو دەستیان لێ مەپارێزن. هەوڵبدەن لـە پیـاوە گـەورەکانیان بکـوژنو هـەر دیلێکتـان گـرت بیکـوژنو مەیهێڵنەوە.

لە هەمان کاتدا مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە بە بێ بیر لێکردنەوەو لە ژێر کارتێکردنی سۆزەوە بۆ تۆڵە سەندنەوە برووسکەیەکیان بڵاو کردەوە:

لە / م. س

بۆ / هەموو لایەك

تکایە لە هەموو کوردستان دەست بەکار بنو شەڕ دامەزرێننو دەست مەپارێزن بەهیچ شێوەیەك، ئەوانە پیاوی بەکرێگیراوی ئەمەریکاو یەهودن، جا بۆیە کوشتنیان خێرەو لەو دنیا خودای گەورە ئەت بەخشێ.

دەم خـۆش ئـەی پیاوەکانـی خـودا، دەروونتـان شاد ئەی جەللادەکانی لەوێنەی قـەعقاعو هاوڕێکـانی تـری کـە لـە زەماوەنـدی خوێن ڕشتنو کوشتو

برپیندا ئاسودە ئەبن. ئەوە ئێوە بەو دڵو دەروونە زوخاوییەوە دێنو ئایینی خودا پەخش ئەکەنەوەو پێگەکانی ئەچەسپێنن. لە جیاتی ئاشتی فەتوا ئەدەن، دەست مەپارێزنو گەورەکانیان بکوژنو دیلەکانیان مەهێڵنەوە هەر کەس لەگەڵتانا نەبێ بەکرێگیراوی ئەمەریکاو یەهودە.

کە دیارە خۆشیان لە کام فابریقەیوڵاتو دەزگای تیرۆریستانەوە بە ناوی ئیسلامەوە سەریان لە هێلکە جوقاوە ..؟! کە جۆری پەیوەندییەکانیان دیارەو ئەزانرێ لە کوێوە خۆراکیان ئەدرێتیو ئامادە ئەکرێن بۆ پیلانگێڕی.

لەگەڵ ئەو هەموو هەڵەو هەڵەشەییانەی بزووتنەوەدا یەکێتی ئەیویست لەوە زیاتر شەڕەکە کڵپە نەسێنێ، لە هەوڵی جیدیدا بوو بۆ ڕاوەستانی شەڕەکە، تەنانەت هەڤاڵ مام جەلال لە سوریاوە بەردەوام لە پەیوەندیدا بوو بۆ دانانی چارەسەر. لە هەوڵێکی تایبەتیشدا بۆ تەشەنە کردنی زیاتری شەڕەکە ڕۆژی ١٢/٢٠ هەندێ لە مەلاکانی بزووتنەوە: مەلا برایم، جەمال ئەشرەف قارەمانی، مەلا محەممەدی خاڵدانی لەگەڵ هەڤاڵان عوسمانی حاجی مەحمودو م. عەلی دا ئەچنە کەلارو کفری. لە کفری مەلا برایمی کوڕی مەلا عوسمانو دڵشاد گەرمیانی ئەمێننەوەو ڕۆژی ١٢/٢١ لە هەوڵێکی خەڵکی کفری دا لەگەڵ هەردوولادا بۆ ڕێگە گرتن لە شەڕ کردن نوێنەری هەردوولا (م.علی، مەلا برایمو دڵشاد گەرمیانی) لە بارەگای ناوچەی پارتی بەیەك ئەگەنو شەوەکەیشی بەچاودێری هەندێ لە پیاو ماوقوڵانی کفری لەوێ ئەمێننەوە.

هەر لەمرۆدا بۆ زیاتر ئاڵۆز بوونی دۆخەکەو هەلومرگرتن ئاغاکانی پشدەر بۆسە بۆ جووتیارەکان دائەنێنو شەڕیان ئەبێو خەڵکیشیان لێ ئەکوژرێ.

لە چوار قورنە شەڕ بە خەستی لە نێوان یەکێتیو بزووتنەوەدا ڕووئەدات. لە هەڵەبجەو عەربەتیش هەردوولا پێکەوە دائەنیشو ڕێککەوتنی شەڕ نەکردن مۆر ئەکەن. بەڵام لە هەیبەتسوڵتان کە بنکەیەکیانی لێ بووە سەیتەرە دائەنێنو خەڵکانی سەر بە یەکێتیو پارتی ئەگرن.

هەر لەمرۆدا رژێم بە پاڵپشتی کۆپتەرو تانك هێرش ئەکاتە سەر فەوجی ٢ی لیوای ٣ لە تەکیەو لە بەیانییەوە تاکو کاتژمێر ٣ی پاش نیوەرۆ شەڕ بەردەوام ئەبێو هەندێکیش دێتە پێشەوە.

دیارە هەموو ئەمە بۆ زیاتر گوشار خستنە سەر یەکێتی بەرپاکرا، لە رۆژی ١٢/٢٢ دۆخی شارەزوور ئاڵۆز بووەوە، بزووتنەوە لە باریکەو زەڕایەنو زەمەقی تا کاتژمێر ١ی دوای نیوەرۆ سەیتەرەیان دانابوو.

لە سلێمانیش بە هاوبەشی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتیو لقی ٤ی پارتی، م. جەمالو فایەقە رەش و (ق.م.س)و(ق.م.ك) دانیشتنیان کردو چەند بڕیارێکیشیان ئەرکرد:

١. ئەرکی پاراستنی هێمنیو ئاسایش لە سنووری شاری سلێمانی بدرێتە دەستی پۆلیسو ئاسایش.

٢. هەر قیادەی مەنتیقەیەك لە سنووری قیادەکەی خۆی ئاسایش بپارێزێت.

٣. فەوجی حیمایەی (ق.م.س) هێز بنێرن بۆ سەیتەرەی سەرکارێزو دەباشان.

٤. لیوای (ق.م.ك) هێز بنێرن بۆ تونێلەکەی دەربەندیخان.

٥. فەوجی حیمایەی (ق.م.ك) هێز بنێرن بۆ سەیتەرەی بەختیاری.

٦. لیوای ٢٢ سەیتەرەی دووکان قەپات ئەکات.

٧. لیوای ٣و لیوای ٤ ی (ق.م.ك) هێز ئەنێرن بۆ دەربەندی بازیان.

لە هەمان کاتدا شەڕ لە سنووری بتوین بەردەوام بوو، لەحەوزی سۆران دا هەندێ شوێن لە بزووتنەوە پاك کرایەوە.

رۆژی ١٢/٢٣ دۆخی گەرمیان گرژ بوو، هێزەکانی یەکێتی ئابلۆقەی هێزەکانی بزووتنەوەی لە کەلارو کفریو دەربەندیخان دابوو، لەلایەن هەڤاڵ عیمادو مامۆستا شێخ محەممەدەوە برووسکەیەك بۆ مەڵبەندەکانی ١و٢ ی یەکێتیو مەڵبەندی ٧ ی بزووتنەوە کرا:

(بە گەیشتنی ئەم برووسکەیە تەقە ڕابگرنو ئەبێت ئاشتی ڕابگرنو بیپارێزن، چونکە هەوڵی ئاشتی سەرانسەریو دۆستایەتی دراوە).

بـەڵام چـەکدارانی بزووتنـەوە زۆر خۆیـان بـەو جـۆرە ئاگـاداریو بڕووسکانەوە نەئەبەستەوە، بەڵکو ئەیانویست سوود لەکات ببینـنو هەڵێکیان دەسـتکەوێ بـۆ دەستوەشـاندن. یـەکێتیش زۆر دڵنیـا نـەبوو لـە هـەنگاوەکانی بزووتنەوە. بۆیە بەووریاییەوە هەڵوێستیوەرنەگرت. تـاکو لـەم ڕۆژەدا یەکەم تەقـەی شـەڕ دەسـتپێکردن لـە لایـەن بزووتنـەوەوە ئـەنجام دراو بـە بێسـیم پەیوەنـدیان بـە هێـزی کفریشـەوە کـرد کـە دەسـتپێبکەنو لـە کفریـدا یەکەم فیشـەکی بزووتنـەوە گیـانی بـەرزی پێشـمەرگەی پـارتیزانو فەرمانـدەی ماندوونەناس ئەحمەدی حاجی ڕەشید ئـەسمێو شەهید ئەکرێ. ئیتر بڵێسەی ئـاگری شـەڕ لـە هـەردوو شارۆچـکەکەدا بـەرز ئەبێتـەوە. لـە کفـری چـەندین پێشمەرگەی قارەمانی یەکێتی شەهید ئەبن لە کەلاریش پێشمەرگەی پارتیزانو پیـاوی چاونەترسـی گەلەکـەمان هـاپۆ ئیسـماعیل شـەهید ئـەکرێ. هـەروەها فەرمانـدەی ئـازای شـیوعی هـاوڕێ هێـرش لـە شـەڕێکی قارەمانانـەدا شـەهید ئەکـەن. بـەم بۆنەیـەوە ئیزگەکـەیان هەواڵـەکانی شـەڕەکەیان بـەم جـۆرە بڵاوئەکاتەوە:

(فەرموون لەگەڵ ئـەم هەواڵە خۆشـە لـە شـارەکانی کفـریو کـەلارەوە: ئـەمڕۆ دووکـەس لـە پاڵەوانـەکانی منافیقینمـان نـارد بـۆ جەهەنەموەکوسـەگ تـۆپێنـرانو بەسـزای ئیسـلامی گەیـەنران. سوپاس بـۆ خـوای مـەزن لـە هـەموو شوێنەکان شێرە کوڕانی ئیسلام سـەرکەوتوون. ئەمـەش نـاوی ئـەو تۆپیوانەیـە: ئەحمەد حاجی ڕەشید، هاپۆ ئیسماعیل).

ئەوەی ڕاستی بێ نەمئەزانی ئـاڵا هەڵگرانی ئیسلامی سەردەم ئەوەنـدە دەمپیسن موسـوڵمان بـە سـەگ ئـەزانن. ئـەم جۆرە لۆجیکە مەگـەر هـەر لـەم پیاوانـەی ئیسـلام بوەشـێتەوە. ئـەگـینا دوژمنـانـی ئیسـلام قـەت قسـەیوا بەرامبەر ئیسلام دەرنابڕن.

ئـەم جاهیلانـە ئەگـەر لـە شوێنێك یـەکێك یـا چـەند کەسـێك شـەهید بکەنوا ئەزانن سەر ئەکـەون. بۆیـە هەنـدێك جـار بـە درۆکـردنیش سەرمەست

ئەبن‌و شووڵی لێهەڵئەکێشن بۆ تەفرەدانی خەڵکی بەسەرکەوتنی درۆزنانە لە ڕێگەی ئێزگە ڕیشنەکەیانەوە: (هەر ئێستا لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە پێمان ڕاگەیەنرا کە لە کفری مەقەڕێکی شەڕ فرۆشەکانی یەکێتی کەوتە ژێر دەستی مجاهیدەکانی ئیسلام. سوپاس بۆ خوا لە هەموو لایەك سەرکەوتووین).

نەیانزانی کلکی درۆکانیان کورتەو بەزوویی لە بندا ئەبڕێ. نەك بارەگایەکی یەکێتی کەوتووەتە دەستیان بەڵکو ئابلۆقەی مەرگیان لێ توندتر کرابووەووە.

ڕۆژی ١٢/٢٤ش شەڕ لە نێوان هەردوو لادا هەر بەردەوام بوو، بۆ یەکلایی کردنەوەی شەڕەکە لە کفری فەوجەکەی سەید جەوهەر لە چەمچەماڵ بە برووسکەیەك ئەگاتە ئەوێ‌و بەشداری لە شەڕەکەدا ئەکەن. لەهەمان کاتدا هێزەکانی بزووتنەوە لە قەڵادزەو ژاراوە، چوار قورنە، سەروچاوە بەرەو سنووری سەرکردایەتییەکەیان ڕایان کرد. هێزەکانی یەکێتیش بەدوایانەوە بوون‌و لەوێش سەربازگەی سەلاحەدینیان ئابلۆقە درا. لە کەلار مەلا عومەر کەلاری ئەندامی سەرکردایەتیان‌ووره بەرئەداو پەیوەندی ئەکات بە هەڤاڵانی یەکێتییەوە لە کەلارەوە ئەیگەیەننە مەڵبەندی ٢ی کەرکوك لە دەربەندیخان‌و گیانی ئەپارێزن.

شەوی ٢٧.٢٦/ ١٢ بە پێی نەخشەیەکیان هێزەکانیان لە کەلارو کفریشدا بەرەو دەرەوەی شار دەرئەچن، پێشمەرگەکانی یەکێتی دوایان ئەکەون‌و لە دێهاتەکانی ژاڵەی سەفەرو قاسم ئاغاو مچە شەل ئەبێتە شەڕو لەوێ سەرداری فەقێ محەممەدی کادیری لێهاتوو شەهید ئەبێ. ئەوانیش هەندێکیان لێئەکوژرێ‌و لێیان بەدیل ئەگیرێ. بەشێکیشیان بە دزەو خۆحەشاردان خۆیان ئەگەیەننە شارەزوورو هەڵەبجەی شەهید، لە قوڵی کفریشەوە پێشمەرگەکانی فەوجەکەی سەید جەوهەر دوایان ئەکەون‌و لە قاتەکانی بەلەگە ٢٥ کەسیان لێئەکوژن، لە هەڵمەتی ئاوایی شەرەفیش ٣ کەسی تریان ئەکوژرێن‌و بەشێکی

تریشیان بەدیل ئەگیرێن‌و هەندێکیان بە دێهاتە خاپور کراوەکانی گەرمیاندا ئەڕۆن بەرەو سنووری بازیان‌و چەمچەماڵ‌و لەوێ هەندێکیان ئەکەونە بۆسەی پێشمەرگەی یەکێتییەوەو مەلابرایمی کوڕی مەلا عوسمان لەگەڵ هەندێکی تردا ئەگرن.

ڕۆژی ١٢/٢٧ لە شارۆچکەی دەربەندیخان مەڵبەندی بزووتنەوە بە بێ تەقەو شەڕ خۆیان ئەدەنە دەستەوە کە مەلا محەممەد هۆرێنی لێپرسراویان بوو. لە هەمان ڕۆژدا لە هەڵمەتێکی شێرانەدا پەلاماری سەربازگەی سەلاحەدین‌و بارەگاکانی تری سەرکردایەتی بزووتنەوە ئەدرێ‌و هەمووی بە چاو نووقانێک ئەگیرێ‌و لەمەشدا ڕابەری گشتی بزووتنەوە مەلا عوسمان عەبدولعەزیز بە دیلی ئەگیرێ. یەکێتی بە پێچەوانەی ڕەفتارو گوفتاری سەرانی بزووتنەوەی ئیسلامی هەڵسوکەوت ئەکات، هەڤاڵ مام جەلال کە بەردەوام لە پەیوەندیدابوو یەکسەر ئاگاداری هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی ئەکاتەوە کە گیانی مەلا عوسمان بپارێزرێ‌و ڕێزی لێبگیرێ. سەرەڕای ئەو لافاوی خوێنەی سەرانی بزووتنەوەو هێزە فشەڵەکەی ڕشتیان، یەکێتی یاسای لێبوردن‌و ڕێزی مرۆڤایەتی لا بەرجەستە ئەبێ‌و لە لووتکەی هەڵوێستی مەزنیدا فەرمانی بەرزی ڕێزلێنان بۆ کەسی یەکەمی ئەو ڕێکخراوە سەرلێشێواوە بە کرێگیراوە دەرئەکات.

جیاوازی فرەیە لە نێوان هێزێکی ئیسلامی بەدڕەفتارو هێزێکی عەلمانی خاوەن ڕێزو بڕیاری مرۆڤدۆستانە.

ساڵی ١٩٩٤

سەری ساڵمان لە ئوتێل شام بەسەر برد کە جێگایەکی دڵگیری ناو شاری دیمەشقە. پاش ئەوە سەردانی هەڤاڵ مام جەلالم کردو داوای گەڕانەوەم لێکرد بۆ کوردستان. بەڕێزیان ڕێگەی پێداین‌و خۆمان سازدا بۆ گەڕانەوە.

ئامانجی گەشتەکەمان بۆ ئێمە گەشتو گوزارو دنیا بینین بوو، هەڤاڵ مام جەلالیش کاروبارەکانی خۆی ڕائەپەڕاند لە ڕووی سیاسییەوە.

لە سوریا بەڕێ کەوتینو ڕۆژی ١٩٩٤/١/٩ گەیشتینەوە هەولێر. ماوەیەك لە ماڵەوە بووم، دوایی ڕۆژی ١/٢٢ دەستم لە کارکردن لە قیادەی مەنتیقەی سلێمانی هەڵگرت.

خۆڕاگەیاندنی یەکگرتوو

لە ئەنجامی تێکەوتنی بزووتنەوەو تێکشکانی لە شەڕەکانی لەگەڵ یەکێتیدا سەرەڕای ئەوەی بزووتنەوە لە بەر یەك هەڵوەشایەوە لە بەردەم لێدانەکانی یەکێتیدا لە ناوخۆشدا لە بەر یەك هەڵتەکێنران و پرزۆڵ پرزۆڵ بوون. ئەوە بووە مایەی ئەوە حیزبێکی تازەی ئیسلامی خۆی ڕابگەیەنێت.

دیارە سەرەنجامی شەڕ دەرهاوێشتەی خۆی هەیە، ئەم شەڕەی بزووتنەوەش لە هەناویدا چەندین مەبەستی شاراوەی دەرخستو ئاشکرا کرد کە یەکێکیان خۆئاشکرا کردنی ڕێکخستنێکە کە هێڵێکی فیکری دیاری هەیەو لە دوای ئەوەشەوە ڕێڕەوی هەندێ ڕێکخراوی ئیسلامی باشتر دەرکەوتن بۆ خەڵکی کە چی مەبەستێکیان هەیە لە درووست بوونو پەیدابوون گەرچی ئەمانە بۆ پێویستی کۆمەڵگاکەی خۆیان نەهاتوون بەڵکو لە دەرەوی بازنەی ئێرەوە خولقاندوویانو بە دەیان بیرۆکەی دژ بە چارەنووسی خۆمانو بە دەیان بۆمبی ژاراوی مینرێژکراون تا لەکاتی تایبەتی خۆیدا بتەقێنرێنەوە.

ڕۆژی ١٩٩٤/٢/٦ یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستاندا خۆیانوەکو حیزبێك ڕاگەیاند، ئەگەر چی ئەمان لە ناو ڕیزەکانی بزووتنەوەدا بوونو لەوێدا کاریان ئەکرد بەڵام ڕیشەی خۆیان بۆ مێژوویەکی کۆنتر ئەگەڕێننەوە بەتایبەتی کە دامەزرێنەری یەکگرتوو سەلاحەدین بەهادین کە لە بنەماڵەی شێخانی بیارەیە لە کۆنە ئیخوانەکانەو دوای ئەوەی ئەچێتە ئێران هەوڵ ئەدات

هەموو كۆنە ئیخوانەكانی كوردستان كۆ بكاتەوە پێكەوە كار بكەن. ئەمانە لە ناوبزووتنەوەداوەكو هێڵێك هەبوون شێوازی كارو بیركردنەومیان جیاواز بوو، ئەمانە كوتومتوەكو ئیخوان هەڵسوكەوتیان ئەكرد زۆرتر بایەخ بە لایەنی كاری خزمەتگوزاری جەماوەری ئەدەن لەگەڵ توندو تیژی عەسكەرتاریدا نین، لە ڕێگەی نەرمونیانییەوە خەڵكی بۆ لای خۆیان پەلكێش بكەن. ئەو سەرچاوە داراییەی كە لەووڵاتانی كەنداوەوە بۆیان دابین ئەكرا مزگەوتو پرۆژەی ناوو هەتیوانەو هەژارانەو..هتد، ڕووبەری ڕێكخستنەكانی فراوان ئەكردن.

لە ڕاستیدا یەكگرتوو هەندێ ڕوتووش بە كاردێنێ‌و لە ڕوخساردا وا نیشان ئەدا كە ڕێكخستنێكی مۆدێرنی ئیسلامی بوو باوەڕی بە گۆڕان‌و جوانكاری هەیە لە مەبەستە ئاینییەكاندا كە چی لە ناوەڕۆكدا ئەمانە بەچكەی‌وەهابیەتن كە ئەیویست لە ڕێگەی دژایەتیكردنی بیدعەتەوە چاكسازی لە ڕێبازی ئاینییدا بكات كە چاكسازی لە خۆیدا مەبەستی گۆڕانیش ئەگەیەنی، كەچی بیدعەت ئەو شتەیە كە لەگەڵ بیری ئیسلامگەراییدا ناگونجێ نەك گۆڕان بێ كەچی لە ناوەڕۆكدا بەموو لانادات زۆرتر خۆ بە بیری ئیسلامگەراییەوە ئەبەستنەوەو باوەڕیان بە حكومەتی ئیسلامی هەیە، هەرچی شتێك كە پێی ئەڵێن: كۆمەڵگای مەدەنی، دیموكراسی، مافی مرۆڤ، نەتەوە، ئازادی لە هەگبەی بیركردنەوەی ئەواندا جێی نابێتەوە. گەر باسیشی بكەن بۆ پروپاگەندەو گونجاندن‌و سەلماندنە.

ئەمانە نەیانەوێ بڵێن دیدێكیان بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی‌و چارەنووسی نەتەوایەتی هەیە كەچی لە بنەڕەتدا ناتوانن دەرمانی ئەو دەردە بكەن، چونكە لە ئیسلامدا نەتەوەو نەتەوایەتی نییەو هەمووی لە ژێر چەتری برایەتی ئاینی‌و ئیسلامیدا یەكئەگرێتەوە. كەواتە ڕێكخستنێكی ئیسلامی كوردی نییە، گەر بشڵێن هەیە ئەوا هەر بە ناوە نەك بە ناوەڕۆك. ئەمانەوەكو حیزبێكی ئیسلامی كوردی تەنیا زمانەكەیان كوردییە، بەڵام بیریان كوردی نییەو دژی دەسەڵاتی كوردین.

یادی ئەنفال

یادی ساڵانەی ئەنفال نزیك بووبووەوە. لە لایەن لیژنەی باڵای یادەوەری ئەنفالەوە لە کەلار بانگهێشت کرام بۆووتنەوەی بابەتێك لە سەر پارتیزانی دوای ئـەنفال. لــە ڕۆژی دووەمــی یــادەوەری یەکــە ١٩٩٤/٤/١٥ لــە هــۆڵی هونەرمەندانی کەلار بابەتێکی دوورو درێژم بە نووسین پێشکەشی ئامادەبووان کرد.چونکە ئازاری ئەنفال هێشتا ناخمان ئەکرۆژێ، بە تایبەتی ئێمە بە فیعلی لە ناو پرۆسەکەو لە ناو کوانووی شەڕدا بووین بەرانبەر سوپای ئیحتیلالی بەعسی بەرگریمان لە خەڵك و خۆمان ئەکرد، هەر جۆرە قسەیەك تامەزرۆیی خۆی هەیە، هەر گێڕانەوەی یادەوەرییەك مرۆڤ ڕائەکێشێتە پانتایی جیهانێکی پڕ لە ژان و دەردەوە. بۆیە خەڵکەکە بە پەرۆشەوە گوێیان ئەگرت، لەگەڵ گێڕانەوەکاندا تێکەڵ ئەبوون بە تایبەتی ئەو لاوانەی کە سەردەمی ڕوودانی ئەنفالەکان هێشتا منداڵ بوون، یان تازە پێ ئەگەیشتن.

لەو نووسینەمدا بە تێرو تەسەلی باسی پارتیزانیم کرد لە دوای هەلومەرجی ئەنفال کە قۆناغێکی ناسك بوو لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا، لە هەمان کاتیشدا تەحەدایەکی گەورەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو دژی دەسەڵاتی عەسکەرتاریەتی بەعس کە بە خەیاڵپڵاوی خۆی کۆنترۆڵی سەر پاکی کوردستانی کردبوو. هەر چەندە خەڵکێکی زۆر لە کۆڕەکەدا ئامادە بووبوون، بە باشی گوێ بیستی بابەتەکە بوون، بەڵام کەسێك بەشداری گفتوگۆی ئەکرد کە خۆم حەزم ئەکردو بە لامەوە مەبەست بوو لە ڕێگای پرسیار کردنەوە گرێو گۆڵی تر ڕوون بکرێتەوە کە لە نوسینەکەدا بواری باسکردنی نەبووبێ. چونکە هێشتا ئـەنفال وەکو مەتەڵوایە بە ئاسانی بۆمان هەڵنایە، بە تایبەتی چارەنووسی ئەو هەزاران کەسە لە پشتی هەوردایەو بەعس ئامادە نی یە دووا هەواڵمان پێ ڕابگەیەنێ.وا خەڵکانێکی زۆری پاشماوەی ئەنفالیش لە چاوەڕوانیدا سەریان نایەوەو تەنانەت بە کوێرە هەواڵێکیش شاد نەبوونەوە،

زۆری تریش ماونو لە ژێر قامچی چاوەڕوانی خەماویدا بە هەناسە ساردی ئەتلێنەوە.

شەڕی ناوخۆ

هێشتا ساموتکەی ڕەشی ئەنفال لە کونجی یادەوەریماندا دوور نەکەوتبووەوە، کەوتینە ناو زەلکاوی کارەساتێکی چاوەڕوانکراوی ترەوە کە زۆر درێژەی کێشاو ئازاری زۆری داین وەکو پێشتریش لە ناو خومی ئەو بارە نالەبارەدا دەردی زۆرمان چەشت، ئەویش شەڕی ناو خۆیە. بەڵام ئەم گێمەی شەڕ لە ناو شاردا بەرپا بوو، کەچی مێژوویەکی دووروردرێژمان لە شەڕی شاخیشدا هەیە لە نێوان لایەنەکانی شۆرشەوە کە دوای ئاشبەتاڵ: لە نێوان یەکێتی ـ بەرەی جوددا. کە هۆکاری جیا جیای هەیەو لەم سەردەمەدا بە زۆری ئەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی یەکانی نێوان یەکێتیو پارتی لە سەر زۆر مەسەلەی جیا جیا. هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی یەکێتیو هەنگاو نان لە کەلاوەکانی ئاشبەتاڵدا، پارتیووروژاند، پارتی خۆی ئاشبەتاڵی کرد، ئیتر پێی خۆش نەبوو کەسێك لە دایك بێتو لە ئاستانەی شۆڕشدا گاگۆلکێ بکات. بە تایبەتیش یەکێتی چونکە پارتیوای بۆ ئەچوو کە هەڤاڵ مام جەلالو زۆر لە سەرکردەکانی تری یەکێتی پاشماوەی جەلالییەکانن و ئەمە تۆڵە سەندنەوەیە لە پارتی کە گەورەترین شکستیان بە شۆڕشی کورددا و مەیانەکەیان چۆلکرد.ئەم کۆنە قینە هەمیشە لە دڵو دەروونی پارتیدا ئامادەیی هەبووەو ڕقێکی ڕەشیان لە یەکێتی بووەتەوەو پێیان خۆش نەبووە جێ پێی لە کوردستاندا هەبێ. گەر بۆ سەردەمێکیش بن ئەوا ناچاری یە. جگە لەوە هەمیشە دوژمنانی شۆڕشی کورد لە پشتی پەردەوە لە سەر خەت بوونو پلانیان دارشتووە بۆ پێکهەڵپژانی هێزەکانی گۆڕەپانی کوردایەتی، بە تایبەتیش زەمینە ساز بووە بۆ پارتی بە ئاسانی بکەوێتە ناو ئەو داوەوە هەر هیچ نەبێ بۆ تۆڵە سەندنەوەو ڕێگە نەدان

بە کەس ببێتە کوێخای کوردایەتی جگە لە خۆیان. لە ڕاپەڕینیشدا پارتی ڕۆڵی دیار نەبوو، بە ناچاری کەوتە ناو تۆڕی بەشداری کردنەوە، لە شەڕەکاندا بە باشی دیار نەئەکەوت، چونکە بڕوای بەوە نەبوو ڕژێمی بەعس ئەڕووخێ، یان هێزەکانی کوردستان بتوانن دەسەڵاتی بەعس لە ناو بەرن. کاتێکیش بەعس ڕووخا، پارتی هەوەسا، ئیتر کەوتە ئەوەی شوێنی خۆی بکاتەوە، یەکێتی شەڕی ئەکردو مەشغوڵ بوو بە بەرەکانی شەڕەوە، پارتیش لەگەڵ عەشیرەتەکانو موستەشارو گەورە جاشەکاندا خەریك بوو.

دوای کۆڕەو بەعس هەلێکی بۆ ڕەخسا سەرکردایەتی کورد گفتوگۆی لەگەڵا ساز بدەن، کورد ئەیویست گرەوی خۆی بباتەوە، بەعس ڕێڕەوی خۆی بگۆڕێو دان بە ماف کورددا بنێ، کەچی ڕژێمی بەعس لە دوو قۆڵەوە ئەیویست بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکات، لە لایەکەوە بە بێدەنگیو لە پەنا ڕاکێشانی هێزە کوردی یەکانەوە بگەڕێتەوە کوردستان، گەر بۆی نەکرا ناکۆکی بخاتە ڕیزەکانی کوردەوە، چونکە ئەیزانی کورد بە یەك پێودانگ کار ناکەنو نێوان دووریان تیایە. کاتێك کە ڕژێمی بەعس لە کوردستان کشایەوە پارتی ئەو داوەی پەیوەندی لەگەڵیدا ئەپسان، بەڵکو ئەیویست بە هەر جۆرێك بێت لە گەڵ ڕژێمدا ڕێك بکەوین. ئەمەش بەلای یەکێتی یەوە کارێکی ئاسان نەبوو. دەیان ساڵە لە ململانێداین، ڕووباری خوێن ئەڕێژین، ڕژێم دانی خێری پیا نەناوین ئیتر بۆ لەم لاوازی یەدا، لەم دابڕانە نێودەوڵەتییەدا ئێمە تەسلیمی ببینەوە. هەڵبژاردنیش سوێیەکی تری درووست کرد، پارتی زۆر ئەترسا دەنگی پێویست نەهێنێ، بۆیە کۆسپ بوو، فێڵی زۆری بە کار هێنا، سوودی لە شارەزایی دەوروبەر وەرگرت، یەکێتیش شتەکانی بە سەرا تێئەپەڕی، تا ئەنجامی هەڵبژاردنەوای لێهاتو سیاسەتی ٥٠ بە ٥٠و پەرلەمانو حکومەتی ٥٠ بە ٥٠ دامەزرێنرا کە زیانێکی خراپی بە کورد گەیاند.موناقەشەکانی ناو پەرلەمانیش ڕەنگدانەوەی خۆی هەبوو، خەڵکی تێئەگەیشتن پارتی نوێنەری بیری دوواکەوتووە، یەکێتی لە سەر گردی گۆڕانو پێشکەوتندا ئەوەستێ، جگە لەمە

ئەو ڕۆژگارەی یەکێتی بە هانای سۆسیالیستەوە چوو نەیهێشت تەواو بیێو بووە کۆسپ لە بەردەمی پارتیداو حەمەی حاجی مەحموودو سەرەکانی تری سوسیالیستی پاراست، ئەمە داخێکی نابووە دڵی پارتیەوە. بۆیەشە پارتی لە شەڕی یەکێتی ـ بزووتنەوەدا لایەنگری بزووتنەوەی کرد.جگە لەمانە پارتی بە گیانی خێڵەکیو قبوڵ نەکردنی خەڵکیترو زەوتکردنی پانتایی خەبات بە تەنیاو بڕووا نەبوونی بە ناوەڕۆکی دیموکراسیەت بە ڕووکەش نەبێ، کاری ئەکرد بۆ ئەمەش هەمیشە بە کاری عەسکەرتاری هەڵئەسووڕاو ئەوەی بە سەنگی مەحەکی لابەلاکردنەوەی گرفتەکانی بەردەمی ئەزانی. جگە لەوەی کە بە ئاسانی پابەند بوو بە دەورووبەرەوەو نەیتوانیوە خۆی دەرباز بکات لە داوەکانیان کە زۆر جاریش سوودی لەوە بینیوە بۆ مەبەستەکانی خۆی. بۆیەشە هەمیشە یەکێتی پێ قبوڵ نەبووەو بە مێملی خۆی داناوەو هەوڵیداوە نەبێتە ئەلتەرناتیڤی لە ڕووبەری شۆڕشو خەباتدا.

لە هەمووی ترسناکتر ئەو گیانی دوژمنایەتیەی نێوان ئەندامانو لایەنگرانی یەکێتیو پارتی بووەکو دوو حیزب کە ئەکرا لە جیاتی ئەو توند ڕەوییە لە لایەنگری کوێرانەو سەنگەر گرتن لە یەکتر بە شێوەیەکی مۆدرێنتر بۆ خزمەتی کوردو کوردایەتی لە باخچەی دۆستایەتیو گفتوگۆی دڵسۆزانە یەکیان بگرتایە بۆ بنیاتنانی ئایندەی کوردستان وەك چۆن حیزبە گەورەکانی بەریتانیاو ئەمریکا هەڵسوکەوت ئەکەن شەڕی هاوچەرخانە لە پێناوی دەستە بەرکردنی دوارۆژ بۆ خۆیان. ئەم کارە سەلبییە کاری لە کەسێتی مرۆڤی کوردیش کردووە، ئەو سەنگەر بازییە ماوەیەکی زۆری گەرەکە بۆ لە ناوبردنیوەکو دیاردەیەکی قێزەوەن.

هەموو ئەمانەوایکردبوو ناکۆکییەکان کۆنو تازە لە مەنجەڵێکی پەستێوراودا ئامادەی تەقینەوە بێ. چونکە پارتی پێی خۆش نەبوو لە دایك بوونێکی تازە بێتە ناوانەوەو جێگەی ئەو لێژ بکات. هەروەکو چۆن منالی یەکەم هاتنی منالی دووەمی پێناخۆشەو دژایەتی ئەکات.

له هەمووی خراپتر پارتی بۆ قۆرخکردنی دەسەلآت هەرگیز ئامادەنییە گۆران له هەڵوێستەکانیدا بکات، گەرچی هەلومەرج و شێوازی کارکردن گۆڕابێ، ئەو هێشتاوەکو سەردەمی شاخ و ڕابوردووو بیر ئەکاتەوە لەگەڵ سەردەمی شاردا بە باشی ناگونجێ، بۆیە له بیانوو ئەگەڕا یەکێتی تووش بکات و هەموو ڕیسەکە بکاتەوە به خوری. به تایبەتی هەندێ بۆ چوونی لا گەلآڵە بووبوو کە یەکێتی لە شەڕی بزووتنەوە ـ یەکێتیدا لای درووست کردبوو کە پارتی خۆیشی لە ژێرەوە هاوکاری بزووتنەوە بوو لەشەڕەکانداو پێی ناخۆش بوو بە دەستی یەکێتی تیا بچێ. ئەگینا پارتی بوونی بزووتنەوەی پێ هەرس نەئەکرا.

دیارە پارتی بەووردی نەخشەی هەلگیرسانی شەڕی تاو توێ کردبوو. هەموو لایەنەکانی تێبینی کردبوو، چ لە سەر ئاستی ناوەوە چ لە سەر ئاستی دەرەوەدا. چونکە نەخشی دەرەکی لە ناکۆکی یەکانی کورد ـ کوردا دیارەو ئامادەیی له تەقاندنەوەی گرفتەکاندا هەیە، بەلآم تاوانباری سەرەکی خۆمانین بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن لە شەڕەکانماندا پەنا ئەبەینە بەر هێزی دەوروبەر.

جا هەروەکو چۆن له شەڕی یەکەمی جیهانیدا چەندین هۆی جیا جیای کەڵەکە بووی پەنامەکی لە بۆسەدا بوون بۆ تەقینەوەو به کوشتنی دۆقی نەمسا ئاگر له جەستەی جیهان بەر بوو، ئاواش پارتی لە ڕۆژی ١٩٩٤/٥/١ دا بە هۆی گێچەڵی عەلی حەسۆ میرخانەوە بەرامبەر خەلکی قەلآدزێ بە هۆی پارچە زەوی یەك گوایە هی باوکی بووە بڵێسەی ئەم شەڕەی بەرز کردەوەو کوشتنی عەلی کە باوکیشی لە مانگی ١٩٨٣/٩ دا لە شەڕێکی بناری قەندیلی نێوان یەکێتی و پارتی کوژرا، بووە هۆی خوێن بەر بوونی لاشەی کوردی کەنەفت. هەوڵێکی زۆر درا بۆ ڕاگرتنی دۆخەکەو بەرە نەسەندنی. بەلآم پارتی بۆ تۆڵە سەندنەوە ڕۆژی ٥/٢ پەلاماریان داو سێ کادیری پێشمەرگەی یەکێتی یان شەهید کرد.عەلی نەبی، سمایل وەرتێ، مام جووتیار کە ئەمانە بەرگرییان لە خەلکی قلآدزێ ئەکرد. لە ئەنجامی ئەمەدا شەڕەکە سیرایەتی کردو یەکێتی

پەلاماری بارەگاکانی پارتی لە قەلادزێو بێتوێن داو دەستیان بە سەرا گیرا.بزووتنەوەی ئیسلامی ئەم شەڕەیان بە هەلزانیووەکو پشتیوانییەك بۆ پارتی پەلاماری هەڵەبجەو خورماڵیانداو گرتیان، ئەمە بەرەیەکی تازە بوو پارتی سوودی لێبینیو هاو بەشێکی بۆ پەیدا بوو لە بەڕێوە بردنی شەڕەکاندا کە کاتی خۆیشی پارتی کۆمەکی ئەوانی کردبوو. بەڵام ئێمە نەمانهێشت ئەوان لە سەر ئەو سەرکەوتنە بە دڵنیاییەوە بنیشنەوە، بە پێی نەخشەیەك پەلامارمان دانەوە، هەڵەبجەو بیارەو خورماڵو تەوێڵەشمان لێسەندنەوە. ئەو ڕۆژانە من لەو جەبهەیەدا بوومو لەو شەڕانەدا بەشداریم ئەکرد کە ئەو کاتە جێگری قائیدی مەنتیقەی سلێمانی بوومو لێپرسراوی پێشمەرگەکانی یەکێتی لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا جگە لە لیوای تایبەتی سکرتاریەت.

ڕۆژی ٥/٩ لە شاخی شرامەوە بۆ هەرمێ دۆڵ پێشڕەویمان کردو لەگەڵ کاك شەوکەتی حاجی مشیردا لە باخەکۆن پێکەوە بووین. بۆ ئێوارە ئێران بە کاتیۆشاو تۆپی قورس لێیدایین بەڵام بێ زیان بووین. ئەمە سەرەتای هەڵوێستێکی تایبەتی بوو کە ئێران ئەیەوێ لەم شەڕەدا بە لای لایەکدا دایبڕێ کە پارتی یە. بۆ ئەوەی لەو سەرەوە یەکێتیش هەڵوێستەیەك بکاتو ڕووی لە دۆستی خۆرهەلاّت بێ لە ئەنجامگیری ئەم شەڕەدا.

لەو لاشەوە هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پارتی لە مەسیف کۆبوونەوەو لە سەرهەندێ خاڵ پێکهاتن بۆوەستاندنی شەڕەکە لە بابەتی پێکهێنانی چەند لیژنەیەك بۆ سەردانی سنووری پارێزگای سلێمانیو کەرکووكودهۆك بۆ ڕاگرتنی شەڕو پەرە نەسەندنی، هەروەها ئازادکردنی دیلەکانو چۆلکردنی بارەگا دەست بە سەرا گیراوەکانو گەڕانەوەی هێزەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان.

لەم کاتانەدا هەڤاڵ مام جەلال لە دەرەوەی کوردستان بوو، لە تورکیاوەویستی بگەڕێتەوە، بەڵام ڕێگاکە مسۆگەر نەبوو، لەوانەبوو لە ڕێگای ئێرانەوە بگەڕێتەوە،وەختێکمان زانی بە کۆپتەرێکی تورکی گەیشتەوە

بارەگاکەی خۆی لە هەولێر. لەم سەرو بەندەدا یەکێتی ئەیویست شەڕەکە نەچێتە بادینانەوە.وەفدەکەی بادینان کە نوێنەری یەکێتی کاك فەرەیدون عەبدولقادر بوو، هەموو هەڤاڵانی یەکێتی دڵنیا کردەوەو هێزەکانی گەڕانەوە شوێنی خۆیان، دوای ئەوەی کە مەسعود بارزانیش برووسکەی دڵنیایی کردبوو لە بارەی دۆخەکەوە کە هیچ ڕوو نەدات، بەڵام هەر دوای ئەو برووسکەیە پەلاماری مەڵبەندی بادینان دراو دەستی بە سەرا گیراو ڕۆژی ٥/١٧ یش ڕێگە لە هەڤاڵ حەسەن کوێستانی گیرا لە ئازادی خوارووی حاجی هۆمەران لە بۆسەیەکدا تەقەیان لێئەکەن و بە بریندای دیلی ئەکەن دواییش خۆی و هەڤاڵەکانی شەهید ئەکەن. ئیتر بواری ئەوە نەما لەگەڵ فروفێڵەکانی پارتیدا مامەڵەی دۆستانە بکرێ و لە بەرامبەردا پەلاماری لقەکانی سلێمانی و کەرکووك دراو هەرچی لێپرسراوی زلیان هەبوو بە دیلگیران وەکو قادر قادر، دەروێش ئاغا، کەمال حەسەن چاومارە، نیزامەدین گلی، مەسعود ساڵەیی و گەلێکی تریان. هەروەها هێزەکانی یەکێتی کۆیەیان پاکسازی کردو شەڕ لە ناو هەولێریشدا ئرایەوە. لە قوڵی شارەزوورو هەورامانیشەوە لە هەرمێ دۆڵ و گوڵپدا لە شەڕێکدا خراپ تێکشکاین و ١١ شەهیدو ٥ دیلمان دا، بزووتنەوەش لە ئەحمەد ئاواو خورماڵ و لە دێکۆنەوە بۆ خورماڵ هێرشیان کردو تێکشکان، هێزەکانمان لە کانی ئاسکان پەلاماری پارتییان داو شکان، بزووتنەوەش هێرشیان بۆ خورماڵ کردو گرتیان.

لەم کاتانەدا پارتی ئەوەی مەبەستی بووو نەخشەی بۆ کێشا بوو لای خۆیەوە جێبەجێی کرد، ئەویش دەستبەسەرا گرتنی داهاتی گومرگی برایم خەلیل بوو. کە ئەمە کارێکی پێچەوانەوەی یاسا بوو، هەنگاوێکیش بوو بۆ ئەوەی پارتی هەنگاوی تری لە پاڵدا بنێ. پارتی‌وای بۆ ئەچوو گەر داهاتی گومرگی برایم خەلیل بۆ خۆی ببا یەکێتی لە ڕووی داهاتی مالی یەوە سەرچاوەیەکی ئەو تۆی نییەو توشی گرفتی بەڕێوەبردن ئەبێ و ئەرکەکانی سنوورەکەی و دەسەڵاتەکەی بۆ ئاچێتە سەڕووو ڕوو بە ڕووی گرفتی مادیش

ئەبێتەوە چ بۆ بەردەوامی کاری حکومەت چ بۆ بەردەوامبوونی کاری شەڕو سەربازیو لە دوواییدا ناچار ئەبێ چۆك دابدا. بەڵام یەکێتیو خەڵکی کوردستان ئەیانزانی بردنی داهاتی گومرکی برایم خەلیل تەنیا بۆ باخەڵی بنەماڵەیەو تەنانەت پارتیش وەکو حیزب لێی بەهرەمەند نابێ. جگە لەوە گومرکی برایم خەلیل موڵکی حیزب نییە. سەرچاوەیەکی دارایی هەرێمی کوردستانەو هەموو خەڵکییەو کارو بەرنامەی ژیانو ئاوەدانکردنەوەی پێ دابین ئەکرێ. یەکێتی هەمیشە داوای ئەوەی ئەکرد کە داهاتی گومرکی برایم خەلیل تەسلیم بە حکومەتی هەرێم بکرێو لەوێوە هەموو خەڵکی کوردستان لێی سوود مەند بن، کەچی پارتی لەم مەبەستە گرنگە خۆی ئەبواردو ملی نەئەدا. لەو ڕۆژانەدا بوو گوێزرامەوە بۆ سنووری جەبهەی خەلیفان سەرپەرشتی ئەوێ بکەم. پارتی لە شاخە سوورو کەڵکی هەریرەوە هێرشیکی گەورەیان بۆ کردینو شوێنەکانیان لێگرتین. ئێمەش خۆمان سازدایەوەو لە ماوەیەکی کەمدا هەموو شوێنەکانمان لێسەندنەوە بە زینە تیریشەوە.

لەم سەرو بەندەدا کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی لە پەیوەندیدا بوون لە نێوان هەردوو لایەنی شەڕکەردا بۆ ڕاگرتنی شەڕ، زۆر بە جیدی هەوڵیان ئەداو هێزێکیشیان بۆناو بژیوانی درووستکرد.

ڕۆژی ٥/٢٥ د.ئەحمەد چەلەبی سەردانێکی هەڤاڵ جەبار فەرمانی کردو لە سەر شەڕوەستان گفتو گۆیان کرد لە سەر هەندێ خاڵ ڕێك کەوتنو بە ئاگاداری سەرەوە شەڕەکەوەستا. دیارە ئالیەتێك بۆ جێبەجێکردنی شەڕ ڕاوەستانەکەش ئامادە کرابوو. بەڵام پارتی ئەیویست سوود لە کاتوەربگرێ، لەو لاشەوە بزووتنەوە هەر هەڕو گیفیان بوو.

ڕۆژی ٥/٢٦ پردی زەڵمیان گرت لەو شەڕەدا کاك حامی حاجی غالی بریندار بوو. لە ناو هەولێریش لە هۆڵی زەرد شەڕ هەبوو. لەم کاتانەدا نوێنەری یەکێتیو پارتی هەڤاڵ مام جەلالو مەسعوود بارزانی بە ئامادەبوونی جێگری وەزیری دەرەوەی تورکیا لە سلۆپی ڕۆژی ٥/٣٠ پێکەوە دانیشتنو

گەیشتنە ئەوەی شەڕەکە ڕابگیرێتو هەردوولاش هەواڵەکەیان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاو کردەوە. هەڤاڵ مام جەلال بۆ ڕادیۆ بیبیسی قسەی کردوووتی: لە گەڵ پارتی گەیشتوینەتە ڕێککەوتن. کەچی سامی عەبدولڕەحمان ئەڵێت: شەڕوەستاوە نەگەیشتووینەتە ڕێککەوتن. ئەوە بوو لە ڕۆژی ٦/٢ بە چاودێری کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی دەستکرا بە داگرتنی هێزەکانی یەکێتیو پارتی لە سەر شاخەکانی شاخە سوور، زینە تیر، ئالانە. بەڵام پارتی زۆر خۆی بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنامەکە نەئەبەستەوە.

بۆیە ڕۆژی ٦/٨ پارتی بە پاڵپشتی ئێران پەلاماری پێنجوێنی داو هیچیان پێنەکراو بە پێچەوانەوە زۆر بە خراپی تێکەوتنو شکستیان هێناو بوونە شاردی بندرك. بەتایبەتی یەکێك لە لێپرسراوە گەورەکانیان کە عوسمانی قادر منەوەر بوو کوژرا. کە دواتر ڕێگا درا تەرمەکەی ببرێتەوە سلێمانی. لە ڕێو ڕەسمێکدا ڕەوانەی گۆڕستان گرا. پارتی خەڵکی خۆی خزاندبووە ناو ڕێوڕەسمەکەوە، لەوانەی بە ناوی غورفەی عەمەلیاتی پێنجوێن هاتبوون بۆ ناو سلێمانیو تێکەڵ بە خەڵکەکە بوونو دوو نارنجۆکی دەستییان فڕێدایە ناو پێشمەرگەکانی لیوای تایبەتی یەکێتی یەوە کە لە دەورو بەری لقی پارتی بوون. پاشان بوو بە تەقە، لە ئەنجامدا ١٨ کەس کوژراو ٤٦ کەس بریندار بوون.

لە مەراسیمەکەدا بەیان نامەیان بڵاوکردەوەو قسەی ناشرینیان بە یەکێتی ئەووتەوە. بڕیار بوو بە کورتترین ڕێگا بەرەو گۆڕستان بڕۆن. بەڵام ڕێگاکەیان گۆڕیو بە ناو شاردا گەڕانو پاشان بەرەو لای لق ڕۆیشتن بە نیازی گرتنەوە کە لەوێدا تەقەکان کرانو شەڕەکە قەوما. لەم شەڕەدا ٤ پێشمەرگەی یەکێتی شەهید بوون.

لە ئەنجامی ئەمەدا کاك ملازم عومەر لە غورفەی عەمەلیات کشایەوە. هەر لەم کاتانەدا بوو پارتیو بزووتنەوە بە پاڵپشتی ئێران هێرشیان کردە سەر فەوجێکی لیوای خانەقین لەسەر ملەی بەمۆ، کە دوو پێشمەرگە شەهید ئەبنو

تۆپخانەی ئێرانیش تۆپبارانی بناری بەمۆو دێهاتەکانی ئەو ناوەی کردو زیانێکی زۆری لە دەغڵودانی خەڵکی ناوچەکەدا. لە بەرامبەردا هێزەکانی یەکێتی‌و جەماوەری ناوچەکە لە هەمان ڕۆژدا پەلاماریاندان‌و بەرەو مەرزەکان ڕاویان نان‌و زیانی زۆریان لێکەوت. لە قوڵی قەڵادزەشەوە شەوی ٦ـ٥/٧ پارتی‌و بزووتنەوە پەلاماری قەڵادزەیان داو گرتیان، یەکێتیش لە دژە هێرشێکدا قەڵادزەیان ڕزگارکردو زیانی زۆر لە هەردوو لای پارتی‌و بزووتنەوە کەوت‌و تەرمی ٢٨ کەسیان لە بەردەستی هێزەکانمان بوو. دیسانەوە پارتی‌و بزووتنەوە لە شارەزوورەوە پەلاماری هێزەکانی یەکێتییان داو تێکشکان‌و سەرکەوتنیان بە دەستنەهێنا. شەڕەکان بە جۆرێك بوون کە هەردوولا پەلاماریان ئەدا، شوێنیان ئەگرت‌و دواتر لە پەلامارێکی تردا لە یەکتریان ئەسەندەوە. ئەمەش ئەوە دەرئەخا کە هێزەکانی هەردوو لا زۆر تاقەتیان لە مانەوەو بەرگریکردن لە گردو یاڵ‌و شاخ‌و داخ نەبوو.

بۆ ڕاگرتنی شەڕو نەهێشتنی گرێوگۆڵی ناکۆکییەکان ڕۆژی ١٩٩٤/٥/٢٠ هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی‌و پارتی بە سەرۆکایەتی حەسەن ئەلنەقیب‌و بەشداری کردنی نوێنەری بەرەی کوردستانی‌و سەرپەرشتی I.N.C کۆبوونەوەیەك کراو بڕیاردرا:

- هێزەکان لە هەولێر جیا بکرێتەوە
- کشانەوەی ئەو هێزانەی هاتوومەتە ناوچەکەوە
- جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی پێشوو تر
- دامزراندنی ژووری عەمەلیات لە مەسعود بارزانی‌و د.ئەحمەد ئەلچەلەبی نوێنەری بەرەی کوردستانی‌و نوێنەرانی یەکێتی‌و پارتی.

ئەو خاڵانە زۆر گرنگ بوون ئەگەر جێبەجێ بکرانایە، بەڵام پارتی زۆر پابەندی جێبەجێکردنی نەبوون، کە لەو کۆبوونەوانەشدا ئامادە ئەبوون لە بەر خاتری پەرۆشی خەڵکی‌و لایەنەکان بوو کە پێیان خۆش بوو شەڕ نەمێنێ‌و هەردوولا پێك بێنەوە کەچی بە کردەوە هیچی ئەنجام نەئەدا، خەڵکی‌و

لایەنەکانی ئەخستە بارێکەوە کە ئەویش وەکو ئەوان دڵسۆزە بۆ چەسپاندنی ئاشتی بەڵام لە ناوەڕۆکدا نەخشەیەکی دیکەی شەڕی دائەڕشت.

هەواڵەکانی شەڕ نەك هەر خەڵکی کوردستانی وەڕس کردبوو، بەڵکو دۆستەکانیشی بێزار کردبوو، پەرۆشی ئەوە بوون ئەو شەڕە تاقەت پرووکێنە بوەستێ‌و کورد دەست لە بینی یەکتری هەڵگرن‌و ژیانێکی دۆستانەو هاو نیشتمانانە بە سەر بەرن. هەر لەم سۆنگەیەوە بوو حکومەتی فەرەنسا هەردوو لای یەکێتی‌و پارتی بانگ کرد بۆ گفتو گۆو ئاشتبوونەوە، ئەوە بوو هەردوولا لە ڕۆژی ١٩٩٤/٧/١٦ دا لە پاریس لە سەر مێزی گفتوگۆ دانیشتن، نوێنەری یەکێتی کاك نەوشیروان مستەفاو نوێنەری پارتی سامی عەبدولڕەحمان‌و بە ئامادە بوونی نوێنەری حکومەتی فەرەنسی‌و هەندێ لایەنی تریش. هەردوولا لە سەر بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی هەمە لایەنە پێکهاتن بەو نیازەی بە ئامادەبوونی سەرۆك میتران. هەڤاڵ مام جەلال، مەسعود بارزانی ئیمزای لە سەر بکەن، بڕیارپش وابوو ئەم ڕێککەوتنە بڵاو نەکرێتەوە تاکو هەردوولا ئیمزای نەکەن.

چونکە حکومەتی تورکی دژی ئەم ڕێککەوتن‌و پێکهاتنە بوو، پارتیش نەیویست پەیوەندیەکانی خۆی بۆ حیساباتی دووا ڕۆژی لەگەڵ تورکیا تۆکمە بکات. بۆیە لە گەڕانەوەدا پارتی دەقی ڕێککەوتنامەکەیان خستە بەردەستی حکومەتی تورکی. تورکیاوا چووبووە زەمینەیەوە کە ئەمە بەرنامەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی یە. بۆیە ڕێگەی نەدا ئەو ڕێککەوتنامەیە جێبەجێبکرێ‌و پارتی‌والێکرد کە لەو هەنگاوەی بۆ ئاشتی پەشیمان ببێتەوە. گەرچی دەقی ئەو ڕێککەوتنامەیە خرایە بەردەستی پەرلەمان‌و بایەخی زۆری پێدرا بەڵام لەبار چوو. پارتی بەمە گەورەترین تاوانی ئەنجام دا کە نەیهێشت ئاشتی سەربگرێ، چونکە لە بەردەوام بوونی شەڕدا قازانجەکانی زۆر کەڵەکەی ئەکردو ڕەسیدی بانکەکانی فراوانتر ئەبوو بۆ گیرفانی بنەماڵە. بەمەش هەوڵێکی گرنگی

دڵسۆزانە کە نەك کورد خۆی بەڵکو دۆستەکانی کە زۆر بە پەرۆشبوون بۆ یەکخستنی ماڵی کوردیو ئاو بەسەر ئاگری شەڕدا کردن دەستنرایە بینی.

لە ڕۆژی ١٩٩٤/٧/٢٥ دا لە لایەن (م.س) هەردوولاوە کۆبونەوەکراو دوای گفتوگۆیەکی زۆر، بڕیاریان دا لیژنەی ئاسایی کردنەوە دامەزرێ بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شەڕەکەو گەڕانەوە بۆ باری جارانو نەمانی دوو دڵیو ئاڵۆزی. بۆ زۆرتر دڵنیا بوون هەڤاڵ مام جەلال خۆی ئاڵای زەردی لە سەر بارەگای لقی ٤ ی پارتی سلێمانی هەڵکرد لە ناو ئاپۆرەی خەڵکێکی زۆردا، پارتی ئەبوایە ئەم هەڵوێستەیان بە جوانیوەربگرتایەو بە هەنگاوێکی دڵسۆزانەیان تۆمار بکردبایە، بەڵام لە ناخەوە دەیان داوی دڵپیسیو کینەیان دانابووەوە، بگرە پێشیان خۆش نەبوو پەنجەی هەڤاڵ مام جەلال لەو پەڕۆ زەردە بکەوێ. چونکە سەرکەوتنی خۆیان لە هەنگاوەکانی ئاشتیدا نەئەبینیەوە. بەڵکو هەمیشە بە دوای پیلاتی نوێدا ڕایان ئەکرد تاکو پەتی بارودۆخەکە بپسێننو تای تەرازوو بەلای خۆیاندا بشکێننەوە. بۆیە هەمیشە شەڕیان پێ خۆشتر بوو. حەزیان بە سوتانی لاشەی کورد ئەکرد لە کورەی شەڕدا.

کاتێ کە ڕەوڕەوەی شەڕەکە خێراتر ئەبووەوەو مەترسی زۆرتری لێئەکەوتەوە، لە هەموو لایەکەوە دەنگ دژی شەڕ بەرز ئەبووەوە. پەرلەمانی کوردستانیش لای خۆیەوە لە یەکێك لە بەرنامەکانی ڕۆژانەی کۆبونەوەکانیدا لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر شەڕەکەو مەترسییەکانی تەرخانکردو بڕیاریدا لیژنەیەکی پەرلەمانی سەردانی شەرگەکان بکات لە نزیکەوە لە گەڵ لایەنەکانی شەڕدا قسەو گفتوگۆ بکەنو هەوڵی ڕاوەستاندنی شەڕ بدەنو ڕێگری لە پەرەسەندنی بکەن.

ڕۆژی ١٩٩٤/٨/٩ ئەووەفدەی پەرلەمان کە لە هەموو فراکسیونەکانی ناو پەرلەمان پێکهاتبوون گەیشتنە سنووری قەڵادزیو ڕانیەو سەردانی هەردوو سێ لایەنەکەیان کردوگفتیان دا کەشەڕ ڕابگرنو پەلاماری یەکتری نەدەن. ئەووەفدە لە قەڵادزێ سەردانی منیشیان کردو لای منەوە بەرەو لای پارتیو

بزووتنەوە ڕۆیشتن، خەڵکەکە زۆر بە توندی یەخەی مەمەند ئاغای ئەندام پەرلەمانی سەر بە لیستی زەردیان گرتو من بە هەزار حاڵ ڕزگارم کرد.

کەچی هەر لەو ساتانەدا کەوەفدی پەرلەمان هێشتا لەوێ بوون. پارتیو بزووتنەوە پەلاماری دێی دێرێ یان دا، لە جیاتی سەرکەوتنو ناوچە گرتنەوە، بە توندی شکانو پاشە کشەیان کرد. یەکێتیش بۆ تەمبێکردنیان لە چەندین قۆڵەوە:

- نورەدین بۆ کورە تاوڵ
- دێرێ بۆ هەڵشۆ
- گردەسپان بۆ دارەشمانە
- چۆمخرکە بۆ قۆپی ئالانە

ـ بەر قەڵشیو بۆ کانی شینکە.. پەلاماری دانو تاکو ئێوارە هەموو ناوچەکانیان لێ پاککرایەوە هاوکات پارتی لە زینە تیر پەلاماری یەکێتی دا لە ئەنجامدا شکانو تا هەریر ڕاو نران، لە تاراوەشەوە پەلاماریان دراو تا خەلیفان ڕایان کرد. بەمجۆرە پارتی لە گەڵ ئیرادەی ئاشتیدا نەبوون. گوێیان لە داخوازی کەس بۆوەستاندنی شەڕ نەئەگرت، ناو بژیوانی هیچ دۆستو لایەکیان بە لاوە مەبەست نەبوو. بەرەکانی شەڕ هەندێ بێدەنگی بە خۆوە بینی. بەڵام هەر دڵنیا نەبووین کە بێدەنگی یەکجارەکی ئەبێو زرمەی تەقو تۆق ئەبڕێتەوە. بۆ ئێمە مانیش دەنگی تەقە جۆرە ئاوازێك ئەبەخشێ کە زۆربەی مرۆڤایەتی لێیوەرس ئەبن تەنیا گوێی عەسکەری یەکانی پێ ئاشنان. ئاوازێك لە دروێنەی ڕۆحەکان ئیلهاموەرئەگرێوو وێنەی کاولیوویرانی لە سەر ژێیەکانی ئەگرێ.

لەو سەردەمی نەشەڕ نە ئاشتی یەدا یەکێتی یادی هەڤاڵە دێرینەکانی ڕۆژانی پارتیزانی دوای ئەنفالی کردەوە، لە ڕێو ڕەسمێکی شایستەداو بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکوپێك هەموو ئەو هەڤاڵە پێشمەرگەو سرکانەی بەشدارییان لە پارتیزانیدا کرد بوو کە ژمارەیان گەیشتە ٣٩٩ کەس ڕۆژی ١٩٩٤/١٠/١٥ بانگهێشتکران بۆ قەلاچوالان بۆ ڕێزلێنانیانو بەخشینی مەدالیای زێڕین پێیان. ئەمەش لا کردنەوەیەکی باش بوو لەو هەڤاڵانەی ڕۆژانی تەنگانەو بە سەر

کردنەوەشیان لەم ڕۆژگارەداواتای تایبەتی خۆی هەبوو کە یەکێتی لە شەڕدابوو بەرامبەر بە لایەنە نەیارەکانی کە ئەیانویست لە گۆڕەپانی کوردستانداوەکو حیزب نەمێنێ.

وەزعی پشێوی کوردستانو شەڕو ململانێکان هەر بەردەوام بوو، بە لای هەندێکەوەوا ڕەچاو ئەکرا کە ئەگەر تەشکیلەی پەرلەمان بگۆڕێو کەسایەتی بەهێز بەڕێوەی ببات وەك هەڤاڵ مام جەلالو مەسعود بارزانی لەوانەیە ئیتر گرفتو کێشەکانوا توندو تیژ نەبنو ڕووداوی کارەساتبار ڕوونەدات. بەڵام پارتی بەمە قایل نەئەبوون بەڵکو بە شوورەییان ئەزانی کە مەسعود بارزانی لە جیاتی جەوهەر نامیق ببێتە سەرۆکی پەرلەمان، تا ئەو ڕادەیەی سەرۆکی دەستەی زەردی پەرلەمان فرانسۆ هەریری ڕایگەیاند ئەوە لە گەورەییو پیرۆزی مەسعود بارزانی کەم ئەکاتەوە. لە هەموویشی خراپتر ئەمە لە ڕۆژنامەی گولاندا بلاوکرایەوە کە ئەکەوێتە بەردەستی خەڵکی.

پارتی ئەوەندە پەرلەمانیان لە بەرچاو سووکە تەنانەت دانانی مەسعود بە سەرۆکی بە کارێکی ناشایستە ئەزانن، کە چی هەرهەمان مەسعود بارزانی لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆندا ئەندامەو پێیشی بچووك نابێتەوە. ئائەم لووت بەرزییە.. کە لە ناو خەڵکی میللەتەکەی خۆتدا هاوبەشی خەمو ئازاریان نەبیو لە ڕێگەی دەزگایەکی گەورەی چارەنووسسازەوە هاوکاریان نەبێت بەڵام لە دەزگایەکی غەیری نەتەوەکەی خۆتدا گەر بە بچووکیش کرنۆش بەری هەر گەورەییە. ئەم جۆرە ڕەفتارە لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی هەندێ خەڵکی کوردستاندا باوەوەکو ئەوەی هەندێ لە شێخەکان ژن نادەنە ئۆمی، یان هەندێ لە ئاغاو بەگەکان ژن نادەنە هۆزەکەی خۆیانو بە هی تری ئەدەن چونکە نایانەوێ بە کەم تەماشا بکرێن.

پارتی بۆ تێکدانی ئاشتی هەمیشە لە کاردا بوون، لە ڕۆژی ١٩٩٤/١١/١ بەسەرپەرشتی حەمە ڕێگر هێزێکی چەتەو ڕێگر ڕێگە لە هەڤاڵانی مەڵبەندی دووی کەرکوك لە سەر ڕێگای سلێمانی - چەمچەماڵ ئەگرنو ئەیاندەنە بەر

دەستڕێژو هەشت کەس لە هەڤالانی مەڵبەند بریندار ئەبن کە لێپرسراوی مەڵبەند هەڤاڵ عیماد ئەحمەدو شالآوی عەلی عەسکەری ئەندامی پەرلەمان‌و جێگرو کارگێڕو ئەندامانی مەڵبەندو دوو پێشمەرگە ئەبن. ئەم هەڤالآنە لە چەمچەماڵ سەردانی بارەگای پارتیان کردبوو بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکەو هاوکاری کردنی یەکتری بە تایبەتی گێڕانەوەی کەلو پەلەکانی بارەگاکان. ئەبێ ئەمە چۆن تەماشا بکەین..؟ ئایا دڵنیا بین لەم جۆرە ئاشتییە..؟ یان لە پشتی پەردەوە دەیان تۆڕی پیلانگێڕی دامەزراوە..؟!

هەوڵەکانی ئاشتی هەر بەردەوام بوو، بۆ ئەوەی بەرەکانی شەڕ گەرم نەبێتەوەو خوێنی لاشەی پێشمەرگە بە فیڕۆ نەڕوات. لە هەوڵێکی تردا هەردوو لایەنی یەکێتی‌و پارتی ڕۆژی ١٩٩٤/١١/٢٤ ڕێککەوتنامەی هاو پەیمانێتی ستراتیژیان مۆر کردو پەرلەمانی کوردستانیش لە دانشتنێکیدا پەسەندی کرد.

لە ئەوروپا

لەم هەلومەرجەدا بوو بنەو بارگەم تێکنا بۆ گەشتێکی ئەوروپا. وامزانی ئیتر شەڕ نابێتەوە، ئەم هاوپەیمانێتی یە زۆر ستراتیژییە بەردی بناغەی ئاشتی یەو چیتر چەک نابێتە فەرمانڕەوای پەیوەندییەکانمان، بۆیە ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/١٠ خۆم ئامادە کردو کاتژمێر ٢ ی شەو لەگەڵ مام ڕۆستەم هەولێرمان بە جێهێشت چووینە کەلاوەکانی بارەگاکەی سەرچڵ قەزاز لە زاخۆ. ڕۆژی ١٢/١١ چووینە ماڵی کاک محەممەد سلیڤانی‌و ڕۆژی ١٢/١٢ لە پردی خاپوورەوە پەڕینەوە بەری تورکیا، شەو گەیشتینە دیار بەکرو لە ئوتێل کاروانسەرا لاماندا. ڕۆژی دواتر لەگەڵ مام ڕۆستەم‌و فازیلی مەلیح چووینە ئەنقەرە تاکو ڕۆژی ١٢/٢١ لەوێ ماینەوە، کاک شازاد سائیب ڤیزەیەکی بەلجیکای بۆوەرگرتم.

ڕۆژی ١٢/٢٢ سوار بووم‌و لە هۆڵەندا دابەزیم، لە فڕۆکە خانە دەستگیر کرام، بە ئازایەتی کاک مستەفا چاوڕەش‌و کاک د.چیا ئازادکرام، لەوێ چووینە

ماڵی کاك زاهیری برای کاك مستەفا. نزیکەی هەشت ڕۆژ لەوێ مامەوە لە ١٢/٣٠ لە ئەمستردامەوە لەگەڵ د.چیاو کاك شێرکۆی شێخ نوری چووین بۆ ماڵی هاوڕێ جەبارە بچکۆل لە هامبۆرگ.

ساڵی ١٩٩٥

شەوی ١٩٩٥/١/١ مان لە هامبۆرگ بردە سەر. لەووڵاتە خۆشو دڵگیرە، لەو دنیای پێشکەوتنە کە لە گەڵ ئاستیووڵاتەکانی خۆماندا لە هیچ ڕوویەکەوە بەراورد ناکرێ، بەڵام من بە جەستە لەوێ بووم. بە گیان لە فەزای کوردستانەکەی خۆمدا ئەژیام کە هەمیشە هەورو هەڵای شەڕو پشێوی بە سەرەوەیەو دڵو دەروونەکان لە زرمەی تۆپو تەقو تۆقی تفەنگەکان دائەچڵەکێن، دەموچاوەکان خەمباری لێ ئەباری.

دوای دوو ڕۆژ برادەران تەسلیمی پۆلیسیان کردین، پاش ئەوە فەحسیان بۆ کردینو بردینیان بۆ شوێنێكوەکو ئوتێلوابوو شەو تیا بخەوین. کابرایەکی لێبوو بۆ خزمەتگوزاری، لێی پرسین: ئێوە کوردن..؟

ووتمان: بەڵێ

ووتی: خەڵکی کوێن..؟

ووتمان: خەڵکی سلێمانی.

لەو ڕۆژەدا شەڕ لە نێوان یەکێتیو پارتی دەستی پێکردبووەوەووتی: جاشە جەلالی یەکانیان فڕاند تاکو باوەشی بەعس. بە مام ڕۆستەممووت: قسە مەکە هەرچی ئەڵێ با بیڵێ، چونکە ئاگامان لە شەڕەکە بوو، بەڵام بەو شێوەیە نەبوووەکو ئەو کابرایە باسی ئەکرد.

تاکو ڕۆژی ١٩٩٥/٣/٢٠ لەوێ ماینەوە. بارودۆخەکەمان بە دڵ نەبوو، ڕۆژانە دەنگو باسەکان بێزاری ئەکردین، لە ناخەوە خۆمان ئەخواردەوە، هەر چەندە ئێمە لە ڕاستیدا بۆ ئەوە چووینە ئەوروپا بە پەناهەندەوەربگیرێین.

کەچی پەشیمان بووینەوەو بڕیارمان دا کە بگەڕێینەوە کوردستان. بە تایبەتی لە هەندێ جێگەدا هێزەکانی یەکێتی شکا بوون، ئیتر خۆمان پێڕانەگیرا. لە لایبزیکەوە بۆ هامبۆرگ گەڕاینەوە، لەوێشەوە بۆ ئەمستردام. شایانیووتنە هەردوو سەفەرەکە کاک سەلاح قادر زاوای کاک سەلاح چاوشین بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی ئەیگواستینەوە، لە پێناوی ئێمەدا هەردوو جارەکە ئۆتۆمبیلەکەی شکا. لەم سەفەرانەدا هاوڕێ جەبارە بچکۆڵو کاک سەلاح قادروکاک فەریدوون ساڵەحو کاک یاسین ساڵح ئەرکی زۆریان لەگەڵماندا کێشاو ماندووبوون کە جێگای ڕێزو شایستەی پێزانینمانن.

گەڕانەوە

پاش چەند ڕۆژێك لە ئەمستردامەوە بە فیزەی زمارە گەڕاینەوە سوریا، لە سوریاش کاك دانای ئەحمەد مەجید کار ئاسانی گەڕانەوەی بۆ ئێران بۆ کردین. دوو ڕۆژ لە تاران ماینەوەو ئینجا لە سنووری پەروێز خانەوە پێمان نایەوە خاکی کوردستان. لە ڕێگەدا لێپرسراوێکی سوپای پاسدارانمان لەگەڵا سوار بووبوو بۆ سەر سنوور، لە ئەنجامی قسە کردنداووتی: بۆچی لەگەڵ ماڵی مەلا مستەفا دا شەڕ ئەکەن..؟ چ عەبێکیان هەیە..؟ لەوەڵامدا پێمووت: شاکەی ئێوە چ عەیبێکی هەبووا ڕووخانتان..؟! ئەو خاوەنیووڵاتێکی گەورەو ئابوری یەگی باش بوو. بۆیە ئێمەش شاکەی خۆمانمان ناوێ، ئەبێت لە کوردستاندا گۆڕان درووست بکەین. نیزامی خێڵەکی لە گۆڕ نێین. ئیتر کابرای پاسدار لێی بێ دەنگ بوو. هەرچەندە ئێمە شامان نییەو بڕوامان بەوە نییە کەس ببێ بە شایەك ئایندەی یەکگرتووی کوردی ئەوێت.

دیارە دوای ئەوەی ئاگر بڕێکی کورتخایەن کرا، ناکۆکییەکان هەتا ئەهات توندتر ئەبوو، بە جۆرێك دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی ئەچوو بە ئاگر بڕ چارەسەر نەئەکرا، بەڵکو زۆرتر لە سنووری تێهەڵچوونەوە نزیکتر بوون تا پێکهاتن. بۆیە

جـارێکی تـر شـەڕ لـە مـانگی ١٩٩٤/١٢ بـەرپا بـووەوە. جـارێکی تـر هـەموو پێکهاتنەکانو پەیماننامەو ڕێککەوتننامەکان پێشێلکرانو پشتگوێخران، جارێکی تریش لوولەی تفەنگ بووە سەرپشكو هیچ ڕێگایەکی تر نەگیرایە بەر. کە بشمانەوێ بگەینە ڕاستی لـە ئـەنجامی هەڵسەنگاندنو تـاوتوێ کـردن لـە بـارەی شەڕو هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی زۆر شتمان لێوون ئەبێ، یـان تاڵە دەزووەکـان ئـەئاڵۆزکێن. بـەڵکو هەرکەسێك بـە پێـی کـامی دڵـی خـۆیو لایـەنگری بـوونی بۆچوونەکانی دەرئەبڕێ یان تۆماری ئەکات کە لەوانەیە بە باشی مەبەستەکانی نە پێکی یان لێی دوور بکەوێتەوە، بە داخەوە لای ئێمە نەبووەتە دابو دەستور خـەڵکی یـان ڕای گشـتی بێنـەوەلاو بڕیـار دەربکـەنو هاوکێشـەکان بگـۆڕنو بەرژەوەندی گشتیو چارەنووسی لە بەرچاو بگیرێ. بەڵکو جۆرە بێدەنگی یـەك باڵی بەسەر بارودۆخەکەدا کێشاوە کە زیـانی زۆری لێئەکەوێتـەوە، ئەمـەش یـان نەزانیو هەست نەکردنـە بـە لێپرسـراوێتی یـان کەمتەرخـەمیو گوێنەدانـە بـە ئەنجامی چارەنووسی خۆ لە دوای ڕاپەڕینو دامەزراندنی پەرلەمانو حکومـەتی هەرێمەوە کە هەندێ حیـزبو لایـەنوبگرە خـەڵکیش لـە هەلومەرجەکـە بێـزار بـوونو قسـە ئـەکراو شـت ئەنووسـرا،وەکو بڵێـی ئەمـە هەڕەشـەیەك بـێ بـۆ درووسـتبوونی هێڵـی سـێیەموەکو ئەڵتـەرناتیڤێك بەرامبـەر هـەردوو هێڵـە سـەرەکییەکەی تـر کـە شـەڕیان بـەر پـا کردبـوو لـە سـەر دەسـەڵاتو گەیشتنە ئاستانەی چارەنووس، هەر هێڵەش بـە ڕیـەی خـۆی ئـەیپێوا. کامـەیان ڕاسـتەو کامەیان ناڕاست. ئەوە ئەبوا خەڵکی بڕیاری لێبدا. بەڵام کەس نقـەی نەئـەکرد. خۆیشـیان نەیانئەویسـت لـە بـری پـەنا بردنـە بـەر ڕێگـا چـارەی شـەڕ بـە ڕاپرسییەك بگەنە ئەو ڕاستییە کە دەنگی خەڵکی مسۆگەر ئەکەن یان نـە..! بـە هەر حاڵ لـە پـاڵ ئـەم شـەڕەدا پلانێکی دۆزەخیانـە هـەبوو نـەك بـە مەبەستی خزمەتگوزاری خەڵکی کوردستان. بۆیـەش نـەبینین بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو پلانـە یـان گەیشـتن بـە لوتکـەی مەبەسـتە تایبەتیـەکان شـەڕی بێهـوودە لـە تونێلـە تاریکەکانا بەرێوە ئەچێ.

گرتنی شەقڵاوە

پارتی بۆ ئەوەی جێ پێی خۆی قایم کاتو بە ئاسانی لە بەرەکانی شەڕدا نەخلیسکێ، ئەبوا هەندێ شوێن بۆ خۆی دەستەبەر بکات. بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە مەترسی ئەخستە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتییان ڕێگای هاتوو چۆو لۆجستی ئەبڕی لێیان. بۆیە لە ڕۆژی ٩٩٤/١٢/٢٢ دا پەلاماری بنکەو بارەگاکانی یەکێتی یان لە شەقڵاوە دا کە هێزێکی کەمی لێبوو. گرتنی شەقڵاوە بۆ پارتی گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو. هەرچەندەوەفدی هەردوولا چوونە شەقڵاوە بۆ ڕێگری لە گرتنی بارەگاکانی یەکێتیو خودی مەسعود بارزانی قسەی تیا کردبوو، بەڵام ئەوەی ئەوتری جیایە لە نەخشەی ناخ. سەرەڕای هەموو گفتەکان شەقڵاوە گیرا. لەم لاشەوە پارتی ترسی لە هێزو لێپرسراوەکانی سلێمانی لێنیشت کە بە دەردی جاری پێشوو نەچێ، بۆیە بڕیاری دا لە ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٨ دا هەموو بۆ هەڵەبجە بکشێنێتەوە لە ڕێگەی بزووتنەوەو سۆسیالیستەوە.

پاککردنەوەی هەولێر

ئینجا یەکێتی خۆی ئامادە کرد بۆ گورزوەشاندنی کاریگەر لەوەڵامی ئەو دەستدرێژی یانەی پارتی، هەولێر کرایە نیشانە. کە گرنگی تایبەتی هەبوو لای پارتی لە بەر ئەوەی پێتەختی هەرێم بوو، بارەگای پەرلەمانی تێدا بوو بە حیساباتی پارتی گەورەترین پێگەی کارکردنی حیزبی یان لەوێ دابوو، بە بیریان دا نەهاتووە ڕۆژێك لە ڕۆژان یەکێتی بتوانێ پەلاماریان بداو دەریان پەڕێنی. بەڵام لە چاو ترووکانێکدا هەموو دامودەزگاکانی حیزبی، عەسکەری، ئیداری یان بە یەکجاری تەفروتونا کران. تەنانەت ئەو خۆ قایمکردنەی ناو شیراتۆنو لقی دوو دادی نەدان. پارتیوەکو با پووشکەیان لێهاتو بەرگەی ئەو

تەوژمــە بــەگوڕەی هێزەکــانی یــەکێتی یــان نــەگرت، بەشــێکی لێپرســراوو کادیرەکانیان کە لە شیراتۆن‌و لقدا مابوونەوە لە ڕێگەی حیزبـی شیوعی‌و I.N.C و بە ڕەزامەندی یەکێتی گەیەنرانە مەسیف.

تۆپبارانی ئۆردووگاکان

هـەر لـەم مانگـەدا بـوو کـە پـارتی داهێنـانێکی تـری کوردکوژی‌وەکو دەستکەوت دۆزی یەوە کە بریتی بوو لە تۆپبارانی ئۆردووگاو شارۆچکەکان بە مەبەستی‌وەرسکردنی خەڵکەکەی‌و دژی یەکێتی‌وەستان یان بۆ زیان گەیاندن بە ئەندام‌و لایەنگرانی یەکێتی. لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا نـەبووە بـەرەکانی شەڕ بگوێزرێتەوە ناو ماڵ‌و خانەی خەڵکی بێتاوان. مەگەر تەنیا بەعس ئەوەی بەرامبەر کورد کردبێت. ئـەوەبوو لـە بنـە سلاّوە لـە ١٩٩٥/١/٢١ دا لـە ئـەنجامی تۆپبارانی خەستی هێزەکانی پارتی کە تا بەیانی درێژەی هەبوو ٩ کەس شەهید بـوون‌و ٦٠ کەسـی تـریش برینـدار بـوون. کاریگـەری ئـەم تۆپبارانـە لـە برووسکەیەکی لیستی زەرددا بۆ مەسعود بارزانی دەردەکەوێ:

بۆ/ م.ب

لە/ فراکسیۆنی زەرد

(تۆپباران کردنی هێزەکانی ینـك نزیـك بنەسلاّوە زۆر تەئسیری باشی هەبوو لە سەرووەی جەماوەری هەولێر تکایە درێغی نەکرێت، تاکو ئینشائەڵلا بە زووترین کات شاد ئەبینەوە لەگەڵ هێزەکانمان لە ناو شاری هەولێر).

ئەگەر فەرماندەیەکی عەسکەری پارتی ئەم برووسکەیەی بکردایـە جێـی ڕەخنە نەبوو، بەڵام کە نوێنەرەکانی لیستی زەردی پارتی بـەو جۆرە هەڵوێست دەربـڕن ئـەبێ لـە چ خانەیەکـدا جێیـان بێتـەوە..؟ ئایـا لـە خانـەی خزمـەتی چارەنووسی خەڵك یان خانەی جاسوسی..؟ لە جیاتی ئەوەی ناڕەزایی بەرامبـەر سـەرکردایەتی عەسـکەری پـارتی دەربـڕن دەستخۆشـیان لێئەکـەن. کـە ئەشڵێن

تۆپبارانی هێزەکانی یەکێتی نزیك بنەسلاوە ئەوە بۆ چەواشە کاری یە بەڵکو هەموو خەڵکی هەولێر ئەزانن کە تۆپەکان داویەتی بە ناو خەڵکی ئەنفال کراوی بنەسلاوەدا نەك بە ناو هێزەکانی یەکێتیدا. ئەمەش یەکەم جار نییە کە تۆپبارانی شارۆچکەو ئۆردووگا بکرێ، بەڵکو ڕۆژی ١٩٩٤/٨/٦ هێزەکانی پارتی تۆپبارانی قەڵادزەیان کردو زیاتر لە ٥٠ کەسیان شەهیدو بریندار کرد، خەڵکە کە نەیانتوانی پرسەیان لە قەڵادزی بۆ دابنێن گواستیانەوە بۆ ڕانیە.

پەناگیری و جاسوسی

پێش ئەوەی هەولێر بە تەواوی بگیرێ لە هەولێکدا بۆ قوتار کردنی بارو دۆخەکە ٥٧ ئەندام پەرلەمان بۆ ماوەی ١٠١ ڕۆژ لە بینایەی پەرلەماندا لە ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٣ پەنایان گرتبوو. هەموو ڕۆژێك چەندین کاتژمێر کۆبوونەوەیان ئەکردو چەند بانگەوازێکیان ئاراستەی هەردوو حیزب کرد. لە ناوەوەی کوردستاندا ئەم کارە دەنگدانەوەیەکی پڕ بایەخی هەبوو، ١٧ حیزبو دەیان ڕێکخراوی جیاجیاو جەماوەری گەلەکەمان لە هەموو شاروو شارۆچکەکان پشتیوانی خۆیان بۆ پەناگیرەکانو هەوڵی ئاشتی نواند. بەڵام پارتی کە سەرۆکی پەرلەمانەکەی و ئەندامانی پەنایان گرتبوو لە ڕووی هەستی دڵسۆزیو پەرۆشییەوە نەبوو بۆ ئاشتیو دوور خستنەوەی تارمایی شەڕ. بەڵکو بە پێی بەرنامەیەکی تایبەتی مابوونەوە کە دوواتر ڕیشاڵەووردەکانی پیلانەکە دەرکەوت کە ئەوانە بۆ گەیاندنی زانیاری شەڕو جاسوسیکردن لە سەر هێزەکانی یەکێتی ماونەتەوە. بۆ ئەمەش جیهازە بێتەلەکەی پەرلەمانیان بە کار ئەهێنا کە دواتر لەلایەن ئاسایشی گشتییەوە دەستی بەسەرا گیراو هەموو بەڵگەنامەکانی گیراو بۆ خەڵکیش بلاوکرانەوە، کە بەناوی جەوهەر گێتەوە ناوی دەرکرد. کاتێکیش دوای ١٠١ ڕۆژ پەناگیری کە هەوڵەکەیان پوچوڵ کرایەوە

کۆتایی بە پەناگیری هێنراو زۆربەی ئەندامەکانیان چوونەوە مەسیفو هەندێکیشیان هەر لە هەولێر مانەوە بێ ئەوەی کەس لێیان بپێچێتەوە یان هەڵەیان بەرامبەر بکرێ.وە نەبێ پارتی کە لە هەولێر دەرکرا ئیتر دەستبەرداری بن بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی بێووچاندا بوون بۆ گرتنەوەی، بۆ ئەمەش هێزیان کۆ ئەکردەوە، بانگەشەی گرتنەوەیان ئەکرد، تاکو لە ڕۆژی ١٩٩٥/١/١٤ دا بە هێزێکی زۆرەوە لە قوڵی کەسنەزانەوە پەلاماری هێنا، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتن بە دەست بهێنن، ڕووبەڕووی هێزە سەرسەختەکانی یەکێتی بوونەوە، تووشی شکستی بە زەبر هاتنو بەرەو دواوە کشانەوە کە تێیدا یەکێك لە فەرماندە زلەکانیان بە ناوی عەلی شەعبان کوژرا. ئیتر یەکێتیش کەوتەوە خۆ قایمکردنو سەنگەر بەندی بۆ پاراستنی هەولێر لە هەر ئەگەرێکی هێرشی نوێ. هێزێکی زۆری لە ناوچەکانی ترەوە بە تایبەتی گەرمیان بردە هەولێرو دەوروبەریو بە درێژایی دەیان کیلۆمەتر سەنگەری قووڵو شوێنی بەرگریو مەتەرێز درووستکران بەرامبەر بە پارتی. کە جار ناجارە هەوڵێکی نەزۆکانەیان ئەدا لە قوڵێکەوە درز بخەنە ئەو سەنگەربەندی یە تاوەکو جارێکی تریش دەستیان بگاتەوە ناو هەولێر. چونکە کە گەیشتنەوە هەولێر ئەتوانن تەرازووی دۆخەکە لاسەنگ بکرێو گۆڕان ڕوویداتو ئاڵۆزی بخەنەوە. بەڵام بۆ خۆیان ئەوەیان پێنەئەکرا. چونکە پێکهاتەی هێزەکانی پارتی هەمە چەشنەیە، جگە لەوەی ناکۆکی لە نێوانیاندا هەمیشە بەر پایەو زۆر پێکەوە ناسازێن. بە تایبەتی سۆرانیو بادینی، کۆنو نوێ. زاڵبوونی پەیوەندی خێڵەکایەتیو پشت بەستن بە کەسایەتییە جاشەکانی دەست لە خوێنی خەڵکدا سوور بووو ئەنفالکەر. ئەم ناکۆکییەی نووسەر باسی لێوە دەکات

لەناو (یەکێتی) دا بە زیادەوە هەیە،
هەر کەسێک ڕوانیێتە حاڵیاندا زوو
بۆی دەر دەکەوێت [illegible] ناکۆکییەی
[illegible]

هاتنی تورک

لەم کاتانەدا دەنگۆی هاتنە ژوورەوەی هێزێکی زۆری سوپای تورکیا بۆ ناو کوردستان بڵاو بووەوە کە لە ڕۆژی ١٩٩٥/٣/٢٠ دا بوو گوایە بۆ لێدانو پاکسازی پەکەکە هاتووە. بە ڕووکەش ئەوە بەڵگەیەکە بە دەستیەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەو سنوور بەزاندنە بۆ پێشێلکردنی ڕێزو سەروەری هەرێم بوو. بۆ دەرخستنی لایەنی تەماحکاری یەکانی بوو لە هەرێمی کوردستاندا یان بۆ چاوترساندنی کورد بوو کە بیر لە ئازادیو درووستکردنی قەوارەی خۆی نەکاتەوە. یان بۆ ناچار کردنی سەرکردایەتی کوردبوو بۆ هاوکاری کردنی لە لێدانی هێزەکانی پەکەکەدا. کە دوو لایەنی هەبوو لە لایەکەوە بێ ئاستی کوردو سەرکردایە تییەکەی دەرخا کە خاوەنی دەسەڵاتی خۆیان نینو پاشکۆی هێزی ئیقلیمین، لە لایەکی ترەوە کورد بە کورد بە کوشت بداتو ناکۆکی بخاتە ڕیزەکانی کوردی بەشەکانی کوردستانەوە، بە هەردوو بارەکەش کورد لە دونیادا ڕیسوا بکات. لێرەدا جیاوازی لە نێوان هەڵوێستەکانی یەکێتیو پارتیدا هەیە. پارتی هەر زوو کەوتە ناو داوی خۆبەدەستەوەدانەوە، چونکە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی نەك بەرژەوەندی نیشتمانیو نەتەوایەتیوای ئەخواست کە هاوکارو دەست تێکەڵکەر بێت.وەکو باس ئەکرا پارتی لە ژێرەوە پارمەتی لە تورکیا بۆ چەکدارەکانیوەرئەگرت کە بۆ پەرچدانەوەی پەکەکە چەکدار کرابوون. دیارە هەموو هاتنێکی هێزەکانی تورکیا بۆ کوردستان بێ ئاگاداری مەسعوود بارزانیو سەرانی پارتی نەبووە. بەڵام هەڵوێستی یەکیتی زیاتر هوشیارانەتر بووە لە مامەڵە کردن لەم بارمیەوەو بگرە یەکێتی باجی خۆیشی داوە لە سەر ئەو هەڵوێستەی کە نامادە نەبوو لە ژێر گوشارو هەڕەشەی تورکیادا دەست لە پەکەکە بکاتەوە، هەر چەندە هەمیشە لەگەڵ پەکەکەدا

شەڕە دەنووکی بووە لە سەر سیاسەتە چەوتەکانی‌و زۆر جاریش بەڵێنی لە ئۆجەلان‌وەرگرتووە کە شێوازی کارو مامەڵەی بگۆڕێ‌و بە پێ ی سیاسەتی سەردەم ڕەفتار بکات‌وکاروانی کوردایەتی بەرەو هەڵدێر نەبات.

پەلاماردانی هەولێر

لە دوای گرتنەوەو پاکسازی هەولێر یەکێتی هەمیشە قایمەکاری لە هەولێردا کردووە لە بەرامبەر ئەگەری هەر هێرشیکی پارتیدا، چونکە زۆر جار دەنگو باسی پەلاماردانی بلأوئەبووەوە یان‌ووردە شەڕ لە سەنگەرەکانی ڕوو بە ڕوو بوونەوەدا بەرپا ئەبوو. ئەم هەواڵانە بوو بە ڕاستی، لە ڕۆژی ۱۹۹۵/۳/۲۷ دا پارتی بە هێزێکی زۆرەوە پەلامارێکی کوتوپڕی هەولێریدا بە مەبەستی گرتنەوەی‌و دەرپەڕاندنی یەکێتی. بەڵام لەم هەوڵەیاندا سەرکەوتوو نەبوون،وەکو جاری پێشوو لە کەسنەزانەوە پەلاماریان دا. بە جۆرێك شکان ۸۰ کەسیان لە مەیدانی شەڕدا لێیەجێماو بە دەیانیان برینداروو سەقەت بوون. پارتی هەر چەندە شکان‌و کشانەوەو هیچیان پێنەکرا بەڵام لەم هێرشانەیاندا هەروا بە هەڕەمەکی نەهاتبوون بەڵکو بە پێی زانیاری تایبەتی کە لە ڕێگەی جیهازی بێتەلی پەرلەمانەوە پێیان ئەدرا ئەم هێرشەیان کرد. ئەو بێتەلە ڕۆژانەو بە بڕیاری سەرۆکی پەرلەمان برووسکەی زانیاری لە سەر هەلومەرجی ناو شاری هەولێرو دەورووبەری ئەدرایە دەزگا عەسکەرییەکانی پارتی، یان‌وەکو زانیاری لە سەر ئەحداسیاتی ناوچەکە بۆ تۆپبارانکردن. لەم ڕووەوە دەیان بەڵگەنامەیان گیراوە کە دەری ئەخەن سەرۆکی پەرلەمان‌و هەڤاڵەکانی لە بینایەی پەرلەماندا لە کاتی پەناگیریدا بۆ چی مابوونەوە. ئەم کارەیان تەنیا زیانی لە هێزەکانی یەکێتی نەئەدا بەڵکو زیانی ڕاستەوخۆی لە دانیشتوانی هەولێرو دەورووبەرەکەی زیاتر ئەدا. هەر ئەمەش‌وایکرد کە ئاسایشی گشتی هەرێم لە هەنگاوێکی یاساییدا دەست بەسەر ئەو بێتەلەدا بگرێ کە بە

شێوەیەکی ناڕاست بەکار هێنراوە نەك بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی پەرلەمان بەڵکو بۆ جاسوسی کردن بۆ لایەنێکی شەڕ کەر کە ئەبووایە سەرۆکی پەرلەمان وەکو ناو بژیوان ئەرکی خۆی بەجێ بهێنایە.

ووردە شەڕ

مانگی ١٩٩٥/٥ ووردە شەڕ هەبوو، بە تایبەتی کاتێ پارتی ئاگر بڕی هەڵوەشاندەوەو ئاگاداری حیزبە کورستانی یەکانی کردەوە. ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووە بۆ گوێنەدانی پارتی بەویستی ئاشتی و داخوازییەکانی گەلەکەمان. لە مانگی ١٩٩٥/٦ یشدا دیسانەوە بە ڕاجیمە درایەوە لە بنەسلاوەو دێی سێبەردان و زیانیان بە خەڵکە گەیاند. هەر لەم مانگەدا هێزێکی ڕژێم کە پێکهاتبوو لە ٥ تانك و ٣ زرێپۆش و ٥٠٠ سەرباز لە چەند فەوجێکی فەیلەقی پێنج پەلاماری دێی عوێنەو شێخ شەروانیان دا، پێشمەرگەکانی یەکێتی لە کانی قرژاڵە لێیان هاتنە دەست و لە ماوەی نیو سەعاتدا ڕاویاننان و ئۆتۆمبیلێکی جیپ و دۆشکایەکی ١٢/٥ ملم و جیهازێکی ڕوسی ١٠٥ یان دەسکەوت بوو. هەروەها پارتی لەوەڵەسمتەوە پەلامارێکی دا بەڵام تێکشکاو لە قوڵی شەقڵاوەشەوە تەقە هەبوو، زیان گەیەنرایە زەوی و زاری هاولاتیان لەو ناوەو لە گەروەتە. هەروەها لە دۆڵی بالیسانیش چەندین پارچە دەغڵ و ڕەزی دێهاتەکانی توتمە، بالۆکاوە، زینەتیر سووتا.

ناکۆکی لەگەڵ حیزبوڵلادا

وەنەبێ پارتی تەنیا لەگەڵ یەکێتی یان حیزبەکانی تردا نەیار بێ و ناکۆکیەکان بگاتە ئاستی تەقینەوەو شەڕی گەرم، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەشدا کە لە بنەماڵەکەی خۆیەتی با لە حیزبێکی تریش بێ لەئاستێکی بەرزی ململانێدا بوو، ئەدهەم بارزانی کەسێکی نزیکی سەرۆکی پارتیە ئەگەر چی وەکو

حیزبایەتی پارتی نیە.. بەڵام بە زۆر هۆکار لەگەڵ پارتیو بنەماڵەدا پێکەوە نایانکرێ، هەمیشە لە ڕووی بەرژەوەندیەوە دژ بە یەکن، لە ئەنجامی ئەو ناجۆریەدا ڕۆژی ١٩٩٥/٦/١٤ مەفرەزەیەکی نێچیرڤان بارزانی بارەگای ئەدهەم بارزانی لە مەسیف دەرئەکەن. هەمان ڕۆژیش پارتیو حیزبوڵلا لە حاجی هۆمەران بەرامبەر یەکوەستاونو تەقەشیان لە یەکتری کردووە. بە پێی هەندێ زانیاری مەسعود بارزانیو ئەدهەم بارزانی بە جیهاز قسەیان کردووە، ئەدهەم بە مەسعودیووتوە: تۆ ئەو پیاوە نیت لەبەر ئێمە نەبێت یەکێتی نیشتمانی ئاودیوی ئێرانی ئەکردیت. ئێمەش لە مەولا بە هیچ شێوەیەك هاوکاریت ناکەین. حیزبمان ڕێگا نادات چەکدارانی پارتی لە چۆمان سەرکەوێت بۆ حاجی هۆمەران.

پەیکەری مادام میتران

ڕۆژی ١٩٩٥/٦/٢٨ لە هەڵەبجەی شەهیددا دەستی تاوانکارانەی پارتی گەیشتە پەیکەرەکەی مادام میتران کە لە ڕووی ڕێزەوە بۆ مرۆڤە ناسکەکەی فەرەنسا لە لایەن هونەرمەندانی کوردەوە درووستکرا. ئەو ژنەی ناوی دایکی کوردی لێنرا، کە لە هەندەرانێکی دوورەوە لە کاتی کۆڕەودا بە هانای کوردەوە هاتو لە خۆشەویستی کورددا سەردانی پەرلەمانی کرد. ئەبێ حیکمەتی پارتی چی بێ لە شەڕێکی ناو خۆییدا یەخەی پەیکەری ئەو ژنە مەزنە بگرێو بێتەقێنێتەوە..؟ تۆ بڵێی لە ژێرەوە مادام میتران ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بوو بێ..؟ هەڵوێستی پارتی چی ئەبێ ڕۆژێك لە ڕۆژان لەگەڵ مادام میتراندا دانیشن چۆن پاساوی ئەو کارەیان ئەدەنەوە..؟.

دیسانەوە سوپای تورک

جارێکی تر سوپای تورک لە مانگی ١٩٩٥/٧ خۆیان کردەوە بە کوردستاندا. کەس نەبوو پێی بڵێ بۆ چی هاتووی..؟ مادام کورد لە ناوخۆدا ناکۆکن‌و لە شەڕی دەستەو یەخەدان‌و یەکەکەش هۆکارێك بێت بۆ ئەو هاتنە ناوەوەیە، هەرگیز تورکیا دەست لەو جۆرە دەستێوەردانە نایاسایییە هەڵناگرێت. نەبوونی دەسەڵاتی یاسایی بیانوویەك ئەداتە دەستەوە بۆ هەر جموجووڵێکی لەو بابەتەی تورکیا پەیڕەوی ئەکات. بە تایبەتی لە بارێکی‌وەکو ئەمەی کوردستانی تیادا ئەژی لە شەڕێکی خوێناوی نێوان یەکێتی‌و پارتی. هەر لەم ماوەیەدا لە هەوڵێکی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی پارتیدا یەکێتی لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پارتی دا بە جۆرێك شپرزەیی خستە ناو ریزەکانی پارتی یەوە، زیانی زۆریان لێکەوت، بە تایبەتی لە قۆڵەکانی: دۆڵی بالیسان‌و کەپکی حەمەد ئاغاو قۆڵی زیارەتەوە کە جۆرە هەرەشەیەك بوو بۆ سەر سەری رەش. پارتی هەمیشە هەوڵی ئەدا لە بەرەی رەواندزەوە درزێك بخاتە ئەویوەو رەواندز داگیر بکات کە کاریگەری بۆ سەر جەبهەی دۆڵی شەهیدان‌و دۆڵی بالیسانیش هەبوو. سەرەڕای ئەو هەموو تۆپباران‌و پەلامارانەی کە هەندێکی خودی پیاوانی بنەماڵە سەرپەرشتیان ئەکرد هیچیان پێنەکرا، گوشارێکی زۆر کەوتبوە سەر رواندزو دەوروبەری.

شەڕەکان‌وای لێهاتبوو هەر جارەی لایەك لە شوێنێکەوە سەرکەوتنی‌وەدەست ئەهێناو لایەکەی تر ئەشکاو پاشەکشەی ئەکردو ناچار لە هەوڵێکی نوێی هێز کۆکردنەوەداو لە ساتەوەختێکی چاوەڕوان نەکراودا دەستی بەسەردا ئەگیرا.

پەیوندییەکانی پارتی ـ بەغداد

کاتێ کە پارتی ئەیزانی خۆی ناتوانی لە شەڕگەدا گرەو بباتەوەو سەرەنجامی شەڕەکان بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە، لاپەڕە کۆنەکانی پەیوەندییە ڕەشەکانی لەگەڵ دەوروبەردا بۆ یەکلاییکردنەوەی شەڕ لەگەڵ یەکێتیو چارە ڕەشی هێنان بۆ کورد هەڵئەدایەوە، لەم مانگەدا بوو هەندێ زانیاریمان چنگ کەوت کە نوێنەرانی پارتی فازیل مەتنیو د.ڕۆژ نوری شاوەیس لەگەڵ پیاوەکانی ڕژێمی بەعسی کورد کوژدا پێکەوە دانیشتوون نەك بۆ گفتوگۆ لەسەر داخوازیەکانی کورد بەڵکو هاریکاریکردنی یەکتری لەسەر لێدانی یەکێتیو هێزە تێکۆشەرەکانی تری مەیدانی کوردایەتی. لە ئەنجامی ئەم دانیشتنەدا بڕێکی باش چەكو تەقەمەنیان پێ بەخشراوەو لە ڕێگەی مەنشەئەی یەرموکەوە پێیان گەیشتووە.

ئەم هەنگاوەی پارتی کارێکی تازە نییە بەڵکو بەردەوامی پەیوەندییەکانی سەردەمی گفتوگۆی ساڵی١٩٩١، هەموو لایەنێکی دژ بە داگیرکەر لە دانوستاندا فێری بەرگریکردن لە مافەکانی گەلە چەوساوەکەی ئەبێت، کەچی پارتی فێری هاریکاری ئەبێت لەگەڵ ڕژێمدا بۆ تەفروتونا کردنی هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەی خۆی. کەم لایەنی ناکۆك هەیە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیەکانی پەنا بباتە بەر هێزی بیانیو دەستکێشی دوژمن کە ناپاکیەکی کەموێنەیەو لێخۆشبوونی هەر نییە. هەموو ئەو پەلامارە تێکشکاوانەی پارتی بۆ سەر ڕەواندزوای لە مەسعود بارزانی کرد بوو ڕۆژی ١٩٩٥/٨/٢ کە خودی خۆی داوا لە فەرماندە عەسکەری یەکانی بکات کە ئەبێ ڕەواندز بگیرێتو گۆڕانێك لە تەرازووی ئەو جەبهەیەدا درووست بکرێتو زۆریش تەئکیدی لەوە کردۆتەوە. چوون ئەیزانی ئەم قۆڵە کلیلی سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ فراوانکردنی ڕووبەری ناوچەی دەست بە سەراگیراو لە لای ئەوانەوەو

تەسکبوونەوەی ڕووبەرێکی بەر پێی هێزەکانی یەکیتیو لەوێشەوە ئەتوانێ نەخشەی پەلامارەکانیان بۆ سەر ڕانیەوقلاّدزە داڕێژن.

هەڵهاتنی حسێن کامیل

هەر لەم مانگەدا بوو کە ڕووداوێکی سەیرو کوتوپڕ لە عێراقو ناو بنەماڵەی دیکتاتۆری بەغدا دا بەرپا بێو هەموو خەڵکیو لایەنە ئاگادارەکان بهەژێنێ. ئەویش هەڵهاتنی حسین کامیلیوەزیری پێشەسازیو کانزاکانو بەڕێوەبەری دامەزراوەی پێشەسازی سەربازیو سەدام کامیلی برایو ژنەکانیان کە کچی سەدامی خوێنڕێژن لەگەڵ کوڕە مامێکیان بە ناوی عیزەدینەوەو گەیشتنیان بە ئەردەنو داواکردنی پەناهەندەیی لەوووڵاتە دراوسێیەی عێراق. سەدام مەرسومی کۆماری لە بارەی دەرکردنی حسین کامیلەوە لە هەموو پلە کارگێریو حیزبی یەکان دەرکرد.وەنەبێ سەدام حسینوەکو دیکتاتۆرێکی بێبەزەیی نەك هەر بەر بووەتەویزەی خەڵکی عێراقو کوردستان بەڵکو پەلاماریووڵاتانی دەرو دراوسێتی داوەو هەڕەشە لە ئاشتی جیهانی ئەکا، بەڵکو لە ناو خودی خێزانەکەی خۆشیدا بشێویو قۆرتی زل سەری هەڵداوەو کونی کردۆتە جگەری. بە جۆرێك کە هەردوو زاواکەیو هەردوو کچەکەی لە دژی سیاسەتەکانی ناو خێزانەکەی هەڵبێن کە لە ڕاستیدا ئەم کارە ڕەنگدانەوەی دۆخە سیاسیە گشتی یەکەشی تێدا دەرئەکەوێت نەك هەر ناکۆکی ڕووتی ناو خێزان بێت. ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەر ئەخات کە دیکتاتۆر چەند بە زەبرو زەنگ بێت بەرامبەر بە خەڵکی، لە ئاژاوەی ناو خۆیی ناو ماڵەکەی خۆی دەرباز نابێت. ئەم ڕووداوە کارێکی زۆری کردە سەر دڵو دەروونی سەدامو کوڕە جەللادەکانیو ئەندا مانی بنەماڵەکەی. بۆیە بە پەلەویستی ئەم درزە لە گیانی خێزانو ماڵەکەیدا پینە بکات لە ڕێگەی پیلانەوە بۆ گێڕانەوەیان بە هەر فرتو فێلێك هەیە.

زۆر سەیرە کەسێك لە چەقۆی تیژی ئەم دیکتاتۆرە دەرباز بوو بێو خۆیشی چەقۆ کێشێکی درندەی ئەو جەللادە بووبێ چۆن دڵنیا نەبێ بچێتەوە بەر دەستی کە ئەزانێ کونی بەزەیی لە دڵیدا نییەو تۆڵەی خۆی ئەکاتەوە. حسین کامیلو سەدامی برای لە ئەردەنەوە بە پێی خۆیان دوای قایل بوونو گوشاری ژنەکانیان گەڕانەوە بەغداد تا لە دوورەووڵاتدا نەمرن بەڵکو بە دەستی سەدام حسین لە تەناف بدرێن، سەدام حسین لە ئەنجامی ناکۆکی ناوخۆیی حیزبو خێزاندا بە هەزارانی لە ڕووباری خوێنی سووردا هەڵکێشاو بە دیار شەپۆلانی خوێنیانەوە زەماوەندی ئەگێڕا. دەستی چووە خوێنی زاواکانی کە نزیکترین کەسانێك بوون لە گاردە پارێزەرەکانی خۆیو لە بەر خاتری کچەکانی چاو پۆشی لێ نەکردن. تەنیا عیزەدین بڕوای بە سەدام نەبوو نەگەڕایەوە.

ناوبژیوانی

لەم لاشەوە لە کوردستاندا شەڕ خەڵکیوەڕس کردبوو. تەنانەت دۆستەکانی دەرەوەشمانی بێزار کردبوو، هیچ ناوبژیوانییەکیش سوودی نەبوو هەر ماوەیەکی کەم ئاگر بڕ ئەبوو دواتر زرمەی تفەنگەکان گوێی خەڵکی ئەزرنگانەوەو خەویان لە چاوان ئەتاراند.

هەر لەم پێودانگەوە ئەمریکیەکان هاتنە سەر خەتو هەوڵێکی ناوبژیوانیان داو هەردوو لای شەڕکەریان لە ڕۆژانی ١٩٩٥/٨/١١-٩ لە شاری درۆگیدا لە سەر مێزی گفتوگۆ کۆکردەوە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی تورکیاو INC. دوای بگرەو بەردەیەکی زۆرو تاوتوێکردنی شتەکانو هەڵسەنگاندنی گیروگرفتەکانو جیاوازی لێکدانەوە هەردوولا پەیمانیان دا شەڕ ڕاگرن، هەوڵیش بدەن ئەم هەنگاوی شەڕ ڕاگرتنە یەکجارەکی بێت. بۆ جێبەجێکردنی ئەمەش ئەبێ هێرشی ڕاگەیاندن بوەستێنریو هەردوولا بەردەوام بن لە کۆبوونەوەی هاوبەشو گەیشتن بە ڕێککەوتنو ئاشتی. ئەم ڕێککەوتنی ئاشتییەش ئەم خاڵانەی گرتەوە:

١. داماڵینی چەك لە هەولێر.

٢. لیژنەیەکی بێلایەن بە سەرپەرشتی INC پێکبهێنریت.

٣. هێزەکانی دەوروو بەری هەولێر کەم بکرێتەوەو ببرێتە شوێنی تر.

٤. لە ماوەی ٤٨ کاتژمێر لە داماڵینی چەك لە هەولێرو گومرکەکان بدرێتەوە بە حکومەتی هەرێم.

٥. جەردوووردبینی هەموو گومرکەکان بکرێت لە ڕۆژی ١٩٩٤/٥/١ەوە.

٦. لە دوای ٤٨ کاتژمێر لە داماڵینی چەك لە هەولێر حکومەتی هەرێم دەست بە کاری خۆی بکاتەوە.

٧. پەرلەمان کاری خۆی ئەکات بە خێرایی‌و حکومەتی تازە پێك ئەهێنێ.

لەم گفتو گۆیەدا پارتی هەوڵی ئەدا کە یەکێتی پەکەکە تاوانبار بکات کە تیرۆریستە. چونکە لەگەڵ خۆیدا لە شەڕدابوو، ئەیویست یەکێتیش ڕاکێشێتە ناو هاوکێشەکەوە، بەڵام یەکێتی دژی ئەوە ڕاوەستا. هەرچەندە یەکێتی پەکەکەشی باش ئەناسی بەڵام سیاسەت لەو کاتانەدا ئەوەی ئەویست.

ئەم ڕێککەوتنەش بە دەردی ئەوانەی پێشووتری لێهات، پارتی ناوەڕۆکەکەی بە دڵ نەبوو. بۆیە لە کاتی ئاگر بڕدا دیسانەوە پەلاماری هەندێ شوێنیان دا:

- ڕۆژی ٨/١١ پەلاماری ناوچەی شارەزووریان داو تێکشکان.
- ڕۆژی ٨/١٣ تۆپبارانی ڕەواندزیان کرد.
- ڕۆژی ٨/١٦ تۆپبارانی سێ بەردانیان کرد.
- ڕۆژی ٨/١٨ پەلاماری‌وەرتێیان داو سەرکەوتوو نەبوون.

گرفتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران

هەر لەم مانگەدا ڕۆژی ۱۹۹۵/۸/۲۳ سەد پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی حسین نازدار ئاودیوی ناو ئێران بوونەوە، لەوێش چالاکی پێشمەرگانەیان کردبوو. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سنووری یەکێتیدا لە هەندێ شوێن بارەگایان هەبوو، کاتی خۆی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە ڕێگەیان پێدرا بوو بۆ چالاکی ئەنجامدان دژی ئێران لە نزیکی سنوورەکانەوە هەبن. بەڵام دوای ڕاپەڕین‌و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێرانییەکان بیانوویان لە بوونی هێزە ئۆپۆزسیۆنییە ئێرانییەکان ئەگرت‌و بەو بۆنەیەوە کێشەیان دروست ئەکردو تۆپبارانی ناوچەکانی ناوەوەی هەرێمیان ئەکردوو زیانیان بە خەڵکی ئەگەیاندو دەروونی دانیشتوانی ڕائەچەڵەکاند، چونکە هیچ دەسەڵاتێک نەبوو ڕێگری لەو ڕەفتارەی ئێرانیەکان بکات جگە لەوەی کە لە گەڵیانا ڕێکبکەوین لە سەر هەندێ مەرج. بەتایبەتی سنوور دانان بۆ هاتوچۆی ئەو هێزانەی ئۆپۆزسیۆن بۆ ناو ئێران کە زۆربەی بارەگاکانیان‌و زۆربەی هاتووچۆشیان لە سنووری یەکێتیدا بوو. لای پارتی کەمتر ئەو کێشانە سەری هەڵئەدا. بۆیە یەکێتی لە گەڵ ئەو لایەنانەدا پێکهاتبوو لە سەر ئەوەی هەر هیچ نەبێ لەم قۆناغەدا دان بەخۆیاندا بگرن‌و چاودێری هەلومەرجی هەرێمی کوردستان بکەن‌و ئاڵۆزی نەخوڵقێنن. لە دابی نێودەوڵەتیشدا هەر هێزێکی میوان ئەبێ ئیلتیزام بە بڕیارو سیاسەتی‌وڵاتی میوان دارەوە بکات‌و لێی لانەدات. بەڵام بەداخەوە برایانی دیموکرات لێرە گوێیان بەو ڕێککەوتنە نەئەداو ڕەچاوی دۆخی ئێرەشیان نەئەکرد. ئەمەش لە دوو سەرەوە زیانی بۆ ئێمە بەجێ ئەهێشت:

- له سەرێکەوە گرفتی لە گەڵ ئێراندا بۆ ئەسازاندین.
- لە سەرێکی ترەوە ئەو کارەی ئەوان بێرێزییەکی نیشان ئەدا بەرامبەر بە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم کە لە ڕاستیشدا کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی هەبوو لەسەر کارو بەرنامەکانمانو جۆرە بێ متمانەیەکی ئەنواند لە سەر هەستو هەڵوێستی خەڵکی.

شەڕی پارتی- پەکەکە

پارتی ئەم جۆرە کارانەی پێخۆش بوو، چونکە سەر ئێشەی بۆ یەکێتی دروست ئەکردو پەیوەندییەکانی بە ئێرانەوە ئەخستە بارێکی لەقەوە. بەڵام ئاگای لەوە نەبوو بۆ خۆیشی تووشی ملۆزمێکی پڕ کێشەتر ئەبێتەوەو خوردو خەوی لێ حەرام ئەکات. دیارە پەکەکەوەکو هێزێک دەمێک بوو بەرنامەی کارکردنیان گواستبووەوە باشووری کوردستان، نەکوەکو هێزێکی میوان بیانەوێ سوود لە هەلومەرجی ئێرەو شوێن دابین کردن بۆ خۆیانوەربگرن، بەڵکو وەکو ئەلتەرناتیڤێك خۆی دائەناو هەموو هێزەکانی کوردستانی باشووری بە کۆنە پەرستو بەکرێگیراو ئەژمارد. هەتا ئەهات لە ناو خەڵکیدا پێگەیان دائەکوتا، بەڵام بە پێوەدانگێکی دوور لە گیانی سەردەم، دوور لە داخوازییەکانی گەلەکەمان هەر بە دروشمی زەقو بریقەداری سەردەمی ستالین گەنجانی ئەمووڵاتەو بەشەکانی تری کوردستانیان هەڵئەخەڵەتاند بە کچو کوڕەوە، ئامادەیان ئەکردن بۆ مردنی بێهودە کە ئەبوایە لە بنەڕەتدا بۆ ڕزگاری کوردستان بێت. بۆیە هەتا ئەهات ناکۆکییەکان توندتر ئەبوونەوە، بە تایبەت لە ناوچەی بادیناندا بوو بوونە ملۆزمی پارتیونەیانویست لە بنەوە هەڵیتەکێنن، جار جارەش دژی یەکێتی ئەدوان.

هێشتا پارتی هەر لە شەڕدا بوو لەگەڵ یەکێتیدا. لە ناکاو لە ڕۆژی ١٩٩٥/٨/٢٧ شەڕ لە نێوان پارتیو پەکەکە هەڵگیرسا. پەکەکە لە پەلامارێکدا گەلی زاخۆیان گرت. شەڕەکە بە جۆرێك بوو سەرانسەری بادینانی تەنییەوە،

ڕۆژی ٨/٢٩و دواتریش هەموو ڕێگاکانی سەرسەنگ - دهۆك، ئەتروش - دهۆك، بەرواری بالاً - زاخۆ، ئامێدی - دهۆك کۆنترۆلکرابوو.

ئەم شەڕە سەرانی پارتی هەژاند، ناچاربوون بیر لە دەربازبوون بکەنەوە لەو تەنگژەیەی تێی کەوتوون. چونکە هەرخۆیان بەتەنیا نەیانئەتوانی ڕووبەڕووی پەکەکە ببنەوە، سەرەڕای بالاًدەستیان لە ناوچەکەدا کە یەکێتی لێنەمابوو، گوشاریان بۆ سەر لایەنەکانی تریش هەبوو. پەکەکە توانیبووی پێگەی جەماوەری بۆ خۆی قایم بکاتو لە دەستکردنەوەداووڕەی هێزەکانی پارتی ببات.

بۆیە ڕۆژی ١٩٩٥/٨/٣٠ نێچیرڤان بارزانی بە پەلە گەیشتە سلۆپیو لە لایەن گەورە بەرپرسانی سەربازی تورکەوە پێشوازی لێکرا. دیارە تەنیا مەبەست لەم دیدارو پێشوازییە مەسەلەی پەکەکە بوو، کە هەردوولاوەکو یەك گیرۆدەی یەك دەردنو پێویستیان بەوە هەیە لە ڕووی داکۆکی لە خۆکردنەوە هاوکاری یەکتر بکەن. پارتی کە خۆی نەیتوانیوە پەکەکە قایل بکات ڕەفتارەکانی بگۆڕێ هەولّی نەداوە یان بۆی نەکراوە خەلّکیوا لێ بکات باوەش بۆ پەکەکە نەکەنەوە، ئەچێ داوای هێزی سەربازی تورك ئەکات بۆ دەرپەڕاندنی پەکەکە لە سنوورەکەیان. خۆ چەندین جاری تر سوپای تورك هاتوونەتە کوردستانەوەو لە پەکەکەیان داوە، کەچی پەکەکە گەرچی زیانیان لێکەوتووە بەلاًم کۆتاییان نەهاتووە. ئەبێ ئێستا بە هاتنی سوپای تورك چی شتێ بگۆڕێ مەگەر تەنیا هاوپشتییەك بۆ خۆیان پەیدا بکەنو هیچی تر.

تورکیاش بە پەلە بەدەم داواکارییەکەی پارتییەوە هاتنو لە هەولّێکی دۆستانەدا فڕۆکەجەنگییەکانیان ناردە سەر هەرێمی کوردستانو بە خەستی بۆردومانی:

- دەوروبەری زاخۆ
- دەرگار عەجەم
- بامەڕنی

- سەرسەنگیان کرد.

بەڵام هێشتا بەرەسمی سوپاکەیان نەناردبووە کوردستانەوە. لە مانگی ۱۹۹۵/۹ یشدا شەڕ گرمەو کەفو کوڵی دانەمرکاوەتەوە بەڵکو مەسعود بارزانی خۆی ڕاستەو خۆ سەرپەرشتی شەڕەکانی ئەکرد کە لەناوچەی بارزان‌و ڕێکانیان بەردەوام بوو، هەروەها شەڕ لە دەڤەری زاخۆو باتوفەو جادەی گشتی دهۆک - زاخۆ هەبوو. جگە لەمە فڕۆکەکانی تورکیا ڕۆژی ۹/۸ بۆردومانی چیاکانی مەتین، گارە، بارزان‌و ڕێکانیان ئەکرد.

هەر لەم کاتانەدا بوو هەر سێ دەوڵەتی ئیقلیمی داگیرکەری کوردستان تورکیا-ئێران- سوریاوەکو هەموو جارەکانی تر کۆبوونەوە. دیارە بۆ پیلانگێڕان بوو دژی هەرێمی کوردستان. بۆیە ترسێکی زۆر لە خەڵکی هەرێم بەگشتی‌و خەڵکی بادینان بە تایبەتی نیشتبوو کە دوای کۆبوونەوەی هەر سێ دەوڵەتەکە سوپای تورک بێتە ناو کوردستانەوەو تەڕوووشک پێکەوە بسووتێنێ.

ڕۆژی ۱۰/ ۹ مەسعود بارزانی چووە دهۆک بۆ بەسەرکردنەوەی بارو دۆخەکەو شەڕەکەش هەتا ئەهات لە ناوچەکانی مەتین، گارا، باتوفەو دەروبەری زاخۆ گەرم تر ئەبوو.

لە هێرشێکی پارتیدا دژی پەکەکە پاش کوژرانێکی زۆر لە پارتی لە گەڵی زاخۆ، دەرکار عەجەم، ئەوشوێنانە لە لایەن پارتییەوە گیرایەوە. جگە لەوە ڕۆژانە کۆپتەرەکانی تورکیا بە سەر هێزەکانی پەکەکەدا ئەسووڕانەوە بە لام بوردومانیان نەئەکرد.

ڕۆژی ۹/۱٤ چەکدارەکانی پارتی‌و حیزبوڵلا کە پێشتر ناکۆک‌و دژی یەک بوون، یەکیان گرتەوەو دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کەوتنە شەڕەوە. دیارە ناکۆکی پارتی‌و حیزبی دیموکرات تازە نییەو دەمێکە دانوویان بە یەکەوە ناکوڵ‌و سەنگەریان لە یەک گرتووەو لە ڕاگەیاندندا شەڕیان پەرپاکردووە.

کە گفتوگۆ لە دبلن کرا یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی گفتوگۆ کردن گەڕانەوەی گومرگەکان بوو بۆ دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم، بەڵام پارتی ڕۆژی

۹/۱۵ ڕایگەیاند کە ئامادە نییە داهاتی گومرگی برایم خەلیل بگەڕێنێتەوە، بۆیە دانیشتنەکەی دبلنیش چارەسەری دەردی شەڕی نەکردو ئەمیش لە گۆرستانی ڕێکنەکەوتنەکانی تردا نێژرا. هەروەها یەکێتی دژی ئەو خاڵە بوو کە پەکەکە تیرۆریستەو بووەتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ پارتیدا، شەڕەکانی پارتی - پەکەکە لە ناوچەی سیدەکان بەردەوام بوو، هەروەها لە ئەترووش‌و چیاکانی دەوروبەری بەتوندی هەبوو برینداریکی زۆری پارتی بۆ دهۆك ئەهێنرایەوە. بەڵکو شەڕ کەوتبووە ناو شارۆچکەی زاخۆوەو دیسانەوە لە چیاکانی گارە، چیا سپی‌و کانی ماسی‌و خاپوور، چیای بێخێرو پشتی چۆمان بەگەرمی بەردەوامەو زیانی پارتی زۆرە بە جۆرێك ۲۵ تەرمی کوژراوی پارتی گەیشتبووەوە دهۆك کە ٥ کەسیان هی یەك ماڵ بوو. هەروەها تەرمی ۱۰ بارزانی برایەوە دیانا. دۆخەکە کارەساتبارە بە شێوەیەك لە زۆر دێی ناوچەکانی بادیناندا پرسە هەبووەو لافیتەی شەڕ هەڵواسراوە خەم‌و ماتەمی ڕەنگ‌و ڕووخساری خەڵکی داپۆشیوە. هێزەکانی پارتی زیانی زۆریان لێکەوتووە،وورەیان نەماوە، ترس دڵ‌و دەروونیان ئەخوات، لە بەرامبەردا زیانی پەکەکە کەمتر دیاربوو، ئەگەر هەشبوایە ئەوان بایەخیان پێنەئەدا،واپەروەردە کرابوون گرنگی بە کوژراوەکانیان نەدەن. لە بەرامبەر ئەو هەموو کوشتارەی لە پارتی ئەکرێ. پەکەکە چوار کەسیان لێبەدیلکرا لە ناوچەی دهۆك‌و دەستبەجێ گوللە باران کرابوون.

بە درێژایی مانگەکانی ۱۰و ۱۱ / ۱۹۹٥ لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا بە گەرمی بەردەوام بوو، شوێن نەبوو زرمەی تیا نەبێ، چەکداری هەردوو لای لێنەکوژرێ. لە زۆر شوێن‌و چیای سەختی‌وەك گارە یان چیای سپی یان شاخی گیرە پەکەکە زاڵبوون‌و دەستیان بە سەردا گرتبوو. زۆر جار پارتی هێزەکانی کۆئەکردەوەو ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی ئەکردن کەچی زۆریان بە فرۆفێڵ خۆیان ئەدزییەوە ئەمەش نیشانەی

بێزاری و نەویستنی ئەو باری شەڕخوازییەیە کە پارتی بەرهەمی هێنا بوو هیچ ڕێگایەکی تری نەئەگرتە بەر.

ناوبژیوانی ئێران

هەر لەمانگی ۱۰ /۱۹۹۵ کۆماری ئیسلامی ئێران دۆستی هەردوولای شەڕکەری کورد لە هەولێکی ناوبژیوانیدا هەردوو لای بانگهێشتی تاران کردو ڕووبەڕوو پێکەوە دانیشتن و گرفتەکانیان باسکردو هەردوولا هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بە باشی نرخاند. کە هەمیشە هەولیداوە ناکۆکی نێوان هەردوولا چارەسەربکرێ و شەڕ نەمێنێ. خشتەی کارەکانی ئەم گفتو گۆیە لە سەر ئەم تەوەرانە ئەسووڕایەوە:

- هەولێر بکرێتە ناوچەیەکی چەك داماڵراو.
- گومرگەکان بدرێتەوە دەستی حکومەتی هەرێم.
- پەرلەمانی کوردستان بکەوێتەوەگەڕ لە سەر بنەمایەکی فراوانتر کە حیزبەکانی ترو نوێنەری نەتەوەکانی تری ناو هەرێم بگرێتە خۆی.
- ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی هەموو ناوچەکانی کوردستان.
- هەڵبژاردن.
- پێکهێنانی دەستەیەکی بێ لایەن بۆ چاودێری و بە دوادا چوونی ڕێککەوتنەکە.

گوایە ئەم دانیشتن و گفتوگۆیانە پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە. بەلاّم هەندێ بڕگە لەم جەولەیەی گفتوگۆدا دوا خرا بە هۆی نەگەیشتنە ڕێگە چارەی تەواو، هەردوولاش بەڵێنیاندا کە بگەڕێنەوە لای سەرکردایەتیان و گفتو گۆی زۆرتر ئەنجام بدەن بە چاودێری ئێران. دیارە هەردوولا بەڵێنیان دابووە

ئێران کە یەکێتی خاکی عێراق بپارێزن‌و ئاسایشی سنووری دەوڵەتە دراوسێکانی تورکیا ـ سوریا ـ ئێران بپارێزن.

ئەوەی ڕەچاو ئەکرێ هەر لایەك ناوبژیوانی ئەکات لە دەوڵەتە ئیقلیمییەکان لە نێوان یەکێتی‌و پارتیدا جگە لەوە بە لاوەکی خۆیان لە قەرەی گرفتەکانی هەردوولا ئەدەن، بگرە پێشیان خۆشە ئەم دوو لایەنە لە شەڕو پێکدادان‌و دەردی سەریدا بن، چەندین ئەوەندە مەبەستیان بەرژەوەندییەکانی خۆیانە کە ئەبێ لە بەرچاو بگیرێ، ئەوان نایانەوێ کورد چارەنووسی خۆی بە دەستبهێنێ‌و ئەبێ هەر لە زیندانی عێراقدا بمێنێتەوە، لە بەر ئەوەی کورد لەووڵاتانەدا هەن‌و سەر ئێشەن بۆ ئەوان، ئەبێت ئێمەش باجی ئەوە بدەین کە ئاسایشی سنوورەکانیان بپارێزین‌و هەمیشە لە ژێرباری هەڕەشە قورسەکانیاندا بناڵێنین.

وەنەبێ ئەم ناوبژیوانیەی ئێران بەختی لە هی ناوبژیوانیەکانی تر باشتر بووبێ‌و چارەسەری سیحری بووبێ بۆ دەردێکی کوشندە کە دەمێکە پێیەوە ئەناڵێنین. بەڵکو ئەمیش چووە خانەی فەرامۆشیەوەو دیسانەوە پارتی بوونە هۆکاری ئەفەروزکردنی ئەم ناوبژیوانیەش کە گەر ناوەرۆکەکەی جێبەجێ ببوایە لەوانەیە زووتر لە خەم‌و ئازارەکانی شەڕ ڕزگار ببوینایە.

زاڵگەی کۆیە

پێمان نایە مانگی ۱۹۹۵/۱۲ ئەوکاتە من فەرماندەی لەشکری کۆیە بووم، لەو کاتانەدا هەندێك زانیاریمان پێگەیشت کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە ڕێگای هاتووچۆکردنیان لە مەسیفەوە بۆ سلێمانی‌و هەڵەبجەی شەهید خەڵکی پارتی بە ئۆتۆمبیلەکانیان ئەگوێزنەوەو هات‌و چۆیان پێئەکەن، چونکە بەشێکی هێزو ڕێکخستنەکانی پارتی لە هەڵەبجەی شەهید دا بوون. پەیوەندیان ڕۆژانە بە جیهازەوە ئەکرد، بۆ کاری پێویستیش لە ڕێگەی ئێرانەوە. ئیتر هەنێ

جاریش بە هۆی بزووتنەوە ئەهاتنو ئەچوون، بۆ ڕێگری لەم کارە، برادەران هێزێکی جەمالە سووریان ناردە زاڵگەی کۆیە بۆ پشکنینو دەستگیرکردنی ئەو جۆرە خەڵکانە، ئیتر ڕۆژێك کە لە کۆیە بووم لە ژوورەکەمدا خەوتبووم زەنگی تەلەفون لێدرا، هەڵم گرت مام سیامەندی فەرماندەی هێزی لەشکری کۆیە بووووتی: کاك مەحمود لە زاڵگەی کۆیە تەقەیە. خۆم کۆکردەوە یەکسەر ئەوەم بە خەیاڵدا هات کە لەوانەیە جەمالە سوورو بزووتنەوە بەیەکدا تەقیبنەوەو شەڕ بەرپابووبێت. کە هاتمە دەرەوە بینیم جەمالە سوور هەندێ برینداری پێیە، لێم پرسی: ئەوە چییە..؟ جەماڵووتی: پێشمەرگەکانمان لەگەڵ جەماعەتەکەی حەمەی حەلاقدا بەیەکدا تەقیونەتەوە هەندێ پێشمەرگەمان بریندار بوونو لەوانیش هەندێك کوژراوە. ئیتر لەوە زیاتر نەوەستاو بریندارەکانی بردوو لێیدا ڕۆیشت. منیش لەگەڵ دەستەکەی خۆمدا چوومە زاڵگەکەوکۆنترۆڵی ئەو ناوەمان کرد، تەماشام کرد حەمە حەلاق لە ناو کوژراوەکاندایە، حەمەی حەلاق ئەندامی سەرکردایەتی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بوو، لە ڕاستیدا یەکێك لە پیاوە خراپەکانی ناو ڕیزەکانی حیزبی شیوعی عێراق بوو، پێش ئەوەی لە حیزبی شیوعی جیا بێتەوەو ببێتە پارتی کار، لە شەڕەکانی نێوان حیزبی شیوعیو یەکێتی دا چەندین پێشمەرگەی یەکێتی شەهید کردبووو هەندێکیانی بە زیندوویی چاودەرهێنابوو. بۆیە کەسێکی زۆر خۆشەویست نەبوو لای خەڵکی سەر بە یەکێتی. بەڵام لە مەسەلەی ئەو پێکدادانەی زاڵگەی کۆیەو کوشتنی حەمەی حەلاق من ئاگادارنەبووم و نیمو لە دوورو نزیکەوە پەیوەندیم پێوە نییە. تەرمەکان برابوونە سلێمانیو دواتر ڕەوانەی لای کەسو کاریان کرابوونەوە.

هەڤاڵ مام جەلال لەم ڕووداوە زۆر نیگەران بوو،وای بۆ چووبوو کە من ئەو کارەم کردووەو پرسم بە کەس نەکردووە هەرچەندە جەمالە سووریش بە دەست ئەنقەسو لە خۆیەوە ئەم کارەی ئەنجام نەدابوو بەڵکو ئەو زانیارییەی

گەیشتبووە برادەران هەڵەی ئەو جەماعەتەی حەمەی حەلاقەوای کرد بوو ئەو ڕووداوە بەرپابێ.

لادان لە پەیڕەو

ڕۆژی ١٢/٢٣ سەردانێکی هەولێرم کردو چوومە مەکتەبی ڕێکخستن، لەوێ هەڤاڵان مستەفا سەید قادرو عەدنانی حەمەی میناو عوسمان حاجی مەحمودو مامۆستا جلال جەوهەرم بینی، باسی ئەوەیان کرد گوایە هەندێ ئەندامی سەرکردایەتی دانراوە بە بێ ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ڕەچاو بکرێ یان لە پلینیۆم یان لە کۆبوونەوەی فراواندا بڕیاری لەسەر بدرێ کە ئەمە بە لادان لەناوەرۆکی پەیڕەوی ناوخۆ ئەژمێردرێت، بۆیە ئەیانەوێ هەڵوێستوەربگرن. منیش پێم ووتن: ئەگەر مەسەلەکەوابێ و لە پەیڕەو لادان بێ منیش لە گەڵتاندام.

ئیتر نووسراوێکمان ئاراستەی هەڤاڵ مام جەلال کردو چاوەڕێی وەلام بووین. ئەوەی ڕاستی بێ دوایی بۆم دەرکەوت کە مەبەستی برادەران هەر لادان نەبوو لە پەیڕەو بەڵکو لە پشتی ئەوەوە هەست کردن بە ستەم لێکردن بەرامبەر کەرکوکی و گەرمیانیەکان لە ئاستی سەرکردایەتیداوای لێکردن ئەو ڕاپۆرتە بەرز بکەنەوە، جگە لە ئەم ڕاپۆرتە بۆنی کۆمەڵبەستنێکی لێوە ئەهات وەکو گوشارێك گەر حسابیان بۆ نەکرێ ئەنجامەکەی باش نابێت. هەرچەندە لە رووی هەستی برادەرییەوە من پشتیوانیم لێکردن بەلام مەبەستم نەبوو خۆم ببمە ئەندامی سەرکردایەتی جگە لە من کاك عەدنانیش هەمان هەڵوێستی هەبوو. ئێوارەی ئەو ڕۆژە هەڤاڵ مام جەلال داوای من و عەدنان و عوسمان و مستەفای سەید قادری کرد، پێی ووتین: ئەگەر هەڵوێستوەرئەگرن بە دەستی خۆتان بۆم بنووسن.

هەستم کرد هەڤاڵ مام جەلال کەم لووتفەو ساردی ئەنوێنێ بەرامبەرمان، بێئاگا بووم لەوەی هەڤاڵ مام جەلال لە سەر مەسەلەکەی حەمەی حەلاق لێم نیگەرانە گەرچی پەیوەندی بە منیشەوە نەبوو، لەوەش بێئاگابووم کە برادەران تەنیا مەبەستیان بوونە ئەندامی سەرکردایەتی خۆیانەو هیچیتر.

ئیجازە

بۆ بەیانیەکەی لە هەولێر گەڕامەوە کۆیە، کاك هاشم عەلی فەرماندەی هێزەکەی هەڤاڵ مام جەلال پەیدا بوو، نامەیەکی هەڤاڵ مام جەلالی دایە دەستم کە ئەمە ناوەرۆکەکەیەتی:

هەڤاڵ کاك مەحمود سەنگاوی بەڕێز

سلاوێکی گەرم

شادیو خۆشیتانم داوایە.وا هەڤاڵ هاشم ئەنێرم بۆ سەردانی کەسو کاری کوژراوەکانی کۆیەو سارێژکردنی ـ ئەوەندەی ئەکرێ ـ برینەکانی دڵیان. بۆیەواباشە بۆ ماوەیەك تۆیش ئیجازە بێتو لە کۆیە نەمێنیت.

هیوادارم بە مووەقەت دەورو تەسلیم لەگەڵ کاك تەحسین کاوانی بکەیت کە دامناوە بە جێگری یەکەمی فەرماندەیی لەشکرەکەتان.

هەر شادو سەرکەوتووبن

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

هەولێر / بەیانی

١٩٩٥/١٢/٢٢

منیش یەکسەر بڕیارەکەم جێبەجێکردو لەگەڵ هەڤاڵ تحسین کاوانی دەورو تەسلیمم کردوو کۆیەم بەجێ هێشتو هاتمەوە بۆ ماڵ.

بەڵام پاش چەند ڕۆژێك هەڤاڵ مام جەلال بۆی دەرکەوتبوو کە من بێ ئاگام لەو ڕووداوەی کوشتنی حەمەی حەلاق‌و بڕیاری دا سەرپەرشتی لەشکری شارەزوور بکەم.

ئاگر بڕی نێوان پارتی ـ یەکەکە

لە دوا دوایی ساڵی ١٩٩٥ دا شەڕی نێوان پارتی‌و یەکەکە بە بێ هیچ مەرجێك وەستا. کەسیش نەیزانی ئەم شەڕوەستانە بۆچی ئەگەڕێتەوە. ئیتر سروشتی ئۆجەلان‌وابوو خۆی چۆنی بیر بکردایەوە ئاوا ئەکرا، قسەی هیچ کەس نەئەچووە گیرفانییەوە.هەمووووتەیەکی خۆشی فەرمایشتێکی پیرۆز بوو لای خۆیشی‌و پەیڕەو کەرانیشی. ئۆجەلان زیاتر پیاوێکی ئەندێشە باز بوو تا کەسێکی‌واقیعی.

ساڵی ١٩٩٦

لە ناو بارێکی ناناسایی نەشەڕ نەئاشتیدا، چووینە ناو کەژاوەی ساڵێکی نوێوە. خەڵکی دنیا بۆ هەموو ساڵێکی نوێ نەخشەی تازە ئەکێشن‌و بەرنامەی تێرو تەسەل بۆ ژیانیان دائەڕێژن، هەمیشە بیر لە پێشکەوتنی شارستانی‌و خۆشگوزەرانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی ئەکەنەوە، کەچی ئێمە لە ناو تەپو تۆزی شەڕو زرموهوڕی چەك‌و دڵە کوتێی مەرگدا ساتەکانمان بە سەر ئەبەین، جگە لە مردن مانایەك بۆ ژیان نییە، تامی هیچ خۆشیەك نازانین.وەنەبێ شەڕ بە یەك جاری تەواو بووبێ، بەڵام هەندێ کپی‌و بێدەنگی هەبوو، جار جارەش کونە بەبووی شەڕ ئەیقیڕاندو کپیەکەی لێئەشێواندین.

هیچ جۆرە ڕێککەوتن‌و پێکهاتنێك لەگەڵ پارتیدا قاڵبی نەگرت. ئەوان لە کەلی بەرزی خەیاڵەکانیان نەئەهاتنە خوارەوە، ئەوەی داوایان ئەکرد هی ڕێککەوتن نەبوو، ئەوان ئەیانویست یان بەهێز دەستیان بکەوێتەوە یان یەکێتی بە هێواشی دەست لە هەموو دەستکەوتەکانی هەڵبگرێ‌و ئەوان لە سەر دوندی دەسەڵات دابنیشن. چونکە لە باو باپیرانیانەوە ئەم سەرکردایەتی کردنەی کوردیان بۆ خۆیان بە ڕەوا بینیوە. بە تایبەتیش لە ناوچەکانی خۆیانداوەك بارزان، ئەو دەسەڵاتە ئاینییەیان بۆ خۆیان قۆرخکردووەو لەمەشەوە ئەو مافەیان بۆ خۆیان بە ڕەوا بینیوە کە سەرکردایەتی کورد بکەن. ئەوانیش‌وەکو زۆر لە پاشاکانی دنیا خۆیان لە کوردستاندا بە سێبەری خوا ئەزانن، کەسێکیش لە ڕووی ئاینییەوە سەرکردایەتی بزووتنەوەیەك بکات بە تایبەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئاسان نییە ئەو شوێنە بە خۆشی‌واز لێبێنێ. بەڵکو خۆیشی لە پێناودا دائەنێ یا زۆربەی زۆری خەڵکی ڕەفزی بکەنەوە.

پەیوەندی یەکێتی - ئێران

کەواتە هیچ جۆرە هەڵوێستێکی تازەی دڵخۆشکەر بۆ نێوان خۆشی لەگەڵ پارتیدا نەهاتە کایەوە. لە بەرامبەردا یەکێتی پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا ڕووەو گەشە کردن ئەچوو، ئێرانیەکان زۆر تر ئەهاتنە پێشەوە، هاتوچۆکانیان بۆ سنووری یەکێتی‌و ئاسانکاری بۆ هاتوچۆو دۆستایەتی پێشکەوتنێکی بەر چاوی بە خۆیەوە ئەبینی. دیارە ئێران دەوڵەتەو لەگەڵ دەرو دراوسێکانیدا پێویستی بە هەندێ هەنگاو هەیە بۆ مەبەستە تایبەتیەکانی خۆی بە تایبەتی کە دوژمنی زۆرە، دژایەتی ئەکرێ، دوای ئەوەی تووشی شەڕێکی هەشت ساڵەی خوێناوی بووە لەگەڵ عێراقداو ئابڵۆقەی لەسەر بووە. هەر بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی کورد لە ئێراندایە هەمیشە ئێران بە جیاوازی دەسەڵاتی حوکمەوە شاهنشاهی بێ یان ئیسلامی شیعەگەری سیاسەتێکی ناڕێکی هەبووە لە بەرامبەر کورددا، بۆیە دۆستایەتییەکانیشی لەگەڵ کوردی دەوروبەردا

سەقامگیر نەبووەو هەمیشە گۆڕاوە. لە ناوەڕۆکیشدا پێیخۆش نەبووە لە هیچ پارچەیەك كورد بگاتە مافەكانی خۆی، بگرە هەوڵی تێكدانیشی داوە یان لە چاوێلكەی بەرژەوەندییەكانی خۆیەوە تێی ڕوانیوە. پەیوەندییەكانی یەكێتی ئێرانیش ئەم هەڵبەزو دابەزەی بە خۆیەوە بینیوە، قۆناغێك گەر پەیوەندی هەبووە بەڵام لە ئاستێكی نزمدا بووەو گێچەڵی تێدا كراوەو بیانووی جیاجیا هێنراوەتەوە بۆ كزبوونی پەیوەندییەكان لە قۆناغێكی تردا گرفتی پەیوەندییەكان لە ئاستێكی بەرزتردا بووە چونكەوای پێویست كردووە. بە تایبەتی كەدەرودراوسێكانمان هەمیشە خۆیان لە پشتی هەموو پشێوی و ناكۆكیە ناوخۆییەكانمانەوە بوون دنەیان داوین بۆ پێكدادان و بە یەك نەگەیشتن، هەر لایەنێكی شەڕكەریش لە ڕێگەی دەزگایەكی ئەو دەوڵەتانەوە پەیوەندی پێوە كراوەو لایەكەی تریش دەزگایەكی تر. چونكە نەیانویستووە یەك دەزگا ئەركەكان بگرێتە ئەستۆو لەو مامەڵە جیاوازەیەدا شەرمەزار نەبن. ئێرانیەكان ژیرانە توانیویانە ئەو شێوازە ئاڵۆزەی پەیوەندییەكانی نێوان خۆیان و لایەنە جیاجیا ناكۆكەكانی كورد ڕایی بكەن.

گۆڕان لە مەڵبەندەكاندا

لای خویشمان یەكێتیویستی هەندێ ئاڵ و گۆڕ بكات بەتایبەتی لە ئاستی مەڵبەندەكاندا، جۆش و خرۆشێكی تر بخاتەوە ناو دڵ و دەماری ڕێكخستن تا زاڵ بن بە سەر كارەكانیانداو فریای جێبەجێكردنی ئەركەكان بكەون و باشتر لە ناو خەڵكیدا هەڵسووڕێن و بەرنامەو سیاسەتەكانی یەكێتی لە ناویاندا ڕەنگ بێبدەنەوە. لەم ڕووەوە مەڵبەندی كەركوك كرایە دوو مەڵبەند. هۆكاری سەركیش ئەوە بوو مەڵبەندی كەركوك نەیئەتوانی بە كارەكانیا ڕابگات، سنوورەكەی دابڕانێكی تیایەو دوورن لە یەكەوە، كادیرو لێپرسراوەكان بە سەریدا نەئەشكانەوە، هۆكاری تریش هەبوو. ئەو دوو مەڵبەندەش:

ـ مەڵبەنـدی دووی کـەرکوك. بارەگاکـەی لەتەکیـە دانـراو سـنوورەکوی چەمچەماڵ ـ ئاغجەلەر ـ تەکیە ـ سەنگاو ـ ناوچەی شوان بـوو. لێپرسراوەکەشی هەڤاڵ عوسمانی حاجی مەحمود بوو.

ـ مەڵبەنـدی ١١ی گـەرمیان. بارەگاکـەی لـە دەربەنـدیخان و سنوورەکەشـی دەربەندیخان ـ کـەلار ـ بـاوەنوور ـ تیلـەکۆ ـ کفـری ـ زینانـە ـ ناوچـەی خانـەقین بـوو. لێپرسراوەکەشـی هـەڤاڵ عـەدنانی حەمـەی مینـا بـوو. لـە ڕێـوڕەسمی تایبەتیـدا هـەردوو هـەڤاڵی لێپرسـراوی مەڵبەنـدەکان لـە جێگـای کـاری تازەیـان دانران ڕۆژی ١٩٩٦/٢/٣ کاك عەدنانمان بـرد بـۆ دەسـتبەکار بـوون لـە مەڵبەنـدی گەرمیان.

کاك نەوشیروان لە گەرمیاندا

دوای ماوەیەك لەگەڵ کاك نەوشیروان مستەفادا بە هاوڕێ یەتی هـەڤاڵان شەوکەت و عەدنان سـەردانێکی گـەرمیانمان کـردو لـەوێ کاك نەوشـیروان ڕۆژی ٢/١٩ چـاوی بـە کەسـایەتیە دیارەکـانی گـەرمیان کـەوت و لەگەڵیانـدا کـۆ بـووەو بـارودۆخی کوردسـتان و شـەڕی یـەکێتی ـ پـارتی بـۆ باسکردن و شـەوەکەی لـە بـاوەنوور مایـنـەوە. گەرمیانیـەکان بـە تایبـەتی یەکێتییـەکان چ ڕێکخسـتن و چ پێشمەرگە هـەر لـە کۆنـەوە پەیوەندییـەکی گیانییـان لەگـەڵ کـاك نەوشـیرواندا هەیەوچ ئەوانەی لە نزیکەوە ئەیناسن و چ ئەوانەش نایناسن خۆشیان ویستووە، حـــەزیان بـــە قســـەو کۆبوونـــەوەکانی کردووە،ووتـــارو نووســـینەکانیان خوێندووەتەوەو کەسایەتیان بە دڵا چووە. جگە لەمە کـاك نەوشـیروان خویشـی پەیوەنـــدی تونـــدو تـــۆڵی لەگـــەڵ زۆریـــەی کـــادیرو فەرمانـــدەو لێپرســـراوو ڕێکخستنەکانی گەرمیان و کەسە دیارو ناسراوەکانیاندا هەیە، بـەڵکو لـە هەنـدێ کاتیشدا دەستە تایبەتیەکەی بە گشتی گـەرمیانی بـوون و خـۆی داوای کـردوون.

یان له هەندێ له گەشتەکانیدا بۆ ناوچە جیاجیاکان گەرمیانیەکانی لەگەڵدا بووە. بۆیە لە نزیکەوە شارەزاییەکی باشی لە سەریان هەبووە. زۆر جار تـوانجی تێگرتوون کە گەرمیانی لە سێ شتدا لاوازن:

- بەرگەی سەرما ناگرن
- تاقەتی هەورازیان نییە
- فرە خۆرن.

تەشکیلاتی لەشکرەکان

ئەوەی له سەرەتای ئەم ساڵدا گرنگی پێ درا مەسەلەی شێوەی ڕێکخستنەوەی هەموو لەشکرەکان‌و تەشکیلاتەکانیان بوو. کە یەکێتی هەر لە سەرەتای درووست بوونیەوە زوو زوو دەستی بە خۆیدا هێناوەو تەشکیلاتەکانی بە پێی هەلومەرجەکە گۆڕیوەو تازەگەرێتی تێدا کردووە له یەك قاڵبی‌ووشك‌و برینگدا نەماوەتەوە. جارێ هەرێم، جارێ تیپ، جارێ بەتالیۆن. بارێ هێزو ئینجا لەشکرو ...هتد. بەڵکو لە ڕووی فەرماندەیی کردنیشەوە ماوەیەك مەکتەبی عەسکەری سەرپەرشتی سەرجەم هێزی پێشمەرگەی ئەکرد، دواتر گۆڕاو فەرماندەیی گشتی پێکهات هەر بۆیەشە لەم ساڵەدا لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجەکەدا پێویستی بەوە ئەکرد هێزی پێشمەرگەی کوردستان چاکتر ڕێکبخرێت، بایەخی زیاتری پێبدرێت، تاکو لە ئاستی پێداویستی قۆناغەکەدابن، کە فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەندێ ڕێنوێنی دابەزاندبوو بۆ پەیرەو کردنی:

ا. بۆ هەر لەشکرێك تەنها یەك فەرماندەی لەشکر ئەبێت.

ب. هەیئەی لەشکر بەم شێوەیە پێك دێت:

- دوو ـ سێ جێگر لەشکر بە مەرجێ یەکێکیان ئەفسەری دەرچووی کۆلێژی سەربازی یان دەورەی قیادە بێت

- رابەرسیاسییەك كەس
- لێپرسراوی ئیدارە + ١٠ كادیری ئیدارە بۆ نووسینگە
- لێپرسراوی زانیاری +١٠ كادیرو پێشمەرگە
- لێپرسراوی ئیستیتلاع + ١٥ كادیرو پێشمەرگە
- لێپرسراوی هەندەسە + ١٥ كادیرو پێشمەرگە
- لاسلكی + ٣ كادیر
- كەرتی حیمایەی لەشكر لە ٣٥ پێشمەرگەو مەسئول تێنەپەرێ
- تیپی كوبرای دەورەدیو كە لە ١٢٠ پێشمەرگەو مەسئول تێنەپەڕێوكەمتر نەبێ.

هەموو لەشكرێك پێویستە یەك كەرتی ئیسنادی هەبێ كە لە ٣٥ پێشمەرگە كەمتر نەبێو گشت چەكەكانی ١٠٦ملم+ SPG 9 +٨٢ ملم+ دۆشكا+٢٣ ملم+٨١ ملم لەو كەرتەدا كۆ بكرێتەوە سەر بە بارەگای لەشكر بێت.

پ. پێویستە هەموو لەشكرێك تا١٠ تیپ پێكبهێنن كە هەر تیپە لە ١٢٠ پێشمەرگە كەمتر نەبێت.

ت. هەر تیپێك لە ٣ كەرت پێك بێت، هەر كەرتەش لە ٣٥ پێشمەرگەو مەسئول كەمتر نەبێت.

بەڵام مەخابن زۆر كەمڕەت ئەم ڕێنوێنیانە بە باشی پراكتیك نەكراوە، گۆڕانەكە هەر لە ڕووخساردا بووە، نەتوانراوە لە ناوەڕۆكدا مەبەستەكان بپێكین. بۆیە ئەو تەشكیلاتە هەڵوەشاوەتەوەو یەكێكی تر جێگەی گرتووەتەوە. یان ئەو كەسانەی نێردران بۆ خولەكانی فێربوون كەمتر شارەزاییانوەرگرتووە، یان هەندێ جار بەواسیتەكاریو بە خاترانە دانراونو ئیفلیجی خستووەتە كارەكانەوەو بە عەقڵیەتی سەربازی بۆ مەسەلەكان نەچوون. بگرە پارەیەكی زۆرو خەرجی لە ڕادە بەدەر بۆ ئەو خولانە یان دەرچوواندنی ئەفسەرەكان كراوە، بەڵام دواتر لە بوارە سەربازییەكەدا دانەنراوە، یان خۆی بۆ كاری ئیداری دزیوەتەوە. یان بەشێكیان دوای تەواو كردنی خولەكە لێیان نەپرسراوەتەوەو

بێکار ماونەتەوە یان بەرەو هەندەران چوونو هیچ حسابو کتابێکیان لە گەڵدا نەکراوە. خۆ کاتێکی زۆر بە مەشقو پەروەردە کردنو پێگەیاندنی تیپی کۆبراوە خەرجکراوە کە چی هەموویان هەڵوەشێنرانەوەو نەمانو کەسیش خۆی بە ساحێبیان نەکرد. ئەمە زیانی زۆری لێداین لە ڕووی کاتو پارە بە فیڕۆدانو لە دەستدانی کەسانیووریاو زرنگ. جاریواش هەبوە میزاج دەوری هەبوە لە تەشکیلاتدا قەبارەی هێزەکان بچووك تر کراوەتەوە تاکو جێگا بۆ هەندێك خەڵك پەیدا بکرێ بەمەش چۆنێتی فەرامۆشکراوەو کەسێتی کەسەکان زاڵ بووە.

هەرچی چۆنێك بێ هەر دەست بەخۆدا هێنانو گۆڕینێکی شێوازی ڕێکخستنو کاروباری پێشمەرگایەتی بەلای هەندێکەوە مەبەستو بەرنامەیەکی شاراوەی لە پشتەوەیە، کە لەوانەیە لە مەودای دوورتردا بۆ ئەنجامدانی کارێکی سەربازی ئامادەبکرێن.

درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان

لە بارێکیوادا کە بۆچوونەکان زیاتر بۆنی خۆسازدانی شەڕێکی لێوەئەهات، بە پێچەوانەوە هەنگاوێکی ناوبژیوانی نرا بۆ دوور کەوتنەوە لە ئازاری شەڕو یەك خستنەوەی تواناکان بۆ ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی کوردی.

ئەم هەوڵەش لە لایەن کەسایەتی ناوداری گەلەکەمان هاوڕێ عەزیز محەممەد هاتە کایەوە. کە ڕۆژی ١٩٩٦/٥/٢٧ هەردووومەفدی یەکێتیو پارتی بە ئامادەبوونی لیژنەی هاریکاریو هەندێ کەسایەتی ناوداری کورد بە سەرپەرشتی هاوڕێ عزیز محەممەد لە هاوینە هەواری پیرمام کۆبوونەوەو بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك دانیشتنیان کرد، لە ئەنجامدا لەسەر درێژ کردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بۆ ماوەی ٣ مانگ بڕیار دراو هەوڵیش بدرێت پەرلەمان بەبەشداریکردنی هەندێ لایەنی تری دەرەوەی پەرلەمان فراوان بکرێ.

ئەوە بوو ڕۆژی ١٩٩٦/٦/٢ بۆ دووەم جار ئەندامانی پەرلەمان لە هەموو ڕەنگەکان لە ژێر خێوەتێکی گەورەدا لە نێوان شاوەیس - مەلا ئۆمەردا کۆبوونەوەو بڕیاری درێژکردنەوە درا.

شایانیووتنە جاری یەکەم لە ٢٧ /١٩٩٥/٥ لە دێی دارەبەن بۆ ماوەی ساڵێك تەمەنی پەرلەمان درێژکرایەوە،وەکو لە خەڵکی یاسا ناسانم بیستووە لە باری شەڕدا درێژکردنەوەی ماوەی کار کردنی پەرلەمان کارێکی ئاساییەو لە زۆر پەرلەمانی تری دونیادا ئەمە ڕووی داوە، بەڵام ئەوەی نەشازە ئەوەیە ئەم درێژکردنەوەیەو دانیشتنەکان لە هۆڵی پەرلەماندا نەکران، بەڵام لەدەرەوەی هۆڵی پەرلەماندا کراو ئەویش بڕیاری لە سەر نەداوە بەڵکو فراکسیۆنەکانو سەرکردایەتی هەردوولا ڕێککەوتوون لە سەر ئەوە. هەرجارەی لە شوێنێکی نێوان سنووری شەڕگەی هەردوولا. بیانکەی پارتی ئەوەبوو کە پەرلەمان داگیرکراوە لەلایەن یەکێتییەوە. کەچی باسی ئەوەناکەن کە خۆیان دوای تەواو بوونی کارەکەیان لەناو هەولێردا دوای پەناگیرییەکە کشانەوەو ڕۆڵی پەرلەمانیان مراند. کەواتە پەرلەمانەکەمان پەرلەمانێکی حیزبی بوو، ئەندامان تیایدا ئازاد نەبوون بە تایبەتی پەرلەمانتارانی پارتی. بەڵکو هەمیشە چاوەڕوانی بڕیاری سەرەوەیان بوون، بەڵگەش بۆ ئەوە سەرۆکی فراکسیۆنەکان لێپرسراوی بە دەسەڵاتی هەردوو حیزب بوون. جگە لەمە هەندێ لە لێپرسراوەکانی پارتی لە چاوپێکەوتنەکانیدا ڕایان ئەگەیاند کە ئامادەنین لە هەولێردا کۆبوونەوە بکەن.. بۆیە من بۆ خۆم بە چاوی گومانەوە ئەمڕوانیە ئەم جۆرە کۆبوونەوەو دانیشتنو ملدان بۆ ناوبژیوانیش لەبەر بەرژەوەندی خەڵکی نەبوو، بەڵکو لە پشتییەوە تەڵەی تر نرابووەوەو بەڵکو بۆ دەستەبەرکردنی کات بوو. ئەم ناوبژیوانیە ماوەیەك ئاگربڕی بەدوادا هات، بۆ ئەوەی هەردوولا پشوویەك بدەنو دەست بەخۆیاندا بهێنن. بەڵام خەڵکی هەمیشە بەنابەدڵی پێشوازییان لەو هەنگاوانە ئەکردو دڵنیا نەبوون لە بەرامبەری، بەڵکو ئەترسان لەوەی گێمێکی تری شەڕی لە دواوە بێت.

کاک کۆسرەت لە سەنگاودا

لەم ماوەیەدا هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ سەردانێکی ناوچەی سەنگاوی کرد. بۆ پەردەلادان لەسەر وێنەی شەهیدانی فەرماندە حەمەڕەش وووریای شێخ ڕەشید. لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا کەسەدان کەس لە خەڵکی ناوچەکەو دەرەوەی ئامادەی بوون.وەکو وەفایەك بۆ ڕێزلێنان لە کەسایەتی شۆڕشگێڕانەی ئەم کەڵە جوامێرانەی گەلەکەمان. دوای تەواو بوونی ڕێوڕەسمەکە سەردانی هەندێ کەسایەتی ناوچەکەی کردو نیوەڕۆکەی لە کانی باجگەی سەگرمە نانی نیوەڕۆمان خواردو کاك کۆسرەت بە هەلیزانی کە لەگەڵ هەڤالآن عەدنانی حەمەی میناو عوسمانی حاجی مەحمودو هەندێ برادەری تریشدا دابنیشێ‌و پێکەوە گفتوگۆ بکەن‌و سنوورێك بۆ ساردی نێوانیان دابنێ کە بەڕای من بناغەیەکی حیزبی ـ سیاسی نەبوو، بەڵکو بارێکی ناناسایی هاتبووە ناوانەوە کە ڕەنگدانەوەی کارو بۆچوونی سەرەوە بوو لای خوارەوەشی تووشی گێژاو کردبوو بە تایبەتی کادیرانی ناوەڕاست، لەهەمووشی گرنگتر لە ناو یەکێتیدا گەر ناکۆکی هەبێ ئەوا بنەمایەکی فیکری ـ سیاسی نییە. ئەم جۆرە کارانەش گیانی شۆرشگێڕی لە حیزبایەتیدا ئەکوژێ. بە تایبەتی ئێمە هێشتا بە دوژمن چواردەور دراوین‌و نەیارمان زۆرەو ئەبێ هەمیشە ئامادەباش بین بۆ ڕەتکردنەوەی هەر ئەگەرێکی نالەبار.

کارەساتی کەڵەکین

وە نەبێ پارتی بەتەنیا لەناوخۆدا هەر لەگەڵ یەکێتیدا لە ململانێدا بووبێ بەڵکو لەو سنوورەی دەسەڵاتیدا هەندێ حیزب‌و لایەنی تریش هەبوون کە پێکەوە لەگەڵ پارتیدا پێکنەئەهاتن‌و تا ئەهات دەمی داسەکەیان لە یەکتری تیژ ئەکردو چاوەڕوانی هەلێك بوون ملی یەکتری پێ ببڕنەوە. بەتایبەتی ناکۆکی لەگەڵ سوورچییەکاندا کەوا ئەزانم شتێکی تازە نەبێ. بەڵام بە بیانووی

تازەوە توانرا تۆڵە لە ڕابوردوویش بکرێتەوە، چونکە حسێن ئاغای سوورچی جگە لەوەی کە سەرۆك هۆزی سوورچی بوو، سەرۆکی کۆمەڵەی عەشایەری کوردیش بوو کە لەووڵاتێکی بیانییەوە کۆمەك ئەکراو هاوکاری پارتی پارێزگارانیش بوو کە عومەر ئاغای برای سەرۆکی بوو، ئەمەش مەترسی خستبووە بەر پێی پارتی دوای ئەوەی کە عومەر ئاغا پشتیوانی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەکردو دۆستایەتی پتەو لە نێوانیاندا هەبوو. پارتی ئەم جۆرە هەڕەشانەی پێ قووت نادرێو ئەبێ شکۆی خۆی بسەلمێنێ لە بەردەم هۆزەکانداو پاکسازی ئەوانیش بکاتو باڵادەستی دەربکەوێت. گەرچی کۆمەڵێك لە حیزبە کوردستانییەکان کەوتنە نێوانی هەردوولا بۆ نەقەومانی شەڕ، بەڵام پارتی نەخشەی لە ناوبردنی حسێن ئاغای سوورچی دابوو،وەکو تەمبێکردنێك.

بۆیە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٦/٦/١٦ هێزێکی گەورەی پارتی تۆپبارانێکی خەستی دێی کەڵەکینیان کردو ئینجا پەلاماریان داو خەڵکێکی زۆریان لە ناو دێکەدا کوشت لە گەورەو بچووك،وەکو باس ئەکرا هەندێکیان دوای دەسگیرکردن کوژرابن، لەناو کوژراوەکانیشدا حسێن ئاغای سوورچی بوو. ئەم پەلاماردانەی کەڵەکینو کوشتاری خەڵکەکەی کارێکی قێزەوەن بوو، بگرە دوورە لە ڕەووشتی کوردەوارییەوە، تەنیا لایەنێك لە ڕیزی تۆدا نەبێت، پشتگیری سیاسەتو بەرنامەکەت نەکات ئیتر لێی بدەیت..؟! ئەتوانی بە ڕێگای تر قایلی بکەیت یان هەوڵ بدەیت بە شێوازی تایبەتی قسەو ڕاکێشانی خەڵکی ڕیزەکانی ئەو چۆڵ بکرێت.

بەڵام پاکسازیکردن کردەیەکی ناڕەوایە بۆیە ئەمە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، نارەزایی زۆری خستەوەو شتی زۆر لەسەر پارتیووترا، بەتایبەتی یەکێتی بە توندی نارەزایی دەربڕیو لەووتەکاندا ئەوە نیشان ئەدرا کە بەرامبەر ئەوتاوانە بێدەنگ نابێ. پارتی پارێزگارانیش ڕۆڵی خۆیان بینی لە بەرپەرچدانەوەی ئەم کارەساتەو بڵاو کردنەوەی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو.

ئەم پاکسازیکردنەی بنەماڵەی ئاغای سوورچی هەر لە پاکسازییەکەی بنەماڵەی مێرگەسووری نەچێت. یەکێتی ناهەقی نەبوو هەڵوێستوەربگرێ، لە لایەکەوە لە شەڕدابوو لەگەڵ پارتیدا، دوژمنی دوژمنم دۆستمەو لە لایەکی ترەوە پارتی پارێزگاران لە سەنگەری دۆستایەتیو هاوپەیمانێتی یەکێتیدا بوو، هەر ئەوەش بوو پارتی نیگەران کرد لەگەڵ هۆکارەکانی تردا دەستیان پێدابهێنێ.

هاتنی هێزێکی ئێران

زۆری نەخایاند هێزێکی ئێران بێپرسی یەکێتی هاتە ناوەوەو ڕووی کردە سنووری گۆیە بۆ پەلاماردانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە بارەگای سەرەکییان لەوێ دانابوو. هەرکە هێزەکە هاتە کوردستانەوە دیموکرات ئاگادار بوون لە نیازەکەیان خۆیان سازدا بۆ پارێزگاری کردن لە خۆیان. ئەو هێزە هیچیوایان پێنەکرا جگە لە هەندێ تۆپباران کردن نەبێ کە زیانی بە برادەرانی دیموکرات نەگەیاندو هەندێ خەلکی دێهاتەکانی ئەو ناوانە شەهیدو برینداربوونو هەندێك لەو هێزانەی ئێران لە سنووری پارتییەوە گەڕانەوە بۆ ئێران. هەندێ لە سەرانی دیموکرات کەوتنە پڕو پاگەندە دژی یەکێتی لە ئەوروپاو بەیان بلاوکردنەوە. کە لە دوایشدا ڕەتدرانەوەو سەرکردایەتی دیموکرات خۆیان گەیشتنە ئەو سەرەنجامەی کە یەکێتی پەیوەندی دوورو نزیکی بەو پەلامارەوە نەبووە.

گرژییەکی نوێ

هاوکات هەندێ ئاڵۆزی لە بەرەکانی شەڕی باڵەکدا لە نێوان یەکێتیو پارتیدا ڕوویدا بووە هۆی پێشڕەوییەکی باشی هێزەکانی یەکێتیو پاشەکشەکردنی هێزەکانی پارتی لە حاجی هۆمەرانو چۆمانو گەلاڵەو ناوپردانووەرتێ. ئەم گورزە پارتی داچڵەکاندو هەرزوو ڕایگەیاند کە ئێران لە

پشت ئەم پەلاماردانو سەرکەوتنەی یەکێتییەوەیەوە لە سەر ئەمەش بەیانیان بڵاوکردەوە لە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانیاندا. وەکو بڵێی یەکێتی خۆی هیچی پێنەکرێ. پارتی لای خۆیەوە ڕایگەیاند کە ئاگربڕ کۆتایی هات.

پارتی لەناو دڵەڕاوکەی شەڕو تەنگ پێهەڵچنینیدا لەلایەن یەکێتییەوە ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٦ یادی یۆبیلی زێڕینی دامەزرانی خۆی ئەکردەوە، ترسێکی زۆریان چووبووە دڵەوە، هەستیان ئەکرد لە بارێکی نائاساییدان. ئەو قسەو ڕاگەیاندنەیان بەڵگەی هەنگاوێکی نهێنی تربوو لە بواری ئەنجامدانێکی تری پیلانێکی شەڕخوازانەوە. بۆیە یەکێتیش کەوتە خۆیو هێزەکانی سازداو لەشکرەکەی ئێمە داواکرا بۆ قوڵی بالیسانو ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٨ گەیشتینە ئەوێو بە بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال کەوتینە ئینزارەوە. لە هەنگاوێکدا بۆ پشتگیریکردنی ئەو شەڕەی ناوچەی باڵەكو گوشار خستنە سەر پارتی پەلاماری شاخی کڵاو قاسمان دا، هەندێ شەهیدمان داو هەندێ لە چەکدارەکانی پارتیش کوژران.

ڕۆژی ٨/٢٠ بۆ ئەنجامداتی هەندێ کارو بار لە کڵاوی داوەری ناوچەی خۆشناوەتی، پارتی ئێمەیان دایە بەر دەستڕێژی دۆشکاو بە سووکی بریندار بووم.

پەنابردن بۆ دوژمن

ئەم شەڕانەی ئەم جارەو پێشڕەوی هێزی پێشمەرگە لە باڵەکایەتیو ناوچەی سیدەکان پارتی خستە بەردەم دوورێیانی تێکشکانو نەمانی موحەقەق ئەبێ چی بکات: یان ئەبێ ڕابکاتو لە دواییدا خۆ بەدەستەوە بداتو بمرێ یان بیر لە ڕێگەچارەی تر بکاتەوە بۆ دەربازبوون. کەس نییە مردنی پێخۆش بێ، پارتیش ئامادە نییە لە گەڵ یەکێتی پێکبێتەوە ئینجا چۆن خۆی بە دەستەوە ئەدات. کەواتە ئەبێ ڕێگەی دووەم بگرێتە بەر، ڕیگای پەیوەندیکردن بە دوژمنو هانا بردن بۆی.! کام دوژمنیش، بەعسی ئەنفالکەرو بکوژی

بارزانیەکان و بکوژی کوردەکانی بارزانی. بەڵام ئەمانە هیچ نین، پەنابردن و هێنانی هێز و تێکشکانی یەکێتی مەبەست ترە.

چی ئەبوو پارتی لەو ساتە ناسکانەدا یەکێتی ناچاری ڕێککەوتن بکردایە، پەنای بۆ ئاشتی ببردایە نەك بۆ هێزی دوژمنان..!

ڕۆژی ١٩٩٦/٨/٢٢ لە مێژوودا باس ئەکرێ کە مەسعود بارزانی نامەی بۆ سەدام حسێن نووسیبوو کە خۆیشی دانی پێدا ناوەو نایشارێتەوە. نەك نامە نووسین بۆ هەڤاڵ مام جەلال و داوای ئاشتی کردن. بەڵکو هەندێكوا باس ئەکەن کە مەسعود بارزانی خۆی چووەتە بەغدا.

ڕژێمی عێراق چەندە پێیان خۆشبوو کە سەرکردەیەکی کورد داوای پاکسازی هێزێکی تری کورد بکات. لە مێژووی دوورو نزیکی کورددا ئەم هەڵوێستە زۆر دوو بارە بووەتەوە. بۆیە بە چاو کردن لەو ڕابوردووە بە لای سەرۆکی پارتییەوە شەرم نەبوو نامە بۆ سەدام بنووسێ و داوای هێز بکات بۆ یەکلاکردنەوەی بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی خویدا.وەنەبێ ئەم نامەیە یەکەم پەیوەندی نێوان پارتی - ڕژێم بێ بەڵکو چیرۆکی پەیوەندییەکان لەم زەمەنە زۆر کۆنترە. ئەگەڕێتەوە بۆسەرەتای گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێمدا لە دوای کۆڕەو. ئیتر پارتی - ڕژیم لێکك دانەبڕان. هاتو چۆکان بەردەوام لە ئاستی جیاجیادا هەبووە. تا ئەو ڕادەیەی کەچەك و تەقەمەنی و کەرەسەو کەلو پەلی جەنگی و پێداویستی سەربازییان وەرگرتووەو خەڵکی زۆر لەو شتانە ئەزانن.

بە ڕای من ئەم ڕێککەوتنەی پارتی - ڕژێم کۆمەڵێك شتی نهێنی تێدایە لە بەرامبەر هاوکاری سەربازی ڕژێم بۆ گرتنەوەی هەولێر لەوانەش: پاکسازیکردنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و هەوڵدان بۆ سەر لە نوێ گرتنەوەی کوردستان و گەڕاندنەوەی بۆ ژێر دەسەڵاتی بەعس. ئێمە هەندێ زانیاری سەرەتایمان لە سەر هەندێ جموجووڵ و هاتوچۆی پارتی - ڕژێم هەبوو.

تێگەیشتین کە پیلانێك هەیە لەئاراداو ئەبێ خۆمانی بۆ ئامادە بکەین. بەلام نەمانئەزانی کە بەهێزی هاوبەشەوە پەلامارمان ئەدەن.

لە هەمان کاتدا ئەمانویست لە بەرەکانی شەڕیشدا بێزاریان بکەین، بۆیە رۆژی ١٩٩٦/٨/٢٦ بە لەشکری حەمرینو هەورێ پەلاماری زنجیرە چیای بەنی هەریرمان داو گرتمانو کەوتە ژێر دەستمان. بەلام لە شەڕێکی زۆر توندو سەختدا ئەوان جارێکی تر لێیان سەندینەوە.

ئۆپەراسیۆنی ٣١ / ئاب

هەموو کاتژمێرێك بە خێرایی تێئەپەڕیو تێیدا هەستمان بە ئالۆزی یەك ئەکرد، دەنگو باسەکانی خوارەوەمان پێئەگەیشت کە ڕژێم خۆی ئامادە ئەکات بۆ هەندێ جموجووڵ، سەرەڕای دڵنیا نەبوونمان لە ڕژێم، بە ئاسانی ئەوە نەئەچووە مێشکمانەوە کە ڕێککەوتنی پارتی - ڕژێم گەیشتبێتە ئەو رادەیەو لە هاوکێشەیەکدا خۆی ببینێتەوە کە لایەکانی ناکۆك بەیەکن.

دیارە ئەم پێکهاتنەی پارتی - ڕژێم بە خۆڕایی نەبوو، بگرە هیچ ڕێککەوتنو پێکهاتنێك لە نێوان دوو لایەندا بە بێ بەرامبەر یان بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی تایبەتی نابێت. چەندە پارتی پەرۆشی هاوکاری ڕژێم بوو بۆ سەرخستنو بالادەستیبوونی، ڕژێم دە ئەوەندە تاسەیوەها هەلومەرجێکی ئەکرد کە نەخشەکانی لە ڕێگەی پارتییەوە جێبەجێ بکات کە لە ڕاپەڕینەوە هیچ دەسەلاتێکی بە سەر کوردستانەوە نەمابوو.

ڕژێم لە چەند قۆڵێکەوە کاری ئەکرد:

- بە هۆی هاوکاری کردنی پارتییەوە یەکێتی لەناو ئەباتو لاوازی ئەکات - ترسو بیم ئەخاتە هەناوی کوردەوەو هەمیشە لە دلەڕاوکەی هاتنەوەو گەڕانەوەی ڕژێمدا ئەبن

- گەر بۆی بچێتە سەر بە تەواوی ئەگەڕێتەوە کوردستان.

ڕۆژی ١٩٩٦/٨/٢٩ بە ڕووکەش ئاگربڕێك کراو هەوڵێك درا کە گفتوگۆ دەست پێبکرێتو پەرلەمان درێژبکرێتەوە. یەکێتی پێی باش بوو ئەو هەنگاوە بە جیدیی جێبەجێ بکرێ. گەر لە ژێر کلاوی پارتیدا پیلانێك نەنراوەتەوە. تەنیا یەك ڕۆژ کەمتر بەسەر ئەو مقۆمقۆیەدا تێپەڕی سەرەتای بەرنامەی داڕێژراوی پارتی - ڕژێم دەرکەوت کە هێزێکی ڕژێم پەلاماری کەڵەکی داو داگیریکردو ئەو حیزبانەی بارەگایان لەوێبوو خۆیان دەربازکرد. تا ئەم کاتانەش لەلایەن برادەرانمانەوە لە هەولێروا هەست نەئەکرا شتێکیوا لە گۆڕێدا بێت. ئەو جۆرە پەلامارە بە کارێکی سنووردار تەماشاکراو زۆر جار شتیوا ڕوویداوەو تەواو بووە. بەڵام ئەم جارەیان ئەمە لە گەمە نەئەچوو، بەڵکو پیلانێکی چێنراو بوو ئامادەکاری تەواوی لە ڕووی سەربازیو هێزو تەنسیقەوە بۆ کرابوو، بە جۆرێ بەرەبەیانی ڕۆژی ٣١/ ئابی/١٩٩٦ ئەوەی لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا بە لایدا نەئەچووین ڕوویدا. ئۆپەراسیۆنەکەی بە ناوی (اب المتوکل علی الله) لە کاتژمێری پێنجی بەیانیدا بوو. کارەساتێك قەوما، لە ژیانماندا زۆر کارەسات قەوماوە بەڵام هیچیان وەکو ئەمە کاریگەر نەبووە، هیچیان بە قەد ئەمە برینی لە جەستەماندا بە جێ نەهێشت. جاران کە لە شاخ بووین ئەمانووت: داگیرکەران لە بنەوە زەمینەی شەڕو ناکۆکیەکانمان خۆش ئەکەن تا یەکگرتوو نەبین، هەمیشە پەرتەوازە بینوەکو کای بندڕك بەڵام ئێستا هەلومەرج جیاوازە، ئومێدێکمان هەیەو شتێکمان پێکەوە ناوەو بە دەستی خۆمان بە زیندوێتی لە چاڵی مەرگدا نەینێژین.

بەرەبەیانی ڕۆژی ٣١/ ئاب ناخۆشبوو، خەڵکی هەولێرو دەوروبەری بە زرمەی تۆپو هاڕەی تانکەکان لە خەو هەستان، تێگەیشتن ئەوەی ڕوو ئەدات لە هی ڕۆژانو مانگەکانی تر جیاواز ترە. لە هەردوو قۆڵی قوشتەپەو کانی قرژاڵەوە کە هێزەکانی یەکێتی سەنگەریان لێدابوو دوژمن پەلاماری دا: سەرەتا بە تۆپ بارانێکی چڕو پڕو ئینجا هێزەکە بە تانكو زرێپۆش ئەو ناوچە پانو پۆڕەیان دایە بەر. لەم قۆڵەوە لەشکری سەگرمە دانرابوو بە فەرمانـدەیی کاك

ئەنودر دۆلانی. هەندێ هەڤاڵمان وەکو جەماله سوورو قادری حاجی کەریم برای شەهید بەختیارو ڕەزای حاجی عەلی بە دیلگیران‌و چەندینی تریش. شەڕێکی گەرم بەر پابوو بە شێوەیەك ئەو هێزە زۆرەی دوزمن کە بە چاوساغی پارتی هاتبوون‌و ئالای زەرد بەسەر تانکەکانەوە بەرز کرابوودوە، سەرەڕای تۆپباران ئەیان ئەوێرا نزیك ببنەوە. بەرگرییەکی سەختی بێوێنە کرا، هێزەکانمان بەرامبەر بەو هێزە زۆرو گەرەستە سەربازییەو فراوانی شەڕگەکان کەمتر بوون. لە قۆڵی کانی قرژاڵەشەوە بەرگری باشکرا، هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی ڕژێم - پارتی تێکشکێنرا، چەندین تانك سووتێنرا، زۆر سەربازو چەکداری پارتی کوژران، هەندێ پێشمەرگە شەهید بوون. لە قۆڵی سێ بیرانیشەوە شەڕ گەرم بوو بە جۆرێك بوو کە پێشمەرگەو دوژمن تێکەڵ بوون، زیانی دوژمن زۆر بوو، هەندێ پێشمەرگە شەهید بوون، هەندێکیش کەوتنە دەست دوژمن، لەوانەش ئاسۆ ئەڵمانی کە دواتر ئازاد کران‌و گەڕانەوە کوردستان.لە قۆڵی مەسیفیشەوە شەڕی سەختکرا، دوای بەرگرییەکی کەم‌وێنە ئینجا پارتی‌و ڕژێم لە ئێوارەکەیدا توانیان بگەنە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال. لە قۆڵی عەینکاوەش شەڕی قورسکرا، کە لە قۆڵەکانی ترەوە دوزمن گەیشتە ناوەوە لەم قۆڵەشەوە هاتن. ڕژێم بە پاڵپشتی چەکدارەکانی پارتی هێرشیان کرد، کە هەندێ سەرچاوە ئاماژەیان بەوە ئەکرد کە زیاتر لە ٧٠٠ - ٨٠٠ تانك‌و زرێپۆش بەشداربووەو بەشێکی زۆری ئەو تانکانە لە جۆری ت ـ٧٢ ی پێشکەوتوو بوو، لەگەڵ چەندین فیرقەی سەربازی کە لە کەرکوك‌و موسڵ‌و دەوروبەری خوارووی هەولێروەکو هێزی تەماس دانرابوون‌و هێزێکی زۆری گاردی کۆماری تایبەتی‌و هێزیکی میکانیکی گەورە بە پاڵپشتی تۆپخانەیەکی گەورەو فڕۆکەی هەلیکۆپتەری شەڕکەر.وەکو باس ئەکراوەزیری بەرگری عێراق سەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنی ٣١/ ئابی ئەکرد. ئەوەی لە توانادا بوو هێزەکانی سەنگەری بەرگری یەکێتی لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ڕژێم - پارتیدا نواندیان، داستانێکی بەرگری قارەمانانە بوو، زەوی گڕی گرتبوو، بستێك زەوی نەبوو گوللە تۆپێکی تیا نەتەقێتەوە، لە ئاسمانیشەوە بۆردوومان بوو، چڕەدوکەڵ‌و تەپ‌و تۆز بەرز بوو بوودوە. زۆر لەدوژمن کوژرا. کە پارسەنگی

هێزەکان بەراوورد نەنەکرا، توانای پێشمەرگە لەوە زیاتری هەڵنەئەگرتو هێرشەکە توند تر ئەبوو، دوژمن لە قوشتەپە زاڵ بوو، تانکەکان بێوەستان کتان بەرەو دارەتوو، لەوێوە بۆ بنەسلاوە تا لەگەڵ هێزەکانی تری پارتی لە کەسنەزان یەك بگرنەوەو هێزەکانی یەکێتیو دامو دەزگاکانی لە ناو هەولێردا ئابلۆقە بدەن. ئێمە لە دۆڵی بالیسانەوە ئاگامان لە زرمەی تۆپ بارانەکەی ڕژێم بوو. شەڕ گەیشتە ناو هەولێر لە هەموو لایەکەوە تەقو تۆق بوو. ئیتر ووردەووردە دەسەڵاتی یەکێتیوەکو حکومەت ئاوا بوو، چونکە فریای ئەوە نەئەکەوت هەم شەڕ بکاتو هەم کاروباری حکومەتیش ڕایی بکات، چونکە ئەم شەڕە دەستەو یەخە بوو، حیسابی بۆ نەکرابوو. جگە لەوەی بەرەکانی شەڕ زۆر فراوانو دوورو درێژ بوو نەئەتوانرا بەو هێزەی یەکێتی بە هەموو شوێنەکاندا ڕابگەین. دەنگو باسەکانی شەڕ ئەگەیشتە لامان، شپرزەیی بە ڕەنگو ڕووی خەڵکیو پێشمەرگەشەوە دیاربوو، نەئەتوانرا شکستەکان بشاردرێتەوە، سەرەڕای بەرگری ئازایانە. کاتێك کە زانرا هێزەکانی ڕژێمی بەغدا بەشداری کردووەو پارتی بە تەنیا نییە ئەوە کاردانەوەی خراپی درووستکرد، بچووکترین جموجووڵ بەس بوو بۆوورە بەردان، چپە چپو خووتەو بۆڵە هەبوو، بەشێکی نارەزاییو بەشێکی ترس بوو، بەڵام هێشتا لای بەشێکی هێزەکانمان ئازایەتییەك بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوە چەخماخەی ئەدا.

هەواڵەکانی ناو هەولێر بە باشی نەئەگێڕدرایەوە، هەڤاڵانی لێپرسراوی حیزبیو حکومیو پێشمەرگە کە لەبەرەکانی شەڕەوە گەڕابوونەوە ناو شار گیریان خواردبوو، هێزێکی ئێمە کە پێش دەست پێکردنی شەڕەکە بە سەر پەرشتی سەید جەوهەر بە ڕیمان کردن بۆ ناو هەولێر، لەوێ شەڕێکی گەوردیان کردو زیانێکی زۆریان لە دووژمن دابوو، هێزەکەش زیانێکی باشیان لێکەوت. دوای ئەوەی زانرا هیچ ناکرێ بڕیاری کشانەوە بۆ دەرەوەی هەولێر درابوو بەڵکو لەوێوە خۆ کۆ بکرێتەوەو سەر لە نوێ پەلامار بدرێتەوە.

ئەوەی توانرا کۆ بکرێتەوە لە هێزەکانو هەڤاڵانی بەرپرس بە سەرپەرشتی کاك کۆسرەت بە ڕێگەی بنەسلاوەدا بەرەو بێستانە - چەمرگە بە شەوەکەیدا بە ناو بۆسەی هێزەکانی ڕژێم - پارتیدا بە دەمووردە شەڕو تەقەوە

دەربازبوون. بەڵام زۆر پێشمەرگەو لێپرسراوی تریش دابڕابوون‌و نەیانتوانی لە گەڵ ئەواندا دەرچن. هێزەکانمان لە لای بەرزاییەکانی چەمرگە - بەستی شەرغە دامەزران. هەرچەندە هێزێك بە سەر پەرشتی کاك جەبار فەرمان گەیشتە ئەو ناوە بۆ یارمەتیدانی برادەران، بەڵام لە ڕێگادا ئەکەونە بۆسەی هێزەکانی دوژمن‌و هیچیان پێناکرێ. لە کاتێکدا ڕژێم - پارتی پەلاماری هەولێریان دا هەڤاڵ مام جەلال بانگەوازێکی بۆ گەلی کوردستان بڵاو کردەوەو تەئکیدی لە سەر هاوکاری پارتی لەگەڵ ڕژێمدا کردەوە بۆ تێکدانی ئەزموونی دیموکراتی گەلەکەمان‌و داوای لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد کە هەریەکە لای خۆیەوە بەرپەرچی پەلامارەکەی مەسعود بارزانی بدەنەوە.

من لە بالیسانەوە بۆ بەسەر کردنەوەی هەڤاڵان چوومە ناوچەی دێگەڵەو حاجی‌ووسوو. شەڕەکە لەوێ زۆر گەرم بوو، پارتی کە لە هێرشدا بوو هێزەکەی ئێمەش هەر لە شکاندا بوو. بۆیە نەمتوانی برادەران ببینم‌و بە ناچاری گەڕامەوە بۆ سنووری بالسان. هەر لە قۆڵی هەولێرەوە هێزەکەی کاك ئەنوەر دۆڵانی دەرگیری شەڕێکی نابەرامبەر بوون‌و بە دەیان تانك پەلاماری ئەدان، لە هەموو پەلامارەکاندا تێك نەشکان‌و هێزێکی زۆری دوژمن کوژران‌و پێشمەرگەیەکی فرەی خۆمان شەهید بوون‌و کاك ئەنوەرو کۆمەڵێك پێشمەرگەی تر بە نارەحەتیەکی زۆر ڕزگاریان بوو، لە ڕێگەی دەشتی تەقتەقەوە بەرەو چەمچەماڵ‌و لەوێشەوە بۆ دۆڵی قەرەداغ‌و هەر لەو ناوەشدا مانەوەو نەچوونە سەر سنوور. ئەو هێزەی کە نێردرا بوو بۆ پشتیوانی برادەران سوودی نەبوو چونکە کار لە کار ترازابوو، هێزەکانمان بە تەواوی ماندوو بوو بوون، لەم قۆڵ بۆ ئەو قۆڵ ئەگوێزرانەوە، هێزی یەدەك نەمابووەوە، هەر هەمووی لە سەنگەری شەڕدابوون‌و بواری پشوودانیان نەبوو. ئەو هێزانە بۆ فریاخستن‌و پینەو پەڕۆی بەرەی شەڕەکان بوو، هێزی یەکلاکەرەوە نەبوون، هێزی یەکلا کەرەوە ئەبێ حەساوەو لە ڕووی دەروونییەوە کۆك‌و لەڕووی چەك‌و چۆڵەوە پڕ تفاق‌و کەرەسەو بە پێی نەخشەیەکی تۆکمە

بچنە ناو شەڕەوەو لە لێداندا سەرکەوتن مسۆگەر بکەنو هێزی دوژمن شندڕوووندڕ بکەن.

سەیر لەوەدایە ئێمە هەر چاوەڕوانی گورزی هێزی هاوپەیمانان بە تایبەتی ئەمریکا بووین. پشتمان بەوان بەستبوو کە بەرگریمان لێبکەنو ڕێگە بە عێراق نەدرێ سنووری هێڵی ٣٦ ببەزێنێ کە هەولێر کەوتووەتە ناو ئەو هێڵەوە. هەڤاڵانمان لە هەولێر بە تایبەتی هەر بە تەمای ئەوە بوون کە هاوپەیمانان شتێکیان بۆ بکەنو چرکە بە چرکەیان ئەژمارد. کە گرمەی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان هاتو لە ئاسمانی هەولێردا بینران بە یەکجاری دڵیان خۆشبووکەوا ئاواتەکەیان دێتە دی، ئەوان بە ئاسماندا ئەسووڕانەوەو لە زەویشەوە هێزەکانی هاوپەیمانێتی ڕژێم - پارتی بە تانکو زرێپۆشو گاردی کۆماری دەوروبەری هەولێریان پاك ئەکردەوەو هێواش هێواش بۆ ناو هەولێر ئەهاتن. کە چی خوانەکات ئەو فڕۆکانە لەو بەرزییەوە دڵیان پێمان بسووتێ ئەگەر دەست ڕێژێکیشیان بکردایە لەوانەیە تەرازووی دۆخەکە بگۆڕایە. چەند خۆشە لەتەنگانەدا فریادڕەسێك بێت بە هاناوە. ئەمە کوتومت لە کاتی ئەنفالە کەیشدا ڕوویدا، کاتێك بەعس لە هەموو قۆڵەکانەوە گەرمیانی کۆنترۆڵکردو ناچاربووین چۆڵی بکەین، هێزێکی مەجلیسی ئەعلاش لە دەربەندی دەرەوار مابوونەوە، دەنگو باسوا کەوتەوە کە بۆ دەربازبوونمان کۆپتەری کوبرای ئێرانی دێتو دەرمان ئەکەن، لەوواقیعە تفتوتاڵەدا دەیان ختورە بە دڵو مێشکماندا گوزەری ئەکرد، کە جگە لە خەیاڵ هیچی تر نەبوو.

فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لەو سەرەوە ئەیانڕوانییە مەیانی شەڕەکەو تاقەتیان نەبوو ڕۆکێتێك بهاوێژنو دڵی کەنەفتی ئێمەش خۆش بکەن. دڵنیام ئاگاشیان لە دەردە دڵی ئێمەو تەنگانەمان هەبوو، کە هیچێك ڕووی نەدا ئیتر ئومێدی برادەرانمان بە ئەمریکا کز بووەوە، تێگەیشتین لە پشتی پەردەوە بەرنامەیەك هەیەو ئێمە نایزانین. چەندە باری دەروونیو هێزی شەڕکردنمان نائاسایيو ئاڵۆز بوو، ئەوەندەش لایەنی INC دژوارترو ناهەموارتر. ڕژێم بە

چاوساغی پارتی کەوتەویزمیان، بە جۆرێك باس لە کوشتنی زیاتر لە ١٠٠ کەسیان لە سنووری قوشتەپەو گرتنی خەڵکێکی زۆرتریشیان بە دیلی هەبوو، ڕژێم ئەوانی زۆر لا مەبەست بوو، ڕاوی ئەکردن. چونکە عەرەب بوون داخ لە دڵتر بوو بەرامبەریان، ئەمەو لەو شەڕانەدا دەیان پێشمەرگەی یەکێتی دوای شەڕی زۆر سەخت لە لایەن ڕژێمەوە لە قۆڵەکانی کانی قرژاڵەوە بە دیلگیران.

بە هاتنە ناو شارەوە بە هیمەتی تانكو دەزگا سیخوڕییەکانی بەعس، پارتی سەرمەست بوون، دوای دابڕانێکی دوو ساڵە گەر هاوکاری بەعس نەبوایە هەرگیز نەیان ئەتوانی پێ بنێنە ناو هەولێر. لە بری ئەوەی بە ڕێزەوە بچنە ناو خەڵکەکەو باوەڕیان پیا بکەن و دەستدرێژی نەکەنە سەر ماڵو ناموسیان، ئاسایشیان بپارێزن. هێزەکانیان هۆلاکۆ ئاسا کەوتنەویزەی خەڵکی بە تایبەتی دۆستو لایەنگرانی یەکێتیو حیزبەکانی تریش. لە جیاتی پارێزگاری لە دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم تالآنیان کردن، بێشەرمانە بێدەنگ بوون لە ئاست تانكو گاردی کۆماریدا کە چوونە سەر پەرلەمانو دایانە بەر تۆپو داگیریان کردو بەڵگەنامەکانی ناویان بردو دواتریش مەسعود بارزانی لەگەڵ کوڕەکەی دکتاتۆردا لەو پەرلەمانەدا پێکەوە پیرۆزباییان لە یەکتری ئەکرد بەم کارە دەرگا کرایەوە بۆ هاتوچۆی سەرانی ڕژێم بە تایبەت سەردانەکەی قوسەی کوڕی سەدامی دیکتاتۆرو هاتنی زۆر لە پیاوەکانی دەزگا جاسوسییەکانی بەعس بۆ چاوشکاندن.

پارتی بە لایەوەوابوو هەولێری لە چنگی داگیر کەر ڕزگار کردووە. پەنا بردنی بۆ دوژمن لە دۆستایەتیو ڕێککەوتنی یەکێتی پێ باشتر بوو. لالە ئەنوەری خەلیفە یۆنسی تیرەی ڕۆغزایی گێڕایەوە: کە هەر چەندە یەکێتی باسی داگیرکردنی پەرلەمانی لە لایەن گاردی کۆمارییەوە ئەکرد بڕوام نەئەکرد، تاکو چوومە بەغداو لەوێ سەعە دڕکەییم بینیو بۆی باسکردم کە خۆی دوو ڕۆژ پاسەوانی پەرلەمانی کردووەو لەگەڵ گاردی کۆماریو تانکەکاندا. شایانی باسکردنە سەعە دڕکەیی موستەشارێکی جارانی ڕژێم بوو

له ناوچەی کەلارو دەربەندیخاندا فەوجی جاشی ڕاگرتبوو، لە ڕاپەڕیندا لای یەکێتی بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٢ دا خۆی بۆ نەگیراو ڕایکردەوە بۆ لای ڕژێم.

پارتی ئەم هاوکاریکردنەی ڕژێم و گرتنەوەی هەولێری لە لایەن گاردی کۆمارییەوە نەشاردەوەو لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنەکانیدا هەنگاو بە هەنگاوی ئەنجامەکانی پەلامارەکانی ڕژێمی پەخش ئەکردو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی‌وو وایئەزانی قارەمانێتییەکی نیشتمانی ئەنجامداوە. هاوکات هەندێ لە کەناڵە ئاسمانییەکانی جیهان ڕەوتی ئەو پەلامارو شەڕەیان لە دەنگ و باسەکانیاندا بەوێنەوە بڵاو ئەکردەوە.

نەخشەی پەلامارەکە هەر بە تەنیا هەولێر نەبوو بەڵکو مەبەستی لەوە زیاتری بە دواوە بوو، بە پێی ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ ڕژێمدا مۆری کردبوو گرتنەوەو کۆنترۆڵکردنی سەراپای کوردستان و دەرپەڕاندنی یەکێتی بوو بۆ دەرەوەی سنوور.

بۆیە دوای ئەوەی دڵنیا بوون کە هێزی یەکێتی لە ناو هەولێردا نەماوە، هەنگاوی تریان نا بۆ فراوانکردنی ڕووبەری دەسەڵاتیان لە شارو شارۆچکەکانی تری ژێر دەسەڵاتی یەکێتی. کە یەکێتی نەیتوانی پەلاماری دژ ئەنجامبدات و هەوڵێك بۆ گرتنەوەی هەولێر بدات پارتی هەستی کرد زەمینە لەبارە بۆ هەرجموجووڵێك.

هێزەکانی یەکێتی ئەیانویست بەرگری بکەن نەك هێرش لە سنووری بێستانە ـ چەمرگە ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٥ شەڕێکی توند بەرپابوو،ووردەووردە کشا بەرەو بەستی شەرغەو حاجی‌ووسوو تا ئەهات ڕووبەری شەڕەکە بەرەو سەرەوە هەڵئەکشا، هێزەکانی پارتی لە قۆڵی کەسنەزانیشەوە بەرەو قۆیی سوسێ و ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٧ بە ڕێگەی دێگەڵەشدا کشان بۆ ڕێگە گرتن لە کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی.

هەڤاڵ مام جەلال خۆی ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٧ هاتەکانی‌وەتمان و لەگەڵ مەکتەبی سیاسیدا کۆ بووەو بڕیاری کشانەوەی هێزی پێشمەرگە دراوەکو

کارێکی تاکتیکیو کاتی چونکه هێزەکانمان ماندوو بوونو هەموویان لە شەڕدابوون، بەشێکی لە هەولێردا گیریان خواردبوو، شەهیدو برینداری زۆرمان هەبوو، بەشێکیش ترسنۆکانە سەنگەرەکانیان بە جێ ئەهێلا، ئەمەش وایکرد کە ڕێگە خۆش بکرێ بۆ هێزەکانی پارتی دەمەخوێنین بنو پەلامار بدەن. ئیتر برادەران بە دەم شەڕەوە بەرەو کۆیە هەلکشان، لەم کاتانەدا منو هەڤاڵ محسن بایز لە دۆڵی بالیسانەوە کە هێشتا لای ئێمە شەڕ نەبوو بوو، جگە لە هەندێ تەقو تۆق، بۆ بەسەرکردنەوەو ئاگاداربوون لە دۆخی شەڕەکەو هەواڵ زانینی برادەران بەرەو هەیبەتسوڵتان ڕۆیشتین، لە ڕێگادا ئەمان بینی هێزەکانمان پاشەکشە ئەکەنو بەرەکانی شەڕ بەجێ ئەهێڵن، هەندێکیان بە تۆپی ١٠٦ ملمەوە ڕایئەکرد،وە تەنانەت کابرایەك بە ناوی نەقیب ئارام کە لە هێزی دژە تانك بوو بە ١٠٦ ملمەکەیەوە بەرەو ڕانیە ڕایئەکرد. لە سەر هەیبەتسوڵتان کاك کۆسرەتمان بینی بە ئێمەیووت بچنە خوارەوە بۆ بەرگری کردن. منیش کە دابەزیمە خوارەوە لە چاخانەکەی بە ڕووی کۆیەدا کاك جەبار فەرمانم بینی.ووتی لێرەدا دامەزرێن بەرگری بکەن. کە لەشکری سلێمانی لەوێ بوو.ووردەووردە هێزو تانکەکانی پارتی لە دوو قۆڵەوە هێرشیان ئەهێنا لە:

- قۆڵی کۆیە بۆ هەیبەتسوڵتان
- قۆڵی باواجی بۆ هەیبەتسوڵتان

شەڕەکە گەرم بوو، شاخەکە ئاگری تێ بەربوو بوو هێزەکەشمان ماندوو تا ئەو ڕادەیەی مامە غەفە دۆشکای سەر ئۆتۆمبیلەکەی کردەوەو بەجێیهێشت، منیش هێنامو بەستمەوە سەر ئۆتۆمبیلەکەی خۆم. لەو کاتانەیشدا ئێمە پشتمان بە هەندێ پۆلیس بەستبوو کە لەگەڵ عەمید سەیفوڵلادا هاتبوونو نێردرابوونە قۆڵی باواجی، بەڵام ئەوانە ترسنۆك بوونو هەڵاتبوونو عەمید سەیفوڵلاشیان بە جێهێشتبوو. کە چووینە سەر هەیبەتسوڵتان ڕۆیشتمە لای تەقویەی تەلەفزیۆنەکەی کۆیەو بە چاوێکی خەمباریەوە تەماشایەکم کردو

زانیم دوای ئێمە خێڵی پارتی دێنە سەری بۆ خزمەتی خۆیان بەکاری دێنن.. لە ناخیشەوە پێم ناخۆشبوو ئەوان سوودی لێ ببینن.

ئێمە هەموو بێزاربووین تاقەتی هیچمان نەمابوو لەوێدا پێشمەرگەیەکی هێزەکەی سلێمانی هاتە ژوورەوە تەنیا مریشکێکی زیندووی لێبوو گرتی و لەگەڵ خۆیدا بردی و لە کانی وەتمانیش هەر پێم بینی، لێرەشدا شەڕێکی زۆر گەورەمان کرد، زیانێکی باشمان لە پارتیدا، چەندین جار هێرشەکەیمان دواخست پارتی لە پێشڕەوی کردن هەندێ دواکەوتن، کە بەرەو کانی وەتمان هاتن شەڕی باشتریان لەگەڵدا کراو خەڵکی دیاریشیان لێکوژرا، کە لە هەیبەتسوڵتان شۆڕ بووینەوە چووینە کانی وەتمان لەوێ لەگەڵ کاک جەبار فەرمان و کاک ملازم عومەردا چووین بۆ ڕانیە، لە چناروك و بێستانە شەڕ گەرم بوو، لە ڕانیە کاک جەبار پێی ووتم کەوا ئاگاداری مامۆستا جەمال بکەمەوە هێزەکەی لە هیران بکشێنێتەوە بۆ قەمتەران و لەوێ سەنگەر لێ بدەن، منیش یەك دوو پێشمەرگەم نارد بۆ لای مامۆستا جەمال، هەرچەندە هێزەکەی ئەویش لە کشانەوەدا بوون.

لەو دەمەدا برادەران باسی ئەوەیان ئەکرد ئایا هێزەکانمان لە کەپکی حەمەد ئاغاو کلاوقاسم بمێننەوە یان نا..؟ دواجار بڕیار درا کە بمێننەوە کەچی پارتی لەوێشەوە پەلاماری داو تەنگی پێهەڵچنین و کشانەوەی هێزەکان لە شوێنەکانی تر کارێکی خراپی کردە سەریان و ئەوانیش شوێنەکانی خۆیانیان چۆڵکرد. کاک جەبار ئاگاداری کردمەوە بە بناری کۆسرەتدا لەگەڵ هێزەکانی مامۆستا جەمالدا بچینە دووکان بەڵام هێزەکانی مامۆستا جەمال پەرش و بلاو بووبوون، ئیتر من بە قەیاخ پەڕیمەوە بەری مەرگەو لەوێوە بۆ دووکان. لە ڕێگادا پێشمەرگە پەرتەوازەکانم ئەبینی بەرەو دۆڵی جافایەتی ئەڕۆیشتن و بەرەکانی شەڕیان بەجێ ئەهێشت. لە دووکان لەگەڵ مامۆستا جەمال یەکمان بینیەوەو پێکەوە سەردانی لەشکری کەرکوکمان کرد لە فریزەڵەو بەرزاییەکانی

که فەرماندەکانیان شێرزاد موەفەری‌و سیامەند سەنگاوی بوون، کاك مەلا ڕەحیمیش لەگەڵ هێزێکی سکرتاریەتدا لە کەلکە سماق بوون.

پێشمەرگە کەمێکیان نەبێ توانای شەڕکردنیان نەمابوو، بۆیە زوو زوو سەردانمان ئەکردن لەسەنگەرەکانیانداو کەمێك‌ووزەوووڕەمان پێ ئەبەخشین‌و زۆر جاریش بە جیهاز قسەمان لە گەلا ئەکردن بە لام بێ سوود بوو هەرگە هێزەکانی پارتی دەرکەوتن دوای بەرگرییەکی کەم کشانەوە، منیش بە جیهاز هاتم ئەدان خۆڕاگربن، لەو کاتەدا کەسێکی پارتی هاتە سەر هێڵی پەیوەندییەکەمان که پێم‌وابوو عومەر عوسمان که لێپرسراوێکی بەرزی پارتی بێ پێی‌ووتم: مەحمود هەڵێ. هەڵێ.

منیش پێم‌ووتەوە: ڕووی ڕۆژگار ڕەش بێ من ئەوە نیم لە بەر زەلامی‌وەکو تۆ هەڵێم.

دواتر ئێمە سەر کەوتینە سەرەوە بۆ سەر بەستی دووکان‌و لە لای کارۆماییەکە شەڕێکی سەختمان لە گەلاکردن‌و چەندین کەسیان لێکوژرا، کەزانیمان لەوە زیاتر هیچمان پێناکرێ چووم لە بەدالەی دووکانەوە پەیوندیم کرد بە جەنابی مام جەلالەوەو دۆخەکەم بۆ باسکردو ئەویش‌ووتی ئەوەی پێتان ئەکرێ بیکەن. ئیتر ئێمە لەوێوە بەرەو دۆڵی جافەتی بە ڕێکەوتین. لەوێ چووینە دێی قەڵەم پاشا، مامۆستا جەمال‌ووتی: با لێرە بمێنینەوە، منیش‌ووتم: با بەرەو قەلا چوالان بڕۆین، هەر لەو کاتەداووتم: با پەیوەندییەك بکەم‌و بزانم ڕای هەڤاڵ مام جەلال چۆنە. که چوومە سەر خەت کەس نەبووەلامان بداتەوە ئەمە ئەوەندەی تر منی خستە سەر بەزمی ڕۆیشتن بەرەو قەلاچوالان.لەوێوە بەرێکەوتین تا گەیشتینە قەلاچوالان، تەماشائەکەین هەڤاڵ مام جەلال زۆر تووڕە بووە. بە درێژایی ڕێگاش خەڵك‌و پێشمەرگە بە پێ‌و بە ئۆتۆمبیل بەرەو سنوور ئەڕۆیشتن، لە ناو قەلاچوالاندا کاك کۆسرەت‌و هێرۆخان‌وەستا بوون خەریکی سووتاندنی کەرەسەو دیکۆمێنتەکان بوون که بە جێمابوون، لەوێ بووین تا شتەکان تەواو بوون، قاتی خوارەوەی ماڵی هەڤاڵ مام جەلال ئەسووتاو قاتی سەرەوەی هێشتاوەکو

خۆی‌وابـوو، هێرۆخـان پێشـمەرگەیەکی نـارد بـە پەیژەیەکـدا هـەڵژنا بـە نـاو ئاگرەکەداو چووە سەرەوە ئەویش ئاگر تێبەر بدات. چونکە هەندێ شتی تیابوو نەئەکرا بە ساغی بمێنێتەوە. ئیتر دوای ئەوە بـەرەو ناوەکورتـێ ڕۆیشـتین شـەو لەوێ ماینەوە، بەیانیەکەی چووینە شاناخسێو لەوێ هەڤاڵ مام جەلالمان بینـی. ئێمە ماتو مەلوول بەلام ئەو زۆرووره بەرزبوو، بـڕوای بـە هەڵسانەوە هـەبوو. هەر لەوێدا سەبیحە خانی خێزانی شەهید عەلی عەسکەریمان بینی‌ووتـی: ڕۆڵـە بۆ ڕاتانکرد..؟ ئێمـەوەلامێکمان نـەبوو، لـە پاشانداووتی: بەسایی خـواوە عـەلی عەسکەری نەماوە ئەگینا ئێستا ئەویش‌وەکو ئێوە ترسنۆكو ڕیسوا ئـەبوو. کـە ئێمە دووکانمان چۆڵکرد ئیتر پارتیش بە جادەدا بەرەو سلێمانی ڕۆیشتن. لێـرە بـە دواوە پـارتی بـە کـەمی نـەبێ ئەوەنـدە ڕووبـەڕووی شـەڕ نـەبووەوە، بـەڵکو هێزەکانمـان ئـەوەی مابوونـەوە یـان لـە بـەرەکان پاشـە کشـەیان کردبـوو پاشـان بـەرەو سنوورەکان ڕۆیشـتن بـێ ئـەوەی گیانیـان نـوزەی شـەڕکردنی تیامابێـت. شارۆچکەکانی چەمچەماڵو کفریو کەلارو دەربەندیخانو شارەزوورو پێنجوێن بـەبێ تەقـەو بـێ ئـەوەی هێـزی دوژمـن دیاربـێ لـە پێشـمەرگەو کـادیرو لێپرسراوەکان چۆڵکراو بەرەو سنوورەکان چوونو شەڕ نـەکرا. بۆیـە هێزەکـانی پـارتی کۆسـپی ئـەوتۆیان لـە بەردەمـدا نـەبوو، کاتـێ ئـەو هێزانـەی لـە دەربەندیخانو کەلارەوە بە دوو قۆڵی ڕوویان کردە دێی دێسووتكو چیا ڕەزا کـە خـەڵکێکی زۆر لـە پێشـمەرگەو کـادیرو کـەسو کـاری ئەوانـەی لێکۆبـووەوە، پـەلامار دران هـەموو شـڵەژانو بـەرەو پـەتی زالگەکـەی ئێـران لـە تەپـە ڕەش ڕایانکردو بـە زۆر کردیانـەوەو چوونە ژوورەوە کە پێشـتر ڕێگەیان پێنەئـەدان توانیان بـە نـاو هـەزارەها مینـی چێنراوی کـاتی شـەڕی ئێـران - عێراقـدا بچنـە ناوەوەو لە شوێنێکی زۆر پیسو نالەباری پڕ لە مێشوولەو دووپشكو بـێ ئـاودا ئۆردووگایەکیان بۆ کرایەوە. لە پەنای دێسووتکدا هەندێ پێشمەرگە کـە خۆیـان ئەشۆرد کەوتنە دەست هێزەکانی پارتی لەوانە: ئەمجەدی حاجی غـالی، ئەحمـەد سۆیلەمیشـی، مامۆسـتا سـتار، فایـەقی ڕابـە. بـە داخـەوە دواتـر ئـەم پیـاوە تێکۆشەرانە لە لایەن سەرکردایەتی پارتییـەوە گوللە بـارانکران. دیارە ئەمـەش لـە تۆڵـەی کوژرانی ئـەو بەرزانیـەدا بـوو کـە لـە قـۆڵی پێنجوێن - سـەیرانبەن

گوژرا. تەنیا کاك عەدنانو حسێن مەنسوورو هەندێ پێشمەرگەی تر راپەڕینو پەلاماری پارتییانداو شەڕێکی باشکراو نەیانهێشت پارتی بێتە پێشەوەو دەستیان بگاتە خەڵکەکە. لە قۆڵی ڕاپەڕینیشەوە شەڕێکی کەم کرا، هێزەکانمان لێکدابڕان بە تایبەتی گەرمیانییەکان بە هۆی نەشارەزاییەوە خۆیان بە دەستەوە داو چەکەکانیان لێسەنراو هەندێکیان بە کەفالەت ئازاد کرانو هەندێکیشیان کە فەرماندە بوون بران بۆ زیندانە تاریکەکانی پاراستن ئەوانی تریش ڕووەو سنوور بەرەو سونێو قەندیلو قاسمەڕەش ڕۆیشتن.. بە جۆرێك زۆر ئازاریان بوو لەڕێگادا. ئۆتۆمبیلێکی زۆر لە ڕێگەی هەڵشۆ بە جێماو کەوتنە دەست پارتی، سلێمانیش بەشێکی لە ڕێگەی شارەزوورو بەشێکی لە ئەزمەڕەوە بە رەو سەر سنوور ڕۆیشتن، شەڕ لە ناو سلێمانیدا نەکرا، کە قەڵا چوالان جموجووڵی کرد، پێشمەرگە هەندێ شوێنی تەقەمەنیو کەلوپەلیان سووتاند، دوکەڵیش بەرز بوو بووەوە، ئەمە کاری لە دڵو دەروونی خەڵکی کردبوو. ئەم ڕۆیشتنە بێدەنگەوایکرد کەپارتی لە خۆبایی بێو بە هەموولایەکدا هێز بنێرنو سوود لە شکستی هێزی پێشمەرگەوەربگرن، لە سلێمانییەوە هێزیان نارد بۆ شارەزوور ـ هەڵەبجە، شارەزوور ـ پێنجوێن ـ سەیرانبەن، دەربەندیخان ـ کەلار ـ دێسووتك، سلێمانی ـ چەم چەماڵ، سلێمانی ـ قەلاچوالان ـ ماوەت ـ چۆمان.

بەڵام لە ناوەندی شارو شارۆچکەو ئۆردووگاکان دوور نەئەکەوتنەوە. هێزەکانی پارتی هاتنە ناو قەڵاچوالانەوەو هەرچی ماڵی هەڤاڵ مام جەلالو فەرماندەو پێشمەرگەمان کەمابوونەوە تاڵانیان کردو بیناکانیشیان ڕووخاند. هەستم بەوە کرد بوو گەر عێراق بێت نەتوانین خۆمان لە بەرامبەری ڕابگرین بەڵام بیرم بۆ ئەوە نەچووبوو ئاوا بشکێین، دامانناببوو بچینە شوێنە سەختەکان بۆ شەڕو بەرگریکردن.

بۆیە هەر لەسەرەتاوە منداڵەکانم ڕەوانەی میشیاوی دۆڵی شلێر کردبوو تا لەوێ پارێزراوبن بە حوکمی ئەوەی خەڵکی ئەو دێیە خزممانن.

کە چووینە سەر سنور ئیتر من ئاگام لە منداڵەکانم نەبوو، کاك ساڵەح نەسرەدین کە بریندار بوو بوو نامەیەکم پێدا کە بچێتەوە بۆ سلێمانیو لەوێوە

بچێتەلای شێخ محەممەدی شێخ عەبدولکەریمی کربچنە بۆئەوەی بیپارێزێ، شێخ هەرئەوەندە بوو کاك ساڵەحی پاراستبوو بەڵام نامەکەی تەسلیمی دەزگای ئەمن کردبوو لەوەش ئەچێ لە ترسابووبێ. پێش ئەوەی بچێتە کەرکوك لە گەڵ عیزەت کەریم دڕەیی‌و عەلی پێنجوێنی هەوڵی ئەوەیان دابوو منالەکانم ڕزگار بکەن بەڵام کەوتبوونە بۆسەی برادەرانی خۆمان لە سەیرانبەن‌و عیزەت دڕەیی ڕانی شکابوو. کە پارتی زانیبوویان منالەکانم لە میشیاوە هێزێکیان بە سەرپەرشتی مەلا فایەق چووچانی چووبووە سەریان‌و ئاگریان بەردابووە ئەو ناوەو سووتاندبوویان‌و ئەو ئۆتۆمبیلەی منالەکانمانی بردبوو بۆ خۆیان بردیان، نەزیرەی براژنم قاچێکی شکا.

مستەفای حەمە سدیق خان کە خاوەنی دێکەو ئەو ماڵانە بوو کە منالەکانی ئێمە میوانیان بوون چەکداری پارتی بوو، ئەو خۆی هەرچی چەك‌و شتمان لە ماڵی جەوهەری برایدا دانابوو دەستی بەسەراگرتبووو بردبووی، جەوهەری برای منالەکانمانی لە ڕێگای دێی دووپلوورەی مەریوانەوە دەربازکردبوو بۆ مەریوان، خەڵکی ئەم دێیە کە ئێمەشیان نەناسیوە بەڵام بە تایبەتی بنەماڵەی مام سەعیدو کاك عەبدوڵڵا زۆر یارمەتیان دابووین.

ڕۆژانی ١٢و ١٣ی مانگی ٩/١٩٩٦ پارتی هێرشیان کردە سەر چۆمان کە هەندێ هێزی یەکێتی لێ بوو کە لەگەڵ من‌و مامۆستا جەمالدا بوون، بەو هێزەی خۆمانەوە پەلاماری هێزەکانی پارتیمانداو بەرەو دواوە ڕاومانناو نەمانهێشت ماڵ‌و سامانی ئەو خەڵکەی کە لەگەڵماندا هاتبوون بکەوێتە دەسیان‌و بە تالانی ببەن. دوای شەڕەکە من بەرەو قاسمەڕەش کەوتمە ڕێ بۆ سەردانی مەکتەبی سیاسی. بە ئۆتۆمبیل گەیشتینە پردی کەڵوێ کە لە نێوان سەردەشت‌و بانەدایە لە لایەن زاڵگەیەکی ئێرانییەوە ڕێگەمان پێگیراو نەیان ئەهێشت تێپەڕین، لەوێداجیهازەکەم هەڵداو برووسکەم بۆ هەڤاڵ مام جەلال کردو ئیتر کار ئاسانیمان بۆ کراو چووینە سەردەشت‌و لەگەڵ کاك جەبار فەرمان‌و برادەرانی‌تردا بەرەو قاسمە ڕەش بەڕێکەوتین. ڕۆژی ٩/١٨ پارتی بە

هێزێکی زۆرەوە پەلاماری سەیرانبەنیدا کە زۆری خەڵکی سلێمانیو شارەزوورو پێنجوێن لەو شوێنەدا کۆ بوونەوەوەکو ئۆردووگایەك لە لایەن ئێرانەوە ئامادەکرابوو، گەرچی شوێنێکی باش نەبوو، هەموو پێداویستییەکی ژیان تەرخان نەکرابوو، بەڵام دیسانەوە بۆ کارێکی کارەساتاوی کوتوپڕیوا یارمەتیەکی باشیانداوە. هەر هیچ نەبێ گیانیان نەپارێزرێ، هەرچەندە ئەم پەلامارەی پارتیو تەقە کردنیان لە خەڵکەکە کارێکی نامرۆڤانە بوو، خەڵکەکە هیچ بوارێکیان نەبوو چونکە لە ناو چادری گونیەو نایلۆندا ئەژیان، پەنایەکیان نەبوو لە گوللە بیان پارێزێ، بۆیە لە ئەنجامی تەقە کردن بە ناو خەڵكو پێشمەرگەدا چەندین ژنو منداڵ بریندارو ٤ هاووڵاتی بێ گوناەو ٤ پێشمەرگە شەهید بوونو یەك پارتی کوژراو هی تریشیان هەبوو، دوای ئەوە ئیتر سەر سنوورەکان ئاسودەو بێدەنگ بوو، شەڕی تیا نەما.

ڕۆژی ١٩٩٦/٩/١٩ مەکتەبی سیاسی بەیانێکی بڵاوکردەوەو پەنجەی بۆ هەموو مەبەستەکانی پشتی پەردەی هاوکاری ڕژێم - پارتی درێژ کردو ڕێوشوێنی دەست پێکردنەوەی خەباتی دارشتەوەو بووە بناغەیەك بۆ هەڵوێستی نوێ.

مەدالیای ڕێزلێنان

لەولاشەوە لە دوای سەرکەوتنەکانی ڕژێمو هاوکاریکردنی پارتی بۆ داگیرکردنی شاری هەولێر. سەدام مەدالیای ڕێزلێنانی دا بەو فەرماندانەی بەشداری شەڕی (اب المتوکل علی الله) یان کردبوو. ئەمەش بەڵگەیەکی دوو سەرەیە:

- لە سەرێکەوە لە هاتو هاواری پارتی کەم ئەکاتەوە کە گوایە ئەوان هەولێریان گرتۆتەوە.
- لە سەرێکی تریشەوە دان پیانانی ڕاشکاوانەی ڕژێم بوو بۆ هاوکاری کردنی پارتیو یارمەتیدانی بەرچاوی بۆ پەلاماردانی کوردستان کە ئیتر هیچ جۆرە تەفسیرێك هەڵناگرێ.

کردەی ٣١/ ئابی ١٩٩٦ لە هەموو میدیاکانی جیهاندا باسو بڵاوکرایەوەو بگرە هەندێ کەناڵی سەتەلایتی عەربیو جیهانی ڕاستەوخۆو پێ بە پێی هێرشو پەلامارەکانی ڕژێم - پارتی بۆ سەر کوردستان دەنگو باسەکانیان بەوێنەی زیندووەوە بڵاو ئەکردەوەو لە لای کەسایەتییە سیاسیو ڕۆشنبیرەکان دەنگی ئەدایەوەو تاوانبار ئەکرا، گەرچی لەلایەن هەندێ چڵکاو خۆری پارتیو ڕژێمەوە زوڕنای بۆ ئەژەنراو دەهۆڵی بۆ ئەکوترا.

لێبوردنی بارزانیانە

هەر لەم کاتانەدا کە پارتی لە ئیزگەکانیەوە لێبوردنێکی مەسعود بارزانی بۆ هەموو یەکێتیو خەڵکە ئاوارەکە دەرکرد کە بە خۆیانو چەکەکانیانەوە تەسلیمی پارتی ببنەوەو بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، ئەمە دەقاودەق لەو لۆژیکەی ڕژێمی بەعس ئەچێ کە هەموو جارێ داوای لە سەرانی کوردو شۆڕشەکە کردووە کە خۆیانو چەکەکانیان تەسلیم بە ڕژێم بکەنەوە.

مەسعود بارزانی لە بری ئەوەی بیر لە ئاییندەی کوردو چارەنووسی کوردستان بکاتــەوەو بــەو ســەرکەوتنەی بــە هــۆی هێزەکــانی دوژمنــی داگیرکــەر بــە دەستیهێناوە لە خۆبایی نەبێتو لە دوا هەلیشدا دەستی ئاشتی درێژ بکردایە، کەچی ئاوا لێبوردنێك دەرئەکات نەیزانی ئەو سەرکەوتنەی بە ئاسانی بۆ قووت ناچێ، یەکێتی گەرچی تووشی شکستێك بوو ناچار بوو بکشێتەوە، هەروا بە سووكو سانایی ناڕواتو جارێکی تر خۆی کۆئەکاتەوەو ئەو جۆرە شکستانە لە بەرەکانی شەڕدا نابێتە هۆی لە ناو بردنی یەکجارەکی. چوون یەکێتی هێزێکی بچووكو بێ بناغەی جەماوەری نەبوودو جگە لەوە یەکێتی پێگەیەکی بەهێز لە ڕووی سیاسی، کۆمەلایەتی، فیکرییەوە بنیاتناوە کە زەمینەی بۆ خۆش بکات سەر لە نوێ خۆی ساز بداتەوە.

هەر پێش چەند ڕۆژێك لە گرتنەوەی سلێمانی ڕێکخراوەکانی دەرەوە کە لە کوردستاندا کاریان ئەکرد، ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٥ کشانەوەو هەرچی ئەو کوردانەی لە گەلیانا کاریان ئەکرد بە خێزانەوە گوێزرانەوە تورکیاو لەوێشەوە برانە دوورگەی گوامو دواتریش ڕەوانەی ناوووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کران.

نەخشەی دابەزین

ڕۆژی٢٠/٩/١٩٩٦ لە زەلێ کۆبوونەوەمان کرد کە هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو فەرماندەیی گشتی بە ئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال نەخشەی دابەزینمان بۆ خوارەوە بۆ ناوچەکانی خۆمان دیاری کردو کە هەر لێپرسراوەو لەگەڵ هێزێکدا دابەزێت، من بۆ قەرەداخ دانرام. لەم کاتانەدا پارتی پەلاماری سونێی دا، بەلام سەرکەوتوو نەبوو تێکشکاو کوژرانی زۆری لێکرا. مەبەستی پارتی لەم شەڕانەیدا کە بەردەرگەی بە یەکێتی ئەگرت بۆ تێکشکانی دەروونیو ئامادەگی پێشمەرگەکانی بوو بۆ خۆ سازنەدانەوەو ترسو

بـيم بـلاّو كردنەوەوواتێگەيانـدنمان كـە ئـەوان بـەهێزو توانـان لـە ڕووی سـەربازييەوەو خـەڵكيان لەگەڵـدايەو ئێمـەش خزاوينەتـە سـەر سـنوورو لـە ئۆردووگادايەنو جارێكی تر ناتوانين هەڵسينەوە.

مـن دوای تـەواو بـوونی كارەكـانم بـە ڕێگـای بانـەدا گەڕامـەوە چـۆمان. لەوێشـەوە بـە سـەردانێ چووم بـۆ سـەيرانبەن بـۆ كۆكردنـوەی هێزەكانمـان كـە پرشو بلاّو بـوو بوونـەوە، ئـيتر كـاتی ئـەوە هـاتبوو خۆسازبدەين. هێزەكانمـان ئامادەبكەين بۆ پەلاماردانەوەی پارتیو ڕزگار كردنەوەی كوردستان.

گەردەلولی تۆڵە

هـەڤاڵ مـام جـەلالو سـەركردايەتیو فەرمانـدەيی گشـتی يـەكێتی دوو كۆبوونەوەيان كرد بـۆ دارشـتنی بەرنامەيـەكی تێـرو تەسـەلو هەمـەگير كە لـە هەموو قۆڵەكانەوە ئەنجامبدرێ. ئەم كارەش ناوی (گەردەلوولی تۆڵەی) لێنـرا. ديارە لەمەدا يەكێتی خۆی بە تەنيا نـەبوو بـەڵكو زەحمەتكێشـان. سۆسياليسـت. پارتی پارێزگاران. ديموكراسيخوازان ئامادەبوون لەم كاردا.

بەرنامەكـە هەڤاڵ مـام جـەلال سەرپەرشـتی ئـەكردو نەخشـەكەش بـەم شێوەيە بوو:

قۆڵـــــەكان:

- چۆمان - ماوەت - سلێمانی / كاك كۆسرەت سەر پەرشتی ئەكرد
- پێنجوێن - شارەزوور - هەڵەبجە/ كاك فەرەيدون سەرپەرشتی ئەكرد
- بەمۆ - دەربەنديخان - سلێمانی / كاك جەبار سەرپەرشتی ئەكرد
- مەرگە - سوورداش - دووكان / كاك مستەفا سەيد قادر سەر پەرشتی ئەكرد
- بناری قەنديل - قەلاّدزە - ڕانيە / ليوا خەليل دۆسكی سەرپەرشتی ئەكرد

ديارە هەر قۆڵێك كۆمەڵێك هەڤاڵ هاوكاری ئەكرد جگە لەوەی كە لـە قۆڵـەكانی سەرەوە حيزبو لايەنەكان بەشدارييان كردووە.

ئێمە قۆڵی پێنجوێن - شارەزوور - هەڵەبجە بووین، کە هەڤاڵان شەوکەتی حاجی مشیرو شۆڕش ئیسماعیلو مام ڕۆستەمو مەحمود سەنگاوی‌و شێخ حسینە سوورو جەمیل هەورامی هاوکاری کاک فەریدون بووین.

ئەم قۆڵە بریتی بوو لە چەند ڕەتڵێك:

- ڕەتڵی یەکەم: لە سەیرانبەنەوە بۆ پێنجوێن: کاك فەرەیدون + شۆڕش + مام ڕۆستەم + سەید جەوهەر +مامۆستا شاهۆ بوون
- ڕەتڵی دووەم دوو بەش بوو:

- بەشێکی بۆ باشماخ - بناری پێنجوێن: کاك شەوکەت + مەحمود سەنگاوی + شێخ حسینە سوور

- بەشەکەی تری لە باشماخ - دۆڵی توتمان: کاك جەمیل هەورامی بوو

هێزەکانی ئەم قۆڵە پێك هاتبوون لە:

١. لەشکری شارەزوور

٢. لە شکری پێنجوین

٣. لەشکری حەمرین

٤. کۆمیتەکانی پێنجوێن + هەڵەبجە + هێزیکی کۆمیتەکانی مەڵبەندی شارەزوور + ئاسایشی سلێمانی.

ڕۆژی ٩/١٠/ کۆبونەوەمان کردو خۆمان سازو ئامادەکرد بۆ دەستبەکاربوون لە سنووری خۆمانەوە، هەموو هێزەکانمانووریا کردەوە، چەك‌و تەقەمەنی‌و پێویستییەکانی شەڕمان بە سەردا دابەشکردن، ئەرکەکانمان پێووتن. ئەوەی بەدی ئەکرا لە ڕەنگ‌و ڕووی پێشمەرگەو فەرماندەکاندا ئەو پەرۆشی گەڕانەوەیە بوو بۆ ناو خاکی کوردستان‌و تۆڵە سەندنەوە بوو لەو خۆفرۆشانەی دەستیان نایە ناو دەستی ڕژێمی نەنفالیستەوە، لەشکرەکەیان پەلکێش کرد بۆ داگیرکردنی هەولێرو پەرلەمان.

چل ڕۆژی نەخایاند.. یەکێتی بە تەوژمێکی توندەوە لە ڕۆژی ١٠/١١/ ١٩٩٦ لە هەموو قۆڵەکانەوە بەرنامەی گەردەلوولی تۆڵەی دەستپێکرد، ئێمە لە

قۆڵی خۆمانەوە کاتژمێر ۲ ی بەیانی پەلاماری دۆڵی شلێرو پێنجوێنمان داو بە یەك گورِ تا کانیمانگامان پاککردەوە. پارتی خۆیان رانەگرتو بەرەو شارەزوور رایانکرد.

لە رۆژی ۱۹۹٦/۱۰/۱۲ قۆڵی بەمۆ ـ دەربەندیخان ـ سلێمانی بە سەرپەرشتی کاك جەبارو هاورِییەتی هەڤاڵ کوردۆ قاسمو شێخ جەعفەرو مامۆستا محسنو عەدنانی حەمەی میناو ئاواتی شێخ جەنابو ئازم کەرکوکیو مەحمودی مامە عەزەو سدیقی سۆفی مەجیدو مەلا ئەحمەدی دسکەرەو مامۆستا جەلالی ئاسایشو عادل نادرو حەمە قاشتیو سدیقی عەلی تۆفیقو حاجی فایەق بەرنامەی کاری خۆیان دەستپێکرد.

هێزەکانی ئەم قۆڵەش بریتی بوو لە:

ـ لەشکرەکانی گەرمیانو خانەقینو پێشمەرگەکانی کۆمیتەکانی مەڵبەندی ۱۱ گەرمیان، ئەم قۆڵەش کرابووە دوو رەتڵەوە:

ـ رەتڵێك بۆ بێلولە: بە سەر پەرشتی حەمە پاریاوڵە.

ـ رەتڵێك بۆ ملەی سەرتەك: بە سەرپەرشتی مەحمودی مامە عەزە پاشان عەدنانی حەمەی مینا.

ـ رەتڵێك بۆ دەربەندی سەرتەك: بە سەرپرشتی حاجی فایەقو سدیقی عەلی تۆفیق.

ـ رەتڵێك بۆ شاخی زمناکۆ ـ بەربەستی دەربەندیخان: بە سەرپەرشتی مامۆستا جەلالی ئاسایشو مەلا ئەحمەدی دسکەرەوحەمە قاشتی.

ـ رەتڵی پشتە: بە سەرپەرشتی مامۆستا محسنو برادەرانی مەڵبەندو کۆمیتەکان.

ـ رەتڵێکی تر لە دۆڵی قەرەداخەوە بۆ ناو دەربەندیخان کە بریتی بوو لە ئەنوەر دۆڵانیو م. عەلی پەرلەمانو سەرکەوت سێوسێنانی.

لەم قۆڵەشەوە پارتی بەرگەیان نەگرت، لە ملەی سەرتەك کوژراوی زۆریان دا، ئێمەش فەرماندەیەکی ئازاو بلیمەتو چاو نەترسمان شەهید بوو

ئەویش کاك مەحمودی مامە عەزە بوو کە زۆر داخ لە دڵ بوو بەرامبەر بە کردەی ٣١ی ئاب. مەخابن لەگەڵ یەکەم گوللە ئارپیجیدا بەرامبەر بە هێزەکانی پارتی بە گوللەیەکی ڕەشی دەستی ڕەشی ئەو دەروون ڕەشانەی پەلکێشکەری داگیر کەر شەهید ئەکریٚو ئەمەش ئەبێتە مایەی ئەوەی کە هێزەکانمان زۆر بە توندی لە چەکدارەکانی پارتی بێنە دەستو لە چاو ترووکانێکدا لە هەموو شوێنەکان هەڵیان بکەنو ترسنۆکانە لەوێ ڕابکەنە خوارەوە بەشێکیان بەرەو کەلارو دەربەندیخان. لە ناو دەربەندیخانیشدا خۆیان پێ ڕانەگیرا کاتێ کە لە دۆڵی قەرەداخەوە لێیاندرا، هەر ئەوەندەیان پێکرا بە پەلە بە ئۆتۆمبێلەکانیان بە تونێلەکەدا بەرەو شارەزوورو سلێمانی برۆن. ئەم هێزە ڕۆڵی سەرەکی بینی لە ڕاونانی هێزەکانی پارتیو شکانیانو گرتنی ڕێگەی دەربازبوونو زەمینە خۆشکردن بۆ پێشڕەوی کردنی قۆڵەکانی تر.

لە قۆڵەکانی چۆمان ـ ماوەت ـ سلێمانیشەوە بە فەرماندەیی کاك کۆسرەتو هەڤاڵان ملازم عومەرو سالار عەزیزو مستەفا چاوڕەشو مەلا بەختیارو عیماد ئەحمەدو عوسمانی حاجی مەحمودو مامۆستا جەمالو چەندین هەڤاڵی تریش، هێزەکانی ئەم قۆڵەش بریتی بوون لە:

لەشکرەکانی سنووری هەولێرو باڵەکو ڕەواندزو کەرکوکو بابەگوڕگوڕ، ئەم قۆڵە بوون بە دوو ڕەتڵەوە:

- ڕەتڵی چۆمان ـ کەناروێ ـ چوارتا ـ قەڵاچوالان
- ڕەتڵی چۆمان ـ ماوەت ـ قەڵاچوالان.

بە یەکگرتنەوەی هەردوو ڕەتڵەکە لە قەڵاچوالان بەرەو سلێمانی پێشڕەوییان کرد. لەم قۆڵەشەوە هێزەکانی پارتی بە خراپی شکانو نەیانتوانی لە بەرامبەر پەلاماری پێشمەرگەی یەکێتیدا خۆیان ڕابگرن، هەرچەندە مەسعود بارزانی خۆی لە سلێمانی بوو، بە سەرپەرشتی خۆی ٣ هێرشی یەك لە دوای یەکیان کردەوە بەڵام سوودی نەبوو، کە لە دەربەندیخانو شارەزوورەوە یەکێتی هاتن، ئیتر کەوتنە خۆیانو لە دیوی قەڵاچوالانەوە بەرەو

ئەزمەڕوسلێمانی ڕایانکرد. لە ڕێگەشدا تووشی بۆسەیەکی هێزی قۆڵی پێنجوین بوونو شپرزەیان کردنوو وایان لێهات لە سلێمانیش نەمێننەوەو مەسعود بەرزانیش ئەوێ بەجێ بهێڵێو بەرەو هەولێر بگەڕێتەوە. بەشێکی هێزەکانیش بەرەو دۆڵی دووکانو بەشێکی تریش بەرەو چەمچەماڵ بڕۆن. ئەم چەکدارانەو ئەوانەی ناو کەلارو کفریش لە حەیبەتدا خۆیان کردە ناو ڕژێمداو لەوێشەوە لە پاڵ نەفرەتی خەڵکی کوردستاندا ڕەوانەی هەولێر کرانەوە. بە تایبەتی لە کەرکوکدا ئاپۆڕەی خەڵکی پارتییەکانیان دایە بەر تەماتەو توێکڵە شووتی.

بەم جۆرە هێزەکانی هەردوو قۆڵی سلێمانیو گەرمیان یەکیان گرتەوەو قۆڵەکەی پێنجوێنیش لە شارەزوورەوە هاتنەوە سلێمانی.

بڕیار بوو هێزەکانی شارەزوورو گەرمیان بەرەو دووکان بچن، هەمووما لە خواری سلێمانی کۆ بووینەوە، بەڵام دواتر بەرەو شارەزوور گەڕێنراینەوەو چووینە ناو هەڵەبجەوە. لە قۆڵی مەرگە ـ سووورداشەوە کە کاك مستەفای سەید قادر سەرپەرشتی ئەکرد لە گەڵ هەڤاڵان تۆفیق کانیوەتمانیو غەریب سەعیدو مامۆستا مەهدیو باپیر حاجی خدر، هێزەکانیان بریتی بوو لە لەشکری بتوێن، لەشکری پشدەر، لەشکری داستان، هێزی شیلانەییەکانو مەڵبەندی ڕاپەڕین بە هەموو کۆمیتەکانییەوە.

لە ماوەیەکی کەمدا ناوچەکانی بنگردو مەرگەو سووورداش پاککرانەوەو پارتی هەر ڕایان ئەکرد تا خۆیانگەیاندە ئەوبەری پردەکەی دووکان، لەو بەرزاییانە خۆیان گرتەوە، چەند هێرشی یەك لە دوای یەکیان هێنا، بەڵام پێشمەرگەی یەکێتی ڕوو بە ڕوویان بوونەوە، نەیانهێشت پێشڕەوی بکەن، لە کاتێکدا بەشێکی هێزەکانی گەرمیانو شارەزوورو سلێمانی گەیشتنە ئەو ناوە دوای ئەوەی بەشێکی هێزێکی ڕێکخستنەکانو ئیدارییەکان چوونەوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارو بارەکانی خۆیانو سەرپەرشتی ئەرکو فرمانەکانو بەڕێوە بردنی دامودەزگاکانو چەسپاندنی ئاسایشو ئاسوودەیی.

لەولاشەوە هێزەکانی بناری قەندیل و قەڵادزێ بە سەرپەرشتی لیوا خەلیل دۆسکی لە کێلێوە لەگەڵ برادەرانی سۆسیالیست و زەحمەتکێشاندا دابەزین و ئەو ناوچانەیان پاکسازی کردو لە پێشڕەویدا بوون بە جۆرێک پارتییەکان نەیانتوانی بەرگری بکەن، بگرە جەماوەری ناوچەکەش لێیان ڕاپەڕین و بە توندی دوایان کەوتن و لەگەڵ پێشمەرگەکاندا بەشێکیان بەرەو دۆڵی شەهیدان .وەرتێ بە دوایانەوە بوون، بەشێکی تریش بەرەو دۆڵی بالیسان و ئۆردووگاکانی ئەو ناوچەیە ڕاویانان.

ڕۆژی ١٩/١٠/١٩٩٦ هێزەکانی پارتی لە کەلکە سماقەوە کاتیۆشاباران کران، ئەمە خۆئامادەکردن بوو بۆ پەلاماردانیان، من لێرە دانرام بۆ سەرپەرشتی بەرەی چەمچەماڵ ـ گۆیتەپە.

ڕۆژی ٢٠/١٠/١٩٩٦ پارتی ویستیان لە خوارەوە بە هێزێکەوە دزە بکەن و لە پشتەوە بدەن لە هێزەکانی یەکێتی و بەرەیەکی تر بۆ شەڕ بکەنەوە. یەکێتی بشڵەژێنن. بۆیە لە تەقتەقەوە هاتن بۆ ئاغجەلەر، لە دێی داڵەوا هاتنە سەر چەند پێشمەرگەیەکمان و پاش چەند شەڕێکی کورت پێشمەرگەکانمان شکان و دوو شەهیدیان دابوو، لەو کاتەدا من چووبوومەوە بۆ سلێمانی کە گەڕامەوە لە دەربەندی بازیان هێزەکەی خۆمانم بینی شکابوون، کۆمیتەی چەمچەماڵ و هێزەکانی تری ناو چەمچەماڵ کە بریتی بوون لە برادەران حەمە تەپە دێی و کاک عومەر ئەسعەدو عادل نادرو شێرکۆی فاتیح شوانی و فاتیح شوانی خۆی و مام حەمیدی گومرگ و سیروان دێرەشەیی و مستە فا چالاوی . هەموویان لە دەربەندی بازیان کۆ بووبوونەوە. منیش لە کاتی گەڕانەوەم لە مەڵبەندی سلێمانی کاک عومەر فەتاح پێی ووتم: هێزەکانی لای دووکان و مزعیان خراپە، با هێزەکانی لای ئێوە بێتە تاسلۆجە لەوێ بەرەیەکی پتەو درووست بکرێ بۆ پاراستنی سلێمانی.

بۆیە ئەو هێزەم هێنایە تاسلۆجەو برووسکەم بۆ کاک کۆسرەت کرد کە هێزەکەمان لە تاسلوجەیە، کە چی داوای لێکردم کە بە پەلە بگەڕێمەوە

دەربەندی بازیان. کە گەیشتینە سەر ملەی تاسلوجە ئاگاداریان کردین کەوا پارتی گەیشتنە ناو بازیان، لەو کاتەدا حەمە سوور دووشیوانیو ئەنوەر دۆڵانیو دێو حەسەنو کۆمەڵێك برادەری تریش پەیدا بوونو کاك حەمە دووشیوانیووتی : ئەمڕۆ ڕۆژی تەنگانەیەو ئێوە چی بڕیار ئەدەن ئێمە ئامادەین، منیش پێمووتن.. فەرموون با بچینە بازیانو لێیان بدەین.. بە پەلە هێزێکمان سازکردو هەموومان چووین. لە بازیان لە دێی بیبیجەك بە یەکدا تەقینەوەو ئەوەندە ترسنۆك بوون هەر نەیانتوانی شوێن پێیەك بۆ خۆیان بکەنەوە، بە هەڵەداوان ڕایان کردو گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی هاتبوون. لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەکمان کە خزمی خۆم بوو بەناوی قادر حاجی عەبدولکەریم برای شەهید یاسین لێخوڕەیی شەهید بوو، دەستبەجێ تەرمەکەیم بە پێشمەرگەیەکی دەستەکەمدا بە ناوی حەمە چاوشین کە پارتیزان بوو لەگەڵمدا ناردەوە بۆ ماڵی خۆیان لە ئۆردووگای سمود، بەڵام لە زالگەی سلێمانی - قەرەداخ کەوتنە بۆسەی هەندێ خەڵکی سەر بە پارتیو تەقەیان لێکردنو حەمە چاوشینیان شەهید کرد. دواتر لە تۆڵەی ئەم ڕووداوەدا چوومە سەریانو هەندێ ئیجراائاتی توندم بەرامبەریان کرد. کە لە نزیك بیبجەك بووین ئۆتۆمبیلێك لە سلێمانییەوە هاتو پێشمەرگەکان پێیانووتبوو تۆ کێی..؟ شۆفێری ئۆتۆمبیلەکەووتبووی تەحسینم، پێشمەرگەکانوایانزانی تەحسین شاوەیسە، خەریك بوو بیکوژن، هاواری کردوووتبووی: من تەحسین قادرم.. دوای ئەوە کاك فەرەیدون گەیشتە لامانو سەردانی کردینو هەندێ قسەی لە بارەی شەڕەکەوە بۆ کردینو گەڕایەوە.

هەر لەم ڕۆژەداو لە قۆڵی دووکانەوە بە پێی نەخشەیەکی ڕێكو پێك برادەران پەلاماری پارتییانداو لە ماوەیەکی کەمدا پارتییان هەڵکەندو سەنگەر بەسەنگەر دوایان کەوتن تا زالگەی سێ ڕێیانی بێستانە ڕاویاننان، بەم جۆرە هەم شاخی کەڵکەسماقو هەم دۆڵی خەلەکانیان لێپاك کردنەوە، کە لەڕاستیدا کوشتنی تاوانبارێکیوەکو تەحسین شاوەیس زۆر کاریگەر بوو، پشتی

چەکدارەکانی شکاندو چیتر نەیانتوانی لە بەرامبەر پێشمەرگەی یەکێتیدا بووەستن.

هێزەکانی یەکێتی لە دیوی کۆیەوە تا دێی شیواشان ڕۆیشتن، ئێمەش لە قۆڵی چەمچەماڵەوە بە ناوچەی شوانو شێخ بزێنیدا لەگەڵ کاك ڕۆستەمدا یەکمان گرتەوە. هێرشمان کردو نەوەستاین تا چووینە نزیکی پردی تەقتەق.

ڕۆژی ۱۹۹٦/۱۰/۲۳ پەلاماری ناو تەقتەقمان داو گرتمانو پارتی لێرەش ڕایانکرد لەوکاتەدا ژنێك کەخۆی نابووە قوڕ بەهاوار هاوار بەرەو لامان هات: ڕۆڵە چەکدارەکانی پارتی کەرامەتیان شکاندین، ماڵیان دزینو تالآنیان کردین ..ئێمەش هێورمان کردەوەو دڵمان دایەوە .. ئێمەش هێزەکەمان بەرەو کۆیە ئاراستە کردو لەوێشەوە ڕووەو باوەقوبو بۆ ئێوارەکەی چووینە سماقوڵی گەلی.

قۆڵی دووکان بەباشی پارتیان ڕاوناو هێزەکانیان کردبووە چەند بەشێکەوە: بەشێکی بەرەو ڕانیەو بتوێنو بەشێکی بەرەو دۆڵی هیران.

هێزەکانی پارتی ئەمەندە فشەڵو ترسا بوون بە هیچ جۆرێك لە هیچ شوێنێك نەیانئەتوانی لە سەنگەردا خۆ ڕابگرنو لە هەموو قۆڵەکانەوە ئەشکانو پاشەکشەیان ئەکرد، دوای ئەوەی بە دەیان کوژراوو برینداریان دا، یەکێتی سەرگەرمی سەرکەوتن بوو، ئەیویست لەو شەڕو پەلامارانەدا ئاسەواری شکستی ٣١ی ئاب بسڕێتەوەو پارتی دەربپەڕێنێ، نەك بە تەنیا هەولێر بگرێتەوە بەڵکو پەلی بگاتە بادینانیش. بەڕاستیش پارتی هەر ئەشکانو ڕایان ئەکرد، شوێن کەوتنیان ئاسان بوو، دەرپەڕاندنیان قورس نەبوو بە تایبەتیش خەڵکی ڕقی لێیان ئەهاتەوە. هەر هێزێکیش لە بەرەکانی شەڕدا بشکێ بە ئاسانیخۆی پێ ناگیرێتەوە.

هێڵی بڤـه

بەڵام ئـەم دلگەرمییـە بـە پێی ئـەو نەخشەیە بـە کامـی دڵ نەهاتـەوە، بەڵکو دەوڵەتانی ئیقلیمی جارێکی تـریش لـە بۆسـەدا بوون بـۆ یـەکێتی هاتنـە سەر خەتو نیشانەی هێڵی بڤـە یـان هـەڵکردو تـا لـەوە زیـاتر نـە جوڵـێو لـەو شوێنەدا ڕابووەستێ کەپێی گەیشتووەو مشت لـە هـەولێرو ئـەولاتر نـەگرێ. ڕژێمـی عێـراق لـە ڕێگـەی هەنـدێ کەسـەوە ئاگـاداری سـەرکردایەتی یـەکێتی کـردەوە لـەوە زیـاتر نـەڕواتو هێرشـەکانی ڕابگـرێ نـەگینا لێـی ئـەدرێ. ئـیتر هێزەکانی یەکێتی لە سەر ئەم هێڵانە جێگیر بوو:

- هێڵی کۆیە - پیرەر
- کاموسەك - هیران
- بالیسان - توتمە
- دۆڵی شەهیدان -وەرتێ.

بەمـەش کوردسـتان خـۆی لـە خۆیـدا بـوو بـە دوو کـانتۆنو پـارتی لـە لایەكو یەکێتی لەلایەك، بەمەش دیاردەیەکی کۆنی کوردی زیندوو کرایەوە کـە ئەم دوو کانتۆنە کاتی خۆیشی سنووری نێوان دوو ئیمارەتی سۆرانو بابان بوو.

دانیشتنی ئەنقەرە

هەر لەم میانەدا بوو هـەوڵێکی ناوبـژیوانی لـە لایـەن ئـەمریکاوە کەوتـە کاروومەنـدی یـەکێتیو پـارتی لـە گـەڵ نوێنـەری ئـەمریکا ڕۆژی ١٩٩٦/١٠/٣٠ لـە ئەنقـەرە دانیشـتن بـە ئامـادەبوونی بـەرەی تورکمـانی بـۆ ڕێککـەوتن لـە سـەر بەرنامەیـەك بـۆ ئاشـتی، ڕۆژی ١٩٩٦/١٠/٣١ بـە هاوکـاری ئـەمریکاو بـەریتانیاو تورکیا، هەردوو لا لە ئەنقـەرە ڕێککـەوتنێکی ٢٢ مادەییـان مـۆر کـرد. هـەردوولا بەتەواوی پێی قایل بوون. بەڵام ڕۆژی دواتـر پـارتی لـە مەسـیفەوە ١٦ مادەیـان

ڕەتکردەوەو تەنیا ٦ مادەیان پێ قبوڵ بوو ئەمەش جۆرە دڵ ساردکردنەوەیەکی خستەوەو دۆخەکەی تەماویکرد، دیارە پارتی شێوازێکی فێڵاوی بۆ گفتوگۆ ئەگرتە بەر، کاتێك کە شتێك لە سەریان بکەوێ، خەڵکی لاوازی بێ بڕیار بە دەست بۆ کۆبوونەوەکان ئەنێرن تاکو نەتوانێ بێ ناوەند هیچ شتێکی یەکلاکەرەوە بڵێ، کە شتێکیشی ووت زۆر گوێی پێنادەن‌و بەهەندێ وەرناگرن. پارتی ئەم یاریەی ئەکرد تاکو واخۆی نیشان بدات کە نووزەی تیاماوە، ئەوەی لە بەرەکانی شەڕدا پێی نەئەکرا لە گفتوگۆدا کۆسپ ئەخاتەوە. گرژی‌و ئاڵۆزی ئەنێتەوە، تاکووا هەست بکرێ ئامادەیە بۆ هەر گێمێکی تری شەڕ، یان لایەنی بەرامبەر ناچار بکات بۆ مەرجەکانی خۆی.

هاوپەیمانی دیموکراسی

لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان پارتی‌و ڕژێمی بەعس‌و هەڵکەنرانی هەموو حیزبەکان لە هەولێرو لێدانیان لەلایەن ڕژێمیشەوە. جۆرە ڕیز بەندییەك درووستبوو دژ بە پارتی‌و دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتیدا. ئەمە هەربەقسەکردن‌و ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەنوسی نەبوو لەبۆنەو مەراسیمەکاندا، بەڵکو لەکرداردا بەرجەستە بوو، هەموو حیزبەکانی: زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، پارێزگاران، دیموکراسیخوازان، زەمینەی هاوپەیمانێتی یان بۆ ڕەخسا لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان تاکو بۆ هەرئەگەرێکی خراپ بێنە پێشەوەو ئامادەییان تێدابێت.

ئەم هەڵوێستەیان لە ڕۆژی ١٩٩٦/١٢/٦ لە کۆبونەوەیەکدا خۆی دەرخست کە بڕیاریان دا لەژێر چەتری هاوپەیمانی دیموکراسی کوردستاندا خۆیان ڕابگەیەنن.

دیارە ئەمەش کاریگەرێتی سیاسی‌و جەماوەری خۆی لە ئاستی ناوەو دەرەوەش هەیە. بەم کارەش پارتی ئەکەوێتە پەراوێزەوەو ئەم کۆمەڵە حیزب‌و

لایەنانە کە دژی ئەوەستن ئەکاتە بێهێزی ئەو خەڵکێکی زۆر لایەنگرو دۆستانی ئەم حیزبانە لە کوردستاندا بە گشتیو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا لە دەرەوەیویستی پارتیدا ئەبن لە هەر هەڵوێستو کارێکدا، با پارتی بە ئاشکراو بە نهێنیش لە ڕوویاندا بووەستیو گرفتیان بۆ بخوڵقێنێ کە ئەم دۆخە هاتە ئاراوەو ئەم سنوور بەندییە ناچارییە کراو بە پێویست زانرا.

ساڵی ١٩٩٧

هەوارمان گواستەوە ئاستانەی ساڵێکی نوێ، هەرچەندە شەڕ نەبوو، بەرەکان کپ بوون، دەنگی تەقەو زرمەی گوللە تۆپ دڵی ڕانەئەتەکاند، بەڵام ئەو کپییە ئاشتی تیا دەرنەکەوت. هەمیشە لەو کپیو بێدەنگییە سڵمان ئەکردەوە، هەلومەرجەکەشواینیشان ئەدا کە ئەگەری شەڕ هەیە، هەردوولا دڵنیا نەبوون لە هەنگاو نان بەرەو ئاشتی، یان نیشانەکانی شەڕ لای هەردوولا لە ئاسۆوە سەریان دەرنەهێنا. بەڵام نەئەزانرا کەی جارێکی تر ئەو شەڕە ئاگر بەر ئەداتەوە لە ماڵەوێرانەکانی کورد.

لە سەرەتای ئەم ساڵەدا ڕۆژانی ١/٤و ١/١١ ی ١٩٩٧ هەڤاڵانی فەرماندەیی گشتی لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلالدا کۆبوونەوەمان کرد، لەو کاتانەدا بوو کە هەڤاڵان مام جەلالو ملازم عومەر لە سەر سەفەر بوون بۆووڵاتانی تورکیاو عەرەبستانی سعودی، هەڤاڵ مام جەلال بە تەما نەبوو بچێ بەڵام بە هۆی گۆڕانکارییە تازەکانی دنیاوە، مەکتەبی سیاسی داوایان کرد کە ئەو سەفەرە بکات بە تایبەتی نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی حیزبی ڕەفای تورکی کە ڕێکخستنێکی ئیسلامییە لەوێنەی یەکگرتووی ئیسلامی لە کوردستاندا، داوای چاوپێکەوتنی هەڤاڵ مام جەلالی کردبوو.

پەیوەندی سعودیە ـ کورد

هەروەها عەرەبستانی سعودیش داوای چاوپێکەوتنی نوێنەری یەکێتی بە تایبەتی هەڤاڵ مام جەلالی کردبوو، کە بە حیسابی خۆیان سیاسەتی تازەیان بەرامبەر عێراق گرتووەتەبەر. عەرەبی سعودی لە شەڕی کەنداوی یەکەمدا هاوبەشێکی دلگەرمی عێراق بوو لە شەڕدا بەرامبەر بە ئێران کە عەرەبی سعودیوولاتێکی سوونە مەزهەبووەهابییەو پشتیوانی کردنیشی لە عێراق لە دوو ڕوانگەوە بووە:

- لە ڕوانگەی عەربچێتییەوە دژی ئێران بوو، لە چاوتێبڕینی بۆ زاڵبوون بە سەر کەنداودا بە تایبەتی دەست بە سەراگرتنی ٣ دوورگەکە.
- لە ڕوانگەی مەزهەبیەوە کە ئێران شیعەیەو مەترسی بەرپا ئەکاتو ئەو کەمەکە شیعەیەی کە لە سعودیەو کەنداویشدا ڕائەچنێ.

بەڵام لە شەڕی کەنداوی دووەمدا لە سەر گرتنی کوێت ناکۆکی ئەکەوێتە نێوان عێراقو سعودی یە، چونکە پێیوابوو جگە لەوەی عێراق مافی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن ئاڵا پێشێل ئەکات، نیازی بەرامبەر بەویش خراپەو لە ئاییندەدا قرم لەویش خۆش ئەکات. بۆیە سعودیە کەوتە بەرەی دژ بە عێراقو پشتیوانی لە ئەمریکاو هاوپەیمانان کردو لە شەڕیشدا ڕۆڵێکی گرنگی بینی چ بە بەشداری هێزەکانی خۆی لە شەڕەکەداو چ بە یارمەتیدانی هێزی هاوپەیمانەکان. کە عێراق لە کوێت تێکشکاو هەموو ئەو هێزانەی بە دیل گیران برانە ناو خاکی سعودیەو دواتر بەرەو ئەمریکا.

لە مەڕ پەیوەندی کورد ـ سعودیەش، ئەوووڵاتە قەت ئامادە نەبووە دۆستایەتی کورد بکات، گەرچی لە هەندێ جاریشدا سەرکردەکانی کورد سەردانی ئەوێیان کردووەو لە بارەی کوردیشەوە قسەیان کردووە. بۆیە هەر جۆرە قسە کردنێك قازانجی بۆ ئاییندەی پەیوەندی کورد ـ عەرەب هەیەو ئەبێ

دبلۆماسیەتی کوردی کاری جیدی خۆی لەو بوارەدا بکات، هەر هیچ نەبێ تەکانێك بە هەڵوێستی سعودیە بدات بۆ دۆستایەتی کردنو ڕوونکردنەوەی باری سیاسی کوردو لە قاودانی موماڕەسە نامرۆڤایەتیەکانی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە کورد، بە تایبەت کە سعودیە لە ناووولاتە عەرەبییەکاندا قورساییو سەنگی تایبەتی خۆی هەیە.

هەر لەم کاتانەداوەفدی یەکێتی لەگەڵوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا دانیشتو ئەمریکاییەکان بە ڕاشکاوی سیاسەتی خۆیان بەرامبەر بە عێراق دەربڕیوە کە توند بوونو کوردیان دڵنیا کردۆتەوە ئەمریکاواز لە کورد ناهێنێ، گەرچی لە ۳۱ ی ئابیشدا چاوی لە ئاست پەلامارەکانی ڕژێم بۆ سەر یەکێتی لە هەولێردا پۆشی ئەگەر خۆی ئاماژەیەکیشی پێ نەدابێ..!

بڕیاردرا لەم سەفەرەی هەڤاڵ مام جەلال دا بۆ دەرەوە کاك کۆسرەت ببێتە قائیدی عام تا کاتی گەڕانەوەی هەڤاڵ مام جەلال.

دیسانەوە کۆبوونەوەی ئەنقەرە

هەروەها دوانیوەڕۆی ڕۆژی ۱۹۹۷/۱/۱۵ لە ئەنقەرە کۆبوونەوەی نێوان یەکێتیو پارتی کراو بڕیار لەسەر ئەم خاڵانەدرا:

۱. دەستنیشانکردنی هێزی چاودێرەکان بۆ چاودێری خاڵەکانی تەماسی نێوان یەکێتیو پارتی کەلە برایانی تورکمانو ئاشوری پێکهاتووە.

۲. ئەبێت کێشەی دیلەکان لە بنەڕەتەوە چارەسەر بکرێت.

۳. هەموو گیروگرفتی ئاوارەکان چارەسەر بکرێت.

٤. ئەبێت شەڕی ڕاگەیاندن ڕابگیرێت.

هەروەها کۆمیتەیەکی سیاسی پێکهات لە ۳ کەس لە یەکێتیو ۳ کەس لە پارتی ۲ کەس لە تورکمانو هەموو مانگێك جارێ کۆ ببنەوە بۆجێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان. شایانی باسکردنە کەوا ڕۆبەرت بلیترۆ جێگری وەزیری دەرەوەی

ئەمریکا سەرپەرشتی کۆبونەوەکانی ئەکرد، بە ئامادە بوونی نوێنەرانی سیاسی بەریتانیاو تورکیاو نوێنەرانی جەبهەی تورکمانی.

لەلایەن یەکێتییەوە هەڤاڵان: حەمە تۆفیق ڕەحیم‌و عەدنان موفتی‌و شازاد سائیب‌و لەلایەن پارتیشەوە: سامی عەبدولڕەحمان‌و عێزەدین بەرواری‌و پیرۆت ئەحمەدو سەفین دزەیی‌و ئازاد میران بەشدار بوون.

پلیترۆ جێگری‌وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەبارەی ئەم کۆبونەوەووتبوی: ئەنجامەکانی باش بووەو کێشەیان لەسەر داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیلە هەروەها ڕادیۆی لەندەنیش لە زمانی جێگری‌وەزیری دەرەوەی بەریتانیاوە،وتوویەتی زۆربەی شتەکانیان دوبارە بوونەوەیە.

لەو سەروبەندەی کە هەڤاڵ مام جەلال گەیشتبووە تورکیا ڕۆژی ١/١٦ لەلایەن تانسۆ چیلەری‌وەزیری دەرەوەی تورکیاوە داوایەك خرابووە بەردەم هەڤاڵ مام جەلال کە ڕێگە نەدرێ هێزەکانی پەکەکە لەخاکی هەرێمی کوردستانەوە پەلاماری تورکیا بدرێ.

ئەم داوایە شێوەیەك لەکوێخایەتی بەرامبەر کوردو هەرێمی کوردستانی تێدایە، جگە لەمە بۆ ئەبێ تورکیا سنوورەکانی خۆی نەپارێزێ لە ئەگەری هەر پەلامارێك لە لایەن پەکەکەوە بۆسەری، بۆ داوا لە ئێمە بکرێ کە نەهێلین پەکەکە پەلامار بدات. ئەمە ڕاستەوخۆ تۆمەتبار کردنی یەکێتی تێدایە بۆ هاوکاری‌ودۆستایەتی کردنی پەکەکە. کە لەوانەیە پەکەکە زۆرخۆیان بەڕای حیزبەکانی باشورەوە نەبەستنەوەو زۆریش گوێ نەدەنە هەلومەرجی کوردستان‌و بوونی ئەوان لە سەر سنووردا.

دامەزراندنەوەی حکومەت

دوای ئـەوەی هاوپـەیمانی دیموکراسـی کوردسـتان دامـەزراو دۆخێکـی نـوێو سنووربەندییەکی ناچاری خۆی سەپاند بـە پێویست زانـرا لـەم قۆڵـەی یەکێتییـەوە کاروباری حکومـەتی هـەرێموەکو درێژەپێـدانی شـەرعیەت دەست بەکار بێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکان، بـەو بۆنەیـەوە ڕۆژی ١٩٩٧/١/٢٦ لەبـەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە(٢) ی ساڵی ١٩٩٢، بڕیاردرا بۆشاییەکانی کابینـەی دووەم لەوەزارەتەکان بە سەرۆکایەتی کاك کۆسرەت پڕ بکرێتەوە کە بەم شێوەیە بوو:

- د. کەمال فوئاد جێگری سەرەك‌وەزیران
- جەبار فەرمان وەزیری پێشمەرگە
- عومەر عەبدوڵڵا وەزیری ناوخۆ
- ئەرسەلان بایز وەزیری پەروەردە
- محەممەد ئەحمەد شاکەلی وەزیری ئەوقاف
- قادر جەباری وەزیری پێشەسازی/ سۆسیالیست
- سالار عەزیز وەزیری کشتوکاڵ
- سەعدی ئەحمەد پیرە وەزیری تەندرووستی
- نەجم سوورچی وەزیری ئەشغاڵ / پارێزگاران
- بەهمەن حسین وەزیری ئاوەدانکردنەوە/ زەحمەتکێشان
- عەبدولڕەحمان نەوڕەسی وەزیری داد / بزووتنەوە

یەکـەمین کۆبوونـەوەی ئەنجومـەنی‌وەزیران لـە ڕۆژی ١٩٩٧/١/٢٩ لـە سلێمانی ئەنجامـدرا، لـەم حکومەتـەدا حیزبـەکانی زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، پارێزگاران، بزووتنەوە، بەشدارییان کرد. حیزبی شیوعی ئامادە نەبوو هاوکاری بکەنو ئەوان لە حکومەتەکەی هەولێردا مانەوە. پارتیش لای خۆیەوە کابینـەی سێیەمی بـە سـەرۆکایەتی دکتـۆر ڕۆژ نـوری شـاوەیس ڕاگەیانـد. ئـەوە دەزانـرێ

پاش ماوەیەك لەم كابینەیەدا گۆڕانكاریەك كراو محەممەد مەلا عومەر عەبدولعەزیز لەسەر میلاكی بزووتنەوە كرا بەوەزیری ئەوقافو محەمەد ئەحمەد شاكەلی بەوەزیری هەرێمو لەهەمان كاتیشدا لێپرسراوێتی مەڵبەندی ڕێكخستنی كەركوكیشی پێ سپێردرا .

ئێمە ئەوسا بە سیاسەتی ٥٠ بە ٥٠ لە یەك حكومەتدا بێزارو قەڵس بووین، كەچی یەكێك لە دەرهاوێشتەكانی شەڕی ناوخۆ ئەوەشی تێپەڕاندبووو گەیشتە قۆناغی دابەشبوونی ئیدارەی كوردیو حكومەتەكەی كرد بە دوو كانتۆنەوە، كانتۆنی سلێمانیو كانتۆنی هەولێر. گەردەلولی تۆڵەی یەكەم تەواو بوو ڕێككەوتنی ئەنقەرە بووە هۆی ڕاگرتنی شەڕو ئاگربڕ لە بەرەكانی شەڕدا بەڵام ئیتر هەنگاو نەنرا بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكانی خودی ئەو ڕێككەوتنە. ئاگر بڕ هەمیشە شرینقەیەكی كاتییە، هەردوو لای شەڕ ئەیانەوێ هەندێ ماندوێتی شەڕ لە جەستەیان دەربكەنو پشوویەك بدەنو بە باشتر خۆیان ساز بدەنەوە چ لە ڕووی دەروونیو ئامادەبوونی چەكدارەكانەوە چ لە ڕووی پەیدا كردنی كەرەستەی نوێی جەنگو دارشتنەوەی نەخشەو پلانی تازە بۆ سەر لە نوێ تێهەڵچوونەوە لە قۆناغێكی تردا.

دەرەنجامەكانی ٣١ / ئاب

دیارە شەڕ هەمیشەماڵوێرانیو كارەساتە، چەندە هۆكاری جیاجیا هەبێ بۆ بەر پاكردنی ئەوەندەش دەرەنجامی لێئەكەوێتەوە، گەرچی هەندێ هۆكار پەنامەكییە، هەندێكیشیان ئاشكرایە، بەڵام دواتر زۆر شت ڕوون ئەبێتەوەو لایەنە نهێنییەكانی دەرئەكەون. ئەوەی لە ئۆپەراسیۆنی ٣١/ ئابی پارتی ـ ڕژێم بۆ سەر كوردستان دەركەوت ئەوەیە:

ـ بێدەنگی ئەمریكا لە ئاست پەلاماری ڕژێمی عێراقو هاوكاری كردنی پارتی بۆ گرتنەوەی هەولێر، ئەمریكا بێ ئاگا نەبوو لەو كارە.

- چاوەڕوانی بێهودەی یەکێتی بۆ بەدیهاتنی بەڵێنەکانی ئەمریکا لە ڕێگە نەدان بە هەر جموجووڵێکی ڕژێم.

- عێراق بۆ شێواندنی ڕووی دەسەڵاتی کوردی زۆر بە پەلە بە دەم داواکەی پارتییەوە چوو، بۆ ئەوەی‌وا لە خەڵکی بگەیەنن کە بێ ڕژێم‌و بەعس کورد بۆی ناکرێ دەسەڵاتی هەبێ.

- هێزەکانی یەکێتی لە بەرامبەر هێزە فشۆڵەکانی پارتیدا خۆیان ڕانەگرت، تەنیا هەر ئەوەندەی کە هێزی ڕژێمی لەگەڵدایە، ئیتر ترس باڵی ئەکێشا بە سەر دڵ‌و دەروونی هەموو خەڵکەکەدا،واتە ترسی ئەنفالێکی تریان لێئەنیشت، بەڵام نووزەی بەرگری بە ئاستەم هەبوو.

- لە ماوەی گرتنەوەی هەولێرو پەلامارادانی سنووری سلێمانی‌و گەرمیاندا چەند ڕۆژێك هەبوو، نەتوانرا قایمکاری بکرێ، ڕێ‌و شوێنی بەرگری نەگیرایە بەر، هەر هیچ نەبێ ڕوو بکرێتە شاخ‌و دێهات‌و ناوچە سەختەکان، جگە لەوە هێزی یەدەك نەمابوو ڕێگە لە پەلامارەکانی پارتی بگرێ.

- هەموو هێزو ڕێکخستن‌و خەڵکەکەی کە لە خۆیان ئەترسان‌و ڕوویان کردە سەر سنوورو لەوێش نەئەمانەوە بە زۆر خۆیان ئەکرد بە ناو ئێراندا. ئەو خاکی نیشتمان بەجێهێشتن‌و سنوور بڕینە بووە دابێکی خراپ،وای لێهاتووە بوینەتە میللەتێکی چاوشکاو.

/٣١ ئاب هەر دەرهاویشتەیەکی هەبێ، هەرچی لە سەر بووترێ، بە هەر پێودانگێك پێوانە بکرێ، تاوانێکە لێخۆش بوونی نییە، بەڵام ئەگەر پێ بنێینە دەروازەی کارکردن بۆ ئاشتی‌و بە هیچ جۆرێك لە زاکیرەماندا ڕەنگی نامێنێ، کە چی لە ڕاستیدا کەسێتی کوردی تێکشکاند، دوای ئەوەی کە دوژمنان بە هەموو جۆرێك لە سەر لاشەی یاری جۆراو جۆریان کردووە، کەچی خۆشمان بووینە هاوکاری داتەپینی.

من دژی ئاشتی نیم، پێم خۆشە شەڕ نەمێنێ، کەشەڕ لە نێوان گەلێکدا بە هەر بیانوویەك بکرێ هیچ مانایەکی نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیم

زاکیرەمان بە یەکجاری بەتاڵ بکەینەوە، یان ڕێگە بە خەڵکی نەدرێ ڕەخنە لەو هەنگاوو ڕەفتارە خراپەکاریانە بگیرێ، هەر هیچ نەبێ بۆ بنیاتنانی کەسێتی کورد.

هەڕەشەکانی پارتی

دوای کۆبونەوەکانی هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی تورکیادا ڕۆژی ٢/٢١ گەیشتە فڕۆکەخانەی میهرئابادو لەلایەن بەرپرسە گەورەکانی ئێرانەوە پێشوازی گەرمی لێکرا. هەر لەم ڕۆژەدا بوو کە عارف تەیفور لە ڕادیۆکەیانەوە هەڕەشەی هێرشی بۆسەر ناوچەکانمان کردو داوای لە هێزەکانمان ئەکرد کە لەم شەڕانەدا بێلایەن بن. ئەمە خۆی لەخۆیدا ئاگادارکردنەوەیەك بوو بۆبەرپاکردنی شەڕ. جگە لەمە ئەم کابرایە زۆر سەیر بیر ئەکاتەوەوائەزانێ هێزەکانی یەکێتی جیایە لە سەرکردایەتیو بڕیارەکانی یەکێتی، گەر نەیانویست شەڕبکەن بێلایەن ئەبن..!

ئەم قسانەی عارف تەیفور کاریگەرێتی خۆی هەبوو، لەخۆیەوە نەهاتبووە قسەکردن بۆیە ڕۆژی ٢/٢٥ لە بارەگای کاك کۆسرەت لە دورلئەمن کۆبووینەوە. لە سەرئەم خاڵانە گفتوگۆ کرا:

١. دۆخی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

٢. توانای شەڕکردنی هێزەکانمان

٣. دارشتنی نەخشەی شەڕ بەم شێوەیە:

- کاك کۆسرەتو شێخ جەعفەر پەلاماری دەربەندی گۆمەسپان ـ بەرەو سەری ڕەش بدەن.
- مەحمود سەنگاویو عوسمانی حاجی مەحمودو کوردۆ قاسم پەلاماری دۆڵی هیران- بەرەو شەقڵاوە بدەن.
- کاك جەبار فەرمانو مستەفای سەید قادر پەلاماری گەپکی حەمەد ئاغا ـ بەرەو سپیلك بدەن.

بەمەرجێ هەڤاڵ مام جەلال بڕیار لە سەر ئەم خاڵانە بدات. پێش ئەم کۆبونەوەیە ڕۆژانی ١/٢٢و٢/١ یش کۆبونەوەی فەرماندەیی گشتی کرا لە سەر دۆخی سیاسی کورستان‌و یەکێتی‌و پارتی‌و سازدانی هێزی پێشمەرمەگەی کوردستان لە ڕووی هۆشیارییەوەو تیشك خستنە سەر کۆبونەی ئەنقەرەو ئەگەری ڕێکنەکەوتن لەگەڵ پارتی. لە هەندێك لەم کۆبوونەوانەدا کاك عومەر فەتاح‌و هێرۆخان ئامادە بوون.

دوای ئەوەی هەڤاڵ مام جەلال گەشتێکی دیبلۆماسی زۆر سەرکەوتوی تەواوکرد. ڕۆژی ٢/٢٦ گەڕایەوە کورستان‌و لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی یەکێتی‌و نوێنەرانی بزووتنەوەو یەکگرتووو حیزبی شیوعی کوردستان‌و خەڵکێکی زۆرەوە لە پەرویزخان پێشوازی لێکراو ڕۆژی ٣/٢ لەسلێمانی کاتژمێر ١١ ی پێش نیوەڕۆوەکو فەرماندەیی گشتی لەگەڵیدا کۆبوینەوە بۆ باسکردنی گەشتەکەی کە بەڕێزیان تیشکی خستە سەر:

ـ دۆستایەتی ئێران‌و هەڵوێستی ئێرانی یەکان باشترەو پێیان‌وایە پەیوەندی ئەوان‌و کورد هەر بمێنێ لە عێراقدا.

ـ دانیشتنی لەگەڵ تورکەکاندا، بە تایبەتی لەگەڵ تانسۆ چیلەرو جێگرەکەی ئەربەکان لەحیزبی ڕەفاه. کە هەموویان پێیان باشبووە کە ڕژێمی عێراق نەگەڕێتەوە کوردستان. لایەنگری حکومەت‌و پەرلەمانی کوردن لەچوارچێوەی عێراقی فیدرلێدا.

کە لە ڕاستیشدا تورکەکان بوونی دەسەڵاتی کوردی‌و هەر گۆڕانکارییەك کە لە ئاییندەی عێراقدا کە قازانجی کوردی تێدا بێت ڕەتئەکەنەوەو لەم دانیشتن‌و چاوپێکەوتنانەی سەرکردەکانی کورددا بە ناچاری باس لە ئەزمونی کوردی ئەکەن. تەنیا بۆ ئەوەیە کە جۆرێك پەیوەندی هەبێت بۆ ڕاگرتنی ڕایەڵەی بەرژەوەندی یەکانیان.

سەرەڕای ئەو ڕێککەوتنەی یەکێتی‌و پارتی لە ئەنقەرە بەڵام پارتی زۆر پابەند نەبوون، بگرە لە بیانوو ئەگەڕان بۆئەوەی شەڕ هەڵگیرسێننەوە، یان گوشار بخەنە سەر یەکێتی بەتایبەتی دوای ئەو گەشتە سەرکەوتووەی هەڤاڵ

مام جەلال. ئەوە بوو ڕۆژی ٣/٣ هێزەکانی پارتی لە بەنەباوێ پەلاماری هەندێ شوێنیانداو لای دێکەڵەش هەندێ ڕەبایەیان داناو هەندێ تەقوتۆقیش لەنێوان هەردوو لادا ڕوویدا. هەر بەمەوە نەوەستان، بەڵکو ڕۆژی٣/٦ هێزێکی پارتی بەسەرپەرشتی حەمە ڕێگری کۆنە یەکێتی دزەیان کردە چەمچەماڵو لەلایەن هێزەکانی فەرماندەیی کەرکوکەوە لێیاندراو خراپیان بە سەرهات کە لە ئەنجامدا پارتی: ١٠ کوژراو٦دیلو١ بیکەیسیو چەند پارچە چەکێکی تری زیان لێکەوت، یەکێتیش: ٢ شەهیدو ٤ برینداری کە بەداخەوە سەید عیزەتی جەباری جێگری فەرماندەی هێز شەهید بوو، ٣چەکداری پارتی خۆیان گەیاندە بانیمەقانو تەسلیم به ڕژێم بوونەوە، تاکو لەوێوە بگەنەوە سنووری پارتی. دیارە ئەم جۆرەکارانە بۆ پشێوی نانەوە بوو، کەیەکێتی ڕووبکاتە شەڕێك پارتی ئەیویست ئەنجامەکەی بۆ خۆی مسۆگەر بکاتو لەلایەکی تریشەوە ناوچەیەك کۆنترۆڵ بکات کە گرنگێتی بۆ ئەوان هەیەو لەنگەری هێزەکانی یەکێتی تێکئەدات. کەچی لەو کارەیاندا کە پشتیان بە کەسێکی بە لای خۆیانەوە ئازارو شارەزای ناوچەکە بەستبوو سەرنەکەوتنو شەرمەزار کران کە جارێکی تر نەتوانن بێنەوە ئەو ناوچەیە.

لەم کاتانەدا بوو کۆبوونەوەی خولی دووەمی ئەنقەرە لە ڕۆژی ٣/١١ دەستپێکردەوە، بەڵام پارتی بەهۆی کوژرانی محێدین ڕەحیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو ئەندامی سەرەکی لە پاراستن لە کۆبونەوەکان کشانەوەو یەکسەر یەکێتیان تاوانبارکرد، کەئەمە تۆمەتێکی ناڕاستو دەست هەڵبەستێکی بێ ڕێوجێ بوو کە پەلەپەلی پێوە دیار بوو، کە بێ بەڵگە یەکێتیان تاوانبار کردو بەمەش هەڵوێستێکی ناشارستانەیان تۆمارکردو بێ ئوسوڵانە لەکۆبوونەوەکەدا دەرچوونە دەرەوە کە ئەمە بیانوویەك بوو بۆ خۆدزینەوە لە گەیشتنە ئەنجامی ڕێککەوتن لە ئەنقەرەدا. کەچی لە دواییدا ناوەڕۆکی ئەو کەمەیە ڕوون بووەوەو پەیوەندیشی بە یەکێتییەوە نەبوو جگە لەوەی محێدین لە نوسینێکدا بێزاری دەربڕی بووو ئەیویست بچێتە دەرەوە لەمەشدا پارتی هەزارو یەك حیسابیان ئەکرد کە ئەو شارەزای هەموو نهێنی یەکانیانەو لەو ڕۆیشتنەدا لەوانەیە سەریەشەیان بۆ بنێتەوە، بۆیە لە کۆڵ کرایەوە.

دامەزراندنی فەرماندەیی دووکان

رۆژی ٣/١٥ هەڤاڵ مام جەلال داوای کردمو چومەلای، لەو دانیشتنەدا باسی ئەوەی کرد کەسنووری دووکان بکرێتە فەرماندەییو دەستکاری سنوورەکەش بکرێ، گۆڕانی تێدا بکرێت بەم شێوە:

- لە کۆتەڵ تاکو تاسلۆجە بخرێتە سەر فەرماندەیی کەرکوك.
- ئینجا لە کۆتەڵ بەرەو خەلەکانو هێزۆپو هیرانو سماقولی بکرێتە فەرماندەیی دووکان.

بەم جۆرە بڕیاری دامەزراندی فەرمادەیی دووکانی دا. کە بە نووسراوێکی ڕەسمی بڕیاری دانانی فەرماندەی پێنجەم درا: (بڕیارمان دا فەرماندەیی پێنجەم پێکبهێنین لە دۆڵی هیرانودۆڵی سماقولیو هیزۆپو دۆڵی خەلەکانودووکان. هەڤاڵ مەحمود سەنگاوی فەرماندەی ئەبێت، جگە لەو هەڤاڵانەی کە پێشتر لەگەڵی بوون: هەڤاڵان مامەغەفەو کاك تۆفیق کانیوەتمانیش ئەبنە ئەندامی فەرماندەییەکە.

هیوادارم هەڤاڵان سەیدو شێخ هاوکاری تەواوی بکەنو هەموو یارمەتییەکی پێویستی بدەن.

بۆپێشەوە ڕوومو سەرکەوتن

فەرماندەی گشتی

ه. پ. ك

مام جەلال

بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی ٣/١٦ سەردانێکی دووکانمان کرد بۆدیاری کردنی شوێنو جێگای بارەگای فەرماندەییو تەشکیلات. هەر دوا بە دوای ئەمە هەڤاڵ مام جەلال برووسکەیەکی بۆ کردین بەم شێوەیە:

لە/ مام جەلال

بۆ/ هێزی پێشمەرگەی کوردستانو فەرماندەیی ١+ ٢ + ٥

ئـەمڕۆ عەمیـدێکی تـورکو چـل ئەفسـەرو سـەربازی تـورکی بەچـوار مودەڕەعە هاتن بـۆ کۆیـە بۆچاودێری کردنـی ئـاگر بـڕ، ئەیانـەوێ فـەوجێ لـە کۆیە دابنێن، فەوجێکیش لە هەولێرو فەوجێکیش لە بەستی شەڕغە. پێویستە هاوکاری تەواویان بکەنو ڕێزی زۆریان لێبگرن.

ئەم هێزە چاودێرە لـە دانیشتنەکانی ئەنقـەرەدا بڕیاری لـێدراو ئـەرکی دولایەنانەیان لە ئەستۆدا بوو هەم چاودێری ئاگربڕی نیـوان یەکێتیـ پارتیو هەم سۆراخی زانیاریو زانینی جموجووڵەکانی پەکەکەو تێگەشتنی بـارودۆخی کوردستان هاتبوون کە لە نزیکەوە ئاگایـان لـە ژیـانو بـارودۆخی تورکمانـەکان ئـەبێ. چـەندین لایـەنی خـراپ لـە کارەکەیانـدا هـەبوو، بـەڵام بـۆ بەرژەوەنـدی گشتیو دوور کەوتنەوە لە کەوتنە نـاو کوانـووی شـەڕەوە هـاتنی ئەمانـەمان پـێ باش بوو.

کە زەمەنی شەڕبێ هیچ شتێك لە شوێنی خۆیـدا نابـێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا خۆتی بۆ ئامادە ئەکەیتو توێشوی بۆ هەڵئەگری. لە شەڕیش نابووت تـر نییـە، بەڵام کە بەرامبەرەکەت پێت قایل نەبێو ڕەتت بکاتەوەو چاڵت بۆ هەڵبکـەنێ.. ناچار ئەبیوەڵامت هەبێ بەتایبەتی کـە ئـەرکێکی نیشتمانی لـە ئەسـتۆتدا بـێ. بەڵام باری نە شەڕ نە ئاشتی لەو بارەی تر ناخۆش ترە، هەمیشە لە چاوەڕوانی بێهـوودەدا ئـەژیت، دڵەڕاوکـە ڕاپێچـمان ئـەکات. بۆیـە نـەورۆزی ئەمسـاڵەمان بەبێـدەنگی بـە ڕێکـرد، لـە نـاو ئـاڵۆزی ئـەو بـاری نەشـەڕ نـە ئاشـتییەدا، زیـاتر خۆمـان خـەریك کردبـوو بـە کـاری فەرمانـدەییو پێشـمەرگەو ئـەركو پێداویستییەکانیەوە.

مام جەلال لە کۆیە

لە ڕۆژی ٣/٢٦ دا بوو لە بێستانە چاومان بە هەڤاڵ مام جەلال کەوت کە لەلایەن خەڵکی کۆیەوە پێشوازی لێکرا. کە گەیشتینە کۆیە کۆبوونەوەی لەگەڵا کردین لە بارەی:

- ڕێکوپێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
- چاوەڕوانی ملدانی پارتی بۆ ئاشتی.

هەروەها باسی ئەوەی بۆکردین کە تاریق عەزیز لە مۆسکۆ بۆ هەندێ پەرلەمانتاری ڕووس قسەی کردووەوووتوویەتی: پارتی بە هەموو شتێ ڕازییە، ئەمریکا ڕێگە نادات ڕێکبکەوین. پاشتر لەگەڵ هێزی ئاشتی پارێز کۆبووینەوە.

لەلای حیزبی دیموکرات

نیوەڕۆی ڕۆژی ٣/٢٨ لای برادەرانی حیزبی دیموکراتی ئێران دەعوەت بووین، لە لایەن یەکێتییەوە بەڕێزان: مام جەلال‌و داڕۆی شێخ نوری‌و بەهرۆز گلاڵی‌و سمکۆ دزەیی‌و شێخ جەعفەرو شاخەوان‌و مەحمود سەنگاوی، لەلایەن دیموکراتیشەوە: بەڕێزان مەلاعەبدوڵڵای حەسەن زادەو جەلیلی گادانی‌و فەتاحی کاویانی‌و مستەفای هیجری‌و مەلاحەسەن.

پاش نوکتە گێڕانەوەیەکی زۆر بوبە مەناقەشەو گفتوگۆ لە سەر یەکێتی‌و پارتی‌و شەڕو ناکۆکییەکان، لە سەرجەمی دەمەتەقێ‌و قسەکاندا بۆنی ئەوەی لێنەهات کەلایەنگری پارتی بکەن. دواتر جەلیلی گادانی هەریەکە دانەیەك لە کتێبی ٥٠ ساڵ خەباتی لە نووسینی خۆی دایێ. کە پەیوەندی نێوان یەکێتی‌و دیموکرات لەسەرەتادا بەشێوەیەك بووەو ئێستا گرژییەکی تێکەوتووە کە زۆرتر پەیوەستە بە هەڵوێستی هەندێ لەو سەرکردانەیان کەئێستا لە سەرکردایەتیدا هەن‌و زۆرتریش لەژێرکاریگەرێتی پارتیدان

سەرەڕای ئەو هەڵوێستانەی پارتی لەگەڵیاندا لە لێدانو کوشتنو پەلاماردانو دەرپەڕاندنیان لە ناو ئێران.

شەڕ پێفرۆشتنەکانی بزووتنەوە

وەنەبێ هەر پەیوەندی نێوان یەکێتیو پارتی گرژیو ئاڵۆزی تێدا بێو مەترسی شەڕکردن هەمیشە لە ئارادا بێت، بەڵکو لە نێوان یەکێتیو بزووتنەوەشدا گرژی هەبوو، بزووتنەوە سەرەڕای رێککەوتنو پێکهاتنەوە هەمیشە لە بۆسەدا بوون بۆ تۆڵە سەندنەوە لە یەکێتی، ئەوان وەکو هێزێکی ئیسلامی بچووك ئەیانویست دەسەڵاتی خوایی لەسەر زەوی پەیڕەو بکەنو بوونی هێزە عەلمانیەکانیان بە گوناح زانیوە، بۆیە لە دوو ئاستەوە لەمەڕ دژایەتیکردنی یەکێتی هەڵسوکەوتیان کردوە:

- قینێکی کۆنیان لەدڵدایە بۆ تۆڵەسەندنەوە.
- یەکێتیوەکو هێزێکی عەلمانی قبوڵ نییەو ئەبێ نەمێنێ.

بۆیە لە بیانوو ئەگەڕان کە شەڕێك بسازێننو لە مەشدا خۆیان بێ پشتیوان نەزانیوە.وایانئەزانی کە یەکێتی لەگەڵ پارتیدا نەسازێو ئەگەری شەڕ لە ئارادابێ ئەوا ئەوانیش گرەوێك ئەکەن، لەوانەشە باش بۆ ئەنجامەکە نەچووبوونو هەڵسەنگاندنەکەیان لە ئاستی تەماکەیاندا نەبوو. ئەو هەڵکەوتەی لێی ئەگەڕان بۆیان جووتبوو، کە رۆژی ٤/٤ خەڵکێکی زۆری هەڵەبجە بۆ سەیران چوو بوونە سلێمانی کە بۆ یەکەم جار لە دوای دەست بەسەراگرتنی لەلایەن بزووتنەوە ئەو خەڵکە توانیویانە هەناسە بدەنو سەیران بکەن لە دەرەوەی هەڵەبجە.

کە بە پەرۆی سەوزەوە دەرچوو بوونو لە زۆر شوێن دانەبەزینو هەڵپەرکێیان ئەکرد، ئەمە لەخۆیدا جۆرە پشتیوانێك بوو بۆ یەکێتیو بزووتنەوەی پێ تووڕ بووبووو ترسیان لێنیشتبوو، بۆیە لەکاتی گەڕانەوەیاندا

بەلای بارەگای بزووتنەوەدا تێئەپەڕن‌و تەقەیەك ئەكرێ كە گوایە خەڵكی ناو كۆستەرەكان هاتو هاواریان ڕووبەڕووی ئەوان كردووەو لە ئیسلامەكەی بزووتنەوەدا هاوارو خۆشی حەرامە، بۆیە تەقە درووستبووە.

مەلا عەلی عەبدولعەزیز داوای كوژاندنەوەی ئاگری ئەو شەڕەی كرد بوو بۆیە بڕیار درا نوێنەری هەردوولا: حەمەی حەمە سەعید لەلایەن یەكێتییەوەو مەلا عومەر كەلاری‌و مەلاعەبدولڕەحمان لەلایەن بزووتنەوەوە دانیشن بۆ گەیشتن بە میكانیزمێك‌و پێكهاتن لەسەر نەهێشتنی ئەو گرژییە بەڵام پێش ئەوەی نوێنەرەكەی یەكێتی بگاتە شوێنی كۆبونەوەكە لە سیروان كەوتبووە ناو بۆسەیەكی بزووتنەوەو دەرباز بوو بوو، ڕۆژی ٤/٥ نوێنەری لایەنەكان لە سەید سادق لەگەڵ نوێنەری بزووتنەوەدا كۆبوونەوە لەسەر دۆخی سیروان‌و ئەو گرژییە تازەیەو پێشێلكاریەكانی بزووتنەوە بەرامبەر بە لایەنەكان‌و خەڵكی ئەو ناوچەیە. هەر لەكاتی كۆبوونەوەكەدا لە سنووری كۆمیتەی هەورامان تەقە دەستیپێكردبوو لە نێوان یەكێتی‌و بزووتنەوە. ئەمە هەنگاوێك لە شەڕنزیكی ئەكردینەوە. هەستمان ئەكرد مینی گەورەمان بۆ چێنراوە.. بۆیە هەندێ كاری ئیجرائیمان ئەنجامدابوو بۆ بەرگرتن لە هەر جووڵەیەكی بزووتنەوە كە ببێتە مایەی تێكدانی بارودۆخەكە، كەهەم پارتی‌و هەم دەستی دەرەكیش دنەی ئەدان بۆئەم جۆرە پشێوییانە. بۆیە هێزێكی فەرماندەیی چواری گەرمیان زۆر بە نهێنی پەڕینەوە بۆ ملەی داری‌و شاخی نوەر، لە شارەزوریش هێزەكانمان ئامادەكاری باشیان كردبوو.

ڕۆژی ٤/٦ لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال لە بارەگای فەرماندەیی كۆبووینەوە بە تێرو تەسەلی لە بارەی سازدانی هێزی پێشمەرگەو سیاسەتی دنیاو دەوروبەرەوە قسەی بۆ كردین.

بەهۆی لاسارییەكانی بزووتنەوەوە شەوەكەی بە هێزێكەوە چووینە هەڵەبجەی تازە. چونكە بەپێی زانیاریەكانمان ئەمانزانی بزووتنەوە خۆی كۆكردبووەوەو لەئان‌و ساتدا بوو. ئەوە بوو شەوی ٧ ـ ٨ /٤ بزووتنەوە لە كاتژمێر ٥ر٥ بەرەبەیاندا كە هەموو خەڵكی لە خەوی شیریندا بوون لە هاتو

هاواری بلندگۆکانی بزووتنەوە لەناو هەڵەبجەدا راچڵەکین و لە رێگەی ڕادیۆکەشیانەوە جاری شەڕیان بەرامبەر یەکێتیدا. هێزەکانیان پەلاماری بارەگاکانی مەڵبەند، کۆمیتە، ئیدارەی گشتی، ئاسایش، خوێندکاران، ڕادیۆیان لە ناو هەڵەبجەداو شەڕێکی گەرمو قورس ڕوویداو هەموو شوێنەکانمان دەستی بەسەرا گیرا، هەروەها بارەگاکانمان لە شارۆچکەی سیروان و بیارە گیران.

هەموو ئەو پێشمەرگەو هەڤاڵانەمان لە دامو دەزگا حیزبیو حکومیەکان کشانەوە بۆملەی داریّ کەهێزەکانی فەرماندەیی ٤ ی گەرمیانی لێبوو لەوێشەوە بەرەو هەڵەبجەی تازەو شارەزوور چوونەوە.

لە بەرامبەر ئەوەدا یەکێتی پەلاماری بارەگاکانی بزووتنەوەی لە رانیەو قەڵادزەداو دەستی بەسەراگیرا، کە لە راستیدا لێپرسراوەکانی بارەگاکانی بزووتنەوە لە قەڵادزە }مەلا زراری ناوچەو مەلاشوان{ خۆیان تەسلیمی ئاسایش کرد. لە سلێمانیش خۆیان بارەگاکانی خۆیانیان سووتاند، ڕۆژەکەی هاوەنباران بوو لە نێوان هەردوو لادا. هەر لەم کاتانەدا بووەفدێکی ئێران هاتن بۆ ناوبژیوانی لەنێوان هەردوولادا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێگەی ئاشتیانە. هەوڵەکەیوەفدەکە سەری گرتو کاتژمێر ٥ر٤ ی ئێوارە بریاری شەڕوەستان درا. بەڵام بزووتنەوە هەر تەقەیان ئەکردو زۆر خۆیان بە بڕیارەکانەوە نەئەبەستەوە.

لەهەمان کاتدا بزووتنەوە لە سنووری پارتیدا هێزەکانی تێکەڵ هێزەکانی پارتی کردبوو لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕدا بەرامبەر بەهێزەکانی یەکێتی بەتایبەتی لە سنووری کۆیەودێگەڵە. هەروەها هێزەکانیان گەیاندە دێگەڵە، تەکەور، گۆمەشین، لەگەڵ خۆیاندا ڕاجیمەو هاوەنیان پێبوو کە لەوەئەچێ پارتی پێی دابن.

ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە لەسەر دەستیوەفدی ئێرانی ئێمە هێزەکانمان بەرەو زەرایەن کشانەوە، کاك کوردۆ قاسم بە هەڵە هێزەکانی فەرماندەیی ٤ ی گەرمیان لە ملەی داریّ گەڕاندە دواوە. بەڵام بە ڕاستی بزووتنەوە نیازیان نەبوو ڕێك بکەون، گوندییان ئەکردو زۆریان لە خەڵك و دۆستەکانی یەکێتی

ئەکردو ئازاریان ئەدان، بگرە دیلەکانیشیان ئەکوشتو دەستیان لێنەئەپاراستن بۆ نمونە: محەممەد ئەحمەد مەحمود خەڵکی مەلا هۆمەری گەرمیان کە لە ئۆردووگای سمود دانەنیشتن هەروەها جەمال محێدین خەڵکی دووز هەردووکیان بەدیلی گیرا بوونو دواتر سەربڕابوون.

ئا ئەمە ڕەفتاری هێزێکی ئیسلامییە..! کە ئەیەوێت بە ناوی ئیسلامەوە حوکم بکات، هەرلە سەرەتاوە ناوەڕۆکی دژی مرۆڤایەتیان دەرئەخەن، بەپێی بۆچوونی سەدان ساڵ دواکەوتوویی پێش ئێستا هەڵسو کەوت ئەکەن، جۆرەها بیری کۆنەپەرستی داپلۆخاو زیندوو ئەکەنەوە کە لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی ناگونجێ. ئەمانە هەر لە سەرەتاوە تۆوی مردنی خۆیان چاندووەو لە زەوییەکی ڕەقەندا هیچی لێ بەرهەم ناهێنن جگە لە نەفرەتو شکست. لەبەر ئەو هەلومەرجەی شارەزوور، بە بڕیاری کاک جەبار فەرمان ڕۆژی ٤/١٤ نێردرامە سنووری شارەزور بەرامبەر ئیمامی زامن.

تەمبێکردنی بزووتنەوە

لە ڕۆژی ٤/١٦ لە قەڵاچوالان فەرماندەیی گشتی بە ئامادەبوونی هەڤاڵان جەبار فەرمانو مستەفای سەیدقادرو کوردۆ قاسمو عوسمانی حاجی مەحمودو شێخ جەعفەرو عەدنانی حەمەی مینا، مەحمود سەنگاوی لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلالدا کۆبووینەوە، دوای تاوتوێکردنی بارودۆخی شارەزوورولاسارییەکانی بزووتنەوەو یاریکردنی بە ئاگری شەڕی بێ ئامانەوە هەندێك بڕیارماندا لەوانە:

- تەمبێکردنی بزووتنەوە.
- کردنەوەی خولی فێربونی تایبەتی بە پەلە بۆ چەکی قەناسو ئارپیجیو بیکەیسی.

لەم ماوەیەدا بزووتنەوە هەر ئاڵۆزیان درووست ئەکرد،وایان ئەزانی یەکێتی پێیان ناوێرێتوگوایە ئەوان لەناوچەی هەڵەبجەو سیروانو هەورامانیدا

بالآدەستن‌و پشتیان بەنێرانەوەیەو ئەو ناوەیان‌وەکو ناوچەی دەسەڵات‌و هێز بۆ خۆیـان کۆنترۆڵ ئەکـەن . ئـەم جۆرە لێکدانـەوە هەڵەیـە یارمـەتیان نـادات بۆ ئـەوەی بـە ئاسـوودەیی بـژین، چـونکە ئـەوان مەبەسـتیان نیـە بـە ئاشـتی دابمەزرێن‌و ڕۆڵ لە بنیاتنانی کوردستاندا ببینن، بـەڵکو دەربەڕانـدنی یـەکێتی‌و هێزە کوردستانییەکانی تریان مەبەستە کە پێیان ئەڵێن حیزبـە عەلمانییـەکان. ئەو هەڕەشەو گوڕەشـانە دەسـەڵاتی یـەکێتی چ‌وەکو حکومـەت‌و چ‌وەکو حیـزب بێزار کرد بوو، بۆیە نەئەکرا بێدەنگی هەڵبژێرین بەتایبەتی ئـەوان ئـەو جۆرە هەڵوێستەیان بۆ زیاتر پێ درێژکردن ئەقۆستەوەو هەلەکەیان بۆ ئاسوودە بوون لە بار ئەبردو شێوازی شەڕ خۆی قوت ئەکردەوە.

بۆیــە لــە بــەر ڕۆشــنایی کۆبونــەکانی ڕۆژی ٤/١٦ داو بۆدانــانی نەخشەیەکی ڕێکوپێك بۆ سنووردانان بۆکارە هەڵەشـەکانی بزووتنـەوە بەسـەر پەرشـتی کـاك جـەبار فـەرمان‌و بـە ئامـادەبونی هـەڤاڵان کـوردۆو عوسمـان‌و عـەدنان‌و مـەحمود سـەنگاوی، ڕۆژی ٤/٢٤ دانیشـتنێکمان کـردو زۆر بـەوردی بارودۆخەکــەمان لــە ڕووی ســەربازییەوە هەڵســەنگاندوئینجا نەخشــەی پەلاماردانەکەمان دانا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

- هێزەکانی لای هەڤاڵان عـەدنان‌و عوسمـان لـە پـردی زەڵم‌و بنـاری سوورێنەوە پەلامار بدەن.
- هێزەکانی لای کاك کوردۆ لە نێرگسەجاڕو ملەی دارێوە پەلامار بدەن.
- هێزەکانی لای مەحمود سەنگاوی لە بێسەڵمێنەوەو لەگـەڵ هێزەکـانی لای کـاك کوردۆدا یەك ئەگرنەوە لە بەرەی هەڵەبجە.

دوای دارشتنی ئەو بەرنامەیـە، هەریەکـەمان گەڕاینـەوە لای هێزەکانمـان بۆ خۆسازدان‌و دەستبەکاربوون لە کاتی دیاریکراودا.

مـن ئاگـاداری هێزەکـانی فەرمانـدەیی دووکـانم کـردەوە لـە توومەقـووت لەسەر ئاوی سیروان بکەونە ڕێ. هێزەکانی تـری قۆڵەکانی تـریش هەریەکـەیان

زۆر بە نهێنیو ئەوپەڕیووریاییەوە بەرەو شوێنو مەبەستەکانیان ڕۆیشتن. بەتایبەتی بەشێکی فەرماندەیی٤ ی گەرمیان دووشەو پێش دەستپێکردنی چالاکیەکان چوونە ناوچەی شەمێرانو لەئاوی سیروان لەئاستی دێی دڵف پەڕینەوەو بە هاوکاری هەندێ شارەزای ئەو ناوە خۆیان گەیاندە سەر شاخی نومر، کەدوو ڕەبایەی بزووتنەوەش لە سەر ملەی دارێ هەبوونو بەو هێزانەی گەرمیانیان نەزانیبوو.

بەپێی نەخشەکە سەعاتی سفری شەڕەکە بەرەبەیانی ڕۆژی ٤/٢٦ لە هەموو قۆڵەکانەوە هێرش بۆ سەر بنکەو شوێنەکانی بزووتنەوە دەستپێکرد.

هێزەکانی میحوەری شارەزوور بە سەرپەرشتی کاك عەدنان لە بناری سوورێنەوە بۆ سەرشێرەمەڕ پەلاماریانداو شەڕی قورسیان کردو تەنگیان بەبزووتنەوە هەڵچنی، هاوکات هێزەکانی کاك عوسمانیش لەسەر جادەوە بەرەو گردی گۆ هێرشیانکردو گوشاریان خستە سەریانو هەندێ پێشمەرگەیان شەهید بوون. هێزەکانی گەرمیانی لای کاك کوردۆش لە سەر شاخی نومرەوە هەڵیانکوتایە سەرملەی دارێو لە ماوەیەکی کەمدا ئەو دوو ڕەبایەیان گرتو کوژراوو بریندارایان لێکردنو ڕاویاننان، هێزەکانی تری گەرمیان بەرەو بالآمبۆ چوون بەلآم نەگەیشتنە جێ مەبەستەکانو گەڕانەوە لای ملەی دارێو لەوێ هێزەکانی ئێمەش گەیشتنە جەرداسنەو پێشڕەوییان بەرەو بەرزاییەکانی قارەمانیو غولامیو داری زەڕینو ئیمامی زامن کردو سەرکەوتنی باشمان بەدەست هێناو شان بەشانی هێزەکانی گەرمیان کەتا ڕۆژهەلآتی غولامیو قارەمانیو چروسانە تانزیك گونەو ملەی مزیار ڕۆیشتن، سەرەڕای تێکشکانی هێزەکانی بزووتنەوە، هەندێك شەهیدو بریندارمان هەبوو. ئەوی ڕاستی بێ گەر ئەو هێزەی گەرمیان لەقۆڵی بالآمبۆوە بگەیشتنایەتە سەر بالآمبۆ ئەوا

هەڵبجە ئەکەوتە ژێر دەستمان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێشڕەویەی ئێمە لەم قۆڵانەوە کاریگەری خۆی هەبوو، بە بەراورد لەگەڵ دوو قۆڵەکەی سەرەوە کە لە سنوورێکدا ڕاوەستان، ئەگەر بەشێکی ئەو هێزانە لەم قۆڵانەی ئێمەوە بهاتنایەو تەنها بۆموشاغەلەکردن جموجووڵیان بکردایە سەرکەوتنی مسۆگەرترمان ئەبوو، کە ئەو کاتە گوشاری زۆرتر ئەکەوتە سەر هەڵبجە.

دیسانەوە لە هەوڵێکدا بۆ ڕاگرتنی تەقە کاتژمێر١٢ی شەوی ١/٢٨ شەڕ ڕاگیرا، بەڵام چەکدارەکانی بزووتنەوەوەکو هەموو لاسارییەکانی تریان پابەندی ئەو شەڕ ڕاگرتنە نەبوون، بەڵکو لە دۆڵی سماقولییەوە چەکدارەکانی بزووتنەوە پەلاماری سەنگەرەکانی یەکێتییانداوەکو گوشار خستنە سەر یەکێتی.

لەگەڵ بەرپابوونی ئەم شەڕەدا نارەزاییەکی زۆر بەرامبەر بە بزووتنەوە بەرزبووەوە، بەڵکو خەڵکێکی زۆر خۆیان چەکدارکردو ڕوویان کردە بەرەکانی شەڕوەکو هەڵوێستوەرگرتنێك لە دژی ڕەفتارە پووچەڵەکانی بزووتنەوە کەخۆی بەسەرویستی خەڵکیدا ئەسەپێنێ‌و بیرو بۆچوونێکی نامۆ ئەسەپێنێت، کە کەس ناتوانێ بەپولێکی قەڵپ لێیانوەربگرێ، هەرچەن چەردەیەك خەڵك هەن بەدەم ئەم ئاوازە نارەسەنەوە ئەچن، بەڵام زۆرینەی خەڵکی تر ئامادەنین بچنە ژێر ئەم ئاڵا شڕەوەو کۆمەڵی کوردەواری پێی قایل نابێ‌و لەئەنجامیشدا هەرئەبێ بەر شەقی زەمانە بکەون، با ئێستا لەبەر هەندێ هۆکاری دەرەکی جێ پێ پەکیان هەبێ.

ئێمە هەرلەسەرەتای دەست بەکار بوون‌و خۆئامادەکردنمانەوە بۆزاڵبوون بەسەر دۆخەکەداووڕێ خۆشکردن بۆ جوڵەی هێزەکانمان کەناوی سیروان ڕێگرمان بوو هەندێ کارمان کرد بۆ تەختکردنی ئەو کۆسپەش، بە درووستکرانی قایغ بۆ پەڕاندنەوەی هێزەکانمان بە تایبەتی ئۆتۆمبیل بۆ

گەیاندنی پێشمەرگە بە پەلەو گواستنەوەی کەلوپەل‌و ئازوقەو تەقەمەنی بۆ بەری هەڵەبجە لە قۆڵی ئیمامی زامنەوە کەڕۆژی ٤/٣٠ قایغەکانمان کەوتە کارو ئۆتۆمبیلەکانمان پەڕینەوە. بەمەش بزووتنەوە کەوتنە بارێکی دەروونی ئاڵۆزەوە کەزۆرتر تەنگیان پێهەڵئەچنری‌و جووڵەیان فەتیس ئەکری.

هەر لەم ڕۆژەدا، لە تاران بە سەرپەرشتی ئێرانییەکان هەردوولای یەکێتی‌و بزووتنەوە دانیشتن‌ودوای گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان نوێنەرەکاندا گەیشتنە ڕێککەوتنێك بۆوەستاندنی شەڕ کەئەم خاڵانەی لێپێکهاتبوون:

- ئاسایشی ناوچەکان بپارێزرێ.
- ڕێگەنەدان بە نیشتەجێکردنی هێزی نیزامی‌و دروستکردنی بارەگا لە لایەن گروپەکانی ترەوە لە هەڵەبجەی شەهید.
- گەڕانەوەی هێزەکانی هەرلایەك بۆشوێنەکانی خۆیان.
- ملکەچ بوون بۆ فەرمانڕەوایی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- لەبەرچاو گرتنی خواستە ئاینیەکانی خەڵك‌و ڕەچاوکردنی کاروباری ئاینی لەهەڵەبجە.

بۆ ئەم مەبەستە برووسکەیەکمان بۆ هات:

لە / جەبار فەرمان

بۆ / هەموو هێزی پێشمەرگەی کورستان

سلاوێکی گەرم..

لیژنەیەك لە هاو پەیمانەکان هاتن بۆڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ بزووتنەوەو لیژنە پێکهات بۆ دورخستنەوەی هێزەکان، تکایە هەموو لایەك بڕیارەکانیان پەیڕەو بکەن.

هەر لەمسەرو بەندەدا بوو کە خدر مەندە خەڵکی مەمکان فەرماندەی هێزی بزووتنەوە بە ٧٠ کەسەوە پەیوەندی بە فەرماندەیی هەولێرەوە کرد کە٤٠ کەسیان چەکدار بوونو بی کەی سیو هاوەنو قەناسو کلاشینکۆفیان پێبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا بارەکە هێشتا ئاڵۆز بوو، ڕۆژی ٥/١ شەڕەهاوەن لە نێوان هەردوولادا هەبوو، ئێمە هاوەنێکمان تەقاند لەوەلامی بزووتنەوەدا چاودێرێکی ئێرانی بریندار کرد کە کەوتبووە نێوانمانەوە بۆڕاگرتنی شەڕەکە. ئیتروورد‌ەووردە بێدەنگی سەرانسەری بەرەکانی شەڕەکەی گرتەوەو هەرلایەنە لە سەنگەرەکانی خۆیدا مایەوە. من چومە لای کاك جەبارو برادەران بۆسەردانو هەواڵ پرسینی دۆخی ڕێککەوتنە کە، لە ڕۆژی ٥/٦ دا لەگەڵ کاك جەبارو برادەران شێخ جەعفەرو کاك عەدنانو لیوا خەلیلو هەندێ کەسی تردا بڕیارماندا کە سەردانی قۆڵی ملەی دارێو سەنگەرەکانی پێشەوە بکەین، هەر ئەو ڕۆژە چووینە دەربەندیخانو لە شەمێرانەوە بە سیرواندا پەڕینەوە بەری ملەی دارێو بە پێ گەیشتینە سەنگەرەکانی چروسانەوغولامیو قارەمانیو ئیمامی زامن. لەگەڵ کاك کوردۆو فەرماندەی پێشمەرگەکاندا قسەمان کردو ئەوە بوو برادەران بۆیان دەرکەوت کە ڕووبەرێکی باش پێشڕەوی کراوە ئەوەشیان بۆ ڕوون بووەوە کە ئەگەر فورسایی بخرایەتە سەر پەلاماردانی ئەم ناوچەیە کارەکە بە ئاقارێکی تردا ئەڕوشێت.

لە سەر ڕۆشنایی ڕێککەوتنەکەی تاران ڕۆژی ٥/١٤ لە لایەن فەرماندەیی گشتییەوە بڕیاری پاشەکشەی هێزەکانمان درا. بەلام بەهۆی پێداگرتنی بزووتنەوە لەسەر نەمانەوەی هێزی سیروان من قایل نەبووم.

هاتنەوەی تورکیا

لەم بارودۆخە تەماوییەدا، بۆجارێکی تر سوپای تورکیا سنووری کوردستانی بەزاندو بەهێزێکی گەورەو قەبەوە کە خۆی ئەدا لە٥٠ هەزار سەربازو٣٥٠ تانکی پێشکەوتووو بە بەشداری چەندین فڕۆکە بۆ هاوکاری کردنی پارتی دوای ئەوەی پارتی هانایان بۆ ئەبات بۆ لەناو بردنی پەکەکەو تێکشکاندنیان لەو ناوچانەدا.

ئەم هاتنی تورکیایە بوو بووە شتێکی ئاسایی‌و کەسێش دەسەلاتی نەبوو بەر بەو هێزە بگرێ، بەتایبەتی کە هێزێکی کوردی هێزێکی داگیرکەر بهێنێ بۆ رووبەڕوو بوونەوەی هێزێکی تری کوردی، چەندە ئەمە ناڕەوایەو ناخۆشە، بەلاّم گێچەلّ کردنی پەکەکە ئەم بارەی ئەخولّقاند بیانوی ئەدایە دەستەوە، گەر پەکەکە لێرە نەمێنێ‌و بۆ زەوی خەباتی خۆی بگەڕێتەوە، تورکیا نەیئەتوانی بێتە کوردستانەوە، چونکە پەکەکە لە دونیادا بە تێرورست ناوی دەرکردووە، هیچ دەولّەتێکی جیهانی لەسەر ئەم هاتنە ناوەوەی تورکیایە بەدەنگ نەهاتن‌و بەمافی تورکیایان ئەزانی بۆسەر کوتکردنی پەکەکە هەموو رۆژێک ئەم پێشێلکاریە بکات، رۆژی دواتر کاک جەبار نامەیەکی بۆنوسین هەموو هێزەکانمان بگەڕێنینە دواوە، هێزەکەی ئێمە بچێتە بەرەی بێسەلّمێن‌و لەگەلّ سەردار ئاسیابانی ڕێکەوتین کاتژمێر ٤ ی ئێوارە بگەڕێینەوەو هێزەکانی سیروان ئەبەن بۆ جێگرکردنی لە شارۆچکەی سیروان.

رۆژی دواتر لەسەراوی سوبحان ئاغا هەموو فەرماندەکان لەگەلّ کاک جەبار فەرمان کۆ بووینەوە باسی ئەم خالاّنە کرا:

- ڕێککەوتنی یەکێتی ـ بزووتنەوە.
- هاتنی سوپای تورک بۆ کوردستان‌و شەڕی پەکەکە.
- پەیوەندی یەکێتی ـ ئێران.
- پەیوەندی یەکێتی ـ بەریتانیا.

بزووتنـەوە بەناچاری نـەبێ ڕێککـەوتنی یـەکێتی پـێ هـەرس نـاگرێ، یـەکێتیو بزووتنـەوە قـەت لـە مەنجەڵێکـدا نـاکوڵێن، دوو بەرنامـەی جیـا، دوو ئاستی بـیر کردنـەوەی جیـا، ئامـادەنین پێکـەوە بـژین، لـە ڕاسـتیدا بزووتنـەوە بڕوای بە پێکەوە ژیانو دیموکراسیەت نییە، بۆیە ئەبێ لەگەڵیانا هەڵبکەین.

کە سوپای تـورك هاتـە کوردسـتانەوە، بـەو هێـزە زۆرەوە بـە هاوکـاری پارتی کەوتنە شەڕەوە لەگەڵ هێزەکانی پەکەکەدا، کە هەواڵدەری سوپای تورك بـۆ کوردسـتان ڕایگەیانـد کـە گوایـە٤٥٠ پێشـمەرگەی پەکەکـە کـوژراون، هـیچ هەواڵێکیان لە بریندار ڕانەگەیاند، بەڵام ١٢ سەربازی تورك کوژرانو ٢ ی تریش بریندار. لەوە ئەچێ ئەم هەواڵە چەواشەیە دوو مەبەستی هەبێ:

١.ووره بەرزکردنەوەی هێزەکانی خۆی کە لە دەستوەشاندندا سەر کەوتوون کە ئەبێتە مایەیووره بەردانی هێزەکانی پەکەکەش کە زۆریان لێئەکوژرێ.

٢. ڕاکێشانی سەرەنجی ڕای گشتی تـورکی بـۆ ئاکـامی کارەکـانی سـوپا بـۆ لـەناو بردنی پەکەکە.

ناچـێتە مێشـکەوە سـوپایەکی نیزامـی ١٢ سـەربازی لـێ بکـوژرێ، بـەڵام هێزەکانی پەکەکـە هەرچـەند دەسـتەیەك لەناوچـەیەکی سـەختدانو پـەرشو بـڵاون بەیـەکجار ٤٥٠ پێشـمەرگەیان لێبکـوژرێ. دەوڵـەتی سـەربازی ئـەبێ درۆبکـات بۆ پاساودانی تاوانـەکانی، ئـەگینا بـۆ لەگـەڵ خۆیـدا تـەرمی چـەند پێشمەرگەیەکی نەبردەوە تورکیا، پەکەکە لە شەڕدا لە ئەنجامی کـەم ئـەزمونی پێشمەرگایەتیان لێیان ئەکوژرێ لە ئاستی دەستەیەکدا کە لەوانەیە بۆشـەڕێکی بچووك کوژرانی ژمارەی زۆر کارێکی ناڕاستوووره ڕووخێن بێت. جگە لـەوەش تـا تورکیـا بیـەوێ بـە شـەڕو پـەلامارو کوشـتن پەکەکـە لـەناو ببـات گـەر بـە هێزێکـی تێرۆرسـتیش نـاوزەد بکـرێ دووزی کـورد زۆرتـر گەشـەئەکاتو باشـتر خۆی لە مەیدانی کاری سیاسیو خەباتگێڕیو دۆست پەیدا کردندا ئەدۆزێتەوە.

لەسەر ئەم هاتنـە نـاوەوەی تورکیـا بـۆ کوردسـتانو هەنـدێك کـەس دژی سـوپای تورکیـا خۆپێشـاندانیان کـرد، بـۆ نـاڕەزایی دەبڕینوووریـا کردنـەوەی خەڵکی لە بابەت ئەو هەڵوێستە زیان بەخشانەی تورکیـاو دەسـت تێکەڵکردنی پـارتی لەگەڵیـدا بـۆ بەرژەوەنـدنی تایبـەتی. لـەدوای کۆبونەوەکـەی سـەراوی

سوبحان ئاغا ڕۆژی ٥/٢٧ لای هەڤاڵ مام جەلال لە قەڵاچوالان بە ئامادە بوونی کاك کۆسرەتو کاك جەبار کۆبووینەوە بۆ:

- باسکردنی دۆخی کوردستانو هێرشی سوپای تورك لەسەر داواکاری پارتی.
ــ شەڕی بزووتنەوەو ڕێککەوتنی ئەم دواییەو هەڵسەنگاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی بزووتنەوەدا.

ئەم کۆبوونەوەیە ماوەی ٤ ڕۆژی تەواوی خایاند. هەڤاڵ مام جەلال زۆر بەووردی لەسەر ئەو مەسەلانە قسەی کردو دەستی حستە سەر زۆر شتی شاراوەو هەموو ئەگەرەکانی باسکردو هەموو هەڤاڵانیش بە تداری نەواویان لە گفتو گۆکاندا کردو ڕێوشوێنی تایبەتی گیرایە بەر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو ئەگەرەکان.

سەردانی ئێران

لەو ماوەیەدا مەعیدەم ئازاری ئەدام، بێتاقەتی کردبووم، بە پێویستم زانی سەردانێکی ئێران بکەمو چارەسەرێکی خۆم بکەم. دوای تەواو کردنی کاری پێویستی ڕێگاپێدان. ڕۆژی ٦/٥ لە ڕێگەی باشماخەوە چوومە ئێرانو لەوێوە بۆ تاران. لە تاران چومەلای پزیشکێك (ئەبو حسێنی سەجادی) پیاوێکی ڕووخۆشوواقیعبین بوو. پێموت کەمن خەڵکی کوردستانی عێراقمو دەمێکە پێشمەرگەمو لە ئەنجامی ئەمەوە توشی ئەم نەخۆشیە بووم. کەزانی کوردم پێکەنیوووتی: ئەم تارانە ئێمە تیا دانیشتوین لە بنەڕەتدا شوێنی کوردە. ئێمە داگیرمان کردوە، کورد کۆنترین میللەتی ئەم ناوچەیەیە. ئینجا لەسەر یەکەکە زۆر گفتوگۆمان کرد، هەندێ بۆچوونی خۆی هەبوو.

بە ڕاستی ئەو کوردی خۆش ئەویست، پیاوێکی عەلمانی بوو، باوەڕی بە هەندێ شت نەبوو. هەتا پێموت: دکتۆر من خواردنەوە ئەخۆمەوە ئایا زیانی بۆ مەعیدەم نییە..؟ووتی: ئەگەر دەستت کەوت فۆدگا بنۆشە، کە پەرداخەکەت نا بەسەرەوە یادێکی منیش بکەرەوە.

دوای تەواوکردنی چارەسەری نەخۆشیەکەم خۆم کۆکردەوەو ڕۆژی ٦/١٥ لەڕێگەی قەسری شیرینەوە گەڕامەوە کوردستان. لە ماوەی مانگی ٧ دا چەند جارێك کۆبوونەوەمان لەسەر بارودۆخەکە کرد بە تایبەتی پێمان لە سەر ئەوە دائەگرت پارتی نابێ هەتا هەتایە هەولێری بەدەستەوە بێت‌و گومرگی برایم خەلیل بخوات،واتە نەبێت: یان ڕێککەوتن یان شەڕ.

هەرلەم ماوەیەدا بوو کە بڕیاری گواستنەوەی کاك عوسمان بانی مارانی لەگەڵ ٣٨١ پێشمەرگەدا بۆ سنووری میحوەری سماقولی درا. لەم کاتانەشدا بوو هەڤاڵ مام جەلال گەشتێکی بۆ ئەمریکا دەستپێکرد کە گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو.

بۆ تەنگیسەر

لە ٨/١٥ دا لەگەڵ کاك کۆسرەت‌و مەلا بەختیارو سەعدی ئەحمەد پیرەو شێخ جەعفەرو عوسمانی حاجی مەحمودو حاکم قادردا سەردانێکی گەندی تەنگیسەرمان کردو چووینە سەر گۆڕی شەهیدی سەرکردە کاك ئارام‌و لە لایەن خەڵکییەوە پێشوازییەکی گەرم کراین‌و دەیان ژن‌و منداڵ‌و لاوو پیر هاتبوونە سەر ڕێگاکەمان، ئەم بەسەر کردنەوەیە منی خستەوە دۆخی ئەو ڕۆژانەی سەرەتای شۆڕش‌و کارکردنی ئەم سەرکردەیە لەو هەلە سەختانەدا کە ئەمڕۆ بەرهەمی کۆشش‌و ڕەنجی ئەوو سەدان تێکۆشەری ترە کە بەو پەڕی بڕواوە خۆیان بۆ ئایندەی گەلەکەیان ئەسووتان.

نیوەڕۆ لە ماڵی ئەحمەدی حاجی ساڵەح بووین لە قازانقایەو پاشان چووینە سوڵەو دێلێژە، ئیوارەکەی گەڕاینەوە سلێمانی.

هەڤاڵ مام جەلال لە ٨/٢٠ دا گەڕایەوە کوردستان، لەو گەشتەیدا چاوی بە گەورە لێپرسراوانی ئەمریکا کەوتبوو، لە بابەت جێگری سەرۆك کۆماروەزیری دەرەوەو سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان کوفی ئەنان. هەروا لە

بەریتانیاش چاوی بە گەورە لێپرسراوان کەوتبوو. لە تورکیاش چاوی بە ئیسماعیل جەمومزیری دمرەوەی تورکیاو جێگرەکەیو چەندین کەسی ترلە سەرکردایەتی عەسکەری کەوت. لە ئێرانیش سەردانی ئایەتوڵلا حەکیمی کرد.

ڕۆژی ٨/٢٩ لە قەڵاچوالان بە ئامادە بوونی هەڤاڵان مام جەلالو کۆسرەتو جەبار فەرمان کۆبوونەوەی فەرماندەیی کراو بە دوورو درێژی باسی گەشتەکەی بۆ دەرەوە کردو لەو کۆبوونەوەدا باسی بارودۆخی ناوخۆش کراو ئینجا مەسەلەی شەڕیش باسکرا گەر پارتی ملی بۆ ئاشتی نەدا.

لە ڕۆژی ٩/١٠ بە ئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال بەشداریمان لە ئاهەنگی خولی یەکەمی دەرچووانی لەشکری سلێمانیو فەرماندەیی حەوتی سلێمانیش کرد، هەڤاڵ مام جەلالووتارێکی دوورودرێژی دا لە بارەی هەلومەرجی کوردستان لە ڕووی سیاسیو سەربازیو نەتەوەییو ٣١/ ئابو دەستپێکردنی شۆڕش لە ئەیلول ١٩٦١ دا.

گەردەلوولی تۆڵەی دووەم

جارێکی تر لە ڕۆژی ٩/١٤ لە قەڵاچوالان بە سەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلالو ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی فەرماندەیی گشتی، کۆبوونەوەیەك کراو ئاماژە بە دۆخی شەڕ لەگەڵ پارتیو دۆستایەتی ئێرانو سەردانی کاك جەبار فەرمان بۆ ئەوەی دەنگوباسی خراپیوەزعی پارتی شیکرایەوە.

دوای ئەمە چەند کۆبوونەوەیەکی تر کرا، هەر لەم بارەیەوە دواجار ڕۆژی ١٠/٩ لە قەڵاچوالان کۆبوونەوەیەکی چڕو پڕ کراو بە پێی نەخشەیەکی داڕێژراو بڕیار درا کە هێرش لە شەوی یەك شەممە لە سەر دوو شەممە دەستپێبکرێ لە ژێر ناوی } گەردەلولی تۆڵەی دووەم{ دا کە هەموو بەرەکانی هێرشەکە بەم شێوەیە دابەشکرا:

- قـۆڵی هـیران: هـەڤاڵان: کۆسـرەت - شـێخ جەعفـەر - تۆفیـق کانی‌وەتمانی‌و چەند برادەرێکی تر، بڕیار درا کاک تۆفیق بە هێزەکەیەوە بە نهێنی بە ناو هێزەکانی پارتیدا بڕوات‌و لەسەر سەفین خۆی بشارێتەوەو لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕدا پەلاماری کەپکی شیلانە بدات، چونکە شوێنێکی ستراتیژییەو چەندین جار هەوڵدراوە بۆ گرتنی‌و نەگیراوە. کاک شێخ جەعفەریش لە سەر جادەوە پەلاماری پێگەی هێزەکانی پارتی بدات بەرەو ئاقووبان‌و شەقڵاوە.

- قۆڵی دۆڵی بالیسان: هەڤاڵان: جەبار فەرمان - عومەر فەتاح - کوردۆ - مستەفا سەید قادر - عەدنان حەمەی مینا - عوسمانی حاجی مەحمود - مەلا نەجم. هەر هەڤاڵێك شوێنی خۆی بۆ دیاریکرا:

- عەدنان بۆ کەپکی حەمەد ئاغا
- عوسمان بۆ شاخە سوور
- مەلا نەجم بۆ لای دۆڵی ئالانە
- کوردۆیش هێزەکانی کرایە دووبەشەوە: بەشێکی بۆ گرتنی کلاو قاسم‌و بەشێکی بۆ شاخی شەکرۆك

- قۆڵی چۆمان: هەڤاڵان محسن بایز - حەمەی حاجی قادرو برادەرانی تریش.
- قۆڵی کۆیە: هەڤاڵان تەرسەلان - بورهان سەعید سۆفی.
- قۆڵی سماقولی: هەڤاڵان ملازم عومەر - مەحمود سەنگاوی.

دیارە هەموو هێزەکانی یەکێتی هەریەکە بەرەو قۆڵی خۆی بە ڕێکەوتن.

ڕۆژی ١٠/١١ لە سەربازگەی سەلام لەگەل هەڤاڵ مام جەلالدا کۆبووینەوە، بڕیار درا شەوی ١٢ - ١٣ /١٠ هێرش دست پێبکرێ، تاکو پارتی مل بۆ ئاشتی بدات، ڕۆژی ١٠/١٢ هەموو هێزەکان گەیشتبوونە سەربازگەی ڕانیە بەشداری مانۆڕێکی سەربازییان کرد، ئەمە لە خۆیدا هەڕەشەیەکی گەورە بوو بۆ سەر پارتی‌و ئاگادارییەك بوو بۆ هەنگاونان بەرەو شەڕ کردن. دوای مانۆڕەکە هەموو هێزەکانمان بەرەو شوێنە دیاریکراوەکان ڕۆیشتن، کە هەموو

لێپرسـراوانی پێشـمەرگە چـەندین جـار بـە نهێنـی چـووبوونە سۆسـەکردن‌و چـاودێری کردنـی جموجـوولّی پـارتی‌و هێزەکـانی‌و دەستنیشـانکردنی خـاڵی پەلاماردان.

شەوی ١٢ ـ ١٠/١٣ لە هەموو قۆڵەکانەوە لە کاتژمێر دووی شەودا هێرشی بەر بلّاو کرایە سەر هێزەکانی پارتی. لـە ناوچـەکانی حـاجی هۆمەرانـەوە تـاکو سماقولی.

ئێمـە لـە قـۆڵـی سـماقولییەوە بـووین. لـە کـاتژمێری نۆدا لە چوارلاوە پەلامارماندان:

ـ لای یەکەم/ بۆ سەر چیای بەنەباوێ کە حەوت ڕەبایە بوو لە لایەن هێزەکـانی میحوەری دووکانەوە پاککرایەوە.

ـ لای دووەم/ دۆڵی سماقولی بوو لە لایەن هێزەکانی میحوەری سماقولییەوە دوای شەڕێکی سەخت هەموو ڕەبایەکانی بارەگای فەوج‌و لیواکانی کـە پێـنج ڕەبایـەی بارەگـای لیـوای ٢٧ی سـوپای هەشـت‌و بارەگـای لیـوای ٥٢ ی سـوپای کـەرکوك‌و بارەگای لیوای ٨ ی سـوپـای ٨ بوو گیران.

ـ لای سێیەم/ سەری سۆرکی سوسێ بوو کە حەوت ڕەبایەی تێدا گیرا.

ـ لای چوارەم/ ناو دارۆکان بوو.

بـە گشـتی ١٩ ڕەبایـەو کۆمـەڵێك بارەگایـان لـێگیراو کـوژراوێکی زۆریـان هـەبوو ٦ کەسیشـیان بـە دیلگیراو دەیـان پارچـە چـەك تێیـدا حـەوت دۆشـكا دەستكەوت بوو. زیانی ئێمەش ٧ شەهیدو ١٢ بریندار بوو.

لە قۆڵی هیرانیشەوە بـەپێی ئـەو نەخشـەیەی داڕێـژرا بـوو فەرمانـدەیی دووی هەولێرو حەوتی سلێمانی‌و میحوەرەکـانی ـ تۆفیـق کانی‌وەتمـانی‌و هێـزە تایبەتەکانی کاك کۆسرەت‌و تۆپخانە پەلاماری ئەم شوێنانەیان دا:

هەموو ڕەبایەکانی سـۆرکی هیران‌و دارەبەنـدو کـەپکی شـیلانەو کـەپکی حاجی ساڵەح‌و دێی ئاقوبان‌و گردی گەورەو گردی جاسوسان. هەموو ئەمانە لە مـاوەی ١٠ خولەکـدا لـە هێزەکـانی پـارتی پاککرانـەوە. تەنانـەت هێزەکـانی

میحوەری تۆفیق کانی‌وەتمانی پێشڕەوییان کردو گەیشتنە کەپکی قەل. کە ئەڕوانێتە سەر شەقلاوەدا.

لە هەمان کاتدا پێشمەرگەکانی هێزی‌وەرتێ و چەکوچو هێزەکانی کاروخ‌و جووتیاران‌و شەهیدانی ماکۆك، پەلاماری زنجیرە چیای دڕەبییان داو دەستیان بە سەرا گرت.

لە قۆڵی بالیسانیشەوە برادەران هەڵمەتی شێرانەیان بردە سەر شوێنەکانی پارتی‌و لە یەکەم پەلامارڈا کلاّو قاسم لە لایەن هێزەکانی فەرماندەیی گەرمیانەوە گیراو هێزەکانی کەرکوکیش شاخە سووریان گرت‌و هێزی هاوبەشی کەرکوك‌و گەرمیان شاخی شەکرۆك‌و زینەتیریان کۆنترۆڵ کردو هێزەکانی شارەزووریش کەپکی حەمەد ئاغایان گرت‌و هێزکانی بتوێن لە دۆڵی ئالانە پێشڕەوییان کردو شوێنە دیاری کراوەکانیان گرت.

ئەم چالاکییە پارتی ڕاچڵەکاندو لە هەموو لایەکەوە شوێنەکانیان لێئەگیراو هێزەکانی خۆیان پێ ڕانەئەگیرا لەبەر هەڵمەتی شێرئاسای پێشمەرگەکانی یەکێتی، هەر لەم کاتەدا هێزەکانی هاوپەیمانی لە گەڵ پارتیدا کەوتنە شەڕو یەکەکەش لە قۆڵی خۆیەوە دەستیان پێکردو توانییان ناوچەی سیدەکان بگرن. یەکەکە لەم شەڕەدا زیانیان لێکەوت کە لە ناو هەولێرو شارەکاندا بارەگایان هەبوو، هەمووی گیراو زۆر خەڵکیان کەوتە دەست پارتی وپاکسازیکران.

ڕۆژی ١٠/١٤ ڕەبایەی دووی بارەگای فەوجی سێی قۆڵی بیرۆکان‌و دەوروبەری لە لایەن لەشکری سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلالەوە دەستی بە سەرا گیرا، لە هەمان کاتدا هێزەکانی قۆڵی کەپکی حەمەد ئاغا گەیشتنە لووتکەی چەقەڵ سپی‌و بەسەر سپیلکدا ئەڕوانێ ڕزگارکراو دێیەکانی بناری ئالانەو ماوێز پاك کرانەوە. هەروەها پێشمەرگەکانی لەشکری باڵەك‌و لەشکری قەندیل‌و هێزەکانی ئامادەو هێزی ناودەشت هێرشی پارتیان تێکشکاندو بەرەو سینی دارسەلان‌و شیرکاوە ڕاویاننان. دیسانەوە لە قۆڵی هیرانەوە هێرش بۆ سەر

شاخی سەفینو دانازوکەیکی قەل دەستیپێکردو گیرانو لە سەر جادەشەوە پێشڕەوی کراو گەیشتینە دووری ٤ کم لە شەقلاوە.

لەم کاتانەدا بوو هێزەکانی مەڵبەندی شارەزوور هاتنە لای ئێمە بە سەرپەرشتی کاك شەوکەت کە لێپرسراوی مەڵبەندی شارەزوور بوو لە گەڵ سەید کەریم کاکە حەمەی خەلیفەو سەرداری غەفوری سلێمان، لە پەلامارێکدا زنجیرە چیای بەنەباوێ بەهاوکاری هێزەکانی دووکانو میحوەری سماقولی لە ماوەی یەك کاتژمێردا بە تەواوی پاککرایەوە.

پەنابردنە بەر تورکیا

پارتی تووشی شکستێکی کەمەر شکێن بوو، زۆر ترسی لێنیشت کە ئەم هێرشە نەوەستێو شوێنەکانی تری لێبگیرێ. بۆیە زۆر بە پەلە پەنای بۆ تورکیا بردو تورکیاش بێ سێودوو کردن ئامادەبوو بۆ هاوکاریکردن بە پێی ڕێککەوتنێك لە نێوانیاندا، هێزێکی بۆ هاوکاریکردن بە تانكو تۆپخانەوە هێنا، هەروەها فڕۆکەکانی بۆ گرتنەوەی پارتی لە شکستو ڕاگرتنی هێرشەکانی یەکێتیو هاوپەیمانەکانی بەشداری پێکرد.

ڕۆژانە ئێمە هەواڵی هاتنی سوپای تورکیامان پێئەگەیشت تاکو بە چاوی خۆمان بینیمان کەوا گەیشتنە بەرەکانی شەڕی شەقلاوە ـ هەریر ـ گۆمەسپان. تورك تۆپخانەیان بەرامبەر هێزەکانمان دامەزراندو تانکەکانیان مۆڵ دا.

ڕۆژی ١٠/١٥ یەکەم دەستەی فڕۆکەی تورکیا هاتنە ئاسمانی ناوچەکانی شەڕو پەلاماری سەنگەرەکانی ئێمەیان دا. بەتایبەتی لە شاخی شەکرۆك بە شێوەیەکی دڕندانە بۆمبارانیان کرد، چەندین شەهیدو برینداریان دا، بەڵام پێشمەرگەوورەیان بەرز بوو، کاریگەریتی نێگەتیفی درووستنەکرد، ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان نەئەکرد کە پارتیو تورکیا بەو شێوەیە پێکبێنو تورك بە

هەموو چەكو چۆڵەیەوە بێنە ناو كوردستانو ببنە لایەنێكی شەڕو پشتیوانی لەلایەك دژی لایەكەی تر بكەن، ئەگەر بیانووی پەكەكەش بە دەستەوە بێ كە هیچ قورسایی بۆ ئەو درووستنەكردبێ، خۆ هەولێرو دهۆك نەبوو بوونە پارێزگایەكی توركیا، تا ئەو مافەی هەبێ بەرگرییان لێبكات.

فرۆكەی توركیا ڕۆژی ١٠/١٥ بۆردومانی شاخی مامە ڕووتو گردی گەورەو سەری باڵەكیان كردو پارتیش هێرشیان كرد لەلایەن هێزەكانی چەكوچ ـا و چەكوچ ٢ـ ووەرتێو جووتیارانو ماكۆكو شەهیدانو كاروخ بەربەرچدرانەوەو ڕاویاننان.

هەروەها ڕۆژی ١٠/١٦ پارتی دژە هێرشێكیان كرد بۆ بەنی هەریرو لەلایەن هێزەكانی شارەزوورو میحوەری بالیسانو ڕەواندزو پشدەر تێكشكێنرانو خەڵكێكی زۆریان لێكوژرا ٥ كەسیان لێ بەجێما.

هەر لەم ڕۆژەدا فرۆكەكانی توركیا بۆ ماوەی یەك كاتژمێر شەكرۆكیان بۆردومان كرد. لە پەنا ئەو پشتیوانییەی توركیادا شەوەكەی هێزەكانی سوپای ڕزگاری پەلاماری چیای بنەباوێ یان داو سەركەوتنیان بە دەست نەهێناو زیانی زۆریان لێكەوت، كە لاشەی ١٢ كوژراویان لە شەڕگەكەدا بە جێهێشتو ١١ تریشیان بردەوە.

پارتی ئەیویست لە ڕێگەی ڕادیۆكەیانەوە گوشاری ئەو شەڕە كەمبكەنەوەو هەندێ هەواڵی درۆ بڵاو بكەنەوە گوایە شاخی بەنەباوێیان گرتۆتەوە، كە كۆمەڵێك هێزی تۆكمەی یەكێتی لێبوو.

لە هەمان كاتدا ئێمە لە ڕێگەی ئیزگەوە داوامان لە خەڵكی كرد كە بچن تەرمی كوژراوەكانیان ببەنەوە كە لە شەڕگەكەدا بڵاو بوو بووەوە، لە ناوچەی گەڵاڵەش لە ژێر گوشاری هێزەكانی یەكێتیدا بوون، لە میحوەریوەرتێو خانە قاوە هێرشیان كرد بەڵام هیچیان پێنەكرا.

له قۆڵی سماقولییەوە شەوی ١٦ ـ ١٧ / ١٠ لە چوار قۆڵەوە هێرشیان هێنا، لە دیوی‌ونکەو عەلیاوا شەڕ بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر بەردەوامبوو، پارتی تێکشکان‌و ٢٨ کوژراویان لە بەردەم سەنگەرەکانماندا بەجێ مابوو.

ئەوەی لەم شەڕانەدا بەدی ئەکرا بەشداری تۆپخانە بوو، کە فشاری خستبووە سەر پارتی، بە تایبەتی کاتێ ڕۆکێتی} گراد{ ەکان ئەگەیشتە سەری ڕەش‌و ترسێکی زۆری خستبووە ناو دڵی سەرانی پارتییەوە.

لەم کاتانەدا هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ دێڤدوێڵشدا لە بارەی ئەم شەڕەوە قسەیکردبوو، ئەویش لەگەڵ تورکەکاندا قسەی کردبوو، ئەنجامەکەی باش بوو، تورك ووتبوویان گەر یەکێتی‌واز لە بۆردومانی سەری ڕەش بهێنێ، ئەوانیش بۆردومانی فڕۆکە ڕائەگرن، هەروەها داوای کردبوو کارەبای هەولێریش بدرێتەوە، لە ئەنجامی ئەمەدا هەڤاڵ مام جەلال ئەم برووسکەیەی بۆ هەموو لایەك کرد:

(دوێنێ تورکە پەلامار دەرەکان بە هۆی ئەمریکاوە داوایان کرد کە ئێمە‌واز لە بۆردومانی سەری ڕەش بهێنین‌و ئەوانیش‌واز لە فڕۆکە هەڵسان‌و بۆردومان کردنمان بهێنن. بەمەش توانیمان بە هێزی خۆمان دوژمنی تۆرانی ناچار بکەین‌واز لە لایەکی دوژمنایەتیەکەی بهێنێ. هەروەك دەریش کەوت ئەوەیان بۆ فریاکەوتنی جاشەکانیان کردووە).

لە ڕۆژی ١٠/١٧ هێزەکانی لەشکری باڵەك‌و لەشکری قەندیل‌و هێزی ناودەشت‌و هێزەکانی سۆسیالیست مەفرەزەکانی قەزای چۆمان‌و ڕەواندز‌و تۆپخانە لە ٥ قۆڵەوە پەلاماری هێزەکانی پارتییان داو ئەم شوێنانەیان ڕزگار کرد: ناحیەی گەڵاڵەو شاخەسپی‌و زینی دارولسەلام‌و گرد کۆتری‌و شاخی درداسن‌و دێیەکانی ئۆمەر ئاواو ناو کەیلاکان‌و پاشکۆڵ‌و دارولسەلام‌و گوێزینە‌و شیرکاوەو چۆمانی بچووك‌و باڵەك. هەر لەم ڕۆژەدا بوو فڕۆکەکانی تورك چیای شەکرۆکیان بۆردومان کردو سەید جەوهەری فەرماندەی ئازا شەهید بوو، کە پێشمەرگەیەکی کۆن‌و پارتیزانێکی چاونەترسی دوای ئەنفالەکان‌و قارەمانێکی

گۆڕەپانی خەباتی بێووچانی هەموو ناوچەکانی کوردستان بوو، بە ڕاستی ئەم هەواڵە بزیسکەی لە ناخمان هەڵساند، دلێرێکی کوڕی تێکۆشانمان لە کیس دا کە هەرگیز لە مردن نەئەترسا، هەمیشەووره بەرزو خۆڕاگر بوو، ئامادەی خۆ بەختکردن بوو، هەموو ژیانی بۆ کوردو کوردایەتی تەرخانکردبوو، نەفرەت لەو شەڕەی کەوا گیانی کوڕە ئازاو دڵسۆزەکان ئەسووتێنێ.

ڕۆژی ۱۰/۲۰ لە ئەنقەرەو لەوەزارەتی دەرەوەدا کۆبوونەوەیەکی نارەسمی کرابوو، دواتر ئەوەیان ڕاگەیاندبوو کە دوو ڕۆژ ئاگربڕیان درێژکردۆتەوەو داواش لە نوێنەری یەکێتی کرا بوو لەم بارەیەوە ئاگاداری سەرکردایەتی بکاتەوە. دیارە پێشتریش ئاگربڕێکی تر کرا بوو، بەڵام تورکەکان تێکیانداو بۆردومانیان دەستپێکردەوە. بە ڕای ئێمە ئەم درێژکردنەوەیە نیازپاکی بۆ شەڕ ڕاگرتن نییە، بەڵکو بۆ خۆسازدانو هێزهێنانی ترە بۆ سەر یەکێتی.

جارێکی تر هەڤاڵ مام جەلالو دیڤدوێڵش پێکەوە قسەیانکردەوە، ئەم جارەیان زۆر نەرمو ئیجابی بووەو هەڵوێستی باشتر بووە ئەم جۆرە قسەو پەیوەندی کردنە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی دۆخەکە هێور بکرێتەوە. دیارە لە مەدا دبلۆماسییەتی یەکێتی کاری خۆی کردووەو دکتۆر بەرهەم هەمیشە لە هەوڵدا بووە بۆ تێگەیاندنی ئەمریکییەکان.

بە پێی هەندێك هەواڵ P.M.F لە قۆڵی دێگەڵە ـ کۆیە سەنگەرەکانی هێزی یەکێتیان لە سەر نەخشە دیاریکردووە بۆ لێدانو هێرشکردنو بۆردومانی فڕۆکەی تورکیا.

ئەوە بوو ڕۆژی ۱۰/۲۲ فڕۆکەکانی تورکیا هاتنەوە سەر ئاسمانی شەڕ گەکانمان، بەمەش ئاگربڕ کۆتایی هات، بە تایبەتی بۆردومانی سەنگەرەکانی یەکێتی لە بەنی هەریر، کەپکی حەمەد ئاغا، سەرەزێ، حەمەد عەباسان، مەتەڕێژان کردبوو بۆ ماوەی کاتژمێرێك زیاتر.

هەر ئەمڕۆ سەردانێکی کاك کۆسرەتم کرد لە پونگینە، لەو کاتەدا فڕۆکەکانی تورك بە سەر ناوچەکەدا ئەسووڕایەوەو دەنگوباسی هێرشی پارتی

بو سەر ناوچەی کویە هەبوو، دوای چاوپێکەوەتنو قسە کردن لە سەر بارودۆخی شەڕەکە گەرامەوە بۆ دۆڵی سماقولی لای برادەران. ڕۆژی ١٠/٢٤ هێزەکانی میحوەرەکان پەلاماری زنجیرە ڕەبایەکانی سەری مەیدانو داری جوخێنو ڕەبایەی زنجیرە چیای نیشتەی سەرووو نیشتەی خوارووبانـدا کە هەموویان هەشت ڕەبایە بوون، دەستیان بە سەرا گیراو لە هەمان کاتداپەلاماری ڕەبایەی دێی ناودارۆکانو سولاوکو بەرزاییەکانی دەورو بەریان داو گرتیانن. پارتی دژە هێرشیکیان بۆ سۆلاوك کرد بەڵام تیکشکان. لە زۆر قۆلی تریشەوە شەڕو پەلامار هەبوو زۆر شوێن لە پارتی گیرانو زیانی زۆریان هەبوو. فڕۆکەی تورکیش بۆردومانی خۆی ئەکرد.

جاریکی تریش هەڤاڵ مام جەلالو دیڤدوێلش قسەیانکرد، د.بەرهەمو فرانك بیکەریش پێکەوە قسەیانکرد، ئەوان ئەڵێن گوایە گوشاریان خستوەتە سەر تورك. خوشحاڵییان دەربڕیوە کە زیانمان کەمبووەو نەیانتوانیوە پێشڕەوی بکەن.د.بەرهەم لە ئەمریکادا هەوڵی باشی داوەو چەندین سیناتۆرونوێنەر نامەیان بو ئۆڵبرایت ناردووە دژی بوردومانی تورکو شەڕ فرۆشتنی بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانو دەستوەردان لە کاروباری کوردستان.

پارتی لەگەڵ بۆردومانەکانی تورکیادا بە فڕۆکە لە ئاسمانەوە ئەیانویست لە زەوییەوە هەوڵێك بدەنو گوشاریك بخەنە سەر هێزەکانمانو گورێکیان پیدا بێتەوە، بۆیە ڕۆژی ١٠/٢٥ بە هۆی تۆپخانەی تورکەوە بۆردومانیکی خەستی سەنگەرەکانی یەکێتیان لە چیای سەفین کردو لە دوو قۆڵیشەوە هێرشیان دەستپێکرد.

- لە چیای سەفینەوە بۆ کەپکە قەل.
- لە شاخی خۆرانەوە بۆ کەپکی حاجی ساڵەح.

بەڵام لە هەردوو قۆڵەکەوە ل ووتیان شکاو نەیانتوانی پێشڕەوی بکەنو کوژراوو بریندارى زۆریان هەبوو. بۆ بەر پەرچدانەوەی ئەم هێرشەی پارتی فەرماندەیی دوو پەلاماری زنجیرە چیای نێوان دیگەڵەو کۆیەیان داو

کەپکی سپیو چەندین شوێنی تریان لێگرتن. ئەمە کاریگەری خۆی هەبوو بۆیە مەسعود بارزانی هاتبووە سەر جیهازوجوێنی زۆری بە بەرپرسەکان دابووو هەڕەشەی گرتنەوەی شوێنەکانی لێکردن کە لێیان گیرا بوو. بۆیەش کاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ هێزەکانی پارتی بە پاڵپشتی تۆپخانەی تورك کە حەسەن قەبلان سەرپەرشتی ئەکرد پەلاماری سەنگەرەکانیاندا. بەڵام هێزەکانمان ئازایانە لێیان هاتنە دەستو پاش کوشتاریکی زۆر کاتژمێر پێنجی ئێوارە گەڕانەوە گەرووی عارەقان، لە ژێر گوشاری مەسعود بارزانیدا جارێکی تر کاتژمێر حەوتی ئێوار دیسانەوە بەهاوکاری تۆپی قورسو هاوەنی ٨٢و ١٢٠ ملم هێرشیان کردەوەو تا ١١ی شەو بەردەوام بوو، ئەمجارەش تێکشکانو بەرەو چێشکەو گەرووی عارەقانو سەرووی کوڕەدێر رایان کردەوە.

ڕۆژی ١٠/٢٦ لە ڕۆژەکانی تر جیاواز بوو کە فڕۆکەکانی تورك بوردومانیان ئەکرد پارتیش هێرشی ئەهێنا بۆ ڕەبایەکانی سەر مەیدانو دار جۆخینو بەرمێشان. فڕۆکەکانی تورك بۆمبی گەورەو بۆمبی چارەکە تەنیان ئەهاوێشت. لە ماوەی ١ کاتژمێردا ١١ برینندارمان دا. جارێکی تریش هەمان شوێنی تریان بۆردوومان کردەوە کە بە هەمووی ٢٦ بۆمبیوەشاند لە سۆرکی سوسیو کانی هەرمێو کلاوی قەسرۆكو گەرووی دار بە مازووو سەر بەنەباوێشی گرتەوە. دیسانەوە هاتەوە سەرمانو بۆ ماوەی ١ کاتژمێر بۆمبارانی کردین لە بەنەباوێو ناودارۆکانو لای سولاوكو لە ئەنجامدا ١٠ برینندارمان دا. لە هەمان کاتدا ٤ فڕۆکەی تورکی بۆمبارانی سەنگەرەکانی گوشینەو مەڕی سەرو ڕۆستیان کرد.

قیادەی مەیدانی زۆر بیریان لەوە ئەکردەوە کە تەکانێ بدەن بۆ هەندێ شوێنی پارتی لە سەر جادەی هەریر- شەقڵاوە بۆ ئەوەی ئەو هێڵەی هاتوچۆی پارتی ببڕنو گوشاریان بکەوێتە سەر، بۆیە بیر لەوە کرایەوە کە پەلاماری سپیلكو سیساواو قووتەی سۆری نێوان هەریرو شەقڵاوەو گردی شەهید حەمید بدرێ. بە تایبەتی کە تۆپخانەی تورکیش هاتبووە سەرووی گەرووی

شەقلاوە، بەلام ئەبوایە هەمووهێزەکان لەو بەرەیەداو بە درێژایی پەلامار بدەن، بۆیە هەندێ زەحمەتی تێدابوو لەگەڵ ئەوەشداوەکو چالاکییەك هەنگاوێکی بۆ نراو هێزیکی فەرماندەیی شارەزوور لە قۆڵی بەنی هەریرەوە شەوێکی درەنگ پەلاماری ڕەبایەکانی دێی باویان‌و سیساوایان داو لە ماوەیەکی کەمدا ڕەبایەکانیان گرت لە گەڵ بارەگای ڕێکخراوی سیساوادا ئاگریان تێبەردا ئەمەش بۆ خۆی هەڕەشەیەکی گەورە بوو. بۆ ڕەتدانەوەی ئەم کارە پارتی لە دوو قۆڵەوە هێرشیان بۆ برادەران کردو بە توندی شکێنران‌و برادەرانیش گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان. هەر ئەو ڕۆژەش فڕۆکەکانی تورك بۆ ماوەی ١ کاتژمێر بە بۆمبی هێشوویی‌و ناپاڵم‌و شەستیر بۆمبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان لە شاخە سوورو زەرتکان کردو برادەران بێ زیان بوون، پێشمەرگەش بە کلاشینکۆف‌و بیکەیسی‌و ئاربیجی تەقەیان لێکردن. ئێمە ئەمانویست لە قۆڵی دێگەڵەو کۆیە جووڵەیەك بکەین‌و هەندێ ڕەبایەی پارتی بگرین، دوو شەو پێش ئەوە هێزێکی فەرماندەیی دووکان‌و گەرمیانمان بۆ ناردبوون بە هاوکاری هێزەکانی ئەو قۆڵەی کۆیە بەلام لە بەر هەندێ کەموکوڕی هیچیان نەکردبوو. بۆیە لە گەڵ کاك کوردۆو م.عەلی‌و عوسمان بانی مارانی‌و مامە غەفەو بورهانی سەعید سۆفیدا، چووینە بان شاخی عەزیز گاوان بۆ سۆسە کردن‌و تەماشاکردنی شوێنەکان کە ١٥ ڕەبایە بوون. لە کاتی گەڕانەوەماندا ٨ فڕۆکەی تورك جۆری ئیف ١٦ دایان بەسەر دۆڵی سماقولی گرتك‌و گەلیداو بۆمبەکانیان داچۆڕاندو باش بوو زیانی گیانی بە دواوە نەبوو تەنیا ئۆتۆمبیلێکی بەرازیلی‌و کۆستەریك بەرکەوتن‌و لە کار کەوتن.

پارتی لە سنووری دێگەڵەدا تەحەشودیان هەبوو. هێزەکانی سوپای دووی جەمال مۆرتکەو سۆپای دووی هەرکییان هینابوو. لە ڕۆژی ١٠/٣٠ پارتی بە پاڵپشتی تۆپخانەی تورك لە ٣ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە گوربە شیلانە بەلام تێکشکێنران، بۆ جاری دووەمیش هێرشیان کردەوەوەکو جاری پێشوو درا بە پۆزەیانا. بۆ جاری سێیەم بە هاوکاری

فرۆکـەی تـورکی هێرشـیکی تریـان کـردەوە، ئـەمجارەش شکسـتیان هێنـاو ١٧ تەرمیان لە بەردەستی پێشمەرگەدا بەجێماو کوژراوو برینـداری زۆری تریـان لەگەڵ خۆیان بردەوەو هەندێ دەستکەوتیش هەبوو.

بـەداخێکی زۆرەوە لـەو شـەڕە سـەختو دەسـتەو یەخەیـەدا دوو ڕۆڵـەی چاونەترسی یەکێتی بوونـە قوربـانی کـە یـەکیکیان شیرە پیاوی دۆڵـی بالیسـان فەرماندەی ئازا مەلا نەجمو ئەویتریان کوڕی دڵسۆزی دەشتی شارەزوور فـازڵ شـیرەمەڕی بـوو، کـە هـەردووکیان دوو فەرمانـدەی قارەمـانو دوو پـارتیزانی بلیمەتی گەلەکەمان بوون لە ڕۆژی تەنگانەدا. ئەمە زیانێکی قـورس بـوو لێمـان کەوت، هەرچەنـدە شەڕەکەش زۆر توندو تیژو هێرشـەکان گەورەو فـراوان بـوو مەگـەر کەسـانیوەکو مـەلا نجـمو کاکـە فـازڵ ڕووبـەڕووی ئـەو جـۆرە شـەڕانە ببنەوەو دەستی دوژمن لە بندا بشکێننو نەهێڵن بێنە پێشەوەو لەو پێناوەشدا گیانی خۆیان بەخت بکەن. هەر ئەو ڕۆژە فرۆکـەکانی تـورك لـە جـۆری فـانتۆم هێرشـیان کـرە سـەر دۆڵـی هـێرانو چیای ئـاوەگردو بـە تـوندی سـەنگەری پێشمەرگەکانیان کووتا، بێ ئەوەی کار لەوورەی پێشمەرگە بکەن.

هەر ئەمرۆ سەردانێکی دووکانم کـردو لـەوێ منداڵەکانم هاتبوون بـۆلام چاوم پێیانکەوتو ماوەیەکی کەم لایان مامەوەو ئـەوان گەڕانـەوە بـۆ سلێمانیو منـیش بـەرەو سماقولی چوومەوە. شـەڕەکان زۆر گـەرم بـوون، فرۆکـەی تـورکی ڕۆژانـەو بـۆ چـەندین جـار هـەر جـارەش بـۆ چـەندین کاتـژمێر بـە ئاسـمانی ناوچـەکەدا ئەسـووڕانەوەو بۆمبـەکانیان بـە سـەر سـەنگەرەکانی ئـەو ناوچـەدا بەتاڵ ئەکردەوە.

ڕۆژی ١٠/٣١ بـوو کـاك سـەعدی ئەحمـەد پـیرە لەگـەڵ پۆلیسـی دەولیـدا هاتنە دۆڵی سوسێ بۆ سەردانی بەرەی شـەڕەکانو بینینـی شـوێنی بۆردوومـانی فرۆکەکانی تورکو بـە چـاوی خۆیـان هـەموو شتێکیان بینـیو زانیارییـەکانیان تۆمـار ئـەکرد. لـە قـۆڵی سماقولییەوەویسـتمان جووڵەیـەك بکـەینو فشـارێك بخەینە سەر هێزەکانی پارتیو تەکانێك بەرەو پێشـەوە بـدەینو لـەم قۆڵەشـەوە

جێ پێیەك بكەینەوە بە تایبەتی لای دێگەڵەوە، بۆیە بە پێی نەخشەیەك بڕیارماندا هێزەكانی فەرماندەیی دووكان بە هاوكاری هێزەكانی مەڵبەندی شارەزوورو هێزەكانی فەرماندەیی گەرمیان كە كاك كوردۆ قاسم سەر پەرشتی ئەكردن‌و چەند ڕۆژێك بوو هاتبوونە لامان، پەلاماری ڕەبایەكانی كوڕەدێرو چێشكەو گەرووی عارەقان‌و ئەو دەورو بەرە بدەین كە ئەیانڕوانیە سەر دێگەڵەدا.

بۆیە خۆمان سازدا، دوای تەماشاكردنی هەموو جێگەكان شەوی١ـ١١/٢ هێزەكانمان هێرشێكی گەورەیان كردە سەر هێزەكانی پارتی لە كوڕەدێرو چێشكەو گەرووی عارەقان‌و كەپووی سپی‌و چل مەیتان كە ئەكەونە ئەمبەرو بەری چیای سەری دێگەڵەوە لەگەڵ هۆمەرە كوتە، مەلا بداغ، پانكی شێخ ڕەش، پانكی دارێ كە ئەكەونە زنجیرە چیای باواجی بەرەو دێگەڵە. هەر لەگەڵ یەكەم هەڵمەتدا فەرماندەیی ٥ ی دووكان ڕەبایەی چێشكەیان گرت‌وتیایا مانەوە، ١ شەهیدو چوار بریندداریان دا. فەرماندەیی گەرمیانیش شێرانە ڕەبایەی كوڕەدێریان گرت كە ڕەبایەكی گەورەو بەرفراوان بوو كاتی ڕژێمیش هەر ڕەبایە بوو. مامە غەفە بە پێشمەرگەكانی گەرمیانی‌ووتبوو كە ئەوان ناتوانن كوڕە دێرە بگرن كەچی بۆچوونەكەی‌وا دەرنەچوو بوو. هێزەكانی پارتی بە هەڵەداوان ڕایانكردو خۆیان پێنەگیرا، هەندێ پێشمەرگە بریندار بوون‌و دۆشكەیەكیان لەگەڵ هەندێ كەلو پەلدا دەسكەوت بوو. ئەو چەكدارانەی پارتی خۆیان گەیاندبووە ڕەبایەی چل مەیتان، ئەو هێزەی كە كاك حسین مەنسورو مەلاڕەحیم سەرپەرشتیان ئەكرد لە ڕێگا دەستیان لێكرابووەوەو ٥ شەهیدیان دا لەگەڵ هەندێ برینداردا بۆیە بۆیان نەگیرا، كاك مەلا ڕەحیم فیشەكێك دابووی لە مەخزەنێكی پڕ فیشەك‌و ڕاوەستابوو تاكو هەموو فیشەكەكانی تەقیبوونەوە، خۆشبەختانەخۆی بێ زیان بوو. پێشمەرگەكانی مەڵبەندی شارەزووریش هەركە نزیك ئەبنەوە لەو ڕەبایەی بۆیان دیاری كرابوو كاك مەلا ئەحمەدی دسكەرە بە سەختی بریندار ئەبێ

لەگەڵ ٣ کەسی تر، ئیتر هیچیان پێناکرێ. ڕەبایەکەی عەلیاوایش لەلایەن گەرمیانییەکانەوە دەستی بە سەرا گیرا. ڕەبایەکانی تریش نەتوانرا بگیرێن، بۆیە چالاکییەکە کەموکوڕی تێکەوت و هەموو شوێنەکان کە دەستنیشان کرابوون وەکو پێویست نەگیران، ئەم شوێنانە گرنگی خۆیان هەبوو هەم دێگەڵە ڕزگاری ئەبوو هەم گومەسپانیش ئەکەوتە مەترسی و بگرە دۆڵی زیارەتیش پاك ئەکرایەوە. کە هێزەکانی پارتی زانیان هێرشەکەی ئێمە سست و خاوە و خاڵەکان کۆنترۆڵ نەکراوە. هێزیان بە هانای چەکدارەکانیانەوە نارد بۆ یارمەتیدانیان. ئێمەش کە زانیمان لەوە زیاترمان پێناکرێ کە ڕۆژ ببێتەوە تووشی زیانی زۆر ئەبین، لەگەڵ کاك کوردۆدا قسەمان لەگەڵ کاك ملازم عومەردا کرد بۆ کشانەوە بەرەو بەنەباوێ.

ڕۆژی١١/٤ پارتی لە چوار قۆڵەوە پەلاماری زینی ماویلیان و قۆپی چەوری و بناری هەندرێن و زنجیرە شاخی تاوەرو ڕۆڵەیان داو لە شەڕێکی دەستەویەخەی گەرمدا بەرەو دواوە ڕاونران. هەروەها لە میحوەری وەرتێشەوە بە پاڵپشتی تۆپی قورس و دوور هاوێژ هێرشیان کردو تێکشکێنران. ڕۆژی دوا تریش هێرشیان بۆ کێل کێل و ڕەشکی و دۆڵی ئاکۆیان و قۆپی مەڕەکێوی کرد هەرهەموویان تێکشکێنران و زیانی زۆریان لێکەوت و کشانەوە بۆ شوێنەکانی پێشوویان. هەروەها تۆپبارانی خەستی هەردوو دێی بنمێردە و فەقێیان و زێرینەیان کرد.

ڕۆژی ١١/٦ دوژمن سەنگەرەکانمانی لە بەنەباوێ و چیای سوسێ و دێی سوسێ و بەرمێشان و سەرمەیدان و چێشکە بە تۆپی دوور هاوێژ ئاگرباران کرد، لەو کاتانەدابوو کە هێزیکی زۆری فەرماندەیی دووی هەولێر و فەرماندەیی ٥ ی دووکان، خۆمان ئامادە ئەکرد بۆ پەلاماردانی کوڕەدێر و گەرووی عارەقان و چێشکە و دەوروبەری، بەپێی نەخشەیەك هێزیکیش نێردرا بووە ڕێگەی حاجی ووسوو بۆ لێدانی کاروانی ئوتۆمبیلی هێزەکانی پارتی، ئەم هێزانە بە سەر پەرستی کاك کۆسرت بوو، لەکاتی دیاریکراودا هێزەکان پەلاماری

شوێنەکانیان داو هەندێ شوێنیان گرت، دیسانەوە تووشی هەندێ گرفت بووین، بۆیەوەکو چاوەڕوان ئەکرا چالاکییەکە بە باشی جێبەجێ نەکراو بە ناچاری هێزەکانمان گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان. لە ڕاستیدا نەئەبوایەوە ئەم چالاکییە ئەنجام بدرێ چونکە پێنج ڕۆژ پێش ئەمە پەلاماری هەمان ئەو شوێنەمان دابوو هەندێ سەرکەوتنمان بەدەست هێناو گەڕاینەوە، دوای ئەوەی پارتی ئەو ناوەیان باش قایم کردبوو، هەر هێرشیك بۆ ئەو ناوە ئەنجامی باش نەئەبوو. لە هەمان کاتدا لە قۆڵی باڵەکایەتیەوە هێزەکانی ئەو ناوە لە چوار قۆڵەوە دژە هێرشێکیان کردە سەر هێزەکانی پارتی لە گەرەوانی خواروو بەرەو ڕەبایەکانی سەر زیخان‌و کەڵەکین، لە شاخی زێڕینە بەرەو قەڵاتی ئاکۆیان لە دیبوڕەشەکەوە بەرەو جادەی ئاکۆیان‌و بنە کاول. لە ماوەیەکی کورتدا ١٤ ڕەبایەکەی سەر زیخان‌و کەڵەکین‌و سەر جادەی ئاکۆیان‌و گەرەوان گیران‌و هێزەکانی پارتی پەرت‌و بڵاوکران‌و ڕاونران.

ڕۆژی١١/٧ هێرش کرایە سەر هێزەکانی پارتی لە تەپۆڵکەی پشتی ماویلیان‌و گردی مەلیك کە بریتی بوو لە چوار ڕەبایەو دەستیان بە سەردا گیرا، هەروەها لە سێ قۆڵەوە هێرش کرایە سەر ڕەبایەکانی دەورو پشتی زیارەت‌و دەستیان بەسەردا گیرا. لەم ماوەیەدا زیاتر بایەخ بە چالاکی پارتیزانی ئەدراو پەلاماری دوژمن ئەدرا. بۆوەرسکردنی چەکدارەکانی پارتی. هەتا ئەهات دۆخەکە ئالۆزتر ئەبوو زانیاری زۆرمان بۆ ئەهات هێزی سوپای تورکی نیازی جموجووڵی زیاتریان هەیە بە تایبەتی کە ڕۆژانەو بەردەوام فڕۆکەکانیان لە ئاسمانەوەو لە هەموو قۆڵەکانەوە هەڵیان ئەکوتایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەو تۆپخانەی تورکی بۆردومانی چڕو پڕی بەرەکانی شەڕو سەنگەرەکانیان ئەکردین، هەروەها هەواڵی هاتنی ژمارەیەکی زۆری تانکی سوپای تورکمان پێ ئەگەیشت‌و خۆشمان لە قۆڵی شەقڵاوەوە هاتوچۆی ئەو تانکانەمان ئەبینی. بەوەدا زانیمان کە بەرنامەیەکی تەواویان هەیە بۆ پەلاماردانمان. چونکە تورکیا زۆر بە جیدی هەوڵی ئەوەی ئەدا کە یەکێتی لە

سەنگەرەکانی پێشەوەی بکشێتەوە بۆ شوێنەکانی ڕۆژانی پێش ئەنجامدانی ئەم شەڕە. ئەوەی کردبوو بە مەرجێك بۆ ڕاوەستانی هێرشەکانی خوی بۆ سەر یەکێتی. بۆیە ئێمەش خۆمان بۆ ئەو کارە ئامادە کردبوو کە بەرپەرچی هاتنی سوپای تورك‌و پارتی بدەینەوە.

پەلامارە زەمینیی‌و ئاسمانییەکانی تورك

ئەوە بوو بەرەبەیانی ڕۆژی ١١/٨سوپای تورك بە دەیان تانکی تازەو پێشکەوتوو بەشداری هەزاران کۆماندۆو هێزی شرۆڵەی پارتی‌و بە پاڵپشتی ٨ فڕۆکە لە جۆری F16و F4 پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەیان دا لە بەری سوسێ‌و زنجیرە چیای بەنەباوێ. هێرشەکە بە جۆرێك بوو کە دەنگی فڕۆکەکان‌و تانکەکان تێکەڵ بوو بوون‌و پێشمەرگەوایئەزانی هەر لە ئاسمانەوە بۆمباران ئەکرێ، کەچی هاوکات تانکەکانیش پێشڕەوییان ئەکرد بە بێ ڕاوەستان‌و هەڵیان ئەکوتایە سەر بنکەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

پێشمەرگەکان هاتبوونە دەرەوەی سەنگەرەکان بۆ خۆ دوورگرتن لە بۆمبارانی فڕۆکەکان، بەڵام فڕۆکەکان دەوروبەری سەنگەرەکانیشیان ئەکووتا،گوشارەکە زۆر زۆر بوو لەسەر پێشمەرگەو لە خولەکێکدا هەزاران گوللەتۆپ‌و شەستیر‌و بۆمب ئەکەوتە سەریان، ئەمەوایکرد کە لەو شوێنانە بکشێینەدواوەو لە سماقولی گەلی خۆمان بگرینەوەو هێزی تورکی‌و پارتی بچنە شوێنەکانی ئێمە. بۆ ڕۆژی دواتر هێزی سوپای تورك‌و پارتی بە هەمان شێوە شەڕەکەیان گواستەوە دۆڵی هیران. پاش نەبەردییەکی دلێرانەی ١٢ کاتژمێری هێزەکانمان لەو دۆڵەش کشانەوە دواوە تا گەیشتنە کاموسەك، لەم شەڕەدا چەندین تانك تێکشکان‌و دەیان کۆماندۆی تورك کوژران، بەڵام بە داخەوە

کۆمەڵێك فەرماندەی ئازامان شەهیدبوون لەوانە کاك تەحسین کاوانیو کاك نەبی ڕەشید. هەروەها هەواڵی شەهید بوونی دوو برای کاك عوسمان بانی مارانیمان پێگەیشت، کە ئەمە سێهەمین برای شەهیدی بوو لەگەڵ ئامۆزایەکیدا لە شەڕەکانی گەردەلوولی تۆڵەی دووەمدا شەهید ئەبن، بە ڕاستی کاك عوسمان زۆر دڵ گەورەو خۆڕاگر بوو. هەر ئەو ڕۆژەش هەواڵی شەهید بوونی مامۆستا مەهدی کادیری شۆڕشگێڕ و پێشمەرگەی نەبەزمان بیست. کە لە هەموو شەڕەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی ئەگێڕا. شایانیووتنە لە کاتی تێکەڵ بوونی هێزەکانماندا لەو شەڕە دەستەو یەخەیەدا هەندێك لە برادەرانمان لە یەکدابڕانو هەندێ هەواڵی ناخۆشمان پێئەگەیشت کە گوایە کاك کۆسرەتو کاك شێخ جەعفەر دیار نەماون، بۆیە لای خۆمانەوە زۆر پەرۆشی چارنووسیان بووینو لە ڕێگەی بێسیمەکانمانەوە هەمیشە لە سەر خەت بووینو سۆراخمان ئەکرد، تاکو لە دواییدا هەواڵی ساغو سەلامەتیمان بیستەوە. دوای ئەوەی هێزەکانمان لەو شوێنانە کشانەوە لە دێی کامووسەك جێگیر بوون. هێزێکی فەرماندەیی ٥ ی دووکان ڕەوانەی سەر ئازەنینو شاخی ئاوەگرد کرا تاکو ڕێگە لە هەر ئەگەرێکی هاتنە پێشەوەی لەوە زیاتری هێزەکانی پارتی بگیرێ. ئیتر بەرەکانی شەڕی ئەم ناوە ئارامی بە خۆیەوە بینی. لە قۆڵی کۆیەشەوە هێزەکانی فەرماندەیی ٤ی گەرمیان نێردرانە هەیبەت سوڵتانو باواجیو میرسەیدو هەڵێیانو پشتی حەمامۆك. هێزەکانی تری هەولێر لە ڕووی دیگەڵەوە بوونو لە شوێنەکانی خۆیان جێگیربوون، بارەگای مەیدانی سەرەکی فەرماندەیی دووکانو میحوەری سماقوڵی لە سماقوڵی گەلی بوون، لەو ناوچەیەدا بنکەو بارەگامان دانابوو کە پارێزگاری لە ناوچەکە بکەن.

ڕۆژی ١١/١٠ برووسکەیەکی هەڤاڵ مام جەلال هات باسی ئەوەی ئەکرد کە تورکەکان ئاگاداری باڵوێزی ئەمریکای لە ئەنقەرە کردۆتەوە کەوا لە هێرشەکانیاندا بۆ سەر (ی.ن.ك)، هێزەکانی یەکێتیان گەڕاندۆتەوە شوێنی خۆیانو پێش هێرشەکانی ڕۆژی ١٠/١٣و ئیتر لەوە زیاتر ناڕۆنو ڕانەوەستن.

لـە ڕۆژی دواتـر ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ بـە خـەتێکی گـەورە مانشـێتێکی نووسـیبوو کـە سـووپای داگـیر کـەری تـورك لـە ژێـر گوشـاری نێودەوڵـەتیو خۆڕاگری هێـزی پێشمەرگەی کوردسـتان بـە ناچاری دەسـتی بـە کشانەوە کـردووە. هـەروەها بەرپرسانی تـورك لـە ئەنقـەرە دوو جـار نوێنـەری یەکێتی لە تورکیا کاك شازاد سائیب بانگ ئەکەنو پێی ڕائەگەیەنن کە یـەکێتی هێزەکانی بۆ ناوچەکانی ڕۆژانـی پێش ١٠/١٢ بکێشێتەوە ئـەگینا هێرشمـان بـۆ ئەکرێت.

ڕای مەکتـەبی سیاسـیوابوو تـاکو چـەند ڕۆژێکـی تـریش چـاوەڕوانی بکرێو بزانـرێ بـارووودۆخی سیاسـی بـەرەو کوێ ئەچێت، ئایا عێـراق لـە گـەڵ تورکیادا تێـك ئەچێت..؟ ئەگەر دۆخەکە لە بەرژەوەندیمانـدا بـوو لـە شـوێنی خۆماندا ئەمێنینەوە، ئەگەر نا ئەوا ئەکشێینەوە.

لەو شەڕانەشدا هەر بە تەنیا فەرماندەیی ٥ ی دووکـان ٣٨ شـەهیدو ١٠١ بریندارمان دا، فەرماندەییەکانی تریش هەریەکە کۆمەڵێك شـەهیدو بریـنداری لـە پێشـمەرگەو فەرمانـدەی ئـازای بەخشـییە خـاکی کوردسـتانو بـەرگری لەسەروەری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دیارە ئەمـە کۆتـایی شـەڕ نـەبوو، بـەڵکو تورکوپـارتی خۆیـان سـازدا بـۆ هێرشکردنە سەرقۆڵەکانی سەرەوە. ئەمەش پەیوەندی بـەو ڕێککەوتنـەی نێـوان تـوركو پـارتی هـەبوو بـۆ کـۆنترۆڵکردنی هـەموو ئـەو ناوچـە سـنوورییەی کـە دەستی بە سەردا گیرابوو. لەو چوار چێوەیەدا بوو کە دوژمن بـە هـەموو هێـزو تـۆپو فڕۆکـەو ڕەوەچـەکدارەکانیەوە بـەرەو گوشـینەو سیدەکان لـە میحـوەری باڵەك هێرشیان کردوشکێنران.

ڕۆژی ١١/١٧ پارتی بەهەماهەنگی سوپای تورك هێرشـێکی تونـدیان کـردە سـەر میحـوەری باڵـەكو ناوچـەی حـاجی هۆمـەران، دوای شـەڕێکی قـورسو زیـانێکی زۆر لـە هێزەکـانی دوژمـن، ئـەو ناوچانەشـیان کـۆنترۆڵکرد. دیارە ئـەم شەڕانەش بەهۆی دەیـان تانـكو فڕۆکـەو تـۆپی دوور هاویـژو کۆمانـدۆی تـورك

ئەنجام درا. ئەگینا پارتی خۆی بە تەنیا زاتی ئەوەی نەبوو کاریوای پێ ئەنجام بدرێ، بۆیەش هانای بۆ هێزی تورکی دوژمن برد. دوای ئەوە پەلاماری دێیوەرتێو چیاکانی دەوروبەریان داو گرتیان، بەڵام لە پەلاماردانی گردەو شاڵیو دۆڵی باڵەیاندا تێکشکان، لەم شەڕانەدا بە داخەوە ٢ لە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوون ئەوانیش فەقێ حەسەنو برایمە کوێر بوون.

کشانەوەی تورک

بەمە ئیتر تورك گەیشتە مەرامەکانی خۆیو پارتیو ئەیویست کۆتایی بە کارەکانیان بهێنێ، لە هەمان کاتدا دەستیکردە کشانەوە دوای ئەوەی ئامانجەکانی پێکاو بەشێك لە تانکەکانی لە ئاکرێ جێگیر بوونو پاشماوەی هێزەکەشیان بەرەو دهۆك کشانەوە. پێشتریش ژمارەیەك تانك لە شەقڵاوە بەرەو هەریر کشانەوە دواوە. ئیتر ڕۆژانە هێزو تانكو کەرەستەو کەلو پەلەکانی ئەبردەوە بەرەو بادینانوتا دواجار لە برایم خەلیلەوە بۆ تورکیا هەمووی پەڕاندەوە.

لە ئەنجامی ئەو ڕاگەیاندنانەی تورك لە ڕۆژی ١١/١٠ دا کەوا هێزەکانی ئامانجەکانی خۆیان بە دیهێناوەو دەستی کردووە بە کشانەوە، ئەمریکاو ئینگلیزیش پیان باشە بکەونە نێوانمانەوەو عێراقو ئێرانیش بە تورکیایان ڕاگەیاندووە کە قایل نابن تورکیا بمێنێتەوەو لەوەش ئەچوو کە تورك بەڵێنی پێدابن.

بۆیە ڕۆژی ١١/٢٤ لە چوارقوڕنە بەئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال هەموو فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە کۆبوونەوەیەکی فراوان کرا لە سەر هەلومەرجەکانی مەسەلەی شەڕوەستان، دوای لێدوانو تاوتوێکردنێکی زۆر هەموویان گەیشتنە ئەوەی کە قایل بن بەوەستاندنی شەڕەکە، ڕای کاك جەبار فەرمان ئەوە بوو کە شەڕەکە ڕابگرینو ڕاینەگەیەنین، هەروەها بڕیاریان دا

چیتر تورکوەك ناوبژیکەرێك قبوول نەکەن، چونکە لایەنێکی شەڕ بووەو نابێ لە پرۆسەی ئاشتیدا بەشدار بێ.

کاتژمێری ١٢ی ئەو ڕۆژە پارتی لە ڕێگەی ئێزگەکەیانەوە شەڕی ڕاگرت بەو مەرجەی پەکەکە لە سنووری یەکێتییەوە پەلاماری پارتی نەدەن. ئەمە داوایەکی تەعجیزی بوو کەس ناتوانێ ئەم گرنتییە بدات، چونکە پەکەکە هێزیکی پارتیزانەو بۆ کەس کۆنترۆڵ ناکرێ. یەکێتیش پاسەوانی پەکەکە نییە. هەر ئەو ڕۆژە کەمال کەرکوکی نوێنەری پارتی لە فەرەنسا داوای لە حیزبی سۆسالیستی فەرەنسا کردبوو کە ناوبژیوانی نێوان یەکێتیو پارتی بکات. یەکێتیوەڵامی دایەوە بەو ناو بژیوانییە قایلە بە مەرجی ڕێککەوتنامەی پاریس کە لە سەر دەستی پارتی سۆسیالیستی فەرنسیو سەرۆکی کۆچکردووی دۆستی کورد مۆر کرابوو. بەڵام ئەم مەرجە بۆ سەر دڵی پارتی قۆرسە.

یادی چلەی شەهیدان

کە دۆخەکە نیشتەوەو شەڕ نەما ڕۆژی ١١/٣٠یادی چلەی شەهیدانی گەردەلوولی تۆڵەی دووەم لە گردی سەیوان لە سلێمانی ئەنجامدرا، ئاپۆڕەیەکی گەورەی خەڵکی کە بە ١٥٠هەزار کەس مەزەندە ئەکرا ئامادەبوونو هەڤاڵ مام جەلالووتارێکی دورودرێژی لە بارەی شەڕەکانو کۆتایی هاتن بەو شەڕە باسکرد.

لە ڕۆژی ١٢/٨ کاتژمێر ٧ی سەر لە بەیانی کۆمەڵێك لە ئیتیلاعاتی ئێرانو حیزبی دیموکراتی ئێران لە نێوان دووکانو خەلەکانو نزیك دێی قەڵات بە یەکدا تەقینەوەو ٣ پێشمەرگەی دیموکرات لە نیوانیاندا بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە شەهید بوون. ئیتیلاعاتەکان خۆیان دەربازکردو دیموکراتەکان دەستیان بەسەر ئۆتۆمبیلی ئیتیلاعاتەکاندا گرت.سەید مەنسوری فەتاحی ئەندامی سەرکردایەتی هاتبووە سەردانی شوێنی

ڕووداوەکە، بەڵام بەداخەوە بە هەڵەو لە ڕووی نەناسینەوە لە لایەن ئاسایشی هەولێرەوە لە گەڵ ٣ پێشمەرگەی دیموکراتدا شەهید کران. کاتژمێر ٦ی ئێوارە لەگەڵ هەڤاڵان ملازم عومەرو ئەرسەلان بایزو سمکۆ دزەیی‌و دلاوەر ئەحمەد مەجید چووینە سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی ئێران‌و سەردانی کاك عەبدوڵڵای حەسەن زادەمان کردو لە دانیشتنەکەماندا قسەمان لە سەر ڕووداوەکە کرد. کاك عەبدوڵڵا ڕای‌وابوو ئەو ئاسایشانە بە بەرنامە تەقەیان لە سەید مەنسور کردووەو ئامادەیش نین لە لیژنەی لێکۆڵینەوەدا بەشداری بکەن‌و چاوەڕوانی یەکێتی ئەبن چی ئەکات لەم بارەوە. لەو لاشەوە ئاسایشەکان چەککرا بوون‌و ڕەوانەی سلێمانی کرابوون بۆ لێکۆڵینەوە.

هەر لەو مانگەدا بوو یادی شەهیدانی گەردەلوولی تۆڵەی دووەم لە کۆیەو ڕانیەو شارەزوورو چەمچەماڵ‌و کەلار کرایەوەو لە هەموو شوێنەکاندا هەڤالانی مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی‌و سەرکردەی لایەنەکانی تریش ئامادەبوون کە بوو بووە خۆ پێشاندانێکی گەورە لە دژی شەڕی داسەپاوو پشتیوانی بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

لە کۆتایی ڕۆژی ١٢/٣١ دا بڕیاری گواستنەوەم لەفەرماندەیی ٥ دووکان دراو هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ فەرماندەیی‌و کاك فاتح حەمە ڕەش کە دانرا بە لێپرسراوی فەرماندەیی دووکان دەورو تەسلیمان کرد بە نووسراوێك کە ئەو کاتە فەرماندەیی دووکان ٧٥١ پێشمەرگەی هەبوو.

هەر لەوڕۆژەدا نامەیەکم لە لایەن مامۆستا محەممەد حەمە ساڵەحی خزمم لە ئەمەریکاوە پێگەیشت کە کاتی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا کاری ئەکردو لە ڕووداوەکانی ٣١ ی ئابدا بە ماڵ‌و منداڵەوە گوێزرانەوە بۆ ئەمریکا. لە نامەکەیدا بێزاری‌و بێتاقەتی خۆی دەربڕیوەو لە بڕگەیەکیدا هاتووە: ئێمە لە ئەمریکا ژیان‌و گوزەرانمان خراپ نییە، بەڵام بە ڕاستی ئێرە بۆ ماڵێکی منداڵداری‌وەك ئێمە خۆش نییەو لێرە لە ماڵێکدا چەند کەسێك کار بکات باشە بەڵام بۆ خێزانێکی‌وەك ئێمە کە تەنها من کار ئەکەم کەمێك زەحمەتە لەبەر

ئەوە بڕیارمانداوە لە بەهاری داهاتوو بچینە ئەورووپا هۆڵەندا یان سوید، هیچ نەبێ لەوێ ژیان دابین ئەکەم و ئەو کاتە من خەریکی کاری خۆم ئەبم بۆ نووسینی بابەتی ڕۆشنبیری، چونکە ئەوێ بە پێچەوانەی ئەمریکایە کە ئەگەر کار نەکەی ئەفەوتێی.

دەستپێشکەرییەکی تر

هەر لەم مانگەدا کۆبونەوەی فەرماندەیی گشتی کراو هەندێك برادەر بوونە ئەندامی فەرماندەیی. لە دوای تەواو بوونی شەڕو سەقامگیر بوونی ئارامی و بەرپابوونی دۆخی نەشەڕ نەئاشتیدا، هەڤاڵ مام جەلال لای خۆیەوە دەستپێشکەرییەکی گرنگی کرد بۆ ئاشتی و نامەیەکی بۆ مەسعود بارزانی نووسی کە تیایدا داوای کردبوو کە چارەسەری سیاسی و ڕاستەقینەو دادپەروەرانەی هەموو مەسەلەو کێشەو ناکۆکییەکان بکرێ بە شێوازی دیموکراسی ئاشتیخوازانەو هەروەها یەکخستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان. کە هەلومەرج برەخسێنێ بۆ هەڵبژاردنێکی ئازادو چارەسەری هەموو کێشەکان و هەروەها ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك و دیاریکردنی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو خاڵانەی لە سەری ڕێککەوتن. لەم هەنگاوەیدا هەڤاڵ مام جەلال سەرپشکی کردووە لە سەر:

ـ هەڵبژاردنی یەکێك لە ڕێککەوتنە مۆرکراوەکانی نێوان هەردوولا وەکو ڕێککەوتنی پاریس یان ڕێککەوتنی دوو قۆڵی یان بڕیارەکانی پەرلەمان.

ـ پێشنیاری ئەمریکاو بەریتانیا، کاتی خۆی ڕۆبەرت دۆیچ پێشکەشی هەردوولای کردووە.

ـ پێشنیارەکانی هاوڕێ عزیز محەممەدو دکتۆر مەحمود عوسمان.

ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ دابەشكردنی داهاتی كوردستان بەسەر هەموو لایەك‌و هەموو موچەخۆرو پڕۆژەكانی ئاوەدانكردنەوەو گەشەپێدانی بژێوی خێزانی شەهیدانی كوردستان‌و پێشمەرگەی كوردستان دابین بكرێ. ئەم دەستپێشكەرییە سەرەڕای ئەوەی كە هەنگاوێكی گەورەیە بۆ فەرامۆشكردنی ناكۆكی‌و قەتماغە بەستنی برینەكان بۆ گەیشتنە ئاشتییەكی ڕاستەقینە، لە هەمان كاتدا ئازایەتیەكی لە ڕادە بەدەری تێدایە كە تەنیامەبەستی یەكێتی ڕیزەكانی گەلەكەمانە نەك كەڵەگایی كردن‌و دەست بە چمكی دەسەڵاتەوە گرتن بۆ مەرامی تاكەكەس‌و نەخۆشی حوكمڕانی. هەرچی خوێنڕژاوەو چی ماڵوێرانییەكمان تووشبووە ئەبی تەنیا هەر بە پێو دانگی لە خۆ بووردوویی چارەبكرێ‌و لە پێناوی دابینكردنی ئایندەی گەش بۆ كوردو كوردستان كار بكرێ.

كۆتایی ساڵ.. ئەگەری كۆتایی شەڕ

ئەمساڵەش كۆتایی هات، بە ڕاستی ساڵێكی پڕ لە ئازارو شەڕو خوێنڕشتن، ساڵێكی دوكەڵاوی بوو، چی لە بەرەكانی شەڕو چی لە ماڵی كورد بە گشتی‌و ماڵی پێشمەرگەدا بە تایبەتی. ئەو ماڵانەی كە كوڕو كەسەكانیان پێشمەرگە بووەو دڵیان لە ناو مشتیانا بووە، ئەو ماڵانەی كە تەرمی ڕۆڵەكانیان چووەتە بەردەمیان‌و سكڵی مردن‌و لە دەستدانی كەسەكانیان پیایاندا چزاوە، ساڵێك گەر ئەو هەموو توانایەی بۆ شەڕو چەكسازی شەڕ خەرج كراوە بۆ ئاوەدانی‌و بنیاتنانەوە بە كار هاتبا ١٠ جار كوردستانی‌وێرانەمانی پێ ئەبووژایەوە. ساڵێك كە لۆژێكی شەڕ بەسەرلۆژێكی دیالۆگدا زاڵ بوو، ئارەزووی شەڕ فراوانتر بوو بۆ قووتدانی دەستكەوتەكان. شەڕ لە هەموو بارەكانیدا ناخۆش‌و قیزەوەنە، تەنیا لە یەك باردا نەبێت ئەویش شەڕە لە پێناوی بەرگریكردن لە مافی نەتەوەو دژی داگیركەرە.

ئەی ئەگەر ئێمە ئەزموونێکمان هەبێ و خەڵکانێک بیانەوێ بۆ مەبەستەکانی خۆیان لە کیسمان بدەن.! ئەبێ چی بکەین..؟

من بانگەشە بۆ شەڕ ناکەم. بیانووش بۆ پیرۆزی ئەم شەڕە ناهێنمەوە، بەڵام کە پیلانێك، بەرنامەیەك دژی‌ویستی من، بۆ لە ناوبردنی من هەبێ، ئەوە کارێکە پاساوی بۆ نییەو ئەبێ بەربەرچبدرێتەوە. ئەو ڕاپەڕینەی بەرپا کرا بە توانای هەموو گەلەکەمان، ئەو ئازادییەی دەستەبەر بوو بە خوێنی هەموو لایەك بوو، مەیدانی خەبات بۆ تەنها لایەك قۆرخ ناگرێت، دەسکەوتەکان هی تەنیا کۆمەڵێك نییە، ئەبێ هەمووان لە بەروبوومەکەی بەرخورداربن. ئێمە هێشتا مەترسی زۆرمان لە سەرە، دوژمنەکانمان کۆسپ‌و قۆرتی گەورە لە بەر پێماندا ئەچەقێننەوە، هەموو لایەکمان‌وەکویەك بەر ئەکەوین،وە نییە لایەك تووش ببێ‌و لاکەی تر دەربازبێ. دوژمنەکانمان دوژمنی هەموو کوردن، ئەو شەڕەش کە ئەکەوێتەوە گیانی هەموومان ئەسووتێنێ، ئەگەر دوژمنە داگیرکەرەکەمان لێمان دوور کەوتبێتەوەو بوارمان بۆ ڕەخسابێت، خۆمان بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە ئیدارەی خۆمان بدەین، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو دوژمنە بۆ یەکجارەکی دەستی لێهەڵگرتووین. بەڵکو هەرکاتێك بۆی بکرێ تۆڵەمان لێئەکاتەوە، هەروەکو ڕۆژانە بەردەوامە لە تێکدان‌و ئاژاوەنانەوە چ بە ناردنی تەقینەوە یان تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانمان، یان سەپاندنی ئابڵۆوقە بە سەرماندا.

ئەبوایە ئەو پەرلەمان‌و حکومەتەی درووستمان کرد دەستمان پێوە بگرتایەو ڕێگەمان نەدایە زیندەبەچاڵ بکرێ‌و ڕێگەمان بە دەرو دراوسێ نەدایە جارێکی تر یاری بە چارەنووسمان بکەن‌و دەست بخەنە ناوکاروبارمانەوە بۆ لە ناو بردنمان. گەورەترین تاوانە کە هەموو دنیا چاوی لێمانەوە بێت‌و بە شان‌و باڵماندا هەڵبدات‌و خۆمان نەمانەوێ لەو زەمینەیەدا بژین کە بۆمان فەراهەم بووە. گەر ئەم شەڕە لە پێناوی دەسەڵاتدا ئەکرێ، ئەوا هێشتا ئێمە نەگەیشتوینەتە دوا قۆناغی ڕزگاری. لە دنیادا هیچ‌وولاتێك پێش بڕینی

قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی شەڕی دەسەڵاتی تێدا نەکراوە، مەگەر تەنیا لای گەلی کوردی داماو نەبێت کە هەم خۆمان‌و هەم دوژمنەکانمان لەسەر لاشە هەنجن هەنجن کراوەکەی کار ئەکەن. ئەم شەڕە سەرەڕای (تحریم‌و تجریم) کردنی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کە خودی هەڤاڵ مام جەلال‌و مەسعود بەرزانیش بڕیاریان لەسەرداوە، هەمدیسان بەرپا بووەتەوە. ئەم شەڕە خەماوی‌و کارەساتاوییە ماڵوێرانی بۆ کورد درووست کردو سەرەنجامی خراپی لێبووەوە:

- بەسەدان کوژراو

- بە سەدان برینداروو سەقەت

- هەزاران خەڵك ئاوارەبوون کە لە باری کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و دەروونییەوە ڕەنگدانەوەی نیگەتیفی هەبوو.

- ناکۆکی لە نێوان خێزانی کوردیدا خستەوەو سەنگەر بەندی لە بەرانبەر یەکتردا درووست کرد کە لە ڕاستیدا ئەم سەنگەر بەندییە دوور بوو لە بیروباوەڕ، بەڵکو بەشێکی پەیوەندی بە بەرژەوەندییەوە هەبوو کە پەیوەست بوو بە پێداویستی ڕۆژگارو هەڵپەی بژێوی‌و کێشەو گرفتی ناکۆکییە کۆمەلایەتییەکان، کە ڕیزی حیزبەکان لەم جۆرە خەڵکانە پڕو ئاوەدان بوو بووەوە، بەشێکی ئەمەش بۆ ڕۆڵی حیزبی بەعس ئەگەڕێتەوە کە ڕیزەکانی گەلەکەمانی لە بنەوە هەڵتەکاندبوو کەسێتی تێکدابوو، خەڵکانێکی زۆر بوو بوون بە جاش‌و ئیستخبارات‌و ئەمن‌و... هتد. ئەمانەوەکو پاشماوەی ئەو دامو دەزگا داپڵۆسێنەرانە ماونەتەوەو فێری جۆرەها چڵێسی‌و فرتو فێڵ بوون‌و کاتێکی زۆری ئەوێ لەو گوناهانە پاك ببنەوە.

- لە دەست دانی ڕاستگۆیی نەك لای خەڵکی کوردستان بەڵکو لای نیای دەرەوەش.

- کەرتکردنی دەسەلاتی کوردی.

- له هەموو ناهەموار تر دەست كێشكردنی سوپای داگیرکەران بۆ بەشداری لە یەكلاییكردنەوەی ناكۆكییەكانی ناوخۆ. کە بەتاوانێکی گەورە ئەژمێردرێت‌و بووەتە هۆی لە كارخستنی پەرلەمانی تاقە سەرچاوەی دەسەلاتی یاسایی لەکوردستاندا کە تەعبیر لە بوونی کوردو دەسەلاتەکەی ئەکات.

ئەم هاریکاریکردنەی دەوڵەتە دراوسێکان لە شەڕدا، لەبەر خۆشەویستی چارەنووسی کوردو پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی گەلی کورد نەبووە، بەڵكو دەستێوەردانێك بووە بۆ لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی کوردو حیزبەکانی‌و بۆ کوشتنی ئاییندەی کورد بووە کە ئەوان زۆر لێی ئەترسێن. بانگهێشتکردنی سوپای عێراق‌و تورکیا لەلایەن پارتییەوە لە چەند ڕوویەکەوە خوێندنەوەی بۆ ئەکرێ:

- سنووردانان بۆ دەسەلاتی یەکێتی کە پارتی ڕەتی ئەکاتەوەو بە مێملی خۆی دائەنێ.

- دەربازکردنی لە شکستی تیاچوون‌و هەڕەشەی نەمان چ لە ڕووی سیاسیەوە چ لە ڕووی سەربازییەوە.

- تێکشکاندنی هاوکێشەی پەیوەندی یەکێتی - ئێران - ئۆپۆزسیۆن کە مەترسی نەك هەر بۆ سەر پارتی هەبوو بەڵکو سەرئێشەی بۆ ئەو دەوڵەتانەش درووست ئەکرد.

- جگە لەمە ئەو هەنگاوە بۆ خۆی جۆرە کوێخایەتی کردنێك بوو بە سەرویستی کوردەوە بۆ هەمیشە نیشاندانی کەسێتی کورد بەلاوازی‌و فرچۆکی‌و ترۆیی. بۆ ڕاگرتنی شەڕ هەرچی هەوڵ بوو لەبار براو گوێ لە کەس نەگیرا، چی هەوڵی ناوبژیوانی هەبوو نەیتوانی ئاوازی ناسازی شەڕخوازی کپ بکاتەوە، چی داوای پڕ لە کەفوکوڵی خەڵکی کوردستان بوو، بە هۆی بەسەرکردنەوەی حیزبەکان‌و نارەزایی دەربڕین‌و خۆنیشاندانەکان، نەیتوانی ئاو بکاتە سەرئەو گڕە بڵێسە دارەی ڕقی ئەستوری دڵە پڕ لە کینەکان.

کـاتێکیش شــەڕ گەیشـتە بنبەســتو بــۆ هــیچ لایــەکیش یــەکلایی نەکرایەوە، سەرەڕای هێنانی هێزی دەرەکیو ئـەو هەوڵەش گەیشتە ئـەنجامێك کە چیتر دنیای دەرەوە قایل نەبێ بە بەردەوامی ئـەم شەڕە، ئـیتر هـەردوولا لـە شوێنی خۆیاندا ڕاوەستان. بەڵام هەر لایەك بە مەبەستی جیـاو نـاوەڕۆکی جیـا. یەکێتی ئەیویست چیتر خوێنی کورد بە خۆڕایی بەر نەبێت، کورد تووشی سـەر لێشێوانو دەربەدەری زیاتر نـەبێت. بـەڵام پـارتی ئەیویست بەرژەوەندییـەکانی لە ناو کەلاوەی شەڕدا بپارێزێو دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی کـونترۆڵ بکـات، لـەم پێناوەشدا سەرچاوەی داهاتی کوردستانی قووت ئەدا بۆ بنەماڵە.

دوای جێبـەجێبوونی نەخشـەو پلانـەکانی سـوپای داگیرکـەری تـورکو جێگربـوونی پـارتی لـە شوێنەمەبەسـتەکانی خۆیـانو نـەمانی مەترسی هێـرش کردن بۆ سەریان. دوای کەشـەنگییەکی زۆر شـەڕ سـەر خـەوێکی قـووڵی شـکاند، بــەرەکانی شــەڕو ڕوو بــەڕوو بوونــەوە نــارام بوونــەوە. تاڕادەیــەك خــەڵك هەناسەیەکیان هەڵکێشا لە ژێر ساباتی سـەقامگیریدا، بـەڵام خـەڵك هەمیشـە لـە دڵەڕاوکێدا نەژیان نـەوەکو شـەڕ دووبـارە بێتـەوە، نـەوەکو مـاڵی کـورد جـارێکی تریش لە کورەی ئاگرێکی بێناماندا بسووتێتەوە.

ساڵی ١٩٩٨

هەرچۆنێك جەژنی سەری ساڵی ١٩٩٨ مـان بـە ئاسـوودەییەوە بـەڕێکرد، قەلەڕەشـی شـەڕ لێمانــەوە دوور بـوو، کـەوی ئاشـتی لـە پـەنا گـوێی هەموانــدا ئەیقاسپاند، ساتەکانی ژیان بە بێدەنگـو دوور لە زرمەی تـۆپو هـاڕەی فیشـەك تێئەپەڕی. لەوانەیە ئەمەش سەرەتای دەست پێکردنیوەرزێکی نـوێی نـە شـەڕ نەئاشتی بێ لە نێوان هەردوو لادا کە پێویستی بـە کـاری زۆر جیـدی هەیـە بـۆ بڕینی ئەم قۆناغە ناسكو پـڕ لـە دڕكو داڵە کە لـە ڕۆژانـی ڕابوردووی سـاڵی پێشوو دا بـە دەست پێشـکەرییەکی هـەڤاڵ مـام جـەلال زەمینـەی بـۆ خۆشـکرا.

هێزی شەڕ کەر پێیوایە تەنیا ئەو خاوەنی ڕاستیو مافو دەسەڵاتەو تەنیا ئەو ئەتوانی بڕیار لە سەر چارەنووس بداتو تەنانەت مافی شەڕ فرۆشتنو شەڕکردنیش هەر بۆ خۆی قورخ ئەکات. کە مەسەلە سەپاندنی خوود بێت، زاڵبوونی دەسەڵاتی تاکە لایەن بێت، شەڕ ئەبێتە کارێکی حەتمی، چونکە هەموو دەرگاکان دائەخرێ. هیچ دەنگێك نابیسترێ جگە لە یەك دەنگ کە دەنگی ئەو لایەنەیە، کاتێکیش لایەکەی تر دەنگ بۆ ئاشتی بەرزبکاتەوەو فوو لەو ئاسنە سووتێنەرەی شەڕ بکات بۆ کوژاندنەوەی، زۆرکەسوائەزانن ئەوە لە لاوازییەوەیە، لە کەم توانایی‌و بێهێزییەوەیە. بەڵام لای ئاشتیخوازان بەڵگەی گەرموگوڕیو دڵسۆزیو پەرۆشییە بۆ ڕاگرتنی لافاوی خوێنڕشتنو دوور خستنەوەی مەینەتیەکانە. بۆیە زۆر جار نووزەی ئاشتی بە ئاستەم ئەبیسترێ. یان بەواتایەکی تر بێدەنگی جادەی کوردی بە گشتی ڕێگە پێدانی شەڕ ئەگەیەنێت. چونکە گەلەکەمان هێشتاش لە بارێکی دەروونی ئاڵۆزاویدا ئەژی کە ساموتکەی شەڕ چنگاڵی لێگیر کرتووە. چ بەهۆکاری دەرەکی یان خۆمان ببینە هۆکاری کەوتنە ژێر ئەو هەرەسەوە. بەڵام ئەمجارەیان لەوە ئەچی ئەم نامەیەی هەڤاڵ مام جەلال کاریگەری خۆی هەبێت هەناسەیەکی قووڵی بێزاری دژی شەڕ هەڵکێشین، چونکە دوای کپی بەرەکانی جەنگ هەموو کەسێك ئەیەوێت بچێتەوە دۆخی ئاساییو ژیانی بێوەیی.

بۆ فەرماندیی سلێمانی

١/١٥ سەردانی هەڤاڵ مام جەلالم کردو باسی بارودۆخی سلێمانیمان کرد، لەبەر گرنگیو بایەخی ئەو شارە لە ڕووی پاراستنو ئاسایشەوەو نزیکی لە خۆیەوە بڕیاری دا کە لە فەرماندیی سلێمانی دابنرێم. بۆ ڕۆژی دواتر چوومە فەرماندیی سلێمانیو لەگەڵ شێخ جەعفەر دانیشتمو لە سەر دەورو تەسلیم کردنووەرگرتنی فەرماندییەکە قسەمان کردو دوای ئەوەی گۆڕانکاری لە

فەرمانـدەیی‌و بڕیـاری دروسـتکردنی هەنـدێ فەرمانـدەیی تـازە درا بـوو. پاشـان لەگـەڵ بەرپرسـانی فەرمانـدەیی٧ ی سـلێمانی دانیشـتنم کـردو داوای لیسـتی تـەواوی چـەك‌و كەرەسـتە پێویسـتەكانی فەرمانـدەییم کـرد بـۆ دەورو تەسلیمکردن.

پاپاو کورد

لەو مانگەدا پاپای گەورەی فاتیکـان‌و ڕێبـەری مـەسیحییەكانی جیهان هاوبەشی خۆی بۆ ئـازارو نەهامەتیـەکانی کورد دەربـڕی‌و داوای کـرد ئابلۆقـەی ئابوری لە سەر گەلانی عێراق هەڵبگیرێ، ئەمەش هەڵوێستێکی باشەو کاریگەری خۆی هەیە بە تایبەت لە نێوەندی سیاسی جیهانیدا پیاوێکی گەورەی‌وەك پاپا لا لە کورد بکاتەوەو قسەی لە سەر بکات، بە تایبـەت پاپاوەك ڕێبـەرێکی ئـاینی. دڵناسك ئەو بارودۆخە پڕ ئـازارەی گـەلانی عێـراق بـە گشتی‌و گـەلی کوردی بـە تایبـەتی پـێ ناخۆشـە، چـونکە لـە کوردسـتان‌و لـە عێراقیشـدا بەشـێکی بـاش مەسـیحی هەیـەو لـە کۆنـەوە لەم‌وولاتـەدا ئـەژین‌و لـە سـەر ئـاینی خۆیـان ماونەتەوە.

ئـەوەتا پاپـای فاتیکـان لـە دوورەوە هەسـت بـەدەردو مەینەتیـەکانمان، دەرك بـە خەمـەکانمان ئـەکات کە شـەڕی بێهودە دەسـتی ناوەتە بینـەقاقامان‌و تەڕوووشك پێکەوە ئەسووتێنێ، کەچی ئەو لەگەڵ ئـەو ناسۆریانەماندا تێکـەڵ ئەبێ‌و نوێژمان بۆ ئەکات.

ڕەوتی ئیسلامی

ئـەوە هـەر ئێمـە نین‌وەکو گـەلێکی ستەم دیدە بـە دەست دوژمنانـەوە ئەناڵێنین، ئەوەتا لە جەزائیریش خەڵکی بێتاوان دوای ڕزگار بوونیشی لە چـنگ فەرەنسییەکان تێك بەربوونەتـە خۆیـان‌و لـە هەلومـەرجێکی نالـەباردا ئـەژین، بەتایبەت کەئیسلامییە توندڕەوە چەکدارو یاخیبووەکان ماوە ماوە هەڵئەکوتنە

سەر خەڵکەکەو بە بیانووی ئەوەی سەر بەرژێمی دەسەڵاتداری جەزائیرن، بێبەزەییانە ئەیانکوژنو سەریان ئەبڕن. مرۆڤایەتی قیز لەو ڕەوشتە درندەو هەڵسوکەوتە دزێوەی ئیسلامییەکان ئەکاتەوە کە بە هیچ کلۆجێك دەست لە منداڵو ژنو پیرو پەککەوتە ناپارێزن.! ڕەشو سپی لە یەك جیاناکەنەوەو ئەوەی لەگەڵ ئەواندا نەبێت ئیتر فەرمانی مردنی بەسەردا ئەدەن. کوشتنەکەشیان بە فیشەك نییە یەکجار ئەو کەسە تەواو بکەنوو وازی لێبهێنن، بەڵکو زۆرجاروەکو باس ئەکرێ بەتەورو چەقۆ سەریان لە لاشەیان ئەکەنەوەو ئەنجن ئەنجنیان ئەکەن. ئەم کارە تەنیا لە پای ئەوە ئەکەن. کە لە هەڵبژاردندا فێڵیان لێکراوەو نەیانهێشتووە ئەو دەنگەی هیناویانە پێی بگەنە کورسی فەرمانڕەوایەتی. ئەو٥٠ ژنو منداڵو پیرە پیاوە تاوانیان چی بوو کە ڕۆژی ١/١٢ بە تەورو چەقۆ کوشتیانن..؟! ئایا ناکرێ شێوازی کار کردنیان بگۆڕنو لەم دنیای پێشکەوتنەدا پەنا نەبەنە بەر چەك بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕژێمەکەیاندا..؟ کوا باوی ئەوە ماوە خەڵکیووڵاتیکی ڕزگار کراوی خاوەن دەسەڵاتوسیستمی فەرمانڕەوایی یاخی بنو بدەنە شاخو لە شەوە زەنگدا چەقۆ بخەنە ملی خەڵکی بێتاوانو بێچەك..؟

ئائەمەیە تیرۆریست، ئائەمەیە ئەو مێشکەووشکانەی لە دوادوایی ئەم سەدەیەدا بەم جۆرە کارانە هەڵئەستن کە مرۆڤایەتی بێزی لێئەکاتەوە. ئەم ڕەوتە ئیسلامیانە دەقیان بە کوشتنەوە گرتووە، هەمیشە مەرگ دۆستن، ئەیانەوێ ئاڵای ئیسلام لە سەر لووتکەی مردنو کوشتن دابچەقێنن، چونکە تەنیا باوەڕیان بەو دنیا هەیەو لەزەتو چێژ لەوێوەرئەگرن.وەکو بڵێی ئەم دنیایەی ئێرە خوا نەیخوڵقاندووە، ئەم ڕەوتانە هەم عەرەبنو هەم موسوڵمان، بەیەك دیدو بۆچوون گۆش ئەکرێن ڕەوتە ئیسلامییەکانی لای ئێمەش بە هەمان پێودانگی ئەوانە ئەڕۆنو لە ڕووی ناوەڕۆكو ڕووخساریشەوە بەموو جیاوازییان نییە، تەنیا چتێك جیاوازیان هەبێ لەوان ئێمە خاوەنی دەوڵەتی

یاسایی خۆمان نین‌و کیانی سیاسیمان نییە، هەروەها ئەم ڕەوتانە لەو تەنها ئەزموونی هەڵبژاردنەدا نەیانتوانی دەنگی بەرچاو بەدەستبهێنن.

ئیسلامی سیاسی بووەتە مۆدەیەك‌و لە هەر کوێیەك بشێوی هەبێ، دیکتاتۆریەت هەبێ، ڕژێمی میلیتاری هەبێ، ئەوان گەرا دائەنێین‌و لە ناو توێژی هەژاراندا هێلانەی دواکەوتوویی دائەنێن‌و بیری ژەهراویان لە ناو ژیانی پاك‌و بێگەردی خەڵکدا ئەپرژێنن. بەڵام کوردستان تایبەتمەندییەکی خۆی هەیەو زەمینە لەبار ئەکات بۆ پەیدابوونی ئەم تاقمە ڕیشپانانە، بۆ ئەنجامدانی کاری توند ڕەوی بەناوی جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خوا لەسەر زەوی، ئەویش پیلانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان‌و ئەوبارە نائاساییەی گەلی کوردی تێدایە بۆ دەستێوەردان. سەرەڕای ئەو هێزە چەکدارانەی ئیسلامییەکان کە لە کوردستاندا بە دەست لە پشتدانی هێزی دەرەکی‌و دەرودراوسێ سەریان هەڵداوەو کارئەکەن‌و مەترسی ئەخەنە سەر چارەنووسی گەلی کورد. لەناوخۆشدا بە هەمان کۆمەك‌و یارمەتی دەرەکی حیزبی سیاسی لەکاردان، بەڵام ئیسلامییەکان لە ناوەڕۆکدا جیا ناکرێنەوەو تەنیا دەوریان دابەش کردووەو سیاسەت پیادە ئەکەن. ئایا ئیسلام کە ١٤ سەدەیە هاتووەتە کوردستانەوە لە هەموو دنیادا پێگەی خۆی هەیەو بە دەیان دەوڵەت پەیڕەو لە ناوەڕۆکی ئاینی ئیسلام ئەکەن پێویستی بەوە هەیە ئەمڕۆ لە ڕێگەی شەڕ کردنەوە دەسەڵاتەکەی بە زۆری زۆداری بسەپێنرێ..؟

ئایا لە چووڵاتێکی ئیسلامیدا خەڵك‌و ڕژێمەکەشی لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە تاکو جیهاد ببێتە فەرزی عەین..؟ بۆ گەڕاندنەوەی شکۆمەندی ئیسلام‌وەکو چۆن لە سەردەمی ئەبوبەکر ڕوویدا، ئەمە بەڕای من هیچ پەیوەندی بەئیسلامەوە نییە، جگە لەوەی کە ئیسلام پێویستی بە جوڵانەوەیەك نییە بۆ دەربازکردنی، پێویستی بەو شێوازی تۆقاندنەو کوشتوبڕ بڵاوکردنەوەیە نییە. ئەکرێ‌وەکو چۆن حیزبی عەلمانی هەیە، حیزبی ئاینیش هەبێ بۆ بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك‌و دەوڵەتدا نەك بە

تـەنیا كـونترۆڵكردنی دەسـەڵات لـە لایـەن ئەوانـەوە، ئـەگرێ ئـەوان ببنـە ئۆپۆزسیۆن لە بەرامبەر هێزەكانی تـردا بـەڵام بـە شێوازی هاوچـەرخانە، نـەك ببنـە بەربەسـت لـە بـەردەم هەرچـی ئـەوانی تـرو ڕەتكردنـەوەیان. ئەمانـە لـە ناوەڕۆكـدا لـە قۆناغێكـدا لـە پشـتی پـەردە ئەسـتوورەكانەوە ئامـادە كـراون بـۆ ئەنجامـدانی ئـەم جـۆرە كارانـەی كـە نـاوەڕۆكی ئـسلام بـەتاڵ ئەكاتـەوە. كـە ئەڕوانینە پێگەی درووستبونی ئیخوان موسلمین لـە میسـر بۆمـان دەرئەكـەوێت كە چۆن هاتە ناو ڕووداوە سیاسیەكانەوەو حەسەن بەنای دامەزرێنـەر چۆن لـە ڕێگەی ئینگلیزەكانـەوە پەیوەندیـەكانی بەسـتبوو، ئیـتر لەوێشەوەو لـە ڕێگـەی باڵی ڕێكخستنی سەربازییەوە پەرمیان بە كاری تیرۆریستیداو سەید قوتـب بـووە تەوەرێكی گرنگی توندڕەوی پاڵپشت بە هەندێ دەقی قورئان كە پەیوەندی بـەم ڕۆژگارەوە نییەو هی سەردەمی خۆیەتی كە دەقەكانی تێدا دابـەزیوە. ئـەوان لـە ڕێگەی تەئویلكردنەوە شتەكانیان دائەمەزرێنن. ئەم پەتایە توركیای عەلمانیشی گرتەوە كە ئەتا تورك بـە هـەموو توانایەكیـەوە دەسـەڵاتی خەلافـەتی ئیسـلامی عوسمـانی بـە تـەواوی ڕامـاڵی كەچـی ڕەوتـی ئیسـلامگەرایی لـەوێش پەیـدابوو. بەڵام ڕژێمی عـەلمانی تـوركیو عەسـكەتاریەتی تـوركی ڕێگـەیان پێنـادەن بگەنـە مەبەستەكانیان. گەر ڕۆژێكیش بگەنە ئەو ڕادیە هەر سەركەوتوو نابن چونكە كۆمەڵگای توركی لە زۆر ڕووەوە چونەتە ناو مەدەنیەتەوەو لە ئەنجامدا شكست دێـنن. گەرچـی لـەم سـاڵانەدا حیزبێكـی ئیسلامی میانڕەو بـە نـاوی حیزبـی ڕەفاهەوە توانیویەتی شوێنێك داگیر بكاتو مەترسی بنێتەوە لە سەر دەسـەڵاتی سیاسی عەلمانی توركی، بۆیە زۆر بە پەلە دادگای دەسـتووری تـوركی ڕۆژی ١/١٦ بڕیاری داخستنتی حیزبی ڕەفاهی داو بگرەوەكو حیـزبێكیش قەدەغەی كـرد. ئـەم هەڵوێسـتە زۆربـەی زۆری سیاسـەتمەدارانی ئێرانـی قەڵسكردو دژی ئـەم هەنگاوەی حكومەتی توركی بیرو ڕایان دەربڕی. عەبدوڵلا نوجـەلانیش گەرچی لە ڕوانگەی ئیسلامییانەوە دوورە،ووتبووی: هەرچەندە حیزبی ڕەفاه دژی گـەلی كورد بـووەو لـە سـەردەمی ئـەودا پـەیمانی توركیـاو ئیسـرائیل مۆركراوە بـەڵام

داخستنی کارێکی خراپە، دیارە ئەم هەڵوێستەشی تەنیا لە دژی تورکیا بووەو پشتیوانی نەبووە لە حیزبی ناوبراو کە ئەگەرا عەبدوڵلا ئۆجەلان ئەوەی کە خۆی باسی ئەکات کە ڕەفاە دژی گەلی کوردە لە بەر چاو بگرتایەو جیاوازی نەکردایە لە نێوان عەلمانییەکی تورک‌و ئیسلامییەکی تورک کە پێکەوە هەردووکیان بەرامبەر بە کورد یەك سیاسەتیان هەیە. بەڵکو ئەتوانرێ لەگەڵ عەلمانیەکاندا قسەیەك بکرێ. بەڵام ئیسلامییەکان بە هیچ جۆرێك ئامادەی هیچ گفتوگۆیەك نین بۆ چارەسەری دۆزی کورد. ئیسلامییە کوردەکانی لای خۆشمان بە بۆنەی ئەو هەڵوێستەی تورکەوە کۆستیان کەوت‌و ڕەنگ‌و ڕوویان خەمباری لێئەباری کە حیزبێکی هاوڕایان ئەخرێتە کونەوەو ڕێگەی لێئەگیرێ بەرنامە چەپەڵەکانی پەیڕەو بکات‌وەکو کاری حیزبایەتی.

لە جیاتی ئەوە ئەبوایە ئەم ئیسلامیانە ناڕەزاییان بەرامبەر حیزبی ڕەفاە دەربڕیبایەو لە سەر کورد بە دەنگ بهاتنایە، کەچی پشت ئەکەنە داخوازی‌و مافەکانی گەلەکەی خۆیان‌و دەست ئەنێنە دەستی حیزبێکی دژ بەویستی کورد بگرە ئەو کاتانەی حیزبی ڕەفاە لەسەر حوکم ئەبێت هەڤاڵە ئیسلامییەکانی کوردستان بە بنکەی خۆیان دائەنێن‌و نوینەرانیان ئەنێرنە لایان‌و پەیوەندی توندو تۆڵ ئەبەستن کەچی لە ناو ئیسلامییەکانی خۆیاندا دەیان ناکۆکی‌و بگرەو بەردە هەیەو زۆریان پێکەوە هەڵناکەن، بەڵام کە کار ئەگاتە سەر کورد هەموویان یەك ئەگرنەوەو ئیسلامییەکانی لای خۆشمان شوێن پێی ئەوان هەڵئەگرن‌و ئەبنە بەشێك لە هەنگاوو هەڵوێستەکانیان، کەچی هیچ ئیسلامیەکی عەرەب بە قەد تۆزقاڵێك بیری عەرەبچێتی خۆیان نادۆڕێنن‌و ئامادەنین دەستبەرداری بن.

وەڵامی ئاشتینامەکە

ڕۆژی١/١٨ بوو لە ڕێگەی ئیزگەی پارتیەوەوەڵامی ئاشتینامەکەی مام جەلال درایەوە کە لە ڕۆژی ١/١٤ لەلایەن مەسعود بارزانیەوە نووسرابووەوەو تەئکیدی لەسەر ئەم خاڵانە ئەکردەوە:

١. پرۆژەکە لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتی لە ئەنقەرە جێبەجێ ئەکرێت.

٢. پێویستە بە دوای ئەڵتەرناتیفێکی ڕێکوپێکدا بۆ پێکهاتەی نیوە بە نیوەدا بگەڕێین، کە تاقیکردنەوە دەریخست سەرکەوتوو نییە.

٣. هەموو ڕێککەوتنەکانی پێشوو پەیوەست بووە بە هەلومەرجی ئەو کاتەوەو نابێ بۆی بگەڕێینەوەو پێویستیش ناکات ئاماژە بەوە بکەین کێ پێشێلی کردووە بۆ نموونە کاتێك کە ڕێککەوتنی پاریس مۆر کرا یان بڕیارەکانی پەرلەمانوەرگیرا حکومەتیکی یەکگرتوومان هەبوو کەچی ئەبێت هەوڵێکی زۆر بدەین تاکو حکومەتێکی هاوبەشی تر دابمەزرێنین.

ئینجا شتەکان ئەکاتە ٣ قۆناغەوەو لە هەر قۆناغێکیشدا کۆمەڵێك خاڵی هێناوەتەوە کە لەگەڵ ناوەڕۆکی نامەکەی هەڤاڵ مام جەلالدا ڕێك دێتەوە. ئەوی ڕاستی بێت خاڵی سێیەم کە ئەکاتە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکانی پێشوو، کارێکی خراپەو ئەبوایە لەوێوە هەوڵ بدرایە بچینە ناو دەروازەی ئاشتییەوە، نەك سڕینەوەی جگە لەمە ڕێککەوتنی ئەنقەرە پارتی ڕەتیکردەوەو تەنیا خۆی بە ٥ بەندەوە بەستەوە، کە مەبەستیان تەنیا ئەوە٥ بەندە بێ ئەوا هیچ نییە. لەگەڵ ئەوشدا کە هێشتا چاڵی قووڵ لە نێوان هەردوولادا هەیەو خوێنی زۆر ڕژاوەو برینەکان سارێژ نەبوونەتەوە.

هەوڵەکانی ئاشتی

ئەم نامەو نامە کارییە هەنگاوێکی بایەخداری تێگەیشتنە بۆ دانانی خاڵ لە سەر پێتەکانو بیر کردنەوە لە ئایندەی گەشی پێکەوە دانیشتنو هەڵبژاردنی ڕێگای دیالۆگو پێکهاتن لە سەر چارەسەری گرفتەکان. دیارە نامەو نامەکاری تر لە نێوان هەردوولادا هەبووەو هەردوولا ئاماژەیان بەوە داوە کە نامەی یەکەمی هەڤاڵ مام جەلالووەڵامەکەی مەسعود بارزانیوەکو دوو پرۆژە لە بەردەستدا بێت بۆ کارکردن لە سەریان لە لایەن لیژنەیەکی بالاوە بە سەر پەرشتی هاوڕێ عەزیز محەممەد. هەر ئەمەش بووە بناغەی ئەو پێکهاتنەو ڕۆژی ٢/١٢ لە شارۆچکەی شەقلاوە مەکتەبی سیاسی هەردوولا بە ئامادەبوونی تیکۆشەر مامۆستا عزیز محەممەد دانیشتن.وەفدی یەکێتی بریتی بوو لە د.کەمال فوئادو عومەری سەید عەلیو ئەرسەلان بایز،وەفدەکەی پارتیش پێك هاتبوو لە د.سامی عەبدولڕەحمانو جوهر نامیقو بروسك نوری شاوەیس. لە دوای گفتوگۆیەکی چوار سەعاتی لە سەر پلانی ئاشتیو پرۆژەکان لەسەر کۆمەڵێك خاڵ پێکهاتن:

- پەیوەست بوونی هەردوولا بە ئاگر بەستەوەو پەیڕەوکردنی شێوازی دایەلۆگ بۆ چارەسەری کێشەکان.
- ڕاگرتنی هێرشی ڕاگەیاندن.
- ئازاد کردنی دیلو گیراوەکان بەبێ مەرجو لە ماوەی هەفتەیەکدا.
- ڕاگرتنی ڕاگواستنو دوور خستنەوەو پێکهاتن لە سەر گەڕانەوەی هەموو ئاوارەو ڕاگوێزراوەکان بۆ شوێنەکانی خۆیانو گەڕانەوەی سەروەتو سامانیان بۆیان.
- قەدەغەکردنی ڕاونانو گرتنی هاووڵاتیان بەهۆی سیاسیەوە.

- دانانی لیژنەیەکی هاوبەش لە پسپۆڕەکان بۆ بەدوادا چوون‌و جێبەجێکردنی بڕیاری ٩٨٦ .

- دانانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ هاوکاریکردن‌و کارکردن بۆ مسۆگەر کردنی کارگوزارییە گشتییەکان لە بواری تەندرووستی‌و خوێندن‌وووزەدا.

- کار کردن لە سەر بەردەوام بوونی کارگوزاری گشتی لە بواری کارەباو بازرگانی‌و هاتووچۆی هاوولاتیان.

- بڕیار درا هەردوو لا بەردەوام بن لە سەر دانیشتن.

ئەمەش بووە بەردی بناغەی ئاشتی نێوان هەردوولاو ئەم ڕاگەیاندنە ڕۆژنامەوانیە ئاهێکی بە دڵ‌و دەروونی خەڵکیدا هێنایەوەوەکو سەرەتایەك بۆ پێکهاتنی هەمیشەیی‌و سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی. ئەمەش دڵنیاییەکی خستەوە کە هەوڵەکانی ئاشتی بێ بەرهەم نەبێ‌و بنەوبارگەی شەڕ بۆ ماوەیەکی دوورتر بپێچرێتەوەووێستگەیەکی پشوودان بێتە کایەوە.

ڕاوە ئاسک

لەم دۆخە نەشەڕ نە ئاشتییەدا کەڵکەڵەی ڕاوەئاسك کەوتە سەرم کە یەکێکە لە ئارەزووە دێرین‌و خۆشەکانم، نەك بۆ گۆشتەکەی بەڵکو ڕاوکردنەکەی ئاسوودەییەکی گیانی بە مرۆڤ ئەبەخشێ‌و چێژێکی خۆشی لێوەرئەگرێ‌و ئەیخاتە جیهانێکی ئەفسووناوییەوە.

ئاسك ئاژەڵێکی زۆر جوان‌وناسکە، زیاتر لە پێدەشتەکاندا ئەبینرێت، بە تایبەتی لە گەرمیاندا، کاتی خۆی ئەوەندە زۆر بووە بە ڕەوەو گەل پێکەوە بوون، زۆر تر لە نزیکی چەماوو کانیاودا ئەبن، نەك دوور لە سەرچاوەی ئاوەوە، ئەم ئاژەڵە لەش‌ولارێکی ڕێك‌و باریك‌و سووکەڵەی هەیە. سرك‌و بە هەڵمەتەو کە دوژمن بەدی ئەکات بە خێراییەکی تیژ ڕائەکات‌و دوور ئەکەوێتەوە کە تەقە کەوتە کوردستانەوە تا ئەهات ژمارەیان کەم ئەبووەوەو

پێشتر لەبەر ئەوەی تفەنگ کەمتر بوو ڕاو بە تفەنگ نەئەکرا بەڵکو زۆرتر بە تانجی ئەکرا، خەڵکیش ئەوەندە چڵێس نەبوونو لە ڕاو کردندا بەبەزەیی بوون.

جارێکیان پیاوێکی جاف تانجییەکی بۆ ڕاو ڕاگرتبوو، بەڵام نە نانی باشی ئەدایەو نە جلی ئەکردو نە خزمەت. بردبووی بۆ شاخی مازوخ، ئەیووت ئەبێ بیگریت، کەنەیشی گرتایە تانجی داماوی فەلاقە ئەکرد. مەرج نییە هەموو کەسێکوابێت بەڵکو خەڵیوا هەیە تانجیوەکو ئاژەڵێك لا خۆشەویستەو باشترین خزمەتیشی ئەکا.

دوای ڕاپەڕین خەڵکیکی زۆر سەریان کردە ڕاوکردنی ئاسك بە جۆرێکوای لێهات کە ئاسك ژمارەیان یەکجار کەم بێتەوە. بۆیە لەڕووی بەزەیی هاتنەوە بەم ئاژەلە بەستە زمانە کەوەکو سامانێکی نەتەوەیی‌وایە، هەڤاڵ مام جەلال بڕیارێکی بە سەر هەموو دامودەزگا حکومیو حیزبییەکاندا بڵاو کردەوە کە ڕاو بە هەموو جۆرەکانیەوە قەدەغەیەو سەرپێچیکەر سزای توند ئەدرێ. ئەمەوایکرد کە ژمارەی ئاسك تاڕادەیەکی بەر چاو زۆر بێت. من لە ڕاوکردندا بە یاوەری دۆستو برادەر دەرئەچووم، زۆرتر مەبەستم لەوەختبردنە سەرو چێژوەرگرتن بوو لە چوونە ڕاو تا ئەوەی ئاژەڵەکە بکوژمو تامەزرۆی گۆشتەکەی بم کە گۆشتێکی ڕەشی هەیە بەڵام تامی تورتەو دەمارو ڕەگی زۆرە بە هۆی ئەوەی هەمیشە سرکەو لە ڕاکردنو هەڵبەزو دابەزیندایە.

لە یەکێك لە دوا ڕۆژەکانی ئەم مانگەدا لەگەڵ کاك ساڵەح نەسرەدینو عومەری حەمە سەعیدی خەڵکی دێی سەدوبیستو مامۆستا مستەفا بۆ ڕاو چووینە گەرمیان بۆ ناوچەی داویەو بناری گل. شەوەکەی چووینە ئاوایی جەلال لە نزیکی کۆمپانیای نەوتی مارداری، کە هێزێکی دوژمنی لێبوو بۆ پارێزگاریکردنی، ئەو هێزە بە توندی بەدۆشکای دوو لوولەو ٢٣ ملمو هاوەنی ١٢٠ ملمو تۆپو تانك لێیداین. بەڵام ئێمە بێ زیان بووین، ناچار لەو ناوە کشاینەوەو لە کاتژمێر ٩ی شەو نزیك دێی شێخ حمید ئۆتۆمبیلەکەمان لە قوڕدا

چەقیو بە دەردێکی خراپ دەرمان هێنا، لەم ڕاوکردنەدا کە زەحمەتێکی زۆریشمان چەشت، بەرازو چالەکەمان کوشت نەك ئاسك. لە کاتی ڕاوکردندا هەرچی ئازارو مەینەتی دنیا هەیە لە بیر ئەکریو جۆرە خۆشییەکت پێ ئەبەخشیو ئەتخاتە بارێکی تایبەتەوە، هەرچەندە تووشی ماندوێتیو هیلاکی ببی هەستی پێناکەیت، کە ئەگەڕێیتەوە ئەزانی چیت بە سەر هاتووە.

یادی شێخی بیارە

گەیشتمەوە سلێمانی ڕۆژی ١/٢٦ لەگەڵ هەڤاڵان کوردۆو شێخ جەعفەرو جەمیل هەورامی چووینە باریکە بۆ بەشداری لە یادی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی شێخ عوسمانی بیارەیی نەقشبەندی بە هاوکاری بەشی کۆمەڵایەتی مەڵبەندی شارەزوور، کۆڕەکەی بۆ گێڕدرا دەیان مەلای ئاینیو موریدو سۆفی نەقشبەندیو خەڵکێکی زۆر لە هەموو ناوچەکانەوە هاتبوون.

مێژووی پەیدابوونی نەقشبەندییەکان بۆ حەزرەتی مەولانا خالیدی میکایەڵی جاف ئەگەڕێتەوە، کە تەریقەتێکی تازەی داهێنا لە بەرامبەر تەریقەتی قادریدا. مەولانا خالید پیاوێکی ئاینی دڵسۆزو داهێنەرێکی بە توانا بووە، لە ماوەیەکی کەمدا توانی ڕێوشوێنی بەرچاو بۆ تەریقەتەکەی بکاتەوەو خەڵکێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوەو خەلیفەو موریدێکی زۆر پەیدا بکات. نەك هەر لە کوردستاندا بەڵکو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیشدا، مەولانا ئەم ڕێبازەی لە دوای گەڕانەوەی لە هندستان لەگەڵ خویدا هێنایەوە. کە جیاوازی لە گەڵ تەریقەتەکانی تردا هەیە کە نەقشبەندییەکانی کوردستان دوای مەلانا خالید زۆربەیان تێکەڵ بە ژیانی سیاسی گەلەکەیان بوونو زۆر لە شێخەکانی تەریقەت بوونە سەرکردەی یەکەمی شۆڕشی کورد،وەکو شێخ سەعیدی پیرانو شێخ عوبیدوڵڵای نەهریو شێخ عەبدولسەلامی بارزان بەڵام ئەوەی ئەزانرێ شێخانی بیارە لەوانی تر جیاوازترنو ئەمان زۆر پابەندی لایەنە ئاینیەکە

بوونو ئەوەندە خۆیان بەكاری سیاسیو نەتەوایەتییەوە نەبەستووەتەوە. هەرچەندە شێخ عوسمانی بیارە هەندێ هەڵوێستی خۆی هەبووە لە بەرامبەر ڕووداوەكاندا، هەركە ڕژێمی كۆماری لە عیراقدا پەیدابوو كوردستانی بەجێهێشتو ڕووی كردە ئێرانولە دێی دووڕووەی سنووری مەریوان دانیشت. كە ڕژێمی شاهنشاهی ئێرانیش ڕووخا ڕووی كردەوە عێراقو لە بەغدا دانیشتو پێش بەر پابوونی ڕاپەڕین چووە توركیا تا ساڵی پار لە دنیا دەرچوو.وە نەبێ ڕێبازی نەقشبەندی هەروەكو پێشتر باسم كردووە بە بێدەنگی هاتبێو كاروباری تەریقەتی ئاینی خۆی بە ئاسوودەیی ئەنجام دابێ، بەڵكو قادرییەكانوەكو مێملێك تەماشایان ئەكردو كۆسپیان بۆ درووست ئەكردو پڕو پاگەندەیان بۆ هەڵئەبەستن، تاوای لێهات مەولانا بە ناچاری بچێتە بەغداو جارێكی تر بگەڕێتەوە كوردستانو دوا جاریش بە یەكجارەكی دوور بكەوێتەوەو لە دووره زێدی خۆی لە سوریا سەر بنێتەوە. بەڵام ڕێبازەكەی تا ئەهات پەرەی ئەسەندوموریدەكانی دڵسۆزانە لە هەموو لایەكەوە كاریان ئەكرد تاكو ناوی مەولاناو ڕێبازەكەیان بە زیندوویی بمێنێتەوە.

تەشكیلاتی نوێ

هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە فەرماندەیی گشتی بە سەر پەرشتی هەڤاڵ مام جەلالو ئامادەبوونی هەندێ لە هەڤاڵانی مەكتەبی سیاسیو هەموو ئەندامانی فەرماندەیی گشتی كۆبوونەوە كرا، دوای گفتوگۆی چڕوپڕو هەڵسەنگاندنی كاروباری پێشمەرگە، لە ئەنجامدا بڕیار درا كە هێزەكان ڕێكبخرێنەوەو گۆڕانی تێدا بكرێتو تەشكیلاتی سیانی پەیرەو بكرێ، كە هەر فەرماندەییەك ٣ لەشكرو هەر لەشكرەش ٣ هێزو هەر هێزێكیش ٣ تیپ بێت، هێزیش لە١٠٠ پێشمەرگە كەمتر نەبێو لەشكریش لە٢٥٠ كەسو فەرماندەییش لە ١٢٥٠پێشمەرگە پێكبێت بە هەموو پێكهاتەكانیەوە.

فەرماندە لەشكر هێز

ڕۆژی دواتر بە ڕەسمی لەگەڵ کاك شێخ جەعفەر دا دەورو تەسلیمم کردو لە فەرماندەیی٧ی سلێمانی دەست بەکار بووم. کە پێش تریش سەردانم کردبوون‌و تەشکیلەکەمان بەم شێوەیە ڕێکخست:

- لەشکری سلێمانی
- لەشکری ئەزمەڕ
- لەشکری شارباژێڕ.

نامەیەک لە زیندانەوە

ڕۆژی ١٩٩٨/٢/٨ لە زیندانی فاشیەکانەوە لە ئەبو غرێب، نامەیەکی پڕ لە سۆزی کاك ڕەمزای حاجی عەلیم پێگەیشت کە لە ١٩٩٨/٢/١دا بۆی نووسیبووم. ڕەمزا پێشمەرگەیەکی ئازا بوو، لە شەڕەکانی ٣١ ی ئابدا لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم‌و پارتیدا لە قۆڵی قوشتەپە بە دیلگیرا. من هەموو جارێك بە هۆی کەس‌و کارەکەی هەواڵپرسیم ئەکردو بە سەرم ئەکردەوەو لە بیرم نەئەکردو بۆ دڵنەوایی کردنی هەندێ کۆمەکی سادەم ئەکرد. ڕەمزا لە زینداندا پیاوێکی خۆڕاگر بووە، لە زیندان‌و لێدان نەترساوە، لەو چەند دێڕەی نامەکەیدا دێرۆکی قارەمانەتی ئەخوێنیتەوە:

زیندان هەر ئەو زیندانەی بەعسە کە هەموو ئەزانین چاوەڕوانی باشی لێ ناکرێ، بەڵام زۆر باشین‌و خۆڕاگرین‌و ڕەق‌و ئەستوورترین لە دیوارەکانی زیندان‌و نابەزین‌و ماندوو نابین‌و باوەڕمان بە ڕزگاربوون زۆرە. پەنا بە یەزدان ئەو ڕۆژە نزیکە کە دکتاتۆرەکەی بەغدا ئەخرێتە زبڵدانی مێژووەوە. بژی سەرکەوتن کە ملیۆنکێکی زێڕینە لە ملی دوا ڕۆژماندا.!.

ئەمە هەڵوێستی پیاوی مەردو چاونەترسە لەناو زیندانێکی تاریکدا باوەڕی بە خۆی هەیەو نابەزێ، باوەڕی بە دوا ڕۆژو ڕزگار بوون هەیەو پێشبینی ئەوەش ئەکات لە دواجاردا سەدام بخرێتە زبڵدانی مێژووەوە. کەچی

لێرەش لەم هەلومەرجی ئازادییەدا کەسانێکی چەپەڵو دڵڕەش هەن، هێشتا بە پیلانــی دژی مرۆڤایــەتی دکتاتۆرەکــەی بەغــدا فریــو ئــەخۆنو لــەوێوە دیــاری T.N.Tو مــادەی تەقینــەوە بــۆ کوردســتان دێــننو خــەڵکی بێتــاوانی پێنــەکوژنو ئــازادیو ئەزموونەکــەمان تێکئــەدەن. لــە ڕۆژی ٢/٢٧ دا لــە ســینەما دڵشــادی سلێمانیدا تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا، باش بــوو زیــانی گیــانی نــەبوو، هەنــدێ زیــانی مــادی لێکەوتــەوە، بــەڵام لــە ڕووی دەروونیـــەوە کاریگــەری خراپـــی بەجێهێشــتو خــەڵکی خســتە نائارامیــەوە کــە هەمیشــە لــەو جــۆرە کارانــەی دەستوپیوەندە چەپەڵەکانی ڕژێم بترسن. نەك هەر ئەو جۆرە خەڵکە بــە ڕژێــم فریو خواردووانــە زیــان ئەبەخشــن بــەڵکو تونــدڕەوە ئیسلامییەکانیش لــە ســەر لاشەی ئەو خەڵکە بەستەزمانەی گەلەکەمان تاوانو پشێوی درووست ئەکەن بــە ناوی ئاینەوە تــاوانی دژی مرۆڤایــەتی ئــەنجام ئــەدەنو دژی هــەموو داهێنــانێکی تەکنەلۆژی هاوچەرخن. ئەمانە تەنیا خۆیان لە سەردەمی حوشتردا ئەبیننــەوە. بۆیە بە ئەرکی ئــەزانن پــەلاماری هەنــدێ گــازینۆو دووکــانی ســەتەلایت بــدەنو بیان سووتێننوەك ئەوەی قەرەجاوای سلێمانی. هەروەك لە هەولێریش هەنــدێ کاری لەو بابەتەیان ئەنجام دا یان بە هوها ئەکەونە شوێن ژنــی ســفور. ئەمــەش گیانی دواکەوتوویيو کۆنەپەرستی بە ناوی ئاینەوە دەردەخات.

یادی نەورۆز

نەورۆزی ئەمساڵمان دوور بوو لە ئاگری شــەڕ. ئــاگرێکی خــۆش لــە ســەر دوندی شاخەکانو شوێنە بەرزاییەکاندا کرایــەوە کــە ســاڵێکی کــەیو خــۆشو پــڕ تەڕو تووشی بوو.

ڕۆژی ٣/٢٢ لــە یــادی نــەورۆزو ڕاپەڕینوســاڵیادی ئــازاد کردنـــی شــاری کەرکوکدا ئاهەنگێکی گەورە لەسلێمانی ساز کراو خەڵکێکی فــرە ئامــادەی بــوون، لەم ئاهەنگەدا هەڤاڵ مام جەلالووتارێکی بە پێزی مێژوویی خوێنــدەوە، تیایــدا تیشکی خستە سەر چەند لایەنێکی مێژوویيو بەڵگەی کوردبوونی کــەرکوك کــە

سەر دەمانێك پێتەختی حکومەتی شارەزوور بووە کە قەڵەمڕەوی تا سەقزو سنەو مریوانو هەولێر چووە. چەند ڕۆژێك دوای ئەوە لە بارەگای فەرماندەیی گشتی لە سەربازگەی سەلام بە ئامادە بوونی کاك جەبار فەرمانو برادەرانی فەرماندەیی گشتی پێشوازیمان لەو ٢١ قارەمانەی یەکێتی کرد کە لە شەڕەکانی ٣١/ ئابدا لە لایەن گاردی کۆماری عێراقەوە بە دیلگیرابوونو دوای ساڵو نیوێك لە زیندان ئازاد کران. کە یەکێك لەوانە ڕەمزای حاجی عەلی بوو کە نامەکەی بۆ نووسیم، دواتریش کاك کۆسرەت هەموویانی لە میوانخانەی ئاشتی داوەتی نان خواردن کرد،وەك ڕێزلێنانێك بۆ ئازایەتییان.

دوو جەژن

هەر لەم سەرو بەندەداوەکو ڕووداوێکی سەیرو کوتو پڕ، خزمێکم کە خەڵکی کفرییە بە ناوی نەسرەدین حەمە ئەمین لە ساڵی ١٩٨٢وە لە شەڕی عێراق ـ ئێراندا کە سەرباز بووە بە دیل ئەگیرێو هیچ هەواڵێکی نەبوو، دەستمان لێ شۆردبوو، کە ئەو گیرا منداڵەکانی ساوا بوون، کوڕەکەی منداڵ بوو. بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژەی ئەو لە دیلی گەڕایەوەو خۆی کرد بە ماڵا کەس نەیزانی، ئەهرۆی کوڕی زەماوەندی ئەکردو ژنی ئەگواستەوە، بۆ ئەو مەبەستە خۆمان سازدابوو، ئیتر ئاهەنگی ژن هێنان بوو بە دوو ئاهەنگ فرمێسكو خۆشی تێکەڵ بەیەك بوون، لە لایەك شادی زەماوەندی کوڕو لە لایەك فرمێسکی شادمانی ڕزگاربوونی باوك بوو دوای ١٦ ساڵ دیلێتی درێژخایەن لە زیندانی بێسەرو شوێن بووندا. لە خۆشیدا زەماوەندەکەمان بردە ئەو دەشتە بەهارییەی گەرمیانو تا درەنگانێك هەڵپەڕکێو شادیو خۆشی بوو.

له ئاوایی حەمەی کەرەم

ڕۆژی دواتر له خزمەتی هەڤاڵ مام جەلالو بە ئامادە بوونی هەڤاڵان: کۆسرەت ڕەسولو عومەری سەید عەلیو ملازم عومەرو عومەر فەتاحو کاك حەمە حاجی مەحمودی گوڵەخانەو کاك قادر عەزیزو حاکم قادرو پارێزگاری سلێمانیو ئاوات عەبدولغەفور لێپرسراوی ئاسایشی گشتیو کۆمەڵێك خەڵکی تردا گەیشتینە ئاوایی حەمەی کەرەم کە بانگهێشتی میوانداری ئەوی کرا بووین. هەڤاڵ مام جەلال لە میانەی دەمەتەقیەکانیدا باسێکی تێرو تەسەلی لەمەڕ حکومەتی شێخ مەحمودی حەفیدو کێشەی نێوانوەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانیووەزارەتی هیندی کرد.وەزارەتی موستەعمەرات ڕایوابووە کورد بکرێتە حکومەت کەچیوەزارەتی هیندی ڕایوابووە کوردستانوەك سەرێكوایە بە لاشەی عێراقەوە، هیچ لاشەیەك بێ سەر نابێت، هەروەها باسێکی میجەرسۆنی کرد کە لە کوردستاندا خۆی ناو نابوو غولام حسین شیرازی بۆ جاسووسی هاتبووە کوردستانەوەو خۆی کردبووە بازرگان لە سلێمانی. ئەم کابرایە لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمردا نیوانی خراپ بوو کە بەریتانیا عێراقی داگیر کرد، میجەرسۆن بوو بە حاکمی سیاسی سلێمانی، زۆر بە توندی دژایەتی حکومەتی شێخی ئەکرد.

هەروەها باسی خاڵە هەرە لاوازەکانی حکومەتی شێخی کرد کە کاری دبلۆماسی بوو لە دەرەوەی کوردستاندا، ئەگەر چی ئەووەفدەی شێخ ناردی بۆ دەرەوەیوولات بۆ ئەوەی شریف پاشا بکاتە نوێنەری کورد لە دەرەوە لە شام گیرانو نەگەیشتنە پاریس، جگە لەمەش هەندێ لە سەرۆك خێڵەکانی کورد دژی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بوونو پشتیوانیان لێنەئەکرد، ئەوی ڕاستی بێ ئێمە ناتوانین بە پێوانەی ئەمڕۆ ڕەخنە لە شێخ بگرینو گلەیی لێبکەین کە چی بکردبایە یان هەڵوێستی چۆن بوایە..؟ لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ئەو

سەردەمە شێخ هەندێ شتی باشی کردووەو گەلێك کەمو کوڕیشی هەبووە، کەموکوڕییەکان بەشێکی خودی شێخ ئەگرێتەوەو خۆی ڕای لەسەر بووەو پێی هەڵساوە، لە پەناشەوە ئەو خەڵکانەی دەوروبەری کاریگەرییان لە سەری هەبووە.. بەشێکی تریش پەیوەندی بە دەرەوەی ئەوەوە هەبووە کەچی بە باشی نەیانتوانیوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەنو هەڵەکانی ڕاستبکەنەوەو لەگەڵیدا تێکەڵبن، بە پێچەوانەوە چەند خەوشو کەمو کوڕی هەبووە ئەوەندەش لە لایەن ئەو توێژانەوە بە تایبەت ڕۆشنبیران باری گرانتر ئەبوو، بە ڕەواو ناڕەوا هێرشیان ئەکردە سەری‌و ڕەش‌و سپییان لێك جیا نەئەکردەوە. شێخیش نەیتوانی ئەم توێژە لە خۆی نزیکبکاتەوە کەمێکیان نەبێت، هەروەها ئەو بگرەو بەردەو ناکۆکییە ناخۆشانەی نێوان خێڵەکانی کوردوای ئەکرد کە دابەش ببنە سەر چەند بەرەیەکدا، هەندێك لەڕووی بەرژەوەندییەوە لەگەڵ شێخدا بوونو هەندێکی تریش لەدژی بوونو هەندێکش بێدەنگ بوون. لەگەڵ ئەوەشدا شێخ مەحمود لە مێژووی کورد دا لاپەڕەیەکی لە ڕووی قارەمانەتی‌و ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنی گەلی کورددا ڕازاندۆتەوە، گەرچی بە باشی نەیتوانیوە هەڵوێستی کۆنکریتی لە دوژمنو دۆستەوەربگرێ، جاریك دۆستی تورکی داگیرکەر بووە، جارێك خۆی تێکەڵی شۆڕشی عێراق کردووە بە ناوی غەزاوە چووەتە شەڕی شوعەیبەو دژی ئینگلیز بووە، جارێکی تریش داوای دۆستایەتی‌وکۆمەکی لە سۆڤیتی کۆمۆنیستی کردووە.!

ئەگەروەکو موسڵمانێك دژی ئینگلیزبووە ئەی چۆن داوای هاوکاری لە سۆڤیتی کۆمۆنیستی ئیلحادی کردووە..؟! ئەبێ مێژوونووسانی کورد ئەم لاپەڕە گرنگانەی مێژووی شێخو کورد بەووردی هەڵبدەنەوەو قسەی یەکلاکەرەوەی لە سەر بکەن.

فیستیڤاڵی فۆلکلوری

دوای گەڕانەوەمان لەم گەشتە، ڕۆژی ٤/١٣ بەڕێ کەوتم بەرەو گەرمیان بۆ بەشداری کردن لە فیستیڤاڵی فۆلکلۆری گەرمیان کە پێشتر بانگهێشت کرابووم، ئەم فیستیڤاڵە فیکرەیەکی کۆنەو کۆمەڵێك برادەر دەستیان دابوویە. بەڵام دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆ ئەو بەرنامەیەی دوا خست، دواتر هەر لەسەر ئەو پێودانگە لەلایەن بەشێك لەو برادەرانەوە کاری بۆ کراو ڕێکخرایەوە. کە ئاهەنگی یادەوەری ژیانی ڕابوردووی گەرمیانیەکان نیشان ئەدات کە ئەنفال ئاسەواری لە بنو بێخ دەرهێناو خەریك بوو لە بیر ئەچووەوە، ئەم جۆرە مەراسیمە لە هەموووولاتانی دنیادا باوەو بایەخی تایبەتی پێئەدەن، گەرچی هەندێ کەسی لای ئێمە ئەم کارانە بە کۆنەپەرستیو ڕابوردوو خوازی لە قەڵەم ئەدەن کە تاڕادەیەك دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە مەرج نییە هەر یادەوەری هێنانەوەیەك بەڵگەی نادرووست یا ن دواکەوتوویی بێ چونکە ڕابوردوو خاڵی گەشی تێدایەوەك خاڵی ڕەشیشی تێدایە، جگە لەمە ئەم فیستیڤاڵە هەندێ مەراسیمی هەمە جۆر لە خۆئەگرێ:

- گەرمیانو کوێستان کردن بە مەڕوماڵاتەوە.
- شێوازی کۆمەڵایەتی لە ژن هێنانوزەماوەند کردنو هەڵپەڕکێو ڕەشبەڵەكو ڕمبازیو تەقەکردنو خۆڕازاندنەوە بە جلوبەرگی کوردییەوە.
- گۆرانیووتنو هۆرەچڕین.
- لەگەڵ هەندێ چالاکی تردا.

ئەم فیستیڤاڵە لە لایەن کۆمەڵێك هونەرمەندی ژنو پیاوی گەرمیان ماوەیەك پرۆڤەیان لەسەر بەرنامەکانی کردبووو هەندێ خەڵکیش لە ژنو پیاوی گەرمیان لە تیرەو هۆزەکان کە خۆیان شارەزای ئەو بوارانەن. لەم ڕۆژەشدا خەڵکێکی یەکجار زۆر لە هەموو شوێنێکی گەرمیانەوە بە ماڵو

منداڵەوە هاتبوون، لەگەڵ خۆیاندا خواردنو پێویستی سەیرانیان هێنا بوو، لەو دەشتەی بەردەسووری سەرپووی کەلاردا بلاوبووبوونەوە، دیمەنێکی دڵڕفێنو شیرینی درووست کردبوو، هەروەکو بڵێی هەموو کەسێك ئەیەوێ بگەڕێتەوە دۆخی ئەو ساڵانەی پێش ئەنفال کە هێشتا بەعسی مرۆڤکوژ بە کۆمەڵ خەڵکی بەرەو قەسابخانەکانی نەبردبوو، هێشتا دێهاتەکان لە جێگای خۆیان مابوون. دیمەنەکان چەندە جوانیو ناوازەییان نیشان ئەدا ئەوەندەش ئێمەی ئەبردەوە بۆ ئەو ڕابوردووەی ئازیزانمانی تێدا ئەژیاو هەموو جوانییەکی ئەوەیان لە دەستداوە. بەڵام ئەوەی جێی سرنج بوو ئەوە بوو کە هەندێ دیمەن وەکو لە کوردەواریدا باوبووەوانەکراوەو گۆرانی بەسەردا هێنراوەو چێژەکەی لەدەست داوەو ئەو جوانیەی نەداوەتە دەست کەپێشتر پێمانی بەخشی بوو، بۆ نمونە بووك سواری کەر بکرێ قەت لە کوردەواریدا شتیوا نەبووە، یان ڕمبازی بە کەرنەکراوە کە چی ڕووی داوەو زۆریش دوور نییە خەڵکانێك هەبوو بن گایان زینکردبیێوەکو ماین سواری بوو بوونو لە گەڵ سوارەکانی تردا غارغارێتیشیان پێکردبێ. ئەبوایە لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتییەوە ڕێگە بەوکارانە نەدرایە، بەڕاستی ڕۆژیکی یەکجار پڕ لە بیرەوەریو تامەزرۆمان بە سەر برد. دوای تەواو بوونی بەرنامەی فیستیڤاڵەکە ئیتر ئێمە بەرەو سلێمانی گەڕاینەوە.

باڵوێزی ڕوسیا لە سلێمانی

لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا بوو دەنگوباسی سەردانی باڵوێزی ڕووسیا بۆ سلێمانی بلاوبووەوە، کە لەلایەن بەر پرسە بالاکانی یەکێتییەوە پێشوازی لێکراوەو دواتریش چاوی بە هەڤاڵ مام جەلال کەوتووەو پێکەوە نانیان خواردووە. کە پێشتر ئەم باڵوێزە سەردانی مەسعود بارزانیشی کردبوو. بەپێی ئەو زانیاریانەی هەبوو مەبەست لە هاتنی ئەم باڵوێزە چەند شتێك بووە:

- ڕێگە خۆش کردن بۆ گفتو گۆکردنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردی لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا.
- لایەنێکی ئابوری هەبوو کەوا ڕووسیا ئەیەوێت لە ڕێگەی کوردو دەسەلاتی یەکێتییەوە چاککردنەوەی هەردوو بەنداوی دووکانو دەربەندیخانی پێ بسپێردرێت، کە دەستکەوتێکی زۆری بۆ ڕووسیا لە ڕووی پارە پوولەوە تێدایە، لە ڕێگەی ئەمەشەوە ئەیانەوێ پەیوەندی نێوان ڕووسیاو حکومەتی هەرێمی کوردستان پتەوبکرێت.

لەمەڕ خاڵی یەکەمەوە ئەم باڵوێزە ئەوەی دەربڕیوە هەروەکو سیاسەتی حکومەتەکەیداوایە کە ڕژێمی عێراقوەك جاران نەماوەو گۆڕانی تێدا بەدی ئەکرێو ئەشێ لە ڕێگای گفتوگۆوە گرفتەکان چارەسەر بکرێن، بەلاّم خۆی لەوە بوارد بوو یان بە ئەنقەست نەیویستبوو باسی ئەوە بکات کە هەر گفتوگۆیەك یان پەیوەندییەك بە ڕژێمەوە بۆ داڕشتنی سیستمی ئایندە لە کوردستاندا پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەرداوە، کەسیستمی فیدراڵییەو ناکرێ لێی لابدەین. ئایا ڕژێمی عێراق دان بەو سیستمەدا ئەنێت..؟ جگە لەوە ئەبێت هەموو حیزبو لایەنەکان لە گفتوگۆدا بەشدار بنو ئیرادەی سیاسی کورد دابەش نەکرێ.

لە بارەی خاڵی دووەمیشەوە ئەوان تاچەند ئەتوانن ڕۆڵیان بەرچاو بێت لە بڕیاری ٩٨٦و ئەو پشکەی ئەدرێتە کوردستان.. ئەمە یەکەم جارە لە ئاستێکی بالاّدا نوێنەرێکی حکومەتی ڕووسیا لە دوای ڕاپەڕینو پێکهێنانی ئەزموونی حوکمڕانی کورد بێتە کوردستان. تاکو ئێستاش پەیوەندییەکانی ڕژێمی عێراقو ڕووسیا هەروەکو خۆیەتیو دانەبڕاوە، سەرەڕای ئەو هەموو تاوانانەی ڕژێم بەرامبەر بە کورد بە چەکی ڕووسی، هیچ هەڵوێستێکی نەبووە بۆ بچووکترین پشتیوانی لە کوردو دژوەستان بەرامبەر بەڕژێم یان ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی شێوازی جینۆساید کە لە دوونیادا قەدەغەکراوە، چونکە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە ڕووی ئابوریو سیاسیو سەربازیو چەکسازییەوە

توندو تۆڵەو چەندین ڕێککەوتننامەیان لە نێواندایەو قەرزو قۆڵەیەکی زۆر هەیەو شارەزایانی رووس لە هەموو بوارەکاندا لە عێراقدا کار ئەکەن. ئیتر لایەنە مرۆڤایەتیەکە ئەوەندە بایەخی نییە، مادام سوودو بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت.کەسیش لەو باوەڕەدا نییە کە ئەم سەردانەی بالۆیزی رووسیا بتوانێ سەرکردایەتی کورد قایل بکات بۆ گفتوگۆی خۆ بە دەستەوەدان، گەر چی جیاوازی لە هەڵوێستی هەردوو حیزبی سەرەکی کورد دا هەیە لەم بارەیەوە.

لە پرسەی کۆمۆنیستەکاندا

لەم ماوەیەدا دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیو سەرکرایەتی پارتی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە هەولێر تیرۆر کران، کە ئەوانیش شاپوور عەبدولقادر تاڵەبانیو قابیل عادل بوون، لە سلێمانی پرسەیان بۆ دانرا. نیوەڕۆی ڕۆژی ٤/٢٠ لە گەڵ هەڤاڵان کۆسرەتو داڕۆی شێخ نوریو شێخ جەعفەرو سەعدی ئەحمەد پیرەو جەمیل هەورامیو مامۆستا بەکرو حاکم قادر لە ماڵی کاک ئاواتی شێخ جەناب میوانداری کرابووین. دوای نانخواردنو دەمەتەقێ پاش نیوەڕۆکەی رووماں کردە هۆڵی بازرگانی بۆ پرسەی ئەو کۆمۆنیستانە. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاینو لە دابو نەریتی ئێمەوە دوور بوو کەس لێی نەئەزانی، ئەوەبوو هەمووشتێکی ئەوان سروودی ئەنتەرناسیونال بوو جگەلەوە بێدەنگ ئەبوون. لە ناکاو پیاوێکی ڕیشسپی خۆی کرد بەناو پرسەکەداو فاتیحایەکی پانو پۆڕی دادا بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە، نە ووتیان بەخێربێی نەهیچ شتێکی تر. کابراواقیووڕماو خۆیوەڵامی خۆی ئەدایەوە. ئەمەش کارێکی نامۆیە، گەروەکو کۆمەنیستی مولحید هەڵسوکەوت ئەکرێت بۆچی پرسە دائەنرێت، گەر لەبەر دابو دەستووری کۆمەڵایەتییە با بڕواشی پێنەکرێ هەرئەبێ لە چوارچێوەیدا بجووڵێتەوە. ئەمەش جۆرە سەر لێشیوانێکە کەبە بازدان بمانەوێ کۆمەڵگاکەمان بگوازینەوە بۆ قۆناغەکانی گۆڕانو پەرەسەندن، بێ ئەوەی لە زەمینەی خۆیەوە هەنگاو هەڵبگرین.

مەشقكردن

لە ناوەڕاستی مانگی ١٩٩٨/٥ دا. لە سەر بڕیاری هەڤاڵ مام جەلال مەشقی ڕێگا بڕینمان ئەنجام دا بۆ تاقیکردنەوی هێزو توانای پێشمەرگە لە ڕێڕۆیشتن و شایستەیی لەشولار. گەر پییشمەرگە مەشق نەکات، پایەیەکی سەرەکی ئەرکەکان لە دەست ئەدات، ئەوکاتە ئەو کەسە نییە کە ئەتوانێ لە بواری شەڕدا گۆڕانکاری درووست بکات یان لە ئاشتیدا کەسێکی تەندرووست و داهێنەر بێت. ئێمە ڕێگای نێوان سەربازگەی چوارقورنە بۆ سەنگەسەر مان بە پێ بڕی کە بە چوون وگەڕانەوە ٤٢ کیلۆمەتر ئەبێت. نیوەڕۆکەی لە سەر چەمی سەنگەسەر لاماندا و نانی نیوەڕۆمان خوارد، دوای ئەوە بێستوون سابوراوایی وەکو نوێنەری مەڵبەندی پێشمەرگە هاتە لامان و کۆبوونەوەی بە هێزەکەمان کرد، من خۆم زۆر ماندوو بووم، لەشم سووتا بووەوە، لە حەسرەتا خۆم ڕووت کردبووەوە، هەرچەندە زەحمەتمان ببێ و ماندوو کەشەنگ بین ئەو جۆرە ماندووبوونە زۆر پێویستە، پێشمەرگە گورجو گۆڵ و ئامادە ئەکات، فێری ئارامی و خۆڕاگری و دان بەخۆداگرتن و هەست بە بەرپرسیارێتی کردنی ئەکات. زۆر مانەوەی پێشمەرگە لە بنکەو بارەگاکاندا بەبێ مەشق و جوولان. لیاقەیان نامێنێ و سست و تەمەڵیان ئەکات و لە ئەنجامدا سەرەڕای ئەو هەموو خەرجییە بە کەڵکی ئەنجامدانی کاری پێشمەرگانە نایەت و بگرە زیانیشمان لێئەدات.

کەرێکی هار

لەم مانگەدا ڕووداوێکی زۆر سەیرو دەگمەن. لە گردە زوبێری شارباژێڕ ڕوویدا. کە هاووڵاتییەك کەرەکەی ئەباتە ناو گیایەك ببەستێتەوە بۆ لەوەڕاندن، لە ناکاو کەرەکە پەلاماری خاوەنەکەی ئەدات و ئەینێتە ژێرو زۆر دڕندانە تێیبەر ئەبێت، کە ئەو هاووڵاتییە داماوە سەری لێئەبێتەوەووورگی

ئەدرێو لاقو دەستێکیشی ئەشکێنێو ئەشڵێن لە لەشی کابرای خواردووە.! من نازانم ئاخۆ ئەو کەرە تووشی حاڵەتێکی نەخۆشی بووبێ یان نە. تۆ بڵێی لە ئەنجامی ئازاردانی خاوەنەکەیدا تۆڵەی لێکردبێتەوە..؟ زۆر جار بووە کەرێك کە عەزیەت درابێ، جووتەی داوە، یان ڕایکردووەو بە زەحمەت گیراوەتەوە. بەڵام بەم جۆرە گوێدرێژ پەلاماری خاوەنەکەی بداتو پەل پەلی بکاتو لێی بخوات..؟! ئەوە مەسەلەیەکە ئەبێت لەڕێگەی شارەزایانی بەیتاڵەوە تیشکی بخرێتە سەرو لە ڕەفتاری ئەو جۆرە ئاژەڵە سەر شێتو ئاڵۆزانە بکۆڵنەوە، کە تووشی ئەم دیاردە ڕیزپەڕە ئەبن کە بە درێژایی تەمەن لەگەڵ مرۆڤ دا پەیوەندی باشو تێکەڵاوی تایبەتیان هەیە لە ڕووی هاوکاریو ڕاپیکردنی کاروبارەوە چونکە لە ژیانی پێشمەرگایەتیو لە قۆناغی پارتیزانیدا کەڵکی زۆرمان لە گوێدرێژ بینیوە بۆیە بەزەیی زۆرم پێیدا دێتەوەوەکو ئاژەڵێکی هۆگرو سوودمەندیش لە کۆمەڵگای خۆماندا تەماشا کراوە.

دیالۆگی عەرەبیی کوردی

هەر لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا بوو هەڤاڵ مام جەلال لە کوردستاندنەوە بەرەو تاران ڕۆیشتبوو بە مەبەستی بەشداریکردن لە دیالۆگی عەرەبی ـ کوردی کە لە قاهیرەی پایتەختی میسر ئەنجام ئەدرا، ئەوە بوو لە ڕۆژی ٥/٢٧ لە قاهیرە کۆبوونەوەی دیالۆگی عەربی ـ کوردی دەستی پێکرد کە ئەحمەد حەمروش بەووتارێك کردییەوە. پاشان هەڤاڵ مام جەلالووتارێکی بە نرخی خوێندەوەو تیایدا ئاماژەی بە هەندێ لە قسەکانی ڕەحمەتی جەمال عەبدولناسرو نووسەرو سیاسەتمەدارانی عەرب کرد. لە بارەی پەیوەندی کوردو عەرەبەوە، کە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، پاشتر پرۆفیسۆر د. عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ قسەی کردبوو. ئێوارەش لە قسە کردنێکدا لە گەڵ تەلەفزیونیMED دا، ئەحمەد حەمروش بە هەڤاڵ مام جەلالیوتبوو کە

ماموستای قسەووتارە. ئەم دایەلۆگەی عەرەبی ـ کوردییە لە نێوان ڕۆشنبیرانی هەردوولادا سەرەتایەکی گرنگە بۆ لە یەکگەیشتن‌و پتەوکردنی پردی پەیوەندییەکان‌و ڕەواندنەوەی تەمومژی ساردی‌و ئەو بێدەنگییەی بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق‌و سەدامی دکتاتۆر هەڵیان بژاردبوو. هەنگاوێکی باش نراوە، ئەبێت نەك لە ئاستی ئەم خەلکە هەڵبژاردەیەدا قەتیس بێت بەڵکو ئەبێت بە ئاستەکانی تریشدا بڕوات، هەر لە تێگەیاندنی خەڵکی سەر شەقام تا ئەگاتە پیاوانی دەسەڵات‌و سیاسەت کە زۆر بە خراپی لە کورد گەیشتوون، ئەگەر یەکێکیش هەبێت بۆ جارێك پشتگیری نواندبێت، تا سنوورێك بڕی کردووە یان پاشگەز بووەتەوەویان ترساوە بەردەوام بێت، چونکە پێگەی بە هێزی بۆ خۆی پەیدا نەکردووە.

بەڕای من ماوەیەکی زۆرمان ئەوێ، ئەولاپەڕە ڕەشانەی مێژووی پەیوەندی‌و ناکۆکییەکانمان بسڕینەوەو جۆرە دڵنیاییەك بە یەکتر ببەخشین. زۆر لاپەڕە بە درۆی زەق‌و بێبەلگەی زانستی پڕکراونەتەوەو کووچەو کۆڵانەکانی مێشکی خەلکی سادەو بگرە خوینەوارو ڕۆشنبیرە باڵاکانی عەرەبی پێ پڕ کراوەتەوە.

ڕووناکی کارەبا

دوای شەڕ هەمیشە بیر لە ئاوەدانی ئەکرێتەوە، دەسەڵاتداران ئەیانەوێ هەر چۆنێك بێ بەشێکی ئەو زیانانەی کە لە خەڵك کەوتووە لە ئەنجامی شەڕەکاندا بە کەمیش بێت قەرەبوو بکەنەوە،وەکو سارێژکردنێکی برینەکانی لەشی دافەرەقاویان کە دەیان کون‌و کەلەبەری تێبووە. گەرمیان بەشی شێری لەو هەموو جۆرە ئازارو مەینەتیانەی شەڕ بەرکەوتووە، بۆیە لە ڕووی نەوازشەوە هەوڵدراوە بەپێی توانای مادی حکومەتی هەرێم کارێکیان بۆ بکرێ، ئەم جارەیان لە بواری ڕووناکی‌و کارەبا ڕاکێشان بۆ سنووری هەندێ دێهاتی بناری بەمۆی ئەوبەری سیرواندا. کە هەردوای ئاشبەتاڵی شۆڕشی پێشوو،وەکو

بەشێك لە بەرنامەی جێبەجێکردنی بەرنامەی پشتێنەی ئەمنی ئەو دێهاتانەی چۆڵکردو خەڵکەکەی بەرەو خوارووی عێراق ڕاگوێزا.

بەم بۆنەیەوە ڕۆژی ٦/٤ کاك کۆسرەت ڕەسوڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە یاوەری وەفدێکی گەورەی حکومی و حیزبی کە پێکهاتبوو لە هەڤاڵان ملازم عومەر جێگری سەرۆکی حکومەت و عومەر فەتاح ئەندامی (م.س) و مستەفا سەید قادر وەزیری ناوخۆ و سەعدی ئەحمەد پیرە وەزیری مرۆڤایەتی و سەید قادر جەباری وەزیری پیشە سازی و ووزەو لیوا کەمال موفتی وەزیری پێشمەرگەو شێخ جەعفەر جێگری وەزیری پێشمەرگەو حاکم قادرو مامۆستا بەکر پارێزگارەکانی هەولێرو سلێمانی، گەشتێکی بەرەو گەرمیان دەستپێکرد، منیش لە گەڵ هەندێ هەڤاڵی تری سەرکردایەتیدا هاوڕێیان بووین. لای دێی بیرکێی نزیك دەربەندیخان لە لایەن پارێزگای کەرکوك و بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوك و لێپرسراوانی حیزبی و حکومی و خەڵکێکی زۆر پێشوازی کراین. کە گەیشینە دەربەندیخان چووینە پارێزگاو پاشان مەڵبەندی کەرکوك، پاش پشوویەکی کورت، بەرەو بناری بەمۆ بەڕێ کەوتین و لە دێیەکانی تۆڤگەو شاوازی پێشوازی گەرم کراین، کە گەیشتینە ناوەڕاستی دێهاتەکانی شاوازی و باخە هەناره کاك کۆسرەت کارەبای داگیرساندو سەرجەم ماڵەکان لە ناو چەپڵەڕێزانی خەڵکەکەدا ڕووناك بوەوەوخۆشیەکی زۆر دڵ و دەروونی پڕ کردن. لەووتەیەکدا کاك کۆسرەت ئاماژەی بەوەکرد کە چۆن خەڵکی بناری بەمۆ لە قارەمانەتی و شەهید بەخشیندا لە پێشەوە بوونە، ئەبێت لە خزمەتگوزاریشدا لە پێشەوە بن.. دواتر هەموو خەڵکەکە چوونە سەر خوانی نانخواردنێکی کوردانە کە بەوبۆنەوە ئامادە کرابوو، دوای ئەوە هەمووان بەرەو کەلارو کفری بە ڕێکەوتین و لە هەردووشارۆچکەکەدا پێشوازی باش کراین و کۆبوونەوەیان لەگەڵ کراو بەڵێنی کۆمەك و پرۆژەی خزمەتگوزارییان پێدرا.

هەناردەكانی ڕژێم

هەمووئـەزانین ڕژێمـی بەعسـی فاشـی هـەموو جـارێ بـە مەبەسـتی تایبەتیویستوویەتی لە دەرگای كوردو حیزبەكان بدات، لـە ڕێگـەی كەسایەتیە كوردەكانەوە كە لە بەغدا دائەنیشن، ڕەوانـەیان ئـەكات بـۆ كوردستان گوایـە بـۆ گفتوگـۆو گەیشتنەچارەسـەری دۆزی كـورد. ئەمـە لـە ڕاسـتیدا بـۆ گفتوگـۆو چارەسـەری دۆزی كـورد نییـە. بـەڵكو لێكۆڵینـەوەی بـارودۆخی كوردسـتانو هەڵێنجانی سەرنجو تێڕوانینو مەبەستەكانی ئـەو سـەردەمەیە، بـۆ بنیادنـانی سیاسـەتی بەعسیانە لـە بەرامبەریدا. هەرچـی ئـەو جـۆرە خەڵكانـە هـاتوونو گەڕاونەتـەوە بـە كـوڵێ قسـەو بـاسو زانیارییـەوە كەچـی ڕژێمـی بـەعس نەجووڵاوەو گۆڕانی لەسیاسەتو بەرنامەی خۆیـدا نـەكردووەو ئـەكرێ بـووترێ ڕژێم مەبەستەكانی خۆی پێ جێبەجی كردوون.

ئەم جارەیان كاك فوئاد عـارف كـە كەسـایەتییەكی ناسـراوی كـوردەو لـە بەغدا دائەنیشێ، لە لایەن ڕژێمەوە بەمەبەستی گفتو گۆ كردن لە گەڵ سـەرانی كـوردا لـە هـەردوو كانتۆنەكـە ڕەوانـەی كوردسـتان كـرا. سـەرەتا چـوو بـووە هەولێرو لەگەڵ مەسعود بارزانیو سـەرانی پـارتی دانیشـتبوو، پاشـان ڕۆژی ٧/٨ لە دێی تەكەوری كۆیە لەلایەن كاك ملازم عومەر جێگری سەرۆكی حكومـەتو ئەندامی (م.س) پێشوازی لێكرا. كە گەیشـتە سلێمانیش هـەڤاڵ مـام جـەلال بـە گەرمی چووە پێشوازیو بەخێرهاتنی. بـۆ ڕۆژی دواتـر بـە ئامـادەبوونی هـەڤاڵ مام جەلالو برادەرانی تریش لە سەرچنار میوانداری كرا.

ئا لەو كاتانەدا كـە كـاك فوئـاد عـارف لـە سلێمانی بـوو، لـە سـەعات ١٢ی شەودا لـە زاڵگـەی دەباشـان چـەند تەقینـەوەیـەك ئەنجامـدرا كـەT.N.T بـوو، بـە فتیلە ئاگری تێبەردرا بوو، فڕێ درابوو بـۆ ئـەوەی زیـان بـە خـەڵكی بێگونـاهی كوردستان بگەیەنێت. دیارە ئەوەش دیاری ڕژێمی بەعسیە كە لەلایەك خەڵكانی ناسراوو دیار بـۆ گفتوگـۆ ڕەوانـە ئـەكاتو لەلایـەكی تریشـەوە لـە ڕێگـەی پیـاوە ئەڵقە لە گوێكانیەوە تەقەمەنیمان بۆ ڕەوانە ئەكات.

تەرمی کۆچە

هاوینی ئەم ساڵە زۆر گەرم بوو.. پلەکانی گەرما زۆر لە پلەکانی گەرمای ساڵانی پێشوو بەرز تر بووە، هەرگیز لە ژیانمدا گەرمای‌وام تووش نەهاتووە، لە هەندێ شوێنی کوردستان پلەی گەرما گەیشتە سەرووی٥٠ پلە. زەوی‌و دەشت‌و دەر گڕی لێ هەڵئەسا، هەموو شتێك ڕەنگی پەڕیبوو، تەنیا مرۆڤ بەرگەی ئەگرت.. ئەویش زۆر خەڵکی لەش لاواز یان قەڵەو تووشی نارەحەتی ئەبوون‌و لە هۆش ئەچوون.

٧/١٥ یەکێك بوو لەو ڕۆژە زۆر گەرمانەی کە لە بیروەریمدا هەمیشە ئەمێنێتەوە، کە خەڵکێکی زۆر بووین چووین بۆ مەرزی پەروێزخان بۆ پێشوازی لە تەرمی کوڕە گەورەکەی کاك عەدنانی حەمەی مینا، کە بەو منداڵییە تووشی نەخۆشی بوو بوو. نەلە کوردستان‌و نەلە عێراقدا چارەی نەبوو، ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئەوروپا کرا. لە نەخۆشخانەی لایدنی هۆڵەندی چارەسەر ئەکرا کەچی کار لە کار ترازابوو. هەرچی لای خۆمان چارەسەر کرابوو کەڵکی نەبوو، کە گەیشتبووە لای ئەوانیش هیچی بۆ نەئەکرا. ئەو بەستە زمانە لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. باوك‌و دایکی نەیانتوانی لەگەڵ تەرمەکەیدا بێنەوە، بەرزانی برای کاك عەدنان لە ڕێگەی ئێرانەوە هێنایەوە کوردستان‌و لە گۆڕستانی کەلاری کۆندا نێژرا. ئەو ڕۆژە ئێمە لە کاتژمێری ٨ ی بەیانی تا ٤ ی ئێوارە بە بەر ئەو خۆرە سووتێنەرەوە بووین‌و بەخاکمان سپارد. ئاپۆڕەیەکی زۆر گەورە هەم لە پێشوازی تەرمەکەیداو هەم لە بە خاکسپاردنیدا ئامادە بووبوون، چەندین کەس لەو سەر گۆڕستانە لە تاو گەرما لە هۆش چوون. کاك عەدنان‌ووتەیەکی پڕ لە سۆزی نووسیبوو م.عەلی لەسەر گۆڕەکەی خوێندیەوە. بەڕاستی زۆر بەم کۆچ کردنەی (کۆچە) کە لە ماڵەوەی خۆیان‌وایان پێئەووت دڵگران بووم، هێشتا زوو بوو منداڵێکی‌وا بەو جۆرە نەخۆشیە بڕوات‌و لەکیسی باوك‌و دایکی بچێت کە لە ناو هەزاران کەسدا یەك کەس تووش ئەبێت، ئەویش کوڕەکەی کاك عەدنان بێت. کە هیوای زۆری بۆ ئایندە لە سەر بنیات نابوو .

دیڤید ویلش له سلێمانیدا

ڕۆژی دواتــر هــەڤاڵ مــام جــەلال ســەر پەرشــتی کۆبوونەوەیــەکی فەرمانــدەیی گشتی کـرد، بـە چڕوپڕی باسـی بـارودۆخی سیاسـی کوردسـتان‌و عێراق‌و مەسەلەی ئاشتی نێوان یەکێتی‌و پارتی‌و پەیوەندییەکانی یـەکێتی لـە گـەڵ دەرو دراوسـێکانیداو هـەروەها لـە گەڵ‌وولاتـە زلهێزەکانـداو باسـی دۆخـی خراپــی ڕژێمــی عێراقــی کــرد. پاشــان ئامــاژەی کــرد بــەهاتنی دیڤــدویلش بریکاری‌وەزیری دەرەوەی ئـەمریکا لـە ڕۆژی ٧/١٨ بـۆ سلێمانی بـۆ ناوبـژیوانی‌و پرۆسەی ئاشتی لە کوردستاندا کە لەو ڕۆژەدا لە نزیك کۆیە لە لایەن برادەرانی مەکتەبی سیاسییەوە پێشوازی گەرمی لێکراو لـە دووکانیش لەلایـەن سـەرۆکی حوکمـەت‌و هاوپـەیمانی دیموکراتیـەوە پێشـوازییان لێکـردو لەوێشـەوە گەیشتە سـلێمانی‌و لــە مۆتێـل سەرچـنار لایـدا. لـە دانیشـتنەکاندا لەسـەر کێشـەکانی کوردستان‌و پەیوەندی نێوان یەکێتی‌و پارتی‌و بڕیاری ٩٨٦ قسەی زۆر کراووەکو ئەڵێن تیگەیشتنێکی باش هەبووە لە گفتوگۆکاندا.

ڕۆژی ٧/١٩ دوای کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسی،ویلش گەڕایـەوە سـنووری دەســـەڵاتی پـــارتی. ناکۆکیـــەکانی نێـــوان یـــەکێتی‌و پـــارتی بالانســـی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای تێکداوە. بۆیـە ئـەوان ئەیانـەوێ سـنوورێك بۆئـەم ناکۆکیانە دابنێن، چەندین جار هاتوو چۆیان کردووە یان چاویان بـە نوێنـەری هــەدوولا کــەوتووەو لەمەترسـیەکانی بــەردوامبوونی بـاری نائاسـایی‌ووریایان کردوونەتەوە. کە لە ڕوویەکیشەوە سوودی بۆ ئێمە هەیە لەو خوینبەر بوونەی شەڕی نـاوخۆ دوور ئەکەوینـەوەو ئەمانخەنـە سـەر ڕێـی گفتوگـۆو لـە ئەنجامـدا ڕێککەوتن.

وەزارەتی شارەوانی

دوو ڕۆژ دوای ئــەوە ســەردانی کافیــە ســلێمانیوەزیری شــارەوانیو گەشتوگوزارم کرد. لە سەر بەخشینی زەوی بۆ پێشمەرگە قسەمان کرد، من زۆر بە توندی لە ڕووباوەستامو گلەیی ئەوەم لێکرد کە ڕۆژگاری پێشمەرگایەتی لـە بیر چووەتەوەو قوربانیدانی پێشمەرگەی لە بەرچاو نییـە. ئەو هەرچی زەوی باش هەبێ ئەیشاردەوەو لە دواییدا ئەدرایە خـەڵکی ناموستەحەقوتێکۆشـەرانی ڕۆژگاری تەنگانەش لە شوێنی دوورو بێ کەڵکدا پارچەیەکیان پێئـەدان کـە بـۆ هیچ ناشێ. ئەم جۆرە لێپرسراوانە تەنیا لە ڕۆژانی شەڕو ناخۆشیدا چاویان لـە پێشـمەرگەیە، بیریـان لای ئازایـەتیو خۆبەختکردنیانـە، کـە ئـەو شـەڕو شـۆڕە تەماو بارودۆخ ئاسایی بووەوە،وەکو بڵێی هیچ ڕووی نـەدابێو ئەوە پێشـمەرگە نـەبووە ئـەو بـارە نائاسـاییەی لابـە لا کـردووەو دەسـەڵاتی دوژمنـی سـڕییەوەو هەرچی ئـازارو مەینـەتی هـەبووە بـۆ ئـەوان بـووە. ئەبوایـە لێپرسـراوانی ئـەم دامودەزگایانــە کــە خۆشــیان پێشــمەرگە بــوون، بــە باشــی پاداشــتی خــەڵکی ساتەوەختەکانی   دژوارو ڕۆژ ڕەشییان بدایەتەوە کەچی ئەو گوناهانە بەباشی ئەفەروز ئەکرێن. کێ زۆر خـۆفرۆشو خوێڕییـە دەست بـە باڵایانـەوە ئـەگرنو ئیمتیازاتیـان پێئـەدەنو بـە درۆ هـەزارو یـەك قسەیان بـۆ ڕێـك ئەخـەن کـە: پەیوەندی هەبووە، پارەتی داوین، سرك بووە، چەکداری شۆڕشگێڕ بووە..هتد. لە ڕاستیشدا پەیوەندی تایبەتیو دۆستایەتیوخزم خزمینە ڕەچاو ئەکەن. کە ئەمـەش تـاوانێکی گەورەیـە.! خـەڵکی بـۆ ئەمـە شـۆڕشـی نـەکردووە ئـەم جـۆرە خەڵکانە بەرەکەی بخۆنو ئەو جۆرە بەرپرسانە بیچێننەوە.

دیارە بە پەلە ئاگاداری هەڤاڵ مام جەلالی کردبووەوە، لەبری ئەوەی لـێم تێبگـاو گرفتـەکان چارەســەر بکـاتو مــافی هــەموو کەســێك بـداتو حــەق جێگیربێـت. سـکاڵای لـە دەسـتم کردبـوو.. کـە بـوو بـووە پیشـە لەگـەڵ هـەر

لێپرسراوێکی لاوازدا قسە بکەیو لە ڕوویا بوەستی یەکسەر پەنا ئەباتە بەر هەڤاڵ مام جەلال نەك بۆ جێگیرکردنی ڕاستییەکان بەڵکو بۆ سزادانو پۆرت شکاندن.

ڕۆژی ٧/٢٢ هەڤاڵ مام جەلال برووسکەیەکی بۆ کردمو ئاگاداری کردمەوە بۆ ماوەی مانگێك لە کار خراوم، ئەمەش دەقی برووسکەکەیە:

لە / مام جەلالەوە

بۆ / کاك مەحمودی بەڕێز + گشت فەرماندەییەکان

سـلاو

(بە پێچەوانەی بڕیارو ئامۆژگارییەکانمان، لە خۆتەوە چویتەتە سەروەزارەتی بەلەدیە، کە ئەبوایە بە هۆی فەرماندەیی گشتییەوە، بیکەیت نەك لە خۆتەوە، بۆیە بڕیارم دا بە تەجمید کردنت لە فەرماندەی فەرماندەیی سلێمانی بۆ ماوەی مانگێك، دواتریش ئەبێ بچیت عوزر لەوەزارەت بخوازیت، ئینجا ئەچیتەوە سەر کارەکەت. ئەگینا ئەتگوازینەوە بۆ دەزگایەکی تر، ئەو بڕیارە دەرسێکە بۆ هەموو ئەو فەرماندانەی لە خۆیانەوە ئەچنە سەر دەزگاکانی میری خۆمان یان موراجەعەی سەربەخۆ ئەکەن).

هەر چۆنێك بێ سزاکەی هەڤاڵ مام جەلالم وەکو یوەرگرتووەلامەکەیم دایەوە، ئەویش لە ڕۆژی ٧/٢٣وەڵامی برووسکەکەمی دایەوە کە بەم شێوەیەبوو:

لە/ مام جەلالەوە

بۆ/ کاك مەحمود سەنگاوی بەڕێز

سـلاوێکی گەرم.

(برووسکەتان ژمارە/٢١٧/ لە ٢٣/٢٢ مانگی/٧. من هەر ئەمەوێ بە قانوون کار بکەیتو مافی مرۆڤ بپارێزیت، بۆیە سزام دایت کە زۆر دۆستو

نزیکی خۆمیت، هەتا هەموو ئەوانەی لاساری ئەکەن بترسن‌و بزانن کە مەحمود سەنگاوی سزا بدرێت،وای لە حاڵی ئەوان).

ئێمە مانان لە سزادانی هەڤاڵ مام جەلال بێ تاقەت نابین،، هەڤاڵ مام جەلال دژی کەس نییە، رقی لە کەس نابێتەوە، بەڵکو بە رێگەی یاسایی ئەیەوێت کارەکان ئەنجام بدرێت‌و هەموو فێری ئوسوڵی مەدەنیانە ببین. بەلام جاری‌وایش هەیە فریای لێکۆڵینەوەو لیژنە دانان ناکەوێ‌و لای خۆیەوە بڕیار ئەدات.

پەیکەری شێخ ڕەزا

دوای ئەمە هەندێ بوارم بۆ ڕەخسا، بکەومە سەردان‌و بەسەر کردنەوەی دۆست‌و برادەران‌و خزم‌و ناسیاوەکانم لە شوێنە جیاجیاکان. ڕۆژی ٨/١٥ لەگەڵ شێخ محەممەدی شاکەلی بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکوک چووینە چەمچەماڵ بۆ بەشداریکردن لە پەردە لادان لەسەر پەیکەری شاعیری گەورە شێخ ڕەزای تاڵەبانی. کە بۆ یەکەم جارە کارێکی‌وای بۆ ئەکەن.

شێخ ڕەزا یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەکانی کوردو لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا پایەکی گەورەی هەیەو لە بواری شیعری داشۆریندا لە لووتکەدایەو هەر ئەویش توانیویەتی ئەو بۆشاییە لە ئەدەبی کوردیدا پربکاتەوە. شیعرەکانی تام‌و چێژێکی زۆریان هەیە،وەستاییەکی زۆری تیا بەدی ئەکرێت، هەر ئەو لەو مەیدانەدا ئەسپی شاکارانەی داهێنانی تاو داوە. نەك هەر لە رووی داشۆرینەوە کارامە بووە، بەڵکو لە جۆرەکانی تری شیعردا توانای چاکی هەبووە،وا ئەزانم لەو شیعرانەیدا مەبەستی جنێودان‌و جنێو فرۆشتن‌و ڕیزشکاندنی کەسەکان نەبووە کە پلەی کۆمەڵایەتیان هەبووە، بەڵکو مەبەستی سەرەکی رەخنە گرتن بووە لە دیاردە خراپ‌و ناشیرینەکانی کۆمەڵگای

کوردەواری. ئەوویستوویەتی لە جێی هەر درکێك گوڵێکی ناسك بڕوێنێ‌و هەرچی شتی نابووتە نەمێنی‌و چی دەروونی نەخۆشە چاك ببێتەوە، شیعرەکانی بەووردی داڕشتووە. لە هەر هەمووشیدا ڕاستی‌ووتوەتەوەو ڕاستی پێکاوەو لێی لانەداوە، گەر کەس‌و کاری خۆیشی گرتبێتەوە. بۆیە شایانی ئەوەیە لەم دەروازەیەدا ئەم پەیکەرەی بۆدرووستبکرێ، کە بەشێکی کەمی بایەخدانە بەو مرۆڤە بلیمەتەی دنیای ئەدەبی کوردی.

بەداخەوە هەندێ خەڵکی ساویلکە، کاتێ باسی شێخ ڕەزا ئەکرێت، بە چاوی سووکەوە تەماشای ئەکەن‌و ئەڵێن ئەو هەر خەریکی قسەی قۆڕ بووە، یان هەندێ خەڵکی تر کە چێژ لە شیعرەکانی‌وەرئەگرن زۆرتر چێژی سێکسیانەیەو تەنیا لەو ڕووەوە هەستیان بۆ شیعرەکانی ئەبزوێ کە باسی ئەندامەکانی لەش‌و کردە سێکسیەکان ئەکات. ئەمەش ستەمێکە لە شێخ ڕەزا ئەکرێ‌و لە ڕاستی ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبیەکانی ناگەن.

لە میواندارییەکدا

ڕۆژی ٨/٢٨ لە گەڵ کاك شەوکەت‌و کاك عوسمانی حاجی مەحمودو کۆمەڵێك لە ڕیشسپی خێڵە جیاجیاکانی گەرمیان‌و شارەزووردا: لالە سەرحەد، کەریم ئاغای هەمەوەند، حاجی ڕەفعەتی تەرخانی، مارف ئاغای گلاڵی، مامۆستا نیزامی زەند، ڕەحیم ئاغای باجەلان‌و کۆمەڵێك پیاوی تر میوانی هەڤاڵ مام جەلال بووین. هەڤاڵ مام جەلال زۆر ڕێزی لە هەموویان ئەگرت‌و قسەی خۆشی بۆ ئەکردن، منیش هەلم بۆ ڕەخسا بە درێژی لە سەر خەباتی خۆم قسەبکەم‌و ئەوستەمەی لەلایەن یەکێتییەوە لێم ئەکرێ بخەمە ڕوو. هەڤاڵ مام جەلال زۆر ڕێزی لە قسەکانم گرت‌و سوێندی خوارد کە لای ئەو خۆشەویستم کە چی لە هەمان کاتدا ئازاریشم ئەدات ئەگەر چی بە مەبەستی شکاندن نەبووە.

ڕێککەوتننامەی واشنتۆن

٣ڕۆژ دوای ئەوە هەڤاڵ مام جەلال لە ڕێگەی کۆماری ئیسلامییەوە بەرەو ئەمریکا گەشتێکی دەستپێکرد، بۆ ئەوەی لەگەڵ مەسعود بەرزانیدا لە سەر خوانی گفتوگۆ بە ئامادەیی ئەمریکیەکان دابنیشن. بۆ ئەم مەبەستە مەسعود بارزانیش ڕۆژی ٩/٤ گەیشتە تورکیاو لەگەڵ بلند ئەجەویدی جێگری سەرەك‌وەزیرانی تورکیا کۆبووەوە، هەروەها لەگەڵ ئیسماعیل جەم وەزیری دەرەوەشدا دانیشت.

ڕۆژی ١٦/ ٩ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پاش ٤ ساڵ لە شەڕو ماڵوێرانی‌و دوور کەوتنەوەودابڕان لە یەکتری، بۆ یەکەم جار هەڤاڵ مام جەلال‌و مەسعود بارزانی دەست لەناو دەستی یەکتر ئەنێن‌و لە نیوانیاندا خاتوو ئۆڵبرایتی‌وەزیری دەرەوی ئەمریکاوەستا بوو، ئاشتبوونەوەیان ڕاگەیاند. ئەو هەنگاوانەی کە لە لایەن لیژنەی ئاشتییەوە نران، ڕێگەی خۆشکرد کە ڕووداوی دوور کەوتنەوەو ناکۆکییەکانی هەردوولا نزیك تر ببێتەوەو بەرژەوەندی گشتی کورد لە بەرچاو بگیرێ‌و چیتر خەڵکی لە ناو کورەی شەڕدا نەسووتێنرێن. بۆیە لە هەوڵێکی دۆستانی کورددا بۆ چارەسەرکردنی گرفتی شەڕی ناوخۆ، حکومەتی ئەمریکا هەردوو لای بانگ کرد بۆواشنتۆن‌و هەردوو سەرکردەی پێکەوە دانان‌و دوای گفتوگۆ‌و مشتومڕی زۆر لە سەر دەستی خاتوو ئۆڵبرایتی‌وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ڕۆژی ١٩٩٨/٩/١٧ ڕێککەوتنی‌واشنتۆن لە نیوان هەردوو لادا مۆر کرا، کە بناغەیەکی بتەوی بۆ پێکهاتن‌و تێگەیشتنی دۆخەکەو گەیشتن بە ئامانجێکی باش پێکهینا. لەڕاستیدا ئەمە یەکەمین جارە ئەمریکا لەگەڵ نوێنەرانی کورددا بە تەنیا دائەنیشن، لە ناوتەلاری‌وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو لە لایەن گەورە بەرپرسانی ئەمریکا، تا ئەگاتە سەرۆك‌و جێگری سەرۆکی ئەمریکاو لێپرسراوی ئاسایشی نەتەوەیی، چاودێری دانیشتن‌ووتووێژەکانی یەکێتی‌و پارتی ئەکەن. کە جارانیش هەموو کورد لە

ئاستە باڵاکانیشدا نەیانئەتوانی بچووکترین کاربەدەستی ئەمریکا ببینن. ئەمە گۆڕانێکی گەورەو بەر چاوە لە بەرەو پێشەوە چوونی دۆزی کورددا لە ئاستی جیهانیدا. ئەمەش لە خۆیدا پشتیوانییەکی گرنگی دەستەبەر کردووە بۆ کورد، کە لە لایەن زلهێزەکانەوە پارێزگاری‌و داکۆکی لێئەکرێت ئەم ڕێککەوتنە لە لایەن خاتوو ئۆڵبرایتەوە لە هۆڵی ڕێککەوتننامەکان، لە بەردەم چەندین کەناڵی ڕاگەیاندندا ئاشکرا کراو لە کاتی تەوقەکردنی هەڤاڵ مام جەلال‌و مەسعود بارزانیدا، هەموو ئامادەبوانی ناو هۆڵەکە کردیانە چەپلە ڕێزان‌و خۆشحاڵی نیشاندان. ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە بریتییە لە سوپاس کردنی خاتوو ئۆڵبرایت‌و حکومەتی ئەمریکا بۆ سازکردن‌و زەمینە خۆشکردنی چاو پێکەوتن لەواشنتۆن، هەروەها سوپاسی تورکیاو بەریتانیاش ئەکەن بۆ پەیوەندی بەردەوامیان لە پیناوی ئاشتی‌و ئاشتبوونەوەدا. ئەم ڕێککەوتنە قۆناغێکی گواستنەوەی هەیە لە ڕێگەی لیژنەی باڵای ئاشتییەوە کارەکان جێبەجێ ئەکرێت بۆ ئاشتبوونەوەی تەواو لە نێوان هەردوولادا. ئاسایی کردنەوەی هەولێرو سلێمانی‌و دهۆك بۆ پێکهینانەوەی ئیدارەیەك‌و ئەنجوومەنێکی یەکگرتوو لە سەر بناغەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی١٩٩٢ دەست بە سەرا گرتنەوەی تەواو بە سەر داهاتدا بۆ ئیدارەی هەرێم‌و خۆ ڕێخستنەوە بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ لە هەرێمدا. هەروەها لیژنەی ئاشتی هەوڵ ئەدات لە ماوەی٣ مانگدا حکومەتێکی کاتی هاوبەش پێکبێنێت کە پەرلەمان دەنگی لەسەر ئەدات. ئەو پەرلەمانەیش دەست بە کارەکانی ئەکاتەوە لەو ٣ مانگەدا لە هەولێرو دواتریش لە سلێمانی‌و لە هەمان ئەندامەکانی پێشوو کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا هەڵبژێردراون پێکدێت. ئەم پەرلەمانە ئەرکی تری ئەکەوێتە ئەستۆ، لەوانەش یەکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆمەڵگای نیودەوڵەتیدا.

هەروەها بە پێی ئەم ڕێککەوتنەو تا دامەزراندنی حکومەتی کاتی لەلایەن پارتییەوە پارەی پێویست بە شێوەی ڕێکوپێك‌و بەردەوام ئەدرێتە ئەووەزارەتانەی سنوری یەکێتی کە خزمەتگوزاری پێشکەش ئەکەن. هەروەها

پەرلـەمان‌و لیژنـەی ئاشـتی بـارودۆخی سـلێمانی‌و هـەولێرو دهـۆك ئاسـایی ئەکەنـەوە. بـۆ مەسـەلەی هەڵبـژاردنیش لیژنـەی ئاشتی خـەریکی رێکخسـتنی هەڵبـژاردنێکی ئـازادو دادپـەروەر ئـەبن لـە مـاوەی ٦مانگـدا. هـەروەها ئـەم رێککەوتننامە باسی ئەوەی کردووە کەوا هەردوو سەرکردە بە لای کەمەوە هەر دوو مانگ جارێك لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان دابنیشن، یان لـەو شوێنانەی کـە هـەردوولا لـە سـەریرێك ئەکـەون. جگـە لەمـە خشـتەیەکی تێدایـە بـەو چاوپێکەوتنانەی ئـەنجام ئـەدرێ. رێککەوتنەکـە لـە لایـەن هـەڤاڵ مـام جـەلال‌و مەسعود بـارزانی‌و دێڤیـدوێلش‌وەکو شایەتێك مـۆر کـراوە. دوای ئـەوە هـەردوو سەرکردە کەوتنە چاوپێکەوتن‌و قسەکردن بـۆ دەزگاکـانی راگەیانـدنی جیهـانی‌و روونکردنـەوەی هـەنگاوەکانی رێککەوتنەکە، ئـەوە بـوو شـەوی ٩/٢٤ هـەڤاڵ مـام جەلال‌و مەسعود بارزانی لـە تەلـەفزیۆنی M.B.C دیـداریان لەگـەڵدا کـراو باسـی رێککەوتنی‌واشـنتۆنیان کـردو زۆر بـە بایەخـەوە لـە سـەری دوان، لـە زۆربـەی شوێنەکانی دنیاوە موداخەلـە کـراو لـە سلێمانییەوە مستەفا سـاڵەح کـەریم، لـە سعودیەوە عادل یەزیدی، لـە ئـەمریکاوە د.نەجمـەدین کـەریم، هـەروەها محسن جوامیرێش بەشدارییان کردو رای خۆیان بەرامبەر بە رێککەوتنەکە دەربڕی.

لـە راسـتیدا رێککەوتنی‌واشـنتۆن لـە رووی گرنگییـەوە لـە رێککـەوتنی پـاریس کـەمتر نییـەو لـە هەموویشـی گـرنگتر ئەوەیـە کـە هـەردوولا پابەنـدی ئەبن‌و لە سەری ئەڕۆن‌و لەو رۆژەشەوە کە مۆرکراوە سامۆتکەی شەڕ دوور تـر کەوتووەتـەوە گرنگـی ئاشـتی جـوانتر دەرئەکـەوێت. ئەگـەر هـەردوولا بیانـەوێ قـەت ناشـێ جـارێکی تـر شـەڕ بـەم گـوزەرەدا تێپـەڕێ. هـەر پـێش ئـەوەی ئـەم رێککەوتنە مۆر بکرێ، لە رۆژی ٩/١ دا بۆ نیاز پاکی‌و دڵنیـا بـوون ئـەم پرۆسـەی ئاشـتییە لـە لایـەن پارتییـەوە ١٦٠ دیلـی یـەکێتی ئـازاد کـران، کـە بەشـێکیان پێشـمەرگەبوون‌و لـە شـەڕەکاندا بـە دیلگـیرا بـوون‌و هەندێکیشـیان ئەنـدامی رێکخسـتن بـوون. لـە ئـەنجامی ئەمەشـەوە لیژنـەی بـاڵای ئاشـتی بـۆ ئاسـانکاری فرمانەکانی خۆی هەنێ لیژنەی فەرعییان درووست کردوەکو:

ـ لیژنەی دیلو گیراوەکان

ـ لیژنەی ئاوارەکان

ـ لیژنەی ئەمنی

ـ لیژنەی بڕیاری ٩٨٦.. هتد.

بەم بۆنەیەوە ڕۆژی ٩/٢٩ لە شاری سلێمانی ٢٢ حیزبو لایەنی سیاسی ڕاگەیاندنێکیان بڵاوکردەوەو پشتگیری خۆیان بۆ ڕێککەوتننامەیواشنتۆن دەربڕی، ئەمەش ئەوە دەرئەخات کە ڕێککەوتنی هەردوو حیزبو نەمانی شەڕ بۆ ژیانی گەلەکەمان گرنگە.

مەسەلەی ئۆجەلان

لە کاتێکدا ڕووداوەکانی شەڕ تۆماری خۆی لە کوردستانی باشوردا ئەپێچایەوەو هەردوو لای شەڕکەر دوای شەڕێکی درێژ خایەن، لەسەر ئاشتی پێکدینەوەو برینەکان قەتماغە ئەبەستنو ئەو هەموو ڕووباری خوێن ڕشتنە لە بیر ئەچنەوە، لە ئاستی کوردستانی باکوور ڕووداوێك سەر هەڵئەدات کە ڕەچاو نەئەکرا، دەرکردن یان ئیزندانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە لە لایەن سوریاوە لە ئەنجامی فشاری تورکیا لە ڕۆژی ١٩ /١٠ دا.

تورکیاو سوریا کە هاوسنووری یەکن، لە پەیوەندییەکانیاندا ناکۆکن، هەریەکەیان کارتێکی گوشاریان لە بندەست دایە بەرانبەر یەکتری. بەڵام کارتی تورکیا بەهێزترە لەوەی سوریا، کارتی سوریا کە پەکەکەیە ئەوەندە کاریگەری نییەو کاتییە، جگە لەمە تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلدا هاوپەیمانەو پەیوەندی ستراتیژیان هەیە کە سوریا ئەترسێنن، لەلایەك تورکیا گوشاری ئەخاتە سەرو لەلایەکیش ئیسرائیل، هەردووکیشیان بەشێکی خاکی سوریایان لە بندەستدایە.

تورکیا هەمیشە لە کوردو شۆڕشی کوردستانوەرِسە لە هەر بەشێکدا بێت. بەتایبەتی لە بەشەکەی خویدا بۆیە بە هەموو توانایەوە بەرنامەی

عەسکەر تاری توندوتۆڵی گرتووەتە بەر بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵکی کوردستان‌و پاکسازی شۆڕشەکەی کە هیچی پێنەکراوە. لە ئەنجامدا تووشی گێژاوی سیاسی‌و ئابووری زۆور بووە، لەلایەکیش کورد لە خەباتدا بەردەوامە، تورکیش بەوپەڕی درندەییەوە بەر بووەتە ئەو گەلە ستەمدیدەیەو لێی ئەگرێ‌و ئەکوژێ‌و رایان ئەگوێزێ‌و دێهاتیان کاول ئەکات، لە لایەکی تریشەوە بارگرانییەکی زۆر کەوتووەتە سەرشانی حکومەتی تورکی لە رووی ئابوورییەوە. کە ئەو شەڕو بارى نائاساييە خەرجی زۆری تێئەچێت، تورکیایش‌وولاتێکی هەژارەو ئابورییەکەی زۆرتر لە سەر گەشت‌وگوزار راوەستاوە.

کاتێ کەپەکەکە زۆرتر هەڕەشەی لێئەکردو ئۆجەلان لە بنکەکەیەوە لە سوریا سەرکردایەتی هەموو جموجۆڵێکی پەکەکەی ئەکرد.. تورکیا گەیشتبووە تینی. لە کردەیەکی هەڕەشە ئامێزدا کردیە سەر سوریا کە چیتر قایل نابێ ئۆجەلان لەووولاتەوە ئاسایشی تێکبدات، کە دۆخەکە لە تەقینەوەدا بوو، ناچار سوریا کارتەکەی خۆی دڕی‌و ئەوومیەی لە کۆڵ خۆی کردەوەو ئۆجەلان ناچار کرا پەناگا دێرینەکەی لە سوریا بە جێ بێڵێ. بەڵام ئەم سەرکردە زەبەلاحە کە چەندین ساڵی دوورو درێژ لەووڵاتێکی بیگانەدا پەنای خۆی دابوو، بە پۆلیسی ئاسایشی ئەووولاتە کۆنترۆڵ کرابوو، ئامادە نەبوو رۆژێك لە سەنگەری پێشمەرگایەتی‌ووڵاتەکەی خۆیدا بێت، یان لەو بەشانەی کە شۆڕشی تێدا ئەکرێ بە تایبەتی لە کوردستانی باشور. بەڵکو لە دەرچوونەکەیشیدا هەر رووی نەکردەوە کوردستانی ئازاد، گەرچی لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە داوای لێکرابوو شوێنیشی بۆ دابینکرابوو.

تورکیا بڵاوی کردەوە کە ئۆجەلان چووەتە رووسیا، رووسیاش ئەیووت ئۆجەلان لەوێ نییەو پەنا بەریشی ناداتێ، گەرچی پەرلەمانی رووس بانگهێشتی کردبوو کە بچێتە ئەووولاتە. دواتر رۆژی ١١/١٢ ئۆجەلان لە

فڕۆكەخانـەی ڕۆمـای پایتـەختی ئیتالیـا دەسـتگیر کـرا کـە لـە ڕووسـیاوە بـە بەڵگەنامەیەکی ساختەوە گەیشتبووە ئەوێ. تورکیا یەکسەر داوای کرد ئۆجەلان تەسلیم بکرێتـەوە. ئۆجـەلان نامەیـەکی بـۆ پاپـا یۆحـەننا پۆڵسـی دووەم نـارد داوای لێئەکات بچێتە هانایەوەو کێشەی کورد چارەسەر بکات.

دادگـای ڕۆمـا داواکـەی تورکیـای لـە مـەڕ تەسـلیم کردنـی ئۆجـەلان ڕەتکردەوە، بەڵام لـە بەرامبـەر ئەگـەری تەسلیم کردنەوەیـدا چـەند مـەرجێکی خستە بەردەمی تورکیا:

- ئازاد کردنی پەرلەمانتارە کوردەکان
- وازهێنان لە یاساکانی بەرگری لە تیرۆر
- لێبوردنی گشتی بۆ چەکدارانی پەکەکە
- ڕێگەدان بە کارکردنی ئازادانەی حیزبە کوردییەکان
- پابەند بوون بە بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ

وەنـەبێ ئۆجـەلان لـەو ماوەیـەی لـە ئیتالیـادا بـوووەزعی بـاش بووبـێ، بەڵکو هەستی بە بێزاری ئەکرد، ئەیزانی هـیچ دەوڵەتو لایەك نایگرێتـە خـۆ، چـونکە خـۆیو حیزبەکـەی بـە تیرۆریسـت ناویـان ڕۆیشـتووە.لـە بـارێکی نائومێدیدا قسەیەکی دا بە گوێی ئەمریکادا کە فیدراڵیەت بدرێ بە کوردستانی تورکیاوەکو کوردەکانی عێراق. کە چی ئەمریکا گوێی لێڕانەگرت.

گرتنی ئۆجەلان کوردی لە هەموو دنیادا هەژان، کوردەکانی ئـەورووپا بـە ژمارەیەکی زۆر بەرەو ئیتالیا ڕۆیشتن بۆ مانگرتن لـە خـواردن تـا کـو پەنابـەری سیاسـی بـە عەبـدوڵڵا ئۆجـەلان بـدرێ. ژمـارەی ئـەو کوردانـە خـۆی ئـەدا لـە ١٠ هەزار کەس، یەکێك لەو مانگرتووانـە ئاگری لـە خـۆی بـەردا، بـەڵام هاوڕێکـانی کوژاندیانـەوە، لـەو کاتانـەدا مەسـعود یـەڵماز هێرشـی کـردە سـەر ئیتالیـا گوایـە هاوکاری تیرۆریستە.

گەڕانەوەی هەڤاڵ مام جەلال

لەو سەرو بەندەدا کە هێشتا لە دنیادا هەرا لە سەر گرتنەکەی ئۆجەلان بەردوام بوو، ڕۆژی ١١/٣٠ هەڤاڵ مام جەلال لە گەشتێکی مێژوویی سەرکەوتوودا بۆ ئەورووپاو ئەمریکا بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەواشنتۆن چوو بوو، لە مەرزی پەروێز خانەوە گەڕایەوە کوردستان. لە ڕێو ڕەسمێکی شایستەدا کە هەموو خەڵکی لە هەموو ناوچەکانی: قەڵادزە، ڕانیە، کۆیە، دووکان، چەمچەماڵ، سلێمانی، پێنجوێن، هەڵەبجە، چوارتا، شارەزوور، دەربەندیخان، کفری، کەلارو ناوچەکانی ترەوە بە بە شداری کردنی سەرکردەو ئەندامانی هەموو حیزبەکانی کوردستان پێشوازی گەرمی لێکرا کە بە پێنج کاتژمێر لە دەربەندیخانەوە گەیشتە دەروازەی شاری سلێمانی، لە ناو شاریش دا بە دەیان هەزار کەس لە بەر ڕێڕەوی ڕۆیشتنەکەیدا قەرەباڵغییان کردبوو،وەك چۆن هەر لە سەر سنوورەوە تا دەروازەی شار ئاپۆرایەکی زۆر لە سەر ڕێگادا ڕاوەستا بوون بۆ پێشوازی کردن‌و بە خێر هاتنەوەی. چونکە لە پرۆسەیەکی مێژووییدا بۆ ئاشتی کۆتایی بە دەردی سەری شەڕ هێنا. چەندە ڕێککەوتنەکە گەورەو مێژوویی بوو ئەوەندەش پێشوازی لێکردنەکەی گەورەو مێژوویی بوو بۆ هیچ سەرکردەیەکی تر شتی‌وا نەکرا بوو.

دوای چەند ڕۆژێك پشوودان لە فەرماندەیی گشتی هەڤاڵ مام جەلال کۆبوونەوەیەکی لەگەڵا کردین بە دوورو درێژی باسی گەشتەکەی بۆ ئەمریکاو مۆرکردنی ڕێککەوتنی‌واشنتۆن‌و سەردانەکانی بۆ ئەورووپاو ئەنقەرەو تاران کرد، تیشکی خستە سەر گفتوگۆکانی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حیزبی‌و حکومی ئەوووڵاتانەو تەئکیدی ئەوەی کردەوە کە ئەمریکاو ئەورووپایش پشتیوانی لە کوردو شێوازی حوکمی فیدراڵی بۆ ئاییندەی کوردستان ئەکەن گەر چی ئەمە دەرو دراوسێکانمان ئەترسێنێ.

ڕووناککردنەوەی سیۆسێنان

ڕۆژی ١٢/١٧ بوو لەگەڵ برادەران حاکم قادرو شێخ جەعفەرو کۆمەڵێك خەڵکدا سەردانی دێی سیۆسێنانمان کرد بۆ بەشداریکردن لە کردنەوەی کارەباو ڕووناککردنەوەی ئەم دێیەدا کە پێش ئەنفالیش کارەبای هەبووەو گەورە دێیەکی ناوچەی قەرەداخەو خەڵکی زۆری تیا نیشتەجێ بووەو دووکانو بنکەی پۆلیسو بنکەی تەندروستیو قوتابخانەو مزگەوتی تیا بووە، دێیەکی کشتوکاڵی ئاوەدارەو بۆ شۆڕشیش بنکەیەکی قایم بووە. بۆیە لە ئێوارەی ڕۆژێکی مانگی ٣/ ١٩٨٨ دا کاتێك دانیشتووانەکەی دەستیان لە ناو ناندا بوو، ڕژێمی کیمیایی ڕوکێت بارانی کردن، ژەهری مەرگی ناوادەی بۆ ناردن، لە چەند چرکەیەکدا ٨٦ مرۆڤی بێتاوان بە بێدەنگی گیانیان سپارد، کە دوای ڕاپەڕین گۆڕستانێکیان لە پەڕی ئاواییەوەوەکو یادەوەری ئەو ڕۆژە تاڵە بۆ درووستکراوە.

ووردەووردە لە کۆتایی ساڵێکی تری تەمەنمان نزیکتر بووینەوە کە بە درێژایی لە چاو ساڵانی تردا بێ کێشە بوو، شەڕو تەقوتۆق دەنگی نەبوو، پێشمەرگەش کەوتبوونەوە بنکەو بارەگاکانیان جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێ لە بەرەکانی هێڵی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئارامدا بوون. خەڵکی لە ژیانی ئاسوودەو ئاساییدا بوون کە بە سایی کۆششی دۆستەکانمانەوە هاتبووە کایەوە کە بنەڕەتێکی بتەوی بۆ گەیشتنە ئاقاری پێکهاتنو پێکەوە سازان بنیاتنا.

ساڵی ١٩٩٩

سەرەتای ساڵی ١٩٩٩ بە هێمنی دەستی پێکرد. لە تارای ئاشتیدا ئومێدێکی نوێ بە جوانی خۆی ئەنواند، کاتێ ڕۆژی ١/٨ بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە هەوڵێکی بوێرانەدا هەڤاڵ مام جەلال گەیشتە هاوینە هەواری سەلاحەدین. ئەم دەستپێشخەرییە ئازایانە پەرۆشی یەکێتی بۆ ئاشتی

دەرئەخات، ئەیەوێ ئەو دیواری بێدەنگییە بڕوخێ، هەنگاوەکان بەرەو تخووبی ئاشتی بنرێ، گەر چی مەکتەبی سیاسی‌و سەرکردایەتی‌و فەرماندەیی بەم چوونە قایل نەبوون، مام لەو چوون‌و چاوپێکەوتن‌و دانیشتنە لەگەڵ مەسعود بارزانی‌و پارتیدا لە سەر هەنێ شت ڕێککەوتن لەوانە مەسەلەی دارایی.

ئێوارەی ڕۆژی ١/٩ کۆنگرەی ڕۆژنامە نووسییان بەست‌و بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن قسەیان کرد. دواتر مام لە گەشتەکەی بە سەرکەوتوویی گەڕایەوەو لە دەروازەی دێگەڵە لە لایەن هەڤاڵانەوە پێشوازی لێکرا. ئەم چوونە بایەخی سیاسی تایبەتی هەبوو، دڵنیاییەکی بە خەڵکی بەخشی، کە یەکێتی بە هەموو توانایەوە ڕێگەی گفتوگۆی ئاشتیانە ئەگرێتە بەر.

ئۆجەلان گەیشتە نایرۆبی

هێشتا کۆڕو کۆبوونەوەو نارەزایی دەربڕین لە سەر ئۆجەلان بەردەوامە، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی لە سەر مەسەلەکەی نییەو هەڵوێستی حکومەتەکان ناگۆڕێ. ڕۆژی ١/٢٦ دەسەڵاتدارانی ئیتالیا ڕایانگەیاند ئۆجەلان ئیتالیای بەجێهێشتووە. زوبێر ئایداری جێگری پەرلەمانی مەنفا کە یەکەکە سەرپەرشتی ئەکا ئەڵێ: ئۆجەلان گەیشتووەتە ئەو شوێنەی مەبەستی بووە بێ هیچ کێشەیەك، بەڵام ناوی جێگەکەی ڕانەگەیاندبوو. بەڵام لە هەوڵێکدا بۆ لادان لە هۆڵەندا حکومەتی هۆڵەندا ڕێگەی پێ نەدا بچێتە خاکەکەیەوە تا چار چووە ئەسینا لەوێشەوە فڕۆکەیەکیان خستە ژێر دەستی تاکو بچێتە کینیا. لە ڕۆژی ٢/٢ گەیشتە نایرۆبی‌و چووە باڵوێزخانەی یۆنانەوە. لە ڕۆژی سێیەمدا ئۆجەلان داوای پەنابەری سیاسی لە یۆنان کرد، بەڵام لە یۆنانەوە چەند ئەفسەرێك هاتن‌و داوایان لێکرد کە باڵەخانەی باڵوێزخانەکە بە جێ بهێڵێ، دیارە هەر لە ڕەوانە کردنیەوە بۆ نایرۆبی داوی پیلانێك چنرا بوو، هێشتا لە باڵوێزخانەکە دەرنەچووبوو داوایان لە پیاوانی ئاسایشی کینیا کرد بچنە

باڵەخانەکەوە بۆ دەرکردنی، هەروەکو ئەڵێن نۆجەلان بڕیاری دابوو بچێتە هۆڵەندا.

مردنی شاحسێن

لەم ماوەیەشدا شاحسێنی ئەردەن کۆچی دوایی کرد، پێش مردنەکەی هەندێ ئیجرائاتی شایانەی کرد، شازادە حەسەنی برای دوور خستەوەو عەبدوڵڵای کوڕی بە پاشای ئەردەن دانا. شاحسێن پیاوێکی وریاو کارامە بوو لە ئاستی جیهانیو عەرەبی دا ئەیزانی چی ئەکات، پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوادا پتەو بوو، دۆستایەتی لەگەڵ ئیسرائیلدا درووستکرد. سەرەتا ڕێگەی بە فەلەستینییەکان دا لە سەر خاکەکەی بن، دواتر بە توندی لە ئەیلولی ڕەشدا لێدان، ڕێگای بە ئیخوانەکان نەئەدا بێنە ناو دەسەڵاتەوە. بە هۆی باری لاوازی ئابوورییەوە پشتیوانی لە سەدام ئەکردو هەمیشە دەستی بە پشتیدا ئەهێناو لەگەڵ خۆیدا ئەوتو پارەی ئەبردەوە. هەرچەندە لە نزیکەوە ئاگای لە مەسەلەی کورد بوو، ئەیتوانی بە ئاسانی کار لە سەدامو سیاسەتی بەعس بکات بۆ باشتر چارەسەرکردنی بەڵام ئەو دیارە دڵی بە کورد نەئەسووتا یان نەیئەویست بە دڵی کورد بکاتو ئاڵوگۆڕ لە هەڵوێستی عێراقییەکان بکات لە بەرژەوەندی کورددا بێت.

کارگێڕی فەرماندەیی

بۆ چالاک کردنی کاروباری فەرماندەیی گشتیو زۆرتر بایەخدان بە ئەرکەکانیو فراوانکردنی دەسەڵاتەکانیو ڕاگەیشتن بە هەڵسووڕاندنی، دوای لێکۆڵینەوەیەکی وورد لە پێویستی دانانی، هەڤاڵ مام جەلال ڕۆژی ٢/٩ بڕیارێکی کارگێڕی دەرکرد بۆ دانانی کارگێڕی فەرماندەیی (هـ.پ.ك):

(بڕیارمان دا بە دانانی کارگێڕی فەرماندەیی (هـ.پ.ك) لەم هەڤاڵانەی خوارەوە:

هەڤاڵ فەرماندەی گشتی

هەڤاڵ جێگری فەرماندەی گشتی

هەڤاڵ لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگایەتی

هەڤاڵ عوسمانی حاجی مەحمود ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی

هەڤاڵ سەرۆکی هەیئەتی ئەرکانی (هـ.پ.ك)

هەڤاڵ لیوا خەلیل دۆسکی

ئاگاداری: لە کاتی پێویستیشدا ئەگەرێ هەڤاڵ لێپرسراوی زانیاری (هـ.پ.ك)و هەڤاڵ لێپرسراوی پلانو نەخشە لە (هـ.پ.ك) داوەك ئەندام بەشداری کۆبوونەوەکان بکەن.

بۆ پێشەوە ڕووەو سەرکەوتن.

سکرتێری گشتی (ی.ن.ك)

فەرماندەی گشتی (هـ.پ.ك)

مام جەلال

١٩٩٩/٢/٩

دەستگیرکردنی ئۆجەلان

ڕۆژی ٢/١٥ لە هەنگاوێکدا ئۆجەلان باڵوێزخانەی یۆنانی لە نایرۆبی بەجێ هێشت، لەو کاتەدا دەسەڵاتدارانی کینیاو پیاوانی ئاسایش دەستگیری ئەکەن‌و دواتر بە پێی پیلانێك تەسلیمی دەستی جەندرمەکانی میتی تورکیا ئەکرێ‌و بەرەبەیانی ڕۆژی ٢/١٦ بە فرۆکەیەکی تایبەتی ڕەوانەی تورکیا ئەکرێ. لە ناو فرۆکەکەدا یەکێك لە پیاوەکانی میت پێی ئەڵێ: بە خێر بێی بۆ نیشتمانەکەت. ئۆجەلان بە گرژییەوە پێی ئەڵێ: سوپاس، من تورکیام بە ڕاستی خۆشئەوێ‌و گەلی تورکیشم خۆش ئەوێ.

لەوە ئەچێ ئەمە قسەی زەلیلی بێ، کاتێ مرۆڤ ئەکەوێتە ژێر چەقۆی دوژمنەوە لەوانەیە هەندێ قسەی بە زاردا بێ هی پێشووتری نەبێ.

شایانی‌ووتنە نایرۆبی مۆڵگەیەکی گەورەی هەواڵگری هێزی ئەمریکاو ئیسرائیلە، زەحمەتە هیچ پیلانێك بە ئاسانی بەم ناوەدا تێپەرێ‌و ئاگایان لێ نەبێ ج جای مەسەلەیەکی داو بۆ چنراوی‌وەکو ئەمەی ئۆجەلان کە هیچ ماندوو بوونێکی بۆ ئەوان تێدا نییە.

خەڵکی لە ئەوروپادا پرۆتستۆیان ئەنجامداو بە زۆری پەنجەی تاوانبارکردنیان بەرەو ڕووی یۆنان ڕائەکێشا کە لە هەڵێکی نادیاردا لە سەفارەتی یۆنان دەرچووەو بە پیلانێکی کینی ـ تورکی ـ ئیسرائیلی ـ ئەمریکی دەسگیر کرا، لەم کردەیەشدا هیچ کەس نە کوژراو پلانەکە بە هێمنی ئەنجامدرا.

کە ئەم هەواڵەم بیست زۆر بێتاقەت بووم، خەمێکی بێئەندازە دایگرتم، دڵم پڕ بوو تا سنووری گریان.. نەك بۆ ئۆجەلان بەڵکو بۆ چارەڕەشی کورد بۆوا بێدەرەتان بێ، لە تەنگانەدا کەسێك نەبێ دالدەی مرۆڤێکی بدات..؟ تۆ بڵێی ئەمە لە بەر بێچارەیی‌و بەد بەختی کوردو ئۆجەلان بێت یان زەمەن ئاڵۆزکاوەو ئەفرەتی لە چارەی کورد کردووە..؟

ئەو زەبەلاحەی دوێنێ تورکی ئەتۆقاند، خەوی لە چاوی خەڵكو دامودەزگاکانی ئەتاراند، ئیستا بە دەستی چەند میتێکەوە دیلو زەلیلە.! کە لە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دیمەنی گرتنەکەیو کەلەپچە کردنو شەتەکدانەکەی ئەبینم زۆر شتم لا ئاوەژوو ئەبێتەوە، هەست بە لاوازی مرۆڤ ئەکەم بە تایبەتی ئەوانەی سەرکردایەتی جووڵانەوەیەك یان حیزبێك ئەکەن کە لەوانەیە بە تەنیا بە ناو قەبەو بێ ناوەرۆك بن، هەلومەرجێك درووستی کردبن بابەتی نەبێ، لە دوایشدا ببنە کارەساتو داهەرۆژان نەك هەر بۆ خۆیان بەڵکو بۆ میللەتەکەشیان.

بۆ ئەبێ ئۆجەلان ئەوەندە لاواز بێ..؟ بۆ رێگەی چارەنووسی خۆی بەم دەردە برد..؟ ئەبێ ئایندەی حیزبو هێزە گەورەکەی بەرەو کوێ بڕوات..؟ ئایا کاردانەوەی سەلبی ئەبێ بۆ ئاشبەتاڵ یان لاواز بوون یان لە بەریەك هەڵوەشانەوەی یەکەکەو تێکچوونی ریزەکانی..؟!

ئەوەی دوێنێ بە قارەمانم ئەزانی ئیستا بە چاوی بەستراو بە دەستی کەلەپچاوی ئەیبینم، نەك وەك پیاوێکی قارەمان لە بەر دەستی دوژمندا بەڵکو سەرەڕای ئەوەی ئاسەواری لێدانی پێوە دیار نییەو لەو کەلەپچە کردنو چاو بەستنەدا هەست بە ئازار ئەکاتو لێوی ئەکرۆژێ. تۆ بڵێی قەت رۆژێ هەستی بە ئازاری گیان لە دەستدانی سەدەها پێشمەرگەی کورد کردبێ کە بە قسەی ئەو خۆیان بە شەهید کردن داوە..؟! زۆر سەیرم پێدێ کەسێك بتوانێ بەم لاوازییە دۆخێکی شۆڕشگێڕانە بەرێوە بباتو هەزاران کەس دوای بکەوێ..؟

لە دالغە لێدانەکانما پرسیارێك خۆی قووت ئەکاتەوە: ئایا تاکی کوردوەکو سەرکردە شۆڕش هەڵئەگیرسێنێ یان پرسی کوردە ئەو تاکە هەڵئەتۆقێنێ..؟ گەر ئۆجەلان نموونە بێ زوو زوو هەندێ بۆ چوون لە لام هەرەس دێنێ ئەبێ سەر لە نوێ شتی تر بنیات بنێمەوە بۆ لە سەر رۆیشتنو پەیڕەویکردنی.

ئۆجەلان بوو بووە ئەفسانە، زۆر شتی ئەدرایە پاڵ کە لەوانەیە لە ڕاستیداوانەبێ.. کەچی لەوانەیە هەنێ ئەفسانەی کوردی لە مەڕ سەرکردەکانی لە ڕاستییەوە نزیکبن و بگرە بەشێکی گەورەی ڕاستیبن.

کە ئۆجەلان گیرا هەموو کورد پێی ناخۆشبوو کە کەسێکی وەکو ئەو دەست دوژمنێکی کورد کوژی وەکو تورك ئەکەوێ. بە لای منەوە گرنگ کوشتنەکەی نییە بەڵکو تورك بەو گرتنەوە فشە ئەکەن و پێیان وایە ئاشبەتاڵ بە شۆڕشی کورد ئەکەن. لە دوای گرتنی ئۆجەلان دیمیرێل ئەڵێ: ئەوە گەورە ترین ڕووداوە لەووڵاتەکەیدا لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە پێش ٧٥ ساڵ بەر لە ئێستا. پەکەکەش لای خۆیانەوە وەکو کاردانەوەیەك لە سەریان بۆداپۆشینی ئازاری دەردە دڵ و کارتێکردنی لە سەریان کەوتنە هێرشی هەڕەشەکردن و بەیاننامە دەرکردن و تۆقاندنی لێپرسراوانی تورکیا گوایە هیچیان لە ماڵەکانیاندا ئاسوودە نابن، دژی ئەمریکاو ئیسرائیل و ئەڵمانیاو ڕووسیاو ئیتالیاو یۆنان قسەیان ئەکرد.

لە نایرۆبی پێتەختی کینیاش سەر جادەکانی هەواڵی وایان ڕاگەیاند کە ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکاو مۆسادی ئیسرائیلی دەستی باڵایان لە گرتنەکەدا هەبووە.

دیارە ئۆجەلان لەم گرتنەیدا زۆر تۆمەتی ئەکەوێتەپاڵ:

- کوشتنی دەیان هەزار کەس لە ماوەی ١٤ ساڵی شۆڕش کردندا.

- هەڕەشەی دابەشکردنی ووڵاتی تورکیاو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ کە بە پێی دەستوری تورکیا بە خەیانەتی گەورە ئەژمێرێ و بە پێی یاسای سزادانی تورکی سزاکەی لە قەنارەدانە.

پشتیوانیکردن له ئۆجەلان

لـە سلێمانیدا ڕۆژی ٢/١٨ ڕێپێوانێـك بـۆ ئۆجـەلان كـرا سـەدان كـەس هاتنـە سـەر جـادە، خـەمباری لـە دەمو چـاویان ئـەبـاری داوای ڕزگـاركردنی ئۆجـەلانیان ئـەكرد بـەڵام لـە دەسـتی كـێ..؟ هـەر لـە ژمـارەی ئـەم ڕۆژەی ڕۆژنامەی}كوردستانی نوێ{ دا لـەوەڵامی پرسیارێكی ڕۆژنامـەی }ئەلحـەیات{ قسەكانی هەڤاڵ مام جەلال بڵاو كرایەوە كە لـە بـارەی دوایـین گۆڕانكارییـەكانی بارودۆخی ئۆجەلان‌و گیرانەوەی بۆ كوردستان ئەڵێ:

(لەو باوەڕەدام ئەو ڕەوشەی كە ئیستا (سەركردەی كوردی‌و سەرۆكی پارتی كرێكاران) ی تێدایە (پاش گیرانەوەی لە لایـەن توركیـا)وە پێویستی بـە مانە هەیە:

یەكـەم: پێویسـتە دادگـایی كردنێكـی ئاشـكرای عادیلانـە بكـرێ بـە ڕەچاوكردنی هەردوو مادەی ١٠و ١١ ی دەقی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ.

دووەم: لـە ڕووی سیاسییەوە ئەمەوێ ئەوە بڵێم كە كاتی ئـەوە هـاتووە دان بە ڕاستی هەبوونی گەلی كورد لە توركیادا بنرێت كـە سـەرۆكی خوالێخۆش بـوو تۆرگۆت ئـۆزال بـە ١٢ ملیـۆنی قەبلاّنـدووە، هـەروەها دان بنـرێت بـە مافـە نەتەوەیی‌و دیموكراتیەكانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی توركیادا.

سێیەم: تكاموایە هـیچ كـەس خـۆی بـەوەهمی لـە نـاوبردنی جوڵانـەوەی كـورد هـەڵ نەخەڵـەتێنێ یـان تەنانـەت پـارتی كرێكـارانی كوردسـتانیش تـەنها لەبەرئەوەی سەرۆكەكەی لە ناو ببرێ.

بـە پوختی مـن داوای دادگـایی كردنێكـی ئاشـكراو سـەربەخۆو پـاك بـۆ بـەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجـەلان ئەكـەم‌و داوای ڤۆسـتنەوەی ئـەو دەرفەتـەش ئەكـەم حكومـەتی توركیـا سـەركەوتنێكی بـۆ خـۆی بـە دەسـتهێناوەو ئێسـتا ئـەو لـە پێگەیـەكی بـە هێزدایـە نـەك لـە سـەركوتكردنی هەڕەشـەكان‌و تـرس لـە

دەستپێکردنی چارەسەرێکی دیموکراتی ڕەوا بۆ مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانیو یەك قەوارەیی کۆماری تورکیاداو داواکارم کە نەکەوێتە دوای ئەووەهمەی کە لە ناوبردنی ئۆجەلان مانای لە ناوبردنی گەلی کوردو جولانەوەکەیەتی بۆ مافە ڕەواکانی).

هەروەها لە کوردستانی نوێدا دەقیووتەکەی عەقید قەزافی سەرکردەی شۆڕشی لیبیا لە سەر گرتنی ئۆجەلان بە کوردی بلاوکرایەوە کە تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە کە بە کوشتنی ئۆجەلان کورد تەواو نابێ، چەند خوێنی کورد بڕژێ ئەوەندە سووتەمەنی ئەکرێ بە سەر ئاگری شۆڕشەکەدا. قەزافی قسەکانی ئاراستەی گەلی کوردو کاربەدەستانی تورکو ئەو دەوڵەتانە کرد کە لە گرتنی ئۆجەلاندا بەشدارن.

دوو پارێزەری تورك چاویان بە ئۆجەلان کەوت کە لە دوورگەی مەڕمەڕە زیندانییە، ئۆجەلان ڕای گەیاند بوو کە خۆیو حیزبەکەی تیرۆریست نییەو ئەو پیاوێکی ئازادیخوازو شۆڕشگێڕە.

خاتوو دانیال میتران لە ئاست ئەم ڕووداوە بێدەنگ نەبوو نامەیەکی کراوەی ئاراستەی سەرۆكوەزیرانی فەرنساووەزیری دەرەوەو پانزەوولاتی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا کرد. لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی فەرەنساشدا بلاو کرایەوە، ئەووەکو خەمخۆرێکی کورد هەم داکۆکی لە مافی خوراوی گەلی کورد ئەکات هەم باس لە کێشەی دەسگیرکردنی ئۆجەلان ئەکاتو داوای پاراستنی ژیانو مافەکانی ئەکات:

(پێویست ناکات لەوەی زیاتر بڵێم کە ژیانی ئۆجەلان، پەیوەندی تایبەتو ڕاستەو خۆی بە ئێوەوە هەیە بۆ پارێزگاری کردن لە مافی بەند کراوان، بۆ دادپەروەرییەکی درووستو ڕاست).

لە بڕگەیەکی تریدا داوا ئەکات بە پەلە چاودێری ئەوروپایی بۆ تورکیا بنێرن:

(ئەم هەواڵانەی کە بە دەستمان ئەگات زۆر نالەبارو خراپە بەرامبەر ژیان‌و هەڵسوکەوت لەگەڵیدا، ئەنجامەکەشی لە ناردنی چاودێری ئەورووپایی بۆ تورکیا زۆر بە خێرایی‌و هەروەها پێویستی بە هەنگاوی‌ووردو خێرا هەیە).

ئەندامی دەستەی کارگێڕی

لەم ماوەیەدا هەڤاڵ مام جەلال بڕیاریدا دەستەی کارگێڕی فەرماندەیی گشتی فراوان بکرێ، بۆ ئەم مەبەستە هەندێ هەڤاڵی هێنایە پێشەوە، لەم سەرو بەندەدا منیش کرامە ئەندامی دەستەی کارگێڕی بە بڕیارێکی ڕەسمی:

بڕیارماندا بە دانانی هەڤاڵ مەحمود سەنگاوی بە ئەندامی کارگێڕی فەرماندەیی گشتی بۆ سەرپەرشتی کردنی فەرماندەییەکانی سلێمانی - شارەزوور - گەرمیان لەگەڵ پێشمەرگەی حیزبە هاوپەیمانەکانی ناوچەکە.

بۆ پێشەوە ڕووەو سەرکەوتن.

مام جەلال

فەرماندەی گشتی / ه.پ.ك

٢/٢

بایەخدانی یەکێتی بە ژن

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕۆژی دروستبوونیەوە بایەخی تەواوی بە ڕۆڵی ژن داوە لە ڕیزی خەباتدا شان بە شانی پیاوان، چونکەوەکو ڕێکخستنێکی پێشکەوتووخواز ژنی بە نیوەی کۆمەڵ زانیوە، ئەرکی لە پیاو کەمتر نییە لە ناو کۆمەڵدا. بە پێچەوانەوە لایەنە کۆنەپەرستەکانی ناو کۆمەڵ هەمیشە ژن لە پلەی دووەمدا ئەبینن‌و لە خوارەوەی پیاوەوە دایئەنێن، بۆیە یەکێتی هەمیشە هەوڵیداوە ژن‌وەکو پێشەنگ بن، ئامادەییان هەبێت چ لە ڕیزەکانی ڕێکخستن‌و خەباتی ژێر زەمینیداو چ لە ڕیزی پێشمەرگایەتی‌و خەباتی شاخدا، لە هەموو بوارە جیاجیا کاندا. بۆیە ژن سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە هەمیشە ئەتوانێ‌وەکو تێکۆشەری سیاسی‌و خەباتگێڕی شۆڕگێڕ کار بکات‌و دەیان نمونەش هەن بۆ ئەو ئەستێرە ژنانەی کە توانیویانە لە گۆڕەپانی تێکۆشاندا بەوورشەداری خۆیان بنوێنن، بە داخەوە ژن لە کۆمەڵی ئێمەدا کەوتووەتە ژێر کۆتی دوو چەوسانەوەی پیاوو کۆمەڵیش. پیاو لە ژێر پەردەی ئایندا چەندە ستەمی لە ژن کردووە کۆمەڵیش ئەوەندە زیاتر بە بیانووی جیاجیاوە ژنی ئازار داوەو ڕێگر بووە لە بەر ئەم پێشکەوتن‌و بەشداری کردنی لە بەرەو پێشەوە چووندا.

بە پێچەوانەی ئەو بیرە پووچ‌و کۆنە پەرستییە ژن ڕێک‌و ڕاست خاوەنی ئاوەزو چالاکی‌و بیر کردنەوەی بنیاتنەری خۆیەتی بۆ خزمەتکردن. بۆیە بوونی لە هەموو بارێکی ژیاندا ئاماژەیە بۆ زیندوێتی کەسایەتی ژن، هەر

کۆمـەڵێك ژنـی تیانـەجوڵێ، فەرمانـدە نـەبێ، بیرکەرەوەووشـیار نـەبێ ئـەوا کۆمەڵێکی نەخۆشە.

ئا لەم ڕوانگەوەیە یەکێتی لە ئەدەبیاتیدا لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا بە قسەو بە کردەوەش گرنگی بە ژن‌و بەشداری ژن لە بنیاتنانی کۆمەڵدا داوە. لە بـواری حیزبایـەتی‌و حکومـەت‌و کـاری پێشـمەرگایەتیداو لـە هـەموو ئـەو شوێنانەشدا ژنان درێغیان نەکردووە، جێگەی خۆیـان دۆزیوەتـەوە. بە داخـەوە تـەنیا لـە ئاسـتی سـەرکردایەتیدا ژنـان نـەیانتوانیوە سـەرەڕای بەشـداری ژمارەیەکی بەرچاویان لە کۆنگرەدا هەڵبژێراوی خۆیان هەبێ‌و دەنگی بدرێتێ. کە ژن ئەمە پلەو پایەی بێ ئەبێ هەموو حیـزب‌و ڕێکخـراوو لایـەنێك پشتیان پێ ببەستێت بە تایبەتی لەم ڕۆژگارەدا کە کۆمەڵگا هەنگاو بەرەو دیموکراسی‌و ڕۆژگاری پێشکەوتنی خێرا ئەنێ.

بۆیـە هـەڤاڵ مـام جـەلال لای خۆیـەوە بـە چاوی ڕێـزو خۆشەویسـتی‌و گرنگیدانەوە ئەڕوانێتە ژن‌و ئەیـەوێ لـە جۆش‌و خرۆشـەکاندا بـە تـەوژمی بـە هێـزەوە بێنـە کایـەوە کـە ئـەوەش پێویسـتە بـۆ گەشـەپێدانی کوردەواری‌و پتر جۆشدانی کوردایەتی‌و دامەزراندنی کۆمەڵێکی شارستانی. بۆیـە نووسـراوێك بـە سەر گشت هەڤاڵانی یەکێتی‌و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بڵاوئەکاتـەوە، لـە بڕگەیەکی دا ئەڵێ:

(پێویستە لـە سـەر هـەموو ئەنـدامانی (ی.ن.ك) و پێشـمەرگە دلێرەکـانی (هـ.پ.ك) کـە خۆیـان‌و لایـەنگران‌و دۆستانیشـیان هانـدەن بـۆ هەڵسـان بـەم ئەرکانەی خوارەوە:

- هـــاندان‌و هـوشیارکـردنـــەوەی دایـــك‌و خـــوشك‌و کـــچ‌و ژن‌و دەزگیرانی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە ڕێکخستنی (ی.ژ.ك)و چالاکییەکانیداو بەشداریکردنیان نیشانەی دڵسۆزی‌و پەروەشییانە بۆ کوردەواری‌و کوردایـەتی‌و (ی.ن.ك) و پێشمەرگایەتی.

• هاوكاريكردنى ی.ژ.كو چالاكييەكانيان بە پێى تواناو هەر يەكە لە ئاستى خۆيەوە.

• رێزگرتن لە (ی.ژ.ك)و خەباتو داخوازييەكانيان.

• نەك هەر خۆدوور گرتن، بەڵكو بە گژاچوونى تيرۆرو كوشتنى ژنانو سوكايەتى پێكردنيان.

• داكۆكيكردن لە مافى رەواى ژنان لەوەكيەكى لەگەڵ پياوان، ئازادى شووكردن، قەدەغەكردنى ژن بە ژنەى بە زۆر، بە زۆر بە شوودانى كچانو كچانى منداڵو شيرەخۆرو ...هتد.

• بە گژاچوونى فرەژنىو تەلاقدانى نارەوا مەگەر لە بەر هۆى تەندرووستىو منداڵ نەبوونو بێ رەوشتى ديارو ئاشكرا بێ).

لە راستيدا ئەم مۆچياريانە نيشانەى بير فراوانى يەكێتييە بۆ بە تەنگەوە هاتنى ژنو كەمكردنەوەى دەسەڵاتى دكتاتۆريانەى پياوان لە قورخكردنى ئيرادەى ژنو بێبەشكردنيان لە سەركردايەتى كردنى كۆمەڵدا.

پەيرەوو پرۆگرامى يەكێتى لە هەموو قۆناغەكاندا بەڵگەيەكى ديارن بۆ شايەتى لە سەر رۆشنى بيرو هەڵوێستى يەكێتى بۆ باش لێكۆڵينەوە كردن لە سەر ژنو رۆڵى بەرچاوى لە بەرێوەبردنى ژيانى كۆمەڵدا. لەوانەيە بە لاى هەندێكەوە ژنوەكو شتێك، ئامرازێك تەماشابكرێ،وەك لاشەيەكى بێ گيان، بەڵام ئەمە رادەى بێ هەستىو دواكەوتوويى ئەو لايەنانە دەرئەخات، بەڵام يەكێتى بە فيعلى ژنى خستووەتە شوێنو پلەى خۆيەوەو لە هەموو دامەزراوەكاندا كورسى خۆى هەيە. لەگەڵ ئەوەشدا پێويستمان بە كارى زۆر، بە خەباتى بێ ئامان هەيە تاكو رێرەوى بيرى خەڵكى دواكەوتوو بگۆرێ، هەمووان لە ئاستێكدا بين بۆ تەمشاكردنى ژنو رێزلێنانيان.

بۆ فەرماندەیی گشتی

ڕۆژی ٣/٢٢ بە ڕەسمی لە فەرماندەیی حەوتی سلێمانی ئەمامو لەگەڵ کاک حەمە نوریدا دەورو تەسلیمم کردو چوومە فەرماندەیی گشتی بۆ دەستبەکار بوون.

دوای ئەوە لە فەرماندەیی گشتی سەردانێکی لیوا نەوشیروان فوئاد مەستیم کردو لە سەر مەسەلەی بە نیزامی کردنی هێزی پێشمەرگە قسەمان کرد کە لەوانەیە لەم قۆناغەدا کارێکی تا ڕادەیەك سووك نەبێ، چونکە هێشتا میلیشیاوەکو خۆی ماوەتەوە، بارو دۆخی سیاسی سەقامگیر نەبووە بۆ یەکخستنی هەوڵەکانو دروستکردنی حکومەتی یەکگرتوو. جگە لەمە شێواوییەکی زۆر بە هێزەکانمانەوە دیارە کە بۆ زۆرگۆڕینی شێوەی تەشکیلاتەکان ئەگەڕێتەوەو کاتی تەواوی بۆ دابین ناکرێ تاکو دەقی پێوە بگرێتو ڕادەی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی نیشان بدرێ. جاریوا هەیە میزاجی تاکە کەس ڕۆڵ ئەبینێ، بۆشایی دروستئەکرێ بۆ دانانی خەڵکی ناتوانا کە لە دواییدا زیانی زۆرترە کەسیش لە کەموکوڕیو خەوشەکانو زیانەکان بەرپرسیار نییە چونکە لێپرسینەوە نییە.

لە هەموویشی خراپتر دەردی کوشندەی تەکەتولاتو نەخۆشییە حیزبییەکان خۆیان گەیاندووەتە ناو ڕیزەکانی هێزەکانمانەوە لە هەموو ئاستێکدا چ لای لێپرسراوان بێ یان پێشمەرگەکان، شتەکان بە ئاشکرا باس ئەکرێ: سەنگەر بەندی، کۆمەڵ کۆمەڵ، دژایەتیکردن، ناکۆکی تەقاندنەوە،بگرە بێگوێیو پابەند نەبوون بە بڕیارو کارو باری حیزبیو پێشمەرگایەتییەوە زۆر بە زەقی دیارە، لەو لاشەوە پشتیوانی کوێرانەو هەڵسەنگاندنی بێویژدانانەو ئیمتیازات بە خشینی بێهودانە بوومەتە دیاردەی ناپەسەند کە لە ئەنجامدا گەر چارەسەر نەکرێو بە توندی لە ڕوویاندا نەوەستین یەکێتی ئەخاتە مەترسییەوە.

له سەر ئەوەو کێشەی فەرماندەییەکان ڕۆژی ٣/٣١ له سلێمانی سەردانی هەڤاڵ مام جەلالم کرد. بە تێرو تەسەلی لە سەر هەموو کێشەو گرفتەکانی فەرماندەییەکانو لە ڕیشە دەرهێنانی پێرو پێرکاری قسەمان کردو بە ڕاشکاوی پێی ڕاگەیاندمو ووتی:

(نابێ لە کەس بترسی، ئەبێ هەرچی کوتلە هەیە هەوڵی لابردنی بدەیتو ئەگەر خۆت نەتکرد بە خۆم بڵێ لە ڕیشە دەری ئەهێنم).

ئەمە ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ڕادەی ئەو خراپەکارییەی پێرو پێر کاری لە سەر چارەنووسوازی ئەکات بۆ لاوازکردنو بێ ئاست کردنی لە بەرامبەر ئەو دوژمنەی کە هەیەتی، لە لایەکی تریشەوە ئاماژەیەکی توندە بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەو بەرامبەر گرتن لەو دیاردەیەو ئەو کەسانەی یاری بە ئاگر ئەکەنو ئەیانەوێ بەو جۆرە یەکێتی بۆ نیازەکانی خۆیان بقۆزنەوە.

یەکێتیوەکو ڕێکخستنێکی سۆسیال دیموکرات جێگەی هەموو کەسێکی تیادا ئەبێتەوە کە بڕوای بە پرەنسیپی سۆسیالیزمو دیموکراسی هەبێت، لەم پەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست. بەڵام لە یەکێتیدا ناکۆکی فیکری لە سەر ستراتیژو لێکدانەوەو شیکردنەوە نییە، بەڵکو ناکۆکی لە ئاستی کەسایەتیدا بۆ شەڕی دەسەڵات هەیە کە زۆر جار زۆرمەبەستی ناساز ئەخولقێنێو گەورەی ئەکەنەوەوەکو ناوچەگەرێتی کە لەم بارەدا کەسانی ناشایستە دێنە پێشەوە، پێوانەی خەباتو حیزبایەتیوون ئەبێ، دڵساردی لێئەکەوێتەوە، بێباوەڕی تەشەنە ئەسێنێ، خووتەو بۆڵەو داوای ئیمتیازی مادیو ئەمانی گیانی خۆبەخت کردن بڵاو ئەبێتەوە.

هەر بۆیە بە پێی بەرنامەیەك کەوتمە سەردانی فەرماندەییەکانی سنووری کارکردنی خۆمو بە پێی ئامۆژگاریو ڕێنماییەکانی هەڤاڵ مام جەلال کۆمەڵێك ڕێوشوێنمان بۆ چارەسەرکردنی گرفتولابردنی کەموکوڕییەکانو جۆشو خرۆش دروستکردن لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەداو بە نیزامیکردنی هێزەکانو یەکخستنەوەیانو مەشق پێکردنیان دانا.

داوای لێبوردن

کۆمەڵگای کوردی بە هۆی ئەو هەلومەرجی نائاساییەوەو بە هۆی گرفتی داگیرکەران لە گەڵماندا کە هەمیشە داومان بۆ ئەنێنەوەو ناهێڵن لە پانتایی ئەم ژیانەدا بە ئاسوودەیی بژین، جگە لەوە ڕادەی ناهوشیاری خەڵکەکەمان کاری خراپ ئەکاتە سەر هەڵسوکەوتمانو بە دەیان کێشەو ناکۆکی لە بەردەمماندا ئەتەقێتەوە کە کاتی زۆری ئەوێ بۆ چارەسەر کردنی. بە تایبەتی ئەو کارانەی دژی یاسا ئەکرێن، ئاسایشی کۆمەڵو کاروباری حکومەت تێکئەدەن، لەم ڕووەوە کۆمەڵێك کاری لاساری کرابوو، من هەوڵمدا بۆ ڕێگری کردن لێیان هەندێکیانم ڕوو بە ڕووی دادگا کردەوە کە لە دوایدا بڕیاری دادگا زۆر توند بوو بەرامبەریان. ئەوانە سەر ڕای ئەوەی خراپەیان کردبوو بەڵام لە ڕۆژگارێکیشدا خەڵکانی دڵسۆزو چاکبوونو کەوتبوونە ناو ئەو زەلکاوەوە.

بۆ ئەم مەبەستە نامەیەکم ئاراستەی هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی کرد بەم ناوەڕۆکە:

بۆ/ هەڤاڵانی بەڕێزی مەکتەبی سیاسی

ب/ پێشنیار

سلاوێکی گەرم.. بە هیوای هەمیشە سەرکەوتننتانم.

بەڕێزان..

بە حوکمی ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا کە من لە هەندێ جێگا کارم کردووە، لەو شوێنانەدا کاری خراپیوەکو دزیو تاڵانیو بڕۆو لاساریو سەرپێچی لە کاری یاسادا کراوەو منیش بە ئەرکی سەر شانی خۆمم زانیوە بۆ سەر خستنی کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەکار هێنانی هێزەوە یان لە سەر سیقەی ئەوانەی کە خراپەیان کردووە تەسلیمیان بکەم کە

کۆمەڵێکیان پێشمەرگەی ڕۆژی تەنگانەی (ی.ن.ك) بوون، حوکمی لە سەیدارەدانیان دراوە بۆ نموونە:

١. جەمال عەبدوڵڵا چاوشین: کە باوکی بە هۆی بەشداریکردن لە بۆسەکەی ڕێگای خەلەکان لەگەڵ کاك تۆفیق کانیوەتمانیدا بوو بە دیلی گیراو لە سێدارە درا. کۆمەڵێك کچی لە دوا بە جێماوەو ئێستا جەمال حوکمی لە سەیدارەدانی دەرچووە.

٢. فایەق فەریق شوانکارە: پێشمەرگەیەکی تێکۆشەرو قارەمان بوو کە تۆمەتی پیاوکوشتنی دراوەتە پاڵ من تەسلیمم کردووەو حوکمی لە سێدارەدانی دراوە.

٣. ئەنوەر ڕەباتی: کە پیاوی لە سەر قەرز کوشتووە، لە دوای ڕاپەڕینەوە پێشمەرگەی (ی.ن.ك) بووەو لە هەموو شەڕەکاندا بەشداری کردووەو دەوری باڵای هەبووە، قارەمانەتی ئەم پیاوە هەمووی بە کامیرای ڤیدیۆ لای کاك عوسمانی حاجی مەحمود تۆمار کراوە.

جا ئێستا لەبەرئەوەی من گوشارێکی زۆرم لەسەرە داوا ئەکەم حوکمی لە سەیدارە دانیان بکرێتە ئەبەدی چونکە کەس و کاریان یان شەهیدیان هەیە یان خۆیان ڕۆژگارێك باشبوون و خزمەتگوزاری (ی.ن.ك)ن.

ئەم داخوازییەی من ئەوانە ناگرێتەوە کە لە سەر جاسوسی حوکم دراون.

تکام وایە بڕیار بفەرموون ئاگاداری بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم بکەنەوە کە ئەو حوکمە گۆڕانی تێدا بکرێ و مەرحەمەت بکات. ئومێدەوارم ئەم داخوازییەم بە هەندوەربگیرێ و لووتف بفەرموون.

هەر سەربەرزبن..

براتان

مەحمود سەنگاوی

١٩٩٩/٤/١

بەڵام گرفتی ئەم برادەرنە لە ڕووی یاساییەوە قورس بوو، هەروا ئاسان نەبوو بە نامەو داوایەك ئازاد بکرێن.

ووشکەساڵی

ئەم ساڵ بارانبڕان بوو،ووشکە ساڵی کاری خراپی کردبووە سەر دۆخی ئابووری، بەتایبەتی خەڵکەکە پشتیان بە کشتوکاڵو ئاژەڵداری بەستووە، کە لەوەڕ نەبێت، خەلەو دانەوێڵە نەبێت کێشەیان بۆ درووست ئەبێت، ناچارن لە شوێنی خۆیان ڕەو بکەن بەرەو ژوور تر بڕۆن بۆ لەوەڕ پەیدا کردن. جگە لەمە باران نەبارین سرووشتیش تووشی نەخۆشی ئەکات، ئاو کەم ئەبێتەوەو سەوزایی نامینێ، بگرە کار لە مرۆڤیش ئەکات، ڕەنگو ڕووخساری نەخۆش ئەکەوێت، ئاوەزیان نامێنێت، بۆ لاچوونی ئەو دەردی سەرییە پەنا ئەبەنە بەر قوربانی کردنو نوێژو پاڕانەوە، بە تایبەتی هەموو ڕۆژانی هەینی بە دەنگی بەرز هاوار ئەکەنو لە خوا داوا ئەکەن بارانیان بۆ ببارێنێت.

مەلای دێی بەکربایەف لەووتاری ڕۆژی هەینیدا پاش نوێژ دەستی نزا بەرز ئەکاتەوەو ئەڵێ: خوایە لە بەلای شەڕو فەوتان لامان بدەیت، لێمان ببوریت، خوایە ساڵێکی تروەکو ئەمساڵ بێبارانی ڕەحمەتمان نەکەیت. لە ڕیزی دواوە یەکێك لە نوێژکەرەکان ئەڵێ: حەو.. مامۆستا باریکی کردەوە بۆ ساڵێکی تر و دەستی لە ئەمساڵ شۆرد.

ئەم ساڵە ئەوەندە ناخۆشبوو تەنانەت عەرەبە ئاژەڵدارەکانی دەرەوەی سنووری هەرێمیش لەبارێکی ناسازو ئاڵۆزدا بوون، عەرەبیوا هەبووً- ٣ هەزار سەر مەڕی هەبوو، بەناچاری ڕوویان ئەکردە سنوورەکانمان لە بناری گلو داودەو هەندێ شوێنی تر، ئەمەش تەنگی بە ئاژەڵدارەکانی لای خۆمان هەڵئەچنیو هەندێ جاریش بەزم ئەقەوما.. بۆیە هەڤاڵ مام جەلال ئاگاداری کردمەوە بە نوێنەری بەرێزیان بچمە سەردانی بناری گل بۆ بینینی ئەو ماڵە عەرەبانەی خێڵی شومەرو ڕیشسپیەکەیان ئەبو حەمید کە مەڕو ماڵاتێکی زۆریان هێنا بووە ئەو ناوە بۆ لەوەڕ خۆری.

ڕۆژی ٥/٨ چـوومەلایانو میوانـداریان کـردینو لـەو بارەیـەوە قسـەم لەگەڵدا کـردن، کـە ئێمـەوەکو یـەکێتی ڕێگەیان لێنـاگرین، بـەڵام ئـەبێ لەگـەڵ خەڵکەکـەدا لەسـەر لـەوەڕ خـۆری ڕێکبکـەون، چـوونکە بێبـارانی کـاری لـە خەڵکەکەی ئێمەش کردووە، لەوەڕ کەمەو گوشاری زۆریان لـەسەرە بـە جـۆریك زۆر لـە ئاژەڵدارەکانـی ناوچەکانی گـەرمـیان بەرەو شارەزوورو قـەرەداخ ڕەویـان کردووە.

عەرەبـەکانیش بـە قسـەکانی ئێمـە قایـل بـوون. شـایانیووتنە ئـەم هاتووچۆی عەرەبانە بۆ لەوەڕ خۆری هـەر لـە کۆنـەوە هـەبووە بـە تایبـەتی لـە ساڵانی بێ بارانیـدا بـە مـەڕو ماڵاتـەوە ڕوویـان کردووەتـە کوردسـتان، کەسـیش ڕێگەی لێنەگرتوون، عەرەبەکانی ئەو خوارە دۆستایەتیان لەگەڵ کوردا هـەبووە، کێشـەو ناکۆکیـان نـەبووە، بـەڵام ڕژێمـی بـەعس ڕۆڵێکـی نـابووتی گێـڕاوە لـە تێکـدانی ئـەو پەیوەندییـەو زۆر عـەرەبی لـە دوورەوە هێنـاو کردنیـە حـەرەس قەومی بۆ بە گژا چوونی کـورد بـە تایبـەتی لـە سـاڵی ١٩٦٣ دا سـەدان چـەکداری جاشی عەرەب پەلاماری دێهاتەکانی کوردستانیاندا بە تایبەتی لە گەرمیانـدا بـە هاوکاری هێزی سەربازی تاڵانیان کردن.

ئەمە خاڵێکی ڕەشی لە دەروونی خەڵکی دێهاتی کوردا درووستکردو ئـەو پردی دۆستایەتیە پسا، کە ئەنفالیش کرا هەرچـی سـامانی ئـاژەڵی کـورد هـەبوو بـەرەو خـوار کرایـەوەو کەوتـە دەسـتی عەرەبـەکان. کـە ئـەکرا هەڵوێسـتێکیان هەبووایـەو قایـل نەبوونایـە تـاڵانی کـورد بچـێتە ماڵەکانیانـەوە، چ لـە ڕێـی مرۆڤایەتییـەوە یـان ئـاینی یـان دراوسـێتییەوە بـێ، بـە داخـەوە عەرەبـەکان بـە تـەواوی کەوتبوونـە نـاو داوی بەرنامـە ترسـناکەکانی بەعسـەوەو بگـرە بوونـە هاوبەشی خراپەکارییەکانی. کە عەرەب بەوە بـەناوبانگن کـە پیاوەتیـان ڕێگـەی خراپەیان نادا، دۆستایەتیو دراوسێتیان ڕێگـەیان نـادات دەسـتیان بچـێتە مـاڵی لێقەوماوانەوە.

کێ هەبوو لە کورد لێقەوماو تربێ لەکاتی ئەنفالدا..؟ کە چی پیاوێکی عەرەب نەبوو تاقە یەك هەڵوێستی هەبێ لەم ڕووداوە کارەساتاوییە سامناکەدا.! لەگەڵ ئەوەشدا کورد بەرامبەر بەو تاوانانەی بەعس‌و هاوکاری عەرەبەکان هەڵوێستێکی ناجۆری نەبوو، کاتێك ئەوان لەو ساڵانی قات‌و قڕی یەدا ڕوویان ئەکردە کوردستان. گەر چی بارودۆخی کوردستان خۆی زۆر لەبار نەبوو، بەڵکو بە قسەکانی ئێمەش ڕازی بوون‌و ئامادەی هاوکاری بوون لەگەڵیاندا.

لە بنکەی مەشقدا

دوای ئەوە گەڕامەوە سلێمانی‌و سەردانێکی بنکەی مەشقی سلێمانیم کرد. دوو ڕۆژنامەنووسی ئیتالی هاتبوون بۆ سەردانی بنکەکەو تێگەیشتن لە کاروبارو ئەرکەکانی‌و چۆنێتی مەشقی پێشمەرگەووێنە گرتنی مەشقەکە، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ عەقید قارەمان قەرەداخی سەرۆکی بنکەی مەشقدا کردو پاشان لەگەڵ منیشدا لە سەر پێشمەرگایەتی‌و شەڕی پارتیزانی‌و شەڕی ڕزگاری کوردستان چاوپێکەوتنیان کرد، دوا پرسیاریان داوای ڕای من بوو لە سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لەوەلامدا پێم‌ووتن: ئۆجەلان ئیعدام ناکرێت چونکە بەرامبەر بە دوژمن نابەزێ‌و خۆڕائەگرێ. هەرچەندە ئەمزانی ئەم قسەیە کۆنە لەوانەشە ئۆجەلان چۆك دابداو لە بەردەم تورکدا هەرەس بهێنێ، بەڵام لە ناخەوە پێم ناخۆشبوو لە ڕۆژنامەیەکی بیانیدا قسەی دڵشکێنی پێ بڵێم‌و لە دڵەوە ئەوەم ئەخواست کە بە ڕچەی سەرکردە گەورەکانی تری کورددا بڕوات‌و ملکەچ نەکات لە بەرامبەر هەڕەشەکانی دوژمن‌و زیندان نەیترسێنێ.

تەسلیمکردنەوەی شەمدین ساکیک

چونکە گرتنی ئۆجەلان کاری لە هەستو دەروونی هەموو کورد کردبوو، کەچی هەرچەند رۆژێك دوای ئەوە، هەواڵی تەسلیم کردنەوەی شەمدین ساکیکی گەورە بەر پرسی سەربازی پەکەکەو براکەی لەلایەن پارتییەوە بە میتی تورکی بلاّو بووەوە.

شەمدین پلەو پایەیەکی بەرزی لە ناو پەکەکەدا هەبوو، بەڵکو لەوە ئەچوو کەسی دووەم بێ. بەلاّم ناکۆکییەکانی ناو پەکەکەو تەنگ پێهەڵچنینی لەلایەن ئۆجەلانەوەوایلێکرد کە خۆی تەسلیم بە پارتی بکات، شەمدین رێگایەکی پڕ درکەزی هەڵبژاردو هەڵەیەکی گەورەی کرد، ئەو ئەیتوانی بە رێگای تردا خۆی دەربازبکاتو بچێتە دەرەوە. ئەم کارەی لە تێگەیشتنەوە نەبوو، لەوە ئەچوو خۆی دابێتە دەست قەدەر. کەچی پارتی لە بەرامبەر گوشاری میتی تورکی خۆی ڕانەگرتو زۆر بە ئاسانی خۆیو براکەی تەسلیمکردن. ئەمەش هەنگاوێکی نێگەتیڤی بوو کاری خۆیتی کرد. ڕاستە پارتیو پەکەکە لە شەڕدان بەلاّم، کە بەرپرسێکی پەکەکە خۆی بداتە دەست پارتییەوەوەکو دابونەریتی کوردەواری نە ئەبوایە بدرێتە دەست دوژمنەکەیەوە، لە سەر هەڵەو تاوانەکانی دەرهەق بە پارتی گەر هەیبێ، زیندانی بکرێو سزا بدریت، بەلاّم نابێت بە هەر بیانوویەك بێت بدرێتەوە تورکیا کە ئەزانرێ چارەنووسی نادیارئەبێت، دادگای ئەمنی دەوڵەتی تورکیش لە لای خۆیەوە فەرمانی لە سێدارەدانی بە سەردا سەپاند، بەلاّم نازانرێ کەی ئەو فەرمانە جێبەجێ ئەکریت..؟

دادگایی کردنی ئۆجەلان

هەرچەند رۆژێك دوای ئەمە لە تورکیا دادگایی کردنی ئۆجەلان لە دوورگەی ئیمرالی دەستی پێکرد، کە لە هەموو کەناڵە ئاسمانیەکاندا نیشان ئەدرا، ئۆجەلان لە قەفەسێکی شووشەییدا بوو، تەنیا ئەیتوانی بە بڵندگۆ قسەی ئەکرد، ئۆجەلان لە قسەکانیدا داوای لێبوردنی لە بنەماڵەی کوژراوە تورکەکان کرد. هەروەها داوای کرد کە ببێتە پیاوی ئاشتی لە نیوان کوردو تورکیادا.

هەر تێکۆشەرێك دەست دوژمن بکەوێت گەر خۆڕاگرنەبێت، بەرامبەر دەردو ئەشکەنجەکان، گیانی تەحەدای تیا نەبێ زوو ئەڕووخێت وبە چۆکا دێت، لاوازی کەسێتی دەرئەکەوێ، هەندێ شت ئەڵێ کە دوورە لە هەڵوێستەکانیەوە، کە نابێت ئەو تێکۆشەرە بترسێت یان پەشیمان ببێتەوە.

کە ئۆجەلان شۆڕشی کردووە لە سەر ڕاستی بووە، داواکانی داوای نەتەوەیەك بووە، هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان داخوازییەك لە دەرەوەی زیندان و ناوەوەی زینداندا، ئۆجەلان و تێکۆشەرانی کورد داوای مافی کوردیان کردووەوەکو پیاوی ئاشتیخواز خەباتیان کردووە، گەر دوژمنی داگیرکەر گوێی لێبگرتایە لایەنی کەمی داخوازییەکانی جێبەجێ بکردایە لە شاخ نەئەمان و لە سایەی ئاشتیدا ئەژیان. بەڵام کاتێك ئۆجەلان ئەخرێتە زیندانەوە، ئەو ئۆجەلانەی دەرەوەی زیندان نییە، پەیامەکانی ئەگۆڕێ، ترسی پێوە دیارە، ئەم هەڵوێستەش کاردانەوەی خراپی ئەبێت لە سەر خەڵکی کورد کە چاوەڕوان بوون سەرکردەیەکی وا کاروانی خەبات بەڕێوە ببات پێشوازی لە پەتی سێدارە بکات و پەنجەی مەرگ بچەقێنێتە گلێنەی چاوی ڕژێمێکی کورد کوژدا. لەوانەشە خەڵکێك هەبن ئەم هەڵوێستەی ئۆجەلان بە قارەمانەتی بزانن، بیانووی جۆراوجۆری بۆ بهێننەوە، بەڵام ئەوە تەنیا لە ڕوانگەی خوشەویستی

کوێرانەوە بۆ سەرکردەیەك سەرچاوە ئەگرێ کەواقیعبینانە تێی ناڕوانن‌و هەڵی ناسەنگێنن.

سەرکردە نەبێت ئازاو نەترس بێت، ژیانی سەربەرزانەو لەخۆبردوویی هەڵبژێرێ، نرخی مانەوەی لەلا تەنیا بۆ درێژەپێدانی کاری شۆڕشگێڕانە بێت، سەرکردە ئەبێت لە بەردەم دوژمنندا گەورەو زاڵ‌و جەربەزە بێت، پەتی سێدارەو بڕیاری مردنی لا هیچ نەبێت.

کارێکی پڕمەترسییە کە سەرکردە ئازانەبێت، بە تایبەتی ئەم ڕۆژگارە لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە لە سەر شاشەی کەناڵە جیهانیەکانەوە ڕووداوی دادگایی کردنەکان نیشان ئەدرێ‌و هەر قسەیەك کاری خۆی لە دڵ‌و دەروون ئەکات، بە باش‌و خراپەوە. دڵنیام ئەم جۆرە قسە کردنانە کە نائومێدی لێنەبارێ نەبێتە مایەی هەڵوەشانەوەی پەکەکە. لە دوا جاردا بشێوی ئەکەوێتە ڕیزەکانیەوە، ڕژێمی میلیتاریستی تورکیش باشترین سوود لەوە ئەبینێت. لێرەشدا ڕۆڵە دڵسۆزو خەباتگێڕەکان ئەبنە قوربانی‌و لە ناو تەمومژی ناکۆکییەکانداوون ئەبن. هەرچەند هێشتاش زووە دوا قسە لە سەر ئۆجەلان بکرێ، بەڵام تورك ئەیەوێ لە زینداندا بیپووکێنێتەوە.

سەردانی سۆڵە

هەر لە کۆتایی ئەم مانگەدا بوو، کە لەگەڵ بەڕێز کاك کۆسرەت سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی دێی سۆڵەی شێخانمان کرد، لە لایەن بنەماڵەی شێخانی سۆڵەو خەڵکێکی زۆری ناوچەی شارەزوورو قەرەداخەوە پێشوازی لێکرا. زیارەتی ئارامگەی شێخ ڕەسوڵی سۆڵەو شێخ قادری سۆڵەو شێخ حسێنی چرچەقەڵامان کرد، کە لە کاتی ئەنفالدا دێی سۆڵە لە لایەن سوپای داگیرکەرەوە خاپوور کرا. گوایە شۆفڵەکان کە دەمیان گەیشتبووە ئارامگەکان لە کار کەوتبوون، بۆیە هەروەکو خۆیان مابوونەوە.

لە کۆبوونەوە لـە گـەڵ خەڵکەکـەدا کـاك عومـەر غـەریبی پێشمەرگەو کادیری دێرین. بە ناوی خەڵکی دێکەو شێخانەوە بـە خێرهاتنیوەفدی مێوانی کردوو کاك کۆسرەتیش سوپاسی پێشوازی کردنو میواندارییەکەی کردنو لـە بارەی شۆڕشو هەلومەرجی سیاسی ڕۆژەوە قسەی بۆ کردن، دواتر بابە عـەلی شـێخ حەمـە تایـەریش بـەخێرهاتنی کـردنو هیـوای خواسـت پـەیڕەوی لـە بەندەکانی ئاینی ئیسلام بکرێ لەلایەن کادیرەکانی حیزبو حکومەتەوە.

زۆر جار ئەم ئاوازە لێئەدرێ، زۆر مـەلاو شـێخ هـەن پێشمەرگەو کـادیر بە کافرو لادەر ئەزانن،وەکو بڵێی کەس جگە لەوان موسوڵمان نییـە، یـان ئـاینی ئیسلام ئەبێ بە زۆری کوتەکی دەسەڵات پەیڕەو بکرێ یان بچەسپێ.

لە ناڵپارێز

هەر چەند ڕۆژێك دوای ئەمە لەگەڵ کاك جەبار فەرمانـدا چووینە ناڵپـارێز بۆ سـەردانی بارەگـای ئەنجومـەنی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامی لـە عێـراق، کـە دوای ڕاپەڕین ئەم بارەگایەیان هێنابووە ئێرەو بـە قسـەی خۆیـان ٧٠٠ کەسـن، کەچی ئێمـە ٢٠٠ کـەسمان بینـیو جـۆری چـەکەکانیان کلاشـینکۆفو بیکـەیسیو کاتیوشاو هاوەنی ١٢٠ ملمو دژە تانکی ١٠٦ ملمو دۆشکای ١٢،٥و ١٤،٥ ملم بوون. ئەمانـە شـیعەی عێـراقین، دژی ڕژێمـی بـەعسو سـەدامن، بارەگـای سـەربازی هێزەکانیـان لـە نـاو ئێراندایـە، هێزیکی باشـیان هەیـە، کەرەسـتەو کەلوپـەلی چاکیان لـە بـەر دەسـتدایە، مەشق ئەکـەن، چـالاکییان لـە دژی سـوپای عێـراق هەبووەو زۆر جـاریش هاوکـاری ئێـران بـوون لـە شـەڕدا دژی عێـراق. بـیروڕای ئەمانە لە بارەی کوردەوە زۆر ڕوون نییە بەڵام ئەمانە دوو کەڵکەڵەیان هەیە:

- شـیعەنو شـیعەش چەوسـاوەیەو لـە مەشـدا لەگـەڵ کـورد دا یـەك ئەگرنەوە.
- عەرەبنو لەوانەیە پێیان قبووڵ نەبێت کورد ببێتـە خـاوەن دەسـەڵاتی خۆی، تەنانەت فیدراڵیشوەربگرێ.

چونکه ئەمانە خاوەن بیری ئیسلامگەرایین، بگرە پێیان خۆشە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئیسلام دا کورد لەگەڵ عەرەبداوەکو موسڵمان هاوکار بن، یان باشتر بڵێین کورد لە پلەی دووەمد دا بێت، چونکە عەرەب خاوەنی دەسەڵاتی ئاینین، کە شیعەکان سەر بە بنەماڵەی پێغەمبەرو ئال و بەیتی عەلی کوڕی ئەبو تالیبن. لەم قۆناغەشدا ئەوان دۆستایەتیان لەگەڵ کوردو هێزە سیاسیەکانیداوەکو ئۆپۆزسیون دژی ڕژیمی عێراق زۆر باشەو قسەو گفتوگۆیان هەیە. بە تایبەتی پەیوەندییان لەگەڵ یەکێتیدا لە پلەیەکی چاکدایەو ڕێگەیان پێ دراوە کە بنکەو بارەگای سەربازییان لەو سنوورەدا هەبێت. جگە لەمەش لە پێش ڕاپەڕین لە گەرمیاندا هێزیان هەبووە، لە ڕێگەی هەڤاڵانمانەوە لە کاتی پارتیزانی دوای ئەنفالەکاندا، کادیرەکانیان دابەزیوون و چوونەتە ناوەڕاست و خوارووی عێراق بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان. لە زۆر بۆنەشدا هەندێ بۆ چوونی سەر پێی لە مەڕ پەیوەندی کوردو ئایندەی عێراق دەرئەبڕن، بەڵام لەوە ئەچێ بۆ ئیستیهلاکی سیاسی بێ، نەك هەڵوێستێکی چەسپاو. لەگەڵ ئەمانەشدا لە کاتە ناسکەکاندا هەندێ لایەنی شیعەو کەسایەتی ناوداریان هەڵوێستیان باش بووەوە بەرامبەر بە کوردو دژی ستەمی ڕژێم بوون، قسەی خۆیان کردووە کە مایەی دڵخۆشکەر بووە بۆ کورد کە لە سەنگەری شۆرشگێریدا دۆستیوای هەبێ بە تایبەتی لە عێراقدا.

جیابوونەوە لە سۆسیالیست

سەرەتای مانگی ٨ بوو کە حیزبی سۆسیالیتی دیموکراتی کوردستان، تووشی گرفتێکی گەورە هات بووە هۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی حیزبی سۆسیالیستو جیابوونەوەی برێك لە ئەندامانی سەرکردایەتیو کادیرو پێشمەرگەکانی. دوای ئەوەی ئەوانە بەیانێکیان لە سەر سکرتێری حیزب دەرکردو پەنجەیان خستبووە سەر زۆر گرفتو ناکۆکی نێوان ڕیزەکانی حیزب، لە بەرامبەریشدا سکرتێری حیزب بەیانێکی لە سەر ئەوانە دەرکرد.

حیزبی سۆسیالیست دوای ئەوەی کە بوو بە دوو بەشەوەو بەشێکیان گەڕانەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانیو بەشەکەی تری مایەوەو دواتر چوونە لای پارتیو ئینجا لەوێش جیابوونەوە.وەکو حیزبێکی بچووك مایەوەو قاعیدەیەکی حیزبی فراوانی نەبوو، تەنانەت لە ڕووی پێشمەرگەو هێزی چەکداریشەوە. کە هەر لە سەرەتای درووست بوونیشیەوە هەر بەو جۆرە بووەو لە سەر سنوور ئیمپراتۆریەتێکی دەسەڵاتیان دامەزراند بوو، بگرە پەیوەندی گوماناویشیان بەمەلاو لاوە پەیدا کردبوو، دیسپلینی حیزبیو بەرنامەی سیاسیو پێشمەرگایەتییان توندو تۆڵو مکوم نەبوو. پەیوەندی خێڵەکی زۆرتر زاڵ بووە بەسەر کارەکانیدا، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە لە یەکێتی جیا بوونەوەو خوالێخۆشبوو ڕەسوڵ مامەند سەرکردەی یەکەم بوو، سکرتێری ئێستا زۆر خۆی نە ئەدا بە دەستەوە. بەڵکو جۆرە سەربەخۆییەکی هەبوو. کەوایئەکرد خۆی حیزبێکی سەر بەخۆ بێتو هەر بەناو سۆسیالیست بێت. تا لە دوا جاردا ئەو هەڵەی بۆ ڕەخسا،وەنەبێ ڕیزەکانی ئەم حیزبە بێگرفت بێت بەڵکو هەمیشە پڕ بووە لە ناکۆکی لە نێوان کادیرەکانیدا، ڕێگە نەئەدرا چاکسازی بکرێتو خەڵکی خراپو مشە خۆرو دزی لێ دوور بکەوێتەوە.

عەتا سەراویو کۆمەڵێکی تر لەو سەرکردانەی سۆسیالیست کە جیا بوونەوە بە دەمی ڕایانگەیاند کە ئەبنە یەکێتی. دواتر هەر بە ڕەسمی هاتنە ناو یەکێتییەوەو هەر یەکە لە شوێنێکدا کاریان پێدرا. بەم جیابوونەوەش قەبارەی سۆسیالیست ئەوەندەی تر بچووك بووەوە.

دیارە لە کوردستاندا ژمارە زۆر گرنگ بوو بۆ بوونی حیزب یان جۆنێتی ئەوەندە بایەخی نییە، بەڵکو سەرەوە گرنگە، باندێك یان کۆمەڵە خەڵکێك هەبن بتوانن کار بۆ خۆیان بکەنو پێگەیەکیش لە ناو خەڵکدا پەیدا بکەن، یان لە دەوروبەردا کە دەورو بەر زۆر پێویستیان بەم جۆرە هێزو لایەنو حیزبۆکانە هەیە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەو بەرنامەکانی خۆی بۆ تێکدانو شێواندنیواقیعی خەباتو شۆڕشی کورد. کە زۆر جار حیزب وەکو

پێداویستییەکی خەباتی نەتەوایەتی نەهاتووەو لە دەرەوەی ئەو داخوازییەدا پەیدا بووە. کە ئەگەر دەست پێوە گرتنی دەرەکی نەبێت زۆر بە زوویی ئەپووکێتەوە. جاری‌وایش هەیە سەرکردە ڕۆڵی نێگەتیف ئەگێڕێ لە تێکوپێکدانی حیزب کە لە بارێکی ناسکدا خۆی پێڕاناگیرێ.

وازهێنان لە خەباتی چەکداری

لەم مانگەدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ناو زیندانەوە داوای لە چەکدارەکانی کرد لە سنووری تورکیا بچنە دەرەوەوواز لە خەباتی چەکداری بهێنن. بەڵام چەکەکانیان تەسلیم نەکەن. هەر ڕۆژێك دوای ئەم ڕاگەیاندنەی ئۆجەلان قسەکەرێکی‌وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پشتگیری لەو بڕیارو داوایەی ئۆجەلان کرد. کە لە ناوەڕۆکدا بڕیارێکی بێ ناوەڕۆك بوو، کەسێك با سەرۆکی حیزبیش بێت کە لە لایەن دوژمنەوە گیرا ئیتر هیچ مافێکی نامێنی بۆ قسەو بڕیاردان. سەیریش لەوەدایە کە پەکەکە سەرەڕای ئەوە زۆر بە توندی پابەندی ئۆجەلانن.وەکو بڵێی ڕێککەوتوون لە ناو زیندانیشدا پابەندی بن با بە زیانی چارەنووسیش بێت هەر ئەخوات. ئەگینا ئەمە چی‌واتایەك ئەگەیەنێت کە پەکەکە لە سنووری تورکیا بچنە دەرەوە، ئەی خەبات لە کوێ بکەن..؟ ئەی کە چوونە دەرەوە بۆ چەکەکان تەسلیم نەکەن..؟

ئەمە هەندێ بۆچوونمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە گومان بکەین ئەرکی پەکەکە چی‌و چۆن ئەبێت..؟! ئەمەیە کارەساتی حیزب لە کوردستاندا، لە بەرامبەر پیلانەکاندا هێزی نەبێت، بەرنامەی لاواز بێت، یان زوو خۆی بداتە دەستەوە. کە جاری‌وایش هەیە سەرکردەی یەکەم ئەو ڕۆڵە ئەبینێت کە حیزب هەڵبوەشێتەوە یان ڕۆڵی هەبێت.

خۆرگیران

رۆژی ٨/١١ کاتژمێر سیو پێنج دەقیقە، خۆر لە ئاسمانی سلێمانیدا گیرا، بۆ ماوەی دوو دەقیقە زیاتر دنیا تاریك بوو، من بۆ خۆم دوو ئەستێرەم بە چاوی خۆم بینی. ئالەم کاتانەدا کابرایەك لە نزیکی ماڵمانەوە، تفەنگێکی بەرەو ئاسمان تەقاند تاکو خۆر لەگیرانەکەی دەربازبێت. جاران خەڵك لە تەنەکەیان ئەداو هاواریان ئەکردوو ئەگریان. خۆر گیرانوەکو دیاردەیەکی سروشتی زۆر مەبەستی ئەفسانەیی پێوە ئالکاوە. کە لە نەزانیو کاڵفامی خەلکەوە سەرچاوە ئەگرێو بە هەڵە لێککدانەوەی ئەو دیاردەیە لەلایەن مەلا ئاینییەکانەوە. کە بە عەقڵیەتی سەدە کۆنەکان ڕێنەکەنو لە مەسەلەی زانستدا کۆڵنو فریان بە تێگەیشتنەوە نییە.

خولی فەرماندەیی

رۆژی ٨/١٥ لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا بە ئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال، ئاهەنگی دەرچوونمان لە خولی فەرماندەیی گشتی بۆ کراو بڕوانامەمان لە لایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە پێ بەخشرا کە لەرۆژی ٧/٣١ دا تاقیکردنەوەکانمان دەستی پێکردو لە رۆژی ٨/٩ ئەنجامەکانمان وەرگرتەوە کە پلەکانی من بەم شێوە بوو:

- تەعبیئەو تەنزیم: ٦٨
- تەختیت: ٧٩
- تەحسین: ٥٣
- تەدریبو مەیدان: ٩٢

بە پلەی باش دەرچووم، ئەمە گۆڕانووەرچەرخانێکی تایبەتی بوو لە ژیانمدا، کە فێری تاقیکردنەوەو پلەو نمرەووەرگرتن ببم، کە لە ڕاستیدا کارێکی زەحمەتە بەڵام پێشمەرگایەتی سنووری موستەحیلی پێ بڕینو زۆر شتی بۆ

ژیان فێر کردین. کە ئەنجامەکانم وەرگرت، کەوتمە ئەندێشەی ڕۆژانی منالّی کە چۆن لەو خۆشییەی خوێندن بێبەشبووم کە ئێستا لە کاتی وەرگرتنی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی قوتابخانەکان لە منالّەکانی خۆم و هی تریشدا ئەبینم ئەوانەی سەرنەکەون گەشییەک دایان ئەگرێت. منیش هەمان هەلّوێستم تووشبوو کە بە پلەی باش دەرچووم.

سەفەری ئێران

دوای ئەمە سەردانێکی هەڤالّ مام جەلالم کرد بۆ سەفەر کردن، مام جەلال نەخۆش بوو کانیۆلایەکی لە دەستدا بوو، نامەیەکی بۆ کاک بەهرۆز گلالّی بۆ تاران بۆ نووسیم. ڕۆژی ٨/٢١ لە مەرزی باشماخەوە بەرەو مەریوان لەگەلّ کاک مەلا ئەحمەدی دسکەرەو کاک حەمەی حاجی مەحمودی هارونی پونگەلّەو گەرمیانی کوڕم پەڕینەوە بۆ ئێران.

لە مەریوانەوە چووینە سنە، لە دەفتەری هەواپەیمایی ئێرانی پلیتمان بڕی و لە فرودگای سنە سواری فڕۆکە بووین و بە ٣٥ دەقیقە گەیشتینە فرودگای مهرئابادی تاران. لەو کاتەدا ٢ ماتۆڕ سوار بە توندی و خێرایی خۆیان کردە ناو خەلّکەکەداو پەلاماری جانتای خەلّکیان ئەدا، ئەمانە باندی دزی و جەردەیی و دەستبڕینن لە زۆر شوێندا هەن، کە کارێکی ناشارستانییەو هەموو کارەکەیان بۆ بێهێزی دەسەلات یان دەست تێکەلّ کردن لەگەلّ کار بەدەستاندا ئەگەڕێتەوە. ئەمەش پەیوەندی بە پشێوی نائارامی بارو دۆخەکەوە هەیە.

لە فرودگاوە چووینە ئوتێلی فیردەوسی گەورە لە مەیدانی فیردەوسی، چەند ڕۆژێک لە تاران ماینەوە، بە هەلمان زانی کە زۆر شوێن و جێگا بگەڕێین. چووینە (باغ وحش) لە سەرووی تاران جێگایەکە ئەلّێی بەهەشتە، هەوایەکی زۆر فێنک و دارو درەختێکی جوان و ڕازاوەی هەیە، بە سەر هەموو شاری تاراندا ئەڕوانێ و لە بەردەم شاخی شەمیراناتدا.

ئێوارەی ڕۆژی ٨/٢٣ لای کاک بەهرۆز گلاڵی نانمان خوارد، لە پارکی نوێ کە هەمان خۆشی پارکی (باغوحشی) هەبوو. بۆ سبەینێ چووینە کۆمەڵێک کۆگای شت فرۆشتن، ئینجا چووینە چێشتخانەیەکی دلگیرو ڕازاوە بە کەلو پەلی فۆلکلۆری ئێرانی کە دیمەنێکی ئەفسووناوی پێئەبەخشین.

ڕۆژی ٨/٢٥ بوو هەڤاڵ مام جەلال لە پەروێزخانەوە گەیشتە ئێرانوپاش نیوەڕۆکەی گەیشتە تارانو منو کاک عوسمانی حاجی مەحمودو مەلا ئەحمەدی دسکەرەو کاک محەممەدی حاجی مەحمود لە ئوتێل ئیستقلال پێشوازیمان لێکرد.

ڕۆژی دواتر میوانی کاک ئەحمەد غەفەر بووین لە ڕێستیورانتی نائب، پاش نیوەڕۆکەی چووینە سەردانی هەڤاڵ مام جەلال لە ئوتێل ئیستقلال پاش ئەوەی لای پزیشکی پسپۆڕ خۆی فەحس کردبوو، تەندرووستی زۆر باش بوو. ئێوارەی هەمان ڕۆژ میوانی کاک ئەحمەد بووین لە ئوتێل ئازاد لە قاتی ٢٦ کە هەموو تارانی لێوە دیاربوو، جێیوەبیر هێنانەوەیە درێژی تاران ٧٠ کمو پانیەکەشی ٤٥ کیلۆمەترە. جگە لەوەی کە شارێکی گەورەیە زۆر خۆشیشە دیمەنی جیا جیای تێدایە، خوارووی تاران ناوچە هەژارەکەیە، ژوورووشی ناوچەی دەوڵەمەندەکانە، کە لە هەمان کاتدا شوێنی گەشتوگوزارو کات ڕابواردنە. بۆ سەردانی ئەم شوێنانە میوانی ئاغای ئەمیریو حاجی حەسەنو ئاغای مهندس بووین کە بازرگانی تاران بوون، لەگەڵ کاک نەجاتی عومەر ئاغای سوورچیدا بردینیان بۆ دەربەندی شەمیرانو ئێوارەکەشی لە ڕێستیوران (بام تهران) لە قەد چیای شەمیرانات هەر میوانی ئەوان بووین، بە ڕاستی دنیایەکی ترە، ئاوو هەوایەکی فێنک، دیمەنی قەشەنگو دڵڕفێن، هەست ئەکەی لە ژیانێکی تردای.

دوای بەسەر بردنی چەند ڕۆژێک لە تاران، ڕۆژی ٨/٢٨ بە ئۆتۆمبێل بەرەو سنە گەڕاینەوە، لە شاری ساوە لە دووری ١٢٠ کم لە تاران ئۆتۆمبیلەکەمان شکاو بە پەیکانێک چووینە سنەو لەوێشەوە بەرەو سنوورو گەیشتینەوە سلێمانی.

لیژنەی لێکۆڵینەوە

چەند ڕۆژێکی نەبرد هەڤاڵ مام جەلال بڕیارێکی دەرکرد بەم شێوەیە:

{ بڕیارمـــان دا کۆمیتەیـــەك پێـــك بێـــت بـــۆ لێکۆڵینـــەوەو ڕاستکردنەوەی وەزعی گەرمیان، بە تایبەتی لە ڕووی زەوی و زارو لاساری و لادان لە قانوون و داگیرکردنی خانووی خەڵك و ...هتد. لەم هەڤالانەی لای خوارەوە:

١. هەڤال شەوکەتی حاجی مشیر	سەرۆك
٢. هەڤاڵ عەدنانی حەمەی مینا	ئەندام
٣. هەڤاڵ عەلی شامار	ئەندام
٤.هەڤاڵ مەحمود سەنگاوی	ئەندام
٥.مامۆستا حەسەن جیهاد	ئەندام

پێویستە لە سەر هەموو فەرماندەو لێپرسراوانی پێشمەرگەو میری هاوکارییان بن و بڕیارەکانیان جێبەجێ بکەن.

بۆ پێشەوە ڕووەو سەرکەوتن.

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

١٩٩٩/٩/١٢

ئێمە یەکسەر کۆبووینەوەو سەردانێکی سنوورەکانی کەلارو کفری و خانەقینمان کردو لەگەڵ زۆر لە هەڤاڵاندا دانیشتین و داوامان لێکردن هەر یەکەو ڕاپۆرتی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە بنووسێ و مەبەستەکان بەووردی ڕوون

بکاتەوە، تاکو بەر چاومان ڕوون بێت بۆ گەیشتنە ئەنجامو بڕیار لێدان. بە ڕای من ئەو کێشەیەی کە ڕوویدا لە ئەنجامی نەشارەزاییو تێنەگەیشتن لە ناوەڕۆکی کێشەکانو بڕیاردانی سەرپێیو هەندێ جاریش هەڵەشەیی بووە، کە ئەگرا بە نەرمیو ژیرانە کۆسپەکان دەستنیشان بکرێو ڕێگە لە سەرپێچیکەران بگیرێو دۆخە گرژەکان ئاسایی بکرێتەوەو نەگاتە ئاستی تەقینەوە، کە کەسێکی تیا بکوژرێو ئۆتۆمبیلی ئاسایش بسووتێنرێ. کە دواتر باجەکەی دراو بە شێوازی عەشایەری کوشتنی کابرا چارەسەر کراو کرایە شەهیدیش.

زۆریشی نەبرد کەسو کاری ئەم کابرایە بە فیتی دەزگا جاسوسیەکانی ڕژێم دەستیان لە پێشمەرگەی دێرین حەمە تارانیوەشاند کەوەکو پۆلیس لەو کارەدا بەشدار بوو. دوای شەهید کردنی حەمە تارانی بکوژەکانی خۆیان گەیاندە لای ڕژێم.

هەڵبژاردنی مەڵبەندی پێشمەرگە

هەر لەم ڕۆژانەدا بوو کە هەڵبژاردنی مەڵبەندی پێشمەرگە کرا، هەڤاڵ مام جەلالووتارێکی باشی خویندەوە، کاک کۆسرەتیش قسەی خۆی کرد. ئینجا پرۆسەی هەڵبژاردن دەستی پێکرد بۆ دەستنیشانکردنی دوو جێگر مەڵبەندو کارگێرەکان. لە ئەنجام داوەستا ڕەسوول دەنگی یەکەمو ئاریز عەبدوللا دەنگی دووەمی هێنا بۆ جێگری مەڵبەند، ئەمە شێوازێکی دیموکراسیانەیە، کە لە ناو هێزی پێشمەرگەدا هەڵبژاردن بکرێ بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەرانی ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی کارو بارەکانو پێشخستنی ئاستی فیکریو پێگەیاندنی پێشمەرگەو پەروەردەکردنیوەکو مرۆڤێکی سیاسی بۆ ئایندەی کورد. چونکە پێشمەرگەش ئەندامی حیزبنووەك چۆن لە بواری کاری سەربازیدا بەشداری

بەرچاو ئەکەن، گیان فیدایی ئەنوێنن، ئەگرێ لە مەیدانی سیاسیشدا هەڵوێستیان هەبێو توانای خۆیان دەربخەن‌و پیاوی‌ووشیارو هەڵکەوتوویان لێ پەیدا ببێت.

هەر لە سەرەتای بەر پابوونی شۆڕشی نوێوە، بایەخی تەواو بە لایەنی‌ووشیاری پێشمەرگە داوە، لە ڕێگەی دانانی ڕابەر سیاسی‌و لێپرسراوی ڕێکخستن‌و کۆبوونەوەی چڕو پڕو دەرکردنی بڵاو کراوەو دابەزاندنی ڕێنوێنی‌و پەخشکردنی بەرنامەی ئیزگەیی‌و ڕۆژنامەیی. بۆ ئەم ڕۆژگارەش‌وەکو ئەرکێکی پێویست گرنگی بە کاری پێشمەرگایەتی ئەدرێ بۆ ساز دانیان نەك هەر بۆکاری شەڕو بەرگری، بەڵکو بۆ بنیاتنانەوەی کوردستان‌و سەقامگیرکردنی ئاشتی‌و پاراستنی دەستکەوتەکان. بۆ ئەمەش ئەبێت لێپرسراوو نوێنەرەکانیان لە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن‌و پلەیەکی باشی پێگەیاندندا بن، تاکو هێزێکی مۆدێرنی هاوچەرخ ئامادە بکرێ بۆ ڕاژەکردنی بەرژەوەندی دواڕۆژی کوردو کوردستان.

کۆبوونەوەی ئۆپۆسزیۆن

ڕۆژی ٩/١٧ هەڤاڵ مام جەلال بەرەو تاران کەوتەڕێ بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەواشنتۆن، کە بە چاودێری ئیدارەی ئەمریکا ئەنجام ئەدرا. ئەم کۆبوونەوەیە گرنگی مێژوویی خۆی هەیە کە کورد ڕۆڵێکی دیارو بەرجەستەی هەیە، چونکە لە نزیکەوە چاویان بە گەورە بەرپرسانی ئەمریکا ئەکەوێت. سەرکردەکانی کوردیش بە ڕاشکاوی‌ووردی مەسەلەی کوردو پەیوەندی بە دواڕۆژی عێراقەوە ئەخەنە ڕوو، هەروەها ئاماژە بەو گرفت‌و کۆسپانە ئەکەن کە کورد پێوەی ئەناڵێنێ، هەر لەم پێو دانگەوە بوو هەڤاڵ مام جەلال لەم گەشتەیدا چاوی بە مادلین ئوڵبرایتی‌وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کەوت‌و لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقیشدا دانیشتن.

هەڤاڵ مام جەلال لەم کۆبوونەوەیەدا داوای یارمەتی نێو دەوڵەتی‌و بە دەنگەوەهاتنی دەوڵەتانی دنیای کرد، دژی تەعریب‌و پاکتاوکردنی ڕەگەزی گەلی کورد.

مناڵەکان.. بۆ هەندەران

دەمێك بوو ئەمویست مناڵەکانم بەرەو هەندەران بەڕێ بکەم، لەو هات‌و چۆ کردنانەمدا بۆ ئێران ڕێگەم خۆش کردبوو بۆ ئەم مەبەستەو لە ڕێگەی هەندێ دۆست‌و ناسیاوەوە لە ئێراندا بەرنامەکەم سەریگرت‌و لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی یەکێتییەوە لە سلێمانی هەماهەنگی کرا بۆ گواستنەوەی مناڵەکان‌و ڕۆژی ٩/٢٦ ئاگادار کرامەوە کە بۆ سبەینێ لە پەروێزخانەوە ئامادەبین بۆ پەڕینەوە.

ڕۆژی ٩/٢٧ لە مەرزی پەروێزخانەوە چووینە قەسری شیرین و دواتر کرماشان‌و لەوێشەوە کاتژمێر ٧ ی ئێوارە بە ئۆتۆمبێل بەرەو تاران بە ڕێکەوتین. لە زاڵگەی نزیك هەمەدان گرتینیان، ئیهانەیەکی زۆریان کردین، تەنانەت هەموو جلی مناڵەکانیان تێکدا، دیاربوو پێش‌وەخت ئیخباری کرابووین، چونکە تەنیا دوو ئۆتۆمبیلەکەی ئێمەیان ڕاگرت. کە چووینە تاران لە ئوتێل ئەتڵەس لاماندا‌و پاشان گواستمانەوە ئوتێل فەردیس.

ڕۆژی ٩/٢٩ چوومە ماڵی ئەبو ئەزهارو بڕی ١١ هەزارو حەوسەدو پەنجا دۆلارم پێدا بۆ ڕەوانە کردنی مناڵەکانم لە تارانەوە بۆ سوید. کە پارەیەکی زۆر بوو، بەڵام ڕەوانە کردنەکە مسۆگەر بوو، گرتنی تیا نەبوو، مەگەر یەکێك نەشارەزاو بێئاگا بێت، ئەگەرچی ئەمە خۆی موجازەفەیە.

ڕۆژی ١٠/٦ کاتژمێر ٣ی عەسر لە فرودگای میهرئابادەوە مناڵەکانم سواری فڕۆکە بوون بەرەو سوید. کە مناڵەکان خواحافیزییان کرد ساتێکی خەماوی بوو، دڵم گوشرا، کە گەڕامەوە ئوتێل‌و چوومە ژووری مناڵەکان کەسی لێنەبوو. چۆڵ‌وهۆڵ بوو، زۆر بێ‌تاقەت بووم‌و تووشی تەنیایی‌ەکی

سەیر بووم و گریانێکی بە کوڵ سەری لێدام. دابڕان لە ماڵ و منداڵ زۆر ناخۆشە، وەنەبێ ئەمە یەکەم دوور کەوتنەوەو دابڕانم بێت. بەڵکو چەندین جاری تر لێیان دوور کەوتوومەوتەوەو بیرم کردوون، بەڵام هیچیان بە ئەندازەی ئەم جارە کەفوکوڵی لا نەووروژاندووم.

دوای ماوەیەکەوە سەر خۆهاتمەوەو ئاسوودەییەکم پیا هاتەوە، کە ئەوان ئەچنە وڵاتێکی خۆش و پێشکەوتوو ئارامی ئەم دنیایە، هەر هیچ نەبێت پاشەڕۆژێك بۆ خۆیان فەراهەم ئەکەن، زمان و زانست و شارەزاییەك وەدەست ئەهێنن کە سوودی بۆ گەلەکەمان هەبێت. ڕۆژی دواتر گەڕامەوە کرماشان و لەگەڵ عوسمانی برامدا قسەم کردو هەواڵی منداڵەکانم زانی کە گەیشتوونەوتە شوێنی مەبەست.

ڕۆژی ١٠/٨ گەڕامەوە قەسری شیرین و بۆ ئێوارەکەی گەیشتمەوە سلێمانی. ڕۆژی ١٠/١٣ هەڤاڵ مام جەلال لە گەشتەکەی ئەمریکای گەڕایەوە بۆ کوردستان. ڕۆژی ١٠/٢٠ لەگەل هەڤاڵ مام جەلال و کاك جەبارفەرمان و کاك شەوکەتی حاجی مشیردا لە ناڵپارێز سەردانی هێزی مستەفای لەشکری بەدرمان کرد. جێگری فەرماندەی گشتی هێزەکانی بەدر حاجی مەهدی و حوجەتی ئیسلام بەدری لێپرساوی نووسینگەی لەشکری بەدر، لە سەردانەکەماندا وەسفێکی هەڤاڵ مام جەلالیان کردو مامیش ووتەیەکی گرنگی پێشکەشکرد.

کۆبوونەوەی فەرماندەیی گشتی

هەڤاڵ مام جەلال هەرجارێك چووبێتە گەشتێكی دەرەوەی کوردستانو گەڕابێتەوە کۆبوونەوەی لە بارەی ئەو گەشتەو کارەکانی پێکردووین، ئەوەی کە پێویست بێو پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێتوەکو فەرماندەیی گشتی.

بۆیە لە ڕۆژی ١٠/٢٥ لە بارەگای فەرماندەیی گشتی بە سەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلالو ئامادە بوونی کاك جەبارفەرمان جێگری فەرماندەییو کاك فەرەیدوون عەبدولقادر لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگەو هەموو کارگێڕەکانی فەرماندەیی گشتی، کۆبوونەوەی فەرماندەیی گشتی ئەنجامدرا.

هەڤاڵ مام جەلال باسی گەشتەکەی بۆ ئەمریکا کرد، کەوا ئەمریکیەکان دەرك بە هەموو کێشەکانی کوردستان ئەکەن، ئاگادارن کەوا ئێمەوەکو ئۆپۆزسیۆن پێشەنگی هێزەکانی سەر ساحەی کوردستانین، دەرك بەوە ئەکەن ئێمە ئاشتیمان ئەوێو پارتیش خۆی لێئەدزێتەوە.

ئەمریکا نامەیەکی بۆ یەکێتی ناردووە کە هەڤاڵ مام جەلالوەکو سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن کاربکاتو بەڵام یەکێتی قایل نەبووەو داوایان کردووە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بێتە ناوچەکانی یەکێتی، لەوەڵامدا پێیانووتوون ئەگەر ئێوە لە کاتی پەلاماری عێراقدا لە ئاسمانو زەوییەوە پشتیوانیمان لێبکەن ئامادەین.

لەبارەی حوکمی فیدراڵیەوە ئەمریکیەکان بە نامە دووپاتیان کردووەتەوە، بەشێك لە ئەمریکیەکان ئەڵێن ئێمە سیاسەتی تایبەتی خۆمان لە

سەر کێشەی کورد هەیەو سەرۆکی ئەمریکا ئەڵێ: کورد ئەگەر بتوانێ حوکمی خۆی بکاتو لە ناویەکدا بە شەڕ نەیەن هەقوایە دەوڵەت بن. لە سەر کێشەی پەکەکە ئەمریکیەکان ئەڵێن ئۆجەلان پیاوێکی بێ هەڵوێستو ترسنۆکەو هەموو کێشەکەی کردە قوربانی خۆی، لەو دادگایەدا ئەیتوانی خۆی بکاتە ماندیلای کورد. هەروەها ئەمریکیەکان لە سەروەزعی کورد لە ئێراندا پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەو دیموکراتو هەندێ کەسایەتی کوردا بکەن. ئەمریکیەکان هەندێ بەڵێنیان پێداوین لە رووی هاوکاریکردن بە چەکی دژە تانكو دژە فرۆکەو جیهاز. ئەمەش لە خۆیدا هەنگاوێکی باشە لە جۆری پەیوەندیو هەڵوێستی سیاسی نوێ کە گۆڕانێکی جیدی نیشان ئەدا لە لایەن ئەمریکاوە بەرامبەر بە کورد، کە دەمێك چاوەڕوانی هەلێکیوابووین لەو بێدەنگییە دەربازمان بکاتو لامان لێبکرێتەوەو چیتر تەنیاییو پیلانە ئیقلیمیەکان نەمان خۆن.

هەڕەشەی عێراق

هەموو جارێك کە گۆڕانێك لەگۆڕەپانەکەدا دێتە پێشەوەو لە دەرەوە باسێکی کورد ئەکرێ. ڕژێمی عێراق ئەکەوێتە هەڕەشەو گورەشە کردنو هێز کۆکردنەوە لە سەر سنوورەکان، بە مەبەستی هێرشو پەلاماردانەوەی کوردستان، ئەمەش گەرچی لە توانیادا نەبێ بەڵام ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی لە سەر دڵو دەروونی خەڵك هەیەو ئارامی دۆخەکە ئەشێوێنێو ترسیان لێئەنیشێ. ئەو کۆبوونەوانەی ئۆپۆزسیۆن لەواشنتۆنو هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراقوایکرد عێراق هێزێکی زۆر کۆبکاتەوە.

لە بەرامبەر دا ڕۆژی ١١/١٤ فەرماندەیی گشتی بە سەر پەرشتی کاك جەبارفەرمان کۆبوونەوەیەك سازکرا، باسی هەلومەرجی نوێو پەیوەندیەکانمان لەگەڵ دنیادا بەتایبەتی لەگەڵ تورك بەرەو باشی ئەچوو، بۆ

عێراقیش بڕیاردرا لە باری ئامادە باشیدا بین‌و غافلگیر نەبین‌و چاوەڕوانی هەموو ئەرکێك بین‌و بڕیاریش درا هێزەکانمان بەم شێوەیە لە شوێنەکاندا دابەشبکرێن:

ـ فەرماندەیی کەرکوك: سنووری دەربەندی بازیان تاکو چەمچەماڵی پێسپێردرا. لە سەر شاخی دەربەندی بازیان پێنج تیپ دابمەزرێت، بیست بیکەیسی‌و شەش دۆشکای ١٤٫٥ ملم بۆ هەردوو بەرەی دەربەندی بازیان، جادەکەی قوڵەڕەش بۆ سەر شاخ چاك بکرێ بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل بەرەو پشتی تەوەکەڵ

ـ فەرماندەیی بابە گوڕگوڕ: لە سەر ڕێگەی تەقتەق بەرەو ئاغجەلەر دائەمەزرێن.

ـ فەرماندەیی سلێمانی: لە تاسلووجەو سەر شاخی سەگرمە ئەبن.

ـ فەرماندەیی سەگرمە: لە گەڕاوی سەرووی قادر کەرەم تاکو سەنگاو دائەمەزرێن، ئەگەر هێرشیان بۆ کرا لە گەڕاوی نەتوانرا شەڕ بکرێ ئەوا لە شاخی زەنووری نزیکی ئاوە بۆرەکە تاکو سەنگاو شەڕ ئەکەن، لە گردە مەنیلەش بەرەیەکی تر درووست ئەکەن.

ـ فەرماندەیی گەرمیان: ئەم سنوورە فراوانەو سێ قۆڵ ئەگرێتەوە:

کفری ـ ناو داودە

کەلار ـ سمود

بنکورە ـ قۆرەتوو

لە هەموو ئەو شوێنانە دائەمەزرێن‌و فەرماندەیی شارەزووریش لە نزیك باوەنوورو دەربەندیخان پێشتیوانیان ئەکەن. بەم بۆنەیەوە هەموو هێزەکانمان کەوتنە ئینزارەوەو هەموویان لە شوێنە دیاریکراوەکاندا جێگربوون، ئەگەر چی بۆچوونێکیش هەبوو کە ئەم کارانەی ڕژێمی عێراق بۆ ماندوکردن‌وئاڵۆزی درووستکردن‌و بێ‌وورە کردنی پێشمەرگە بوو. بەشێك بوو لە شێوازی جەنگی دەروونی، ئەگینا بە فیعلی هێرش ناکات. بەڵام ئێمە خۆمان

ئامادە ئەکردو پێشمەرگەمان ڕائەهێنا بۆ ئەوەی سارد نەبنەوەو فێڵەکانی دوژمنمان بە سەرا تێنەپەڕێو خەڵکیشمان دڵنیا ئەکردە لە هەر ئەگەرێکی چاوەڕوان نەکراو.

بۆ زیاتر دڵنیا بوونیش ڕۆژی ١١/١٥ لەگەڵ کاک جەبار فەرمانو لیوا نەوشیروان فوئاد مەستیو لیوا خلیل دۆسکیو کاک دلێری سەید مەجید سەردانێکی قۆڵی سەنگاومان کردو شوێنی دامەزرانی پێشمەرگەکانمان بینیو ڕێنوێنی تایبەتیمان کردو لەگەڵ فەرماندەو لێپرسراوەکانیان کۆبوونەوەمان کرد.

هەروەها ڕۆژی دواتر لەگەڵ کاک جەبار فەرمانو لیوا نەوشیروانو کاک شەکەوتی حاجی مشیر چووینە سنووری گەرمیانو بەرەکانی ئەوناوەمان بەسەر کردەوەو لە چۆنێتی جێبەجێکردنی کاروبارەکانو دابەشبوونی هێزەکانو پێداویستییەکانیان قسەمان لەگەڵ لێپرسراوەکانیاندا کردو لە گەڕانەوەشماندا سەردانی هێزەکانی فەرماندەیی شارەزوورمان لە قەترەو دەوروبەری دەربەندیخان کردو لەگەڵیاندا باسی هەموو ئەگەرەکانی بارودۆخەکەمان کرد. ئێمە بۆ هەموو ئەگەرەکان ڕێوشوێنی باشمان دانابوو، لە هەر بارێکدا بێت خۆمان ئامادەو تەیار کردبوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنو بەرپەرچدانەوەی هەر کردارێك بەو تواناو کەرەستە کەمانەی هەمان بوو. چونکە باوەڕمان بە هێزی لە بن نەهاتووی شۆڕشگێڕانەی خۆمان هەبوو کە ئەو دوژمنە داگیرکەرە ڕەت بکەینەوە، نەهێڵین سنوورمان ببەزێنێ. پێشمەرگەو فەرماندەکانیشمان بەو پەڕی دڵگەرمییەوە خۆیان ساز ئەدا بۆ هەر کارێکی پەلاماردەرانەی ڕژێم. چونکە بڕوایەکی پتەوو بەتینمان بە شەڕی داگیرکەر هەبوو کە هەمیشە مەترسی لەناو بردنی کوردی لە بەرنامەی شەڕخوازانەیدا داڕشتبوو. دوژمنەکانی کورد بۆ ساتێکیش دانانیشنو بێدەنگ نابنو هەردەم لە پیلان داڕشتن دان دژی چارەنووسی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا بێت.

فەرمانی لە سێدارەدانی ئۆجەلان

ئــەوەتا دادگـای ئاسایشــی تورکیـا ڕۆژی ١١/٢٥ جـارێکی تـر حـوکمی لـە سێدارەدانی بەسـەر ئۆجەلانـدا تـازەکردەوە. لای ڕژێمـی تـورکی گـەر چـی ئـەو خەڵکانەی لە سەر سیاسـەتو کـاری حیزبـی قەدەغـەکراو ئـەگیرێنو لـە دادگـادا بڕیـاری لـە سـێدارەدانیان ئـەدرێ ئەمـەوەکو یاسایەکی چەسپاو هەیـە بـەڵام دەمێکـە جێبـەجێناکرێ. چـونکە تورکیـا گوشـارێکی زۆری لەسـەرە لـەڕووی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە. ئەوروپاییەکانیش کۆمەڵێك مـەرجیان لەسـەر دانـاوە بۆ ئەوەی لە خانەی ئەورووپیداوەربگیرێ، ئەبێ ئەو مەرجانە دابین بکـات تـاکو لەو خانەیەدا خۆی ببینێتەوەو باری ئابوری لاوازو تێکچووی چاك بکاتـەوە کـە زۆربەی بوودجەکەی بۆ کاری عەسکەرتاریو چەکسازیو بەرنامەو نەخشەکاری بـۆ تواندنــەوەی کـوردو لـە نـاوبردنی جوڵانەوەکـەی خـەرج ئـەکات. ئەمـەش بارگرانیـەکی ئـابووری بـۆ درووسـتکردووە. هـەموو ئەمانـەش لـە تێڕوانینـی شۆڤێنیانەی تورانیزمەوە سەرچاوە ئـەگرێ کـە بـڕوای بـە بـوونی نەتـەوەی تـر نییـەو تـەنیا بـوونی خۆیوەکـو نەتـەوەی بـاڵا ئەبینێتـەوە. بۆیـە قەدەغەیـە کەسـێك باسـی مەسـەلەی نەتەوایـەتی بکـات لـە چوارچـێوەی حیزبێـك یـان شۆڕشـێکدا. زیندانـەکانی تورکیـا بەڵگـەی زینـدووی ئـەو ڕاستیەن کـە ڕژێمـی تورکیای کۆنەپەرست چ جۆرە سیاسـەتێکی ڕەگەزپەرستانە بەرامبـەر بـە کـورد پەیرەو ئەکات.

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە زۆر دوورە ئەو بڕیاری لـە سـێدارەدانە بـە کـردەوە جێبەجێ بکرێ. نەك لەبەر ئەوەی گوشاری زۆری لە سەرە لە لایـەن ڕای گشـتی ئەورووپاوە، بەڵکووەکو هەڵوێستو هـەنگاوێك بـۆ پووکانـەوەی ئۆجـەلان خـۆیو حیزبەکەیشـی. هـەر لـە زینـدان ئەیهێڵێتـەوەو تلپـی تـەڕی تێـدا نـاهێڵێو بەردەوامیش باری پێئەکاتو داخوازییەکانی بە سەردا ئەسەپێنێ بۆ کارکردنـە

سەر حیزبەکەی‌و ئەندام‌و لایەنگرەکانی تاکو بەرەکانی شەڕ چۆڵ بکەن‌و دەست لە خەبات هەڵبگرن‌و تورکیا لە مەترسی کورد ڕزگاری بێت.

سەیرە ئۆجەلان‌وەکو سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ خۆی بە دنیا ناساند، بەڵام تاقە یەك کاتژمێر لە شاخەکانی کوردستاندا شۆڕشی نەگێڕاوە، بەڵکو لە پەناوولاتێکی تردابە نامەو تەلەفۆن بەرنامەی داناوەو بڕیاری داوەو خەڵکەکەی ئاراستە کردووە. کە لەوووڵاتەشدا ئازاد نەبووە، بەڵکو جۆرێك دەستبەسەر بووەو هەواڵگری ئەوووڵاتە ئاگای لە هەموو جموجووڵەکانی بووەو بێئەوان نەتوانراوە هەندێك کار بکرێ. هەر شۆڕش‌و جووڵانەوەیەکیش سەربەخۆیی کارو بڕیاری خۆی لە دەستبدات بە ئیفلیجی ئەمێنێتەوەو ناگاتە دوا قۆناغی مەبەستەکانی خۆی، یان زۆر بە ئاسانی ئەبێتە پارووییەکی چەوری پیلانە نەگریسەکانی دوژمن.

بە داخەوە زۆر سەرکردەی کورد کە ئەو شەرەفی سەرکردایەتیەیان پێئەبەخشرێ لە بواری خەبات کردندا،ووریایانە ناچنە ناو چوارچێوەی هاوکێشە سیاسیەکانەوەو بە قووڵی لێکۆڵینەوە لە هەلومەرجەکان ناکەن،واقیعەکان ناخوێننەوە، لە دووژمن‌و نیازەکانی بە باشی ناگەن، زۆر جار بێ لێکدانەوە یان بە ناچاری سواری ئەسپی هەناسە سواری بۆچوونە ناکامڵەکانی خۆیان ئەبن‌و لەو سەرەوە بە گلاوی‌و سەرو پووتەلاك تۆزاوییەوە ئەگەڕێنەوەو کوردیش دوای ئەو هەموو گیانبازییە هەناسە ساردو خاکە سار.

مردنی سەرۆکی تیرەی تەرخانی

ڕۆژی ١٢/٨ تەلەفونیان بۆ کردم کە حاجی ڕەفعەتی تەرخانی لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەی لە مزگەوتی عەبدوڵڵا لوتفییە، بە پەلە چوومە ئەوێ‌و دوای کۆبوونەوەی خزمان‌و دۆستان تەرمەکەیمان بەرەو کەلارو دوا ئارامگاکەی بەڕێکرد. ڕۆژی ١٢/٩ لەگەڵ کاك جەبار فەرمان‌و کاك

عومەری سەید عەلی‌و کاک عەدنانی حەمەی میناو م. عەلی بەرەو کەلار بەڕێکەوتین بۆ بەشداری کردن لە پرسەکەیدا.

حاجی رەفعەت سەرۆکی تیرەی تەرخانی کە یەکێکە لە تیرەکانی جافی مورادی. پیاوێکی خانەدان‌و بە دەسەڵات‌و خاوەن ڕێز بووە لە ناو تیرەکەی خۆی‌و هۆزەکانی تریشدا. تەنانەت دۆستێکی نزیکی هەڤاڵ مام جەلال بووەو بە چاوی ڕێزەوە تێی ڕوانیوەو پێشوازی لێکردووە. پیاوێکی بە هەڵوێست بووە، گەرچی نەخوێنەوار بووە، خراپەی نەبووە، دژی گەلەکەی نەوەستاوە، لە زەمانی ئەنفالدا بەر ئەو شاڵاوە نامرۆڤانەیەی ڕژێمی بەعس ئەکەوێ.دوای ماوەی چەند مانگێك لە بەر تەمەن گەورەیی لەگەڵ ژمارەیەك خەڵکی تردا ئازاد ئەکرێ‌و ئەگەڕێتەوە کەلار بەڵام بەشێکی زۆری خێزانەکەی لەو بیابانەدا نایەنەوەو هەتا هەتایە بێ سەرو شوێن ئەبن. حاجی رەفعەت لە نوگرە سەلمان زۆر یارمەتی ئەو خەڵکە هەژارو ڕەشوڕووت‌و کەم دەرامەتە ئەدات، کە هیچیان پێنابێ ئەم بە پارەی خۆی شتیان بۆ دابین ئەکات.

هەر ئەم ڕۆژە پاش کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق‌و بەشداری لە کۆنگرەی سۆسیال دیموکرات، هەڤاڵ مام جەلال بێئەوەی کەس ئاگاداربکاتەوە لە دەرەوە گەڕایەوە خاکی نیشتمان.

گرفتەکانی پەکەکە

تا لەم کاتانەدا ئێمە لەگەڵ پەکەکەدا نێوانمان خۆشنەبوو، ئەوان لەو بناری قەندیلەوە هەڕەشەیان لێئەکردین‌و گرفتیان بۆ ئەنایەوەو کوردستانی باشووریان کردبووە مەیدانی کارو چالاکیان، لە بری ئەوەی لە کوردستانی تورکیا جموجوولیان هەبێ‌و دامودەزگاکانی ڕژێمی تورکیای کەمالی بۆ چالاکییەکانیان دەستنیشان بکەن، کەچی بە فیتی دەوروبەر پەکەکە ئێمە بە دوژمن ئەزانی‌و ئەزموونی دیموکراتی‌و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێ هەرس ناکرێ بە توندی دژایەتی ئەکەن‌و بە دەستکردی ئیمپریالیزمی

دائەنەن،وەنەبێ ئەمانە لە سنووری تورکیاوە هاتبن‌و لەم دەڤەرەی ئێمـەدا جێ پێی خۆیان بکەنەوە، بەڵکو لە بەشەکانی تـری کوردستانەوە هـەواداریان پەیـدا کردووەو هاتوونەتە ڕیزەکانیانەوە، بگـرە بەشێکی زۆر سووری‌و ئێرانیـەکان بـە ڤیتی دامودەزگاکانی ئەووولاتانە پەیوەنـدییان پێـوە کـردوون، نـەك هـەر ئەمـە بەڵکو خەڵکی غەیری کوردیشیان لەگەڵدایە. کـە ئەمـەش دیـارە بـۆ چـی..؟! بـۆ زیـاتر پشـێوی نانـەوە بـە دژە هێـز ئەنێرنـە هەنـدێ ناوچـە کـە ئـەبێت ڕێگـە نەدرێن‌و کلك‌و گوێ بکرێن.

چـەمی ڕێـزان ناوچـەیەکی سـەخت‌و دژوارە، ئـەوان مـەڤرەزەیان بـۆ ناردبوو، تا لەوێوە ئاڵۆزی بنێنـەوە، بۆ بـەر پەرچـدانەوەیان هـەڤاڵ مام جـەلال ئاگاداری کردمەوە کە هێزێك پێکبهێنین‌و کیومالّی ئەو ناوچەیەی چەمی ڕێزان بکەین‌و نامەیەکیشی بۆ کاك لەتیفی حـاجی فـەرەج‌و کـاك فـاتیح حەمـە ڕەش نووسیبوو:

هەڤاڵ لەتیف حاجی فەرەج بەرێز

هەڤاڵ فاتیح حەمە ڕەش بەریز

سلاوێکی گەرم.

هەموو لەشکرە تایبەتـەکانتان لەگـەڵ خۆتـان‌و کـاك مـەحمود سـەنگاوی ئەبەنە سـەر ناوچـەی چـەمی ڕێـزان بـۆ ئـەوەی ئـەو چـەکدارانەی پەکەکـە کـە دزەیان کردووە ناچار بکەن بگەڕێنەوە بۆ قەندیل یـان چـەکیان بکـەن‌و خۆتـان بیان نێرنەوە بۆ ئەوێ. پێویستەوەك بە کـاك مەحمودیشم گوتـووە کـە ئـەکرێ بە خۆشی‌و بە ئاشتی ئەو کارە بکەن.

هەر بژین بۆ

برای دڵسۆزتـان

هەڤاڵ مام جەلال

١٩٩٩/١٢/٢٥

هێزەکان بریتی بوون لە:

فەرمانـدەیی دووکـان: بەسەرپەرشـتی فـاتیح حەمـە ڕەش. لـە سـوور قاوشان‌و سرتەوە بەرەو چەمی ڕێزان.

فەرمانـدەیی سـلێمانی: بەسەرپەرشـتی لـەتیفی حـاجی فـەرەج. لـە کەڵەشێرەو کانیبی بەرەو چەمی ڕێزان.

منـیش لەگـەڵ دەسـتەکەی خۆم‌وەکـو کارگـێڕی فـەرمـاندەیـی گشـتی سەرپەرشـتی ئـەو کـارەم ئـەکرد. هێزەکانمـان هەریەکـە لـە قـۆڵی خۆیانـەوە جووڵان، بـەڵام ئـەوان پـێش ئـەوەی ئێمـە بگەینـە سـەریان رایـانکردبوو دیـارە زانیاریـان پێگەیشـتبوو کـە ئەچـینە سـەریان. بۆمـان دەرکـەوت کـە بـەرەو قەڵاسێوکە بڵاوەیـان لـێ کردبـوو، گـرنگ ئـەوەبوو ئـەوان ئـیتر لـەو شـوێنەوە مەترسیان بۆ ئێمە درووست نەئەکرد. دوای ئەوەی ئـەو ناوچەیەمان بـەووردی پشـکنی‌و زانیاریمـان لـە سـەریان کـۆ کـردەوەو گەشـتێکمان تێـداکردو بـەرەو بنکەکانی خۆمان گەڕاینەوە.

ئاوا بوونی

سەدەیەك

لەگەڵ ئاوابوونی ئەو دەستە سەرلێشێواوانەی پەکەکە،ساڵیش بەرەو ئاوابوون ئەچوو، ڕۆژگاریش لە تەمەن لار ئەبووەوە لەگەڵیشیدا هەنگاوەکانی سەدەی بیستەم خێراتر ئەبووەو لەگەڵ خۆیدا لە ماوەی سەد ساڵی ڕەبەقدا هەزاران ڕووداوو کارەساتو قەومانی گەورەو گۆڕانی فراوانو پێشکەوتنی شارستانی بەربڵاو لە ژیانی مرۆڤ دا بەرپا بووکە گەورەیی عەقڵی مرۆڤایەتی نیشان ئەدات، لەگەڵیشدا چەندین شەڕی جیهانو سەدان شەڕی بچووکتر لە لایەن داگیرکەرو دژ بە چەوساوەکانی جیهاندا، بەرپا بوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە گەورەترینوەرچەرخانی سەدە بوو کە بووە هۆی کێبەرکێ لە نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاواداو لەوێشەوە شەڕی سارد بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بوو.. هەڵایسا، دامودەزگای جیهانی لە بابەتی نەتەوەیەکگرتووەکانو ئەنجومەنی ئاسایشو..هتد دروستکران، چەندین سیستمی حوکمڕانی لە بابەت کۆمنوێڵسو یەکێتی سۆڤێت پەیدابوون، کۆڵۆنیاڵی بەشێوازی کۆن نەماو زۆربەیووڵاتە ژێردەستەکان ڕزگاربوونو دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندو ئاڵایان لە نەتەوەیەکگرتووەکان ئەشەکێتەوە. هەندێ میللەتیش بوونە ژێر پێی سیاسەتی چەپەڵی زەبەلاحی جیهانیوەکو ئەرمەنو فەلەستینیو کورد بەڵام هیچیانوەکو کورد نییە. کورد توندترین چەپۆکی زەمانەی بەرکەوت، ڕووبارێکی دوورو درێژ لە خوێنو خەمی هەڵڕشت. ئازاری تاقەت پڕووکێنی بەدەست دوژمنەکانیەوە چەشت، داگیرو دابەشکرا، مافەکانی

به توندی لێزەوتکرا، ناسنامەی نەتەوەیی شێوێنرا، تا دواجار کیمیایی بە سەرا ڕژێنرا،وازیشی لێنەهێنرا تا بە سەدان هەزاری لێ ئەنفالکرا.

بەڵام ئەم هەموو تاوانە بەرنامە بۆ دارێژراوانەی سەردەم بێ وەڵام نەبوون، پیلانە ڕەشەکانی دوژمنان چەندە دۆزەخی بن بۆ لەناو بردنو تەفرو توناکردن، توانای تەکنیکیو سەربازیان چەندە فراوانو بەهێز بێت، بەڵام نەتەوەی بچووكو ژێر دەستەی وەکو کوردیش لە ئاست ئەو ستەمو دەست درێژییانەدا پرکێش بووە، ئازایەتی خۆی نیشانداوە، قارەمانەتی تۆمار کردووە، دەری خستووە کە لە دڵی ژیاندا زیندووە سەرەڕای هەموو گوشارەکان نامرێ.

لە ناو دارو پەردووی ئەم ژیانە تراژیدیەی کورددا ئەمە بەسەرهاتی خەڵکی ئێمەمانان بووە، کە پڕبووە لە شەڕو شۆڕ ئازارو دەردی سەری، باڵامان لە خوومخانەی کارەساتدا هەڵکێشرابوو. خۆشترین تافەکانی ژیانمان لەو پرۆسە تفتوتاڵانەدا بە سەر ئەبرد، قەدەری کورد بۆ ئێمەی وایهێنابوو ئەرکێکی گەورەو گران لە سەر شانمان بێ، ئەبوایە بە دڵسۆزییەوە بیگەیەنینە شوێنی خۆی، پیرۆزترین شت لامان خۆبەختکردن بوو بۆ ڕزگاری کوردو کوردستان، کەسی ژێر دەستە نازانێ چێژی ژیان چییە.!

دوای ئەو هەموو ڕەنجو ماندوو بوونو ئارەقە هەڵڕشتنو خوێن بەخشینو کەفو کوڵی ناخی شۆڕشگێرانەو تاسەی گەیشتنە ئاوات، لە دوا دەیەی سەدەی بیستەمدا لە بەر بەستی پێخستنە دەروازەی سەدەیەکی نوێدا گۆڕانێکی سیاسی مەزن بە سەر دۆزی کورددا هات، ڕاپەڕینی سەرتاسەری لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆریو کۆڕەوی ملیۆنی، کوردی بە دنیا ناساند، ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی هێنایە کایەوە، کە هەڵبژاردنی گشتیو دامەزراندنی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێرسکا. کە دواتر لە شەڕێکی ناو خۆییدا ماڵوێرانییەکی تری بە دوادا هات.. دوای چوار ساڵ لە سەنگەر گرتنو تەقو تۆقو لەشکرکێشیو هەڵڕشتنی لافاوی خوێنو ئاوارە بوون ئاو بەسەر ئەو ئاگرەشدا کراو بارێکی نوێ هاتە ناوانەوە، کە نەشەڕی گەرمو نەئاشتی ڕاستەقینەی تێدا دەرنەکەوێت.

پارتیزانەکان
لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمدا

زۆربـەی دەزگـا جاسوسـییەکانی ڕژێـم هەوڵـەکانیان بـۆ چـاودێری جموجـووڵی شـۆڕش‌و تێکۆشـەرانی کوردایـەتی خسـتبووە کـارو دەیـان تـۆڕی نهێنییان پێکەوە نابوو کە بە سەدان‌و هەزاران کەس لە ناویدا جمەیان ئـەهات‌و زانیاری‌و دەنگوباسەکانیان لە ڕێگەی هەواڵدەرو خەفیەکانیانـەوە کۆ ئـەکردەوە بۆ لە داونانی پێشمەرگە قارەمانەکان یان تێکۆشەرانی ڕێکخستنەکانی ناو شارو شارۆچکەو ئۆردووگاکان.

تێچووی ئەم دەزگایانە زۆر قەبە بوو چونکە ئەرکەکانیان گران‌و فراوان بوو، لە چەندین لای جیا جیاوە سەریان کردبووە لاشەی ئەم گەلە داماوەی کوردو شۆڕشەکەی‌و بە دەیان هۆکاری جیا جیاویستوویانە خۆیان بگەیەننە مەبەستە چەپەڵەکانیان.

وەنەبێ ئەم دەزگایانە هەر بە تەنیا پیاوی دڵسۆزی پلە یەکی ڕژێمەکەی تیا کۆبووبێتەوە بەڵکو دەیان جۆر خەڵکی ئاست جۆراوجۆری تێ پێچا بوو کە هەریەکەیان ڕادەی دڵگەرمی بۆ دەزگاکەو ڕژێم جیاواز بووە، بۆیە لە ئاستی بالآی ئەو دەزگایانـەدا ئاماژە بـە کەسێتی نۆکەرەکانیان کـراوە کـە دڵنیاییـان بەرامبەریان بۆ هەڵسەنگاندن بەمجۆرە بووە: باش، مامناوەندی، خراپ.

کەواتـە بـە یـەك چـاو تەماشـایان نـەکراوە هـەر یەکـە لـە ئـەنجامی تێگەیشتن لە کارەکانی حیسابی تایبـەتی بۆ کـراوەو لـەو ڕوانگەیەشـەوە بـڕوای

بەباش یان بە خراپ پێبەخشراوە. ئەوان گوێیان نەداوەتە ئەوە ئەو کەسە ڕاستگۆ بووە یان درۆزن، دڵسۆز بووە یان نادڵسۆز لەگەڵیاندا، بەڵکو ئەوە گرنگ بووە کە خەڵکی پەلکێش بکەنە ناو جوغزی کارەکەیانەوەو تا هەتایە نەتوانن لێی دەربازبن‌و ناچاریش بن هەمیشە زانیاری جاسوسی بە سەرەوەی خۆیان بدەن. بۆیە ئەم دەزگایانە شێوازی تۆقێنەریان‌وەرگرتبوو هەر مەبەستیان تێکشکاندن‌و تەفروتوونا کردنی دەروونی کەسێتی مرۆڤی کورد بوو کە نەتوانێ لە چوارچێوەی عێراقدا بیر لە چارەنووسی ڕەوای خۆی بکاتەوە. ئەمە چەند بۆ کورد ڕاستە هەمان دەستور ئەم دەزگایانە کەوتبوونەوێزەی خەڵکانی تری دژ بە سیاسەت‌و دەسەڵات‌و کارو کردەوەی حیزبی بەعس‌و ڕژێمەکەی بە تایبەتی شیعەو لایەنە حیزبییەکانی تری عەرەب کە هەمیشە لە گەڵ بەعسدا ناجۆر بوون.

ئەوانەی پەیوەندیان بەم دەزگایانەوە کردووە لە ڕووی کەسێتی‌و ئاستی شارەزاییەوە جیاوازن، هەیانە گەورەترین خوێنەوارو سیاسەتزان‌و ڕۆشنبیر بووە هەشیانە کابرایەکی ڕەمەکی بووە. هەریەکەیان بۆ کارو شوێنی خۆی بە کەڵك هاتووەو بەکارهێنراوە، نەك هەر بۆ ناوخۆ بەڵکو بۆ دەرەوەی عێراقیش خەڵکێکی زۆریان لەم دەزگایانەدا بۆ جاسوسی کردن لە سەر خەڵك‌و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان درووستکردووە سەرەڕای کتە کردنی جاسوسیانە لە سەر ئەووڵاتانەی کە پەیوەندییان هەبووە لەگەڵیاندا.

ئەوزانیاریانەی چنگیان ئەکەوێ ئاستی جیا جیا بە خۆوە ئەگرنەوە، بەشێك لە هەواڵدەرەکانیان نادڵسۆز بوون تەنیا بۆ پارەو پلەو پایە کاریان کردووەو لەو ڕێگایەشەوە پیاوە چاوزاقەکانی ئەو دەزگا تۆقێنەرانەیان قەڵەوو دەوڵەمەند کردووە بە زەبروزەنگ‌و هەڕەشە کردن لە خەڵکی بێ تاوان‌و لە دوایشدا بە سازشکردن‌و بە بەرتیل دەربازکردنیان. ئەم دەزگایانە ئەوەندە بۆگەن بوو بوون تا ئەو ڕادەیەی لێپرسراوە عەرەبە بەعسیەکانیش هەر بەو ڕێچکەدا ئەڕۆیشتن بۆ پێکەوەنانی دواڕۆژی خۆیان.

ئـەم دەزگايانـە مێژوويـەكى ڕەشـيان هەيـە لـە ژيـانى خـەڵكى دامـاوى عێـراق‌و كوردسـتاندا، هەرچـى ڕێگـاى نـاڕەوا هەيــە گرتوويانەتــە بــەر بــۆ داپڵۆسين‌و سـەركوتكردن‌و ئەشكەنجەدان، قسەيەكى بچكۆلەى نـاڕەزايى ئـامێز بەسبوو بۆ ئەوەى ئەو كەسە سەرى لـە لاشـەى جيـا بكرێتـەوە. جۆرەها كەسـى بێتاوان بە هەڵە يان بـە زانيـارى درۆ يـان بـە دەسيسـەى ناحـەزى‌و نـاكۆكى لـە لايـەن هەواڵـدەرە جاسوسـەكانەوە بێسـەرو شـوێن كـراون‌و تـاڵاوى مـەرگيان پێچەشتوون.

بەعس ئەم دەزگايانەى بۆ پێشخستنى كۆمـەڵگاى عێراقـى پێكنـەهێناوە بـەڵكو بـۆ قايمـە كـارى خـۆى‌و پاكسازيكردنى ئـەو خـەڵك‌و خوايـەى لەگەڵيـدا نەبوون بە بـاش‌و خراپيشەوە، تەنانـەت سـەرى هـەزاران بەعسى لـە ڕيزەكـانى خۆيدا چ لە حيـزب‌و چ لـە سوپادا پەڕانـدووە تـەنيا لـە بـەر ئەوەى‌وورتەيـەكى ڕەخنە نامێزيان لە دەم دەرهاتووە.

مێــژووى ئــەم دەزگايانــە لــە تــاوان ئەنجامــدان بەرامبــەر بــە كــورد لاپەرەيـەكى زۆرى گرتووەتـەوە، ئـەوەى هـيچ كەسێك بـە بيريـدا نـەهاتبێ لـە داتاشينى شێوازى ترسناكى توندو تيژى‌و كوشتوبڕين دەستى بۆ بـردووەو لێـى نەسـڵەميوەتەوە. تاوانــەكان چــەندە ترسـناكبووبن بــەعس‌و جــەندرمەكــانى مـردن لێى بێباكبوون‌و بايەخيان بە ناڕەزايى خەڵكى‌و ڕێكخراوە جيهانى‌و نێو دەوڵەتيەكانيش نەداوە.

كـە چـاوێك بـەم بەڵگەنامانـەى بەردەسـتمان كـەوتووە بگێـڕين ڕوون ئەبێتــەوە ئــەو زانيارييانــە چــەندە بێســەرو بــەرن، زۆر بــە باشــى مەبەسـتيان نەپێكاوە، لە ڕاستيشدا بێسەرو بەرى بنووسەكانيشيان نيشان ئەدەن.

ئێمە ناڵێين هەموو شتەكانيان ناراستە بـە ڵكو لـە ڕێگەى ئـەو هـەموو خەڵكە زۆرەوە درووستيان كردووە بازێك زانيارييان هەر پەيدا كردووە بـەڵام لـە ڕووى ناوەڕۆكەوە بۆ دەزگا گـەلێك كـە دەوڵـەتێكى‌وەكو عێـراق بيانبـات بـەڕێوە

کارێکی سووک‌و بێ نرخە، ئەبوایە شتەکانیان‌ووردو بەهێزو پتەو بوایە، کەسەکانیشیان لێهاتووو کارامەو شارەزاتر بوونایە.

لێرەدا ئەوەی ئێمە چنگمان کەوتووە لەو بەڵگە نامانەی دەزگای ئیستیخباراتی عێراقی دەقەکەی کە بە عەرەبییە ئەنووسینەوەو زانیارییە هەڵەو چەوتەکانیان دەستیشان ئەکەین کە سەرەڕای قەبەیی ئەو دەزگایەو ئیمکاناتی مادی‌و مرۆیی بەردەستیان لە بەرامبەر کەم ئیمکاناتی شۆڕشی کورد بە تایبەتی لە کاتی پارتیزانی دوای ئەنفال تا ڕاپەڕین بۆمان ئاشکرا ئەبێ دوژمن نەیتوانیوەوەکو پێویست کۆنترۆڵی بارودۆخەکان بکاو مەبەستەکانی خۆیشی جێبەجێ بکات بە تۆکمەیی، بەڵکو ئەبینین درزێکی زۆر لەو بوارەدا هەیە کە ئەو دەزگایانە نەیانتوانیوە کوێرلەمەی بکەن. هەر بۆیەشە پارتیزانەکان توانیویانە کاری خۆیان بکەن‌و ڕێکخستنەکانیش ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن مەگەر لە ئەنجامی هەڵەیەکەوە یان سەرکەشی کردنی هەڤاڵێکەوە تووش بوو بن‌و کەوتبنە بەر قەپیلکی ئەو دەزگا داپڵۆسێنەرانە.

ئەمەش هەندێك لەو بەڵگەنامانەیە:

بەڵگەنامەی (١)

سرية‌ء فورية

من /م ا س كلار

١٩٩٠/١/١٤

الى /م ا س م الشرقية ـ ش ٢

رقم المنشيء / ق ٣ /١/ ٥٢

(.) رسالتكم السريةء الفورية ش٣/ق٢/١٦١٥٥ في ٨٩/١٢/٢٠

(.) تتجول مفرزتين من زمرة عملاء ايران بامرة المجرم احمد حاجي رشيد في قريتي (عمر بل)ء (فوری جای) (.) اسلحتهم بنادق كلاشينكوف مع رمانات يدوية.

(.) يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير.

الملازم الاول

و/امر مركز استخبارات كلار

٢ك ١٩٩٠

- هەموو پێشمەرگەیەکی دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمانەکەی بەلای بەعسەوە (مجرم)ە.
- هەموو هێزێکی شۆڕشگێڕ هەر پەیوەندییەکی ڕەوایشی لەگەڵ دەوروبەردا هەبێ بەلای بەعسەوە (زمرە عملاو ایران) ە.

بەڵگەنامەی (٢)

سرية فورية

من / م ا س كلار

الى / كافة المفارز كفرى ـ الصمود

رقم المنشيء /ق٢/٢

في نهاية شهر ك٢ ١٩٩٠ عاد العميل نوشيروان مصطفى من الخارج توجه الى مقرات زمرته التقى بقيادي الزمرة ادعى بانهم سيبداون بتنفيذ عمليات تخريبية داخل اراضيناء خاصة في المحافظات الوسطى الجنوبية بواسطة عناصر حزب الدعوة العميل تشمل العمليات التخريبية تفجير السيارات القنابل الموقوتة في اماكن تجمع المسؤلين في المحافظات المذكورة اما في المنطقة الشمالية فتكون العمليات التخريبة عن طريق حرب العصابات باسلوب سري لتحقيق نتائج جيدة باقل ما يمكن من الخسائر (.) نرجو متابعة المعلومات تزويدنا باي مستجدات حولها اعلامنا.

م. اول

امر م ا س كلار

- بەعس لە هەموو جموجوڵێکی سەرکردەکانی شۆڕش ترساوە، هەر قسەیەکیان بووەتە هۆی شڵەژانو ئاڵۆزییان ئەگەر جاران لە پێش ئەنفالدا مەترسی چالاکی پێشمەرگەیان لە کوردستاندا هەبووبێ، لە دوای ئەنفالیش مەترسی چالاکی پێشمەرگە لە ناوەڕاستو خوارووی عێراق ناخی سمیونو زەندەقی بردوون.
- لەم ڕووەشەوە هەندێ زانیاریان دەستکەوتووە کە لەوانەیە سەرەنجامی لێکدانەوەی هەلومەرجەکە بووبێ کە پێویستی کردووە شێوازی کارکردن بگۆڕێو بیر لە بەرنامی تازە تر بکرێتەوە.

بەڵگەنامەی (٣)

رسالة سريةءفورية

من / م ا س كلار　　　　　　/　/ ١٩٩٠

الى / م ا س م الشرقية ـ ش ٣

رقم المنشيء /ق٢/١١٥

(.) بتاريخ ١/١٦ دخلت مفرزة من مخربي عملاء ايران الى القطر بامرة المجرم سلام كوخة عزيز امر تيب بموءالمجرم محمود ماما عزيز امر تيب زمناكو (.) يقدر عدد المفرزة بـ (٨) مخربء عند دخولهم الى منطقة شهرزور اصطدموا بكمين في منطقة خداجان التابعة الى ناحية عرينء تمكن افراد الكمين من اسر احد المخربين (.) تمكن المخربين الباقين من الهروب الى منطقة قرداغ (.) علمنا كانت اسلحتهم خفيفة(.) يرجى الاطلاع.

الملازم الاول

و/ امر مركز استخبارات كلار

• ڕاستە ئەم مەفرەزەیە دابەزیون ، بەلاّم زانیارییەکان کە دەست ئەم دەزگا جاسوسییە کەوتووە فرێ بە ڕاستییەوە نییە.. چونکە ئەمانە لە قوڵی بەمۆوە دابەزیون نەك شارەزوور.. تووشی شەڕیش نەبوونو کەسیشیان لێنەگیراوەو ناوچەی (خداجان) خەراجیانەو (عرین) عەربەتە کە پێ ئەچێ هەڵەی چاپ بێ.

بەڵگەنامەی(٤)

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

سري للغاية

الرقم/ش٣ /ق٣/ /قادسية صدام/٤٩٧٣

التاريخ/٦/مايس/١٩٩٠ م

١١/شوال/١٤١٠ هـ

الى/مركز استخبارت(كلار)

الموضوع/معلومات

توفرت لدينا معلومات حول تسلل مفارز تخريبية الى المنطقة الشماليةء كما يلي:ـ

١. مفرزة تخريبية بامرة المجرم محمود سنكاوى تقدر قوتها(١٥) مخرب يتجولون في منطقة كرميانء كلارء دربندخانء سنكاوء بازيانء معهم جهاز لاسلكى نوع راكالء ادناه بعض اسماء المخربين: ـ

أ. المخرب ماجد فيلي ـ من اهالي بغداد (امر كرت).

ب. المخرب شهاب خانقيني (مخرب عادي).

ج. المخرب جاوحوان (امر كرت).

د.المخرب حسن سوور ـ من اهالي كلار (مخرب عادي).

هـ. المخرب ازاد فلولس ـ من اهالي خانقين (امر مفرزة).

و. عدد من المخربين من اقارب المجرم محمود سنكاوى.

٢.مفرزة تخريبية بامرة المخرب كردو فيلي ـ من اهالي بغداد (اسمه الحقيقي عباس)ءهو مسؤول منطقة كلارء خانقينء كرميانء دربندخانءيتجولون في المناطق المشار اليها في المادة (١) اعلاه عرف منهم مايلي: ـ

أ. المخرب هلكوت احمد ـ من اهالي كفري (كادار سياسي من جناح الكوملة).

ب. المخرب شمال ـ من اهالي كفري (كادر سياسي في جناح الكوملة).

ج. المخرب محمد باربولة ـ من اهالي كلار (معاون امر كرت).

د.المخرب هزارءاسمه الحقيقي(خليل محمد)ءهو مكلف بجمع المعلومات.

هـ. عدد من اهالي المخربين العائدين للصف الوطني.

٣.ءاجب المفارز المشار اليها اعلاه الاختفاء في المناطق المذكورةء ادامة الاتصال مع التنظيمات الداخليةءجلب المعلوماتءعدم القيام بعمليات تخريبية.

نرجو الاطلاعء تدقيق صحة المعلوماتءاعلامنا.

العقيد

عـ /مدير منظومة استخبارت المنطقة الشرقية

٦ مايس ١٩٩٠

خاڵی ١: هەندێك لە ناوەكان بە هەڵە نووسراون:

ـ حسن سوور نییە بەڵكو حەسەنە ڕەشە كە هەمان حەسەن شێخ لەنگەرییە.

ـ ازاد فلولس نییە، ئازاد فەرەوڵسییە.

خاڵی ٢: ـ كردۆ: ناوی ڕاستەقینەی عەباس نییە بەڵكو سەعدون قاسمە.

ـ هزار: ناوی خەلیل ئیبراهیم محەممەدە.

ـ محمد باربوله: محەممەد پاریاوڵەیە.

بەڵگەنامەی(٥)

سرية فورية

وقت الانشاء

يومــــــــه ١٩٩٠/٥/١٦

من / م ا س كلار

الى / م ا س م الشرقية/ ش٢

رقم النشيء / ق٢ (.) علمنا مـن مصدرنا محمد زاهر درجة الثقة به جيدة (.) تتواجد حاليا مفارز تخريبية تابعة الى مخربي عملاء ايران فى قاطع قرداغ بامرة المجرم كردو (.) نيتهم القيام بعمليات تخريبية (.) يرجى الاطلاع.

الملازم الاول

ء / امر مركز استخبارات كلار

١. ناوی سەرچاوەکەی خۆیانی بە ئاشکرا نووسیوە کە محەممەد زاهیرە، بەڵام نازانرێ خەڵکی کوێیە، لەوەش ئەچێ خەڵکی ئەو دۆڵی قەرەداخە بێ.

٢. کاک کوردۆ لە سنوری قەرەداخ نەماوەتەوە، مەگەر بۆ ئەمسەرو سەری هاتن‌و گەڕانەوە بەو ناوەدا ڕۆیشتبێ، چونکە ئەو لە گەرمیان بووەو قەرەداخیش مەفرەزەی پارتیزانی تری تیا بووە.

بەڵگە نامەی (٦)

بسم الله الرحمن الرحيم

سري

(النصر لنا)

مركز استخبارات كلار

الى / م ا س كلار   مفرزة استخبارات الصمود

الموضوع / اجابة

العدد/٣٦

التاريخ/١٩/٥/١٩٩٠

(١) كتابكم السرب ٥٨ في ٥/١٣ الفقرة (١) من كتابكم اعلاه المعلومات غير مؤيدة.

(٢) المعلومات مؤيدة فقط بتواجد في قاطع كلاره كرميان المجرم عثمان حاجي محمود.و معه مجموعة من المرخبين تقدر عددهم (١٢) مخربا. هذا بالنسبة للفقرة (٢) من كتابكم اعلاه.

(٣) الفقرة (٣) من كتابكم اعلاه المعلومات غير مؤيدة.

(٤) الفقرة (٤) من كتابكم اعلاه تم استدعاء المدعو حسن شيخ لنكري الى مفرزتنا لتأكد من صحة المعلومات. فاجاب بأنه لايعرف أي شيء عن المخربين داخل القطر في المنطقة الشمالية. نقترح استدعاء المذكور في كتابكم اعلاه الى مركزنا لكونه يعرف معلومات تفصيلية عن المخربين.

يرجى التفضل بالاطلاع

ن ض ا س

امر مفرزة استخبارات الصمود

١٩/٥/١٩٩٠

المصدر

نوري مجيد

(سري)

تم تبليغ كمال بتبليغ حسن لنكر بالحضور الى المركز ١٩٩٠/٥/٢٠

١. ناوی سەرچاوەکەی خۆیانی نووسیوە کە نوری مەجیدە.

٣. ئەو بۆچوونەی لە سەر حەسەن شێخ لەنگەری هەمان بوو کاتێ تەسلیم بووەوە بە ڕاست دەرچووکە لە لای دوژمن هیچ لە سەرمان نالێ، ئەوەتا ئیستخبارات حەسەنیان بانگ کردووەو هیچ زانیارییەکی لە سەر پارتیزانەکان نەداوە.

بەڵگەنامەی (٧)

سرية فورية

من / م ا س م الشرقية ٦/١١

الى / م ا س تكريت / م ا س كلار / م ا س جم جمال

رقم المنشيء / ش٣ /ق٢ /٥٤٦٢ / طوز خورماتوو/١/١٠٠٠٠٠/./ توفر لدينا المعلومات التالية /./ تتجول مفرزة من زمرة عملاء ايران بامرة العميل عثمان حاج محمود مؤلفة من /١٠/ مخربين في القرى بلكة الكبيرة/ ٩٢٨١/وبلكة الصغيرة/٨٩٤٩/./ نرجو تدقيق صحة المعلومات اعلامنا بسرعة الممكنة.

دوژمن زانیارییەکیان هەبووە کە مەفرەزەکەی کاک عوسمانی حاجی مەحمود سنوری ڤاتەکانی بەلەگەی سەرووو خواروو هەبوون. بەڵام نەشیان توانیوە بیاندۆزنەوە.

بەڵگەنامەی (٨)

سرية فورية ١٩٩٠/٦/١٣

من / مفرزة ا س كفري

الى / م ا س كلار

رقـم المنشـيء/٢٤/رسـالتكم السـريةءالفورية ٥٦٢ في ٦/١٢/./ المعلومـات مؤيدة /./تتجول المفرزة في قاطع كفريء كلارء قـد عـرف مـنهم المخرب محمـود سنكاويء المخرب احمد حاجى رشيد /./ يرجى التفضل بالاطلاع.

- هـەمان شـت زانيـاری ئـەوەيان دەسـتكەوتووە كـەوا مـەحمود سەنگاویو كاك ئەحمەدی حاجی ڕەشيد لە ناوچەی كفریو كـەلار جەولـە ئەكەن..
- لە ڕاستيشدا كاك ئەحمەد زۆر جار پـەناگاكانی لـە ناوچـەی كـفری دروسـتكردووەو لـەو نـاوە كـەمتر دوور كەوتووەومەتـەوە ، منـيش مەگـەر بـۆ سـەردانو كـاری پەيونـدیو چـاوپێكەوتنی برادەرانـی نـاو شـار چووبێتمە ناوچەی كفریو بەسـەركردنەوەی هـەڤاڵان لـە ناوچـەی كـەلار، زياتر لە پەناگاكانی شاخی سـەگرمەو ئـاژداغ بـووم..بۆيـە زانيارييـەكانيان زۆروورد نييە.

بەڵگەنامەی (٩)

بسم الله الرحمن الرحيم

مركز استخبارات كلار

مفرزة ا س الصمود

العدد / ٣٠

التاريخ/٢٠/٦/١٩٩٠

الى/ م ا س كلار

م/ معلومات

١. بتاريخ ٦/١٥ قتل خمسة من مخربي الحزب الشيوعي العراقي العميل في منطقة طاسلوجة من قبل قطعاتنا العسكرية، عرف من بين هؤلاء المخرب المجرم المقتول عمر، المجرم المقتول عثمان، هم من القومية الكردية،الثلاثة الاخرى المقتولين من القومية العربية.

٢. دخل الى قاطع قرداغ المجرم محمود سنكاوى، معه (١٠) مخربا من جماعة عملاء ايران،يحملون الاسلحة التالية جهاز راكال عدد(١)، قاذفة عدد (٢)، بي كى سى عدد(٢)، عدد من بنادق كلاشينكوف، عند،صول المفرزة الى قاطع قرداغ عاد المجرم محمود سنكاوى مع احد المخربين الى ايران. حيث تتجول (٩) من مخربي عملاء ايران في قاطع قرداغ.

المصدر

غفور قادر درويش

ن ض ا س

امر مفرزة استخبارات الصمود

(سري للغاية)

له بارەی خاڵی دووەمەوە زانیارییەکانیان هەڵەیەو سەرچاوەکەیان کە غەفور قادر دەرویشە بە درۆ بۆی ناردوون، مەگەر هەر بۆ ئەوەی بێ کە بڵێ چالاکی جاسوسیانەی هەیە.. ئەگینا ئێمە لە مانگی ١٩٩٠/٤ دا گەڕاینەوە دیوی ئێران‌و لە خوارەوە نەبووین.

بەڵگەنامەی(١٠)

سرية فورية

وقت الانشاء

يومـــــــــه ٩٠/٦/٢٢

من/م ا س كلار

الى/ م ا س م الشرقية/ش٣

رقم المنشيء/٤٦٤ /ق١/٣ (.) علمنا من مصدرنا غفور قادر درويش درجة الثقة بەءسط (.) دخل الى قاطع قرەداغ المجرم محمود سنكاويء معه (١٠) مخربين من مخربي عملاء ايرانء يحملون الاسلحة التاية قاذفة عدد (٢)ء بي كي سي (٢)ء عدد من بنادق كلاشينكوفء جهاز راكال عدد(١)ء عندءصول المرفزة الى قاطع قرەداغ عاد المجرم محمود سنكاوى مع احد المخربين الى ايرانء حيث يتجول (٩) من مخربي عملاء ايران في القاطع اعلاه (.) يرجى الاطلاع.

الملازم الاول

امر مركز استخبارات كلار

١.دیاره ئەم غەفور قادر دەروێشە هەر درۆزن بووەوەکو دەزگاکەی چۆن لە سەر درۆو دەلەسە لە سەر پێ ڕاوەستاوە.. ئەوەتا دەزگاکەی زۆر بە جێی باوەڕی خۆی نازانێ‌و بە باشی متمانەی پێناکات.

٢. نەینووسیوە کەی ئێمە دابەزینو کەی منو یەکێك لە مخربیەکان گەڕاوینەتەوە بۆ ئێرانو ٩ کەسەکەی تر لە سنوری قەرەداغدا جەولە ئەکەن.

بەڵگەنامەی(١١)

رئاسة الجمهورية

السكرتير

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

منظومة استخبارات النطقة الشرقية

مركز استخبارات كلار

سري للغاية

العدد /ق٣/ ٥٦٥

التاريخ ٢٠/ ربيع الاول / ١٤١١ هـ

الموافق ٩/ت١/١٩٩٠ م

الى / منظومة استخبارات المنطقة الشرقية (ش ٣)

الموضوع / معلومات

علمنا من مصدرنا على محمد سعيد بما يلي: ـ

١. بتاريخ ٢ ت١ ١٩٩٠ خرجت من مجمع الصمود التابع الى قضاء كلار مفرزة من مخربي زمرة عملاء ايران بامرة المخرب محمود سنكاويء كان عددها يقدر بـ (١٥) مخربءاتجه الى قاطع قرداغ.

٢. بتاريخ ٤ ت١ ١٩٩٠ خرج من المجمع المذكور المخرب عثمان حاجي محمد كادر سياسي لمخربي زمرة عملاء ايرانء برفقته المخرب مكرم رشيد الدلوي كادر

عسكري لمخربي زمرة عملاء ايران بعد ان كانوا يمكثون في دار المدعو فريق احمد رشيد من سكنة المجمع المذكوره اتجه الى قاطع قرداغ.

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير.

النقيب

امر استخبارات كلار

٩ ت ١ ١٩٩٠

(١ - ١)

سري للغاية

- ناوی سەرچاوەکەی نووسیوه کە عەلی محەمەد سەعیدە.
- هەرگیز نەچوومەتەناو ئۆردووگای سموددوه، بەڵکو کارم بەوێ نەبووه.. هەندێ جار برادەران هاتوچۆی ئەوێیان کەلاریان کردووه جاریوا هەبووه بۆ بینینی کەسوکار جاریش هەبووه بۆ پێگە دروستکردنو کەلوپەل پەیدا کردن.
- نەشم بیستووه کە کاك عوسمانو کاك مکەرەم پێکەوه بچنە ناو سمود..
- سەیره ئەگەر دوژمن زانیبێتی ئەو برادەرانە ئەچنە ماڵی فەریق ئەحمەد ڕەشید ئەی چۆن نەگیراوه، یان چۆن ئەو برادەرانە ئابلۆقە نەدراونو دەستگیر نەکراون..؟.

بەڵگەنامەی (١٢)

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

مركز استخبارات كلار

سري للغاية

العدد /ق٣/٥٨٤

التاريخ/١/ربيع الثاني/١٤١١ هـ

الموافق ١٩/ت١/١٩٩٠ م

الى منظومة استخبارات المنطقة الشرقية (ش٣)

الموضوع / معلومات

علمنا من احد مصادرنا بما يلـــــــــــــــــــــي: ـ

في الاونة الاخيرةء بعد حركة فق/٢٧ من قاطع خورمال ـ حلبجة الى قاطع اخر لوحظ الىءجود مقرات لزمر الحركات التخريبية في القاطع اعلاهء كما يلي: ـ

١. مقر في قرية كرجال التابعة الى ناحية خورمال تابع الى زمرة سليلى الخيانة بأمرة المجرم شيخ جعفر مسؤول لجنة محلية حلبجةء يقدر عددهم بـ(٦٠ ـ ٨٠) مخرب ينوون القيام بعملية كسب العناصر الى تنظيماتهمء عمليات التخريب.

٢. مقر قرية باني شار التابعة الى ناحية خورمال تابع الى زمرة سليلي

الخيانة بأمرة المجرم حمة حمة سعيد امر بتاليون التابع الى لجنة محلية حلبجة.

٣. مقر في منطقة رنكين التابعة الى ناحية خورمال تابع الى الحركة الاسلامية بامرة المجرم ملا احمد من اهالي حلبجةء يقدر عددهم بـ (٢٥ ـ ٣٥) مخرب.

٤. مقر في منطقةءادي بان بنوك التابع الى قضاء سيد صادق تابع الى زمرة مخربي الحسك بأمرة المجرم علي بجكول يقدر عددهم بـ(٣٠ ـ ٤٠) مخرب.

٥. مقر في قرية مير سوور التابعة الى قضاء سيد صادق تابع الى زمرة مخربي الحسك بأمرة المجرم محمد حاجي محمود الملقب (محمد كاخانة).

٦. مقرين في قرية درمر التابعة الى ناحية خورمال احدهما تابع الى زمرة سليلي الخيانة بأمرة المجرم فلاح حمة امين امر كرت في لجنة محلية حلبجةءيقدر عددهم بـ(١١) مخربءالاخر تابع الى زمرة مخربي الحسك بأمرة المجرم محمد حمزة من اهالي قضاء كلارء يقدر عددهم بـ(١٦) مخرب.

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير.

النقيب

امر مركز استخبارات كلار

١٩ ت١ ١٩٩٠

(١ـ١)

سري للغاية

- هەموو زانیارییەکان لە بارەی ژمارەی پێشمەرگەکانەوە بەو جۆرە نییە، بەڵکو هەر بنکەیەك لە چەند پێشمەرگەیەك تێنەئەپەڕی.
- محمد کاخانە نییە بەڵکو مەحەممەد گوڵە خانەیە.

بەڵگەنامەی (١٣)

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

سري للغاية

العدد /ق/١/ ٥٩٦

التاريخ /٤/ ربيع الثاني /١٤١١ هـ

الموافق ٢٢/ت١/ ١٩٩٠ م

الى / منظومة استخبارات المنطقة الشرقية (ش٢)

الموضوع / معلومات

علمنا من مصدرنا سعيد نادر درجة الثقة به فقق الوسط ما يلي: -

١. يتدرب في معسكر خدر شاه الايراني التيبات المدرجة ادناه العائدة الى زمرة عملاء ايران على الاسلحة الخفيفةء المتوسطةء الكيمياويةء عدد كل لجنة (٥٠) مخرب.

أ. تيب (٥١) كرميان

ب. تيب (٥٣) شيروانة

ج. تيب (٥٩) حمرين

٢. يتدرب في معسكر خدر شاه الايراني ثلاثة محليات من اللجان التابعة الى سليلي الخيانة المدرجة ادناه على الاسلحة الخفيفةءالمتوسطةء الكيمياويةء عدد كل لجنة (٥٠) مخرب.

أ. لجنة محلية خانقين

ب. لجنة محلية حلبجة

ج. لجنة محلية دووكان

٣. يتواجد الكرت السادس التابع الى تيب (٥٣) شيروانـة بأمـرة الـمخرب عثمان حاجي محمود امر كرت في قرية قليجان التابعة الى قضاء كفري.

٤. تتواجد مفرزة من مخربي الحزب الشيوعي العراقى العميل بأمرة المخرب محمد رشيد قرداغ، يعاونه المخرب اسكندر كاكا عبدالله في منطقة قوالي التابعة الى قضاء كفري، عدد المفرزة (٢٥) مخرب مهمتهم الاتصال بعناصر التنظيمات الداخلية في قضاء كفري ومجمع الصمود.

يرجى التفضل بالاطلاع... مع التقدير.

النقيب

امر مركز استخبارات كلار

٢٢ ت١ ١٩٩٠

(١ ـ ١)

<u>سري للغاية</u>

- هەر چەندم كرد نەمزانى معسكر خدر شاه لە چى شوێنێكدايە.
- ناوەرۆكى خاڵى (٤) ڕاست نييە، چونكە ئەو هاوڕێيانەى حيزبى شيوعى لە خوارەوە نەبوون.

بەڵگەنامەی (١٤)

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

مركز استخبارات كلار

سري للغاية

العدد /ق/١/٦٤٤

التاريخ/١/جمادي ١٤١١/١ هـ

الموافق ١٧/تشرين الثاني/١٩٩٠م

الى /منظومة استخبارات المنطقة الشرقية (ش٣)

الموضوع / معلومات

علمنا مايلي:-

بتاريخ ١٩٩٠/١١/١٣ خرجت مفرزة من مخربي عملاء ايران بأمرة المخرب حمة تلة من منطقة شهرزور؛ دخلت الى منطقة قرقداغ لغرض جمع المراتب الاكراد الهاربين من الخدمة العسكرية؛ الذين عادوا مؤخراً الى الصف الوطني؛ التنسيق مع افواج الدفاع الوطني؛ ذلك لكسبهم الى جانبهم.

يرجى التفضل بالاطلاع. مع التقدير.

المصدر

سعيد حمة رسول

النقيب

امر مركز استخبارات كلار

١٧ ت٢ ١٩٩٠

(١ - ١)

سري للغاية

ت؛ (أ.ب.ح)

- سەرچاوەی زانیارییەکە سەعید حەمە ڕەسوڵە.
- حەمە تەلە کە شەهید شاهۆیە، لە دوای ئەنفال خۆی براکانی گەڕانەوە لای پارتیزانەکانو خێزانەکانیشیان دەستگیرکران، هەمیشە لە گەرمیانەوە ئەچوو بۆ قەرەداخ بۆ ئەنجامدانی کاری پارتیزانی..
- لە پێش ڕاپەڕینیشدا بە هاوکاری هەڤاڵانی ترو بە پێی ڕێنماییەکان پەیوەندییان بە خەڵکیو دۆستانو چەکدارەکانی ڕژێمەوە ئەکرد بۆ خۆسازدان بۆ ڕاپەڕین. دیارە ئەوانەی کە شاهۆو برادەرانی تریش پەیوەندییان پێوە کردوون زانیارییان داوەتە دامودەزگا جاسوسیەکانی ڕژێم و لەوانەشە لە ترسدا بووبێ نەوەکو ڕژێم پێیان بزانێو لە ناویان بدات..

ئەلبومی وێنەکان

مەحمود سەنگاوی　　　هەڤاڵ مام جەلال　　　کاروان مەحمود

ئەندامانی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

هەڤاڵ مام جەلال لە کاتی وتار خوێندنەوەدا
دزلی ١٩٨٩

سەردانی کاک نەوشیروان بۆ بەسەرکردنەوەی تەشکیلاتی
بەتالیۆنەکان ١٩٩٠/٦/١٠

قەڵاچوالان — ١٩٩٥

مەحمود سەنگاوی - هەڤاڵ جەبار فەرمان

هۆڵەندا — ئەمستردام -١٩٩٤

مەحمود سەنگاوی - شێخ جەعفەر - عەدنانی حەمەی مینا - مام ڕۆستەم

سوریا دیمەشق -١٩٩٢

مەحمود سەنگاوی – مەحمود عیدۆ- عارف روشدی- دانای ئەحمەد مەجید-

مەلا رەحمان- مامۆستا گۆران- نەوزادی کاکە رەش

ئێران – کرماشان ١٩٨٧

شەهید حەمە رەش - مەحمود سەنگاوی

ئێران – دزلی ١٩٨٩

نووسەرو فەرماندەکانی سنوری مەلبەندی یەك

گەرمیان ١٩٩١/٣/٧

هەڤاڵ فەریدوون عبدالقادرو پێشمەرگەکانی کاتی دابەزین بۆ ڕاپەڕین

مەحمود سەنگاوی ١٩٨٤

حەمەئەمین عەلی عەبدوللا   عوسمان حەمەئەمین

باوکی نوسەر   برای نووسەر

ئەمین مەحمود مراد خان   جەلال شوراوەیی   کەریم حەمەئەمین

دایکی نووسەر   برای نووسەر

لەکاتی ئاوارەیی ئێراندا ١٩٨٨

خیزانی نووسەرو خیزانی کەریمی برای نووسەر

ئاوارەیی ئێران ١٩٨٨

مەحمود سەنگاوی و شنۆی کچی

گوندی کانی دینار – ئێران ١٩٨٨

ئێران – گوندی کانی زەرد ١٩٨٨

هەموو ماڵەکەمان نەوەندە بوو

پارتی زانەکانی گەرمیان

گوندی کەڵەشێرە ١٩٩١/٢/٢٨

شەهیدانی ئەشکەوتی داری خلە

١٩٨٩/١٢/١٩

گەرمیان- گوندی زستانە ١٩٨٩

ماڵە روخاوەکەی عەلی خدر

شەهید قاسم فەقێ عەلی — مەحمود سەنگاوی

چەمی شۆری گەرمیان - ١٩٨١



سوریا - دیمەشق ١٩٩٣

لەسەر گۆڕی قەدری جان

پارتیزانەکانی گەرمیان

ئەشکەوتەکەی سەرووی پاریاوڵە ١٩٩١/٣/٨

شەهید عەلی شوکر غالب تاڵەبانی

پارتیزانەکانی گەرمیان

گوندی مەسۆیی بەرگەچ ١٩٩١/٣/٤

گەرمیان- گوندی کۆیکی روخێنراو پایزی ١٩٩٠

پارتیزانەکان بەدیار لاشەی فرۆکەیەکی پێکراودا

گەرمیان گوندی چیا چەرمو ١٩٩١/٣/٧

پارتیزانی ۱۹۸۹

گەرمیان – گوندی روخێنراوەکەی زستانە

پارتیزانەکانی گەرمیان

گوندی سێ قازان ۱۹۸۹

مەحمود سەنگاوی شەهید فازڵ شێرەمەڕی

پارتیزانی ١٩٨٩

مەحمود سەنگاوی شەهید عوسمان هاڵدەرەیی

گوندی قازانقایە ١٩٨٢/١١/٢٠

سوریا – دیمەشق ١٩٨٣

مزگەوتی ئەمەوی- گۆری سەلاحەدینی ئەیوبی



ئەشکەوتی داری خلە - لە کاتی دەرهێنانی تەرمەکاندا

١٩٩١/١٠/٥

گۆڕستانی کەلار
تەرمی شەهید
مەلا ئەحمەدی کەلاریی

گەرمیان ١٩٧٩

حەمیدە بچکۆل　　شەهید قاسم فەقێ عەلی　　مەحمود سەنگاوی

پارتیزانەکانی گەرمیان

ئەشکەوتی یاریاوڵە ١٩٩١

ئێران کانی دینار ۱۹۸۸

مەحمود سەنگاوی   گەرمیانی کوڕی   مامۆستا جوامێر   مام جەلالی گەرمیان





وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە

ناو: حمە غریب حمە امین

پلە: معاون قائد منطقة سليمانية

گرووپی خوێن

ساڵی لە دایک بوون: ١٩٥٧

بەڕێوەبەری گشتی ئیدارە

ژمارەی ناسنامە: ٥٧٨

ژمارەی ڕەگەزنامە

مێژووی دەرچوونی: ١٩٩٢/ ٦/ ٢٢

مێژووی دەرچوونی

A+
١٠٠٠٣
١٩٨٩-٦-١-١١٧
یەکیتی کوردستان